# ئامانج و دەرنجام
# لە مێژووی بزافی نەتەوەیی کوردا

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری

لە نووسینی
سەلاح ئەحمەد محەمەدەمین



نووسینی: سەلاح احمد محمد ئەمین
ئەخشاندنی بەرگ : ئیبراهیم سالح
ژورەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ : ٢٠٢٤
چاپخانە: پاندا - سلێمانی

***

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارە سپاردنی( ) ساڵی ( ٢٠٢٤ ) ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانی پارێزراوە

# پێشکەشە

به هاوسەرەکەم و هەر سێ منداڵە فریشتە ئاساکەم
(گۆنەر ، گۆیا ، لیما)

به هەموو ئەو ئازیزانەی بەشێ لە کاتەکانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە .

به هەموو ئەو بەرێزانەی کەم تا زۆر هاوکاریان کردووم لە هێنانە بەرهەمی ئەم کتێبەدا .

هەموو ئەو کەسە مەزنانەی کە ئامانجی سەرەکیان لە ژیاندا چاکەکاری و خزمەت کردنی مرۆڤایەتیە .

# نـــــاوەرۆک :


ـــ پێشـــەکـی ............................................................... ١٧

(( دەروازەی یەکەم ))

ئاماژەیەک بە پرسی کورد و چەند چەمکێکی

پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکە

• بەشی یەکەم :

ـــ ئاماژەیەک بە پرسی سیاسی کورد ................................. ٢٣

• بەشی دووەم :

چەمکەکان

ـــ مافی چارەی خۆنووسین ................................................ ٢٩

ـــ دەوڵەتی نەتەوەیی ....................................................... ٣٠

ـــ یەکێتی کۆنفیدراڵی ....................................................... ٣٢

ـــ فیدراڵی ..................................................................... ٣٣

ـــ ئۆتۆنۆمی .................................................................. ٣٧

ـــ سیستەمی لامەرکەزی .................................................. ٣٩

ـــ مافە کەلتوریەکان ....................................................... ٤٠

ـــ مافە دیموکراتیەکان .................................................... ٤١

(( دەروازەی دووەم ))

سروشتی داخوازیە سیاسیەکانی کورد

لە سەدەی نۆزدەهەمدا

• بەشی یەکەم :

ـــ ئاماژەیەک بە دۆخی سیاسی کورد

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ..................................................... ٤٣

• بەشی دووەم :

سێ لە بەناوبانگترین رێبەری کورد

لە سەدەی نۆزدەهەمدا

ـــ میر محەمەدی رواندوز ( پاشای کۆرە ) ................................. ٤٧

ـــ میر بەدرخان بەگی بۆتان ................................................ ٤٩

ـــ شێخ عوبێدوڵلای نەهری ................................................. ٥٤

## (( دەروازەی سێیەم ))

## خواستە سیاسیەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا جەنگی جیهانی یەکەم


- بەشی یەکەم :

ــ ئاماژەیەک بە دۆخی سیاسی کورد
بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم ............................................ ٦٥

- بەشی دووەم :

ــ کاریگەری دروست بوونی رێکخراوە کوردیەکان لەسەر
گەشەپێدانی خواستە سیاسی و کەلتوریەکانی کورد .................. ٦٩
ــ جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی ....................................... ٦٩
ــ کۆمەڵەی هێڤی ......................................................................... ٧٤
ــ کۆمیتەی نهێنی شۆرشگێرانی کورد ......................................... ٧٤


## (( دەروازەی چوارەم ))

## رەوشی سیاسی کورد لە جەنگی جیهانی یەکەمدا


- بەشی یەکەم :

ــ کورتە سەرنجێک سەبارەت بە کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم
لەسەر پرسی سیاسی کورد .................................................. ٧٦

- بەشی دووەم :

ــ رۆڵی سیاسی شێخ مەحمود لە
جەنگی جیهانی یەکەمدا ...................................................... ٧٩
ــ هەڵوێستی شێخ مەحمود بەرامبەر بە رووسیا ............................ ٧٩
ــ هەڵوێستی شێخ مەحمود بەرامبەر بە بەریتانیا ........................... ٨١

- بەشی سێیەم :

ــ هەوڵە دبلۆماسیەکانی شەریف پاشا لە کاتی
جـەنگـی جیهانــی یــەکەمدا .................................................. ٨٥

- بەشی چوارەم :

ــ دۆخی کوردەکانی باکور لە کاتی جەنگی جیهانیدا ........................ ٨٧


## (( دەروازەی پێنجەم ))

## هەڵوەستەیەک لەسەر بارودۆخی گشتی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم

• بەشی یەکەم :
ـــ دەرنجامەکانی جەنگی جیهانی لەسەر
دۆخی سیاسی کوردستان ......................................................... ٩٠
• بەشی دووەم :
ـــ کاریگەری گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناوچەکە
لەسەر چارەنووسی پرسی کورد ............................................... ١٠٤
(( دەروازەی شەشەم ))
کۆنگرە و پەیمانە نێودەوڵەتیەکانی دوای جەنگی جیهانی
یەکەم و کاریگەریان لەسەر پرسی کورد
• بەشی یەکەم :
پرسی کورد لەبەردەم کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و
پەیوەندی هەردوو کۆنگرەی ( قاهیرە و سانرێمۆ )
بە چارەنووسی کوردەوە
ـــ داخوازیەکانی کورد لەبەردەم کۆنگرەی
ئاشتی لە پاریس ................................................................. ١٠٩
ـــ پرسی کورد لەبەردەم هەردوو کۆنگرەی
( سانرێمۆ و قاهیرە ) دا ........................................................ ١٢١
• بەشی دووەم :
ـــ پرسی کورد لە روانگەی کارەکانی
لیژنەی ( کینگ کراین ) وە ..................................................... ١٢٥
• بەشی سێیەم :
کاریگەری هەردوو پەیماننامەی ( سیڤەر ولۆزان )
لەسەر ئایندەی پرسی کوردا
ـــ پەیمانی سیڤەر ................................................................. ١٢٩
ـــ پەیمانی لۆزان ................................................................. ١٣٦
(( دەروازەی حەوتەم ))
شکستی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی
باشوردا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیدا

- بەشی یەکەم :

ــ سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی
کورد لە کوردستانی باشوردا ............................................................ ١٤٠

- بەشی دووەم :

ــ هەڵوێستی شێخ محمود بەرامبەر بە سیاسەتی
ئینگلیز لە کوردستانی باشوردا ...................................................... ١٥٨

- بەشی سێیەم :

دەرنجامەکانی نزیک بوونەوەی شێخ محمود
لە تورک و بەلشەویکەکان

ــ کاریگەری پەیوەندیەکانی نێوان شێخ مەحمود و تورک
لەسەر پرسی کورد لە کوردستانی باشوردا .................................. ١٧٧

ــ هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ نزیک نوونەوە لە بەلشەویکەکان ........ ١٨١

- بەشی چوارەم :

ــ کێشەی ویلایەتی موسڵ ............................................................ ١٨٤

(( دەروازەی هەشتەم ))

چارەنووسی کوردستانی باکور لە نێوان خواستەکانی
کورد و بەرژەوەندی هێزە دەرەکیەکاندا لە دوای
جەنگی جیهانی یەکەم

- بەشی یەکەم :

ــ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە تێڕوانینی
کوردەکانی باکوردا .................................................................... ١٩٢

- بەشی دووەم :

ڕەنگدانەوەی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و تورک
لەسەر چارەنووسی پرسی کورد

ــ پەیوەندیەکانی نێوان کوردەکانی باکور و
دەستەڵاتی عوسمانی ............................................................... ٢٠٠

ــ پەیوەندیەکانی نێوان کوردەکانی باکور و
تورکە کەمالیەکان ..................................................................... ٢٠٤

• بەشی سێیەم :

رەنگدانەوەی پەیوەندی کوردانی باکور لەگەڵ
( ئینگلیز و رووس ) دا لەسەر پرسی کورد

ــ کاریگەری سیاسەتی ئینگلیز لەسەر خەباتی رزگاریخوازی
کورد لە باکوری کوردستاندا ........................................................ ٢١٧

ــ کاریگەری رووسیای کۆمۆنیستی لەسەر ئامانجە
نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی باکوردا .................................. ٢٢٥

• بەشی چوارەم :

ــ ئامانجە سیاسیەکانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ دا .......... ٢٣٢

(( دەروازەی نۆیەم ))

پرسی کوردستانی رۆژهەڵات لە نێوان خواستەکانی
سمکۆی شکاک و بەرژەوەندی هێزە دەرەکیەکان

• بەشی یەکەم :

ــ هۆکار و ئامانجەکانی جوڵانەوەی سمکۆی شکاک
لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا .......................................................... ٢٤٠

• بەشی دووەم :

چارەنووسی پرسی کوردستانی رۆژهەڵات لە سایەی
پەیوەندیەکانی نێوان سمکۆ و هێزە دەرەکیەکاندا

ــ هەوڵە بێ سودەکانی سمکۆ بۆ دەستەبەرکردنی
پشتیوانی ئینگلیز ................................................................. ٢٤٥

ــ پەیوەندی و هەماهەنگی سمکۆی شکاک لەگەڵ تورکەکاندا ........... ٢٥٢

ــ هەوڵە بێ ئاکامەکانی سمکۆ بۆ دەستەبەرکردنی
پشتیوانی بەلشەویکەکان .......................................................... ٢٥٤

• بەشی سێیەم :

ــ پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و سمکۆ ،
وەک دوو رێبەری نەتەوەیی کورد ................................................ ٢٥٧

(( دەروازەی دەیەم ))

خەباتی نەتەوەیی لە نێو کوردەکانی رۆژئاوا و سۆڤیەتدا
لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا

- بەشی یەکەم :

ـــ ئامانجە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردی
لە رۆژئاوای کوردستاندا ............................................................ ٢٦٠

- بەشی دووەم :

ـــ چارەنووسی پرسی کورد لە کوردستانی ژێر دەستی سۆڤیەتدا ......... ٢٦٦

(( دەروازەی یازدەهەم ))

ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردی لە باشوری کوردستان
لە نێوان سالآنی (١٩٢٦ ـــ ١٩٣٩) دا

- بەشی یەکەم :

ـــ هەوڵە سیاسیەکانی شێخ مەحمود بۆ
هەڵسانەوەی دوای شکست ......................................................... ٢٧٠

- بەشی دووەم :

ـــ ئامانجەکانی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانی باشور
لە نێوان سالآنی (١٩٢٦ ـــ ١٩٣٩) دا ........................................ ٢٧٨

(( دەروازەی دوازدەهەم ))

ئامانجەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باکوری
کوردستاندا لە نێوان سالآنی (١٩٢٦ ـــ ١٩٣٩)

- بەشی یەکەم :

ـــ هەوڵەکانی ( خۆیی بوون ) بۆ چارەسەرکردنی
پرسی کورد لە باکوری کوردستاندا ............................................ ٢٨٤

- بەشی دووەم :

ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی جولآنەوەی
ئاگری داخ لە باکوری کوردستاندا ................................................ ٢٨٩

(( دەروازەی سێزدەهەم ))

جولآنەوەی بارزانیەکان و بزافی کوردانی رۆژهەلآت
لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا

- بەشی یەکەم

ـــ بەرجەستە بوونی ئامانجە نەتەوەییەکان لە جولآنەوەی
بارزانیەکاندا (١٩٤٣ـــ١٩٤٥) ..................................................... ٢٩٥

- بەشی دووەم

ـــ بزافی کوردانی رۆژهەلآت لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ............ ٣٠٢

ــ کاریگەری ( ژیکاف ) لەسەر پەرەسەندنی خواستە
نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژهەلاتدا ............................................ ٣٠٣
ــ گەشەکردنی بزافی کوردی لە رۆژهەلاتدا
بە رێبەرایەتی قازی محەمەد .................................................. ٣٠٦

ــ چارەسەریی پرسی کورد لە دیدگای
حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ............................................... ٣١١
ــ کۆماری کوردستان و هاتنەدی خەونێکی کورت خایەن .................. ٣١٣

(( دەروازەی چواردەهەم ))

ئامانجەکانی بزافی ناسیونالیستی کوردی لە دوای
جەنگی جیهانی دووەم

• بەشی یەکەم
ــ ئاماژەیەک بە دۆخی سیاسی کوردستان لە دوای
کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی ..................................................... ٣١٨
• بەشی دووەم
ــ دۆخی کوردستانی باشور لە دوای کۆتایی هاتنی
جەنگی جیهانی دووەم ........................................................... ٣٢١
• بەشی سێیەم
ــ دۆخی کوردستانی باکور لە دوای کۆتایی هاتنی
جەنگی جیهانی دووەم ........................................................... ٣٢٥
• بەشی چوارەم
ــ دۆخی کوردستانی رۆژهەلات لە دوای کۆتایی هاتنی
جەنگی جیهانی دووەم ........................................................... ٣٣١
• بەشی پێنجەم
ــ دۆخی کوردستانی رۆژئاوا لە دوای کۆتایی هاتنی
جەنگی جیهانی دووەم ........................................................... ٣٣٥
• بەشی شەشەم
ــ بارودۆخی کوردستانی سۆڤیەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ....... ٣٤٠

(( دەروازەی پازدەهەم ))

دەرنجامی بزافی رزگاریخوازی کورد لە شۆڕشی ئەیلولدا

• بەشی یەکەم
ــ زەمینە و هۆکارەکانی دروست بوونی شۆڕشی ئەیلول ...................... ٣٤٨
• بەشی دووەم
ــ هەڵگیرسانی شەڕ و پێداگری کورد لەسەر
ئامانجە نەتەوەییەکانی .............................................................. ٣٥٤
• بەشی سێیەم
ــ چارەنووسی پرسی کورد لە کودەتاکەی (٨) ی شوباتی ١٩٦٣ ........ ٣٥٩
• بەشی چوارەم
ــ لێک ترازانی نێوخۆی پارتی و کاریگەری لەسەر
خواستە نەتەوەییەکانی کورد ........................................................ ٣٧١
• بەشی پێنجەم
ــ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە سەردەمی
دەستەڵاتی عەبدولرەحمان عارفدا .................................................. ٣٧٥
• بەشی شەشەم
ــ رەنگدانەوەی خواستە نەتەوەییەکانی کورد
لە رێکەوتننامەی (١١) ی ئازاردا .................................................. ٣٨١
• بەشی حەوتەم
ــ رێکەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی بزوتنەوەی
کورد لە (١٩٧٥) دا ..................................................................... ٣٩٥
(( دەروازەی شازدەهەم ))
ئامانجە سیاسیەکانی کورد لە باشوری کوردستاندا
لە دوای شۆڕشی ئەیلول
• بەشی یەکەم
ــ ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردی لە قۆناغی فرە حیزبیدا ................... ٣٩٩
• بەشی دووەم
ــ ئامانجە سیاسیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
بەر لە راپەڕینی ١٩٩١ ................................................................ ٤٠٨
• بەشی سێ یەم
ــ ئامانجە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەر لە راپەڕینی ١٩٩١ ................................................................ ٤١٧

(( دەروازەی حەڤدەهەم ))

دۆخی سیاسی لە باکوری کوردستاندا لە نێوان
سالأنی (١٩٧٨ تا ١٩٩٩)


- بەشی یەکەم

ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لەم قۆناغەدا ...................................... ٤٢٠

- بەشی دووەم

ـــ ئامانجە سیاسیەکانی ( پەکەکە ) لە دامەزراندنیەوە
تا دەستگیرکردنی ئۆجەلان ............................................................ ٤٢٤


(( دەروازەی هەژدەهەم ))

خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێراندا لە دوای
نەمانی رژێمی پاشایەتی


- بەشی یەکەم

ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای سەرکەوتنی
شۆڕشی گەلانی ئێران ....................................................................... ٤٣٢

- بەشی دووەم

ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی رۆژهەلأت
لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا ......................................................... ٤٤٦

- بەشی سێیەم

ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی رۆژهەلأت
لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا ......................................................... ٤٥١

- بەشی چوارەم

ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی رۆژهەلأت لە هەزارەی سێیەمدا ......... ٤٥٦


(( دەروازەی نۆزدەهەم ))

خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە باشوردا لە نێوان
سالأنی (١٩٩١ــ٢٠٠٣)


- بەشی یەکەم

ئامانجە سیاسیەکانی کوردی باشور لە دوای
راپەڕینەوە تا شەڕی ناوخۆ

ـــ دۆخی باشوری کوردستان لە دوای راپەرینی (١٩٩١) ....................... ٤٦٥
ـــ کۆڕەو و بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ............. ٤٦٧

ـــ خواسته سیاسیەکانی سەرکردایەتی کورد
له دانوستانی ۱۹۹۱ دا .................................................................. ٤٧١
ـــ ئامانجه نەتەوەییەکانی کورد له دوای هەڵبژاردنەکانی ۱۹۹۲ ............ ٤٨٠
• بەشی دووەم
دۆخی کورد له دوای دەست پێکردنی شەڕی
ناوخۆوە تا پڕۆسەی ئازادی عێراق
ـــ رەوشی کوردستانی باشور له کاتی شەڕی ناوخۆدا ............................ ٤٨٦
ـــ ئامانجه سیاسیەکانی کوردی باشور له دوای شەڕی ناوخۆ .................. ٤٨٧
ـــ ئامانجه نەتەوەییەکانی کورد بەر له پڕۆسەی
ئازادی عێراق (۲۰۰۳) .................................................................. ٤٩٧
(( دەروازەی بیستەم ))
دۆخی کوردستانی باکور له دوای دەستگیرکردنی
عەبدوڵلا ئۆجەلان
• بەشی یەکەم
ـــ مەینەتیەکانی کورد له باکوردا له دوای
دەستگیر کـردنـی ئـۆجـەلان ........................................................ ٥٠٢
• بەشی دووەم
ـــ دۆخی کوردستانی باکور له دوای خۆ رێکخستنەوەی پەکەکە ............ ٥٠٨
• بەشی سێیەم
ـــ پڕۆسەی ئاشتی له تورکیا له نێوان خەونێکی گەورە و
ئاواتێکی بەدی نەهاتوودا ............................................................ ٥١٤
• بەشی چوارەم
ـــ ئامانجەکانی کوردی باکور له دوای شکستی پڕۆسەی ئاشتی ............. ٥٢٤
(( دەروازەی بیست و یەکەم ))
ئامانجه نەتەوەییەکانی کوردی خۆرئاوا
له هەزارەی سێیەمدا
• بەشی یەکەم
ـــ دۆخی کوردانی خۆرئاوا بەر له خۆپیشاندانەکانی
(۲۰۱۱) ی سوریا ....................................................................... ٥٣١

- بەشی دووەم

ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای ڕووداوەکانی
(٢٠١١) ی سوریا

ــ هەڵوێستی کورد لە سەرەتای ڕووداوەکانی (٢٠١١) دا ........................ ٥٣٥
ــ هەوڵەکانی ( پەیەدە ) بۆ چەسپاندنی قەوارەیەکی
سیاسی لە کوردستانی خۆرئاوادا ........................................................ ٥٤١

(( دەروازەی بیست و دووەم ))
خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای پڕۆسەی
ئازادی عێراق (٢٠٠٣)

- بەشی یەکەم

دۆخی کوردستانی باشور لە پڕۆسەی ئازادییەوە
تا هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)

ــ لێکەوتەکانی بەشداری کردنی کورد لە پڕۆسەی ئازادی عێراقدا ......... ٥٥٠
ــ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە سەردەمی ئەنجومەنی
فەرمانڕەوایی عێراقدا ( مجلس الحكم فی العراق ) ........................... ٥٥٦
ــ دۆخی هەرێمی کوردستان بەر لە یەکەم هەڵبژاردنی
پەرلەمانی عێراق (٢٠٠٥/١/٣٠) ........................................................ ٥٦٢

- بەشی دووەم

پێگەی سیاسی کورد لە عێراقدا لە نێوان
ساڵانی (٢٠٠٥ تا ٢٠١٢)

ــ ئاراستەی خواستە سیاسیەکانی کورد لە عێراق لە (٢٠٠٥) دا ............ ٥٦٨
ــ ئامانجە سیاسیەکانی کورد لە (٢٠٠٦) وە تا دووەمین
هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ........................................................ ٥٨١
ــ دۆخی هەرێمی کوردستان بەر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ......... ٥٨٤

- بەشی سێیەم

چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە دوای کشانەوەی
هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا

ــ ئامانجە سیاسیەکانی کورد بەر لە هاتنی ( داعش ) بۆ عێراق ................ ٥٨٧
ــ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای هاتنی ( داعش ) بۆ عێراق ......... ٥٩٦

## (( دەروازەی بیست و سێیەم ))

## لێکەوتەکانی ریفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ لەسەر دۆخی باشوری کوردستان


- بەشی یەکەم

ـــ ریفراندۆمی سەربەخۆیی و لێکەوتەکانی ............................................ ٦٠٦

- بەشی دووەم

ـــ ئابوری سەربەخۆ و نەهامەتیەکانی .................................................. ٦١٨

- بەشی سێیەم

ـــ ئایندەی هەرێم لە سایەی قەیرانەکاندا ............................................ ٦٢٢


## (( دەروازەی بیست و چوارەم ))


ـــ پرسی ناسیونالیزمی کورد و شێوازی چارەسەر بوونی ........................... ٦٢٥

ـــ کۆتایی ........................................................................... ٦٣٩


## (( سەرچاوەکان ))


ـــ سەرچاوە کوردیەکان ................................................................ ٦٤٤

ـــ سەرچاوە عەرەبیەکان .............................................................. ٦٤٨

ـــ ئەدەبیاتی پارتە سیاسیەکان ....................................................... ٦٤٩

ـــ رۆژنامە و گۆڤارەکان ............................................................... ٦٥٠

ـــ ئینتەرنێت ........................................................................... ٦٥٢

# پێشـــەکی

توێژینەوەکەمان هەردوو ڕەهەندی ( مێژوویی ـ سیاسی ) لەخۆ دەگرێ. هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕووداو و گۆڕانکاریەکان هەڵسەنگێنین، دوور لە باوەڕ و هەستە تایبەتیەکانی خۆمان. لە ڕاستیدا لە نووسینی بابەتی ( مێژوویی ـ سیاسی ) دا ، نووسەر دووچاری ئاستەنگی و ئەستەمیەکی زۆر دەبێتەوە. چونکە ڕوونکردنەوە و هەڵێنجانی ڕاستیە مێژووییەکـان، هەم ئەرکێکی زۆر قورسە، هەمیش زۆر هەستیارە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوەشم داوە دوور لە هەست و سۆزی نەتەوەیی، ڕووداوە مێژووییەکان هەڵسەنگێنم. بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەو نووسەرە کوردانەی لە بواری مێژوودا نووسیویانە، یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هەستی نەتەوەیی، یاخود بە دیدێکی ئایدیۆلۆجیانە تاوتوێی بابەتەکانیان کردوە. بۆیە زۆرجار لە خوێندنەوەی بابەتە مێژوویەکاندا، خوێنـەر دووچاری سەرلێشێوان دەبێ. چونکە زۆرجار یەك ڕووداوی مێژوویی، بە چەندین شێوە خوێندنـەوەی بۆ کراوە. ئەمەش وادەکات خوێنەر دووچاری ئاستەنگی زۆر بێ لە گەیشتن بە ڕاستیە مێژووییەکان.

ئەم توێژینەوەیە باس لە چەندین ڕووداوی سیاسی ئەم ساڵانەی دوایی دەکات. بۆیە ناچار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تۆمار کردنی هەندێ ڕووداو، جگە لە ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤار، پەناشمان بردۆتە بەر سەرچاوەکانی ئینتەرنێت. ڕاستـە لـە ڕووی زانستیەوە پشت بـەستن بـەم سەرچاوانـە زۆر پەسەند نیە، بەڵام دواجار ئەمانەش بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێن بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژوو . وە زۆر جاریش لە کاتی بەردەست نەبوونی سەرچاوەیەکی زانستی لە بارەی هەندێ زانیاری و ڕووداوی دیاری کراو ، توێژەر ناچارە پەنا بەرێتە بەر ئەم سەرچاوانە.

هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وردتر لە بارەی ئامانجە سیاسیەکانی هەندێ حیزب، پەنامان بردۆتە بەر ئەدەبیاتی سیاسی و بڵاوکراوەکانیان، وەك پەیڕەو و پرۆگرام و ڕاپۆرتەکانی کۆنگرە و ئۆرگانەکانی حیزب. ڕەنگە ئەمانە لە ڕووی زانستیەوە بایەخێکی زۆریان نەبێ، بەڵام بۆ توێژینەوەکەی ئێمە زۆر گرنگن. چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین تێڕوانین و هەڵوێستە ڕەسمیەکانی ئەم حیزبانە بزانین.

لەم توێژینەوەیەدا زیاتر باس لەو حیزب و سەرکردانە کراوە کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەسەر شانۆی سیاسی کوردستاندا، وە زۆرترین کاریگەریان هەبووە لەسەر چارەنووسی پرسی نەتەوەیی کورد. بۆیە لامان ئاسایی بووە کە زیاتر تیشك بخرێتە سەر هەڵوێست و ئامانجە سیاسیەکانی ئەوان.

لە هەڵسەنگاندنی بزافی سیاسی کوردیدا، زۆر جەخت لە خراپی بارودۆخی نێودەوڵەتی کراوە. هەروەها لە شرۆڤە کردنی فاکتەری ناوخۆییدا، زیاتر باس لە نەبوونی کۆدەنگی و ململانێی ناوخۆیی و ناهاوسەنگی هێز کراوە. وە زۆر بە کەمی باس لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی خواست و ئامانجە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردی کراوە. لە کاتێکدا سروشتی ئامانج و داخوازیە سیاسیەکان، بایەخ و کاریگەری زۆریان هەیە لە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی گەلاندا. بۆیە من ئەم لێکۆڵینەوەیەم تەرخان کردوە بۆ باس کردن و هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانج و خواستە سیاسیانەی کە لەلایەن بزافی کوردیەوە خراونەتە روو، کە ئاخۆ ئەو خواست و دروشمانە لە ئاستی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیاندا بوون یان نا؟ یاخود ئایا هێز و توانای بزافی کوردی لەو ئاستەدا بووە کە بتوانێ ئامانجە سیاسیەکانی دەستەبەر بکات؟ ئینجا هەوڵم داوە ئەو هۆکارانە بخەمە روو، کە بوونەتە هۆی شکست هینانی بزافی سیاسی کوردی لە هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکانیدا.

ئەم توێژینەوەیە (٢٤) دەروازە لەخۆ دەگرێ. هەوڵم داوە هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ ئەو ئامانجە سیاسیی و نەتەوەییانە بکەم، کە لەلایەن بزافی سیاسی کوردیەوە بانگەشەیان بۆ کراوە، کە لە پێناو دەستەبەر کردنیاندا هەوڵ و قوربانی زۆر دراوە. کەچی لەبەر چەندین هۆکار، بزافی کوردی شکستی هێناوە لە خەباتیدا بۆ گەیشتن بە خواستەکانی.

بەر لە چوونە نێو ڕێڕەوی پەرەسەندنە مێژووییەکان، بە کورتی باسم لەو چەمکە سیاسیانە کردوە کە پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ کرۆك و رەهەندی لێکۆڵینەوەکە هەیە. کە بێگومان سودبەخش دەبێ بۆ خوێنەر، وە دەتوانێ بەشێوەیەکی باشتر لە شیکردنەوەی خواست و ئامانجەکانی بزافی سیاسی کوردی تێبگات.

تا هاتنی سەدەی نۆزدەهەم، هیچ بزافێکی سیاسی کوردی نابینرێ کە خواست و ئامانجەکانی مۆرکێکی کوردانەیان هەبێ. دوای لە ناوبردنی دەستەڵاتی میرنشینە کوردیەکان لە لایەن دەستەڵاتی عوسمانیەوە، وە بڵاوبوونەوەی بیری ناسیونالیستی

ئەورووپی لە نێو گەلانی ئیمپراتۆریەتـی عـوسمانیدا، هەندێ لە ڕێبەرانی کورد هەوڵیاندا لە ڕێگەی زەقکردنەوەی تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی کوردەوە، خواستە سیاسیەکانیان بەدی بێنن. هەر بۆیەش توێژینەوەکەمان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات.

تا هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، پرسی نەتەوەیی کورد تاڕادەیەك دوور بوو لە ئاڵۆزی و تەنگەژەی گەورە. بەڵام بە هاتنی ئەم جەنگە جیهانیە، وەرچەرخانێکی زۆر هەستیار و چارەنووس ساز لە مێژووی بزافی ناسیونالیستی کوردیدا دەستی پێکرد. بۆیە باسکردنی ڕوودا و گۆڕانکاریەکانی ئەم جەنگە و کارتێکردنەکەی لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد، لەم توێژینەوەیەدا زۆرترین بایەخی پێدراوە. لە ڕاستیدا هیچ ڕووداو و بۆنەیەکی مێژوویی، هێندەی جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری نەبووە لەسەر چارەنووسی دۆزی سیاسی کورد.

بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر دۆخی سیاسی ناوچەکە و جیهاندا هات، کورد نەك هەر نەیتوانی سود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرێ کە بەهۆی دۆخی تازەوە هاتبووە پێش، بەڵکو دووچاری گەورەترین شکستی مێژوویش هات. بۆیە گرنگیەکی زۆرم بە هەڵسەنگاندنی ئامانجە سیاسیەکانی بزافی کوردی داوە لەم قۆناغەدا.

هەروەها دەروازەیەکی سەربەخۆم تەرخان کردوە بۆ تاوتوێ کردنی جوڵانەوەکەی سمکۆی شکاك لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. هەوڵم داوە هەم سروشتی جوڵانەوەکەی بخەمە بەر باس، هەمیش خواست و ئامانجە سیاسیەکانی هەڵسەنگێنم. وە دەروازەیەکی تریشم تەرخان کردوە بۆ تاوتوێ کردنی دۆخی سیاسی کوردەکانی ڕۆژئاوا[1] و کوردەکانی سۆڤیەت.

جەنگی جیهانی دووەمیش کە هەر لە سەدەی بیستدا ڕوویدا، ڕاستە وەك جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری نەبوو لەسەر ناوچەکە، بەڵام لێکەوتەکانی بە تەواوی هەست پێدەکرێ لەسەر بزافی ڕزگاریخوازی کوردیدا. بە تایبەتی ململانێی نێوان هەردوو جەمسەری سۆشیالیستی و سەرمایەداری، کە ناسراوە بە جەنگی سارد. لە ڕاستیدا باسکردنی ڕووداوە مێژووییـەکانی ئـەم قۆناغە، بۆ ئێمە زۆر هەستیار و پڕ کێشەیە. چونکە باسمان لە هەڵوێست و ئامانجی حیزبە سیاسیە کوردیەکان کردوە، کە بەشی زۆری ئـەم حیزبانە تا

(١) مەبەست لە کوردەکانی خۆرئاوا، کوردەکانی کوردستانی سوریایە.

ئێستا چالاكن لەسەر شانۆی سیاسی كوردستان. بۆیە بە پێویستی دەزانین كە خوێنەر و گشت ڕێكخراوە سیاسیەكانی كوردستان دڵنیا بكەینەوە، كە لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پەیڕەومان لە ڕێبازێكی زانستی و بابەتیانە كردوە، وە هەرگیز ڕێگەمان نەداوە لایەنی هەست و سۆزداری كار بكاتە سەر بۆچوون و هەڵسەنگاندنەكانمان.

دامەزراندنی كۆماری كوردستان لە ڕۆژهەڵات بە هاندانی سۆڤیەت، وە دواتر كۆتایی هاتنی بەهۆی بوونە قوربانی گەمەیەكی ترسناكی سۆڤیەتەوە، یەكێكە لە گەورەترین ڕووداوە مێژوویەكانی كورد، كە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی بە دەرنجامەكانی جەنگی جیهانی دووەمەوە هەبوو. بۆیە بایەخێكی تایبەتمان بەم ڕووداوە گەورەیە داوە.

لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بە جیا باسمان لە ئامانجە نەتەوەییەكانی بزافی كوردی كردوە لە گشت بەشەكانی كوردستاندا. وە گرنگیەكی زۆرمان داوە بە خەباتی سیاسی حیزبە كوردیە سەرەكیەكان. وە هەوڵمان داوە ئەو هۆكارانە دەست نیشان بكەین، كە بوونە هۆی شكستی خەباتی ڕزگاریخوازی كوردی لە هێنانە دی خواستە نەتەوەییەكاندا.

بەو پێیەی كە ( شۆڕشی ئەیلول ) ڕووداوێكی سیاسی گرنگە لە مێژووی كوردا، بایەخێكی تایبەتمان بە خواست و ئامانجەكانی بزافی ڕزگاریخوازی كوردستانی باشور داوە لە ماوەی چواردە ساڵی ( شۆڕش ) كەدا (١٩٦١ــ١٩٧٥). وە باسمان لە ڕۆڵی مەلا مستەفا كردوە لە سەركردایەتی كردنی بزافەكەدا. هەروەها تیشكمان خستۆتە سەر هەردوو ڕێكەوتننامەكەی (١١) ی ئازاری١٩٧٠ و ( جەزائیر ) ی ١٩٧٥، كە كاریگەریەكی زۆریان لەسەر چارەنووسی بزوتنەوەی سیاسی كورد هەبووە لە باشوری كوردستاندا.

پەكەكە كاریگەریەكی زۆری بەسەر بزافی ڕزگاریخوازی كوردیەوە هەیە، بە تایبەتی لە باكور و خۆرئاوای كوردستاندا. بۆیە گرنگیەكی زۆرمان بە خواستە سیاسیەكانی ئەم ڕێكخراوە داوە. وە باسمان لە دۆخی سیاسی باكوری كوردستان كردوە لە دوای دەستگیر كردنی ئۆجەلان لە لایەن توركیاوە.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشا و دامەزرانی كۆماری ئیسلامی لە ئێران، گۆڕانكاریەكی زۆر بەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی كوردا هات لە ڕۆژهەڵاتدا. هەوڵمان داوە تیشك بخەینە سەر هەڵسەنگاندنی ئامانجە نەتەوەییەكانی كورد لەم قۆناغەدا.

وە بەجیا باسمان لە ئامانجەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی کردوە لە خۆرئاوای کوردستان لە هەزارەی سێیەمدا. وە بایەخێکی تایبەتمان بە دۆخی سیاسی کوردستانی خۆرئاوا داوە لە دوای خۆپیشاندانەکانی (٢٠١١) ی سوریادا، دواتریش تیشکمان خستۆتە سەر هەوڵەکانی ( پەیەدە ) بۆ چەسپاندنی قەوارەیەکی سیاسی لە باکوری سوریادا.

راپەرینی بەهاری (١٩٩١) ی باشوری کوردستان و پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣) دا، دوو رووداوی زۆر گەورەن لە مێژووی سیاسی کوردستانی باشور و عێراقدا. وە کاریگەری زۆریان لەسەر دیاری کردنی خواست و ئامانجەکانی بزافی سیاسی کوردی هەبووە. بۆیە رووبەرێکی فرەوانم تەرخان کردوە بۆ شرۆڤە و تاوتوێ کردنی دۆخی نەتەوەیی کوردانی باشور لە (١٩٩١) بە دواوە. وە گرنگیەکی تایبەتم داوە بە هەڵسەنگاندنی ئامانجی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ریفراندۆم لە (٢٠١٧) دا، وە تیشکم خستۆتە سەر لێکەوتەکانی راپرسی و راگەیاندنی ئابوری سەربەخۆ لە لایەن سەرکردایەتی کوردیەوە.

دوا دەروازەی لێکۆڵینەوەکەمان تەرخان کردوە بۆ باسکردنی پرسی ناسیونالیزمی کورد و شێوازی چارەسەر بوونی، وە سەبارەت بەم بابەتە تاوتوێی چەندین بۆچوون و تێڕوانینی جیاجیامان کردوە. دواتریش تێڕوانینی خۆمان خستۆتە روو دەربارەی دیاری کردنی باشترین رێگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستاندا.

ئایا بۆچی بزافی رزگاریخوازی کوردی نەیتوانیوە ئامانجە سیاسیەکانی بێنێتە دی؟ ئایا ئەمە پەیوەندی بە فاکتەری ناوخۆییەوە هەیە؟ وەك هەڵەی رێبەرانی کورد، دووبەرەکی ناوخۆیی، خراپی رێکخستنی هێزەکان و کەمی چەك و توانای لۆجستی، نەبوونی کۆدەنگی لەسەر هەڵوێست و ئامانجە سیاسیەکان، کەموکورتی لە خواست و ئامانجەکان. یاخود پەیوەندی بە فاکتەری دەرەکیەوە هەیە؟ وەك نەبوونی پشتیوانی دەرەکی، بوونی دژیەکی لە نێوان بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و چارەسەریی پرسی کوردا، بەکارهێنانی بزافی کوردی لە لایەن هێزە دەرەکیەکانەوە وەك کارتێکی سیاسی، هەڵەی رێبەرانی کورد لە دیاری کردنی دۆست و نەیار. لەم توێژینەوەدا، خوێنەر تاڕادەیەکی باش وەڵامی ئەم پرسیارانەی دەست دەکەوێ.

بێگومان نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە لەبارەی پرسێکی ( مێژوویی ـ سیاسی )، ئەرکێکی ئاسان و بێ کێشە نیە. بۆیە بە دڵنیاییەوە ئاساییە کە ئەم بەرهەمە، سەرنج و رەخنە لەسەر هەبێ. هیوادارم ئەم رەخنانەی ئاراستەی لێکۆڵینەوەکە دەکرێن، دوور نەبن لە رەخنەی

زانستی و بابەتی. چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە ئامانجێکی زانستی، هیچ مەبەستێکی تری نیە.

# دەروازەی یەکەم
# ئاماژەیەک بە پرسی کورد و چەند چەمکێکی پەیوەست بە لێکۆڵنەوەکە

## بەشی یەکەم :
## ئاماژەیەک بە پرسی سیاسی کورد

لە سەدەکانی بەر لە زاین، تیرە و هۆزە کوردیەکان زۆر جار توانیویانە هێز و دەستەڵاتی خۆیان بەسەر گەلانی تردا بسەپێنن. بە هەمان شێوەش زۆرجار کەوتوونەتە ژێر دەستەڵات و فەرمانڕەوایەتی گەلانی ترەوە.

میدیەکان کە بە بڕوای زۆر لە مێژوونووسان یەکێکن لە رەگەزە کۆنەکانی کورد، لە مێژووی سیاسی کۆنی کوردا خاوەنی بەهێزترین دەستەڵات و ئیمپراتۆریەت بوون، کە توانیویانە فەرمانڕەوایەتی خۆیان بەسەر چەندین ناوچە و وڵاتدا بسەپێنن. بەڵام کۆرشی پاشای فارس لە (٥٥٠) پ.ز ، توانی دەستەڵاتی میدیەکان لەناوبەرێت و دەست بەسەر پایەختەکەیاندا بگرێ، کە ( هەمەدان )[١] ی ئێستا بوو.

لە دەرنجامی جەنگ و رووبەڕوو بوونەوەکانی نێوان فارس و یۆنانیەکاندا، بەشێك لە خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی یۆنانیەکان. بەمەش کوردستان دووچاری دابەش بوون هات لە نێوان هەژموونی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا[٢] .

سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی کە هۆزە کوردیەکان پێیدا تێپەڕیوون، بەڵام تارادەیەك توانیویانە پارێزگاری لە زمان و کەلتوری خۆیان بکەن. رەنگە سروشتی خاکی کوردستان و دەمارگیری کەسیەتی کوردی، هۆکاری سەرەکی بووبن بۆ مانەوەی زمان و کەلتوری کوردی.

---

(١) کە ئەو کات پێی دەگوترا ( ئەکباتان ).

(٢) کەچی بەشی زۆری سەرچاوە مێژووییەکان ، کاتێ باس لە یەکەم دابەش بوونی کوردستان دەکەن، دەیگەڕێننەوە بۆ دەرنجامی جەنگی چالدێران لە (١٥١٤) کە لە نێوان سەفەوی و عوسمانیەکاندا روویدا.

دوای هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ کوردستان، زۆربەی گەلی کورد پەیڕەوی لە ئاینی ئیسلام کرد. بەمەش جۆرێك لە دابڕان لە نێوان کەسیەتی تاکی کوردی و مێژووەکەی دروست بوو. کە باب و باپیرانی باوەڕیان بە ئاینی زەردەشتی هەبوو، کەچی دوای هاتنی دەستەڵاتی ئیسلامی بـۆ کـوردستان، مرۆڤی کورد پشتی لە زەردەشتیەت کرد و پێشوازی لە ئاین و کەلتورێکی تازە کرد، کە زۆر نامۆ بوو لەگەڵ باری دەروونی و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردی.

راستە کوردستان کەوتە نێو قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیەوە، بەڵام جۆرێك لە پەراوێزی سەربەخۆیی لەنێو هۆزە کوردیەکاندا هەر مابوو. لێرەدا مەبەست لە قۆناغی باڵادەستی نەتەوەی عەرەبە لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا. وەك پاڵپشتیەك بۆ سەلماندنی راستی ئەم قسەیەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێداوە، لە سەدەکانی (١٠ ، ١٢) ز دا چەندین میرنشینی کوردی پەیدا بوون، وەك میرنشینی شەدادیەکان (٩٥١ ـ ١١٧٤) کە پایتەختەکەی ( کنجە ) بوو، میرنشینی حەسنەویەکان (٩٥٩ ـ ١٠١٥)، میرنشینی مەڕوانیەکان (٩٩٠ ـ ١١٧٤) کە پایتەختەکەی ( دیاربەکر ) بوو. وە نەوەکانی ئەیوبی فەرمانڕەوایەتی جیهانی ئیسلامیان کرد و بەناوبانگترین میرەکانی ( صلاح الدين ئەیوبی ) بوو ( الماساة الكوردية،ص١٧٥ ).

شەرەفخانی بەدلیسی کە باس لە مێژووی سیاسی کوردستان دەکات بەر لە سەردەمەکەی خۆی، ئاماژە بە چەند فەرمانڕەوایەکی کورد دەکات کە سکەی تایبەتیان لێداوە و لە وتاری هەینیدا ناویان هاتووە ( چەند وتارێکی کوردناسی،ل٢٧٦ ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی جۆرێك لە سەربەخۆیی سیاسی لە لایەن ئەم فەرمانڕەوایانەوە.

دوای بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە ناوچەکەدا، توانی دەستەڵاتی خۆی بسەپێنێ بەسەر کوردستاندا. شا ئیسماعیلی سەفەوی بەرامبەر سەردارانی کورد زۆر توند و تیژ بوو. کە رەنگە جیاوازی مەزهەبی[١]، هۆکارێکی سەرەکی ئەم توند و تیژیە بووبێ. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، سەردارانی کورد لە فەرمانداری ناوچەکانیان دوور خرانەوە و قزلباشەکانیان لە شوێن دانرا. ستەم و نا دادپەروەری سەفەویەکان لە کوردستاندا،

---

(١) شیعە مەزهەبی رەسمی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی بوو، کەچی زۆربەی کورد لەسەر پەیڕەوی مەزهەبی ( سوننە ) بوون.

بێزاریەکی زۆری لای خەڵکی دروست کردبوو. کاتێ عوسمانیەکان ویستیان بەرەو رۆژهەلاّت بکشێن[1]، توانیان سود لە هەست و سۆزی هۆزە کوردیەکان وەربگرن بەرامبەر بە خراپی دەستەلاّتی سەفەویەکان. بۆیە بە ئاسانی توانیان زۆربەی هۆزە کوردیەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن. کە ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆیە سەرەکیانەی، کە عوسمانیەکان توانیان بە هۆیانەوە لە شەڕی چاڵدێراندا (١٥١٤/٨/٢٣) سەرکەوتن بەسەر سەفەویەکاندا بەدەست بێنن. کە لە دەرنجامی سەرکەوتن لەم جەنگەدا، نزیکەی (٤/٣) سێ لەسەر چواری خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکان ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ١٠،ل١٣٣ ). بەمەش جارێکی تر کوردستان دووچاری دابەش بوون هات لە نێوان ئیمپراتۆریە بالاّدەستەکانی ناوچەکەدا.

بە مەبەستی مسۆگەرکردنی پشتیوانی هۆزە کوردیەکان، سوڵتان سەلیم لە رێگەی ئیدریسی بەدلیسی ( کە پیاوێکی ئاینی بوو )، لە ١٥١٦ دا رێکەوتنێکی لەگەڵ ئەو هۆزە کوردیانەدا بەست کە هاوسۆزی خۆیان بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راگەیاند بوو ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٢٨ ). رێکەوتنەکە چەندین خاڵی لەخۆ گرتبوو کە گرنگترینیان بریتی بوون لە ١) پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینە کوردیەکان ٢) شێوازی وەرگرتنی فەرمانڕەوایەتی لە میرنیشینەکاندا ببێ بە ( میرات )، سوڵتانیش ئەم فەرمانە پەسەند بکات ٣) کوردەکان لە هەموو جەنگێکدا هاریکاری و پشتگیری عوسمانیەکان بکە ٤) عوسمانیەکان لە دژی هەر هێرشێکی دەرەکیدا، پشتگیری و کۆمەك بە کوردەکان بکەن ٥) کوردەکان باج و خەراج بدەنە خەزێنەی سوڵتان ( چەند وتارێکی کوردناسی،ل٣٢٠ ). بەمەش کوردەکانی ژێر قەڵەمڕەوەی عوسمانی لە سایەی ئەم رێکەوتنەدا ، جۆرێك لە ئازادی سیاسیان مسۆگەر کرد.

عوسمانیەکان بە پێچەوانەی سەفەویەکان، سەرەتا رەفتارێکی تاڕادەیەك نەرمیان بەرامبەر بە هۆزە کوردیەکان گرتە بەر. لە بەرامبەر ئەو یارمەتیەی کە هۆزە کوردیەکان پێشکەشی کردن، سوڵتان مراد بڕیاری دامەزراندنی (١١) یازدە میرنشینی کوردیدا ( کورد و کوردستان...،ل٢٢٢ ). ئەمە لایەنە باشەکەی ئەو گۆڕانکاریە بوو، کە بەهۆی هاتنی

---

(١) تا سەرەتای سەدەی شانزەهەم، عوسمانیەکان هەر لە هەوڵی فرەوانخوازیدا بوون بەرەو ئەوروپا، بەلاّم لەم رێکەوتە بەدواوە زیاتر بایەخیان بە کشان بەرەو رۆژهەلاّتدا .

عوسمانیەکان لە بەشێکی فرەوانی کوردستاندا دروست بوو، بەڵام لایەنە خراپەکەی بریتی بوو لەوەی کە کوردستان بووە مەڵبەندێکی سەرەکی بۆ ململانێ و پێکدادانی نێوان ئەم دوو زلهێزەی ناوچەکە ( عوسمانیەکان و سەفەویەکان ).

لە سەدەی هەژدەهەمەوە رووسیا وەك زلهێزێکی تر لە ناوچەکەدا دەرکەوت، بە ئامانجی فرەوانخوازی زیاتر چووە نێو چەندین جەنگی گەورەوە لە دژی ولاتی فارس[1] و عوسمانیەکان بەجیا. بەهۆی ناهاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی رووسیادا، توانی چەندین سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ. بەپێی رێکەوتنەکانی ( گوڵستان و تورکمانجا )، رووس توانی دەستەڵاتی بەسەر چەند ناوچەیەکی کوردیدا بسەپێنێ. بەمەش کوردستان بوو بەسێ بەش لە نێوان (( عوسمانیەکان و ولاتی فارس و رووسیا )) دا ( سمکۆ،ل٢٥٨ ).

کوردەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی تا ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، ژیانێکی تاڕادەیەك ئازادانە و دوور لە جیاکاریان دەبردە سەر. بەڵام دوای ئەوەی سوڵتان مەحمودی دووەم هاتە سەر تەختی دەستەلات، بە نیازی گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێخوازانە و سەپاندنی دەستەڵاتی ناوەند بەسەر تەواوی خاکی ئیمپراتۆریەتدا، کەوتە لێدانی دەستەڵاتی میرنشین و هۆزە کوردیەکان. بەمەش رۆژگارێکی پڕ لە زۆر و ستەم لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا دەستی پێکرد ( کورد و کوردستان...،ل٢٢٢ ).

لەناوبردنی میرنشینە کوردیەکان و سەپاندنی باجی زۆر و پیادە کردنی توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، زۆرجار بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی یاخیبوون و راپەڕینی چەکداری دژ بە دەستەڵاتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا. کار گەیشتۆتە ئەوەی، پێشەوای هەندێ لەو یاخیبوونانە بانگەشەی دەستەڵاتێکی سەربەخۆ بکەن. وەك میر محەمەدی سۆران ((١٨٢٦))، میر بەدرخان بەگی بۆتان ((١٨٤٣ـ١٨٤٦))، شێخ عوبێدوڵلای نەهری ((١٨٨٠ـ١٨٨٢)). سەرەڕای ئەو گۆڕان و پەرەسەندنە گەورانەی بەسەر ئامانج و خواستی سیاسی هەندێ لە رێبەرانی کوردا هاتن، بەڵام ناتوانین ئەم داخوازیانە بخەینە چواچێوەی ( سەرهەڵدانی بیری ناسیونالیستی کوردی ).

---

(١) لە سەرەتای سەدەی شانزەهەم تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـ١٩١٨)، ولاتی فارس لە لایەن سەفەویەکان و قاجاریەکان بەدوای یەکدا فەرمانڕەوایەتی کراوە.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بزوتنەوەی چاکسازی و دەستوری لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە ( ئیتحاد و تەرەقی ) ڕێبەرایەتی دەکرد، توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و جڵەوی حکومەت بگرێتـە دەست. کە یەکێك لە دەرنجامەکانی ئەم گۆڕانکاریە گەورەیەی نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، پەرەسەندنی کاریگەری بیری ناسیونالیستی ڕۆژئاوا بوو لەنێو گەلانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. سەرەتا کاریگەری لەنێو گۆڕانخوازانی دەستەبژێری نەتەوەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانـیدا دروست کـرد، وای کرد ئەوانیش هەست بە گرنگی تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. محەمەد ئەمین زەکی بەگ کە ڕۆشنگەرێکی کوردی ئەو سەردەمە بوو، لەم بارەیەوە دەڵێ : ئێمە هەستمان بەخۆ نەدەکرد کە کوردین، هەتا ئیتحادیەکان بانگەشەی تورکایەتیان نەکرد، ئینجا ئێمەش بەخۆ کەوتین ( ڕۆڵی عەلمانیەت...،ل٧١ ).

لە دەرنجامی جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤ ـ ١٩١٨)، دەوڵەتی عوسمانی دووچاری شکستێکی کەمەرشکێن بوو. هەروەها دەوڵەتی قاجاریش[١] بە تەواوی لاواز و پەرپووت ببوو. وڵاتانی هاوپەیمانیش[٢] ( کە سەرکەوتووی جەنگەکە بوون ) بەڵێنی سەربەخۆیی و ئازادیان بە گەلانی ناوچەکەدا. ئەمە ئومێدێکی زۆر گەورەی لای بەشێکی گەلی کورد دروست کرد، کە ڕزگاری بێ لەژێر دەستی ( تورك و فارس ) و ببێتە خاوەن قەوارەیەکی سیاسی. بەڵام لەبەر چەندین هۆکاری سیاسی، کورد نەك هەر بە خواست و ئامانجەکانی نەگەیشت، بـەڵکو ڕووبـەڕووی دۆخێکی زۆر خراپتریش بووەوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەم دوو هۆکارە سەرەکیەی خوارەرە ١) بەرژەوەندی هاوپەیمانان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد دروست بکرێ ٢) نەبوونی ڕێبەر و جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی بەهێز لەنێو کوردا، کە بتوانێ زۆربەی گەلی کورد لە دەوری خواستێکی نەتەوەیی دیاری کراو کۆبکاتەوە و پشت بە توانا نێوخۆییەکانی گەل ببەستێ.

بەمەش لە دەرنجامی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ویلایەتی موسڵ خرایە سەر دەوڵەتی عێراق ( کە تازە دروست کرابوو )[٣]،بەشێکی تر کوردستانیش خرایە سەر دەوڵەتی سوریا

---

(١) تا هاتنە سەر دەستەڵاتی ڕەزا پەهلەوی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ئێران نەبووە ناوێکی ڕەسمی وڵاتەکە.

(٢) مەبەست لە وڵاتانی هاوپەیمان ئەمانە بوون ( بەریتانیا ، ئەمریکا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ) .

(٣) هیچ قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی ( عێراق ) وە بوونی نەبوو تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کە لە لایەن بەریتانیاوە دروست کرا.

( که ئـەویش تازە دروست کـرابـوو )[1] . بەمەش کوردستان دابەش بوو بەسەر پێنج دەوڵەتی ناوچەییدا ( تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، رووسیا ).

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا ، گەلی کورد لە لایەن دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، دووچاری چەوساندنەوە و سیاسەتێکی زۆر رەگەزپەرستانە بووەوە، کە کار گەیشتە سەر جینۆساید ( کۆمەڵکوژی ) و نکولی کردن لە بوونی نەتەوەیی. لە بەرامبەر ئەو دۆخە ترسناکەدا، کورد پەنای بردۆتە بەر دەیان راپەڕین و جوڵانەوەی چەکداری، بەڵام تاکوو ئێستا جوڵانەوەی کوردی نەیتوانیوە خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانی بەدی بێنێ.

بزافی کوردی لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی سیاسی نەتەوەکەی، خەباتی کردوە بۆ بەدیهێنانی چەندین خواست و ئامانج، وەك ( دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، فیدراڵی، ئۆتۆنۆمی، لامەرکەزی، مافی کەلتوری، مافە دیموکراتیەکان... هتد ) . بەڵام تاکوو ئێستا لە هیچ بەشێکی کوردستاندا، نەتوانراوە ئەم خواست و ئامانجانە بە تەواوی بهێنرێنە دی.

دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن بزافی سیاسی کوردیەوە، دوو تێڕوانین هەبووە و هەیە بۆ چارەسەر کردنی پرسی نەتەوەیی یەکەم : دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی دووەم : ناچار کردنی داگیرکەرانی کوردستان، بە رێزگرتن و سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیاندا.

هەرچەندە بزافی رزگاریخوازی کوردی، خەبات و تێکۆشانێکی زۆری ئەنجامداوە و بەسەدان هەزار قوربانی بەخشیوە بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی، بەڵام لەبەر چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی سەرکەوتوو نەبووە لە گەیشتن بە خواست و ئامانجەکانی.

پێویستە ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین ، کە لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کوردیدا، تەنیا خستنەرووی خواست و ئامانج بەس نیە، بەڵکو دەبێ دوو هۆکاری تریش تاڕادەیەکی زۆر لەبەرچاو بگیرێن یەکەم : خواست و ئامانجەکان، شیاو و گونجاو بن بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد دووەم : خۆ رێکخستن و ئامادەکاریەکی باش هەبێ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی نەیارانی کورد و سەپاندنی خواستە نەتەوەییەکان بەسەریاندا.

---

(١) هیچ قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی ( سوریا ) شەوە بوونی نەبوو تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کە لە لایەن فەرەنساوە دروست کرا.

# بەشی دووەم :
# چەمکەکان

هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە چەند چەمکێك بدەین، کە تێگەیشتنیان بۆ خوێنەر پێویستە، تاکوو بتوانێ باشتر سود لە خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە وەربگرێ.

## ـــ مافی چارەی خۆنووسین :

لەرووی زمانەوانیەوە، دەستەواژەی ( مافی چارەی خۆنووسین )، واتە سەلماندنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گروپێکی دیاری کراو (نەتەوە، ئاین، مەزهەب... هتد)، بەشێوەیەکی ئازادانە و دوور لە گشت زۆری و دەست تێخستنێك. ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەمان هەیە، زیاتر مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیە.

هەرچەندە هەندێ لە بیرمەند و ئەدیبان دەمێکە زارەوەی ( مافی چارەی خۆنووسین ) یان بەکار هێناوە، بەڵام وەك واتا و چەمکێکی تازە، سەرۆك ( ودرۆ وڵسن )[١] یەکەم کەس بوو ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە. کە مەبەستی ئەوەبوو، هەر گروپێکی رەگەزی یان نەتەوەیی کە بە یەك زمان قسە بکەن و رۆشنبیریەکی هاوبەشیان هەبێ و لە شوێنێکی دیاری کراو بژین کە سنورەکەی دیاری کراو بێت، مافی ئەوەیان هەیە کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن ( الموسوعة الحرة،انترنیت ).

کاریگەری و بەهێزی پرنسیپی ( مافی چارەی خۆنووسین )، کۆمەڵەی گەلانی[٢] ناچار کرد کە بڕگەی (٢٢) ی بەڵگەنامەکەی تەرخان بکات بۆ باسکردنی ئەم بنەمایە. کە ئومێدێکی زۆر گەورەی لە لای گەلانی ژێردەستە دروست کرد، بەوەی کە لە سایەی ئەم دۆخە تازەیەدا دەتوانن سەربەخۆیی سیاسی بەدەست بێنن. کەچی ئەوەی جێگەی داخە ئەوەبوو، ئەم پرنسیپە زیاتر وەك چەمکێکی یاسایی مایەوە. چونکە ئەو بنەمایەی

(١) سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو، لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا .

(٢) کۆمەڵەی گەلان ( عصبة الامم )، رێکخراوێکی جیهانی بوو لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـــ١٩١٨) لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمان دامەزرا، بە ئامانجی چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا.

چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی دیاری کرد لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا، زیاتر هێز و بەرژەوەندی بوو، نەك ماف و دادوەری.

پرنسیپی ( مافی چارەی خۆنووسین )، کاریگەری زۆریشی لەسەر بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان[1] ( وثیقة الامم المتحدة ) هەبوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا. کە لە مادەی یەکەمیدا هاتووە (( نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیە دامەزرا، تا میللەتان بە مافی چارەنووسی خۆیان بگەن )) ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل٢٣٠ـ٢٣١ ). هەروەها لە (١٩٦٠/١٢/١٤) دا بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو بە ژمارە (١٥١٤)، کە تێیدا هاتووە (( ئەنجومەنی گشتی رایدەگەێنێ، هەموو گەلان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، کە بە سەربەستی پێگەی سیاسی خۆیان دیاری بکەن و هەوڵ بدەن بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریان )) ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەرە ). هەروەها ( لیژنەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ ) یش، بایەخێکی زۆری بە ( مافی چارەی خۆنووسین ) داوە و بە مەرجێکی بنەڕەتی داناوە بۆ دەستەبەر کردن و رێزگرتنی مافەکانی تاك.

## ـــ دەوڵەتی نەتەوەیی :

بە سەرنجدان لە مێژووی نوێی جیهان، بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێك لەو بنەمایانەی دەوڵەتی لەسەر دروست بووە نەتەوەیە. بۆیە ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەمای نەتەوە دروست دەبن، پێیان دەوترێ ( دەوڵەتی نەتەوەیی ).

دوای سەرهەڵدانی قۆناغی رێنسانس[2] لە ئەوروپادا، لە دەرنجامی هاتنە ئارای گۆڕانکاری گەورە لە بوارەکانی ( سیاسی، ئابوری، کەلتوری... هتدا )، هۆشیاری سیاسی بە

---

(١) نەتەو یەکگرتووەکان ( امم المتحدة ) رێکخراوێکی نێودەوڵەتیە، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩ ـــ ١٩٤٥) دامەزرا لە لایەن ولاَتانی هاوپەیمان ( ئەمریکا، بەریتانیا، سۆڤیەت، فەرەنسا... هتد )، بە ئامانجی چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لە جیهاندا .

(٢) رێنسانس ( Renaissance ) واتە بوژانەوە، کە مەبەست لێی سەردەمی رابوونی ئەوروپییە. بەپێی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان، ئەم قۆناغە مێژووییە لە ئەوروپادا لە سەدەی سێزدەهەمی زایینیدا دەستی پێکردوە و بەردەوام بووە تا سەدەی هەژدەهەمی زایینی. کە لەو ماوەیەدا ئەدەب و هونەر گەشەیان کرد و بیر و زانستیش بەرەو پێشچوونێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. ئەم سەردەمە بە سەرەتای پاشەکشێی بیروباوەڕی ئاینی و دەستەلاَتی کلێسا دادەنرێ لە ئەوروپادا.

شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پەرەی سەند، کە بووە هۆی ئەوەی لەم چەند سەدەیەی دواییدا هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو گەلانی ئەوروپیدا گەشەکردنێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێ. لە بەرامبەریشدا هەستە ناوخۆییەکان ( لۆکاڵیەکان )، وەك ( تیرەگەری و ناوچەگەری ) دووچاری پاشەکشێیەکی زۆر بوون. کە سەرەنجام ئەمە بووە هاندەرێکی بەهێز لە لای گەلانی ئەوروپا، کە دەوڵەت لەسەر بنچینەی ( نەتەوەیی ) دروست بکەن.

دروست کردنی دەوڵەت لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، بووە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکان لە ئەوروپادا. کە ئەم دیاردەیە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە ڕۆژهەڵاتدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشی گرتەوە.

بەم جۆرە، یەکەم جار دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپادا سەری هەڵدا. ئینجا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە ڕۆژهەڵاتیشدا چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوون. وە هاتنە ئارای سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی، هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیری ناسیونالیستی.

دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێویستی بە هاتنە ئارای چەندین هۆکار هەیە . لەم بارەیەوە گلنێر دەڵێ (( بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ، پێویستمان بەم فاکتانە هەیە ؛ میدیای هاوبەش، سیستەمی سەربازی هاوبەش، سیمبول و هێمای نەتەوەیی هاوبەش، فەرهەنگ و زمانی هاوبەش، جوگرافیا و کیانی هاوبەش و سەرژمێری نەتەوەیی )) ( گۆڤاری کۆچ،ژ١٧،ل٢٣٦ ).

ئیمرۆ چەندین نەتەوە لە سایەی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی و گەشەسەندنی بیر و خەباتی ناسیونالیستی، بوونەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان. بەڵام چەندین نەتەوەی تر، سەرەڕای خەبات و قوربانیەکی زۆریش، کەچی شکستیان هێناوە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ. بێگومان چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، کاریگەریان هەبووە لەسەر شکستی بزافی ڕزگاریخوازی ئەم جۆرە نەتەوانە.

## ـــ یەکێتی کۆنفیدڕاڵی :

یەکێتی کۆنفیدڕاڵی، سیستەمێکە بۆ دیاری کردنی شێوەی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێك، بەپێی پەیماننامەیەك کە لە نێوانیاندا ئیمزا دەکرێ. ئەم دەوڵەتانە دەستبەرداری سەروەری خۆیان نابن و لەنێو خۆیاندا دەستەیەکی هاوبەش پێك دەهێنن، کە پێی دەگوترێ ( کۆمەڵە، کۆنگرە، یان کۆنگریس ). وە هەندێ دەستەڵاتی دیاری کراوی دەخرێتە ئەستۆ، کە زیاتر بواری ئابوری و بەرگری دەگرێتەوە ( نماذج المشاركة الفيدرالية،ص١٣).

لە سیستەمی کۆنفیدڕاڵیدا، دەوڵەتانی ئەندام بەشێکی گەورەی تایبەتمەندیەکانی خۆیان دەپارێزن، وەك مافی سەربەخۆیی سیاسی و مافی سەربەستی لە پەیمان بەستن و مامەڵە کردن لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانەدا. بێگومان ئەم تایبەتمەندیانەش بە ڕەزامەندی تەواوی دەوڵەتە ئەندامەکانی ئـەم یـەکێتیە ( یەکێتی کۆنفیدڕاڵی ) نەبێ هەموار ناکرێ ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ١٠،ل٤٧ ).

دوو جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان هەردوو سیستەمی ( کۆنفیدڕاڵی و فیدڕاڵی ) دا هەیە، ئەوانیش یەکەم : لە سیستەمی کۆنفیدڕاڵیدا، دەوڵەتانی ئەندام مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەم یەکێتیە جیا ببنەوە. بەڵام لە سیستەمی فیدڕاڵیدا، ئەندامەکانی مافی ئەوەیان نیە، هەر کاتێ بیانەوێ لە ( دەوڵەتی فیدڕاڵی ) جیا ببنەوە ( فەرهەنگی سیاسی ئارەش،ل٥٧٥ ) دووەم : لە کۆنفیدڕاڵیدا بۆ هەر هەنگاوێك یان بڕیارێك کە هاوبەشە، پێویستی بە کۆدەنگی دەوڵەتانی ئەندامە. کەچی لە سیستەمی فیدڕاڵیدا، ئەم جۆرە هەنگاو و بڕیارانە، تەنیا پێویستی بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامە بەشداربووەکانە ( مەوسوعەی جودی...،ل٢٣٠ ).

یەکێتی کۆنفیدڕاڵی، بە سیستەمێکی نێودەوڵەتی دادەنرێ و دەکەوێتە چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە ( قانون الدولی العام ). واتە هەمان تایبەتمەندی ( دەوڵەت ) ی هەیە، کە وەك یەکەیەکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

وەك نمونەی سیستەمی کۆنفیدڕاڵی، دەتوانین ئاماژە بە دەوڵەتی ( چیك وسلۆفاکیا ) بکەین، کە دواتر بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە یەکێتیەکەی نێوانیان هەڵوەشاندەوە و بوون

بە دوو دەوڵەتی جیا و سەربەخۆ. ئێستاش تارادەیەك دەتوانین شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا وەك دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی هەژمار بکەین، کە لە یەکێتی نێوان چوار دەوڵەتی خاوەن سەروەری ( ئینگلاند، ئوسکتلاند، ئیرلاند، وێلز ) پێك هاتووە . بەڵام ئەوەی زیاتر شانشینی یەکگرتوو لە سیستەمی کۆنفیدراڵی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەندامەکانی بە ئاسانی ناتوانن جیابوونەوەی خۆیان رابگەێنن.

## ـــ فیدراڵی :

لە رووی زمانەوانیەوە، زاراوەی فیدراڵی لە وشەی ( foedus ) ی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە بۆ پەیماننامە، یان رێکەوتن بەکار هێنراوە ( فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی...، ل٧). کە مەبەست لێی ئەو رێکەوتنە یان پەیماننامەیە، کە لە نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵیدا هەیە لە لایەك و، لە نێوان خودی هەرێمە فیدراڵیەکانیش لە لایەکی ترەوە.

لە فەرهەنگی ( المورد ) دا، کە فەرهەنگێکی ( ئینگلیزی ـ عەرەبی ) یە، بەم شێوەیە باس لە زاراوەی فیدراڵی کراوە : فیدراڵی تایبەتە بە حکومەتێك کە فەرمانرەوایەتی تێیدا دابەش بووە لە نێوان دەستەلاتی ناوەندی و ژمارەیەك لە یەکە هەرێمیەکان. لە فەرهەنگی ( عمید ) ی فارسیشدا، بەم شێوەیە باس لە وشەی فیدراڵی کراوە ؛ فیدراڵی یەکسانە بە یەکێتی، یەکێتی ولایەتەکان ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەرە ). کە مەبەست لێی یەکێتی نێوان ئەو هەرێمانەیە، کە دەوڵەتی فیدراڵیان پێك هێناوە.

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، پرنسیپی سیستەمی فیدراڵی جێبەجێ دەکرێ، لە رێگەی دەستورێك کە ئەرکەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە هەرێمیەکان دیاری دەکات ( نماذج المشاركة الفيدرالية...،ص١ ). بۆیە پێویستە لە سیستەمی فیدراڵیدا دەستورێکی نوسراوی باڵا هەبێ، کە نەتوانرێ یەکلایانە بگۆڕدرێ. بەڵکو پێویستە هەر گۆڕانکاریەك لە دەستوردا، رەزامەندی گشت یەکە پێکهێنەرەکانی سیستەمەکەی لەسەر بێ. هەروەها پێویستە دادگایەکی فیدراڵی باڵا هەبێ، کە دادوەری بکات لە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی دێنە ئاراوە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی فەرمانرەوایەتیدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢ ). چونکە زۆرجار ناکۆکی لە نێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی، یان لە

نێوان خودی هەرێمە فیدراڵیەکاندا دروست دەبێ لەسەر شیکردنەوەی بڕگەیەکی دەستوری، یان هەندێ کێشەی تر.

زۆرجار لە بری سیستەمی فیدراڵی، دەستەواژەی ( یەکێتی فیدراڵی ) بەکار دەهێنرێ. لە بارەی پێناسەی ( یەکێتی فیدراڵی ) دا، دکتۆر محەمەد هەمەوەندی دەڵێ (( مەبەست لە یەکێتی فیدراڵی، دەوڵەتێکی فیدراڵیە کە چەند قەوارەیەکی دەستوری لەخۆ گرتووە. هەر یەکە لەو قەوارانەش، سیستەمێکی یاسایی تایبەت و سەربەخۆی خۆی هەیە، سەرباری ئەمانەش ملکەچە بۆ دەستوری فیدراڵی. چونکە هەم دامەزرێنەریەتی، هەمیش رێکخەری پێکهاتەی یاسایی و سیاسیەتی. بەمەش دەوڵەتی فیدراڵی، بریتی دەبێ لە سیستەمێکی دەستوری و سیاسی تێکەڵ )) ( فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی،ل٨ ).

لە سیستەمی فیدراڵیدا ( federation ) هەندێك بنەما لە ئارادان، وەك ئەوەی کە یاساکانی فیدراڵی لە سەرەوەی یاسا نێوەخۆییەکانی ولآتانی ئەندامی فیدراسیۆندان. هەروەها پەیوەندیەکانی دەرەوە تەنیا لە ئەستۆی دەوڵەتی فیدراڵی دایە. حکومەتی فیدراڵی لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی دەستوردا، خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە و دەستەلآتی راستەوخۆی بەسەر تەواوی خاکی ولآتانی ئەندامدا هەیە ( فەرهەنگی سیاسی ئارەش، ل٦٣٨). واتە ولآتانی ئەندام پێویستە لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵیدا، پیادەی پەیوەندیە دەرەکیەکانی خۆیان بکەن لە رێگەی هەبوونی نوێنەریان لە دامودەزگا دبلۆماسیەکانی حکومەتی فیدراڵیدا. جگە لەمەش بەپێی دەستور، دەوڵەتی فیدراڵ بەرپرسە لە پاراستنی سەروەری خاکی ولآت. بۆیە پێویستە دەستەلآتەکانی لە تەواوی خاکی ولآتدا بە شێوەیەکی یەکسان پیادە بکرێ.

لە سیستەمی فیدراڵیدا، پرنسیپی بەشداری کردن لە حکومەتی یەکگرتوو[1]، واتە بەشداری کردن لە هەموو ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندیان هەیە بە تەواوی دەوڵەتی یەکگرتووەوە ( دولة اتحادية ). ئەمەش لە رێگەی ئەنجومەنێکی بالآوە دەبێ، کە لقێکی سەرەکی دەستەلآتی یاسادانانە لە ولآتدا و هەموو حکومەتە ئەندامەکان بە شێوەیەکی

(١) لە سیستەمی فیدراڵیدا، بە حکومەتی ناوەند کە لەسەر بنچینەی بەشداری کردنی گشت حکومەتە هەرێمیەکان پێکهێنراوە، دەگوترێ حکومەتی یەکگرتوو ( حکومة اتحادية ). هەندێ جاریش لە بری ناوی دەوڵەتی فیدراڵی، دەستەواژەی ( دەوڵەتی یەکگرتوو ) بەکار دێت.

یەکسان تێیدا بەشدار دەبن ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ١٠،ل٥٥ ). واتە لە سیستەمی فیدراڵیدا، لە پاڵ ئەنجومەنی نوێنەران کە تایبەتە بە نوێنەرایەتی کردنی گشت دانیشتوانی وڵات، ئەنجومەنێکی تری یاسادانان هەیە کە تایبەتە بە نوێنەرایەتی کردنی گشت قەوارە فیدراڵیەکان، ئەم ئەنجومەنە بەشداری دەکات لە گشت ئەو بڕیارە گرنگانەی کە پەیوەندیان هەیە بە سەرجەم هەرێمە فیدراڵیەکان.

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی و پێشکەوتنی کەلتوری سیاسیەوە هەیە. بۆیە زۆر گرنگە کە فیدراڵیزم بچێتە نێو بیروڕای گشتیەوە، وە خەڵك لە باری کەلتوریەوە لەو ئاستە هۆشیاریەدا بن کە لەم چەمکە تێبگەن. هەروەها پێویستە ئیتنیکە جیاوازەکانــی وڵات، خوێندنەوەیەکی چوون یەکیان بۆ سیستەمەکە هەبێ. کەواتە پێویستە بەر لە چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیزم، لە باری کەلتوری سیاسیەوە ئامادەکاری پێویست بکرێ ( هەوییەتی کورد...،ل١٦٩ ). بۆیە بەپێی ئەزموونە مێژووییەکانی ئەو وڵاتانەی پیادەی سیستەمی فیدراڵیان کردوە، دەرکەوتووە کە هەرگیز لە دەوڵەتانی دکتاتۆری و دواکەوتوودا فیدراڵیزم سەرکەوتوو نابێ. واتە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان گەشەسەندنی دیموکراسی و چەسپاندنی فیدراڵیزمدا هەیە. لەم بارەیەوە یاساناس پایکەر ( Piker ) دەڵێ (( سیستەمی فیدراڵی ساختە و پوچەڵ دەردەچێ، ئەگەر لە دەوڵەتی دکتاتۆریدا جێبەجێ کرا )) ( سیستەمی نوێی جیهان...،ل٢٨٥ ).

ئەزموونە مێژووییەکان ئەم ڕاستیە دەردەخەن، کە لە کاتی لاواز بوون و نەبوونی دیموکراسیدا، چارەنووسی سیستەمە فیدراڵیەکان بریتی دەبێ لە شکست و هەڵوەشانەوە. نمونە وەك هندی ڕۆژئاوا، رودنیریا و نیاسالاند، پاکستان، یەکێتی سۆڤیەت ( نماذج المشاركة الفيدرالية...،ص٢٢_٢٣ ) . ئەمەش دیسان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە دەستەبەری سەرکەوتنی فیدراڵیەت، تەنیا لە سایەی سیستەمی دیموکراسیدا دەبێ.

سیستەمی فیدراڵی لە زۆربەی جاردا لەسەر بنچینەی ناوچەیی یان ئیداری بنیات دەنرێ، کە جۆری یەکەمیان زیاتر پەیڕەو دەکرێ و لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە ( فیدراڵیەتی ناوچەیی) ناو دەبرێ. دکتۆر محەمەد عومەر هەمەوەندی بەم شێوەیە باس لە ( فیدراڵیەتی ناوچەیی) دەکات : فیدراڵیەتی ناوچەیی، بریتیە لەوەی چەند یەکەیەکی جوگرافی کە پێیان دەڵێن ویلایەت، یان ناوچە، یان هەرێم، یاخود کانتۆن پێکەوە یەکێتیەکی فیدراڵی بنیات

دەنێن و لە پیادەکردنی دەستەڵاتی فیدراڵیدا بەشداری دەکەن. لە لایەکی تریشەوە، بڕێکی زۆری سەربەخۆییان هەیە و دەتوانن تایبەتمەندیە نەتەوەیی و زمانەوانی و ئاینییەکانی کۆمەڵە لێك جوداکان دابین بکەن ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ١٠،ل٧٤ ). بەمەش دەردەکەوێ کە ئەو دەوڵەتانەی واقعی فرە نەتەوەیی یان ئاینی، یان مەزهەبیان هەیە، فیدڕاڵیەتی ناوچەیی بۆیان گونجاوترە لە جۆرەکانی تر.

لەدەستوری هەندێ وڵاتی فیدڕاڵیدا، ئەو مافە بۆ هەرێمەکان جێگر کراوە کە هەر کاتێ ویستیان جیا ببنەوە، وە دەتوانن بڕیاری سەربەخۆیی رابگەێنن. نمونە لە دەستوری ( کەنەدا ) دا ماف بە هەرێمە فیدڕاڵیەکان دراوە، کە هەر کاتێ دانیشتوانیان لە راپرسیەکی گشتیدا دەنگیان بۆ جیابوونەوەدا، دەتوانن سەربەخۆیی رابگەێنن. لە ( ئەسیوپیا ) شدا هەرچەندە سیستەمێکی دکتاتۆریش فەرمانڕەوایە، کەچی لە دەستوری وڵاتدا ماف بە هەرێمە فیدڕاڵیەکان دراوە کە هەر کاتێ ویستیان بتوانن جیابوونەوەی خۆیان رابگەێنن ( نماذج المشاركة الفيدرالية...،ص٤١ـ٤٢ ). بەڵام بەهۆی سروشتی ستەمکارانەی رژێمی دەستەڵاتدار لە ئەسیوپیادا، ئەستەمە هیچ هەرێمێکی وڵات بتوانێ بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی، سەربەخۆیی و جیابوونەوە رابگەێنێ.

زۆر لە بیرمەند و چاودێرە سیاسیەکان لەو بڕوایە دان کە فیدڕاڵیەت هەنگاوێکە دەکەوێتە پێش جیابوونەوە. لە راستیشدا گروپ و بزافە جوداخوازەکان لە چەندین هەرێمی فیدڕاڵیدا سەریان هەڵداوە، نمونە وەك هەرێمی ( کیوبیك ) لە کەنەدا و هەرێمی کەتەلۆنیا و باسك لە ئیسپانیا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧ ).

هەمیشە ئەگەری جیابوونەوە و لێك ترازان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا لە ئارادایە. چونکە لە سیستەمە دکتاتۆریەکاندا، هەردەم ئەگەرێکی بەهێز هەیە بۆ هەڵوەشانەوەی یەکێتی نێوان هەرێمە فیدڕاڵیەکان. لە سیستەمە دیموکراسیەکانیشدا، جیابوونەوەی هەرێمە فیدڕاڵیەکان ئاسانتر و بێ کێشە ترە بە بەراورد لەگەڵ رژێمە دکتاتۆریەکان، کە زۆر جار هەرێمە فیدڕاڵیەکان توانیویانە بە شێوەیەکی ( نا توندوتیژی ) جیاببنەوە و سەربەخۆیی رابگەێنن.

هەندێ جار فیدڕاڵیەت پەرە دەسێنێ، وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ ئەو پێداویستیانەی کە داوای لەخۆ گرتنی گروپە سیاسیە لێك جوداکان دەکات، لە سایەی بە دواداچوونی پێداویستیە سەرەکیەکان کە هیچ گروپێك بە جیا سەرکەوتوو نابێ لە بەدیهێنانیان. وەك

ئەو دۆخەی لە سویسرا و ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. لە دۆخی تردا، پێشووتر دەوڵەتێکی یەکگرتوو بنیات دەنرێ، دواتریش دەگۆردرێ بۆ فیدراڵیەت، کە زۆر جار ئەمە وەلاّم دانەوەی دۆخی هەمەرەنگی رەگەزی و ئاینی و زمانەوانیە، وەك ئەو دۆخەی لە بەلجیکا و ئیسپانیادا هەیە( سەرچاوەی پێشوو،ل٢ ).

ماوەتەوە بڵێین، کە یەکەمین دەوڵەتی فیدڕاڵی لە مێژوودا، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە ( گۆڤاری بیر و وشیاری،ژ٢،ل٥٤ ).

## ـــ ئـۆتـۆنۆمی :

لە رووی زمانەوانیەوە، وشەی ئۆتۆنۆمی وەرگێردراوی ( Avcovouia ) ی یۆنانیە، بەرامبەر بە دەستەواژەی ( self _ law ) یاسایی خۆیی، یان ( self _ government ) توانای خۆ بەرێوەبردنی[١] ئینگلیزیە. لە ئینسکلۆپیدیای ( تریکانیش ) کە ئینسکلۆپیدیایەکی ئیتالیە، زاراوەی(Autonomi ) بەکار هاتووە، کە وشەکە لە بنەڕەتدا ئەغریقیە و لە دوو بڕگە پێك هاتووە کە بریتین لە ( Auto ) لەگەڵ ( nomia )، کە یەکەمیان واتای ( خود ) دەگەیێنێ و ئەوەی دووەمیشیان واتای ( یاسا ) دەگەیێنێ، هەردووکیشیان بەسەر یەکەوە بەو واتایە دێن کە مرۆڤ خۆی فەرمانڕەوایەتی خۆی بکات ( فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی،ل١٣ ).

لە رووی سیاسیەوە، زاراوەی ( Autonomy ) بە واتای ئازاد بوون و رزگار بوون لە چەوساندنەوە و دەستەلاّتی دەرەکی دێت.

واتا و چەمکی ئۆتۆنۆمی، بەپێی پەرەسەندنی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، چەندین نەتەوە کە ژێردەستەی دەوڵەتە شکست خواردووەکانی جەنگ بوون ( ئەڵمانیا، نەمسا، عوسمانی )، لە لایەن ولاّتانی هاوپەیمانەوە ( کە سەرکەوتوو بوون لە جەنگدا ) مافی ئۆتۆنۆمیان پێبەخشرا. ئەم

---

(١) ئۆتۆنۆمی ( حکم الذاتي )، یان خودموختاری بە واتای خۆ بەرێوەبردن دێ. کە زیاتر مەبەست لێی ئەوەیە، دانیشتوانی قەوارە ئۆتۆنۆمیەکە بە رێك کەوتن لەگەڵ دەستەلاّتی ناوەندی و پشت بەستن بە تواناکانی خۆیان، بەشێکی زۆر لە کاروباری ولاّتەکەیان بەرێوەبەرن.

جۆرە ئۆتۆنۆمیە رەهەندێکی نێودەوڵەتی[1] هەبوو، کە زۆرجار وڵاتە ئۆتۆنۆمی دارەکە بەپێی یاسایەکی نێودەوڵەتی[2] دەخرایە ژێر چاودێری یەکێك لە وڵاتانی هاوپەیمان. بەپێی ئەم یاسایە، وڵاتە زلهێزەکە ئەرکی گەشەپێدان و پێشخستنی وڵاتە ئۆتۆنۆمی دارەکەی دەکەوتە ئەستۆ لە بوارەکانی ( سیاسی، ئابوری، سەربازی... هتدا )، تا ئەو کاتەی وڵاتەکە دەیتوانی پارێزگاری لە سەروەری خۆی بکات و کاروباری خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێ. ئەو کاتیش مافی راگەیاندنی سەربەخۆیی پێدەدرا، وە بە پشتیوانی ئەو دەوڵەتەش کە راسپێردرا بوو بە سەرپەرشتی کردنی ( انتداب )، لە ئەنجومەنی گەلاندا بە ئەندام وەردەگیرا.

لە کۆماری یەکێتی سۆڤیەتدا، قەوارە ئۆتۆنۆمیەکان ناونیشانی کۆماریان پێدرا، کە ئەم دۆخە تایبەت بوو بەو وڵاتە و نمونەی لە هیچ شوێنێکی تری دنیادا نەبوو.

باوترین سیستەمی ئۆتۆنۆمی، ئەو شێوەیە کە دانیشتوانی قەوارە ئۆتۆنۆمیەکە بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی کە هەیانە لە رووی ( رەگەزی، ئاینی، مەزهەبی، زمانەوانی... هتدا )، دەستەڵاتی خۆ بەڕێوەبردنیان پێبدرێ بەپێی دەستور لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیاندا، بۆ ئەوەی هەندێ لە کاروبارەکانیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەڕێوە بەرن، بەڵام لەژێر چاودێری دەستەڵاتی ناوەندا.

دکتۆر محەمەد عومەر مەولود بەم شێوەیە باس لە سیستەمی ئۆتۆنۆمی دەکات ؛ شێوازێکی پێشکەوتووترە لە ( لامەرکەزی ئیداری ). بە پێی ئەم سیستەمە، دەوڵەت لەناو یەکێتیەکی یاسایی و سیاسیدا هەڵدەستێ بە بەخشینی بەشێك لە دەستەڵاتی یاسادانان و کارگێری بە نەتەوەیەك، یان گروپێکی ئاینی، یان هاوزمانی، یان رۆشنبیری دیاری کراو، بەڵام لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی دەوڵەتدا ( فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی،ل١٤ ).

لە سیستەمی دیموکراسیدا، چاودێری دەستەڵاتی ناوەندی بۆ دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی تاڕادەیەك سنوردار و گونجاوە. بەڵام لە سیستەمی نادیموکراسیدا، چاودێریەکی زۆر هەیە

---

(١) لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، هەندێ جار بەم جۆرە ئۆتۆنۆمیە دەگوترێ، ئۆتۆنۆمی نێودەوڵەتی .

(٢) ئەم یاسایە بەپێی بنەماکانی سیستەمی ئینتداب ( نظام الانتداب ) رێك دەخرا. کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەم سیستەمە داهێنرا بۆ ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان بتوانن، سەرپەرشتی ئەو وڵاتانە بکەن کە لە دەرنجامی جەنگدا کەوتبوونە ژێر دەستیان.

لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە بۆ سەر دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی، بە بیانووی ئەوەی گوایە پارێزگاری لە یەکێتی نیشتیمانی دەکات و رێگە نادات هیچ یاسایەك یان بڕیارێك دەربچێ کە هاندەر بێ بۆ خولیای جیابوونەوە. هەمیشە حکومەتی ناوەندی لە بارەی ئەم شتانەوە زێدەڕۆیی دەکات، وە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی نەك هەر چاودێری یاسایی پەیڕەو بکات، بگرە پەنا دەباتە بەر سانسۆرێکی ( چاودێریەکی ) توندی ئەوتۆ کە دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی تەنیا وەك ناو و شێوە دەمێننەوە. لە راستیشدا ناتوانن پیادەی ئەو دەستەڵاتانە بکەن کە لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا چەسپێنراون ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ١٠،ل٥٤ ــ ٥٥ ). بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەگەری سەرکەوتنی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە سایەی سیستەمی نادیموکراسیدا ئێجگار لاوازە.

زۆر لەو سەرچاوانەی باسیان لە سیستەمی ئۆتۆنۆمی کردووە، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو وڵاتانە گونجاوە، کە لە چەندین پێکهاتەی ( رەگەزی، نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبی... هتدا ) پێك هاتوون و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان دواکەوتووە ( فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی،ل١٢ ــ ١٣ ).

## ــــ سیستەمی لامەرکەزی :

سیستەمی لامەرکەزی دوو لایەن لەخۆ دەگرێ یەکەمیان : یاساییە و بریتیە لە پارچە پارچە کردنی دیاردەی جەختکردن ( الترکیز ) لە پیادەکردنی دەستەڵاتی گشتی لە دەوڵەتدا دووەمیان : لایەنی سیاسیە کە خۆی لە ئامانجی لامەرکەزی ناوچەییدا دەنوێنێ و بریتیە لە فرەوان کردنی چەمکی دیموکراسی. بەو پێیەی کە بەشێك لە دەستەڵاتی بڕیاردان لە ناوەندەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەنجومەنە خۆجێییەکان، ئەو ئەنجومەنانەی کە لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکانی خۆیانەوە هەڵدەبژێردرێن. بەمەش پرنسیپی بەشداری کردنی گەل لە پیادە کردنی دەستەڵاتدا، بە شێوەیەکی کردەیی بەرجەستە دەبێ ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ١٠،ل٧٥ ).

پەیڕەوکردنی سیستەمی لامەرکەزی، ئەستەمە لەگەڵ سروشتی وڵاتە نادیموکراسیەکاندا بگونجێ. بەڵام لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا، دەکرێ سیستەمی

لامەركەزی وەك چارەسەرێكی كارگێڕی پیادە بكرێ بۆ پەرەپێدانی توانا كارگێڕیەكانی دەوڵەت، لە رێگەی گواستنەوەی بەشێك لە دەستەڵاتەكانی كارگێڕی لە ناوەندەوە بۆ چەندین یەكەی كارگێڕی لە سەرتاسەری وڵاتدا. هەروەها ( لامەركەزی ) دەكرێ وەك چارەسەرێكی سیاسیش پیادە بكرێ، بۆ یەكلا كردنەوەی كێشەی ئەو ناوچانەی كە تایبەتمەندیەكی سیاسی و مێژووییان هەیە لە رووی ( نەتەوەیی، ئاینی، زمانی... هتدا ).

جیاواز لە هەردوو سیستەمی فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی، سیستەمی لامەركەزی دەشێ لە ناوچەیەك، یان چەند ناوچەیەك، یان سەرتاسەری وڵاتدا پەیڕەو بكرێ. بێگومان ئەمەش بەپێی بارودۆخی سیاسی وڵاتەكە دەبێت.

لە راستیدا چەند خاڵێكی هاوبەش هەیە لە نێوان هەردوو سیستەمی لامەركەزی و فیدراڵیدا، وەك ئەوەی هەردووكیان لەسەر بنچینەی یەكەی ناوچەیی پێك دەهێنرێن و دەستەڵاتێكی دیاری كراو بە خۆیان پیادە دەكەن ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ل٦٤ ). بەڵام لە هەندێ جاردا دەكرێ سیستەمی لامەركەزی، تەنیا بۆ یەك ناوچە لە وڵاتدا پەیڕەو بكرێ. كەچی ئەم دۆخە لە سیستەمی فیدراڵیدا زۆر دەگمەن و نەگونجاوە.

## ـــ مافە كەلتوریەكان :

كەلتور بە شێوەیەكی گشتی بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبێ، كەلتوری مادی و كەلتوری مەعنەوی ( كەلتوری نامادی ). كەلتوری مادی بەو بەشە لە پاشماوەی كۆمەلایەتی دەگوترێ كە ژێرخانی ئابوری كۆمەڵگە پێك دەهێنێ، بەڵام كەلتوری مەعنەوی سەرخانی كۆمەڵگە دەگرێتەوە وەك زانست، هونەر، فەلسەفە و بیروبڕوا و دامەزراوە كۆمەلایەتیەكان ( فەرهەنگی سیاسی ئارەش،ل٥٤١ ).

لە رووی سیاسیەوە مافە كەلتوریەكان، هەموو ئەو مافانە دەگرێتەوە كە پەیوەندیان بە كەلتور و ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە، كە ناكرێ بە هیچ پاسا و بیانوویەك قەدەغە بكرێن. مافە كەلتوریەكان چەندین لایەن دەگرنەوە، كە گرنگترینیان ئەمانەن ؛

١. زمان : ئازادی بەكار هێنانی زمان لە رووی ( قسەكردن، خوێندن، نووسین ).

٢. جلوبەرگ : هەر گروپێك ئازاد بێ لە پۆشینی ئەو جلوبەرگانەی کە دەربڕی ناسنامەی کەلتورەکەیەتی.
٣. بۆنە نەتەوەییەکان : ئازادی یادکردنەوە و بەرز راگرتنی بۆنە نەتەوەییەکان.
٤. کەلەپوری نەتەوەیی : پاراستن و شانازی کردن بە کەلەپوری نەتەوەیی.
٥. ئەدەب و مێژوو : بایەخ دان بە ئەدەب و مێژووی نەتەوەیی، وەك ( ئەفسانە، چیرۆك، لاوك و گۆرانی، داستان، شیعر، پەخشان، رووداوە مێژووییەکان ).

لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر گروپێکی ( رەگەزی، ئاینی، زمانەوانی.... هتد ) بەهۆی سیاسەتێکی ستەمکارانە لە لایەن دەستەڵاتی سیاسیەوە رێی پێنەدرێ پیادەی مافە کەلتوریەکانی خۆی بکات، ئەو کات ( مافە کەلتوریەکان ) دەبنە پرسێکی گەورەی سیاسی لە وڵاتدا.

## ــــ مافە دیموکراتیەکان :

مافە دیموکراتیەکان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو مافانەی کە کۆمەڵگە بۆ تاك دەستەبەری دەکات، تاکوو لە بەهاکانی کۆمەڵگەدا بە چەشنێکی سەربەستانە بەشداری بکات. بەم جۆرە دیموکراسی بریتیە لە فەراهەم کردنی بەشداریەکی ئازادانە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، لەو بڕیارانەی پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بە ژیانی گشت دانیشتوانی وڵاتەوە هەیە ( فەرهەنگی شیکاری...، ل ٣٠٢ ).

بە واتایەکی تر مافە دیموکراتیەکان هەموو ئەو مافە ( سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری... هتد ) دەگرێتەوە، کە سیستەمی دیموکراسی دەستەبەریان دەکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە، بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی ( رەگەزی، نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبی، زمان، چینایەتی... هتد ). گرنگترین مافە دیموکراتیەکان بریتین لەمانەی خوارەوە ؛

١. مافی خۆ پاڵاوتن : هەموو هاوڵاتیەك بۆی هەبێ خۆی بپاڵێوێ بۆ گشت پۆستە سیاسی و کارگێریەکان، بەپێی ئەو بنەمایانەی کە یاسا دیاریان دەکات.

٢. مافی دەنگدان : هەموو هاوڵاتیەك مافی دەنگدانی هەبێ، بە شێوەیەکی نهێنی و ئازادانە لە گشت ئەو هەڵبژاردنە گشتیانەی کە لە وڵاتدا ئەنجام دەدرێن.

٣. مافی پێك هێنانی ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکا و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها مافی بوونە ئەندام تێیاندا بەشێوەیەکی ئازادانە و دوور لە هەر جۆرە چاودێریەك.

٤. ئازادی ڕا دەبڕین : گوزارشت کردن لە بیر و بۆچوون لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی ئازاد و کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری.

٥. ئازادی ڕەخنە و دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە گەندەڵی و نادادپەروەری و کارە خراپەکانی دەستەڵات. ئەمەش لە ڕێگەی سەربەستی قسەکردن و بڵاوکردنەوەی بۆچوون و سەرنجی ڕەخنەگرانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، وە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری و هاتنە سەر شەقام و مانگرتن لە چوارچێوەی بەها و بنەما دیموکراسیەکاندا. هەموو ئەمانەش بە مەبەستی فشار خستنە سەر دەستەڵاتی سیاسی و ناچار کردنی بۆ ئەنجام دانی چاکسازی لە بوارە گشتی و گرنگەکانی دەوڵەتدا.

٦. ئازادی لە بواری ئابوری : بوونی هەلی یەکسان لە بوارەکانی ( کارکردن، بەرهەم هێنان و بازرگانی ) دا .

٧. ئازادی بیروباوەڕ ( عقيدة ) : ئازادی لە پەیڕەوکردنی هەر بیروباوەڕێکی ( سیاسی و ئاینی و مەزهەبی... هتد )، بە مەرجێ لەگەڵ بەها و بنەما دیموکراسیەکاندا ناکۆك نەبێت .

لە سیستەمە ستەمکارەکاندا، مافە دیموکراسیەکانی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی زۆر ترسناك پێشێل دەکرێن. بۆیە لەو جۆرە سیستەمانەدا، مافە دیموکراسیەکان دەبنە کێشەیەکی گەورە و سەرەکی لە وڵاتدا.

# دەروازەی دووەم
# سروشتی داخوازیە سیاسیەکانی کورد
# لە سەدەی نۆزدەهەمدا

## بەشی یەکەم :
## ئاماژەیەک بە دۆخی سیاسی کورد
## لە سەدەی نۆزدەهەمدا

لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا، سەرکوت کردن و چەوساندنەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا لە لایەن دەستەڵاتی قاجاریەکان هەر بەردەوام بوو. لە دەوڵەتی عوسمانیشدا، دوای ئەوەی سوڵتان مەحمودی دووەم هاتە سەر تەختی دەستەڵات، رەفتاری دەستەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە ناوچە کوردیەکان گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەردا هات. چونکە سوڵتانی ناوبراو کەوتە پەیرەوکردنی سیاسەتی سەپاندنی دەستەڵاتی ناوەند لە سەرتاسەری وڵاتدا، کە بێگومان کوردستانیشی گرتەوە. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، حکومەتی عوسمانی کەوتە لێدان و نەهێشتنی میرنشینە کوردیەکان. کە تا ناوەراستی ئەو سەدەیە، دەستەڵاتی عوسمانی توانی سەرجەم میرنشینە کوردیەکان لەناوبەرێ. راستیەکەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کاربەدەست و هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستاندا ستەم و توندوتیژیەکی زۆریان دەنواند بەرامبەر بە خەڵك، وەك سەپاندنی باجی زۆر، زێدەرۆیی کردن لە بە سەربازگرتنی گەنجاندا، ئازاردان و سوکایەتی پێکردنی دانیشتوان.

بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی رووبەڕووی کوردەکانی دەوڵەتی قاجار و عوسمانی ببوەوە، دەیان یاخیبوون و راپەڕین لە کوردستاندا لە دژی حکومەتی هەردوو دەوڵەتەکەدا سەریان هەڵدا، بە تایبەتی لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانی. هەندێ لەو رووداوانەی کوردستانی عوسمانی، وەك راپەڕین و یاخیبوونێکی گەورە ئەژمار دەکرێن. وەك یاخیبوونەکانی ئەو رەحمان پاشای بابان لە سەرەتای سەدەی

نۆزدەهەمدا، هەوڵە فرەوانخوازیەکانی میر محەمەدی رواندز (١٨٢٦)، جولانەوەی میر بەدرخان بەگی بۆتان ((١٨٤٣ــ١٨٤٧))[١]، یەزدان شێر (١٨٥٥)، شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ((١٨٨٠ــ١٨٨٢)) ( رۆڵی سیستەمی بنەماڵە،ل٤٣ ).

جولانەوە و راپەڕینەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا، زیاتر وەك پەرچە کردارێك بوون دژی تەشەنە سەندنی ستەم و چەوساندنەوە لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە، وە کەمتر داخوازی و ئامانجی نەتەوەییان هەبووە، بە تایبەتی کە هەست و سۆزی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا زۆر کز و لاواز بووە. لەم بارەیەوە جەعفەر عەلی لە کتێبەکەیدا ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی ) دەڵێ (( ئەوەی میرەکانی کورد لە ماوەی دەستەڵاتیاندا هەوڵیان بۆ داوە، بریتی بووە لە فرەوان کردنی ئەو پەراوێزەی ئازادی کە سەردەمانێك لە ژێر سایەی هەردوو دەستەڵاتی عوسمانی و ئێرانیدا هەیانبوو، نەك فانتازیای نەتەوەیی و داهێنانی کەلتوری ناسیونالیستانە )) ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل١٤٨ ). هەر لەم بارەیەوە جەعفەر عەلی لە شوێنێکی تردا دەڵێ (( تەواوی راپەڕینەکانی بەر لە سەدەی بیست ( بێگومان بە جیاوازیەوە )، بریتیە لە هەستی خۆ بەکورد زانین و هەوڵدان بۆ خۆ جیاکردنەوە لە دوژمن لەسەر بنچینەی نەتەوە بوون. کورد بوونیش زیاتر بە پلەی یەکەم، خواستی رێبەری ڕاپەڕینەکان بووە و نەچووەتە ئاستی جەماوەرەوە )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٧ ــ ١٦٨ ).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، شەڕی میر و رابەرانی کورد لەگەڵ ( ناوەند ) دا زیاتر لەسەر دەستەڵات بووە، وە شەڕی خەڵکی ئاسایی کورد لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت، زیاتر بەهۆی ستەم و توندوتیژیەوە بووە. بەڵام بەردەوام بوونی ئەو دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی، بەرە بەرە هەستی خۆ بەکورد زانین و شانازی کردن بە نەتەوە پەرە بسێنێ. ئەم هەستە لە هەندێ دۆخدا بە جۆرێ پەرەی سەندوە، کە رێبەرانی کورد داوای کۆتایی هێنانیان بە ژێردەستەیی کردوە، لە رێگەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتێکی سەربەخۆ، وەك جولانەوەکانی ( میر محەمەدی رواندوز و میر بەدرخان

---

(١) لە زۆر لە سەرچاوە مێژوویەکاندا جیاوازی دەبینرێ لە بارەی ئەو ماوەیەی کە جولانەوەکەی میر بەدرخان خایەندویەتی، بۆ نمونە هەندێکیان ئاماژە بە ساڵانی (١٨٤٣ــ١٨٤٦) دەکەن.

بەگی بۆتان و شێخ عوبێدوڵلای نەهری ). بێگومان ئەم یاخیبوون و جوڵانەوانە، بوونە هۆی رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیر و جوڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی لە سەدەی بیستەمدا.

بەرزان مەلا تەهاش لەو بڕوایە دایە، کە ئەو راپەڕینە[1] کوردیانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا روویاندا لە دەرنجامی خەملینی بیری نەتەوەیی نەبوون، بەڵکو هەوڵ و ئامانج بوون بۆ نەپسانەوە و بە زیندوویی مانەوە ( گۆڤاری کۆچ،١٧،ل٢٤٤ ).

رەفیق سابیریش لە بارەی راپەڕین و خەباتی میرنشینە کوردیەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەڵێ (( راپەڕینەکانی کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، هەوڵدانێك بوون بۆ درێژەدان بە سیستەمی میرنشینی سەرکردەکانی ئەم راپەڕینانە، ئامانجیان ئەوەبوو لە سنورێکی دیاری کراودا دەستەڵاتێکی ناوچەیی یان میرنشینێك دابمەزرێنن. بە هەمان شێوەی میرەکانی پێش خۆیان، ویستویانە دەستەڵاتێکی پەراوێزی، کە سەربەخۆییەکی رێژەیی لە دەستەڵاتی ناوەندی عوسمانی یان ئێرانی هەبێت دابمەزرێننەوە. زۆر جار ئامانجیان ئەوە بووە لە جیاتی کاربەدەستانی تورك و عەجەم، حوکمڕانی ناوچەکانیان بکەن. بۆیە ناکرێ ئەو راپەڕینانە وەك کۆششێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یان دابینکردنی قەوارەیەکی سیاسی کوردی دابندرێن. چونکە ئەو راپەڕینانە و هەندێ راپەڕینی سەدەی بیستەم کە بەڕابەری سەرۆك خێڵەکان بوون، بۆ نمونە راپەڕینی سمکۆی شکاك، هەڵگەڕانەوە بوون لە ستەمی دەستەڵات و دەزگاکانی کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی بیانی، بەڵام هیچ پڕۆژەیەکی ناسیونالیستیان نەبوو )) ( کولتور و ناسیونالیزم،ل٥٨ ).

نەمانی دەستەڵاتی میرنشینە کوردیەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بۆشایەکی گەورەی سیاسی لە کوردستاندا دروست کرد. چونکە دامودەزگاکانی دەوڵەت کە بەدەست دواکەوتوویی و گەندەڵیەکی زۆرەوە دەیان ناڵاند، هەرگیز نەیانتوانی بە شێوەیەکی باش شوێنی دەستەڵاتی میرنشینەکان بگرنەوە. بۆیە هەستی دژایەتی کردن لە ناوچە کوردیەکاندا دژی دەستەڵاتی عوسمانی بە شێوەیەکی بەرچاو

(١) لە راستیدا ناتوانین، تەنیا دەستەواژەیەك بۆ گشت جوڵانەوە کوردیەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەکار بهێنین. بۆیە دەکرێ بەپێی جیاوازی سروشتی جوڵانەوەکان، دەستەواژەی جیا جیا بەکار بهێنین.

پەرەی سەند. میرە کوردیەکانیش کە پەرۆشی گەڕاندنەوەی پێگە و دەسەڵاتی جارانیان بوون، ئاڕادەیەکی باش توانیان سود لە باری دەروونی خەڵک ببینن، وە لە ژێر دروشمەکانی چاکسازی کارگێری و نەهێشتنی ستەمی دەسەڵات، توانیان چەندین جار هەڵگەڕانەوەی چەکداری دژ بە سیاسەت و رەفتارەکانی دەسەڵاتی عوسمانی ئەنجام بدەن. بەڵام لەبەرئەوەی خۆ ئامادەکردنێکی باش و بەرنامەیەکی هەمەلایانەیان نەبوو، سەرجەم راپەڕین و یاخیبوونەکانیان دووچاری شکست هاتن.

زۆربەی جار هۆکاری یاخیبوونی خێڵێك، تەنیا پەیوەندی هەبووە بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خێڵەکە و هیچ پەیوەندیەکی نەبووە بە بەها و خواستە نەتەوەییەکانی کوردەوە. بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە ئەو یاخیبوونانەی خێڵەکان کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیاندا ئەنجامیان داوە، بە جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی ئەژمار بکرێن.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئاڕادەیەك هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەنێو ژمارەیەکی کەم لە دەستەبژێری کورددا پەرەی سەندبوو. بە بەڵگەی ئەوەی لە رۆژنامەی کوردستاندا، کە لە (١٨٩٨/٤/٢٢) دا چاپی یەکەمی لە قاهیرە دەرچوو، شەڕی ئەرمەنیەکان مەحکوم کرا و رەتکرایەوە ، وە بانگەواز کرا بۆ برایەتی نێوان کورد و ئەرمەن ( بەدرخانیەکان مالباتێکی...ل١٠١ ). بەڵام ئەم هۆشیاریە نەگەیشتبووە نێو خەڵکی ئاسایی[1].

هەوڵ دەدەین لە بەشی دووەمدا باس لە سێ رێبەری کلاسیکی کورد بکەین، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵیاندا پانتایی ئازادی سیاسی فرەوانتر بکەن و جۆرێك لە سەربەخۆیی بەدی بێنن، ئەوانیش ( میر محەمەدی سۆران و میر بەدرخان بەگی بۆتان و شێخ عوبێدوڵلای نەهری ) بن .

(١) لە (١٩١٥) دا لە گەرمەی رووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، بەهۆی کاریگەری هەستی ئاینی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی، هەندێ لە هۆزە کوردیەکان رۆڵێکی خراپیان بینی لە جینۆساید کردنی ئەرمەنەکاندا. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە لەو کاتەدا هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەنێو هۆزە کوردیەکاندا زۆر لاواز بووە .

# بەشی دووەم :

## سێ بە ناوبانگترین رێبەری کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا

### ـــ میر محەمەدی رواندوز ( پاشای کۆرە ) :

میرنشینەکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ( میر محەمەد ) دا زۆر بەهێز و فرەوان بوو، خواستی سەربەخۆیی و حکومداری لە میرنشینەکەدا بە تەواوی هەست پێدەکرا، لە رێگەی لێدانی سکەی تایبەت[1] و دانانی کارگەی دروست کردنی چەك و ناو هێنانی میر محەمەد لە وتاری نوێژی هەینیدا لە بری ناوی سوڵتانی عوسمانی.

سەبارەت بە خواستی سەربەخۆیی لای میر محەمەد، پرسیارێکی زۆر گرنك دێتە پێشەوە، ئایا مەبەستی میر محەمەد سەربەخۆیی میرنشینەکە بوو؟ یان سەربەخۆیی خاکی کوردستان؟ کە لەنێو نووسەر و مێژوونووساندا لایەنگری هەردوو تێڕوانین زۆرن. هەوڵ دەدەین لەم بارەیەوە ئاماژە بە بۆچوونی هەندێ نووسەر بدەین.

عەلائەدین سەجادی لە بارەی ئامانجی سیاسی میر محەمەدەوە دەڵێ (( میر محەمەدی پاشای رواندوز لە (١٨٢٠) دا بانگی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ حکومەتی کوردستان بەرزکردەوە. حکومەتی ئێران، کە ئەو سەردەمە حکومەتی قاجار بوو، دانی نا بە حکومەتەکەیە. لەو لاشەوە ( علی رەزا شا ) ی والی بەغداش هەر دانی پیانا )) ( شۆڕشەکانی کورد...،ل٦٦ ).

لەو سەردەمەدا وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەنێو کوردا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو. بۆیە بوونی بیرۆکەی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لە لایەن کەسایەتیەکی وەك میر محەمەد، تاڕادەیەکی زۆر دوورە لە واقیع. بەلاَم ئەو راستیەی کە زۆر رێی تێدەچێ ئەوەیە، میر محەمەد خواست و ویستێکی بەهێزی هەبووە بۆ پێکهێنانی میرنشینێکی بەهێز و تاڕادەیەك سەربەخۆ. پێدەچێ دان پێنانی حکومەتی قاجار و والی بەغداش بە

(١) مەبەست لە لێدانی سکە ، دروست کردنی دراوی تایبەت بوو بە میرنشینەکە. ئەمەش نیشانە بووە بۆ بوونی خواستی خۆ جیاکردنەوە لە دەستەلاَتی عوسمانی.

فرەوانخوازیەکەی میرنشینی سۆران، بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسیەی ئەو کات، کە ئەو دوو هێزە[1] تێیدا بوون. ڕەنگە لە بەرژەوەندیاندا نەبوو بێ، کە لەو کاتەدا ڕووبەڕووی هەوڵە فرەوانخوازیەکانی میر محەمەد ببنەوە.

عەبدولرەحمان قاسملۆش لە بارەی میر محەمەدەوە دەڵێ (( میر محەمەدی پاشای ڕواندوز لە (١٨٢٦) دا جاڕی سەربەخۆییدا )) ( کوردستان و کورد،ل٤٥ ). هەر لەو بارەشەوە صالح قەفتان دەڵێ (( میر محەمەدی پاشای ڕواندوز لە (١٨٣٠) دا جاڕی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەم ڕەنگە بوو بە فەرمانڕەوای لیوای هەولێر و ناوچەکانی موسڵ و هەندێ شوێن لە کوردستانی تورکیای ئەوساکەدا )) ( مێژووی گەلی کورد .....،ل ٢١١ ).

بە سەرنجدان لەم زانیاریانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم نووسەرانەی سەرەوەدا، سەبارەت بە دیاری کردنی ساڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن میر محەمەدی سۆرانەوە. بەڵام ئەوەی ئەم نووسەرانە لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە میر محەمەد خواستێکی بەهێزی هەبووە بۆ بەدیهێنانی خواستی سەربەخۆیی سیاسی بۆ میرنشینەکەی و ملکەچ نەکردن بۆ حکومەتی عوسمانی.

هەرچی جەمال نەبەزە بەم شێوەیە باس لە میر محەمەدی سۆران دەکات ؛ دەوڵەتەکەی[2] میری ڕواندوز، سروشتێکی ئیسلامیانەی دەماگیری هەبوو. لە زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەی کەلتوری کوردیشدا، کە بە یەکێك لە سیما و خەسڵەتەکانی ناسیونالیزم دادەنرێ، هیچ ڕۆڵێکی نەبینیوە، بەڵکو دەوڵەتەکەی دەوڵەتێکی سوننە مەزهەب بووە و ئامانجیشی فەرمانڕەوایی بنەماڵەیی تەواو بووە( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، ل١٤١ ).

میر محەمەد کەسێکی پابەند و لە خواترس بووە لە ڕووی ئاینیەوە. لە بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینەکەیدا، پشتی بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی بەستبوو، بەڵام ئەمە ڕاستی ئەو بۆچوونە ناگەیێنێ کە دەڵێ (( دەوڵەتەکەی میر محەمەد، دەوڵەتێکی سوننە مەزهەب بوو )). چونکە ١) فەرمانڕەوایەتیەکەی میر محەمەد ناچێتە چوارچێوەی

---

(١) مەبەست لەو دوو هێزە، هەردوو حکومەتی قاجار و عوسمانیە .

(٢) ناونانی فەرمانڕەوایەتیەکەی میر محەمەد بە ( دەوڵەت )، لە ڕووی زانستیەوە کارێکی دروست نیە .

دەوڵەتەوە ٢) هەرچەندە میر محەمەد کەسێکی باوەڕدار بووە، وە لە زۆر کاروباریشدا پشتی بە شەریعەت بەستووە، بەڵام ئەو زیاتر دەستەڵاتێکی بەهێزی بنیات نابوو، نەك فەرمانڕەوایەتیەکەی ئاینی و مەزهەبی.

سەبارەت بە بەرەنگاری و یاخیبوونی میر محەمەد دژ بە حکومەتی عوسمانی، کونسوڵی بەریتانیا لە (١٨٣٥) لە راپۆرتەکەی خۆیدا دەنوسێ : لێم پرسی.... چۆن بوو زێدەڕۆیی کرد و لە بەرامبەر محەمەد رەشید پاشادا راوەستا، لە بارێکدا ئەو نوێنەری سوڵتان بوو . حاجی[١] لە وەڵامدا گوتی ؛ نە ئەو نە باو و باپیرانی، هیچیان سەر بە پاشاکان نەبوون یان باجیان بە سوڵتان نەداوە. بۆیە ئەویش مایەی دەرك کردن نەبوو کە بۆچی دەبێ بەم کارە ناچاری بکەن، لەبەر هەندێ ئەوەندەی پێی کرا بەرەنگاری کرد ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٩١ ـ ٩٢ ).

بەپێی ئەم وەڵامەی میر محەمەد دەردەکەوێ، کە هۆکاری سەرەکی لە یاخیبوون و بەگژاچوونەوەی حکومەتی عوسمانی، دەست خستنە ناو کاروباری میرنشینەکەی بووە لە لایەن دەستەڵاتدارانی ناوچەیی و هەوڵەکانی دەرباری عوسمانی بووە بۆ وەرگرتنی باج لێی. هەر بۆیەش لە حکومەتی عوسمانی هەڵگەڕاوەتەوە و ویستویەتی دەستەڵاتێکی بەهێز و تارادەیەك سەربەخۆ لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێ .

## ـــ میر بەدرخان بەگی بۆتان :

سەرەتا پەیوەندی نێوان میر بەدرخان و دەستەڵاتدارانی عوسمانی زۆر باش بوو، بەڵام دوای خراپتر بوونی رەفتاری کاربەدەستانی عوسمانی لە ناوچە کوردیەکاندا، بەرە بەرە پەیوەندیەکانیان رووی لە گرژی و ناکۆکی کرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی دەرکەوت کە کاربەدەستانی عوسمانی نیازی لە ناوبردنی ( میرنشینی بۆتان ) یشیان[٢] هەیە . ئەمە میر

---

(١) وەك پێدەچێ مەبەستی کونسوڵ لە دەستەواژەی حاجی، میر محەمەدی سۆرانە.

(٢) لە چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا میرنشینی بۆتان دوا میرنشینی کوردی بوو، کە تا ئەو کات سوڵتانی عوسمانی هەلی لە ناوبردنی بۆ نەرەخسا بوو.

بەدرخانی ناچارکرد بەوەی بکەوێتە خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی نیازی دوژمنکارانەی حکومەتی عوسمانی.

میر بەدرخان بۆ بەهێزکردنی توانا سەربازیەکانی میرنشینەکەی، ئامادەکاریەکی زۆر باش و تۆکمەی ئەنجامدا. کە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی بریتی بوو لە دانانی کارگەیەکی دروست کردنی چەك و تەقەمەنی ( مێژووی گەلی کورد... ل٢٦٠ ـ٢٦١ ). هەورەها یەکێکی تر لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی بریتی بوو لە بانگهێشت کردنی چەندین پێشەوا و سەرۆك هۆزی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بۆ کۆبوونەوەیەکی فرەوان، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و یەکخستنی تواناکانیان دژ بە سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتی عوسمانی ( چەند لێکۆڵینەوەیەك...،ل٦٦ـ٦٧ ). جگە لەمانەش میر بەدرخان بایەخی بەدەست هێنانی پشتیوانی دەرەکیشی پشتگوێ نەخستبوو. لەم بارەیەوە دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی دەڵێ (( میر بەدرخان داوای یارمەتی لە رووسیا کرد و ئامادەی خۆی دەربڕی، کە کوردستان لەژێر چاودێری رووسیادا بێت )) ( کورد لە ئەرشیفی ...،ل٨٤ ).

کۆکردنەوەی پێشەوا و سەرۆك هۆزەکانی کورد، وە بەدەنگەوە هاتنی ئەوان بۆ بانگهێشتەکەی، چەند راستیەك دەسەلمێنێ کە گرنگترینیان بریتین لەم دووانەی خوارەوە
١ ـ کۆکردنەوەی سەرۆك هۆزی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان ئەوە دەگەێنێ، کە میر بەدرخان نەیویستووە جوڵانەوەکەی لە چوارچێوەی ناوچەیەکی تەسکدا بمێنێتەوە
٢ ـ ئامادەیی پێشەوا و رێبەرانی کورد بۆ بە دەنگەوە هاتنی بانگهێشتەکەی میر بەدرخان ئەوە دەسەلمێنێ، کە بەدرخان بەگ کەسایەتیەکی کارێزمی هەبووە و زۆر رێز لێگیراو بووە.

هەوڵدانی میر بەدرخان بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی رووسیا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەدرخان بەگ تێڕوانینێکی دروست و فرەوانی هەبووە بۆ هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە. چونکە ١ ـ کورد لە رێگەی تەنیا پشت بەستن بە خۆی، لە توانایدا نەبوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی عوسمانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە پێویست بوو هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی دەرەکی بدات ٢ ـ لە لایەك رووسیا دوژمنایەتیەکی مێژوویی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، لە لایەکی تریشەوە دراوسێی کوردستان بوو. بۆیە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی رووسیا ، کارێکی زۆر دروست و گونجاو بوو ٣ ـ هەوڵدان بۆ

بەدەست هێنانی پشتیوانی دەوڵەتێکی مەسیحی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە میر بەدرخان لە رووی بیروباوەڕی ئاینیەوە، بیرکردنەوەیەکی زۆر تەسك بینانەی نەبووە.

دوای ئەوەی میر بەدرخان یاخیبوونی راگەیاند دژ بە دەستەڵاتی عوسمانی، دەوڵەت هێزێکی سەربازی نارد بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە، بەڵام هێزەکەی دووچاری شکست هات. ئەمە هانی میر بەدرخانیدا کە چەند هەنگاوێك بنێ بە ئامانجی بەهێزکردنی جوڵانەوەکەی، وەك دەرکردنی دراوێك بە ناوی خۆیەوە، کە لە دیوێکیدا نووسرا بوو (( ئەمیر بۆتان بەدرخان ))، لە دیوەکەی تریشیەوە نووسرا بوو ((ساڵی ١٢٥٨ ی هیجری )) ( شۆڕشەکانی کورد...،ل٤٠ ). هەروەها هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە میر بەدرخان ئاڵایەکی تایبەتی بەرز کردۆتەوە، کە جیابووە لە ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی ( tevgera Kurdi ....L ٢٥ ) .

دەرکردنی دراو، بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خواستێکی بەهێز بۆ رزگاربوون لە ژێردەستەیی. ئەم کارەی میر بەدرخان، هەنگاوێکی گرنگ بووە بەرەو بەدەست هێنانی سەربەخۆییەکی زیاتر بۆ میرنشینەکەی. بەڵام مەرج نیە مەبەستی میر بەدرخان ئەوە بووبێ کە بە تەواوی لە دەوڵەتی عوسمانی جیابێتەوە، بە تایبەتی کە زۆر لە بەڵگە مێژووییەکان پاڵپشتی لە بوونی خواستێکی لەم جۆرە ناکەن لە لایەن میر بەدرخانەوە.

هەرچی سەبارەت بەو ئاڵایەیە کە گوایا میر بەدرخان بەرزی کردۆتەوە، زانیاری زۆر کەم لەم بارەیەوە لەبەر دەستدایە. بەڵام ئەگەر ئاڵایەکە بوونیشی هەبوو بێ، مەرج نیە ئاڵایەکی تایبەت بووبێ بە نەتەوەی کورد، بەڵکو زیاتر رێی تێدەچێ وەك رەمزێکی میرنشینەکە بەکار هێنرابێ.

چەندین بۆچوونی جۆراو جۆر هەیە، سەبارەت بە دیاری کردنی ئامانجی راستەقینەی میر بەدرخان. بە پێویستی دەزانین بۆچوونی هەندێ لە نووسەر و مێژوونووسان لەم بارەیەوە بخەینە روو. صالح قەفتان بەم شێوەیە باس لە ئامانجی جوڵانەوەکەی میر بەدرخان دەکات ؛ دوای رووبەڕوو بوونەوەی نێوان لەشکری عوسمانی و هێزەکەی میر بەدرخان، میر بەدرخان جاڕی سەربەخۆیی دا ( مێژووی گەلی کورد...،ل٢٦١ ). ئیبراهیم داقوقیش لە بارەی جوڵانەوەکەی میر بەدرخانەوە دەڵێ (( بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و

نیشتیمانی بوو، تێدەکۆشا بۆ ڕزگارکردنی هەموو ناوچەکانی وڵاتی کورد ( هەموو کوردستان ) لە دیلی و ئەسارەتی بێگانە، لە ڕێگەی بنیات نانی یەکێتی نێوان میر و سەرانی کورد و دامەزراندنی هاوبەندییەکی برایانەی تۆکمە و پتەو لە نێوانیاندا، بۆ ڕێ خۆشکردن بەرەو سەربەخۆیی. میر بەدرخان پاشا لەم کارەی یەکەمین هەنگاوی هاویشت، ئەو دەمەی سنوری میرنشینەکەی فـرەوان کـرد تا شاری وان لە باکور و لەملاشەوە بەرەو دەوروبەری موسڵ لە باشور )) ( کوردی تورکیا،ل١٢٣ ).

ناتوانرێ نکولی لەوە بکرێ کە میر بەدرخان بە توندی دژی ئەوە بووە واز لە سەروەری میرنشینەکەی بهێنێ و بچێتە ژێر باری دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی عوسمانی، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردی و بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی کوردستان، ناکرێ پشتگیری لەو بۆچوونە بکرێ، کە ئامانجی ڕاستەقینەی میر بەدرخان بریتی بووە لە جیاکردنەوەی هەموو خاکی کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی و دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

هەر لە بارەی ئامانجەکانی میر بەدرخان، دکتۆر بلەچ شێرکۆ دەڵێ (( بەدرخان کە جڵەوی دەستەڵاتی گرتەدەست، ئامانجی ڕزگارکردنی سەرتاسەری کوردستان بوو لە ستەم و زۆری تورك. هەروەها بۆ دامەزراندنی یەکێتیەکی گشتی لە نێوان میرەکانی کوردا تێدەکۆشا )) ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل١٤٧ ). کە لە ڕاستیدا جیاوازی زۆرە لە نێوان خواستی لابردنی ستەم و چەوساندنەوەی داگیرکەر لەگەڵ ئامانجی دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. مەرجیش نیە ئامانجی میر بەدرخان لە یەکخستنی میر و سەرۆك هۆزە کوردیەکاندا، پێك هێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بووبێ. کە ڕەنگە ئامانج لەم یەکێتیەدا، گەڕاندنەوەی دۆخی سیاسی کوردستان بووبێ بۆ سەردەمەکانی پێشووتر، کە ئەو کات هۆز و میرنشینە کوردیەکان لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا جۆرێك لە ئازادی و سەربەخۆییان هەبوو.

هەرچی ڕۆبەرت ئۆلیشە، سەبارەت بە خواستە سیاسیەکانی میر بەدرخان دەڵێ (( شتێك کە میر بەدرخان داواکاری بوو، بریتی بوو لە خـودمـوختاریەکـی زۆرتر لەژێر چاودێری دەوڵەتـی عوسمانیدا )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٨ ). بە سەرنجدان لە بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی کوردستان و ناوچەکە، تاڕادەیەکی زۆر ڕێی تێدەچێ کە بۆچوونەکەی

ڕۆبەرت ئولیش ڕاست بێت. چونکە ئەو کات هۆشیاری سیاسی لەنێو گەلانی دەوڵەتی عوسمانیدا نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە هەوڵ بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بدەن، کە بێگومان ئەمە کوردیش دەگرێتەوە.

ئامانجی میر بەدرخان هەرچیەك بووبێ، ئەو یەکەم میری کورد بووە کە بیری لە یەکخستنی هۆزە کوردیەکان و پێکهێنانی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە، لە پێناو نەهێشتن و کەم کردنەوەی ستەمی تورکە عوسمانیەکان لە کوردستاندا.

ڕاستە ڕۆڵی سیاسی میر بەدرخان، دوای شکستی جوڵانەوەکەی کۆتایی هات، بەڵامماڵباتی بەدرخانیەکان لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری گەلی کوردا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر و چالاکانە هەر بەردەوام بوون. کوڕ و نەوەکانی میر بەدرخان، دەستبەرداری خەونی ڕزگاری و پێشخستنی نەتەوەکەیان نەبوون.

لە (١٨٧٧)[١] دا جەنگێکی تر لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیادا هەڵگیرسا. لەشکرێکی کوردی لە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە پێك هێنرا بۆ بەشداری کردن لە جەنگەکەدا، ئەم لەشکرە لە لایەن کوڕانی بەدرخان پاشا ( کەنعان پاشا و عوسمان پاشا ) سەرپەرشتی دەکرا. لە جەنگەکەدا سوپای دەوڵەتی عوسمانی دووچاری شکستێکی گەورە هات، بەو هۆیەوە ڕەوشێکی نائارام و خراپ لە ناوخۆی وڵاتدا دروست بوو. کوڕانی بەدرخان پاشا ئەم بارودۆخەیان بە دەرفەت زانی، وە لەگەڵ ئەفسەر و سەردارە کوردەکانی نێو لەشکرەکە ڕێك کەوتن، کە بزافێکی چەکداری لە کوردستاندا دژ بە ستەم و خراپەکاریەکانی دەستەڵاتی عوسمانی ساز بدەن. بۆ ئەم مەبەستە خۆیان گەیاندە ( جەزیرە ) و ئەم شارەیان کردە مەڵبەندی ڕاپەڕینەکەیان ( مێژووی گەلی کورد...،ل٢٦١ ).

کوڕانی بەدرخان پاشا توانیان چەندین ناوچەی تری کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە کوڕانی بەدرخان پاشا لە جەزیرەدا سەربەخۆییان ڕاگەیاندوە، وە میر عوسمان پاشا فەرمانی کردوە کە لە وتاری نوێژی هەینیدا، ناوی سوڵتانی عوسمانی لاببرێ و ناوی ئەوی بخرێتە شوێن.

لابردنی ناوی سوڵتان لە وتاری نوێژی هەینیدا، واتە دان نەنان بە دەستەڵاتی عوسمانی. وە کە میر عوسمان ناوی خۆشی خستۆتە شوێن ناوی سوڵتان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر بوونی

---

(١) مێژوونووسی ئێرانی ( حەسەن ئەرفەع ) لە باسکردنی ئەم جەنگەدا، ئاماژە بە ساڵی (١٨٧٦) دەکات.

جۆرێ لە مەیلی خۆ جیاکردنەوە. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی راستەقینەی ئەو کاتەی کوردستان، پێدەچێ ئامانجی راستەقینەی میر عوسمان، زیاتر دروست کردنەوەی میرنشینێکی خاوەن دەسەڵات و بەهێز بووبێ، نەك دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد

## ــــ شێخ عوبێدوڵلای نەهری :

شێخ عوبێدوڵلا، سەر بە یەکێك لە بنەماڵە ئاینیە هەرە ناسراوەکانی کوردستان بوو. لە باب و باپیرانیەوە تەریقەتی[1] بۆ مابووەوە، خاوەنی هەزاران مورید و شوێنکەوتوو بوو. نەمانی میرنشینە کوردیەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی، ببووە هۆی زیاتر بەرز بوونەوەی پێگە و رۆڵی بنەماڵە ئاینیەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بەهۆی ئەوەی شێخ عوبێدوڵلا خۆشی خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و لێهاتوو بوو، توانی بووی کاریگەریەکی زۆر لەنێو خەڵکدا دروست بکات و زۆر رێز لێگیراو بێت.

دەستەڵاتی عوسمانی، بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەی دەدا کە پێگە و دەستەڵاتی رابەرە ئاینیەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لاواز بکات ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٧ ). جگە لەمەش لە دوای جەنگی (١٨٧٨) ی نێوان رووس و عوسمانیەکاندا، بارودۆخی ناوچە کوردیەکان زۆر خراپتر بوو، بەهۆی پەرەسەندنی ستەم و زۆری و سەرانە وەرگرتن لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانیەوە. ئەم هۆکارانە شێخ عوبێدوڵلایان ناچار کرد کە هەڵوێستێکی توند وەربگرێ. بۆیە نوێنەرێکی ناردە لای سوڵتان و پێی راگەیاند : کە ئەگەر باری خراپی ناوچە کوردیەکان چاك نەکرێ، ئەوا خۆی و موریدانی روودەکەنە دەوڵەتی قاجار. سوڵتانیش لە ترسی سود وەرگرتنی دەوڵەتی قاجار لەم دۆخە. شاندێکی ناردە کوردستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك ( بارودۆخی سیاسی کوردستان،ل٦٩ ــ٧٠ ).

مێژوونووسی ئێرانی ( حەسەن ئەرفەع ) لەو بڕوایە دابوو کە بیری سەربەخۆیی لە پاش جەنگی (١٨٧٨) ی عوسمانی و رووسەکان، لە لایەن رووسەکانەوە هێنرایە نێو گەلانی عوسمانی، کە کوردیش یەکێك بوو لەو گەلانەی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم بیرە سەربەخۆییە

(١) تەریقەت، واتە رێبازی سۆفیگەری ( تصوف ). لە سەدەکانی پێشوو لە کوردستاندا دوو تەریقەتی زۆر بەهێز و گەورە هەبوون، ئەوانیش تەریقەتی ( قادری و نەقشبەندی ) بوون.

( کوردەکان،ل٤٩ ). ئەگەر ئەم زانیاریە راست بێ، ئەوا ئامانجی رووسیا لە هێنانی بیری سەربەخۆیی بۆ نێو گەلانی عوسمانی، بریتی بووە لە نانەوەی کێشە و ئاشووب لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا، بە مەبەستی بێهێز کردنی.

پێدەچێ رووسیا سەرکەوتوو بووبێ لە هاندانی هەندێ لە رێبەرانی کورد دژ بە دەستەلآتی عوسمان. وەك سەردارانی کوردی ( دێرسیم )، کە لە سالآنی (١٨٧٧ـ١٨٧٨) بە نهێنی پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتی رووسیادا دروست کرد و لەو بارەیەوە رایانگەیاند : رزگاربوونی کوردی دێرسیم بە هاوکاری رووسیا ویستی ئاسمانە ( الحركة الكوردية...، ص٣١ ) .

شێخ عوبێدوڵلا زۆر باش لە کاریگەری رۆڵی بەریتانیا و رووسیا تێگەیشتبوو لە ناوچەکەدا. بۆیە بەردەوام هەوڵی دەدا، پشتیوانی ئەم دوو وڵاتە زلهێزە بەدەست بێنێ. ئەمە جگە لەوەی کە بەڵگەیە لەسەر وریایی و بە ئاگایی شێخ، هەروەها سەلمێنەری ئەو راستیەشە کە شێخ لە رووی بیرکردنەوەی ئاینیەوە تەسك بین نەبووە. چونکە ئامادە بووە پشتیوانی ئەم دوو وڵاتە مەسیحیە بەدەست بێنێ لە دژی هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجار.

شێخ لە سەرەتای جوڵانەوەکەیدا زیاتر جەختی لەسەر نەهێشتنی ستەم و نادادوەری دەکردەوە، نەك سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی. لەم بارەیەوە ئابوت ( کونسوڵی بەریتانیا ) لە شێخی پرسی بوو، ئایا ئامانجی ئەوەیە کوردستان بکاتە ناوچەیەکی سەربەخۆ و جودا لە بابی عالی، یان تەنیا دەیەوێ رەگەزە نا هەموارەکان یەکبخا و ئاژاوە نەهێڵێ و ببێتە سەرۆکی میللەتی کورد و لە بەرامبەر سوڵتاندا لێپرسراوی چاکە و خراپەی ئەم خەڵکە و کۆکەرەوەی باج و خەراجیان بێ؟ شێخ لە وەڵامدا وتبووی : هیچ کەس قەت گومانی لە وەفاداریەکەی بۆ سوڵتان نەبووە، بەڵام هیچ باوەڕێکی بە پاشاکان ( واتە والی ویلایەتەکان ) نیە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل١٢١ ـ ١٢٢ ).

کەچی بەپێی بەڵگەنامەیەکی پەرلەمانی عوسمانی لە (١٨٨١/٩/١٠) دا، شێخ خوازیاری دروست کردنی وڵاتێکی سەربەخۆ بووە لە ناوچە کوردیەکاندا، بەو مەرجەی ساڵانە خەراجێك ئەوەندەی ئەو باجەی ئێستا ( مەبەست ١٨٨١ ) لە کوردستان کۆ دەکرێتەوە بداتە دەوڵەت ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل١٤١ـ١٤٢ ). بەپێی ئەم بەڵگەیەش، شێخ لە

سەرەتادا نەیویستووە بە تەواوی لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بێتەوە، بەڵام چیتریش بە دەستەڵاتی کاربەدەستانی عوسمانی رازی نەبووە لە کوردستاندا.

بەرە بەرە شێخ دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە باشترین چارەسەر بۆ ئەو دۆخە خراپەی کوردستان تێدایەتی، بریتیە لە یەکگرتنەوەی هەردوو کوردستانی ( عوسمانی و قاجار ) و پێك هێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ. بۆیە لە چەند نامەیەکدا کە شێخ ئاراستەی کاربەدەستانی بەریتانی کردوە، باسی لەوە کردوە ؛ کە کورد نایەوێ چیتر بە دابەشکراوی بمێنێتەوە. هەروەها جەختی لەوەش کردۆتەوە کە میللەتی کورد لە رووی مەزهەب[1] و داب و نەریتەوە، جیاوازە لە تورك و فارس. وە داوای کردوە کە دەوڵەتە ئەوروپیەکان لە دۆخی کورد تێبگەن، کە دەیەوێ لەمەودوا بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی بەدەس خۆیەوە بێت.

لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا[2]، بەم شێوەیە باس لە هەوڵەکانی شێخ عوبێدوڵلا کراوە بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی وڵاتە ئەوروپیەکان ( بەریتانیا و رووسیا ) ؛ شێخ عوبێدوڵلا داوای لە وڵاتانی ئەوروپی کردوە، پشتیوانی بکەن بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ. شێخ لەو بارەیەوە داوای کردوە کە لەو مەیدانەدا تاقی بکرێتەوە، ئەگەر نەیتوانی کوردستانێکی سەربەخۆ پێك بهێنێ و لەوێ حکومەتێکی بەهێزی دروست نەکرد، ئەوا لە بەردەم نوێنەرانی ئەوروپادا دادگایی بکرێ و ئاکامەکانیشی بگرێتە ئەستۆ ( شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلا...،ل١١٤). پێدەچێ شێخ مەبەستی بووبێ ئەگەر نەتوانێ پشتیوانی ( بەریتانیا و رووسیا ) ش بەدەست بێنێ، بە لایەنی کەمەوە وایان لێبکات لە ململانێی نێوان کورد و دوژمنەکانیدا بێ لایەن بن و نەبنە رێگر لە بەردەم ئامانجە سیاسیەکانی میللەتی کوردا.

سەرکەوتنی جوڵانەوەکەی شێخ عوبێدوڵلا لە بەرژەوەندی رووسیا و بەریتانیادا نەبوو. بۆیە هەرچەندە ئەوان وەك ناحەزێکی سیاسی دەیانڕوانیە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە دەوڵەتی عوسمانی دوور لە خواستی ئەوان دووچاری دابەش بوون بێت.

---

(١) زۆرینەی ئەو کوردانەی موسڵمانن پەیڕەوی لە مەزهەبی شافعی دەکەن، کە ئەم مەزهەبە لە لایەن تورك و فارسەکانەوە پەیڕەو ناکرێ.

(٢) ناکرێ زۆر بڕوا بە بەڵگە و سەرچاوەکانی قاجاری ، یاخود عوسمانی بکرێ لە هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەکەی شێخ عوبێدوڵلادا، چونکە دوور نیە بە مەبەست هەوڵیان دابێ لە بەها و گرنگی جوڵانەوەکە کەم بکەنەوە.

یەکێك لە ئامادەکاریە گرنگەکانی شێخ عوبێدوڵلا بۆ بەهێزتر کردنی جوڵانەوەکەی، بریتی بوو لە کۆکردنەوەی پێشەوا و سەرۆك هۆزەکانی کورد لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بۆ هەڵگیرساندنی راپەڕینێکی چەکداری کە نوێنەرایەتی سەرتاسەری کوردستان بکات، کە لەمەشدا هەمان رێگەی میر بەدخانی گرتە بەر. ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستیەیە، کە شێخ لە پاڵ گرنگی دان بە فاکتەری دەرەکی، بایەخێکی زۆریشی بە بەهێزکردنی فاکتەری ناوخۆیی داوە .

هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوەش دەکەن، کە شێخ عوبێدوڵلا نامەی بۆ چەندین پێشەوا و رێبەری عەرەب نووسیوە، کە گرنگترینیان شەریفی مەککە[١] و خدێوی ئیسماعیلی[٢] بوون . ئامانجی سەرەکی شێخ لەم کارەدا، بەدەست هێنانی پشتیوانی رای گشتی بوو لە ناوچەکەدا ( گۆڤاری کۆچ،ژ١٧،ل٢٨٥ ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە شێخ گرنگیەکی زۆری بە چالاکی دیبلۆماسی و پەیوەندیە سیاسیەکان داوە.

بیرکردنەوەی شێخ بەم جۆرە بووە، کە سەرەتا پێویستە تەنیا رووبەرووی یەکێك لە دوژمنەکانی[٣] بێتەوە، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی زۆر دروست و ژیرانە بووە. چونکە شێخ ئەو هێز و توانایەی نەبوو، کە لە یەك کاتدا رووبەرووی هەردوو دەوڵەت بێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە، کە شێخ زۆر جار ئەو راستیەی نەشاردۆتەوە لە لای دۆست و دوژمنەکانی، کە ئامانجی سەرەکی ئەو رزگارکردن و یەکخستنەوەی هەردوو کوردستانی ( عوسمانی و قاجارە ). کە لە دەرنجامی ئەم بێ باکیەیدا، دواجار هەردوو حکومەتی عوسمانی و قاجار لە دژیدا بوون بە یەك.

لە کۆبوونەوەیەکی سەردارانی کورد، شێخ عوبێدوڵلا وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد، کە لە بەشێکی وتارەکەیدا هاتووە ؛ بەسە ئیتر نابێ باری ستەم و دیلایەتی تورکی کافر هەڵبگرین. پێویستە خۆمان رزگار بکەین، نەك تەنیا ئێمەی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو دەبێ کوردەکانی دەوڵەتی قاجاریش لەم دوو حکومەتەی رێی پێشکەوتنیان لێ بڕیوین، رزگار بکەین ( شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلا...،ل١٥٦ ).

---

(١) خاوەن پێگەیەکی ئاینی و سیاسی بەهێز بوو لە ناوچەی حیجازدا.

(٢) پادشای وڵاتی میسر بوو.

(٣) مەبەست لە دوژمنەکانی، هەردوو حکومەتی عوسمانی و قاجاریە.

شێخ عوبێدوڵلا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە چیتر دەستەڵاتی عوسمانی نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات. وە تورك بەو ستەم و چەوساندنەوە زۆرەی لە دژی گەلانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی دەدات، بووەتە نەتەوەیەکی کافر و دوور لە دین. بۆیە پێویست ناکات، کورد چیتر ستەم و زۆرداری تورك قبوڵ بکات. شێخ کە خۆی سەر بە بنەماڵەیەکی ئاینی گەورە بوو، قسەکانی لەنێو خەڵکی ئاساییدا کاریگەری و کاردانەوەی زۆریان هەبوو. بەمەش شێخ تاڕادەیەکی باش توانی ئەو باوەڕە لەنێو خەڵکدا بچەسپێنێ ، کە هەڵگەرانەوە لە دەستەڵاتی عوسمانی، هەڵگەرانەوە نیە لە دەستەڵاتی ئیسلام

لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەی کە شێخ عوبێدوڵلا سازی دابوون بۆ سەردارانی کورد، شێخ بەم شێوەیە باس لە هۆکاری دەست پێکردنی جوڵانەوەکەی دەکات لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ؛ لەبەر ئەوەی بەشێکی دەوڵەمەند و بەپیتی کوردستان لە ژێر دەستی دەوڵەتی قاجار دایە، دەبێ ئەم جوڵانەوەیەی خەریکین، لە پێشدا بەرامبەر دوژمنە لاوازەکەی دەست پێبکات. بەمەش براکانمان و نیشتیمانە دەوڵەمەندەکەیان ڕزگار دەکەین. ئەمەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندمان بۆ دابین دەکات، کە یارمەتیمان دەدا بۆ بەگژا چوونەوەی دوژمنی دووەممان کە بەهێزترە، کە ئەویش تورکی عوسمانیە ( شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلا...،ل١٥٦ـ١٥٧).

ڕاستە دەوڵەتی قاجار لە عوسمانیەکان لاوازتر بوو، بەڵام پێدەچێ ئەم پاساوانەی شێخ زیاتر بۆ بڕوا پێهێنانی سەرانی کورد بووبێ. چونکە چەندین هۆکار هەن کە هانی شێخیان داوە سەرەتا خۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی عوسمانیەکان بپارێزێ، وە بڕیار بدات ڕاپەڕینەکەی ئاراستەی دەوڵەتی قاجار بکات[1] .

هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن، کە شێخ دوای گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ پێشەوا و سەرۆك هۆزەکانی کورد، کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست کردوە، کە لە ڕاپۆرتەکانی ئەرمەنی و باڵوێز و کونسوڵەکانی ڕووسیا و ئینگلیز و چاپەمەنی تورکیدا بە (( یەکێتی

(١) بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەبووە لەسەر بڕیارەکەی شێخ عوبێدوڵلا بۆ دەست پێکردنی ڕاپەڕینەکەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بڕوانە ئەم سەرچاوانە : ١ــ الحركة الكوردية في العصر الحديث، ترجمة : عبدي حاجي،ص٤١ ٢ــ بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠ــ١٩٤٦)، نووسینی : موجتەبا بورزووی، لاپەرەکانی (٦٤،٧٢،٧٦،٨٧) ٣ـ المأساة الكوردية ، ترجمة : عبدالسلام نقشبندي ،ص ٥١.

کـوردان The Kurdish Leagve )) ناوی هاتووە. گوایە ئامانجی کۆمەڵەکە بریتی بووە لە پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو و ئازاد لە هەردوو بەشی عوسمانی و قاجاریدا، وە دانانی شێخ عوبێدوڵلا بە فەرمانڕەوای کوردستان. هەروەها پتەو کردنی دۆستایەتی کورد لەگەڵ ئەرمەن و مەسیحیەکانی کوردستاندا، یەکێك بووە لە ئامانجەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە. گوایە ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك خێڵەکانی کوردستان، (( بەوانەی رووسیا و ئەرمینیاشەوە )) ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوون ( شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلا...،ل٧٧ــ٧٨ ).

بەپێی زانیاری و راپۆرتی ئەو ناوەندانە بێ کە باسیان لە بوونی ئەم کۆمەڵەیە کردوە، پێدەچێ دەستەیەك یان جۆرە هاوبەندیەك هەبووبێ لەنێو پێشەوا و کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردا. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئاستی گەشەسەندنی هۆشیاری سیاسی لە کوردستان لەو سەردمەدا، رێی تێناچێ پێکهاتەی ئـەم ( کۆمەڵەیە ) لە شێوەی رێکخراوێکی سیاسیدا بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەر چۆنێك بێت، بـوونـی ( کۆمەڵە ) یەکی لەو شێوەیە، بەڵگە بووە لەسەر لێهاتوویی شێخ عوبێدوڵلا لە بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی جوڵانەوەکەیدا.

دوای تەواوکردنی ئامادەکاریەکانی، شێخ عوبێدوڵلا کەوتە بیانوو گرتن بە حکومەتی قاجاری، بە مەبەستی ئەنجام دانی راپەڕینێکی چەکداری لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا. ئیبراهیم سەفائی بە پشت بەستن بە چەند بەڵگەیەك باس لەوە دەکات ؛ کە شێخ عوبێدوڵلا بەر لە هێرش بردن بۆ سەر دەوڵەتی قاجار، بە رێنمایی حکومەتی عوسمانی ئەم داواکاریانەی ئاراستەی دەستەڵاتدارانی قاجار کردوە ١) کوردستان[١] حوکمڕانی خۆجێی هەبێ ٢) بەشێك لە سەرانەی کوردستان بۆ خەڵکی ناوچەکە بەکار بهێنرێ ٣) سەربازانی کورد لە ناوچەکانی خۆیاندا خزمەت بکەن، وە لە کاتی پێویستدا بە رەزامەندی حکومەتی قاجار یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەن ٤) هاموشۆی نێوان خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری عوسمانی ئازاد بێ و پێویست بە پاساپۆرت نەکات ( بارودۆخی سیاسی کوردستان...،ل١٠).

بەپێی ئەم زانیاریەی سەرەوە بێت، شێخ عوبێدوڵلا داوای جۆرێ لە ئۆتۆنۆمی کردوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی قاجاردا، بە مەرجی لەبەرچاو گرتنی خواستەکانی دەوڵەتی

(١) مەبەستی لە کوردستانی ژێر دەستی قاجارە.

عوسمانی. وەك ئاشكرایە دەوڵەتی عوسمانی، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە ناوچە كوردیەكانی ڕۆژهەڵات بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. هەر بۆیەش ئەم مەرجانەی خستۆتە نێو داواكاریەكانی شێخ عوبێدوڵلاوە.

لە كاتی بەڕێوەچوونی پرۆسە سەربازیەكاندا، شێخ عوبێدوڵلا لە ڕێگەی پەیام و ناردنی نامەوە، بەردەوام لە پەیوەندی دابوو لەگەڵ باڵیۆز و كونسوڵەكانی رووس و ئینگلیز. لەو نامانەی كە بۆ دكتۆر كۆچێران و تەنانەت بۆ ئیقبال دەولەش[1] دەینارد، زۆر بە ئاشكرا و بێ پێچ و پەنا باسی ئەوەی دەكرد ؛ كە دوای ئازادكردنی كوردستانی ژێر دەستی قاجار، نۆرەی ئازادكردنی كوردستانی بندەستی عوسمانیەكان دێت. ئینگلیزیش كە لە بەرژەوەندیدا نەبوو دەوڵەتی عوسمانی دووچاری دابەش بوون و لاوازی زیاتر بێ، زۆر بە پەلە و هەڵەداوان مەترسی نەخشە و پیلانەكانی شێخ عوبێدوڵلای بە ( سوڵتان ) ی عوسمانی و ( شا ) ی قاجار دەگەیاند. تا لەو ڕێگەیەوە ناچاریان بكات، زووتر لەیەك نزیك ببنەوە و چارەیەكی خێرا بۆ جوڵانەوەكەی شێخ بدۆزنەوە ( شۆڕشەكانی شێخ عوبێدوڵلا...،ل٢٢١ ).

وەك نمونە بۆ زیاتر خستنە ڕووی ئەم ڕاستیەی سەرەوە، بە پێویستی دەزانین باس لەم رووداوە بكەین ؛ بەر لەوەی شێخ عوبێدوڵلا هێرش بكاتە سەر ( ورمێ )، نامەیەك بۆ ( ئیقبال دەولە ) ی حاكمی ئەم شارە دەنوسێ، كە تێیدا هاتووە : بەهۆی ئەم بارودۆخەوە، كوردەكانی دەوڵەتی عوسمانی و قاجار بڕیاریان داوە یەك بگرن و دەوڵەتێك پێك بهێنن و لەناو خۆیاندا یاسا بپارێزن، بە نوسینیش بەڵێنی ئەوە بدەن كە هیچ هەڵلا و بێ یاسایەك لە وڵاتەكەیاندا روو نادات ( شۆڕشەكانی شێخ عوبێدوڵلا ...، ل١٤٤ ــ ١٤٥ ).

ئەم روون كردنەوەیەی كە شێخ لە نامەكەیدا خستبوویە روو، هیچ سوودێكی بۆ ئامانجەكانی جوڵانەوەكەی نەبوو، جگە لە زیان. ئەمەش لەبەر دوو هۆ ١) ئیقبال دەولە، كە كاربەدەستێكی گەورە بوو لە حكومەتی قاجاریدا، دەیتوانی ئەم نامەیەی شێخ عوبێدوڵلا، وەك بەڵگەیەك بنێرێ بۆ دەوڵەتی عوسمانی، كە شێخ ئامانجی تەنیا كوردستانی ڕۆژهەڵات نیە، بەڵكو ئامانجی رزگاركردنی كوردستانی عوسمانیشە ٢) لە لای ئیقبال دەولە، هیچ گرنگ نەبوو كە كورد بڕیار و بەڵێنی چی داوە. ئەوەی گرنگ بوو لای ئەم

---

(١) كاربەدەستێكی باڵای دەوڵەتی قاجار بوو.

بەرپرسە باڵایەی قاجار، تەنیا پاراستنی شارەکەی ( ورمێ ) بوو لە پەلاماری هێزەکانی کورد.

ئامانجی شێخ عوبێدوڵلا وەك ئەوەی کە چەندین جار رایگەیاندبوو، بریتی بوو لە رزگارکردن و یەکخستنەوەی هەردوو کوردستانی ( عوسمانی و قاجار ) و دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ. بەڵام ئەم ( هەنگاوە کردەیی و ئامادەکاریانەی ) ئەنجامی دان، هەرگیز لە ئاست گەورەیی داخوازی و ئامانجەکانیدا نەبوون. هەر بۆیەش ئاکامی جوڵانەوەکەی بە شکست کۆتایی هات.

چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە لە بارەی ئامانجی راستەقینەی جوڵانەوەکەی شێخ عوبێدوڵلا. سەرەتا هەوڵ دەدەین باس لە بۆچوونی هەر یەك لە حکومەتەکانی ( قاجار، رووسیا، بەریتانیا ) بکەین، تاکوو بزانین ئەم حکومەتانە بە چ شێوەیەك سەیری ئامانجەکانی جوڵانەوەی شێخ عوبێدوڵلایان کردوە.

کاربەدەستانی قاجار لە چەندین بۆنەدا دانیان بەوەدا ناوە، کە ئامانجی شێخ عوبێدوڵلا سەربەخۆیی بووە لە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجار. نمونە وەك ئەو نامەیەی کە کارگێڕی شاری سابلاخ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی ناردوە، کە لە بەشێکی نامەکەیدا هاتووە ؛ دوای ئەوەی شێخ عوبێدوڵلای مەلعونی ئاوەز کورتی چارە رەش، بەهۆی خەیاڵی شەیتانی و نەفس خراپی خۆیەوە، کەوتە بیری حوکمداری دامەزراندنی وڵاتەوە..... ئەو گێلە پێی وابوو..... بە یارمەتی دەستەیەك چەتە و دوژمن و..... چەند سەرۆك خێڵێکی بێ شارستانی و دڕندە..... دەکارێ سەربەخۆیی لە دەوڵەتی عوسمانی و قاجار دەست بکەوێ ( شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلا...،ل٦٠٣ ).

رووسەکانیش بە وردی سەرنجی جوڵانەوەکەی ( شێخ عوبێدوڵلا ) یان دەدا، وە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە ئامانجی ناوبراو، بریتیە لە یەکخستنەوەی هەردوو کوردستانی ( عوسمانی و قاجار ) و دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ. بۆ نمونە ژینۆ فیڤی باڵیۆزی رووسیا لەم بارەیەوە رایگەیاندوە ؛ کە سەردارانی کورد، لە پێش هەمووشیانەوە شێخ عوبێدوڵلا (( گەرەکیانە کوردستانێکی یەکگرتووی بەرخودار لە حوکمی خۆ رێبەری هەرێمایەتی بێننە دی)) ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٨ ).

بەریتانیاش کە بایەخێکی زۆری بە جوڵانەوەکەی شێخ عوبێدوڵڵا داوە، لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەدا هاتووە، کە لە مەلەفی (٤٤١/٦٠) ژمارە (٢٣) یە ؛ لە شێخ پرسیار کراوە سەبارەت بە بەرنامەکەی، وەڵامی داوەتەوە کە دەیەوێ کوردستان جارێکی تر یەکبخاتەوە لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا، وەك میرنشینێکی سەربەخۆ. چونکە هەردوو حکومەتی عوسمانی و قاجار بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ کوردا کردوە. کوردستان پێویستی بە بەڕێوبەرایەتیەکە، کە بەدەستێکی پۆڵاین فەرمانڕەوایەتی بکرێ. وە هیچ کەسێك نیە لەو زیاتر لەوە تێبگات ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل٧٣ ـ ٧٤ ).

لەو سەردەمەدا دەوڵەت، وەك چەمکێکی سیاسی هاوچەرخ لەنێو گەلانی عوسمانیدا پەرەی نەسەندبوو. بۆیە دوور نیە ئەو قەوارە کوردیەی کە شێخ عوبێدوڵڵا نیازی بوو دایبمەزرێنێ، میرنشین بووبێ نەك دەوڵەت. بەڵام ئەوەی گرنگە ناوی قەوارە سیاسیەکە نیە، بەڵکو ئەوەیە کە شێخ دەیەویست نەتەوەکەی سەربەخۆ بێ، وە لەژێر فەرمانڕەوایی هیچ دەوڵەتێکیشدا نەبێ.

لەنێو نووسەر و مێژوونووساندا چەندین تێڕوانینی جیاواز هەیە، سەبارەت بە ئامانجە راستەقینەکانی جوڵانەوەکەی شێخ عوبێدوڵڵا. بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە هەندێکیان بدەین.

صابر عومەر مامەسێنی لەم بارەیەوە دەڵێ (( خەون و ئامانجەکانی شێخ عوبێدوڵڵا، بریتی بوون لە رزگارکردنی هەردوو بەشە کوردستانی بن دەستی ( قاجار و عوسمانی ) و پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی بە رێبەرایەتی خۆی )) ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل٩٢ـ٩٣ ).

جەمال نەبەزیش هەر لەم بارەیەوە دەڵێ (( شێخ عوبێدوڵڵا لە رێگەی رێکخستنی هێزێکی سوپاییەوە، ویستویەتی کوردستان بکات بەیەك )) ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل١٤٢ ).

باسیل نیکتنش بەم شێوەیە باس لە ئامانجی جوڵانەوەی شێخ عوبێدوڵڵا دەکات ؛ ئامانجی بزوتنەوەکەی شێخ عوبێدوڵڵا، رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بووە ( خەباتی چەکداری...،ل١٨ ).

لە کاتێکدا ئەم نووسەرانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئامانجی شێخ عوبێدوڵڵا، بریتی بووە لە یەکخستنەوەی هەردوو کوردستانی ژێر دەستی

( عوسمانی و قاجار ) و دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ. کەچی هەندێ نووسەر و مێژوونووسی تر ، لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین ، کە ئاماژە بە بۆچوونی دوو مێژوونووسی ناسراو بکەین.

عەلائەدین سەجادی بەم شێوەیە باس لە جوڵانەوەکەی شێخ عوبێدوڵلا دەکات ؛ لە (١٨٨١) دا شێخ عوبێدوڵلای شەمدینان[١] بۆ ئازاد کردن و سەربەخۆیی کوردستان، بەیداخی هەڵکرد و شۆڕشی هەڵگیرساند، بەڵام بەو مەرجەی لامەرکەزی بێ و لەژێر چاودێری حکومەتی عوسمانیدا بێ ( شۆڕشەکانی کورد...،ل٥٢ ).

میرنشینە کوردیەکان تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، جۆرێك لە نیمچە سەربەخۆییان هەبوو، وە بە شێوەیەکی لامەرکەزی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون. بەپێی بۆچوونی عەلائەدین سەجادی بێت، شێخ عوبێدوڵلا ویستویەتی هەموو خاکی کوردستان ئازاد بکات، بەڵام بە شێوەیەکی لامەرکەزی هەر لە ژێر چاودێری دەوڵەتی عوسمانیدا بێت. واتە شێخ ویستویەتی دۆخی سەردەمی میرنشینەکان، جارێکی تر لە کوردستاندا زیندوو بکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە جیاتی دەستەڵاتی چەند میرنشینێك، تەنیا دەستەڵاتی کوردی بوونی دەبوو، ئەویش لەژێر فەرمانڕەوایی شێخ خۆیدا.

مێژوونووسی ناسراوی ئێرانیش ( حەسەن ئەرفەع )، لە بارەی ئامانجەکانی شێخ عوبێدوڵلاوە دەڵێ « لە ساڵی (١٨٨٠) دا شێخ عوبێدوڵلای نەهری کەوتە فیکری هێنانە کایەی کوردستانێکی گەورە و، وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی لە ژێر چاودێری سوڵتانی عوسمانیدا » ( کوردەکان،ل٥٠ ).

سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی کە پێی وایە، ئامانجی شێخ عوبێدوڵلا بریتی بووە لە ئازادکردنی کوردستان، بەو مەرجەی لەژێر چاودێری دەوڵەتی عوسمانیدا بێ. رەنگە لەوە هاتبێ، کە شێخ بەگژ دەوڵەتی عوسمانیدا نەچووەتەوە، وە عوسمانیەکانیش لە سەرەتادا چاوپۆشیان کردوە لە هەڵمەتە سەربازیەکانی لە دژی دەوڵەتی قاجار. بەڵام شێخ لە چەندین بۆنەدا ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە ئامانجی سەرەکی ئەو بریتی بووە لە یەکخستنەوەی کوردستان و دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی.

---

(١) نەهری کە شوێنی لە دایك بوونی شێخ عوبێدوڵلایە، دەکەوێتە ناوچەی شەمدینان، بەڵام شێخ زیاتر بە نازناوی ( نەهری ) ناسراوە نەك شەمدینان.

ئەوشیروان مستەفاش بەم شێوەیە باس لە خواست و ئامانجەکانی شێخ عوبێدوڵلا دەکات ؛ بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی لەبەر دەستدان، ئەگونجێ دیمەنی گشتی ستراتیجیەکەی شێخ عوبێدوڵلا لە چەند خاڵێکدا دیاری بکەین، کە گرنگترینیان ئەمانەن[1] :

١) هەموو کورد بێ گوێدانە جیاوازی خێزان، بنەماڵە، خێڵ، ناوچە، لەهجەی زمان..... لەسەر بنچینەی پەیوەندی نەتەوەیی کۆبکاتەوە و لە دوو دەوڵەتی بەناو ئیسلامیان دابڕێ.

٢) دوژمنەکانی کورد : هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجار لە کوردستان دەربکات.

٣) هەردوو بەشی کوردستانی عوسمانی و قاجار، لەژێر دەستی بابیعالی و دەرباری قاجار دەربهێنێ و یەکیان بخات.

٤) دان پێنـــانی سیاســـی و یاســـایی دەوڵـــەتانی گـــەورەی ئـــەورووپا بەدەســـت بهێنێ ( کورد و عەجەم ، ل١٨٦ ).

جگە لەوەی نەخشە و ئامادەکاریەکانی شێخ عوبێدوڵلا لە ئاستی ئامانجی گەورەکانیدا نەبوون؛ ناکرێ ئەو راستیەش لەبەر چاو نەگیرێ کە فاکتەری دەرەکیش لە دژی شێخ بوو. کە هەم قاجار و عوسمانیەکان لەچاو هێزەکەی شێخدا زۆر بەهێز بوون، هەمیش زلهێزە ئەورووپیەکان ( رووسیا و بەریتانیا ) دژی پرۆژە و ئامانجەکانی بوون.

---

(١) تەنیا ئەو چوار خاڵەی ئاماژەمان پێداون، زیاتر پەیوەندیان بە بابەتەکەمانەوە هەیە. ئەوەک نووسەر ئاماژەی بە خاڵی زیاتر داوە.

# دەروازەی سێیەم
# خواستە سیاسیەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا جەنگی جیهانی یەکەم

## بەشی یەکەم :
## ئاماژەیەک بە دۆخی سیاسی کورد بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم

سەدەی بیستەم لە رووی سیاسیەوە، سەدەیەکی پڕ گۆڕانکاری گەورە بوو. کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە، رەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوو لەسەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست. لە دەرنجامی دەست خستنە ناو کاروباری ناوچەکەوە لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپاوە، جۆرێك لە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەنێو گەلانی ناوچەکەدا دروست بوو. گەلی کوردیش یەکێك بوو لەو نەتەوانەی بەر کاریگەری شەپۆلی گۆڕانکاریەکان کەوت، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی گۆڕانێکی بەرچاو لە شێوازی خەبات و جۆری داخوازیە سیاسیەکانی کوردا.

یەکێك لەو هۆکارانەی بووە هۆی گەشەکردنی هەستی کوردبوون لەنێو خەڵك بە گشتی و دەستەبژێری سیاسی و رۆشنبیری بە تایبەتی، پرسی ئەرمەن بوو. وڵاتە ئەوروپیەکان بەردەوام کاریان لەسەر دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ ئەرمەن دەکرد لە ناوچە کوردیەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا. ئەمە ترسێکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی سیاسی کوردستان دروست کردبوو. بۆیە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، دەستەبژێری کوردی هەوڵی وشیار کردنەوەی خەڵکی ئاساییان دەدا لە بارەی پرۆژەی دروست کردنی قەوارەیەکی ئەرمەنی لە کوردستاندا. بۆ نمونە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکیدا دەڵێ :

خاکی جەزیرە و بۆتـان یـەعنـی وڵاتـی کـوردان
سەد حەیف و مخابن دەیکـەن بـە ئـەرمـەنسـتـان
وا رێگەتان دەبەسترێ ئـیـلاتـی جـاف و بـڵبـاس
گەر مردوون لە گەرمێن مەمنوعە بچنە کوێستان

هیچ غیرەتێك نەماوە سەد قەسەم بە قورئان

پەیدا بێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لە كوردان

دەتوانین بڵێین دروست بوونی ئەم هۆشیاری و ئاگاییە سیاسیە لەنێو كوردا، زەمینەیەكی لەبار بوو بۆ پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا.

دوای ئەوەی وڵاتە ئەوروپییەكان ئەو بەڵێنانەیان پشتگوێ خست كە بە ئەرمەنیان دابوو، ئەرمەنەكان لەبەردەم توندوتیژی و هەڕەشەكانی دەوڵەتی عوسمانیدا بە تەنیا مانەوە. ئەم دۆخە دەستەبژێری ئەرمەنی هاندا، كە ڕێگەی خەباتێكی سیاسی سەخت بگرنە بەر. وە ئەو ڕاستیەیان بۆ دەركەوت، كە پێویستە لەگەڵ كوردا هاریكار بن لە خەباتدا دژی دەستەڵاتی عوسمانی. بۆیە لە (١٩٠٣) دا مالهاس ئەندامی دەستەی بەڕێوبەرێتی تاشناكسوتیۆن ( ڕێكخراوێكی ئەرمەنی بوو )[١]، دیداری لەگەڵ شێخ محەمەد سەدیقی كوڕی شێخ عوبێدوڵلا سازدا و داوای هاریكاری لێكرد. بۆ هێنانە ئارای هاوكاری نێوانیان، شێخ ئەو چوار مەرجەی خستە ڕوو :

١) پارتی تاشناك، كارگەیەكی دروست كردنی چەك لە شەمزینان یاخود لە شوێنێكی نزیك بە خەرجی خۆی دابمەزرێنێ، تا پارتی تاشناك خۆشی بتوانێ كەڵكی لێ وەربگرێ.

٢) پارتی تاشناك لە ڕێی پەیوەندیەكانی خۆیەوە، بەرهەمی توتنی شەمزینان بگوازێتەوە بۆ ئەوروپا و میسر.

٣) ئەو سنورەی كێشاویە بۆ كوردستان ( باشقەڵا و نوردوز تا موسڵ )، بەبێ هیچ قسە و گفتوگۆیەك لە لایەن تاشناكەوە پەسەند بكرێ.

٤) پارتی تاشناك هەوڵی ئەوە بدات، كە دەوڵەتە كریستانەكان یارمەتی كوردستان بدەن ( جەمعیەتی تەعاون...،ل ٥٨ تا ٦٠ ).

بێگومان نزیك بوونەوەی كورد لە ئەرمەن خاڵێكی ئەرێنی بووە، بەڵام كورد بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەكانی، پێویستی بە دەستەبەركردنی پشتیوانی وڵاتە زلهێزەكانی ئەوروپا

---

(١) تاشناكسوتیۆن و تاشناك، وەك دەردەكەوێ هەر یەك ڕێكخراون.

بوو. کەچی بەرژەوەندیەکانی ئەوانیش لە ناوچەکەدا، دژ بوون لەگەڵ بەدی هاتنی خواستە نەتەوەییەکانی کوردا.

عەبدولرەزاق بەدرخان هەوڵی دەدا بۆ بەگژا چوونەوەی حکومەتی عوسمانی، پشتیوانی رووسیا مسۆگەر بکات. وە نەخشە و پلانی خۆی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی گەورە لە دژی عوسمانیەکان بەم شێوەیە بە بەرپرسانی رووس راگەیاند ؛ کە دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ هەر یەك لە سمکۆی شکاك و سەردار خانی ماکۆ و مورتەزا گلی خاندا بکات، بە مەبەستی دانانی بنکەیەکی باش بۆ شۆڕشەکەی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا. ئینجا دواتر راپەڕینێکی چەکداری بەهێز لە کوردستانی باکوردا دژی عوسمانیەکان ئەنجام بدات، بە ئومێدی دروست کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد ( الحرکة الکوردیة...،ص٨٧ـ٨٨ ).

لە هەوڵێکی تردا بۆ سەرنج راکێشانی دەستەڵاتدارانی رووس، عەبدولرەزاق بەدرخان لە ئاخاوتنیدا لەگەڵ کونسولی رووسیا لە ( وان ) باسی لەوە کردوە ؛ بە نیازم بچم بۆ دەولەتی قاجار و داوا لە ( شا ) بکەم کە حکومەتی کوردستانم پێ ببەخشێ، لە بری ئەمە بەڵێنیان دەدەمێ کە تورك لە خاکی قاجاردا راو بنێم..... ئەگەر ئەم داوایەی منیان پەسەند نەکرد، ئەوا بەهێزی چەك سەلماس و ورمێ داگیر دەکەم. وە ئەگەر چوومە پێش، ئەوا بروسکەیەك کە نیشاندەری ملکەچی بێ بۆ شا دەنێرم و مەبەستی خۆمی (( کە دەرکردنی سوپای تورکە لە خاکی قاجار )) بۆ روون دەکەمەوە ( بارودۆخی سیاسی کوردستان...،ل١٣٤ ). عەبدولرەزاق خاوەنی خەون و ئامانجی گەورە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەولەکانی زیاتر لە چوارچێوەی پێشنیاز و کاری دبلۆماسیدا بوون، نەیتوانی هیچ یەکێك لە ئامانجەکانی بێنێتە دی.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئامانج و داخوازیە سیاسیانەی، کە رێبەرانی کورد بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەلگە بوون لەسەر سەرهەڵدان و گەشە کردنی هەستی کوردبوون و شانازی کردن بە نەتەوە. بەڵام خەباتی رزگاریخوازی کوردی تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم، زیاتر لە چواچێوەی دروشم و ئامانجی سیاسیدا مایەوە و، نەچووە بواری کردەیی و خەباتی چەکداریەوە.

بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری و گەندەڵی و نادادپەروەریەوە لە لایەك، وە کاریگەری بیر و گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ئەوروپا لەسەر کۆمەڵگەی عوسمانی[1] لە لایەکی ترەوە، لە (١٩٠٨) دا بزوتنەوەیەکی دەستوری بەهێز لە دەوڵەتی عوسمانیدا هاتە ئاراوە. سەرەنجامی بزوتنەوەکە بە کودەتای تورکە لاوەکان لە (١٩٠٨/٧/٢٣) کۆتایی هات، کاتێ توانیان دەست بەسەر حکومەتدا بگرن. وە لە (١٩٠٩) دا سوڵتان عبدولحەمیدیان لە دەسەڵات دوورخستەوە.

ئەم گۆڕانکاریانەی نێو دەوڵەتی عوسمانی بوونە هۆی هاتنە ئارای کرانەوەیەکی سیاسی باش، وە کاریگەریەکی زۆی دروست کرد لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەنێو گەلانی عوسمانیدا. لە لایەن رێبەر و رووناکبیرە کورد پەروەرەکانیشەوە هەوڵ درا بە باشترین شێوە سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرن کە هاتوتە پێش. بۆیە بە شێوەیەکی لێبڕاوانە، کەوتنە کۆشش کردن لە پێناو خزمەت کردن و پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی. دەتوانین بڵێین دەستەبژێری[2] کوردی لە زۆر بواردا هەنگاوی باشی نا، بەڵام گرنگترین هەنگاوەکان لەو دوو بوارەدا بوون ١) هەوڵدان بۆ نزیك بوونەوە و یەکخستنی خەبات لەگەڵ گەلانی (( عەرەب، ئاشوری، ئەرمەن )) ( رۆڵی سیستەمی بنەماڵە...،ل٣٨ـ٣٩ ) ٢) دامەزراندنی ژمارەیەك رێکخراوی مەدەنی، کە ئامانجیان خزمەت کردنی نەتەوەی کورد بوو لە رووی ( سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتیەوە ).

لە بەشی دووەمی ئەم دەروازەیەدا ، هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین ئەو رێکخراوە کوردیانە بدەین کە لە دوای کودەتای (١٩٠٨) لە دەوڵەتی عوسمانیدا دروست بوون. کە دروست بوونی ئەو رێکخراوانە، بە سەرەتایەکی تازە دادەنرێ لە مێژووی سیاسی گەلی کوردا. چونکە لەو قۆناغە مێژووییەدا، بۆ یەکەم جار رێکخراوی مەدەنی و سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەریان هەڵدا .

---

(١) مەبەست لە کۆمەڵگەی عوسمانی، سەرجەم گەلانی نێو دەوڵەتی عوسمانیە.

(٢) بە عەرەبی ( النخبة ) ی پێ دەگوترێ، بە ئینگلیزیش ( elite ) ی پێ دەگوترێ.

# بەشی دووەم :
# کاریگەری دروست بوونی رێکخراوە کوردیەکان لەسەر گەشەپێدانی خواستە سیاسی و کەلتوریەکانی کورد

دوای کودەتاکەی (١٩٠٨) کە لە لایەن ( تورکە لاوەکان ) وە بەسەر حکومەتی عوسمانیدا ئەنجام درا، دەستەڵات ناچار کرا بە ئەنجامدانی چەندین چاکسازی لە بوارەکانی سیاسی و کارگێری و رۆشنبیریدا. گرنگترین دروشمەکانی کودەتاکە بریتی بوون لە بەدیهێنانی یەکسانی و دابینکردنی ئازادیە سیاسیەکان و گەشەپێدانی رۆشنبیری و کەلتوری، کە لە سەرەتادا هەنگاوی زۆر باش نران بۆ چەسپاندنی ئەم دروشمانە. بەم هۆیەوە زەمینە رەخسا بۆ پەرەسەندنی چالاکیە رۆشنبیری و سیاسیەکان لەنێو گەلانی عوسمانیدا، کە دیارترین سیماکانی بریتی بوون لە دروست بوونی کۆمەڵە و رێکخراوەکان. ئەمەش بووە هاندەرێکی باش بۆ دەستەبژێری کوردی، تاکوو دەست پێشخەری بکات لە دروست کردنی ژمارەیەك رێکخراوی مەدەنی و دەرکردنی چەند رۆژنامەیەك. هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین رێکخراوە کوردیەکان بدەین و تیشکێك بخەینە سەر دروشم و چالاکیەکانیان .

## ـــ جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی :

زۆر لە مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی) بە یەکەم رێکخراوی کوردی دادەنرێ لە مێژوودا. ئەم رێکخراوە لە ساڵی (١٩٠٨) دامەزرا لە لایەن ژمارەیەك لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد، سەید عەبدولقادر شەمزینی کەسی یەکەمی رێکخراوەکە بوو، ئەمین عالی بەدرخانیش کەسی دووەمی بوو.

یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی ئەم رێکخراوە، دەرکردنی بڵاوکراوەیەك بوو بە ناوی خۆیەوە، واتە بە ناوی ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی )، کە ئۆرگانی راگەیاندنی رێکخراوەکە بوو. رێکخراوی ناوبراو، زۆربەی کار و چالاکی و ئامانجەکانی خۆی لە

ڕۆژنامەکەدا دەخستە ڕوو. لە یەکێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا، باس لەو ئامانجانە کراوە کە جەمعیەتەکە لە پێناویدا دامەزراوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەمانەی خوارەوە :

١. دابین کردنی شادی و بەختیاری بۆ گەلی ڕەسەن و ڕەگەز پاکی کورد و، پێشخستنی ئەم گەلە لە ڕووی کەلتوری و پەروەردەییەوە، بەپێی پێداویستیەکانی ئەم سەدەیە ( سەدەی بیستەم ).
٢. هەوڵدان بۆ بەرقەرار کردنی ژیانێکی برایانە و باش لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی، وەك ئەرمەنەکان.
٣. ئەنجامدانی فیداکاری لە پێناو پاراستنی یەك پارچەیی دەوڵەتی عوسمانی.
٤. هیچ یەکێك لە نەتەوەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی، جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا نەبێ.
٥. پێدانی دەستەڵاتێکی فرەوان بە پارێزگاکان ( جەمعیەتی تەعاون...، ل٢٧ــ٢٨ ).

لە شیکردنەوەی ئەم ئامانجانەی کە ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی ) لە ڕۆژنامەکەیدا خستبوویە ڕوو، پێویستە بارودۆخی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرچاو بگرین. بەهۆی کودەتاکەی تورکە لاوەکانەوە دژی حکومەتی عوسمانی، سەردەمێکی نوێ لە وڵاتدا دروست ببوو، کە ببووە جێگەی ئومێدێکی گەورە بۆ گشت گەلانی نێو دەوڵەتی عوسمانی. ئەمەش ببووە هۆی بەهێزکردنی سۆز و خۆشەویستی خەڵك بەرامبەر بە فەرمانڕەوایەتی تازەی وڵات. هەر بۆیەش ڕێبەرانی ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی )، پاراستنی یەکێتی خاکی عوسمانیان بە ئەرکێکی سەرەکی ڕێکخراوەکەیان زانیوە. هەر لە دەرنجامی ئەمەشدا، داخوازیە سیاسیەکانیان لە چوارچێوەی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە.

جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی، بایەخێکی زۆری داوە بە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ گەلانی تری نێو دەوڵەتی عوسمانی. بە تایبەتی لەگەڵ ئەرمەندا، کە لە ڕێگەی ئەم کارە ویستویەتی چارەسەرێك بۆ پەیوەندیە خراپەکانی نێوان ئەم دوو گەلە بدۆزێتەوە ( کورد و ئەرمەن ).

پێدەچێ ئامانجی سەرەکی جەمعیەتەکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد، جۆرێك لە لامەرکەزی بووبێ. بەو پێیەی کە داوای فرەوان کردنی دەستەڵاتی پارێزگاکانی

کردوە، کە ئەمە هەم دەبووە هۆی بەهێزکردنی توانای دامەزراوە کارگێڕیەکانی وڵات، هەمیش دەبووە مایەی دروست بوونی پەراوێزێکی باش بۆ گەشەکردنی ئازادیە سیاسیەکان.

لە سەرەتاکانی دروست بوونی جەمعیەتەکەدا، هەستی خۆ جیاکردنەوە ( کە یەکێکە لە بنەماکانی ناسیونالیستی ) تا ئەو کات لە لایەن رێبەرانی رێکخراوەکە بە باشی نەشونمای نەکردبوو. هەر بۆیەش داخوازیەکانیان هیچ مۆرکێکی نەتەوەییان پێوە دیار نەبوو. بە واتایەکی تر لە سەرەتادا، هەستی نەتەوەیی لە لایەن رێبەرانی رێکخراوەکە زۆر لاواز بـووە. بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیە، ئەو دەستەواژەیە کە لە رۆژنامەی ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی ) دا خرابووە روو ؛ گەلی کورد یەکەم جار ئیسلامە، ئینجا عوسمانیە، ئینجا کوردە ( جەمعیەتی تەعاون و...،ل١٨٤ ). کە وەك دەبینین کورد بوون خراوەتە دوای ئینتیمای ئاینی و عوسمانی.

هەر لەم بارەیەوە جەمعیەتەکە لە رۆژنامەکەیدا جەختی لەوە کردۆتەوە ؛ کە تورکی زمانی رەسمی وڵاتە و پێویستە زمانی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە کوردیەکاندا تورکی بێت. چونکە زمانی کوردی پێشنەکەوتووە و پێویستی بە خزمەت و دەوڵەمەند کردنی زۆر هەیە (سەرچاوەی پێشوو،ل٢٨٣ ).

لە راستیشدا ئەو کات زمانی کوردی لە رووی نووسین و ئەدەبیاتەوە زۆر دواکەوتوو بووە، وە پێویستیەکی زۆری بە خزمەت کردن هەبووە، تاکوو بتوانێ ببێتە زمانێکی گونجاو بۆ پەروەردە و فێرکردن و بە کەڵکی ئەوە بێ لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا وەك زمانێکی رەسمی بەکار بهێنرێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەرەنەسەندنی هەستیاری نەتەوەیی لەو رۆژگارەدا لە لایەن دەستەبژێری کوردیەوە.

بەڵگەیەکی تر لەسەر لاوازی هەستی کوردبوون لەو سەردەمەدا، وتەکەی حەمەدەمین زەکی بەگە کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا ( کوردستان و کورد ) دا دەڵێ : ئێمە هەستمان بە خۆ نەدەکرد کە کوردین ، هەتا ئیتحادیەکان[1] بانگەشەی تورکایەتیان نەکرد ، ئینجا ئێمەش دەستمان پێکرد ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل٧١ ). ئەم قسەیەی ناوبراو دوو راستیمان بۆ روون دەکاتەوە ١) هەستی خۆ جیاکردنەوە وەك کورد لە لای دەستەبژێری کوردی زۆر لاواز بووە ٢) پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە لای چالاکوانانی تورك،

(١) مەبەست لە ( جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی ) یە، کە لە سەرەتادا نوێنەرایەتی گشت گەلانی عوسمانی دەکرد.

کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر گەشەسەندنی هەستی کورد بوون لە لای دەستەبژێری کوردیەوە.

دوای زیاتر گەشەکردنی کار و چالاکیەکانی جەمعیەتەکە، جگە لە ئەستەمبۆڵ کە مەڵبەندی سەرەکی جەمعیەتەکە بوو، لقی لە چەند ناوچەیەکی تری کوردستانیش کردەوە. تورکە لاوەکان کە زۆر نیگەران بوون بەو پێشکەوتنانەی لە نێو گەلانی غەیرە تورکدا هاتبوونە دی، لە سایەی ئەو دۆخە تازەیەی کە بەهۆی کودەتاکەی (١٩٠٨) دروست ببوو. بۆیە بەو بیانووەی کە نابێ ئەو جۆرە کۆمەڵە و رێکخراوانە هەبن کە تایبەتن بە نەتەوەیەکی دیاری کراو، دەستیان کرد بە قەدەغەکردنی گشت ئەو رێکخراوانەی لە لایەن نەتەوەکانی غەیرە تورکەوە دامەزرا بوون. یەکێك لەو رێکخراوانەی قەدەغە کرا ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی ) بوو، بەو هۆیەشەوە تەنیا دوای ماوەیەکی کەم رێکخراوەکە هەڵوەشایەوە.

دوای ماوەیەك لە کودەتاکە، رووی راستەقینەی تورکە لاوەکان بە تەواوی دەرکەوت. کە هەم رەگەزپەرستانە رەفتاریان بەرامبەر بە نەتەوە ناتورکەکان دەکرد، هەمیش دژایەتی بەها و بنەما ئاینیەکانیان دەکرد. ئەمەش بووە هۆی نیگەران بوونی خەڵکێکی زۆر بەرامبەر بە سیاسەت و رەفتارەکانیان.

گەلی کوردیش وەك گەلێکی موسڵمان و غەیرە تورك، زۆر نیگەران بوو لەو رەفتار و سیاسەتانەی تورکە لاوەکان. سەید عەبدولقادر شەمزینی کە هەم نوێنەرایەتی یەکێك لە دیارترین بنەماڵە ئاینیەکانی کوردستانی[١] دەکرد، هەمیش یەکێك بوو لە رێبەرە نیشتیمان پەروەرەکانی کورد، زۆر ناڕازی بوو لە سیاسەتی تورکە لاوەکان. هەر بۆیەش لە بەرامبەر رەفتاری تورکە رەگەز پەرستەکان، پەرچە کرداری توندی نیشاندا. بۆ نمونە لە (١٩٠٩) لە گوتارێکیدا بۆ خەڵکی دیابەکر وتی : کوردستان هی کورد و ئەرمەنەکانە و هی تورکان نیە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٠٩ ). لەبەرئەوەی ئەو کات ئەرمەن رێژەیەکی باشیان لە دانیشتوانی کوردستان پێك دەهێنا. بۆیە ئاسایی بووە ئەوانیش وەك کورد، بە خاوەنی

(١) ناوبراو کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بوو، کە باوکی و باپیرانی خاوەنی هەزاران مورید و شوێنکەوتوو بوون. وە لەنێو خەڵکدا، پێگەیەکی گەورەی ئاینی و کۆمەڵایەتیان هەبوو.

کوردستان دابنرێن. چونکە کوردستان تەنیا خاکی کورد نیە، بەڵکو خاکی هەموو ئەو نەتەوانەیە کە لە دێر زەمانەوە لە کوردستاندا دەژین.

هەروەها شێخ عەبدولقادر لە یەکێك لە رۆژنامەکانی ئەستەمبۆلدا رایگەیاند، کە کوردەکان خـوازیاری سەربەخۆیـی ناوخـۆن ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٢ ). پێدەچێ ناوبراو مەبەستی لە ( سەربەخۆیی ناوخۆیی )، جۆرێ لە ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزی بوو بێت. بە تایبەتی کە ئەو کات هۆشیاری نەتەوەیی نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی، کە کورد داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە بکات لە دەوڵەتی عوسمانی.

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە رێبەرانی کورد لەو کاتەدا داوای سەربەخۆیی کوردستانیان نەکردوە، ئەو پەیامە بوو کە شێخ عەبدولقادر و چەندین کەسایەتیەکی تری کورد لە ئازاری (١٩١٠) دا ئاراستەی نوێنەری قەیسەری رووسیا لە قەفقاس ( کونت ی . ی قورونشوف ــ داشکوف ) یان کرد. لە پەیامەکەدا باسیان لەوە کرد ؛ کە نیازیان هەیە وەك هۆزە کوردیەکان جوڵانەوەیەکی فرەوان ئەنجام بدەن بە هاوکاری رووسیا، وە کوردستان بخەنە ژێر دەستەڵاتی ئەو. وە ئەگەر داواکەتان رەت کـردینەوە، داواکارین کە رێگەی کۆچ کردنمان پێبدەن بۆ وڵاتەکەتان، یاخود رەگەزنامەی رووسیمان بدەنێ ( الحركة الكوردية...،ص٨٧ ).

وەك لە پەیامەکەیاندا دەردەکەوێ، رێبەرانی کورد خواستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان نەبووە. بەڵکو بەهۆی بێ ئومێد بوونیان لە دۆخی تازەی وڵات، ئامادە بوون بە زەبری هێز کوردستانی عوسمانی بخەنە ژێر حوکمڕانی رووسیا، بەو مەرجەی رووسیا هاوکاریان بکات. وە ئەگەر ئەمەش نەهاتە دی، ئامادە بوون کوردستان بەجێبێڵن و ببنە هاوڵاتی رووسیا.

ئەو رێبەرە کوردانەی کە زۆر ناسراو بوون و خاوەن پێگەیەکی زۆر بەهێز بوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا، توندترین سزایان لە لایەن دەستەڵاتدارانی وڵاتەوە بۆ دەرچوو. بۆ نمونە هەر یەك لە شەریف پاشا و ئەمین عالی بەدرخان، بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو، بەڵام توانیان خۆیان دەرباز بکەن ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٧٠ ).

## ـــ کۆمەڵەی هێڤی :

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩١٠) لە لایەن چەند رووناکبیرێکی کورد دامەزرا، کە خۆی زیاتر وەك کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری ناساند. ئەرکی سەرەکی کۆمەڵەکە، بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەلایەتی لەنێو کوردا. لەم پێناوەشدا چەند بڵاوکراوەیەکی بە زمانی تورکی و کوردی دەرکرد، لەوانە ( گۆڤاری رۆژی کورد ، یەکبوون ، هەتاوی کورد ).

رەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە کردوە، خۆیان تەرخان بکەن بۆ کار و چالاکی رۆشنبیری، ئەوە بووبێ کە لە لایەن دەستەڵاتی سیاسیەوە چاودێریەکی زۆر توند دانرابوو لەسەر چالاکی رەگەزە ناتورکەکان، وە هەر کار و چالاکیەك کە دەبووە هۆی بەهێزکردنی هەستی رەگەزی قەدەغە دەکرا.

رەگەزپەرستی تورکەکان لەو سەردەمەدا گەیشتە ئاستێك، کە نەتوانن چیتر رێگە بە پرۆسەی بەرەو پێشچوونی بزافی رۆشنبیری گەلانی تر بدەن. بۆیە حکومەت کە نوێنەرایەتی باڵی تورکە رەگەزپەرستەکانی دەکرد، کەوتە هەوڵدان بۆ سنوردار کردنی بزافی رۆشنبیری کوردی. هەر بۆیەش مامۆستا صالح بەدرخان ، کە یەکێك بوو لە دیارترین ئەو نووسەرانەی لە بڵاوکراوەکانی ( کۆمەڵەی هێڤی ) دا دەینووسی، لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی دەستگیر کرا، بە تۆمەتی ئەوەی لە دژی دەوڵەت دەنووسێ! ( بەدرخانیەکان ماڵباتێکی خەباتکار،ل٤٤ ).

## ـــ کۆمیتەی نهێنی شۆڕشگێرانی کورد :

ئەم کۆمیتەیە لە لایەن ژمارەیەك کەسایەتی کوردی، بە سەرۆکایەتی سورەییا بەدرخان لە ساڵی (١٩١٢) بە نهێنی لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا. ئەم کۆمیتەیە جیا لە رێکخراوە کوردیەکانی تر، زیاتر بایەخی بە کاری سیاسی دەدا، بە ئامانجی رزگارکردنی گەلی کورد لە ستەم و چەوساندنەوەی رەگەزی. بەڵام دوای ئەوەی سورەییا بەدرخان لە لایەن حکومەتی

عوسمانیەوە دەستگیر کرا، کۆمیتەکە دووچاری هەڵوەشانەوە بوو ( بەدرخانیەکان ماڵباتێکی خەباتکار،ل٤٦ ).

ئەگەر سەرنجی مێژووی کوردەکانی باکور بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا جوڵانەوەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، زۆربەی چالاکیە سیاسی و رۆشنبیریەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ سەریان هەڵداوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەستەمبوڵ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو، وە زۆربەی دامودەزگا گرنگەکانی دەوڵەت لەم شارەدا کۆببوونەوە، هەر بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیر و کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد روویان لەم شارە کردبوو. کە ئەوەبوو دواتر دەستەبژێری کوردی لەم شارەدا توانیان ببنە پێشەنگ لە رووی کاری رێکخراوەیی و رۆشنبیریەوە.

# دەروازەی چوارەم
# ڕەوشی سیاسی کورد لە جەنگی جیهانی یەکەمدا

## بەشی یەکەم :
## کورتە سەرنجێک سەبارەت بە کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم لــەســەر پــرســی ســیــاســی کــورد

بەهۆی بەشداری دەوڵەتی عوسمانی لە جەگی جیهانی یەکەمدا، وە هەڵوەشانەوەی لە دەرنجامی جەنگەکەدا، ناوچەکە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری سیاسی گەورە بووەوە. بەم هۆیەوە دۆخی سیاسی گەلانی ناوچەکە گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هات. نەتەوەی کورد نەك هەر نەیتوانی کەڵك لەم وەرچەرخانە مێژووییە وەربگرێ، بەڵکو چووە ریزی ئەو نەتەوانەی کە بەهۆی جەنگەکەوە دووچاری گەورەترین زیان بوون. هۆکاری ئەمەش جگە لە کێماسی فاکتەری ناوخۆیی، دەگەڕێتەوە بۆ دژ بوونی فاکتەری دەرەکی لەگەڵ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کوردا.

هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگەکەدا، بەریتانیا وەك کاریگەرترین زلهێز لە ناوچەکەدا دەرکەوت. بۆیە ستراتیجیەتی ئینگلیز کاریگەری هەبوو لەسەر چارەنووسی گەلانی ناوچەکە، کە ئەمە لە بەرژەوەندی پرسی سیاسی کوردا نەبوو. چونکە تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، بەریتانیا هیچ سیاسەتێکی دیاری کراوی تایبەت بە کورد نەبوو. دووری کوردستان لە ناوچەکانی هەژموونی بەریتانیا، ڕەنگە هۆیەکی سەرەکی بووبێ بۆ نەبوونی ( سیاسەتی کوردی ) لە لایەن بەریتانیاوە. واتە پرسی کورد لە ڕوانگەی بەرژوەندیە نیشتیمانیەکانی بەریتانیاوە، تا سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی هیچ بایەخ و گرنگیەکی ئەوتۆی نەبووە. مارك سایکس کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو لەو کاتەدا ( ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم )، لە بارەی کوردەوە دەڵێ : لەنێو کوردا ( هەستی نەتەوایەتی ) بوونی نیە ( وریابوونەوەی کورد،ل١٠٩ ). لە ڕاستیدا ئەو کات لەنێو عەرەبیشدا هەستی نەتەوایەتی زۆر لاواز بوو، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەبوو کە عەرەب بایەخێکی زۆری هەبوو لە دیدی ستراتیجیەتی بەریتانیادا.

هەر لە دەرنجامی ئەم تێڕوانینە سیاسیە بوو، لەو تاوتوێ کردنە سیاسیەی کە لە ڕێکەوتنی ( سایکس ـ بیکۆ ) دا هاتبوو لە (١٩١٦) دا، بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێك یان فیدراسیۆنێك بۆ عەرەب درابوو. کەچی بە هیچ شێوەیەك باس لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی یان ئەرمەنی نەکرا بوو ( کوردستان و مەسەلەی ئەمنی قەومی،ل١٤٢ ). ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ڕێکەوتنی ( سایکس ـ بیکۆ ) دا ئەوەیە، نەك هەر کورد بەڵکو مافە نەتەوەییەکانی ئەرمەنیش پشتگوێ خرابوون، لە کاتێکدا ئەرمەن بە کردەوە پشتیوانی لە هاوپەیمانان دەکرد. ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ ؛ ئەگەر کورد پشتیوانی لە هاوپەیمانان کردبا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەوا دەبوو بە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

لازاریف باس لەوە دەکات ؛ کە ( جەمعیەتی ئیستخلاصی کوردستان ) لە ئێران دامەزرا لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو لە یەکگرتنی گشت ناوچە کوردنشینەکان و دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی ( بارودۆخی سیاسی کوردستان...،١٥٩ـ١٦٠ ). پێدەچی ئەم ڕێکخراوە، هەمان ڕێکخراوەی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ) بێ، کە لە کاتی جەنگەکەدا هەوڵیدا هاریکاری ڕووسیا بەدەست بێنێ لە پێناو ڕزگاربوون لەدەست تورك و هێنانەدی سەربەخۆیی بۆ کورد.

بە هەزاران جەنگاوەری کورد لە ریزی سوپای عوسمانیدا بوون لە کاتی جەنگی جیهانیدا، کە ژمارەیەکی زۆریان بوون بە قوربانی. ئەمەش زۆر بە خراپ لەسەر کورد کەوت. چونکە پشتیوانی کردن لە دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن کوردەوە، زیانەکەی هەر ئەوە نەبووە کە لە لایەن هاوپەیمانانەوە کورد وەك دۆستی تورك هەژمار کرا، بەڵکو قوربانیەکانی کوردیش لە جەنگدا لە لایەن دەستەڵاتدارانی تورکەوە هیچ ڕێزێکی لێ نەگیرا. بۆیە لە بری ئەو قوربانیە زۆرەی کە کورد لە پێناوی دەوڵەتی عوسمانیدا پێشکەشی کرد، تورك نەك هەر چاکەی کوردی نەدایەوە، بەڵکو بە دڕندانەترین شێوەش کەوتە لێدان و دژایەتی کردنی نەتەوەی کوردەوە.

جەنگی جیهانی یەکەم وەرچەرخانێکی گەورەی مێژووی بوو. دەرفەت بوو بۆ گەلانی ژێردەستەی وەك کورد، سوود لەم ڕووداوە گەورەیە وەربگرن و ڕزگاری و سەربەخۆیی

خۆیان دەستەبەر بکەن. کەچی کورد نەك هەر نەیتوانی سود لەم دەرفەتە ناوازەیە وەربگرێ، بەڵکو دووچاری گەورەترین شکستی مێژوویش بووەوە .

## بەشی دووەم :
## ڕۆڵـی سیاسی شێخ مـەحمود لە جـەنگـی جیهانـی یەکەمدا

شێخ مەحمود لە جەنگی جیهانی یەکەمدا پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی کرد. بەشێکی زۆر لە مێژوونووسان لەو بڕوایە دان کە شێخ لە ژێر کاریگەری بانگەوازەکەی سوڵتان[1]، پشتگیری لە دەوڵەتی عوسمانی کردوە. چونکە بەپێی ئەو ئەزموونەی کە شێخ لەگەڵ دەوڵەتدا هەیبوو، نەدەبوو لە جەنگدا پشتگیری لە سوپای عوسمانی بکات. دەتوانین ئەزموونی خراپی شێخ لەگەڵ دەستەڵاتی عوسمانیدا لە سێ خاڵدا کۆبکەینەوە ١ ـ بەهۆی ستەم و گەندەڵی دەستەڵاتدارانی عوسمانی، کورد دووچاری چەوساندنەوە و مەینەتیەکی زۆر هاتبوو ٢ ـ گومانێکی زۆر هەبوو کە کوشتنی باوکی شێخ مەحمود، بە پیلانی دەستەڵاتدارانی عوسمانیەوە بووبێ ٣ ـ بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم، بەهۆی ڕاوەدوونانی لە لایەن دەستەڵاتی عوسمانیەوە، شێخ ناچار بوو ڕوو بکاتە وڵاتی ئێران و سلێمانی بەجێبێڵێ.

هەوڵ دەدەین بە کورتی باس لە هەڵوێستی شێخ مەحمود بکەین بەرامبەر هەر یەك لە ڕووسیا و بەریتانیا لە کاتی جەنگدا، کە دوو ئەندامی سەرەکی بوون لە ڕیزی هاوپەیماناندا.

## ـــ هەڵوێستی شێخ مەحمود بەرامبەر بە ڕووسیا :

دوای ئەوەی لە سەرەتای جەنگی جیهانیدا، سوپای ڕووسیا دەستی بەسەر هەندێ ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا گرت، سەربازانی لەشکری ڕووس، بە تایبەتیش سەربازە ئەرمەنەکان زۆر بە توندی کەوتنە داپڵۆسینی هاوڵاتیانی کورد، ئەمە وای کرد کورد سوپای ڕووسیا وەك داگیرکەر سەیر بکات. ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بووبێ، کە وای لە شێخ محمود کردوە وەك دوژمن لە سوپای ڕووسیا بڕوانێ.

---

(١) دوای هەڵگیرسانی جەنگ، سوڵتان محەمەدی پێنجەم بانگەوازی جیهادی ڕاگەیاند دژ بە وڵاتانی هاوپەیمان ( کە دەوڵەتی مەسیحی بوون ). لە کاتێکدا هاوپەیمانەکانی خۆشی هەر مەسیحی بوون ( ئەڵمانیا و نەمسا ).

رووسەکان لە بەرژەوەندیاندا نەبوو کە بچنە شەڕەوە لەگەڵ شێخ مەحمودا. بۆیە مارشاڵ ( براتۆف ) چەند نامەیەك بۆ شێخ مەحمود دەنێرێ و، داوای لێدەکات کە یارمەتی تورکەکان نەدا و شەڕ لە دژی سوپای رووسیادا نەکات. لە بەرامبەردا ئامادەیی وڵاتەکەی نیشاندا بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ. لە یەکێك لە نامەکاندا مارشاڵ دەڵێ (( ئێمە چاومان نەبڕیوەتە وڵاتی ئێوە و ئامانجمان دەرکردنی تورکی ستەمکارە. بۆیە یارمەتی نەدانتان بۆ تورك، بە کارێکی چاك دەزانین بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی وڵاتەکەتان. ئێمەش ئامادەین یارمەتیتان بدەین )). لە نامەیەکی تردا دەڵێ (( ئێستا هاتووین رزگارتان بکەین، نەك داگیرتان بکەین، وڵاتی خۆتان هی خۆتانە و دەمانەوێ دۆستایەتیتان بکەین. ئەگەر وا بجوڵێنەوە، ئامانجەکانتان نایەتە دی و رەنگە ژێر کەوتووەکان و سەرکەوتووەکان تۆڵەتان لێبکەنەوە )).

شێخ مەحمودیش لە وەڵامی نامەکانی مارشاڵ ( براتۆف ) دا، داوا دەکات سوپای رووس رەفتارەکانی چاك بکات بەرامبەر بە دانیشتوانی مەدەنی، بۆ ئەوەی بتوانێ برایەتی لەگەڵیاندا پتەوتر بکات و دژی دوژمنی هەردوو لا بجەنگن. لە بەشێکی تری وەڵامەکەیدا دەڵێ (( ئێمە حەز بە دۆستایەتیتان دەکەین و داواکارین دان بە مافی رەوای کوردا بنێن لە سنوری سروشتی دیاری کراوی خۆماندا. ئەگەر بۆ دۆستایەتی و یارمەتی و داننان بە مافی کوردا نەبێ، نامانەوێ سەر بۆ هیچ دەوڵەتێك شۆڕ بکەین )) ( دبلۆماسیەتی کوردی...،ل١١٤تا١١٦ ).

راستە رەفتاری سوپای رووس لەگەڵ دانیشتوانی کوردا زۆر ناشارستانی و دڕندانە بوو، بەڵام لەبەر ئەم سێ هۆکارەی کە لە خوارەوەدا ئاماژەمان پێداون، پشتگیری کردنی شێخ مەحمود لە سوپای عوسمانی لە جەنگیدا دژ بە ( رووسیا و بەریتانیا ) جێگەی پرسیارە، بەم شێوەیە ؛

یەکەم : شێخ مەحمود ئەزموونێکی زۆر خراپی لەگەڵ ستەم و نادادوەری دەستەڵاتی عوسمانیدا هەبوو.

دووەم : بەر لە جەنگ شێخ مەحمود هەوڵێکی زۆریدا بۆ نزیك بوونەوە لە رووسیا. لەکاتی جەنگدا رووسیا خۆی داوای لە شێخ کرد کە پەیوەندی و هاوکاری لە

نێوانیاندا هەبێ، کەچی شێخ لەبەر چەند هۆیەك داوای رووسەکانی رەتکردەوە.

سێیەم : عوسمانیەکان لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوون، بە بەراورد لەگەڵ رووس و ئینگلیزەکان، کەچی شێخ لە جەنگەکەدا بەرەی عوسمانیەکانی هەڵبژارد .

بە سەرنجدان لەم سێ هۆکارە، گومانی ئەوە زۆرتر دەبێ کە شێخ مەحمود لەژێر کاریگەری هەستی ئاینیدا، بەرەی عوسمانیەکانی لە جەنگدا هەڵبژاردوە.

ئەم وتەیەی مارشاڵ ( براتۆف ) بۆ شێخ مەحمود کە دەڵێ (( ئەگەر وا بجولێنەوە، ئامانجەکانتان نایەتە دی و رەنگە ژێرکەوتووەکان و سەرکەوتووەکان تۆڵەتان لێ بکەنەوە )) بە تەواوی راست دەرچوو. چونکە کورد لە کاتی جەنگدا نەیتوانی وەك هێزێکی کاریگەر دەربکەوێ و، خاوەن ستراتیجیەتێکی روون و ئاشکرا بێ. لەبەرئەوەی پشتیوانی لە هاوپەیمانان نەکرد، دوای تەواو بوونی جەنگ، هەم لایەنی براوە کە هاوپەیمانان بوون ، هەم لایەنی دۆڕاویش کە تورکەکان بوون، تۆڵەیان لە کورد کردەوە.

شێخ مەحمود کە داوای لە سوپای رووسیا کردوە رەفتارەکانی خۆی چاك بکات بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کورد، تاکوو بتوانێ بڕوایان پێ بکات و هاریکاری لە نێوانیاندا دروست بێ دژ بە دەوڵەتی عوسمانی. ئەمە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە شێخ زۆر بڕوای بە تورك نەبووە و ئاسودە نەبووە بەوەی لە جەنگدا پشتیوانی لەوان بکات.

## ـــ هەڵوێستی شێخ مەحمود بەرامبەر بە بەریتانیا :

لە سەرەتای جەنگدا ، هێزەکانی بەریتانیا دوور بوون لە کوردستانی باشور. بۆیە تا ساڵی ١٩١٧، شێخ مەحمود تووشی هیچ رووبەڕوو بوونەوەیەك نەبوو لەگەڵ ئینگلیزدا. ئەوەبوو دوای ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز[١] بەسرایان داگیر کرد و بەرەو نزیك

(١) کە ناوی هێزەکانی ئینگلیز دێ، مەبەست هێزەکانی بەریتانیایە. لە راستیدا لەنێو هێزەکانی بەریتانیادا چەندین رەگەزی جیاجیا بوونیان هەبوو ، نمونە وەك هیندیەکان.

بەغدا کشان، شێخ مەحمود هێزێکی چەکداری کۆکردەوە و چوو بۆ حەبانیە و بەشداری جەنگی کرد دژ بە هێزەکانی بەریتانیا. بەشداری کردنی شێخ لە رووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی بەریتانیادا، زیانێکی زۆری هەبوو بۆ ئایندەی پرسی کورد لە ناوچەکەدا. چونکە دوای کەمتر لە ساڵێك، هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە تەواوی دووچاری چۆك دادان بوون بەرامبەر بە بەریتانیەکان، کە بێگومان کوردیش بوون بە بەشێك لەم شکستەدا.

بەر لە تەواو بوونی جەنگی جیهانی، کاتێ شێخ محمود بۆی دەرکەوت کە سوپای عوسمانی بە تەواوی تووشی دۆڕان و شکست هاتووە لە جەنگدا، هەوڵیدا لە رێگەی خۆ نزیك کردنەوە لە ئینگلیز فریای خۆی بکەوێ. بۆیە دوای ئەوەی ئینگلیز ( دووزخورماتوو ، خانەقین و کفری ) داگیر کرد، شێخ مەحمود نامەیەکی ئاراستەی حاکمی گشتی ئینگلیز لە بەغدا ( ولسن ) کرد و داوای لێکرد وەك چۆن چەرچڵ[١] رایگەیاندوە، دان بە مافی گەلانی ژێردەستەدا بنرێ، پشتی کورد بگرێ و بە چاوی سۆزەوە سەیری کورد بکەن و کوردستان لە دەستی عوسمانیەکان رزگار بکرێ و یارمەتی کورد بدرێ بۆ سەربەخۆیی ( دبلۆماسیەتی کورد...، ل١١٧ــ١١٨ ).

راستە دوای ئەوەی لە (١٩١٨) دا هاوپەیمانان تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسی جەنگەکەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا یەکلا کردەوە، شێخ پشتی لە عوسمانیەکان کرد و هەوڵیدا لە ئینگلیزەکان نزیك بێتەوە. وە ئینگلیزەکانیش بەرژەوەندیان لەوەدا بوو کە لە سەرەتادا هاریکاری لەگەڵ شێخ مەحمودا بکەن، بەڵام ئەم پاشگەز بوونەوە درەنگ وەختەی شێخ لە پشتیوانی کردنی عوسمانیەکان، لای کاربەدەستانی ئینگلیز بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو . لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا باس لەوە دەکات ؛ کە ئەم هەڵوێست گۆڕینەی شێخ مەحمود زۆر درەنگ کەوتبوو. ئەم درەنگ بادانەوەیەش، سوودێکی ئەوتۆی بۆ شێخ مەحمود و (( کوردستانی جنوبی )) نەبوو ( کورد و عەجەم،ل٢٦٩ ــ ٢٧٠).

---

(١) لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، پێشەوایەتی بەریتانیای کرد. چەندین پۆستی گرنگی سەربازی و حکومی بینیوە، بە سەرۆك وەزیرانی وڵاتیشەوە.

بۆ سەلماندنی نیاز پاکی خۆی بەرامبەر بە بەریتانیا، شێخ مەحمود لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگدا، پاشماوەی هێزەکانی عوسمانی لە سلێمانی بە دیل گرت ( من التخطيط الى التجزئة...،ص ٨٠ ـ ٨١ ) .

جەرجیس فەتحوڵلا لە کتێبەکەیدا ( وریابوونەوەی کورد ) باس لەوە دەکات ؛ دوای روون بوونەوەی هەڵوێستی شێخ مەحمود، حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغدا بڕیاری ئەوەی دەرکرد بوو کە رازیە شێخ مەحمود نوێنەری دەستەڵاتی داگیرکەر بێت و دانی بە دەستەڵاتی ناوبراودا نابوو لە سلێمانی. ئەم رەزامەندیەی حاکمی گشتی لە کاتێکدا بوو، کە هێزەکانی ئینگلیز نەیانتوانی بوو بە یەکجاری بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك.

واتە بەپرسە باڵاکانی بەریتانیا رەزامەند بوونە لەسەر ئەوەی کە شێخ مەحمود وەك نوێنەری هێزەکانیان کاروباری سلێمانی بەڕێوەبەرێ. کە دواتریش ئینگلیز هەر بەو شێوەیە تەماشای دەستەڵاتی شێخ مەحمودی دەکرد لە سلێمانیدا. بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە شێخ وەك حوکمڕانی کوردستان سەیری پێگەکەی خۆی دەکرد، نەك وەك نوێنەری ئینگلیز.

بە مەبەستی زیاتر نزیك بوونەوە لە ئینگلیز، شێخ مەحمود شاندێکی ناردە لای بەرپرسانی سوپای ئینگلیز لە کفری. نامەیەکی بە شاندەکەدا نارد و داوای لە ئینگلیزەکان کرد، کە یارمەتی کورد بدەن بە مەبەستی رزگار بوون لە دەستەڵاتی تورکەکان. شاندەکەی شێخ مەحمود و بەرپرسانی ئینگلیز لەسەر چەند پرسێکی گرنگ رێك کەوتن، کە لە خوارەوەدا ئاماژە بە هەرە گرنگەکانیان دەدەین ؛

ـ دوای دەرکردنی پاشماوەی هێزەکانی عوسمانی لە کوردستاندا، هاوپەیمانان دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا دەنێن، بە مەرجێ راوێژکار و ئابوری زان و پسپۆرە سەربازیەکان بۆ چەند ساڵێك ئینگلیز بن. بۆ ئەم مەبەستە ئینگلیز یارمەتی سەربازی و ئابوری پێشکەشی کورد دەکات. هەروەها لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانیش بەریتانیا پشتیوانی لە کورد دەکات.

ـ ئینگلیز لە رووی سەربازیەوە دەست ناخاتە نێو کاروباری کوردستان ، بەبێ رەزامەندی دەستەڵاتدارانی کورد.

ـ دیاری کردنی سنوری سیاسی کوردستان و چوونە نێو کۆمەڵەی گەلان بە پشتیوانی ئینگلیز دەبێ. هەروەها هەوڵ دەدرێ بۆ پێك هێنانی یەکێتی لە نێوان

کوردستانی باشور و کوردستانی ژێردەستی فارسدا ( دبلۆماسیەتی کورد...، ل١١٩_١٢٠ ).

بەپێی ئەم زانیاریەی سەرەوە، سەرەتا ئینگلیز هەڵوێستێکی زۆر باشی هەبووە بەرامبەر بە کورد و دۆزە نەتەوەییەکەی. پێدەچێ دوو هۆکار لە پشت ئەم هەڵوێستەی ئینگلیزەوە بوو بێت ١) سەرەتا هاوپەیمانان ، تێڕوانین و هەڵوێستێکی زۆر باشیان هەبوو بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی، وە پشتیوانیان لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی ئەو نەتەوانە دەکرد، کە بێگومان ئەمە کوردیشی دەگرتەوە ٢) جەنگ خەریك بوو کۆتایی پێ دەهات، کەچی پاشماوەی هێزەکانی تورك لە کوردستاندا هەر مابوون. ئینگلیز بەبێ پشتیوانی کورد، نەیدەتوانی بە تەواوی کۆنترۆڵی کوردستانی باشور بکات. بۆیە هەوڵی ئەوەی دەدا کە شێخ مەحمود بەلای خۆیدا رابکێشێ.

# بەشی سێیەم :
# هەوڵە دبلۆماسیەکانی شەریف پاشا لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا

شەریف پاشا سەر بە یەکێك لە بنەماڵە ناسراوەکانی بابان بوو، وە خەڵکی سلێمانی بوو ( وریابوونەوەی کورد،ل٦٩ ). بەهۆی لێهاتوویی و کەسایەتی بەهێزیەوە، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە کرا بە باڵێوز و نوێنەرایەتی دەوڵەتی دەکرد لە ئەورووپادا. هەر بەهۆی توانا و بەهرەمەندیەکەیەوە، ببووە کەسایەتیەکی ناسراو لە ناوەندە سیاسیەکانی ئەورووپادا و بە باشی گوێی لێ دەگیرا.

لە کاتی جەنگی جیهانیدا کە شەریف پاشا لە سوید وەك هاوڵاتیەك دادەنیشت، پەیوەندی کرد بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و بەڵێنی پێدا کە شۆڕشێکی کوردی دژی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجام بدرێ، ئەگەر هاوپەیمانان هاوکاری نەتەوەکەی بکەن بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ ( الحركة الكوردية...،ص١٠٩ )، بەڵام فەرەنسیەکان وەڵامی داواکاریەکەی شەریف پاشایان نەدایەوە. هەوڵەکانی شەریف پاشا لە کاتی جەنگدا، شایانی ئەوەن زۆر بەرز بنرخێندرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوەوەی کوردستاندا پشتیوانیەکی بەهێزی لە پشتەوە نەبوو. بۆیە هاوپەیمانان زۆر بایەخیان بە هەوڵەکانی ناوبراو نەدەدا .

لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمدا، کە بەریتانیا نزیك ببووەوە لە سنورەکانی ویلایەتی موسڵ، بە پێویستی زانی سیاسەتێکی تایبەتی هەبێ سەبارەت بە کورد. لەم بارەیەوە ( مسس بێڵ )[1] دەڵێ : لە (١٩١٨/٦/٣) دا لەسەر داخوازی رەسمی بەریتانیا، شەریف پاشا لەگەڵ ( سێر پرسی کوکس ) دا لە مەرسیلیای فەرەنسادا کۆبووەوە ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل١٢ ). لەم کۆبوونەوەیەدا شەریف پاشا داوای لە دەوڵەتی بەریتانیا کرد، کە قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد پێك بهێنێ و موسڵیش بکاتە مەڵبەندی ئەم قەوارە کوردیە. هەر لەم دانیشتنەدا چەند زانیاریەکی زانستیانەی لە بارەی

---

(١) خاتوونێکی سیاسەتمەداری بەریتانی بوو. مسس بە واتای ( خاتوون ) دێت ، کە کەم خوێنەری کورد هەیە، هەستی بەوە کردبێ کە ئەم کەسایەتیە ئافرەتە.

کێشەی کوردەوە، پێشکەش بە نوێنەری بەریتانیای کرد ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٢٦ ).

ڕەنگە ئامانجی سەرەکی لە دانیشتنی ( سێر پرسی کوکس ) لەگەڵ شەریف پاشادا، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بووبێ بە پرسی کورد. هەر بۆیەش بە باشی گوێیان لە داخوازی و زانیاریەکانی شەریف پاشا گرت. وە مەبەستی ناوبراو لە داواکردنی ئۆتۆنۆمیدا، ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمیە بوو کە لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا بێت و، لە ئایندەدا بە پشتیوانی بەریتانیا ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

جەرجیس فەتحوڵلا لە بارەی پەیوەندی شەریف پاشا لەگەڵ ئینگلیزەکان لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیدا، باس لەوە دەکات : شەریف پاشا پێشنیازی بۆ کاربەدەستانی بەریتانیا کرد، کە کوردی باشوری کوردستان[1] بەڵێن و گەرەنتی حوکمی زاتیان پێبدرێ لەژێر پارێزگاری بەریتانیادا. وە فەرمانبەری بەریتانیش تەرخان بکرێ بۆ یارمەتی دان لە بەڕێوەبردنی ناوچەی حوکمی زاتی و ڕێکخستنی کاروباری دارایی ناوچەکە. هەروەها داوای ئەوەشی لێ کردن کە بەڵێنی چیان بە عەرەبەکان[2] داوە، بەڵێنی هەمان شتیش بە کورد بدەن ( وریابوونەوەی کورد،ل١٤٤ ).

ئەو کات بەریتانیا لە ناوچە کوردیەکانی باکوری کوردستان دوور بوو. بۆیە لە دیداری شەریف پاشا لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا، تەنیا باس لە ئایندەی کوردستانی باشور کرا. بە واتایەکی تر تا ئەو کات چارەنوسی ناوچە کوردیەکانی باکور دیار نەبوو. شەریف پاشا داواکار بوو کە چۆن بەریتانیا بەڵێنی ئازادی و سەربەخۆیی بە دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا و بەغدا داوە، هەمان بەڵێنیش بە دانیشتوانی کورد لە ویلایەتی موسڵ بدات. بێگومان ئەگەر هەوڵەکانی شەریف پاشا سەرکەوتوو بوونایە، ئەوا پرسی کورد لە باشوری کوردستاندا هەنگاوی زۆر گەورەی بەرەو پێشەوە دەنا.

---

(١) لەو سەردەمەدا زیاتر دەستەواژەی ( کوردستانی جنوبی ) بەکار دەهات لە بری ( باشوری کوردستان ).

(٢) پێدەچێ مەبەستی شەریف پاشا لە عەرەبەکان، عەرەبەکانی ویلایەتی بەسرا و بەغدا بووبێ .

# بەشی چوارەم :
# دۆخی کوردەکانی باکور لە کاتی جەنگی جیهانیدا

بەهۆی نزیکی رووسیا لە کوردستانی باکور، کورد لە کاتی جەنگی جیهانیدا گرنگیەکی زۆری هەبوو لە سیاسەتی رووسەکاندا. بە تایبەتی کە رووسیا چاوی بڕیبووە ناوچە کوردیەکان و دەیەویست بیانکات بە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی.

دیڤید ماکداول لە کتێبەکەیدا ( مێژووی هاوچەرخی کورد )، باس لەوە دەکات ؛ رووسیا لەبەرئەوەی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەنادۆڵی رۆژهەڵاتی بۆ خۆی دەویست، بۆیە لەگەڵ سەربەخۆیی کورد و ئەرمەندا نەبوو ( مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢١٨ ــ ٢١٩ ). ئەنادۆڵی رۆژهەڵات زیاتر ناوچەکانی باکوری کوردستان دەگرێتەوە، کە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن خۆیان بە خاوەنی ئەو ناوچانە دەزانی. بۆیە سەربەخۆیی ئەو دوو نەتەوەیە لە بەرژەوەندی رووسیادا نەبوو.

سەرەڕای ئەو راستیەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێدا، بەرژەوەندی رووسەکان ئەوەی دەخواست کە سۆزی کورد و ئەرمەن بە لای خۆیاندا رابکێشن. بۆیە دوای کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، جەنەڕاڵی رووس لاهۆڤ ( Lahov ) داوای لە کورد و ئەرمەنەکان کرد بچنە پاڵ هێزەکانی رووسەوە لە دژی عوسمانیەکان، لە پێناوی بەدیهێنانی داخوازیە نەتەوەییەکانیان. هەندێ لە هۆزە کوردیەکان ئامادەیی زۆریان تێدا بوو بۆ هەڵبژاردنی بەرەی رووسیا دژ بە عوسمانیەکان. بۆیە سەردارێکی کوردی وەك ( مستەفا وەفای ) بە دەنگ ئەم داواکاریەی جەنەڕاڵ ( لاهۆڤ ) وە هات و دایە پاڵ هێزەکانی رووسیا. عەلی شێر قۆجگیریلیش کە خۆی بە نوێنەری کوردەکانی ئەرزنجان دادەنا، لەگەڵ رووس و ئەرمەنەکان رێك کەوت لەسەر راگەیاندنی حکومەتێکی کوردی لە ئەرزنجان، کە دواتر رووبەرەکەی فرەوانتر بکرێ و ناوچەکانی ئوواجیك و دەرسیمی خۆرهەڵات و خۆرئاواش بگرێتەوە ( کوردی تورکیا،ل١٢٧ ).

کامیل بەگیش کە یەکێك بوو لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد، کە دەبینێ ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرانی کورد لە (١٩١٥) دا لە شەڕێکی دژوار دان لە دژی ( سوپای رووس

و ئـەرمەنەکان )[1] ، بە رووسەکان رادەگەیێنێ ؛ ئەگەر سیاسەتێکی ژیرانە لە لایەن حکومەتی رووسیاوە هەبێ و کورد و ئەرمەن ئاشت بکاتەوە، تاکوو هاوکاری یەکتری بکەن و گـەرەنتی ئۆتۆنۆمیان پێبدرێ، ئەوا خۆم و بنەماڵەکەم لە کوردستان یارمەتیەکی زۆری سوپای رووسیا دەدەین ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٥ ).

سەرەڕای ئەوەی لە چەندین بۆنەدا، رووسیا بەڵێنی پشتیوانی کردنی بە کورد داوە، کەچی زۆر جار ئامادە نەبووە وەك پرسێکی نەتەوەیی رەوا مامەڵە لەگـەڵ ( کێشەی کـورد ) دا بکات. بۆیە کاتێ سوپای رووسیا بەرەو ( ئەرزەروم و وان ) هات، عەبدولرەزاق بەدرخان پەیوەندی بە بەرپرسانی سوپاکەوە کرد بە مەبەستی بەدیهێنانـی هـاریکاری لە نێوان هـەردوو لادا ( کورد و رووس )، بەرامبەر بە داننان بە سەربەخۆیی کورد. کەچی رووسیا ئامادەیی خۆی بۆ ئەم کارە نیشان نەدا ( چەند بابەتێك دەربارەی...،ل٤٠ ).

لە دەرنجامی پێداگری زۆری رووسیاوە، لە پاشکۆی رێکەوتنی ( سایکس ــ بیکۆ ) دا سنوری ئەو بەشەی کوردستان کە دەبووە هی رووسیا دیاری کرا. بەم جۆرە هەرێمی باشوری وان و بەدلیس لە نێوان تەوەری ( موش ــ سعرد ــ دجلە ــ جزیرەی ابن عمر ) لە هێڵی لوتکە شاخاویەکان کە دەڕوانێت بەسەر ئامێدی و مێرگەسوردا کۆتایی دێت ( وریابوونەوەی کورد،ل١٢١ ). کاتێ رووسیا لە لایەن ( بەریتانیا و فەرەنسا )[2] وە مافی دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەی پێدرا، بە تەواوی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پشتگیری کردنی سەربەخۆیی کورد و ئەرمەن لەگەڵ بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی ئەودا ناگونجێ.

سەرەڕای ئەوەی سەید تەها[3] لە لایەن رووسیاوە داواکراو بوو، بەڵام دوای ئەو سەرکەوتنانەی کە رووسیا لە بەرامبەر عوسمانیەکاندا بەدەستی هێنا، پێدەچێ سەید تەها ویستبیەتی جارێکی تر لە رووسەکان نزیك بێتەوە. لەم بارەیەوە فەیسەڵ دەباغ دەڵێ (( لە

---

(١) لەو کاتەدا جەنگێکی گەورە و دژوار لە نێوان سوپای عوسمانی و رووسەکان لە ئارادا بوو. بەهۆی خراپی رەفتاری سوپای رووسیا لەگەڵ خەڵکی مەدەنی کورد، جەنگاوەرێکی زۆری کورد لە دژی سوپای رووسیا و هێزەکانی ئەرمەن بەشداری جەنگەکەیان کرد.

(٢) رێکەوتنی ( سایکس ــ بیکۆ ) لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا ئیمزا کرا لە (١٩١٦) دا، بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمدا.

(٣) ناوبراو سەر بە بنەماڵەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بوو. بۆیە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی لە کوردستاندا هەبوو .

نیوەی دووەمی (١٩١٧)[1] دا لە ناوەندی کونسوڵی ئورمیە ، لە لایەن بەرپرسانی رووسیاوە پێشوازی لە شاندێکی کوردی کرا، کە بەناوی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ) خۆی ناساند. کە نامەیەکی سەید تەهای دا بە رووسەکان، تێیدا داوای دیتنی ئەفسەرانی رووسیای کردبوو بە مەبەستی رێك کەوتن لەسەر کاری هاوبەش دژ بە تورکە عوسمانیەکان، کە لە ئاکامدا سەربەخۆیی کوردستانی لێ بکەوێتەوە » ( اضواء علی کتاب...، ص٣٥ـ٣٦).

کاتێ رووسەکان لە (١٩١٧) دا دەستیان گرت بەسەر رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا ، کامل بەگ و عەبدولرەزاق بەدرخانیان کردن بە والی لە ویلایەتەکانی ئەرزەرووم و بەدلیسدا ( وریابوونەوەی کورد،ل١٠٩ ). کەچی بەهۆی هەلگیرسانی شۆرشی بەلشەویکەکان، مانەوەی رووسیا لە رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا زۆری نەخایەند. دوور نیە داتانی ئەم دوو رێبەرەی کورد لەم دوو ویلایەتەدا، پەیوەندی نەبوو بێ بە خراپی باروددۆخی ناوخۆی رووسیاوە. چونکە دەستەلاتدارانی رووسیا دلنیا نەبوون لەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر هێزەکانیان لە رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا دەمێننەوە.

---

(١) لە ئۆکتۆبەری (١٩١٧) دا، شۆرشی کۆمۆنیستی لە رووسیا لە لایەن بەلشەویکەکان دژی فەرمانرەوایەتی قەیسەر هەلگیرسا و رژێمێکی کۆمۆنیستیان دامەزراند. دوای ماوەیەکی کەم ، رووسیا کشانەوەی خۆی لە جەنگی جیهانیدا راگەیاند.

# دەروازەی پێنجەم
# هەڵوەستەیەک لەسەر بارودۆخی گشتی کوردستان
# لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم

## بەشی یەکەم :
## دەرنجامەکانی جەنگی جیهانی لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، کە تێیدا هاوپەیمانان براوە بوون، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دۆخی ئاسایشی جیهان، پێویستیەکی زۆریان بە رێکخستنەوە و هێور کردنەوە هەبوو. یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانەی کە وڵاتانی هاوپەیمان پێی هەستان لە پێناوی رەوایی ( شرعية ) دان بە بارودۆخی تازەی نێودەوڵەتی و گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ جیهان، بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان.

ئەم رێکخراوە ( کۆمەڵەی گەلان ) هەڵسا بە سەرپەرشتی کردنی چەندین دۆسیەی گرنگ، وەك رێکەوتنەکانی ئاشتی و پرنسیپی ئینتداب و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان و سەرپەرشتی کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان. ئەم رێکخراوە کە لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە[1] کۆنترۆڵ کرابوو ، رۆڵێکی گرنگی بینی لە رووداوە سیاسیەکانی ناوچەکەدا. سەپاندنی سیستەمی ئینتداب بەسەر عێراق و یەکلا کردنەوەی کێشەی موسڵ، لە گرنگترین ئەو دۆسیانە بوون کە پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بە کوردەوە هەبوو، کە لە لایەن ( کۆمەڵەی گەلان ) وە سەرپەرشتی کران. بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندیەکانی ( بەریتانیا و فەرەنسا ) ناکۆك بوون لەگەڵ چارەسەربوونی پرسی کوردا، بۆیە زۆربەی بڕیار و راسپاردەکانی ( کۆمەڵەی گەلان ) بە زیانی کورد تەواو دەبوون.

یەکێك لە گرنگترین پێشهاتەکانی تری دوای جەنگ، کە سەرنجی هەموو جیهانی راکێشا، بریتی بوو لە چواردە خاڵەکەی ( ودرۆ ولسن ) ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەم بڵاوکراوە چواردە خاڵیە، وەك نەخشە رێگەیەك بوو بۆ رێکخستنەوەی باری داڕووخاوی

(١) کە زیاتر مەبەست لە ( بەریتانیا و فەرەنسا ) یە.

ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا. خاڵی (١٢) ی بڵاوکراوەکە پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو بە گەلانی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە، کە تێیدا هاتبوو ؛ پێویستە بواری سەربەخۆی بە گەلە ناتورکەکان بدرێ، بەبێ ئەوەی دەست بخرێتە نێو کاروباریانەوە ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل٣١٧ ). ئەگەر ئەم راسپاردەیەی سەرۆك ( ولسن ) جێبەجێ کرابایە، ئەوا کێشەی نەتەوەیی کورد و سەرجەم نەتەوە ناتورکەکانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چارەسەر دەبوو. بەڵام بەریتانیا و فەرەنسا لە بەرژەوەندیاندا نەبوو ئەم راسپاردانەی ( ولسن ) جێبەجێ بکرێن. بۆیە هەر چەندە رێبەر و خەڵکە هۆشیارەکەی کورد زۆر دڵیان بەو بڵاوکراوەیە خۆشبوو، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە بڵاوکراوەکە جگە لە دۆکۆمێنتێکی مێژوویی، هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر رەفتار و بڕیاری هاوپەیمانان.

دوای بەهێزبوونی جوڵانەوەی کەمالیەکان لە (١٩١٩) دا، فەرەنسیەکان هەستیان بە مەترسیەکی گەورە کرد لەسەر بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا. بۆیە لە رێگەی وەزاەتی دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە، هۆشداری ئەوەیان دا بە لۆرد کیرزن ( وەزیری دەرەوەی بەریتانیا) کە تەنیا رێکەوتننامەی بەردەست دەربارەی ناوچەکە، رێکەوتننامەی ( سایکس ـ بیکۆ ) یە. وە پێشنیازیان کرد کە پەیوەندی فیدراڵی لە نێوان کوردستانی باکور ( ناوچەی قەڵەمڕەوی فەرەنسا ) و کوردستانی خواروو ( ناوچەی قەڵەمڕەوی بەریتانیا ) رێك بخرێ ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٧٦ـ٢٧٧ ). بێگومان ئەگەر ئەم پێشنیازەی فەرەنسا پەسەند کرابایە، ئەوا بە سوودی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد تەواو دەبوو. چونکە ئەو کات ئەگەرێکی بەهێز لە ئارادا دەبوو، بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی لە ئایندەدا.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، بۆ راکێشانی سەرنجی گەلانی ناوچەکە، فەرەنسا و بەریتانیا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو ؛ ئامانجمان رزگارکردنی ئەو گەلانەیە کە چەندین نەوەیە بە دەستی ستەم و چەوساندنەوەی تورکەوە دەناڵێنن. پشتگیری لە دامەزراندنی حکومەتی نیشتیمانی دەکەین کە دەستەڵاتی خۆی لە ئیدارەی دانیشتوانی رەسەنی وڵاتەکە و هەڵبژاردنی ئازادی ئەوانەوە سەرچاوە بگرێ. پشتگیری ئەمە دەکەین لە سوریا و هەر سێ ویلایەتەکەی ( وڵاتی نێوان دوو رووبار ) دا. ئەمەش ئەو

خاكانەی كە هاوپەیمانان بە تەواوی رزگاریان كردوە و لەگەڵ ئەو خاكانە كە هەوڵی رزگار كردنیان دەدەین دەگرێتەوە. هاوكاری ئەو ئیداراتانە دەكەین و، كە داشمەزران دانیان پێدا دەنێین. ئێمە هیچ نیازێكمان نیە بۆ ملكەچ پێكردنی ئەم هەرێمانە بۆ هیچ جۆرە حوكمێك. جگە لەوەی خۆیان هەڵیدەبژێرن ( وریابوونەوەی كورد،ل١٥٧ ).

ئەم بەیاننامەیە ئومێدێكی زۆری لای گەلانی ناوچەكە دروست كرد. رێبەر و هۆشمەندانی كوردیش دڵیان زۆر بەو بەیاننامەیە خۆشبوو. بە جۆرێك خوێندنەوەیان بۆ بەیاننامەكە كرد، كە هاوپەیمانان سەربەخۆیی بۆ گشت گەلە ناتوركەكانی دەوڵەتی عوسمانی فەراهەم دەكەن. كەچی ئەوەی جێگەی سەرنجە، فەرەنسا و بەریتانیا لە بەیاننامە هاوبەشەكەیاندا زیاتر جەختیان لەسەر سوریا[1] و هەر سێ ویلایەتەكەی وڵاتی نێوان دوو رووبار ( بەسرا ، بەغدا ، موسڵ ) كردۆتەوە. ئەمەش ئەو ناوچانەی دەگرتەوە كە لە ( سایكس ـ بیكۆ ) دا رێك كەوتبوون لەسەر دابەش كردنیان. كەچی دەركەوت كە لەمەشدا راستگۆ نەبوون. چونكە ولایەتی موسڵ بێ لەبەرچاو گرتنی ویستی دانیشتوانەكەی، خرایە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی[2] .

هەر بۆ دڵنیاكردنەوەی گەلانی ناوچەكە، جۆرج كلیمانسۆ ( سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا ) بەناوی هاوپەیمانانەوە، دوای كۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەكەم رایگەیاند : توركەكان زۆر بە ئاشكرا سەلماندیان كە بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپیان و زۆرداری هەمەچەشنیانەوە لە چەندان سەدەدا، توانای ئەوەیان نیە و شایستەی ئەوە نین رەگەزی ناتورك بەڕێوە ببەن. بۆیە ئەگەر حاڵ وا بڕوات، پێویستە نەیەڵین هیچ نەتەوەیەك لەژێر دەستی توركدا بێ ( كوردستان چۆن داگیر و...،ل٧٥ ). كەچی دوای ئەوەی بەرژەوەندیەكانیان ئەوەی خواست كە لەگەڵ توركدا ئاشت بنەوە، هاوپەیمانان بە شێوەیەكی زۆر خەمساردانە بەڵێنەكانیان بەرامبەر بە كورد و ئەرمەن پشتگوێ خست.

هاوسۆزیەكی لەمێژینەی ئەوروپا هەبوو بەرامبەر بە گەلی ئەرمەن، بەهۆی ئەو ستەم و جیاكاریەی كە ئەم گەلە دووچاری هاتبوو لەسەر دەستی حكومەتی عوسمانی. ئەرمەن

---

(١) لەو كاتەدا زیاتر دەستەواژەی ( شام ) بەكار دەهات، سوریا دواتر بووە ناوێكی رەسمی بۆ ئەو دەوڵەتەی كە فەرەنسا دایمەزراند.

(٢) مەبەست لە میزۆپۆتامیای عەرەبی، هەردوو ویلایەتی ( بەسرا و بەغدا ) یە.

زۆربەی ئومێدەکانی بۆ رزگاربوون وابەستە کردبوو بە پشتیوانی وڵاتە ئەوروپییەکان. کاتێ لە جەنگی جیهانی یەکەمیشدا، ئەرمەنەکان لەسەر دەستی عوسمانیەکان رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، هەم ئەرمەن بە تەواوی چووە بەرەی هاوپەیمانان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی، هەمیش سۆز و پشتیوانی ئەوروپا بە گشتی و هاوپەیمانان بە تایبەتی بەرامبەر بە ئەرمەن زۆر پەرەی سەند.

لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ مەینەتیەکانی گەلی ئەرمەن لە دوای جەنگی جیهانی، هاوپەیمانان بایەخێکی زۆریان بە پرسی ئەرمەن و کەمینە مەسیحیەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا. لە (١٩١٩) دا هاوپەیمانان بە گشتی لە بیری ئەوەدا بوون، ئەنادۆڵی رۆژهەڵات دابەش بکەن لە نێوان وڵاتێکی ئەرمەنی لە دۆڵەکانی ئەرزەرووم و ترابزوون لەژێر ئینتدابی ئەمریکادا، وە وڵاتێکی کوردی لە پاشماوەی ویلایەتە کوردنشینەکان(١) کە پێشبینی دەکرا بخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیا ( مێژووی هاوچەرخی کوردی،ل٢٦٢ ).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، هەر زوو ئەمریکا نیگەران بوو لە سیاسەت و شێوازی مامەڵە کردنی فەرەنسا و بەریتاینا لەگەڵ رووداوەکاندا. بۆیە بەرە بەرە لە چالاکیە سیاسیەکانی دەرەوەی پاشەکشێی کرد. ئەوەبوو دوای ئەوەی ئەمریکا بەنیاز بوو ئینتدابی وڵاتی ئەرمەن بخاتە ئەستۆی خۆی، کۆنگریسی ئەمریکا فشاری خستە سەر حکومەتەکەی و ناچاری کرد لە ئەرکی ئینتداب کردنی ( دەوڵەتی ئەرمینیا ) پاشگەز بێتەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢١ ). ئەمە دووەمین زیانی گەورە بوو کە بەر ئەرمەنەکان کەوت، لە دوای کشانەوەی رووسیا لە جەنگی جیهانی یەکەم، بەمەش ئومێدی دروست بوونی دەوڵەتی ئەرمەن زۆر کەم بووەوە. هەر وەك چۆن تورك زۆر سوودمەند بوو لە کشانەوەی رووسیا لە جەنگی جیهانی، بە هەمان شێوەش لە پاشەکشێی دەست تێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا زۆر سوودمەند بوو.

لە راستیدا ئەم پشتیوانیەی کە لە ئەرمەن دەکرا لە لایەن هاوپەیمانانەوە، کاریگەریەکی خراپی دروست کردبوو لەسەر تێڕوانینی کورد بۆ سیاسەتی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا. چونکە خەڵکی کورد لەو هەوڵانەی هاوپەیمانان ئاگادار بوو، کە ئامانجیان دروست کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بوو بۆ ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان. کە بێگومان ئەم هۆکارە

---

(١) مەبەستیان لە ویلایەتەکانی ( بەدلیس ، دیاربەکر ، وان ) بووە.

کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەوەی، کە کورد تاڕادەیەکی زۆر خۆی لە هاوپەیمانان بە دوور بگرێ و هەوڵبدا لە تورك نزیك بێتەوە. هەر بۆیەش ( مێجەر نوئیل ) دژی دروست کردنی قەوارەیەکی ئەرمەن بوو لە ناوچە کوردیەکاندا، ئەمەی بە قازانجی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا نەدەبینی ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٢ ).

جارجار هەندێ لە بەرپرسانی بەریتانی باسیان لە دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی دەکرد، بەڵام فەرەنسا هەمیشە بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی رەت دەکردەوە. چونکە فەرەنسیەکان لەو بڕوایەدا بوون کە دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی، دەکەوێتە چوارچێوەی پێك هێنانی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا ( من التخطيط الى التجزئة ....،ص٢٣٤ ) .

فەرەنسا نەك هەر تەنیا بە پەرۆش نەبوو بۆ دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی، بەڵکو زۆر پەرۆشی پرسی ئەرمەنەکانیش نەبوو بە بەراورد لەگەڵ بەریتانیادا. رەنگە هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووبێ، لەوەی فەرەنسیەکان بەر لە بەریتانیا لەگەڵ تورکەکاندا گەیشتنە رێکەوتن.

لە دوای جەنگ، ئامانجی سەرەکی بەریتانیا لە کوردستاندا بریتی بوو لە دەست بەسەر داگرتنی ویلایەتی موسڵ. هەرچی سەبارەت بە کوردستانی باکورە، ئینگلیز لە هەمبەر ئەم بەشەی کوردستاندا هیچ سیاسەتێکی روونی نەبوو. کەچی فەرەنسا هەمیشە خوازیاری ئەوەبوو کە دەست بگرێ بەسەر ناوچەیەکی فرەوانتری کوردستاندا. هەر بۆیەش زوو زوو داوای دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی دەکرد لەگەڵ بەریتانیادا. بەڵام کە بەریتانیا دژی زیاتر بەهێزبوونی پێگەی فەرەنسا بوو لە ناوچەکەدا، بەردەوام داوای فەرەنسای بۆ دابەش کردنی کوردستان رەت دەکردەوە.

رێبەرانی کورد ترسی زۆریان هەبوو بەرامبەر ئەو بانگەشانەی فەرەنسا، کە داوای دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی دەکرد. لەم بارەیەوە شێخ عەبدولقادر شەمزینی، بە ئاشکرا ترسی خۆی لە پیلانەکانی فەرەنسا بۆ دابەشکردنی کوردستان نیشاندا. هەر بۆیە لە بەرامبەر ئەمەدا، دەستی کرد بە تێکۆشان بۆ هێشتنەوەی کوردستان بە یەکگرتوویی. رەنگە ئەمە یەکێك لەو هۆکارانەش بووبێ کە وای لە ناوبراو کرد، سەقفی داخوازیە

نەتەوەییەکانی خۆی بێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی ئۆتۆنۆمی ناوخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٧ ) .

لە راستیدا ئەگەر کوردستانی عوسمانی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا دابەش کرابایە، بەو مەرجەی کە لە لایەن ئەو دوو وڵاتەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کەوتبایە ژێر ئینتداب، ئەوا لە قازانجی پرسی نەتەوەیی کوردا دەبوو. بەڵام ئەو دوو وڵاتە ئامادە نەبوون، بەرپرسیاریەتی ئینتداب بەسەر کوردستانەوە وەربگرن. هەر بۆیە ئەگەر کوردستانی عوسمانی بە یەکگرتوویی لەژێر دەستی تورکدا بمابوایە، بۆ کورد زۆر باشتر دەبوو.

شێخ عەبدولقادر هەمیشە دوودڵ بوو لەهەمبەر خواست و ئامانجەکانی هاوپەیمانان بەرامبەر بە کوردستان. لە هەمان کاتیشدا بڕوای تەواوی بە تورکەکان نەبوو. بۆیە دوای رێك کەوتنی جەمعیەتی تەعالی کوردستان[1] و حکومەتی عوسمانی لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەو مەرجەی لە دژی جوڵانەوەکەی مستەفا کەمال کورد پشتگیری دەستەڵاتی عوسمانی بکات. شێخ عەبدولقادر سەردانی مەندوبی سامی بەریتانیای کرد لە ئەستەمبۆڵ لە سەرەتای (١٩١٩) دا. ناوبراو داوای کرد کە بەریتانیا پشتگیری لە جیابوونەوەی کوردستان بکات لە دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام کاتێ مەندبی سامی وەڵامێکی ئەرێنی داواکەی شێخ نەدایەوە، ناوبراو بێ ئومێد بوو لە هاوپەیمانان و ترس و گومانی خۆی نیشاندا لەوەی کە هاوپەیمانان تورك ناچار نەکەن، بەوەی دوای دەرچوونی بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، رێز لە بڕیارەکانی کۆنگرەکە بگرێ ( وریابوونەوەی کورد، ل ١٦٨ ـ١٧٠ ).

بەمەش دەردەکەوێ کە شێخ عەبدولقادر بە ناچاری لەگەڵ حکومەتی عوسمانی رێك کەوتووە لە بارەی چارەسەرکردنی پرسی کورد. نەوەك ئەگەر وڵاتانی هاوپەیمان بە راستی پشتیوانی مافەکانی کوردیان کردبایە، ناوبراو ئامادە نەدەبوو پشت لە هاوپەیمانان بکات. زۆرجار شێخ عەبدولقادر بەوە تاوانبار دەکرێ، کە لە پێناو پاراستنی پێگە و پایەکەی[2] لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا پشتی لە هاوپەیمانان کردوە. کەچی لە راستیدا ئەم گومانە زۆر لە شوێنی خۆیدا نیە. چونکە ناوبراو دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە هاوپەیمانان نەك هەر

---

(١) ئەو کات شێخ عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، ئەمین عالی بەدرخانیش جێگری بوو.

(٢) لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ناوبراو سەرۆکی شورای دەوڵەتی عوسمانی بوو.

شتێکی باشیان بۆ کورد پێ نیە، بەڵکو مەترسیەکی گەورەشن بۆ سەر ئایندەی کوردستان، بە تایبەت لەم دوو رووەوە ١) دابەش کردنی کوردستانی عوسمانی ٢) بوونی پرۆژەی دروست کردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان. هەر بۆیەش ناوبراو کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی پێ باشتر بوو، لە دەست تێوەردانی زیاتری هاوپەیمانان لە کاروباری کوردستاندا.

تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمیش، بەریتانیا نەیتوانی بوو خۆی لەسەر سیاسەتێکی دیاری کراو لە بارەی کوردەوە یەکلا بکاتەوە. ئەوەتا لە (١٩١٩) دا هەر دوو دامەزراوەی بەریتانی ( وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی هیند ) سەبارەت بە چارەنووسی پرسی کورد، خۆیان لە بەردەم چەند بژاردەیەکدا ( option ) دەبیننەوە، بەم شێوەیە ١) دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە ئۆتۆنۆمی هەبێ لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵدا ٢) دابەش کردنی کوردستانی عوسمانی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا ٣) واز لە کورد بهێنرێ، بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن ( من التخطيط الى التجزئة.....،ص٢١٩ ). سەرەڕای لەبەرچاو گرتنی ئەم ( سێ ) بژاردەیەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە، کەچی بەریتانیا کاری بە هیچ یەکێك لەم ( سێ ) بژراردەیە نەکرد. کە رەنگە ئەگەر کاری بە هەر بژاردەیەك کردبایە ، بۆ ئایندەی پرسی کورد باشتر بوایە، لەوەی کە دواتر روویدا.

بۆچوونی زاڵ لەنێو زۆربەی بەرپرسانی بەریتانی لە بارەی پرسی کوردەوە ئەوە بوو، کە بەریتانیا نابێ بەرامبەر بە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی یەك سیاسەت و تێڕوانینی هەبێ. کەچی مێجەر نوئێل داوای دەکرد کە بەریتانیا خۆی لەوە بە دوور بگرێ، کە چارەنووسی هەر بەشێك لە کوردستان بە جیا چارەسەر بکات. واتە بە پێویستی دەزانی هەموو بەشەکانی کوردستان، پێکەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٢ ). لە راستیدا ئەگەر بەریتانیا یەك پرۆژەی هەبوایە بەرامبەر بە هەموو کوردستانی عوسمانی، ئەوا بۆ چارەنووسی پرسی کورد زۆر باشتر دەبوو. ئەو کات بە لایەنی کەمەوە، کوردستانی عوسمانی دابەش نەدەبوو بۆ سێ بەش.

وڵسن کە حاکمی مەدەنی عێراق بوو لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، پشتیوانی لە دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی دەکرد لە نێوان میزۆپۆتامیای عەرەبی و دەستەڵاتی

تورکدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٩ ). کە دوا جاریش هەر ئەم بۆچوونە هاتە دی. تەنیا بەشێکی بچوکی کوردستان ( باشوری خۆرئاوا ) کەوتە ژێر دەستەڵاتی فەرەنسیەکان، کە دواتر لکێنرا بە دەوڵەتی تازە دروست کراوی سوریاوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە بۆچوون و تێڕوانینی بەرپرسانی بەریتانی سەبارەت بە پرسی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی ئەوە بوو، هەندێکیان چەندین جار بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆیان گۆڕیوە. نمونە وەك ( ولسن )، کە هەندێ جار لەگەڵ ئەوەدا بوو، کوردستانی عوسمانی لە نێوان میزۆپۆتامیای عەرەبی و دەستەڵاتی تورکیدا دابەش بکرێ. کەچی هەندێ جاری تر لەگەڵ ئەوەدا بووە کە دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی باکور بە پشتیوانی بەریتانیا دروست بکرێ، بەو مەرجەی ویلایەتی موسڵ لە پرۆژەی کوردستانی گەورە جیا بکرێتەوە. چونکە بە پێویستی دەزانی ئەم ویلایەتە بلکێندرێ بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٤ ). ئەوەی زۆر جار بە نەگۆڕیی دەمایەوە ئەوەبوو، بەرپرسانی بەریتانی بە توندی پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی وڵاتەکەیان لەوەدایە ویلایەتی موسڵ بلکێندرێ بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، بەریتانیا بەرژەوەندی لەوەدا نەبوو کە هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر نەخشەی جوگرافی دەوڵەتی قاجاردا بێت. بۆیە ئامادە نەبوو پشتیوانی لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستانی رۆژهەڵات بکات. بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەو راستیە، ئاماژە بەو بروسکەیە دەدەین کە بە ژمارە (٥٣٥٤) لە (١٩١٩/٥/١٢) دا لە لایەن نوێنەری سیاسی بەریتانیا بۆ سکرتێری وەزارەتی هیندستان نێردراوە ، کە تێیدا هاتووە ؛ سەید تەها گەیشتە بەغدا و ماوەیەکی درێژ پێکەوە دانیشتین، ناوبراو گوتی : مەبەست لە هاتنم بۆ بەغدا، داواکردنی کوردستانێکی یەکگرتووە کە ناوچە کوردیەکانی دەوڵەتی قاجاریش بگرێتەوە. پێم راگەیاند : سەبارەت بە کوردەکانی دەوڵەتی قاجار چاوەڕوانی یارمەتی ئێمە نەبێ، زۆر نائومێد بوو ( سمکۆ،ل٧٩ ).

تا ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاشەکشێی نەکردبوو لە بەشداری کردن لە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی جیهان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، هەڵوێستی بەریتانیا سەبارەت بە یەکلا کردنەوەی چارەنووسی پرسی کورد بەو شێوەیە

بوو كه لويد جۆرج[1] له كۆبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان (( ئەمریكا و بەریتانیا و فەرەنسا )) له (١٩١٩/٥/٧) دا داوای كرد، كوردستان بەم جۆره دابەش بكرێتەوه ؛ بەشی خوارووی بدرێته بەریتانیا و بەشی باكوری رۆژئاوای بدرێ به فەرەنسا و باكوریشی بدرێ به ئەمریكا و رۆژهەڵاتی كوردستانیش هەر لەبن دەستی دەوڵەتی قاجاردا بمێنێتەوه ( رۆڵی نەوت له چارەنووسی....،ل١٧٦ ). كەچی دوای پاشەكشێی ئەمریكا و هەڵوەشانەوەی ( پرۆژەی دروست كردنی دەوڵەتێك بۆ ئەرمەن )، كوردستانی باكور بۆ تورك مایەوه و فەرەنساش تەنیا بەشێكی بچوكی له باشوری خۆرئاوای كوردستان بەركەوت.

هۆلەر كه یەكێك بوو له بەرپرسه باڵاكانی بەریتانیا، له (١٩١٩/١١) دا له ئەستەمبۆڵ بۆچوونی خۆی بەو شێوەیه سەبارەت به یەكلاكردنەوەی چارەنووسی پرسی كورد دەربڕی : پرسی ئەوەی كوردەكان چۆن ئازادی خۆیان بەدەست دێنن و كۆتی توركەكان له پێ و ملی خۆیان دەكەنەوه، دەبێ به شێوەیەكی سەرەكی بخرێته سەر شانی خودی كوردكان..... شتێك به ناوی رای گشتی خەڵكی كورد، به واتای رای گشتیەكی پەیوەست و رێكخراو بوونی نیه. لەنێو سەردارانی كوردا هەستێكی هاوبەش نیه..... ئەو چەند كورده خوێندەوارەی دەرەوەی كوردستان[2] كه بیری جیاخوازیان هەیه، زۆرتر حەزیان لەوەیه ستایشی خۆیان بكەن و بایەخ و نفوزی خۆیان گەوره بكەن ( مێژووی هاوچەرخی كورد،ل٢٧٧ ــ ٢٧٨ ).

سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی ( هۆلەر ) له كانگای بەرژەوەندیه باڵاكانی بەریتانیاوه هەڵدەقوڵا. نەوەك لەنێو عەرەبیشدا هیچ رایەكی گشتی یەكگرتوو بوونی نەبوو، وه لەنێو رێبەرەكانیشی هەست به بوونی كۆدەنگی نەدەكرا. كەچی لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەكانی لەوەدا بوو، بەریتانیا پشتیوانی كردن و چەند قەوارەیەكی سیاسیشی بۆ دامەزراندن.

كێشەی سەرەكی بەریتانیا له دوای كۆتایی هاتنی جەنگ ئەوەبوو، كه نەیدەتوانی رووبەری ئەركه سەربازیەكانی فرەوانتر بكات، بەهۆی كورت هێنانی بودجەكەی و ئەو فشاره ناوخۆییەی كه لەسەری بوو. هەر بۆیەش نەچووه ژێر باری هاوكاری كردنی كوردەكانی باكور بۆ جیابوونەوه له دەستەڵاتی تورك. بۆ زیاتر روونكردنەوەی ئەم راستیە،

---

(١) ئەو كات سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو.

(٢) زیاتر مەبەستی لەو چالاكوانه كوردانه بوو كه له ئەستەمبۆڵ دادەنیشتن.

بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو پێشنیازەی ئینگلیزەکان بدەین کە پێشکەشی ( سەید تەها ) یان کرد، کە داوایان لێکرد ببێتە حوکمداری بەشێك لە کوردستانی باکور، بە مەرجێ لەژێر ئینتدابی بەریتانیادا دابمەزرێ و لە رواندوز تا شەمدینان بگرێتە خۆی. کەچی خۆیان لە پێدانی چەك و کەلوپەلی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە پاراست. بۆیە ئەویش ئەم پێشنیازەی رەت کردەوە ( مێژووی هاوچەرخی کورد....،ل٢٦٠ ).

پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە بەریتانیەکان ویستویانە حوکمداریەکەی سید تەها، تەنیا بەشێکی بچوك لە کوردستانی باکور بگرێتەوە، ئەویش شەمدینان بوو کە ناوچەکەی سید تەها خۆی بوو. ئەم پێشنیازەی بەریتانیا ناتەواویەکی زۆری تێدا بەدی دەکرا، لە لایەك دەیەویست ئەو ناوچەیەی کە لە رواندوزەوە تا شەمینان درێژ دەبێتەوە بکەوێتە ژێر ئینتدابی خۆی، لە لایەکی تریشەوە ئامادە نەبوو لە رووی سەربازیەوە بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی.

مێجەر نوئێل کە بەوە ناسرا بوو، هاوسۆزیەکی زۆری بۆ پرسی کورد هەبوو، بە توندی بەرگری لە دروست کردنی سێ وڵاتی کوردی دەکرد، بەم شێوەیە ؛ کوردستانی خواروو کە ناوەندەکەی سلێمانی بێ، وە نەهری و رواندوز و هەولێر و کەرکوك و کفری و خانەقینیش بگرێتەوە. کوردستانی ناوەراست کە ناوەندەکەی موسڵ بێت. وە کوردستانی رۆژئاوا کە ناوەندەکەی دیاربەکر بێت. هەڵبەتە ئەم سێ یەکە لەژێر سایەی بەریتانیادا دەبوون و لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا پشتیان بە رێنمایەکانی دەبەست ( مێژووی هاوچەرخی کورد....،ل٢٥٥ ). ئەگەر ئەم پێشنیازەی مێجەر نوئێل جێبەجێ بوایە، ئەوا کوردستانی عوسمانی دەبوو بە سێ دەوڵەتی کوردی. بێگومان ئەمە بۆ کورد لە دۆخی ئێستای زۆر باشتر دەبوو، کە کوردستانی عوسمانی دابەش بووە لە نێوان ( تورکیا و عێراق و سوریا ) دا.

بایەخ پێدانی سەرەکی بەریتانیا بە پرسی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ دوای داگیرکردنی هەردوو ویلایەتی ( بەسرا و بەغدا ) لە لایەن ئەو وڵاتەوە. چونکە ئەو کات بە تەواوی گرنگی پێگەی ئابوری و جیۆپۆلیتیکی کوردستانی بۆ دەرکەوت. کە جەنگ کۆتایی هات بەپێی رێکەوتنی مودرس [1]، هێزەکانی بەریتانیا نەگەیشتبوونە ویلایەتی موسڵ. بۆیە بەبێ

(١) بەپێی ئەو رێکەوتنە، ئاگربەست لە نێوان عوسمانیەکان و هاوپەیمانان راگەیەنرا.

هاوکاری کوردەکان ، ئینگلیز نەیدەتوانی بە ئاسانی دەست بەسەر ئەو ویلایەتەدا بگرێ. بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کورد بەلای خۆیاندا، بەریتانیەکان هەندێ بەڵێنیان دا سەبارەت بە پشتگیری کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ (( لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کاربەدەستانی ئینگلیز بە گشتی لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون، هەندێ مافی نەتەوەیی بۆ کورد بسەلمێنرێ. بەڵام لەسەر هەندێ پرسی گرنگ لەنێو خۆیاندا نەگەیشتبوونە ئەنجامێکی یەکگرتوو، کە گرنگترینیان ئەم سێیانەی خوارەوەن ؛ یەکەمیان : جۆری ئەو مافانە چی بێ، سەربەخۆیی بە یارمەتی دەوڵەتێکی گەورە، فیدراڵی، فیدراڵی چەند ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لەناو یەك دەوڵەتدا، ئیدارەی زاتی[1] ؟ دووەمیان : مافی کورد لە کام ناوچەی جوگرافیدا بسەلمێنرێ . بە واتایەکی تر کوردستان کوێیە ؟ سێیەمیان : لەناو کوردا کێ نوێنەرایەتی کورد ئەکا؟ تا سەودای لەگەڵدا بکرێ )) ( کورد و عەجەم،ل٢٨٧).

یەکێك لە بەد بەختیەکانی کورد ئەوەبوو، کە بەرپرسانی ئینگلیز لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم نەیانتوانی لە بارەی دەست نیشانکردنی هەڵوێستێکی دیاری کراو لە بارەی پرسی کوردەوە ڕێك بکەون. ئەگەرچی هەڵوێستی هەندێکیان بەرامبەر بە پرسی کورد باش بوو، وەك وینستۆن چەرچڵ و مێجەر نوئێل، بەڵام بیرکردنەوەی بەشێکی زۆریان بەرامبەر بە شێوازی چارەسەرکردنی دۆزی کورد باش نەبوو. کە ئەوە بوو دواتر تێڕوانینی کۆمەڵەی دووەم زاڵ کرا بەسەر کۆمەڵەی یەکەمدا، وە بیر و بۆچوونەکانی ئەوان وەرگیرا سەبارەت بە پرسی کورد.

وە یەکێك لە کێشە گەورەکانی تری کورد، پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆی کوردستانەوە هەبوو. کە لەو کاتە هەستیار و چارەنووس سازەی دوای جەنگدا، هیچ ڕێبەرێکی نەتەوەیی لەنێو کوردا دەرنەکەوت کە بتوانێ نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بکات و سیاسەتێکی نەتەوەییانەی دروست پەیڕەو بکات. ڕەنگە هەندێ کەس لە وەڵامی ئەمەدا بڵێن، نەخێر ئەم قسەیە ڕاست نیە. چونکە شێخ مەحمود هەم کاریزما و ڕێبەرێکی نەتەوەیی بوو، هەمیش لە توانایدا بوو ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەر کۆبکاتەوە. لە ڕاستیدا شێخ مەحمود هەم ڕێبەرێکی نیشتیمان پەروەر بوو، هەمیش سەرکردەیەکی جەنگاوەر بوو.

---

(١) ڕەنگە مەبەستی نووسەر ئەوە بێ، کە خودموختاری بۆ کوردستان بسەلمێنرێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تردا.

بەڵام ناوبراو سەرکەوتوو نەبوو لەوەی بتوانێ تەنانەت گشت هۆز و توێژەکانی خەڵکی سلێمانیش لەخۆی کۆبکاتەوە، جگە لەوەی کە خاوەنی ستراتیج و تێڕوانینێکی روون و ئاشکراش نەبوو لە خەباتی سیاسیدا.

مێجەر نوئێل لە یەکێك لە بۆچوونەکانی سەبارەت بە کورد دەڵێ : کورد لە هەموو میللەتانی عوسمانی، لە عەرەب و تورك زۆر بەتوانا ترن بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، با هەموو کوردستانیان بۆ یەکبخرێ لە دەوڵەتێکدا[1] ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل ٢٠٦ـ٢٠٧ ). بێگومان کوردیش وەك عەرەب و تورك دەیتوانی خاوەندارێتی دەوڵەت بکات، بەڵام زۆربەی دەستەڵاتدار و بەرپرسانی ئینگلیز لەو بڕوایەدا بوون کە دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لەگەڵ بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵاتەکەیاندا ناگونجێ.

لۆرد کیرزن[2] لە کۆنگرەی سێ قۆڵی (١٩١٩) ی لەندەندا، ئەم پڕۆژەیەی پێشکەش کرد ١) کورد خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات ٢) ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە دروست دەبێ، گەرەنتی بدرێتێ لە هەر هەڕەشەیەکی تورك ٣) جارێ ئیدارەی تورك لە کوردستان دوور کەوێتەوە ٤) رێگە نەدرێ هەموو کوردستان یەکبخرێ.

خاڵی یەکەمی پڕۆژەکە کە دەڵێ (( کورد خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات ))، لەگەڵ خاڵی چوارەمدا کە دەڵێ (( رێگە نەدرێ هەموو کوردستان یەکبخرێ )) دژ بە یەکن. چونکە ئەگەر ماف بە کورد بدرێ خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، نابێ رێگە لەوە بگیرێ کە هەموو کوردستان یەکبخرێتەوە. لە راستیدا تەنیا ئەم خاڵەی کۆتایی دژ بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد بوو. هەرچی سێ خاڵەکەی ترە، زۆر گونجاو بوون لەگەڵ خواستە نەتەوەییەکانی کوردا.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، خراپترین دۆخ کە کوردستان رووبەڕووی ببووەوە ئەوەبوو، ئینگلیز و فەرەنسیەکان و عەرەب و ئەرمەن و فارسەکان، هەر یەکەیان دەیەویست زۆرترین دەسکەوت لە کوردستاندا بەدەست بێنن ( من التخطیط الی التجزئة...، ص٢١٥ ). هەرچی تورکە هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مانەوەی دەستەڵاتی خۆی بکات لە کوردستاندا. واتە بەرژەوەندیەکانی هەردوو گەورە زلهێزی جیهان ( فەرەنسا

---

(١) ئەم پێشنیازەی مێجەر نوئێل لە راپۆرتی مانگانەیدا هاتووە، کە لە (١٩١٩/٧) دا نووسیویەتی .

(٢) ئەو کات وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو.

و بەریتانیا ) و گشت گەلانی تری ناوچەکە، دژ بە چارەسەر بوونی پرسی نەتەوەیی کورد بوون.

هەم بەهۆی ئەوەی عەرەب لە رێگەی جولانەوەکەی شەریفی مەککەوە[1] کە دژ بە عوسمانیەکان بوو لە کاتی جەنگی جیهانیدا، هەمیش کە بەرژەوەندی هاوپەیمانان لەوەدا بوو کە پشتگیری لە خواستە نەتەوەییەکانی عەرەب بکەن. ئەوەبوو بە پشتیوانی هاوپەیمانان، بەشێکی زۆر لە خواستە نەتەوەییەکانی عەرەب لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی بەدی هاتن. بۆ نمونە فەیسەلی کوڕی حوسێن کە لە (١٩١٩) دا لە شام کرا بە فەرمانڕەوا و لە (١٩٢١) دا لە عێراق کرا بە مەلیك لە لایەن بەریتانیەکانەوە، داوای ئەوەی کرد کە کوردستانی خۆرئاوا بخرێتە سەر سوریای گەورە و کوردستانی باشوریش بخرێتە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی. هەردوو داواکاریەکەی لە لایەن هاوپەیمانانەوە جێبەجێ کران ( سمکۆ،ل٦٣ ).

یەکێك لەو کێشانەی کە رووبەڕووی بەرپرسانی ئینگلیز دەبووەوە لە کاتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ رێبەرانی کوردا ئەوەبوو، نەیان دەزانی کێ وەك نوێنەری راستەقینەی کورد تەماشا بکەن. چونکە کورد هیچ رێبەرێکی نەبوو کە بتوانێ نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی بکات. لە هەمان کاتیشدا ئینگلیزەکان نەیان دەتوانی متمانەی تەواو بە هیچ رێبەرێکی کورد ببەخشن.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، هەندێ لە رێبەرانی کورد هەوڵیاندا سود لە گۆڕانکاریە ناوخۆییەکانی رووسیا وەربگرن. کە شۆڕشی بەلشەویکەکان بە رێبەرایەتی ( لینین ) کۆتایی بە سیستەمی پێشوو هێنا بوو، وە ( رژێمی تازەی رووسیا ) ش پشتیوانی خۆی بۆ ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی گەلانی ژێردەستە راگەیاند بوو. ئەمەش ئومێدێکی گەورەی لای کورد و گەلانی تری ژێردەستەی ناوچەکە دروست کرد، کە بە پشتیوانی رژێمی تازەی رووسیا بتوانن مافە نەتەوەییەکانیان بەدەست بێنن. کەچی سەرەڕای هەوڵی زۆری هەندێ لە رێبەرانی کورد بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی دەستەڵاتدارانی تازەی رووسیا، گشت

---

(١) بەریتانیەکان و شەریفی مەککە، رێك کەوتن کە شەریفی مەککە رێبەرایەتی شۆڕشێکی عەرەبی بکات دژی دەستەڵاتی عوسمانی لە ناوچە عەرەبیەکاندا. ئەم رێك کەوتنە ناسراوە بە رێکەوتنی ( شەریف ـــ مەکماهۆن ).
لەساڵی (١٩١٦) دا شەریفی مەککە شۆڕشی لە دژی عوسمانیەکان راگەیاند و پشتیوانی خۆی بۆ هاوپەیمانان دەربڕی.

هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوون. چونکە تێڕوانینی رووسیا، نەك هەر گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو بەرامبەر بە پرسی کورد، بەڵکو خراپتریش ببوو. چونکە ئەگەر رژێمی کۆنی رووسیا ململانێیەکی لە مێژینەی توندی هەبووبێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوا رژێمی تازەی وڵات پشتیوانیەکی زۆری لە جوڵانەوەکەی مستەفا کەمال دەکرد. هەر بۆیەش گشت داخوازیە نەتەوەییەکانی کوردی بە تەواوی پشت گوێ خست.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، نە بارودۆخی نێودەوڵەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لە بەرژەوەندی کوردا بوو، نە کوردیش ئەو ئامادە باشیەی هەبوو کە بتوانێ سود لەو بارودۆخە تازەیە وەربگرێ و بەشێك لەمافە زەوتکراوەکانی بەدەست بێنێتەوە. بە پێچەوانەی عەرەب کە توانی سودێکی زۆر لەو بارودۆخە وەربگرێ و، بۆ هەتا هەتایە لەژێر دەستی تورك رزگاری بێت.

# بەشی دووەم :
# کاریگەری گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناوچەکە لەسەر چارەنوسی پرسی کورد

لە دوای ساڵی ١٩١٩، بەرە بەرە ئامانجی بەریتانیا بەرامبەر بە ویلایەتی موسڵ یەکلا دەبووەوە. تاڕادەیەکی زۆر بەریتانیەکان بڕیارەکەی خۆیان ساغ کردەوە، کە دەبێ ئەم ویلایەتە لە چوارچێوەی هەژموونی بەریتانیادا بێ. بەمەش ئەم دوو بابەتە تاڕادەیەکی زۆر یەکلا بوونەوە ١) بەریتانیا بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا کە دەستەڵاتی تورکەکان بگەڕێتەوە بۆ ویلایەتەکە ٢) بەریتانیەکان تاڕادەیەکی زۆر پرسی ویلایەتی موسڵیان لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی جیاکردەوە. بە تایبەتی کە ئەم دەوڵەتە کوردیە لەژێر چاودێری وڵاتەکەیاندا نەبێ. ئەمەش تاڕادەیەك ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی بەریتانیا زۆر سوور نەبووە لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر، کە تایبەت بوون بە دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی لە کوردستانی عوسمانیدا.

لە دوای ساڵی ١٩١٩، ڕێبەرانی کورد بەرە بەرە بێ ئومێد دەبن لە بەڵێنەکانی بەریتانیا و فەرەنسا. چونکە لە چەندین بۆنەدا هەڵوێست و کرداریان پێچەوانە بوون لەگەڵ بەڵێنەکانیان. لەم بارەیەوە ( سێر گاربێس ) کە فەرمانبەر بوو لە وەزارەتی هیند، باس لەوە دەکات ؛ سەرکردە کوردکان تەنیا درك بەوە ناکەن کە بەریتانیای مەزن و فەرەنسا ئامادە نین بەرپرسیاریەتی ( ئینتداب بەسەر کوردستان ) دا بگرنە ئەستۆ، بەڵکو درك بەوەش دەکەن کە ئەو دوو هاوپەیمانە بە جۆرێك بیر لە دابەشکردنی ناوچە کوردیەکان دەکەنەوە، کە ڕێگە دەگرێ لە دروست بوونی کوردستانێکی یەکگرتوو. هەر بۆیەش کوردە نەتەوەییەکان ناچار بوون پەنا بەرنە بەر تورك. چونکە ئەوان کوردستانێکی یەکگرتوویان پێ باشتر بوو لەژێر چاودێری تورکیا، لە کوردستانێکی دابەشکراو (من التخطیط الی التجزئة ...،ل١٧٦).

کێشەی گەورەی کورد لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، تەنیا ئەوە نەبوو کە بەریتانیا و فەرەنسا ئامادە نەبوون بە کردەوە پشتگیری لە خواستە نەتەوەییەکانی

کورد بکەن، بەڵکو ئەم دوو وڵاتە لە ململانێیەکی ناڕەوادا بوون بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین دەسکەوت لە کوردستاندا. ئەمەش ئەو هۆکارە سەرەکیە بوو کە وای لە زۆرینەی ڕێبەرانی کورد کرد، تورکیان پێ باشتر بێ لە هاوپەیمانان.

فەرەنسا کە هەم پێگەکەی لە ناوچەکەدا زۆر بەهێز نەبوو، هەمیش زۆر دڵخۆش نەبوو بە بەهێزتر بوونی هەژموونی بەریتانیا، زۆر لەگەڵ پشتگیری کردنی گەلانی ژێردەستدا نەبوو لە ناوچەکەدا. چونکە لەو بڕوایەدا بوو دروست بوونی هەر بەرەو پێشچوونێك لە دۆخی ئەو گەلانەدا، بە قازانجی بەرژەوندیە ستراتیجیەکانی بەریتانیا دەشکێتەوە. هەر بۆیەش لە کۆنفرانسی لەندەن (١٩٢١)، فەرەنسا دژی هاتنە ناوەوەی ( کۆمەڵەی گەلان) وەستایەوە لە دۆزی کەمە نەتەوەکاندا. وە ئەو پێشنیازەی رەتکردەوە کە داوای دانانی مەندوبی سامی[١] دەکرد بۆ چاودێری کردنی بەرژەوەندی کەمینەکان، کە بێگومان کوردیشی دەگرتەوە ( سەرچاوەی پێشوو...،ل٣٤٨ ).

جیاوازیەکی زۆر لە نێوان هەڵوێستی ( مەندوبی سامی بەریتانی لە قاهیرە ) و ( مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا ) دا هەست پێدەکرا سەبارەت بە پرسی کورد. مەندوبی سامی لە قاهیرە تاڕادەیەکی باش لەگەڵ پشتگیری کردنی خواستە نەتەوەییەکانی کوردا بوو. کەچی بە پێچەوانەوە، مەندوبی سامی لە بەغدا دژی پشتیوانی کردن بوو لە پرسی کورد. هەر بۆیەش دەبینین کە ئیدمۆند ئەلنبی ( مەندوبی سامی لە قاهیرە ) دژی هەڵوێستی وڵسن ( مەندوبی سامی لە بەغدا ) وەستایەوە، سەبارەت بە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان بەریتانیا و تورکدا. وە پشتیوانی لە هەڵوێستی مێجەر نوئێل کرد، کە داخواز بوو سنوری کوردستان بەپێی لایەنی رەگەزی دیاری بکرێ. هەروەها داوای کرد کە کوردستانی باشور بخرێتە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە ( کوردی ـ ئەرمەنی ) یەی کە نوئێل پێشنیازی کردبوو، کە بەو مەرجە بوو کورد رزگار بکرێ لە ترسی ئەوەی ( بخرێتە ژێر هەژموونی ئەرمەن )، تاکوو لەو رێگەیەوە لە کەمالیەکان دوور بکەوێتەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٨ ). بەمەش دەردەکەوێ کە نوئێل پێشنیازی دروست کردنی دەوڵەتێکی هاوبەشی ( کوردی ـ ئەرمەنی ) کردوە لە کوردستانی باکوردا. ئەوەش لەو پێشنیازە باشتر

(١) بە زمانی کوردی زیاتر واتای ( نوێنەری باڵا ) دەگەیێنێ .

بووە، کە داوای دەکرد دەوڵەتێك بۆ ئەرمەن و یەکێکیش بۆ کورد دروست بکرێ لەسەر خاکی کوردستان.

بە تێپەربوونی کات، هەڵوێستی مەندوبی سامی بەریتانی لە ئەستەمبوڵ بەرامبەر بە پرسی کورد رووی لە خراپی دەکرد. هەر بۆیەش کاتێ ( ئەدمیراڵ جۆن دی رۆبڵ ) جێگەی ( گۆف کالسۆرب ) ی گرتەوە لە مەندوبیەتی سامی لە ئەستەمبۆڵ، لەگەڵ ئەوەدا بوو کە بەریتانیا پشتیوانی لە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد نەکات. بەڵام بە پێویستی زانی وڵاتەکەی دەست بە کارتی کوردیەوە بگرێ، تاکوو لە بەرژەوەندی خۆی سوودی لێ وەربگرێ. ئەو پێی وابوو ؛ پێویستە کورد بە تەنیا واز لێ بهێنرێ لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە قۆناغی رزگاری و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ توركدا. واتە ئەو پێی وابوو، نە پشتیوانی کورد بکرێ و نە دژایەتیشی بکرێ ( سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢ ). بە کردەوەش بەریتانیا زۆر سودی لە کارتی کوردی وەرگرت، بەبێ ئەوەی نیازێکی راستەقینەی هەبێ بۆ پشتگیری کردن لە چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی.

دوای ئەوەی جوڵانەوەی کەمالیەکان توانی چەند سەرکەوتنێك بەسەر نەیارەکانیدا بەدەست بێنێ، بووە خاوەن هێزێکی کاریگەر لە ناوخۆی وڵاتدا[١]، ئینجا هەوڵیاندا ( مەبەست تورکە کەمالیەکانە ) کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن و لە بەریتانیەکانیان دوور بخەنەوە. بەریتانیاش ئەمەی بە مەترسیەکی گەورە لێکدەدایەوە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی. هەر وەك ئەوەی لە پەیامەکەی وەزارەتی موستەعمەراتدا کە بۆ ( سێر پرسی کۆکس )[٢] ی نارد بوو لە کۆتاییەکانی (١٩٢٢) دا دەردەکەوێ، کە تێیدا باس لەوە کرابوو ؛ کەمالیەکان بوونەتە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیادا. وە هەوڵ دەدەن بۆشایی نێوان کورد و بەریتانیا فرەوانتر بکەن، لە رێگەی بەڵێندان بە کورد بەوەی کە ئامادەن ( ئۆتۆنۆمی ) ببەخشنە کوردستانی باکور. وە کوردەکانیش کار دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی شێوەیەك لە شێوەکانی سەربەخۆیی لە ژێر سایەی هێزێکی دەرەکیدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٨ ).

---

(١) مەبەست لە ناوخۆی وڵاتی عوسمانیدا.

(٢) ئەو کات ببووە مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا لە جێگەی ( ولسن ).

کوکس لە پەیامێکیدا بۆ چەرچڵ سەبارەت بە هەڕەشەی کەمالیەکان لەسەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی لە میزۆپۆتامیادا، باس لەوە دەکات ؛ لە کاتێکدا ئێمە لەو رووەوە هیچ کردەوەیەکی کاریگەر ئەنجام نادەین بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەی کەمالیەکان، بەهۆی ئەگەرەکانی وتووێژی ئاشتی[1]. کە ئەمەش بە تەواوی کاریگەری پێچەوانە دروست دەکات لەسەر سیاسەتی کەمالیەکان بەرامبەر بە ئێمە. واتە هەڵوێستی نێگەتیڤی ئێمە، هەموو دەرفەتێك بە کەمالیەکان دەبەخشێ بۆ دژایەتی کردنمان بە سەرکەوتوویی. هەست دەکەم کە ئەرکی منە سەرنجتان بۆ ئەم مەترسیە رابکێشم، کە سیاسەتی ئێستای ئێمە لەسەر هاندانی کوردەکان وەستاوە، لە کاتێکدا کەمالیەکان بە توندی هەوڵ دەدەن کە کوردەکان بۆ لای خۆیان رابکێشن. دژایەتی کورد بۆ ئێمە و ئاراستە کردنیان بە کردەوە بۆ باوەشی کەمالیەکان، بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ئێمەیە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣٦ ــ ٣٣٧ ) .

لەم پەیامەی ( کوکس ) دا ئەوە روون دەبێتەوە، کە ئینگلیزەکان زیاتر پەرۆشی سەرکەوتنی وتووێژەکانی ئاشتی بوونە نەك بەگژا چوونەوەی هەڕەشەی کەمالیەکان. بە واتایەکی تر بەریتانیەکان ویستویانە بە هەر چەشنێ بێت ئەم وتووێژانە سەربگرن. بە تایبەتی کە لە (١٣ و ١٧) ی ئازاری (١٩٢١) دا، کەمالیەکان لەگەڵ ئیتالی و فەرەنسیەکان گەیشتبوونە رێکەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤٦). هەوەها کوکس لە پەیامەکەیدا دان بەو راستیەدا دەنێ، کە کەمالیەکان سەرکەوتوتر بوونە لە بەکارهێنانی کارتی کوردیدا.

یەکێك لەو هۆکارانەی هانی هاوپەیمانانی دا بۆ نزیك بوونەوە لە تورك و پشتگوێ خستنی پرسی کورد و ئەرمەن، زیادبوونی هەڕەشەی رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو. لەم بارەیەوە فەرید ئەسەسەرد پێی وایە لە دوو رووەوە، بوونی یەکێتی سۆڤیەت کاریگەری هەبوو لەسەر دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی ١) رۆژئاوا چووە سەر ئەو باوەڕەی کە پێکەوەنانی پشتێنەیەکی پتەو بۆ راگرتنی تەوژمی کۆمۆنیزم لە خوارووی یەکێتی سۆڤیەت، پێویستی بە دەوڵەتی دێرین دەکات نەك

(١) ئەو کات لە لۆزان وتووێژ لەنێوان بەریتانیا و کەمالیەکان لە ئارادا بوو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

دەوڵەتی تازە دامەزراو     ٢) بۆ کەم کردنەوەی مەترسی لێك نزیك بوونەوەی رژێمی کەمالیزمی تورکیا و کۆمۆنیزمی سۆڤیەت، بە تایبەتی کە تورك دژایەتیەکی بەهێزی لەگەڵ بەریتانیادا هەبوو، رۆژئاوا بۆ ئەوە چوو کە ئەگەر لە هەندێ رووەوە پاداشتی تورك بدرێتەوە، دەکرێ نەهێڵدرێ تورك لە کیس بچێ بەرامبەر بە سۆڤیەت ( کوردستان و مەسەلەکانی ...،ل١٤٨ـ١٤٩ ).

یۆنان کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لە ململانێیەکی سەربازی توندا بوو لەگەڵ تورکەکان، دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی بە بەرژەوەندی خۆی دەزانی. هەر بۆیەش لە ئابی (١٩٢١) دا، سەرۆك وەزیرانی یۆنان داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد کە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا یارمەتی کوردان بدەن ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٩١ ). بەڵام وەك دەزانین بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا لەگەڵ ئەم داوایەی یۆناندا ناکۆك بوو. بۆیە پەسەندیان نەکرد و پشتگوێیان خست.

وەك باسمان کرد جگە لە ( بەریتانیا و فەرەنسا ) ش، گەلانی تری ناوچەکەش چاویان بڕیبووە خاکی کوردستان. شای قاجار هەرچەندە وڵاتەکەی خۆی لە بەردەم دارووخانێکی ترسناکدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا داوای دەکرد کوردستانی عوسمانی و قاجار یەکبخرێ لەژێر فەرمانڕەوایەتی خۆیدا ( من التخطيط الى التجزئة...، ص٢٤١ ).

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، هاوپەیمانان بۆ راکێشانی سەرنجیان بە لای خۆیاندا، چەندین بەڵێنی ئومێد بەخشیان بە گەلانی ژێردەستەی ناوچەکەدا، کە بێگومان کوردیش یەکێك بوو لەو گەلانە. بەڵام لە دوای ساڵی  ١٩١٩، بەرە بەرە دەرکەوت کە ئامانجی هاوپەیمانان لەو بەڵێنانە تەنیا چەواشە کردن و فریودانی گەلانی ناوچەکەیە. بۆیە رێبەرانی کورد بەهۆی نائومێد بوونیان لە هاوپەیمانان، بە تایبەتیش لە بەریتانیا، ناچار بوون بڕوا بە بەڵێنەکانی تورك بکەن و لێیان نزیك ببنەوە. کەچی دوای ئەوەی تورك و هاوپەیمانان رێکەوتنی ئاشتیان واژۆ کرد، تورك نەك هەر لە بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر بە کورد پەشیمان بووەوە، بەڵکو بە دڕندانەترین شێوەش دەستی کرد بە چەوساندنەوە و سەرکوت کردنی.

# دەروازەی شەشەم

# کۆنگرە و پەیمانە نێودەوڵەتیەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم وکاریگەریان لەسەر پرسی کورد

## بەشی یەکەم :
## پرسی کورد لە بەردەم کۆنگری ئاشتی لە پاریس و پەیوەندی هەردووکۆنگرەی ( قاهیرە و سانڕیمۆ ) بە چارەنووسی کوردەوە

### ـــ داخوازیەکانی کورد لە بەردەم کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس :

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و قەیرانانەی بەهۆی جەنگی جیهانیەوە هاتبوونە ئاراوە، هاوپەیمانان لە (١٩١٩) دا کۆنگرەی ئاشتیان لە پاریس سازدا. یەکێك لە کارە گرنگەکانی کۆنگرەکە، بریتی بوو لە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزی بە ئایندەی پرسی کوردەوە هەبوو.

بەریتانیا کە پشتگیری لەوە دەکرد کورد بەشدار بێت لە کۆنگری ئاشتیدا، حکومەتەکەی داوای لە نوێنەرایەتیەکانی خۆی کرد لە ناوچەکەدا، زانیاری بە سوودی بۆ بنێرن سەبارەت بە دیاری کردنی رێبەرێکی نەتەوەیی لەنێو کوردا، تاکوو وتووێژی لەگەڵدا بکرێ دەربارەی خواستە نەتەوەیەکانیان لە کۆنگری ئاشتیدا. کاربەدەستانی بەریتانی چ ئەوانەی لە ئەستەمبوڵ یان لە بەغدا کاریان دەکرد، تارادەیەك بۆچوونەکەیان بەم شێوەیە بوو ؛ رێبەرێکی لەم شێوەیە بوونی نیە، کە بتوانرێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەروەها پرسی کورد بوونی نیە و جوڵانەوەیەك بوونی نیە بەناوی جوڵانـەوەی کـوردی. وە ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نوێنەرایەتی دۆزی کورد دەکەن، دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە لە

گۆڕەپانەکەدا ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٧٥ ). بۆچوونی کارمەندانی بەریتانی سەبارەت بە کورد، زیاتر ئەم دوو ڕەهەندەی لەخۆ دەگرت ١) بۆچوونەکەیان بەشێکی زۆری ڕاستی لەخۆ دەگرت، بە تایبەتی سەبارەت بە نەبوونی ڕێبەرێك کە نوێنەرایەتی زۆرینەی گەلی کورد بکات ٢) ئەو کاربەدەستانەی بەریتانیا کە پشتگیریان لە مافە نەتەوەییەکانی کورد نەدەکرد، زۆرجار بە ئەنقەست زانیاری و ڕوونکردنەوەی ناراستیان بۆ سەرووی خۆیان دەنارد، تاکوو حکومەتی وڵاتەکەیان سارد بێتەوە لە پشتیوانی کردنی خواستە سیاسیەکانی کورد.

لە پێناو ڕاکێشانی سۆزی کورد بە لای خۆیاندا، سەرەتا بەریتانیەکان بە جۆرێك خۆیان دەنواند کە پشتگیری لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد دەکەن. لەم بارەیەوە فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیز ( ماك ئەندرۆ )، بڵاوکراوەیەکی بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە، کە تێیدا هاتبوو (( کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا، هەموو مافە نەتەوەییەکانی بەدەست دێنێ. بۆیە دەبێ باوەڕی بە فەرمانڕەوایەتی ئینگلیز هەبێ )) ( بەدرخانیەکان ماڵباتێکی...،ل٤٧ ). لە ڕاستیشدا ئینگلیز هەم پشتیوانی لە بەشداری کردنی کورد کرد لە کۆنگرەکەدا، هەمیش لەنێو کۆنگرەدا پشتیوانی لە ڕەوایەتی دۆزە نەتەوەییەکەی کرد. بەڵام بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیانەی پرسی کورد، هیچ پڕۆژە و دیدگایەکی دیاری کراوی نەبوو.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، ویلسۆنی سەرۆکی ئەمریکا زۆر بە توندی پێی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەربەخۆیی نەتەوە ژێردەستەکان داگرت. هەر بۆ ئەم مەبەستە، ناوبراو پڕۆژەیەکی دا بە ئەنجومەنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. کە تێیدا داکۆکی لە نەتەوە ژێردەستەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی کردبوو، بە کوردیشەوە ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٢٥ ).

بەهۆی گرنگی کۆنگرەکە و کاریگەری دەرنجامەکانی لەسەر چارەنووسی گەلانی ژێردەستە، ڕێکخراوە کوردیەکانی ئەستەمبۆڵ وەك ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و کۆمەڵەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی[١] و کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان و پارتی دیموکراتی

(١) کۆمەڵەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، ئەم ناوە تاڕادەیەك نامۆیە. چونکە ناکرێ زاراوەی ( کۆمەڵە ) و ( ڕێکخراو ) لەپاڵ یەکدا بەکاربێن بۆ ناونانی گروپێکی کۆمەڵگەی مەدەنی.

کوردستان )[1] ، رێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە شەریف پاشا نوێنەرایەتی کورد بکات لە کۆنگرەکەدا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٧٩ ). لە راستیدا ئەمە گرنگترین و دروستترین هەنگاو بوو کە رێکخراوە کوردیەکانی ئەستەمبۆڵ گرتیانە بەر.

بۆ سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییەی کە بۆ کورد هاتبووە پێش، شەریف پاشا هەموو توانا و شارەزاییەکی خۆی خستە کار لە پێناو هێنانە دی مافە نەتەوەییەکانی کوردا. بۆ ئەم مەبەستە ناوبراو، یاداشت نامەیەك سەبارەت بە ماف و داخوازیەکانی کورد دەدات بە کلیمانسۆ[2] ( سەرۆکی کۆنفرانسی ئاشتی ). لە یاداشت نامەکەدا داوای کوردستانێکی خودموختار[3] دەکات، کە دیاربەکر و خەربوت و بەدلیس و موسڵ و باژێری ئورفە بگرێتەوە. هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە، کە ئەوەی ئەو داوای دەکات لایەنی هەرە کەمی داخوازیەکانی کوردە. چونکە (( کوردستانێکی یەکگرتوو )) دەبێ بە ئەرزەروومدا تێپەڕێ و کوردستانی رۆژهەڵاتیش بگرێتەوە ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٢٧ ).

شەریف پاشا لە یاداشتەکەیدا بۆیە داوای (( کوردستانێکی یەکگرتوو )) ی نەکردوە، چونکە لەوە تێگەیشتووە کە زۆر ئەستەمە هاوپەیمانان پشتیوانی لە داخوازیەکی لەم شێوەیە بکەن. ئەمەش زیرەکی و بە ئاگایی شەریف پاشای نیشان دەدا لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هاوکێشە سیاسیەکانی جیهاندا.

شەریف پاشا لە (١٩١٩/٥/٢٥) دا، داوا لە لویس ماڵتی ( سەفیری بەریتانیا لە پاریس ) دەکات، کە دیاری کردنی ئەو بۆ سەرپەرشتی کردنی میرنشینەکانی کوردستان بە ( بالفۆر ئاسر جێمز )[4] رابگەێنێ. وە زۆر بە پەلە ئەم مامەڵە و سەودایەی خوارەوە، دەخاتە بەردەم حکومەتی بەریتانیا ؛ بەریتانیای مەزن دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێ و لەوێ

---

(١) دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، زۆرجار ناوی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) لە مێژووی سیاسی کوردا بەرچاو دەکەوێ. بێگومان ئەو پارتیەی ئەو کات، جیاواز بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی ئێستا.

(٢) ناوبراو سەرۆکی فەرەنسا بوو، بەهۆی ئەوەی کۆنفرانسەکە لە وڵاتەکەیدا بەڕێوە دەچوو، بۆیە کرابوو بە سەرۆکی کۆنفرانس.

(٣) مەبەستی شەریف پاشا لە کوردستانی خودموختار، خودموختاری نێودەوڵەتی بوو کە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە سەرپەرشتی بکرێ و، ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی ببێت بە دەوڵەتێکی ئەندام لە کۆمەڵەکەدا.

(٤) ناوبراو پێشووتر ( سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ) بوو.

حکومەتێکی مەرکەزی دابمەزرێنێ، کە لەلای خۆیەوە مافی هەموو سەرانی کورد لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیودالّیدا پەسەند بکات. جا لە بری ئەوە دەولّەتی بەریتانیا دەتوانێ لەوە دلّنیا بێ، کە لە پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی ئیداری و ئابوری و سوپایی کوردستاندا دەستێکی بالاّی دەبێ. هەلّبەتە بە ئەوپەڕی نهێنی پارێزیەوە، واتە بە هەمان ئەو نهێنی پارێزیەی کە دەستەلاّتدارانی بەریتانی دەیخوازن ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٢٧ــ٢٨ ).

مەبەستی شەریف پاشا لەو سەودا و مامەلّەیەدا، پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی بووە بە پشتیوانی بەریتانیا، لەسەر بنچینەی ئەم دوو مەرجەی خوارەوە یەکەم : خۆی ببێ بە دەستەلاّتداری یەکەم لە حکومەتەکەدا دووەم : ئەو حکومەتەی کە پێك دەهێنرێ لەسەر بنچینەی سیستەمێکی فیودالّی بێ، کە تێیدا رەچاوی سروشتی خێلّەکیانەی کۆمەلّگەی کوردی بکرێ.

شەریف پاشا کە لە یاداشتەکەیدا بەریتانیای لەوە دلّنیا کردۆتەوە، کە لە پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستاندا دەستێکی بالاّی دەبێ، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە ناوبراو لە سەوداکەیدا نەخشە و پیلانێکی زیرەکانەی بەکار هێناوە. بەلاّم کە بەرژەوەندی بەریتانیا لەوەدا نەبوو پشتگیری لە دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی بکات، ئەوا ئەم هەولّەی ناوبراویش بێ ئاکام بوو.

شەریف پاشا لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی هەر یەك لە ویلّسن کلیمانسۆ ( سەرۆکی فەرەنسا) و لوید جۆرج ( سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ) و ئۆرلاندە( سەرۆك وەزیران ئیتالیا) کرد، تێیدا داوای دامەزراندنی (( دەولّەتی کاتی کوردستان )) ی کرد ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧).

شەریف پاشا لە کۆنگرەکەدا هەولّیدا، ئینگلیز هەندێ ناوچەی کوردی راستەوخۆ بگرێتە دەست و حکومڕانیان بکات. بەلاّم ناوبراو لە هیچ هەولّێکدا سەرکەوتوو نەبوو، وەك دامەزراندنی کۆمەلّێ دەولّەتی بچوك، ئۆتۆنۆمی کوردستان، سەربەخۆیی خۆجێیی کوردستان[١] کە لە ژێر ئینتدابی بەریتانیادا بێت ( دبلۆماسیەتی کورد ...، ل ١٠٨ ــ ١٠٩ ) .

---

(١) روون نیە مەبەست لە دەستەواژەی ( سەربەخۆیی خۆجێی کوردستان ) چی بووە، بەلاّم زیاتر پێدەچێ مەبەست لە حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی بووبێ لەژێر چاودێری بەریتانیادا.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە شەریف پاشا تاڕادەیەکی زۆر بێ ئومێد ببوو لە بەڵێنی هاوپەیمانان سەبارەت بە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی.

شاندی کوردی کە بەشدار بوو لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، لە ڕێگەی یاداشت و بینین و روون کردنەوەی کێشە رەواکەیەوە، توانی دەنگ و داخوازیەکانی کورد بگەیێنێتە نەتەوە بەشداربووەکانی کۆنفرانسەکە. یەکێك لە داخوازیە سەرەکیەکانی شاندی کوردی بریتی بوو، لە سەربەخۆیی بۆ کوردستان و رەتکردنەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەن لەسەر بەشێك لە خاکی کوردستان.

کورد مەترسیەکی زۆری هەبوو لەوەی هاوپەیمانان دەوڵەتێك بۆ ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان دابمەزرێنن. بۆیە بە توندی دژی ئەم پرۆژەیەی هاوپەیمانان وەستا. ئەمەش وای کرد هاوپەیمانان، داخوازیەکانی کورد بە مەترسی و بەربەستێکی گەورە بزانن لە بەردەم نەخشە و بەرنامەکانیان لە ناوچەکەدا.

شەریف پاشا بۆ پوچەڵ کردنەوەی داوای ئەرمەنەکان لە کوردستاندا، ئینسکلۆپیدیای ئینگلیزی ( Nutlas ) کە نەخشەی خاکی ئەرمەنی بڵاو کردبووەوە، وەك بەڵگەیەکی مێژوویی دەخاتە روو لە کۆنفرانسی ئاشتیدا. کە نەخشەکە بەم شێوەیە کێشراوە ؛ ئەرمینیا وڵاتێکە لە رۆژئاوای ئاسیادا کەوتۆتە سەر دەریای قەزوینەوە، لە باکوری چیاکانی کوردستاندا. دابەش کراوە بەسەر دەوڵەتی عوسمانی و قاجار و رووسیاوە. دەشتێکی شەقار شەقار پێك دەهێنێ و ئەملا و ئەولای چەند دۆڵێکی بە پیت و پاڕاون، کە لوتکەکانیان لە چیای ئارارات قوت دەبنەوە ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٨٦ ــ ٨٧ ).

لە کۆنگرەی ئاشتیدا، لە لایەن هاوپەیمانانەوە پشتیوانیەکی زۆر لە خواستە نەتەوەییەکانی ئەرمەن دەکرا. بەپێی ئەو نەخشەیەش کە ئەرمەنە نەتەوەییەکان لە کۆنگرەکەدا پێشکەشیان کردبوو، دەوڵەتی ئەرمەن زۆربەی ناوچە کوردیەکانی باکوری لەخۆ دەگرت ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٨٢ ). بۆیە پرسی ئەرمەن ببووە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئایندەی سیاسی کوردستان. هەر ئەمەش شەریف پاشا و هەندێ لە نیشتیمان پەروەرانی کوردی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی، کە پێویستە کورد لەگەڵ ئەرمەندا بگاتە جۆرێ لە ڕێکەوتن، تاکوو چیتر پرسی ئەرمەن نەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردا.

بەریتانیا کە ئەو کات بەرژەوەندیەکی زۆری لە لاوازتر کردنی پێگەی تورك لە ناوچەکەدا هەبوو، هانی کورد و ئەرمەنی دەدا کە بگەن بە جۆرێ لە رێکەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. ئەوەبوو لە پاریس لێپرسراوانی بەریتانیا، بوغوس نۆباریان[1] بە پێویستی بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوێك لەمەڕ یەك هەڵوێستی کورد و ئەرمەن لە دژی گەڕانەوەی حکومەتی عوسمانی رازی کرد. کە لە دەرنجامدا بوغوس نۆبار و شەریف پاشا راگەیەنراوێکی هاوبەشیان لە (١٩١٩/١١/٢٠) دا راگەیاند، کە تێیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ( کوردی ـ ئەرمەنی ) سەربەخۆیان کرد، وە رازی بوون کە کێشەی سنوری نێوانیان لە لایەن کۆنگرەی ئاشتیەوە چارەسەر بکرێ ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٧٥ ـ ٢٧٦ ).

دروست کردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ( کوردی ـ ئەرمەنی )، چارەسەرێکی گونجاوتر بوو بۆ کورد، بە بەراورد بە دروست کردنی دەوڵەتێك بۆ کورد و یەکێکی تریش بۆ ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کاتێ هەردوو لا رازی بوون بە دروست کردنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بۆ دەبێ کێشەیان لەسەر دیاری کردنی سنوری نێوانیان هەبوو بێ؟ ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەوان لەژێر فشارێکی توندا، ئەم رێکەوتنەیان بە پەلە راگەیاند بوو.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئەرمەن و کورد، شەریف پاشا رایگەیاند : ئەرکە گرنگەکە لە ئێستادا ئەوەیە، سازان بکرێ لە نێوان دوو رەگەزەکە، موسڵمانەکان کە زۆرینەیەکی گەورەن[2] و ئەرمەنەکان کە کەمینەیەکی بەهێزن. لە پێناو دانانی بنچینەیەك بۆ ئەو سازانە، شەریف پاشا بە پێویستی دەبینی کە لیژنەیەك هەبێ لە لەندەن و داوای کرد دەمودەست پێك بهێنرێ لەژێر چاودێری بەریتانیادا ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٨٣ ). ئەرمەنەکان لەم رووەوە کەمینەیەکی بەهێز بوون، کە لە لایەن هاوپەیمانانەوە پشتیوانیەکی زۆریان لێ دەکرا. بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردستاندا رێژەی دانیشتوانی ئەرمەن بە بەراورد بە کورد زۆر کەم بوو، ئەوا هاوسەنگی هێز تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی کوردا بوو.

---

(١) ئەو ناوە بە دوو شێوە لە سەرچاوەکاندا خراوەتە روو ( بوغوس نۆبار ) و ( بوغوس ئۆبار ).

(٢) بێگومان مەبەستی ناوبراو لە موسڵمانەکان کوردە.

رێك کەوتنی شەریف پاشا لەگەڵ نۆبار پاشادا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ کورد هەنگاوێکی دبلۆماسی گرنگ بوو، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستاندا رەنگدانەوەیەکی خراپی هەبوو. راستە لە سەرەتادا، بڵاوبوونەوەی هەواڵی رێکەوتنەکە بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لێکرا لە لایەن رێبەر و نیشتیمان پەروەرانی کوردەوە. کەچی دوای ئاشکرا بوونی ناوەرۆکەکەی، نیشتیمان پەروەرانی کوردی دابەشکرد بەسەر دوو بەرەی دژ بە یەکدا. بەدرخانیەکان و لایەنگرانیان لەنێو کۆمەڵەی تەعالی کوردستاندا پشتیوانیان لە رێکەوتنەکە کرد و بەیاننامەیەکیان بە ناوی کۆمەڵەکەوە دەرکرد، تێیدا هیوایان خواست کە ئامانجە سەرەکیەکانی رێکەوتنەکە، لەمەڕ پرسی جیابوونەوەی (( کورد و ئەرمەن لە دەوڵەتی عوسمانی )) بێتەدی ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی...،ل٧٨-٧٩ ). ئەو گروپەی تر کە رێکەوتنەکەیان پێ باش نەبوو، زۆر بە توندی دژی وەستانەوە. چونکە پێیان وابوو ئەم رێکەوتنە دەبێتە هۆی باشتر هاتنەدی خەونی ئەرمەنەکان، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی لەسەر خاکی کوردستان. شێخ عەبدولقادر شەمزینی و سەردارانی بنەماڵەی بابان، لە دیارترین ئەو کەسانە بوون کە دژی رێکەوتنەکە وەستانەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٨ ).

هەر لە بنەڕەتدا جیاوازیەکی زۆر لە نێوان شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەکاندا هەبوو سەبارەت بە پرسی ئەرمەن. شێخ عەبدولقادر دەیگوت : حکومەتی ئەرمەنەکان قابیلی قبول کردن نیە. هەرچی بەدرخانیەکان بوون، پێیان باش بوو تا هاوپەیمانان روانگەی رەسمی خۆیان لەم بارەیەوە رانەگەێنن، ئەوان هەڵوێستی خۆیان رانەگەێنن ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٧٩ ). لە راستیشدا هەم ئەرمەنەکان، هەمیش هاوپەیمانان دەیانەویست ئەو قەوارە ئەرمەنیەی کە دروست دەکرێ لەسەر خاکی کوردستان بێت. بۆیە دروست بوونی حکومەتی ئەرمەنی، مەترسیەکی گەورە بوو لەسەر بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد.

یەکێك لە مەترسیەکانی ئەو رێبەرانەی کورد کە نەیاری رێکەوتنەکەی ( شەریف پاشا و بوغوس نۆبار ) بوون، ئەوەبوو لەبەرئەوەی کۆنفرانسی ئاشتی لەژێر هەژموونی هاوپەیماناندا بوو، بە گومان بوون لەوەی کۆنفرانسەکە لە پرسی چارەسەرکردنی کێشەی سنوری نێوان کورد و ئەرمەندا لایەنگری ئەرمەنەکان بکات. لە راستیدا بۆ ئەوەی کورد لەو

کاتەدا سەرکەوتوو بوایە لە بەدەست هێنانی پشتیوانی هاوپەیمانان، رەنگە ئەم رێکەوتنە لەو کاتەدا باشترین رێگە بوو بێت.

سەید عەبدولقادر شەمزینی لە سەرەتادا زۆر دژی رێکەوتنەکەی شەریف پاشا و بوغوس نۆبار نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی مەبەست و ئامانجەکانی رێکەوتنەکە زیاتر روون بووەوە، دژی رێکەوتنەکە وەستایەوە. بۆیە لە سەرەتای راگەیاندنی رێکەوتنەکەدا، سەید عەبدولقادر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ( ئیقدام )، بەم شێوەیە باس لە رێکەوتنەکە دەکات ((..... باس لە مافی ئەرمەن دەکرێ لە شەش ویلایەتدا. ئێمە سەرنجمان بۆ ئەوە راکێشاون، کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و ئەو ناوچانەش لە هەموو روویەکەوە تەواو کوردین. ئێمە داوامان کرد ئەم پرسە لە رێی لیژنەیەکی هاوبەشەوە چارەسەر بکرێ، بە مەرجێ پرسی دانیشتوانی ( شەش ویلایەتەکە ) لەبەرچاو بگیرێ، بۆغوس نۆباریش ئەم پێشنیازەی لا پەسەند بوو. بەم شێوەیە رێك کەوتین کە کۆمیتەیەك بچێتە ئەو ویلایەتانە بۆ ئەوەی سەرژمێری دانیشتوان بکرێ، کە کێ زۆرینەیە. هەروەها بوغوس نۆبار لەوەش دڵنیای کردین، کە لەمەو دوا دژی کورد نابێ )). لە وەڵامی پرسیارێکی تری رۆژنامەکەدا، ناوبراو دەڵێ (( یەکێتی نێوان کورد و ئەرمەن هیچ جۆرە بنەمایەکی نیە، بۆیە قابیلی روودان نیە. ئێمە حەز دەکەین سنوری نێوانمان بە شێوەیەکی عادیلانە دەست نیشان بکرێ )) ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی ...، ل ٧٨ــ٧٩ ).

وەك باسمان کرد رێکەوتنەکەی ( شەریف پاشا و بوغوس نۆبار )، چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی کە ململانێیان لەسەر بوو لە نێوان کورد و ئەرمەندا دوایخستبوو، تا لە ئایندەدا لە رێگەی کۆنگرەی ئاشتیەوە چارەسەرێکیان بۆ دابنرێ. پێدەچێ شێخ عەبدولقادر گومانی لە بێلایەنی کۆنگرەی ئاشتی هەبوو بێ. وە گومانەکەشی لە جێگەی خۆیدا بووە.

نوێنەری حکومەتی قاجاریش کە بەشدار بوو لە کۆنفرانسی ئاشتیدا، هەوڵیدەدا بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بەوە رازی بکات، کە هەردوو بەشەکەی کوردستان یەکبخرێن و بخرێنە سەر دەوڵەتی قاجار ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی...،ل٨٤ ). ئەم داوایەی نوێنەری حکومەتی قاجار لە کاتێکدا بوو، کە لە ناوخۆی وڵاتدا حکومەتەکەی لە بەردەم هەرەشەی هەڵوەشانەوەدا بوو.

حکومەتی عوسمانی لە ترسی ئەوەی نەوەك کوردستانی بە تەواوی لە دەست بچێ، پێشنیازی خودموختاری کرد بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا. سەید عەبدولقادر شەمزینی رەزامەندی خۆی بۆ ئەم پێشنیازەی دەوڵەت راگەیاند. بەم هۆیەوە ناکۆکیەکی توند کەوتە نێوان ناوبراو و بەدرخانیەکان لەنێو ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ) دا. چونکە بەدرخانیەکان دژی مانەوەی کوردستان بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، وە خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوون. لە دەرنجامی کێشە و ناکۆکیەکانی نێو ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ) دا، سەید عەبدولقادر لە کۆمەڵەکە دوور خرایەوە. ئەمەش لێدانێکی کاریگەر بوو بەر یەکریزی خەباتگێرە کوردەکانی ئەستەمبوڵ کەوت ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی...،ل٧٣ ).

پێدەچێ هۆکاری رازی بوونی سەید عەبدولقادر و لایەنگرەکانی بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، زیاتر پەیوەندی بەم دوو هۆکارەوە هەبووبێ ١) شێخ عەبدولقادر باوەڕی بەوە نەمابوو، کە هاوپەیمانان بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەر بە کورد جێبەجێ دەکەن ٢) شێخ لەو کاتەدا ( سەرۆکی ئەنجومەنی شورای عوسمانی ) بوو، بەهۆی پێگەکەیەوە نەیدەتوانی داوای جیابوونەوەی کورد بکات لە دەوڵەتی عوسمانی. لە راستیدا هەر چۆنێ بێ، نزیك بوونەوە لە حکومەتی عوسمانی و پشتگوێ خستنی هاوپەیمانان لەو ساتە مێژوویی و هەستیارەدا هەڵەیەکی گەورە بوو. بە تایبەتی کە ئەمە پەرتبوونی یەکریزی گوتاری کوردی نیشان دەدا لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کەمتر بوونەوەی متمانەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کورد.

لە (١٩١٩/١٢/٣٠) دا لوید جۆرج ( سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ) لە کۆنفرانسی ئاشتیدا پێشنیازی کرد، ناوی کوردستانیش بخرێتە نێو ناوی ئەو وڵاتانەی کە بڕیار وایە لە جەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابڕێن. بەبێ نارەزایی لە لایەن بەشداربووانی کۆنفرانس، ئەم پێشنیازە پەسەند کرا ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل١٧٥ ). کەچی ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو کاتەدا، شێخ عەبدولقادر شەمزینی بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە، کە کورد و حکومەتی عوسمانی رێك کەوتوون لەسەر ئەوەی قەوارەیەکی

ئۆتۆنۆمی بۆ کورد پێك بهێنرێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەو مەرجەی ڕاستەوخۆ ببەسترێ بە خودی سوڵتانەوە ( کوردی تورکیا،ل١٤٨ ).

جگە لەو پەرتبوون و ناکۆکیانەی لەنێو ڕێبەرانی کوردستانی باکور دروست ببوو، ڕووبەڕوو بوونەوەی شێخ محمودیش لەگەڵ ئینگلیزدا لە ناوەراستی ساڵی (١٩١٩) دا، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گەلاڵە بوونی تێڕوانینێکی نەرێنی بەرامبەر بە کورد لە لایەن هاوپەیمانان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا.

ئەو ڕووداوە ناوخۆییانەی کوردستان، وە نەبوونی ڕێبەرێك کە بتوانێ خۆی وەك نوێنەری زۆرینەی گەلی کورد بسەلمێنێ و ببێتە جێگەی متمانە لە لایەن بەریتانیەکان، بووە هۆی زاڵ بوونی بۆچوونی ئەو بەرپرسانەی بەریتانیا کە دژی دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی بوون. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە، بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە ئاماژە بە بروسکەی وەزیری دەرەوەی بەریتاینا بۆ مەندوبی سامی وڵاتەکەی لە بەغدا بکەین، هەروەها وەڵامی بروسکەکەش لە لایەن مەندوبی سامیەوە بخەینە ڕوو.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە (١٩٢٠/٣/٢٣) دا، بروسکەیەکی ئاراستەی مەندوبی سامی وڵاتەکەی کرد لە بەغدا، کە لە بەشێکیدا هاتووە (( حکومەتی خاوەن شکۆ لەم نزیکانەدا، چەند پێشنیازێك پێشکەشی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەکات بۆ کەم کردنەوەی وابەستەیی سەربازی و سیاسی بۆ کەمترین ڕادە. بە باشی دەزانین کە بە یەکجاری لە کوردستاندا بکشێینەوە و هیچ لێپرسراوەتیەك هەڵنەگرین لە ڕووی کارگێڕیەوە، تەنانەت لە ناوچەی سلێمانیشدا. چونکە حکومەتی خاوەن شکۆ وا هەست دەکات ئەگەر حوکمێکی ئۆتۆنۆمی بە زیادەوە ببەخشرێ بە کوردستانی باشور لەژێر ڕاسپاردەی بەریتانیادا، لەوە زیاتر بێت کە دراوە بە گەلی عێراق، ناڕەزایی دروست دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە..... ئەگەر کوردەکان حەزیان بە ڕزگاربوون کرد لەژێر دەستی تورکەکان، ئەوا پاڵپشتی مەعنەوی تەواو دەکرێن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان..... بەڵام حکومەتی بەریتانیا زانیاریەکی تەواوی نیە لە بارەی ئارەزووی کوردانەوە. چونکە هیچ کەسایەتیەکی کوردی بەهێز نیە نوێنەرایەتی کوردان بکات و داواکاریەکانیان بخاتە بەردەم کۆنگرەی ئاشتی.... ئەو حکومەتەی بۆ کوردستان دادەنرێ، هەر چۆنێك بێ دەبێ

نفوزی دەستەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەی باشوردا باڵادەست بێ )) ( خەباتی چەکداری و رامیاری...،ل٢٥ـ٢٧ ).

عەقید وڵسنی مەندوبی سامی بەریتانیاش لە بەغدا، لە وەڵامی بروسکەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ( کیرزن ) دا، بیرۆکەی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە کوردستانی باشور رەت دەکاتەوە و، لەو بارەیەوە دەڵێ : کشانەوەی دەزگا کارگێڕیەکانمان لە سلێمانی، دەبێتە هۆی دروست بوونی تەنگ و چەڵەمە بۆمان. لە درێژەی وەڵامدانەوەکەیدا باس لەو دەکات ؛ کە هەر سێ ویلایەتی ( بەغدا و بەسرا و موسڵ ) لەو کاتەی کە لە لایەن تورکانەوە بەڕێوە دەبران، یەك پارچە بوون و جیا نەدەکرانەوە..... هەروەها کوردێکی ئەوتۆ نیە کە بەناوی هەموو کوردانەوە قسە بکات..... کوردەکان بە گشتی هەستی رەگەزایەتیان تێدا هەیە نەك نەتەوەیی، وە بارودۆخی سیاسیان هەمیشە رێگر بووە لە دروست بوونی یەکێتیەکی گەورەی سیاسی لە نێوانیاندا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧ـ٢٨ ).

قسەکەی مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا، رەنگە بەشێکی زۆری راستی تێدا بووبێ، کە وتی (( کوردەکان بە گشتی هەستی رەگەزایەتیان تێدایە نەك نەتەوەیی )). چونکە ئەگەر هەستی نەتەوەیی ( نیشتیمان پەروەرانی کورد ) زاڵ بوایە بەسەر هەستی رەگەزایەتیان، ئەوا دەیانتوانی بگەنە کۆدەنگیەکی باش لەسەر دیاری کردنی هەڵوێستێکی سیاسی یەکگرتوو، سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد و سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییەی کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بۆ کورد هاتبووە پێش.

بەهۆی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان شەریف پاشا و سەید عەبدولقادر شەمزینیدا هەبوو، کێشە کەوتە نێوان بەدرخانیەکانی نێو کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و شەریف پاشا. دوای دەرکردنی سەید عەبدولقادر لە کۆمەڵەکە، سەرکردایەتی تازەی کۆمەڵەکە رایگەیاند : کە چیتر شەریف پاشا بە نوێنەری خۆیان نازانن لە کۆنفرانسی ئاشتیدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤ ). ئەمەش پێگەی شەریف پاشای وەك نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بە تەواوی لەق کرد.

شەریف پاشا هەستی بەوە کردبوو، کە ویستێکی بەهێز هەیە بۆ دابەشکردنی کوردستان لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا. بۆیە بە توندی دژی ئەم هەوڵە وەستایەوە، وە لەم بارەیەوە رایگەیاند : کوردستان یەکە و جیا ناکرێتەوە، ئەگەر بڕیار بێ لە ئیمپراتۆڕیەتی

عوسمانی جیا بکرێتەوە بە مەبەستی دابین کردنی گەشە ئابوریەکەی، ئەوا دەبێ تەنیا لەژێر ئینتدابی یەك وڵاتدا بێ. لە شوێنێکی تریشدا باس لەوە دەکات ؛ ئەگەر بڕیار هەر ئەوە بێ کوردستان دابەش بکرێ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، ئەوا بۆ کورد خودموختاری لەژێر فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا زۆر باشترە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٧٩ ).

پشتگیری کردنی شەریف پاشا لە بیرۆکەی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، هەروەها پەیوەندی بەهێزی ناوبراو لەگەڵ شێخ عەبدولقادر شەمزینیدا، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە بڕوا و متمانەی لای هاوپەیمانانیش کەم بێتەوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی بەریتانیا، توانی زانیاری لەسەر بروسکەیەکی شەریف پاشا بەدەست بێنێ کە بۆ سوڵتانی عوسمانی ناردبووی، کە تێیدا ڕێزی خۆی بۆ سوڵتان نیشان دابوو ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی...،ل٨٢ ).

بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی کە لەسەری دروست ببوو، شەریف پاشا ناچار بوو لە (١٩٢٠/٤/٢٧) دا واز هێنانی خۆی لە نوێنەرایەتی کردنی کورد رابگەێنێ لە بەردەم کۆنفرانسی ئاشتیدا. بێگومان ئەم ڕووداوە، کاریگەریەکی زۆر خراپی هەبوو لەسەر مایەپووچ بوونی داخوازیەکانی کورد لە کۆنگرەکەدا. چونکە دوای وازهێنانی شەریف پاشا، بەشداربووانی کۆنفرانسەکە خۆیان لە بەردەم چەند گوتار و داخوازیەکی جیاجیای کوردا بینیەوە ( خەباتی چەکداری و رامیاری...،ل٣٥ ). نەبوونی یەك گوتاری کورد بەرامبەر بە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، هەمیشە زیانێکی زۆر گەورەی بە خەون و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد گەیاندوە.

هەرچەندە لە کۆنفرانسی ئاشتیدا هیچ بڕیارێك لە بەرژەوەندی کوردا دەرنەچوو، بەڵام لە رووی ناساندنی دۆزی کورد و داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەییەکانی، شەریف پاشا توانی خزمەتێکی زۆر بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد بکات. هەندێ لە لێکۆڵەر و مێژوونووسان لەو بڕوایە دان کە کارو چالاکیەکانی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتیدا، بوون بە بنچینەیەکی بەهێز بۆ چەسپاندنی بەندەکانی ( ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ ) ی پەیمانی سیڤەر.

## ـــ پرسی کورد لە بەردەم هەردوو کۆنگرەی ( سانڕیمۆ و قاهیرە ) دا :

یەکێك لە کارە گرنگەکانی ئەم کۆنگرانە، لێکۆڵینەوە بوو لە بارودخی نێودەوڵەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم. وە هەر لەو کۆنگرانەدا هاوپەیمانان چاویان بە ستراتیجیەکانی خۆیاندا دەخشاندەوە. بۆیە بۆ گەلانی ژێردەستە ئەم جۆرە کۆنگرانە زۆر چارەنووسساز بوون. بێگومان کوردیش وەك گەلێکی ژێردەستە، تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسی پرسەکەی بە دەرنجامی ئەم کۆنگرانەوە بەسترا بووەوە. هەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی تیشکێك بخەینە سەر هەردوو کۆنگری ( سانڕیمۆ و قاهیرە ). چونکە نامانەوێ رووبەری لێکۆڵینەوەکەمان لەمە زیاتر فرەوان بێت.

کۆنگرەی سانڕیمۆ لە (١٨ــ١٩٢٠/٤/٢٦) بەڕێوە چوو. ئەو کاتەی کۆنگرەکەی تێدا بەڕێوە چوو، لەنێو ریزی نیشتیمان پەروەرانی کوردا پەرت بوونێکی گەورە لە ئارادا بوو. ئەمەش کارێکی زۆر خراپی کردبووە سەر تێڕوانینی هاوپەیمانان بەرامبەر بە کورد. ئەمەش یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو هۆیانەی، کە وای لە بەریتانیا کرد دژی بەشداری کردنی نوێنەری کورد بێ لە کۆنگرەکەدا. کیرزن ( وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ) لە کۆنگرەکەدا لە بارەی پرسی کوردەوە رایگەیاند : کێشەکە لەوە دایە کە کورد وەك پەلکە زێڕینە وایە ! ! ! ؟ هەموو جۆرە بیروڕایەکیان تێدایە. هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەناو کورداندا بەدی ناکرێ و کەسێکی شیاو لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەکە نادۆزیتەوە ! کوردەکان دەزانن بەبێ هاوپەیمانان هیچیان پێ ناکرێ و بە دڵ فرەوانیەوە پاراستنی فەرەنسا و بەریتانیایان قبوڵە. ئەگەر هاتوو سەربەخۆیی کوردستان مەحاڵ بوو، فەرەنسا و بەریتانیاش ئامادەی ئەو پارێزگاریە نەبوون، ئەوا باشترە لە کوردان بگەڕێین، با بەخۆیان هەر لەگەڵ تورکەکاندا بژین. چونکە لەگەڵیاندا راهاتوون ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل١٧٨ ).

هەرچەندە ( کیرزن ) تێڕوانینێکی نەرێنی هەبوو بەرامبەر بە دۆخی سیاسی کورد، بەڵام لەبەرئەوەی وڵاتەکەی بەرژەوەندی لە لاوازتر کردنی پێگەی تورکدا هەبوو، بۆیە دژی مانەوەی کورد بوو لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا. هەر بۆیەش لە کۆنگرەکەدا ناوبراو پرۆژەیەکی پێشکەش کرد سەبارەت بە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی. کە لە سێ بەند پێك هاتبوو، کە لە پەیمانی سیڤەردا بە ژمارەکانی ( ٦٢ ، ٦٣

،٦٤ ) تۆمار کران ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٢٤ ). بەمەش دەردەکەوێ کە بەریتانیا رۆڵی سەرەکی هەبووە لە چەسپاندنی ئەو بەندانەی ( پەیمانـی سیڤەر )، کە پەیوەندیان بە چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە هەبوو.

کۆنگرەی قاهیرە لە (١٩٢١/٣/١٢) دا دەستی بە کارەکانی کرد. لە بارەی پرسی کوردستانی باشور، ئەندامانی کۆنگرەکە بوون بە دوو تیم. سێر پرسی کۆکس کە رێبەرایەتی تیمێکی دەکرد، دەیوت کوردستانی باشور بەشێکی جیا نەکراوەیە لە میزۆپۆتامیای عەرەبی. ناوبراو و مسس بێڵ دەیانوت، کوردەکان دەیانەوێ بچنە پاڵ میزۆپۆتامیای عەرەبی. هەر بۆیەش کۆکس نارەزایی خۆی بەرامبەر بە پێشنیازی ( منتیگیو ) نیشاندا، کە باسی لە دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی کوردی کرد کە تێیدا رێبەرێکی کورد بکرێ بە فەرمانڕەوا ( من التخطيط الى التجزئة ....،ص ٢٤٨ـ ٢٤٩ ).

سێر پرسی کۆکس ئەو کات مەندوبی سامی بەریتانی بوو لە بەغدا. بۆیە تاڕادەیەکی زۆر گوێ لە قسەکانی دەگیرا. بەڵام لەبەر ئەوەی قسەکانی باوەڕ پێکەر ( مقنع ) نەبوون، کە دەیوت کوردەکان دەیانەوێ بچنە پاڵ میزۆپۆتامیای عەرەبی، بۆیە نەیتوانی پشتگیری تەواوی بەشداربووانی کۆنگرەکە بەدەست بێنێ.

بۆچوونی تیمەکەی تری کۆنگرەکە لە بەرژەوەندی کوردا بوو. هیوبرت[١] پشتگیری لە دروست کردنی بە پەلەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکرد، کە ببێتە لەمپەر لە بەردەم هەڕەشەی کەمالیەکان. هەر یەکە لە مێجەر نوئێل و چەرچڵیش پشتیوانیان لەم بۆچوونە کرد. چەرچڵ ترسی خۆی لە هەستی کوردەکان دەربڕی، کاتێ بچەوسێنرێنەوە لە لایەن فەرمانڕەوایەکی عەرەبییەوە. ناوبراو لەگەڵ هەبوونی دەوڵەتێکی عەرەبی بەهێز نەبوو لـە میزۆپۆتامیادا، کـە ببێتە هاندەر بـۆ ( مەلیك فەیسەل ) بۆ لاوازکردنی باڵادەستی بەریتانیا بەسەر میزۆپۆتامیادا ( سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٤٩ـ٢٥٠ ).

پێدەچێ مەبەستی هیوبرت، دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی بووبێ لە ویلایەتی موسڵ. هەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی باشور، دەبێتە لەمپەر لە نێوان

---

(١) ئەمینداری یاریدەدەر بوو لە ( فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی تازە ).

دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی عێراقی عەرەبی[1]. بەم شێوەیە لە رووی سەربازیەوە ، تورکیا ناتوانێ ببێتە هەڕەشە لەسەر عێراق.

فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ( فەرمانگەیەکی رەسمی بەریتانی بوو )، یاداشتێکی پێشکەش کرد بە لیژنەی سیاسی کۆنگرەی قاهیرە، کە تێیدا باسی ئەوە کرابوو ؛ نابێ ناوچە کوردیەکان بخرێنە سەر حکومەتی میزۆپۆتامیا[2]. وە دیاری کردنی ئەو ناوچەیەی، کە حکومەتی خاوەن شکۆ دەتوانێ سیاسەتی خۆی تێدا بەو جۆرە ئاراستە بکات، بەپێی پێویست پشت بەو مەرجە کۆتاییانە دەبەستێ کە لە ئەنجامی رێکەوتنی ئاشتیانە لەگەڵ تورکدا دێنە ئاراوە ( المأساة الكردية...،ل٢٦١ ). ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە بەریتانیەکان ئومێدێکی زۆریان بە رێکەوتنی ئاشتی هەبوو لەگەڵ تورکدا، بۆ مسۆگەر کردنی دەسکەوتەکانیان لە ناوچەکەدا.

هەرچەندە راسپاردەی کۆنگرەی قاهیرە ئەوەبوو، کە کوردستانی باشور بە جیاکراوی بمێنێتەوە و نەبەسترێ بە عێراقەوە، بەڵام زۆرینەی بەشداربووانی کۆنگرەکە لەبەر دڵی ( کۆکس ) مەرجێکیان دانا (( ئەم بڕیارە تا سێ ساڵ کاری پێ ناکرێ، بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن رای خۆیان دەربڕن، ئایا دەچنە پاڵ عێراق یان نا )) ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٦٢ ). ئەم راسپاردەیەی کۆنگرە بۆ کورد زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەڵام ئەم مەرجەی کە دانرا بووە چەکێکی خراپ بەدەست ئەو بەرپرسانەی ئینگلیز کە راسپاردەکەیان بە دڵ نەبوو. بۆیە بە ئەنقەست جێبەجێ کردنی راسپاردەکەیان پشتگوێ خست.

لە دوای تەواوبوونی کۆنگرەی قاهیرە، لەسەر داوای چەرچڵ برگەی (١٦) لە ئینتدابی میزۆپۆتامیا بەم شێوەیە هەموار کرا (( هیچ شتێك لەو ئینتدابە رێگری لە مونتەدیب ( بەریتانیا ) ناکات بۆ دامەزراندنی سیستەمی ئۆتۆنۆمی لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن لە بەشی باکوری میزۆپۆتامیا، بەو شێوەیەی بە گونجاو دەبینرێ )) ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٢٥١ ). ئەمەش گۆڕانێکی زۆر باش بوو لە هەڵوێستی رەسمی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندیە ستراتیجەکانی

---

(١) ئەگەر کوردستانی باشور لە عێراق جیا بێتەوە، عێراق بە تەواوی دەبێتە وڵاتێکی عەرەبی.

(٢) مەبەست لە حکومەتی میزۆپۆتامیای عەرەبیە، واتە هەردوو ویلایەتی ( بەسرا و بەغدا ).

بەریتانیاوە هەبوو، ئینگلیزەکان لە بیرۆکەی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە میزۆپۆتامیا پەشیمان بوونەوە.

## بەشی دووەم :
## پرسی کورد لە روانگەی کارەکانی لیژنەی ( کینگ کراین ) وە

سەرۆکی ئەمریکا ( ویلسۆن ) زۆر پەرۆشی پرسی ئاشتی و سەقامگیری بوو لە جیهاندا، لەم پێناوەشدا بایەخێکی زۆری بە کێشەی گەلانی ژێردەستی ولآتانی میحوەر ( ولآتانی شکستخواردوو لە جەنگی جیهانی ) دەدا. بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن و ئاگادار بوون لە گرفت و کێشەی ئەو گەلانەی کە ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی بوون، سەرۆك ( ویلسن ) بە رەزامەندی ولآتانی هاوپەیمان، لیژنەیەکی پێکهێنا و رەوانەی ناوچەکەی کرد. لیژنەکە بە سەرپەرشتی هەر یەك لە ( هنری چەرال کینگ ) و ( چارلز کراین ) بوو، هەر بەناوی ئەوانیشەوە لیژنەکە ناسرا بە ( کینگ ـ کراین ). ئەرکی سەرەکی لیژنەکە بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە لە رەوشی سیاسی ناوچەکە و، کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی خواستە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەو گەلانەی کە ژێردەستەی عوسمانی بوو ( رۆڵی عەلمانیەت ...،ل١٩٢ ).

لیژنەکە لە کوردستاندا چاوی کەوت بە چەندین کەسایەتی و گروپ، وە پرسیاری ئاراستە کردن سەبارەت بە خواستە سیاسیەکانیان. لە ئاکامی ئەم پرسیارانەدا دەرکەوت کەوا نوێنەر و سەردارانی کورد، کۆك نین لەسەر هیچ خواستێکی سیاسی دیاری کراو.

زۆربەی ئەو کەسایەتیە کوردانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ لیژنەکەدا کرد، ترسی خۆیان نیشاندا بەرامبەر بە خواستە سیاسیەکانی ئەرمەن. ئەوەیان خستەڕوو کە دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان، زیانێکی زۆری دەبێ بۆ ئایندەی پرسی نەتەوەیی کورد.

بەشێك لەو کوردانەی لە لایەن لیژنەکەوە بۆچوونیان وەرگیرا، داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان کرد. ئەوەیان رەتکردەوە کە لە لایەن عەرەب، یان تورك فەرمانڕەوایی بکرێن.

هەرچی نوێنەرانی ( پارتی دیموکراتی کورد )[1] بوون، کە پێك هاتبوون لە ( نەجمەدین بەگ، حوسێن بەگ، عەزیز بابان ) لە بەردەم لیژنەکەدا داوای دامەزراندنی حکومەتێکی

---

(١) هەندێ جار ناوی ئەم رێکخراوە بە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) هاتووە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا.

کوردیان کرد، لەو ناوچانەی کە کورد زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن. کە بە دیاری کراوی ئەو ناوچانەیان دیاری کرد ( ویلایەتی خەربوت، ویلایەتی دیاربەکر، ویلایەتی وان، ویلایەتی بەدلیس، ویلایەتی ئەرزەرووم، ویلایەتی بایەزید و ویلایەتی موسڵ )، لەگەڵ ڕێگایەك بۆ سەر دەریا. داوایان کرد کە حکومەتە کوردیەکە بکەوێتە ژێر مانداتی بەریتانیا وەك بەشێك لە عێراق. وە داوایان کرد کە هیچ سەروکارێکیان بە تورکەوە نەمێنێ. هەروەها ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ داننان بە سەربەخۆیی ئەرمینیا، بەو مەرجەی لە دەرەوەی ناوچە کوردیەکان بێت. وە پێشنیازی ئەوەیان کرد کە ئەرمەنەکانی کوردستان لەگەڵ کوردەکانی ئەرمینیا بگۆڕدرێنەوە. جگە لەمانەش داوای گەڕاندنەوەی ئەو کوردە پەنابەرانەیان کرد، کە تورك لە نیشتیمانی خۆیان رایگواستبوون ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٢٦ ــ ٢٧ ).

زۆربەی داوا و پێشنیازەکانی نوێنەرانی ( پارتی دیموکراتی کورد )، جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنن. کە داوای ئەوەیان کرد کورد هیچ سەروکارێکی بە تورکەوە نەمێنێ، واتە داوای جیاکردنەوەی کوردستانیان کردوە لە دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەمەش داواکاریەکی ژیرانە بووە. وە پێدەچێ نوێنەرانی پارتەکە لە گرنگی ئەرمینیا تێگەیشتبن لە روانگەی بایەخ پێدانی رۆژئاواوە. بۆیە ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ داننان بە دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمینیا، بەڵام نەك لەسەر خاکی کوردستان، کە هەندێ لە وڵاتە ئەوروپیەکان خوازیاری ئەوە بوون. سەبارەت بە پێشنیازەکەشیان بۆ گۆڕینەوەی ئەرمەنەکانی کوردستان و کوردەکانی ئەرمینیا، رەنگە ئەم پێشنیازە لە رووی مافی مرۆڤەوە کێماسی هەبوو بێ، بەڵام لە رووی سیاسیەوە چارەسەرێکی زۆر باش بوو. چونکە رێگری دەکرد لە دروست بوونی کێشەی کەمە نەتەوەیی لە ئەرمینیا و کوردستاندا.

تەنیا یەك داواکاری نوێنەرانی ( پارتی دیموکراتی کورد ) جێگەی پرسیار و سەرنجە، کە داوای کرد حکومەتە کوردیەکە بکەوێتە ژێر ماندانی بەریتانیا وەك بەشێك لە عێراق. کە دەکرێ لە دوو رووەوە ئەم داواکاریە رووبەڕووی رەخنە بکرێتەوە     یەکەم : داوا کراوە سەرجەم ویلایەتە کوردیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکرێن بە بەشێك لە عێراق. بەمەش کورد لە تورك جیا دەکرایەوە، بەڵام دەبووە ژێردەستەی عەرەب     دووەم : کە داوایان کردوە کوردستان بخرێتە ژێر ماندانی بەریتانیا، پێویست نەبوو بڵێین وەك بەشێك لە عێراق. چونکە عێراق خۆی لەژێر ( ئینتداب ) ی بەریتانیادا بوو.

هەندێ لەو کوردانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ لیژنەی ( کینگ کراین ) دا کرد، لایەنگری دەستەڵاتی عوسمانی بوون. بۆیە داوای ئەوەیان کرد کە کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بمێنێتەوە. نمونەی ئەو کەسانەش، وەك شێخ رەزا ئەفەندی کەرکوکی و حیکمەت بابان زادەی سلێمانی.

دوای تەواو بوونی کارەکانی، لیژنەکە لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە رەوشی کوردستان و خواست و داواکانی کورد کرد. هەروەها بۆچوونی خۆشی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد خستەڕوو. لەم بارەیەوە دکتۆر ( لیبیر ) ئەندامی لیژنەکە دەڵێ (( کورد داوای ناوچەیەکی زۆر فرەوان دەکات، کەچی خۆشیان بوونەتە کوردی قزلباش[1] و کوردی سوننە. باشتر وایە کورد لە هەرێمێکی جوگرافی سروشتی ( نێوان ئەرمینیا کە بە نیازن[2] بیکەن بە حکومەتێکی سەربەخۆ و وڵاتی دوو ئاوان (( رافیدین ))[3] لە باشور و فوراتیش وەك سنوری رۆژئاوا و دەوڵەتی قاجاریش لە رۆژهەڵات ) کۆبکرێنەوە. حوکمێکی خۆ رێبەری ( ئۆتۆنۆمی ) یان، کە راستەوخۆ لەژێر ماندات بێ بۆ پێك بهێنرێ. بە مەبەستی ئامادە کردنیان بۆ سەربەخۆیی، یان یەکێتی فیدراڵی لەگەڵ دراوسێکانیان لە حکومەتێکی تەواو سەربەخۆدا )). هەر بەپێی تێڕوانینی ئەم ئەندامەی لیژنەکە ؛ وا بە باش زانرا کەمینە ئەرمەنی و تورکەکان لەگەڵ کوردەکان بگۆڕدرێنەوە، بەو شێوەیە دەستەبەری ملیۆن و نیوێك کورد لەو ناوچەیەدا دەکرا. کەچی ئەندامانی لیژنەکە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەدا بوون، کە لەبەر هۆی جوگرافی ئەو ناوچە کوردیانە، وا باشە کوردستان بخرێتە سەر مانداتی عێراق، لەوەی بخرێتە سەر ئەرمینیا یان ئەنادۆڵ ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٢٨ــ٢٩ ).

بە سەرنجدان لە دید و تێڕوانینی ئەندامانی لیژنەکە، دەردەکەوێ کە تاڕادەیەکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بۆچوونی ( پارتی دیموکراتی کورد ). بەڵام ئەو پرسیارە گرنگەی کە لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە، بۆ لەبری ئەو پێشنیازەی کە کوردستان بخرێتە سەر ماندانی عێراق، پێشنیازی ئەوەیان نەکرد کە راستەوخۆ بخرێتە ژێر ( ئینتداب ) ی بەریتانیا؟! لە

(١) مەبەست لە کوردی قزلباش،کوردی شیعەیە.

(٢) مەبەستی ئەوەیە کە ئەوروپییەکان بە نیازن حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنەکان دروست بکەن.

(٣) مەبەستی لە عێراقی عەرەبیە، کە ئەو کات ئەو ناوچەیە زیاتر بە وڵاتی دوو ئاوان ( دوو زێیان ) دەناسرا.

کاتێکدا کە عێراق خۆی لەژێر ( ئینتداب ) ی بەریتانیادا بوو! بەمەش دەتوانین بڵێین کە لیژنەکە سەرکەوتوو نەبوو، لەوەی پێشنیازێکی دروست پێشکەش بکات سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد.

نەبوونی یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی لەنێو ڕێبەرانی کوردا سەبارەت بە دیاری کردنی چارەسەرێک بۆ ئایندەی پرسی سیاسی کوردستان، بێگومان کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بۆچوونی ئەندامانی لیژنەکە بەرامبەر بە دۆزی نەتەوەیی کورد. بێگومان ئەگەر نوێنەرانی کورد لەسەر دیاری کردنی خواستە نەتەوەییەکانیان کۆدەنگ بوونایە، ئەوا بۆچوون و پێشنیازی ئەندامانی لیژنەکەش سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد زۆر ئەرێنی تر دەبوو.

# بەشی سێیەم :
# کاریگەری هەردوو پەیماننامەی ( سیڤەر و لۆزان )
# لەسە ئایندەی پــرســی کــورد

## ــــ پەیمانی سیڤەر :

لە پێناو رەوایەتی دان بەو گۆڕانکاریانەی کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم هاتبوونە ئاراوە، هاوپەیمانان پێویستیان بەوە بوو کە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بسەپێنن بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا، هەر وەك چۆن پەیماننامەی ( ڤێرسا ) یان سەپاندبوو بەسەر ئەڵمانیادا. ئامانج لەو پەیماننامەیە، دیاری کردنی چارەنووسی ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانی بوو، کە بێگومان کوردستانی عوسمانیشی[1] دەگرتەوە.

بارودۆخی کوردستانی عوسمانی بەر لە واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

- ویلایەتی موسڵ، کەوتبووە چوارچێوەی ناوچەکانی ژێر هەژموونی بەریتانیاوە. چارەنووسی ئەم ویلایەتە بە هەڵپەسێردراوی مابووەوە لە نێوان بەریتانیا و حکومەتی عوسمانیەوە.
- ناوچە کوردیەکانی باشوری خۆرئاوای کوردستان، کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی فەرەنساوە.
- ناوچەکانی تری باکوری کوردستان، هەر لەژێر دەستی حکومەتی عوسمانیدا مابوونەوە، وە ببوونە گۆڕەپانی ململانێیەکی توند لە نێوان ( کورد و ئەرمەن و تورك ) دا .

دکتۆر سعد بشیر ئەسکەندەر سەبارەت بە هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستانی باکور، بەر لە مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر، باس لەوە دەکات ؛ لە (١٤/ نیسانی/١٩٢٠) دا،

---

(١) لەبەر ئەوەی دەوڵەتی قاجار بەشدار نەبوو لە جەنگدا ، بۆیە چارەنووسی کوردستانی قاجار هەر وەك خۆی مایەوە .

واتە بەر لە واژۆکردنی پەیماننامەکە، هەڵوێستی بەریتاینا سەبارەت بە کوردستانی باکور ئەوەبوو، کورد جیا نەبێتەوە لە تورك، بەڵکو ئۆتۆنۆمیەکی ناوخۆیی هەبێ ( من التخطيط الى التجزئة..،ص٢٢٥ ). راستە بەریتانیا دواجار پشتگیری لەو تێزە کرد کە دکتۆر سعد باسی لێوە دەکات، بەڵام هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد لە پەیمانی سیڤەردا جۆرێکی تر بوو، کاتێ پشتگیری لە ئۆتۆنۆمی هەندێ لە ناوچە کوردیەکانی باکور[1] کرد. ئەمەش بە راستی ئەو گومانە زیاتر دەکات، کە بەریتانیا جددی نەبووە لە جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کە تایبەت بوون بە کورد.

ئەم پەیماننامەیە لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی لە (١٩٢٠/٨/١٠) دا مۆر کرا، بەندەکانی (٦٢،٦٣،٦٤) ی تایبەت بوون بە پرسی کورد، بەم شێوەیەی خوارەوە :

- بەندی (٦٢) : لە رۆژی جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانەوە تاکوو شەش مانگ، سێ ئەندامی سەر بە سێ دەوڵەت ( فەرەنسا، بەریتانیا، ئیتالیا ) لە ئەستەمبۆڵ کۆدەبنەوە، ئەم لیژنەیە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باکور دیاری دەکات.
- بەندی (٦٣) : دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن دەدات تا سێ مانگ، بڕیارەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکات، کە لە بەندی (٦٢) دا هاتووە.
- بەندی (٦٤) : ئەگەر ئەو ناوچانەی کە لە بەندی (٦٢) دا دەست نیشان کراون، تا ماوەی ساڵێك لە دەرچوونی ئەم پەیمانە، رووبکەنە ( کۆمەڵەی گەلان ) و بیسەلمێنن کە زۆربەی دانیشتوانیان خوازیاری جیابوونەوەن لە دەوڵەتی عوسمانی، وە ئەگەر ( کۆمەڵەی گەلان ) بۆی دەرکەوت کە کوردەکان شیاوی یان شایستەی ئەم سەربەخۆییەن و رایسپارد کە مافی سەربەخۆییان پێبدرێ. ئەوا دەوڵەتی عوسمانی لە ئێستاوە بەڵێن دەدات، جێبەجێی بکات و لەم ناوچە کوردیانەدا واز لە هەموو مافێکی خۆی دەهێنێ. وە ئەگەر لە کاتی خۆیدا حکومەتی عوسمانی ئەم بەڵێنانەی جێبەجێ کرد، ئەو کاتە هێزی هاوپەیمانان بە رەوای دەزانێ کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ، ئەگەر بێت و خۆیان داوا بکەن و خوازیاری چوونە ناو ریزی ئەم دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیە بن، مافی ئەوەیان

(١) ناوچە کوردیەکانی باکور لە پەیمانی سیڤەردا کرابوون بە سێ بەش، لە نێوان فەرەنسا و کورد و ئەرمەندا.

هەبێ لەگەڵ برا کوردەکانیان یەك دەوڵەتی سەربەخۆ پێك بهێنن ( چەند بابەتێك ...،ل٦٣ ــ ٦٤ ).

جێبەجێ کردنی ئەم سێ بەندانەی پەیمانی سیڤەر کە تایبەت بوون بە کورد، زیاتر وابەستەی ئەم دوو مەرجە سەرەکیە کرابوون یەکەم : خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی دووەم : گەیشتنی کۆمەڵەی گەلان بەو باوەڕەی کە کورد شایستەی سەربەخۆییە.

هەرچەندە پەیمانی سیڤەر مافی بوون بە خاوەن دەوڵەتی دابوو بە کورد، بەڵام لەبەر نەبوونی خواستێکی بەهێز بۆ سەربەخۆیی، کورد نەیتوانی ئەم مافە مسۆگەر بکات. راستە هەندێ دەنگی دلێر لەنێو کوردا هەبوون کە داوای جیابوونەوەیان دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەم دەنگە دلێرانە کەم و بێ کاریگەر بوون، بە بەراورد بەو دەنگانەی کە خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوون لە چواچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، وەك شێخ عەبدولقادر شەمزینی و لایەنگرانی. هەروەها رەوتێکی بەهێزی تر هەبوو لەنێو کوردەکانی باکوردا، کە خوازیاری ئەوە بوون چارەسەرکردنی پرسی کورد وابەستە بکرێ بە بەڵێنەکانی مستەفا کەمالەوە. کە بەڵێنی دابوو لە دوای سەرکەوتنی جوڵانەوەکەی، مافی ئۆتۆنۆمی بدات بەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە کورد دژی ئاراستەی شەپۆلەکان مەلەی کردوە. چونکە لە کاتێکدا پەیمانی سیڤەر دانی ناوە بە مافی هەبوونی دەوڵەت لە لایەن کوردەوە، کەچی بەشێکی زۆر لە رێبەر و چالاکوانانی کورد لە تورك نزیك بوونەتەوە، بەو ئومێدەی پرسی کورد لەژێر سایەی دەستەڵاتی تورکدا چارەسەر بکرێ.

مەرجی دووەمی جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەی کە تایبەت بوون بە پرسی کورد، پەیوەندی بە ویستی کۆمەڵەی گەلانەوە هەبوو، کە جڵەوەکەی لەژێر چنگی هاوپەیمانان‌دا بوو، بە تایبەتیش ئینگلیز. کە زۆر پێیان دانەگرت لەسەر جێبەجی کردنی ئەم بەندانەی پەیمانەکە.

سەبارەت بە هەڵوێستی بەریتانیا لە جێبەجێ کردنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر، هیوبرت یانگ پێی وابوو ؛ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ یان خودموختاری ناوخۆیی، هەڵوێستی بەریتانیا لاواز دەکات لە میزۆپۆتامیادا. بۆیە پێشنیازی کرد، کە

فەرمانڕەوایەتیەکی تورکی کاتی بسەپێنرێ بەسەر ( کوردستانی باکور و باشور ) دا بۆ ماوەی یەك ساڵ. لەو ماوەیەدا ئازادی بدرێ بە کورد لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، چ بە راگەیاندنی کوردستانی سەربەخۆ، یان کوردستانی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیدا[1] ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٣٣٢ ). بێگومان ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرایەتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە بڕیار بوو بەپێی پەیمانی سیڤەر دابمەزرێ، ئەوا هەڵوێستی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیادا لاواز دەبوو. چونکە ویلایەتی موسڵ پێگەیەکی گرنگی ستراتیجی بوو بۆ بەریتانیا.

پێدەچێ هەر ئەم هۆیەش بووبێ، کە وای لە بەریتانیا کردوە خەمسارد بێ لە بەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کە تایبەت بوون بە پرسی کورد. بۆیە هەر یەك لە مونتیگیو و لۆرد کێرزن، گومانی خۆیان نیشاندا لە ئەگەری جێبەجێ بوونی بەندەکانی (٦٤،٦٢) ی پەیمانی سیڤەر. چونکە بەریتانیا ئامادە نەبوو هیچ بەرپرسیاریەتیەکی سەربازی بگرێتە ئەستۆ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەندانەی پەیمانەکە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢٦ ــ ٢٢٧ ).

لە راستیشدا یەکێك لە کەموکوڕیەکانی پەیمانی سیڤەر، ئەوەبوو رەگەزی ( هێز ) ی تێدا نەبوو بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی، بە تایبەتی ئەو بڕگانەی کە پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەبوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢٦ ).

راستە ئینگلیز خەمسارد بوو بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی کورد کە لە پەیمانی سیڤەردا هاتبوون، بەڵام بەشێکی زۆری بەرپرسیاریەتیەکەش دەکەوێتە ئەستۆی کورد خۆی. کە سەرەڕای سەلماندنی مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، کەچی کورد ڕاڕا و دڕدۆنگ مایەوە لە بڕیاردان لە بارەی چارەنووسی خۆیەوە. ئەوەبوو کەمال ئەتاتورك، سوودێکی زۆری لەو دڕدۆنگیەی کورد بینی. ناوبراو پەیوەندیەکی قوڵی لەگەڵ کوردەکاندا دامەزراند و بەڵێنی دانێ کە ئەو

(١) دوای دروست کردنی حکومەتی ئەنقەرە لە لایەن مستەفا کەمالەوە، لەو وڵاتەدا دوو حکومەت بوونیان هەبوو، حکومەتی کەمالیەکان لە ئەنقەرە و حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ. ئەم دۆخە بەردەوام بوو، تا لەناوبردنی حکومەتەکەی ئەستەمبوڵ لە لایەن مستەفا کەمالەوە لە کۆتاییەکانی (١٩٢٢) دا.

ئۆتۆنۆمیەی ئەو ئامادەیە بیانداتێ، گەلێك لەو ئۆتۆنۆمیە فرەوانترە كە لە پەیمانی سیڤەردا بەڵێنیان پێداون ( كوردستان و مەسەلەكانی...،ل١٤٦ـ١٤٧ ).

هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٢١) وە، هاوپەیمانان هەوڵیاندا بگەنە جۆرێك لەیەك تێگەیشتن لەگەڵ كەمالیەكان. هەر بۆیەش بانگهێشتیان كردن بۆ بەشداری كردن لە كۆنگرەی لەندەن لە (١٩٢١/٢/١) دا، بەڵام لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە لە كۆنگرەكە كشانەوە ١) ئامادە نەبوون بەشداری وتووێژێك بكەن، كە نوێنەری حكومەتی سوڵتان تێیدا ئامادە بێ ٢) داوای هاوپەیمانانیان قبوڵ نەكرد، كە پەیماننامەی ( سیڤەر ) ببێتە بناغەی وتووێژەكان ( وریابوونەوەی كورد،ل٢٥٩ ). لە كاتێكدا كەمالیەكان زۆر دژی ئەو مافانەی كورد بوون كە لە ( سیڤەر ) دا هاتبوون، كەچی زۆر بە ئاسانی توانیان كورد لە خشتە بەرن لە رێگەی ئەو بەڵێنانەی كە پێیان دان.

بە گشتی خوێنەری كورد بەو شێوەیە لە پەیمانی سیڤەر تێگەیشتووە، كە دانی ناوە بە دروست كردنی قەوارەیەكی كوردی لە هەردوو بەشی ( باكور و باشوری كوردستان ) دا، بەڵام لە راستیدا بەپێی ئەو پەیمانە كوردستانی عوسمانی دابەش كرابوو بۆ پێنج بەش لە نێوان ( كورد، حكومەتی عوسمانی، سوریای فەرەنسی، میزۆپۆتامیای بەریتانی، ئەرمەن ) دا. بە بۆچوونی دكتۆر سعد بشیر ئەسكەندەر، پەیمانی سیڤەر یەكەم دابەشكردنی كوردستانە لە چوارچێوەیەكی فرەواندا ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٢٢٩ ) .

بەپێی پەیمانی سیڤەر ، بەشێك لە كوردستانی باكور هەر لەژێر دەستی حكومەتی عوسمانیدا مابووەوە. وە ناوچەیەكی فرەوانتریش درابوو بە فەرەنسیەكان، كە ئورفا و نوسەیبین و ماردینیشی لەخۆ دەگرت ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٧ ). وە بەشێك لە كوردستانی باشور خرابووە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی، واتە نەدەكەوتە چوارچێوەی ئەو قەوارە كوردیەی كە لە پەیمانی سیڤەردا باس كرابوو. وە بەشێكی فرەوانی كوردستانی باكوریش درابوو بە دەوڵەتی ئەرمەن.

یەكێكی تر لە كەموكورپیەكانی پەیمانی سیڤەر ئەوەبوو، سنوری نێوان كوردستان و ئەرمەنستانی بە تەواوی دیاری نەكردبوو ( مێژووی هاوچەرخی كورد،ل٢٨٧ ). ئەمەش دەبووە هۆی درێژە پێدانی ململانێی نێوان كورد و ئەرمەن لەسەر كێشە سنوریەكان. پەیمانەكە دانی نابوو بە دروست كردنی دەوڵەتێك بۆ ئەرمەن لە ویلایەتەكانی ئەرزەرووم و

تەرابزوون، لەگەڵ بەشێك لە ناوچەكانی هەردوو ویلایەتی وان و بەدلیس ( كوردستان چۆن داگیر و...،ل٤٢ ). سەبارەت بەو ناوچانەی كوردستانی باكوریش كە بەپێی بەندەكانی (٦٤،٦٢) ی پەیمانەكە دەكەوتنە چوارچێوەی كوردستانی ئۆتۆنۆم، بریتی بوون لە ویلایەتی دیاربەكر و بەشێك لە ویلایەتەكانی وان و بەدلیس ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٢٢٦ ). بەم شێوەیە دەردەكەوێ كە بەشێكی زۆر لە خاكی كوردستانی باكور، خرابووە سەر دەوڵەتی ئەرمەن. دكتۆر سعد بشیر ئەسكەندەر لەم بارەیەوە دەڵێ (( بەپێی پەیمانی سیڤەر، دەوڵەتی ئەرمەنی پێشنیاز كراو نزیكەی نیوەی ناوچەكانی كوردستانی باكوری دەگرتەوە. لە كاتێكدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێشنیاز كراو بۆ كورد، نزیكەی لە (٢٠٪) ی رووبەری كوردستانی عوسمانی دەگرتەوە )) ( سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥ ). بەمەش ئەو راستیە دەردەكەوێ كە لە پەیمانی سیڤەردا نادادیەكی زۆر بەرامبەر بە كورد كرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی پەیمانی سیڤەر زۆر باشتر بوو لە پەیمانی لۆزان (١٩٢٣)، كورد تا ئێستا زۆر بە پەرۆشە بۆ ئەم پەیمانە.

لە یەكێك لە بەندەكانی پەیمانی سیڤەردا باس لە دروست كردنی قەوارەیەكی ئۆتۆنۆمی مەسیحی كراوە لە كوردستانی رۆژهەڵاتدا ، وەك ناوچەكانی پاشقەڵا و ورمێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٠ ). پێدەچێ مەبەست لە ئاشوریەكان بێت، بە تایبەتی كە ژمارەیەكی زۆر لە ئاشوریەكانی دەوڵەتی عوسمانی، بەهۆی رووداوەكانی جەنگەوە ئاوارە ببوون بۆ كوردستانی رۆژهەڵات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ كە هاوپەیمانان لە پەیمانی سیڤەردا پشتیوانیەكی زۆریان لە مەسیحیەكان كردوە، بەڵام كاتێ گۆڕان بەسەر بەرژەوەندیەكانیاندا هاتووە، بە شێوەیەكی خەمساردانە مەسیحیەكانیان فەرامۆش كردوە.

دوای ئەوەی چەند سەركەوتنێكی گرنگیان بەدەست هێنا، كەمالیەكان بوون بە هێزێكی كاریگەر و توانیان وەك ئەمری واقع خۆیان بسەپێنن. بۆیە هاوپەیمانان بە پێویستیان زانی كە لەگەڵیاندا رێك بكەون. بەمەش پەیمانی سیڤەر لەسەر داوای كەمالیەكان پشتگوێ خرا. هەڵوەشانەوەی پەیمانی سیڤەر كاریگەریەكی زۆری لەسەر كوردستانی باكور هەبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە :

- ئەو ناوچانەی كە دەكەوتنە چوارچێوەی كوردستانی ئۆتۆنۆم، هەر لەژێر دەستەڵاتی توركەكاندا مانەوە .

ـ ئەو ناوچانەی کە کرابوون بە بەشێك لە دەوڵەتی ئەرمەن، ئەوانیش هەر کەوتنەوە ژێر دەستی تورك .

ـ دوای ئەوەی فەرەنسا و کەمالیەکان رێکەوتنی ئاشتیان ئیمزا کرد لە (١٩٢١) دا، فەرەنسا وازی لە نیوەی ئەو خاکە کوردستان هێنا بۆ تورك، کە بەپێی پەیمانی سیڤەر بەری کەوتبوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٩ ).

ـ بەم شێوەیە کوردستانی باکور، هەر لەژێر دەستی تورکدا مایەوە.

هەندێ نووسەری کورد کە لەژێر کاریگەری بیری ئیسلامیدان، پەیمانی سیڤەر بە چاکەی دەوڵەتی عوسمانی لێك دەدەنەوە بەرامبەر بە کورد. چونکە دەوڵەتی عوسمانی لایەنێکی پەیمانەکە بووە. ئەم لێکدانەوەیە لە رووی لۆژیکیەوە زۆر نادروستە. چونکە پەیمانەکە لە لایەن هاوپەیمانان ( کە براوەی جەنگی جیهانی بوون ) سەپێنرابوو بەسەر دەوڵەتی عوسمانی ( کە دۆڕاوی جەنگەکە بوو ). واتە هیچ خواست و داواکاریەکی عوسمانیەکان لە پەیمانەکەدا رەچاو نەکرابوو، تەنیا ویست و بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانان لەبەرچاو گیرابوون. ئەگەر حکومەتی عوسمانی بڕوای بەو مافانەی کورد هەبوایە کە لە پەیمانی سیڤەردا چەسپێنرا بوون، هەوڵی نەدەدا کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی لە چواچێوەی دەوڵەتەکەیدا رازی بکات. کە ئەمە هیچ نەبوو، جگە لە هەوڵێك بۆ رێگە گرتن لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی کورد.

سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لە پەیمانی سیڤەردا هەبوون، کەچی جێبەجێ نەبوونی بەندەکانی بۆ پرسی کورد زیانێکی زۆر گەورە بوو. چونکە بەهۆی هەڵوەشانەوەی پەیمانەکە، کورد هەم لە مافی هەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی بێ بەش بوو، هەمیش رووبەڕووی دژوارترین پرۆسەی چەوساندنەوە بوو لە لایەن هەردوو نەتەوەی تورك و عەرەبەوە [١].

جگە لەمەش پەیمانی سیڤەر، تا رۆژگاری ئیمرۆش بە گرنگترین بەڵگەنامەی مێژوویی دادەنرێ بۆ کورد، کە تێیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی بە رەوایەتی پرسی نەتەوەیی کوردا ناوە، وە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی بە مافێکی سروشتی زانیوە بۆ کورد.

---

(١) بۆیە باسمان لە نەتەوەی فارس نەکردوە، چونکە کوردستانی رۆژهەڵات کە لەژێر دەستی فارسدایە، نەکەوتبووە چوارچێوەی پەیمانی سیڤەرەوە.

ئەگەر پەیمانی سیڤەر بۆ کورد ئازادەیەك موژدە بەخش بووبێ، ئەوا پەیمانی لۆزان بۆ کورد مایەی کارەسات و مەینەتیەکی زۆر گەورە بوو. هەوڵ دەدەین ئاماژەیەکیش بەو پەیمانە بدەین، کە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد زۆر چارەنووس ساز بوو.

## ـــ پەیمانی لۆزان :

دوای ئەوەی کەمالیەکان سەرکەوتنی زۆر گەورەیان بەرامبەر بە هێزەکانی یۆنانی بەدەست هێنا و دەستیان گرت بەسەر زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا، هاوپەیمانان ناچار بوون وەك هێزێکی کاریگەری گۆڕەپانەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. سەرەتا لە (١٩٢١) دا فەرەنسا و ئیتالیا ڕێکەوتنی ئاشتیان لەگەڵ کەمالیەکاندا واژۆ کرد. ئەمەش هانی بەریتانیەکانی دا کە ئەوانیش هەوڵ بدەن لەگەڵ کەمالیەکاندا بگەنە ڕێك کەوتن. ئەم دۆخە تازەیەی کە هاتە پێش، هانی هەردوو لایدا ( هاوپەیمانان و کەمالیەکان ) کە بیر لە واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی تازە بکەنەوە، کە شوێنی ڕێکەوتنە کۆنەکە ( پەیمانی سیڤەر ) بگرێتەوە؛ تاکوو لەو ڕێگەیەوە کێشەکانی نێوانیان بە جۆرێك چارەسەر بکەن کە هەردوو لا پێی ڕازی بن.

لە پێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی تازە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکدا، کۆنگرەی لۆزان لە (١٩٢٢/١١/٢٠) دا دەستی بە کارەکانی کرد، عیصمەت ئینینۆ سەرۆکایەتی شاندی حکومەتی ئەنقەرەی دەکرد ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٩٣ ). هەردوو لا لە کۆنگرەکەدا چەندین دانیشتنیان ئەنجامدا لە پێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنی کۆتایی. تا دەرنجام لە (١٩٢٣) دا پەیماننامەیەکی تازەیان ڕاگەیاند، کە بە پەیماننامەی لۆزان ناسرا.

بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بدەین، کە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان، بەم شێوەیە:

یەکەم : دوای بەهێزبوون و دەرکەوتنی هەژموونی کەمالیەکان لە ناوچەکەدا، بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانان کەوتە بەردەم مەترسیەکی گەورەوە. بۆ جێگرکردنی ئەو دەسکەوتانەی کە لە ناوچەکەدا بەدەستیان هێناوە، هاوپەیمانان هەوڵیاندا لەگەڵ تورکە کەمالیەکان بگەنە ڕێکەوتنێکی تازە، لەم پێناوەشدا ئامادە بوون قوربانی بە هەردوو کارتی ( کورد ) و ( ئەرمەن ) بدەن.

دووەم : رژێمی کۆمۆنیستی رووسیا، وەك هاوپەیمانێکی ستراتیجی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەمالیەکاندا دەکرد. ئەم رژێمەش ببووە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا. لە پێناو دوورخستنەوەی تورك لە رژێمی کۆمۆنیستی رووسیا، هاوپەیمانان بەرژەوەندیان لەوەدابوو کە لەگەڵ تورکدا بگەنە رێکەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

پەیمانی لۆزان لە بەرگێکی تازەدا، رەوایەتی بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی هاوپەیماناندا لە ناوچەکەدا. بەپێی ئەم پەیمانە، ئەمریکا چواریەکی نەوتی ویلایەتی موسڵی بەرکەوت. جارێکی تر دان بە مافی ( ئینتداب ) ی بەریتانیا نرا بەسەر عێراقدا. وە رەوایەتی درا بەدەست بەسەر داگرتنی بەریتانیا بۆ کەنداوی سوێس و سودان. جگە لەمانەش بەشێك لە نەوتی ( ویلایەتی موسڵ ) یش بۆ بەریتانیا تەرخان کرا. فەرەنساش جگە لە بەشێك لە نەوتی ویلایەتی موسڵ، مافی ( ئینتداب ) ی سەلمێنرا بەسەر سوریا و لوبناندا. وە رەوایەتی درا بە بەردەوام بوونی ئیتالیا لەدەست بەسەر داگرتنی دورگەکانی دوکانیزی یۆناندا ( خەباتی چەکداری و رامیاری...،ل٣٦ ). بەمەش ئەم پەیمانە تاڕادەیەکی زۆر بووە جێگەی رەزامەندی لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە.

هەر لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی لۆزاندا، کیرزن ( نوێنەری بەریتانیا ) رایگەیاند : پێویستە ویلایەتی موسڵ، بە تەواوی بهێنرێتە نێو دەوڵەتی عێراق. لەوەتەی ئاگربەست لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کراوە، حکومەتی خاوەن شکۆ سنوری باکوری ( ویلایەتی موسڵ) ی داناوە بە سنوری ئەمری واقیع بۆ ئیداری دەوڵەتی عێراق ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٣٤٥_٣٤٦ ) .

بەمەش دەردەکەوێ کە بەریتانیا هەر دوای واژۆکردنی رێکەوتنی ئاگربەست ( مودرس ١٩١٨ ) لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بڕیاری دابوو کە ویلایەتی موسڵ بخاتە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی. هەروەها یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی بەردەم بەریتانیا و تورك لە کۆنگرەی لۆزاندا کێشەی ویلایەتی موسڵ بوو، کە تورك نەیدەویست بە ئاسانی دەست بەرداری ئەم ویلایەتە بێت. بەڵام کە بە تەواوی بۆی دەرکەوت تازە ئەم ویلایەتەی لە دەستداوە، ناچار هاتە ژێر بار و لە (١٩٢٤) دا پەیماننامەی لۆزانی بە رەسمی پەسەند کرد.

دوور نیە یەکێك لە مەرجەکانی تورك ئەوە بووبێ، کە هیچ قەوارەیەکی کوردی لەم ویلایەتەدا دروست نەکرێ.

جیاوازی بنچینەیی لە نێوان پەیمانی سیڤەر و لۆزان ئەوەبوو، پەیمانی سیڤەر زیاتر لە پەیمانێکی دوای جەنگ دەچوو کە لە لایەن لایەنی براوە لە جەنگدا ( هاوپەیمانان ) سەپێنرا بوو بەسەر لایەنی دۆڕاودا ( دەوڵەتی عوسمانی ). بەڵام پەیمانی لۆزان زیاتر لە پەیمانێك دەچوو بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان دوو لایەنی ناکۆك ( هاوپەیمانان و تورکەکان )، کە تێیدا ڕەچاوی خواست و بەرژەوەندی هەردوو لا کرابوو.

گەورەترین دەسکەوتی تورکیا کە لە پەیمانی لۆزاندا بەدی هات، بریتی بوو لە پشتگوێ خستنی مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئەرمەن لە پەیمانەکەدا. بەمەش دەتوانین بڵێین، گەورەترین زەرەرمەند لە واژۆکردنی پەیماننامەکەدا کورد و ئەرمەن بوون. کە تا ئێستاش بەدەست ئەم نادادیەوە دەناڵێنن کە لە پەیمانەکەدا بەرامبەریان ئەنجامدرا.

سەبارەت بە پرسی کورد، جیاوازی بنەڕەتی نێوان پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان ئەوەبوو، یەکەمیان پرسی کوردی بەرز کردەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی، کەچی دووەمیان پرسەکەی کردە پرسێکی ناوخۆیی ئەو لایەنانەی کە کوردستانیان لە نێواندا دابەش کراوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦٠ ).

بەندەکانی ( ٢٨،٢٩،٤٠ ) ی بەشی (٣) لە پەیمانی لۆزان، تەرخان کرابوون بۆ باسکردنی مافی کەمینەکانی ناو کۆماری تازەی تورکیا. کە ئەو مافانە زیاتر چوارچێوەیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان هەبوو نەك سیاسی، وەك ئەوەی لە پەیماننامەکەدا هاتووە (( حکومەتی تورکیا [١] بەڵێن دەدا، کەمایەتیە رەگەزیەکان لە تورکیادا مافی راشکاویان هەبێ لە قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی خۆیان و دادبینی کردن لە پێش دادگا تورکیەکان و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی خۆیان و دامەزراندنی یانەی ( زانستی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری ) و شاد بوونیان بە هەموو مافێکی سیاسی کە تورك هەیانە )). وە لە رووی یاساییەوە، لە پەیماننامەکەدا دەستەبەریەکی نێودەوڵەتی ( ضمانة الدولية ) بۆ ئەم جۆرە مافانە دیاری کرابوو. ئەمەش بەپێی بەندی (٤٤) کە تێیدا هاتووە (( بەڵێنەکانی تورکیا

(١) لە (١٩٢٣) دا کۆماری تورکیا راگەیەنرا و کۆتایی بە قۆناغی دەوڵەتی عوسمانی هات. لە (١٩٢٤) شدا سیستەمی خەلافەت هەڵوەشێنراوە .

بەرامبەر بە کەمینەکان بەڵێنی نێودەوڵەتین، نابێ لە هیچ بارێکدا هەڵوەشێنرێنەوە. بە پێچەوانەوە ئەوا ئەو دەوڵەتانەی پەیمانەکەیان واژۆ کردوە، هەروەها ( کۆمەڵەی گەلان ) یش، مافی سەرپەرشتی کردنیان هەیە لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم بەڵێنانە لە لایەن تورکیاوە، بگرە مافی ئەوەشیان هەیە دەست تێوەردان بکەن لە دژی دەوڵەتی تورکیا، بۆ ئەوەی ناچاری بکەن بەڵێنەکانی کە لەبەر چاوی جیهان داویەتی جێبەجێیان بکات )) ( کوردی تورکیا،ل١٥٤).

لە بارەی مافی کەمینەکانی ناو دەوڵەتی تورکیا لە پەیماننامەی لۆزاندا، دکتۆر سعد بشیر ئەسکەندەر باس لەوە دەکات ؛ کە لە پەیماننامەکەدا هەموو کەمینە موسڵمانەکان دوور خرابوونەوە لە بەندەکانی بەشی کەمینەکان، هەتا لەو بەندانەش کە دەستەبەری جێبەجێ کردنیان کرابوو لەژێر دەستی کۆمەڵەی گەلاندا ( من التخطيط الى التجزئة ....،ص٣٤٤ ).

لە راستیدا ناتوانین بە تەواوی ئەوە پشت راست بکەینەوە کە لەو بەندانەی تایبەت بوون بە کەمینەکان، کەمینە موسڵمانەکان دوور خراونەتەوە یاخود نا. بەڵام ئەو مافانەی کە لە پەیماننامەکەدا تایبەت کرابوون بە کەمینەکانی نێو دەوڵەتی تازەی تورکیا، زیاتر رەهەندێکی ئەخلاقیان هەبوو نەك سیاسی. ئەو بەڵێنانەی لە حکومەتی تورکیاش وەرگیرا بوون لە بارەی مافی کەمینەکان، راستە لە بەرامبەردا ئاماژە بە رەگەزی هێز ( عنصر القوة ) کرابوو بۆ پابەندکردنی تورکیا پێیانەوە، بەڵام بە کردەوە هیچ لایەنەیەك پابەند نەکرابوو بە پەنا بردنە بەر هێز لە کاتی سەرپێچی کردنی تورکیادا. بە بەڵگەی ئەوەی هەر دوای ساڵێك لە پەسەندکردنی پەیماننامەکە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە، چەندین تاوانی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە کورد ئەنجامدرا لە لایەن ئەو وڵاتەوە. کەچی بە شێوەیەکی زۆر خەمساردانە چاوپۆشی لەو تاوانانە کرا لە لایەن کۆمەڵەی گەلان و ئەو دەوڵەتانەی کە واژۆی پەیماننامەکەیان کردبوو.

حکومەتی تورکیا تەنیا بە پێشێل کردنی مافی کەمینەکان وازی نەهێنا، بەڵکو نکوڵی لە بوونی سەرجەم کەمینە ناتورکەکان کرد لە وڵاتەکەیدا، وەك ( کورد، ئـەرمـەن، عـەرەب ). کەچی هاوپەیمانان و کۆمەڵەی گەلان بە بیانووی رێز گرتن لە سەروەری دەوڵەتی تـورکیا، چاوپۆشیان لە هەموو ئەو پێشێلکاریانە کرد .

# دەروازەی حەوتەم

# شکستی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی باشوردا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیدا

## بەشی یەکەم :
## سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد لە کوردستانی باشوردا

لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، هێزەکانی بەریتانیا توانیان هەردوو ویلایەتی ( بەسرا و بەغدا ) داگیر بکەن، بەڵام نەیانتوانی دەست بەسەر ( ویلایەتی موسڵ ) دا بگرن. چونکە بەپێی رێکەوتنی ( مودرس )، ئاگربەست لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانان راگەیەنرا، کە پێویست بوو هێزە شەڕکەرەکان لە شوێنی خۆیاندا بوەستن و هیچ بەرەو پێشچوون و کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام نەدەن. بەڵام بەندی حەوتەمی رێکەوتنەکە، رێگەی دەدا بە هاوپەیمانان کە ئەو شوێنانەی ستراتیجین لە رووی سەربازیەوە داگیری بکەن ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٥٠ ). ئەمە تاڕادەیەك بیانووی دەدایە دەست هێزەکانی هاوپەیمانان کە هەندێ جوڵەی سەربازی دیاری کراو ئەنجام بدەن. کە ئەمە بە تەنیا بەس نەبوو بۆ هێزەکانی بەریتانیا، تاکوو بتوانن بەو بیانووەوە دەست بەسەر تەواوی ( ویلایەتی موسڵ ) دا بگرن.

بۆیە دوای وەستانی جەنگ، بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا ئەوەی دەخواست کە کورد لە ( ویلایەتی موسڵ ) دا بەلای خۆیدا رابکێشێ. چونکە کورد باشترین ئامراز بوو بۆ گەیاندنی دەستەڵاتی ئینگلیز بەو ویلایەتە. بۆیە لەم پێناوەدا، بەرپرس و کاربەدەستانی ئینگلیز بێ سڵەمینەوە چەندین پەیمان و بەڵێنیان بە کوردا، سەبارەت بە پشتیوانی کردن لە خواست و مافە نەتەوەییەکانی.

بەریتانیا زۆری مەبەست بوو دەستی بگاتە ویلایەتی موسڵ. هێشتا تۆپی ( مدفعية ) هێزە شەڕکەرەکان بە تەواوی کپ نەببوو، کە ئارنۆڵد توینبی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ ( مارك سایکس ) ی پێشنیاز کرد ؛ ئەگەر بڕیارە قەوارەیەك بە ناوی میزۆپۆتامیا لەژێر سێبەری حکومەتێکی عەرەبی بە یارمەتی ئینگلستان هەبێ، لەو کاتەدا ئەنجامە سروشتیەکەی ئەم کارە ئەمە دەبێ کە کوردستانێکی خودموختاریش هەبێ، بە یارمەتی بەریتانیا هەمان ئەو ئەرکانە بۆ میزۆپۆتامیا ئەنجام بدات کە ( ویلایەتی سنوری باکوری رۆژئاوا ) بۆ هیندی بە ئەنجام دەگەێنێ ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٥٠ ).

ئەم زانیاریە ئەوە پشت راست دەکاتەوە، کە بەر لە وەستانی جەنگی جیهانی، بەریتانیا بڕیاری ئەوەی دابوو کە قەوارەیەکی عەرەبی لە میزۆپۆتامیادا دروست بکات، کە هەردوو ویلایەتی بەسرا و بەغدای دەگرتەوە. وە ( ویلایەتی موسڵ ) یشی بۆیە زۆر مەبەست بوو، چونکە پێی وابوو بایەخێکی ستراتیجی زۆری هەیە بۆ میزۆپۆتامیای عەرەبی.

لە گرنگترین هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەریتانیا بۆ نزیك بوونەوە لە کورد لە دوای وەستانی جەنگ، بریتی بوو لە ناردنی یەکێك لە ئەفسەرە لێهاتووەکانی خۆی بۆ سلێمانی، بە مەبەستی دروست کردنی پەیوەندیەکی دۆستانە لەگەڵ رێبەرانی کوردا. ئەم ئەفسەرەش ( مێجەر نوئێل) بوو، کە بە هەڵوێستە باشەکانی بەرامبەر بە کورد ناسرا بوو. دوور نیە ئەم کەسایەتیە بە مەبەست لە لایەن بەرپرسانی ئینگلیزەوە دیاری کرابێ، تاکوو بتوانن بە شێوەیەکی باش هاوسۆزی کورد بەدەست بێنن.

دکتۆر سعد بشیر ئەسکەندەر لە بارەی ئەرکی سەرەکی ( نوئێل ) لە کوردستاندا دەڵێ (( ئەرکە سەرەکیەکەی بریتی بوو لە بەدەست هێنانی سۆزی کورد لە رێگەی هاندانی هەستی نەتەوەیی لە دژی رەوتی ئاینی )) ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٩٢ ). لەنێو کوردا هەستی ئاینی زۆر بەهێز بوو، هەر ئەمەش وای کردبوو کە تورك ( کە هاوئاین بوو لەگەڵ کوردا ) بە باشتر بزانن لە ئینگلیزەکان. ئەگەر هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردا بەهێز ببوایە، ئەوا بەرژەوەندی نەتەوەیی وای دەخواست کە بەگژ تورکدا بچنەوە.

ئەرکی سەرەکی مێجەر نوئێل لە یەکەم سەردانیدا بۆ سلێمانی، بریتی بوو لە دیاری کردنی شێخ مەحمود بە ( حوکمدار ) ی شارەکە. دوای ئەوەی ناوبراو لەگەڵ شێخ مەحمود و چەند سەرۆك هۆز و کەسایەتیەکی ناوچەکەدا کۆبووەوە، وتارێکی بە زمانی فارسی

خوێندەوە کە تێیدا وتی (( بە ناوی حکومەتی بەریتانی و حاکمی گشتی عێراق قسەتان لەگەڵدا دەکەم، ئەمڕۆ ئێوە لە دیلی رزگارتان بوو، ئیتر ئێوە سەربەست و ئازادن. شێخ مەحمود دیاری کراوە بە حوکمدار، لەسەر فەرمایشتی حاکمی گشتی لە بەغدا ئەم مژدەیەتان دەدەمێ )) ( گۆڤاری ستاندار،ژ٢٥،ل٥٩ ).

لەم وتارەی ( مێجەر نوئێل ) دا دەتوانین سەرنجی دوو خاڵی گرنگ بدەین یەکەم : ناوبراو تەنیا بە شێوەیەکی گشتی مژدەی سەربەستی و ئازادی بە گەلی کوردا، هیچ بەڵێنێکی دیاری کراوی بە نوێنەرانی کورد نەدا سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان دووەم : راستە ناوبراو ( شێخ مەحمود ) ی بە حوکمداری سلێمانی راگەیاند، بەڵام هیچ روون کردنەوەیەکی نەدا سەبارەت بە سروشتی پێگەی ( حوکمدار ) و سنوری دەستەڵاتەکەی. ئەگەر چی مێجەر نوئێل لەم سەردانەیدا هیچ پەیامێکی ئاشکرای سەبارەت بە شێوازی چارەسەرکردنی پرسی کورد رانەگەیاند، بەڵام لە گۆشەنیگای گەلی کورد و پێشەواکانیەوە، تەنیا خودی سەردانەکە بۆ ئایندەی کورد دەسکەوتێکی گەورە بوو.

مێجەر نوئێل لە بروسکەیەکیدا بۆ حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغدا[1]، سەبارەت بە پرسی کوردستانی باشور دەڵێ (( من هیچ شتێك بەدی ناکەم، کە لە دوارۆژدا ببێتە کۆسپ لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی باشوردا، بە مەرجێ لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی خۆمان و دەستەڵاتی ئەفسەرە سیاسیەکانماندا بێت )) ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل١٢١ ). بەڵام وەك هەمیشە بۆچوونەکانی ناوبراو لەلایەن کاربەدەستە باڵاکانی بەریتانیا لە بەغدا پشتگوێ دەخران.

دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا بە هەماهەنگی لەگەڵ کوردا توانیان قەڵەمڕەوی خۆیان بگەێننە ناوچە کوردیەکانی ویلایەتی موسڵ، لەنێو ناوەندە رەسمیەکانی بەریتانیادا را و بۆچوونی جیاجیا سەریان هەڵدا لە بارەی ئایندەی هێزەکانیان لە کوردستانی باشوردا. هەم وەزارەتی دەرەوە، هەمیش فەرماندەیی گشتی لە بەغدا پێشنیازیان کرد ؛ کە بەریتانیا دەبێ هەموو کوردستان چۆل بکات و تەنیا لە دەشتی میزۆپۆتامیادا بمێنێتەوە. کەچی وڵسن پێی وابوو دەبێ ؛ هێزەکانیان لە کوردستاندا بمێننەوە، بە مەبەستی دابین کردنی سنورێکی دڵنیاکەرەوە بۆ میزۆپۆتامیا. سنورێکی وا کە نابێ لە دەشتەکاندا بە دوایدا

(١) حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغدا، ئەو کات ( ئارنۆڵد وڵسن ) بوو.

بگەڕێی، بەڵکو دەبێ لە چیاکانی کوردستاندا بیدۆزیەوە ( مێژووی هاوچەرخی کورد...،ل١٥٥_١٥٦ ).

بەریتانیا کە بەهۆی خەرجیەکانی جەنگەوە تووشی تەنگەژەیەکی ئابوری گەورە ببوو، لەنێو ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ولاتدا دژایەتیەکی زۆری بەرفرەوان بوونی رووبەری قەڵەمڕەوی هێزە سەربازیەکان دەکرا. بۆیە فشارێکی زۆر لەسەر حکومەتی بەریتانی هەبوو بۆ ئەوەی هێزەکانی لە کوردستانی باشوردا بکشێنێتەوە. ئەمەش بە مەبەستی کەم کردنەوەی پابەندە داراییەکان، بەڵام ( وڵسن ) پێی وابوو چیاکانی کوردستان بایەخێکی ستراتیجی زۆریان هەیە لە رووی بەرگریەوە. وە لەو بڕوایە دابوو کە چیاکان پێویستیان بە نیوەی ئەو هێزە هەیە کە پێویستە بۆ بەرگری کردن لە سنوری ناوچەی دەشتایی. ناوبراو لە مانگی نیسانی (١٩١٩) دا ئەم بۆچوونەی دەربڕی و لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە لایەن لەندەنەوە پەسەند کرا. وڵسن لەگەڵ ئەوەشدا نەبوو کە ( دیاربەکر و ئورفە و نوسەیبین ) بکەونە چوارچێوەی میزۆپۆتامیای بەریتانیاوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٦ ). ئەمەش واتای ئەوە دەگەێنێ کە لە کۆتاییەکانی (١٩١٩) دا، حکومەتی بەریتانیا بە رەسمی بیرۆکەی لکاندنی کوردستانی باشوری بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە پەسەند کرد. ئەمەش پێچەوانەی بەندی (٦٤) ی پەیمانی سیڤەرە، کە رێگەی بە ویلایەتی موسڵ دابوو بچێتە پاڵ ئەو قەوارە کوردیەی کە بڕیار بوو دروست بکرێ.

سێر پرسی کۆکس[1] کە لەگەڵ ( وڵسن) دا هەمان هەڵوێستی هەبوو بەرامبەر بە پرسی کورد، لە پەیامێکی هاوبەشدا لە (١٩١٩/١١/٢٢) دا رایانگەیاند : کە لکاندنی کوردستانی باشور بە میزۆپۆتامیای عەرەبی، باشترین و گونجاوترین چارەسەرە ( رۆڵی عەلمانیەت ...، ل٢١١_٢١٢ ).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، گەیشتنی هەژموونی بەریتانیا بە کوردستانی باشور تەنیا هەر ناوبوو، نەوەك لە راستیدا کوردستان لە بارێکی نیمچە سەربەخۆدا بوو. بەرپرسانی بەریتانیش کە سەرەتا بەم نیمچە سەربەخۆییەی کوردستان رازی بوون، یەکێك لە هۆیە سەرەکیەکانی ئەوەبوو کە بەریتانیای لە پابەندی دارایی و ئیداری دوور دەخستەوە، بە

(١) لە دوای ئارنۆڵد وڵسن، بوو بە مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا .

تایبەتی کە ئەو کات بەریتانیا لە رووی هێزی سەربازی و توانای داراییەوە تووشی قەیرانێکی گەورە ببوو ( من التخطيط الى التجزئة ...، ص٩٦ ).

ولسن ئەم نیمچە سەربەخۆییەی کوردستانی باشوری بە هەڕەشە دەبینی لەسەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی لە میزۆپۆتامیادا. بۆیە بە پێویستی دەزانی کە کۆتایی بەم دۆخە داسەپاوەی ( امر الواقع ) کوردستانی باشور بهێنرێ. بە تایبەتی کە لە گۆشە نیگای ئەوەوە، پێویست بوو کوردستانی باشور لەگەڵ میزۆپۆتامیای عەرەبیدا یەکبخرێن و بکرێن بە یەك دەوڵەت ( سەرچاوەی پێشوو،ل٩٧ ).

دوای تەشەنەسەندنی ناکۆکیەکانی نێوان ئینگلیز و شێخ محمود، وە دروست بوونی پێکدادانی سەربازی لە نێوانیاندا، هێزەکانی ئینگلیز توانیان سلێمانی داگیر بکەن. ئەمەش رێگەی بۆ ( ولسن ) خۆشکرد کە بڕیار بدات سلێمانی راستەوخۆ لە بەغداوە بەڕێوە ببرێ، بە رێگەی ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی لیچمن و ئەمینداریەتی مێجەر سۆن و گوردن واکر ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل١٦٣ ). بەمەش بە یەکجاری کۆتایی بە قۆناغی نیمچە سەربەخۆیی کوردستانی باشور هات، وە قۆناغی دەستەڵاتی راستەوخۆی بەریتانیا لە کوردستاندا دەستی پێکرد.

لە دانیشتنێکی کۆنفرانسی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەسەر داوای ولسن پشتگیری لە دروست کردنی پێنج ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی باشور کرا بۆ کورد، لەگەڵ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ عەرەب لە شاری موسڵ (من التخطيط الى التجزئة ،ص١١٥ـ١١٦ ). پێدەچێ مەبەستی بەشداربوانی کۆنفرانسەکە ئەوە بووبێ، ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمیانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی میزۆپۆتامیادا[١] بن کە بڕیار بوو دروست بکرێ. رەنگە ئامانجی سەرەکی لەو پێشنیازە ئەوە بووبێ، کە رێگری بکرێ لە دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی بەهێز، ئەگەر نا بۆ پێشنیازی یەك ناوچەی ئۆتۆنۆمیان نەدەکرد بۆ کورد !

وەزارەتی هیند[٢] کە لەو کاتەدا دژی سەپاندنی دەستەڵاتی راستەوخۆ بوو بەسەر کوردستانی باشوردا، لە ئابی (١٩١٩) لەبروسکەیەکدا رەخنەی لەو سیاسەتەی ولسن گرت،

---

(١) ئەوەبوو لە (١٩٢٠) دا ئەو دەوڵەتە دروستکرا و ناونرا ( عێراق ).

(٢) یەکێك بوو لە وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی بەریتانیا.

وە داوای کرد کە کورد خۆسەری بەڕێوەبردنی پێ بدرێ ( سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨ـ١١٩ ). وەزارەتی هیند پێی وابوو سەپاندنی دەستەڵاتی راستەوخۆ بەسەر کوردستاندا، زۆر لەسەر بەریتانیا دەکەوێ لە رووی سەربازی و داراییەوە.

وڵسن هەمیشە لە پاساوێك دەگەڕا بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. بۆ ئەم مەبەستە راپرسیەکی لە قەزا کوردیەکانی موسڵدا ئەنجامدا، زۆربەی دانیشتوان دژی پێکهێنانی فەرمانڕەوایەتیەکی عەرەبی بوون ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩٥ ). بەمەش لەم هەوڵەیدا نەیتوانی هیچ پاساوێك بۆ مەرامەکانی بەدەست بێنێ.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، بەریتانیا کە بینی پێگەیەکی بەهێزی پەیدا کردوە لە ناوچەکەدا، وە بەهۆی ئەو قوربانیە زۆرەی کە داویەتی، هەستی کرد بەپێی رێکەوتننامەی ( سایکس ـ بیکۆ ) ستەمی لێکراوە. بۆیە داوای لە فەرەنسا کرد کە چاو بە رێکەوتنەکەدا بخشێنرێتەوە، بەڵام سەرەتا فەرەنسا ئەم داوایەی رەتکردەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ، کە بەپێی رێکەوتنەکە دەکەوتە ژێر دەستەڵاتی فەرەنساوە. بۆیە وڵسن پێشنیازی کرد بۆ لەندەن کە کوردستانی باشور بۆ دوو بەش دابەش بکرێ، ناوچە دەشتاییەکان بخرێنە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی و ناوچە شاخاویەکانیش بخرێنە ژێر قەڵەمڕەوی شێخ مەحمود ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠١ ). ناوچە دەشتاییەکانی کوردستانی باشور دەوڵەمەندن بە سامانی پەترۆڵ، لە هەمان کاتیشدا هاوسنورن لەگەڵ میزۆپۆتامیای عەرەبی. پێدەچێ زیاتر لەبەر ئەم دوو هۆیەش بووبێ، وڵسن داوای کردبێ کە بخرێنە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. بەڵام دوای ئەوەی فەرەنسا رازی بوو دەست لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرێ بۆ بەریتانیا، پێشنیازەکەی ( وڵسن ) گرنگی خۆی لەدەستدا.

پێدەچێ دەوڵەمەندی ویلایەتی موسڵ لە رووی سامانی پەترۆڵەوە، یەکێك بووبێ لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە وای لە بەریتانیا کرد سوور بێ لەسەر لکاندنی ویلایەتەکە بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. رەنگە تاڕادەیەك هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووبێ، کە بەریتانیا کەرکوك و کفری جیاکردنەوە لە سلێمانی ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٣ ) .

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بۆ کاروباری هیند بەم جۆرە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە پرسی کورد خستە روو (( سەبارەت بە کوردستان، بە بۆچوونی ئێمە گونجاوە کە هانی دروست بوونی یەکێتی فیدراڵی دەوڵەتۆچکەی سەربەخۆ

بدرێ.....كە بتوانن دژی یەکتر بجەنگن، بەڵام زیان نەگەیەنن بە وڵاتی نێوان دوو رووبار ))
( الحركة الكوردية...،ص١٤٥ ).

لە بیرکردنەوەی ئەم بەرپرسە باڵایانەی بەریتانیا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئایندەی سیاسی کورد هیچ بایەخێکی نەبووە. تەنیا ئەوە بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە، کە کورد هیچ هەڕەشەیەك لەسەر میزۆپۆتامیای عەرەبی دروست نەکات. چونکە میزپۆتامیا پێگەیەکی زۆر ستراتیجی هەبوو بۆ وڵاتەکەیان.

دوای داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە لە (١٩١٩) دا، بۆ کەم کردنەوە لە بایەخی پێگەی سیاسی شارەکە، کاربەدەستانی ئینگلیز چەندین ناوچەی تریان لە سلێمانی جیاکردەوە. لە حوزەیرانی (١٩١٩) دا رواندوز لە سلێمانی جیاکرایەوە، کۆیسنجەقیش خرایە سەر لیوای هەولێر کە تازە دروست کرابوو ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٠٣ ).

یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی زیاترکردنی رقی دانیشتوانی کورد لە ویلایەتی موسڵ بەرامبەر بە ئینگلیز، پشتیوانی کردنی بەریتانیا بوو لە ئاشوریەکان. ژمارەیەکی زۆر لەو ئاشوریانەی کە بەهۆی رووداوەکانی جەنگەوە ئاوارە ببوون، لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە لە ناوچە کوردیەکان نیشتەجێ کران و بەکارهێنران بۆ سەرکوت کردنی خەڵك ( سەرچاوەی پێشوو،ل١١٠ ). ئەمەش هانی هۆزە کوردیەکانی دا کە زیاتر پەنا بەرنە بەر توندوتیژی دژ بە هێزەکانی ئینگلیز. بەهیزبوونی رەوتی دژە ئینگلیز لە کوردستاندا، لە بەرژەوەندی بەهێز بوونەوەی پێگەی تورکدا بوو لە ناوچە کوردیەکاندا.

کیرزن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە (١٩١٩/١١/٢٢) دا بروسکەیەکی ئاراستەی مەندوبی سامی وڵاتەکەی لە بەغدا کرد، تێیدا بۆچوون و تێڕوانیی حکومەتی خاوەن شکۆ ( حکومەتی بەریتاینا ) ی لە پێنج خاڵدا خستە روو، دوو خاڵیان پەیوەندی زۆریان بە پرسی کوردەوە هەبوو، ئەوانیش یەکەم : حکومەتی خاوەن شکۆ لە ئایندەدا لە هەر بارودۆخێکدا بێ، پێی ناکرێ لێپرسراوەتی ( ئینتداب ) ی کوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی دووەم : رێگە نادرێ بە حکومەتی عوسمانی بۆ ویلایەتی موسڵ بگەڕێتەوە.

لەم بروسکەیەی ( وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ) دا دوو راستیمان بۆ روون دەبێتەوە ١) بەریتانیا هەر لە سەرەتاوە بە نیاز نەبووە ئەرکی ( ئینتداب ) بەسەر کوردستاندا بگرێتە

ئەستۆ ٢) بەریتاینا بە هیچ شێوەیەك بە نیاز نەبووە، مافی مانەوەی دەستەڵاتی عوسمانی بەسەر ویلایەتی موسڵدا پەسەند بکات. هەر ئەم جۆرە تێڕوانینەش بوو، بووە هۆی ئەوەی کە ویلایەتەکە لەژێر دەستی تورك دەربهێنرێ و بخرێتە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە.

لە کۆتاییەکانی (١٩١٩) دا بۆچوونێکی بەهێز هەبوو لەنێو کاربەدەستە باڵاکانی بەریتانیادا، کە ویلایەتی موسڵ بکرێ بە دوو بەش، بەشێکیان بکرێ بە دەوڵەتێکی کوردی، بەشەکەی تریشیان بخرێتە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی. مونتیگۆ ( وەزیری بەریتانیا بۆ کاروباری هیند ) لەم بارەیەوە ئەم پێشنیازە دەکات ؛ هێڵێك لە باکوری خانەقینەوە بە دووریەکی کەم بڕوا بە کفری و پاشان کەرکوك و ئاڵتون کۆپری و هەولێر تا فیشخاپور، ئەم شارانە جگە لە هەولێر بخرێنە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. هەولێر سەرپشك بکرێ کە بخرێتە سەر دەوڵەتە کوردیەکە، یان میزۆپۆتامیای خواروو ( میزۆپۆتامیای عەرەبی ). هەروەها ناوبراو پێشنیازی ئەوەی کرد کە دەستەڵاتی ( بۆتان ) بدرێ بە بەدرخانیەکان، کە پایتەختەکەی جەزیرە بێت ( وریابوونەوەی کورد،ل١٧٣تا١٧٥ ). لەبەرئەوەی کەرکوك شارێکی دەوڵەمەند بوو بە نەوت، زۆربەی جار کە پێشنیازی دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ دەکرا لە لایەن بەرپرسانی بەریتانیاوە، ئەم شارە نەدەخرایە سەر ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە بڕیار بوو دروست بکرێ.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین بەر لە هاتنی ساڵی ١٩٢٠، تارادەیەکی زۆر سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە ویلایەتی موسڵ، بەم شێوەیە گەڵاڵە ببوو ؛

- بەریتانیا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەك ئەرکی ( ئینتداب ) بەجیا بەسەر ویلایەتی موسڵدا پەسەند بکات.
- بۆچوونی زاڵ لەنێو بەرپرسانی بەریتانیادا ئەوەبوو، کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی
- ئەگەر بڕیار بێ قەوارەیەکی کوردی لە ویلایەتی موسڵدا دروست بکرێ، ئەوا بەشێکی گرنگ لە رووبەری ویلایەتەکە جیادەکرێتەوە و دەخرێتە سەر میزۆپۆتامیای عەرەبی.

کاتێ کاربەدەستانی ئینگلیز هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە کۆتایی بە دۆخی نیمچە سەربەخۆی کوردستانی باشور بهێنرێ، لە پێناو هێنانە دی ئەم ئامانجەدا چەند

کاریکیان ئەنجامدا. یەکێك لەو کارانە دانانی ( مێجەر سۆن ) بوو لە جێگەی ( مێجەر نوئێل ) لە سلێمانی. مێجەر سۆن بە پێچەوانەی مێجەر نوئێل لەگەڵ بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردا نەبوو لە کوردستانی باشوردا. بۆیە یەکێك لەو ئەرکانەی کە ناوبراو بە پێویستی زانی ئەنجامی بدات، بەردەوام بوون بوو لەسەر جۆرە رەوتێك لە کار کردن، کە ئامانج لێی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوو بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. سۆن بە سووربوونێکی زۆرەوە، دژی هەر جۆرە هەوڵێك بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشور دەوەستایەوە. بەڵام دکتۆر سعد بشیر ئەسکەندەر باس لەوە دەکات ؛ کە مێجەر سۆن لە دوایدا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە کورد نایەوێ لەژێر فەرمانڕەوایەتی عەرەبدا بێت. بۆیە جیاکردنەوەی کوردی، بە هەڵبژاردنێکی ژیرانە دادەنا ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٢٧٠ ).

ئەو بەرپرسانەی ئینگلیز کە لایەنگری بیرۆکەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ نەبوون بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە، داوایان دەکرد کە ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد لە ویلایەتەکەدا دابمەزرێ. مەلیك فەیسەل ترسێکی زۆری لەو بانگەشانە هەبوو. بۆیە لە چەندین بۆنەدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەم رەوتە نیشاندا. سێر پرسی کۆکس کە لە شوێنی ئارنۆڵد وڵسن ببوو بە ( مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا )، یەکێك بوو لەو بەرپرسە باڵایانەی ئینگلیز کە بە توندی داکۆکی لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ دەکرد بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە[1] . کۆکس بۆ رەواندنەوەی نیگەرانیەکانی فەیسەل بەرامبەر بە چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، ناوبراوی لەوە دڵنیا کردەوە ؛ کە ئەگەر دەزگایەکی ئیداری تایبەتیش بۆ کوردەکانی ویلایەتی موسڵ دابمەزرێ، ئەوا هەر لە چوارچێوەی یەکێتی سیاسی و ئابوری وڵاتی پاشایەتی عێراقدا دەبێ ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٥٢ ). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە ( کۆکس ) دڵنیا بووە لەوەی، کە کورد نابنە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵدا.

وینستۆن چەرچڵ کە یەکێك بوو لەو بەرپرسە باڵایانەی ئینگلیز، کە لەگەڵ لکاندنی بە زۆرەملێی کوردستانی باشور نەبوو بە عێراقی عەرەبیەوە، لە چەند بۆنەیەکدا داوای کردبوو کە ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە ( سلێمانی ) دا دابمەزرێ و نەلکێندرێ بە عێراقەوە. کۆکس کە دژی ئەم بیرۆکەیە بوو، بە چەرچڵی راگەیاند : ئەگەر لێی گەڕێی سلێمانی

---

(١) حکومەتی عێراق لە (١٩٢٠/١٠/٢٥) لە لایەن بەریتانیاوە دروست کرا.

جیابێتەوە، ئەوا بەسرا و گروپەکانی تریش هەمان شتیان دەوێ. ئەو کات زۆر ئەستەم دەبێ دەمەتەقێیان لەگەڵدا بکەی ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٣٠٢ ). رەنگە دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا کە زۆرینەیان شیعە بوون، دڵخۆش نەبووبن بەوەی لە لایەن پاشایەکی سوننەوە[1] فەرمانڕەوایەتیان بکرێ، بەڵام ئەمە بیانوویەکی رەوا نەبوو کە بەو هۆیەوە کورد بێ بەش بکرێ لە ئیدارەیەکی سەربەخۆ.

بەهۆی هەستیاری پرسی کورد لە کوردستانی باشوردا، وە بەهۆی فشاری ئەو دەنگانەی کە داوایان دەکرد کورد رازی بکرێن، تاکوو نەبنە دوژمنێکی سەرسەختی بەریتانیا، کۆکس لە ئایاری (١٩٢١) دا پێشنیازێکی دایە وەزارەتی ( مستعمرات )، کە تێیدا داوای ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی کردبوو لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری لەژێر سەرپەرشتی کورد و بەریتانیادا. بەو مەرجەی ناوچەکانی تری ویلایەتی موسڵ، بکەونە دەرەوەی قەوارە ئۆتۆنۆمیەکە. بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی پێشنیازەکەی، کۆکس راپرسیەکی لە ناوچە کوردیەکاندا ئەنجامدا. بەشداربوانی راپرسیەکە  بە گشتی و خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی، دژی پرۆژەکەی کۆکس دەنگیاندا. چونکە دەبووە هۆی لکاندنی زۆربەی خاکی کوردستانی باشور بە عێراقی عەرەبیەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٥ ).

کۆکس بۆیە دەیەویست تەنیا لە ( سلێمانی ) دا ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی هەبێ، چونکە ئەم شارە لە روانگەی ئەوەوە مایەی نائارامی سیاسی بوو ( سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧ ). یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شاری سلێمانی لە کۆنەوە تا ئێستا ئەوەیە، هەمیشە چالاك و پشوو درێژە لە دژایەتی کردنی نادادی و ستەمدا. بۆیە لە روانگەی دەستەلاتدارانەوە، سلێمانی هەمیشە شارێکی نائارامە.

دوای ئەوەی کۆکس لە راپرسیەکەدا شکستی هێنا، بەوەی رەزامەندی کورد بەدەست بێنێ بۆ لکاندنی زۆربەی ناوچە کوردیەکان بە عێراقی عەرەبیەوە. لە ناوەراستی (١٩٢١) دا بە وەزارەتی ( مستعمرات ) ی راگەیاند : کە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شارەزایانی کوردا کردوە، تێیدا بە کۆی دەنگ بڕیار دراوە کە باشترین چارەسەر کە هەموو بیر و بۆچوونەکان لەبەرچاو بگرێ، ئەوەیە کە کوردستان وەك بەشێکی جیانەکراوە لە عێراق بمێنێتەوە لە

---

(١) مەبەست لە مەلیك فەیسەلە، کە هەم سوننە بوو، هەمیش لە دەرەوەی عێراقەوە  هێنرا بوو،  وە سەپێنرا بوو بەسەر عێراقدا کە زۆرینەی دانیشتوانی شیعە بوون.

رووی کاروباری بودجە و داراییەوە. بەڵام بایی ئەوەندەی کە لەگەڵ بیرۆکەی خودموختاریدا دەگونجێ، مەندوبی سامی بەریتانی سەرپەرشتی بکا بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە رێی فەرمانبەری کورد و بەریتانیەوە، لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی ناوچەییەوە ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٦٥ـ٢٦٦ ).

ناونانی هەندێ کەس بە ( شارەزایانی کورد ) لە لایەن کۆکسەوە جێگەی پرسیارە. چونکە نازانرێ لەسەر چ بنەمایەك ئەو کەسانەی بە ( شارەزایانی کورد ) ناوناوە. پێدەچێ ئەو کەسانە تەنیا یەك تایبەتمەندی دیار و هاوبەشیان هەبوو بێ، ئەویش لایەنگری کردن بووە لە سیاسەتی ئینگلیز لە کوردستاندا. بەپێی وتەکانی کۆکس، کوردستانی باشور بە کردەوە بەشێك بووە لە عێراق، کاتێ کە دەڵێ (( کوردستان وەك بەشێکی جیانەکراوە لە عێراق بمێنێتەوە )). ئەوەی جێگەی مەبەست بوو لە لای کۆکس ئەوەبوو، کە بە رەسمی رەوایەتی بدرێ بە لکاندنی کوردستانی باشور بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە، لە رێگەی پێك هێنانی سیستەمی ( ئۆتۆنۆمی ناوچەیی ) لە کوردستاندا.

هەرچەندە کیرزن ( وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ) لە سەرەتادا هەندێ جار هەڵوێستی ئەرێنی هەبوو بەرامبەر بە پرسی کورد لە ویلایەتی موسڵدا، بەڵام دواتر کەوتە ژێر کاریگەری بۆچوونی ئەو بەرپرسانەی کە لایەنگری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوون بە عێراقی عەرەبیەوە. ئەوەبوو لە (١٩٢٠) دا کیرزن سەرەنجام سەری بۆ بۆچوونەکەی ( ئارنۆڵد وڵسن ) دانواند، کە دەیگوت لە جیاتی ئەوەی بوار و زەمینەی ئەوە بە تورکەکان یان بەلشەویکەکان بدەین، میزۆپۆتامیای باکور[1] لە رۆژهەڵاتەوە ئابلۆقە بدەن، وا باشترە بە هێشتنەوەی کوردستانی خواروو لە چوارچێوەی میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە، بەرگری لێ بکەین، کە ئەمە لە کۆتاییدا پێویستی بەهێزی کەمترە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،٢٨٤ ).

بە بۆچوونی ( وڵسن ) ئەگەر قەوارەیەکی کوردی لە میزۆپۆتامیای باکوردا دروست بکرایە، ئەوا قەوارەیەکی سیاسی لاواز دەبوو. بەو هۆیەشەوە بە ئاسانی دەتوانرا ئابلۆقە بدرێ لە لایەن تورك و بەلشەویکەکانەوە. بۆیە وای پێ باشتر بوو بلکێندرێ بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. چونکە بەو شێوەیە دەتوانرا بە ئاسانی و بەهێزێکی کەمترەوە بپارێزرێ لە هەڕەشەکانی دەرەوە. ئەمەش لە رووی خەرجی داراییەوە بۆ بەریتانیا باشتر

---

(١) مەبەست لە میزۆپۆتامیای باکور، ویلایەتی موسڵ بوو.

بوو، کە ئەو کات لە تەنگەژەیەکی دارایی قوڵدا بوو. لەو بڕوایە دام کە ئەم بۆچوونە بەشێکی زۆری ڕاستی تێدا بووە.

کێرزن لە (١٩٢٠/٤/١٣) دا ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی پێك هێنانی ئۆتۆنۆمی کوردستانی باشور دەبەستێتەوە بەو هۆیەوە، کە هانی فەرەنسای دەدا ئەویش داوای دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی هاوشێوە بکات لە کوردستانی باکوردا، کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٣٣٦ـ٣٣٧ ). لە ڕاستیدا بەرپرسانی بەریتانیا باسیان لە چەندین پاساو دەکرد بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە میزۆپۆتامیای خوارووەوە[١]. هەندێ لەو پاساوانە تاڕادەیەك لۆژیکی بوون، بەڵام هەندێکی تریان تەنیا بۆ چەواشەکاری بوون. هەوڵ دەدەین ئاماژە بە چەند جۆرێك لەو پاساوانە بدەین ؛

- لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوسەنگی مەزهەبی لە نێوان هەردوو مەزهەبی ( شیعە و سوننە ) دا.
- بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، زنجیرە چیا سەختەکانی کوردستان دەبنە هێڵێکی سنوری پتەو لە نێوان عێراق و دراوسێکانیدا لە ( باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوا ) دا.
- لەنێو کوردا هیچ ڕێبەرێکی نەتەوەیی بوونی نیە ، کە جێی متمانەی بەریتانیا بێت.
- کورد هەستی نەتەوەیی نیە، وە هەستی ڕەگەزی بەسەریدا زاڵە.
- ویلایەتی موسڵ دەوڵەمەندە بە سامانی پترۆڵ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی عێراق لە ڕووی ئابوریەوە.
- ئەگەر قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە ویلایەتەکەدا دابمەزرێ، ئەمە هانی دانیشتوانی ( ویلایەتی بەسرا ) ش دەدا کە ئەوانیش داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە بکەن لە عێراق.
- ئەگەر قەوارەیەکی کوردی لە میزۆپۆتامیای سەروو دابمەزرێ لەژێر چاودێری بەریتانیادا، ئەوا هانی فەرەنسا دەدات کە ئەویش هەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بدات لە کوردستانی باکوردا لەژێر چاودێری خۆیدا.

---

(١) میزۆپۆتامیای خواروو، واتە میزۆپۆتامیای عەرەبی یان عێراقی عەرەبی.

هەر یەك لە ( مسس بێڵ، كۆكس، وڵسن ) كە ئەو كات سێ بەرپرسی دیاری بەریتانیا بوون لە عێراقدا، دژی دروست بوونی قەوارەیەكی كوردی بوون لە ویلایەتی موسڵدا، زۆرجار بۆ رازیكردنی بەرپرسە باڵاكانیان، پێیان لەسەر ئەو پاساوە دادەگرت، كە ئەگەر ویلایەتی موسڵ نەخرێتە سەر عێراقەوە، ئەوا هاوسەنگی ( شیعە و سوننە ) تێكدەچێ. كاتێ راپەڕینی فورات لە (١٩٢٠) دا لە عێراق هەڵگیرسا لە دژی هێزەكانی بەریتانیا و لە لایەن پیاوانی ئاینی شیعەوە سەرپەرشتی كرا، ئەم پاساوە كاریگەریەكەی زۆر بەهێزتر بوو ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل٣٤٨ ).

بە مەبەستی دانانی مەلیك فەیسەل لە عێراقدا، بەریتانیا راپرسی[١] لە ویلایەتی موسڵیش ئەنجامدا. ئەگەر چی تا ئەو كات كێشەی ویلایەتەكە یەكلا نەكرابووەوە. كە ئاخۆ بە یەكجاری دەخرێتە سەر عێراقی عەرەبیەوە، یان دەدرێتەوە بە دەوڵەتی عوسمانی، یاخود حكومەتێكی كوردی سەربەخۆی تێیدا دادەمەزرێ. راستە بەشێكی زۆری ئەو كەسانەی لە كوردستاندا مافی دەنگدانیان هەبوو، یان بەشداریان نەكرد، یان دەنگیان لە بەرژەوەندی ( مەلیك فەیسەل ) نەدا. بەڵام ئەنجام دانی خودی راپرسیەكە لە ویلایەتی موسڵدا، سەلمێنەری ئەو راستیە بوو كە بەریتانیا تارادەیەكی زۆر ئەوەی یەكلا كردبووەوە، كە ویلایەتەكە دەخرێتە سەر عێراقی عەرەبیەوە.

سەرەڕای ئەو پەرەسەندنە سیاسیانەی كە لە عێراقدا دروست ببوون، كەچی هەندێ بەرپرسی باڵای ئینگلیز بەردەوام لەسەر ئەو بڕوایە بوون، كە بەرژەوەندی وڵاتەكەیان لەوەدایە قەوارەیەكی سەربەخۆ بۆ كورد لە ویلایەتی موسڵدا دروست بكرێ. وەك باسمان كرد، یەكێك لە دیارترین ئەو بەرپرسانە ( ونستۆن چەرچڵ ) بوو، ناوبراو لە بروسكەیەكیدا بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا لە (٢٥/ مارتی/١٩٢١) دا، ئاماژە بەوە دەكات ؛ بۆ ئێمە باشترە ئەگەر كەركوك جیا بكرێتەوە لە عێراق و ببێ بە بەشێك لەو دەوڵەتەی كە بیری لێ دەكرێتەوە بۆ كوردان پێك بهێنرێ، كە دەبێتە دیوارێك لە نێوان عێراق و دەوڵەتی

---

(١) ئەو راپرسیانەی بەریتانیا كە لە عێراقدا ئەنجامی دەدان، لە رووی دیموكراسیەوە زۆر ناتەواو بوون. چونكە تەنیا ژمارەیەكی كەمی خەڵك لەسەر خواستی بەرپرسانی بەریتانی مافی دەنگ دانیان هەبوو.

تورکدا[1] ( خەباتی چەکداری و رامیاری...،ل٢٩ ). کەرکوک کە شارێکی دەوڵەمەندە بە نەوت، بۆیە بایەخێکی ستراتیجی گەورەی دەبوو بۆ ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە چەرچل داکۆکی لە دروست بوونی دەکرد.

لە (١٩٢٢) دا بەریتانیا تاڕادەیەکی زۆر هەڵوێستی خۆی یەکلا کردبووەوە لە بارەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵەوە، بەوەی پێویستە بلکێندرێ بە عێراقی عەرەبیەوە. بەڵام دوای ئەوەی جوڵانەوەی کەمالیەکان زۆر بە بەهێزی دەرکەوت، لەشکرێکی ناردە کوردستانی باشور بە فەرماندەیی ( ئۆزدەمیر ). ئەم هێزە توانی جوڵانەوەیەکی ناڕەزایی توند دژ بە بەریتانیەکان رێکبخات لە ناوچە کوردیەکاندا. تورکە کەمالیەکان ئامانجی سەرەکیان بەدەست هێنانەوەی ویلایەتی موسڵ بوو. ئەمەش ببووە مایەی دورست بوونی هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر دەستەڵاتی ئینگلیز لە کوردستانی باشوردا. لە پێناو سەقامگیر کردنی رەوشی کوردستان و دوورخستنەوەی مەترسی کەمالیەکان، بەریتانیەکان پێویستیەکی زۆری بە بەدەست هێنانەوەی سۆز و پشتیوانی کورد هەبوو. بۆیە لەم ساڵەدا (١٩٢٢)، هەم شێخ مەحمودیان لە مەنفاوە گەڕاندەوە بۆ کوردستان، هەمیش نەرمی زیاتریان نواند بەرامبەر بەمافە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی باشوردا.

لە سایەی ئەو دۆخە تازەیەدا، دەنگی ئەو بەرپرسانەی ئینگلیز کە لایەنگری چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد بوون لە ویلایەتی موسڵدا، دلێرتر بوو لەسەر شانۆی سیاسیدا. ئەوەبوو چەرچڵ لە (١٩٢٢/٨/٢) دا نامەیەکی ئاراستەی کۆکس ( مەندوبی سامی لە بەغدا ) کرد، تێیدا بۆچوونی خۆی روونکردەوە سەبارەت بە هەڵبژاردن لە عێراق و پەیوەندی ئەم پرسە بە کوردەوە. ناوبراو سەرنجەکانی خۆی لە چەند خاڵێکدا خستنەروو، هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان بدەین ؛

- ئێمە نامانەوێ بەزۆر دانیشتوانی کوردستان بخەینە ژێر دەستەڵاتی فەیسەڵەوە، بەڵکو خۆیان سەربەستن لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن یان نەیکەن. هیوادارین لە داخوازیەکانیان بکۆڵدرێتەوە و جۆرە ئیدارەیەك لەوێ دابمەزرێ و خۆیان بەڕێوەی ببەن ، وەك ئەو ئیدارەیەی لە عێراقدا سازدراوە .

---

(١) تا ساڵی (١٩٢٣)، هیچ دەولەتێك بە ناوی ( تورکیا ) وە بوونی نەبوو. چونکە تا ئەو کات، ناوی رەسمی ئەو وڵاتە دەولەتی عوسمانی بوو.

ـ دەست نیشان کردنی ناوچەکانی کوردستان، بەم جۆرەی خوارەوە : لیوای سلێمانی و کەرکوك و نیمچە لیوای هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و زاخۆ و دهۆك[1] و ئامێدی دەگرێتەوە.

ـ دەربارەی پەیمانی سیڤەر، نابێ لێی لا بدرێ[2].

ـ فەیسەڵ دەڵێ (( ئەو نوێنەرانەی دەنگیان داوەتە ئەو، واتای ئەوەیە کە ناوچەکانیان[3] بەوە رازین لەگەڵ عێراقدا بن. ئەمە واتای ئەوەیە، دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن )) ئایا ئەوە واتای ئەوە ناگەیێنێ، کە فەیسەڵ دان بەوەدا دەنێ کە تا ئێستاش هەندی ناوچەی کوردی لەگەڵ عێراقدا نین؟!!

ـ حکومەتی خاوەن شکۆ وا پێشنیاز دەکات کە ئەو ناوچانەی دەیانەوێ لە عێراق جیا ببنەوە، حکومەتێکی خاوەن ئۆتۆنۆمیان بۆ دابمەزرێندرێ و لەژێر چاودێری حکومەتی بەریتانیادا بمێننەوە، وە لەگەڵ حکومەتی ناوچەعەرەبیەکاندا بە شێوەی فیدڕاڵی یەکبگرن و وا هەست نەکرێ کە کورد لەعێراقدا دوور دەخرێتەوە.

ـ ئەو ناوچە کوردیانەی نایانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن، وا باشە وەك پاشکۆ بمێننەوە، بەپێی ئەو رەشنووسەی کە ( مێجەر یۆنگ ) ئامادەی کردوە.

ـ بەم جۆرە بۆمان هەیە، ئەو بۆچوونانەی خوارەوە کە جێی رەزامەندین دەربارەی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەم شێوەیە بیانخەینە روو : ( أ ، ب ) ئایا هەموو ناوچە کوردیەکان ببن بەیەك، یان ئەو ناوچانەی سەر بە موسڵ جیا بکرێنەوە؟ ( ج ، د ) کەرکوك وسلێمانی پێکەوە بمێننەوە، یان سلێمانی بەجیا بمێنێتەوە؟

ـ ئەگەر کورد بەشداری لە هەڵبژاردندا کرد، پێویستە حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی فرەوان لەوێ دابمەزرێ و مافی تورکمان و ئاشوریەکان لەبەرچاو بگیرێ ( دبلۆماسیەتی کورد...، ل ٣٠٨ تا٣١١ ).

---

(١) تا ساڵی (١٩٦٩)، دهۆك نەکرا بوو بە پارێزگا. تا ئەو کات زۆربەی ناوچەکانی بادینان لەسەر پارێزگای موسڵ بوون.

(٢) دەبوایە لە ماوەی ساڵێکدا، بەندەکانی تایبەت بە کورد لە پەیمانی سیڤەر جێبەجێ کرابان، بەڵام هاوپەیمانان ئەو ماوە یاساییەیان پشتگوێ خست.

(٣) مەبەست لەو ناوچە کوردیانەیە، کە نوێنەرەکانیان دەنگیان بە مەلیك فەیسەڵدا بۆ ئەوەی ببێ بە پاشای عێراق.

بەپێی ئەم بۆچوونەی چەرچڵ، بەشداری کردن و نەکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی حکومەتی عێراقدا، کاریگەری هەبووە لەسەر تێڕوانینەکانی حکومەتی بەریتانیا سەبارەت بە گرتنەبەری رێگە چارەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی کوردستانی باشور.

دکتۆر سعد بشیر ئەسکەندەر، بەم شێوەیە باس لە تێڕوانینی گشتی چەرچڵ سەبارەت بە عێراق و کوردستانی باشور دەکات ؛ بەپێی تێڕوانینی چەرچڵ، پێویست بوو کوردستانی باشور لەژێر سەرپەرشتی مەندوبی سامی بەریتانی بوایە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، تا ئەو کاتەی چارەنووسی یەکلا دەبوەوە بەهۆی خەڵکەکەیەوە. هەرچی عێراقی عەرەبیە، پێویست بوو لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتیەکی عەرەبیدا بێت.

بەم شێوەیە چەرچڵ پێی باش نەبووە، کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بخرێنە ژێر فەرمانڕەوایەتی عەرەب لە عێراقدا. تا ئەو کاتەی خەڵکەکەی لە رێگەی راپرسیەکی گشتیەوە چارەنووسی وڵاتەکەیان دیاری دەکەن.

مێجەر نوئێل کە لەگەڵ لکاندنی ویلایەتی موسڵدا نەبوو بە عێراقی عەرەبیەوە، هەمیشە پاساوی دەهێنایەوە بۆ روونەدانی ئەو کارە. لەیەکێك لە پاساوەکانیدا حکومەتی وڵاتەکەی بەم شێوەیە ئاگادار کردۆتەوە ؛ کە دابەشکردنی کوردستان لە رێگەی لکاندنی بەشە دەوڵەمەندەکەی ( کوردستانی باشور ) بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە، دەبێتە هۆی هەڵچوونی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردا دژ بە بەریتانیا. ئەمەش هۆکارێك دەبێ بۆ زیندوو بوونەوەی دەستەڵاتی تورك و نەمانی ئاسایش لەسەر سنورەکانمان، وە پەرچە کردار دروست دەبێ بە درێژایی رێگەی ئێران ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٥٦ ). لە راستیشدا یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو رقە زۆرەی کە کورد هەیبوو بەرامبەر بە بەریتانیا لە کوردستانی باشوردا، پەیوەندی بەم سیاسەتە ستەمکارەی بەریتانیەوە هەبوو کە بەرامبەر بە پرسی کورد گرتبوویە بەر. بەڵام بەرپرسانی بەریتانیا بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیان زۆر لەوە بە بایەختر دەزانی، کە گوێ بدەنە هەست و سۆزی نەتەوەی کورد.

تێڕوانینی کۆلۆنێل ( ئارسەر فرنگ ) یش دەربارەی پرسی میزۆپۆتامیا بەم شێوەیە بوو؛ هەرچەندە پێکەوە سازان لەنێو دانیشتوانی میزۆپۆتامیای ئایندەدا هەبێ، ئەرکی ( ئینتداب ) کردن ئاسانتر و پەسەندتر دەبێ. ئەگەرچی هێنانی ناوچە کوردیەکان ( کوردستانی باشور ) بۆ نێو میزۆپۆتامیا داهات زیاد دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە

خاڵێکی لاواز له بوارەکانی تردا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٨ـ١٥٩ ). مێژووی ئەزموونی سیاسی عێراق ئەوەی سەلماندوه، که تێڕوانینەکەی ( ئارسەر فرنگ ) سەدا سەد راست بووە. چونکه لکاندنی کوردستانی باشور به عێراقی عەرەبیەوە، ئەوەندەی زیانی بۆ ئابوری و سەقامگیری وڵاتی عێراق هەبووه، ئەوەندە سود و قازانجی نەبووه.

دوای ئەوەی بەریتانیەکان هەستیان به زیادبوونی مەترسی کەمالیەکان کرد له کوردستانی باشوردا، حکومەتی لەندەن هەوڵیدا چاو به سیاسەت و رەفتارەکانی بخشێنێتەوه بەرامبەر بە کورد. له میانەی ئەمەدا له مانگی (١٠) ی ١٩٢٢ دا ( هیوبرت یانگ ) سەردانی بەغدای کرد، بۆ ئەوەی هەڵوێستی وەزارەتی ( مستعمرات ) به مەلیك فەیسەڵ رابگەیێنێ سەبارەت به کوردستانی باشور. ناوبراو ئەوەی روون کردەوه، ئەگەر فەرمانڕەوایەتی عەرەب بسەپێنرێ بەسەر کوردا بەبێ ویستی خۆیان، ئەمه وا له کەمالیەکان دەکات به شێوەیەکی خراپ پەرچەکرداری کوردەکان بقۆزنەوه دژ به عەرەب و بەریتانیەکان. وه ئەگەر بەریتانیا هەوڵیدا کوردەکانی باشور بکاته ژێردەستەیەکی راستەوخۆی خۆی، ئەوا کەمالیەکان پەنا دەبەنه بەر بانگەشەی ئیسلامیانە، به ئامانجی هاندانی کورد دژ به بەریتانیەکان، لەو کاتەشدا بەژەوەندی بەریتانیا و عێراق تووشی مەترسی دەبێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٢ ) . ئەمەش ئەو راستیه دەردەخات، که گۆڕانی هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر به کوردستانی باشور تەنیا پرسێکی تەکتیکی بووه، که زیاتر پەیوەندی به رووبەڕوو بوونەوەی مەترسی کەمالیەکانەوه هەبووه. نەوەك له راستیدا هیچ گۆڕانێکی ستراتیجی له هەڵوێستی بەریتانیادا رووی نەدابوو بەرامبەر به شێوازی چارەسەرکردنی پرسی کورد له ویلایەتی موسڵدا.

دوای ئەوەی بەریتانیەکان شێخ مەحمودیان گەڕاندەوه کوردستان، به مەبەستی زیاتر سەرنج راکێشانی کورد به لای خۆیاندا، حکومەتی بەریتانی و عێراقی له (١٩٢٢/١٢/٢٤) دا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوه، که تێیدا هاتبوو ؛ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی و حکومەتی عێراقی دان به مافی گەلی کوردا ئەنێن له ناو سنوری عێراقدا، بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەو ناوچانەی که زۆربەی دانیشتوانیان کوردن. داوا له هەموو رەگەز و خێڵه کوردیەکان دەکەن به زووترین کات پەیوەندی به یەکەوه بکەن و لەسەر ئەو جۆره حکومەتەی که داوای دەکەن و مەبەستیانە، رێك بکەون و سنوری

حکومەتەکەیان دیاری بکەن. وە نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆیان بنێرن بۆ بەغدا، بۆ راوێژکردن و دیاری کردنی جۆری پەیوەندی سیاسی و ئابوریان لەگەڵ هەردوو حکومەتی بەریتانی و عێراقدا ( خەباتی چەکداری و رامیاری..،ل٤٨ـ٤٩ ).

ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە هەردوو حکومەتی بەریتانی و عێراقی، تەنیا حکومەتێکی ناوچەییان بە کورد رەوا بینیوە لە کوردستانی باشوردا، ئەویش لە چوارچێوەی سنوری عێراقدا. کەچی دواتر لەو حکومەتە ناوچەییەش پاشگەز بوونەوە.

دوای ئەوەی بەریتانیەکان تارادەیەکی زۆر پەیوەندیەکانیان ئاسایی کردەوە لەگەڵ کەمالیەکاندا، چیتر چاوپۆشیان لە سەربزێوی و گێچەڵەکانی شێخ مەحمود نەکرد. ئەوەبوو لە ئایاری (١٩٢٣) دا شێخ مەحمودیان ناچار کرد کە سلێمانی بەجێبێڵێ. بەمەش ئومێدی دروست کردنی ئیدارەیەکی کوردی بە پشتیوانی بەریتانیا کۆتایی هات.

لە پەیمانی لۆزاندا، کە لە نێوان هاوپەیمانان و کۆماری تازەی تورکیا لە (١٩٢٣) دا واژۆ کرا، بەریتانیا هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانەی فەرامۆش کرد کە بە کوردی دابوو سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی. چونکە چیتر بەرژەوەندی لەوەدا نەما بوو، کە بەردەوام بێت لە دژایەتی کردنی تورك و پشتیوانی کردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد.

لە دەرئەنجامی ئەو بەرەو پێشچوونەی کە لە پەیوەندیەکانی نێوان بەریتانیا و کۆماری تورکیادا دروست بوو، لە (١٩٢٦) دا هەردوو لا رێك کەوتن لەسەر دیاری کردنی سنوری نێوان عێراق و تورکیا. بەمەش تورکیا بە رەسمی دانی بەوەدا نا کە ویلایەتی موسڵ بەشێك بێت لە دەوڵەتی عێراق، کە لە ساڵی پێشووتر (١٩٢٥) لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە، لە دەرئەنجامی دەست تێوەردانەکانی بەریتانیاوە، کێشەی ویلایەتەکە یەکلا ببوەوە و بە رەسمی لکێنرا بوو بە عێراقەوە.

بەمەش دەتوانین بڵێین، ئەو نەهامەتی و مەینەتیانەی کە کورد لە عێراقدا دووچاریان هات لە دەرئەنجامی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەشێکی زۆری بەرپرسیاریەتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی بەریتانیا. بێگومان بەشێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی کورد خۆی، چونکە ئامادەییەکی باش و پێویستی نەبوو بۆ سود وەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییەی کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا هاتبووە پێش.

# بەشی دووەم :
# هەڵوێستی شێخ محمود بەرامبەر بە سیاسەتی ئینگلیز
# لە کوردستانی باشوردا

دوای وەستانی جەنگی جیهانی، لە رووبەرێکی فرەوانی کوردستانی باشوردا هیچ دەستەڵاتێکی کارگێری و سەربازی بوونیان نەمابوو. چونکە دەستەڵاتی ئینگلیز نەگەیشتبووە ئەو ناوچانە، لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی عوسمانی دووچاری پەرتەوازەیی و نابووتیەکی تەواو هاتبوون. ئەمەش ببووە هۆی دروست بوونی بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لە کوردستانی باشوردا.

بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەی کە لە وڵاتدا دروست ببوو، چەند کەسایەتیەکی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە سلێمانی کۆبوونەوە و متمانەیان بەخشیە شێخ مەحمود کە وەك نوێنەری کورد گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکات، بە ئومێدی چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

شێخ محمود توانی ئەو پەیامە بگەێنێ بە بەرپرسە باڵاکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، کە خوازیاری ئەوەیە بە نوێنەرایەتی ئینگلیز کاروباری ناوچە کوردیەکان بەڕێوەبەرێ. بەریتانیەکانیش ئەوەیان لە بەرژەوەندی دابوو کە سوود لە پێگە و تواناکانی شێخ محمود وەربگرن. لەو بارەیەوە وڵسن رایگەیاند : شێخ هیچ کاتێ پشتگیری ئینگلیز بەدەست ناهێنێ، لەو کاتەدا نەبێ کە فەرمانەکانی ئێمە جێبەجێ بکات، بەو سیفەتەی کە بریکاری ئێمەیە ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٨٨ ).

لەو کاتەدا هەوڵەکانی شێخ مەحمود زیاتر لە پێناو بەدەست هێنانی رەزامەندی ئینگلیز بوو. چونکە لە کاتی جەنگدا شێخ لە پاڵ عوسمانیەکان دژ بە هاوپەیمانان وەستا بووەوە. هەر بۆیەش داواکاریەکانی شێخ لە ئاستێکی دیاری کراو تێنەدەپەڕین.

شێخ مەحمود بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئینگلیزدا، دوو کەسی وەك نوێنەر نارده لایان، کە ئەوانیش ( ئەحمەد فائق و عزەت تۆپچی ) بوون. لە ئاکامی وتووێژی نێوان بەرپرسانی ئینگلیز و شاندەکەی شێخ، هەردوو لا لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە سلێمانی بدرێتە دەست ئینگلیز و سەربازە تورکەکانیش لە لایەن شێخەوە دەربکرێن. لە

بەرامبەر ئەمەدا، بەرپرسانی ئینگلیز رازی بوون کە شێخ مەحمود بە ناوی ولآتەکەیانەوە فەرمانڕەوایەتی سلێمانی بکات ( چەند بابەتێك...،ل٤٧ـ٤٨ ).

شێخ محمود بۆ رازی کردنی ئینگلیزەکان، ئەو حامیەیەی[1] سوپای عوسمانی کە لە سلێمانی بوو چەکی کرد، وە هەموویانی دانە دەست هێزەکانی بەریتانیا لە موسڵ ( وریابوونەوەی کورد،ل١٥٧ ).

کاتێ لە کۆتاییەکانی (١٩١٨) دا بەریتانیا رازی بوو کە شێخ مەحمود بکرێ بە حوکمدار لە سلێمانی، چوارچێوەی حوکمداریەکەی ناوبراو کۆیسنجق و ئاڵتۆن کۆپری و کەرکوك و کفریشی دەگرتەوە ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٩٢ ). بەپێی زانیاریەکانی ئەم سەرچاوەیە بێ، سنوری حوکمداریەکەی ناوبراو تاڕادەیەکی باش فرەوان بووە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو زانیاریەیە کە زۆرجار دەگوترێ ؛ سنوری حوکمداریەکەی شێخ مەحمود تەنیا ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری دەگرتەوە.

لە پێناو راوێژ و هەماهەنگی کردن لەگەڵ شێخ مەحمودا، ئینگلیز ( مێجەر نوئێل ) ی نارده سلێمانی. نوئێل کە سۆزێکی زۆری بۆ کورد هەبوو، پێشنیازی کرد بۆ وڵسن کە ناوچەی هۆزی خۆشناوەتیش بخرێتە سەر ناوچەی قەڵەمڕەوی شێخ، بەڵام وڵسن رازی نەبوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٠ ). هەرچەندە کاتێ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، وڵسن سەردانی شاری سلێمانی کرد، ئەو پەیامەی حکومەتی بەریتانیای پێبوو کە تێیدا هاتبوو ؛ هەر هۆزێکی کوردی کە لەو زەویانەدا نیشتەجێیە کە دەکەونە نێوان زێی گەورە و رووباری دیالە ( بەدەر لە هۆزە کوردیەکانی رۆژهەڵات )، ئەگەر بە ویستی ئازادانەی خۆیان فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحمود پەسەند بکەن، ئەوا هیچ شتێك نابێ رێگە لەوە بگرێ..... شێخ دەستەڵاتی خۆی لەو ناوچانەدا جێگر دەکات لەبری بەریتانیا، بەو پێەی کە بەڵێنی داوە ملکەچی فەرمانەکانی ئینگلیز بێت ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٢٧ ).

بەردەوام یەکێك لە کێشە گەورەکانی کوردان ئەوەیە، لەنێو خۆیاندا ناکۆکن و ناتوانن لەسەر رێبەرێکی دیاری کراو رێك بکەون کە نوێنەرایەتی هەموویان بکات. بۆ نمونە لەو دۆخە هەستیارەی کوردستاندا لە دوای جەنگی جیهانی، سەرداره کوردەکانی هەردوو ناوچەی کفری و کەرکوك رایانگەیاند : کە خۆیان و خەڵکەکەیان حەز ناکەن لەژێر حوکمی

---

(١) مەبەست لە حامیە، بارەگای سوپای عوسمانیە.

شێخ مەحمودا بن. بۆیە داوایان کرد کە ڕێگەیان بدرێ، ڕێوشوێنێکی تر بگرنە بەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٢٢ ). ئەم دووبەرەکیە نێوخۆییەی سەردارانی کورد، بە درێژایی مێژوو زیانێکی زۆری لە پرسی نەتەوەیی کورد داوە.

مێجەر نوئێل هەوڵیدا پێگەی شێخ مەحمود بەهێز بکات. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای (١٩١٩) دا، ناوبراو سەردانی ناوچەکانی رواندوز و هەڵەبجە و رانیە و کۆیسنجقی کرد و داوای لە سەرۆك هۆزەکان کرد کە کاروباری هۆزەکانیان بەڕێوە ببەن، بەڵام لە ڕێی شێخ مەحمودەوە لە لای دەستەڵاتی بەریتانی بەرپرسیار بن ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٣١ ).

دوای ئەو پەیمان و بەڵێنە زۆرانەی کە لە لایەن هاوپەیمانان و بەریتانیاوە بە شێخ مەحمود و ڕێبەرانی تری کورد دران، سەبارەت بە رزگارکردنی کورد و دروست کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆیان. بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی (١٤) خاڵەکەی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا ( ویلسۆن ) دەربارەی چەسپاندنی ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، بەرە بەرە داخوازیە سیاسیەکانی کورد لە کوردستانی باشوردا فرەوانتر بوون. ئەوەبوو دوای سەردانی ( سێر ئارنۆڵد وڵسن ) بۆ شاری سلێمانی، چل کەس لە سەرۆك هۆز و کەسایەتیە دیارەکانی کورد یاداشتێکیان دایە ناوبراو، تێیدا بەڵێنەکانی هاوپەیمانان و ئینگلیزیان هێنابووەوە یاد لە بارەی سەربەخۆیی گەلانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆی خۆیان، وە داوایان کرد کە حکومەتی بەریتانیا کورد لەو بەڵێنانە بێ بەش نەکات ( کورد و عەجەم،ل٢٨٣ ). هەروەها لە یاداشتەکەدا داوای ئەوەیان لە وڵسن کرد وەك ( حاکمی گشتی بەریتانیا )، کە نوێنەرێکی خۆی رەوانەی ناوچەکە بکات بۆ یارمەتی دانی گەلی کورد، تاکوو بەرەو پێشەوە بچێ لە بواری شارستانیەت و پێشکەوتندا. لە بەرامبەریشدا ئەوان ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە ملکەچی فەرمانەکانی بەریتانیا بن ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٢٧ ).

بێگومان ئەگەر بەریتانیا مەبەستی بوایە، دەیتوانی بەبێ هاوکاری کوردیش دەست بەسەر ویلایەتی موسڵدا بگرێ، بەڵام لەبەر دوو هۆ پێی باش نەبوو بەم کارە هەڵبستێ ١) چەسپاندنی دەستەڵاتی خۆی لە ویلایەتەکەدا، بەبێ یارمەتی کورد تاڕادەیەك زەحمەت دەبوو ٢) ئەنجامدانی ئەم کارە دەبووە هۆی پێشێل کردنێکی ئاشکرای بەندەکانی

رێکەوتننامەی ( مودرس )، کە تایبەت بوو بە ئاگربەست و وەستانی هێزەکان لە شوێنی خۆیان. هەر بۆیە بەریتانیا پێی باشتر بوو، کە لە رێگەی کوردەوە ویلایەتی موسڵ بهێنێتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە.

پەسەندکردنی شێخ مەحمود وەك حوکمداری سلێمانی، هەرگیز ئەوەی نە دەگەیاند کە ئینگلیز دانی بە دەستەڵاتی شێخدا ناوە وەك فەرمانڕەوای قەوارەیەکی کوردی لە کوردستانی باشوردا. لە کاتێکدا کە هەندێ لە بەرپرسانی ئینگلیز لە میزۆپۆتامیا دژی ئەو دەستەڵاتە بوون کە بە شێخ مەحمود درابوو، کەچی شێخ خۆی وەك فەرمانڕەوای هەموو کوردستانی باشور دەهاتە بەرچاو. ئەم ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنە بووە هۆی دروست بوونی تەنگەژەیەکی گەورە لە نێوان هەردوو لادا ( شێخ و ئینگلیز ). پێدەچێ هۆکاری ئەمەش زیاتر بەهۆی ئینگلیزەوە بووبێ. چونکە ئینگلیز لە سەرەتادا بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی شێخ و سەرانی تری کورد، جگە لەوەی کە چەندین بەڵێنی گەورەی بە کوردا، هەروەها رەزامەندیشی لەسەر زۆربەی داخوازیە سیاسیەکانی رێبەرانی کورد نیشاندا. کە ئەمە وای لە شێخ مەحمود کرد، بگاتە ئەو باوەڕەی کە ئینگلیز قەوارەیەکی کوردی لە کوردستانی باشوردا دادەمەزرێنێ و ئەویش دەکات بە فەرمانڕەوای ئەم قەوارەیە.

لە سایەی ئەو دۆخەی کە لە کوردستانی باشوردا هاتبووە ئاراوە، شێخ لە پێگەیەکی بەهێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بەرپرسانی ئینگلیزدا دەکرد. ئەوەبوو لە چەند پەیامێکیدا بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز ئەوەی دەخستە روو، کە ئەو بە تەنیا نوێنەرایەتی کوردەکانی سلێمانی ناکات، بەڵکو نوێنەری هەموو کوردانە تا سنەی کوردستانی رۆژهەڵات ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٥٢ ). بەرپرسانی ئینگلیزیش، بە تایبەتی ئەوانەی کار و رەفتاری شێخیان بە دڵ نەبوو، ئەم بەرزە فڕیەی شێخیان پێ ناخۆش بوو.

شێخ مەحمود کە خۆی وەك حاکمی رەهای کوردستان دەهاتە بەرچاو، هەمیشە هەوڵی بەهێزکردنی دەستەڵاتی خۆی دەدا، وە ئامۆژگاری ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیای پشتگوێ دەخست. کە ئەمەش ببووە هۆی دروست بوونی نیگەرانیەکی زۆر لە لایەن ئەم ئەفسەرانەوە ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٤٥ ). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شێخ مەحمود کەسێکی دووربین نەبووە لە هەڵسەنگاندنی هاوکێشە سیاسیەکاندا. چونکە ئەو دەستەڵات

و پێگەیەی کە هەیبوو بە ڕەزامەندی بەریتانیەکان بەدەست هاتبوو، هەر ئەوانیش دەیانتوانی ئەو دەستەڵاتەی لێ وەربگرنەوە.

هەر لەو بارەیەوە ( گێر ترودیل ) باس لەوە دەکات ؛ بەهۆی ئەوەی شێخ مەحمود زیادەڕۆیی زۆری دەکرد لە فرەوان کردنی دەستەڵاتی خۆیدا، هەمووی مانگێ یان مانگ و چەند ڕۆژێ تێنەپەڕی، بەریتانیا ناچار بوو چاو بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە لە کوردستانی باشوردا، تا کار لە کار نەترازاوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٤ ). بەمەش دەردەکەوێ کە شێخ مەحمود کەسێکی سەرکەوتوو نەبووە لە ڕەفتار کردن بە شێوەیەکی ژیرانە لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەی کە هاتبووە پێش.

ڕەفیق حیلمی لە بارەی هەڵوێستی شێخ مەحمود بەرامبەر بە ئینگلیز لەو کاتەدا دەڵێ (( شێخ شارەزایی سیاسی و کرداری پێویستی نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی بەریتانیا لە بەغدا. ئەو فشارە بەردەوامانەی کە شێخ پەیڕەوی دەکرد لەسەر بەریتانیەکان بە ئامانجی پەلە کردن لە جێبەجێ کردنی بەڵێن و ڕێکەوتنەکان، لەوانە فرەوان کردنی پانتایی جوگرافی قەوارەی ئۆتۆنۆمی کوردی، ئەوانە بەر لەوە بوون کە بەریتانیا دان بنێ بە تایبەتمەندی شێخ وەك دەستەڵاتدارێکی پشت بەستوو بە ڕەوایەتی ناوخۆ و بە توانا، وەك ڕێبەرێکی سیاسی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەلومەرجە گۆڕاوەکان ))
( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٢٨ـ١٢٩ ) .

هەرچەندە شێخ محمود نەیتوانی بوو لەو ماوە کەمەدا پایەکانی دەستەڵاتی پتەو بکات، وە لە ناوخۆی کوردستاندا نەیتوانی بوو پشتیوانی زۆربەی ناوچەکان دەستەبەر بکات، کەچی فشارێکی زۆری دەخستە سەر بەرپرسانی ئینگلیز بۆ پەلە کردن لە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانیان. هەموو ئەوانە لە کاتێکدا بوون، کە بەریتانیا هێشتا دانی نەنابوو بە ڕەوایەتی دەستەڵاتەکەی شێخ مەحمود. چونکە تا ئـەو کات بەریتانیا نەیتوانی بوو متمانەی تەواو بە ناوبراو بکات.

ئەو هەڵوێست و کردەوانەی شێخ مەحمود بوونە هۆی زیاتر ورژاندنی ( وڵسن ) و هاوبیرەکانی، کە هەر لە بنەڕەتدا ئەوان دژی بەهێزتر بوونی دەستەڵاتی شێخ مەحمود بوون ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٦ ). واتە کردەوەکانی شێخ مەحمود، بوونەتە هۆی زاڵتر

بوونی ئەو دەنگانەی کە دژی دروست بوونی ئیدارەیەکی کوردی بوون لە کوردستانی باشوردا.

وەك باسمان کرد بەهۆی درێژە کێشانی رووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـ١٩١٨)، تەنگەژەیەکی ئابوری گەورە لە بەریتانیادا دروست ببوو. بەهۆی زۆری فشاری ناوخۆیی لەسەر حکومەت، بەریتانیا لە (١٩١٩) دا هێزەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە میزۆپۆتامیادا کەمکردەوە. دوور نیە ئەمە تاڕادەیەك، کاریگەری لەسەر گۆڕانی تێڕوانینی شێخ مەحمود هەبووبێ بەرامبەر بە بەریتانیەکان، بەو هۆیەوە ناوبراو وا تێگەیشتبێ کە ئایندەی بەریتانیەکان لە ناوچەکەدا روون نیە. هەر چۆنێ بێ ئەم بیرکردنەوەیە، جۆرێك لە کورت بینی پێوە دیار بووە. چونکە بەریتانیا کە لە رێگەی قوربانی دانێکی زۆرەوە دەستی بەسەر میزۆپۆتامیادا گرتبوو، هەرگیز ئامادە نەدەبوو بە ئاسانی وازی لێ بێنێ.

وەك باسمان کرد وڵسن ( وەك حاکمی گشتی بەریتانیا ) سەردانی شاری سلێمانی کرد ، لەم سەردانەیدا لەگەل شێخ مەحمود و چەندین کەسایەتی و سەرۆك هۆزی کورد کۆبووەوە. دوای گەڕانەوەی لە سلێمانی، راپۆرتێکی تێروتەسەلی لە بارەی رەوشی سیاسی ناوچە کوردیەکان ئامادە کرد و ئاراستەی بەرپرسە باڵاکانی لەندەنی کرد، کە تێیدا دەربارەی داواکاریەکانی سەرانی کورد، ئاماژەی بەم چوار خاڵەی خوارەوەدا :

١) هەندێ لە کەسایەتیە کوردیەکان، داوای دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ دەکەن بۆ کورد.

٢) کۆمەڵێکی دیکەیان داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەکەن بۆ کورد، بەڵام بەو مەرجەی لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری بەریتانیادا بێت.

٣) هەندێکی دیکەیان داوای ئەوە دەکەن کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە پاڵ هەردوو ویلایەتی ( بەغدا و بەسرا )، لە چوارچێوەی ئەو حکومەتەی کە بڕیارە دروست بکرێ.

٤) کۆمەڵێکی تریان رازی نین بە حوکمڕانی شێخ مەحمود و ناکۆکن لەگەڵی. بۆیە داوا دەکەن کە شێخ وەك حوکمڕان لا ببرێت ( چەند بابەتێك...،ل٥٠ ).

**راپۆرتەکەی ( ئارنۆڵد وڵسن )، ئەوە دەردەخات کە دەستەبژێری کوردی چەندە ناکۆك بووە لەنێو خۆیدا، کە بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر دیدگای سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی.**

**دوای رێك کەوتنی ئینگلیز لەگەڵ شێخ مەحمود و سەرانی کوردا، هەژموونی دەستەڵاتی ئینگلیز بەرە بەرە گەیشتە کوردستانی باشور. بەڵام سەرەتا دەستەڵاتەکەی رەمزی بوو نەك کردەیی، ئەمەش لەبەر دوو هۆ ١) بەهۆی قەیرانی ئابوری و فرەوان بوونی سنوری دەستەڵاتی بەریتانیا لە جیهاندا، بەریتانیا نەیدەتوانی هێزێکی زۆر بنێرێتە کوردستان ٢) شێخ مەحمود بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا کە بەربەست لە بەردەم فرەوان بوونی دەستەڵاتەکانی ئینگلیز دروست بکات لە کوردستاندا، بێ گوێدانە ئامۆژگاری ئەفسەرە سیاسیەکانی ئینگلیز.**

**ئەو رەوشەی کە لە کوردستانی باشوردا هەبوو، زیاتر لە دۆخێکی نیمچە سەربەخۆ دەچوو. هەنگاوەکانی شێخ مەحمودیش، بوونە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیادا. بۆ ئەوەی ئەم نیمچە سەربەخۆییەی باشوری کوردستان، دوور لە خواستی بەریتانیا بەرە بەرە نەبێتە دۆخێکی داسەپاو و کار لەکار نەترازێ[1]، بەرپرسانی ئینگلیز بە پێویستیان زانی کۆتایی بەم دۆخە سیاسیەی کوردستانی باشور بێنن. ئەوەبوو لە ئازاری (١٩١٩) دا کۆبوونەوەیەکیان سازکرد لە بەغدا، کە تایبەت بوو بە رەوشی کوردستانی باشور و دیاری کردنی هەڵوێست بەرامبەر بە شێخ مەحمود، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە وردە وردە دەستەڵاتی شێخ کەم بکرێتەوە بە دوو هەنگاو ١) مێجەر سۆن خرایە شوێنی مێجەر نوئێل[2]، کە ئەم فەرماندە تازەیە هیچ سۆزێکی تایبەتی نەبوو بەرامبەر بە کورد، وە لەگەڵ بیرۆکەی پێك هێنانی قەوارەیەکی کوردیدا نەبوو لە کوردستانی باشوردا ٢) بڕیار درا کە کار بکرێ بۆ جیاکردنەوەی هەندی ناوچە و هۆز**

---

(١) واتە دوور لە ویستی بەریتانیا، کوردستانی باشور نەبێتە قەوارەیەکی سەربەخۆ.

(٢) بە هەمان شێوەی بەریتانیا، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣) دا، سەرەتا ئەمریکا ( جەی گاینەر ) ی بە حاکمی گشتی عێراق دانا، ناوبراو سۆزێکی زۆری بۆ کورد و پرسە نەتەوەییەکەی هەبوو. کە ئەمریکا ویستی سیاسەت و هەڵوێستی خۆی لە عێراقدا بگۆرێ، جەی گاینەری لابرد و ( پۆل بریمەر ) ی لە شوێن دانا. ئەوەی دووەمیان هیچ سۆزێکی بۆ کورد نەبوو، تەنیا ئامانجی بریتی بوو لە خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی.

کە بەسترابوونەوە بە دەستەڵاتەکەی شێخ مەحمود ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٤٩ ). ئەوەبوو هەر لە هەمان مانگدا، کەرکوك و کفری دەرهێنران لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شێخ. هەڵەبجەش کە لەژێر دەستەڵاتی شێخدا بوو، بەریتانیەکان بڕیاریاندا کە راستەوخۆ بەڕێوەی بەرن ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٠ ).

مێجەر سۆن بە پێچەوانەی مێجەر نوئێل، بەردەوام هەوڵی دەدا لە پێگە و دەستەڵاتی شێخ مەحمود کەم بکاتەوە و ئاستەنگ بخاتە بەردەم هەوڵ و کارەکانی. یەکێك لە کارەکانی ( سۆن ) لە سلێمانی ئەوەبوو، زۆربەی فەرمانبەرە کوردەکانی گۆڕی بە فەرمانبەری هند و فارس و عەرەب ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٩٩ ). کە بێگومان مەبەستی سەرەکی لەم کارەی، لێدان بوو لە پێگەی سیاسی شێخ مەحمود.

مێجەر سۆن لە یاداشتەکانیدا ( سەفەر بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان بە نهێنی ) لە بارەی کەسایەتی شێخ مەحمودەوە دەڵێ : شێخ تەنیا بۆ ئەو رۆژە ژیاوە کە تێیدا بووە ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل١٦٧ ). ناتوانین ئەوە پشت راست بکەینەوە کە بۆچوونی ( سۆن ) لە بارەی شێخ مەحمودەوە چەند راست بووە، بەڵام ئەمە ئەو راستیە دەردەخات کە تێڕوانینی ناوبراو لە بارەی رۆڵ و کەسایەتی شێخ مەحمود زۆر خراپ بووە.

شێخ مەحمود بەم هەڵسوکەوت و رەفتارە تازانەی ئینگلیز زۆر نیگەران بوو. بۆیە وەك پەرچە کردارێك پەنای بردە بەر هەڕەشە و چاو سورکردنەوە. ئەوەبوو نامەیەکی ئاراستەی ( حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغدا ) کرد، تێیدا ئاماژەی بەوەدا « کورد داوای ئازادی دەکات. ئەگەر بە خێرایی ئەم مافەیان نەدرێتێ، من ناتوانم بەڵێنی بەربەست کردنیان بدەم. جا من بە ناوی خۆم و هەموو کوردەوە تکا دەکەم کە رەوتی سیاسەتە ناڕەواکەتان و ئەم پیاوە سیاسیانەی ئێستاتان بە پیاوی ژیر و تێگەیشتوو بگۆڕن » ( گۆڤاری ستاندار،ژ٢٥،ل٥٩ ).

هەندێ سەرچاوەی مێژووی باس لەوە دەکەن کە شێخ مەحمود بۆ ئەوەی بتوانێ بەگژ ئینگلیزدا بچێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ تورکە عوسمانیەکاندا دروست کردبوەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نیگەرانیەکانی ئینگلیز بەرامبەر بە شێخ زۆر زیاتر بێ، بە تایبەتی کە لەو کاتەدا تورك دوژمنی پلە یەکی بەریتانیا بوو لە ناوچەکەدا. پشت بەستنی شێخ بە

عوسمانیەکان بەرامبەر بە ئینگلیز، رەفتارێکی زۆر هەڵەشانە بووە. چونکە عوسمانیەکان لە دۆخێکدا نەبوون بتوانن ململانێی بەریتانیا بکەن.

جگە لەمەش شێخ مەحمود بەم هەنگاوەی، چووە نێو ململانێیەکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئینگلیزدا. ئەمە لە کاتێکدا کە لە رووی هاوسەنگی هێزەوە، شێخ لە دۆخێکدا نەبوو بتوانێ خواستەکانی بەسەر ئینگلیزدا بسەپێنێ.

لە (١٩١٩/٥/٢٢) دا شێخ مەحمود بە هاوکاری مەحمود خانی دزلی لە دژی ئینگلیز راپەرینێکی چەکداری ئەنجامدا، وە توانی دەستەڵات و بوونی ئینگلیز لە شاری سلێمانیدا دوور بخاتەوە ( گۆڤاری ستاندا،ژ٢٥،ل٥٩ ). هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن، کە عوسمانیەکان لە پشت هاندانی شێخ مەحمودەوە بوون بۆ ئەنجامدانی ئەم راپەرینە. بەڵام بێگومان ئەو فشارە زۆرەی کە لە لایەن بەرپرسانی ئینگلیزەوە لەسەر شێخ مەحمود دروست کرابوو، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی راپەرینە چەکداریەکە بوو.

جەعفەر عەلی لە بارەی راپەرینەکەی شێخ مەحمودەوە دەڵێ (( یەکێك لە هۆیەکانی سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز لە (١٩١٩) دا، پرسی دیارنەکردنی سنوری کوردستان و مانای زاراوەی حوکمدار بوو. بە پێی قسەکانی ( مسس بێڵ )، شێخ داوای لە بەریتانیا کردبوو کە باشوری کوردستان لە لیستی نەتەوە رزگاربووەکان جیا نەکاتەوە )) ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل٣٢٤ ).

گومان لەوەدا نیە کە داواکاریەکانی شێخ مەحمود لە ئینگلیز نیشتیمانیانە بوون، بەڵام گرفتی گەورەی شێخ لەوەدا بوو کە نەیتوانیوە هاوکێشە سیاسیەکان بە باشی هەڵسەنگێنێ. بۆیە لە بری پەرەپێدانی هەوڵە سیاسیەکان، پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هێز، کە ئەمەش بژاردەیەکی هەڵە بووە. چونکە ئەو کات بەریتانیا بەهێزترین وڵاتی جیهان بوو.

بەهۆی ناهاوسەنگی زۆر لە توانای جەنگی هەردوو لادا لە بەرژەوەندی هێزەکانی ئینگلیز، هێزەکانی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان دووچاری شکستێکی زۆر گەورە بوون و شێخیش بە برینداری لە لایەن ئینگلیزەوە بە دیل گیرا. دادگایەکی سەربازی ئینگلیز

بڕیاری دوورخستنەوی شێخیدا بۆ دوورگەی ( هنجام ) لە هیند[1] ( چەند لاپەرەیەك ....،ل٢٠ ).

لە کاتی دادگایی کردنیدا، دادوەر هۆکاری راپەڕینەکەی لێ دەپرسێ، شێخیش چواردە بەندەکەی ( وندرۆ ویلسۆن ) دەردەهێنێ و دەڵێ : بە پشت بەستن بەم قسانە، ئەم کارەم ئەنجامدا ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە....،ل٥٤٢ـ٥٤٣ ). ئەمەش جارێکی تر رادەی پەرۆشی شێخ دەسەلمێنێ لە ئاست پرسە نەتەوەییەکانی کوردا.

سەرنەکەوتنی ئەزموونی حوکمداری شێخ لە (١٩١٩) دا، زیانێکی زۆری بە بانگەشەکانی کورد گەیاند لە ناوەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکاندا. وە پێگەی پرسی کوردی لە لای هاوپەیمانان لاوازتر کرد.

لەو ماوەیەی کە شێخ مەحمود دوور خرابووەوە لە کوردستان، بارودۆخی وڵات زۆر خراپتر ببوو. خەڵك دوورخستنەی شێخ مەحمودیان بە ستەمێکی گەورە دەزانی کە بەرامبەر بە کورد کراوە. یاخیبوونی هۆزەکان دژی دەستەڵاتی ئینگلیز لە کوردستاندا بەردەوام بوو. هاوکات پڕوپاگەندەی کەمالیەکان لەنێو خەڵکی کوردستان لە پەرەسەندا بوو، وە هاتنی ئۆزدەمیر ببووە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندی و دەستەڵاتی ئینگلیز لە کوردستانی باشوردا[2] ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی....،ل ١٦٦ـ١٦٧ ).

خەڵکێکی زۆر داوای گەڕاندنەوەی شێخ مەحمودیان دەکرد. ژمارەیەك لە سەردارانی کوردیش لە سلێمانی و کەرکوك و کفری، چەندین داواکاریان دایە کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود، لە هەندێ لەو داواکاریانەدا داوای دامەزراندنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی کرابوو لە کوردستانی باشوردا ( من التخطيط الى التجزئة ....،ص٢٦٩ ).

گەورەترین هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە ویلایەتی موسڵدا، هەڕەشەی کەمالیەکان بوو کە بە سوور بوونێکی زۆرەوە داوای خاوەنداریەتی ویلایەتی موسڵیان دەکردەوە. بەهۆی گەورەیی هەڕەشەی کەمالیەکان و خراپی رەوشی سەقامگیری لە کوردستانی باشوردا، بەرپرسانی ئینگلیز ناچار بوون بڕیار لەسەر گەڕاندنەوەی شێخ

(١) ئەو کات هیند یەکێك بوو لە گەورەترین و گرنگترین کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا.

(٢) بەشی هەرە زۆری ویلایەتی موسڵ، ناوچە کوردیەکان بوون، بەڵام باشوری کوردستان هەموو ویلایەتی موسڵ ناگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ناوچە کوردیەکانی ویلایەتی موسڵ ، ناسرا بوون بە کوردستانی باشور.

مەحمود بدەن بۆ كوردستان و بڕیاری لێبوردنیان بۆ دەركرد. خەڵكی كوردستان بە خۆشیەكی زۆرەوە پێشوازیان لەم هەواڵە كرد.

زۆر لە سەرچاوە مێژووییەكان باس لەوە دەكەن كە بەر لە هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ كوردستان، بەرپرسانی ئینگلیز بەڵێنیان بە شێخ دابوو كە حكومەتێكی لە ناوچە كوردیەكاندا بۆ دروست بكەن، بەو مەرجەی كە گوێڕایەڵیان بكات و دژ بە بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا نەوەستێتەوە. پێدەچێ شێخیش بۆ رزگاربوون لە دوورە وڵاتی و گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، بەو مەرجانەی ئینگلیز رازی بوو بێت.

كریس كۆچێرا لە بارەی هێنانەوەی شێخ مەحمود لە لایەن ئینگلیزەوە دەڵێ (( شێخ مەحمود لەو وتووێژانەی كە بەر لە گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لە ناوەراستی ئەیلولی (١٩٢٢) دا[١] لە بەغدا لەگەڵ ( سێر پرسی كۆكس )[٢] دا كردبووی، بەڵێنی ئەوەی دابوو كە هەقی بەسەر ئیدارە و بەڕێوەبردنی ناوچەكانی كەركوك و هەولێرەوە نەبێ )) ( گۆڤاری ستاندار،ژ٢٤،ل٣٠ ). لە راستیدا ناتوانین بە ئاسانی ئەم زانیاریە پشت راست بكەینەوە، بەڵام ئەگەر شێخ چووبێتە ژێر باری ئەم بەڵێنە، جا بەهەر پاساوێك بێت، ئەوە هەڵەیەكی زۆر گەورەی ئەنجام داوە. چونكە ئیدارەی كوردی بەبێ ئەم ناوچانە، دەبوو بە قەوارەیەكی زۆر لاواز و ناتەواو.

هەندێ سەرچاوەی تری مێژوویش جەخت لەوە دەكەنەوە كە دوای هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ كوردستان لە (١٩٢٢) دا، ئەو حكومەتە كوردیەی كە بەریتانیا دانی پێدا نابوو دروست بكرێ لە كوردستانی باشوردا تەنیا سلێمانی دەگرتەوە، ناوچە كوردیەكانی تر دەكەوتنە دەرەوەی ئەو حكومەتەی كە بڕیار بوو بە پشتیوانی بەریتانیا دروست بكرێ لە چواچێوەی عێراقدا. واتە بەریتانیا بە تەواوی خۆی یەكلا كردبووەوە، كە سەرجەم ناوچە كوردیەكانی كوردستانی باشور جگە لە سلێمانی بلكێنێ بە دەوڵەتی تازە دروست كراوی عێراقەوە.

---

(١) لە بارەی رێكەوتی هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی، دیڤید ماكداول لە كتێبی ( مێژووی هاوچەرخی كورد ) ئاماژە بە مانگی ( تەموز ) ی (١٩٢٢) دەكات. بەڵام پێدەچێ مێژووی هاتنەوەی شێخ لە نێوان كۆتایی مانگی (٨) و سەرەتای مانگی (٩) ی (١٩٢٢) دا بێت.

(٢) ئەو كات لە شوێنی (ئارنۆڵد ولسن ) كرابوو بە ( مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق ).

دیڤید ماکداول لە بارەی گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی باس لەوە دەکات ؛ لە (١١) ی تەموزی ١٩٢٢ دا، رێك لەو رۆژەی شێخ مەحمود هاتەوە ناو سلێمانی، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیارێکی دەرکرد بەم شێوەیە ١) حکومەتی عێراقی بێجگە لە پلە و پێگەی تەکنیکی، هیچ لێپرسراوێکی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکاندا دانامەزرێنێ ٢) دانیشتوانی ئەو ناوچانە، بە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە کاروباری رەسمیدا ناچار ناکات ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٥٥ ). پێدەچێ ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراقی لەسەر داوای بەرپرسانی بەریتانی دەرچوو بێ، بۆ هێورکردنەوەی خەڵکی کوردستان کە زۆر پەست ببوون لە سیاسەتی ستەمکارانەی بەریتانیا.

کە ئینگلیز شێخ مەحمودی هێنایەوە کوردستان لە (١٩٢٢) دا، پێشنیازی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ( ئەنجومەنی نەتەوەی کوردی ) پێکرد، بەڵام رەتی کردەوە. لەبری ئەمە شێخ بە چەند کارێك هەستا، وەك پێك هێنانی هێزێکی چەکداری بە هاوکاری هەندێ لە ئەفسەرە کوردەکان، وە بەرز کردنەوەی ئاڵایەکی نەتەوەیی. شێخ کە ئەم هەنگاوە گرنگانەی ناون، ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە شێخ ویستویەتی رێبەرێکی نیشتیمانی بێ، نەك سەرۆکێکی لۆکاڵی[1] بۆ ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەکی کوردستان ( من التخطيط الى التجزئة...،ص٢٧٦ ).

پێدەچێ ( ئەنجومەنی نەتەوەی کوردی )، تەنیا ناوێکی بێ ناوەرۆك بوو بێت. بۆیەش شێخ مەحمود سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنەکەی رەت کردۆتەوە. تێڕوانین و هەڵوێستەکانی شێخ دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی بەریتانیادا نەدەگونجا. بۆیە هەر زوو بەرپرسانی بەریتانی، نیگەرانی خۆیان نیشاندا لە کردەوەکانی ناوبراو.

بە پێچەوانەی ئەزموونی یەکەمی شێخ لە (١٩١٩) دا، لە دوای گەڕاندنەوەی شێخ لە (١٩٢٢) دا زۆربەی هۆزەکانی کەرکوك و هەولێر و کفری پشتیوانی خۆیان بۆ شێخ مەحمود راگەیاند. دزەییەکانی[2] هەولێر داوایان کرد، یەك بخرێن لەگەڵ ئیدارەی شێخ مەحمود لە

---

(١) لۆکاڵی، بە کوردی بە واتای ناوخۆیی دێت، بە عەرەبیش بە واتای ( محلي ) دێت.

(٢) دزەیی هۆزێکی بە ناو و دەنگی کوردین، ناوچەکەیان دەکەوێتە نزیك هەولێر.

سلێمانی ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٦_٢٧٧ ). واتە رادەی پشتگیری ناوخۆیی بۆ شێخ لە (١٩٢٢) دا زیاتر ببوو، کە دەکرا سوودێکی زیاتر لەو پشتیوانیە ناوخۆییە وەربگیرێ.

چەرچڵ کە هاوسۆز بوو بەرامبەر بە پرسی کورد، لە دوای گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود لە (١٩٢٢) دا بۆ کوردستان، رایگەیاند : لە کوردستانی باشوردا پێویستە شێوەیەك لە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی پەرە پێبدرێ، وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٠ ). کەچی بەرپرسە باڵاکانی بەریتانیا لە بەغدا، هەمیشە ئەم جۆرە دەنگانەیان فەرامۆش دەکرد.

لە تشرینی دووەمی (١٩٢٢) دا لەسەر داوای کاربەدەستانی بەریتانیا لە بەغدا، شاندێکی کوردی لە لایەن شێخ مەحمودەوە نێردرا بۆ بەغدا، تاکوو شێوازێك دیاری بکرێ بۆ پەیوەندی نێوان سلێمانی و بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك. چونکە بەرپرسانی بەریتانی ئامادە نەبوون داخوازیە نەتەوەییەکانی شاندە کوردیەکە جێبەجێ بکەن، وە شاندەکەش سوور بوو لەسەر داواکاریەکانی خۆی ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٨٦ ). گرنگترین داخوازیەکانی شاندەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە :

- هەموو ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردە، دەبێ بەشێك بن لە کوردستانی خواروو .
- بە رەسمی ناسینی سەربەخۆیی کوردستانی خواروو.
- لیژنەیەك بۆ دیاری کردنی سنوری نێوان کوردستان و عێراق پێك بهێنرێ.
- شێخ مەحمود وەك فەرمانڕەوای کوردستان بناسرێ ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٥٣ ) .

ئەم جۆرە داخوازیانەی شاندەکە، هەرگیز لەگەڵ ئەو مەرجانەدا نەدەهاتنەوە کە لە رێگەیانەوە شێخ محمود هێنرابوەوە کوردستان. هەر بۆیەش داواکاریەکانیان پشتگوێ خران لە لایەن بەرپرسە بەریتانیەکانەوە.

ئەدمۆند لە بارەی هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ دروست کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی، باس لەوە دەکات ؛ کە شێخ مەحمود لە (١٩٢٢) دا گەڕایەوە سلێمانی، پاش ماوەیەك داواکاریەکم پێگەیشت لە لایەن هەندێ لە شێخەکانی تاڵابانیەوە، کە شێخ مەحمود

ناچاری کردبوون بەڵگەنامەیەك واژۆ بکەن کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی تێدا بوو بە سەرۆکایەتی ئەو ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٨٢ ).

عەلائەدین سەجادی لە بارەی کارەکانی شێخ مەحمودەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەڵێ (( لە (١٩٢٢/١١) دا پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە ئاوارەیەتیدا بۆ سلێمانی، شێخ نازناوی مەلیکی وەرگرت و ئاڵای کوردستانی لە سلێمانی بەرز کردەوە، وە یەکەم وەزارەتی کوردی دامەزراند )) ( شۆڕشەکانی کورد،ل٩٥ ).

لە بارەی پرسی وەرگرتنی نازناوی ( مەلیك ) لە لایەن شێخ مەحمودەوە، پرسیار و مشتومڕێکی زۆر هەیە. وەك ئەوەی لەسەر چ بنەمایەك نازناوی مەلیك ( پادشا ) ی دراوەتە پاڵ؟ لە کاتێکدا پێگەی پادشا، تەنیا بۆ قەوارەیەکی خاوەن سەروەری گونجاوە. کەچی شێخ بەر لەوەی دەستەڵاتی وەزارەتەکەی بە تەواوی بچەسپێنێ و سنوری حوکمڕانیەکەی بە تەواوی یەکلا بێتەوە، نازناوی مەلیکی[1] بۆ خۆی ڕاگەیاند. جگە لەمەش تا ئێستا بە تەواوی روون نەبوەتەوە کە چۆن نازناوی ( مەلیك ) دراوەتە پاڵ شێخ مەحمود، ئایا خۆی ئەم نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردوە؟ یان لە لایەن کەسانی ترەوە ئەم نازناوەی پێ بەخشراوە؟ تاڕادەیەك ئەستەمە کە ئەو نازناوە لە لایەن بەریتانیەکانەوە درا بێت بە شێخ مەحمود. چونکە بەریتانیا بە نیاز نەبوو قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە کوردستانی باشوردا دابمەزرێنێ. زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە شێخ خۆی ئەم نازناوەی داوەتە پاڵ خۆی. نازناوەکە ئەوەندەی ناو و دەنگ بوو، ناوەرۆك نەبوو. چونکە لە بنەڕەتدا دەستەڵاتی حکومەتەکەی شێخ زۆر سنوردار بوو.

کریس کۆچێرا لەم بارەیەوە دەڵێ : شێخ دوای ئەوەی خۆی بە مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند، هەندێ ( پول ) یشی دروست کرد کە نەخشەی دوو خەنجەری یەکتربڕی لەسەر بوو لەگەڵ دەستەواژەی (( دەوڵەتی کوردستانی باشور )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٧٧ ). بوونی دەستەواژەی (( دەوڵەتی کوردستانی باشور )) لەسەر ئەو پولانەی کە بە فەرمانی شێخ مەحمود دروست کران، بێگومان لە لایەن بەریتانیەکانەوە کارێکی پەسەند نەبووە. چونکە بەریتانیا دژی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بوو لە کوردستانی باشوردا.

(١) لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا، زۆرجار ناوی شێخ مەحمود بە مەلیکی کوردستان دەهێنرێ.

یەکێك لەو کارانەی کە بەهۆیەوە شێخ محمود زۆر نیگەران بوو، ئەوەبوو بەریتاینەکان دەستیان کرد بە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لە ناوچەکانی تری کوردستان ( دەرەوەی قەڵەمڕەوی شێخ ) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان لە بەغدا ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٢٨١ ). بەمەش ناکۆکیەکانی نێوان شێخ و ئینگلیز توندتر بوو لەسەر یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچە کوردیانەی دەکەوتنە دەرەوەی سنوری ئیدارەی کوردی لە سلێمانی. لە کاتێکدا لە لایەن بەرپرسانی ئینگلیزەوە، وەك بەشێك لە عێراق مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانە دەکرا. کەچی شێخ مەحمود سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە پێویستە ئەو ناوچانە وەك بەشێك لە کوردستان بخرێنە سەر حکومەتەکەی.

دوای پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی نێوان کورد و ئینگلیز، وە زیادبوونی نیگەرانیەکانی شێخ مەحمود بەرامبەر بە ئینگلیز. ناوبراو شاندێکی حکومەتەکەی نارده لای کۆکس ( نوێنەری باڵای بەریتانیا ) و دوو داوای سەرەکی خستنە روو ١) پێویستە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ، بە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵەی نیشتیمانی کوردی ( جمعیة وطنیة کوردیة) ٢) یەکلا کردنەوەی پرسی ئایندەی دەوڵەتی کوردی و داننان بە حکومەت و سەربەخۆیی کوردستان. بەڵام کۆکس هەردوو داواکەی شاندەکەی شێخی رەتکردنەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٨٢ ) .

دوای خراپتر بوونی دۆخی پەیوەندیەکانی نێوان بەریتانیا و کورد، شێخ محمود بە تەواوی دڵنیا بوو لەوەی کە ئینگلیز بە هیچ شێوەیەك پشتیوانی لە دروست بوونی بوونی قەوارەیەکی کوردی ناکات. ئەمەش بووە هۆی تەواو بێ ئومێد بوونی شێخ بەرامبەر بە سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچەکەدا. پێدەچێ هەر ئەمەش وای لە شێخ کردبێ، کە هەوڵ بدات لە تورکە کەمالیەکان نزیك بێتەوە. لەم بارەیەوە رەفیق حیلمی باس لەوە دەکات ؛ پەیوەندی کردنی شێخ مەحمود بە کەمالیەکان دوای ئەوە هات، کە ( کۆکس ) ئەنجامدانی راپرسی گشتی لە کوردستانی باشوردا رەتکردەوە، تاکوو لەو رێگەیەوە خەڵکی کوردستان چارەنووسیان دیاری بکەن ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٩ ). ئەم زانیاریەی رەفیق حیلمی لەگەڵ قسەکەی جەرجیس فەتحوڵلا یەك ناگرێتەوە کە دەڵێ : دوای مانگێ لە گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی لە (١٩٢٢) دا، ئینگلیز بۆی دەرکەوت کە شێخ پەیوەندی کردوە بە تورکەکانەوە ( وریابوونەوەی کورد،٢٨٥ ).

هەر چۆنێك بێ و بە هەر بیانوویەك بێ، دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ کەمالیەکان لە لایەن شێخ مەحمودەوە، لە رووی سیاسیەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو کە شێخ بەرامبەر بە ئینگلیز ئەنجامیدا. چونکە بەریتانیا کەمالیەکانی بە دوژمنێکی زۆر سەرسەخت لە قەڵەم دەدا. هەر بۆ کەم کردنەوەی مەترسیەکانی ئەوان بوو لەسەر کوردستانی باشور، شێخ مەحمودی گەڕاندبووەوە سلێمانی لە (١٩٢٢) دا. بۆیە بەریتانیا هەرگیز ئامادە نەبوو چاوپۆشی لەم کارەی شێخ بکات، وە ئەمەی وەك ناپاکیەکی گەورە لێکدایەوە. جگە لەمەش کەمالیەکان بێجگە لە ئۆتۆنۆمیەکی مەرجدار، هیچ بەڵێنێکی تریان بە شێخ مەحمود نەدابوو. بۆیە هیچ پێویست نەبوو کە شێخ ئەم هەنگاوە مەترسیدارە بنێ، وە لە دژی ئینگلیز پەیماننامەیەکی نهێنی لەگەڵ کەمالیەکاندا واژۆ بکات.

لە (٢٠) ی تشرینی دووەمی (١٩٢٢) دا، شێخ مەحمود داوای لە بەرپرسانی بەریتانی کرد، کە چیتر لە رێگەی فەرمانبەری عەرەبەوە باج لە ناوچە کوردیەکاندا کۆ نەکرێتەوە. کاتێ ئەم داوایەی شێخ مەحمودیان رەتکردەوە، ناوبراو لەبری عەرەب فەرمانبەری کوردی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی باج. هەرچەندە بەریتانیەکان زۆر دژی ئەم کارەی شێخ مەحمود بوون، بەڵام ناوبراو بەردەوام بوو لە درێژە دان بەم کارە ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٢٨٣ ). ئەمەش بێباکی شێخ مەحمودی دەگەیاند، لە وەستان دژ بە سیاسەت و ئامانجەکانی بەریتانیا لە کوردستانی باشوردا.

بەرپرسە باڵاکانی بەریتانیا لە عێراق، هەمیشە دژی بەرفرەوان بوونی سنوری حوکمڕانیەکەی شێخ محمود دەوەستانەوە. رەفیق حیلمی لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات ؛ دوای ئەوەی هێزەکانی کورد ( کۆیسنجاق ) یان لە کەمالیەکان پاك کردەوە، بەریتانیەکان رازی نەبوون ئەم شارۆچکەیە بخرێتە سەر ئیدارەی شێخ مەحمود. کردیانە مەرج کە دەبێ ( رواندوز ) یش پاك بکرێتەوە، ئینجا رازی دەبن بە گەڕانەوەی بۆ سەر حکومەتەکەی شێخ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٩ ). کە رەنگە ئەو مەرجەی بەریتانیەکان، تەنیا بیانوو بووبێ بۆ رێگە گرتن لە زیاتر بەرفرەوان بوونی سنوری ئیدارەکەی شێخ مەحمود.

پێدەچێ یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی هانی ( شێخ محمود ) یاندا کە جارێکی تریش بەگژ ئینگلیزدا بچێتەوە، پەیوەندی بە هاندانی کەمالیەکانەوە هەبوو بێ. لەم بارەیەوە مستەفا کەمال ( ئەتاتورك ) لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ سەفیری سۆڤیەت ( س . ی . ئا ) دا دەڵێ : هاوکاری کوردمان کرد لە باشوری کوردستان بۆ راپەڕین دژی ئینگلیز ( الحركة الكوردية ....، ص ١٤٠ ).

لە بارەی داخوازیە سیاسیەکانی شێخ مەحمودەوە، نووسەری بە ناوبانگی تورك ( ئیسماعیل بێشکچی ) لە وتارێکیدا دەڵێ (( شێخ مەحمود بەرزنجی لە باشوری کوردستان کە پادشای وڵاتەکە بوو، داوای ئەوەی لە بەریتانیا دەکرد کە وەك پادشای کوردستان دانی پێدا بنێت )) ( رۆژنامەی ئاسۆ،ژ١٢٧٤،ل٢ ).

هەر لە بارەی داخوازیە سیاسیەکانی شێخ مەحمودەوە، جەعفەر عەلیش دەڵێ (( شێخ مەحمود دوای ئەوەی خۆی بە مەلیکی کوردستان راگەیاند، لە رێورەسمی نمایشێکی سوپایدا داوای کرد ؛ سنوری کوردستان و چۆنیەتی سەرپەرشتی بەریتانیای بۆ سەربەخۆی کورد، بۆ روون بکرێتەوە )) ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کورد،ل٢١٠ ). سنوری دەستەڵاتی ئەو ئیدارە کوردیەی کە بەریتانیا پەسەندی کردبوو سنوردار بووە. بۆیە شێخ هەمیشە داوای دەکرد ناوچە کوردیەکانی تریش بخرێنە پاڵ حکومەتەکەی. لە چەندین بەڵگە و سەرچاوەی مێژووییدا باس لەوە کراوە، کە بەریتانیا لە (١٩٢٢) دا بەڵێنی سەرپەرشتی دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا بە شێخ مەحمود دابوو، بەڵام هەرگیز بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەدابوو بە ناوبراو.

شێخ مەحمود بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی دەرەکی دژ بە ئینگلیز، تەنیا هەوڵی نزیك بوونەوەی نەدا لەگەڵ کەمالیەکان، بەڵکو هەوڵی نزیك بوونەوە و بەدەست هێنانی پشتیوانی ( سۆڤیەت ) یشیدا، بەڵام رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ئامادە نەبوو پشتیوانی ناوبراو بکات. چونکە لە روانگەی ئەو، شێخ کەسێکی کۆنەپەرست بوو، وە گومانیشی لێ دەکرد کە بەکرێ گیراوی ئینگلیز بێت. هەوڵدان بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە دژی ئینگلیز لەلایەن شێخ مەحمودەوە، کارێکی زۆر هەڵە و مەترسیدار بوو. چونکە بەریتانیا وەك مەترسیەکی گەورە سەیری رژێمی کۆمۆنیستی دەکرد. بۆیە هەرگیز بە پەیوەندی نێوان شێخ و سۆڤیەت رازی نەدەبوو.

سمکۆی شکاك، دوای ئەوەی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا تووشی شکستێکی گەورەی چەکداری هات، لە (١٩٢٣) دا رووی کردە کوردستانی باشور. لە ماوەی مانەوەیدا، پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ شێخ مەحمودا هەبوو. شێخ لە نامەیەکدا بۆ سمکۆ، باسی پەیوەندی نێوان خۆی و ئینگلیز دەکات و دەڵێ (( سێ مانگ لەوەو بەر، حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا، لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوون لە سەدا یەکی جێبەجێ نەکردوون. بۆیە زۆر نیگەرانم لە ئینگلیز )) ( کورد و عەجەم،ل٤٦٢ ). بێگومان شێخ مەحمود مافی خۆی بووە کە نیگەران بێ لە ئینگلیز، بەهۆی ئەوەی بەڵێنەکانی بەرامبەر بە کورد جێبەجێ نەکردبوو. بەڵام بەهۆی خۆ دزینەوەی ئینگلیز لە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی لە ماوەی تەنیا سێ مانگەدا، نەدەبوو شێخ مەحمود ئاستی ململانێکانی لەگەڵ ئینگلیزدا بگەیێنێتە رادەیەك کە گەڕانەوەی بۆ نەبێ.

هەروەك چۆن لە (١٩١٩) دا بەشێك لە دەستەبژێری کوردی بە حوکمڕانی شێخ مەحمود رازی نەبوون، بە هەمان شێوە لە (١٩٢٢) شدا هەندێ لە کەسایەتی و ناودارانی کورد ئامادە نەبوون دان بە فەرمانڕەوایەتی شێخدا بنێن. هەندێ لەوانە لە رەفتارەکانی شێخ نیگەران بوون. هی واش هەبوو خۆی لە شێخ بە شایستەتر دەزانی، وەك سەید تەهای نەهری[١]. ئەو کاتەی شێخ مەحمود لە (١٩٢٢) دا لە سلێمانی قەوارە و چوارچێوەیەکی سیاسی پێك هێنابوو، ئەویش وەك خاوەن پێگەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەهێز داوای لە ئینگلیزەکان کرد کە قەوارەیەکی سیاسی تر لە شێوەی سلێمانی لە (( رواندوز و ئامێدی و ئاکرێ )) بۆ دروست بکرێ ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل٢٤٤ ).

لە لایەن هەندێ لە کەسایەتیە دیارەکانی سلێمانی، رەخنەی توند لە هەوڵەکانی شێخ محمود دەگیرا بۆ نزیك بوونەوە لە کەمالیەکان. وە لەو بارەیەوە دەیانوت ؛ ئەگەر ئامانج لە رێك کەوتنی شێخ لەگەڵ کەمالیەکاندا تەنیا حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی سنورداره، ئەوا بۆ کورد باشترە بەو حکومەتە ناوچەییە رازی بێت کە بەریتانیا دانی پێدا ناوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

(١) تێڕوانینی ئینگلیز لە بارەی ناوبراو ئەرێنی بوو. بۆیە دواتر کردیان بە قائمقامی رواندوز.

دوای ئەوەی رەفتارەکانی شێخ محمود بەرامبەر بە ئینگلیز هێڵی سوری بەزاند، بەریتانیەکان بڕیاریاندا کۆتایی بە دەستەڵاتەکەی شێخ بهێنن. ئەم بڕیارەش لە کاتێکدا بوو، کە وتووێژەکانیان لەگەڵ کەمالیەکاندا بەرەو پێشچوونێکی زۆری بەخۆیەوە دیبوو.

بەریتانیەکان شێخ محمودیان ناچار کرد لە سەرەتای ئازاری (١٩٢٣) دا سلێمانی بەجێبێڵێ ( وریابوونەوەی کوردن ل٢٩٤ ). راستە شێخ لە مانگی (٧) ی هەمان ساڵدا بە رێك کەوتن لەگەڵ ئینگلیزدا گەڕایەوە نێو شار، بەڵام گەڕانەوەکەی زیاتر بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی شارەکە بوو. چونکە هەم ناوچەکانی قەڵەمڕەویەکەی زۆر کەم کرانەوە، هەمیش دەستەڵاتە کارگێڕیەکەی تەنیا وەك شتێکی رەمزی مابوو. دوای ساڵێك ( لە ١٩٢٤/٧ ) هێزەکانی شێخ ناچار کران بە یەکجاری سلێمانی بەجێبێڵن ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل١٧١ـ١٧٢ ). بەمەش کۆتایی بە ئەزموونی حکومڕانی دووەمی شێخ هات. کە ئەمە تەنیا هەر شکست نەبوو بۆ شێخ، بەڵکو بۆ کوردیش شکستێکی سیاسی گەورە بوو. کە هەرگیز نەیتوانی قەرەبووی ئەم شکستە بکاتەوە.

دوای کۆتایی هاتنی حکومڕانیەکەی شێخ مەحمود، مەلیك فەیسەڵ دۆخەکەی بە هەلێکی گونجاو زانی و (( إرادة الملكية )) ێکی دەرکرد، تێیدا پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزراندنی ( مجليس التأسيس ) راگەیاند. وە بڕیار درا کە گشت ناوچە کوردیەکان، جگە لە سلێمانی بخرێنە سەر عێراق ( وریابوونەوەی کورد،ل٢٨٨ ). بێگومان ئەم بڕیارە بە رێنمایی و رەزامەندی بەریتانیا دەرچووە.

دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە لە (١٩٢٥) دا، ئومێدی سەربەخۆیی کورد لە کوردستانی باشوردا کۆتایی هات. لە راستیدا هۆکاری سەرەکی لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، پەیوەندی بە بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی بەریتانیاوە هەبوو. بۆیە بەر لە هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ کوردستان لە (١٩٢٢) دا، حکومەتی بەریتانی تاڕادەیەکی زۆر خۆی یەکلا کردبووەوە لە بارەی لکاندنی ویلایەتەکە بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە.

# بەشی سێیەم :
# دەرنجامەکانی نزیک بوونەوەی شێخ محمود لە تورک و بەلشەویکەکان

## ـــ کاریگــەری پەیوەندیــەکانی نێوان شێخ مەحــمود و تــورک لەسەر پرسی کــورد لە کــوردستانــی باشوردا :

بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان شێخ محمود و ئینگلیز لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، بەهۆی ناهاوسەنگی هێزەوە شێخ نەیدەتوانی بە تەنیا بەرگەی فشارەکانی ئینگلیز بگرێ. بۆیە ناوبراو هەوڵیدا هەماهەنگی لەگەڵ تورکە عوسمانیەکان دروست بکاتەوە. بەڵام دوای دوورخستنەوەی شێخ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ هیند، پەیوەندی نێوان شێخ و عوسمانیەکان بە تەواوی کۆتایی هات.

وەك باسمان کرد ئینگلیز لە (١٩٢٢) دا ناچار بوو جارێکی تر شێخ محمود بگەڕێنێتەوە سلێمانی و بیکات بە فەرمانڕەوا. لەبەرئەوەی شێخ دەیەویست سنوری حکومڕانیەکەی فرەوان بێت و مافی زیاتر بۆ کورد بسەلمێنرێ لە رووی سیاسی و نەتەوەییەوە، وە بەریتانیاش دژی ئەم داواکاریانەی شێخ بوو. بۆیە ناوبراو بێ ئومێد بوو لە پشتیوانی ئینگلیز بۆ پرسی نەتەوەیی کورد. ئەمەش وای کرد شێخ بیر لە بەدەست هێنانی پشتیوانی هێزێکی دەرەکی تر بکاتەوە. ئەوەبوو لە کۆتایی (١٩٢٢) دا شێخ سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ژمارەیەك لە سەردارانی کوردی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزدا ببڕن و لە تورك نزیك ببنەوە ( الحركة الكوردية ....،ص١٦٠ ). بەمەش جارێکی تر شێخ کەوتە هەڵەیەکی زۆر گەورەوە. چونکە نەدەبوو بۆ دژایەتی ئینگلیز پشت بە تورك ببەستێتەوە. بە تایبەتی کە هەم کەمالیەکان جێگەی متمانە نەبوون، هەمیش بەریتانیا ئەو کات بەهێزترین وڵاتی زلهێز بوو لە جیهاندا.

شێخ مەحمود لە دژی ئینگلیز، پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ تورکە کەمالیەکاندا واژۆ کرد، کە لە چەند خاڵێکی گرنگ پێك هاتبوو، بەم شێوەی خوارەوە :

١) توركيا[١] بەڵێنی سەربەخۆیی کوردستانی باشور و دەست نەخستنە نێو کاروباری دەدات، بەڵام بەو مەرجەی کوردستانی باشور مافی ئەوەی نەبێ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تردا ببەستێ ! !

٢) توركيا شێخ مەحمود بەرزنجی وەك فەرمانڕەوای کوردستانی باشور دەناسێنێ، مافی ئەوەشی پێدەدا کە لە سلێمانی ئەنجومەنی خۆی[٢] هەبێ.

٣) سنوری باشوری کوردستان، لە باکور لە قەزای شەمدینان و لە باشور لە ( جەبەل حەمرین ) و لە رۆژهەڵات تا سنوری ئێران و لە رۆژئاوا تا رووباری دیجلەیە.

٤) حکومەتی باشوری کوردستان بەرپرسە لەوەی ئەگەر هاتوو توركيا تووشی شەڕ بوو، یارمەتی لەشکری پێشکەش بکات.

٥) حکومەتی باشوری کوردستان، مافی ئەوەی هەیە کە لەشکری تایبەت بەخۆی هەبێ.

٦) توركيا مافی ئەوەی هەیە بە رەزامەندی حکومەتی باشوری کوردستان، هێزی سوپایی بە ناو خاکی کوردستاندا بگوازێتەوە.

٧) توركيا دەتوانێ هاوکاری مادی و مەعنەوی پێشکەشی باشوری کوردستان بکات.

٨) حکومەتی باشوری کوردستان، بۆ خۆی بڕیار دەدات کە هێزە سنور پارێزەکان لە ناوچەکانی سەر سنوردا جێگر بکات ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٢٨٨ ).

بە سەرنجدان لە ناوەرۆکی ئەم پەیمانە، دەردەکەوێ کەوا کەمالیەکان دانیان ناوە بە هەبوونی حکومەتێکی کوردی لە باشوری کوردستاندا، بە مەرجێ سەربەخۆییەکەی لە رووی پەیوەندیە دەرەکیەکان و پرسە سەربازیەکاندا سنوردار بێت. واتە ئەو حکومەتە لە رووی سیاسی و سەربازیـەوە دەبوو بە پاشکۆی توركيا. پرسیاری هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە ئەگەر لە پەیمانەکەدا شێخ رازی بووە بەوەی حکومەتە کوردیەکە وابەستە و پاشکۆی توركيا بێت، ئەی بۆچی رازی نەدەبوو بەو ئیدارە کوردیەی کە بەریتانیا و حکومەتی

---

(١) ئەو کاتەی کە رێکەوتنە نهێنیەکەی نێوان شێخ مەحمود و کەمالیەکان واژۆ کرا، کۆماری توركيا رانەگەیەنرا بـوو، بەڵام کۆتایی بە دەستەڵاتی عوسمانیەکان هێنرا بوو لە لایەن کەمالیەکانەوە.

(٢) مەبەست لە ئەنجومەنی نیشتیمانیە، وەك ( ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانی ) کە لە لایەن کەمالیەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا.

عێراقی دانیان پێدا نابوو؟ ئایا دەستەبەر کردنی پشتیوانی بەریتانیا بۆ کورد، گرنگتر نەبوو لە پشت بەستن بە بەڵێنەکانی تورك؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنیٚ، کە شێخ مەحمود ئامادە بووە لە پێناو رێك کەوتن لەگەڵ تورکە کەمالیەکاندا، هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە بۆ کورد لە سایەی پشتیوانی بەریتانیادا دەستەبەر ببوون بخاتە مەترسیەوە؟

هەندیٚ لە سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو پەیمانە نهێنیەی لە نێوان شێخ مەحمود و تورکە کەمالیەکاندا واژۆ کرابوو، بە ئاگاداری و سەرپەرشتی بەلشەویکەکان[1] بووە. ئەم پەیمانە نهێنیە لە روانگەی ئینگلیزەکانەوە، هەڕەشەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان لە کوردستان و ناوچەکەدا. بۆیە ئەم کارەی شێخ مەحمود لە روانگەی ئینگلیزەکانەوە، تاوانێکی ئەوەندە گەورە بوو کە لێخۆشبوونی بۆ نەبوو.

براوەی سیاسی لەو گەمە سیاسیەدا تورکە کەمالیەکان بوون، کە توانیان لە رێگەی هاندانی شێخ مەحمودەوە، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان کورد و ئینگلیز خراپتر بکەن. کاتیٚ ئینگلیزیش ویستی کێشەکانی لەگەڵ تورکدا چارەسەر بکات، کەمالیەکان هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانەیان پشتگویٚ خست کە بە شێخ مەحمودیان دابوو. چونکە دواجار ئامانجی سەرەکی ئەوان، بریتی بوو لە دروست کردنی ئاستەنگ لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی باشوردا.

دوای ئەوەی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیز گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار، شێخ لە (١٩٢٣) دا لە رێگەی شاندێکی خۆیەوە نامەیەك بۆ ئەنقەرە[2] دەنێریٚ، کە تێیدا دەڵیٚ (( بەپێی زۆربەی سەرۆك هۆزەکان، بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا، حکومەتەکەی بە کۆی دەنگ بڕیاری داوە بەڕێوبەرایەتی گەل[3]

---

(١) ئەو باڵەی کە ( لینین ) سەرپەرشتی دەکرد لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا، پێی دەگوترا ( بەلشەویك ). هەر ئەم باڵەش بوو دواتر توانی دەست بەسەر سیستەمی سیاسی وڵاتدا بگریٚ.

(٢) مستەفا کەمال ئەنقەرەی کردبووە مەڵبەندی جوڵانەوەکەی. دوای ئەوەی دەسەڵاتی عوسمانیەکانی لە ئەستەمبۆڵ کۆتایی پێهێنا، ناوبراو ئەنقەرەی بە رەسمی کردە پایتەختی کۆماری تازەی تورکیا.

(٣) پێدەچیٚ مەبەست لە بەڕێوبەرایەتی گەل ( ئەنجومەنی گەل ) بێت، واتە دەسەڵاتی یاسادانان، بە واتایەکی تر ( پەرلەمان ).

دابمەزرێنێ ( وەك پەرلەمانی تورکیا )، وە چارەنووسی کوردستانی باشوریش بداتە دەست پەرلەمانی تورکیا )) ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٤٣٣ ).

بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی گەل لە لایەن حکومەتەکەی شێخ مەحمودەوە، پێدەچێ لەسەر بنەمای جێبەجێ کردنی بەندی (٢) ی ڕێکەوتنە نهێنیەکەی ( شێخ و کەمالیەکان ) بوو بێت، کە تێیدا هاتبوو (( شێخ مافی ئەوەی هەیە لە سلێمانیدا ئەنجومەنی خۆی دابمەزرێنێ )). ئەوەی جێگەی پرسیار و تێڕامانە لە نامەکەدا ئەوەیە، کە شێخ چارەنووسی کوردستانی باشوری داوەتە دەست پەرلەمانی تورکیا. پێدەچێ مەبەستی شێخ لەم هەنگاوەیدا، گەیاندنی ئەو پەیامە بووبێ بە تورك، کە ئەو بە کردەوە دەستی کردوە بە جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەو پەیمانە نهێنیەی کە لە نێوانیان دایە. وە پێویستە لەسەر تورکیش، لەم دۆخە مەترسیدارەی کە کورد تێی کەوتووە، پابەند بێ بەو بەڵێنانەی کە بە ناوبراوی داوە. بەڵام کە تورك پێی وابوو خەریکە بەشێك لە ئامانجەکانی لە کۆنگرەی لۆزاندا سەبارەت بە پرسی کورد بەدی دێن، ئەم هەنگاوە و پێشنیازەی شێخ مەحمودی پشتگوێ خست.

وەك ئەوەی لە پێشووتردا ئاماژەمان پێدا، ئینگلیز لە (١٩٢٣) دا توانی بە ئاسانی کۆتایی بە حکومەتەکەی شێخ مەحمود بهێنێ لە سلێمانی. کە بێگومان بەرپرسیاریەتی بەشێك لەو شکستە گەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە سیاسیەکانی ناوبراو. کە لەبری ئەوەی هەوڵ بدات لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و دبلۆماسیەوە، پشتیوانی زیاتری ئینگلیز بۆ پرسی نەتەوەیی کورد بەدەست بێنێ، پەنای بردە بەر ململانێیەکی توند دژ بە ئینگلیز. کە لەو بڕوایەدا بوو دەتوانێ بە پشتیوانی تورکە کەمالیەکان و نەیارەکانی تری ئینگلیز، خواستە سیاسیەکانی بەسەر بەریتانیادا بسەپێنێ.

## ــــ هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ نزیک بوونەوە لــە بەلشەویکەکان :

شێخ محمود بۆ ئەوەی بتوانێ خواستە سیاسیەکانی بەسەر ئینگلیزدا بسەپێنێ، هەولێدا پشتیوانی رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بەدەست بێنێ. کە هەم لە دروشمەکانیدا پشتیوانی خۆی بۆ ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی گەلان راگەیاند بوو، هەمیش دژایەتیەکی توندی هەبوو بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و سیستەمی سەرمایەداری.

لەبەرئەوەی بەریتانیا رژێمی سۆڤیەتی بە هەڕەشەیەکی گەورە دەزانی بۆ سەر بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، بۆیە زۆر نیگەران بوو لە هەوڵەکانی شێخ محمود بۆ نزيك بوونەوە لە بەلشەویکەکان. هەر بۆیەش بەریتانیا ئامادە نەبوو چیتر چاوپۆشی لەم کردەوانی شێخ بکات.

لە مانگی یەکی (١٩٢٣) دا، شێخ مەحمود نامەیەك ئاراستەی کونسولێ یەکێتی سۆڤیەت دەکات لە تەورێز ، لە نامەکەدا باس لەوە دەکات ؛ گەلی کورد لەو باوەڕە دایە کە رووس[1] رۆژهەلآت رزگار دەکات. بۆیە داوای یارمەتی لە ئێوە دەکات و بە پەلە چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە نێوان هەردوو لادا پەیوەندیەکی بەهێز دابمەزرێ..... وە گەلی کورد داواکارە کە یەکێتی سۆڤیەت دان بنێ بە مافە نەتەوەییەکانی ( کوردستان و کورد،ل٧٧ ).

صابر عومەر مامەسێنی باس لە نامەیەك دەکات کە شێخ مەحمود لە (١٩٢٣) دا ناردوویەتی بۆ کونسولێ یەکێتی سۆڤیەت لە تەورێز، کە رەنگە هەمان ئەو نامە بێت کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە. مامەسێنی ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە (( پێشتر لەبەر باری نالەباری خۆی، رووسیا ئاگاداری ئازار و چەوسانەوەی گەلانی ژێردەستە نەبووە، تا دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات، بەلآم ئەوەتا ئێستا هێزی پەیدا کردوە و دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەدەست بێنێ..... ئەوەی من ئێستا داواکارم لێتان، کۆمەك و پشتگیری راستەقینەیە. چاوەڕێی هیمەتتانم کە خەونەکانم بهێننە دی )) ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل١٢٣).

---

(١) لەبەر ئەوەی نەتەوەی رووس پێکهاتەی سەرەکی ( یەکێتی سۆڤیەت ) بوو، زۆرجار لەبری سۆڤیەت ناوی رووس دەهێنرا.

رژێمی سۆڤیەت بە چاوی گومانەوە سەیری جوڵانەوەی کوردی و پێشەواکانی دەکرد. وەك بزافێکی کۆنەپەرستانە دەیڕوانیە بزافی رزگاریخوازی کوردی، وە گومانی ئەوەی هەبوو کە شێخ محمود بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزم بێ. بۆیە ئامادە نەبوو وەڵامی داخوازیە سیاسیەکانی شێخ بداتەوە.

لە بەڵگەکانی ئەرشیفی رووسیا و سۆڤیەتدا هاتووە ؛ کونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز لە بەڵگەنامەیەکدا ناوەرۆکی نامەیەکی شێخ مەحمود بۆ کاربەدەستە باڵاکانی وڵاتەکەی دەخاتە روو، کە شێخ لە نامەکەیدا دەڵێ (( حیجاز و فەڵەستین و عێراق بە یارمەتی ئینگلیز، سوریاش بە یارمەتی فەرەنسا، دەوڵەتی خۆیان پێك هێنا. منیش کە پەیوەندیم بە ئێوەوە کردوە، پیاوی جەنگاوەرم زۆرە و پێویستم بە چەك و یارمەتی هەیە. ئەوە (١٥) ساڵە بە هیوای یارمەتی ئێوەم، ئێستا لەوپەڕی نیگەرانی داین. بۆیە داوای هاوکاری لە ئێوە دەکەین. هەروەها داوای ئەوەش دەکەین کە یارمەتی سمکۆی شکاك بدەن )) ( کورد لە ئەرشیفی...،ل١٣٨ ).

پێدەچێ شێخ مەحمود متمانەیەکی ئێجگار زۆری بە بەلشەویکەکان هەبوو بێ. بۆیە داوا دەکات کە چۆن چەند وڵاتێکی عەرەبی بە یارمەتی بەریتانیا و فەرەنسا بوون بە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، سۆڤیەتیش هاوکاری کورد بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی. لەمەدا شێخ نەیتوانی بوو لەو راستیە تێبگات، کە یەکێتی سۆڤیەت ئەوەندەی بە تەنگ بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکەیەوە بووە، ئەوەندە بە تەنگ جێبەجێ کردنی بەڵێن و بانگەشە شۆڕشگێریەکانیەوە نەبووە. کە بێگومان ئەو کاتیش، سۆڤیەت لە بەرژەوەندیدا نەبووە کە پشتیوانی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بکات.

لە (١٩٢٣/٦/١٠) دا شێخ مەحمود نامەیەکی تری ئاراستەی دەستەڵاتدارانی سۆڤیەت کرد، کە تێیدا ئەوەی خستبووە روو ؛ کە بەریتانیا لە سەرەتای ئەم ساڵەوە (١٩٢٣)، هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لە رێگەی هێزەوە کوردستانی باشور بلکێنێت بە عەرەبستانەوە. هەروەها داوای کرد کە شاندێکی بێلایەن رەوانەی کوردستان بکرێ بۆ بینینی ئەو ستەم و وێرانیەی کە ئینگلیز بەرپای کردوە ( الحركة الكوردية... ،ص١٦٣ ).

بێگومان بەهۆی بوونی ناهاوسەنگی هێزەوە لە نێوان شێخ مەحمود و بەریتانیادا، شێخ داوای یارمەتی و پشتیوانی لە هەریەک لە تورکە کەمالیەکان و رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کردوە. هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی دەرەکی کارێکی هەڵە نیە، بەڵام شێخ نەیتوانی بوو هەڵسەنگاندنێکی باش بۆ دۆخەکە بکات. چونکە ١) بەرژەوەندی ئەو دوو لایەنە ( کەمالیەکان و بەلشەویکەکان )، لەوەدا نەبوو کە قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێ ٢) ئەم دوو هێزە لەمێژ نەبوو گەیشتبوونە دەستەڵات. بۆیە بە تەواوی باڵادەستیان بەسەر وڵاتدا نەچەسپا بوو. هەر بۆیەش ئەو هێز و توانایەیان نەبوو کە بتوانن بە شێوەیەکی راستەوخۆ و کاریگەر دژایەتی ئینگلیز بکەن.

# بەشی چوارەم :
# کێشەی ویـلایەتی موسـڵ

ساڵی (١٨٧٩) لەسەر بڕیاری سوڵتان عەبدولحەمید، ویلایەتی موسڵ دامەزرا، کە لە یەکخستنەوەی ویلایەتی شارەزوور و سنجەقی موسڵ پێکهات. کە ئەوسا لە رووی کارگێڕییەوە، تاڕادەیەك پەیوەست بوو بە ویلایەتی بەغداوە ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی ...،ل١٩٦ ).

زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی شارەزوور لە نەتەوەی کورد بوون، بەڵام سنجەقی موسڵ جگە لە کورد، ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب و مەسیحی تێدا نیشتەجێ بوون. بەمەش لە ویلایەتی موسڵدا، کورد بوو بە زۆرینە و عەرەب و تورکمان و مەسیحیش بوون بە کەمینە. لەبەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ لە رووی کارگێڕی و بازرگانیەوە، تاڕادەیەك پەیوەست بوو بە بەغداوە. بۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ئەوانەی لایەنگری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوون بە عێراقەوە، ئەمەیان وەك پاساوێك دەخستە روو. کە لە راستیدا ئەمە پاساوێکی لاواز بوو. چونکە ویلایەتەکە لە چەندین رووەوە جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ویلایەتی بەغدا، وەك لایەنی دیمۆگرافی[1] و هەڵکەوتەی جوگرافیەوە[2] .

دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن سوڵتانی عوسمانیەوە، زیاتر رێکارێکی کارگێڕی بوو نەك سیاسی. ئەم ویلایەتە لەسەر بنەمای دابەشکاری نەتەوەیی دروست نەکرابوو. بۆیە ناکرێ هەموو ویلایەتی موسڵ بە خاکی کوردستان دابنرێ، بەڵام ناوچە کوردیەکان زۆرینەی رووبەری ویلایەتەکەیان پێك دەهێنا. ناوچە کوردیەکانی ویلایەتی موسڵ لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، بە باشوری کوردستان ناسراوە.

---

(١) لە رووی دیمۆگرافیەوە، زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کورد بوون. کەچی زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی بەغدا عەرەب بوون.

(٢) ویلایەتی موسڵ کەوتبووە باکوری میزۆپۆتامیا، شاخەکان بەشێکی گرنگی خاکی ویلایەتەکەیان پێك دەهێنا و رێژەیەکی زۆری بارانی لێ دەباری و بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری زۆر گونجاو بوو. هەرچی ویلایەتی بەغدایە، کەوتبووە ناوەراستی میزۆپۆتامیا. زیاتر ناوچەیەکی دەشتایی بوو، وە رێژەی باران بارینی تێدا کەم بوو.

کە جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات، هەردوو ویلایەتی ( بەسرا و بەغدا ) کەوتبوونە ژێر دەستی هێزەکانی ئینگلیز. کەچی ویلایەتی موسڵ، بەناو هەر لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا مابووەوە. جەنگ لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانیدا، بەپێی ڕێکەوتنی ( مودرس ) لە ١٩١٨ دا وەستا. بەپێی ڕێکەوتنەکە هەموو جوڵە و پێشڕەوییەکی هێزەکان لە دوای ئەو ڕێکەوتە قەدەغە بوو. تەنیا هەندێ جوڵەی ستراتیجی سەربازی نەبێ بۆ پاراستنی سەلامەتی هێزەکانی هاوپەیمانان. بەم جۆرە ویلایەتی موسڵ لە رووی یاساییەوە، وەك بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی مابووەوە. واتە بەریتانیا هیچ مافێکی یاسایی لەم ویلایەتەدا نەبوو. جگە لەمەش بەپێی ڕێکەوتننامەی ( سایکس ـ بیکۆ ) لە ١٩١٦ دا، بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە ویلایەتەکە بدرێ بە فەرەنسا.

بەرپرسانی ئینگلیز کە زۆر بە باشی لە گرنگی و بایەخی ویلایەتی موسڵ تێگەیشتبوون، هەوڵیان دەدا بە هەر جۆرێ بێت ویلایەتەکە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتەکەیانەوە. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی، ئەگەر چی تەنیا هێزێکی کەم و پەرتەوازەی لە ویلایەتەکەدا مابوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە توندی پێداگری لەسەر مافی خاوەندارێتی ویلایەتەکە دەکرد.

لە ڕێکەوتننامەی سانڕیمۆدا (١٩٢٠)، لوید جۆرج ( سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ) توانی کلیمانسۆی ( سەرۆکی فەرەنسا ) رازی بکات، بەدەست هەڵگرتن لە ویلایەتی موسڵ ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل١٥١ ). بەریتانیا لە بەرامبەردا رازی بوو دەست لە هەندێ ناوچە هەڵگرێ کە بۆ فەرەنسا گرنگ بوون. دواتریش بەشێك لە ئیمتیازاتی وەبەرهێنانی نەوتی ویلایەتی موسڵی پێبەخشی. ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە ویلایەتی موسڵ لە لای بەریتانیەکان بایەخێکی ستراتیجی گەورەی هەبووە. هەرچەندە بەریتانیا توانی لەگەڵ فەرەنسادا کێشەی ویلایەتەکە یەکلا بکاتەوە، بەڵام ململانێکانی لەگەل دەوڵەتی عوسمانیدا لەسەر مافی خاوەندارێتی کردنی ویلایەتەکە هەر وەك خۆی مایەوە.

دوای بەهێزبوونی جوڵانەوەکەی مستەفا کەمال، جوڵانەوەکە بە توندی پێی لەسەر مافی تورك داگرت بۆ گەڕاندنەوە و خاوەندارێتی کردنی ویلایەتی موسڵ. بۆ دروست کردنی فشاری زیاتر لەسەر ئینگلیز، مستەفا کەمال هەندی هێزی نارده کوردستانی باشور بە فەرماندەیی ئۆزدەمیر. دوای هێنانەوەی شێخ مەحمودیش بۆ کوردستان لە لایەن

بەریتانیەکانەوە لە (١٩٢٢) دا، کەمالیەکان پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ ناوبراودا دروست کرد بۆ رووبەڕوو بوونەوەی دەستەڵاتی ئینگلیز لە ویلایەتی موسڵدا.

ئینگلیز بۆ خۆ دەربازکردن لەو دۆخە خراپەی کە لە ویلایەتەکەدا تێی کەوتبوو، دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە تورك، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. هاوپەیمانان بە رێبەرایەتی بەریتانیا لە لۆزان کەوتنە دانوستان لەگەل تورکە کەمالیەکان بۆ واژۆکردنی پەیماننامەیەکی تازە کە شوێنی پەیماننامەی سیڤەر بگرێتەوە، وە ببێتە جێگەی رەزامەندی هەردوو لا. لە کۆنگرەی لۆزاندا هەردوو لا ( تورك و هاوپەیمانان ) سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە چارەسەرکردنی کێشەکە بسپێردرێ بە ( کۆمەڵەی گەلان ) .

تورکەکان بە باشی لەو راستیە تێگەیشتبوون، کە ( کۆمەڵەی گەلان ) لەژێر کاریگەری هەژموونی بەریتانیا دایە. بۆیە لە کۆنگرەی لۆزاندا لە بارەی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، پێشنیازی ئەنجام دانی ریفراندۆمیان ( راپرسی ) کردبوو لە ویلایەتەکەدا، بەڵام ئەم پێشنیازەیان لە لایەن بەریتانیەکانەوە پەسەند نەکرا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٠٠ ).

بەریتانیەکان زۆریان مەبەست بوو لە کۆنگرەی لۆزاندا، چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لە بەرژەوەندی خۆیاندا یەکلا بکەنەوە. بۆیە سووربوون لەسەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەکە لە لایەن ( کۆمەڵەی گەلان ) وە یەکلا بکرێتەوە. چونکە دڵنیا بوون کە کۆمەڵەی گەلان لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا خواستی ئەوان لەبەر چاو دەگرێ.

بەر لەوەی کۆمەڵەی گەلان بڕیار لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بدات، بەریتانیا تەواو دڵنیا بوو کە ویلایەتەکە دەلکێندرێ بە دەوڵەتی عێراقەوە. لەسەر ئەو بنەمایە، لە رێکەوتنی نێوان عێراق و بەریتانیا لە (١٩٢٤) دا ئەو بڕگەیە جێگر کرابوو (( لە کاتێکدا بەریتانیا نەتوانێ مافەکانی عێراق لە گشت ویلایەتی موسڵدا بپارێزێ، پەیمانەکە نامێنێ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٠ ).

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتەکە لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا، کۆمەڵەی گەلان لە (١٩٢٤) دا لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا. لە (١٩٢٥/١/٢٧) دا لیژنەکە سەردانی ویلایەتی موسڵی کرد. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە دیاری کردنی چارەنووسی

ویلایەتی موسڵ، بوو بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. کە لە بنەڕەتیشدا کێشەکە پەیوەندی بە چوار لایەنەوە هەبوو، ئەوانیش بەریتانیا، تورکیا، عێراقی عەرەبی ( ویلایەتی بەغدا و بەسرا) و کورد.

دوای ئەوەی لیژنەکەی ( کۆمەڵەی گەلان ) دەستی بە کارەکانی کرد، زوو لەو راستیە تێگەیشت کە بانگەشەکانی تورك، لەسەر ئەوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ داوای گەڕانەوەی ویلایەتەکەیان دەکەن بۆ ژێر دەستی تورك، راست نیە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٤).

لیژنەکە سەردانی بەغدای کرد و دیداری لەگەڵ مەلیك فەیسەڵدا ساز کرد، بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ. مەلیك فەیسەڵ بە لیژنەکەی راگەیاند : کە ویلایەتی موسڵ بۆ عێراق، وەك سەر بۆ لەشی مرۆڤ وایە و کێشەی ویلایەتی موسڵ کێشەی هەموو عێراقە ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل٢٠٠ ). بە واتایەکی تر مەلیك فەیسەڵ بە راشکاوی بە لیژنەکەی ( کۆمەڵەی گەلان ) راگەیاند، کە عێراق هەرگیز ناتوانێ دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ بێت.

ئەندامانی لیژنەکە سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتەکە، وتیان (( ئەگەر بڕیار بێ تەنیا پرسی نەتەوەیی لەبەر چاو بگیرێ، لە ئەنجامدا پێویستە وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی پێك بهێنرێ. چونکە کوردەکان پێنج لە هەشتی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێك دەهێنن )) ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٠٢ ).

لە راستیدا پێویست بوو پرسی نەتەوەیی لە هەموو پرسەکانی تر، زیاتر لەبەرچاو بگیرێ بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتەکە. بەڵام لەبەرئەوەی کورد لە هەموو لایەنەکانی تری نێو کێشەکە لاوازتر بوو، ئەوا رەهەندی نەتەوەیی پشتگوێ خرا. ئەمە لە کاتێکدا لیژنەکە، ( ئێزیدیەکان ) یشی بە کورد هەژمار نەکردبوون. ئەگەر ئەوانی هەژمار کردبوایە، ئەوا رێژەی کورد لە ویلایەتەکە دەبووە (٤/٣) ی ژمارەی دانیشتوان ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەرە). ساغ کردنەوەی ئەو راستیەی کە ( ئێزیدی ) یەکان کوردن، کارێکی زۆر ئەستەم نەبوو. بەڵام پێدەچێ رێکارەکانی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە بە ئەنقەست بە لاڕێدا برابن، تاکوو کار بکاتە سەر دەرنجامەکان.

لیژنەکە لە بارەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی گەلی کورد ئەم تێڕوانینەی هەبوو ؛ کوردەکان هێشتا بە گشتی بە هەستی یەك پارچەیی نەتەوەیی کاریگەر نین..... بەڵام لەناو کوردانداا رووبەڕووی هۆشیاریەکی نەتەوەیی روو لە گەشە دەبینەوە، کە تایبەتمەندیەکی ( کوردی ) یە و ( عێراقی ) نیە. ئەم هۆشیارە لە باشور زیاتر گەشەی کردوە و هەرچەند بەرەو باکور بڕۆین کەمتر دەبێتەوە، لە دەشتی موسڵ و کوێستانەکانی ئاکرێ بە تەواوی کۆتایی دێت ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەرە ).

تێڕوانینی لیژنەکە سەبارەت بە دۆخی هۆشیاری نەتەوەیی کورد، تاڕادەیەکی زۆر لە راستی نزیکە. ئەوسا و ئێستاش نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی، یەکێك لە مەترسی دارترین ئەو کێشانەیە کە رووبەڕووی بزافی سیاسی کوردی دەبێتەوە.

لە گرنگترین ئەو راستیانەی کە لیژنەکە پێی گەیشتبوو، وە لە راپۆرتەکەی خۆیدا خستبوونیە روو، بریتی بوون لەم چوار خاڵەی خوارەوە ١) نزیکەی (٨/٥) ی دانیشتوانی ویلایەتەکە کورد بوون ٢) زۆربەی کوردەکانی ویلایەتەکە دژی ئەوە بوون لە لایەن عەرەب، یان تورکەوە فەرمانڕەوایی بکرێن ٣) ژمارەیەکی کەم لە دەرەبەگە کوردەکان، بەهۆی بەرژەوەندیەکانیانەوە حەزیان دەکرد بخرێنە سەر دەوڵەتی عێراقەوە ٤) زۆرینەی کوردەکان داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیان دەکرد.

لە میزۆپۆتامیادا عەرەبیش وەك کورد چەندین سەدە بوو ژێردەستەی تورکە عوسمانیەکان بوو[1]. بۆیە زۆرینەی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بەوە رازی نەبوون کە بخرێنە ژێر فەرمانڕەوایەتیەکی عەرەبیەوە، بە تایبەتی کە لە رووی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لە خۆیان دواکەوتووتر بوون. واتە ئەگەر بڕیار بووبێ کە سەربەخۆیی نەدرێ بە کوردستانی باشور، ئەوا کورد دەستەڵاتی تورکیان پێ باشتر بووە لە عەرەب. وە لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلانیش، لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەم راستیە دابوو. هەروەها لیژنەکە پێشنیازی ئەوەی کردبوو، کە ئەگەر ئینتداب نەسەپێنرێ بەسەر ویلایەتی موسڵدا، ئەوا باشترە ویلایەتەکە بدرێتە تورکیا کە باری ناوخۆی لە رووی سیاسیەوە زۆر ئارامترە لە

(١) دوای ئەوەی لە (١٥١٤) دا عوسمانیەکان لە شەڕی چالدێراندا سەرکەوتن بەسەر سەفەویەکاندا، میزۆپۆتامیا کەوتە ژێر دەستەڵاتی تورکەکان تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٨)، کە نزیکەی چوار سەدەی خایەند.

عێراق ( ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل٢٠٢ ). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کۆمەڵەی گەلان لە بڕیاردان لەسەر یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتەکە، زۆر رەچاوی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی لیژنەکەی نەکرد. واتە ئەرکی لیژنەکە زیاتر جێبەجێ کردنی ڕێکاری کارگێڕی بوو، نەوەك لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی زۆری نەبوو لە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کێشەکەدا.

ڕاسپاردەی لیژنەکە لە بارەی ئەگەری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، جێبەجێ کردنی ئەو دوو مەرجەی بە پێویست زانی ١) ناوچەکە بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ، دەبێ لەژێر ئینتدابی کاریگەرانەی ( کۆمەڵەی گەلان ) دا بمێنێتەوە ٢) خواستی خەڵکی ویلایەتەکە لەبەرچاو بگیرێ. لەوەی لێپرسراوانی کارگێڕی ناوچەکان بە ڕەسەن کورد بن، وە دادپەروەری پەیڕەو بکرێ و خوێندن لە خوێندنگاکاندا بە کوردی بێ، هەروەها زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێت لە سەرجەم دامەزراوەکانی وڵاتدا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٠٥ ). ئەگەرچی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لکاندنی ویلایەتەکەیدا بە عێراقی عەرەبیەوە، بەڵام هیچ یەکێك لەم دوو مەرجەی لیژنەکە باسی لێوە کردبوون جێبەجێ نەکران. ئەمەش جارێکی تر ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە ڕاسپاردەکانی لیژنەکە تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆش کراون.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانەی کە لیژنەکە بۆی دەرکەوت بوون، بەڵام بە پێچەوانەی دەرنجامەکانی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە، کۆمەڵەی گەلان لە (١٩٢٥/١١/٦) دا بڕیاریدا، کە بە یەکجاری ویلایەتی موسڵ بلکێندرێ بە عێراقی عەرەبیەوە ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی ،ژ١٠)، وە لە (١٢/١٦) ی هەمان ساڵیشدا بڕیاریدا هێڵی برۆکسل بکرێتە هێڵی سنوری نێوان عێراق و تورکیا ( ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل٢٠٢ ). بۆیە ئێستا هێڵی برۆکسل بریتیە، لەو سنورەی کە دەوڵەتی عێراق و تورکیا لە یەکتر جیادەکاتەوە.

یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، دەکرا بە یەکێك لەو چوار ڕێگەیەی خوارەوە چارەسەر بکرێ :

یەکەم : یەکخستنەوەی ویلایەتەکە لەگەڵ کوردستانی باکور و پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، وەك ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا بڕیاری لە بارەوە درابوو.

دووەم : دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ویلایەتەکەدا، لەسەر بنەمای ئەو دەرنجامانەی کە لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلان پێی گەیشتبوو. چونکە زۆربەی کوردەکانی ویلایەتەکە، خوازیاری دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوون و دژی فەرمانڕەوایەتی عەرەب وتورك بوون.

سێیەم : ویلایەتەکە بدرێتەوە بە تورك، لەسەر بنچینەی رێکەوتننامەی ( مودرس) ی تایبەت بە وەستانی جەنگ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانان. کە بەپێی رێکەوتنەکە گشت جوڵە و پێشڕەوی هێزەکان لە دوای ئەو رێکەوتە قەدەغە کرابوو. ئەو کاتیش هێزەکانی بەریتانیا نەگەیشتبوونە ویلایەتەکە، بەو پێیەش ویلایەتی موسڵ وەك بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی مابووەوە.

چوارەم : ویلایەتەکە بلکێندرێ بە عێراقی عەرەبییەوە، کە ئەمەش لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی بەریتانیا و دەوڵەتی تازەی عێراقدا دەگونجا.

هەر سێ رێگاکەی تر، لە لکاندنی ویلایەتەکە بە دەوڵەتی عێراقەوە، بۆ کورد باشتر بوون. راستە بەپێی رێگەی سێیەم، ویلایەتەکە دەکەوتە ژێر فەرمانڕەوایەتی تورکەوە، بەڵام ئەمە لە چوار رووەوە بۆ کورد باشتر بوو بە بەراورد بە رێگەی چوارەم ١)کوردستان لەبری چوار بەش، تەنیا دەبوو بە سێ بەش ٢) ویلایەتی موسڵ و کوردستانی باکور، پێکەوە بەشی هەرە گرنگ و گەورەی کوردستانیان پێك دەهێنا. کە بەمەش بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان، دەبووە بەشێك لە کێشوەری ئەورووپا ٣) ململانێی ئەم بەشە گەورەیەی کوردستان، بە شێوەیەکی راستەوخۆ تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا دەبوو ٤) لە رووی دیمۆگرافیەوە، رێژەی دانیشتوانی کورد لە تورکیادا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی دەکرد.

لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، لە دوو رووەوە بۆ ئەم دەوڵەتە زۆر سوودی هەیە یەکەم : ویلایەتەکە دەوڵەمەند بوو بە سەرچاوەی پەترۆڵ، بەمەش عێراقی کردە خاوەن هێزێکی گەورەی ئابوری دووەم : تاڕادەیەك لە رووی پێکهاتەی مەزهەبیەوە، هاوسەنگیەکی باشی لە نێوان رێژەی ( سوننە و شیعە ) لە عێراقدا دروست کرد. کەچی ئەم لکاندنەی ویلایەتەکە زیانەکانی زیاتر بوون. چونکە لەرووی دیموگرافیەوە، ناهاوسەنگیەکی

گەورەی لە وڵاتدا دروست کرد لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەبدا. وە بەهۆی ئەو ستەمە نەتەوەییەی کە لە لایەن دەستەڵاتدارانی عەرەبەوە دژ بە کورد ئەنجام دراوە، پرسی نەتەوەیی کورد بووەتە گەورەترین کێشەی سیاسی لە عێراقدا، کە تا ئێستاش وڵات بە دەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، لە یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە لایەن کۆمەڵەی گەلان لە (١٩٢٥) دا، گەورەترین ستەمی مێژوویی لە گەڵ کورد کرا، کە تا ئێستاش ئەم ستەمە بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

# دەروازەی هەشتەم
# چارەنووسی کوردستانی باکور لە نێوان خواستەکانی کورد و بەرژەوەندی هێزە دەرەکیەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم

## بەشی یەکەم :
## چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە تێڕوانینی کوردەکانی باکوردا

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، پەرتەوازەیەکی زۆر لە دید و تێڕوانینی کوردەکانی باکور بەدی دەکرا سەبارەت بە خواستە نەتەوەییەکانیان، کە ئەمە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە نەبوونی جوڵانەوەیەکی سیاسی گشتگیرەوە هەبوو. کە بێگومان لاوازی کورد لە رووی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەییەوە، رێگر بووە لە بەردەم دروست بوونی جوڵانەوەیەکی لەم شێوەیە. ئەم پەرتبوونەی کوردەکانی باکور لە هەڵوێستیان سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەیان، زیانێکی زۆری هەبوو بۆ چارەنووسی کێشە سیاسیەکەیان. هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە خواست و تێڕوانینی هەندێ لایەن و گروپی کوردی بدەین لە باکوری کوردستاندا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم.

هەندێ کەسایەتی و توێژی کوردی، بەرژەوەندی زۆریان لەگەڵ دەستەڵاتی عوسمانیدا هەبوو. بۆیە تاڕادەیەکی زۆر خوازیاری ئەوە بوون، کە کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا چارەسەر بێت. ئیڤنستۆی ( عەقیدێکی سەربازی ئینگلیز بوو ) لەم بارەیەوە دەڵێ « رای گشتی عەشایری کورد لە باکوری کوردستاندا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لەگەڵ ئەوەدا بوو کە کورد لەگەڵ تورکدا بمێنێتەوە » ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٥٢ ). پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد لەو کاتەدا زیاتر خێڵەکی بوو. بۆیە ئەگەر زانیاریەکەی ( ئیڤنستۆی ) راست بێت، ئەوا زۆرینەی کورد لە کوردستانی باکوردا لەگەڵ

ئەوەدا بوونە کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی تورکدا بمێننەوە. ناتوانرێ ئەوە پشت راست بکرێتەوە کە بۆچوونەکەی ( ئیڤنستۆی ) تا چەند راستە، بەڵام بەهۆی کاریگەری هەستی ئاینی وخێڵەکیەوە، رێژەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکور لەگەڵ ئەوەدا بوون کە هەر لەژێر فەرمانڕەوایەتی سوڵتانی عوسمانیدا بمێننەوە.

شێخ عەبدولقادر شەمزینی لە سەرەتادا چەند جارێك پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ پێك هێنانی قەوارەیەکی کوردی لە لایەن هاوپەیمانانەوە، بەڵام دواتر هەڵوێستی خۆی بە تەواوی گۆڕی و پشتیوانی لە بیرۆکەی کوردستانی ئۆتۆنۆم کرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا[١] .

کاتێ هاوپەیمانان پێشنیازی دروست کردنی قەوارەیەکی کوردیان کرد لە بەشێك لە خاکی کوردستاندا، رێبەرەکانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان[٢] ، بە تایبەتی شێخ عەبدولقادر شەمزینی و بەدرخانیەکان لە دژی هەڵاوێر کردنی هەندێ ناوچەی کوردی، ناڕەزایی توندیان دەربڕی. وەك ناوچەکانی جەزیرە و ئورفە و ماردین لە سوریای فەرەنسادا، وە مەلاتیە و قۆجگیری و دێرسیم لە رۆژئاوای فوراتدا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٨٦ ). هاوپەیمانان ئەگەر پشتگیریشیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کردبێ، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە گشت ناوچە کوردیەکان بخرێنە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو راستیە پەیمانی سیڤەر بوو.

سەرەتا شێخ عەبدولقادر سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بەدرخانیەکانیش رازی بکات بە ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ پرسی کورد لە کوردستانی باکوردا. عەلائەدین سەجادی لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات کە بەهۆی پێ داگرتنی شێخ عەبدولقادر شەمزینیەوە، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لەگەڵ ( باب العالي ) دا لەسەر ئەو دوو پرسە رێك کەوتن :

١) کوردستان بکرێتە وڵاتێکی ئۆتۆنۆم، بەو مەرجەی لەژێر کۆنترۆڵی ( دەوڵەتی عوسمانی )

---

(١) لە دەروازەی شەشەم، بەشی یەکەمدا باسی هۆکاری ئەم هەڵوێست گۆڕینەی ناوبراوم کردوە. بۆیە بە پێویستم نەزانم جارێکی تر باسی بکەمەوە.

(٢) لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە چەندین شێوە ناوی ئەم کۆمەڵەیە هاتووە، وەك کۆمەڵەی بەرزی کورد، جمعية تعالي كردستان، کۆمەڵەی بەرزی کوردستان. ئەم کۆمەڵەیە درێژکراوەی هەمان ئەو کۆمەڵەیە کە لە (١٩٠٨) دا لەژێر ناوی ( کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی ) دامەزرا.

دا بێ.

٢) پەلە بکرێ لە ڕاگەیاندنی کوردستانی ئۆتۆنۆم و، چی پێویستە لەو بارەیەوە جێبەجی بکرێ ( شۆڕشەکانی کورد...،ل٨٩ ).

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم زانیاریەی سەرەوە، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو چاوپێکەوتنەی ئەمین عالی بەدرخان بدەین کە لەگەڵ ڕۆژنامەی ( بۆسفۆر ) دا ئەنجامی داوە، ناوبراو بۆ ڕۆژنامەکە دەڵێ (( ئێمە سوڵتانی عوسمانی هەر بـە خەلیفە دەناسین و داوای جودایی ناکەین. جا بە هەر چەشنێك بێت، ئێمە دەمێنینەوە و لەگەڵ ئەواندا دەبین )) ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٧٧ ).

دوای ماوەیەك بەدرخانیەکان وازیان لە بیرۆکەی پشت بەستن بە دەوڵەتی عوسمانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد هێنا. لە ڕاستیدا جگە لە بەدرخانیەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان )یش دژی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. کە بە سوور بوونێکی زۆرەوە خوازیاری ئەوە بوون، کورد لە ڕێگەی هاوپەیمانانەوە ببێ بە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ. ئەمەش بووە هۆی هاتنە ئارای ناکۆکیەکی توند لە نێوان لایەنگرانی بیرۆکەی سەربەخۆیی لە ڕێگەی هاوپەیمانانەوە لەگەڵ ئەو گروپەی کە خوازیاری ئۆتۆنۆمی بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بە ڕێبەرایەتی شێخ عەبدولقادر. لایەنگرانی سەربەخۆیی دوو پاساوی بەهێزیان هەبوو ، ئەوانیش ١) لە بنەڕەتدا چارەنووسی سیاسی عوسمانیەکان نادیار بوو ٢) ڕێك کەوتن لەگەڵ دەستەڵاتی عوسمانی، دژایەتی وڵاتانی هاوپەیمانی دەگەیاند. کە ئەمەش بۆ دۆخی سیاسی کورد زۆر مەترسدار بوو.

لە بارەی هەبوونی جیاوازی بیروبۆچوون لەنێو ڕێبەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستاندا، ئەژی لە کتێبەکەیدا ( چەند بابەتێك دەربارەی مێژووی کورد ) باس لەوە دەکات : کە ڕێبەرانی کۆمەڵەکە لەسەر چەندین پرسی سیاسی، بۆچوون و هەڵوێستی دژ بە یەکیان هەبووە. کە گرنگترینیان بریتی بوون لەم سێ خاڵەی خوارەوە :

١) جۆری ئەو مافانەی کە کورد داوای دەکات چی بێ؟ ( سەربەخۆیی ، ئۆتۆنۆمی ).
وە بۆ بەدی هێنانی مافە نەتەوەییەکانی، پشت بە چ دەوڵەتێك ببەسترێ؟

٢) کوردستان چۆن لە رووی جوگرافیەوە دەست نیشان بکرێ؟ واتە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە کام چوارچێوەی جوگرافیدا بسەلمێنرێ؟

٣) لە ناو رێبەرانی کوردا، کێ نوێنەرایەتی نەتەوەکەی بکات؟ تاکوو بە ناوی کوردەوە وتووێژ لەسەر چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی بکات لەگەل هێزە دەرەکیەکاندا ( چەند بابەتێك ...،ل٥٨-٥٩ ).

جیاوازی بیروبۆچوون لەنێو رێکخراوی سیاسیدا، پرسێکی سروشتی و ئاساییە. بەڵام لە هەندی بابەتدا پێویستە کۆدەنگی لەنێو رێکخراوەکەدا هەبێ، وەك بابەتی سەرکردایەتی کردن و رێك کەوتن لەسەر پرسە ستراتیجیەکان. کەچی لەنێو کۆمەڵەی تەعالی کوردستاندا، ئەم دوو بابەتە ببوون بە کێشەیەکی زۆر گەورە لە نێوان گروپی شێخ عەبدولقادر و گروپی بەدرخانیەکان.

هەندێ هێز و گروپی تری کوردیش هەبوون، داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد بۆ کوردستان. کە ناتوانرێ ئامانجەکەیان بە تەواوی پشت راست بکرێتەوە، کە ئاخۆ مەبەستیان ئۆتۆنۆمی بووە لە چوارچێوەی دەولەتی عوسمانیدا، یان ئۆتۆنۆمی نێودەولەتی بووە. بۆ نمونە وەك ئەو یانە کوردیەی[1] کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لە کوردستانی باکوردا دامەزرا. کە لە ماردین حەوت سەرداری کورد یانەکەیان بەڕێوە دەبرد، هەڵسان بە ئامادەکردنی یاداشتێك کە کورد و تورك و مەسیحی واژۆیان کردبوو، وە تێیدا داوای خودموختاری کوردستانیان کردبوو ( کورد و کوردستان لە کۆمەڵە...،ل٩٠ ).

هەندێ کەسایەتی و گروپی تریش، داوای کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوویان دەکرد. واتە داوای یەکخستنەوەی کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی و کوردستانی بن دەستی فارسیان دەکرد لە چوارچێوەی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆدا.

یەکێك لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ بەشداری کردنی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتیدا لە پاریس ( ١٩١٩ )، بە مەبەستی روونکردنەوەی دۆخی سیاسی کورد و داوای چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەییەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە

---

(١) زۆر جار لە سەرچاوە مێژووییەکاندا باسی ( یانەی کوردی ) دەکرێ، مەبەست لەمە رێکخراوی کوردیە. بەڵام لەبەر ئەوەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی چەندین رێکخراوی کوردی دروست بوون، زۆرجار نازانرێ مەبەست لە ( یانەی کوردی )، کام رێکخراوەیە.

( چەند بابەتێك...،ل٥٨ ). گوایە هەر بۆ ئەم مەبەستەش هانی ( شەریف پاشا ) یان داوە کە وەك نوێنەری کورد بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا بکات. بەشداری کردن لە کۆنفرانسەکەدا دەسکەوتێکی دبلۆماسی گەورە بوو بۆ کورد، ئەگەرچی سەرکەوتووش نەبوو لە چەسپاندنی ئامانجە نەتەوەییەکانی.

لە دەرنجامی ململانێ و کێشە قوڵەکانی نێو کۆمەڵەی تەعالی کوردستاندا، جیابوونەوە و لێك ترازانێکی گەورە لەنێو دەستەی سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەدا دروست بوو. بەهۆی ئەوەی کە باڵی بەدرخانیەکان لەنێو سەرکردایەتی کۆمەڵەکەدا بەهێزتر بوون، شێخ عەبدولقادر ناچار کرا کە لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە دوور بکەوێتەوە ( مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٢٨١ ). ئەم لێك ترازانە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی رێکخراوەکە. هەندێ لە رێبەرانی رێکخراوەکە بەردەوام بوون لە چالاکی رێکخراوەیی لە رێگەی دامەزراندنی چەند رێکخراوێکی ترەوە، وەك ئەم سێ نمونەی خوارەوە :

- ئەمین عالی بەدرخان ( جمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتماعی )[1] دامەزراند.
- مەمدوح سەلیم و هاورێکانی ( پارتی دیموکراتی کورد ) یان پێك هێنا.
- سورەییا بەدرخان و هاورێکانی ( حیزبی ئیستقلالی کوردستان ) یان دامەزراند.

هەر یەك لەم سەرکردانە بەجیا کەوتنە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، لە رێگەی نزیك بوونەوە لە یەکێك لە هێزە دەرەکیەکان. کە ئەمەش بووە هۆی زیاتر پەرتەوازە بوونی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستاندا( چەند بابەتێك ...,ل٥٩ ).

کاتێ لە لایەن هاوپەیمانانەوە، سەرۆك ویلسۆن ( سەرۆکی ئەمریکا ) پێشنیاز کرا بۆ بوون بە ناوبژیوانی دەست نیشان کردنی سنوری نێوان کوردستان و ئەرمەنستان، لە لایەن ( جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتماعی ) وە دەستبەجێ خۆشحاڵی بەرامبەر بەو پێشنیازە راگەیەنرا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٨٦ ). کەچی لە لایەن هەندێ لایەن و کەسایەتی تری کوردیەوە بە توندی دژایەتی ئەم پێشنیازەی هاوپەیمانان کرا. چونکە پێیان وابوو

---

(١) دیڤید ماکداول لە کتێبی ( مێژووی هاوچەرخی کورد )دا باس لەوە دەکات : کە بەدرخانیەکان لە کۆمەڵەکە دەرچوون، رێکخراوێکیان پێکهێنا بە ناوی ( ئەنجومەنی ئیجتیماعی کورد ). کە رەنگە لەگەڵ رێکخراوی ( جمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعی ) هەر یەك رێکخرا بووبن.

هاوپەیمانان زیاتر لایەنگری ئەرمەنەکان دەکەن نەك کورد، وە ترسی ئەوەیان هەبوو ئەو دەوڵەتە ئەرمەنیەی کە هاوپەیمانان پشتیوانی دروست بوونیان دەکرد، بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان لەخۆ بگرێ. بۆیە رەتکردنەوەی دروست بوونی دەوڵەتی ئەرمەن، ببووە داخوازیەکی سەرەکی بەشێکی زۆر لە چین و توێژەکانی کورد. بۆ نمونە بەرێوبەرایەتی (( یانەی ناوەندی کوردان )) لە (٢٠/مارتی/١٩٢٠) دا یاداشتیکی بڵاو کردەوە، تێیدا داوای دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی کرد. هەروەها ناڕەزایی دەربارەی بەرفرەوان کردنی سنوری ئەرمینیا دەربڕی ( کوردستان و کورد لە بەڵگەنامە...،ل٨٢ ــ ٨٣ ).

ئەرمەنیەکان داوای مافی خاوەنداریەتیان دەکرد بەسەر چەند ویلایەتێکی باشوری رۆژهەڵاتدا[١] ، کە کوردیش خۆی بە خاوەنی ئەم ویلایەتانە دەزانی، ئەم ویلایەتانەش بریتی بوون لە (( وان، بەدلیس، دیاربەکر )) ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٦٧ ). بۆیە کورد دەترسا لە کاتی دروست بوونی دەوڵەتی ئەرمەندا، ئەم سێ ویلایەتەی لەدەست بچێ، بە تایبەتی کە هاوپەیمانان زیاتر پشتیوانیان لە ئەرمەن دەکرد نەك کورد.

هەندێ لە هۆزە کوردیەکانی باکوریش کەوتبوونە ژێر کاریگەری چەواشەکاریەکانی مستەفا کەمالەوە، کە بەڵێنی ئەوەی بە کورد دابوو لە دوای سەرکەوتنی جوڵانەوەکەیان و گەیشتن بە دەستەڵات، کێشەی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکات.

بەهۆی کاریگەری هەستی ئاینی و سوور نەبوونی هاوپەیمانان لەسەر چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، زۆرینەی خەڵکی کورد لە کوردستانی باکوردا دابەش ببوون لە نێوان پشتیوانی کردن لە دەستەڵاتی عوسمانی و جوڵانەوەکەی مستەفا کەمالدا، وە خوازیاری ئەوە بوون کە کورد لە تورك جیا نەبێتەوە و مافەکانی خۆی لە رێگەی ئەوەوە بەدەست بێنێ. کەچی لە هەمان کاتدا هەندێ گروپ و لایەنی تری کوردی هەبوون دژی هەماهەنگی کردن بوون لەگەڵ هەردوو بەرەی تورکدا ( دەستەڵاتی عوسمانی و تورکە کەمالیەکان )، وە داوایان دەکرد کورد لەژێر دەستی تورك رزگار بکرێ. کە بێگومان ئەم بۆچوونە باشترین رێگە بوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەو کاتەدا. بۆ نمونە خالد بەگ

(١) مەبەست لە باشوری رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیە، کە ویلایەتەکانی کوردستانی باکوری دەگرتەوە.

جبرانلی کە فەرماندەی فەوجێکی حەمیدیە[1] بوو، لە (١٩٢٠) دا ناوبرا و چەند ئەفسەرێکی تری فەوجەکە لە قەزاکانی ( خارتور، کارلیوف، ملازگرد، بولانیك، خەنس ) وتووێژیان لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزیکدا کرد، بۆ وەستان دژی بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزەرووم و سیواس ( کە مستەفا کەمال سازی دابوون ). هەروەها بۆ وەستانەوە دژی بەندەکانی بەڵگەنامەی نەتەوەیی ( المیثاق القومي )[2]، کە باسی لەوە کردبوو کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بمێنێتەوە. بەپێی بڕوای ئـەوان، کاتی ئەوە هاتبوو کە کوردستان لەژێر دەستی تورك دەربهێنرێ. وە پێیان وابوو ئەمەش بە راپەڕینێکی چەکداری بەدی دێت کە کاتەکەی گونجاو و لەبارە. بۆیە هەستان بە دابەشکردنی چەك بەسەر ئەو هۆزانەی کە لایەنگریان بوون. هەروەها داوای فێربوون و نووسینی زمانی کوردیشیان دەکرد ( الحرکة الکوردیة...،ل١١٧ ).

ئەگەرچی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، چەندین جار لە لایەن هەندێ لە رێبەرانی کوردەوە بیر لە ئەنجامدانی راپەڕینێکی چەکداری کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی پەرتەوازەیی کۆمەڵگەی کوردی لە رووی هەڵوێستی سیاسی و نەبوونی جوڵانەوەیەکی سیاسی گشتگیرەوە، نەتوانراوە هیچ راپەڕینێکی چەکداری بەرفرەوان ئەنجام بدرێ، تا هەڵگیرسانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید لە (١٩٢٥) دا. راستە هەندێ راپەڕینی ناوچەیی لە چەند ناوچەیەکی سنوردار هەڵگیرسان، بەڵام نە لە رووی توانای جەنگیەوە، وە نە لە رووی ئامانجی سیاسیەوە، لە ئاستی پێویستدا نەبوون.

بە شێوەیەکی گشتی کوردەکانی باکور لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە پرسی نەتەوەی کورد تەنیا لە رێگەی پشت بەستن بە هێزێکی دەرەکیەوە چارەسەر دەبێ. لەمەشدا وەنەبێ کۆدەنگیان لە نێواندا هەبوو بێ لە بارەی پشت بەستن بە هێزێکی دەرەکی دیاری کـراو، بەڵکو دابەش ببوون بەسەر چەندین تەوژمی

(١) لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید چەند فەوجێك لە هۆزە کوردیەکان دروست کران، کە پێیان دەگوترا ( فەوجی حەمیدیە ) و ناوەکە لە سوڵتان عەبدولحەمیدەوە وەرگیرا بوو. بەڵام دوای لەسەر کار لابردنی ناوبراو لە دوای کودەتاکەی (١٩٠٨) دا، ئەو فەوجانە هەڵوەشێنرانەوە.

(٢) ئەم ( المیثاق القومیة ) لە لایەن دەستەڵاتی عوسمانیەوە رێکخرا بوو، بۆ پاراستنی دەوڵەتی عوسمانی لە هەڵوەشانەوەی زیاتر .

سیاسی. کە لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی گشتی دابەش بوون بۆ سەر چوار گروپی سەرەکی، بەم شێوەی خوارەوە :

گروپی یەکەم : بڕوایان وابوو کە کورد لە ڕێگەی پشت بەستن بە جوڵانەوەکەی مستەفا کەمالەوە، دەتوانێ مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەستەبەر بکات.

گروپی دووەم : بڕوایان وابوو کە باشترین چارەسەر بۆ پرسی کورد، پێك هێنانی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا.

گروپی سێیەم : بڕوایان وابوو کە کێشەی کورد، تەنیا بە پشتیوانی هاوپەیمانان بەگشتی و ئینگلیز بە تایبەتی چارەسەر دەبێت .

گوپی چوارەم : بڕوایان وابوو کە کورد دەتوانێ لە ڕێگەی بەدەست هێنانی پشتیوانی ڕژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی شاد بێت.

ئەم دابەش بوونەی کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی باکوردا، دۆخێکی زۆر نا تەندروست و مەترسیدار بوو. ئەوەی لێرەدا گرنگ بوو ئەوە نیە کە ڕێبازی کامە گروپیان ڕاستر بووە، بەڵکو گرنگ ئەوەبوو، کە بەهۆی ئەو پەرتەوازە ترسناك و گەورەیەی کە دووچاری جوڵانەوەی سیاسی کوردی هاتبوو، زیانێکی زۆر گەورە بەر چارەنووسی پرسی نەتەوەیی کورد کەوت.

# بەشی دووەم :
# رەنگدانــەوەی پەیوەنــدیــەکانی نێوان کــورد و تــورک لەسەر چــارەنــووسی پــرسی کــورد

## ــــ پەیوەندیەکانی نێوان کوردەکانی باکور و دەستەلأتی عوسمانی :

که جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، بەشێکی گەورەی کوردستان[1] چـوار سەد ساڵ بـوو (١٥١٤ــ١٩١٨) لـەژێر دەسـتی دەوڵـەتـی عـوسمانیدا بـوو. دوای ئـەوەی عوسمانیەکان له جەنگەکەدا دووچاری شکستێکی گەوره بوون، کوردستانی باشور ( ویلایەتـی موسڵ ) و کوردستانی رۆژئاوایان له دەستدا. بەهۆی ئەو بەڵێنەی که هاوپەیمانان به کوردیان دابوو سەبارەت به دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی، مەترسی له دەستدانی کوردستانی باکوریش هاتبووه ئاراوە.

بەمەش دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، کوردەکانی باکور خۆیان له بەردەم دۆخێکی زۆر جیاوازدا بینیەوە. دەرفەتێکی گەوره بۆ کورد هاتبووه پێش بۆ رزگار بوون لەژێر دەستی تورك و بوون به خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، وه لەنێو بەشێك له دەستەبژێری کوردیشدا خواستێکی بەهێز هەبوو بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. بۆیه دەوڵەتی عوسمانی به هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا پارێزگاری له مانەوەی باڵادەستی خۆی بکات بەسەر کوردستاندا، به تایبەتیش کوردستانی باکور. بۆ هێور کردنەوەی کوردەکانی باکور و سەرنج راکێشانیان، دەستەلأتی عوسمانی لیژنەیەکی وەزاری پێك هێنا بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ رێبەرانی کوردا، به مەبەستی رازی کردنیان بەوەی که کێشەی کورد له چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا چارەسەر بکرێ و، کوردیش دوور بکەوێتەوه له هاوپەیمانان.

---

(١) دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی له (١٥١٤) دا له شەڕی چاڵدێران سەرکەوتنی بەسەر دەوڵەتی سەفەویدا بەدەست هێنا، نزیکەی له (٧٥٪) ی خاکی کوردستانی کەوته ژێر دەست. کوردستانی باکور و کوردستانی باشور و کوردستانی رۆژئاوا، تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم، هەموویان هەر لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون.

هەندێ لە سەردارانی کورد، بە ڕێبەرایەتی شێخ عەبدولقادر شەمزینی، هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد ئەوەیە، کوردستانێکی ئۆتۆنۆم پێك بهێنرێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. بە تایبەتی کە بۆیان دەرکەوت، هاوپەیمانان زۆر راستگۆ نین لەو بەڵێنانەی کە بە کوردیان داوە، سەبارەت بە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی.

کەچی هەندێکی تر لە ڕێبەرانی کورد، بە تایبەتی بەدرخانیەکان، لەگەڵ بیرۆکەی دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی بوون بە پشتیوانی وڵاتانی هاوپەیمان. لەم بارەیەوە بە پێویستی دەزانین، ئاماژە بە هەڤپەیڤینێکی میر ئەمین عالی بدەین لەگەڵ رۆژنامەی ( بۆسفۆر ) دا، کە لە وەڵامی پرسیارێکدا رایگەیاند (( ئێمە هەمووومان سوڵتان بە خەلیفە دەزانین، بەڵام گروپێك کە باڵی بەهێزی بزوتنەوەکەن[1]، دەیانەوێ لە باری سیاسیەوە بە تەواوی لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بینەوە. هەندێکی تر کە هەل پەرستن و لەوە دەترسن کە ئەوروپا دەستبەرداریان بێت، ئەمانە گروپێکن دەیانەوێ ( تورك ) مان رووبەڕوو بکەنەوە. وە لە باری ئێستادا ئەوان رازین بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا و بەوە خۆشحاڵن، بەڵام ئەمانە ژمارەیەکی زۆر کەمن. جا کە ئێستا هەموو لایەك سود لە پرنسیپەکانی سەرۆك ویڵسۆن دەبینن، بۆچی ئەم پرنسیپانە سەبارەت بە کوردستانیش بەکار ناهێنین )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٣٤ ).

ئەو گروپەی لایەنگری مانەوەی کورد بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە پێیان وابوو پشت بەستنی کورد بە هاوپەیمانان کارێکی هەڵە و ترسناکە. ئەم تێڕوانینە تارادەیەکی زۆر هەڵە بوو، بەڵام دواجار دەرکەوت کە ترسەکەیان تاڕادەیەك بێ بنەماش نەبوو. چونکە هاوپەیمانان دوای رێك کەوتنیان لەگەڵ تورکدا، کوردیان بە تەواوی پشتگوێ خست. بەڵام ئەگەر پشت بەستن بە هاوپەیمانان سوودی نەبوو بێ، خۆ پشت بەستن بە دەوڵەتی عوسمانیش، جگە لە زیان بۆ کورد هیچ سوودێکی نەبوو.

راستە دەستەڵاتی عوسمانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، هەندێ بەڵێنی بە کوردا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکەی، بەڵام گۆڕانێکی زۆر بەسەر رەفتارەکانیدا نەهاتبوو. هەر کەسێك رەخنەی لە دەستەلاتی عوسمانی گرتبوایە، یان باسی

---

(١) پێدەچێ مەبەستی لە بزوتنەوەکە، رێکخراوی ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ) بوو بێت.

سەربەخۆیی کردبایە، ئەوا لە لایەن دامودەزگاکانی عوسمانیەوە بە توندی تەمبێ دەکرا. بۆ نمونە هەمزە بەگ ( کە بەڕێوبەری گۆڤاری ژین بوو ) درایە دادگا و بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو. چونکە لە دانیشتنێکی تایبەتدا لە ماردین وتبووی (( کوردان پێویستە خۆیان ئازاد بکەن )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢ ).

دوای دابەزینی هێزەکانی یۆنانی بۆ ناو خاکی عوسمانی، نوئێل[1] دید و بۆچوونی خۆی لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ لەندەن نارد و ووتی (( وا دەردەکەوێ بیری خودموختاری کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا مردبێ. تورکەکان لەسەر بنچینەی بیری پان ئیسلامیەکی رەسەندا کار دەکەن و، بە توندی رێگە لە بەکار هێنانی وشەی ( کورد ) دەگیرێ، لەباتی ئەوە وشەی ( موسڵمان ) بەکار دەهێنرێ )) ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٦٧ ). کورد میللەتێکی زۆر پابەند بوو بە بنەماکانی ئیسلامەوە. بۆیە بە ئاسانی دەکەوتە ژێر کاریگەری بانگەشەی ئاینی. هەر بۆیەش عوسمانیەکان و کەمالیەکان، پەنایان دەبردە بەر بانگەشەی ئاینی بۆ راکێشانی سەرنجی کورد بە لای خۆیاندا.

مێجەر نوئێل هەر لە بارەی دۆخی کوردستانی باکور باس لەوە دەکات ؛ ئەو یانەیەی لە دیاربەکر بوو، لقیشی لە ماردین هەبوو. لە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە رێگەی پێدرا، تاکوو رێگە لە زیاد بوونی هەژموونی بەریتانیا بگرێ لە ناوچە کوردیەکاندا. وە دوای شکستی عوسمانیەکان لە جەنگی جیهانیدا، ئیتحاد و تەرەقی[2] هەڵوەشایەوە و هەندێ لە ئەندامەکانی چوونە ناو ( پارتی نیشتیمانی کوردی )، کە لەسەر داوای حکومەتی عوسمانی دامەزرا و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ( وریابوونەوەی کورد،ل١٨١ ). بەپێی ئەم زانیاریەی مێجەر نوئێل، دەستەڵاتی عوسمانی دەستی خستبووە نێو کاروباری رێکخراوە کوردیەکان، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێ. دواتر هەر لە لایەن عوسمانیەکانەوە لە حوزەیرانی (١٩١٩) دا، یانە کوردیەکەی دیاربەکر هەڵوەشێنرایەوە و سەرکردەکانیشی دەستگیر کران ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٤ ). ئەو هێز و رێکخراوانەی کە دەبن بە داردەستی دوژمن، هەمیشە وەك

---

(١) پێدەچێ مەبەست لەو ( مێجەر نوئێل ) بێت، کە بە دۆستی گەلی کورد ناسرا بوو.

(٢) لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، حکومەتی عوسمانی لە لایەن رێکخراوی ( ئیتحاد و تەرەقی ) وە بەڕێوە دەبرا.

کارتێکی سیاسی بەکار دەهێنرێن. بەڵام کاتێ ئەم کارتە سوودی نامێنێ و بەسەر دەچێ، ئەوا بە شێوەیەکی خەمساردانە لە لایەن دوژمنەوە فڕێ دەدرێ.

رێکەوتنی ( شەریف پاشا و نۆبار پاشا )، هەنگاوێکی ژیرانەی شەریف پاشا بوو بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکانی پرسی ئەرمەن لە بەردەم دەستەبەرکردنی پشتیوانی هاوپەیمانان بۆ کورد. کەچی لە لایەن شێخ عەبدولقادر شەمزینیەوە رەتکرایەوە، کە بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە لە میانەی هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ( الاقدام ) لە (١٩٢٠/٢/٢٧) دا خستە روو، کە هەوڵیدا ریکەوتنەکە بێ بایەخ نیشان بدات و ووتی (( تورکەکان، هاونەژاد و برای ئازیزی ئێمەن. وێڕای ئەوەی کە ئێمە هەموو موسڵمانین، مەحاڵە کینە و دوژمنایەتیمان بکەوێتە بەین! ئێمە تەنیا ئەوەندەمان دەوێ، کە مافی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئازادانەمان بدرێتێ. ئەو دەنگۆیانەش کە گوایە رێکەوتننامەیەکی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان شەریف پاشا و بوغۆس نۆباردا واژۆ کراوە، درۆیە و چ باسێکی واش نەکراوە کە ئێمە رۆژێك لە رۆژان کاری لەو بابەتە بکەین )). کوڕەکەی شێخ عوبێدوڵلا[1]، لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا باس لەوە دەکات ؛ کە (٥ ـ ٦) بازێر و ناوچەی کوردنشین[2] لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەن، داوا دەکەین لە حکومەتی عوسمانی کە ئۆتۆنۆمی بدات بەو ناوچانە، تاکوو لە لایەن کەسانی ئابڕوومەند و دادپەروەرەوە بەڕێوە ببرێن و گەشەیان پێ بدرێ. وە ناوبراو ئارەزووی خۆی نیشاندا، کە لەو قەوارە ئۆتۆنۆمیەدا نەتەوەی تورکیش بەشدار بێت ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٣٤ ).

بە پێچەوانەی وتەکەی شێخ عەبدولقادر، کورد و تورك نە هاونەژادن و نە برای یەکتریشن. لە رووی نەژادیەوە، ئەوە روون و ئاشکرایە کە نەژادی ئەو دوو نەتەوەیە زۆر لە یەکتر دوورە. لە رووی برایەتیشەوە، تورك هەرگیز وەك برایەکی یەکسان لە مافدا مامەڵەی لەگەڵ کوردا نەکردوە. کینە و دوژمنایەتی نەك هەر ئەستەم نەبووە بکەوێتە نێوان کورد و تورك، بەڵکو بەهۆی ستەم و توندوتیژی تورکەکان بەرامبەر بە کورد، رق و دژایەتیەکی زۆر هەبووە و هەیە لە نێوان هەردوو نەتەوەدا.

---

(١) بە ئەنقەست دەستەواژەی ( کوڕەکەی شێخ عوبێدوڵلا ) م بەکار هێناوە. چونکە هەڵوێستەکانی زۆر جیاواز بوون لە هەڵوێستەکانی باوکی.

(٢) مەبەستی ئەو ویلایەتانەی دەوڵەتی عوسمانی بوو کە زۆرینەی دانیشتوانیان کورد بوون.

بەهۆی گەندەڵی و کێشە قووڵەکانی نێو سیستەمی حوکمڕانی، بەرە بەرە دەستەڵاتی عوسمانی لە کۆتایی تەمەنی نزیك دەبوەوە. تا ئەوەبوو لە کۆتایی (١٩٢٢) دا ئەستەمبۆڵ کەوتە ژێر دەستی جوڵانەوەکەی مستەفا کەمالەوە. لە (١٩٢٤) دا سیستەمی خەلافەت بە یەکجاری هەڵوەشێنرایەوە لە لایەن مستەفا کەمالەوە، وە سیستەمی عەلمانیەت سەپێنرا بەسەر وڵاتدا. بەمەش ئەزموونی (٤١٠) ساڵەی کورد و فەرمانڕەوایەتی عوسمانی کۆتایی هات. ئەم جارە کوردستانی باکور، کەوتە ژێر فەرمانڕەوایەتی کۆماری تورکیا. کە هەم سیستەمێکی عەلمانیە، هەمیش زۆر ڕەگەزپەرستە.

## ـــ پەیوەندیەکانی نێوان کوردەکانی باکور و تورکە کەمالیەکان :

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، شکۆی دەوڵەتی عوسمانی دووچاری ئابڕووچوونێکی گەورە هات. بۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، ژمارەیەك لە ئەفسەر و پلەداری سوپای عوسمانی ( جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێر ) یان دروست کرد، بۆ گێڕانەوەی هەیبەت و شکۆی دەوڵەتەکەیان. ئەم جوڵانەوەیە وەك شۆڕشێکی پێشکەوتوو خواز خۆی ناساند، بەڵام لە راستیدا ئامانجە راستەقینەکەی بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی سەروەریە مێژووییەکانی تورك.

خالید بەگ ( یەکێك لە سەردارانی کوردی باکور ) دەڵێ (( لە (١٩١٨) دا کاتێك بزوتنەوەی شۆڕشگێری[١] لە ئەنادۆڵ دەستی پێکرد، هەندێ لە ڕووناکبیرانی کورد[٢] بە مەرجی سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، چوونە ریزی بزوتنەوەکە. وە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی ڕێبەرانی کورد لە ئەرزەرووم بڕیار درا، یارمەتی بزوتنەوەی شۆڕشگێری بدرێ. هەروەها قسە لەسەر ئەوەش کرا، کە ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی دان بە مافی سەربەخۆیی گەلی کوردا نەنێت، پێویستە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا راپەڕین ئەنجام بدرێ. بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەش، سمکۆی شکاك راسپێردرا بوو. بەڵام سمکۆ

(١) مەبەست لەو بزوتنەوەیە کە دواتر ناسرا بە جوڵانەوەی کەمالیەکان.

(٢) بڕیار دان لەسەر دیاری کردنی کەسی ( ڕووناکبیر )، پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و قورسە. بەڵام لەو سەردەمەدا زۆرجار بە کەسانی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە، وتراوە ڕووناکبیر.

لەبری ئەم کارە، بڕیاری ئەنجام دانی راپەڕینی چەکداری دەدات لە کوردستانی رۆژهەڵات دژ بە دەستەڵاتدارانی فارس )) ( کورد لە ئەرشیفی...،ل١٥٥ ).

بڕیاری ( رووناکبیرانی کورد ) بۆ بەشداری کردن لە بزوتنەوە شۆڕشگێریەکە، لەژێر هەر پاساو و مەرجێکدا بوو بێت، کارێکی هەڵە بووە. لەبەر چەندین هۆ ، کە گرنگترینیان بریتین لە :

١) بەشی هەرە زۆری رێبەرانی بزوتنەوەکە، پێك هاتبوون لە ئەفسەر و پلەدارانی سوپای عوسمانی، کە رابردوویەکی خراپیان هەبوو لە سەرکوت کردنی کورد و گەلانی تری نێو دەوڵەتی عوسمانی.

٢) بزوتنەوەکە تازە بوو، وە ئایندەیەکی نادیاری هەبوو. بۆیە پێویست بوو لەسەر کورد، بە ئاگاییەکی زۆر زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

٣) ئامانجی سەرەکی بزوتنەوەکە، گەڕاندنەوەی ئابڕوو و شکۆ بوو بۆ سوپا و دەوڵەتی عوسمانی. کە کورد هیچ بەرژەوەندیەکی لە بوژانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سوپاکەیدا نەبوو.

بزوتنەوەی شۆڕشگێری کەمالیەکان، بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی کورد، ئامادەیی خۆی نیشاندا کە لە چوارچێوەی ئەو قەوارەیەی کە بە نیازە دایبمەزرێنێ، بە رەسمی دان بنێ بە مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان. هەر بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆز و کەسایەتیە کوردیەکان، پشتیوانی خۆیان بۆ بزوتنەوەکە راگەیاند ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٤ ). یەکێك لەو کەسایەتیە ناسراوانەی کورد کە پشتیوانی خۆی بۆ بزوتنەوەکەی مستەفا کەمال دەربڕی، ئیحسان نوری پاشا[١] بوو. ناوبراو کە یەکێك بوو لە نوێنەرانی حامیەی ئەستەمبوڵ، لەگەڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکی دی بۆ پشتیوانی کردنی مستەفا کەمال، هانی سەربازەکانیان دەدا تا لە حکومەتی ( فەرید پاشا )[٢] یاخی بن ( مێژووی هاوچەرخی کورد...،ل٦٢ ). ئەمەش ئەوە دەگەێنێ، کە لەنێو کوردا لایەنگرێکی زۆری بزوتنەوەکەی

(١) لە راپەڕینی ( ئاگری داخ ) دا کە لە کوردستانی باکور دژ بە کۆماری تورکیا هەڵگیرسا، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بوو. دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

(٢) مەبەست لە حکومەتی عوسمانیە، کە ئەو کات لە لایەن ( فەرید پاشا ) وە بەڕێوە دەبرا.

( مستەفا کەمال ) بوونیان هەبووە. یاخود بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین، کەمالیەکان سەرکەوتوو بوون لە فریودانی ژمارەیەکی زۆری کورد.

کوردەکانی باکور لە بەرامبەر بزوتنەوەکەی مستەفا کەمالدا، ببوون بە سێ بەشی سەرەکی ، بەم شێوەیە :

یەکەم : لەگەڵ ئەوەدا بوون هاوکاری بزوتنەوەکەی مستەفا کـەمال بکەن، وە شان بـە شانی نـەتـەوەی تـورك بەشـداری ( شـەڕی رزگاریخوازی ) [1] بکـەن. وە پرسی مافـە نەتەوەییەکانـی کورد، بـۆ دوای سەرکەوتنی بزوتنەوەکـە دوا بخرێ. ئەندامەکانی ( کۆمەڵەی بەرگـری کردن لە مافی ویلایەتەکانی رۆژهەلات ) [2]، نوێنەرایەتی ئەم بەشەیان دەکرد .

دووەم : لـەگەڵ ئـەوەدا بوون کـە پشتیوانی لـە دەستەڵاتی عوسمانی بکـەن، بەرامبەر بـە بـزوتنـەوەکـەی مستەفـا کــەمـال. لـەلای ئـەوان سـوڵتان هێمـا و شکـۆی کـۆمەڵگەی ئیسلامی بوو، وە داکۆکی لێکردنی ئەرکێکی پیرۆزی ئاینی بـوو. شێخ عەبدوالقادر و هاوبیرەکانی، نوێنەرایەتی ئەم بەشەیان دەکرد .

سێیەم : ئەوانە بوون کـە رەتیان دەکردەوە، هـەماهـەنگی لەگـەڵ بزوتنەوەکـەی مستەفا کەمالدا [3] بکەن. وە لەو بڕوایەدا بوون کە پێویستە کورد، هەوڵ بدات لە رێگەی هاوپەیمانانەوە، مافە نەتەوەییەکانی بەدی بێنێ. بە تایبەتی لـە رێگەی داکۆکی کردن لە پرسی کورد لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکاندا. بـەدرخانیەکانی نێو ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ) و هاوبیرەکانیان، نوێنەرایەتی ئەم بەشەیان دەکرد (کوردی تورکیا،ل ١٣٧).

ئەو کەسانەی بڕوایان وابوو کە پێویستە پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ دوای سەرکەوتنی بزوتنەوەکەی مستەفا کەمال دوابخرێ، ئەوانە زۆر بە هەڵەدا چوو بوون. چونکە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، دەرفەتێکی مێژوویی زێرین بۆ گەلانی ژێردەستەی عوسمانی

---

(١) مەبەست لە شەڕی دژ بەو هێزانەیە، کە هاتبوونە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانیەوە.

(٢) مەبەست لە ویلایەتەکانی رۆژهەلات، ویلایەتە کوردیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو.

(٣) ناوبراو بە چەندین شێوە ناوبانگی دەرکرد بوو، وەك ( مستەفا کەمال، مستەفا کەمال پاشا، کەمال ئەتاتورك، ئەتاتورك ).

هاتبووە پێش کە بتوانن سەربەخۆیی سیاسی بەدەست بێنن. بۆیە دواخستنی چارەسەرکردنی پرسی کورد بۆ دوای سەرکەوتنی جولانەوەکەی مستەفا کەمال، کارێکی هەڵە و بیرکردنەوەیەکی شێتانە بوو.

کامەران بەدرخان لە بارەی رەوشی سیاسی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، دەڵێ (( لە (١٩١٩) دا من و برایەکم سەردانی کوردستانمان کرد، تا بارودۆخی کوردستان هەڵبسەنگێنین. هاوپەیمانان بەڵێنیان دابووینێ کە دان بنێن بە کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ. کەچی کورد پێی نەنگ بوو لەو بارودۆخەدا[1] پشت لە تورك بکات!..... لە لایەکی ترەوە مستەفا کەمال لە چەندین بۆنەدا، ئەوەی دووپات کردەوە کە کورد لە سایەی جولانەوەکەیدا دەگات بە هەمان ئەو مافانەی کە لە لایەن هاوپەیمانانەوە بەڵێنی پێدراوە .... چەندین هۆزی کورد لەسەر داوای مستەفا کەمال، شەڕی هێزەکانی بەریتانیایان کرد ..... سەرەڕای هەموو ئەوانەش، هەندێ کوردی نیشتیمان پەروەر هەبوون کە خۆیان لە نەتەوە پەرستەکانی تورك بە کەمتر نەدەزانی و، خۆیان بە شایستەی هەمان مافی ئەوان دەزانی..... ئیدی هەندێ لە کوردانی ( باکور و رۆژئاوای کوردستان ) لە دەوروبەری ( وان، دیاربەکر، مەلاتیە، کالان )، کەوتنە بیرکردنەوەی ئەوەی کە لە نیری کۆیلایەتی عوسمانی ( تورك )، کە چەند سەدەیەك درێژەی کێشاوە رزگاریان بێت، ئیدی نەتەوە پەرستانی تورکی هەوادارانی ( تورکیای لاو ) رازی بن یان نا )) ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...، ل٩٤_٩٥ ).

لە زۆربەی بۆنە مێژووییەکاندا، کورد تێڕوانینێکی خێڵەکی هەبووە بۆ شیکردنەوەی رووداو و بۆنە سیاسیەکان. بۆیە زۆرجار لەبری سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییانەی کە زۆر بە کەمی دووبارە دەبنەوە، کورد بیر لە وەفاداری و هەڵوێستی جوامێرانە دەکاتەوە. لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی لە سیاسەتدا بەرژەوەندیە، نەك نواندنی سۆز و وەفاداری. بۆیە دوور نیە قسەکەی کامەران بەدرخان، بەشێکی زۆری راستی تێدا بووبێ، کە وتی (( کورد پێی نەنگ بوو لەو بارودۆخەدا پشت لە تورك بکات )).

(١) مەبەست لە بارودۆخی دوای جەنگی جیهانی یەکەمە، کە تورك تووشی شکست و ئابڕوو چوونێکی زۆر گەورە ببوو.

مستەفا کەمال بە شێوەیەکی بەخشندانە، بەڵێنی زۆر گەورەی بە کورد دەدا، تەنیا لە پێناو ئەوەی کە بە لای خۆیدا رای بکێشێ و لە دەستەڵاتی عوسمانی و هاوپەیمانان دووریان بخاتەوە. گرنگی و بایەخی ( بەڵێن ) لە جیهانی سیاسیدا لە گەورەیی و جوانی بەڵێنەکەدا نیە، بەڵکو لە نیازی راستگۆیانە و توانای جێبەجێکردنی دایە. لە راستیدا مستەفا کەمال نە نیازی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی هەبوو کە بە کوردی دەدا، نە لە سەرەتای جوڵانەوەکەشیدا توانای ئەوەی هەبوو کە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات. کەچی هاوپەیمانان بە لایەنی کەمەوە، توانای ئەوەیان هەبوو کە بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە کورد جێبەجێ بکەن، هەر وەك چۆن بەرامبەر بە نەتەوەی عەرەب جێبەجێیان کرد. بۆیە نەدەبوو بەهۆی بەڵێنەکانی مستەفا کەمالەوە، هەندێ لە کەسایەتی و سەرۆك هۆزی کورد بکەونە دژایەتی هاوپەیمانان. لە کوردستانی باکوردا دژایەتی چەند هۆزێکی کورد بەرامبەر بە ئینگلیز، وە لە کوردستانی باشوریش دژایەتی شێخ مەحمود بەرامبەر بە هەژموون و باڵادەستی ئینگلیز، کاریگەریەکی زۆر خراپی هەبوو لەسەر هەڵوێستی سیاسی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد.

لە چواری ئەیلولی (١٩١٩) دا، بزوتنەوەکەی مستەفا کەمال کۆنگرەیەکی لە سیواس بەست. مستەفا کەمال و چوار کەسی تر وەك سەرپەرشتیاری کۆنگرەکە دیاری کران، کە لەو چوار کەسە دوو کەسیان کورد بوون. لە کۆنگرەکەدا ( مستەفا کەمال ) بە هاوکاری و پشتگیری نوێنەرە کوردەکان، بە سەرۆك هەڵبژێردرا. لە کاتێکدا لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرە تورکەکان بەرهەڵستی کرا ( کوردی تورکیا،ل ١٣٧ــ١٣٨ ). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە کورد بە شێوەیەکی بەهێز و کاریگەر، بەشداری لە جوڵانەوەکەی مستەفا کەمالدا کردوە. وە لە ناو جوڵانەوەکەشدا، کورد گەورەترین پاڵپشت بووە بۆ ناوبراو. کورد بە درێژایی مێژوو چەندین کەسی گەیاندوە بە دەستەڵات، بەڵام هەر کاتێ ئەو کەسانە گەیشتوونەتە دەستەڵات، سۆز و هاوکاری کوردیان لە بیر خۆیان بردۆتەوە !

کۆنگرەی سیواس زۆرێك لەو بڕیارانەی دەرکرد، کە جەختیان دەکردەوە لەسەر دواخستنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ دوای بە دەستهێنانی سەرکەوتنی یەکجارەکی ! بۆ نمونە ناوی ( کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات ) ی گۆڕی بۆ ( کۆمەڵەی بەرگری کردن لە مافی ئەنادۆڵ و وڵاتی رۆم ). کۆنگرەکە بە هەموو شێوەیەك

بەرهەڵستی لەو دەوڵەتۆکانە کرد، کە هاوپەیمانان هەوڵیان دەدا لە ناوچەکەدا دروستی بکەن ( سەرچاوەی پێشوو،١٣٨ ).

زۆر جەخت کردنەوە لەسەر دواخستنی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ( کۆنگرەکەی سیواس ) دا، ئاماژە بوو بۆ نەبوونی نیازێکی راستگۆیانە سەبارەت بە سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. کەچی ئەو کوردانەی لایەنگری بزوتنەوەکەی مستەفا کەمال بوون، نەیانتوانی یاخود نەیان ویست لەو ئاماژانە تێبگەن.

هەر لە (١٩١٩) دا، مستەفا کەمال توانی ژمارەیەک لە رێبەرانی کورد بەدەست بێنێ، لە بارەی رەتکردنەوەی پرۆژەی دروست کردنی ( دەوڵەتی ئەرمەنی گەورە ) لە لایەن هاوپەیمانانەوە ( کوردی تورکیا،ل١٤٨ ). پرۆژەی دروست کردنی دەوڵەتی ئەرمەن، کە بڕیار بوو بەشێك لە ناوچە کوردیەکانی کوردستانی باکوریش بگرێتەوە، یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە وای لە بەشێکی زۆر لە کوردەکانی باکور کرد، بێ ئومێد بن بەرامبەر بە هاوپەیمانان. مستەفا کەمال توانی سوودێکی زۆر لەو دۆخە وەربگرێ و، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکور لە دژی هاوپەیمانان بورژێنێ.

هەندێ لە هۆزە کوردیەکانی باکوری کوردستان، پەرۆشیەکی زۆریان هەبوو بۆ چارەنووسی مافە نەتەوەییەکانی کورد. وەك هۆزەکانی عەباسیان بە سەرۆکایەتی مەچۆ ئاغا و هۆزەکانی قۆچگیری بە سەرۆکایەتی عەلی شان. هەردوو سەرۆك هۆز لە (١٩٢٠/١١/١٠) دا لە هۆزان، رێك کەوتن لەسەر ئەوەی چەند پرسیارێك بە نووسین بخەنە بەر چاوی دەستەڵاتەکەی مستەفا کەمال لە ئەنقەرە، وە داوایان کرد کە بە نووسین وەڵامیان بدرێتەوە، کە لەم خاڵانە پێك هاتبوون :

١) زۆر پێویستە دەستەڵاتەکەی مستەفا کەمال، هەڵوێستی خۆی بە روون و ئاشکرایی رابگەێنێ لەمەڕ بڕیاری حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ، سەبارەت بە سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد.

٢) هەڵوێستی مستەفا کەمال لە بارەی خودموختاری چیە؟

٣) پێویستە لەسەر دەستەڵاتەکەی مستەفا کەمال، هەموو گیراوەکانی کورد لە گرتووخانەکانی ( عەزیز و مەڵاتیە و سیواس و ئەرزنجان ) دان ئازاد بکات.

٤) کشانەوەی بەرپرسانی کارگێڕی تورك لە ناوچە کوردنشینەکان.

٥) هەموو ئەو هێزانەی بۆ ناوچەی قۆچگیری نێردراون، پاشەکشێیان پێبکرێ.

مستەفا کەمال بۆ هێور کردنەوەی رەوشەکە، شاندێکی ناردە ( دەرسیم )، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆك هۆز و خێڵەکان. بەهۆی متمانە نەکردن بە شاندەکە، لە لایەن سەرۆك هۆزەکانەوە دەرکرا. ئەم بروسکەیەشیان ئاراستەی ( کۆڕی نیشتیمانی گەورە ) کرد لە ئەنقەرە ؛

بۆ / کۆڕی نیشتیمانی گەورە لە ئەنقەرە :

دەقی پەیمانی سیڤەر، جەختی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کردوە، کە ویلایەتەکانی دیابەکر و عەزیز و وان و بەدلیس دەگرێتە خۆ. بۆیە پێویستە ئـەو دەوڵەتە پێك بهێنرێ. بە پێچەوانەی ئەمەش بڵاوی دەکەینەوە (( ئێمە ناچارین ئەم مافانەمان بە زەبری چەك بەدەست بێنین )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٩ــ١٥٠).

چەندین جۆر هەوڵ لەنێو کوردەکانی باکوردا هەبوون، کە چەند کەسایەتیەك یان ( یەك ــ دوو ) هۆز، پێکەوە گوشار و هەڵمەتێکی سیاسیان ئەنجام داوە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردا، بەڵام سەرجەم ئەم هەوڵانە بێ ئاکام بوون. چونکە پێویست بوو هەوڵ و خەباتی کوردەکانی باکور لە چوارچێوەی جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی گشتگیردا بەرجەستە بکرێ، کە هیچ بزوتنەوەیەکی لەو شێوەیە بوونی نەبوو. لە لایەکی ترەوە ئەم هەوڵانە لە هەڵمەتێکی دبلۆماسی یان گوشارێکی سیاسی تێنەدەپەڕین، کە لەو قۆناغەدا کورد لە هەموو شتێك زیاتر پێویستی بە جوڵانەوەیەکی چەکداری هەبوو، نەك فشارێکی سیاسی کورت مەودا.

لە دەرنجامی پەرەسەندنی رووداوەکانی قۆچگیری، چەند سەرۆك هۆزێکی کورد لە (١٩٢٠/٦/١٥) دا بڕیاریاندا قەوارەیەکی کوردی رابگەێنن. رژێمی ئەنقەرە کە ئەمەی بیست، شاندێکی ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك )[١] ی نارد بۆ ناوچەکە، بە مەبەستی گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان. لە گفتوگۆکاندا سەردارانی کورد جەختیان لەوە کردەوە ؛ کە پێویستە حکومەتی ئەنقەرە بە دەنگ داخوازیەکانی کوردەوە بێت. قەرەبووی دانیشتوانی ناوچەی قۆچگیری بکاتەوە، کە بەهۆی لەشکر کێشی هێزەکانی مستەفا

(١) هاوشێوەی پەرلەمان بوو، ئەندامەکانی لەو ناوچانە دیاری دەکران کە لەژێر دەستەڵاتی مستەفا کەمالدا بوون. کە ژمارەیەکی زۆری کورد تێیدا ئەندام بوون.

کەمالەوە زیانێکی زۆریان بەر کەوتبوو. لە ناوچەکەدا والیەکی کورد دابنرێ، وە لە فێرگەکاندا بە زمانی کوردی بخوێنرێ و فێرگەی تازەش بکرێنەوە. ئەگەر چی شاندەکە پشتگیری خۆی بۆ ئەم داخوازیانە دەربڕی، بەڵام حکومەتی ئەنقەرە سەرجەم داخوازیەکانی کوردانی ناوچەی قۆچگیری پشتگوێ خست ( کوردی تورکیا،ل١٥١ ).

جموجۆڵی کوردەکانی ناوچەی قۆچگیری، زیاتر مۆرکێکی ناوچەیی هەبوو نەك نەتەوەیی. هەر بۆیەش جولانەوەکەیان نەپەڕیەوە ناوچەکانی تری کوردستان. جگە لەمەش سەرۆك هۆزەکان، ستراتیجێکی نەتەوەیی روونیان نەبوو. بە بەڵگەی ئەوەی، ئەگەرچی لە سەرەتادا بڕیاری دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردیاندا، بەڵام لە وتووێژەکاندا تەنیا بە چەند چاکسازیەك رازی بوون.

لە (١٩٢١) دا لە ماردینیش، جولانەوەیەکی نارەزایی لە دژی سیاسەت و رەفتاری کەمالیەکان دروست بوو. یەکێك لە داخوازیەکانی خەڵکی ماردین، بریتی بوو لە چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کوردیەکاندا ( کورد لە سەدەی نۆزدە...،ل٤٦ ). ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکور، لایەنگری بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی بوون. هەندێکیان داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، هەندێکی تریشیان داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد لەژێر سایەی دەستەڵاتی مستەفا کەمالدا. بە واتایەکی تـر دەتوانین بڵێین لەنێو کوردانی باکوردا، داواکارانی ئۆتۆنۆمی زۆرتر بوون لـە داواکارانی سەربەخۆیی.

بە مەبەستی دڵ راگرتنی کوردەکان و بەردەوام بوون لە سیاسەتی چەواشە کردنیان، لە ١٠ ی شوباتی ١٩٢٢ دا ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك ) بڕیاریدا خودموختاری کارگێری بە ناوچە کوردیەکان بدات. بەڵام خودموختاریەکە تاڕادەیەکی زۆر بێ ناوەرۆك بوو. چونکە ئەنجومەنەکە مافی ئەوەی بە خۆی دابوو، کە ئەو کەسانەی لە لایەن فەرماندەی گشتی بۆ ناوچە کوردنشینەکان هەڵدەبژێردرێن، رەتیان بکاتەوە. هەروەها مافی دانانی فەرماندەی جەندرمەی لە کوردستاندا بۆ خۆی هێشتبووەوە. سەرەڕای ئەمانەش سووربوو لەسەر ئەوەی، کە زمانی تورکی ببێتە زمانی رەسمی لە ( ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد ) یدا، کە ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنەکە دیاری کرابوو بە دامەزراندنی کۆلیژێکی یاسا و کۆلیژێکی پزیشکی. هەر بۆیەش نوێنەرە کوردەکانی ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك )، دژی ئەم پڕۆژەیە وەستانەوە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٩٦ ).

ئەم پرۆژەیەی خودموختاری کە لە لایەن ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك ) پێشنیاز کرابوو، دوور بوو لە تایبەتمەندیەکانی سیستەمی ئۆتۆنۆمی. لە راستیدا پرۆژەکە زیاتر لە بنەماکانی سیستەمی لامەرکەزی نزیك بوو، نەك خودموختاری.

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کەمالیەکان لە ناوخۆی وڵاتدا بەدەستیان هێنا، بوونە هێزێکی گەورە و کاریگەر، وە هاوپەیمانان ناچار بوون چاو بە هەڵوێستەکانیان بخشێننەوە بەرامبەر بە تورك. بۆیە لە لۆزان دەستیان کرد بە دانیشتن لەگەڵ تورکە کەمالیەکان بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی کە جێگەی پەیماننامەی سیڤەر بگرێتەوە. بەریتانیا کە زۆر مەبەستی بوو کۆنگرەی لۆزان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی بێنێ، بە مەبەستی لابردنی کۆسپی کێشەی کورد لە بەردەم وتووێژەکانی کۆنگرەکەدا، داوای کرد سەبارەت بە ویستی کورد بۆ جیابوونەوە لە تورك، بۆچوونی نوێنەرانی کورد لە ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك ) دا وەربگیرێ، کە زۆر بە باشی لە بۆچوونی ئەوان ئاگادار بوو. بۆیە نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنەکەدا[1] کە ژمارەیان (٧٢) کەس بوو، لەسەر داوای مستەفا کەمال بە بروسکەیەك وەڵامی ئەم داوایەی کۆنگرەکەیان دایەوە. حوسێن عەونی بەگ کە یەکێك بوو لە ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنەکە وتی (( ئەم وڵاتە بۆ کورد و تورکە، لەم سەکۆیەدا تەنیا ئەم دوو گەلە مافی قسەکردنیان هەیە )). سەرجەم نوێنەرە کوردەکانی تر، پشتگیری قسەی ناوبراویان کرد. دواتر بە ناوی سەرجەم نوێنەرە کوردەکانی ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك)، بروسکەیەك ئاراستەی کۆنگرەی لۆزان کرا، کە تێیدا راگەیەنرا کورد نایەوێ لە تورك جیابێتەوە. لە کۆنگرەکەدا سەرۆکی شاندی تورك ( عیسمەت پاشا ) وتی (( تورکیا بۆ هەردوو گەلی تورك و کوردە، هەردووکیشیان یەکسانن لە بەرامبەر دەوڵەتدا. سەرجەم بەشدارانی کۆنگرەکە، رازی بوون لەسەر ئەوەی واز لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان بهێنن )) ( الحركة الكوردية...،ص١٤٠ــ١٤١ ).

مستەفا کەمال بۆ چەواشە کردنی کورد، تەنانەت پەنای دەبردە بەر سود وەرگرتن لە هەستی ئاینیش، بە تایبەتی کە کورد میللەتێکی پابەند بوو بە بنەماکانی ئیسلامەوە. بۆیە لە پێناو دروست کردنی کاریگەری لەسەر کورد، ناوبراو هەمیشە جەختی لەسەر هاوبەشی

(١) زۆرجار لە سەرچاوەکاندا لەبری دەستەواژەی ( کۆڕی نیشتیمانی گەورەی تورك )، دەستەواژەی ( ئەنجومەنی نیشتیمانی تورك ) بەکار هاتووە.

کورد و تورك دەکردەوە لە رووی ئاینیەوە. وای نیشان دەدا کە هیچ جیاوازیەك لە نێوان کورد و تورکدا نیە، چونکە ئاینیان یەکە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٩٥ ). ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی باوەڕی بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام نەبوو. بەو بەڵگەیەی کە دوای ئەوەی گەیشتە دەستەڵات، سیستەمی خەلافەتی هەڵوەشاندەوە و لە جێگەیدا سیستەمی عەلمانی راگەیاند.

دوای ئەوەی کە مستەفا کەمال گەیشتە دەستەڵات، بەر لەوەی دەستەڵاتەکەی بە تەواوی بچەسپێنێ، مەرامە راستەقینەکانی خۆی بەرامبەر بە کورد هەر بە شاراوەیی هێشتەوە. بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم زانیاریە، ئاماژە بە چاوپێکەوتنێکی مستەفا کەمال دەدەین لەگەڵ رۆژنامەی ( امین ) دا، کە لە (١٩٢٣/١٢/١٥) دا ئەنجامی دابوو. ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەکەدا لە بارەی هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد، بەم شێوەیە قسەی کرد ؛ ئەو ناوچانەی کە کورد تێیاندا زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن، حوکمێکی زاتیان بۆ دادەمەزرێنین، بەڵام دەبێ وەسفی گەلی تورکیا بە یەکەوە بکەین ( وریابوونەوەی کورد،ل٣١٨ ). ئامانجی ئەتاتورك لەم قسانەدا تەنیا بەدەست هێنانی کات بوو. چونکە تەنیا دوای چەند مانگێك، واتە لە (١٩٢٤) دا بڕیاری قەدەغە کردنی زمانی کوردی راگەیاند ( المأساة الکوردیة ) ، وە نکولی لە بوونی گشت نەتەوە غەیرە تورکەکان کرد لە تورکیادا.

دوای ئەوەی لە کۆنگرەی لۆزاندا، تورك و هاوپەیمانان رێك کەوتن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر و سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندیەکانیان، هەردوو لایەنی رێکەوتنەکە پشتیان لە کورد کرد. واتە هەم هاوپەیمانان بەڵێنەکانیان بەامبەر بە کورد پشتگوێ خست، هەم تورکیش بە توندی بەگژ داخوازیەکانی کوردا چووەوە. بەمەش کورد لە گۆڕەپانەکەدا بە تەنیا مایەوە.

دوای ئەوەی مستەفا کەمال بەرامبەر بە کورد دەستی کرد بە چەوساندنەوە و پیادەکردنی توندوتیژی، هەندێ لە سەرۆك هۆز و چالاکوانانی کورد کەوتنە خۆیان بۆ بەگژا چوونەوەی سیاسەتەکانی دەستەڵات. بۆیە لە کۆنگرەی ئەرزەروومدا، بڕیاریاندا هاوکاری ئەو ( شۆڕشگێرە تورکانە ) بکەن کە لە ئەتاتورك جیا ببوونەوە. وە پشتگیریان لە ئەنجامدانی کودەتا کرد لە تورکیادا، بە مەبەستی هێنانە کایەی سیستەمێکی سیاسی دادپەروەر و دیموکرات ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٢٧٦ ).

هاوکاری کردنی شۆڕشگێرە یاخیبووەکانی تورك لە دژی دەستەڵاتەکەی مستەفا کەمال، ڕێگە چارەیەکی زۆر گونجاو نەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە مەینەتیەکانی کورد. بە تایبەتی کە کورد ئەم ئەزموونەی لەگەڵ مستەفا کەمالدا تاقی کردبووەوە. کە پشتیوانی لە ناوبراو کرد بۆ زاڵ بوون بەسەر دەستەڵاتی عوسمانیدا، بەو ئومێدەی کە سیستەمێکی سیاسی باشتر لە وڵاتدا بنیات بنرێ. کەچی ئەو سیستەمەی کە مستەفا کەمال دروستی کرد، زۆر خراپتر و ستەمکارتر بوو لە دەستەڵاتی عوسمانی. بەڵام ڕەنگە لەو کاتەدا ( شۆڕشگێرە تورکەکان ) تاکە هیوای سەردارانی کورد بووبن، بەو ئومێدەی لەو ڕێگەیەوە بتوانرێ بەر بە خراپتر بوونی ڕەوشی وڵات بگیرێ و مەترسیەکانی سەر کورد کەمتر بکرێنەوە. کەچی سەرەنجام مستەفا کەمال توانی، سەرکەوتوو بێ لە سەرکوت کردنی ( جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن ) یش لە وڵاتدا.

کاتێك کە بزوتنەوەکەی مستەفا کەمال لە بارێکی زۆر دژواردا بوو، لە لایەك لە شەڕدا بوو لەگەڵ هێزەکانی یۆنان، لە لایەکی تریشەوە لە ململانێدا بوو لەگەڵ دەستەڵاتی عوسمانی، لە هەمان کاتیشدا لە دژایەتیەکی توندا بوو لە گەڵ هاوپەیمانان بە گشتی و ئینگلیز بە تایبەتی. لەو کاتەدا کورد دەیتوانی لە ڕێگەی پەنا بردنە بەر هێز، داخوازیە سیاسیەکانی بسەپێنێ و بە بەشێك لە مافە نەتەوەییەکانی شاد بێت، بەڵام ئەم دەرفەتە گونجاوەی لە دەستدا. بەپێی قسەی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی بێ، هەر لەو کاتەدا کوردەکانی ڕۆژهەڵات[1] دەیانگوت ؛ ئێستا باشترین هەلە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. چونکە دەوڵەتی ئێران لە ئێستادا زۆر لاوازە و تورکەکانیش خەریکی شەڕی یۆنانن. بۆیە ناچار دەبن لەو سنورەی کورد دەیەوێ، دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن. کەچی بەڕێوبەرانی کۆمیتەی ئەرزەرووم دەیانگوت : ئێستا کاتی ئەو ڕاپەڕینە نیە ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٢٧٦ـ٢٧٧ ).

یەکێك لە بنەماکانی ململانێی سیاسی، سوود وەرگرتنە لە دەرفەت لە کاتی گونجاودا. ئەو هێزەی نەتوانێ سود لە دەرفەتە ڕەخساوەکان وەربگرێ، ناتوانێ تامی سەرکەوتن بکات. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، فارس و تورك لە بارێکی سیاسی زۆر خراپدا بوون. ئەمە دەرفەتێکی زۆر زێڕین بوو بۆ کورد، کە بزوتنەوەیەکی چەکداری گشتگیر ئەنجام بدات

---

(١) ڕەنگە زیاتر مەبەست لە سمکۆی شکاك بێت.

بە مەبەستی ناچارکردنی ( تورك و فارس ) بە سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی. کەچی کورد خەمساردانە ئەم دەرفەتەی پشتگوێ خست، کە ئەستەمە جارێکی تر ئەم دەرفەتەی بۆ دووبارە بێتەوە.

دوای چەسپاندنی دەستەڵاتەکەی، مستەفا کەمال کەوتە لێدان و راوەدوونانی چالاکوان و گروپە کوردیەکان. ئەندامانی کۆمیتەی ئەستەمبۆڵ لەژێر فشاری دەزگا ئەمنیەکانی دەوڵەتی تورکیادا، شاری ئەستەمبۆڵیان بە جێهێشت و چوونە پاڵ کۆمیتەی ئەرزەرووم. کۆمیتەکە ناوی گۆڕا بۆ ( کۆمیتەی ناوەندی کوردستان )، رێبازەکەشی بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هات ؛ لە رابردوودا کۆمیتەکە داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد بۆ کوردستان لە چوارچێوەی تورکیادا، بەڵام دوای ئەوەی بە کردەوە بۆی دەرکەوت کە حکومەتی تورکیا نایەوێ هیچ داخوازیەکی کورد جێبەجێ بکات، ناچار بوو دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بەرز بکاتەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٠٨ ).

لە راستیدا باشترین کات بۆ داواکردنی سەربەخۆیی لە لایەن کوردەوە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بوو. کە هەم دەوڵەتی عوسمانی لە بارێکی زۆر دژواردا بوو، هەمیش هاوپەیمانان تاڕادەیەکی باش پەرۆشیان پێوە دیاربوو بەرامبەر بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیار و تێڕامانە ئەوەیە، کاتێ تورك لەوپەڕی بێهێزی و خراپیدا بوو، کۆمیتەی ئەرزەرووم داوای خودموختاری دەکرد. کەچی کاتێ کە تورك هێز و توانایەکی زۆری بەدەست هێنایەوە، کۆمیتەکە پەنای بردە بەر هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان! کە بێگومان تواناکانی کۆمیتەکە هەرگیز لەو ئاستەدا نەبوو، کە بتوانێ سەربەخۆیی بۆ کوردستان بەدەست بێنێ.

دوای ئەوەی کە بزافی رزگاریخوازی کوردی لەسەر دەستی حکومەتی تورکیا، دووچاری سەرکوت کردن و شکستێکی گەورە بووەوە، بێ ئومێدیەکی زۆر باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا، کە ئەمە کاری کردە سەر داخوازی هەندێ لە نیشتیمان پەروەرانی کوردیش. بۆ نمونە عەبدولرەزاق کە یەکێك بوو لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردی باکور، کە ئاوارەی دەرەوەی ولات ببوو، بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ تورکیا کەوتە وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی تورکدا. ئەوەبوو ناوبراو چەند مەرجێکی دانا، تاکوو بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانەکەی، کە

گرنگترین ئەو مەرجانەش بریتی بوون لە ١) بە رەسمی ناسینی گەلی کورد ٢) کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی لە کوردستاندا ( کورد لە ئەرشیفی...،ل ٣٨٨ ).

هیچ کاتێک ( بە رەسمی ناسینی گەلی کورد )، یەکێک نەبووە لە داخوازیە سیاسیەکانی کورد، تا ئەو کاتەی حکومەتەکەی ئەتاتورک نکولی ئەکرد لە بوونی کورد لە تورکیادا. هەر چۆنێک بێت، داخوازیەکانی عەبدولرەزاق لە چوارچێوەی مافە کەلتوریەکان تێنەدەپەڕین. ئەمەش بەڵگە بوو لەسەر ئەو رەوشە خراپەی کە دووچاری نیشتیمان پەروەرانی کورد هاتبوو، لە دوای سەقامگیر بوونی دەستەڵاتی کەمالیەکان لە وڵاتدا.

راستە کورد لەسەر دەستی حکومەتی عوسمانی دووچاری ستەم و جیاکاریەکی زۆر هاتبوو، بەڵام هەرگیز رۆژێک لە رۆژان نکولی لە بوونی نەکرا بوو لە لایەن رژێمی حکومڕانەوە، یاخود بەو درندەییە رووبەرووی کۆمەڵکوژی نەبووەوە. کەواتە مەینەتیەکانی کورد لە کوردستانی باکوردا، بە هاتنی مستەفا کەمال بۆ دەستەڵات ، زۆر گەورەتر بوون.

# بەشی سێیەم :
# ڕەنگدانەوەی پەیوەندی کوردانی باکور لەگەڵ ( ئینگلیز و رووس ) دا لەسەر پرسی کورد

## ــ کاریگەری سیاسەتی ئینگلیز لەسەر خەباتی رزگاریخوازی کورد لە باکـوری کـوردستانــدا :

تا کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، ئینگلیز سیاسەتێکی دیاری کراوی نەبوو بەرامبەر بە کوردستانی باکور. دوای ئەوەی ململانێکی توند هاتە ئاراوە لەسەر بانگەشەی مافی خاوەندارێتی کردنی ویلایەتی موسڵ لە نێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانیدا، ئینگلیز وەك فشارێك بەرامبەر بە تورك، پشتیوانی خۆی راگەیاند بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد لە باکوری کوردستاندا. واتە پرسی کورد لە باکوردا بۆ ئینگلیز زیاتر وەك کارتێکی فشار بوو، نەك پرسێکی ستراتیجی.

ئینگلیز توانی سەرنجی بەشێك لە کورد بۆ بیرۆکەی رزگاربوون لە دەستەڵاتی تورك و هێنانەدی سەربەخۆیی رابکێشێ. بە کردەوەش لەنێو بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باکوردا ئاراستەیەك سەری هەڵدا، کە داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردی دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانی.

لە کانونی دووەمی (١٩١٩) دا لە قاهیرە، شاندێکی کوردی بـە ناوی ( کـۆمیتەی سەربەخۆی کـورد )، داوای یارمەتی لە بەریتانیا کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. ئەم کۆمیتەیە پێك هاتبوو لە گروپێکی بچوك کە ( سورەییا بەدرخان ) رێبەرایەتی دەکرد، کە بۆ قاهیرە دوور خرابووەوە. ئەگەرچی لە (١٩١٩) دا جار جار لە لایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە وتووێژ لەگەڵ ناوبراودا دەکرا، بەڵام پێشنیازەکانی بەردەوام پشتگوێ دەخران ( مێژووی هاوچەرخی کورد...،ل٢٥٨ ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئینگلیز ستراتیجێکی روونی نەبووە بەرامبەر بە پرسی سەربەخۆیی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ.

یەکێك لە کێشە گەورەکانی کورد بە درێژایی مێژوو، نەبوونی هاوهەڵوێستی و کۆدەنگیە. لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمیش، یەکێك لە گرفتە گەورەکانی کوردانی باکور نەبوونی کۆدەنگی بوو. بۆ نمونە لە سەرەتای مانگی یەکی (١٩١٩) دا، لە کاتێکدا کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس تازە دەستی کردبوو بە ئەنجامدانی کارەکانی، شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی سەید عەبدولقادر شەمزینی چوو بۆ دیدەنی مەندوبی سامی بەریتانیا لە ئەسنەمبۆڵ، بۆ قسە کردن لە بارەی پرسی نەتەوەیی کوردەوە. مستەر ( رویان ) کە پێشوازی لە شاندەکە کردبوو، لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونی ئەندامانی شاندەکەدا باس لەوە دەکات ؛ کە قسەکانیان لە بارەی سنوری کوردستانی ئۆتۆنۆمی[١] چاوەڕوان کراو و روون نەبوو، پێیان باش بوو ئەم پرسە بهێڵدرێتەوە بۆ بڕیاری دوای کۆنفرانسی ئاشتی ( کورد و عەجەم،ل٢٥٨ ).

ئەم شاندەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، داخوازیە نەتەوەییەکانی کوردی بەم شێوەیە خستبووە روو ؛ کورد هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە کە لێوەشاوە بێ بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لە ریزی گەلانی دۆستدا بگرێ و مافی ئازادی و دیاری کردنی چارەنووسی بەدەست بێنێ ( کورد و عەجەم،ل٢٨٥_٢٨٦ ). واتە هیچ کەموکورتیەك لە داخوازیەکانیدا نەبووە. تەنیا لەوەدا خۆیان پێ یەکلا نەکراوەتەوە، کە ئەم مافانە بۆ کوێی کوردستان داوا بکەن.

دوای سەرهەڵدانی جوڵانەوەی کەمالیەکان، سەرۆك هۆزێکی کورد بە ناوی ( سلێمان ئاغا)، نامەیەك ئاراستەی بەرپرسانی بەریتانیا دەکات و تێیدا باس لەوە دەکات ؛ بۆ ئەوەی لە کەمالیەکان رزگار بین، دەبێ هەموو گەلی کورد یەك بگرێ بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی و حوکمی زاتی لەژێر چاودێری بەریتانیای مەزندا. بۆیە هەندێ سەرکردە لە بنەماڵەی بەدرخان کە بە ناوبانگترین بنەماڵەن لە کوردستاندا و ئێستا لە ( قسطنطنية )[٢] دادەنیشن، دەبێ بهێنرێنە موسڵ و زاخۆ ( وریابوونەوەی کورد، ل٢٠٥ ). ئەستەمبۆڵ هەم شارێکی کوردی نەبوو، هەمیش دوور بوو لە کوردستان. بۆیە چوونی سەرکردەکانی بنەماڵەی

---

(١) مەبەست لە ئۆتۆنۆمی کوردستانە لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان، بەپێی سیستەمی ئینتداب.

(٢) مەبەست لە ( قسطنطنية ) ئەستەمبۆڵە، کە لە سەردەمی دەستەڵاتی رۆمانیەکاندا ئەم ناوەی هەبووە.

بەدرخان بۆ کوردستان، لەو کاتەدا زۆر گرنگ بوو. چونکە بێگومان ئەگەر لە کوردستان بوونایە، کاریگەریان لەسەر میللەتی کورد زۆر زیاتر دەبوو.

دوور نیە ئەم پێشنیازەی ( سلێمان ئاغا )، لە لایەن بەرپرسانی ئینگلیزەوە گرنگی پێدرا بێت. چونکە هێنانی ( ئەمین عالی بەدرخان ) بۆ کوردستان، یەکێك بوو لە ئامانجەکانی

( نوئێل ) لە کاتی چوونی بۆ کوردستانی باکور. کاتێ نوئێل سەردانی ناوچە کوردیەکانی باکوری کرد، یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی بریتی بوو لە پووچەڵ کردنەوەی پڕوپاگەندەی پان ئیسلامی تورکەکان، کە هەوڵیان دەدا لەو ڕێگەیەوە کورد لە دژی ئینگلیز بورژێنن. هەروەها ناوبراو بەو ئومێدە بوو بتوانێ بە دانانی ( ئەمین عالی بەدرخان ) بە والی دیاربەکر، هەژموونی ئینگلیز پتەو بکات و بەو ئەندازەیەش هەژموونی تورکەکان لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٧٠ ). ئەو کات ئینگلیز بەرژەوەندی لەوەدا بوو کە پێگەی تورك لە کوردستانی باکوردا زۆر لاواز ببێ. ئەگەر کوردەکانی باکور بە توندی بەگژ بوونی دەستەڵاتی تورکدا چووبانەوە، ئەوا بێگومان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە پاڵپشتی دەکران. کەچی سەردارانی کورد هەر چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، بەریتانیا ئەم کارە لەبری ئەوان جێبەجێ بکات. کە لە راستیدا ئەم کارە ئەرکی سەرەکی ئەوان بوو نەك ئینگلیز.

وەك باسمان کرد هەندێ لە چالاکوانانی کورد، پەیوەندی و هەماهەنگیان لەگەڵ ڕژێمی کۆمۆنیستی رووسیادا هەبوو. لەژێر کاریگەری سیاسەتی ڕژێمی کۆمۆنیستی، کەوتبوونە دژایەتی کردنی هەژموونی ئینگلیز لە ناوچەکەدا. مێجەر نوئێل لەو بارەیەوە باس لەوە دەکات ؛ لە رۆژی نەورۆزی (١٩١٩) دا، بەو بۆنەیەوە یانەی کوردی لە دیاربەکر کۆبوونەوەیەکی سازدا. کە سەرۆك هۆزەکانی ( سرکوچی و هاز ) و موفتی ( سیفریك ) و دوو کەسایەتی ناسراوی ( دێرك ) بەشدار بوون، ئەندامانی کۆبوونەوەکە بڕیاریاندا کە بەرگری لە دیاربەکر و ماردین بکرێ دژی دەست تێوەردانی بەریتانیا ( وریابوونەوەی کورد، ل١٨٢ ). ئەم هەڵوێستەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، زیاتر لە بەرژەوەندی بەلشەویکەکان و تورکەکاندا بوو. وە پێناچێ کورد لەم هەڵوێستەی ئەواندا، هیچ بەرژەوەندیەکی هەبوو بێ.

له راستیدا ئەو کوردانەی لەژێر کاریگەری رژێمی کۆمۆنیستی رووسیادا بوون، دژی هەر جۆرە پەیوەندیەکی کورد و ئینگلیز بوون. ئەوان بڕوایان بەوە نەبوو کە ئینگلیز دۆستی راستەقینەی گەلانی چەوساوە بێت. پێیان وابوو کە ئامانجی سەرەکی ئینگلیز، تەنیا دروست کردنی ئاژاوە و دووبەرەکیە لە کوردستاندا. بۆ نمونە کۆمیتەی ئەرزەروومی کوردی کە دژی دابەشکردنی کوردستان بوو، ویلایەتی موسڵی بە بەشێکی جیانەکراوەی کوردستان دادەنا و دژی دەست بەسەرداگرتنی ئەم بەشەی کوردستان بوو لە لایەن بەریتانیاوە. کۆمیتەی ناوبراو لە بارەی ئینگلیزەکانەوە رایگەیاند : ئینگلیزەکان کە لە بەشێکی کوردستاندا دەستەڵاتیان هەیە، تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە دژی بەشەکانی تری کوردستان بڵاو دەکەنەوە و زیان بە سەربەخۆیی کوردستان دەگەێنن ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٧٢).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان دیارترین و کاریگەرترین رێکخراوی کوردی بوو. لە سەرەتادا گشت رێبەرانی رێکخراوەکە، هاوڕا بوون لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بە پشتیوانی هاوپەیمانان. لەم بارەیەوە ( مەندوبی سامی بەریتانی لە ئەستەمبۆڵ ) لە بروسکەیەکیدا بۆ نوێنەری سیاسی بەریتانیا لە بەغدا لە (١٩١٩/٤/١٨) دا، باسی لەوە کردوە کە عەبدولقادر شەمزینی ( سەرۆکی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ) دەست پێشخەریەکی گرتۆتە دەست بۆ داوا کردنی سەربەخۆیی کورد و جیابوونەوەی لە تورک ( المسألة الكردية،ص٦ ).

شێخ عەبدولقادر هەر زوو کەوتە گومان کردن لە راستگۆیی هاوپەیمان بە گشتی و ئینگلیز بە تایبەتی لەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی. لەو بارەیەوە ناوبرا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ( تی بی هوهلر ) دا، ترسی خۆی نیشاندا کە لە سایەی نەبوونی سیاسەتێکی روونی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد، رەنگە هەندێ گروپی سیاسی تورک لە ئەستەمبۆڵ هەوڵ بدەن پشتیوانی کورد بەدەست بێنن، بەهۆی پێشکەش کردنی بەڵێنێك سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد لەژێر چاودێری تورکدا. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە چارەنووسی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی وابەستەیە بە سیاسەتی بەریتانیاوە، نەك هاوپەیمانەکانی تری ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٧١ ). شێخ عەبدولقادر لەو دیمانەیەیدا دوو راستی خستوونەتە روو، کە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنن ١) خەمساردی هاوپەیمانان و نەبوونی بەرنامەیەکی روون سەبارەت بە

کوردستانی باکور لە بەرژەوەندی تورکدا بوو. بۆیە لە پێناو پارێزگاری کردن لە کوردستانی باکور، تورکەکان پرۆژەیەکی چارەسەریان خستە روو. وە توانیان هەندێ لە رێبەرانی کورد بە لای پرۆژەکەیاندا رابکێشن ٢) تەنیا بەریتانیا بوو لەنێو هاوپەیماناندا، کە بەرژەوەندیەکانی تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی پرسی سیاسی کورد بوو. هەر ئەویش لە توانایدا بوو، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە بارەی چارەنووسی کورد بدات. بۆیە بۆ کورد سیاسەتی بەریتانیا گرنگیەکی زۆری هەبوو، بە پێچەوانەی وڵاتانی تری هاوپەیمان کە ئەو بایەخەیان نەبوو.

شێخ عەبدولقادر لە بارەی گرنگی پشتیوانی بەریتانیا بۆ کورد، بە بەرپرسانی ئینگلیزی راگەیاند : کە دروست کردنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر پاراستنی ئەواندا، دەتوانێ بە رۆڵی بەربەست هەڵسێ لە بەردەم تورکە کەمالیەکان و رووسە بەلشەویکەکان ( سەرچاوەی پێشوو...،ل١٧٠ ). راستە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە باکور، دەبووە بەربەست لەبەردەم کەمالی و بەلشەویکەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کات پێویست دەبوو لەسەر بەریتانیا کە بەرگری لەم دەوڵەتە کوردیە بکات لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورك و رووسدا، ئەوا بۆ بەریتانیا دەبووە ئەرك و سەر ئێشەیەکی زۆر. هەر بۆیەش ئامادە نەبوو پشتگیری لە بیرۆکەی دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی بکات لە کوردستانی باکوردا.

هەر لە بارەی داخوازی کوردەکانی باکور، مەندوبی سامی بەریتانی لە بروسکەیەکدا کە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردوە لە (١٩١٩/٥/٣) دا دەڵێ (( ئەوان دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان دەوێت..... دەیانەوێ بە یەکجاری رزگاریان بێ لە دەستەڵاتی تورك، کە هیچیان بۆ نەکردوون. لەم رووەوە عەبدولقادر شەمزینی بە توندیەکی زۆر قسەی لەو بارەوە کرد )) ( المسألة الكردية...،ص٦) .

لەبەرئەوەی بەریتانیا ستراتیجێکی روونی نەبوو بەرامبەر بە پرسی کورد لە کوردستانی باکوردا، بۆیە هەمیشە داوای لە رێبەرانی کوردستانی باکور دەکرد، کە دان بە خۆیاندا بگرن تا دەرنجامی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەردەکەوێ ( من التخطيط الى التجزئة...، ص١٧٤).

نوئێل لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات ؛ وڵسن کە ئەو کات بریکاری حاکمی گشتی بەریتانی بوو، پێشنیازی ئەوەی کرد بۆ حکومەتی بەریتانیا لە (١٩١٩/٦/١٢) دا، کە

دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەژێر چاودێری خۆیدا دابمەزرێنێ و ویلایەتەکانی ( بەدلیس، دیاربەکر، معموریە العزیز ) بگرێتەوە. دوای راوێژ کردن لەگەڵ ولسن، نوئێل سەردانی ئەستەمبۆڵی کرد و لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخاندا کۆبووەوە. هەروەها گەشتێکی بە کوردستاندا کرد بۆ بەرپەچدانەوەی پڕوپاگەندەی پان ئیسلامی تورکەکان، کە کوردیان هاندەدا دژ بە ئینگلیز. وە بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ئەو خەیاڵەی کە تورکەکان دەیانەویست لە ناو کورداندا بڵاوی بکەنەوە، گوایە ئەوان دەکەونە ژێر بەزەیی ئەرمەنەکان ( وریابوونەوەی کورد،ل١٦٦ ).

ولسن هەڵوێستی بەرامبەر بە پرسی کورد لە کوردستانی باشوردا زۆر خراپ بوو. چونکە یەکێك بوو لە لایەنگرە سەرسەختەکانی بیرۆکەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە میزۆپۆتامیای عەرەبیەوە. کەچی لەبەرئەوەی بەرژەوەندی وڵاتەکەی لەوەدا دەبینی، کە کوردستانی باکور ببێتە لەمپەرێك لە نێوان ( میزۆپۆتامیا ) و تورك و بەلشەویکەکاندا، پشتگیری لە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد لە کوردستانی باکوردا، بەو مەرجەی لەژێر چاودێری وڵاتەکەیدا بێت.

بە ئاشکرا ئەو راستیە هەست پێدەکرا، کە هاوپەیمانان و بەریتانیا پشتگیری لە خواستە سیاسیەکانی ئەرمەن دەکەن لەسەر حیسابی مافە نەتەوەییەکانی کورد. کە دەیانەویست رووبەری دەوڵەتی ئایندەی ئەرمەن درێژ بێتەوە بۆ ناوچە کوردیەکانی باکوری کوردستان. کوردەکان بەو هۆیەوە زۆر نیگەران و بێ ئومێد بوون لە هاوپەیمانان بە گشتی و ئینگلیز بە تایبەتی. تورکەکانیش توانیان سوود لەو نیگەرانیەی کورد وەربگرن و هانیان بدەن دژ بە ئینگلیز و هاوپەیمانان.

لە سەرەتای (١٩٢٠) دا نەجمەدین حوسێن ( بەرپرسی پارتی دیموکراتی کورد ) پەیامێك ئاراستەی دەوڵەتی بەریتانیا دەکات، کە تێیدا باس لەوە دەکات ؛ سەربەخۆیی کوردستانی یەك پارچە لە چوارچێوەی سنوری ئاسایی و نەتەوەیی خۆیدا، باشترین رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری کێشە و گرفتەکانی ئاسیای بچوك[١]. بەمەش کورد دەبێتە فاکتەری دابین کردنی ئاشتی لە جیهاندا ( کورد لە سەدەی نۆزدە و ...،ل٣٣ـ٣٤ ).

---

(١) کە مەبەستەکەی زیاتر، دەوڵەتی ئێستای تورکیا دەگرێتەوە.

لایەنگرانی بیرۆکەی سەربەخۆیی لەنێو ڕێبەر و پێشەواکانی کورد لە کوردستانی باکوردا، هەم بە ژمارە کەم بوون، هەمیش خەباتەکەیان تەنیا لە چوارچێوەی سیاسی و دبلۆماسیدا بوو. واتە دوور بوون لە خەباتی جەماوەری و چالاکی چەکداری. بۆیە سەرکەوتوو نەبوون لە بینینی رۆڵێکی کاریگەر لەسەر شانۆی سیاسی کوردستاندا.

نەجمەدین حوسێن لە پەیامێکی تردا کە ئاراستەی ( کۆمیسەری باڵای بەریتانیا ) ی کرد، دەڵێ (( هەر کوردێك ئاوەزی هەبێ، ئەو باوەڕەی لەلا دروست بووە کە کوردستانی ئایندە بێ هاوکاری و پشتیوانی بەریتانیا ناژی و گەشە ناکات. ئێمە ئامادەین جڵەوی چارەنووسی خاکی خۆمان بدەینە دەست ئینگلستان و هەر چیمان لە توانا دایە بۆ خزمەتی ئەو هێزە بەکاری بهێنین )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧ ).

هەر لە بارەی پەیوەندی هەندێ لە سەردارانی کورد لەگەڵ ئینگلیزدا، بە باشی دەزانین ئاماژە بە میر خەلیل بەدرخانیش بدەین. ناوبراو لە (١٩٢١) لـە وتووێژێکدا لەگەڵ ( سێر پـرسی کۆکس )[1] دا دەڵێ (( ئێمە بە دڵ و گیان لەگەڵ بەریتانیا داین. ئێمە خوازیاری سایە و پەنای بەریتانیاین. ئەگەر بەریتانیای مەزن یارمەتی ئێمە بدات، ئەوا ئێمە لە لای خۆمانەوە لە نێوان عێراق و دوژمناندا ( تورك و بەلشەویکەکان )، وەك وڵاتێك دەبین بە قەڵغانی بەریتانیا و هاوکاری ئەرمەن و مەسیحیەکان دەکەین )) ( سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨ ). ئەم شێوازە ئاخاوتنە، زیرەکی و لێهاتویی میر خەلیل دەسەلمێنێ لە رووی سیاسی و دبلۆماسیەوە. بەڵام ئەویش وەك زۆربەی ڕێبەرانی تری کورد، لە مەیدانی خەباتی چەکداری و جەماوەریدا سوارچاك نەبوو، کە دۆخی ئەوسای کورد زیاتر پێویستی بە ڕێبەری کردەیی هەبوو، نەك ڕێبەری سیاسی و قسەزان.

بەریتانیا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە کوردەکانی باکور، بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی ئەو بە هیچ کار و کردەوەیەك هەڵبستن. بێگومان ئینگلیز لە بەرژەوەندیدا نەبوو، کە کێشەی کورد لە باکوری کوردستاندا چارەسەر بێت. بۆیە زۆرجار ڕێگری کردوە لەو جموجۆڵ و چالاکیەکانی کورد، کە لەژێر چاودێری و ڕکێفی خۆیدا نەبووە. لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی کە ( هوراس رامبۆلد )[2] ناردوویەتی بۆ لۆرد کیرزن ( وەزیری کاروباری دەرەوەی

---

(١) ئەو کات مەندوبی سامی بەریتانی بوو لە عێراقدا.

(٢) ئەو کات معتمدی سامی بەریتانی بوو لە ئەستەمبوڵ.

بەریتانیا ) لە (١٩٢١/٥/٣٠) دا هاتووە ؛ ئەمین عالی بەدرخان سەردانی ( ریان ) ی ئەفسەری سیاسی لە نوێنەرایەتی بەریتانیا لە ئەستەمبۆڵ کردوە، پێی راگەیاندوە کە خۆی و هاورێکانی پەیوەندیان کردوە لەگەڵ نوێنەری یۆنان لێرە ( ئەستەمبۆڵ ). یۆنانیەکان پێشوازیان لە پێشنیازی رێکخستنی جوڵانەوەیەکی کوردی کردوە لە دژی کەمالیەکان، کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوو لا دەکات ( کورد و یۆنانیەکان ). بەڵام ناوبراو وتویەتی ئەوان بەم کارە هەڵناستن، ئەگەر حکومەتی خاوەن شکۆ ( بەریتانیا ) پەسەندی نەکات. پرسیاری کردوە کە ئاخۆ دامەزراندنی رێکخستن لە شوێنێك کە بەریتانیا خاوەنداریەتی دەکات، پێشوازی لێدەکرێ یاخود نا. ئەفسەری ناوبراو پێشوازی لەم داوایەی ئەمین عالی نەکردوە ( اضواء علی کتاب...،ص٤٢ ).

نەتەوە بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجەکانی، پێویستە بوێر بێ و لە هەندێ دەرفەت و بۆنەدا پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێ. کەچی ئەم بوێریە زۆر بە کەمی لەنێو رێبەر و چالاکوانانی باکوری کوردستاندا هەبوو. بۆیە لە زۆربەی هەنگاوە چارەنووس سازەکاندا دەگەڕانەوە بۆ ئەو هێزە دەرەکیەی کە پشتیان پێ بەستبوو، ئەم هێزانەش بەرژەوەندیان لەگەڵ چارەسەر بوونی پرسی کوردا نەبوو.

چەرچڵ لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، پشتیوانی لە کورد و یۆنانیەکان بکرێ دژی کەمالیەکان. چونکە بە بڕوای ئەو، ئەمە دەبووە هۆی دروست بوونی هاوپەیمانیەتی ( کەمالی و بەلشەویکەکان ) دژ بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا ( من التخطیط الی التجزئة...،ص٣٣٨ ). واتە بەریتانیا لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە، دەیڕوانیە پرسی پشتیوانی کردن لە کورد. ئەمە بۆ گشت هێزە دەرەکیەکانی تریش راست بوو. بۆیە پێویست بوو لەسەر رێبەرانی کورد لە پرسە چارەنووس سازەکاندا، چاوەڕێی رەزامەندی هێزە دەرەکیەکان نەکەن.

وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی، ئەم تێڕوانینەی هەبوو بەرامبەر بە پرسی کورد لە کوردستانی باکوردا (( پەندەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، بە شێوەیەکی توند دژی بەکارهێنانی دۆستە لاوازەکانمانە دژ بە دوژمنە بەهێزەکانمان. بە تایبەتی کاتێ ئێمە لە هەڵوێستێکدا نین، بتوانین پشتیوانی پێویستیان پێشکەش بکەین )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤١ ). بەم جۆرە وەزارەتی موستەعمەرات، کوردی بە دۆستێکی لاواز و تورکیشی

بە دوژمنێکی بەهێز لە قەڵەم داوە. لە راستیدا بەهۆی ئەو فشارە ئابوری و سەربازیە زۆرەی لەسەری بوو، بەریتانیا لە بەرژەوەندیدا نەبوو پشتیوانی لە دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی بکات.

هەرچەندە بەریتانیا لە بنەڕەتدا بڕوای بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو لە کوردستانی باکوردا، کەچی زۆرجار هەوڵیداوە کورد بەکار بهێنێ وەك کارتێکی فشار بەرامبەر بە تورك. بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم راستیە، ئاماژە بە بروسکەیەکی نهێنی دەدەین کە ( سێر پرسی کۆکس ) لە (١٩٢١/١٠/٢٨) دا ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردوە، بە ژمارە ( سی . أ . ١٦ )، کە لە بەشێکی بروسکەکەدا هاتووە (( ئەو راپەڕینەی کە کارمان بۆ کردوە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، خەریکە بەرپا دەبێ. ئەو ناوچانەی کە لە یەك کاتدا رادەپەڕن بریتین لە ( دێرسیم، دیاربەکر، بەدلیس، وان )، کە دانیشتوانیان لە نێوان (٥ ــ ٦) ملیۆن کەس دایە. ئەم خەڵکە رەتیان کردەوە کە ئەم ساڵ باج بدەن بە تورکەکان و چاوەڕێی ئامادەبوونی من دەکەن، بۆ ئەوەی یەك بگرن. ئەوان ئینتدابی بەریتانیایان دەوێ )) ( اضواء علی کتاب...، ص ٤٠ ــ ٤١ ).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، بەریتانیا هیچ سیاسەتێکی روونی نەبوو بەرامبەر بە کوردستانی باکور. چونکە ئامانجی سەرەکی ئەو ویلایەتی موسڵ بوو، نەك بەشەکانی تری کوردستان. بۆیە چارەنووسی کوردستانی باکور، بە لای بەریتانیەکانەوە زۆر جێگەی بایەخ نەبوو. هەر بۆیەش کاتێ لەگەڵ تورکە کەمالیەکان رێك کەوتن لە کۆنگرەی لۆزاندا، بە ئاسانی دەستبەرداری بەڵێنەکانیان بوون بەرامبەر بە کورد.

## ــ کاریگەری رووسیای کۆمۆنیستی لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی باکوردا :

دوای ئەوەی رژێمی کۆمۆنیستی رووسیا تاڕادەیەکی باش توانی ئاشتی و ئاسایشی ناوخۆی وڵات سەقامگیر بکات، دەستی کرد بە پێشخستنی سیاسەتی دەرەکی و گرنگی دان بە هاوکێشە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان. بەلشەویکەکان سیاسەتی دەرەکیان لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی بنیات نا، ئەوانیش یەکەم : دژایەتی کردنی سیستەمی سەرمایەداری لە جیهاندا، بە تایبەتی ئەو وڵاتە زلهێزانەی کە نوێنەرایەتی سەرمایەداری جیهانی دەکەن،

وەك بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا دووەم : پشتیوانی کردنی چەوساوەکان لە جیهاندا، کە مەبەست لێیان چینی پرۆلیتاریا[1] و گەلانی ژێردەستە بوو سێیەم : هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لە سەرتاسەری جیهاندا. بە واتایەکی تر بەلشەویکەکان دەیانەویست هەم شۆڕشی پرۆلیتاری بگوازنەوە بۆ دەرەوەی رووسیا، هەمیش لە رێگەی رزگارکردنی گەلانی ژێردەستەوە، پێگەی کۆلۆنیالیزمی سەرمایەداری[2] لاواز بکەن.

بزوتنەوەی کەمالیەکان بانگەشەی دادپەروەری و ئازادی سیاسی دەکرد، وە لە ململانێیەکی بەهێزدا بوو لەگەڵ دەستەڵاتی عوسمانیدا، هەروەها دژایەتیەکی توندی ئینگلیزیشی دەکرد. بەلشەویکەکان ئومێدێکی زۆریان لەسەر ئەم بزوتنەوەیە بنیات نابوو. بۆیە پشتیوانیەکی زۆریان لێدەکرد. بە تایبەتی کە هەردوو لایەن ( بەلشەویکەکان و کەمالیەکان )، بە توندی دژایەتی سیاسەتی فرەوانخوازی ئینگلیزیان دەکرد لە ناوچەکەدا.

رژێمی کۆمۆنیستی رووسیا ئامادە نەبوو لە کوردستانی باکوردا، پشتیوانی لە بزافی سیاسی کوردی بکات. چونکە رێبەرانی کوردی بە کۆنەپەرست لە قەڵەم دەدا، کە پێی وابوو یان دڵسۆزی عوسمانیەکانن، یان داردەستی ئینگلیزن.

کۆمیتەی ئەرزەروومی کوردی لە (١٩٢٢) دا رایگەیاند کە دەیەوێ بە یارمەتی و پشتیوانی سۆڤیەت، سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بێنێ. بۆ ئەم مەبەستە سەۆرکی کۆمیتەکە ( خالد بەگ جبرانلی ) بە یاوەری ( یوسف زیا ) لە کۆمیتەی کوردی ئەستەمبۆڵ، سەردانی بالێوزخانەی سۆڤیەتیان کرد لـە ( ئەنقەرە )[3] و خواستی سەربەخۆییەکەیان پێ راگەیاندن و داوای پشتیوانیان لێکردن ( کورد لە ئەرشیفی ....،ل٣٣ ). بۆ وەڵام دانەوەی داخوازیەکەی کۆمیتەی کوردی ئەرزەرووم، لە (١٩٢٣/٣/٨) دا دەستەی لیژنەی جەماوەری بۆ کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت کۆبووەوە و لە بارەی پرسی کوردەوە بڕیارێکی راگەیاند، کە تێیدا هاتبوو (( نابێ پشتیوانی لە جیاخوازی کورد بکەین دژ بە تورکەکان و پشتیوانی

---

(١) مەبەست لە چینی کرێکارانە، کە لە لایەن سەرمایەدارە خاوەن کارەکان دەچەوسێنرێنەوە.

(٢) وڵاتە زلهێزە سەرمایەدارەکان لە رێگەی داگیرکردنی ( کۆلۆنیالی کردنی ) وڵاتان و گەلانی ترەوە، توانا ئابوری و پیشەسازیەکانی خۆیان بەهێز کردبوو.

(٣) بوونی باڵیوزخانەی سۆڤیەت لە ئەنقەرە لەو کاتەدا، بەڵگە بوو لەسەر هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان کەمالیەکان و بەلشەویکەکاندا.

ئیمپریالیزمی تورکیش بکەین لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بە کورد. دەبێ هەڵوێستێکی دۆستانە بگرینە بەر، بەرامبەر بە تێکۆشانی کورد دژ بە ئینگلستان )). هەڵوێستی رەسمی سۆڤیەت سەبارەت بە پرسی کورد، بەم شێوەیە خرایە روو ؛ بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە دۆخی ئێستادا، بیرۆکەیەکی کۆنە پەرستانەیە. بارودۆخی ئێستا پێویستی بە هاوسەنگی و یەکریزی گشت بەشەکانی دەوڵەتی تورکیایە، نەك دابەشکردنی. فەرمانڕەواکانی وڵاتانی تری خۆرهەڵاتیش[1]، پشتیوانی لە بیرۆکەی ( کورستانی سەربەخۆ ) ناکەن. چونکە وەك گورزێکە بەر سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە دەکەوێ و زیانی بۆ یەکێتی خاکەکەیان هەیە. لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کورد دواکەوتوون و لەژێر کاریگەری سەرۆك هۆزەکانیان دان، کە زۆربەی کات دەبنە بەکرێ گیراوی جۆرەها دەوڵەتی ئیمپریالی. بۆیە پێویستە ئەو پێشنیازە رەت بکەینەوە کە کۆمیتەی ئەرزەروومی کوردی پێشکەشی کردوە، سەبارەت بە پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەژێر چاودێری سۆڤیەتدا ( المسألة الكردية...،ص٩٣ ).

سۆڤیەت بەرژەوەندی لە پشتیوانی و هاریکاری کردنی تورکدا هەبوو. بۆیە ئامادە نەبوو پشتیوانی لە خەباتی کورد بکات دژ بە دەستەڵاتدارانی تورکیا. کەچی پشتگیری خۆی بۆ خەباتی کورد دژ بە ئینگلیز راگەیاند، لە کاتێکدا کێشەی کورد زیاتر لەگەڵ تورکدا بوو نەك ئینگلیز. ئەمەش ئەو راستیی دەگەیێنێ، کە سۆڤیەت تەنیا لە گۆشە نیگای بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانیدا ئامادە بووە داکۆکی لە گەلانی ژێردەستە بکات. ئەمەش پێچەوانەی پرنسیپەکانی شۆڕشی (١٧) ی ئۆکتۆبەر[2] بوو.

یوسف زیا لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت، بە راشکاوی دەیووت : کوردستان ناتوانێ بچێتە چوارچێوەی رووسیای فیدراڵەوە، کوردستان دەبێ سەربەخۆ بێ ( کورد لە ئەرشیفی...،ل١٤٤ ). ئەم راشکاویەی یوسف زیا لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا، تاڕادەیەکی زۆر بوێری و ژیری پێوە دیار بووە. چونکە پێویستە رێبەری سیاسی لە خستنە رووی داخوازیەکاندا، هەمیشە راشکاو و بوێر بێت.

---

(١) پێدەچێ زیاتر مەبەست لێی، فەرمانڕەواکانی عێراق و ئێران بێت.

(٢) شۆڕشی کۆمۆنیستی رووسیا لە (١٧) ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بۆیە زۆرجار ناودەبرێ بە شۆڕشی (١٧) ی ئۆکتۆبەر.

هەر لە بارەی راستگۆیی و بوێری ( یوسف زیا ) وە، ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکی ( کولیکۆف) دا، کە پێی وت چ سیستەمێکتان دەوێ؟ دەڵێ (( وەك سیستەمی ئێوە، بەڵام لە دژی مەلا و شێخ نابین و باسی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی ناکەین و پارتی کۆمۆنیستیش لە کوردستاندا دروست ناکەین )) ( سەرچاوەی پێشو،ل١٤٦ ).

ئامانجی سەرەکی سۆڤیەت لە پشتیوانی کردنی گەلانی ژێردەستەدا، بریتی بوو لە گەشەپێدانی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لە جیهاندا. بەم شێوەیە ئەگەر کورد ئامادە نەبوو بێت ئایدیۆلۆجیا و پارتی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا پەسەند بکات، ئەوا سۆڤیەتیش ئامادە نەبووە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات. لە مامەڵەی سیاسیدا ئەگەر بتەوێ دەسکەوتێك بەدەست بێنی، دەبێ ئامادەش بی بۆ بەخشینی هەندێ شت لە بەرامبەردا.

یوسف زیا توانایەکی دبلۆماسی باشی هەبوو لە دواندنی ( مخاطبة ) بەرامبەردا. ئەوەتا لە یەکێك لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت، داوای یارمەتی دەکات بۆ راپەڕین لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا. لەم بارەیەوە دەڵێ (( بارودۆخی راپەڕین کامڵ بووە. ئەگەر یارمەتیمان نەدەن، ناتوانین پێش بە راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵك بگرین، ئەوسا رابەرایەتی راپەڕین دەکەوێتە دەست خەڵکی تر[1] )) ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەرە ). یوسف زیا هەوڵی دەدا فشارێکی دبلۆماسی بخاتە سەر کاربەدەستانی سۆڤیەت، تاکوو ناچار بن هاوکاری راپەڕینی کورد بکەن. لەم بارەیەوە ئاگاداریان دەکاتەوە، کە خەڵکی کوردستان هەر چۆنێ بێ راپەڕین ئەنجام دەدات. ئەگەر سۆڤیەت هاوکاریان نەکات، ئەوا ئینگلیز سود لەو دەرفەتە وەردەگرێ و هەوڵ دەدات جڵەوی رووداوەکان بگرێتە دەست. ئەمەش زیانی دەبێ بۆ بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت.

یوسف زیا هەمیشە هەوڵی دەدا کاربەدەستانی سۆڤیەت رازی بکات، بەوەی پشتیوانی لە پرسی نەتەوەیی کورد بکەن. ناوبراو لەم بارەیەوە داوای لە جکومەتی سۆڤیەت کرد، کە داوا لە ئینگلیز بکات کێشەی کورد لە (کۆنفرانسی لەندەن ) دا بەرز بکرێتەوە. ناوبراو هەر لەم بارەیەوە دەڵێ (( ئەگەر پێویستیش بکات کورد خۆی نیشان بدات و کار بکاتە سەر کۆنفرانسەکە، ئەوا ئامادەیە بۆ خۆپیشاندان و راپەڕینی چەکداری )) ( کورد لە ئەرشیفی...

(١) پێدەچێ مەبەستی لە خەڵکی تر، کەسانی سەر بە ئینگلیز بێت.

،ل١٤٦ ). ئەم داوایەی ناوبراو کەمێ ساویلکانە بوو، چونکە سۆڤیەت هەرگیز ئامادەی ئەوە نەبوو بۆ پشتیوانی کورد داوا لە بەریتانیا بکات.

کۆمیتەی کوردی ئەرزەرووم لە کۆبوونەوەیەکی فرەواندا، کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی ئەرزەرووم و کوردستانی باکور تێیدا بەشدار بوون، چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد. کە یەکێك لەو بڕیارانە، پەیوەندی بە حکومەتەکەی شێخ مەحمودەوە هەبوو، لەم بارەیەوە بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە رایانگەیاند : پێویستە بە شێوەیەکی پتەو پشتیوانی لەو بنەمایانە بکرێ، کە کوردستانی ئازادی باشوری لەسەر داڕێژراوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەر چۆنێ بێت، حکومەتی سلێمانی ناچار بکرێ بەوەی کە سیاسەتی روو لە ئینگلیزی خۆی بگۆڕێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوبراو نامەیەك ئاراستەی حکومەتەکەی شێخ مەحمود دەکات، تێیدا بە سوور بوونێکی زۆرەوە داوا لە شێخ دەکات کە بۆ هەمیشە واز لە پشت بەستن بە ئەوروپا بهێنێ، بە تایبەتیش ئینگلیز. چونکە هیچ کاتێك بە یارمەتی ئەوان، کوردستانی ئازاد دروست نابێ. وە رزگار بوون لەژێر دەستی ئینگلیزەکان، زۆر ئەستەم ترە لە رزگار بوون لەژێر دەستی تورك. هەروەها داوای ئەوەش لە شێخ دەکات، کە داوای یارمەتی لە یەکێتی سۆڤیەت بکات. کۆمیتەی ناوبراو لە کۆبوونەوەکەدا، لەسەر پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستان لەژێر چاودێری سۆڤیەتدا کاری کردبوو. ئەم پڕۆژەیەش درابوو بە کونسوڵەکان و هاوکاتیش نێردرا بوو بۆ مۆسکۆ و ئەنقەرە ( کورد لە ئەرشیفی... ،ل٢٧٩ ).

وەك دیارە لەژێر کاریگەری سیاسەتی سۆڤیەتدا، کۆمیتەی ئەرزەرووم داوا لە شێخ محمود دەکات کە لە ئینگلیز دوور بکەوێتەوە و هەوڵ بدات پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەتدا دروست بکات. لە راستیدا بیروباوەڕی سیاسی رێگر بوو لە بەردەم کۆمیتەی کوردی، ئەو راستیە ببینێ کە چەندین نەتەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە پشتیوانی هاوپەیمانان لەژێردەستەیی رزگاریان بوو. بە نموونە وەك گەلی عەرەب کە بە پشتیوانی هاوپەیمانان بە گشتی و ئینگلیز بە تایبەتی، بە تەواوی لەژێر دەستی تورك رزگاری بوو.

کۆمیتەی کوردی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ئایندەی کوردستانی رۆژهەڵات، بەم شێوەیە دەربڕی ؛ لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کە باکور و باشوری کوردستان

دەگرێتەوە، پرسی کوردستانی رۆژهەلآت دێنینە گۆڕێ. ئەمەش دوای رێك کەوتنی تەواو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣١ ).

وەك دیارە کۆمیتەی کوردی ئامانجی سیاسی گەورەی هەبووە، بەڵام بە کردەوە خەباتی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی نەکردوە. بەڵکو زیاتر بە ئومێدی پشتیوانی سۆڤیەت لە پرسی کورد، چاوەڕێی رووداو و گۆڕانکاریەکانی کردوە. هەر ئەمەش گەورەترین هۆکاری شکستەکەی بووە لە تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردا.

یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە بزوتنەوەی کەمالیەکان دەکرد. هەر بۆیەش لەژێر کاریگەری ئەو دۆخەدا، کۆمیتەی کوردی پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ تورکە کەمالیەکاندا هەبـوو. کۆمیتەی ناوبراو ئومێدێکی زۆری بە سەرکەوتنی کەمالیەکان بەرامبەر بە یۆنانیەکان هەبوو. لەو بڕوایەدا بوو بە گەیشتنی کەمالیەکان بە دەستەلآت، کێشەی کورد پێشکەوتنێکی زۆر بە خۆیەوە دەبینێ. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنانەی کە کەمالیەکان بە کوردیان دابوو. تا ئەو رادەیە کۆمیتەی کوردی بڕوای بە راستگۆیی مستەفا کەمال هەبوو، کە پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی نارده ئەنقەره، بۆ ئەوەی ناوبراو ئاگاداری پڕۆژەکە بێ و پشتیوانی لێ بکات. ئەم خۆش باوەڕیەی کۆمیتەی کوردی بەرامبەر بە کەمالیەکان، جگە لە ساویلکەیی سیاسی هیچ واتایەکی تری نە دەگەیاند. ئەم هەنگاوەی کۆمیتەی کوردی، کارێکی زۆر هەڵەشانە بووە. چونکە کەمالیەکان هەموو توانایەکیان خستبووە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر، بە تایبەتی دژایەتی ئەو بڕگانەیان دەکرد کە باسیان لە دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی دەکرد. جا ئەگەر راستی ( حقیقة ) هەڵوێستی کەمالیەکان بەرامبەر بە پرسی کورد بەم شێوەیە بووبێ، ئایا چۆن رێی تێدەچوو کە پشتیوانی لە پڕۆژەکەی کۆمیتەی کوردی بکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟!

دوای ئەوەی کەمالیەکان توانیان پایەکانی دەستەلآتیان بە تەواوی بەهێز بکەن، لە بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە کورد پەشیمان بوونەوە. بەمەش کورد کەوتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. کۆمیتەی کوردی کە دووچاری بێ ئومێدیەکی زۆر ببووەوە، هەنگاوەکانی داهاتووی وابەستەی چەند پێشهاتێك کرد. لەوانە کێشەی نێوان تورك و هاوپەیمانان، چۆن

لە کۆنگرەی لۆزاندا چارەسەر دەکرێ؟ چۆن سۆڤیەت هەڵوێست لەسەر داخوازیە سیاسیەکانی کورد وەردەگرێ؟ ئەگەر سۆڤیەت داخوازیەکانی کورد جێبەجێ بکات، یان وەڵامی ئەرێنی بێت، ئەوا کۆمیتەی کوردی دوای ئامادەکاری و خۆ رێکخستن، دەست بە ئەنجامدانی راپەڕین دەکات. وە ئەگەر سۆڤیەتیش ئامادە نەبێ هاوکاری کورد بکات، تەنیا رێگەیەك کە لە بەردەم کۆمیتەکەدا دەمێنێتەوە، ئەوەیە بگەڕێتەوە سەر سیاسەتی پێشووی، واتە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی تورکی بکات بۆ ئەنجامدانی کودەتا دژی کەمالیەکان ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٢٨٠ ).

لە راستیدا هێزی سیاسی نابێ چاوەڕێی گۆڕانکاری و رووداوەکان بکات، بەڵکو دەبێ خۆی بەشداری لە دروست کردنی رووداوەکاندا بکات. چونکە لە سیاسەتدا زۆرجار پێشبینیەکان راست دەرناچن. بۆیە پێویست بوو کۆمیتەی کوردی چاوەڕێی دەرنجامەکانی کۆنگرەی لۆزان و هەڵوێستی ئایندەی سۆڤیەت نەکات، بەڵکو پێویست بوو هەڵسێ بە ئەنجامدانی ئەوەی لە توانای دایە. چونکە سیاسەت لە بنەڕەتدا، بریتیە لە هونەری جێبەجێکردنی ئەوەی لە توانا دایە ( السياسة هي فن الممكنات ) .

بەلشەویکەکان هیچ کاتێك ئامادە نەبوون، پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن. بۆیە کاتێ عەبدولرەزاق و شێخ عەبدولقادری کوڕی حوسێن پاشا، پلانێکی هاوبەشیان ئامادە کرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان و داوای هاوکاریان لە سۆڤیەت کرد، بەرپرسانی سۆڤیەت ئامادە نەبوون وەڵامی داواکەیان بدەنەوە سەرچاوەی پێشوو،ل٣٨٨ ).

کونسوڵی سۆڤیەت لە ئێران ( هاورێ تومانۆڤ )، باسی سەردانەکەی دەکات بۆ لای کەمال بەگی کوڕی میر بەدرخان. کەمال بەگ لەم چاوپێکەوتندا دەڵێ (( ئەگەر بە راستی سۆڤیەت دەیەوێ ئاوڕ لە کورد بداتەوە، من ئامادەم ئەو پرۆگرامەی کە هەمە لەگەڵ رێبەرانی کوردا کاری لەسەر بکەم و ئامادەی بکەم و ئاراستەی دەوڵەتی سۆڤیەتی بکەین )). کەمال بەگ لەم چاوپێکەوتنەدا، ئەرکی دروست کردنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی تورکیادا دەخاتە ئەستۆی خۆی، بەو مەرجەی لە لایەن سۆڤیەتەوە هاوکاری بکرێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢١١ـ٢١٢ ). وەك دەزانین سۆڤیەت لە بەرژەوەندیدا نەبوو گوێ لە خواستە سیاسیەکانی کورد بگرێ. بۆیە داواکاریەکەی کەمال بەگیش وەك سەرجەم رێبەرانی تری کورد، لە لایەن سۆڤیەتەوە بێ وەڵام مایەوە.

# بەشی چوارەم

## ئامانجە سیاسیەکانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ دا

شێخ سەعیدی پیران سەر بە بنەماڵەیەکی ئاینی ناسراو بوو لە کوردستاندا. بنەماڵە ئاینیەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو لە لایەن دەوڵەتەوە. دوای گەیشتنی تورکە لاوەکان بە دەسەڵات، پێگەکەیان کەوتە بەر هەڕەشە و مەترسیەوە. دوای هەڵوەشانەی خەلافەت و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن کەمالیەکانیشەوە، بنەماڵە ئاینیەکان بە تەواوی کەوتنە پەراوێزەوە. لابردنی سوڵتان لە دەسەڵات و دژایەتی کردنی بەها ئاینیەکان لە لایەن حکومەتی مستەفا کەمالەوە، شێخ سەعیدی زۆر توڕە و نیگەران کرد بوو.

کەمالیەکان سەرەتا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کورد بەلای خۆیاندا، چەندین بەڵێنیان بە کوردا سەبارەت بە گەرەنتی کردنی مافە نەتەوەییەکانی. کەچی دوای گەیشتنیان بە دەسەڵات، نەك هەر بەڵێنەکانیان نەبردە سەر، بەڵکو نکولیشیان لە بوونی کورد کرد لە تورکیادا. سەرەڕای ئەمانەش درێخیان نەکرد لە چەوساندنەوە و خراپ ڕەفتارکردن بەرامبەر بە ناوچە کوردیەکان. ئەمەش کۆمەڵگەی کوردی گەیاندە دۆخێك کە چیتر بەرگەی ئەو هەموو ستەم و توندوتیژیە نەگرێ.

ئەم دۆخە دژوارەی کە لە کوردستاندا هاتبووە ئاراوە، هانی دەستەبژێری کوردیدا کە بکەوێتە خۆ ئامادەکردن بۆ سازدانی ڕاپەڕینێکی جەماوەری دژ بە حکومەتی کەمالیەکان. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەکانی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ) کۆبوونەوەیەکیان سازدا، کە لەنێویاندا ( یوسف زیا ) دیارترینیان بوو. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا لە مانگی (٥) ی ١٩٢٥ دا ڕاپەڕین ئەنجام بدرێ لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ( وریابوونەوەی کورد،ل٣٢٤ ). بەمەش دەردەکەوی کە لە سەرەتادا ئامانج لە سازدانی ڕاپەڕینەکە سەربەخۆیی کوردستان بووە، وە سەرکردەکانی ئەو لیژنەیەی کە پێك هێنرابوو بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕینەکە پیاوانی ئاینی نەبوون.

لە (١٩٢٤/٨/١) دا چەند ڕێبەرێکی کورد لە دیاربەکر، کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست بە بەشداری کردنی هەندێ لە کاربەدەستانی تورك، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە

خراپەی کە ناوچە کوردیەکانی گرتبووەوە. ڕێبەرانی کورد چەند داواکاریەکیان خستە بەردەم لێپرسراوانی تورك، وەك دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەت لە ناوچە کوردیەکاندا، تەرخان کردنی بودجەیەکی دیاری کراو بۆ هەندی پڕۆژەی ئابوری بە مەبەستی بوژاندنەوەی ناوچەکە، ڕاگرتنی خزمەتی سەربازی لە ناوچە کوردیەکاندا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، گێڕانەوەی دادگا شەرعیەکان[1] بۆ کوردستان، گواستنەوەی ئەو ئەفسەر و فەرمانبەرە تورکانە لە کوردستان کە خەڵك لێیان ناڕازیە، ئازادکردنی گیراوەکان. بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی ئەم داواکاریانە، ڕێبەرانی کورد بەڵێنیاندا کە هاوکاری دەستەڵاتدارانی تورك بکەن لە داواکردنی ویلایەتی موسڵدا. بەهۆی ئەم جموجۆڵ و چالاکیانەوە، دەستەڵاتدارانی تورك سەرکردەکانـی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ) یان ناسی و لـە نیاز و مەرامەکانیشیان تێگەیشتن. بۆیە هەستان بە دەستگیر کردنی هەریەك لە ( یوسف زیا و خالد بەگ جبرانلی و حجی موسا بەگ ). دوای دەستگیرکردنی ئەم سەرکردانە، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕینەکە خرایە ئەستۆی شێخ سەعیدی پیران، کە ناوبراو زۆر کاریگەر ببوو بە لەناوچوونی دەستەلاتی عوسمانی ( وریابوونەوەی کورد،ل٣٢٦ ).

بە سەرنجدان لە داواکاری ڕێبەرانی کورد، بۆمان دەردەکەوێ کە داوای جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیان کردوە، کە تێیدا تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی کورد تاڕادەیەك لەبەرچاو بگیرێن. زۆربـەی داواکاریەکان، پەیوەندی بەو ستەم و دۆخە خراپەوە هەبوو کە لە کوردستاندا لە ئارادا بوو. بە واتایەکی تر، ئەوان لەو دۆخەی ناوچە کوردیەکان ڕازی نەبوون و داوای چاکسازی و گۆڕانکاریان دەکرد.

وەك باسمان کرد، تا ئەو کاتەی سەرکردەکانی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ) دەستگیر نەکران، شێخ سەعید وەك ناوێکی دیار لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا دەرنەکەوت. لەبەرئەوەی دوای گیرانی ( یوسف زیا و خالد بەگ جبرانلی )، هیچ کەسێك وەك شێخ سەعید گونجاو نەبوو بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕینێکی جەماوەری، بە تایبەتی کە ناوبراو خاوەنی سەدان مورید و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بوو. هەر بۆیەش ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕینەکە خرایە ئەستۆی ئەو.

---

(١) مەبەست لە دادگا شەرعیەکان، ئەو دادگایانە بوون کە بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام کاری دادوەریان ئەنجام دەدا.

به مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ راپەڕینەکە، شێخ سەعید دەستی کرد بە گەڕان و سازدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك هۆز و کەسایەتیەکاندا. بەهۆی رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو، شێخ سەعید رووبەڕووی گێچەڵی هێزە تورکەکان بووەوە، هەر بەو هۆیەشەوە راپەڕینەکە بەر لە وادەی خۆی دەستی پێکرد.

مێژوونووسان بە چەندین شێوە باسیان لە هۆکار و ئامانجەکانی راپەڕینەکە کردوە. لەم بارەیەوە مێژوونووسی ناوداری ئێران ( حەسەن ئەرفەع ) دەڵێ (( چەند هۆیەك لە پشت هەڵگیرسانی شۆڕشی ( سەعیدی پیران) وە بوون. کە وێرای هەستی ئاینی، پێویستە کاریگەری هەلومەرجی سەخت و نالەباری ئابوری لە ناوچەکانی رۆژهەلاتدا لەبەرچاو بگیرێ. هەروەها سەرۆکە ناوچەیەکانیش کە بەهۆی هاتنە سەر کاری حکومەتی نوێوە، پێگە و دەستەلاتی خۆیان لە مەترسیدا دەدەی. ئەمەش هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ بەشداری کردنیان لەو یاخیبوون و رابوونەدا )) ( کوردەکان،ل٦٦ ).

هەر گۆڕانکاریەکی سیاسی روو بدات، ئەوا خزمەت بە بەرژەوەندی چەند توێژێکی کۆمەڵ دەکات و زیانیش بە بەرژەوەندی چەند توێژێکی تر دەگەێنێ. ئەم توێژانەی زیانیان پێدەگات، لە هەلومەرجی پێشوودا تاڕادەیەك سوودمەند بوونە. بۆیە بە توندی دژی گۆڕانکاریە سیاسیە تازەکان دەوەستنەوە. بۆیە بەشێکی زۆر لەو کەس و لایەنانەی کە بە رووخانی دەستەلاتی عوسمانی بەرژەوەندییەکانیان کەتبووە مەترسیەوە، پشتیوانیان لە راپەڕینەکەی شێخ سەعید کرد.

لە بارەی ئامانجی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدیش، حەسەن ئەرفەع باس لەوە دەکات ؛ راپەڕینەکەی شێخ سەعید، ئامانجێکی تەواو ئاینی هەبووە. بە واتایەکی تر، شۆڕشێکی ئیسلامی بووە دژی تورکە بێ ئیمان و خوا نەناسەکان[١]. هەر بۆیەش هەموو موسڵمانانی وڵاتی بانگهێشت کرد بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشەکەدا، لە پێناو گەڕاندنەوەی سوڵتان بۆ دەستەلات و لەناوبردنی سیستەمی کۆماری[٢] ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٢ـ٦٣ ).

---

(١) مەبەست لە تورکە کەمالیەکانە، کە دوای گەیشتنیان بە دەستەلات لە کۆتایی (١٩٢٢) دا، بە توندی کەوتنە دژایەتی کردنی بەها و بنەما ئاینیەکانی ئیسلام.

(٢) سیستەمی کۆماری تورکیا، بوو بە جێگرەوەی دەستەلاتی سوڵتانی عوسمانی. بۆیە لایەنگرانی سوڵتان و خەڵکی ئاین پەروەر، بە چاوی گومان و دژایەتیەکی زۆرەوە دەیانڕوانیە سیستەمی تازەی وڵات.

رەنگە هەستی ئاینی پاڵنەری سەرەکی بووبێ کە وای لە شێخ سەعید کردوە، رازی بێ بەوەی سەرپەرشتی راپەڕینەکە بکات دژ بە حکومەتی کەمالیەکان. لە بارەی بەهێزی هەستی ئاینی شێخ سەعید و وابەستەییەکەی بە فەرمانڕەوایەتی سوڵتانی عوسمانیەوە، دەیڤید ماکداول باس لـەوە دەکات ؛ دوای دەست پێکردنی جوڵانەوەکەی، شێخ سەعید لە راگەیەنراوێکدا یەکێك لە کوڕەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی بە ناوی ( میر سەلیم ) بە پادشای کوردستان دانا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٤٠٩ ). بەپێی ئەم زانیاریە بێت، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شێخ سەعید ئەوەندەی پەرۆش بووە بۆ گەڕاندنەوەی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی لە رێگەی بنەماڵەی عوسمانیەکانەوە، ئەوەندە پەرۆشی سەربەخۆیی کوردستان و مافە نەتەوەییەکانی کورد نەبووە. کەچی زۆربەی ئەو رێبەرە کوردانەی کە بەشدار بوون لە دارِشتنی نەخشەی راپەڕینەکە، هاندەری سەرەکیان خواست و ئامانجی نەتەوەیی بوو نەك ئاینی. کەچی ئەوانەی پەرۆشی گەڕاندنەوەی دەستەڵاتی عوسمانی بوون، بە ئومێدی لەناوبردنی دەستەڵاتی کەمالیەکان پشتیوانیان لە راپەرینەکە کرد. دەکرێ بگوترێ کە شێخ سەعید لە پاڵ خواستی نەتەوەیی، ئامانجێکی گەورەی ئاینی هەبوو. هەر ئەمەش وای لە ناوبراو کردوە، کە بانگهێشتی گشت موسڵمانانی وڵات بکات بۆ بەشداری کردن لە راپەڕینەکەدا.

هەر لەم بارەیەوە مەسعود عەبدولخالق ( شارەزا لە مێژووی عوسمانیەکان ) دەڵێ : دروشمی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران بریتی بوو لە (( یان گەڕانەوەی خەلافەت، یان کوردستانێکی سەربەخۆ )) ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل١١٤ ). بەپێی ئەم زانیاریە بێت، شێخ سەعید کێشە و مەینەتیەکانی خەڵکی لە لابردنی سوڵتانی عوسمانیدا بینیوەتەوە.

راستە قەبارەی مەینەتی و چەوساندنەوەی کورد بە هاتنی تورکە کەمالیەکان بۆ دەستەڵات زۆر زیاتر بوو، بەڵام نە لە سەردەمی دەستەڵاتی عوسمانیەکاندا مافە نەتەوەییەکانی کورد سەلمێنرا بوون، نە بە گەڕانەوەی سوڵتانی عوسمانیش بۆ دەستەڵات کێشەی نەتەوەیی کورد چارەسەر دەبوو. کەواتە کێشە و مەینەتیەکانی کورد وابەستە نەبوو بە هەبوون و نەبوونی فەرمانڕەوایەتیەکی ئاینی، بەڵکو وابەستە بوو بە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی.

بەهۆی ئەو مۆرکە ئاینیەی کە جوڵانەوەکەی شێخ سەعیدی پێی ناسرا بوو، ڕۆژنامەکانی تورکیا لە (١٩٢٥/٢/٢٦) دا ڕایانگەیاند : بزوتنەوەکەی شێخ سەعید، بزافێکی ئاینی ڕووتە و داوا دەکات میر سەلیم ( کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ) بکرێ بە سوڵتان ( وریابوونەوەی کورد،ل٣٢٩ ). دەستەڵاتدارانی تورك بە مەبەست هەوڵیان دەدا، جوڵانەوەکەی شێخ سەعید وەك بزافێکی ئاینی بناسێنن، تاکوو تۆمەتی کۆنەپەرستی و لایەنگری ڕژێمی کۆنی بخەنە پاڵ، لە هەمان کاتیشدا ئەو دۆخە دژوارە پەردەپۆش بکەن کە کورد لە سایەی سیستەمی تازەدا دووچاری هاتبوو.

مێژوونووسی دۆستی کوردیش ( کریس کۆچێرا )، لە بارەی ئامانجی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دەڵێ (( لە مانگی (١١) ی ١٩٢٤ دا شێخ سەعیدی پیران، کەوتبوە گەڕان بەناو هۆزە کوردیەکاندا و هانی دەدان کە دژی تورکە کافرەکانی ئەنقەرە خەبات بکەن و داوای ئۆتۆنۆمی بکەن )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٩٨ ).

هەرچەندە زۆر لە مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ئامانجی سەرەکی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام ئەوەش ڕێی تێدەچێ کە شێخ سەعید دروشمی ئۆتۆنۆمی بەرز کردبێتەوە. چونکە ئاراستەی ڕاپەڕینەکە زیاتر لە دژی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیای تورکە کەمالیەکان بوو، کە ڕێبازێکی عەلمانی و دژە ئاینیان گرتبووە بەر. شێخ سەعید و بەشێکی زۆر لە بەشداربوانی ڕاپەڕینەکە، ئامانجیان ڕووخاندنی دەستەڵاتی کەمالیەکان بوو، وە داوایان دەکرد سیستەمی خەلافەت بنیات بنرێتەوە. لە کاتی گەڕانەوەی دەستەڵاتی خەلیفە ( سوڵتانی عوسمانی ) دا، بێگومان ئەو خەڵکە زۆر ڕەزامەند دەبوو. بۆیە ئەستەم بوو ئەو کات داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان بکەن. لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا، باشترین داخوازی ئەو خەڵکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بریتی دەبوو لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تازەی عوسمانیدا.

بەهۆی ئەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە کاتێکدا بوو، کە کێشەی ویلایەتی موسڵ گەیشتبووە ناسکترین دۆخ. بۆیە تورکەکان گومانیان لەوە دەکرد کە ئینگلیز لە پشتی ڕاپەڕینەکە بێ ( وریابوونەوەی کورد،ل٣٢٧ ). لە ڕاستیشدا بەهۆی ئەو کاتەی کە ڕاپەڕینەکەی تێدا ئەنجام درا، گومانی تورکەکانیش تاڕادەیەك لە جێی خۆیدا بووە. بەڵام

ڕاپەڕینەکە زیاتر بەهۆی ئەو دۆخە خراپەی وڵاتەوە بوو، کە لە سایەی هاتنە دەستەڵاتی کەمالیەکان هاتبووە ئاراوە.

شێخ سەعید ئەگەر لەپاڵ پاڵنەری نەتەوەییدا هەر پاڵنەرێکی تریشی هەبوو بێ، ئەوا ڕاپەڕینەکەی زیاتر هەر مۆرکێکی کوردانەی هەبووە، چونکە ١) شێخ مورید و لایەنگرێکی زۆری هەبوو لەنێو کوردا ٢) کورد پابەندیەکی زۆری هەبوو بە پرنسیپە ئاینیەکان، کەمالیەکانیش بە ئاشکرا دژایەتی بەها ئاینیەکانیان دەکرد ٣) خراپی ژیان و باری گوزەرانی خەڵك لە ناوچە کوردیەکاندا، هاندەرێکی بەهێزبوو بۆ بەشداری کردنی ڕێژەیەکی فرەوانی کورد لە ڕاپەڕینەکەدا ٤) ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزەکانی کورد، زیانمەند ببوون لە هەڵوەشاندنەوەی دەستەڵاتی عوسمانیدا. بۆیە ئامادەیەکی باشیان هەبوو بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەر لە ڕاپەڕینەکەدا ٥) بەهۆی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی کەمالیەکان و پشتگوێ خستنی پرسی کورد لە لایەن هاوپەیمانان و یەکێتی سۆڤیەتەوە، ڕەوشی سیاسی کورد پێی نابووە قۆناغێکی زۆر هەستیارەوە. بۆیە چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکە گرنگیەکی زۆری وەرگرتبوو. ئەمەش وای کرد کە خەڵکی کوردستان تاڕادەیەکی باش پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە بکەن، بەو ئومێدەی مافە نەتەوەییەکانیان لەم ڕێگەیەوە دەستەبەر بکەن.

عەبدولرەحمان قاسملۆش لە بارەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانەوە دەڵێ : لەبەرچاو ترین دروشمەکانی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، بریتی بوون لە (( دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر چاودێری تورکیا و هێنانەوە سەر کاری حکومەتی سوڵتان )) ( کوردستان و کورد،ل٥٩ ). بە شێوەیەکی ڕوونتر قاسملۆ ویستویەتی بڵێ ؛ ئامانجی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید، بریتی بوو لە کوردستانێکی خودموختار لەژێر چاودێری تورکیایەکدا کە لە لایەن سوڵتانی عوسمانیەوە فەرمانڕەوایی بکرێ. بەمەش دەردەکەوێ کە شێخ سەعید لە یەك کاتدا، پاڵنەری ئاینی و نەتەوەیی هەبووە لە ئەنجام دانی ڕاپەڕینەکەدا.

دەرنجام ڕاپەڕینی کوردەکانی باکور بە ڕابەرایەتی شێخ سەعید، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە سەرکوت کرا. بەمەش زیانێکی زۆر گەورە بەر ئومێد و خواستە نەتەوەییەکانی کورد کەوت، بە تایبەتی لە باکوری کورستاندا. بەڵام سەرەڕای ئەم

شکستە گەورەیەش، کەچی خولیا و خەونی سەربەخۆیی نەتەوەیی لەنێو کوردەکانی باکوردا هەر بەردەوام بوو.

بە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەی کە لە لایەن دەستەڵاتداران و تورکە رەگەز پەرستەکانەوە بەرامبەر بە راپەڕینەکەی شێخ سەعید دەکرا، گوایە راپەڕینەکە مۆرکێکی تەواو ئاینی هەبووە، یەکێك لەو تۆمەتانەی لە دادگادا رووبەڕووی شێخ سەعید و هاوکارەکانی کرا، تۆمەتی بنیات نانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوو ( وریابوونەوەی کورد،ل٣٣٣ ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی راپەڕینەکە، داکۆکی کردن بووە لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا.

دوای ئەوەی راپەڕینەکە بە تەواوی سەرکوت کرا و شێخ سەعید و ژمارەیەکی زۆر لە رێبەرانی راپەڕینەکە دەستگیر کران، حکومەتی ئەنقەرە بڕیاری لە سێدارە دانی بەسەر شێخ سەعید و رێبەرانی راپەڕینەکەدا جێبەجێ کرد. هەر بەمەش نەوەستا، کوشت و بڕێکی زۆری بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامدا. کەوتە پاکتاو کردنی هەموو ئەو رێبەر و کەسایەتیە کوردانەی، کە بە مەترسی دادەنان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. هەر لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەی پاکتاو کردنەدا، لە (١٩٢٥/٥/١٤) دا دادگای دەوڵەت شێخ عەبدولقادر شەمزینی تاوانبار کرد بە هەوڵدان بۆ سەرخستنی راپەڕینەکەی شێخ سەعید و رزگار کردنی کوردستان ( الحركة الكوردية...،ص١٧٧ )، دواتریش بڕیاری لە سێدارە دانی بەسەردا جێبەجی کرد. بەمەش کورد بەهۆی شکستی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدەوە، زیانێکی گەورەی مادی و مەعنەوی بەرکەوت.

دوای شکست هێنانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید، کوڕەکانی شێخ ( صلاح الدين و سعد ) کە چوو بوون بۆ سوریا، لەوی کۆمەڵەیەکی سیاسیان پێك هێنا لەژێر ناوی ( کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردی )، کە ئامانجی کۆمەڵەکە رزگارکردنی کوردستان بوو. بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەو کوردانە دەرکرد کە بەشداریان لە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدا کردبوو، هەردوو کوڕەکەی شێخ سەعید گەڕانەوە تورکیا. بەمەش خواست و ئامانجەکانیان بە شکست کۆتایی پێهات ( کورد لە سوریا...،ل٩٢-٩٣ ).

بە شکست هێنانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید، دۆخی کوردەکانی باکور چووە قۆناغێکی تازەوە، کە لەو قۆناغەدا کورد رووبەڕووی چەوساندنەوە و سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە تر

بووەوە. بەر لەو قۆناغە، کورد ئومێدێکی زۆری بە بەڵێنی هێزە دەرەکیەکانی وەك ( هاوپەیمانان، سۆڤیەت، تورکە کەمالیەکان ) هەبوو، بەڵام دوای شکستی راپەڕینەکە، کورد بە تەواوی بێ ئومێد بوو لە پشتیوانی جیهانی دەرەوە. بەمەش ناچار بوو کە بە سووربوونێکی زۆر زیاترەوە، بیر لە پشت بەستن بە تواناکانی خۆی بکاتەوە و هەوڵ بدات لەو رێگەیەوە ئامانجە نەتەوەییەکانی بەدی بێنێ. بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین، بەر لەو قۆناغە هێزە دەرەکیەکان پێویستیان بە ( کارتی کوردی ) هەبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. بەڵام دوای ئەو قۆناغە، پێویستیان بەم کارتە نەما. بۆیەش بە شێوەیەکی خەمساردانە دەستبەرداری کورد بوون. ئەمەش بە ناچاری کوردی هێنا سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە لەمەو دوا، تەنیا پشت بەخۆی ببەستێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی.

# دەروازەی نۆیەم
# پرسی کوردستانی رۆهەلاْت لە نێوان خواستەکانی سمکۆی شکاک و بەرژەوەندی هێزە دەرەکیەکان

## بەشی یەکەم :
## هۆکار و ئامانجەکانی جولاْنەوەی سمکۆی شکاک لە کوردستانی رۆژهەلاْتدا

شکاك یەکێکە لە هۆزە کوردیەکانی کوردستانی رۆژهەلاْت، پیاوانی هۆزەکە بە جەنگاوەری ئازا و چاونەترس ناسرا بوون. جەعفەری برا گەورەی سمکۆ، یەکێك بوو لە ناودارترین سەردارانی هۆزەکە، کە لە رێگەی فریودانەوە لە لایەن دەستەلاْتدارانی قاجارەوە کوژرا[1]. سمکۆ شوێنی براکەی لەناو هۆزی شکاکدا گرتەوە. بەهۆی رووداوی براکەیەوە، سمکۆ رق و کینەیەکی زۆری بەارمبەر بە دامەزراوە و هێزەکانی دەوڵەت هەبوو. بەو هۆیەوە ناکۆکی و ململانێیەکی درێژخایەن لە نێوان سمکۆ و هێزەکانی دەوڵەت لە ئارادا بوو.

دوای هەلگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، دەوڵەتی قاجار رووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر دژوار بووەوە. ئەمەش بەهۆی هاتنە ناوەوەی هێزەکانی رووس و دەست خستنە نێو کاروباری ولاْتەوە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە. سمکۆ ئەم هەلومەرجە دژوارەی دەوڵەتی بە دەرفەتێکی باش زانی بۆ بەهێزکردنی پێگەو دەستەلاْتی خۆی لە ناوچە کوردیەکانی رۆژهەلاْتدا.

(١) بە ناوی پتەوکردنی دۆستایەتیەوە، جەعفەری برا گەورەی سمکۆ لە لایەن کاربەدەستانی قاجارەوە بانگهێشت کرا، لە کاتی بانگهێشتنەکەدا بە شێوەیەکی ناجوامێرانە خۆی و پاسەوانەکانی کوژران. لە مێژووی کورد و عەجەمدا، چەندین جار سەردارانی کورد بەم شێوەیە کوژراون.

دەستەڵاتدارانی قاجار هانی ( سمکۆ ) یاندا کە مارشەمعونی[1] ئاشوری بکوژێ، وە بەڵێنیان پێدا کە لەپای ئەم کارەدا پۆستی حاکمی ( ورمێ ) ی پێ ببەخشن ( وریابوونەوەی کورد،ل١٨٩ ). مارشەمعون لە (١٩١٨) دا سەردانی سمکۆی کرد بۆ رێك کەوتن لە دژی دەستەڵاتدارانی قاجار. سمکۆ بۆ فریودانی ناوبراو، پێشوازییەکی زۆر گەرمی لە خۆی و یاوەرەکانی کرد. دواتر لە کاتی ماڵئاواییدا بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە، مارشەمعون و گشت یاوەرەکانی لە لایەن پاسەوانەکانی سمکۆوە کوژران ( بارودۆخی سیاسی کوردستان...،ل٢٠٣_٢٠٤ ). سمکۆ لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا لەگەڵ مستەفا پاشا یاموڵکیدا، دان بەوەدا دەنێ کە دەستەڵاتدارانی قاجار داوایان لێکردوە مارشەمعون بکوژێ ( سمکۆ،ل١٣٧ ). سمکۆ لە وەڵامی پرسیارێکی تری یاموڵکیدا، لە بارەی هۆکاری کوشتنی مارشەمعون دەڵێ (( ئێرانیەکان[2] هاتن وتیان یارمەتیان مەدە ( مەبەست ئاشوریەکانە )، پاداشت و چاکەت لەگەڵدا دەکەین. لەبەرئەوەی دەمزانی ئاشوریەکان نیازیان وایە کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن، بۆیە مارشەمعونم کوشت. بەڵام ئێرانیەکان لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە. بۆیە پەلامارم دان و ( ورمێ ) م گرت و کاربەدەستانی خۆم لێ دانا )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢٤ ).

لە بارەی ئەم کارەی سمکۆوە، بە کورتی چەند سەرنجێك دەخەینە روو ١) ئەم کارەی سمکۆ، تەنیا لە پێناو دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەتیدا بوو، پێناچێ هیچ پاڵنەرێکی نەتەوەیی لە پشت ئەم کارەدا هەبوو بێت ٢) ئەگەر بەرژەوەندیەکانی لە لایەن دەستەڵاتدارانی قاجارەوە دەستەبەر کرابایە، سمکۆ هیچ کێشەیەکە لەگەڵ قاجاریەکاندا نەدەما ٣) لە بری ئەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئاشوریەکاندا بەهێز بکات، کە وەك ئەو دوژمنی دەستەڵاتدارانی قاجار بوون، ئاشوریەکانی کردە دوژمنێکی سەرسەختی کورد ٤) سمکۆ بەهۆی ئەو کارەیەوە، هاوپەیمانانیشی زۆر نیگەران کرد، بە تایبەتیش ئینگلیز ٥) تاوانەکەی ئەوەندە بە شێوەیەکی ناجوامێرانە ئەنجامدا، نەك هەر کاری کردە سەر ناوبانگی خۆی، بەڵکو کوردیش بەهۆیەوە لەکەدار بوو.

---

(١) مارشەمعون پێگەیەکی ئاینی بەرزە لەنێو ئاشوریەکاندا، وەك کەسێکی روحانی و پیرۆز سەیر دەکرێ.

(٢) ئەو کات دەستەواژەی ( ئێران ) بەکار نەدەهات بۆ ناونانی وڵاتەکە.

حەسەن ئەرفەع لە کتێبەکەیدا ( کوردەکان )، بەم شێوەیە باس لە ئامانجە نەتەوەییەکانی سمکۆی شکاك دەکات ؛ سمکۆ هەوڵی دەدا قەوارەیەکی کوردی بۆ کوردەکانی ئازەربایجان پێك بهێنێ، هەرچەندە خەڵکی ئەو مەڵبەندە زیاتر ئازەری (( تورکی شیعە مەزهەب )) بوون ( کوردەکان،ل٩١ ).

بەشێکی زۆری ناوچە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات دەکەونە ئازەربایجانی ئێران[١]، کورد و ئازەریەکان[٢] لەسەر ناسنامەی ئەو ناوچانە بەردەوام لە ململانێدان. بە واتایەکی تر ئەو ناوچانە، بوونەتە ناوچەیەکی کێشە لەسەر لە نێوان و کورد و ئازەردا. سمکۆ ئەو ناوچانەی بە بەشێك لە خاکی کوردستان زانیوە. بۆیە هەوڵی داوە ئەو ناوچانە بخاتە ژیر دەستەڵاتی خۆیەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دژایەتی نێوان کورد و ئازەریەکان، زۆر تەشەنە بسەنێ.

دژایەتی نێوان سمکۆ و دەوڵەت، ببوو بە دژایەتیەکی قووڵی نێوان کورد و عەجەم[٣]. بەمەش ململانێکە گەیشتبووە ئاستێکی زۆر مەترسیدار. لەم بارەیەوە تەمەدون دەڵێ : لە ورمێ هەوادارانی سمکۆ ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان بڵاو کردەوە، کە لە سەرەتادا ناوی (( ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم )) بوو ( کورد و عەجەم،ل٤٣٣ ). ئەم بیرکردنەوەی هەوادرانی سمکۆ، زیاتر لە تێڕوانینێکی خێڵەکی و ڕەگەزپەرستی نزیك بوو نەك ناسیونالیستی.

لە بارەی ئامانجە نەتەوەییەکانی سمکۆوە، نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا ( کورد و عەجەم ) باس لەوە دەکات ؛ سمکۆ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئینگلیز و پەیامەکانی بۆ سۆڤیەت، داوای سەربەخۆیی کوردستانی لێ ئەکردن.

بەهۆی پەشێوی و خراپی هەلومەرجی ناوخۆی وڵاتەوە، دەستەڵاتدارنی قاجار نەیاندەتوانی باڵادەستی خۆیان بەسەر تەواوی وڵاتدا بسەپێنن. ئەمەش ڕێگەی بۆ ( ڕەزا

---

(١) ئازەربایجانی ئێران هەیە و، دەوڵەتی ئازەربایجانیش هەیە کە کاتی خۆی بەشێك بوو لە یەکێتی سۆڤیەت.

(٢) ئازەریەکان لە رووی نەتەوەییەوە تورکن، ئازەریەکانی ئێران زیاتر سەر بە مەزهەبی ( شیعە ) ن.

(٣) سەبارەت بەوەی بە کێ دەگوترێ ( عەجەم )، قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێ. بەڵام مەبەست لە عەجەم لە لایەن کوردانی ئێرانەوە لەو کاتەدا، پێدەچێ فارس و ئازەرەکان بووبێ.

پەهلەوی )[1] خۆش کرد کە دەست بەسەر دەستەڵاتدا بگرێ و کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی قاجاریەکان بهێنێ. رەزا شا بە رەسمی ناوی ( ئێران )[2] ی سەپاند بەسەر وڵاتدا. بێگومان هەنگاوێکی رەگەزپەرستانە لە پشت ئەم کارەی ( رەزا شا ) وە هەبوو. کە دەیەویست لەو رێگەیەوە ئەو پەیامە رابگەێنێ، کە ئەو پادشای گشت گەلانی ئاریە لە وڵاتدا. بەمەش دەیەویست نکولی لە جیاوازی نەتەوایەتی بکات لە ئێراندا. لە سەردەمی رەزا شادا یەکێك لەو نەتەوانەی کە نکولی لە بوونی کرا، نەتەوەی کورد بوو. لەم رووەوە رەزا شا هەوڵیدا لاسایی مستەفا کەمال بکاتەوە. وەك چۆن مستەفا کەمال دەستەواژەی ( تورکی چیایی ) بۆ کوردەکان بەکار هێنا، رەزا شاش دەستەواژەی ( ئێرانی چیایی ) بۆ کوردەکانی ئێران بەکار هێنا و وشەی ( کورد ) یشی قەدەغە کرد ( ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد،ل٣٨ ). بەمەش دەردەکەوێ کە مستەفا کەمال، تاڕادەیەکی زۆر ببووە جێی سەرنجی رەزا شا. بۆیەش هەوڵیدا لە رووی شێوازی بەرێوەبردنی وڵات و زۆر بواری تردا لاسایی ناوبراو بکاتەوە.

رەزا شا توانی ریزەکانی سوپای ئێران سەرلەنوێ رێك بخاتەوە، وە باڵادەستی حکومەت بەسەر زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا بسەپێنێ. بەمەش ئەرکی سمکۆ لە رووبەڕوو بوونەوەی سوپادا زۆر قورستر بوو. بە تایبەتیش کە رەزا شا توانی پەیوەندیەکانی ئێران لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا باشتر بکات. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئومێدی سمکۆ بە پشتیوانی دەرەکی زۆر کەم بێتەوە.

لە (١٩٢٢) دا سمکۆی شکاك لە نامەیەکیدا بۆ ( حەسەن موقەدەم )[3]، تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کورد، بەم شێوەیە دەخاتە روو ؛ ببینن میللەتانی بچوکی جیهان کە چواریەکی هۆزە کوردیەکانیش نین، خودموختاری خۆیان لە دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەڵمان وەرگرت. ئەگەر میللەتی گەورەی کورد نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران وەربگرێ، پێی باشە لە هەلومەرجێکی وادا بمرێ و نەمێنێ. دەوڵەتی ئێران بیەوێ و نەیەوێ، ئێمە

---

(١) یەکێك بوو لە ئەفسەرە باڵاکانی سوپای قاجار، کە دواتر کودەتای بەسەر دەستەڵاتی سیاسی وڵاتدا کرد و بوو بە شای ئێران. بەمەش قۆناغێکی نوێ لە مێژووی سیاسی ئێراندا دەستی پێکرد، کە ناسراوە بە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێراندا.

(٢) ئێران، مەبەست لە وڵاتی گەلانی ئاریە.

(٣) لەو سەردەمەدا ناوبراو فەرماندەی فەوجێکی سوپای ئێران بوو لە ئازەربایجان، بەڵام دواتر گەیشتە پلەیەکی باڵا لە ناو سوپادا.

کوردستان ئازاد و خودموختار دەکەین. ئیدی گوناحە بە خۆڕایی خوێنی خەڵکی کورد بێتە ڕژان ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٥٦ـ٥٧ ).

سمکۆ لەو نامەیەدا بەراوردێکی سەرنج ڕاکێشی کردوە و ویستویەتی بڵێ، لە کاتێکدا میللەتانی بچوکی جیهان کە چوار یەکی هۆزە کوردیەکانی ( ڕۆژهەلاتی کوردستان ) نابن، توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان لە دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەڵمان وەربگرن، کە ئەم دەوڵەتە زۆر بەهێزترە لە ئێران. چۆن کورد ناتوانێ سەربەخۆیی و خودموختاری خۆی لە ئێران وەربگرێ، کە بەدەست پەشێوی و خراپی بارودۆخی ناوخۆیەوە دەناڵێنێ. بەڵام سمکۆ ئەو ڕاستیەی نادیدە گرتبوو، کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی کاریگەری زۆری هەیە لە سەر چارەنووسی میللەتان. کە هەندێ جار دەبێتە مایەی سەرفرازی بۆ هەندێ میللەت، وە هەندێ جاریش دەبێتە ڕێگر لە بەردەم سەربەخۆیی هەندێ لە میللەتانی تر.

ئەگەرچی سمکۆ لە بەهاری (١٩٢٢) دا سەربەخۆیی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ڕاگەیاند، وە گۆڤارێکیشی بە ناوی ( کوردستان ) دەرکرد، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردی. بە تایبەتی کە لە ئابی هەمان ساڵدا، لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دووچاری شکستێکی گەورە هات و ناچار بوو وڵات بەجێبێڵێ ( الحركة الكوردية...، ص١٦٠ ). ئەم شکستە تاڕادەیەکی زۆر بۆ سمکۆ کەمەر شکێن بوو، کە هەرگیز نەیتوانی هێز و دەستەڵاتی جارانی بەدەست بێنێتەوە.

دوای ئەوەی سمکۆ ناچار بوو وڵاتەکەی بەجێبێڵێ، نەیتوانی ئینگلیز و تورك ڕازی بکات بەوەی پشتیوانی بکەن دژی ڕژێمی ڕەزا شا. ناچار داوایەکی ئاراستەی دەستەڵاتدرانی ئێران کرد، وە بەڵێنیدا ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی حکومەتەکەی ڕەزا خان. ئەوەبوو لێبوردنی گشتی بێ مەرجی بۆ دەرچوو، ئەویش گەڕایەوە بۆ ئێران ( وریابوونەوەی کورد،ل١٩٦ ). دواتریش بە پیلانێك لە لایەن دەوڵەتەوە کوژرا.

تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، سمکۆ زیاتر وەك سەرۆك هۆزێکی بە دەستەڵات ڕەفتاری دەکرد، نەك وەك ڕێبەرێکی نەتەوەیی. جگە لەمەش چەندین کەموکوڕی و هەڵەی سیاسی ئەنجام داوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، سمکۆ ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بەهێزکردنی هەستی کورد بوون و خزمەت کردنی پرسی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

## بەشی دووەم :

# چارەنووسی پرسی کوردستانی رۆژهەڵات لە سایەی پەیوەندیەکانی نێوان سمکۆ و هێزە دەرەکیەکاندا

### ـــ هەوڵە بێ سوودەکانی سمکۆ بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی ئینگلیز :

بەریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی قاجاردا پەیوەندیەکی سیاسی باشی هەبوو. بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم، دەوڵەتی قاجار مافی دەرهێنانی نەوتی خاکەکەی بۆ بەریتانیا سەلماند بوو. بۆیە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە سەقامگیری و یەك پارچەیی خاکی دەوڵەتی قاجاردا خۆی دەبینیەوە ( کوردستان و مەسەلەکانی...،ل١٥١ ). هەر بۆیەش بەریتانیەکان بە توندی دژی هەر هەوڵێك دەوەستانەوە، کە کاریگەری هەبوایە بۆ سەر رەوشی سیاسی و باری جوگرافی دەوڵەتی قاجار.

دوای خۆ کێشانەوەی رووسیا لە جەنگی جیهانی یەکەم لە (١٩١٧) دا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە رووس دروستی کرد لە بەرەی وڵاتی قاجاردا، ئینگلیز داوای لە ( سمکۆ و ئاشوری و ئەرمەنەکان ) کرد کە هاوکاری یەکتر بن و جاڕی شەڕ بدەن دژی دەوڵەتی عوسمانی ( رۆڵی نەوت لە چارەنووسی...،ل١٤٥ ). رووسەکان ببوونە بەربەستێکی بەهێز لە بەردەم هەڵمەتەکانی سوپای عوسمانی لە خاکی قاجاردا، بەڵام دوای کشانەوەی رووس لە جەنگی جیهانیدا، عوسمانیەکان هیچ رێگریەکی ئەوتۆیان لە بەردەمدا نەما. بەریتانیاش کە خاکی قاجاری ( خاکی ئێران )[1] وەك پێگەیەکی ستراتیجی تەماشا دەکرد، بۆیە داوای لە لە سمکۆ و ئاشوری و ئەرمەنیەکان کرد کە بەرەیەکی بەهێز لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی لە خاکی ئێراندا. لەبەرئەوەی لەو کاتەدا سوپای ئەڵمانیاش هەندێ سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێنابوو، بۆیە سمکۆ بە

---

(١) لەبەر ئەوەی بۆ تێگەیشتن وا باشترە بڵێین خاکی ئێران، لەمەو دوا لە بری خاکی قاجار، هەر ( خاکی ئێران ) بەکار دێنین.

باشی نەزانی کە لە دژی سوپای عوسمانی بچێتە جەنگەوە. چونکە بەپێی تێڕوانینی سمکۆ لەو کاتەدا، چارەنووسی جەنگەکە لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی میحوەر بوو نەك هاوپەیمانان.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانی رۆژهەڵات، بە نوێنەرایەتی هۆزەکانی سنە و سەقز و هەورامان سەردانی شاری سلێمانیان کرد. داوایان لە کاربەدەستانی بەریتاینا کرد کە ناوچە کوردیەکانی رۆژهەڵات، بکەونە ناو قەڵەمڕەوی ژێر ئیدارەی بەریتانیا ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٤٥١ ). لەبەرئەوەی بەریتانیا لە بەرژەوەندیدا نەبوو هیچ گۆڕانکاریەك لە جوگرافیای خاکی ئێراندا دروست بێت، ئەم داوایەی سەرۆك هۆزە کوردیەکانی رۆژهەڵاتی رەتکردەوە.

بەریتانیا بە ئەرکی خۆی دەزانی کە داکۆکیەکی زۆر لە رژێمی فەرمانڕەوای قاجار بکات. هەر بۆیەش ئینگلیز رێگەی نەدا کوردەکانی رۆژهەڵات بەشداری کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بکەن، بە بیانووی ئەوەی ئێران بەشداری جەنگی جیهانی نەکردوە ( کوردستان چۆن داگیر و...،ل٨١ ).

بەهۆی رووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئاشوری و ئەرمەنیەکان لە کوردستانی باشور و باکورەوە، بە ناچاری کۆچیان کرد بەرەو سنورەکانی دەوڵەتی قاجار، کە لە لایەن بەریتانیەکانەوە پشتیوانیەکی زۆریان لێ دەکرا. سمکۆ و سەید تەها[1]، ئەوانیان ( ئاشوری و ئەرمەنیەکان ) بە مەترسی دادەنا بۆ سەر ئایندەی ناوچە کوردیەکانی رۆژهەڵات. بۆیە داوایان دەکرد کوردستان ملکەچ نەکرێ بۆ خواستە سیاسیەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە. وە بەردەوام پەیوەندیان بە کاربەدەستانی بەریتانیەوە دەکرد و ئامادەیی خۆیان نیشان دەدا بۆ هاوکاری کردنیان لە کێشەی مەسیحیەکاندا، لە کاتی هەستانی بەریتانیا بەو ئەرکە، یان هاتنە نێو کێشەکەوە بۆ نزیك کردنەوەی تێڕوانینی لایەنە پەیوەندی دارەکان ( من التخطیط الی التجزئة...،ص١٨٣ ). ئاشوری و ئەرمەنیەکان لە جەنگی جیهانیدا هەم لایەنگری هاوپەیمانان بوون، هەمیش دووچاری ستەم و کارەساتی زۆر هاتن. بۆیە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، بەریتانیەکان هەوڵیان دەدا چارەسەرێك بۆ کێشەکەیان بدۆزنەوە.

---

(١) کریس کۆچێرا لە بارەی ئەم سەید تەهایەوە دەڵێ ؛ ناوبراو هەم زاوای برایەکی سمکۆ بوو، وە هەم راوێژکاریشی بوو.

بەریتانیا سمکۆیان وەك مەترسیەکی گەورە تەماشا دەکرد بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی کە سمکۆ ببووە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر یەك پارچەیی خاکی ئێران. لە نامەیەکدا کە مێجەر سۆن لە ئابی (١٩١٩) دا بۆ کاربەدەستە باڵاکانی بەریتانیا ناردوویەتی، باس لەوە دەکات ؛ ئەگەر ئینگلیز بە توندی لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا نەجوڵێتەوە، ئەوا کوردەکان حکومەتی ئێران دەڕوخێنن ( سمکۆ،ل٢٥٢ ). هەر بۆیەش ئینگلیز بەرامبەر هەڕەشەکانی سمکۆ بۆ سەر ئێران دەستە وەستان نەوەستا، بەڵکو دەستی کرد بە هەماهەنگیەکی بەهێز لەگەڵ ئێرانیەکاندا دژ بە جوڵانەوەکەی سمکۆ.

مێجەر نوئێل کە تێڕوانیەکانی بەرامبەر بە پرسی کورد بە شێوەیەکی گشتی زۆر ئەرێنی بوو، وە گرنگی پرسی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا بە باشی هەست پێ کردبوو، رەخنەی ئەوەی لە سیاسەتی بەریتانیا دەگرت کە پێی لەسەر یەك پارچەیی خاکی ئێران دادەگرت. لەم بارەیەوە دەیگوت : ئەم پرسە کۆن بووە و ئێستا جیهان گۆڕاوە ( من التخطيط الى التجزئة...،ص١٤٧ ). مەبەستی نوئێل ئەوەبوو، کە چیتر بەرژەوەندی وڵاتەکەی لە یەك پارچەیی خاکی ئێراندا خۆی نابینێتەوە. بۆیە بە پێویستی دەزانی کە بەریتانیا پشتگیری لە جیابوونەوەی کوردەکانی رۆژهەلات بکات.

نوئێل هاوکارەکەی خۆی ( شیریانگ ) نارد بۆ ئورمیە لە کوردستانی رۆژهەلات، بەو ئومێدەی لەوێش دۆخێکی هاوشێوەی کوردستانی باشور دروست بێت. شیریانگ لە راپۆرتەکەی خۆیدا لە بارەی ئەم سەردانەی کە ئەنجامی دابوو، باسی لەوە کردبوو ؛ کە برسیەتی و ئاڵۆزیەکی زۆر ئورمیەی گرتۆتەوە. بۆیە دەست خستنە ناو کاروبارەکەیان لە لایەن بەریتانیاوە پێشوازی زۆری لێ دەکرێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٨ ). ئاڵۆزی و پەشێویەکی زۆر لە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو ببووەوە. بۆیە ئەگەر هێزێکی وەکوو بەریتانیا دەستی خستبوایە نێو کاروباری وڵاتەکە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی، ئەوا رەنگە لە لایەن پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەوە پێشوازیەکی زۆری لێ بکرایە، بە تایبەتی لە لایەن کورد و مەسیحیەکانەوە.

سمکۆ لە دیدارێکدا لەگەڵ ئەحمەد تەقی، بەم شێوەیە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە سیاسەتی ئینگلیز دەخاتە روو : بەریتانیەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی کورد درۆ دەکەن.

ئەیانەویٚ هەموومان وەك ( ئەحمەد عوسمان ) ی موتەسەریفی[1] هەولیٚر و ( سەید تەها ) و ( بابەکر ئاغای پشدەری ) و ئەمسالی ئەوان خزمەتکاریان بین. وە هاوتەریب لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندی خۆیان، یاریمان پیٚ بکەن و دژی یەکتر بین ( سمکۆ،ل١٠٤ــ١٠٥ ).
سمکۆ زۆر باش لە سیاسەت و تیٚڕوانینی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد تیٚگەیشتبوو، بەڵام بڕواشی وابوو کە تەنیا ئینگلیز دەتوانیٚ سەربەخۆیی سیاسی بۆ کورد بەدی بیٚنیٚ، ئەگەر مەبەستی بیٚ و بە کردەوە هەوڵی بۆ بدات. بۆیە سمکۆ پشتیوانی ئینگلیزی بۆ کورد زۆر بە پیٚویست دەزانی.

لە کاتیٚکدا سمکۆ لە قسەکانیدا، زۆرجار خۆی وەك لایەنگری سیاسەتەکانی بەریتانیا نیشان دەدا ( کوردستان و کورد لە بەڵگەنامە...،ل١٣٢ )، کەچی تیٚڕوانینی دەستەڵاتدارانی ئینگلیز سەبارەت بە سمکۆ زۆر نەریٚنی بوو. لەم بارەیەوە لۆرد کیرزن ( وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ) لە ١٩١٩/١١/٢٨ دا لە پەیامیٚکیدا بۆ سیٚر پرسی کۆکس، سەبارەت بە سمکۆ دەڵیٚ (( هەموو شاخەکانی دەوروبەری ( ورمیٚ ) لەژیٚر دەستەڵاتی جەردەیەکی کورد دایە کە ناوی سمکۆیە، کە خەریکی تاڵانی هەمیشەییە لە ناو سنورەکانی ئیٚراندا. وە هەر بەڵایەك بیەویٚ، ئەتوانیٚ بەسەر دانیشتوانی ئەم مەڵبەندەدا بهیٚنیٚ )) ( کورد و عەجەم،ل٤٠٥ ). واتە سمکۆ بە شیٚوەیەکی زۆر خراپ ویٚنا کراوە لە لایەن دەستەڵاتدارانی ئینگلیزەوە. ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەوە بوو، کە جموجۆڵ و خواستەکانی سمکۆ دژی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بوو. ئەگەر جوڵانەوەکەی سمکۆ لە قازانجی بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی بەریتانیادا بوایە، ئەوا سمکۆ لە لایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە وەك پیاویٚکی نیشتیمان پەروەر تەماشا دەکرا.

حەسەن ئەرفەع لە بارەی هەڵویٚستی ( سمکۆ و سەید تەها ) وە سەبارەت بە ئینگلیز، باس لەوە دەکات ؛ کە ئەم دووانە هەوڵیٚکی زۆریاندا بۆ بە دەستهیٚنانی پشتیوانی ئینگلیز دژ بە وڵاتی ئیٚران، بە ئامانجی بەدی هیٚنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە ئازەربایجانی ئیٚراندا ( کوردەکان،ل١٦٦ ).

هەر لە بارەی ئەم دوو پیٚشەوایە، کریس کۆچیٚرا دەڵیٚ (( لە ١٩١٩ دا سمکۆ، سەید تەهای ناردە بەغدا، تا رەزامەندی ئینگلیزەکان وەربگریٚ لەسەر ئەوەی کوردستانی ئیٚران

(١) ئەو کات لە بری دەستەواژەی ( پاریٚزگار ) ، وشەی ( موتەسەریف ) بەکار دەهات .

بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە لەو سەروبەندەدا باسی دامەزراندنی دەکرا، بەڵام ئینگلیز ئەم بیرۆکەیەشی لا پەسەند نەبوو )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل٥٧ـ٥٨ ). بەمەش دەردەکەوێ کە سمکۆ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، چەند جارێك هەوڵی داوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و وەك رێبەرێکی نەتەوەیی هەستی بە بەرپرسیاریەتی کردوە.

ولّسن ( مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا ) زۆر نیگەران بوو لە راپەڕینەکەی سمکۆ لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا. چونکە دەترسا کار بکاتە سەر دۆخی تەناهی ( أمني ) لە کوردستانی باشوردا ( من التخطیط الی التجزئة...،ص١٣٦ ) . بێگومان پێشکەوتنی پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا، کاریگەری هەیە بۆ سەر بەشەکانی تریش. بۆیە نیگەرانیەکەی ولّسن، لەم رووەوە لە جێگەی خۆیدا بووە.

لەبەر ئەم هۆیانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێدان، بەریتانیا لە بەرژەوەندیدا نەبوو کە کێشە و نائارامی لە ئێراندا هەبێ. ئەمەش هانی بەریتانیەکانی دا کە رێکەوتن لەگەڵ دەستەڵاتدرانی ئێراندا واژۆ بکەن، هەم بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیەکانیان لەم وڵاتەدا، هەمیش بۆ پاراستنی سەقامگیری و یەك پارچەیی خاکی ئێران ( کورد و عەجەم، ل٤٠٦ـ٤٠٧). هەر ئەم هۆکارانەش بوون کە وای لە بەرپرسانی ئینگلیز کردبوو، بە هیچ شێوەیەك پشتگیری سمکۆ نەکەن لە دژی دەوڵەتی ئێران.

لە بارەی هەڵوێستی نەرێنی ئینگلیز بەرامبەر بە سمکۆ، بۆچوونێکی لەم شێوەیە هەیە ؛ رەنگە پەیوەندی بە کوشتنی مارشەمعونی ( سەرۆکی ئاشوریەکان ) وە هەبوو بێ لە لایەن سمکۆوە. هەشە دەڵێ : رەنگە پەیوەندی بە دۆستایەتی بەهێزی سمکۆوە هەبوو بێ لەگەڵ تورکەکاندا. هیتریش هەیە دەڵێ : رەنگە بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە سمکۆ دابووی بۆ نزیك بوونەوە لە رژێمی کۆمۆنیستی رووسیا، بەریتانیەکان لە راستگۆیی ناوبراو کەوتبنە گومانەوە. بێگومان هەموو ئەو راستیانە، کاریگەریان هەبووە لەسەر خراپتر بوونی تێڕوانینی بەریتانیا بەرامبەر بە سمکۆ. بەڵام هۆکاری هەوڵە بەردەوامەکانی سمکۆ بۆ نزیك بوونەوە لە رووس و تورکەکان، بەشێکی زۆری پەیوەندی بە پشتگوێ خستنی خۆیەوە هەبوو لە لایەن ئینگلیزەکانەوە. لەم بارەیەوە سمکۆ دەڵێ (( من چەند جارێك نامەم بۆ ئینگلیزەکان ناردوە، کە من نامەوێ دژی سیاسەتی ئەوان بم. وە ئێمە هەمیشە پێویستمان

به يارمەتی ئەوان هەيە. ئەگەر ئينگليز بە راستی يارمەتی ئێمە بدەن، ئەوا دەتوانين ( وان و ئەرزەرووم و سيواس و هەكاری ) لە تورك پاك بكەينەوە، هەتا ئێمە دەتوانين ئەنادۆڵيش بگرين )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢٠ـ٣٢١ ). ئەمەش ئەوە دەگەيێنێ كە ئەگەر ئينگليز پشتيوانی لە سمكۆ كردبايە، ئەوا ناوبراو پەنای نەدەبردە بەر تورك و بەلشەويكەكان.

هەر لە بارەی هەوڵەكانی سمكۆ بۆ نزيك بوونەوە لە ئينگليز، ناوبراو لە (١٩٢١) دا نامەيەك بۆ كاربەدەستانی بەريتانيا دەنووسێ لە ميزۆپۆتاميا، كە تێيدا دەڵێ (( من دەزانم پياوێكم كە ناوبانگم خراپە و پەنا دەبەمە بەر خيانەت و غەدر و هەڵخەڵەتاندن لە ئيشكردنمدا لەگەڵ حكومەتەكان، بەڵام سوێند بە خوا و شەرەفم كە ئەمجارە خيانەت لە بەريتانيا ناكەم ئەگەر يارمەتی دام )) . لە نامەكەدا سمكۆ بەڵێنی دابوو كە دژی توركەكان لە ناوچەی برادۆست بوەستێ، بەڵام بەريتانيەكان وەڵاميان نەدايەوە ( وريابوونەوەی كورد،ل١٩٢ـ١٩٣ ). سمكۆ بەهۆی سەركێشيەكانی و زوو گۆڕينی هەڵوێستەكانی، ببووە جيگەی گومان لە لايەن هێزە دەرەكيەكانەوە، وەك ديارە سمكۆش هەستی بەو راستيە كردبوو. بۆيە سوێند دەخوا كە ئەگەر بەريتانيا ئەم جارە هاوكاری كرد، ئەوا خيانەتی لێ ناكات.

بەريتانيا نە بەرژەوەندی لەوەدا بوو كە پشتگيری لە چارەسەركردنی پرسی كورد بكات لە ئێراندا، وە نە بڕواشی بە كەسايەتی سمكۆ هەبوو. لەم بارەيەوە كونسوڵی بەريتانی لە تەورێز ، ئامۆژگاری ( پرسی كوكس ) ی كرد كە وەڵامی هەوڵەكانی سمكۆ نەداتەوە بۆ نزيك بوونەوە لە بەريتانيا. وە سمكۆی بە هەلپەرست ناوبرد و وتی : هەڵەيە لە رووی ئەخلاقيەوە بەريتانيا هاوكاری كەسێك بكات كە مارشەمعونی كوشتوە ( من التخطيط الی التجزئة...،ص١٥٩ ). ئەمەش دەريدەخات كە كوشتنی مارشەمعون، كاريگەريەكی زۆر خراپی هەبووە لەسەر ناوبانگی سمكۆ و كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستاندا.

دوای شكستە گەورەكەی سمكۆ لە ئابی (١٩٢٢) دا بەرامبەر بە سوپای ئێران، ناچار بوو روو بكاتە سنورەكانی دەوڵەتی توركيا. دوای ئەوەی لەوێش لە لايەن هێزێكی كەماليەكانەوە پەلامار درا، بە ناچاری رووی كردە كوردستانی باشور. لەوێ دەچێتە گوندی بەحركە لە دەوروبەری شاری هەولێر و لەژێر چاودێری ئينگليزدا نيشتەجێ دەبێ. كاتی سمكۆ چاوی دەكەوێ بە كاربەدەستانی ئينگليز، دوو پێشنياز دەخاتە روو

یەکەم : کورد هاوکاری ئینگلیز بکات، لە بەرامبەریشدا ئەوان پشتیوانی کورد بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی          دووەم : ئەگەر ئینگلیز ئەم پێشنیازەی سەرەوە پەسەند نەکات، ئەوا یارمەتی بدەن بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، یان بۆ ئەوەی بە شەڕ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ( کورد و عەجەم،ل٤٥٥ ــ ٤٥٦ ).

سمکۆ هەندێ جار وەك ڕێبەرێکی کورد و سەرۆك هۆزێکی ناودار، ئەو جۆرە سەودا و مامەڵانەی ڕەت دەکردەوە کە بە خراپ لەسەر هەڵوێست و کەسایەتیەکەی دەشکایەوە. بۆیە کاتێ لە بەحرکە چاوی بە بە ( ئەدمۆنز ) دەکەوێ، داوای هاریکاری لە ئینگلیز دەکات دژ بە تورك. ئەدمۆنزیش پێشنیازی ئەوە بۆ سمکۆ دەکات کە سەید تەها بکرێ بە فەرمانڕەوای[1] هەریر و براکەشی بکرێ بە فەرمانڕەوای بادینان. لەبەر ئەوەی بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینی سمکۆ، ئـەم کارە دەبووە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لەگەڵ کوردەکانـی باشور[2]، بۆیە ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە ( کورد و عەجەم، ل٤٥٩ــ٤٦٠ ).

هەر لە بارەی پەیوەندی نێوان سمکۆ و ئینگلیزەوە، دوای هاتنی ناوبراو بۆ کوردستانی باشور، ئەدمۆنز دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ سمکۆدا، باس لەوە دەکات کە سمکۆ لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەمەی بە بەرپرسانی ئینگلیز گوتوە (( بەو هیوایە هاتبوو کە ئێمە ( ئینگلیز ) ئامادە بین پشتیوانی بکەین لە ڕزگارکردنی کورد لە تەوقی دوو حکومەتدا کە دوژمنایەتیان هەیە لەگەڵی[3]. ئەگەر بە هەڵەدا چـووە، ئەوا لەم دۆخەدا هیچ ئارەزوویەکی نیە داوای پەنا دان لە ئێمە بکات، بەڵکو ئەگەڕێتەوە ناو هۆزەکەی خۆی و ئەوپەڕی تەقەلا ئەدا )) ( کورد و عەجەم،ل٤٥٩ ). وەك دەردەکەوێ نەفس بەرزی و دەمارگیریەکەی، ڕێگەی بە سمکۆ نادات وەك کەسێکی لاواز و شکستخواردوو لەبەردەم ئینگلیزدا دەربکەوێ.

لە سەرەتای (١٩٢٣) دا سمکۆ سەردانی شێخ مەحمود دەکات لە سلێمانی. هەندێ لە مێژوونووسان پێیان وایە ئەم سەردانەی سمکۆ لەسەر داوای ئینگلیز بووە، بەو ئومێدەی بتوانێ کاریگەری لەسەر شێخ مەحمود دروست بکات و لە تورکەکان دووری بخاتەوە. بەڵام

---

(١) ڕەنگە مەبەستی ئەدمۆنز حوکمدار بوو بێت، وەك چۆن لە (١٩١٩) دا شێخ مەحمود کرا بە حوکمداری سلێمانی .

(٢) زیاتر مەبەست لە شێخ مەحمودە، کە ئەو کات لە سلێمانیدا حکومەتێکی کوردی پێك هێنابوو.

(٣) مەبەستی لە هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیایە.

له بری ئەوەی بتوانێ وا له شێخ مەحمود بکات واز له تورك بێنێ، کەچی خۆشی دەست دەکات به گفتوگۆ لەگەڵ تورکەکاندا. ئەم هەڵوێست گۆڕینەی سمکۆ، پێدەچێ پەیوەندی بەم دوو هۆکارەوە هەبوو بێ یەکەم : کوڕێکی سمکۆ له لایەن تورکە کەمالیەکانەوە دەستگیر کرابوو، سمکۆ ڕەنگە ویستبیەتی لەم ڕێگەیەوە کوڕەکەی خۆی ئازاد بکات دووەم : سمکۆ هیچ بەڵێنێکی له ئینگلیزەکان دەست نەکەوت بۆ پشتگیری کردنی دژ به حکومەتی ئێران. بۆیه پێدەچێ بەم هۆیەوە له ئینگلیزەکان بێ ئومێد بووبێ.

پێدەچێ ئینگلیز هەستی به نزیك بوونەوەی سمکۆ کردبێ لەگەڵ کەمالیەکان. بۆیەش هەوڵی داوه سزای بدات. ڕەنگە هەر ئەمەش سمکۆی ناچار کردبێ که کوردستانی باشور بەجێبێڵێ.

تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان سمکۆ و ئینگلیز به شێوەیەك بوو ، که وای له ( موعتەمیدی بەریتانی له بەغدا ) کرد، داوا له حکومەتی عێراقی بکات که هاوکاری دەوڵەتی ئێران بکات بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوەکەی سمکۆ ( کورد و عەجەم،ل٤٥٦ ). دوا جار دەتوانین بڵێین، بەریتانیا هەم بەرژەوەندی لەوەدا نەبوو که کورد له ئێران جیا بێتەوە، هەمیش متمانەی به کەسایەتی سمکۆ نەبوو. هەر بۆیەش ئامادە نەبوو پشتگیری له جوڵانەوەکەی سمکۆ بکات له کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

## ـــ پەیوەندی و هەماهەنگی سمکۆی شکاک لەگەل تورکەکاندا :

پەیوەندی نێوان سمکۆ و تورك دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێ عوسمانیەکان هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچە سنوریەکانی دەوڵەتی قاجاردا سەپاند بوو. بەڵام دوای ئەوەی له (١٩١٢) دا ڕووسەکان توانیان بەڵادەستی تورك لەو ناوچانەدا کەم بکەنەوە، سمکۆ پشتی له تورکەکان کرد و چووە بەرەی ڕووسەکان. کەچی له (١٩١٤) دا جارێکی تر پەیوەندی کردەوە به تورکەکانەوە. کاتێ له سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمیشدا، عوسمانیەکان پێشڕەویان کرد بۆ نێو خاکی دەوڵەتی قاجار، سمکۆ پشتگیری هێزەکانی عوسمانی کرد له دژی ڕووسیا ( بارودۆخی سیاسی کوردستان...، ل١٩٧ ).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، سمکۆ لە ململانەیەکی توندا بوو لەگەڵ هێزکانی دەوڵەتی قاجار، بۆیە خۆی ناچار بینی کە داوای هاوکاری لە تورکەکان بکات. ناوبراو بۆ پاساودانی پەیوەندیەکەی لەگەڵ تورکدا، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ مستەفا یاملْکی لە (١٩٢١/١٠) دا دەڵێ (( من وای بە باش دەزانم کە لە پێشدا لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم. من هیچ بە چاکی نازانم لەم رۆژەدا لەگەڵ تورکەکان تێکی بدەم. چونکە ئەوان بە تفەنگ و فیشەك یارمەتیم دەدەن )) ( کورد و عەجەم،ل٤٥٢ ).

سمکۆ لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بە تەنیا رووبەڕووی سوپای نیزامی ئێرانی بێتەوە، بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدا پشتیوانی هێزێکی دەرەکی دەستەبەر بکات. بەڵام هیچ هێزێکی دەرەکی[1] ، جگە لە تورك ئامادە نەبوو پشتگیری لە سمکۆ بکات لە دژی ئێران. بۆیە سمکۆ بە ناچاری پشتی بە هاوکاریەکانی تورك دەبەست. لەبەرئەوەی توركیش ئامانجێکی فرەوانخوازی هەبوو لە ئێراندا، بۆیە ئامادەبوو هاوکاری پێشکەشی سمکۆ بکات. واتە تورك وەك کارتێکی سیاسی، هەوڵی داوە سمکۆ بەکار بێنێ.

دوای شکستە گەورەکەی سمکۆ لە بەرامبەر سوپای ئێران لە ئابی (١٩٢٢) دا، سمکۆ ناچار دەبێ روو بکاتە سنورەکانی تورکیا. کەچی لەوێش لە لایەن کەمالیەکانەوە پەلامار دەدرێ. چەندین بۆچوونی جیا جیا هەن سەبارەت بەم هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەی کەمالیەکان بەرامبەر بە سمکۆ، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە :

یەکەم : گومان دەکرێ تورکە کەمالیەکان هەستیان بەوە کردبێ، کە سمکۆ هەوڵی داوە لە ئینگلیزەکان نزیك بێتەوە ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٢٤٨ ). کە ئەو کات کەمالیەکان و ئینگلیز، دوژمنێکی سەرسەختی یەکتر بوون.

دووەم : هەندێ کەس لەو بڕوایە دایە، کە یەکێك لەو هۆیانەی وای لە کەمالیەکان کرد هەوڵی لەناوبردنی سمکۆ بدەن، ئەو نزیك بوونەوەی نێوان سمکۆ و مستەفا یاملْکی بوو، کە ناوبراو دوژمنێکی سەرسەختی کەمالیەکان بوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٩ ).

سێیەم : دوای ئەوەی حکومەتی رەزا شا توانی تاڕادەیەکی زۆر جڵەوی کاروباری وڵات بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، چیتر کەمالیەکان لە بەرژەوەندیاندا نەما کە دژایەتی

---

(١) کە زیاتر مەبەستمان لە ئینگلیز و رووسە.

دەوڵەتی ئێران بکەن. بۆیە لە (١٩٢٢/١١/٢٥) دا رێکەوتنێکی سیاسی لە نێوان کەمالیەکان و دەستەڵاتدارانی ئێران واژۆ کرا، کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە هاوکاریەکانی تورك بۆ سمکۆ ( المأساة الكوردية،ص١٣٥ ). واتە کەمالیەکان چیتر پێویستیان بە کارتی سمکۆ نەما، کە دژی ئێران بەکاری بێنن.

چوارەم : سمکۆ سەرکردەیەکی مەیدانی سەربزێو بوو، رەنگە کەمالیەکان بە پێویستیان زانی بێت ئەم کارەکتەرە بە یەکجاری لەناوبەرن، نەوەك لە ئایندەدا ببێتە مایەی سەرئێشە بۆیان.

سمکۆ لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٣) دا، سەردانی شێخ مەحمودی کرد لە سلێمانی. لەوێ لەبری دوورخستنەوەی شێخ لە تورك، خۆشی دەچێتە نێو گفتوگۆ لەگەڵ کەمالیەکان، بە ئومێدی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. بەمەش جارێکی تر پەیوەندی نێوان سمکۆ و تورك دروست دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز وەك جارانی لێنایەتەوە.

## ــ هەوڵە بێ ئاکامەکانی سمکۆ بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی بەلشەویکەکان :

لە (١٩١٧) دا شۆرشی کۆمۆنیستی لە رووسیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەمەش کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی[1] هات و سیستەمی کۆمۆنیستی شوێنی گرتەوە. رژێمی کۆمۆنیستی دوای ئەوەی توانی پایەکانی دەستەڵاتی لە وڵاتدا جێگیر بکات، دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

هەندێ لە رێبەرانی کورد هەوڵیاندا سود لەو بانگەشانەی بەلشەویکەکان وەربگرن، کە تایبەت بوون بە داکۆکی کردن لە گەلانی چەوساوە، کە سمکۆ یەکێك بوو لەو رێبەرانە. ناوبراو کە لە شەرێکی دژوار تێوەگلا بوو لەگەڵ سوپای ئێراندا، لە دوو رووەوە ئومێدی بەوە بوو کە بەلشەویکەکان پشتیوانی لێ بکەن ١) بەلشەویکەکان دروشمی ( پشتیوانی کردن لە گەلانی چەوساوە ) یان بەرز کردبووەوە، کوردیش یەکێك بوو لە گەورەترین گەلانی

---

(١) بە دەستەڵاتی پاشایەتی لە رووسیا دەگوترا، دەستەڵاتی قەیسەر. واتە لە بری زاراوەی ( پادشا )، زاراوەی قەیسەر بەکار دەهات .

چەوساوە لە جیهاندا ٢) ناکۆکی و ململانێیەکی مێژوویی هەبوو لە نێوان فارس و رووسدا. چەندین ناوچە هەبوون کە لە نێوان ئێران و رووسیادا ناکۆکیان لەسەر بوو. لەم روانگەیەوە بێهێز بوونی ئێران لە بەرژەوەندی رووسیادا بوو.

بەلشەویکەکان زیاتر لەبەر دوو هۆی سەرەکی، زۆر پشتیوانیان لە سمکۆ نەدەکرد دژی دەوڵەتی ئێران ، ئەوانیش یەکەم : بڕوایان بە کەسایەتی سمکۆ نەدەکرد. زیاتر وەك کەسێکی دەرەبەگ سەیریان دەکرد، نەك وەك رێبەرێکی نەتەوەیی. جگە لەمەش گومانیان هەبوو لەوەی کە سمکۆ پیاوی ئینگلیز بێت دووەم : بەلشەویکەکان بەرژەوەندیان لەوەدا نەبوو کە خاکی ئێران دووچاری دابەش بوون بێت .

سەید تەها کە کەسێکی متمانە پێکراوی سمکۆ بوو، لە بارەی بایەخی رووسیا[١] بۆ کورد وتویەتی : کورد کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خەبات دەکات، هەستی بەوە کردوە کە پرۆژەیەکی وا تەنیا بە (حیمایة)[٢] ی رووسیا سەردەگرێ. چونکە رووسەکان سەلماندویانە کە ئەوان دەتوانن گەلێك لە ئێرانیەکان زیاتر ( نظام )[٣] پارێزتر بن ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە...،ل٥٤ ). لە راستیدا رووسەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە دۆخێکدا نەبوون کە بتوانن هەم دەستەبەری دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بکەن، هەمیش پارێزگاری لێ بکەن. جگە لەمە بەرژەوەندیشیان لە سەربەخۆیی کوردا نەبوو. رەنگە ئەم قسەیەی سەید تەها، تەنیا بۆ سەرنج راکێشانی رووسەکان بوو بێت.

سمکۆ لە یەکێك لە پەیامەکانیدا بۆ دەوڵەتی سۆڤیەت دەڵێ (( من بایەخێکی زۆر دەدەم بە گەورەیی دەوڵەتی سۆڤیەت، کە بۆ رزگاری مرۆڤایەتی یەکێك لە مەبەستە راگەیەنراوەکانی دەوڵەتی مەزنی بەرێزتان ئەوەیە، دەیەوێ گەلانی چەوساوە ئازاد بن. ئەگەر لە دنیادا گەلێکی بە شەرەف و مێرخاس هەبێ کە تا ئێستا سەربەخۆیی و شانازی خۆی بەدەست نەهێناوە، دراوسێی لە مێژینەی ئێوەیە و بەراستی پێویستی بە یارمەتیە، ئەویش گەلی کوردە. کە منیش یەکێکم لەو گەلە. من و تەواوی گەلی کورد لەو باوەڕە داین

(١) وەك باسمان کرد تا ١٩٢٢، یەکێتی سۆڤیەت رانەگەیەنرا. بۆیە زۆرجار لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، هەر ناوی رووسیا دەهێنرێ.

(٢) حیمایة وشەیەکی عەرەبیە، بە کوردی واتای پارێزگاری یان پاسەوانی دەگەیێنێ.

(٣) نظام وشەیەکی عەرەبیە ، لەنێو کوردا زارەوەی ( رژێم ) و ( سیستەم ) یش بە هەمان واتا بەکار دێن. هەندێ جاریش زاراوەی ( نظام ) لە کوردیدا واتای ئاسایش و ئۆقرەیی دەگەیەنێ.

که تەنیا دەوڵەتی مەزنی سۆڤیەت دەستی یارمەتی راستەقینە و هاوکاریمان بۆ درێژ دەکات. نە تەنیا ئێمە دەخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، بەڵکو لە باوەشیشمان دەگرێ..... من لە ناخی دڵمەوە رایدەگەیەنم کە ئامادەم هەموو ویستەکانی دەوڵەتی بە شەڕەف و مرۆڤ دۆستی ئێوە جێبەجێ بکەم )) ( کورد لە ئەرشیفی...،ل١٣٩ ).

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی سمکۆ ئەوە بووە، کاتێ داوای پشتیوانی لە هێزێکی دەرەکی کردوە، ئامادەیی خۆشی نیشان داوە کە لە بەرامبەردا هەرچی لە دەستی بێت پێشکەشی بکات. واتە لەوە تێگەیشتووە کە هیچ هێزێك بێ بەرامبەر هاوکاری ناکات.

بەم جۆرەش ئەگەرچی سمکۆ هەوڵی زۆری داوە پشتوانی رژێمی کۆمۆنیستی رووسیا بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام گشت هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون. چونکە سۆڤیەت تەنیا بە دروشم دۆست و پشتیوانی گەلانی چەوساوە بوو، نەوەك لە راستیدا هەمیشە بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکانی خۆی دەخستە سەرووی ئەو بنەما شورشگێریانەی کە رایگەیاند بوون.

# بەشی سێیەم :
# پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و سمکۆ ، وەک دوو رێبەری نەتەوەیی کورد

لەنێو دیارترین و کاریگەرترین رێبەرانی کورد لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، شێخ مەحمود و سمکۆی شکاك لە ریزی پێشەوەدا بوون. تەنیا ئەم دوو رێبەرە بوون، توانای پەنا بردنە بەر خەباتی چەکداریان هەبوو بۆ سەپاندنی خواستە سیاسیەکانیان. چونکە هەردووکیان خاوەنی هێزی چەکدار بوون. ئەمەش وای کردبوو کە رێز و ناوبانگیان لە هەموو کوردستاندا بڵاوبێتەوە.

هەردوو رێبەر ( سمکۆ و شێخ مەحمود )، رێزێکی زۆریان لە یەکتر دەگرت. هەست ناکرێ رکابەرایەتیەکی ئەوتۆیان لە نێواندا هەبوو بێ. شێخ مەحمود لە یەکێك لەو نامانەیدا کە ئاراستەی سۆڤیەتی کردبوون، داوای لە دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کردبوو کە هاوکاری سمکۆ بکەن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە جۆرێ لە سۆز و خۆشەویستی لە نێوان ئەو دوو رێبەرەدا هەبووە. سمکۆ زۆرجار لەو پەیامانەی کە بۆ شێخی دەنارد، نیگەرانی خۆی لە هەڵوێستە توندەکانی شێخ بەرامبەر بە ئینگلیز دەردەبڕی، وە داوای لە شێخ دەکرد کە هەوڵی باشترکردنی پەیوەندیەکانی بدات لەگەڵ ئینگلیزدا. چونکە بە بڕوای ئەو، تەنیا ئینگلیز دەیتوانی دەستەبەری هاتنە دی مافە نەتەوەییەکانی کورد بکات. بەڵام شێخ بڕوای بەم بۆچوونەی سمکۆ نەبوو، پێی وابوو کە ئینگلیز راستگۆ نیە و تەنیا وەك کارتێکی سیاسی کورد بەکار دێنی.

سمکۆ لە وەڵامی یەکێك لە نامەکانی شێخ مەحمودا دەڵێ (( جگە لە دەوڵەتی بەریتانیا، کەس ناتوانێ مافی خۆمان پێ بدات. دەوڵەتی بەریتانیا چاوەڕێی خزمەتە لە ئێمە و لە بەرامبەر یارمەتیدانمان بەو دەوڵەتە، ئێمە دەتوانین مافی خۆمان وەربگرین..... پێموایە دەبێ لە سەرەتادا دەست لە ناو دەستی یەك بکەین و دوژمنی ناومان دەربکەین[1] ، پاشان

---

(١) پێدەچێ مەبەستی سمکۆ لە ( دوژمنی ناومان )، هێزەکانی تورك لە کوردستانی باشور و، هێزەکانی ئێرانیش لە کوردستانی رۆژهەڵات بێت.

ئێمە دەتوانین لە دەوڵەتی بەریتانیا مافی خۆمان وەربگرین )) ( کورد لە ئەرشیفی... ،ل١٨٤).

راستە ئینگلیز زۆر راستگۆ نەبوو لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوو، بەڵام شێخ مەحمود هەمیشە چاوەڕێیەکی زۆری لە ئینگلیز دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بە بەرژەوەندیەکانی ئەو بکات. سمکۆ داوای لە شێخ دەکرد کە خۆی بەدوور بگرێ لە دژایەتی کردنی ئینگلیز، وە هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیدا بگونجێنێ، تاکو بتوانێ پشتیوانی بەریتانیا بە شێوەیەکی باشتر بۆ پرسی کورد دەستەبەر بکات. ئەم بۆچوونەی سمکۆ تارادەیەکی زۆر راست بوو. چونکە کورد لە دژایەتی کردنی ئینگلیزدا، نەك هەر هیچ قازانجی نەدەکرد، بەڵکو دەسکەوتەکانیشی دەخستە مەترسیەکی گەورەوە. ئەوەبوو دواتر شێخ مەحمود نەك هەر نەیتوانی خواستەکانی بەسەر ئینگلیزدا بسەپێنێ، بەڵکو هەموو ئەو دەسکەوتانەشی لەدەستدا کە بە پشتیوانی ئینگلیز بەدی هاتبوون.

شێخ مەحمود لە وەڵامی نامەکەی سەرەوەی سمکۆدا، نامەیەك دەنووسێ کە لە بەشێکیدا هاتووە (( ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا، ئەو بەڵێنانەی کە پێی داوین جێبەجێ بکات و ئەو یارمەتیە مادیەمان بۆ دابین بکات کە بڕیارە بمانداتێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنانمان، ئەو کات تەواوی گەلی کورد ئامادەیە بۆ وەدەرنانی دوژمنانی وڵاتەکەمان. جارێ نازانم دوژمنی وڵاتەکەمان کێیە؟ وە نازانم کێ مافی خۆمان دەداتێ؟ وە کێ دژمان دەوەستێ؟..... نازانم دەبێ ئێمە دژی کێ خەبات بکەین؟ وە لەسەر حیسابی کێ خوێنی خۆمان بڕێژین؟..... پێم باشترە گوێرایەڵی دەوڵەت بی و بێلایەن لە ماڵی خۆت دانیشی )) ( کورد لە ئەرشیفی...،ل١٨٥).

قسەکانی شێخ مەحمود لەو نامەیەی سەرەوەدا، خوێندنەوە و شیکردنەوەی زۆر هەڵدەگرن. لەم نامەیەدا دەردەکەوێ کە شێخ بەرامبەر پرس گەلێکی زۆر نەیتوانیوە خۆی یەکلا بکاتەوە. بۆیە پێنج جار وشەی ( نازانم ) بەکار دێنێ. لە جیهانی سیاسەتدا ناکرێ تاڕادەیەکی زۆر خۆت وەك نەزانێك نمایش بکەی لە ئاست هەڵسەنگاندنی رووداو و گۆڕانکاریەکاندا.

لە ڕاستیدا دوژمنی سەرەکی کورد، تورک بوو نەک ئینگلیز. ڕاستە ئینگلیزەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو لە کوردستانی باشووردا، کە هەم کورد بکەنە خاوەن ماف و هەمیش لێی بێ بەش بکەن، بەڵام کێشەی ڕاستەقینەی کورد لەگەڵ تورکدا بوو نەک ئەوان.

شێخ کە لە نامەکەدا دەڵێ (( نازانم کێ مافی خۆمان پێ دەدات ؟ ))، پێویست بوو ئەم پرسیارەی بەم شێوەیە ئاراستە کردبایە ؛ نازانم ئینگلیز مافی خۆمان پێ دەدا یان نا؟ چونکە لە بنەڕەتدا تورک لە کوردستانی باشووردا لە هەلومەرجێکی وادا نەبوو، کە بتوانێ پرسی مافە نەتەوەییەکانی کورد یەکلا بکاتەوە. وە ئەو هێزەی لە کوردستانی باشووردا دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبوو، ئینگلیز بوو نەک تورک.

سەبارەت بەوەی کە شێخ لە نامەکەیدا دەڵێ (( نازانم لەسەر حیسابی کێ ئێمە خوێنی خۆمان بڕێژین؟ )). لە ڕاستیدا کورد پێویست ناکات لەسەر حیسابی هیچ هێز و لایەنێک خوێنی خۆی بڕێژێ، بەڵکو پێویستە تەنیا لەسەر حیسابی مافەکانی خۆی خوێنی بڕێژێ. چونکە ئەگەر لە پێناو ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا نەبێ، ئەوا پێویست ناکات بۆ ڕەزامەندی لایەنێکی تر پەنا بەرێتە بەر خەبات و قوربانی دان.

لە بارەی ئامۆژگارییەکەی شێخیش بۆ سمکۆ کە دەڵێ (( پێم باشترە گوێڕایەڵی دەوڵەت بی و لە ماڵی خۆت دانیشی ))، ڕاستە سمکۆ لە بەرامبەر سوپای ئێراندا تووشی شکستێکی گەورە هاتبوو، وە هیچ هێزێکی دەرەکیش ئامادە نەبوو هاوکاری بکات، بەڵام کۆڵدان و خۆ بەدەستەوەدان چارەسەر نەبوو بۆ کێشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات. نەدەبوو شێخ مەحمود وەک ڕابەرێکی نەتەوەیی ناودار، بەم جۆرە ئامۆژگاری سمکۆ بکات و تووشی بێ ئومێدی بکات. بە تایبەتی کە ئەم جۆرە ئامۆژگاریانە، زیاتر دەکەونە خزمەت نەیارانی کورد.

سمکۆ و شێخ محمود وەک دوو ڕێبەر، گوێ ڕایەڵی و ڕێز هەبووە لە نێوانیاندا، بەڵام پەیوەندیەکانیان نەگەیشتبووە ئاستی هاوپەیمانی و یەکدەستی بۆ تێکۆشان لە پێناو بەدی هێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردا.

# دەروازەی دەیەم
# خەباتی نەتەوەیی لەنێو کوردەکانی رۆژئاوا و سۆڤیەتدا
# لە نێوان هەردوو جــەنگی جیهانیدا

## بەشی یەکەم :
## ئامانجە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردی لە رۆژئاوا کوردستاندا

کوردستانی رۆژئاوا ( کوردستانی سوریا ) لە رووی مێژوویی و جوگرافیەوە درێژکراوەی کوردستانی باکورە. بەپێی رێکەوتننامەی سایکس بیکۆ (١٩١٦)، بەشێك لە خاکی کوردستان دیاری کرا بۆ فەرەنسا، کە دواتر ناسرا بە کوردستانی خۆرئاوا. بەرژەوەندی فەرەنسا وای خواست ئەم بەشەی کوردستان، بخرێتە سەر دەوڵەتی تازەی سوریا.

دوو ئاستەنگی گەورە بوونیان هەیە لە بەردەم ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە سوریادا، ئەوانیش ١) ناوچە کوردیەکان لە رووی جوگرافیەوە هەرێمێکی یەکگرتوو پێك ناهێنن، بەهۆی بوونی چەند ناوچەیەکی عەرەبی لە نێوانیاندا ( المأساة الکوردیة...،ص١٥٢) ٢) کەمی رێژەی کورد لە سوریادا[١] .

دوای ئەوەی کوردستانی خۆرئاوا کەوتە ژێر دەستی فەرەنسا، کوردەکانی ئەوێ خاکەکەی خۆیان بە بەشێك لە کوردستانی باکور دەزانی، وە ئازادی و رزگاری خۆشیان پەیوەست دەکرد بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی باکور. کوردەکانی خۆرئاوا لەبەر چەندین هۆ، هەر لە سەرەتاوە بە دۆخێکی زۆر خراپدا تێپەڕیون، لە گرنگترین ئەم هۆکارانە ١) فەرەنسا ئامادە نەبوو رێز لە مافە نەتەوەیی و کەلتوریەکانی کورد بگرێ ٢) دەستەڵاتدارانی عەرەب لە سوریادا، هیچ کاتێك دانیان بە کوردستانی بوونی ناوچە کوردیەکانی سوریادا نەناوە، وە ئامادەش نین دان بە هیچ مافێکی نەتەوەیی کوردەکانی خۆرئاوادا بنێن ٣) خەبات و قوربانی دانی کوردەکانی خۆرئاوا، زیاتر لە پێناوی

(١) بەپێی زانیاری زۆربەی سەرچاوە جیاجیاکان، رێژەی کورد لە سوریادا لە (١٠٪) تێپەڕ ناکات.

بەشەکانی تری کوردستان بووە[1]، بە تایبەتیش کوردستانی باکور. بۆیە پرسی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، لە دۆخێکی زۆر خراپدا ماوەتەوە.

دوای ئەوەی لە (١٩٢٠) دا فەرەنسا ئینتدابی بەسەر سوریادا سەپاند، کۆمەڵگەی کوردی لە سوریا بەسەر سێ ئاراستەی سیاسیدا دابەش بوو. بەشێکیان داکۆکی لە دەستەڵاتی فەرەنسیەکان دەکرد، بەشێکی تریان لەگەڵ هۆزە عەرەبیەکاندا دژی دەستەڵاتی فەرەنسیەکان خەباتیان دەکرد ( کوردی سوریا بوونێکی...،ل٤٠ )، بەشەکەی تریش تێکۆشانیان لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی کورد بوو لە کوردستانی باکوردا. ئەگەر سەرنجی هەر سێ ئاراستە سیاسیەکەی کوردانی خۆرئاوا بدەین، دەبینین هیچیان لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆیاندا نەبووە.

بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی هەیەتی لە کوردستانی خۆرئاوادا، تا ئێستا لەم بەشەی کوردستاندا هیچ شۆڕش و راپەڕینێکی چەکداری بەهێز لە دژی دەستەڵاتدرانی سوریا رووی نەداوە، لە پێناو بەدی هێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردا. کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە سوریادا[2].

لە (١٩٢٧) دا رێکخراوە کوردیەکانی باکوری کوردستان یەکیان گرتەوە و رێکخراوێکی نەتەوەیی تازەیان پێك هێنا بە ناوی ( خۆیی بوون )، کە مەڵبەندی فەرمی ئەم رێکخراوە لە کوردستانی خۆرئاوادا بوو. رێبەرانی رێکخراوەکە، فەرەنسیەکانیان لەوە دڵنیا کردەوە کە نابنە هۆی هاندانی تەوژمی جوداخوازی کوردی دژ بە سوریا، بەڵکو خەبات دەکەن لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیادا. ئەمەش وای کرد کە رێکخراوەکە بە شێوەیەکی رێژەیی، پشتیوانی فەرەنسیەکان بەدەست بێنێ ( کوردی سوریا بوونێکی...،ل٤٠). بەڵام دوای ئەوەی ( خۆیی بوون )، ناسیونالیزمی کوردی لە سوریا بە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی لە تورکیا بەستەوە، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا. ئەمە وای

---

(١) لە دوای (٢٠١١) دا، کوردەکانی خۆرئاوا بە پشتیوانی ( پەکەکە ) توانیویانە قەوارەیەکی سیاسی پێك بهێنن. رەنگە ئەمە یەکەم جار بێت، کوردی بەشێکی تری کوردستان بکەوێتە خزمەت کوردەکانی خۆرئاوا.

(٢) پەیەدە کە باڵێکی سەر بە ( پەکەکە ) یە، ئێستا (٢٠٢٣) رابەرایەتی بزافێکی سیاسی و چەکداری دەکات لەکوردستانی خۆرئاوادا. بەڵام بزافەکە ئەوەندەی دژی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و هێزە توندڕەوەکانی سەر بە تورکیایە، ئەوەندە دژی حکومەتی سوریا نیە. بە واتەیەکی تر خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەیی روون و دیاری کراو نیە بۆ ئایندەی پرسی کورد لە سوریادا.

کرد له (١٩٢٨) دا، له لایەن فەرەنسیەکانەوە کۆت و بەند بخرێتە سەر چالاکی ڕێکخراوەکە لە سوریادا ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەرە ). چونکە فەرەنسیەکان لەوە دەترسان کە بزافی نەتەوەیی کوردی لە خۆرئاوای کوردستاندا بە شێوەیەك پەرە بسێنێ، ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان لە سوریادا.

لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەرانی سوری[١] لە (١٩٢٨/٦/٢٣) دا، هەندێ لە سەرۆك هۆز و کەسایەتیە دیارەکانی کورد، گەلاڵە نامەیەکیان پێشکەش بە دەستەلاتدرانی فەرەنسی کرد، کە واژۆکەرانی گەلاڵەنامەکە ئەم داواکاریانەی خوارەوەیان خستبووە روو :

١. بەکار هێنانی زمانی کوردی لە پاڵ زمانی رەسمی لە ناوچە کوردیەکاندا .
٢. خوێندنی زمانی کوردی، لەو قوتابخانانەی دەکەونە ناوچە کوردیەکان.
٣. گۆڕینی فەرمانبەرانی ناوچە کوردیەکان، بە فەرمانبەرانی کورد.

هەروەها لە گەلاڵەنامەکەدا پێشنیازی دامەزراندنی هێزێکی سەربازی کوردی کرابوو، کە لە لایەن فەرەنسیەکانەوە بەڕێوە ببرێ بۆ پارێزگاری کردنی ناوچە سنوریەکان ( کورد لە سوریا،ل١٣٧ ).

ئەم داواکاریانەی لەم گەلاڵەنامەیەدا خرابوونە روو، بە جۆرێ نەبوون کە کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ دەستەلاتدرانی فەرەنسی دروست بکەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا وەلامی هیچ یەکێك لەم داواکاریانە نەدرانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە فەرەنسیەکان بەرژەوەندیان لەوەدا نەبووە، رێز لە بچوکترین مافە نەتەوەییەکانی کورد بگرن لە سوریادا.

لە سیەکاندا (١٩٣٠ـ١٩٣٩)، بزوتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمی خوازی ( مەسیحی ـ کوردی ) لە جەزیرەدا گەشەی کرد، کە بە بەردەوامی سکالای لەسەر دەستەلاتی ئینتداب و حکومەت دەکرد، وە داوای لامەرکەزی کارگێڕی دەکرد بۆ ( جەزیرە ) لەژێر چاودێری فەرەنسیەکاندا. هەروەها داوای ئەوەی دەکرد کە ناوچەکە ( جەزیرە ) لە رووی کارگێڕیەوە لە لایەن مەسیحی و کوردەکانی ئەوێ بەڕێوە ببرێ. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی گرژی لە نێوان ناسیونالیستەکانی عەرەب و بزوتنەوەکەدا ( کوردی سوریا بوونێکی...،ل٤٢ ).

بەشداری کردنی چالاکوانانی کورد لەم بزوتنەوەیەدا، دوو دەرکەوتەی گرنگی هێنا ئاراوە یەکەم : دروست بوونی ئەم دۆخە، بە سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێی نێوان

---

(١) مەبەست کۆنگرەی دامەزراندنی کۆماری سوریایە.

نیشتیمان پەروەرانی کورد و ناسیونالیستانی عەرەب دادەنرێ دووەم : ئەم هەلومەرجە، بە سەرەتایەکی زۆر باش دادەنرێ بۆ گەشەسەندنی بزافی ناسیونالیستی کوردی لە سوریادا. ئەگەرچی داخوازیەکانی بزوتنەوەکە داخوازی ناوچەیی بوون، بەڵام لە رووی رەوتی مێژووییەوە، گرنگی و بایەخێکی زۆری هەبوو.

گەشەسەندنی بزافی سیاسی کوردی لە سووریا لە سیەکانی سەدەی رابردوودا، بووە جێگەی مەترسیەکی گەورە لە لایەن ناسیونالیستانی عەرەبەوە. رۆژنامەی ( الأيام ) کە لە لایەن نەتەوە پەرستانی عەرەبەوە دەردەچوو، لە یەکێك لە سەروتارەکانیدا بە ناونیشانی (( پەنابەرە کوردەکان لە پێناو دروست کردنی نیشتیمانێکی نەتەوەیی کوردی لە سوریادا بۆ خۆیان کار دەکەن )) ، کە لە شوێنێکی ناوەرۆکەکەیدا هاتووە : ئێمە داوا لە کوردەکان دەکەین کە سەربەخۆییان لە نیشتیمانەکەیان ( کوردستان ) دابمەزرێنن، نەوەك لە ناوچەی جەزیرەی عەرەبی ( کورد لە سوریا...،ل١١١ ).

ئەم سەروتارە لێوان لێو بوو لە هەستی رەگەزپەرستی. هەر لە ناونیشانی سەروتارەکەدا دوو چەواشەکاری گەورە دەبینرێ دەربارەی راستیە مێژوویی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد یەکەم : کوردەکانی سوریا بە پەنابەر ناودەبات، لە کاتێکدا ناوچە کوردیەکانی سوریا هەر لە دێرزەمانەوە بەشێك بوون لە خاکی کوردستان. چوونی هەندێ پەنابەری کوردی باکور بۆ ئەم بەشەی کوردستان، هیچ لە راستی ئەم دۆخە ناگۆڕێ دووەم : ئەگەر کوردەکانی سوریا بیانەوێ نیشتیمانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن، ئـەوا لەسەر خاکی کوردستان ئەم کارە پیادە دەکەن، نەك لەسەر خاکی عەرەب. لە ناوەرۆکی سەروتارەکەدا، جەزیرە بە ناوچەیەکی عەرەبی لە قەڵەم دراوە. لە کاتێکدا جەزیرە یەکێکە لە ناوچە هەرە دێرینەکانی کوردستان، هەرگیز بەشێك نەبوو لە خاکی نەتەوەی عەرەب. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە هەر لە سەرەتای دروست کردنی دەوڵەتی سوریاوە [1] ، کوردانی خۆرئاوا رووبەڕووی سیاسەتی رەگەز پەرستانەی عەرەب بوونەتەوە.

(١) نەمان گوتوە دروست بوونی دەوڵەتی سوریا، بەڵکو دەستەواژەی ( دروست کردنی دەوڵەتی سوریا ) مان بەکار هێناوە. چونکە ئەم دەوڵەتە بە شێوەیەکی سروشتی لە دایك نەبووە، بەڵکو لە لایەن فەرەنسیەکانەوە دروست کراوە.

حکومەتی سوریا هەمیشە هەوڵی داوە وا نیشان بدات، کە هیچ کێشەیەك لە وڵاتەکەیدا بە ناوی کێشەی کوردەوە بوونی نیە. بەردەوام دەستەڵاتدرانی سوریا ئەو چەواشەکاریەیان پەرە پێداوە، کە ئەو کوردانەی لە سوریا دەژین خاوەن خاك نین، بەڵکو ئەوانە کۆچبەرن و لە کوردستانی باکورەوە روویان کردۆتە سوریا، بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی و ئابوریەوە. بە واتایەکی تر حکومەتی سوریا بە پێچەوانەی حکومەتی کەمالیەکان لە تورکیا، نکوڵی لە بوونی نەتەوەی کورد نەکردوە لە وڵاتەکەیدا، بەڵام نکوڵی لە کوردستانی بوونی ناوچە کوردیەکانی رۆژئاوا کردوە .

لە (١٩٣٧) دا کوردانی جەزیرە دژ بە دەستەڵاتی ناوەندی دیمەشق راپەڕینیان ئەنجامدا. راپەڕینەکە زیاتر بەهۆی دانانی هەندێ خەڵکی عەرەب بوو لە کاروبارە گرنگەکانی جەزیرەدا. بەشداربووانی راپەڕینەکە چەندین داواکاریان ئاراستەی حکومەتی ناوەندی کرد، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە ١) کورد کاری حکومی زیاتریان پێ بدرێ لە ناوچەکانیاندا ٢) دان بنرێ بە قەوارەیەکی تایبەت بۆ ناوچەکەیان، کە بە هەمان شێوەی سنجاق و ئەسکەندەروونە[١] بێت ٣) وەك کەمە نەتەوەیەك لە سوریادا، مافەکانیان دابین بکرێ ( کورد لە سوریا...،ل١١٨ ).

ئەگەر سەرنجی داواکاریەکانی ئەم راپەرینە بدەین، دەبینین جۆرە پەرەسەندنێك لە داواکاریەکانیاندا هەیە. ئەگەرچی داواکاریەکانیان زیاتر ناوچەیین ( لۆکاڵی )، بەڵام تاڕادەیەك مۆرکی نەتەوەیشیان پێوە دیارە. ئەمەش بە پەرەسەندنێکی ئەرێنی دادەنرێ لە رەوتی خەباتی سیاسی کوردانی خۆرئاوادا.

عامر حسن فیاض لە وتارێکیدا کە لە ژمارە (٦) ی رۆژنامەی ( الثقافة ) دا بڵاو کراوەتەوە، باس لەوە دەکات ؛ کە لە سەرەتای سیەکاندا کۆمەڵەیەکی کوردی دەرکەوت بە ناوی ( کۆمەڵەی کوردی شۆرشگێر )، کە داوای دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی دەکرد. کە لە ریزەکانی کۆمەڵەکەدا ئەندامی کوردی و ئاشوری و ئەرمەنی هەبوون ( أضواء علی

---

(١) ئەسکەندەروونە لە رووی مێژووییەوە ناوچەیەکی کوردیە. کە بەشێك لە خاکی کوردستان درا بە فەرەنسا بەپێی پەیمانی ( سایکس ــ بیکۆ )، ئەسکەندەروونە بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی سوریا. بەڵام بەپێی رێکەوتنێك لە نێوان تورکیا و فەرەنسادا، ئەسکەندەروونە درا بە دەوڵەتی تورکیا. ئەمەش بووە مایەی دروست بوونی کێشەیەکی گەورەی مێژوویی لە نێوان تورکیا و سوریادا.

کتاب...،ص٦٧ ). ڕەنگە لەم زانیارییەی ناوبراودا زیادەڕۆیی کرابێ. پێدەچێ ئەم کۆمەڵەیە، هەمان ئەو بزوتنەوە ( کوردی ـ مەسیحی ) یە بێت کە لە جەزیرەدا دروست ببوو. کە جگە لە هەندێ داوای کارگێڕی بۆ دانیشتوانی جەزیرە، هیچ داواکارییەکی نەتەوەیی نەبوو بۆ کوردانی خۆرئاوا.

هەمیشە گەورەترین هەڵەی حکومەتی سوری بەرامبەر بە کوردانی خۆرئاوا ئەوەیە، کە کورد وەک کەمە نەتەوەیەک نابینێ، بەڵکو وەک خەڵکانێکی کۆچبەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. ئەمەش تا ئێستا وەک گەورەترین کێشە ماوەتەوە لە نێوان کوردانی خۆرئاوا و حکومەتی ناوەندی دیمەشقدا.

# بەشی دووەم :
# چارەنووسی پرسی کورد لە کوردستانی ژێر دەستی سۆڤیەتدا

رووسیا بەردەوام لە ململانێدا بوو لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاردا. بەهۆی باڵادەست بوونی لە رووی سەربازیەوە، توانی چەندین ناوچەی ژێر دەستی ئەو دوو وڵاتە بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، کە بەشێك لەو ناوچانە کوردی بوون. لە (١٩١٧) دا شۆڕشی پرۆلیتاری لە رووسیادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و سیستەمی کۆمۆنیستی لە وڵاتدا چەسپا. دوای دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩٢٢) دا، دەستەڵاتدارانی وڵات لە روانگەی بانگەشەی بڕوابوونیان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانەوە، رێگەیاندا بە هەندێ لە نەتەوەکانی نێو خاکی سۆڤیەت کە قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی وڵاتدا بۆ خۆیان دابمەزرێنن. ئەمەش دانیشتوانی ناوچە کوردیەکانی سۆڤیەتی هاندا، داوای قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی تایبەت بە خۆیان بکەن، بە تایبەتی کە رەوشی گەلی کورد لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا بوو ( کوردستانی پشت قەفقاس،ل١٠٧ ).

وەکیلی مستۆ[١] لەم بارەیەوە دەڵێ «لە ساڵی (١٩٢٣) دا سەرۆکی کوردەکان چووە لای ( لینین ) و داوای لێکرد پشتگیری دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بکات. تەنانەت خوالێخۆشبوو ( بەرزنجی )[٢] یش، پێشتر داوای لە ( لینین ) کردبوو یارمەتی کوردەکان بدات » ( لڤین،ژ١٣٠،ل٣٥ ).

سەرۆکی کوردەکان، خراپی رەوشی کوردەکانی بۆ ( لینین ) باس کردبوو، داوای کردبوو لە روانگەی مرۆڤایەتیەوە فریای کوردەکان بکەوێ. کە باشترین چارەسەریش بریتی بوو لەوەی وەك نەتەوە دراوسێکانی، قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کوردیەکاندا دروست بکرێ.

---

(١) دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩٩٢) دا، کوردەکانی سۆڤیەت ( کۆماری کوردستانی سور ) یان راگەیاند و ( وەکیلی مستۆ ) شیان وەك سەرۆکی کۆمارەکە دەست نیشان کرد.

(٢) پێدەچێ مەبەستی لە بەرزنجی، شێخ مەحمود بەرزنجی بێت.

زۆربەی ناوچە کوردیەکانی سۆڤیەت، کەوتبوونە نێو سنوری کۆماری ئازەربایجان. بۆیە ( لینین ) لە (١٩٢٣) دا بروسکەیەکی بۆ نەریمان نەریمانۆفی ( سەرۆکی ئازەربایجان ) لێدا و تێیدا باسی لەوە کرد ؛ کە بارودۆخی ژیانی کوردەکان زۆر خراپە و خەریکە بەهۆی برسیەتیەوە لەناودەچن. بۆیە پێویستە هاوکاریان بکرێ و لەو دۆخە رزگار بکرێن. باشترین رێگەش ئەوەیە، کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیان لەژێر چاودێری ئازەربایجاندا بۆ درەوست بکرێ. لەژێر رۆشنایی ئەم بروسکەیەی ( لینین ) دا، پەرلەمانی ئازەربایجان بڕیاریدا شەش ناوچەی کوردی بکات بەیەك و ئۆتۆنۆمیان پێ ببەخشێ ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل٣١٢ ). واتە ئۆتۆنۆمی ناوچە کوردیەکان لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی[١] سۆڤیەتدا بوو، کە ئەمەش وای کردبوو دەستەڵاتەکانی زۆر سنوردار بێت.

دەتوانین بڵێین یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی دەستەڵاتی ( لینین)[٢] دا، سیاسەتێکی باش و مرۆییانەی بەرامبەر بە کوردەکانی خۆی پیادە کرد. بەڵام دوای مردنی لینین و هاتنی ستالین بۆ دەستەڵات، سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردەکانی نێوخۆی وڵات، رۆژ بە رۆژ رووی لە خراپی کرد. کەواتە دەتوانین بڵێین کە سەردەمی دەستەڵاتی لینین بۆ کوردەکانی سۆڤیەت، رۆژگارێکی زێرین بوو.

ئەم قەوارە ئۆتۆنۆمیەی کە بۆ کوردەکانی سۆڤیەت دامەزرا، ناسرا بە کۆماری کوردستانی سور. وەکیلێ مستۆ لەم بارەیەوە دەڵێ (( یەکەم دەوڵەتی کوردی لە قەفقازیا، ناوی ( ئۆییف) بوو. لە ساڵی (١٩٢٩) دا ناوچەکانی زەنگیلان لە سنوری کوردستانی ئێران و جەبرایلیشی خرانە سەر. دواتر ناوەکەی بوو بە ( کوردستانی ئاقر )، بە واتای کوردستانی سەربەخۆ، بەڵام لەژێر چاودێری ئازەربایجاندا. سەرۆکی کۆماری کوردستان لەو کاتەدا ( گوسێ گەجیێف) بوو..... پایتەختەکەشی پیریجان بوو، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بوو بە لاچین )) ( لڤین،ژ١٣٠،ل٣٦ ).

---

(١) سۆڤیەت لە چەندین قەوارەی ئۆتۆنۆمی پێك هاتبوو، کە ناوی کۆماریان پێ بەخشرابوو، وەك کۆماری ئازەربایجان و کۆماری ئەرمەنستان و کۆماری تورکمانستان... هیتر. لە رواڵەتدا ئەم کۆمارانە وەك دەوڵەت وابوون لە چوارچێوەی کۆنفیدراڵیەتی سۆڤیەتدا، بەڵام دەستەڵاتەکانیان لە دەستەڵاتی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی تێنەدەپەڕی.

(٢) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە رووسیا (١٩١٧)، لینین بووە سەرۆکی وڵات، تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد لە (١٩٢٤) دا.

ئەم قەوارە کوردیە، نە دەوڵەت بوو نە سەربەخۆش بوو. دەوڵەت نەبوو چونکە تەنیا قەوارەیەکی بەناو ئۆتۆنۆم بوو لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتدا. هەروەها سەربەخۆش نەبوو چونکە ئازەربایجان خۆشی لەژێر چاودێری توندی ناوەندا بوو. کەواتە قەوارە کوردیەکە، تەنیا بە رواڵەت قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بوو نەك بە ناوەڕۆك.

سیخوری بە ناوبانگی رووس ( ژرژئاقا بکۆف )، کە لە دەیەی سیەکاندا ( ١٩٣٠ـ١٩٣٩) بۆ وڵاتانی رۆژئاوا رایکرد، سەبارەت بە کۆماری سەربەخۆی کوردی دەڵێ (( دەوڵەتی سۆڤیەت لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٧) دا، هەوڵیدا لە ناوچە کوردنشینەکەی ناو خاکی خۆیدا ( کۆماری سەربەخۆی کوردی ) دابمەزرێنێ. تاکوو بەو هۆیەوە، بە راکێشانی سەرنجی کوردی وڵاتانی دراوسێ بۆ لای خۆی و هاندانی هەستی ئەو کەسانەی کە چەند ساڵە خوازیاری کوردستانێکی سەربەخۆن، بتوانێ هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە وڵاتانی ( ئێران و عێراق و تورکیا) دا بلکێنێ بە خاکی خۆیەوە )) ( بارودۆخی سیاسی کوردستان...،ل٣٣٥ ). بەپێی بۆچوونی ژرژئاقا بکۆف، سۆڤیەت لە دروست کردنی ( کوردستانی سەربەرخۆ ) دا ئامانجێکی ستراتیجی هەبووە، کە ئەویش دەست بەسەردا گرتنی تەواوی خاکی کوردستان بووە لە ئایندەدا. بەم پێیە تەنیا پاڵنەری مرۆیی و ئایدۆلۆجی هۆکار نەبوون بۆ دامەزراندنی ( کوردستانی سەربەخۆ ) لە ١٩٢٧ دا، بەڵکو پاڵنەری سەرەکی سۆڤیەت لەمەدا بەرژەوەندی نیشتیمانی بووە.

تەمەنی ( کوردستانی سەربەخۆ ) زۆر درێژەی نەکێشا. چونکە کە ستالین فەرمانڕەوایەتی وڵاتی گرتە دەست، گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا هات، بە تایبەتی سەبارەت بە ماف و ئازادی کەمە نەتەوەکان. ستالین بە پێچەوانەی لینین، زۆربەی بەها و بنەما ئایدیۆلۆجیەکانی پشتگوێ خستن. وە زیاتر لە روانگەی بەرژەوەندیە ئەمنی و ئابوریەکانی وڵاتەوە، مامەڵەی لەگەڵ رووداو و پێشهاتە سیاسیەکاندا دەکرد. بۆیە بە هاتنی ستالین بۆ دەستەڵات، پێگەی سیاسی کورد لە سۆڤیەتدا کەوتە بەردەم هەڕەشەیەکی زۆر گەورەوە. ئەگەر لە سەردەمی ( لینین ) دا دەوڵەت هەوڵی دابێ کوردانی وڵاتەکەی لە کارەسات و نەهامەتی بپارێزێ، ئەوا لە سەردەمی ( ستالین ) دا دەوڵەت خۆی ببووە مایەی کارەسات و دەردەسەری بۆ گەلی کورد. بۆیە ئەم قەوارە کوردیەی کە بە فەرمان و راسپاردەی لینین دامەزرا ، لە سەردەمی

سەرۆکایەتی ( ستالین) دا دەستەڵات و رووبەرەکەی رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو لاوازی و بەرتەسک بوونەوە دەچوو، تا سەرەنجام بە یەکجاری هەڵوەشێنرایەوە.

لە بارەی رێکەوتی هەڵوەشانەوەی ( کوردستانی سەربەخۆ )، دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی دەڵێ : کوردستانی سور لە (١٩٣٠) دا هەڵوەشێنرایەوە ( کوردستانی پشت قەفقاس، ل١٠٩ ). کەچی بەپێی زانیاریەکەی صابر عومەر مامەستێی بێت : کوردستانی سور تا ساڵی (١٩٣٧) ماوەتەوە. کە لەم ساڵەدا جەعفەر باقرۆف ( سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان ) توانی ستالین رازی بکات بەوەی ئەم قەوارە کوردیە هەڵبوەشێنێتەوە، وە کوردەکان پەراگەندەی ناو وڵاتە رۆژهەڵاتیە دواکەوتووەکانی یەکێتی سۆڤیەت بکات و وەک ئاردی ناو دڕکیان لێ بکات ( دیپلۆماسیەتی کوردی...، ل٣١٢ ).

بەمەش ئەم راستیە دەردەکەوێ، کە کۆماری ئازەربایجان لەژێر فشاری ( لینین ) دا ئۆتۆنۆمی بەخشیوەتە ناوچە کوردیەکان، نەوەک وەک هەڕەشە و مەترسیەکی گەورە لەو دەسکەوتە سیاسیەی کوردەکانی روانیوە. بۆیە کاتێ لە سایەی فەرمانڕەوایەتی ( ستالین ) دا هەلومەرجێکی تازە هاتە پێش، جەعفەر باقرۆف[1] ئەم بارودۆخە بە هەلێکی گونجاو دەزانێ و رەزامەندی ستالین بەدەست دێنێ بۆ هەڵوەشانەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

بەهۆی ئەم ستەمەی کە ستالین بەرامبەر بە کوردەکانی سۆڤیەت ئەنجامیدا، گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر دیمۆگرافیای ناوچە کوردیەکاندا هات. بە جۆرێ ئێستا ئەو ناوچە کوردیانە، تەنیا لە رووی مێژوویی و جوگرافیەوە بەشێکن لەسەر زەمینی خاکی کوردستان. نەوەک لە رووی دۆخی دیمۆگرافیەوە، هیچ مۆرکێکی کورد بوونیان پێوە دیار نەماوە.

(١) جەعفەر باقرۆف لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا (١٩٤٦)، دژی ئەوەبوو کە کورد قەوارەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ.

# دەروازەی یازدەهەم
# ئامانجــەکانــی بــزوتنەوەی کوردی لە باشوری کــوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦ــــ١٩٣٩) دا

## بەشی یەکەم :
## هەوڵە سیاسیەکانی شێخ مەحمود بۆ هەڵسانەوەی دوای شکست

دوای ئەوەی شێخ محمود بەهۆی بەردەوام بوونی لە دژایەتی کردنی سیاسەتەکانی ئینگلیز لە (١٩٢٤) دا بە یەکجاری لە سلێمانی دوورخرایەوە، هەستی بە هەڵە گەورەکانی خۆی کرد. بە تایبەتی دوای ئەوەی هەلومەرجی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بە زیانی بەرژەوەندیەکانی کورد شکایەوە. بۆیە شێخ مەحمود بۆ بەدەست هێنانەوەی متمانەی ئینگلیز هەوڵی زۆریدا، بەڵام بێ سوود بوو. لە (١٩٢٦/١٠/٩) دا شێخ لەگەڵ کورنوالیس ( کۆمیتەی باڵای بەریتانیا لە بەغدا ) دیدار دەکات و پێی دەڵێ (( هەموو کوردستانی ئێران بۆ بەریتانیا دەگرم و بە ناوی بەریتانیاوە فەرمانڕەوایەتی دەکەم، بەو مەرجەی دەوڵەتی بەریتانیا ژێراو ژێر پشتیوانیم لێبکات )) ( گۆڤاری ستاندار،ژ٢٤،ل٣٠ ). وەك ئەوەی پێشووتر باسمان کرد، ئینگلیز هیچ بەرژەوەندیەکی نەبوو لە لاوازکردنی دەوڵەتی ئێران. بۆیە گوێی لەم پێشنیازەی شێخ محمود نەگرت.

بەپێی ئەو ڕێکەوتەی کە بۆی دانرا بوو، لە (١٩٣٠) دا عێراق لەژێر ئینتدابی بەریتانیادا دەچووە دەر و وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبووە ئەندام لە ( کۆمەڵەی گەلان ) دا. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکەوتنێکی تازە لە نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیادا واژۆ کرا، بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان. لەم ڕێکەوتنەدا هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بە پرسی کورد و مافە نەتەوەییەکانی نەدرا. ئەمەش نیگەرانیەکی زۆری لێ کەوتەوە لە لایەن دەستەبژێری سیاسی و شەقامی کوردیەوە. چونکە دەرچوونی عێراق لەژێر ئینتدابی

بەریتانیادا، بەبێ چارەسەرکردنی پرسی کورد، ئایندەی سیاسی کوردستانی دەخستە بەردەم مەترسیەکی زۆر گەورەوە.

بۆ گەیاندنی نیگەرانیەکانی کورد لە باشوری کوردستاندا بە ( کۆمەڵەی گەلان )، هەندێ لە نیشتیمان پەروەر و چالاکوانانی سیاسی بە سەرپەرشتی شێخ مەحمود، یاداشتێکیان بە ناوی ( کۆمیتەی ناوەندی نیشتیمانی کوردستانی باشور ) ئاراستەی سکرتێری ( کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتدابی کۆمەڵەی گەلان ) کرد، کە لە هەندێ شوێنی یاداشتەکەدا هاتووە (( لە ئازاری ١٩٣٠ دا کورد یاداشتێکی دەربارەی مافە نەتەوەییەکانی پێشکەش بە حکومەتی عێراقی کردوە، بەڵام یاداشتەکە رەتکرایەوە..... هەم دیسان لە هەمان ساڵدا پەرلەمانتارێکی کورد داوای لە سەرۆك وەزیرانی عێراق کردوە، کە بڕگەیەك لە پەیمانی نێوان ( عێراق و بەریتانیا ) بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی کورد تەرخان بکرێ، بەڵام ئەو بە لە خۆبایی بوونەوە وەڵامی داوەتەوە و وتوویەتی : من دان بە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلاندا نانێم و مومکین نیە پرسی کورد بخرێتە ناو بەندەکانی ئەم پەیمانەوە..... پاش دڵنیا بوون لەو کارەساتە دڵ تەزێنە، هەموو کورد هەر لە زاخۆوە تا خانەقین بەیەك دەنگ داوای مافەکانی خۆی دەکات و بەیەك دەنگ ناڕەزایی دەردەبڕێ دژی ئەم رێکەوتننامەیە..... ئێمە ناتوانین دەست نیشانی ئەنجامە خراپەکانی بکەین و ناشتوانین پێشبینی رووداوەکانی داهاتوو بکەین، بەرامبەر بە رقی میللەتێك کە هەڵساوەتە سەرپێ و بەرگری لە ماف و ئازادی خۆی دەکات. نێردراوی سامی بەریتانیش[1]، ئەم نارەزایەتیەی رووبەڕوو کراوەتەوە. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ سەرۆك وەزیران[2] و هەندێ ئەندامی تر لە رۆژانی (٨ تا ١١) ی مانگی ئابدا هاتە کوردستان. رایگەیاند کە بەریتانیا و عێراق پێکەوە بڕیارەکەیان داوە کە مافەکانی کورد فەرامۆش بکەن، چونکە جێبەجێ بوونیان ئەستەمە. بۆیە میللەتەکەمان دژی ئەم هەڵوێستە ناڕەزایی توندی دەربڕی و داوای کرد کە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان، بێ قەید و شەرت جێبەجێ بکرێن..... لەو باوەڕە داین کە ئێمە هێز و توانای ئەوەمان هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنین، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

(١) پێدەچێ مەبەستی نێردراوی سامی بەریتانی بێ لە بەغدا.

(٢) مەبەستی سەرۆك وەزیرانی عێراقە.

أ ـ تەنیا لە کوردستانی باشوردا ژمارەی کورد لە ملیۆنێك زیاتر دەبێ[1] ، ئەم ژمارەیەش بەسە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەکە لە ژمارەی عەرەبە سوننەکان پترە، کەچی ئەوان حوکمیان گرتۆتە دەست ..... دەبێ رەچاوی ئەوەش بکرێ کە عەرەبەکان قەوارەیەکی هاوبەشیان نیە. چونکە عەرەبە شیعەکان لەگەڵ عەرەبە سوننەکان کۆك نین.

ب ـ ئێمە شایانی دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆین. چونکە دەتوانین قەوارەیەکی یەکگرتوو پێك بهێنین، بەهۆی هاوبەشی زمان و کەلتور و داب و نەریتمانەوە، هەروەها تایبەتمەندی ئاو و هەواشەوە[2] .

.... ئێمە باوەڕمان وایە میللەتی ئێمە دەتوانێ پشت بە کۆمەك و یارمەتیدانی کۆمەڵەی گەلان ببەستێ و هیچ هێزێ ناتوانێ هیوا بڕاومان بکات..... لە کۆتایشدا کوردەکان پێشنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن، وە مەبەستیان پێك هێنانی دەوڵەتێکە لەسەر بناغەی دیموکراسیەتیەکی رەها. دەربارەی ئەو ( ئینتداب ) ەش کە دەبێ چاودێری ئەو دەوڵەتە ساوایەی کورد بکات، داواکارین زوو پێك بێت و ئەو دەوڵەتەی کە ئینتدابەکە دەگرێتە ئەستۆ چ بەریتانیا بێ، یان هەر دەوڵەتێکی دیکە بە لای ئێمەوە جیاوازی نیە و رایدەگەێنین ئێمە ملکەچی تەواوی بڕیارەکانی کۆمەڵە گەلانین )).

سلێمانی

کۆمیتەی ناوەندی لە رۆژی (١٩٣٠/٩/١)

پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کراوە

( دبلۆماسیەتی کورد...،ل١٢٤تا١٣١ ).

بێگومان سەرۆك وەزیرانی عێراق پشت ئەستور بوو بە پشتیوانی بەریتانیا، نەوەك حکومەتی عێراقی لە پێگەیەکی وادا نەبوو کە بتوانێ دان بە بڕیارەکانی ( کۆمەڵەی گەلان ) دا نەنێ. لە راستیدا کورد لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاوە، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی

(١) رەنگە ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدا کرابێ. چونکە ئێستا کە (٢٠٢٣) یە، ژمارەی کورد لە کوردستانی باشوردا نزیکەی ( سەرووی شەش ملیۆن ) کەس دەبێ. بۆیە رێی تێناچێ لە (١٩٣٠) دا، پتر لە ملیۆنێك کورد لە کوردستانی باشوردا هەبوو بێ.

(٢) ئێمە بە پێویستمان زانی تەنیا ئاماژە بە دوو هۆکار بدەین، نەوەك لە راستیدا ژمارەی ئەو هۆکارانەی لە یاداشتنامەکەدا هاتوون زیاترن.

نەمابـوو. بۆیە بەریتانیەکان بە شێوەیەکی بێ باکانە مافەکانی کوردیان فەرامۆش کرد. هەر بۆیەش لە هیچ برگەیەکی رێکەوتنەکەی نێوان عێراق و بەریتانیادا، باس لە رەچاوکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرا.

بەریتانیا تا جەنگی جیهانی دووەم، بەهێزترین وڵاتی جیهان بوو لە رووی سیاسی و سەربازیەوە. بۆیە تاڕادەیەکی زۆر باڵادەست بوو بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، وە هەژموونێکی زۆریشی هەبوو بەسەر رێکخراوی ( کۆمەڵەی گەلان ) دا. هەر ئەمەش وای کردبوو کە یاداشتەکانی کورد بۆ ئەم رێکخراوە جیهانیە، هیچ بەها و کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبێ. چونکە ئەم رێکخراوە نەیدەتوانی بڕیارێك دەربکات، کە دژ بە بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی بەریتانیا بێت.

لە راستیدا لە دوای واژۆکردنی پەیمانی لۆزان لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیادا، ئەو بڕیارانەی کۆمەڵەی گەلان کە تایبەت بوون بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی ژێردەستە، بۆ کورد هیچ بەها و هێزیکی یاساییان نەمابوو. بۆیە گشت ئەو داواکاریانەی کورد بێ سوود بوون، کە باسیان لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان دەکرد.

دیڤید ماکداوڵ لە کتێبەکەیدا ( مێژووی هاوچەرخی کورد ) باس لەوە دەکات ؛ کە شاندی هاوبەشی ( عێراقی ـ بەریتانی ) لە (١٩٣٠) دا[١] سەردانی هەولێر و کەرکوکی کرد، توانی سەرانی کورد لەو دوو پارێزگایەدا رازی بکات کە هەموو مەیلێکی جوداخوازی بەلاوە بنێن، بەڵام لە سلێمانیدا سەرکەوتوو نەبوو ( مێژووی هاوچەرخی کورد،ل٣٦٧ ). کاتێ شاندە هاوبەشەکە سەردانی سلێمانی کرد، لە رێوشوێنێکی ئەمنی توندا ئەم سەردانە بەڕێوە چوو. هەندێ لە پیاو ماقولان بە رێبەرایەتی شێخ قادر و عەزیز بابان، داواکاری خەڵکیان بۆ سەربەخۆیی لەژێر پارێزگاری بەریتانیادا خستە بەردەم شاندەکە. شاندەکە زۆر نیگەران بوو، هەر بەو هۆیەشەوە ( تۆفیق وەهبی ) لە پۆستی موتەسەریفی سلێمانی لادرا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦٧ـ٣٦٨ ).

نێردراوی بەریتانیا لە وتارەکەیدا لە سلێمانی لە رێکەوتی (١١) ی ئابی١٩٣٠ دا وتی (( دەزگا بەرپرسەکان باس لەوە دەکەن کە سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆ هاندەری

---

(١) پێدەچێ مەبەستی نووسەر لەو شاندە بێ کە لە مانگی ئابی (١٩٣٠) دا، سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کرد.

نەتەوەی کوردە، ئەمە راست نیە. نەك لەبەرئەوەی تەنها حکومەتی عێراقی نیگەران دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی هەردوو حکومەتی ( تورکیا و ئێران ) یش دلگران دەکات، کە دوو حکومەتی دراوسێی ئێمەن )) ( کوردەکان،نەبیل زەکی،ل٤٩ ). مەبەستی نێردراوی بەریتانیا لەم روونکردنەوەیە ئەوەبووە، کە خەڵکی سلێمانی بە تەواوی بێ ئومێد بکات لە خەونی هاتنەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد بە پشتیوانی بەریتانیا. بە واتایەکی تر نێردراوەکەی بەریتانیا، داوای لە خەڵك کردوە کە واز لە ئامانجی سەربەخۆیی سیاسی بهێنن، بەڵام خەڵکی سلێمانی بەم داوایەی بەریتانیەکان رازی نەبوو.

هەرچەندە شێخ محمود و خەڵکی نیشتیمان پەروەر لە باشوری کوردستاندا، فشارێکی زۆریان دروست کرد لەسەر بەریتانیا و حکومەتی عێراقی، تاکوو چاو بە رێکەوتننامەی نێوانیاندا بخشێننەوە و تێیدا رەچاوی مافە نەتەوەییەکانی کورد بکەن، بەڵام هیچ لایەکیان ئامادە نەبوون گوێ لە داواکاریەکانی کورد بگرن و سوور بوون لەسەر ئەوەی کە رێکەوتننامەکە دەستکاری نەکرێ. ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی رق و کینەیەکی زۆر لە لای خەڵکی کورد بەرامبەر بە بەریتانیەکان و حکومەتی عێراقی.

رێکەوتی (١٩٣٠/٩/٦) دیاری کرابوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراقدا. جەماوەری شاری سلێمانی بڕیاریدا لە بری بەشداری کردن لە هەڵبژاردن، لەم رۆژەدا دژی رێکەوتننامەکەی ( عێراق و بەریتانیا ) خۆپیشاندان ئەنجام بدەن. ئەوەبوو لەو رۆژەدا خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری لە شاری سلێمانیدا بەڕێوە چوو، بەشداربوانی خۆپیشاندانەکە دروشمەکانی ئازادی و سەربەخۆییان بەرز کردەوە ( شۆڕشەکانی کورد...، ل١٢٤ـ١٢٥ ). بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنی و سەربازیەکانەوە بە توندی خۆپیشاندانەکە سەرکوت کرا، وە بەو هۆیەوە دەیان کەسی مەدەنی بوونە قوربانی.

دە رۆژ دوای سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکە، وەك پەرچە کردارێك، شێخ مەحمود نامەیەك ئاراستەی ( کۆمسیۆنی باڵای بەریتانیا لە بەغدا ) دەکات، تێیدا دەنووسێ ؛ پێویستە ئێستا کۆمسیۆنی باڵا ئەوەی بۆ روون بێتەوە کە (( چیتر کورد و عەرەب ناتوانن پێکەوە بژین )).... گەلی کورد داوا دەکات (( لە کۆتی عەرەبان ئازاد بن و لە عەرەب جیا ببنەوە و بخرێنە ژێر سایەی زێرەڤانی[1] بەریتانیەوە )) ( گۆڤاری ستاندار ،ژ٢٤،ل٣٠ ).

---

(١) زێرەڤانی بە واتای پاسەوانی دێت، وە بە عەرەبیش پێی دەگوترێ ( حیمایة ).

لەبەرئەوەی بەرژەوەندی بەریتانیا لەوەدا بوو کە کورد لەژێر فەرمانڕەوایەتی عەرەبدا بن لە عێراقدا، بۆیە هیچ گرنگیەکی بەم جۆرە داواکاریانە نەدەدا.

لە دوای رووداوەکەی (٦) ی ئەیلول [1]، شێخ مەحمود جارێکی تریش پەنای بردەوە بەر دروست کردنەوەی هێزی چەکداری، بەو ئومێدەی بتوانێ دەسکەوتێکی سیاسی بۆ کورد بەدەست بێنێ. لە (١٠/١٠/١٩٣٠) دا شێخ مەحمود و ئەو رووناکبیر و نیشتیمان پەروەرانەی لەگەڵیدا بوون، نامەیەکیان ئاراستەی ( مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا ) کرد، کە تێیدا ئەم داخوازیانەی خوارەوەیان خستبووە روو : « لەو وەختەوە کە پەرلەمان تێکدرا و پەیمانی ( عێراقی ـ ئینگلیزی ) هێنرا بۆ ناو پەرلەمانی تازە، لە لایەن ئەم وەزارەتەوە [2] هەموو مافێکی کوردەکان کرا بە ژێر لێوەوە. بە ئاشکرا ئەبینین لە پاش بڕیار دان لەسەر ئەم پەیمانە، کورد دەکەوێتە ژێر چنگی عەرەبەکانەوە. ئەم عەرەبانەی کە تەنها حوکم نەبێ، هیچی تریان مەبەست نیە. ئەمەش هەم پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانە و هەمیش پێچەوانەی ئارەزووی کوردەکانە..... لەبەرئەوەی کە کورد ئیتر لە توانایدا نەماوە کە لەگەڵ عەرەبەکاندا پێکەوە بژی. بێگومان حکومەتی بەریتانیا لە ئێستا بە دواوە گوێ بۆ ئەم داخوازیانەمان رائەگرێ، وە پێم وایە برا عەرەبەکانیشمان بەم شتانە دلگران نابن. داخوازیەکانیشمان ئەمانەن :

١) دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین، ئەم ناوچەیە بدرێ بە کورد و هیچ عەرەبێکی عەسکەری و مەدەنی تێدا نەمێنێ.
٢) ئەم ناوچەیە لەژێر چاودێری بەریتانیادا بمێنێ، تا کۆمەڵەی ئەقوام [3] بڕیارێکی بۆ دەر ئەکا.
٣) بەرەڵاکردنی ئەو حەپس و دوورخراوانەی، کە لە کارەساتی سلێمانیدا [4] حەپس کراون و دوور خراونەتەوە.

---

(١) خۆپیشاندانەکەی (٦/٩/١٩٣٠) ی بەردەرکی سەرای سلێمانی، لە مێژووی کوردا ناسراوە بە خۆپیشاندانەکەی ( ٦ ی ئەیلول ).

(٢) مەبەست لە وەزارەتی عێراقیە، کە لە لایەن پەرلەمانی تازەوە پێك هێنرابوو.

(٣) ئەو کات زیاتر دەستەواژەی ( کۆمەڵەی ئەقوام ) بەکار دەهێنرا، لە بری دەستەواژەی ( کۆمەڵەی گەلان ).

(٤) مەبەست لە سەرکوت کردن و داپڵۆسینی خۆپیشاندانەکەی ( ٦ ی ئەیلول ) ی ١٩٣٠ یە.

٤) هەر ئەفسەر و کاربەدەستێکی کورد کە لە وڵاتی عەرەبستانە، بنێردرێتەوە بۆ وڵاتی کوردەواری.

کەچی مەندوبی سامی وەڵامی ئەم نامەیەی شێخ مەحمود و یاوەرانی نەدایەوە )) ( شۆڕشەکانی کورد...،ل١٢٨ـ١٢٩ ).

نیشتیمان پەروەرانی کورد، ئەوەیان پێ قبوڵ نەدەکرا کە لە لایەن عەرەبەکانەوە فەرمانڕەوایی بکرێن. چونکە عەرەبیان لە خۆیان بە شایستەتر نەدەزانی. هەر بۆیەش داوایان دەکرد، کە هەر نەبێ کوردیش وەك عەرەب خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت.

لە (١٩٣١/٥/٢١) دا شێخ مەحمود نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی گەلان کرد، کە لە بەشێکی نامەکەدا هاتبوو (( هەتا ئەو کاتەی چارەنووسی نیشتیمانی کورد نەدرێتە دەست رۆڵەکانی و، تا ئەو کاتەی حکومەتێکی کوردی بەڕێوەبردنی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ناتوانرێ ئاشتی و ئاسایش لەوێ بەرپا بێت..... ماوەم بدەن تا بە راشکاویی بە بەرێزتان رابگەیەنم، کە ئەو بارودۆخە شۆڕشگێریەی هەیە، لە ئاکامی نیاز خراپی کاربەدەستانی عێراقەوە هاتۆتە کایەوە و کۆتایی پێ ناهێنرێ، مەگەر ئەو کاتەی دان بە هەموو مافە رەواکانی کوردا بنرێ و رێزی لێ بگیرێ. ئەو شتەی کە ئێمە داوای دەکەین، داننانە بە سەربەخۆیی نیشتیمانەکەماندا، واتە ( دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشور ) لەژێر چاودێری راستەوخۆی کۆمەڵەی گەلان و سڕینەوەی هەر چەشنە بەستنەوە و پەیوەندیەکی ئێمە بە دەوڵەتی عەرەبیەوە لە عێراقدا. بە تایبەتی پاش ئەو پەیمانە نوێیەی لە نێوان ئینگلستان و عێراقدا بەستراوە و، سەرپەرشتی کردنی ( الانتداب ) دەوڵەتی ئینگلیز بەسەر عێراقەوە کۆتایی پێ دێنێ. ئەمەش نیشانەی زەقی ئەم راستیەن، کە چارەسەری پێشنیاز کراوی ئێمە، تەواو مەنتیقی و قابیلی قبوڵ کردنە. جا بۆیە دەکرێ ( کۆمەڵەی گەلان ) ی بەرێز، کە بە گوێرەی ئەم رووداوانەی کە هەبوون، بگەڕێتەوە سەرەنجامی بڕیارەکەی خۆی کە لە ساڵی (١٩٢٥) دا دابووی )).

لەگەڵ رێزی بێ پایاندا

لە جیاتی دانیشتوانی کوردستانی باشور

شێخ مەحمود حەفید

( دیلۆماسیەتی کورد...ل١٣١ـ١٣٨ ).

کاتێ لە (١٩٢٥) دا ویلایەتی موسڵ لکێنرا بە عێراقەوە، حکومەتی عێراقی لە رووی یاساییەوە پابەند کرا بە رێزگرتنی مافە نەتەوەیی و کەلتورییەکانی کورد. بەڵام ئەو توندوتیژیەی کە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بەکاریان هێنا بۆ سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکەی ( ٦ ی ئەیلول ) ی سلێمانی، دەریخست کە حکومەتی عێراقی ناتوانێ پابەندە یاساییەکانی بەرامبەر بە کورد جێبەجێ بکات. بۆیە ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵەی گەلان لەو راستیە، کارێکی دیلۆماسیانەی زۆر دروست بوو. بەڵام ئەوەندەی مەنتیقی هێز زاڵ بوو بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەوەندە مەنتیقی یاسا و دادوەری رۆڵی نەبوو. هەر بۆیەش سکاڵاکانی شێخ مەحمود لە دژی حکومەتی عێراقی، کە ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان دەکران، هیچ کاریگەریەکیان نەبوو. چونکە بەریتانیا بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لە هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراقی دەکرد بەرامبەر بە کورد.

دوای کۆتایی هاتنی سەرپەرشتی ( الانتداب ) بەریتانیا بەسەر عێراقدا، کورد رووبەرووی دوو مەترسی گەورە بووەوە یەکەم : لە رێکەوتننامەی (١٩٣٠) ی نێوان عێراق و بەریتانیادا، سەبارەت بە تێپەڕاندنی قۆناغی ( الانتداب ) و پەسەندکردنی ئەندامیەتی عێراق لە ( کۆمەڵەی گەلان ) دا، هیچ بەندێك تەرخان نەکرابوو بۆ پابەندکردنی حکومەتی عێراقی بە رێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد. بەمەش ئەو مەرجانەی کە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە لە (١٩٢٥) دا سەپێندرا بوون بەسەر حکومەتی عێراقیدا، لە کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبیەوە، هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەما دووەم : نەمانی ئینتدابی بەریتانیا بەسەر عێراقدا، واتای ئەوەی دەگەیاند کە کورد بە یەکجاری دەکەوتە ژێر چنگی حکومەتێکی عەرەبی لەو وڵاتەدا، کە دەسەڵاتێکی رەگەزپەرست و دواکەوتووانە بوو.

# بەشی دووەم :
# ئامانجەکانی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانـــی باشور لە نێوان سالأنی ( ١٩٢٦ ــــ ١٩٣٩) دا

لە دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، ئومێدی سەربەخۆیی و دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی تاڕادەیەکی زۆر لاواز ببوو. بۆیە هەندێ جموجۆڵ و چالاکی لەنێو دەستەبژێری سیاسی کوردیدا هاتنە ئاراوە، کە داوای باشترکردنی دۆخی کوردیان دەکرد لە چوارچێوەی عێراقدا. نمونە لە شوباتی (١٩٢٩) دا ژمارەیەك لە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، کە پێك هاتبوون لە ( جمال بابان، حازم شەمدین ئاغا، حەمە بەگی جاف، اسماعیل رواندوزی، سیف الله خەندان، حەمە صالح بەگی حەمە علی بەگ ) یاداشتێکیان دا بە سەرۆك وەزیرانی عێراق لە بارەی کاروباری ناوچە کوردیەکان، کە تێیدا چەندین داواکاریان خستبووە روو لەوانە :

١) یەکێتیەکی ئیداری لە ناوچە کوردیەکاندا دروست بکرێ، کە لیواکانی ( کەرکوك و هەولێر و سلێمانی ) بگرێتەوە. هەروەها لیوایەك لە قەزا کوردیەکانی موسڵ پێك بهێنرێ و بخرێتە سەر ئەم یەکێتیە ئیداریە. کاروباری ئەم یەکێتیە ئیداریە لەژێر فەرمانی پشکنەرێکی گشتی ( مفتیش العام ) کوردا بێت، کە ئەم پشکنەرە چەپەر و واسیتە بێ لە نێوان حکومەتی بەغدا و ئەم یەکێتیە ئیداریەدا.
٢) پارەی میزانیەی معاریفی کوردی[١] زیاد بکرێ.
٣) پارەی کاروباری گشتی ناوچە کوردیەکان زیاد بکرێ.

وەڵام دانەوەی یاداشتەکە لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە پشتگوێ خرا. بۆیە لە مارتی (١٩٣٠) دا جارێکی تر تێهەڵچوونەوە. بەڵام دوای ئەوەی لە (٢٣) ی هەمان مانگدا، نوری سەعید وەزارەتێکی تازەی دروست کرد و ( جمال بابان ) ی خستە نێو وەزارەتەکەیەوە، ئەم نوێنەرانەی کورد بە تەواوی بێ دەنگ بوون ( شۆڕشەکانی کورد...،ل١١٥ــ١١٦ ).

---

(١) مەبەست لە بواری خوێندن و فێرکردنی کوردیە.

ئەم جۆرە داواکاریەی نوێنەرانی کورد، تارادەیەك هاوشێوەی سیستەمی لامەرکەزیە، کە داوایان دەکرد هەموو ناوچە کوردیەکان بکرێن بە یەکەیەکی ئیداری و لە لایەن پشکنەرێکی کوردەوە سەرپەرشتی بکرێ. بەڵام پێدەچێ ئەم نوێنەرە کوردانە زۆر بە پەرۆش نەبووبن بۆ جێبەجێ بوونی داواکاریەکانیان. چونکە دواجار بە ئاسانی دەستبەرداری داواکانیان بوون.

لەو رێکەوتننامەیەی کە لە (١٩٣٠) دا لە نێوان حکومەتی عێراقی و بەریتانیادا واژۆ کرا، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە قۆناغی سەرپەرشتی ( الانتداب ) بەریتانیا بەسەر عێراقدا، وەك باسمان کرد رەچاوی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرابوو لە کوردستانی باشوردا. بۆیە هەندێ لە رۆشنبیر و سەردارانی کورد، وەك تۆمارکردنی سکاڵا، بروسکەیەکی ناڕەزاییان ئاراستەی ( کۆمەڵەی گەلان ) کرد. بەڵام کۆمەڵەی ناوبراو لە وەڵامی بروسکەکەدا وتی (( هەموو داواکاریەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەکەونە ژێر رکێفی ئینتدابەوە، پێویستە لە رێگەی دەوڵەتی مونتەدیبەوە پێشکەشی سکرتاریەتی کۆمەڵەی گەلان بکرێن )). بۆیە بە ناچاری هەندێ لە سەردارانی کورد، لە رێگەی ( مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق ) دا بروسکەیەکیان ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد! ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە...، ل١٥٧) .

کۆمەڵەی گەلان وەك رێکخراوێکی نێودەوڵەتی، تایبەت بوو بە دەوڵەتانی ئەندام. واتە ئەو نەتەوە و گەلانەی خاوەن دەوڵەت نەبوون، نەیاندەتوانی سکاڵا و داواکاریەکانیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ بخەنە بەردەم ئەم رێکخراوە. ئەمەش یەکێك بوو لە خاڵە لاوازەکانی رێکخراوی کۆمەڵەی گەلان. سەیرەکە لەوەدا بوو، کورد سکاڵا و ناڕەزایی بەرامبەر بە بەریتانیا هەبوو، کەچی بۆ گەیاندنی سکاڵا و گلەییەکانی بە کۆمەڵەی گەلان، پێویست بوو لە رێگەی ئەوەوە سکاڵاکەی ئاراستە بکات. کە لە هەمان کاتیشدا، بەریتانیا تاڕادەیەکی زۆر باڵادەست بوو بەسەر کاروباری رێکخراوەکەدا.

کۆمەڵەی گەلان لە یەکێك لەو داواکاریانەی کۆڵیەوە، کە کوردەکانی باشور لە سەروبەندی واژۆکردنی رێکەوتننامەی نێوان عێراق و بەریتانیا لە (١٩٣٠) دا پێشکەشیان کردبوو، کە تێیدا داوای جێبەجی کردنی ئەو داواکاریانەیان کردبوو کە پێشووتر پێشکەشیان کردبوو، سەبارەت بە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ. لە وەڵامی

بروسکەکەدا، کۆمەڵەی گەلان رایگەیاند (( هیچ داواکاریەکی کۆنیان نەدۆزیوەتەوە لەو بابەتە کە کوردەکان ئاراستەی ( کۆمەڵەی گەلان ) یان کردبێ. بەڵام چەند بڕیارێکی تریان دۆزیوەتەوە، تێیاندا دیاری کراوە کە کوردەکان ئەبێ رەفتاری تایبەتیان لەگەڵدا بکرێ، بەڵام جۆری ئەم رەفتارەش دیاری نەکراوە کە ئەبێ چۆن بێ. وە هەندێ ئاگاداری لە لایەن دەوڵەتە پێسپێردراوەکان ( دول الانتداب )[1] ئەڵێن : هەندێ مافیان ئەپارێزرێ دەربارەی ئیدارەی ناوخۆ، کەوا دەردەکەوێ تا ئێستا جێبەجێ نەکرابن. لەبەرئەوە ئەم پێسپاردانەی خوارەوە ئەسپێرن بە لیژنەکە یەکەم : وەڵام دانەوەی داواکاری تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا دووەم : داوا بکرێ لە دەوڵەتی پێسپێردراو ( بەریتانیا )، بڕوانێتە ئەو یاسا ئیداریەی کە دایناوە بۆ پاراستنی مافی کوردان، بایەخی پێ بدرێ و پشتگوێ نەخرێ سێیەم : ..... دڵنیا کردنەوەی کوردەکان سەبارەت بە پاراستنی مافەکانیان، هەتاکوو ئەگەر عێراقیش بە یەکجاری لەژێر چاودێری دەوڵەتی پێسپێردراو دەرچوو )) ( خەباتی چەکداری و رامیاری...،ل٥٤ ).

کۆمەڵەی گەلان دان بەوەدا دەنێ کە ئەو بەڵێنانەی لە لایەن بەریتانیاوە بە کورد دراوە، دەربارەی ئیدارەی ناوخۆ جێبەجێ نەکراون. بۆیە داوا لە بەریتانیا دەکات کە چاو بخشێنێتەوە بەو یاسا ئیداریانەی کە دایناون بۆ پاراستنی مافی کورد لە عێراقدا. کێشە لەوەدا بوو کە کۆمەڵەی گەلان بەریتانیای پابەند نەکرد بە پاراستنی مافەکانی کورد، بەڵکو تەنیا داوای ئاراستە کرد. ئەگەرچی ( کۆمەڵەی گەلان ) کوردی لە عێراقدا دڵنیا کردەوە کە مافەکانی پارێزراو دەبن، هەتاکوو ئەگەر عێراقیش لەژێر سەرپەرشتی ( انتداب ) بەریتانیادا دەر بچێ، بەڵام ئەم دڵنیا کردنەوە هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبوو، لەبەر ئەم دوو هۆیە یەکەم : لەو کاتەدا کورد هیچ مافێکی پارێزراو نەبوو، تاکوو دڵنیا بکرێتەوە لەوەی کە مافەکانی پێشێل ناکرێن لە کاتی نەمانی سەرپەرشتی بەریتانیا بەسەر عێراقدا دووەم : ئەم دڵنیا کردنەوەی کورد لە لایەن ( کۆمەڵەی گەلان ) وە تەنیا راسپاردە بوو، وە هیچ هێزێکی پاپەند کردنی نەبوو.

---

(١) لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە بەرامبەر دەوڵەتی ئینتداب، دوو زاراوە بەکار هێنراون، ئەوانیش دەوڵەتی پێسپێردراو و دەوڵەتی سەرپەرشتی کار.

لە سیەکانی سەدەی بیستدا دوژمنانی کورد[1] بەردەوام لە هەماهەنگیدا بوون دژ بە کورد و بزافە سیاسیەکەی. بۆ پتەوکردنی هاوکاری و هەماهەنگی زیاتری نێوانیان، هەر سێ حکومەتی ( عێراق و ئێران و تورکیا ) بوون بە ئەندام لە پەیمانی ( سەعد ئاباد ) دا، کە لە تەموزی (١٩٣٧) دا واژۆ کرا. لە بەندی حەوتەمی پەیمانەکەدا هاتبوو (( هەر لایەك لە لایەنەکانی رێکەوتنەکە، پابەند دەبێ بە گرتنەبەری رێکارەکان لە چوارچێوەی بازنەی دەستەڵاتیدا، دژی هەڵگیرسانی یاخیبوون یان چالاکیە چەتەییە چەکداریەکان و رێکخراوەکان، کە هەوڵی لەبار بردنی دامەزراوەکانی ئێستا دەدەن و هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیری دەکەن لە هەر ناوچەیەك یان لەسەر خاکی لایەنەکەی تری رێکەوتنەکە )) ( الحركة الكوردية،ص٢٢٠ ).

وەك ئەوەی کە روون و ئاشکرایە، یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی پەیمانی سەعد ئاباد، دژایەتی کردنی بزافی رزگاریخوازی کوردی بوو لە هەر سێ وڵاتی ( عێراق، تورکیا، ئێران ) دا. بەریتانیا رۆڵی سەرەکی هەبوو لە واژۆکردنی ئەم پەیمانەدا. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی بەریتانیا، ناکۆك بوون لەگەڵ بەرەو پێشچوونی پرسی کورد لە ناوچەکەدا. بە واتایەکی تر جگە لە دوژمنە هەرێمیەکان، کورد لە لایەن زلهێزەکانیشەوە دژایەتی دەکرا.

لە نیوەی دووەمی سیەکانی سەدەی بیستدا (١٩٣٥ـ١٩٣٩)، بەرە بەرە ئاسۆی دەرکەوتنی چەندین گۆڕانکاری سیاسی گەورە لەسەر ئاستی جیهاندا بەدیار دەکەوتن، وە مرۆڤایەتی بەرە بەرە لە جەنگێکی تری جیهانی نزیك دەبووەوە. ئەم دۆخە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی وڵاتان و بزافە رزگاریخوازیەکان. بەریتانیا کە بە باشی هەستی بە مەترسی بارودۆخەکە کردبوو، هەوڵیدەدا نەیارەکانی کەم بکاتەوە و دۆستەکانی زیاتر بکات. لەم گۆشە نیگایەوە هەوڵی دەدا گلەیی و نارەزایەتی کورد بەرامبەر بە خۆی کەمتر بکاتەوە. بۆیە لە ئاست هەندێ چالاکی سیاسیدا چاوپۆشی دەکرد. ئەمەش زەمینەی رەخساند بۆ زیاتر گەشە سەندنی خەباتی رزگاریخوازی لەنێو کوردەکانی باشوردا. لە هەمان کاتدا دەستەبژێری کوردی، تاڕادەیەکی باش درکی بە گرنگی و چارەنووس سازی قۆناغەکە کردبوو، وە هەوڵیدا خۆی ئامادە بکات بۆ هەر گۆڕانکاریەکی

(١) مەبەستمان لە دوژمنانی کورد، حکومەتەکانی ( ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا ) یە.

گەورەی تری جیهانی. هەموو ئەو هۆکارانە وایان کرد کە لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا (١٩٣٩ـ١٩٤٥)، چەند گروپ و ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی دابمەزرێن.

لە (١٩٣٨) دا لە سلێمانی، کۆمەڵەی برایەتی بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود دامەزرا، کە بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد تێدەکۆشا، بەڵام سنوری چالاکیەکانی تەنها ناو شاری سلێمانی بوو. لە کەرکوکیش کۆمەڵەیەکی تر دامەزرا لە لایەن هەندێ خوێندکار و کەسانی رۆشنبیر بە ناوی کۆمەڵەی دارکەر، کە دروشمە نەتەوەییەکەی بریتی بوو لە (( خەبات کردن لە پێناو ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق و سەربەخۆیی هەموو کوردستان )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل١٧٠ ـ ١٧١ ). دواتر ناوی ( کۆمەڵەی دارکەر) گۆڕا و بوو بە ( حیزبی هیوا ). رەفیق حیلمی لەو باوەڕەدا بوو کە ڕێبەرانی حیزبی هیوا پشتیان بە ئینگلیز بەستبوو بۆ هێنانە دی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەڵام دوای کۆنگرەی (١٩٤٥) ی حیزبی ناوبراو[1]، هەڵوێست و تێڕوانینەکانی گۆڕا ( کوردی تورکیا،ل١٨١ ).

سەبارەت بە دروشمەکەی ( کۆمەڵەی دارکەر )، کە بریتی بوو لە (( خەبات کردن لە پێناو ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق و سەربەخۆیی هەموو کوردستان )). دەستەواژەی ( ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق ) لەگەڵ دەستەواژەی ( سەربەخۆیی هەموو کوردستان )، دژ یەکیەکی زۆری پێوە دیارە. بۆیە پێناچێ دروشمەکەی بەم جۆرە بووبێ. وە ئەگەر ئەم زانیاریە بە تەواوی دروستیش بێ، ئەوا بە بۆچوونی من، مەبەستی کۆمەڵەی ناوبراو لە بەرزکردنەوەی ئەم دروشمەدا، بریتی بووە لە سەرەتا خەبات کردن بۆ بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی لە ( کوردستانی عێراق ) دا وەك ئامانجێکی نزیك، ئینجا بەدی هێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ وەك ئامانجێکی دوور. لەبەرئەوەی ناوی کۆمەڵەکە زوو گۆڕا بـۆ حیزبی هیوا، ناتوانین هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ خەبات و خواستە سیاسیەکانی بکەین. چونکە حیزبی هیوا لە رووی ئامانج و رێبازی سیاسیەوە، زۆر جیاواز بوو لە کۆمەڵەی دارکەر.

---

(١) لە هەمان ساڵدا (١٩٤٥) حیزبی هیوا هەڵوەشایەوە. ئەمەش دوای شکست هێنانی جولانەوەکەی مستەفا بارزانی (١٩٤٣ــ١٩٤٥) بوو ، کە حیزبی هیوا رۆڵێکی گەورەی تێدا بینی.

حیزبی هیوا هەوڵی دەدا سەرنجی بەریتانیا بە لای پرسی نەتەوەی کوردا ڕاکێشێ، وە لە جەنگی جیهانی دووەمدا پشتیوانی لە هاوپەیمانان دەکرد. بۆیە گومانی زۆر دروست بووە لەسەر جۆری پەیوەندی ئەم حیزبە لەگەڵ ئینگلیزدا.

لەبەرئەوەی سەردەمی دەرکەوتنی حیزبی هیوا، دەکەوێتە ماوەی ساڵەکانی جەنگی جیهانی دووەم، بۆیە لە دەروازەکانی داهاتوودا، تیشک دەخەینە سەر ئامانجەکانی حیزبەکە و باس لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی دەکەین لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا، بە تایبەتی لە جوڵانەوەکەی مستەفا بارزانیدا (١٩٤٣ـ١٩٤٥).

# دەروازەی دوازدەهەم
# ئامانجەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باکوری کوردستاندا
# لە نێوان سالانی (١٩٢٦ ـــ ١٩٣٩)

## بەشی یەکەم :
## هەوڵەکانی ( خۆیی بوون ) بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لــە باکــوری کــوردستانــدا

دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، کورد لە باکوری کوردستاندا رووبەڕووی دۆخێکی زۆر دژوار بووەوە. تورك توانی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دەستەلاتەکەی بسەپێنێ بەسەر ناوچە کوردیەکاندا. لە (١٩٢٦) دا رێکەوتننامەیەك لە نێوان عێراق و تورکیادا واژۆکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوریەکانی نێوانیان. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم رێکەوتننامەیە، بریتی بوو لە هەماهەنگی کردنی نێوانیان بۆ سەرکوت کردنی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باکور و باشوری کوردستاندا، کە ئەمە دۆخی بزافی نەتەوەیی کوردی زۆر دژوارتر کرد.

لە پێناو رزگاربوون لەو دۆخە ترسناکەی کە رووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی ببووەوە، دەستەبژێری کوردی کەوتە هەوڵدان بۆ گرتنەبەری شێوازێکی تازەی خەبات، کە جیابێ لەو شێوازانەی لە کۆندا پەیڕەویان لێ کراوە. دوای شکستەکەی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ژمارەیەکی زۆر لە خەباتگێر و نیشتیمان پەروەرانی کورد بە ناچاری روویان لە سوریا کرد. دکتۆر ئەحمەد سەبری بە مەبەستی سازدانی کۆبوونەوەیەك، بانگهێشتی ئەو سەرۆك هۆزە کوردیانەی کرد کە لە نیوەی دووەمی (١٩٢٦) دا پەنایان بۆ سوریا برد بوو، لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر بەردەوام بوون لە تێکۆشان لە پێناوی سەربەخۆیی گەلی کوردا. هەروەها بڕیاردرا داوای یارمەتی لە دەوڵەتێکی ئەوروپی بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە فەرەنسا دەست نیشان کرا ( دەربارەی جولانەوەی کورد...،ل٤٦ ). هەڵبژاردنی فەرەنسا بۆ ئەوەی داوای لێ بکرێ هاوکاری کورد بکات، رەنگە پەیوەندی بەم دوو هۆکارەوە هەبوو بێ ١) لە سوریادا فەرەنسا بالادەست بوو، کورد نەیدەتوانی لەو

وڵاتەدا هیچ جوڵانەوەیەك رێك بخات بەبێ رەزامەندی دەوڵەتی فەرەنسا ٢) کورد بێ ئومێد ببوو لە پشتیوانی بەریتانیا. بۆیە بە ناچاری پەنایان بردۆتە بەر فەرەنسا.

لە درێژەی کار و چالاکیەکانی کوردانی باکور لە سوریادا[١]، ژمارەیەك لە کەسایەتی و چالاکوانانی سیاسی وەك نوێنەری گروپ و رێکخراوە کوردیەکان، لەگەڵ هەندێ لە سەرۆك هۆزەکان، کۆبوونەوەیەکی فرەوانیان ئەنجامدا لە ساڵی (١٩٢٧) دا. لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی سیاسی کوردیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، وە چەند بڕیارێکی گرنگیان دا لە بارەی ئەوەی کە پێویستە کورد چی بکات بۆ رزگاربوون لەو ستەمە گەورەیەی کە رووبەڕووی بووەتەوە. یەکێك لەو بڕیارە گرنگانە، بریتی بوو لە بە رەسمی هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم گروپ و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردی لە باکوری کوردستاندا. لەبری ئەوە رێك کەوتن لەسەر دروست کردنی رێکخراوێکی سیاسی تازە کە نوێنەرایەتی هەموو گەلی کورد و رەوتە سیاسیەکانی بکات لە باکوری کوردستاندا، ئەم رێکخراوە ناونرا ( خۆیی بوون )، کە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەوە بوو، خۆی لە مۆرکی ئاینی بە دوور گرت و هیچ پیاوێکی ئاینی نەخستە ناو دەستەی سەرپەرشتیاری رێکخراوەکەوە. ئەم رێکخراوە تاڕادەیەکی باش توانی خۆی لە کاریگەری پەیوەندیە خێڵەکیەکانیش بە دوور بگرێ.

مەڵبەندی سەرەکی رێکخراوەکە لە کوردستانی رۆژئاوا بوو. چونکە کوردستانی باکور لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە شێوەیەکی زۆر توند و ستەمکارانە کۆنترۆڵ کرابوو. کەچی لە کوردستانی خۆرئاوادا تاڕادەیەك ئازادی سیاسی بوونی هەبوو، کە ئەمەش پەیوەندی بە سیاسەت و شێوازی بەڕێوەبردنی فەرەنسیەکانەوە هەبوو[٢]. کوردەکانی خۆرئاوا رۆڵێکی بەرچاویان لە ریزی ( خۆیی بوون ) دا بینی، هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ یەکەم : مەڵبەندی سەرەکی رێکخراوەکە لە کوردستانی خۆرئاوا بوو دووەم : بەشێکی زۆر لە کوردانی خۆرئاوا لەو بڕوایەدا بوون کە چارەنووسی کوردستانی خۆرئاوا، بەستراوەتە بە چارەنووسی پرسی کورد لە کوردستانی باکوردا.

---

(١) مەبەست لەو کوردانەی باکورە، کە بەهۆی رووداوە سیاسیەکانی تورکیاوە، پەنایان بردبووە بەر سوریا.

(٢) سوریا کە لەژێر دەستی فەرەنسادا بوو، فەرەنسیەکان تا ئەو رادەیە رێگەیان بە ئازادیە سیاسیەکان دەدا، کە مەترسیان پێك نەهێنا بوایە لەسەر بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانیان لە وڵاتەکەدا.

خۆیی بوون هەوڵی دەدا خۆی بە دوور بگرێ لە سۆز و هەڵچوونی نەتەوەیی. بۆیە خۆی پاراست لە هەڵگرتنی دروشمی سیاسی گەورە، کە ببێتە هۆی کێشە و دەردەسەری بۆی. هەر بۆیە هەوڵ و تواناکانی خۆی تەرخان کرد، تەنیا بۆ خەبات کردن لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکوری کوردستاندا، وە بە هیچ جۆرێ باسی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد نەدەکرد لە بەشەکانی تری کوردستاندا. لە بارەی پرسی نەتەوەیی کورد لە رۆژئاوا و باشوری کوردستاندا، رێبەرانی ( خۆیی بوون ) رایانگەیاند : رازی و خۆشحاڵین بەو مافانەی کە بەپێی بڕیارەکانی سایەنشینی بە کوردی ئەم دوو وڵاتە دراوە، وە خوازیاری مافی سیاسی پتر نین بۆیان ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل١٩٩ ). مەبەستی سەرەکی رێبەرانی ( خۆیی بوون ) لەم راگەیاندنەدا، خۆ بەدوور گرتنیان بوو لە دژایەتی هەردوو وڵاتی زلهێز ( فەرەنسا و بەریتانیا )[١]، کە ئەمەش زیرەکی و دانایی رێبەرانی ( خۆیی بوون ) ی دەسەلماند لە رووی سیاسی و دبلۆماسیەوە.

وەك باسمان کرد سنوری خەبات و تێکۆشانی ( خۆیی بوون )، تەنیا باکوری کوردستان بوو. کەچی سەرچاوە مێژووییەکان بە چەندین شێوە باسیان لە ئامانجە نەتەوەییەکانی ( خۆیی بوون ) کردوە، بەم شێوەیەی خوارەوە[٢] :

دکتۆر گوینتەر دیشنەر لەو بارەیەوە دەڵێ (( ئامانجی ( خۆیی بوون ) بریتی بوو لە خەبات کردن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، یان بە لایەنی کەمەوە وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە )) (کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل١٠٣ـ١٠٤). خۆیی بوون، ئەم ئامانجەی بە دیاری کراوی بۆ کوردستانی باکور بووە. بەپێی زانیاریەکەی دکتۆر گوینتەر بێ، ئەوا ( خۆیی بوون ) هەوڵی داوە سەربەخۆیی لە کوردستانی باکوردا بەدی بێنێ. وە ئەگەر ئەم ئامانجەشی بۆ نەهاتە دی، ئەوا دەیەویست بە لایەنی کەمەوە، ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستانی باکور بەدەست بێنێ لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتی تورکیادا.

---

(١) بەو پێیەی کە سوریا لە لایەن فەرەنساوە سەرپەرشتی دەکرا و، عێراقیش لە لایەن بەریتانیاوە.

(٢) پێدەچێ بەهۆی کاریگەر بوونیان بە سروشتی شۆرشگێڕانەی رێکخراوەکە، سەرچاوە مێژووییەکان کەوتبنە هەڵە لە دیاری کردنی ئامانجە سیاسیەکانی ( خۆیی بوون ) دا.

هەرچی مێژوونووسی ئێرانی حەسەن ئەرفەعە، لە بارەی رۆڵ و ئامانجی رێکخراوی ( خۆیی بوون ) وە دەڵێ (( حیزبی ( خۆیی بوون )، رێکخراوێکی ناسیونالیستی کوردی بوو کە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هاتبووە کایەوە. ستراتیجیەتی ئەم رێکخراوە، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە بوو )) ( کوردەکان،ل١٧٨ ). وەك باسمان کرد خۆیی بوون ، هەوڵ و تواناکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لە باکوری کوردستاندا. بۆیە ناتوانین پشتگیری لەم بۆچوونەی سەرەوەی ( حەسەن ئەرفەع ) بکەین.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی تری ( خۆیی بوون ) ئەوەبوو، هەوڵی دەدا بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانا ناوخۆییەکانی گەلی کورد ببەستێ، نەك بە یەکێك لە هێزە دەرەکیەکان، کە بە کردەوەش لە راپەرینەکەی ( ئاگری داخ ) دا ئەم ئەزموونەی تاقی کردەوە.

لە نیسانی ١٩٢٨ دا ( خۆیی بوون ) بەیانێکی بڵاو کردەوە، کە تێیدا هاتبوو (( خۆیی بوون، ئامرازێك نیە بەدەستی دەوڵەتانی بێگانەوە. تاکە ئامانجی بریتیە لە رزگارکردنی گەلی کورد لە داگیرکاری تورك و گۆڕینی کوردستان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. وە ( خۆیی بوون ) بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، پشت بەهێزی تایبەتی خۆی دەبەستێ )) ( الحرکة الکوردیة...،ص١٩٩). خۆیی بوون لەم راگەیاندنەیدا جەختی لەوە کردۆتەوە، کە بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی، پشت بە هیچ هێزێکی دەرەکی نابەستێ. چونکە نەیدەویست ببێتە کارتێکی سیاسی، بەدەست لایەنە دەرەکیەکانەوە.

خۆیی بوون زۆر پەرۆشی ئەوەبوو، کە ئاشتیەکی راستەقینە بێنێتە کایەوە لە نێوان هەردوو گەلی کورد و ئەرمەندا ( دۆزی کورد،ل٥٥ ). چونکە بەهۆی رووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، رق و دژایەتیەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو گەلەدا دروست ببوو. بۆیە هەوڵی دەدا کە هەردوو نەتەوە ( کورد و ئەرمەن )، خەباتەکەیان یەکبخەن دژ بە دوژمنی هاوبەشیان ( کە تورك بوو ). ئەم هەوڵەی ( خۆیی بوون ) تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوو. چونکە توانی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ( تاشناق ) دا دروست بکات، کە رێکخراوێکی شۆڕشگێری ئەرمەنی بوو، خەباتی دەکرد بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی ئەرمەن، وە تورکی بە دوژمنی سەرەکی گەلەکەی ئەژمار دەکرد.

یەکێتی سۆڤیەت بە چاوێکی دوژمنکارانە دەیڕوانیە ( خۆیبوون )، وە بە بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزمی لە قەڵەم دەدا ( المسألة الكوردية...،ص١٧٨ ). دژایەتی سۆڤیەت بۆ ( خۆیبوون )، دەگەڕایەوە بۆ ئەم سێ هۆکارە سەرەکیەی خوارەوە :

یەکەم : خۆیبوون هەوڵی دەدا خۆی لە دژایەتی فەرەنسا و بەریتانیا بە دوور بگرێ. کە ئەم دوو وڵاتەش لە ڕوانگەی سۆڤیەتەوە، پێشەنگی ( سیستەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی ) جیهانی بوون.

دووەم : خۆیبوون، حکومەتی کەمالیەکانی بە دوژمنی سەرەکی کورد هەژمار دەکرد. ئەو کاتیش لە ڕوانگەی سۆڤیەتەوە، کەمالیەکان هێزێکی پێشکەوتووخوازی دژ بە ئیمپریالیزم بوون.

سێیەم : ئاڕادەیەك هەماهەنگیەکی باش لە نێوان ( خۆیبوون ) و ( تاشناق ) دا هەبوو. ئەو کاتیش ( تاشناق )، دوژمنی سەرەکی سۆڤیەت بوو.

لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانیدا، خۆیبوون بە کردەوە دەستی بە تێکۆشانی چەکداری کرد دژ بە دەوڵەتی تورکیا. بۆ ئەم مەبەستەش، جوڵانەوەیەکی چەکداری بەهێزی دروست کرد، کە لە مێژووی سیاسی کوردیدا ناسراوە بە ( شۆڕشی ئاگری داخ ). لە بەشی دووەمی ئەم دەروازەیەدا، هەوڵ دەدەین کورتە باسێکی لە بارەیەوە بخەینە ڕوو.

# بەشی دووەم :
# ئامانجە نەتەوەییەکانی جولأنەوەی ئاگری داخ[1]
# لە باکوری کوردستاندا

وەك باسمان کرد ( خۆیی بوون ) لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانیدا، بڕیاریدا لە یەکێك لە چیاکانی کوردستاندا جولأنەوەیەکی چەکداریدا دروست بکات، وە ( فەرماندەیەکی گشتی) شی بۆ گشت هێزە چەکدارەکان دیاری کرد ( کوردی تورکیا...،ل١٧٤ ).

ئامانجی سەرەکی جولأنەوەکە بریتی بوو لە رزگارکردنی کوردستان باکور. کە هەمان ئامانجی رێکخراوی ( خۆیی بوون ) بوو. لەبەرئەوەی ( ئاگری داخ ) شاخێکی سەخت و ستراتیجی بوو، بۆیە دیاری کرا بە مەڵبەندی جولأنەوە چەکداریەکە. واتە جولأنەوەکە بە شێوەیەکی خۆرسك لەوێوە دەستی پێ نەکردوە. بۆیە بە بۆچوونی من، ئەگەر بگوترێ ( جولأنەوەی ١٩٢٧ ی باکوری کوردستان )، رەنگە راستر بێ. وە ( ئیحسان نوری پاشا ) ش وەك فەرماندەیەکی سەربازی شارەزا، دیاری کرا بە فەرماندەی هێزە چەکدارەکان. واتە ناوبراو دروستکەری جولأنەکە نەبوو، بەڵکو تەنیا کارەکتەرێکی گرنگی نێو جولأنەوەکە بوو. بۆیە دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە، ئەگەر جولأنەوەکە ناو بنێین بە ( جولأنەوەی ئیحسان نوری پاشا ).

بەهۆی دۆخی بەش بەش بوونی کوردستانەوە، وڵاتە هەرێمیەکان[2] دژی بەرەو پێشچوونی پرسی کورد بوون لە گشت بەشەکانی کوردستاندا. ئەمەش وای لە سەرکردەکانی جولأنەوەکە کرد کە بە باشی نەزانن، داگیرکەرانی تری کوردستان بکەن بە دوژمنی خۆیان. بۆیە هەم هەوڵیاندا دۆستایەتی لەگەڵ ئێراندا دروست بکەن، بەو ئومێدەی لە کاتی پێویستدا بتوانن پشتی پێ ببەستن، هەمیش هەوڵیاندا عێراق و سوریا بەبێ لایەنی بهێڵنەوە لە ململانێی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیادا. بێگومان مەبەست لە عێراق و

---

(١) ئەم جولأنەوەیە بە چەندین شێوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی هاتووە، وەك شۆڕشی ئاگری داخ، شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا، شۆڕش یان جولأنەوەی ئارارات.

(٢) مەبەست لەو وڵاتانەیە کە داگیرکەری کوردستانن ( تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا ).

سوريا، زياتر بەريتانيا و فەرەنسا بوو، کە سەرپەرشتی ئەو دوو وڵاتەیان دەکرد بەپێی سیستەمی ( ئینتداب ).

شێوازی خەبات لە جوڵانەوەکەی ئاراراتدا بە جۆرێ بوو، هەوڵ دەدرا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانا ناوخۆییەکانی گەل ببەسترێ. ئینجا هەوڵ دەدرا لەسەر ئاستی دەرەکیدا، دۆست و پشتیوان بۆ جوڵانەوەکە پەیدا بکرێ. کە ئەمە پێچەوانەی زۆربەی جوڵانەوەکانی پێشووتری کورد بوو، کە سەرەتا هەوڵیان دەدا پشتیوانیەکی دەرەکی پەیدا بکەن، ئینجا لەسەر ئاستی ناوخۆدا هەنگاو بنێن.

لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، بزوتنەوەکە هەوڵی دەدا پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ هەندێ لایەنی هەرێمیدا دروست بکات، وەك ئەرمەن و ئێران و سۆڤیەت. لەگەڵ ئەرمەندا سەرکەوتوو بوو لە دروست کردنی پەیوەندی و هەماهەنگیدا، بەڵام لەگەڵ ئێران و سۆڤیەتدا سەرکەوتوو نەبوو. ئەرمەنەکان پێشوازیەکی باشیان لە جوڵانەوەکەی ( ئاگری داخ ) کرد، بەو ئومێدەی ببێتە هۆی لاوازکردنی تورك کە دوژمنێکی سەرسەختیان بوو. بۆیە رێکخراوی ( تاشناق ) ی ئەرمەنی، هەماهەنگیەکی بەهێزی لەگەڵ جوڵانەوەکەدا دروست کرد.

رێبەرانی جوڵانەوەکە ئومێدێکی زۆریان بـەوەبـوو کە بزوتنەوە چەکداریەکەیان درێژە بکێشێ، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێتە ناو پرسەکە و لە بەرژەوەندی کوردا بڕیارێکی دادوەرانە دەدات. بەڵام هاوکێشە سیاسیەکان بە جۆرێ گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، کە چیتر فاکتەری دەرەکی لە بەرژەوەندی کوردا نەبوو. چونکە هاوپەیمانان هەم دەستیان لە دژایەتی کردنی تورك هەڵگرتبوو، هەمیش چیتر لە بەرژەوەندیاندا نەبوو باس لە دروست کردنی قەوارەیەکی کوردی بکەن. لە سەر ئاستی ناوچەکەش، چەند رێکەوتنێك واژۆ کرابوون لە نێوان ( تورکیا ـ عێراق ) و ( تورکیا ـ ئێران ) دا، هەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەمیش بۆ رێکخستنی هەماهەنگی نێوانیان دژ بە جوڵانەوە رزگاریخوازەکان، کە بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەستیان جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی بوو.

دوای بەهێزبوونی جوڵانەوەکەی ئاگری داخ، حکومەتی تورکیا هەستی بە گەورەیی مەترسیەکە کرد. بۆیە هەوڵی دەدا لە رێگەی وتووێژەوە، هەندێ کات بەدەست بێنێ. بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی ئامادە کرد بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ ( ئیحسان نوری پاشا ) دا، بەڵام

ناوبراو ئەم سێ مەرجەی کە لە خوارەوەدا ئاماژەمان پێ کردوون، دانا بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆ :

١) گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەو هۆزە کوردیانەی کە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە راگوێزرا بوون بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی وڵات.

٢) گەڕاندنەوەی زەوی و زارە زەوتکراوەکانی کورد بۆ خاوەنەکانیان.

٣) هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دوورخستنەوەی رۆشنبیرە کوردەکان، بەرەو ناوچەکانی رۆژئاوای ئەنادۆڵ ( کوردی تورکیا،ل١٦٩ــ١٧٠ ).

راستە ناکرێ جوڵانەوەی کوردی بژاردەی وتووێژ رەت بکاتەوە، بەڵام دەبێ خۆی بڕیار لەسەر دەست نیشان کردنی کاتی وتووێژ بدات، نەك ئەویش[1] لە لایەن دوژمنەکانیەوە بەسەریدا بسەپێنرێ. چونکە ئەوەی ئاشتی دەسەپێنێ، دەبێ لایەنی ستەم لێکراو بێ نەك ستەمکار.

بەهۆی ناهاوسەنگی لە رووی چەندایەتی و جۆریەتیەوە لە نێوان هێزەکانی کورد و سوپای دەوڵەتی تورکیاوە، شۆڕشگێرانی کورد کەوتبوونە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. بۆیە رێبەرانی کورد داوای هاوکاریان لە چەندین وڵات و لایەن کرد، تاکوو فریای بەرخودانی کورد بکەون. لەم بارەیەوە لە ناوەراستی ئەیلولی (١٩٢٩) دا، سەید عەبدوڵلای کوڕی شێخ عەبدولقادری شەمزینی داوای لە هنری دوبس ( مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق ) کرد کە یارمەتی کوردەکانی باکور بدات، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو هاوکاری کورد بکات و داوای کرد کە کورد خەباتی خۆی دوا بخات دژی تورکیا و وتی : نامەوێ ئاشتی لەگەڵ تورکیادا بخەمە مەترسیەوە ( المسألة الكوردية...،ص٨٩ ). لە راستیدا بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی بەریتانیا، تورکیا زۆر گرنگتر بوو لە کورد. بۆیە ئامادە نەبوو لە پێناو کوردا، پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا تێکبدات.

یەکێك لەو وڵاتانەی کە رێبەرانی جوڵانەوەکە ئومێدێکی زۆریان پێبوو، یەکێتی سۆڤیەت بوو. کە هەم دراوسێی کورد بوو، هەمیش لە بانگەشە و راگەیاندنەکانیدا زۆر جەختی لەسەر مافی گەلانی ژێردەستە دەکردەوە. بۆیە رێبەرانی جوڵانەوەکە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ

---

(١) مەبەست ئەوەیە، وەك چۆن شەڕ لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەسەر کوردا سەپێنراوە، ناکرێ ئاشتیش هەموو جارێ لە لایەن ئەوانەوە بەسەر بزافی نەتەوەیی کوردیدا بسەپێنرێ.

بەدەست هێنانی پشتیوانی ئەم وڵاتە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. چونکە بەرژەوەندی سۆڤیەت لەوەدا بوو کە پەرە بە پەیوەندی دۆستانە بدات لەگەڵ تورکیادا. لەم بارەیەوە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتدا هاتووە : لە ساڵی (١٩٢٨) دا کوردەکان بە نهێنی نامەیەکیان بۆ کونسوڵی ئێمە لە ( ماکۆ ) ناردوە، کە ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی (( لە لایەن ( دەوڵەتی )[١] ئاراراتەوە، نامەیەك بە ژمارە (٢٤) و بە واژۆی من[٢] بۆ ئێوە نێردراوە، بەڵام هیچ وەڵامێك وەرنەگیراوە. سەرباری ئەوەش، تەتەرەکەمان هەر لەو ڕۆژەوە گیراوە و تا ئێستاش لە بەندیخانەی ( ماکۆ ) دایە. تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسی، ئەو ڕاستیەی بۆ ئێمە سەلماند کە بەبێ هاوکاری و یارمەتی ڕووسیای سۆڤیەت، گەلی کورد ناتوانێ ڕزگاری نەتەوەیی خۆی دەستەبەر بکات )) ( کورد لە ئەرشیفی...،ل٣٤ ).

دوای پەرەسەندنی ڕووبەڕوو بوونەوە چەکداریەکان لە نێوان سوپای تورکیا و هێزە کوردیەکاندا، هێزەکانی کورد بە ناچاری پاڵیان دایە بەرزایەکانی ئارارات. بەپێی زانیاریەکانی کریس کۆچێرا، لەوێ ئیحسان نوری پاشا و یاوەرانی (( کۆماری کوردی ئارارات )) یان ڕاگەیاند ( کورد لە سەدەی نۆزدە و...،ل١٩٩ ). ئەگەر گریمان ئەم زانیاریەش ڕاست بێت، ئەوا کۆمارەکە لە ڕووی کردەییەوە، تەنیا ناوێکی گەورە بووە بەبێ ناوەڕۆك.

سۆڤیەت نەك هەر ئامادە نەبوو هاوکاری جوڵانەوەکەی ئاگری داخ بکات، بەڵکو دژی دروست بوونی خودی جوڵانەوەکەش بوو. کە پێدەچێ ئەم هەڵوێستەی سۆڤیەت، پەیوەندی بەم سێ هۆکارەی خوارەوە هەبوو بێ :

١) بەهێزبوونی جوڵانەوەی کوردی لە باکوری کوردستاندا، بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەتی لە تورکیادا دەخستە مەترسیەوە.

٢) سۆڤیەت هەموو ئەو جوڵانەوە کوردیانەی کە خۆی دەستی نەبوو لە دروست بوونیاندا، بە دەستکرد و بەکرێ گیراوی بەریتانیای لە قەڵەم دەدان.

---

(١) ئەگەر ڕێبەرانی جوڵانەوەکەش ( کۆماری کوردی ئارارات ) یان ڕاگەیاند بێ، بەڵام لە ڕووی کرداریەوە، هەرگیز ناتوانین ئەو پێگەیەی کە دەستەڵاتی کوردی هەیبوو لە ئاراراتدا، وەك دەوڵەتێکی ڕاستەقینە وێنای بکەین.

(٢) پێدەچێ مەبەست لە ( ئیحسان نوری پاشا ) بێت، کە سەرکردایەتی جوڵانەوە چەکداریەکەی دەکرد.

٣) جوڵانەوەکەی ( ئاگری داخ ) هەماهەنگیەکی باشی هەبوو لەگەڵ ( تاشناق ) ی ئەرمەنیدا، کە ئەم ڕێکخراوە دژایەتیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ سۆڤیەتدا.

سەرەڕای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، کەچی جوڵانەوەکە سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەست هێنانی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. جگە لەمەش بەهۆی ناهاوسەنگی هێزەوە، شۆڕشگێڕانی کورد کەوتبوونە دۆخێکی زۆر مەترسیدارەوە. بۆ رزگاربوون لەو رەوشە ترسناکەی کە تێی کەوتبوون، سەرکردایەتی جوڵانەوەکە لە (١٩٣٠) دا بانگەوازێکی ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردی و وڵاتانی جیهان کرد، کە لە بەشێکی بانگەوازەکەدا هاتبوو (( برا کوردەکانمان دەست و برد بکەن و بیسەلمێنن، کە شایستەی ئەوەن رۆڵەی نەتەوەیەکی گەورە بن. چۆن قایل دەبن رۆڵەی گەلی کورد و نەجیب و خانەدان، وەکوو کۆیلە و بەندە لەژێر نیری تورکەکاندا بژی. ئەو تورکانەی بەڵێنیان داینێ، کە ئێمەش دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان هەبێ لە نێوان عێراق و تورکیادا..... وەرنە ریزی ئەو خەباتەوە کە لە پێناوی رزگارکردنی براکانمان لە چنگی داگیرکەری تورك، دەستمان داوەتێ. بەشداری بکەن لە رزگارکردنی ئەم خاکەکەدا کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین )) ( کورد گەلی لـە خشتەبراوی ...،ل١٠٧ ).

مێژوونووسی ئێرانی ( حەسەن ئەرفەع ) لە بارەی جوڵانەوەکە دەڵێ (( کوردەکان لە شۆڕشی ( ئیحسان نوری پاشا ) لە ١٩٣٠ دا، دوای تێکشکانیان لە بەرامبەر سوپای تورکیادا کشانەوە ئارارات. کە دەیانەویست لەم ناوچەیەدا پێگەیەکی قایم و پتەو دابمەزرێنن و پاشان سەربەخۆیی خۆیان رابگەیێنن، تاکوو بەو جۆرە لە لایەن کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان و زۆربەی دەوڵەتانی لایەنگریانەوە بە رەسمی بناسێندرێن و پشتگیریان لێ بکرێ )) ( کوردەکان،ل٦٩).

هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان لە کاتی ( جوڵانەوەی ئاگری داخ ) دا، تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی تورکیادا بوو نەك کورد. بۆیە دوای بەرخودانێکی زۆر، بەهۆی ناهاوسەنگی هێز و نەبوونی پشتگیری دەرەکیەوە [1]، سوپای تورکیا توانی جوڵانەوەکە سەرکوت بکات.

---

(١) تەنیا ئەوە پشت راست کراوەتەوە، کە ( تاشناق ) ی ئەرمەنی هەماهەنگیەکی باشی لەگەڵ جوڵانەوەکەی( ئاگری داخ ) دا هەبووە. جگە لەمە دیار نیە کە هیچ وڵات و لایەنێکی دەرەکی تر، هاوکاری جوڵانەوەکەی کردبێ.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە تورکیا توانی بە هۆیەوە سەرکەوتن بەسەر جوڵانەوەکەدا بەدەست بێنێ، هاوکای کردنی بوو لە لایەن چەند وڵاتێکی هەرێمیەوە، وەك ئێران و سۆڤیەت. کە هاوکاریەکانیان بۆ تورکیا، کاریگەریەکی زۆری لەسەر دەرنجامی ملمڵانێیەکە هەبوو.

هەر لە بارەی جوڵانەوەکەوە، حەسەن ئەرفەع لە شوێنێکی تردا دەڵێ (( کوردەکان لە شۆڕشی ( ئیحسان نوری پاشا ) دا لە پێناو ( بیرۆکەی ناسیونالیستی کوردی ) دا تێدەکۆسان، کە ئامانجیان سەربەخۆیی یان جۆرێ لە ئۆتۆنۆمی فرەوان بوو )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٧٢ ). دەتوانین بڵێین، هەست و بیری نەتەوەیی لە لایەن ڕێبەرانی جوڵانەوەکە بە شێوەیەکی باش پەرەی سەند بوو، بە بەڵگەی ئەوەی زۆر پێیان لەسەر تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی کورد دادەگرت، وە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە تاکە ڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەم و ژێردەستەیی کورد، بریتیە لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی تورك لە کوردستان و پێك هێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی.

زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە ئامانجی جوڵانەوەکەی ئاگری داغ، بریتی بووە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە باکوری کوردستاندا. جوڵانەوەکە دەیەویست لە ڕێگەی بەکار هێنانی هێزەوە، کۆتایی بە دەسەڵاتی تورك بێنێ لە کوردستانی باکوردا. بۆیە زۆر ڕێی تێناچێ، داوای ئۆتۆنۆمی کوردستانی کردبێ لە چوارچێوەی تورکیادا.

بەهۆی شکستی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران، جوڵانەوەی کوردی لە باکور کوردستاندا دووچاری نسکۆیەکی زۆر گەورە بوو، بەڵام نیشتیمان پەروەرانی کورد بە تەواوی تووشی بێ ئومێدی نەبوون. کەچی دوای سەرکوت کردنی جوڵانەوەکەی ( ئاگری داغ ) لە لایەن سوپای تورکیاوە، نیشتیمان پەروەرانی کورد تووشی بێ ئومێدیەکی زۆر گەورە بوون. بە تایبەتی کە جوڵانەوەکە ئامادەکاریەکی زۆری بۆ کرابوو، وە نەخشە و بەرنامەیەکی زۆر باشی بۆ دارێژرا بوو. بەهۆی شکستی جوڵانەوەی ئاگری داغ، بزاڤی نەتەوەیی لە باکوری کوردستاندا بە درێژایی چەندین دەیە دووچاری پاشەکشەیەکی مەترسیدار بووەوە.

# دەروازەی سێزدەهەم
# جوڵانەوەی بارزانیەکان و بزافی کوردانی رۆژهەڵات لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا

## بەشی یەکەم
## بەرجەستە بوونی ئامانجە نەتەوەییەکان لە جوڵانەوەی بارزانیەکاندا (١٩٤٣ـــ١٩٤٥)

لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوودا رێگە بە ( خانەوادەی بارزانی ) یەکان[١] درابوو کە لە سلێمانی نیشتەجێ بن، دوای بەسەربردنی چەندین ساڵ لە دەربەدەری لە باشوری عێراقدا. بەهۆی رووداوەکانی جەنگی جیهانیەوە، دۆخی ناوخۆی وڵات دووچاری ناسەقامگیری هاتبوو، مەلا مستەفا ئەم هەلومەرجەی بە دەرفەت زانی و گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی. هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە ناوبراو بە هاریکاری حیزبی هیوا توانیویەتی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان. سەرەتا وای بانگەشە دەکرد کە ئامانجی ئەو تەنیا ئەوەیە بە ئۆقرەیی لە ناوچەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام دواتر لە چەندین کێشە و ململانێ تێوەگلا.

کە باس لە جوڵانەوەی بارزانیەکان (١٩٤٣ـ١٩٤٥) دەکرێ، نابێ باس لە ( حیزبی هیوا) ش نەکرێ. ئەم حیزبە لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا (١٩٣٩)، بە دەستپێشخەری هەندێ ئەفسەر و خەڵکی رۆشنبیر دامەزرا، لە دەرنجامی دەرکردنی بڕیارێك لە لایەن گروپ و رێکخراوە کوردیەکان، کە سەرجەمیان خۆیان لە یەك حیزبدا تواندەوە. لەبەرئەوەی دامەزراندنی حیزبی هیوا، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم. بۆیە پرسیار و گومانی زۆر لە بارەی چۆنیەتی دامەزرانی حیزبەکە دروست بووە، گەورەترین گومان لە لایەن کەسانێکەوە بوو کە پێیان وابوو بەریتانیا لە پشت دروست بوونی ئەم حیزبە دایە. بۆ سەلماندنی گومانەکەیان، باسیان لەم دوو پاساوەی خوارەوە دەکرد

(١) مەبەست لە خانەوادەی شێخانی بارزانە.

یەکەم : بەریتانیا لە پێناوی ئەوەی بتوانێ بە باشی چاودێری هەر جولانەوە و چالاکیەکی کوردانی عێراق بکات، وە رێگە بگرێ لەوەی لە کاتی جەنگدا یاخیبوونێکی کوردی سەرهەلبدات، کە لە کۆنترۆلی ئەو دەربچێ و ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی و ئۆقرەیی لە عێراقدا، هەستاوە بە هاندانی دۆستەکانی لەنێو کوردانی باشوردا بۆ دروست کردنی رێکخراوێکی نەتەوەیی، کە هەم سەرکردایەتی بزافی نەتەوەیی کوردی بکات، هەمیش نەبێتە مەترسیەکی گەورە لەسەر سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی لە عێراقدا دووەم : حیزبی هیوا دژی ( نازیەت و فاشیەت ) دروشمی بەرزکردەوە (کوردی تورکیا،ل١٨١). وە بە ئاشکرا لە کاتی جەنگی جیهانیدا، پشتیوانی خۆی دەردەبڕی بۆ بەرەی هاوپەیمانان.

لە راستیدا ئێمە ناتوانین راستی و ناراستی ئەم بانگەشەیە بسەلمێنین، کە گوایە بەریتانیا لە پشت دروست بوونی ( حیزبی هیوا) وە بووە. بەلام مێژووی بەریتانیا و هێزە ئیمپریالیزمەکان، پڕە لە نەخشە و پلانی لەم شێوەیە کە لە ولاتانی ژێردەستەدا جێبەجێیان کردوە. سەرەڕای ئەوەش دوورنیە حیزبی هیوا وەك رێکخراوێکی خۆرسك، دوور لەهەر دەستێکی دەرەکی دروست بووبێ. بە تایبەتی کە حیزبەکە زۆر پەرۆش بووە بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

راستە حیزبی هیوا زۆری مەبەست بووە، کە پشتیوانی بەریتانیا بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عێراقدا بەدەست بێنی، بەلام کاتێ بەریتانیا بە تەواوی چووە پال حکومەتی عێراقی بۆ کۆتایی هێنان بە جولانەوەی بارزانیەکان، حیزبی هیوا هانای بردە بەر (ئەمریکا ) و سکالای لە هەلوێست و رەفتارەکانی بەریتانیا کرد بەرامبەر بە کورد لە عێراقدا. ئەمەش تارادەیەکی زۆر ئەو گومانە خراپانە دەڕەوێنێتەوە کە بەرامبەر بە حیزبەکە هەبوون.

حیزبی هیوا لە سەرەتادا داوای سیستەمێکی ( لامەرکەزی ) دەکرد بۆ کوردستانی عێراق، بەلام دواتر دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) بەرز کردەوە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەولەتی عێراقدا.

دوای لکاندنی ویلایەتی موسل بە دەولەتی تازە دروست کراوی عێراقەوە، کورد بەرە بەرە بێ ئومێد بوو لە دامەزراندنی دەولەتێکی نەتەوەیی. بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ ئەو ئاراستەیە بەهێز دەبوو، کە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دەکرد لە چوارچێوەی

عێراقدا. ( حیزبی هیوا ) ش بڕوای بە چارەسەر کرنی پرسی کورد هەبوو لە چوارچێوەی سنوری جوگرافی عێراقدا.

دوای سەرهەڵدانی کێشە و ململانێ لە نێوان بارزانی و حکومەتی عێراقدا، حیزبی هیوا بە کردەوە کەوتە پشتیوانی کردنی جولانەوەکە[1]. بارزانی ئەزموونی سیاسی کەم بوو، بۆیە تەنیا چەند داخوازیەکی لۆکاڵی هەبوو بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی. حیزبی هیوا توانی کارتێکردنێکی سیاسی زۆر لەسەر کەسایەتی مەلا مستەفا دروست بکات. ئەمەش وای کرد کە بارزانی بنمیچی داخوازیەکانی بەرزتر بکاتەوە، وە لە دانوستانەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقدا، هەندێ داخوازی نەتەوەیی بخاتەروو. وە هەوڵیدا سەرنجی سەفارەتی بەریتانیا بەلای کێشە و مەینەتیەکانی کوردا رابکێشێ، وە داوای دەستەڵاتێکی ( لامەرکەزی ) کرد بۆ ناوچە کوردیەکانی عێراق ( شۆرشەکانی کورد و...،ل١٧١ ). بەمەش جولانەوەکەی بارزانی، تاڕادەیەك مۆرکێکی نەتەوەیی وەرگرت. پێدەچێ داواکردنی ( لامەرکەزی ) لە لایەن مەلا مستەفاوە، لەژێر کاریگەری ( حیزبی هیوا ) دا بووبێ.

بارزانی بە هاوکاری حیزبی هیوا، چەندین روونکردنەوە و پەیامی ئاراستەی رای گشتی عەرەبی و سەفارەتی ولاتان کرد لە بەغدا، تێیدا دۆخی سیاسی کوردستان و خواستە نەتەوەییەکانی کوردی خستبووە روو. بەمەش دەردەکەوێ کە حیزبی هیوا و بارزانی، بایەخێکی زۆریان بە کاری دبلۆماسی داوە، ویستویانە لە رێگەی ئاگادار کردنەوەی سەفارەتی دەوڵەتانی بێگانە لە رەوشی خراپی کورد، سۆز و پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو پرسی نەتەوەیی کورد رابکێشن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، داواکردنی ( سیستەمی لامەرکەزی ) لە ئاست گەورەیی و ئاڵۆزی کێشەی نەتەوەیی کوردا نەبوو.

بەر لە دەست پێکردنی کردەوە سەربازیەکانی سوپای عێراقی بەرامبەر بە هێزی بارزانیەکان لە (١٩٤٥) دا، بارزانی بانگەوازێکی ئاراستەی رای گشتی عەرەبی کرد، کە تێیدا هاتبوو « حکومەت راستی دەشارێتەوە و زانیاری درۆ بلاو دەکاتەوە. کورد قوتابخانە و نەخۆشخانە و دەرمانخانەی زیاتری دەوێ، لەگەڵ رێگەی تازە و ئازادی بیروڕا و لەناوبردنی هەژاری لە کوردستاندا. بەڵام حکومەت وەلامی خواستەکانی کورد دەداتەوە، لە رێگەی

---

[1] (١) مەبەست لە جولانەوەی بارزانیەکانە (١٩٤٣ــ١٩٤٥).

ناردنی سوپا بۆ سەپاندنی ویستەکانی بەسەر گەلی کوردا )) ( الحركة الكوردية في...، ص٢٣٤ ). بە گوێرەی ئەم پەیامەی بارزانی بێ، کورد تەنیا داوای هەندێ چاکسازی ئیداری و سیاسی کردوە لە عێراقدا. کە داواکان ئەوەندە گەورە و مەترسیدار نەبوون، تاکوو شیاوی ئەوە بن بە هێزی سەربازی وەڵام بدرێنەوە.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە ئابی (١٩٤٥) دا لە نێوان بارزانیەکان و سوپای عێراقدا، بارزانی پەیامێکی ئاراستەی سەفارەتی وڵاتە گەورەکان کرد لە بەغدا، کە تێیدا هاتبوو (( لەو کاتەی کە نامەتان بۆ دەنووسم، منداڵ و ژنی ئەم ناوچەیە [١] دەمرن بە بۆمبەکانی حکومەتی عێراقی. بۆیە داواتان لێ دەکەم کە ئەم رووداوانە بگەیەننە حکومەتەکانتان. ئەم پێشێلکاریانە دژی پەیماننامەی ئەتلەسیە، کە بەپێی ئەوە هەموو گەلێك مافی دیاری کردنی چارەنووسی هەیە. وە پێویستە لەسەر حکومەتەکانتان، رێگە بە دکتاتۆریەتی عێراقی نەدەن کە بەردەوام بێت لەسەر ستەمەکانی )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٥ ). باسکردنی بارزانی لە مافی دیاری کردنی چارەنووس، بەو مەبەستە نەبووە کە ناوبراو داوای سەربەخۆیی کردبێ. بەڵکو مەبەستی لە مافی رەوای کورد بووە لە دیارکردنی شێوەی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی لە چوارچێوەی عێراقدا.

عەلائەدین سەجادی باس لەوە دەکات، کە حیزبی هیوا لەگەڵ مەلا مستەفادا رێك کەوت، کە داخوازیەکانی ناوبراو لە حکومەتی عێراقی و ئینگلیز ئەمانەی خوارەوە بن :

١) دروست کردنی هەرێمێکی تایبەت بە کوردستان، کە ببێ بەم پێنچ لیوایە ( کەرکوك، هەولێر، سلێمانی، خانەقی، دهۆك ) [٢] .
٢) دانانی وەزیرێکی کورد لە کابینەی حکومەتی ناوەندیدا، بۆ ئەوەی کاروباری ناوچە کوردیەکان بەڕێوە بەرێ.
٣) دانانی کوردێك بە یاریدەدەری وەزیر لە هەموو وەزارەتەکاندا.
٤) زمانی کوردی ببێ بە زمانی رەسمی لە ناوچە کوردیەکاندا.
٥) بەرەوپێش بردنی کەرتی ئابوری و کشتوکاڵ لە کوردستاندا.

---

(١) مەبەستی مەلا مستەفا، ناوچەی بارزانە.

(٢) دهۆك لە (١٩٦٩) دا لە لایەن ئەحمەد حەسەن بەکر ( سەرۆك کۆماری عێراق ) کرا بە پارێزگا. گوایە مەبەست لەو بڕیارە، کەم کردنەوەی رێژەی چڕی دانیشتوانی کورد بووە لە پارێزگای موسڵ.

٦) لایەنەکانی ( سەرباز و پۆلیس و دارایی )، وەك خۆیان بمێننەوە و تایبەت بن بە ناوەند .

ئەم داخوازیانە لە لایەن ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکان پەسەند کران و دران بە حکومەتی عێراقی و ئینگلیز ( کوردەکان،ل١٧٦ ).

بە سەرنجدان لەم داخوازیانەی سەرەوە، جۆری ئەو قەوارە سیاسیە دیاری نەکراوە کە بارزانی داوای کردوە. بەڵام بە وورد بوونەوە لە سەرجەم بڕگەکانی داخوازی نامەکە، دەردەکەوێ کە ناوبراو داوای دەستەڵاتێکی ( لامەرکەزی ) کردوە بۆناوچە کوردیەکان. بە بەڵگەی ئەوەی هەم داوای هیچ یەکێك لەو بنەما سەرەکیانە نەکراوە کە پێویستن بۆ سیستەمی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی، وە هەم ئاماژە بەوە دراوە کە بوارەکانی ( سوپا و پۆلیس و دارایی ) وەك خۆیان بمێنن و لە لایەن ناوەندەوە سەرپەرشتی بکرێن.

بەرە بەرە جۆرە دوورکەوتنەوەیەك لە نێوان حیزبی هیوا و مەلا مستەفادا دروست بوو. مەلا مستەفا هەوڵیدا لەژێر کارتێکردنەکانی حیزبی هیوا دەرباز بێ. بۆیە بڕیاریدا رێکخراوێکی سیاسی دروست بکات کە لەژێر هەژموونی خۆیدا بێت. ئەوەبوو بە یارمەتی ئەفسەرانی پەیوەندی ( ضباط الارتباط )[1]، رێکخراوێکی بە ناوی ( لیژنەی ئازادی ) لە ناوچەی بارزاندا دامەزراند، کە لە (١٩٤٥/٢/٢٣) دا دەستی بە چالاکیەکانی خۆی کرد.

لیژنەی ئازادی لە وەڵامی نامەیەکی ( حیزبی هیوا ) دا وتبووی ؛ ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی ئێمە بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستانی عێراق ( سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨ـ١٧٩ ). بەمەش لیژنەی ئازادی دروشمی لامەرکەزی تێپەڕاند و ئۆتۆنۆمی کردە ئامانجی سەرەکی خۆی، کە داخوازیەکی گەورەتر و گونجاوترە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی.

نەوشیروان مستەفا لە بارەی خواست و ئامانجەکانی لیژنەی ئازادی، باس لەوە دەکات کە لە بەرنامەی ئەم رێکخراوەدا هاتبوو :

---

(١) حکومەتی عێراقی بە رێك کەوتن لەگەڵ مەلا مستەفادا، هەندێ ئەفسەری کوردی لە ناوچەی بارزاندا دانابوو، تاکوو ببن بە رێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان بارزانی و حکومەتی عێراقی. ئەم ئەفسەرانە پێیان دەگوترا ئەفسەرەکانی پەیوەندی ( ارتباط ). کە زۆر لەوانە نزیك بوون لە ( حیزبی هیوا ) و هەستێکی نیشتیمان پەروەری بەهێزیان هەبوو.

- رزگار كردنی كوردستان به رێگەی سیاسی.
- خواستەكانی كورد ئاراستەی نوێنەری سیاسی دەوڵەتانی بێگانه بكرێ.
- خەبات دژی ئیستعماری عێراقی ( پەنجەكان یەكتر ئەشكێنن،ل٤٩ ).

مەبەست له رزگاركردنی كوردستان له لایەن ( لیژنەی ئازادی ) یەوە، دروست كردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبووە، بەڵكو هێنانەدی مافی ئۆتۆنۆمی بووە له چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

پێدەچێ دوای بەرزكردنەوەی دروشمی ئۆتۆنۆمی له لایەن لیژنەی ئازادیەوە، حیزبی هیواش به راشكاوی داوای ئۆتۆنۆمی كردبێ. چونكه له مایسی (١٩٤٥) دا حیزبی هیوا یاداشتێكی نارد بۆ باڵیۆزی ئەمریكا ( لوئی هندرسۆن )، داوای پشتگیری و كۆمەكی ئەمریكای كرد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەكی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچه كوردیەكانی عێراق. هەروەها داوای جێبەجێ كردنی ئەو چاكسازیانەی كرد كه ( نوری سەعید )[1] بەڵێنی به ئەنجام گەیاندنی دابوو. وە نارەزایی بەرامبەر به جموجۆڵی سەربازی بەریتانیا دەربڕی، كه مەبەست لێی یارمەتیدانی حكومەتی عێراقی بوو بۆ سەركوت كردنی جوڵانەوەی بارزانیەكان. هەروەها داوای لەحكومەتی ئەمریكا كرد كه رێز له كرۆكی مادەی (١٢) ی بەیاننامه چوارده خاڵیەكەی ( سەرۆك ویلسۆن ) بگرێ، كه دوای جەنگی جیهانی یەكەم بڵاوی كردبوەوە به ئامانجی چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش له جیهاندا. كه وێنەیەكی لەم یاداشتەی بۆ باڵیۆزخانەكانی ( چین و سۆڤیەت و فەرەنسا ) ش رەوانه كرد ( كوردەكان،ل١٨٠ـ١٨١ ).

ئەمریكا له جەنگی جیهانی دووەمدا هاوپەیمانێكی سەرەكی بەریتانیا بوو. بۆیه ئەمریكا هەرگیز ئاماده نەدەبوو له پێناو پاراستنی كوردەكانی عێراقدا، فشار بخاته سەر بەریتانیای هاوپەیمانی. سەبارەت به مادەی (١٢) ی بەیاننامه چوارده خاڵیەكەی ( سەرۆك ویلسۆن ) یش، دوای واژۆكردنی پەیمانی لۆزان له نێوان توركیا و هاوپەیمانان، ئەم مادەیه به تەواوی بایەخ و كاریگەری خۆی لەدەستدا.

---

(١) ناوبراو چەندین جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە له كابینەكانی حكومەتی عێراقیدا له نێوان ساڵانی (١٩٢٠ـ١٩٥٨) دا.

بارزانی بە درێژایی ماوەی جوڵانەوەکەی لە ڕێگەی ناردنی پەیام و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەوە، هەوڵی داوە سۆزی بەریتانیا بەلای خۆیدا ڕابکێشێ؛ یان بە لایەنی کەمەوە بێ لایەنی بکات لەو ململانێیەی کە لە نێوان خۆی و حکومەتی عێراقیدا لە ئارادا بوو؛ بەڵام لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی بەریتانیەکان لەوەدا بوو پشتیوانی لە حکومەتی عێراقی بکەن؛ بۆیە گشت هەوڵەکانی بارزانی بێ ئەنجام بوون. لە کاتی بەڕێوە چوونی دوا پەلاماری سوپای عێراقی بۆ سەر ناوچەی بارزان؛ کە لەلایەن بەریتانیەکانیشەوە پشتیوانی دەکرا؛ مەلا مستەفا بۆ دواجار لە (١٩٤٥/٨/٢٠) دا پەیامێکی ئاراستەی سەفیری بەریتانیا کرد لە بەغدا، بەو ئومێدەی هەندێ کاریگەری لەسەر دروست بکات، یاخود بە لایەنی کەمەوە بەریتانیا خۆی بە دوور بگرێ لە هاوکاری کردنی هێزەکانی عێراقی، کە لە شوێنێکی پەیامەکەدا هاتبوو « ئێمە باوەڕمان بە نیەت باشی حکومەتەکەتان و سیاسەتە دروستەکەتان هەیە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە بێهێزەکان؛ بە تایبەتی نەتەوەی ئێمە کە هاوکاری کردن لە گشت بارودۆخێکدا » ( گۆڤاری ستاندارد،ژمارە،٢٤،ل٣١ ).

ڕەنگە مەبەستی بارزانی لەم قسەیەی کە دەڵێ « نەتەوەی ئێمە کە هاوکاری کردن لە گشت باروودۆخێکدا » ئەوە بوو بێ، کە کورد لە جەنگی جیهانی دووەمدا پشتیوانی لە وڵاتانی هاوپەیمان کردوە. بە تایبەتی کە خودی بارزانی هەوڵی زۆریدا کە خۆی لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا بگونجێنێ لە عێراقدا. هەر لەسەر داوای بەرپرسانی بەریتانیش، کردەوە سەربازیەکانی لە دژی هێزەکانی عێراقدا زۆر سنووردار کرد، کەچی گشت ئەو هەوڵانەی بارزانی بێ ئاکام بوون؛ چونکە بەریتانیا هەرگیز ئامادە نەبوو پشتیوانی لە جوڵانەوەیەکی چەکدار بکات دژ بە حکومەتی عێراقی، کە بە ویست و بڕیاری ئەو دامەزرا بوو. لە هەمان کاتیشدا عێراق دەوڵەت بوو، بەڵام بارزانی جگە لە هێزێکی چەکدار خاوەن هیچ قەوارەیەکی سیاسی نەبوو.

# بەشی دووەم :
# بزافی کوردانی رۆژهەڵات لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا

لە ١٩٤١ دا سوپاکانی ( ئەمریکا، بەریتانیا، سۆڤیەت ) هاتنە ناو خاکی ئێران. بەو هۆیەوە وڵاتی ئێران دووچاری دۆخێکی دژوار و نائارام بووەوە. ئەمەش وای کرد کە حکومەتی ناوەندی لە رووی توانای ئیداری و سەربازیەوە تووشی لاوازیەکی زۆر بێت. ئەم دۆخەش دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ گەلانی غەیرە فارس، کە بتوانن بە ئاشکرا هەوڵ بۆ مافە نەتەوەییەکان بدەن، کە کورد یەکێك بوو لەو نەتەوانەی زۆرترین هەوڵیدا بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی.

لەو کاتەدا لە کوردستانی رۆژهەڵات، تەنیا رێکخراوێکی سیاسی بچوك هەبوو بە ناوی ( حزب ئەحرار کوردستان )[1] بە سەرۆکایەتی (عەزیز زەندی ). بە بۆنەی هاتنی سوپای سوری سۆڤیەت بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا داوای مافە نەتەوەییەکانی کوردی کرد ( خەباتی چەکداری و ...،ل٧٧ ).

لە راستیدا ( مافە نەتەوەییەکان ) دەستەواژەیەکی نا روونە. چونکە پێناسە کردنی بەپێی کاریگەری ئەم سێ رەهەندەی خوارەوە دەگۆڕێ ١) رەهەندی کەسی : لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر پێناسە کردنی دەگۆڕێ، بەپێی جیاوازی لە تێڕوانین و ئایدیۆلۆجیای سیاسیەوە ٢) رەهەندی کات : لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ چەمکی ( مافە نەتەوەییەکان ) گۆڕانی بەسەردا دێ ٣) رەهەندی شوێن : لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، تێڕوانینی خەڵك بۆ چەمکی ( مافە نەتەوەییەکان ) جیاواز دەبێ. بۆیە ناتوانین ئەوە پشت راست بکەینەوە، کە مەبەستی حزبی ئەحراری کوردستان لە دەستەواژەی ( مافە نەتەوەییەکانی کورد ) چی بووە.

---

(١) بە زمانی کوردی واتە ( پارتی رزگاری کوردستان ).

یەکێتی سۆڤیەت کە چەندین ئامانجی ستراتیجی هەبوو لە ئێراندا، کەوتە هەوڵدان بۆ دروست کردنی دۆست و هاوپەیمان لەنێو پێکهاتەکانی گەلی ئێراندا، توانی کورد و ئازەر تاڕادەیەکی زۆر بەلای خۆیدا رایان بکێشێ. پێشەوا و سەردارانی کورد بە ئاسانی کەوتنە ژێر کاریگەری قسە و بەڵێنەکانی بەرپرسانی سۆڤیەت، وە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە تاکە فریادرەسی کورد بۆ چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی، یەکێتی سۆڤیەتە. بەم شێوەیە پێشەوا قازی محەمەد و سەرانی تری کورد، کەوتنە نێو گەمە ترسناکەکەی سۆڤیەتەوە.

بەهۆی کاریگەری رووداوەکانی جەنگی جیهانیەوە لەسەر کوردستانی رۆژهەڵات، زەمینە رەخسا بۆ دروست بوونی رێکخراوێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخواز. بە کردەوەش ئەم رێکخراوە لە لایەن رۆشنبیر و نیشتیمان پەروەرانی کورد دروست کرا، کە ناسرا بە کۆمەڵەی ( ژێکاف ). هەوڵ دەدەین بە کورتی تیشکێك بخەینە سەر رۆڵی ئەم رێکخراوە لە گەشە پێدانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

## ــ کاریگەری ( ژێکاف ) لەسەر پەرەسەندنی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتدا :

دوای ساڵێك لە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران، ژمارەیەك لە نیشتیمان پەروەرانی کورد لە (١٩٤٢/٨/١٦)[١] دا کۆمەڵەی ( ژێکاف ) یان دامەزراند. کە رۆڵێکی گەورەی بینی لە بەرەوپێش بردنی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، وە کاریگەریەکی زۆریشی هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە گشت بەشەکانی کوردستاندا.

مێژوونووس و سیاسەت وانان، قسە و باسێکی زۆریان لە بارەی ( ژێکاف ) وە کردوە. زۆربەی بۆچوونەکان بەو شێوەیە ژێکاف هەڵدەسەنگێنن کە بە شێوەیەکی خۆرسکانە

(١) ٨/١٦ بووە رۆژێکی گرنگ لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردیدا. هەر بەو هۆیەوە راگەیاندنی ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ) لە رۆژهەڵاتدا، لە (١٩٤٥) دا خرایە ئەم بەروارەوە. هەروەها راگەیاندنی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) یش لە باشور لە (١٩٤٦) دا خرایە هەمان بەروارەوە.

دامەزراوە، واتە هیچ هێز و لایەنێکی دەرەکی دەستیان نەبووە لە دروست کردنیدا. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ڕێبازی سیاسی ژێکاف لەسەر بنەمایەکی بێ لایەنانە بنیات نرابوو، واتە نەکەوتبووە ژێر کاریگەری هیچ جەمسەر بەندیەکی جیهانی[1].

لە بارەی ئامانجی سیاسی ڕێکخراوەکەشەوە بۆچوون و تێڕوانینی جۆراو جۆر هەیە، بەڵام زۆربەی زانیاریە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئامانجی سەرەکی ژێکاف بریتی بووە لە سەربەخۆیی کوردستان. لە خوارەوەدا ئاماژە بە زانیاری و بۆچوونی چەند مێژوونووسێك دەدەین لە بارەی ئامانج و خواستە نەتەوەییەکانی ژێکافەوە.

زانا و مێژوونووسی ناوداری کورد ( عەلائەدین سەجادی ) لەم بارەیەوە دەڵێ (( ئامانجی ژێکاف رزگارکردنی کوردستانی گەورە بوو )) ( شۆڕشەکانی کورد و...،ل٢٦٨ ). بێگومان رزگار کردنی هەموو کوردستان، ئەرکێك بووە لە توانای ( ژێکاف ) دا نەبووە. بۆیە ئەگەر ئەم دروشمەشی بەرز کردبێتەوە، ئەوا پەیوەندی بەو دەمارگیریە نەتەوەییەوە هەبووە کە دامەزرێنەرانی ژێکاف هەیانبووە.

ئاسۆ گەرمیانیش هەر لەم بارەیەوە دەڵێ (( یەکێك لە ئامانجەکانی ژێکاف[2] ئەوەبوو کە لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا، لە یەك ساتدا راپەڕینی سەرانسەری کوردستان دەست پێ بکات )) ( دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ...،ل١٩٣ ). لەشوێنێکی تردا ئاسۆ گەرمیانی باس لەوە دەکات، کە لە سوێند خواردنی ئەندامانی تازەی کۆمەڵەی ( ژێکاف ) دا هاتووە "خەبات دەکەم بۆ رزگار بوونی تەواوی کورد و کوردستان" ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٢ ). لە راستیدا بەدی هێنانی سەربەخۆیی تەواوی کوردستان، کارێکی لە رادەبەدەر قورسە. بۆیە دەبێ بە شێوەیەکی پشوو درێژانە و قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی بۆ بدرێ، زۆر ئەستەمە بتوانرێ لە یەك کاتدا راپەڕینی سەرتاسەری لە تەواوی کوردستاندا ئەنجام بدرێ.

حەسەن ئەرفەعیش لە بارەی ئامانجە سیاسیەکانی ( ژێکاف ) وە دەڵێ (( بەرنامە و ئامانج لە دامەزراندنی ژێکاف، بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و

---

(١) کە زیاتر مەبەست لە هەر سێ جەمسەرە گەورەکەی ئەو کاتەی جیهان بوو، سەرمایەداری و سۆشیالیستی و نازیەت.

(٢) ژێکاف کورت کراوەی ژیاندنەوەی کوردستانە، کە ناوی تەواوی ڕێکخراوەکە ( کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان ) بوو.

پاشان دامەزراندنی کوردستانی گەورە بوو. بۆ ئەم مەبەستە ئەوان بڕیاریاندا ، کە لە سەرەتادا بە کۆمەکی رووسەکان ئەم ئامانجەی خۆیان بە ئاکام بگەیێنن و قۆناغی دواتریش بە هەلومەرجی جیهانی و رەوتی رووداوەکان بسپێرن ( کوردەکان،ل١١٢ ). بەپێی بۆچوونی ( حەسەن ئەرفەع ) بێ، ئامانجی نزیکی ژێکاف بریتی بووە لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی رۆژهەلات، بەلام ئامانجی دووری بریتی بووە لە دامەزراندنی کوردستانی گەورە. بێگومان بۆ رێکخراوێکی وەکوو ( ژێکاف ) یش هەر ئەوە لە توانادا بووە، کە سەرەتا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردستانی رۆژهەلات تێبکۆشێ، ئینجا دواتر ئەگەر هەلومەرج لەبار بوو ، هەوڵ بۆ سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بدات.

دکتۆر ( گوینتەر دیشنەر ) ی شارەزا لە مێژووی کوردیش باس لەوە دەکات ؛ کاتێ قازی محەمەد بە ئەندام لە ( ژێکاف ) دا وەرگیرا، لە ئامانج و نەخشەکانی کۆمەڵەکە ئاگادار کرایەوە کە کار بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەکات ( کورد گەلی لە خشتەبراو...، ل١٢٦ ).

هەر لە بارەی ئامانجە نەتەوەییەکانی ( ژێکاف ) وە، لە مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا و لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتیماندا ئەوە خراوەتە روو (( ژێکاف بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشی، تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە نەتەوەی کورد داماڵێ. وە لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا، کوردستانێکی گەورە و رێك و پێك بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بە سەربەستی تێیدا بژی )) ( هێمن،ل٧٠ ).

وەك ئاماژەمان پێدا، دوای هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران، دۆخێکی سیاسی تازە لە ناوچە کوردیەکاندا هاتبووە ئاراوە. نیشتیمان پەروەرانی کورد هەوڵیاندا لە رێگەی نزیك بوونەوە لە هاوپەیمانان، چارەسەرێك بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا دەستەبەر بکەن. بە ماوەیەکی کەم دوای هاتنی سوپای بەریتانیا بۆ خاکی ئێران و جێگر بوونی بەشێکی هێزەکەی لە سنە، ژمارەیەك لە کەسایەتی و سەردارانی کورد، داوایان لە بەرپرسانی بەریتانی کرد کە دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن، بەلام بەریتانیەکان ئامادە نەبوون هیچ بەڵێنێك بە کورد بدەن ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل١٤٦ ). ئەم هەڵوێستەی بەرپرسانی بەریتانی زۆر بەرپرسانە بووە. چونکە بەریتانیا هیچ پلانێکی نەبوو

بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری سیاسی لە ئێراندا. جا کە هەر لە سەرەتادا هەوڵیان نەدا کوردانی ئێران چەواشە بکەن، دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستەی زۆر دروست و جوامێرانە بووە.

لە گەرمەی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەیەك چالاکوانی سیاسی لە کوردەکانی ( ئێران و تورکیا و عێراق ) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوچەیەك کە وەکوو سێکوچکەی سنور دەکەوێتە سەر چیای ( دالآن پەڕ )، پەیمانی ( سێ سنور ) یان مۆر کرد. بەشداربوانی پەیماننامەکە بەڵێنیاندا کە هەموو لایەك یارمەتی یەکتر بدەن و ئەو توانا مادی و مرۆییانە بەکار بهێنن کە خزمەتی یەکخستنی کوردستانی گەورە دەکات ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٩ ).

ئەم پەیمانە لە ڕووی مێژووییەوە، شایەنی بایەخ پێدان و هەڵوەستە لەسەر کردنە. چونکە کورد وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە و دابەشکراو، پێویستیەکی زۆری بەو جۆر هەولآنە هەیە لە پێناو یەکخستنی خەبات و هەوڵ و تواناکان بۆ چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی. کەچی پەیمانەکە لە ڕووی کرداریەوە، نەیتوانی هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بە پرسی سیاسی کورد بکات.

## ــــ گەشەکردنی بزافی کوردی لە ڕۆژهەلآتدا بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەد :

قازی محەمەد سەر بە بنەماڵەیەکی ئاینی ناودار بوو، کە پێگەیەکی کۆمەلآیەتی و ئاینی بەرزیان هەبوو لە کوردستانی ڕۆژهەلآتدا بە گشتی و شاری مهاباد بە تایبەتی. نەك هەر لەنێو خەڵکدا، بەڵکو لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتیشەوە ڕێزی زۆریان لێ گیراوە. دوای هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران لە (١٩٤١) دا، سۆڤیەت کە زۆری مەبەست بوو پێگەی خۆی لە ئێراندا بەهێز بکات، دوای ماوەیەکی کەم بانگهێشتی شاندێکی کوردی کرد بۆ ( باکۆ ) ی پایتەختی کۆماری ئازەربایجان. شاندەکە پێك هاتبوو لە ژمارەیەك کەسایەتی و سەرۆك هۆزی کورد، کە لە دیارترین ئەو کەسایەتیانە قازی محەمەد بوو. بەهۆی بەهێزی کەسایەتی و لێهاتووییەوە، ناوبراو وەك دەمراستی شاندەکە

دەرکەوت. بۆیە هەر لەو ساتەوە، ئەستێرەی سیاسی قازی محەمەد لە ئاسمانی کوردایەتیدا بە پرشنگداری گەشایەوە.

لە سەرەتای مانگی دەی (١٩٤٤) دا قازی محەمەد وەك ئەندامێکی ( شاندی سەرانی ئێران ) سەردانی تارانی کرد، کە لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە بانگهێشت کرابوون. قازی لەم سەردانەیدا باسی لە خراپ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان کرد لە لایەن فەرمانبەرانی بێ تواناوە، ئاواتی خواست کە دەوڵەتی ناوەندی لەمەو دوا فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکاندا دابنێ، بەڵام تاکە قسەیەکی لەمەڕ ( ئۆتۆنۆمی ) و مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرد ( کورد لە سەدەی نۆزدە و ...،ل٢١١ ).

لەو کاتەدا (١٩٤٤)، سۆڤیەت بڕیاری نەدابوو پشتگیری لە ( کورد و ئازەر ) بکات بۆ دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی. بۆیە سەرانی کورد جگە لە چاکترکردنی دۆخی ئابوری و ئیداری کوردستان، باسیان لە هیچ پرسێکی تر نەکرد.

ژێکاف هەرچەندە لە رووی سیاسیەوە تاکە نوێنەری کوردانی رۆژهەلات بوو، وە بەوە ناسرابوو کە رێکخراوێکی نیشتیمان پەروەر و پێشکەوتوو خوازە، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی رێبەرێکی ناودار نەبوو کە پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی هەبێ، نەیتوانی بوو لە رووی خەباتی جەماوەری و سیاسیەوە پێشکەوتنێکی زۆر باش بەدەست بێنێ. بۆیە سەرکردایەتی ژێکاف داوایان لە قازی محەمەد کرد کە پەیوەندی بە رێکخراوەکەیانەوە بکات. بەهۆی ئەو ناو و ناوبانگەی کە ژێکاف هەیبوو لەنێو خەڵکدا، قازی رازی بوو بەوەی ببێ بە ئەندام لە رێکخراوەکەدا.

لە کۆبوونەوەی وەرگرتنی قازی بە ئەندامی کۆمەڵەکە، ناوبراو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ " ئێمە نابێ تەنیا وەك کورد مەسەلەی خۆمان لەبەرچاو بێ، بەڵکو دەبێ بۆ راکێشانی ئازەر و گەلانی دیکەی ئێرانیش هەوڵ بدەین..... هەروەها دەبێ ماف و فەرهەنگ و داب و نەریتی ئەو نەتەوانەی تر کە لە کوردستاندا دەژین، بەبێ جیاوازی لەبەرچاو بگرین " ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٢-٢٣ ).

رەنگە زیاتر لەبەر دوو هۆ، قازی محەمەد جەختی لەسەر بەهێزتر کردنی پەیوەندی نێوان کورد و ئازەر کردبێتەوە ١) لەئێران تێکەڵاویەکی زۆر لە نێوان دانیشتوانی کورد و ئازەردا هەیە، بەهۆی نزیکی ناوچەکانیان لە یەکتری و کاریگەری هۆکارە مێژوویی و

سیاسیەکان لە نێوانیاندا ٢) سۆڤیەت هەمیشە هانی ( کورد و ئازەر ) ی دەدا ، تاکوو پەیوەندیەکی باش لە نێوانیاندا هەبێ.

جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩_١٩٤٥) لە سەروبەندی کۆتاییدا بوو، بەپێی پەیمانێك کە لە ساڵی ١٩٤٢ دا لە نێوان ( ئەمریکا، بەریتانیا، سۆڤیەت ) دا مۆرکرا، پێویست بوو دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بە (٦) مانگ، سەرجەم هێزی هاوپەیمانان لە خاکی ئێران بچنە دەرەوە. سۆڤیەت کە نیازی نەبوو بەبێ دەسکەوت خاکی ئێران بەجێبێڵێ، بڕیاریدا کارتی ( کورد و ئازەر ) بەکار بێنێ بەرامبەر بە دەستەڵاتدارانی ئێران، تاکوو ملکەچیان بکات بەرامبەر بە خواستەکانی، بە تایبەتی سەبارەت بە ئیمتیازاتی بەرهەم هێنانی نەوت لە وڵاتەکەدا. سەرەتا ئازەریەکانی راسپارد بۆ راگەیاندنی ( کۆماری ئازەربایجان )[١] لە چوارچێوەی ئێراندا. دواتر شاندێکی کوردیان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە (١٩٤٥) دا بۆ هەمان مەبەست بانگهێشتی ( باکۆ) ی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەت کرد. بە چەندین شێوە باس لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی کۆبوونەوەکەی نێوان شاندی کوردی و باقرۆفی ( سەرۆك کۆماری ئازەربایجان ) کراوە. هەوڵ دەدەین لە خوارەوە بە کورتی ئاماژە بە چەند جۆرێکیان بکەین.

صابر عومەر مامەسێنی بەم جۆرە باس لە کۆبوونەوەکە دەکات ؛ لە کۆبوونەوەکەدا بۆچوونی باقرۆڤ وابوو، سەرەتا با ئازەریەکان دەوڵەت دابمەزرێنن و سەربەخۆیی بەدەست بێنن، بەڵام هێشتا زووە کورد بەو ئاستە بگات..... بەڵام نوێنەرانی کورد بەم بۆچوونە رازی نەبوون، قازی محەمەد پێی راگەیاند کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ و دەشتوانێ هەڵیسوڕێنێ، کورد هیچ کاتێك سەر بە ئازەربایجان نابێ و هیچی لەو کەمتر نیە ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل٢٣٩_٢٤٠ ).

پێدەچێ بەرپرسانی سۆڤیەت وایان پێ باش بووبێ کە کورد لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی ئێراندا هەندێ مافی نەتەوەیی و کەلتوری پێ بدرێ، بەڵام شاندی کوردی بەم جۆرە پێشنیازە رازی نەبوون، وە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە کوردیش وەك ئازەریەکان

---

(١) ئەم نازناوەی کۆمار، لاسایی کردنەوەی هەمان سیستەمی سۆڤیەتی بوو، کە لە چەندین کۆماری ئۆتۆنۆم پێك هاتبوو، بەڵام زۆربەی دەستەڵاتە گرنگ و هەستیارەکان لە ناوەندا کۆ ببوونەوە.

کۆماری خۆی رابگەیێنێ. لە راستیدا جەعفەر پیشەوەری[1] ( سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی ئێران )، دەیەویست کوردستان ببێ بە ناوچەیەکی خودموختار لە چوارچێوەی کۆمارەکەیدا ( کورد و کوردستان...،ل٣٢٢ ). بەڵام بەهۆی پێداگری سەرانی کورد لەسەر ئەوەی کە پێویستە کۆمارێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ، ئەم خواستەی پیشەوەری نەهاتە دی.

دکتۆر ( گوینتەر دیشنەر ) یش هەر لە بارەی ئەم سەردانەی شاندی کوردی بۆ باکۆ دەڵێ «( باقرۆف باسی ئەوەی کرد کە پێویستە کورد قایل بێ بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی ئێراندا، بەڵام قازی محەمەد بەرپەرچی دایەوە و گوتی : کورد بۆ ئەوە خەبات ناکەن کە لە دەستەڵاتی ئێران رزگار ببن و بچنە ژێر دەستەڵاتی ئازەربایجانەوە، کە تازە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە. وە ئەوەی ئازەریەکان بۆ خۆیان بە باش و گونجاوی دەزانن، کورد بە شتێکی زۆر خراپ و کەم بایەخی دەزانن بۆ خۆیان. بۆیە ئێمە سوور دەبین لەسەر داوای سەربەخۆیی، بێ ئەوەی مەسەلەی کورد لە دوور و نزیکەوە بە چارەنووسی ئازەربایجانی تازەوە ببەستینەوە )» ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...، ل١٦٨ـ١٦٩).

لەبەرئەوەی بەرپرسانی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە رووی رەگەزی و نەتەوەییەوە هاوبەش بوون لەگەڵ ئازەریەکانی ئێران، ئەوا بە ئاشکرا لایەنی ئازەریەکانی ئێرانیان دەگرت لەسەر حیسابی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد. ئەوان سەربەخۆیی کوردیان بە مەترسی دەزانی بۆ سەر ئایندەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی ئازەر لە ئێراندا. بۆیە هەوڵیان دەدا پرسی کورد بکەن بە پرسێکی ناوخۆیی ئازەربایجانی ئێران، بەڵام کە سەرانی کورد هەستیان بە گەورەیی مەترسیەکە کرد، بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون کە چارەنووسی کێشەی نەتەوەیی کورد ببەستنەوە بە چارەنووسی ئازەربایجانی ئێرانەوە.

حەسەن ئەرفەعیش لە بارەی ئەم سەردانەی قازی محەمەد و شاندی کوردیەوە دەڵێ «( قازی محەمەد ئاماژەی بەوە کرد کە کورد نایەوێ بەشێك بێ لە کۆماری ئازەربایجانی ئێران، بەڵکو خواست و ئارەزووی ئەوان ئەوەیە کە بتوانن لەگەڵ کوردەکانی دیکەی تورکیا و عێراقدا یەکبگرن و سەرەنجام کۆماری کوردستانی گەورە پێکەوە بنێن )» ( کوردەکان

---

(١) ناوبراو کادرێکی پێشکەوتووی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو، وەك کارمەندێکی دڵسۆزی سۆڤیەت کاروباری وڵاتەکەی ( ئازەربایجان ) بەرێوە دەبرد. سۆڤیەتیەکان زیاتر پشتیوانیان لەو دەکرد نەك قازی محەمەد.

،ل١٩٩ ). ناتوانین ئەوە بە تەواوی پشت ڕاست بکەینەوە کە قازی محەمەد خواستێکی لەو شێوەیەی لە کۆبوونەوەکەدا خستۆتە ڕوو یان نا، بەڵام دوور نیە لە کۆبوونەوەکەدا باس و خواسێکی لەم شێوەیە کرابێ، بە پشت بەستن بەو لێکۆڵینەوەیەی کە ( ماجد خەلیل ) ئەنجامی داوە و تێیدا دەڵێ (( قازی محەمەد و باقرۆف لە باکۆ لەگەڵ وزیری سۆڤیەت ( ئیبراهیمۆف ) دەیانوت ؛ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دروست دەکەین کە تورکیا و عێراقیش بگرێتەوە )) ( گۆڤاری کۆچ،ژمارە١٦،ل٢٢٢-٢٢٣ ). گومان لەوە ناکرێ کە قازی خەونێکی لەم شێوەیەی هەبوو بێ کە هەموو بەشەکانی کوردستان یەکبگرن و دەوڵەتێکی گەورەی کوردی پێك بهێنن، بەڵام بە سەرنجدان لە مێژووی خەباتی سیاسی ناوبراو و دۆخی ئەو کاتەی ناوچەکە، هیچ ئاماژەیەکی بەهێزی ئەوتۆ نابینرێ کە قازی سووربوونێکی زۆری هەبوو بێ لەسەر سەربەخۆیی کوردستانی گەورە.

هەر لە بارەی ئەم کۆبوونەوەیەی شاندی کوردی لە باکۆ لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەتدا، حەسەن ئەرفەع لە شوێنێکی تردا دەڵێ (( دوای گەڕانەوەی شاندەکە، قازی محەمەد لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕێبەرانی ژێکاف و چەندین کەسایەتی دیاری کورد تێیدا بەشدار بوون ڕایگەیاند : ڕووس لە ناوی ژێکاف ڕازی نین. چونکە حیزبێکە بۆ ئازادی هەموو کوردستان تێدەکۆشێ و ئینگلیز و تورکان تووڕە دەکات، دەبێ ناوی خۆمان بنێین ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ) و داوای خودموختاری لە ئێران بکەین. ئەم بڕیارە لە لایەن سەرکردایەتی ( ژێکاف ) وە پەسەند و جێبەجێ کرا )) ( کوردەکان،ل١٧١ ).

ڕازی بوون بە گۆڕینی ناوی ژێکاف و داواکردنی خودموختاری لە ئێران لەسەر داوای سۆڤیەتیەکان، گوێڕایەڵی و وابەستەیی سەرانی کوردی نیشان ئەدا بە ویست و فەرمانەکانی سۆڤیەتەوە. ژێکاف تاڕادەیەکی زۆر بە حیزبێکی خۆڕسکی نەتەوەیی بێ لایەن دادەنرا، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوشێوەی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان لەسەر خواستی بەرپرسانی سۆڤیەت دامەزرا، تا ڕووخانی کۆماری کوردستانیش هەر وەك لایەنگرێکی دڵسۆزی سۆڤیەت مایەوە. جگە لەمەش داواکردنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا، واتە وازهێنان لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان. هەموو ئەمانە پاشەکشێی بزافی ڕزگاریخوازی کوردی نیشان دەدا لە خواستە نەتەوەییەکانی لە ئێراندا. لە هەمان کاتیشدا ساویلکەیی ڕێبەرانی کوردی نیشان دەدا لە تێگەیشتن لە هاوکێشە

سیاسیەکانی ناوچەکە و جیهان. چونکە ئەو کاتەی سۆڤیەتیەکان بەڵێنیان بە کوردا کە پشتیوانیان دەکەن لە راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، تاڕادەیەکی زۆر کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکلا ببوەوە. جگە لەمەش بەپێی پەیماننامەی ساڵی (١٩٤٢) ش، هێزەکانی هاوپەیمانان دوای شەش مانگ لە کۆتایی هاتنی جەنگ، پێویست بوو خاکی ئێران بەجێبێڵن، کە ئەمریکا و بەریتانیا بە سووربوونێکی زۆرەوە پێداگریان لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانە دەکرد. لە راستیدا بەڵێنی پشتیوانی کردنی کورد لە لایەن سۆڤیەتەوە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی، رووداوێکی زۆر گەورە و مێژوویی بوو. جگە لەمەش قازی محەمەد و رێبەرانی تری کورد، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون سۆڤیەت وەك یەکێك لە گەورەترین زلهێزەکانی دنیا، لە بەڵێنەکانی پەشیمان بێتەوە و کورد بکاتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی.

## ـــ چارەسەریی پرسی کورد لە دیدگای حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە :

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، رووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزافی سیاسی کوردیدا. دکتۆر گوینتەر دیشنەر لە بارەی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزبەکە لە کاتی راگەیاندنیدا دەڵی : ئەو ئامانجە سیاسی و نەتەوەییانەی لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دیاری کرابوون لە کاتی راگەیاندنیدا، بریتی بوون لە مانەی خوارەوە :

١) کوردی ئێران داوای خودموختاری دەکەن لە هەموو بوارە ناوچەییەکاندا.

٢) کوردی دەبێتە زمانی رەسمی و خوێندن لە کوردستاندا.

٣) پێویستە پەلە بکرێ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کوردستاندا[١]، کە بەپێی دەستوری ئێرانی بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوایەتی کردنی ناوچەکە دەگرێتە ئەستۆ.

٤) هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی لە کوردستاندا، دەبێ کورد بن.

٥) دەرامەتی گشتی کوردستان، لە ناوچە کوردیەکاندا و لە بوارە جیاجیاکاندا سەرف بکرێ.

٦) حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو هەوڵێکی پێویست دەدات بۆ خۆشکردنی برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلی ئازەر و کەمە نەتەوەییەکانی تری وڵاتی کوردستاندا.

٧) حیزب بەڵێن دەدات کە کار بکات بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابوری ناوچە کوردیەکان، ئەویش لە رێگەی پەرە پێدانی دەزگاکانی پەروەردە و تەندروستی و بازرگانی و کشتوکاڵیەوە ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل١٧١ـ١٧٢ ).

لەسەر خواستی سۆڤیەت، کورد و ئازەر پەیوەندی دۆستایەتی نێوانیان پەرە پێدا، تا کار گەیشتە ئەوەی بەیاننامەیەکی دۆستایەتی و بەرگری لە نێوانیاندا مۆر بکرێ. کورد و ئازەر لە ئێراندا کێشەیەکی زۆری ( مێژوویی ــ جوگرافی ) لە نێوانیاندا هەیە. کە کێشەیان لەسەر خاوەنداریەتی چەندین ناوچەدا هەیە، بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەتدا وا پێویست بوو، کە هەردوو لا کێشەکانی نێوانیان بەلاوە بنێن و چارەسەر کردنیان بۆ کاتێکی تر دوابخەن.

---

(١) مەبەست لە هەڵبژاردنی ( ئەنجومەنی پارێزگای کوردستان ) تەواو روون نیە، بەڵام لە دەستوری ئێراندا بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی لە تەواوی وڵاتدا چەسپێنرا بوو، کە پێدەچێ زیاتر مەبەست لێی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بووبێ. جەلیل گادانی لە بارەی ئەم هەڵبژاردنەوە بە جۆرێکی تر قسە دەکات و دەڵێ (( لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە، کە یەکێك لە دروشمەکانی حیزب بریتیە لە ؛ لەسەر بناغەی قانونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی رابگات و چاودێریان بەسەردا بکات)) ( پەنجا ساڵ خەبات، ٢٦ل ــ٢٧ ). بەڵام پێناچێ مەبەست لەم هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی ( ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان ) بووبێ، وەك ئەوەی جەلیل گادانی ئاماژەی پێ دەکات.

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو (( گەلی کوردی ئێران، دەبێ ئازادی و مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی پێ ڕەوا ببینرێ و لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا خودموختاری هەبێ )) ( دبلۆماسیەتی کورد،ل٢٣٩ ).

سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی کە پێویستە حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان هەیبێ، لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە (( حکومەتی خودموختاری کوردستان، ئەبێ دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدات بە هەر کەسێ کە بیەوێ )) ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٣٠ ). دوور نیە ئەم مەرجەی کە حیزبی دیموکرات بۆ دەسەڵاتی حکومەتی خودموختاری کوردستان دانابوو، لەسەر داوای سۆڤیەت بووبێ، تاکوو دەسەڵاتدارانی ئێران بە ناچاری ڕازی بن بە مافی سۆڤیەت لەوەی بەشی شێری هەبێ لە ئیمتیازی بەرهەم هێنانی نەوتی وڵاتدا. بە تایبەتی کە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەوڵەمەندە بە کانزای نەوت.

## ـــ کۆماری کوردستان و هاتنەدی خەونێکی کورت خایەن :

بە پشتیوانی و هاندانی سۆڤیەتیەکان، لە لایەن ڕێبەرانی کوردەوە لە (١٩٤٦/١/٢٢) دا کۆماری کوردستان لە مەهاباد[١] ڕاگەیەنرا. دەتوانین بڵێین لەبەر دوو هۆ، ڕێبەرانی کورد لێکدانەوەیەکی هەڵەیان هەبوو لە پرسی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا ١) سۆڤیەت ڕاستگۆ نەبوو لە پشتیوانی کردنی ( کورد و ئازەر ) دا بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی، تەنیا ئامانجی ئەوەبوو ئەم دوو پێکهاتەیە وەك کارتێکی فشار دژ بە دەسەڵاتدارانی تاران بەکار بهێنێ ٢) ئەمریکا و بەریتانیا بە توندی دژی هەر گۆڕانکاریەکی سیاسی بوون لە ئێراندا کە دەستی سۆڤیەتی لە پشتەوە بێت.

زۆرجار بە هەڵە لێکدانەوە بۆ ڕەهەندی سیاسی و یاسایی کۆماری کوردستان دەکرێ. زۆر کەس وا تێدەگەن کە قازی محەمەد دەوڵەتێکی کوردی ڕاگەیاندوە و سیستەمی

---

(١) لەبەر ئەوەی ( مەهاباد ) بوو بە مەڵبەند و پایتەختی کۆماری کوردستان، زۆرجار بە هەڵە دەگوترێ کۆماری مەهاباد، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە بگوترێ کۆماری کوردستان.

دەوڵەتەکەش کۆماری بووە، بەڵام کۆمارەکە لاسایی کردنەوەی کۆمارە ئۆتۆنۆمیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. واتە کۆمارەکە تەنیا ناو بوو، لە ناوەرۆکدا هیچ نەبوو جگە لە قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێراندا.

لەم بارەیەوە جەعفەر عەلی دەڵێ (( کۆماری کوردستانی قازی محەمەد کۆمارێکی خودموختار بوو، لە جیاتی بەکار هێنانی زاراوەکانی ( وەزیر و وەزارەت )، بە گشتی دەربڕینەکانی ( سەرۆکی ئیدارە و ئیدارە ) ی بەکار دەهێنا. بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکیەك لەگەڵ دەستوری ئێراندا دروست نەبێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بەرپرسی یاسادانان بوو نەك حکومەتی کۆماری. چونکە دەستوری ئێرانی، مافی یاسادانانی بە ئەنجومەنی هەرێمەکان[1] دابوو )) ( ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،ل٣٨٣ ). لەمەدا دەردەکەوێ کە هەرچەندە راگەیاندنی کۆمار بە رەزامەندی تاران نەبووە، بەڵام بەرپرسانی کۆمار هەوڵیان داوە تا ئەوەندەی بکرێ لە دەستوری ئێران لا نەدەن.

موهتەدیش لە بارەی ئەم بابەتەوە دەڵێ (( کە رێبەرانی کورد کۆماری خودموختاریان راگەیاند، دەبوایە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و دوورکەوتنەوە لە سۆڤیەت و رازی بوون بە دەستوری بنەڕەتی ئێران و چاوپۆشین لە فۆڕم و شێوازی کۆماریان بکردایە سیاسەتی رەسمی )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٨٤ ).

گرفتەکە لەوەدا بوو کۆماری کوردستان بە پشتیوانی و هاندانی سۆڤیەت راگەیەنرا، سەرانی کۆماریش تەنیا ئومێدیان بە سۆڤیەت بوو کە پارێزگاری لە مانەوە و بەردەوام بوونی ئەزموونەکە بکات. بۆیە لە دۆخێکی لەم جۆرەدا سەرانی کۆمار هەرگیز لە سۆڤیەت دوور نەدەکەوتنەوە. چونکە چارەنووسی پرسی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا بەسترا بووەوە بە هەڵوێستی سیاسی سۆڤیەتەوە. لە راستیدا هەڵوێستی قازی محەمەد و سەرانی کۆمار بە جۆرێ بوو، کە خوازیاری ئەوە بوون لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی ناوەندیدا بگەنە رێك کەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، بەڵام حکومەتی تاران دژی ئەوە بوو کە دان بنێ بە رەوایەتی پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا. کێشە گەورەکە ئەوە بوو کە

(١) ئەو کات لە ئێراندا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی هەرێمەکان نەکرابوو. بۆیە ئەگەر حکومەتی کوردستان ئەرکی یاسادانانی جێبەجێ کردبا، ئەوا ناکۆك دەبوو لەگەڵ دەستوری ئێراندا. بۆیە حیزبی دیموکرات خۆی بە ئەرکی یاسادانان هەڵدەستا.

راگەیاندنی کۆماری کوردستان بەبێ رەزامەندی حکومەتی ناوەندی بوو، ئەمەش وای کردبوو کە لەگەڵ دەستور و سیستەمی سیاسی ئێراندا ناکۆك بێ. بۆیە راگەیاندنی کۆمار لە رووی یاساییەوە هەڵەیەکی گەورە بوو.

قازی مەحمەد بۆ کەم کردنەوەی نیگەرانی دەستەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان زۆرجار ئەیوت ؛ من فەرمانبەریەتی حکومەتی ئێران دەکەم و کۆماری کوردستان تەنیا سەربەخۆییەکی ناوخۆیی هەیە لە ناو ئێراندا ( مێژووی گەلی کورد...، ل٢٧٧ ). بەم جۆرە قازی هەرگیز کۆماری کوردستانی وەك قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ سەیر نەکردوە و کوردستانیشی وەك بەشێك لە خاکی ئێران داناوە.

قازی محەمەد لە ناوەراستی ١٩٤٦دا، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ( قەوام سەڵتەنە )[1] دا لە بارەی مەبەستی کورد لە راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا دەڵێ (( ئێمە بە هیچ جۆرێ داوای دابەش بوونی ئێرانمان نەکردوە و نەشمان ویستووە لە ئێران جیا بینەوە، بەڵکو تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دیموکراتی بووە )) ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل٢٤٣ ).

هەر لەم بارەیەوە لە سەرەتای حوزەیرانی (١٩٤٦) دا قازی محەمەد بە هەواڵنێری (A.F.P) رادەگەێنێ (( ئەگەر دەوڵەتی ئێران بە راستی بڕیاری جێبەجێ کردنی یاسا دیموکراتیەکان لە سەرتاسەری ئێراندا بدات، وە ئەو یاسایانەی هەنوکە لە بواری فێرکردنی زمانی کوردی لە ناوچە کوردیەکاندا و خودموختاری ئیداری و دابین کردنی هێزی سەربازی کە لە کوردستاندا هەن بە رەسمی بناسێ، کوردەکانیش رەزامەند دەبن )) ( دۆزی کورد،ل٦٩ ). لە گەورەترین ئەو ئاستەنگانەی لە دانوستانەکانی نێوان بزافی رزگاریخوازی کوردی و حکومەتەکانی ناوەندیدا دێنە ئاراوە، ئەم دوو بابەتەن ١) کورد هەمیشە داوای چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی دەکات لە وڵاتدا، دەستەڵاتەکانی ناوەندیش دژی بە دیموکراسی کردنی وڵاتن. چونکە ئەوان لەسەر بنچینەی تاکرەوی خۆیان سەپاندوە بەسەر وڵاتدا، دیموکراسیش پێچەوانەی دەستەڵاتی تاکرەویە ٢) هەمیشە چارەسەرکردنی پرسی هێزە چەکدارەکان، کێشەیەکی گەورەیە لە دانوستانەکانی نێوان کورد و حکومەتە ناوەندیەکاندا. چونکە دەستەڵاتە ناوەندیەکان مانەوەی هێزی سەربازی

(١) ناوبراو ئەو کات ( سەرۆك وەزیران) ی ئێران بوو. بە سیاسیەکی زۆر زیرەك و لێهاتوو ناسرا بوو، هەر ئەویش بوو توانی بە زانایی خۆی ئێران لەژێر رکێفی هەژموونی سۆڤیەت رزگار بکات.

کوردی بە مەترسی دەزانن لەسەر یەك پارچەیی خاکی وڵات، کەچی هێزە کوردیەکان مانەوەی هێزی چەکدار بە گەرەنتی دادەنێن بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان.

لە کاتێکدا سەرانی کۆمار بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کێشەی کورد لە رێگەی ( گفتوگۆ ) وە لەگەڵ حکومەتی تاران چارەسەر بکەن. کەچی راپۆرتە دبلۆماسیەکانی ئەمریکا و ئینگلیز، پێیان وابوو لە لایەن رێبەرانی کۆماری کوردستانەوە نەخشە هەیە بۆ ئازادی هەموو کوردستان ( گۆڤاری کۆچ،ژمارە١٦،ل٢٢٢ ). رەنگە ئەمەش یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانە بووبێ کە وای لەو دوو وڵاتە کردبوو، بوونی کۆماری کوردستان بە هەڕەشەیەکی گەورە بزانن لەسەر بەرژەوەندییەکانیان.

حکومەتی ناوەندی ئێران بۆ خۆ دەرباز کردن لەو هەلومەرجەی کە تێی کەوتبوو، کەوتە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ سۆڤیەتدا. قەوام سەڵتەنە توانی ئەو باوەڕە لای کاربەدەستانی سۆڤیەت دروست بکات، کە ئێران بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیان دەپارێزێ و بەشێکی زۆر لە ئیمتیازاتی نەوتیان پێ دەدات، بەو مەرجەی سۆڤیەت دەست لە پشتیوانی کردنی هەردوو کۆماری ( کوردستان و ئازەربایجان ) هەڵگرێ. سۆڤیەتیش بە تەواوی کەوتە ژێر کاریگەری نەخشە و پلانەکانی ( قەوام سەڵتەنە ) وە. بۆیە بەرە بەرە خۆی لە کاروباری هەردوو کۆمارەکە بە دوور گرت.

دوای ئەوەی قازی محەمەد بە تەواوی بێ ئومێد بوو لە پشتیوانی سۆڤیەتیەکان، وازی لە بیرۆکەی خودموختاری هێنا، هەوڵیدا لەگەڵ تاراندا بگاتە رێك کەوتن، بەڵکو لەو رێگەیەوە بتوانێ بەر بە شەڕ و ماڵ وێرانی بگرێ. بۆیە لە (١٩٤٦/٨) دا قازی بە گەرەنتی باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت چوو بۆ تاران، وە داوای پارێزگایەکی کوردستانی کرد کە لە سنورەکانی سۆڤیەتەوە تا سنوری نێوان سنە و کرماشان بگرێتەوە و خۆی پارێزگار بێت. کەچی کاربەدەستانی ئێران بەم پێشنیازەش رازی نەبوون ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٢٢٥).

رازی بوون بە دامەزراندنی پارێزگایەکی کوردی لەبری قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی، لە رووی خەباتی نەتەوەییەوە پاشەکشەیەکی ترسناك بوو، بەڵام لە رووی واقعی بارودۆخەکەوە، دەتوانین بڵێین کارێکی دبلۆماسی ژیرانە بوو. کەچی بە داخەوە لە رووی کاتەوە، ئەم هەوڵەی قازی محەمەد تەواو درەنگ کەوتبوو. چونکە حکومەتی ناوەندی بە تەواوی دڵنیا

ببوو کە سۆڤیەت چیتر پشتیوانی لە کورد ناکات، وە کوردیش ئەو هێزەی نیە کە بەبێ پشتیوانی ئەو وڵاتە بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات.

دەرنجام بەهۆی دەستبەردار بوونی سۆڤیەت لە پشتیوانی کردنی کورد و ئازەر، هەردوو کۆمارەکە ( کوردستان و ئازەربایجان )[١] لە لایەن سوپای ئێرانەوە لەنێوبران، قازی محەمەدی سەرۆك کۆماریش لە سێدارە درا.

(١) کۆماری کوردستان لە (١٩٤٦/١٢/١٧) لەنێوبرا، واتە تەمەنەکەی کەمتر لە (١١) مانگ بوو. کۆماری ئازەربایجانیش چەند رۆژێکی کەم پێش کۆماری کوردستان رووخا.

# دەروازەی چواردەهەم
# ئامانجەکانی بزافی ناسیونالیستی کوردی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم

## بەشی یەکەم :
## ئاماژەیەک بە دۆخی سیاسی کوردستان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، دنیا دابەش ببوو بەسەر دوو جەمسەری دژ بەیەکدا. ئەوانیش جەمسەری سەرمایەداری بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، وە جەمسەری سۆشیالیستی بە ڕێبەرایەتی سۆڤیەت. بەهۆی ئەوەی هەردوو زلهێزەکە زۆر بەهێز بوون و خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوون، خۆیان بە دوور دەگرت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ، وە هەمیشە لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە دەچوونە نێو ململانێیەکی توند و تیژەوە. بۆیە بەردەوام بە دوای هاوپەیمان و دۆستی بەهێزدا دەگەڕان، ئەمەش لە دوو ڕووەوە بۆ بزافە ڕزگاریخوازەکان زیانی هەبوو ١) ئەمریکا و سۆڤیەت هەمیشە پەرۆشی ئەوە بوون، دەوڵەتەکان بکەنە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان نەك بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان ٢) تاڕادەیەکی زۆر هەردوو زلهێزە جیهانیەکە، دژی گۆڕانکاری تازە بوون لە سنوری جوگرافی وڵاتاندا. کە ئەمە زیانێکی زۆری بۆ بزافە ڕزگاریخوازەکانی وەك بزوتنەوەی کوردی هەبوو.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، بزافی ڕزگاریخوازی کوردی کەوتە ژێر کاریگەری دوو ئاراستەی زۆر مەترسیدار یەکەم : دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و پاشەکشێی خەباتی نەتەوەیی لە گشت بەشەکانی کوردستاندا، نیشتیمان پەروەرانی کورد دووچاری بێ ئومێدیەکی زۆر گەورە بوون و گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بەدی هێنانی سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بووەتە کارێکی ئەستەم. بۆیە ئەو ئاراستەیە لەنێو کوردا بەهێز بوو، کە لەو قۆناغەدا باشترین ڕێگە بریتیە لە بەدی هێنانی چەند ئامانجێکی

نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە کورد تێیاندا دەژی ( گۆڤاری کۆچ،ژمارە١٧، ل٣٤٦ ) دووەم : لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، بەهۆی دەرکەوتنی سۆڤیەت وەك یەکێك لە دوو زلهێزە گەورەکەی جیهان، بزافی رزگاریخوازی کوردی تاڕادەیەکی زۆر کەوتە ژێر کاریگەری ڕێبازی کۆمۆنیستی. ئەم دۆخە هەنگاو بە هەنگاو رەوتی پاشکۆ بوونی گوتاری بزوتنەوەی کوردی بە گوتاری چەپی ( ئێران، عێراق، تورکیا ) مسۆگەر کرد. ئاکامی ئەم گۆڕانکاریە ئەوەبوو کە خەباتی ناسیونالیستی بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد کەوتە پەراوێزەوە. وە هێنانە دی مافە سیاسیەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدا دەژی، بەپێی بنەمای تێڕوانینانەی چەپ[1] و ستراتیجیەتی مارکسیانە بووە ئاراستەیەکی باو لەنێو بزافی رزگاریخوازی کوردیدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥٢ ).

بەهۆی کاریگەری زۆری ڕێبازی کۆمۆنیستی لەسەر بزافی رزگاریخوازی کوردی، خەباتی چینایەتی بووە ئەرکی سەرەکی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد. بە جۆرێ بیرکردنەوە لە پرسی ناسیونالیستی، وەك بیر و باوەڕێکی کۆنە پەرستانە شەرمەزار دەکرا. ئەمەش وای کرد بۆ ماوەی چەندین دەیە، بزافی ناسیونالیستی کوردی دووچاری سست بوونێکی ترسناك بێت. بۆیە دەبینین خەباتی ناسیونالیستی کوردی لەو ماوەیەدا کەمترین پێشکەوتن و گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە.

ئەم دۆخە خراپەی کە بزافی ناسیونالیستی کوردی تێیدا بوو لە باشور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی گۆڕانکاریەکی گەورەی سیاسی لەو دوو وڵاتەدا روویاندا. هەر وەك چۆن لە عێراقدا کودەتای (١٤) ی تەموزی ١٩٥٨ کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە سیستەمی پاشایەتی لە وڵاتدا، کاری کردە سەر گەشەسەندنی خەباتی ناسیونالیستی کوردی لە باشوری کوردستاندا. بە هەمان شێوەش شۆڕشی گەلانی ئێران لە (١٩٧٩) دا کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە دەستەڵاتی پاشایەتی لە وڵاتدا، رۆڵی هەبوو لە بەهێز بوونی بزافی ناسیونالیستی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا.

هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە دۆخی بزافی رزگاریخوازی کوردی لەو ماوەیەدا بکەین، کە بە قۆناغێکی دژواردا تێپەڕیوە، بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان

(١) ئەو رێکخراو و گروپانەی کە پەیڕەو لە رێبازێکی سۆشیالیستی دەکەن، وەك رەوتێکی ( چەپ ) دەناسرێن.

پێدان. بۆ ئەوەی دیمەنەکە لەبەر چاوی خوێنەر روونتر بێ، هەر بەشێکی کوردستان بەجیا باسی لێوە دەکەین .

# بەشی دووەم :
# دۆخی کوردستانی باشور لە دوای کۆتایی هاتنی جــەنگــی جیهانــی دووەم

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە گەورەکان[١] لە مۆسکۆ کۆبوونەوە ( بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ جیهان و رێکخستنەوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ). حیزبی رزگاری کورد لە عێراق، یاداشتێکی ئاراستەی کۆبوونەوەکە کرد کە تێیدا هاتبوو (( گەلی کورد تکا دەکات بە شێوەیەکی دادوەرانە سەیری پرسەکەی بکرێ و بێ بەش نەکرێ لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە هاوپەیمانان دابوویان بە گەلانی بچوك سەبارەت بە رزگاری و مافی چارەی خۆنووسین..... هیوادارین بە ویژدانەوە سەیری پرسی گەلان و نەتەوەکان بکەن )) ( دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ...،ل١٥٩ ). لە راستیدا بەهۆی تەشەنە سەندنی ململانێکانی جەنگی سارد[٢]، وڵاتە زلهێزەکان پرسی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی گەلانیان فەرامۆش کرد. بۆیە دەنگی گەلانی ستەم دیدە، زۆر بە کەمی دەبیسترا لە کۆربەندە جیهانیەکاندا.

باڵیۆزی بەریتانیا لە میسر ( والتەر سمارت ئەلێکسەندەر )، باس لە دیتنێکی نارەسمی خۆی دەکات لەگەڵ شەریف پاشا لە (١٩٤٥/١١/٢٦) دا. گوایە شەریف پاشا پێی راگەیاندوە کە ژمارەیەك لە ئەشرافی ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی و موسڵ، داوایان لێ کردوە داخوازیەك دەربارەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی باشور لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا پێشکەشی ( کۆنفرانسی ئاشتی )[٣] بکات. هەورەها شەریف پاشا ئەوەشی پێ راگەیاندوە : گرنگ ئەوەیە کوردستانی عێراق بە لایەنگری بەریتانیا بمێنێتەوە و ببێ بە شورایەك لە

---

(١) زیاتر مەبەست لەم سێ وڵاتە گەورەیە ( ئەمریکا، سۆڤیەت، بەریتانیا ).

(٢) جەنگی سارد بەو ململانێیە دەگوترێ کە لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئارادا بوو، کە جگە لە رووبەڕوو بوونەوەی سەربازی راستەوخۆ، لە هەموو بوارەکانی تردا دژایەتیەکی توندی یەکتریان دەکرد.

(٣) بێگومان کۆنفرانسی ئاشتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، هیچ پەیوەندیەکی بە ( کۆنفرانسی ئاشتی لە پارس ) وە نییە کە لە ساڵی (١٩١٩) دا سازدرا.

بەردەم پێشکەوتنی سۆڤیەتدا، بەڵام کوردی عێراق لە لایەن عەرەبەوە باش مامەڵە ناکرێن، دەرفەتی خوێندنیان بە زمانی زگماکی خۆیان بۆ نەرەخسێنراوە، فەرمانبەری عەرەب دەنێرن بۆ حوکمڕانیان. زۆر پێویستە کورد دەزگای پەروەردەیی تایبەتی خۆیان هەبێ و فەرمانبەری کورد وڵاتەکەیان بەڕێوە ببات. وە شەریف پاشا ئەوەشی بە باڵیۆزەکەی بەریتانیا وتووە : حەز دەکات بزانێ هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر پێشنیازی دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی عێراقدا چیە؟ لە وەڵامدا باڵیۆزەکە پێی دەڵێ : من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئێمە ( بەریتانیا ) هاوپەیمانی تورکیا و ئێران و عێراقین. بۆیە نابێ هیچ بزوتنەوەیەك هان بدەین كە لەوانەیە ببێتە هۆی لاواز بوونی هاوپەیمانەکانمان ( کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ...،ل٣١٨ ).

شەریف پاشا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، هەوڵی دەدا قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. کەچی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، هەوڵی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی باشور دەدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە بارودۆخی سیاسی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، زۆر جیاواز بوو بە بەراورد لەگەڵ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم.

وەك باسمان کرد ( جەنگی سارد ) هەلومەرجێکی سیاسی ئەوتۆی هێنابووە ئاراوە، کە زلهێزەکان زۆریان مەبەست بوو دەوڵەتان بکەن بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان. بۆیە کە ( عێراق و ئێران و تورکیا ) هاوپەیمانی رۆژئاوا[1] بوون، بەریتانیا نەیدەویست کارێك بکات کە ببێتە هۆی لاوار بوونیان. چونکە لاواز بوونی ئەوان لە بەرژەوەندی سۆڤیەتدا دەشکایەوە.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی، پارتی دیموکراتی کوردستان[2] هاوشێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ( لە رۆژهەڵات )، هەم ئامانجی ( ئۆتۆنۆمی ) کردبوو بە

(١) جەمسەری سەرمایەداری کە لە لایەن ئەمریکاوە رێبەرایەتی دەکرا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوای لەخۆ دەگرت، ناسرا بوو بە ( رۆژئاوا ). وە جەمسەری سۆشیالیستی کە لە لایەن سۆڤیەتەوە رێبەرایەتی دەکرا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی لەخۆ دەگرت، ناسرا بوو بە ( رۆژهەڵات ).

(٢) رێکەوتی (١٩٤٦/٨/١٦) دیاری کراوە بە مێژووی دامەزراندنی، ئەم رێکخراوە لە دوای کۆتایی هاتنی ( جەنگی جیهانی دووەم ) وە تا ئێستا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باشوری کوردستاندا. وە ناوەکەی لە سەرەتادا ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ) بوو.

دروشمی نەتەوەیی خۆی، وە هەم پەیڕەو و پرۆگرامەکەی تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری بیری چەپدا بوو. بە جۆرێ خەبات لە پێناو نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی، خرابووە پێش ئەرکی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو کە ببووە هۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا دروست بوونی (شۆڕشی ئەیلول )، ڕۆڵێکی زۆر لاوازی هەبێ لە بواری خەباتی ناسیونالیستیەوە.

پارتی کۆمۆنیستی عێراقی وەك ڕێکخراوێکی چەپ، تێڕوانینێکی زۆر هەڵەی هەبوو بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد. بە جۆرێ خەباتی ناسیونالیستی وەك ڕەوتێکی کۆنەپەرستانە سەیر دەکرد. ئەمەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر خەڵکی ڕۆشنبیر و بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی تر هەبوو. بەڵام دوای ئەوەی لە (١٩٥٢) دا بەهادین نوری[١] بوو بە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عێراق، توانی شێوەی بیرکردنەوەی کۆمۆنیستەکانی عێراق بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی بگۆڕێ. بە جۆرێ پارتی کۆمۆنیست هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە کورد نەتەوەیە و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە ( مافەکانی گەلی کورد...،ل٤٩ـ٥٠ ).

ئەم گۆڕانکاریەی لە تێڕوانینی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا دروست بوو بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد، کاریگەری لەسەر سیاسەت و تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دروست کرد. بۆیە لە کۆنگرەی (٣) ی حیزبدا کە لە ساڵی (١٩٥٣) دا بەسترا، داوای قەوارەیەکی کوردی کرد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، بەڵام ئەم جارەش خەبات دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانی دانا ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٢٥١ ). ئەمەش بە گۆڕانکاریەکی باش دادەنرێ لە تێڕوانینی سیاسی پارتی دیموکراتدا[٢] بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد.

لە بارەی پرسی هەرە گرنگ و سەرەکی لای پارتی دیموکرات لە دەیەی یەکەمیدا، کریس کۆچێرا باس لەوە دەکات : پارتی دیموکرات تا دە ساڵ لە دوای دامەزرانی، هەمیشە

(١) ناوبراو ناسراو بوو بە ( باسم )، بە ڕەگەز کورد بوو. بۆیە هەوڵیدا تێڕوانینی ڕێکخراوەکەی بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد بگۆڕێ، لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتوو بوو.

(٢) پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەرئەوەی پارتێکی دێرین و ناسراوە لە کوردستانی باشوردا، زۆرجار تەنیا بە دەستەواژەی ( پارتی دیموکرات ) یان ( پارتی ) ناو دەبرێ.

لە دووڕیانی ئەوەدا بوو کە ئایا دەبێ ئەرکی لە پێشینەی پرسی نەتەوەیی بێ یان پرسی چینایەتی، بەڵام لە (١٩٥٥) دا بە ئامۆژگاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیار دەدات کە خەبات بکات بۆ چارەسەر کردنی هەردوو پرسی نەتەوایەتی و چینایەتی لە یەک کاتدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٢ ). واتە ئەو کاتیش خەبات کردن بۆ چارەسەر کردنی پرسی نەتەوەیی بە تاکە ئەرکی لە پێشینەی خۆی نەزانیوە.

# بەشی سێ یەم :
# دۆخی کوردستانی باکور لە دوای کۆتایی هاتنی جــەنگــی جیهانــی دووەم

بەهۆی ئەو جیاکاری و چەوساندنەوەیەی لە لایەن تورکانەوە بەرامبەریان دەکرێ، هەمیشە هەستی کورد بوون لەنێو کوردەکانی باکوردا بەرز بووە. بۆیە وەك پشتگیریەك بۆ کۆماری کوردستان لە رۆژهەلاتدا، کوردەکانی دیاربەکر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەلام لە لایەن هێزەکانی دەولەتەوە بە توندی سەرکوت کران و هەندێکیان کوژران و هەندێکی تریشیان لە سێدارە دران ( کورد و کوردستان...،ل٣١٨ ).

بەهۆی بەردەوامی ستەم و سیاسەتی نکولی کردن بەرامبەر بە کورد لە تورکیادا، دکتۆر ئەحمەد فاخیر یەکێك لە سەرکردەکانی ( خۆیی بوون )، نامەیەك ئاراستەی سێر بێڤنی ( وەزیری هەندەرانی بەریتانیا ) دەکات لە (١٩٤٧/٣/١١) دا، کە تێیدا هاتووە (( لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، کورد لە رێگەی ( کۆمەلەی کورد )[١] و چەند رێکخراوێکی ترەوە، داوا لە زلهێزەکان دەکات کۆتاییەك بۆ ئەو رەوشە دابنێن کە هەڕەشە لە بوونی فیزیکی گەلی کورد دەکات، دەنا رەوشی ئاشتی و ئارامی ولاتانی رۆژهەلاتی نزیك دەکەوێتە مەترسیەوە..... کورد گەلێکە گشت تایبەتمەندیە پێویستیەکانی هەیە بۆ ئەوەی سنور و سەربەخۆیی خۆی هەبێ. ئەو پرنسیپانەی لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە جاڕ دراون، مافی ئەوە دەدەنە کورد داوای گەڕانەوەی مافە زەوت کراوەکانی بکات..... ئەگەر چەند لەبەرچاو گرتنێکی ( اعتبار ) نێودەولەتی رێگڕ بن لەوەی دەم و دەست بیر لەوە بکرێتەوە کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دروست بێت، ئەوا لە بری ئەوە پێویستە، هێزە گەورەکان تەدەخول بکەن بۆ ئەوەی رەوشێکی بەرگە بۆ گیراو و مرۆڤانە بۆ کورد دروست بێت و دان بە ( ئۆتۆنۆمی ) کەیاندا بنرێ لە چوارچێوەی ئەو ولاتانەی تێیدان )) (کورد و کوردستان...،ل٢٣٩ تا ٢٤٢).

---

(١) پێدەچێ مەبەستی لە کۆمەلەی کورد، رێکخراوی ( خۆیی بوون ) بێت.

به لەبەر چاوگرتنی ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و جیهاندا هاتبوونە ئاراوە، کۆمەڵەی ( خۆیی بوون ) و رێکخراوەکانی تر هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە ( ئۆتۆنۆمی ) بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدان، چارەسەرێکی زۆر خراپ نابێ بۆ پرسی سیاسی کورد. ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵەی ( خۆیی بوون ) لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە کەمتر لە سەربەخۆیی بۆ کوردستانی باکور رازی نەبوو. واتە لە باکوری کوردستانیشدا بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیەوە، کورد ناچار بووە دەستبەرداری ئامانجی سەربەخۆیی ببێ.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بەرە بەرە بزافی سیاسی و کەلتوری کورد لە تورکیادا رووی لە گەشەکردن دەکرد. دەستەڵاتدارانی تورکیا لە (١٩٦٠) دا پەنجا هاوڵاتی کوردیان دەستگیر کرد، کە بە سزای لە سێدارە دان دادگایی کران، بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی. تاوانی ئەو هاوڵاتیانە ئەوە بوو کە لە بزافێکی رۆشنبیری کوردی کاریان دەکرد، کە مافە کەلتوریەکانی کوردیان بە بەشێ لە مافە دەستوریەکان دادەنا، بەو پێیەی دەستوری تورکیا جیاوازی ناکات لە نێوان هاوڵاتیان بەهۆی جیاوازیەکانی ( زمان، ئاین، رەگەز )، وە رێزی ئازادی بیروڕا و ئازادی بڵاوکردنەوە دەگرێ لەنێو خۆی وڵاتدا ( المسألة الكردية...،ص١٩ـ٢٠ ).

راستە لە دەستوری تورکیادا باس لە یەکسانی و ئازادی بیروڕا کرابوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو برگەیە جێگر کرابوو (( ئەوەی لە تورکیادا بژی تورکە )). بەمەش نکوڵی لە بوونی نەتەوەکانی تر کرابوو لە وڵاتدا. بۆیە ئەگەر کوردێك کاری بۆ زیندوو کردنەوەی زمان و کەلتوری کوردی کردبایە، لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە بە جودا خواز لە قەڵەم دەدرا و رووبەڕووی توندترین سزا دەکرایەوە.

لە (١٩٦١/٥/٨) دا وەك نارەزاییەك دژی دادگایی کردنی رۆشنبیرە کوردەکان، دەیان هەزار کورد رژانە سەر شەقامەکان و لە لافیتەکانیاندا داوای خودموختاری سیاسی و رۆشنبیریان دەکرد، لەو دروشمانەی کە هەڵیان گرتبوون (( ئێمە تورك نین..... ئێمە کوردین )) و (( دەبێ حکومەت دان بە مافەکانماندا بنێ )) ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل ١٢٢). ئەم جۆرە چالاکیانە، بۆ ئەو کات لە تورکیادا رابوونێکی زۆر گەورە بوو. چونکە تورکە رەگەز پەرستەکان خەونیان بەوەوە ئەبینی کە توانیویانە کورد لە بۆتەی نەتەوەی

توركدا بتوێننەوە، بەڵام ئەم جۆرە چالاكیانەی كوردەكان، حكومەت و نەتەوەی توركی تووشی شۆكێكی گەورە كرد.

لە ناوەراستی شەستەكانی سەدەی رابردوودا، پارتی دیموكراتی كوردستان لە توركیادا دامەزرا. كە لە بەرنامەكەیدا ئەم ئامانجە سیاسیانە هاتبوون، خەبات كردن لە پێناوی ئۆتۆنۆمی كارگێڕی و رۆشنبیری بۆ گەلی كورد لە چوارچێوەی كۆماری توركیادا، وە داننان بە مافەكانی گەلی كورد و چەسپاندنی رۆشنبری نەتەوەیی و زمانی دایك لە توركیادا ( الحركة الكوردية...،ص٣١٥ ).

ئاماژە و زانیای زۆر هەیە كە دەریدەخات پارتی دیموكراتی كوردستانی باشور، رۆڵێكی گەورەی هەبووە هەم لە دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانی باكور، هەمیش لە دامەزراندنی پارتی دیموركراتی كوردستانی رۆژئاوا. پێدەچێ هەر بەو هۆیەشەوە بووبێ، پارتی دیموكراتی باكور وەك هاوشێوەكەی لە باشور داوای ئۆتۆنۆمی كردوە بۆ كورد. بەڵام بەهۆی جیاوازی رەوشی سیاسی توركیا لەگەڵ عێراقدا، پارتی دیموكراتی ئەوێ داوای ئۆتۆنۆمی كارگێڕی و رۆشنبیری كردوە. واتە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی و جوگرافی، داوای ( ئۆتۆنۆمی ) نەكردوە لە چوارچێوەی توركیادا.

كوردانی باكور لە شەستەكانی سەدەی رابردوودا، لە رووی خۆپیشاندان و نارەزایی مەدەنیانەوە چالاك بوون. بۆ نمونە لە (١٩٦٨) دا خەڵكی شاری ( گازانتیپ) ی نزیك مەلاتیە، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای ئازادی بەكار هێنانی زمانی كوردی و هەندێ مافی تاكە كەسیان كرد، بەڵام لە لایەن یەكەكانی سوپای توركەوە بە شێوەیەكی دڕندانە سەركوت كران ( كورد گەلی لە خشتەبراو...،ل١٢٠ ). هەر لەساڵەكانی (١٩٦٨ و ١٩٦٩) دا چەندین خۆپیشاندانی تر لە ناوچە كوردیەكانی توركیادا ئەنجام دران، دژی نادادپەروەری و چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە. خۆپیشاندەران داوای مافە نەتەوەیی و دیموكراتیەكانیان دەكرد، هەروەها سوور بوون لەسەر خوێندنەوەی وتارەكانیان بە زمانی كوردی ( المسألة الكردية،ص٢٢-٢٣ ). ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لە خۆپیشاندانەكاندا ئەوەبوو، كە زۆر جەخت لەسەر ئازادی بەكار هێنانی زمانی كوردی دەكرایەوە. لەو رۆژگارەدا لە توركیا، باسكردن لە بەكار هێنانی زمانی كوردی و قسەكردن پێی لە شوێنی گشتی و بۆنەكاندا وەك یاری كردن بوو بە ئاگر. چونكە لە تێڕوانینی رەگەز پەرستانەی دەوڵەتی توركیاوە، بەكار

هێنانی زمانی کوردی مەترسیەکی گەورە بوو لەسەر یەك پارچەیی خاکی وڵات. بۆیە داکۆکی کردن لە زمانی کوردی، تاوانێك بوو کە لێخۆشبوونی نەبوو.

لە (١٩٧٠) دا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە بارەی مافی گەلی کورد لە تورکیادا، ئەم برگەیەی لە پرۆگرامی خۆیدا جێگر کرد، کورد مافی دیاری کردنی چارەنووسی هەیە لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا ( الحرکة الکوردیة...،ص٣١٦ ). بەو پێیە پارتی ناوبراو چیتر خۆی وابەستە نەهێشتەوە بە دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) وە، بەڵام بە گوێرەی دیدگا تازەکەشی، کورد پێویست بوو کێشەکەی خۆی لە چوارچێوەی تورکیادا چارەسەر بکات.

صلاح سعدالله لە بارەی بزافی ناسیونالیستی کوردانی باکور لە سەرەتای حەفتاکاندا دەڵێ (( لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیست لە تورکیادا، سێ ئاراستەی سیاسی لەنێو کورداندا دەرکەوتن ئاراستەی یەکەم : داوای دامەزراندنی رێکخراوی ( جەماوەری و دیموکراتی ) کوردی دەکرد بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی نیشتیمانی. وە داوای یەکگرتنی ئارەزوو مەندانەی دەکرد لەنێو نەتەوەکانی تورکیادا، بەو پێیەی ئەم سیستەمە دەگونجا لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەییدا. هەروەها داوای مافە کەلتوری و ئیداری و سیاسیەکانی دەکرد بۆ گەلی کورد ئاراستەی دووەم : کە لە چالاکی هەندێ رۆشنبیری کورد پێك هاتبوو لە شارە گەورەکاندا، داوای سوود وەرگرتنی دەکرد لە ئازادیە دەستوریە سنوردارەکان لە چوارچێوەی یاسادا، کە لەم رێگەیەوە هەوڵ بدرێ خزمەت بە ماف و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد بکرێ ئاراستەی سێیەم : داوای جەخت کردنی دەکرد لەسەر چالاکیە کەلتوریەکان، وە بەکار هێنانی زمانی کوردی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و کتێبە کوردیەکان و هاندانی وێژە و هونەری کوردی )) ( المسألة الکردیة...،ص٣٦ تا ٣٩ ).

بە سەرنجدان لە هەر سێ ئاراستەکە، ئاراستەی یەکەم لە هەموویان باشتر و گونجاوتر بووە. چونکە خەبات کردن بۆ دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و کەلتوریەکان، بەبێ بوونی رێکخراوێك کارێکی زۆر ئەستەم دەبێ. جگە لەمەش پەیرەوانی ئەم ئاراستەیە وەك پرسێکی سیاسی روانیویانەتە کێشەی کورد، هەر بۆیەش داوای چارەسەری سیاسیانەی کێشەکەیان

کردوە. بەڵام دوو ئاراستەکەی تر زۆر پارێزگار بوون، وە بوێری ئەوەیان نەبووە وەك کێشەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی کوردا بکەن.

لە (١٩٧٤) دا وەرچەرخانێکی گەورە لە رێبازی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیادا دروست دەبێ. پارتەکە لە کۆبوونەوەی هەشتەمی لیژنەی ناوەندیدا رایگەیاند : کە ئامانجی بریتیە لەوەی گەلی کورد مافی هەبێ لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا. وە وا دەبینێ کە دەتوانرێ ئەم ئامانجە بهێنرێتە دی لە رێگەی شۆڕشێکی ( نەتەوەیی ـ دیموکراتی ) و خەباتی جەماوەریەوە. بۆیە بڕیاریدا هێزی چەکدار دابمەزرێنێ و ناوچە کوردیەکان پاك بکاتەوە لە هێزەکانی تورکیا، وە دەستەڵاتێکی جەماوەری و دیموکراتی لە کوردستانی باکوردا دابمەزرێنێ. هەروەها پابەندی خۆی بە دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم راگەیاند، وە ئەوەی روون کردەوە کە دوای ئەوەی هێزە ئیمپریالیزمیەکان[١] چەندین پەیماننامەی سیاسی و سەربازیان لەگەڵ تورکیادا واژۆ کردوە، بوونەتە دەربڕی بەرژەوەندی بورجوازیانەی سەربازی تورکیا، وە بەرپرسیارن لەو سەرکوت کردنەی خەباتی گەلان کە لە لایەن دەستەڵاتدارانی تورکیاوە ئەنجام دەدرێ. وە جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە سنوری کوردستانی تورکیا بەپێی هۆکارە ( رەگەزی، جوگرافی، ئابوری، مێژوویی ) یەکان دابنرێ، وە کوردی ببێتە زمانی رەسمی لە ناوچە کوردیەکاندا ( الحركة الكوردية،ص٣٢٤ـ٣٢٥ ).

کاتێ حکومەتی تورکیا ئامادە نەبوو دان بنێ بە بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتدا، بێگومان ئامادەش نەدەبوو کە دان بە هەبونی پرسی نەتەوەیی کوردا بنێ لە تورکیادا. بۆیە چارەسەر بوونی کێشەی کورد لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا، کارێکی زۆر ئەستەم بوو. هەر ئەمەش هاندەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە بیر لە رێگەیەکی بنەڕەتی بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد لە تورکیادا. بڕیار دان لەسەر گرتنەبەری شۆڕشی چەکداری بۆ رزگارکردنی کوردستانی باکور، کارێکی زۆر دروست بوو. چونکە لەو رۆژگارەدا، تاکە رێگە بوو بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیادا.

---

(١) مەبەستی لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی خۆرئاوا بوو، کە لە دژی هەژموونی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا چەندین پەیماننامەی سیاسی و سەربازیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا واژۆ کردبوو.

هەر لەو سەردەمەشدا ( حەفتاكانی سەدەی رابردوو ) چەندین رێكخراوی تری كوردی هەبوون كە خەباتیان دەكرد لە پێناوی چارەسەركردنی پرسی كورد لە توركیادا، كە هەندێكیان خاوەن هێزی چەكدار بوون، بەڵام بێگومان دیارترین و بەهێز ترینیان پارتی دیموكراتی كوردستان بوو.

# بەشی چوارەم :
# دۆخی کوردستانی رۆژهەڵات لە دوای کۆتایی هاتنی جـەنگـی جیهانـی دووەم

دوای لە ناوچوونی کۆماری کوردستان، پاشەکشێیەکی ترسناك لە بزافی ناسیونالیستی کوردی لە ئێراندا روویدا. حیزبی دیموکراتی کوردستان دووچاری جۆرێ لە متبوون بوو، کوردە نیشتیمان پەروەرەکانیش یان بێ دەنگیان هەڵبژارد، یان لە ترسی تۆڵەی دەزگا ئەمنیەکانی دەوڵەت کوردستانی رۆژهەڵاتیان بە جێهێشت[1] .

هەرچەندە سۆڤیەت لە ئەزموونی کۆماری کوردستاندا ناپاکیەکی زۆری بەرامبەر بە کورد کرد و لە گۆرەپانەکەدا بە تەنیا جێیهێشت بۆ تۆڵەی سوپای ئێران، کەچی حیزبی دیموکراتی کوردستان زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری بیری چەپ و هەمیشە سۆڤیەتی وەك قەڵایەکی پتەو سەیر دەکرد بۆ بەرگری کردن لە مافی گەلانی چەوساوە.

لە (١٩٥٥) دا هەوڵێك درا لە لایەن ژمارەیەك لە هەڵسوڕاوانی حیزبی دیموکرات بۆ بوژاندنەوەی چالاکی فیکری و کاری رێکخراوەیی، کاتێك لە پیرانشار کۆبوونەوەیەکیان[2] سازدا، کە تێیدا چەندین بڕیاری گرنگ درا، لەوانە بۆ یەکەم جار وشەی ( ئێران ) بۆ پاشگری ناوی حیزب زیاد دەکرێ و دەبێتە ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران ). هەروەها داوای سیستەمی کۆماری بۆ ئێران کرا، وە جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە پێویستە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار کورد بێ ( پەنجا ساڵ خەبات،ل١١٢ تا ١١٤ ). دوای (١٠) ساڵ لە دامەزراندنی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بری بەرز کردنەوەی ئاستی داخوازیە نەتەوەییەکانی، هەنگاوی بەرەو دواوە نا. ئەمەش بە زیادکردنی وشەی ( ئێران ) بۆ پاشگری ناوی حیزب، کە بە هۆیەوە حیزب وازی لە ناونیشانە کوردستانیەکەی هێنا و ناسنامەیەکی ئێرانی وەرگرت.

---

(١) ژمارەیەکی زۆر لە نیشتیمان پەروەرانی کوردی رۆژهەڵات، لە ترسی دەوڵەت روویان لە کوردستانی باشور کرد.

(٢) هەندێ کەس ئەم رووداوە ناو دەنێن کۆبوونەوە، هەندێکی تریش وەك جەلیل گادانی پێی دەڵێن کۆنفرانس.

له (١٩٥٦) دا حیزبی دیموکرات یەکەمین پڕۆگرامی خۆی، دوای سەردەمی قازی محەمەد بڵاوکردەوە. کە لە یەکێك لە پێشنیازەکانی پڕۆگرامەکەدا هاتووە : پێشنیازی خەباتی هاوبەش دەکەین دژی دەستەڵاتی شاهەنشا لە پێناو دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکرات، کە کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو کۆمارەدا ( حکومەتی نەتەوەیی ) و ( ئەنجومەنی نەتەوەیی ) خۆی هەبێ و کوردی ببێ بە زمانی رەسمی لە کوردستاندا، بەڵام مافی زمانەوانی کەمینەکانی تریش بپارێزێ ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٢٣٩ـ٢٤٠ ). ئەم داخوازیەی کە حیزبی دیموکرات لە پڕۆگرامی خۆیدا خستوویەتە روو، داواکردنی خودموختاریە، بەڵام ئەو پێی باش نەبووە ناوی بهێنێ.

بەهۆی بوونی کاریگەری بیری چەپ لەسەر پڕۆگرام و تێڕوانینە سیاسیەکانی حیزبی دیموکرات، حیزب خەبات لە دژی ئیمپریالیزم و بەدیهێنانی ئامانجی سۆشیالیزمی پێکەوە گرێ دابوو. یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی حیزبی دیموکرات ئەوەبوو، کورد بچێتە ریزی خەباتی هاوبەشی گەلانی ئێران دژ بە ئیمپریالیزم و ( رژێمی کۆنەپەرستی شا ). هەر بۆیەش حیزب بڕوای تەواوی بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا ( گۆڤاری کۆچ،ژمارە١٧،ل٣٥٣ ).

لە ساڵی (١٩٦٤) دا کۆنگرەی دووەمی ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران ) بەسترا، کە گرنگترین بڕیار و گفتوگۆکانی نێو کۆنگرەکە بریتی بوون لەم دوو خاڵەی خوارەوە ١) وەستاندنی شەڕ دژی ئێران و ئامادەیی نیشاندان بۆ وتوێژ لەگەڵ رژێمی ( شا ) دا، ئەمەش لە پێناو کەم کردنەوەی فشار لەسەر شۆڕشی کوردستانی باشور[1] ٢) پشتیوانی کردن لە شۆڕشی ئەیلول و ناسینی مەلا مستەفا وەك رێبەری بزافی رزگاریخوازی کوردستان ( پەنجا ساڵ خەبات،ل١٤٣ـ١٤٤ ).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم کۆنگرەیەی ( حیزبی دیموکرات ) دا ئەوەیە، کە کار و راسپاردەکانی کۆنگرەکە زیاتر پەیوەندیان بە رەوشی سیاسی کوردستانی باشورەوە هەبوو. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە رێبەرانی حیزبەکە تارادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری هەژموونی سیاسی مەلا مستەفادا بوونە.

---

(١) مەبەست لە ( شۆڕشی ئەیلول ) بوو بە رێبەرایەتی مەلا مستەفا (١٩٦١ـــ١٩٧٥).

لە پڕۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، پەسەند کراوی کۆنفرانسی سێیەم لە ١٩٧٠ دا هاتووە (( حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بڕوایە دایە کە بۆ رزگارکردنی ئێران لەژێر هەژموونی ئیمپریالیزم و هێنانەدی دیموکراتی، دەبێ رژێمی شا بڕوخێ )) ( کوردستان و کورد...،ل٣٥٢ ). پابەند بوونی حیزبی دیموکرات بە خەبات دژی هەژموونی ئیمپریالیزم لە ئێراندا، ئەوە دەسەلمێنێ کە تا ئەو کات حیزبەکە کاریگەری بیری چەپی زۆر بەسەرەوە هەبووە. وە هەوڵدان بۆ رووخاندنی رژێمی شا، جگە لە قورس کردنی ئەرکی سەرشانی بزافی رزگاریخوازی کوردی، هیچ سوودێکی بۆ پرسی کورد نەبوو. بەڵگەش لەسەر ئەوە، بەشداری کردنی کورد لە (١٩٧٩) لە رووخاندنی ( رژێمی شاهەنشا ) دا، هیچ قازانجێکی ئەوتۆی بۆ کورد لێ نەکەوتەوە.

لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٣، هەندێ گۆڕانکاری گرنگ لە پڕۆگرام و ئامانجە سیاسیەکانی حیزبدا هاتنە ئاراوە، وەك ئەمانەی خوارەوە ؛

- لە کۆنگرەکەدا پێشنیاز کرا کە سنوری راستەقینەی کوردستانی رۆژهەڵات دیاری بکرێ بەپێی هۆکارە مێژوویی و جوگرافی و ئابوریەکان، کە وەڵام دەرەوەی ئارەزووی زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە بێت.
- هەر لە کۆنگرەکەدا حیزبی دیموکرات رایگەیاند : کە رێبازی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەماکانی ( بێ لایەنی و سەربەخۆیی و رێزگرتن و خۆتێ هەڵنەقورتاندن) بنیات دەنرێ. وە تێدەکۆشێ دژی ئیمپریالیزم، وە رێبازی گەشەسەندنی سۆشیالیستی بە باشتر دەزانێ بۆ کوردستانی خودموختار.
- هەر لەو کۆنگرەیەدا حیزب دەستپێشخەری کرد بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ گشت هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەسەر بنچینەی بەرنامەی کار و ئامانجی هاوبەش. وە رایگەیاند کە هەر رێکخراوێك دەتوانێ رێبازێکی ئایدیۆلۆجی خۆی هەبێ و پارێزگاری لە سەربەخۆیی رێکخستنەکانی بکات، وە هەڵبستێ بە بانگەشە کردن بە شێوەیەکی سەربەخۆ. بە تێڕوانینی حیزب ئامانجی هاوبەشی گشت لایەنەکان، دەبێ بریتی بێ لە رووخاندنی رژێمی شا و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی کە بتوانێ چەند ئەرکێکی گرنگ جێبەجێ

بکات ، لەوانە ١) دانانان بە مافی گەلانی چەوساوەی ئێران لە ڕێگەی سەلماندنی قەوارەیەکی خودموختاری بۆیان لە چوارچێوەی وڵاتدا ٢) لابردنی گشت بنکە سەربازیەکان[1] و پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ ( الحركة الكوردية...،ص٣٠٣-٣٠٤ ) .

لەبەرچاو گرتنی ویست و ئارەزووی دانیشتوانی ئەو ناوچە کوردیانەی کە کێشەیان لەسەرە بۆ دیاری کردنی ناسنامەکەیان، تێڕوانینێکی دیموکراسیانەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەڵەیەکی لۆژیکی کوشندەیە. چونکە ناکرێ چارەنووسی ئەو ناوچانەی کە کورد خۆی بە خاوەنیان دەزانێ، وابەستە بکرێ بە ویست و بڕیاری دانیشتوانەکەی. بە تایبەتی کە زۆربەی ئەو ناوچانە، بە بەرنامە پێکهاتەی دانیشتوانیان شێوێنراوە لە لایەن حکومەتەکانی ناوەندەوە.

حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی سێیەمیدا، هەوڵی داوە تارادەیەك لەژێر کاریگەری بیری چەپ و ڕێبازی مارکسی بێتە دەرەوە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی لە هەژموونی ڕەوتی کۆمۆنیستی ڕزگار بکات. ئەمەش لە دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و پشتیوانی کردن لە ڕێبازی سۆشیالیستی هەست پێ دەکرێ.

داواکردنی خودموختاری بۆ گشت گەلانی ئێران لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە، لە دوو ڕووەوە کێماسی هەبوو ١) دەستەبەر کردنی خودموختاری بۆ گشت گەلانی ئێران، کارێك بوو لە توانای حیزبی دیموکراتدا نەبوو ٢) لە بری داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گشت گەلانی ئێران، بۆ حیزبی دیموکرات گونجاوتر بوو کە داوای چەسپاندنی سیستەمی فیدڕاڵی بکات لە ئێراندا، بە جۆرێ گشت نەتەوەکانی ئێران خاوەن هەرێمی فیدڕاڵی خۆیان بن، لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و چەندین کێشەی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا بوونی هەیە. هەر بۆیە باشترین چارەسەری سیاسی بۆ ئێران سیستەمی فیدڕاڵیە، ئەویش کاتێ کە بتوانرێ دیموکراسی لە وڵاتدا بەرقەرار بکرێ. چونکە هەرگیز چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی یان سیستەمی فیدڕاڵی، بەبێ بوونی دیموکراسیەت لە وڵاتدا سەرکەوتوو نابێ.

---

(١) مەبەست لە بنکە سەربازیەکانی ڕۆژئاوایە ، کە لە ئێراندا هەبوون لە سەردەمی ( ڕژێمی شاهەنشا ) دا.

# بەشی پێنجەم :
# دۆخی کوردستانی رۆژئاوا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم

هەروەك چۆن خەباتی ناسیونالیستی کوردانی رۆژئاوا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لاواز بوو، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمیش هەر بە لاوازی مایەوە. وە بزوتنەوەی کوردی لە رۆژئاوا تاڕادەیەکی زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە بەشەکانی تری کوردستان.

لەژێر کاریگەری پارتی دیموکراتی کوردستانی باشور، پارتێکی هاوشێوە لە کوردستانی رۆژئاوادا دروست بوو بە ناوی ( پارتی دیموکراتی کورد ـ سوریا ) [1]. ئامانجی نەتەوەیی ئەم پارتە، بریتی بوو لە چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی سوریادا. لە راستیدا پارتەکە هەوڵی پێك هێنانی هاوسەنگی دەدا لە نێوان هەردوو لایەنی نەتەوەیی کوردی و نیشتیمانی سوریدا (نیت،حوار المتمدن،عدد١٩٩٦).

هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی باکور و خۆرئاوا کە کاریگەریەکی زۆری پارتی دیموکراتی کوردستانی باشوریان بە سەرەوە بوو، وەك هاوشێوەکەیان لە باشور لە سەرەتادا داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان دەکرد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە تێیدان.

بەهۆی ئەو دۆخە سیاسیەی کە باڵی بەسەر کوردستانی خۆرئاوادا کێشا بوو، زۆربەی ئەو رێکخراوە کوردیانەی کە دوای جەنگی جیهانی دووەم دامەزران، بێ ئومێد بوون لە دروست بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی. بۆیە تەنیا داوای هەندێ مافی سیاسی و رۆشنبیریان دەکرد بۆ کورد لە سوریادا. داخوازیەکانی ئەم رێکخراوانە بە جۆرێ سنوردار بوون، کە مەترسیەکی ئەوتۆیان دروست نەدەکرد بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی رژێمی فەرمانڕەوا. بۆیە زۆرێك لەو رێکخراوانە مۆڵەتی کار کردنیان پێدرا بوو لە سوریادا!! ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەستەڵاتداران دانیان بە بوونی کێشەی کورد نەدەنا لە وڵاتدا، وە جەختیان لەوە دەکردەوە کە هیچ ناوچەیەکی کوردی لە سوریادا بوونی نیە.

---

(١) ئەم پارتە لە لایەن ئوسمان سەبری و نورەدین زازا و هەندێ نیشتیمان پەروەری تر لە (١٩٥٧) دا دامەزرا ( گرفتە سەرەکیەکانی کورد ، ل ١٤٤ ).

چالاکی سەرەکی حیزبە کوردیەکانی رۆژئاوا لەو کاتەدا، بریتی بوو لە بەشداری کردن لە فێرکردنی زمان و ناساندنی مێژووی کورد و رێکخستنی فیستیڤاڵە هونەری و کەلتوریەکان ( کوردی سوریا...،ل١٦٦ ). کە لە راستیدا ئەم چالاکیانە، زیاتر ئەرکی رێکخراوە رۆشنبیریەکانە نەك سیاسیەکان.

رژێمە فەرمانڕەواکانی سوریا هەمیسشە بەرامبەر بە کورد، سیاسەتێکی رەگەز پەرستانەیان گرتۆتە بەر، گەشەسەندنی کەلتور و هونەری کوردیان بە مەترسیەکی گەورە زانیوە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب. بۆیە دوای پێك هێنانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە (١٩٥٨/٢/٢٢) لە نێوان سوریا و میسردا، حکومەتی سوریا دژی ناسنامە و کەلتوری کوردی چەند رێکارێکی توندی گرتە بەر ، وەك قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی کوردی و گوێ گرتن لە مۆسیقا و گۆرانی کوردی و رێگە نەدان بە تۆمارکردنی گۆرانی و بڵاوکراوە کوردیەکان. هەر لە میانەی جێبەجێ کردنی ئەم رێکارانەدا، دامەزراوەکانی دەوڵەت دەستیان گرت بەسەر چەندین بڵاوکراوەی کوردیدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٩-٥٠ ). کەچی سەرەڕای ئەو هەموو ستەم و توند و تیژیەی کە بەرامبەر بە کوردەکانی خۆرئاوا ئەنجام درا لە لایەن دەستەڵاتدارانی سوریاوە، نەتوانرا کەلتور و هەستی نەتەوەیی کوردی لەنێو ببرێ.

رژێمی دەستەڵاتداری سوریا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا، دەستی کرد بە هەڵمەتێکی فرەوان بۆ بە عەرەب کردنی کورد وخاکەکەی لە سوریادا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠١ ). بە مەبەستی کەم کردنەوەی رێژەی هاوڵاتیانی کورد لە سوریادا، حکومەتی ناوەندی لە (١٩٦٢/١٠/٥) دا سەرژمێریەکی لە حەسەکە ئەنجامدا. لەم رۆژەدا لە نێوان (١٢٠٠٠٠_ ١٥٠٠٠٠) هاوڵاتی کورد مافی هاوڵاتی بوونی لێ سەندرایەوە، بە پاساوی ئەوەی ئەوانە کۆچبەرن و لە تورکیاوە هاتوون و هاوڵاتی رەسەنی سوری نین. وە هەر لەو ماوەیەدا بە ناوی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی، زەوی و زارێکی زۆر لە کوردەکان سەندرایەوە و درا بە عەرەبەکان ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٦ ). راستە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکور، بە هۆکاری سیاسی کۆچیان کردبوو بۆ کوردستانی خۆرئاوا و لەوێ نیشتەجێ ببوون، بەڵام لەبەرئەوەی دەیان ساڵ بوو ئەو کۆچبەرانە لە سوریادا نیشتەجێ ببوون و ناسنامەی ئەو

وڵاتەیان وەرگرتبوو، هیچ یاسا و نەریتێك ڕێگە بەوە نادات کە لە مافی هاوڵاتی بوون بێ بەری بکرێن.

هەندێ پارتی کوردی لە خۆرئاوادا، لە سەرەتای دروست بوونیاندا هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان بوون، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و پەیداکردنی ئەزموونی سیاسی، تێڕوانیان لە بارەی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد گۆڕا. وەك ( پارتی یەکێتی گەل) لە کوردستانی خۆرئاوادا، کە لە سەرەتادا ئامانجەکەی رزگارکردن و یەکخستنی کوردستان بوو، بەڵام دواتر ئەزموونی سیاسی وای لێکرد کە تێڕوانین و ستراتیجیەتی سیاسی خۆی بگۆڕێ. ئەوەبوو دوای کۆنفرانسی ( ئاب ) ی ١٩٦٥، بەرە بەرە گەڕایەوە بۆ داواکردنی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی بنەڕەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریای یەکگرتوودا ( نيت،حوار المتمدن، عدد٢٠٠٠ ).

لە راستیدا کاتێ دەتوانرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدان چارەسەر بکرێ، ئەگەر سیستەمی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بوونی هەبێ. بەڵام هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بەسەر بەشێکی کوردستاندا گرتووە، خاوەنی کەلتوری دیموکراسی نین، بۆیە کارێکی زۆر ئەستەم و نەکردەیە کە بتوانرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بکری.

سەرکردایەتی ( پەکەکە )[١] لە کۆتایی هەفتاکاندا رووی کردە سوریا، چوونی پەکەکە بۆ ئەو وڵاتە کاریگەریەکی زۆری لەسەر دۆخی سیاسی کوردانی رۆژئاوا دروست کرد. راستە پەکەکە لە سەرەتای دروست بوونیدا هەڵگری دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بەڵام بە کردەوە خەباتەکەی لە پێناو کوردستانی باکور بوو. لە هەمان کاتیشدا کە ململانێیەکی مێژوویی لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و سوریا دا بوونی هەیە، ئەمە بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ نزیك بونەوەی نێوان پەکەکە و حکومەتی سوریا. هەروەها پەکەکە رێکخراوێکی کۆمۆنیستی بوو، وە خەباتێکی سەختی دەکرد لە دژی ئیمپریالیزم و سیستەمی سەرمایەداری. سوریاش لە جەمسەری وڵاتانی سۆشیالیستیدا بوو بە رێبەرایەتی سۆڤیەت، رەنگە ئەمەش هۆکارێکی تر بووبێ بۆ دروست بوونی هەماهەنگی نێوان پەکەکە و رژێمی فەرمانڕەوای سوریا.

---

(١) پەکەکە کورت کراوەی، پارتی کرێکارانی کوردستانە.

حکومەتی سوریا چاوپۆشی دەکرد لە چالاکی ڕێکخستنەکانی پەکەکە لەنێو کوردانی خۆرئاوادا، کە بەو هۆیەوە پەکەکە توانی هەزاران کوردی خۆرئاوا بهێنێتە ریزەکانیەوە. لە بەرامبەر پشتیوانی کردنی لە لایەن حکومەتی سوریاوە، پێدەچێ سەرکرایەتی پەکەکە چەند بەڵێنێکی بە دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دابێ، وەك چاوپۆشی کردن لە بوونی پرسی نەتەوەیی کورد لە سوریادا، وە هاندانی کوردانی خۆرئاوا لە دژی تورکیا و دوور کەوتنەوە لە چالاکی سیاسی دژ بە رژێمی سیاسی لە سوریادا. بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەییانەی پەکەکە لەنێو کوردانی خۆرئاوادا، هۆکارێك بوو بۆ بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردەکانی سوریادا، بەڵام لە دوو لایەنیشەوە زیانی گەیاند بە بزافی رزگاریخوازی کوردی لە خۆرئاوای کوردستاندا ؛

یەکەم : ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی خۆرئاوا، لە بری خەبات کردن بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە سوریادا، کەوتنە خزمەت بزافی ناسیونالیستی کوردی لە باکوری کوردستاندا .

دووەم : ڕێکخستنەکانی پەکەکە هەوڵیان دەدا ئەو بڕوایە لای کوردانی خۆرئاوا دروست بکەن، کە کێشەی کورد لە سوریادا زۆر بچوکە و پێویستە تا رزگار بوونی کوردستانی باکور، بیر لە پرسی نەتەوەیی کورد لە سوریادا نەکرێتەوە. پەکەکە هەمیشە ئەو هەستەی لای کوردانی خۆرئاوا دروست دەکرد کە رژێمی فەرمانڕەوای سوریا دۆستی کوردە. بۆیە نابێ لە لایەن کوردانی خۆرئاواوە دژایەتی بکرێ.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ پارێزگاری کردن لەو هاوپەیمانیەتەی کە لەگەڵ دەستەڵاتدارانی سوریادا هەیبوو، چەندین جار ئاماژەی بەوە کردوە کە کورد لە رووی پرسی نەتەوەییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نیە لە سوریادا. بۆ نمونە لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا رایگەیاند : کە زۆربەی کوردانی سوریا پەنابەرن و لە تورکیاوە هاتوون. بۆیە بە گەڕانەوەیان بۆ تورکیا شادمان دەبن ( کوردی سوریا...،ل١٨٩ ). ئەم هەڵوێستەی ئۆجەلان تەواو لە خزمەتی رژێمی رەگەزپەرستی سوریادا بوو، وە بە شێوەیەکی زۆر خراپیش لەسەر کەسایەتی ئۆجەلان شکایەوە.

لە راستیدا ئەو پڕۆژە سیاسیەی کە ( پەکەکە ) لە کوردستانی خۆرئاوادا بەڕێوەی دەبرد، سەرەڕای هەموو کەم و کورپەکانیشی، کەچی بووە بناغەیەکی نەتەوەیی باش بۆ

کوردانی ئەو وڵاتە. ئەوەبوو لە دوای رووداوەکانی شەڕی ناوخۆی سوریا لە (٢٠١١) دا، رێکخستنەکانی پەکەکە لەژێر ناوی ( پەیەدە ) دا توانیان زۆربەی ناوچە کوردیەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە و چەند ( کانتۆنێك) یش دابمەزرێنن.

رژێمی فەرمانڕەوای سوریا بەردەوام بوو لەسەر دژایەتی کردنی زمان و کەلتوری کوردی، لە (١٩٨٦) دا بەکار هێنانی زمانی کوردی لە کاتی ئیش و کاری رەسمیدا قەدەغە کرد. وە لە (١٩٩٢) دا پشتێنەی عەرەبی ( الحزام العربی )، وەك سیاسەتێکی رەگەز پەرستانە پەیڕەو کرد بە درێژایی سنوری سوریا لەگەڵ عێراق و تورکیادا ( کورد لە عێراق،ل١٨١ ). وە لە (١٩٩٨) دا حیزبی بەعسی عەرەبی سوری لە کۆبوونەوەیەکدا بە رەسمی رایگەیاند : ئێمە دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە کۆماری عەرەبی سوریادا، کێشەیەك نیە پێی بوترێ کێشەی کورد ( کوردی سوریا...،ل١٠١ ).

دروست کردنی پشتێنەی عەرەبی بۆ ئەوەبوو کە لە نێوان ناوچە کوردیەکاندا چەند ناوچەیەکی عەرەبی دروست بێن، تاکوو ببنە رێگر لە بەردەم پێکەوە بەسترانەوەی ناوچە کوردیەکان هەم لە ناو سوریادا، هەمیش لەگەڵ ناوچە کوردیەکانی تورکیا و عێراقدا. هەر بۆ زیاتر سەرخستنی پرۆسەی پشتێنەی عەرەبی، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا[١] حکومەتی سوریا بە بڕیارێك، بە قوڵایی پێنج کیلۆ مەتر کڕین و فرۆشتنی زەوی لە ناوچە سنوریەکان قەدەغە کرد ( نیت ،معلومة سياسية... ). دوای ئەوەی زۆربەی ناوچە کوردیەکانی سوریا لە لایەن ( پەیەدە ) وە کۆنترۆڵ کران، خەریکە پرۆژەی ( پشتێنەی عەرەبی ) بە تەواوی شکست دێنێ.

(١) دوای ئەوەی ساڵنامەی زاینی بوو بە (٢٠٠٠)، واتای ئەوەیە کە مرۆڤایەتی پێی ناوەتە هەزارەی سێیەمەوە.

# بەشی شەشەم

# بارودۆخی کوردەکانی سۆڤیەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەم

ڕەوشی کوردەکانی سۆڤیەت، بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانیەوە[1] زۆر دژوارتر بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئەم وڵاتە ناهەموارتر دەبوو. بەهۆی دەربەدەری و چەوساندنەوە و هەژاریەوە، ژمارەی کورد بە شێوەیەکی زۆر ترسناک ڕووی لە کەم بوونەوە کرد.

خراپتر بوونی هەلومەرجی کوردان لە سۆڤیەتدا تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو، ئەو کات یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی ئابوری و ئیداریەوە گەیشتە دۆخێکی زۆر دژوار، بە جۆرێ لە توانایدا نەمابوو چیتر پەرە بە کێبڕکێ و ململانێ بدات لەگەل ( جەمسەری سەرمایەداری ) دا. ئەمە کاری کردە سەر سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە، بە ناچاری بواریان بۆ جۆرێ لە ئازادی سیاسی و کەلتوری و دیموکراسی کردەوە. ئەمەش بووە هاندەرێکی باش بۆ نەتەوە چەوساوەکانی سۆڤیەت کە داوای گەڕاندنەوەی مافەکانیان بکەن، یەکێك لەو نەتەوانەی کە داوای بەدەست هێنانەوەی مافەکانی کرد، نەتەوەی کورد بوو.

یەکبوون کە ڕێکخراوێکی کوردی سۆڤیەتی بوو، چەندین نامەی ئاراستەی کاربەدەستانی وڵات کرد، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی مافە زەوت کراوەکانی گەلی کورد و سەرلەنوێ دروست کردنەوەی کوردستانی ئۆتۆنۆم، لە یەکێك لە نامەکانیدا داوای پێك هێنانی کۆمسیۆنێکی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد و بارودۆخی کوردەکانی وڵات ( کوردستانی پشت قەفقاس،ل٣٥٤ تا ٣٥٦ ).

(١) لە جەنگی جیهانی دووەمدا، سوپای ئەڵمانیا ناوچەیەکی فرەوانی سۆڤیەتی داگیرکرد. بەو هۆیەوە خەڵکی سۆڤیەت بە کوردەکانیشەوە دووچاری هەلومەرجێکی زۆر خراپ و سەخت بوونەوە.

یەکێك لەو نامانەی لە لایەن نوێنەرانی کوردی سۆڤیەتەوە ئاراستەی ( بریژنێف )[1] کراوە، شەش سەد واژۆی لەسەر بوو کە داوای دروست کردنەوەی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردیان دەکرد لە چوارچێوەی سۆڤیەتدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٧ ). ئەو ماوەیەی کە کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردی بوونی هەبووە، بە سەردەمی زێرینی کوردانی سۆڤیەت دادەنرێ. بۆیە دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکە لە لایەن ( ستالین ) وە، بە درێژایی دەیان ساڵ کوردەکانی ئەو وڵاتە خەونیان بە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کۆمارەکەوە ئەبینی.

لە سایەی ئەو دۆخە سیاسیەی کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە سۆڤیەتدا هاتبووە ئاراوە، هیوایەك بۆ دامەزراندنەوەی ( کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردی ) گەشەی کردبوو. ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانە باشەی کە لە تێڕوانینی بەرپرسانی سۆڤیەتدا دروست ببوو بەرامبەر بە گەلانی چەوساوەی وڵاتەکەیان. بۆ نمونە ( ئەندرۆپۆف )[2] لە مانگی (١١) ی ١٩٨٢ دا گوتی : ملیۆنەها ئەڵمان و بولگاری و کۆریایی و کورد و نەوەی گەلانی تر، کە لەمێژە سۆڤیەت بووەتە نیشتیمانیان، هەمان مافی تەواوی هاونیشتیمانیانی سۆڤیەتیان هەیە ( سۆڤیەت و بزوتنەوەی...،ل١٦٧ ). ئەم هیوایەی کوردان هیچی لێ سەوز نەبوو، ئەویش لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە ١) ئاڵۆزی پرسی کورد لە سۆڤیەتدا، کە بەهۆی دەربەدەری و ئەو ستەم و توند و تیژیەی بەرامبەریان کرابوو هەم زۆر پەرش و بڵاو ببوون، هەمیش ژمارەیان زۆر کەم ببوەوە ٢) بەرژەوەندی سیاسی سۆڤیەت لەوەدا نەبوو، سەرلەنوێ کوردەکان کۆ بکاتەوە و قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمیان بۆ دروست بکات.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستدا یەکێتی سۆڤیەت گەیشتبووە دۆخێکی ئەوەندە خراپ، کە بە تەواوی نیشانەکانی هەڵوەشانەوەی لێ بەدەر کەوتبوون. ئەمە هانی چالاکوانانی کوردیدا کە هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە، بەو ئومێدەی بتوانن کوردە پەرت و بڵاوەکانی سۆڤیەت لە قەوارەیەکی سیاسیدا کۆ بکەنەوە. لەم بارەیەوە وەکیلێ مستۆ لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری لڤیندا وتی ((لە ساڵی (١٩٨٨) دا کاتێ ویستمان دووبارە

(١) ناوبراو ئەو کات، سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

(٢) ئەو کات بەرپرسێکی باڵای یەکێتی سۆڤیەت بوو. دواتر بوو بە سەرۆکی وڵات.

( دەوڵەتی کوردی )[1] دابمەزرێنینەوە، من چوومە ( تورکمانستان )[2] و وتم یارمەتیم بدەن با کوردەکانی ( تورکمانستان ) بگوازینەوە بۆ قەرەباغ. چونکە دەمانەوێ ( دەوڵەتی کوردی ) دروست بکەینەوە، بەڵام بەرپرسانی تورکمانستان پێیان وتم کە تەنیا (٤٨٠٠) کورد لە وڵاتەکەیاندا هەیە. منیش پێم وتن زیاتر لە ملیۆنێك کورد لەم وڵاتەدا لە عیشق ئاباد و مەریز و فیرووزە هەبوون، ئەی ئەوان چیان لێ هاتووە ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣١، ل٣٦ـ٣٧ ).

ئەم ژمارەیەی کە بەرپرسانی تورکمانستان سەبارەت بە کوردی وڵاتەکەیان وتوویانە، بە راستی زۆر شیاوی تێڕامان و پرسیارە، ئەگەر بەراورد بکرێ بەو ژمارەیەی کە وەکیلێ مستۆ باسی دەکات. بێگومان کەم بوونەوەی ژمارەی کوردان لە تورکمانستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە یەکەم : پێدەچێ بەشێکیان دەربەدەر کرابن لە لایەن حکومەتی تورکمانستانەوە دووەم : بەهۆی رێگە نەدان بە پێشکەوتنی زمان و کەلتوری کوردی و سەپاندنی کەلتوری ئەم وڵاتە بەسەر هاوڵاتیانی کوردا، پێدەچێ رێژەیەکی زۆری کورد لە بۆتەی نەتەوەی تورکماندا توابنەوە سێیەم : بەهۆی لاوازی هەستی نەتەوەیی و رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسی، پێدەچێ ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ئەم وڵاتە، راستی ناسنامەی خۆیان شاردبێتەوە .

نوێنەرانی گەلی کورد لە سۆڤیەت لە بارەی رەوشی سیاسی نەتەوەکەیانەوە نامەیەکیان ئاراستەی ( گەرباجۆڤ )[3] کرد، تێیدا داوایان کرد کە لە روانگەی بۆچوونەکانی ( لینین ) وە بروانێتە پرسی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە سۆڤیەتدا، وە کارەساتە مێژووییەکانی گەلی کورد لەبەرچاو بگیرێ کە ستەم و ناڕەواییەکی زۆری بەرامبەر کراوە و مافە رەواکانی کە لە یاسای بچینەییدا سەلمێنراون پێشێل کراون..... هەروەها ئەم داخوازیانەیان خستە روو : بە زمانی خۆمان لە ژیانی رۆژانەدا بدوێین و ئەدەبیاتی کوردی بخوێنین و گۆرانی بە زمانی کوردی بچڕین..... وە لە نامەکەدا ئەوەشیان راگەیاند بوو :

(١) لە راستیدا ئەوەی دەیانەویست دابیمەزرێننەوە، قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بوو نەك دەوڵەتێکی کوردی.

(٢) ئەو کات ئەو وڵاتە یەکێك بوو لە کۆمارە ئۆتۆنۆمیەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

(٣) دوا سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

زۆرجار داوامان لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و ئەنجومەنی وەزیران کردوە، کە سەرلەنوی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردیمان بۆ دروست بکرێتەوە..... لە شوێنێکی تری نامەکەدا وتوویانە (( محەمەد باباییف )) ی کوڕی گەلەکەمان لە ساڵی (١٩٥٦) دا، داوای گەڕانەوەی گەلەکەمانی بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت و دروست کردنەوەی کۆمارە ئۆتۆنۆمیەکەی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کردوە. هەرچەندە وەڵامی درایەوە کە هاوڕێ ( خرۆشۆڤ )[١] فەرمانی داوە، کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردی سەرلەنوی لە ئازەربایجان دروست بکرێتەوە، بەڵام سەرەنجام هیچ شتێکی لێ سەوز نەبوو (کوردستانی پشت قەفقاس،ل٣٦٥ تا ٣٦٨).

لە راستیدا لە زۆر شوێنی سۆڤیەتدا، کوردەکان ئاستەنگی زۆریان دەهاتە پێش لە بواری بەکار هێنانی زمانی نەتەوەیی و گرنگی دان بە کەلتوری کوردی. بۆیە لە نامەکەدا داوای لابردنی ئەو رێگریانەیان کردوە.

کورد لە سۆڤیەتدا بەهۆی سیاسەتی کۆچ پێکردن و راونانەوە، بە شێوەیەك پەرش و بڵاو ببوونەوە، کە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بوون و ناسنامەی نەتەوەییان دروست ببوو. بۆیە دروست کردنەوەی کوردستانی ئۆتۆنۆم لە کۆماری ئازەربایجاندا، بەبێ گەڕاندنەوەی کوردە دوورخراوەکان، هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبوو. چونکە تەنیا ژمارەیەکی کەمی کورد لە ئازەربایجاندا مابوون.

محەمەد بابایف[٢] لە (١٩٩١/٧/١٢) دا نامەیەك ئاراستەی ( گەرباچۆڤ ) دەکات، کە تێیدا جگە لە جەخت کردنەوە لەسەر دروست کردنەوەی کوردستانی ئۆتۆنۆم، داواش دەکات کە رێگەیان بدەن (٣٠٠) کەسیان بڕواتە ئەوروپا و (٣٠٠) کەسی تریشیان بچن بۆ وڵاتانی ئاسیا، تا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بارودۆخی دژواری گەلەکەیان ئاگادار بکەنەوە. وە جێگەیەك بۆ کوردانی سەرتاسەری وڵات بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە تێیدا بژین. ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧٨ ).

ئاشکرا بوو کە دەستەڵاتدارانی سۆڤیەت هەرگیز بەوە رازی نەدەبوون کە رێگە بە (٦٠٠) چالاکوانی کورد بدرێ بچن بۆ ئەوروپا و ئاسیا، تاکوو ئەو ستەم و چەوسانەوەیەی لە

---

(١) ئەو کات (١٩٥٦)، سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو .

(٢) سەرۆکی ( رێکخراوی سەرتاسەری کوردانی سۆڤیەت / یەکبوون ) بوو.

لایەن دەزگاکانی دەوڵەتی سۆڤیەتەوە کە بەرامبەر بە کورد کراوە، بۆ رای گشتی جیهانی روون بکەنەوە. بۆیە لەم رووەوە ئەم داوایە تاڕادەیەکی زۆر نالۆژیکی بووە.

لە نامەیەکی تردا کە نوێنەرانی گەلی کورد لە (١٩٩١/٧/٢٠) دا بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆك پەرلەمانی کۆمارەکانی سۆڤیەت ناردوویانە، تێیدا چەند داواکاریەکیان خستۆتە روو، کە گرنگترینیان بریتین لەم دووانەی خوارەوە ١) کورد لە شوێنێك کۆ بکەنەوە و کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیان بۆ دروست بکەن، کە لەو وڵاتەدا خەریکی جوتیاری دەبن و دەتوانن زەوی بە کرێ بگرن ٢) داوا دەکەین فەرمان بدەن بە کۆمسیۆنی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و سەرۆکی شورای باڵا ( پەرلەمان ) ی سۆڤیەت، کە لە کێشەکەمان بکۆڵنەوە و داوای نوێنەری ئێمە هاوڕێ ( باباییف مەمەد سولیمانۆڤیچ ) بکەن کە لەمێژە خەڵك وەك بەرپرس و سەرۆك بۆ ئەم مەبەستە هەڵیبژاردوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧٥ تا ٣٧٨ ).

داواکاری یەکەمی نوێنەرانی کورد هەندێ کرچ و کاڵی پێوە دیاربوو، چونکە ئەگەر کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردانی سۆڤیەت دروست بکرێ و لەوێدا کۆ بکرێنەوە، ئەو کات کوردەکان دەبنە خاوەن خاك و پێویست بەوە ناکات زەوی بە کرێ بگرن بۆ ئەوەی کاری کشتوکاڵی تێدا بکەن. ئینجا داواکردنی ئەوەی کە کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی لە شوێنێکدا بۆ کوردان دروست بکرێ، ئەوە دەگەێنێ کە کوردەکان دەبنە خاوەن داگیرگەیەك ( المستعمرة ) . بەمەش کورد دووچاری کێشەیەکی زۆر قووڵ دەبێ لەگەڵ ئەو نەتەوەیەی کە خۆی بە خاوەن خاکەکە دەزانێ.

وەکیلێ مستۆ لە وەڵامی پرسیارێکی تری گۆڤاری ( لڤین) دا دەڵێ «کاتێ لە قەرەباغ شەڕ نەبوو، سیاسەتی ئەرمەنەکان ئەوەبوو کە کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لەژێر دەستەڵاتی خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام ئێمە کوردستانی سەربەخۆمان راگەیاند » ( گۆڤاری لڤین،ژمارە ١٣٠،ل٣٧ ). واتە کوردانی سۆڤیەت بەوە رازی نەبوون کە ئۆتۆنۆمیان لەژێر دەستەڵاتی ئەرمەنەکاندا هەبێ، وەك چۆن لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجاندا هەیان بوو، بەڵکو ویستویانە وەك ئەو گەلانەی کە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی بوون لە سۆڤیەتدا، ئەوانیش کۆمارێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

لە شوێنێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا وەکیلێ مستۆ دەڵێ (( هەموو وڵاتان کوردیان دەردەکرد و شوێن نەبوو تێیدا بحەوێنەوە [1]، بە ( مۆسکۆ ) م راگەیاند کە جۆزێف ستالین لە ساڵی (١٩٣١) دا بە شێوەیەکی نایاسایی دەوڵەتی کوردی هەڵوەشاندۆتەوە. لەبەرئەوەی ئێوەش بەرپرسن لەو نەهامەتیەی کە ئێستا تووشی کورد بووە، بۆیە پێویستە لە باشوری رووسیادا شوێنێکمان بدەنێ، تا دەوڵەتی خۆمانی لەسەر بنیات بنێین )) ( سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە ).

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، لە لایەن ژمارەیەك لەو کۆمارانەی کە پێشووتر لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون، هاوڵاتیانی کورد دووچاری توندوتیژی و دەربەدەری هاتن. وە هیچ کۆمارێکی سۆڤیەت ئامادە نەبوو کۆچبەرانی کورد لەخۆ بگرێ، لە ترسی ئەوەی نەوەك کورد لە ئایندەدا ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان. ئەم داوایەی وەکیلێ مستۆ کە لە باشوری رووسیادا شوێنێك بدرێتە کوردەکان، تا دەوڵەتی خۆیان لەسەر بنیات بنێن، بۆ ئەو کات ناچاری بووە. چونکە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، چیتر ئومێدی ئەوە نەمابوو کە بتوانرێ ( ئازەربایجان ) [2] رازی بکرێ بەوەی رێگەی گەڕانەوە بە کورد بدات بۆ وڵاتەکەیان، تاکوو قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ خۆیان لەوێ دابمەزرێنن. بەرپرسیاری سەرەکی لەو نەهامەتیانەی کە دووچاری کوردەکانی ئازەربایجان هاتبوو، دەستەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت بوون. رووسیای فیدراڵیش میراتگری سەرەکی پاشماوە و دەسکەوتەکانی سۆڤیەتە، تەنیا ئەویش دەتوانێ لەو خاکە بەرفرەوانەی خۆی شوێنێك بۆ کوردەکان دابین بکات، تاکوو تێیدا کۆ ببنەوە و قەوارەیەکی سیاسی دابمەزرێنن.

لە شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا [3]، کە ( ناگۆرنا قەرەباغ ) لە لایەن سوپای ئەرمینیاوە داگیر کرا، کوردەکانی ئەرمینیا چوونە پایتەخت و ناوەندی کوردستانی سور، واتە ( لاچین ) و ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. بە چەپڵە رێزان و شادی و لە رێو رەسمێکی

---

(١) مەبەستی لەو کاتەیە کە یەکێتی سۆڤیەت لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەدا بوو، واتە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا.

(٢) بەشێکی زۆری ناوچە کوردیەکانی پشت قەفقاس، دەکەوتنە سنوری کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت.

(٣) مەبەست ئەو شەڕەیە کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لە ئارادا بوو.

تایبەتدا، دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستانی سوریان راگەیاند ( کوردستانی پشت قەفقاس ،ل٤٤٨ ). کوردەکان لەبەرئەوەی هەم لە رووی ئابوریەوە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوون، هەمیش باوەڕی زۆریان بە ئەرمەن نەبوو، بۆیە زۆر لە ( لاچین ) نەمانەوە و گەڕانەوە شوێنی خۆیان. بەمەش خەونی دامەزراندنەوەی ( کۆماری کوردستانی سور ) بە تەواو لەبار چوو. لە راستیدا لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا، کوردەکانی سۆڤیەت پێویستیان بە پشتیوانیەکی زۆر بەهێز هەبوو، تاکوو بتوانن لە ( لاچین ) بمێننەوە و پارێزگاری لەو دەوڵەتە بکەن کە رایانگەیاند بوو.

وەکیلیێ مستۆ لەم بارەیەوە دەڵێ (( دوای راگەیاندنی کوردستانی سور، ماهیر وڵاتی بەرپرسی پەکەکە لە مۆسکۆ، پڕوپاگەندەیەکی خراپی دەکرد لە دژمان و دەیووت : خەڵکینە ( سێ ـ چوار ) گوندی قەفقازیامان ناوێ، وەرن لەگەڵ ئێمە بن. چونکە کوردستانی گەورەتان بۆ دروست دەکەین..... دواجار بەرپرسانی رووسیاش بە منیان راگەیاند کە دۆستی ( ئازەربایجان ) ن و چیتر ناتوانن پشتیوانی کورد بکەن )).

پەکەکە کە یەکێکە لە بەهێزترین رێکخراوە کوردیەکان، رێکخستنێکی باشی هەبوو لەنێو کوردەکانی سۆڤیەتدا. دەبوایە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی، هانی کوردەکانی سۆڤیەتی بدایە بۆ روو کردنە لاچین، لە پێناو سەرخستنی پڕۆژەی دامەزراندنەوەی کۆماری سەربەخۆی کوردستان. کەچی بێ باکانە دژایەتی پڕۆژەکەی کرد.

لە دوای راگەیاندنی کوردستانی سور، رووس و ئەرمەنەکان پشتیوانی خۆیان بۆ قەوارە کوردیەکە راگەیاند. کەچی رووسیا ئامادە نەبوو دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئازەربایجان، بکاتە قوربانی پشتیوانی کردن لە کورد. بۆیە بەهۆی نەبوونی پشتیوانیەکی دڵنیاکەرەوە، کوردەکان لە ترسی گیانی خۆیان نەیانتوانی بەردەوام بن لەسەر پاراستنی ئامانجەکەیان.

دەتوانین بڵێین کورد لە قەفقازیادا بەشێکی خاکی کوردستانی بە تەواوی لە دەست داوە، بە جۆرێ هیچ پارتێکی کوری بەدی ناکرێ کە بە سووربوونێکی زۆرەوە باس لە هەبوونی بەشێکی کوردستان بکات لە ناوچەی قەفقازیادا. ئەرکی ئەو رێکخراوە کوردیانەیە کە خۆیان بە پارتێکی ناسیونالیستی ناو دەبەن، هەرگیز دان بە راستی ئەم دۆخەدا نەنێن کە دووچاری کوردەکانی قەفقازیا هاتووە. چونکە نابێ نەتەوەیەکی زیندوو رازی بێ بە لەدەست چوونی بەشێك لە خاکی نیشتیمانەکەی. کەچی پێدەچێ بەهۆی تەواو گەشە

نەکردنی بیری ناسیونالیستی لەنێو کوردا، بە ئاسانی چاو پۆشی لەم جۆرە رووداوانە بکرێ!!

# دەروازەی پازدەهەم
# دەرنجامی بزافی رزگاریخوازی کورد
# لە شۆڕشی ئەیلولدا

## بەشی یەکەم :
## زەمینە و هۆکارەکانی دروست بوونی شۆڕشی ئەیلول

دوای کودەتاکەی (١٤) ی تەموز لە عێراقدا، سیستەمی کۆماری جێگەی رژێمی پاشایەتی گرتەوە. لە سایەی دۆخی تازەی وڵاتدا، بایەخێکی زۆر بە پرسی ئازادی و مافە دیموکراسیەکان درا. کە بێگومان کوردیش لەم گۆڕانکاریانە بەهرەمەند بوو. بە ئومێدی چارەسەرکردنی پرسی کورد، فوئاد عارف کە سیاسیەکی ناسراوی کورد بوو سەردانی عەبدولکەریم قاسم[١] دەکات. ناوبراو داوا لە سەرۆك کۆمار دەکات کە لە دەستوردا دان بە هاوبەشی و یەکسانی کورد و عەرەبدا بنرێ لە عێراقدا، سەرۆك کۆماریش بەم داوایەی ناوبراو رازی دەبێ ( گۆڤاری خامە،ل٤٧ ). بەم شێوەیە کاتێ دەستوری تازەی وڵات راگەیەنرا، لە مادەی (٣) دا هاتبوو (( عەرەب و کورد هاوبەشن لە عێراقدا )). کورد ئەم مادە دەستوریەی بە دەسکەوتێکی گرنگی نەتەوەیی لە قەڵەمدا. سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەم مادە دەستوریەی بەم شێوەیە لێکدایەوە ؛ داننان بە مافی هاوبەشیەتی کورد لە عێراقدا، واتە داننان بەو راستیەیە کە کورد لە عێراقدا خاوەن خاك و نیشتیمانی خۆیەتی. پارتی دیموکراتی کوردستانیش کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم هاوبەشیەتیەی کورد لە رێگەی دەستەبەر کردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا جێگر بکات.

لە سەرەتادا لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بایەخێکی زۆر بە خواست و داواکاریە سیاسیەکانی کورد دەدرا، بەڵام مانگی هەنگوینی نێوان کورد و عەبدولکەریم زۆری نەخایاند، کە چەندین هۆکار لە پشت ئاڵۆز بوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان هەبوو. بە بڕوای ئێمە گرنگترینیان بریتین لەم دوو هۆکارە سەرەکیەی خوارەوە ١) عەبدولکەریم قاسم

(١) ناوبراو سەرکردایەتی کودەتاکەی کرد، وە بوو بە یەکەم سەرۆك کۆمار لە مێژووی عێراقدا.

بەرە بەرە دەکەوتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی عەرەبە رەگەز پەرستەکان، بەم هۆیەشەوە لە هەندێ لەو بەڵێنانەی پەشیمان بوەوە کە بە کوردی دابوو ٢) چەند لایەنێکی دەرەکی و ناوخۆیی دەستیان خستە نێو پەیوەندیەکانی نێوان کورد و عەبدولکەریم قاسم، هەوڵیاندا بە هەر جۆرێ بێ ئەم پەیوەندیەی نێوانیان تێك بدەن، لەم هەوڵەشیاندا سەرکەوتوو بوون.

عەبدولکەریم قاسم بە نزیك بوونەوەی لە هێڵی دەمارگیری نەتەوەیی ( تعصب القومي )، بەرە بەرە لە رێبازی چەپگەرایی دوور دەکەوتەوە. لە ئاکامیشدا بووە هۆی دوور کەوتنەوەی لە جەمسەری سۆشیالیستی بە رێبەرایەتی سۆڤیەت. واتە حکومەتەکەی قاسم لەبری رۆژهەلات، ئەم جارە رووی لە بەرەی خۆرئاوا کرد. ئەمەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ بووە هۆی ئەوەی کە سۆڤیەت بایەخ بە بارزانی بدات و پشتیوانی بکات لە دژی فەرمانڕەوایەتی قاسم.

دوای تێپەڕ بوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر کودەتاکەی (١٤) ی تەموز، سیماکانی حکومەتی ناوەندی بەرە بەرە مۆرکێکی رەگەز پەرستانەی وەردەگرت. بەرپرسانی حکومەت زیاتر دەستەواژەی کۆماری عەرەبیان بەکار دەهێنا، وەك ئاماژەیەك بەوەی کە خاوەنداریەتی عێراق تەنیا بۆ عەرەب دەگەڕێتەوە. وە هەندێ لە بەرپرسان کوردیان دەگەڕاندەوە بۆ رەگەزی عەرەب و ناویان دەنا بە (( عەرەبی باکور )) ( الحركة الكوردية ،ص٢٧٧ ).

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەم دۆخە سیاسیەی کە لە عێراقدا هاتبووە ئاراوە، لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر چەند پرسێکی گرنگ درا، لەوانە رووبەڕوو بوونەوەی سیاسەتی قاسم، داوای جێبەجێ کردنی مادەی ( سێ ) ی دەستوری کاتی[1] (الحركة التحررية الكوردية،ص٦٧).

---

(١) وەك باسمان کرد کورد پێشوازیەکی زۆری لە مادەی ( سێ ) ی دەستور کرد، کە تێیدا هاتبوو (( کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا ))، بەلام بڕگەی دووەمی دەستور بە دڵی سەرکرایەتی کورد نەبوو کە تێیدا هاتبوو (( عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب )). بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان رەخنەی لەم بڕگەیە گرت، وە رۆژنامەی خەبات ( کە زمانحاڵی پارتی بوو ) لە سەروتارەکەیدا لە بارەی ئەم بڕگەیەی دەستور رایگەیاند (( پێویستە بوترێ عێراقی عەرەبی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و گەلی کوردیش لە عێراقدا بەشێکە لە نەتەوەی کورد، کورستانی عێراقیش بەشێکە لە کوردستانی دایك )). ئەم وتارە حکومەتی عێراقی و توخمە شۆڤینیە عەرەبەکانی زۆر توڕە کرد ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٦،ل٨٨ ).

له (١٩٦٠/١/٩) دا پارتی دیموکرات، یاداشتێکی دایە وەزارەتی ناوخۆ و داوای مۆڵەت پێدانی کرد بە شێوەیەکی رەسمی. لەگەڵ داواکاریەکەدا پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی حیزبیشی هاوپێچ کردبوو، کە بە پێویستی دەزانین لە بارەی خواستە نەتەوەییەکانی پارتی ئاماژە بەو دوو ئامانج بدەین ١) هەوڵدان بۆ فرەوان کردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لەسەر بنچینەی مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا، وە داننان بەوە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ٢) پارتیمان یارمەتی و پاڵپشتی خەباتی گەلی کورد ئەکات لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ رزگار بوون لە داگیرکەر و کۆنە پەرستان ( خەباتی چەکداری و...،ل١٢٣ تا ١٢٥ ).

دەستەڵاتدارانی عێراق زۆر تورە بوون لەو ئامانجە نەتەوەییانەی پارتی دیموکرات کە لە بەرنامەکەی خۆیدا خستبوونیە روو. بۆیە عەبدولکەیم قاسم لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی لە دوای چەند رۆژێك لە پێشکەش کردنی داوای مۆڵەت پێدانەکە، داوای کرد بە پەلە ئەو برگەیە لا ببرێ کە دەڵێ : یەکێك لە ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی عێراقدا. ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٢٦٩ ). ئەمەش بەڵگەی یەکلا کەرەوەیە کە قاسم لە بەڵێنی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد پەشیمان ببوەوە.

لە نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی کورد چەندین کێشە هەبوون کە نەتوانرا چارەسەر بکرێن، لەوانە دیاری کردنی سنوری نێوان ناوچە کوردیەکان و عەرەب نشینەکان. کورد داوای دەکرد کانە نەوتەکانی ( کەرکوك و خانەقین ) بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە زۆربەی دانشتوانیان کوردن، دیاری کردنی رێژەی داهاتی نەوت بۆ کوردستان تا لە هەردوو رووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە گەشە بکات و لە دواکەوتوویی رزگاری بێ، هێزی چەکداری ناوچەی ئۆتۆنۆمی تا چەند سەربەخۆ بێ و تا چەند پەیوەست بێ بە دەستەڵاتی ناوەندیەوە؟ دیاری کردنی رێژە و جۆری ئەو چەکانەی کە پێویستە هۆزە کوردیەکان هەیان بێ، بە تایبەتی کە دوای کودەتاکەی چواردەی تەموز رێژەی چەکداری زیادی کردبوو (کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل٢١٦).

بوونی نەوت لە ناوچە کوردیەکاندا لە دوو رووەوە بۆ کورد بووەتە کێشە ١) ئەو ناوچە کوردیانەی دەوڵەمەندن بە نەوت، هەمیشە کێشەی خاوەنداریەتیان لەسەر بووە لە

نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا ٢) لە دانوستانەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقیدا، هەمیشە ناکۆکیەکی زۆر لەسەر دیاری کردنی بڕی داهاتی نەوت بۆ کورد هەبووە. بە واتایەکی تر نەوت هەمیشە بۆ کورد، بووەتە مایەی کێشە و نەهامەتی.

یەکێك لەو کێشە گەورانەی کە تا ئێستا کورد و حکومەتی ناوەندی نەیان توانیوە بگەنە رێك کەوتن لەسەری، کێشەی هێزی چەکداری کوردە. سەرکردایەتی کورد ئامادە نیە دەستبەرداری ئەم هێزە بێ، کەچی حکومەتی ناوەندی سوورە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی. بە بیانووی ئەوەی کە پێشمەرگە هێزێکی میلیشایە و پێویستە لە چوارچێوەی سوپای نیشتیمانی دەوڵەتدا رێك بخرێ. لە راستیدا لەم رووەوە گەورەترین کێشە، بریتیە لە نەبوونی متمانە لە نێوان بەغدا و کوردا.

دوای ئەوەی کێشەی نێوان کورد و حکومەتی قاسم دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار، پارتی دیموکرات لە هاوینی (١٩٦٠) دا پڕۆژەیەك ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم دەکات. پڕۆژەکە لە شێوەی یاداشتێکدا بوو سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا، کە چەندین خاڵی لەخۆ گرتبوو کە گرنگترینیان بریتی بوون لە ١) کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا ببێ بە زمانی رەسمی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ٢) ئەندامانی پۆلیس و سوپا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەبێ کورد بن ٣) ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، خۆی بەرپرسیار دەبێ لە هەموو کاروبارێکی پەروەردە و فێرکردن و رۆژنامەوانی و راگەیاندن و تەندروستی و کارگێڕی ناوچەیی ٤) سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و ئابوری و دارایی کاری دەستەڵاتی ناوەندی دەبێ، بە مەرجێ کورد بەشی خۆی لە هەموو مەڵبەندە سەرکردایەتیەکانی دەستەڵاتی ناوەندیدا هەبێ، هەر لە جێگری سەرۆك کۆمارەوە بیگرە تا دەگاتە وەزیر و یاریدەدەری وەزیرەکان. بەڵام قاسم وەڵام دانەوەی ئەم یاداشتەی پشتگوێ خست ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٩ ).

ئەم پڕۆژەیە داواکاری ئەوەندە قورسی لەخۆ نەگرتبوون، کە لە توانای حکومەتی ناوەندیدا نەبێ جێبەجێیان بکات. بەڵام عەبدولکەریم قاسم ئامادە نەبوو زۆرێ لەو داوایانەی کورد جێبەجێ بکات، کە پێشتر بەڵێنی پێدا بوون. جگە لەمەش کێشەکانی نێوان قاسم و مستەفا بارزانی بە رادەیەك گەورە ببوون، کە لە توانای پڕۆژەیەکی لەم شێوەیەدا نەبوو کۆتاییان پێ بێنێ.

دوای ئەوەی قاسم بە تەواوی لە هێڵی چەپ دوور کەوتەوە، سۆڤیەت گرنگی بە مەلا مستەفا داو ویستی وەك کارتێکی فشار بەکاری بێنێ. بۆیە حکومەتی سۆڤیەت لە ئۆکتۆبەری (١٩٦٠) دا، بارزانیان بۆ (٢١) یەکەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بانگهێشت کرد. لەوێ بارزانی لە لایەن سۆڤیەتیەکانەوە راسپێردرا فشار لەسەر قاسم دروست بکات، ئەگەر پێویستی کرد تاڕادەیەك پەنا بۆ ( هێز ) یش بەرێ. هەروەها ئامۆژگاری کرا بەغدا بە جێبێڵێ و بچێتەوە کوردستان، وە کۆمەکی دارایش کرا و گفتی زیاتریشی پێدرا ( سۆڤیەت و بزوتنەوەی...،ل١٠٦ ).

لە (١٩٦١/٧/٢٩) دا سەرۆکی دەزگای سیخوری ئەلێکساندەر شێلیپین بروس ( بەپێی بەڵگە نهێنیەکانی KGB ) بروسکەیەك ئاراستەی ( خرۆشۆف )[1] دەکات، کە تێیدا هاتبوو (( پەیوەندیەکانی KGB لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکرانی کوردستان ( مەلا مستەفا بارزانی ) بەکار بهێنین بۆ هەڵگیرساندنی بزوتنەوەیەکی چەکداری گەلی کورد لە ( عێراق و ئێران و تورکیا ) دا، بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ..... بزوتنەوەی دامەزراندنی کوردستان کێشەی گەورە بۆ هێزەکانی رۆژئاوا دەخولقێنێ، بە تایبەتیش بەریتانیا کە گەیشتنی بە سەرچاوە نەوتیەکانی عێراق و ئێران قورس دەبێ، وە ( وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ) ش بەهۆی ئەو بنکە سەربازیانەی کە لە تورکیادا هەیەتی. هەموو ئەمانەش کێشە بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق ( عەبدولکەریم قاسم ) دروست دەکەن، کەوا بەم دواییە سیاسەتێکی رۆژئاوا دۆستانە پەیڕەو دەکات )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٠٣،ل١٧ـ١٨ ). ئەمەش دەریدەخات کە سۆڤیەت ویستویەتی سوود لە مەلا مستەفا ببینێ بۆ فشار خستنە سەر رۆژئاوا و دژایەتی کردنی عەبدولکەریم قاسم. نەوەك لە گۆشە نیگای بڕوا بوونی بە رەوایەتی کێشەی نەتەوەیی کورد ، لە مەلا مستەفا نزیك نەبوەتەوە .

مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا ( بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد )، دان بەوەدا دەنێ کە سۆڤیەت دەستێکی باڵای هەبووە لە پشت هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول، کاتێ دەنووسێ (( پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، بڕیار وابوو سۆڤیەت بە نهێنی لە رێگەی ئاسمانەوە چەکمان بۆ بنێرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە فرۆکەخانەیەکی نهێنی لە کوردستاندا دروست بکەین، بەڵام ئەمە سەری نەگرت. بۆیە کەسێکمان نارد بۆ باڵیوزخانەی

(١) ئەو کات سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو .

سۆڤیەت لە بەغدا و لەویّ پارەی وەرگرت بۆ کڕینی چەك )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٩ ). واتە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول تەنیا خواستێکی کوردی نەبووە، بەڵکو خواستێکی بەهێزی دەرەکیشی لە پشتەوە بووە.

ئێرانیش کە کێشەی سنوری لەگەڵ عێراقدا هەبوو[١]، دژی بەهێز بوونی دەوڵەتی عێراقی بوو. بۆیە هەمیشە هەوڵی بۆ ئەوە دەدا کە لە عێراقدا سەقامگیری نەبیّ. کاتیّ هەستی بەوە کرد کە کێشە کەوتۆتە نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم، ئێران هەوڵیدا رووبەری کێشەکە فرەوانتر بکات. هەر بۆیە لە رێگە دەزگای سیخوری ساواکەوە لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیك بوەوە، وە هانی دان بۆ یاخیبوون لە دژی عەبدولکەریم قاسم. بەمەش دەردەکەویّ کە دەستی دەرەکی رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە هەڵگیرسانی ( شۆڕشی ئەیلول) دا.

یەکێك لەو کێشانەی کە کەوتبووە نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم، یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بوو. بەپێی ئەم یاسایە زیانێکی زۆر بەر دەرەبەگ و سەرۆك هۆزەکان دەکەوت. ئەو کاتیش کۆمەڵگەی کوردی زیاتر پەیوەندیە خێڵکیەکان بەسەریدا زاڵ بوون، کە ئەمەش وای کردبوو ئاغا و سەرۆك هۆزەکان دەستەڵاتێکی زۆریان هەبیّ لە کوردستاندا. بۆیە بە توندی دژی حکومەتەکەی قاسم وەستانەوە، وە هانی ( بارزانی ) یاندا بۆ یاخیبوون لە دژی قاسم ( گۆڤاری لڤین، ژمارە٣٣٢،ل١٩ ).

هەموو ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانە، بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول. کە بە یەکێك لە درێژترین شەڕەکانی ناوخۆ دادەنریّ لە سەدەی بیستدا، کە ماوەی چواردە ساڵی خایاند (١٩٦١ــ ١٩٧٥).

---

(١) ئەمە کێشەیەکی مێژوویی بوو، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان و سەفەویەکان.

# بەشی دووەم
# هەڵگیرسانی شەڕ و پێداگری کورد لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکانی

دوای زیاتر پەرەسەندنی کێشەکانی نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم، وە دەست تێخستنی کێشەکە لە لایەن دەستی ناوخۆیی و دەرەکیەوە، شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا هەڵگیرسا. لەبەرئەوەی روودانی شەڕەکە لە مانگی ئەیلولی (١٩٦١) بوو، کورد ناوی ناوە شۆڕشی ئەیلول، وە پێی وایە شۆڕشێکی نەتەوەیی بووە لە پێناو دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی. بەڵام هەندێ لە رۆشنبیران لەو بڕوایە دان کە ئەم رووداوە شۆڕش نەبووە، چونکە ئامانجەکەی بریتی نەبووە لە سەربەخۆیی کوردستان. بۆ نمونە رەفیق سابیر[١] لەم بارەیەوە دەڵێ (( خەباتی چەکداری کورد لە (١٩٦١) وە دەستی پێکرد، پێچەوانەی تەواوی بزافی ناسیونالیزمی دنیا قەت و تا ئێستاش[٢] چاوی لە ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە )) ( کولتور و ناسیونالیزم،ل٧٨ ).

راستە کورد لە ( شۆڕشی ئەیلول ) دا قوربانیەکی زۆریدا لە پێناو دەستەبەر کردنی هەندێ مافی نەتەوەییدا، لە رێگەی داواکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام دەبوایە ئەو هەموو قوربانیە تەنیا لە پێناوی سەربەخۆیی بوایە. جگە لەمەش پارتی دیموکرات کە رێبەرایەتی بزافەکەی دەکرد، خاوەنی ئایدیۆلۆجیایەکی ناسیونالیستی روون نەبوو، تاکوو پێشمەرگە و ئەندامەکانی لەسەر ئەم بنچینەیە پەروەردە بکات. سەرەڕای ئەمەش کورد لە بزافەکەی ( ئەیلول ) دا، نەیتوانی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانا ناوخۆییەکان ببەستێ، بەڵکو بەردەوامی جوڵانەوەکە وابەستە ببوو بە پشتیوانی دەرەکیەوە.

---

(١) شاعیر و نووسەرێکی دیاری کوردە، چەندین بەرهەمی بە پێزی هەیە سەبارەت بە کەلتور و ناسیونالیزمی کوردی.

(٢) مەبەستی ئەوەیە کە تا ئەو رۆژەی تێیدا بەرهەمەکەی نووسیوە، بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باشوری کوردستاندا هەوڵی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەداوە.

ئەم کێماسیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، تەنیا تایبەت نین بە بزافی رزگاریخوازی ئەیلول، بەڵکو بزافی رزگاریخوازی کورد لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئیمرۆش نەیتوانیوە پاز بەسەر ئەم کێماسیانەدا بدات. بۆیە رەنگە لە رووی زانستیەوە هەڵە بێ، ئەگەر ئەم بزافە نەتەوەییانەی کورد ناو بنێین بە شۆڕشی نەتەوەیی.

راستە مەلا مستەفا لە ( شۆڕشی ئەیلول ) دا جاروبار باسی لە سەربەخۆیی کوردستان کردوە، وە کوردی بەشەکانی تری کوردستان لە بزوتنەوەکەدا بەشداریان کردوە، بەڵام کاتێ سەرکردایەتی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا دانوستانی کردوە، زیاتر خواستی ( ئۆتۆنۆمی ) لە چوارچێوەی عێراقدا باسی لێوە کراوە ( گۆڤاری کۆچ، ژمارە١٧،ل١٥٣).

لە ساڵی (١٩٦٢) دا بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا لە بارەی خواستە نەتەوەییەکانی کورد دەڵێ (( سێیەکی دەرامەتی نەوتی عێراق و کورسیەکانی ئەنجومەنی بەغدا دەبێ بدرێ بە کورد، کورد دەوڵەتێکی ناوچەیی هەبێ کە دارایی و پەروەردە و فێرکردن و هێزی بەرگری خۆی هەبێ، تەنیا کاروباری دەرەوە لە قەڵەمڕەوی ( دەوڵەتی بەغدا ) دا بێت. دەبێ دەوڵەتی مەرکەزی بۆ بەرێ کردنی هێز بەرەو سنور بە کوردستاندا، مۆڵەت لە ( دەوڵەتی ناوچەیی ) وەربگرێ ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٢٨٦ ).

بارزانی کە قسەی بۆ رۆژنامەکان دەکرد، زۆربەی خواست و ئارەزووەکانی بە ئاشکرا دەردەبڕی. هەندێ لە مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەکان وایان باس کردوە کە بارزانی رۆژنامەنووسانی وەك جاسوسی وڵاتەکانی خۆیان سەیر کردوە. بۆیە نیاز و ئامانجە نهێنیەکانی خۆی بۆ باس کردون، بەو ئومێدەی بیگەێنن بە حکومەتەکانی خۆیان. لە راستیشدا هەندێ جار سیخوری وڵاتان لە بەرگی رۆژنامە نووسیدا خۆیان دەشارنەوە، بەڵام ئاشکرا کردنی خواست و ئامانجە نهێنیەکان زۆرجار بە زیانی بزافەکە تەواو دەبێ. بە واتایەکی تر میدیا بە گشتی و رۆژنامە بە تایبەتی، کەناڵێکی باش نین بۆ ئەم مەبەستە. ئەم مەرج و داواکاریانەی کە بارزانی لەم چاوپێکەوتنە رۆژنامە نووسیەدا باسی کردوون، ئاستی ( ئۆتۆنۆمی ) یان زۆر تێپەڕاندوە. دەتوانین بڵێین بارزانی باسی لە قەوارەیەکی ( کۆنفیدراڵی ) کردوە. چونکە تەنیا نوێنەرایەتی کردن لە ئاستی دەرەوەدا بۆ حکومەتی

ناوەندی هێشتۆتەوە، گشت کاروبارەکانی تری خستۆتە چوارچێوەی دەستەڵاتەکانی ( دەوڵەتی ناوچەیی )[1] کوردستان.

دوای بێ ئاکام بوونی هێرشە سەربازیەکانی حکومەتی عێراقی بۆ سەر کورد، عەبدولکەریم قاسم لە مانگی (٥) ی ١٩٦٢ دا پێشنیازی ئاگربەستی خستەڕوو. مەلا مستەفاش لە (١٩٦٢/٥/٢٤) دا لە بەیاننامەیەکدا مەرجەکانی هێنانە ئارای ئاگربەستەکەی باس کرد، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەم دووانەی خوارەوە ؛

- بەرقەرار کردنی رژێمێکی دیموکراسی بە پشتیوانی تەواوی گەلانی عێراق لە بری تاکڕەوی.
- بە رەسمی ناسینی ( خودموختاری ) نەتەوەی کورد، لەگەڵ دابین کردنی مافە ( سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی ) یەکان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ( دۆزی کورد،ل٩٢ـ٩٣ ).

ئەم مەرجانەی بارزانی جەخت کردنەوە بووە لەسەر دروشمە کلاسیکیەکەی پارتی دیموکرات، کە بریتی بوو لە ( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ). لە کاتێکدا کە بە دیموکراسی کردنی عێراق نە ئەرکی بزافی رزگاریخوازی کوردە، وە نە لە تواناشیدا هەیە بیهێنێتە دی.

لە ساڵی (١٩٦٢) دا پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان حکومەتی ئێران و بارزانیدا دروست ببوو، ئێران دەستی کردبوو بە کۆمەك کردنی کورد لە دژی حکومەتەکەی قاسم. لە بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی ـ بروسکەی ژ (٤٩) ی باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە (١٩٦٢/٩/٢٠) دا هاتووە (( کە بارزانی پێشنیازی بۆ شای ئێران کردوە، کوردستانی دیوی عێراقیش بە ئێران بلکێندرێ و دەرنجام کوردستانی یەکگرتووی خودموختار دروست بێ )) ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل٢٨٨ ). لە راستیدا ئەم پێشنیازە لە رووی کردەییەوە، ئەگەری جێبەجێ بوونی تارادەیەك ئەستەم بووە، بەڵام ئەگەر هەردوو ( کوردستانی عێراق و ئێران ) یەك بگرنەوە لە قەوارەیەکی ( ئۆتۆنۆمی) دا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا، لە دوو رووەوە بۆ کورد باشترە ١) دوو پارچەی کوردستان ( باشور و رۆژهەڵات ) یەك دەگرنەوە، بەمەش کوردستان لە چوار بەشی

---

(١) دەوڵەتی ناوچەیی، بەرامبەر بە قەوارەی ( کۆنفیدراڵی ) بەکار هاتووە لە تێڕوانینەکەی بارزانیدا.

سەرەکیەوە[1] دەبێ بە سێ بەش ٢) ڕێژەی کورد لە ئێراندا زیاد دەبێ، بەمەش پێگەی سیاسی کورد لەو وڵاتەدا بەهێزتر دەبێ.

حیزبی بەعس[2] لە (١٩٦٢) دا دەستی کردبوو بە ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بە هەماهەنگی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا ( جێگری سەرۆك کۆمار )، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بە نهێنی پەیوەندیان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتدا دروست کردبوو. برایم ئەحمەد ( سکرتێری پارتی ) لە نامەیەکی نهێنیدا داواکاریەکانی کورد بە سەرانی ( بەعس ) ڕادەگەیێنێ، کە تێیدا هاتبوو (( بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە خراپ تێگەیشتنێك لە ئایندەدا، پێویستە ئێوە بەر لە هەموو شتێك ئۆتۆنۆمی ناوخۆی کوردستان پەسەند بکەن )) . هەروەها داوا دەکات کە ئەفسەرانی ئازاد ( کە لە بەعسیەکان پێك هاتبوون ) ڕازی بن بەوەی مەلا مستەفا وەك سەرۆك وەزیر یان حوکمڕانی کوردستان دابنێن، وە مافی دامەزراندنی ( دەوڵەتی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار )[3] بەو بسپێرن. سەرکردایەتی کورد لە لایەن ( ئەفسەرانی ئازاد ) وە، لە ئابی ١٩٦٢ دا لە ڕێگەی ( فوئاد عارف ) وە بە زارەکی ئەم بەڵێنەیان پێ دەدرێ ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، ل٢٩٠ـ٢٩١ ).

ئەو کات قاسم بۆ کورد کەسێك بوو لە بەڵێنەکانی پەشیمان ببوەوە و هەڵوێستێکی توندیشی لە بەرامبەر پرسی نەتەوەیی کوردا گرتبووە بەر، کوردیش هیچ ئەزموونێکی لەگەڵ ( بەعس ) دا نەبوو. بۆیە هەماهەنگی کردن لەگەڵ ( بەعس) دا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی قاسم کارێکی زۆر هەڵە نەبوو، بەڵام پارتی دەبوایە بە سوود وەرگرتن لەو گۆڕانکاریانەی کە پێشبینی دەکرا بێنەدی، میچی داواکاریەکانی ( سقف المطالب ) بەرزتر کردبایەوە و دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) تێپەڕاند بوایە. بە لایەنی کەمەوە داوای چەسپاندنی ( سیستەمی فیدڕاڵی ) کردبایە بۆ عێراق، کە لە چوارچێوەیدا کوردستان ببوا بە هەرێمێکی فیدڕاڵی، کە تاڕادەیەکی زۆر گونجاوترە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە

(١) مەبەست لە چوار بەشی سەرەکی ( باکور، ڕۆژهەڵات، باشور، باشوری ڕۆژئاوا ) یە.

(٢) ناوە تەواوەکەی بەم شێوەیە ( حزب البعث العربي الاشتراكي )، بە زمانی کوردی ناوەکەی بەم شێوەیە دەبێ ( پارتی بوژانەوەی عەرەبی سۆشیالیستی ).

(٣) ئەوەی پارتی دیموکرات داوای دەکرد ( دەوڵەتی ئۆتۆنۆمیدار ) نەبوو، بەڵکو قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

عێراقدا. بەعس هەرچەندە ئەم بەڵێنانەی بە کوردا، بەڵام دوای ئەوەی پێگەی خۆی لە دەستەڵاتدا قایم کرد، لە بەڵێنەکانی پەشیمان بوەوە، وە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەش بەگژ کورد و هێزی پێشمەرگەدا چووەوە.

لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٦٣ دا بارزانی لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانیدا لە قەڵادزێ رایدەگەیێنێ «کە ئامادەیە دەست بە شەڕ بکاتەوە و تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی عێراق بە ئۆتۆنۆمی کوردستان رازی نەبێ، سەربەخۆیی رابگەیێنێ» ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩٧ ). بارزانی هەمیشە بۆ رۆژنامەکانی بێگانە بە حەز و ئارەزووی دڵی خۆی قسەی دەکرد، ئەوەک لە راستیدا حکومەتی ناوەندی عێراق چەندین جار پەشیمان ببوەوە لە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد، کەچی بارزانی هەرگیز سەربەخۆیی رانەگەیاند.

# بەشی سێیەم :
# چارەنووسی پرسی کورد لە دوای کودەتاکەی (٨) ی شوباتی ١٩٦٣

دە مانگ بەر لە کودەتاکەی (٨) ی شوبات، لە نێوان کورد و نەیارەکانی قاسم ڕێك کەوتن کرا لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراقدا. لایەنی عەرەبی[1] ڕازی بوو لەسەر خواستە نەتەوەییەکانی کورد بە ( مافی چارەی خۆنووسین ) یشەوە، جگە لە جیابوونەوە لە عێراق ( کورد و کوردستان...،ل٦٩٦ـ٦٩٧ ). ئەو کات نەیارەکانی قاسم زۆر بە پەرۆش بوون بۆ ڕاکێشانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەلای خۆیاندا، بەو ئومێدەی سەرکەوتوو بن لە جێبەجێ کردنی پیلانەکەیاندا کە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو. بۆیە بە شێوەیەکی زۆر بەخشندانە بەڵێنیان بە کورد دەدا، بەڵام دوای ئەوەی گەیشتنە دەستەڵات، ئامادە نەبوون تەنانەت ئۆتۆنۆمیش بدەن بە کورد.

دوای ئەوەی کودەتاکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا، سەرکردایەتی کورد بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی کودەتاچیەکان کرد، کە تێیدا هاتبوو ؛ کورد چاوەڕێی هەنگاوە باشەکانی حکومەتی تازە دەکات بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، کە ئەویش پێدانی ( ئۆتۆنۆمی ) یە بە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. دواتر لایەنی کوردی داوای کرد وەڵامی بروسکەکەی بدرێتەوە، بەڵام ( صالح مهدی عماش )[2] وتی : بڵاوکردنەوەی بروسکەی کورد، واتای ڕازی بوونە لەسەر ناوەڕۆکەکەی ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٩٧ ). ئەمەش واتای ئەوە دەگەیێنێ کە کودەتاچیەکان هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنیان بە دەستەڵات، لەو بەڵێنانە پەشیمان ببوونەوە کە بە سەرکردایەتی کوردیان دابوو.

چەند ڕۆژێك دوای کودەتاکە جەلال تاڵەبانی و سالح یوسفی وەك نوێنەری بارزانی چوون بۆ بەغدا، داوایان کرد حکومەتی عێراقی بەیانێك ڕابگەیێنێ سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی. تاهیر یەحیا ڕایگەیاند کە ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕازی بووە لەسەر دەرکردنی بەیانێك، کە تێیدا پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد پەسەند کردوە

---

(١) مەبەست لە لایەنی عەرەبی، حیزبی بەعس و نەیارەکانی قاسم بوون.

(٢) یەکێك بوو لە بەرپرسە باڵاکانی کودەتاکە.

( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٩٩ ). ئەم قسەیەی تاهیر یەحیا تەنیا بۆ دڵنەوایی کردنی سەرکردایەتی کورد بوو، بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی یەکەمی دوای کودەتاکەدا هێور ببنەوە. نەوەك لە ڕاستیدا کودەتاچیەکان هیچ نیازێکیان نەبوو بۆ سەلماندنی مافی ( ئۆتۆنۆمی ) بۆ کورد.

لە (١٩٦٣/٢/١٩) دا کۆبوونەوەیەك لە نێوان شاندی کوردی و دەستەڵاتدارانی تازەی عێراق لە بەغدا ئەنجام درا. صالح مهدی عماش ڕایگەیاند کە کورد شایستەی مافی چارەی خۆنووسینن، بەڵام بە بیانووی ئەوەی نە ئەوان نوێنەری هەموو عەرەبن نە پارتی دیموکراتی کوردستانیش نوێنەری هەموو کوردە، داوایان کرد کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ببەسترێ و چەند کەسایەتیەکی دیار لە کورد و عەرەب تێیدا بەشدار بن، ئەو کۆبوونەوەیە ڕێگەچارەی گونجاو دابنێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. لایەنی کوردی لەسەر ئەم پێشنیازە ڕازی بوو، بەڵام کاربەدەستانی حکومەت ئەم کۆبوونەوەیان بە چەند بیانوویەك دواخست ( سەرچاوەی پێشوو،ل٧٠٠ ). پێشنیاز کردنی ئەم کۆبوونەوە جەماوەریە لە لایەن نوێنەرانی حکومەتەوە، تەنیا بۆ بەدەست هێنانی کات بوو، نەوەك لە ڕاستیدا ئەوان بە هیچ جۆرێ بڕوایان بە ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی کورد نەبوو. کە تەنیا دوای مانگێك لە کودەتاکە، ئەم ڕاستیە بە تەواوی دەرکەوت.

بە مەبەستی زیاتر دڵنەوایی کردنی سەرکردایەتی کورد لە سەرەتای کودەتاکەدا، شاندێکی حکومەتی عێراقی سەردانی بارزانیان کرد. تاهیر یەحیا داوای لە بارزانی کرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری حکومەت بکات، بەڵام بارزانی مەرجی ئەوەی دانا کە گشت هێزە نیشتیمانیەکان بەشدار بن و مافە دیموکراتیەکان بدرێتە گشت هاوڵاتیان و کردەوەی گرتن و ئەشکەنجە دان بوەستێنرێ. ( سەرچاوەی پێشوو،ل٧٠٢ ). حیزبی بەعس کە لە دوای کودەتاکە گەیشتە دەستەڵات، پەنایان بردە بەر توند و تیژیەکی زۆر بەرامبەر بە نەیارەکانیان. بۆیە ڕەنگە بارزانی زۆر بڕوای بە پێکەوە کارکردن نەبوو بێ لەگەڵیاندا.

لە سەرەتای وتووێژەکانی نێوان کورد و نوێنەری کودەتاچیەکان، داخوازیەکانی بارزانی بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە ؛

- داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد.

- دانانی ئەنجومەنێکی جێبەجێ کردنی تایبەت بە کوردستان، لەگەڵ سەرۆکێکدا کە لە بەرامبەر ئەنجومەنی کوردیدا کە ئەندامانی لە راپرسییەکی گشتیدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ و نهێنی هەڵبژێردرا بن، بەرپرسیار بێت.
- دانانی جێگرێکی کورد بۆ سەرۆك كۆمار.
- هەرێمی کوردستان بازێرێن ( سلێمانی ، هەولێر ، کەرکوك )[1] و ئەو ناوچانەی شاری موسڵ و دیالە دەگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.
- دابەشکردنی دەرامەتی نەوت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٢٩٨ـ٢٩٩ ).

یەکێك لەو کێشانەی کە هەمیشە لایەنی کوردی و حکومەتی ناوەندی ناکۆکیان لەسەری هەبووە، دابەشکردنی داهاتی نەوت بووە. کە دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی نەوت، پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ بوونی سیستەمێکی دیموکراسی هەیە لە وڵاتدا. چونکە هەرگیز لە سایەی سیستەمێکی نادیموکراسیدا، گەرەنتی دابەشکردنی عادیلانەی داهاتی وڵات ناکرێ بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا.

ئەگەرچی بارزانی لە سەرەتادا پێداگری دەکرد لەسەر پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد، بەڵام دوای ئەوەی شاندێکی عەرەبی جەماوەری سەردانی ناوبراویان کرد، هەردوو لا رێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە حکومەتی ناوەندی مافە نەتەوەییەکانی کورد بدات لەسەر بنچینەی لامەرکەزی[2] ( کورد و کوردستان،ل٧٠٣ ). رازی بوونی بارزانی و سەرکردایەتی پارتی بە ( سیستەمی لامەرکەزی )، جێگەی پرسیار و تێڕامانە. چونکە لە سایەی بارودۆخی تازەی وڵاتدا، پێویست بوو سەرکردایەتی کورد بە کەمتر لە مافی ئۆتۆنۆمی رازی نەبێ. لە کاتێکدا تەنیا ماوەیەکی کەم بەسەر ئەم لێدوانە رۆژنامەوانیەی بارزانیدا تێپەڕی بوو، کە وتبووی (( ئەگەر حکومەتی ناوەندی مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد نەدات، ئامادەیە سەربەخۆیی رابگەیێنێ )).

---

(١) ئەو کات پارێزگای دهۆك دروست نەکرابوو.

(٢) لە دەروازەی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بەشی تایبەت بە چەمکەکان، باسی ( سیستەمی لامەرکەزی ) مان کردوە.

له (١٩٦٣/٣/٩) دا ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی بەیانێکی دەرکرد، تێیدا دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نا لەسەر بنچینەی لامەرکەزی. دوای دوو رۆژ یاسای لێبوردنی بۆ هەڵگیرسێنەرانی ( شۆڕشی کورد ) دەرکرد و گەمارۆی لەسەر زۆربەی ناوچەکانی شۆڕش هەڵگرت ( سەرچاوەی پێشوو،ل٧٠٥ ).

دوای نەمانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، پێگەی سیاسی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا تاڕادەیەك بەهێز ببوو. له لایەك لەگەڵ ( میسر و سوریا ) دا خەریکی پڕۆژەیەکی یەکگرتنەوە بوو. هەروەها له لایەن بەرەی رۆژئاواوە پشتیوانی لێ دەکرا. چونکە هەڵوێستێکی توندی گرتبووە بەر بەرامبەر بە کۆمۆنیستەکان. رەنگە هەر ئەمەش هاندەرێکی بەهێز بووبێ کە وای له سەرکردایەتی کورد کردوە، بە هەر جۆرێ بێ رازی بێت بە رێك کەوتن لەگەڵ رژێمی تازەدا.

پڕۆژەی حکومەتی عێراقی بۆ لامەرکەزی بەم شێوەیە بوو ؛ عێراق له رووی کارگێڕییەوە دابەشبکرێ بەسەر ئەم شەش ناوچەیەدا : موسڵ و کەرکوك و سلێمانی لە باکور و بەغدا و بەسرە و حیلە لە باشور، کە هەر یەکەیان گوایە مافی ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێ، وە تەنها لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی سلێمانیشدا خوێندن لە شەش پۆلی سەرەتاییدا بە زمانی کوردی بێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٩٩ ).

به سەرنجدان لەم پڕۆژەیە، دەتوانین تێبینی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین ؛

١) له پڕۆژەکەدا هەولێر وەکوو یەکەیەکی کارگێڕی ناوی نەهاتووە، کەچی سلێمانی ناوی هاتووە. ئەمەش چەند پرسیارێك بە دوای خۆیدا دێنێ، ئایا حکومەتی ناوەندی ئەمەی بە ئەنقەست کردوە بۆ دروست کردنی ناکۆکی ناوچەیی لە نێوان خەڵکی هەولێر و سلێمانیدا؟ یان ئەو کات هەولێر ئەو پێگە گرنگەی نەبووە وەك سلێمانی؟

٢) بەپێی پرۆژەکە، هەر یەکەیەکی کارگێڕی خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆی بووە. هێنانی ناوی ئۆتۆنۆمی، پێدەچێ تەنیا بۆ چەواشەکردنی کورد بوو بێت. چونکە لە سیستەمی لامەرکەزیدا، یەکە کارگێڕیەکان هەرگیز دەستەڵاتی ئۆتۆنۆمیان نابێ.

٣) بەو پێیەی کە لە پرۆژەکەدا هاتبوو، تەنیا لە سلێمانیدا خوێندن لە شەش پۆلی سەرەتاییدا بە زمانی کوردی دەبوو، ئەمەش بەڵگەی لەسەر ئەوەی کە مافە کەلتوری و رۆشنبیریەکانی کورد زۆر سنوردار کرابوون.

جەلال تاڵەبانی وەك سەرۆکی شاندی دانوستکاری کورد لە بەغدا، لە (١٩٦٣/٤/٦) دا نامەیەك ئاراستەی مەلا مستەفا دەکات، کە لە بارەی ( لامەرکەزی ) وە دەڵێ (( ئێمە بە نوێنەرانی حکومەتمان وتووە، کە لابردنی ناوی حوکمی زاتی لابردنی مەزموونەکەی نیە، بەڵکو ئێمە مەزموونمان هەر دەوێ )) ( بارزانی و بزوتنەوەی...، ل٣٢٠ ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕوای بەوە نەبووە، کە پرسی کور لە رێگەی پرۆژە ( لامەرکەزی ) یەکەی بەغدا چارەسەر ببێ.

جەلال تاڵەبانی و شەوکەت عەقراوی لە بەغدا دیدارێکیان لەگەڵ مۆنرۆ ( کارمەندی باڵێوزخانەی بەریتانیا لە بەغدا ) ئەنجامدا. داوایان کرد بزانن کە ئاخۆ سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد چۆنە، لەگەڵ کوردان دایە یان دژیانە، یان بێلایەنە. داوای ئەوەشیان کردبوو بزانن کە ئاخۆ بەریتانیا دەتوانێ ئێران و تورکیا قایل بکات کە هیچ کارێکی دوژمنکارانە بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی عێراق نەکەن. هەروەها داوای روونکردنەوەی ئەوەشیان کرد کە ئاخۆ دەتوانن ئەگەر لە تواناادا بێ، کورد دەستەڵاتی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بەکار بێنێ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشە نەتەوەییەکەی. گوتیشیان هەر یاریدەدەرێکی مەعنەوی یان مادی کورد بدەن بە دڵخۆشیەوە وەری دەگرن، وە رۆژئاوا دەتوانێ سەد دەرسەد لەوە دڵنیا بێ کە کوردی عێراق کۆمۆنیست نیە ( کورد و کوردستان...،ل٤١٧ــ ٤١٨ ). لەمەدا دەردەکەوێ کە سەرکردایەتی کورد ئەو دۆخەی زۆر لەبەرچاو گرتبوو، کە حکومەتی تازەی عێراق لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە پشتیوانی لێ دەکرێ. هەر بۆیە دژایەتی کردنی لە لایەن کوردەوە کارێکی ئاسان نابێ.

دوای کودەتاکەی (٨) ی شوبات، وەزیری دەرەوەی عێراق بە جێگری باڵێوزی ئەمریکای گوتبوو : کورد داوای ئۆتۆنۆمی تەواو دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی پێمان بڵێن ئەوان مەبەستیان لەم قسەیە چیە. حکومەت حەز دەکات خودموختاریەکی کارگێڕی و رووناکبیری و ژمارەیەکی عادیل ئەندام لە حکومەت و وەزارەتەکاندا بدات بە کورد. چونکە

ئەوان ناتوانن لەوە پتریان بدەنێ، لە ترسی ئەوەی نەبا کەمینەکانی دیکەی وەکوو شیعە و تەنانەت گاورەکانیش[١] داخوازی وەك ئەوان داوا بکەن ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤١٩ ). هەموو ئەو بیانووانەی بەرپرسانی عێراقی بۆ ئەوە بووە کە خودموختاری بە کورد نەدەن، وە دواتریش توانیان سەرکردایەتی کورد بە سیستەمی لامەرکەزی رازی بکەن.

بەرپرسانی کودەتاکەی (٨) ی شوبات، چوونە نێو وتووێژی سێ قۆلی ( میسر، عێراق، سوریا ) بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی یەکگرتنی هەر سێ وڵاتەکە. نزیك بوونەوەی عێراق لەم دوو وڵاتە، کاریگەریەکی زۆری دەبوو لەسەر چارەنووسی پرسی کورد لە باشوری کوردستاندا. بۆیە سەرکردایەتی کورد چەند پێشنیازێکی پێشکەش کرد لە کاتی بەڕێوە چوونی وتووێژی نێوان بەرپرسانی سێ وڵاتەکەدا، یەکێك لەو پێشنیازانە کە لە (١٩٦٣/٤/٨) دا پێشکەش کرا ئەوەبوو ؛ ئەگەر عێراق چووە نێو یەکێتیەکی فیدراڵیەوە لەگەڵ ( میسر و سوریا ) دا، پێویستە گەلی کورد ئۆتۆنۆمی بدرێتێ لە عێراقدا ( خەباتی چەکداری و...،ل١٦٤ـ١٦٥ ). ئەم پێشنیازە هەندی کێماسی و ناروونی تێدا بەدی دەکرا، چونکە لە کاتی پێك هێنانی یەکێتی فیدراڵی لە نێوان ئەم سێ وڵاتەدا، عێراق دەبووە هەرێمێکی فیدراڵی. بەم جۆرە کوردستان دەبووە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەنێو هەرێمی فیدراڵی عێراقدا، ئەمەش تاڕادەیەك نەگونجاو دەبوو. چونکە کورد دەبوو داوای ئۆتۆنۆمی بکات لە چوارچێوەی دەوڵەتە تازەکەدا.

جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارف بە نوێنەرایەتی کورد لەگەڵ شاندی عێراقی چوون بۆ قاهیرە، بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆلی بە سەرپەرشتی جەمال عبدولناسر. لەوێ بە تەنیا لەگەڵ عەبدولناسردا دانیشتن، تاڵەبانی سەبارەت بە داخوازیەکانی کورد بە ناوبراوی وت : کوردستان دەیەوێ بۆ عێراق وەك ئیسکوتلەندا وابێ بۆ بەریتانیا ( کورد و کوردستان...،ل٤١٣ ).

هەندێ سەرچاوەی تری مێژوویی باس لەوە دەکەن، کە جەلال تاڵەبانی پێشنیازی ئەوەی بۆ جەمال عەبدولناسر کردوە ؛ کە هەرێمێکی کوردی لەنێو هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵی تازەدا هەبێ و کوردی پارچەکانی تری کوردستانیش بتوانن بێنە ناویەوە و لەگەڵی تێکەڵ بن، بەڵام جەمال عەبدولناسر راستەوخۆ وەڵامی پێشنیازەکەی نەداوەتەوە. کەچی

---

(١) رەنگە مەبەستی لە گاورەکان ( مەسیحیەکان ) بووبێ .

( لۆمۆند )[1] ی فەرەنسی لەو ماوەیەدا راگەیاندنێکی رۆژنامەوانی عەبدولناسری بڵاوکردەوە، کە لە بەشێکی راگەیاندنەکەدا باس لەوە دەکات : ئەو پێشنیاز و بیر و بۆچوونانەی کە نوێنەرێکی بارزانی پێی راگەیاندوە، بە رای ئەو قابیلی جێبەجی کردنە. هەروەها ئامۆژگاری ( عەبدولسەلام عارف )[2] یشی کردوە کە داخوازیە رەواکانی کورد پەسەند بکات ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل٢٣٤-٢٣٥).

ئوسکتلەندا قەوارەیەکی کۆنفیدرڕاڵیە لە چوارچێوەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیادا، بە گوێرەی ئەمە بێ، جەلال تاڵەبانی داوای کردوە عێراق ببێ بە دەوڵەتێکی کۆنفیدرڕاڵی، کە کوردستانی باشور یەکێك بێ لە قەوارەکانی ئەم دەوڵەتە. ئەم داخوازیە لەگەل دۆخی ئەو کاتەی عێراقدا نە دەگونجا، بۆیە گومان دەکرێ لەوەی کە داوایەکەی تاڵەبانی بەم شێوەیە بوو بێت.

داواکردنی ئەوەی کە هەرێمێکی کوردی لەنێو هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدرڕاڵی تازەدا هەبێ لە لایەن جەلال تاڵەبانیەوە، زۆر لەو پێشنیازە باشتر و گونجاوتر بوو کە سەرکردایەتی کورد لە (١٩٦٣/٤/٨) دا پێشکەشی حکومەتی عێراقیان کردبوو، بەوەی کوردستان لەو دەوڵەتە فیدرڕاڵیەی کە بڕیار بوو پێك بێ لە نێوان سێ دەوڵەتەکەدا، بکرێ بە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام داواکردنی ئەوەی کە ( کوردی پارچەکانی تری کوردستان بتوانن بێنە نێو ئەم دەوڵەتە فیدرڕاڵیە )، تارادەیەکی زۆر هاوکێشەکانی ئاڵۆزتر دەکرد. چونکە ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەی پێك دەهێنا بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئێران و تورکیا.

دوای ئەوەی نوێنەرەکانی کورد و حکومەتی عێراقی لە قاهیرە گەڕانەوە، شاندی عێراقی دەیووت : جەمال عەبدولناسر رازی نابێ مافەکانی کورد بدەین، بەڵام جەلال تاڵەبانی دەیووت : ئەو رازیە لەسەر ئەوەی کە کورد و حکومەتی عێراقی لەسەری رێك کەوتوون

(١) رۆژنامەیەکی بەناوبانگی فەرەنسیە.

(٢) لەبەر ئەوەی حیزبی بەعس لە (١٩٦٣) دا کەسێکی وایان نەبوو کە لە ( عەبدولسەلام عارف ) شیاوتر بێ بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، بۆیە هەرچەندە ناوبراو لە حیزبەکەی خۆشیان نەبوو، بەڵام ناچار بوون وەك سەرۆکی کۆمار پەسەندی بکەن.

( کورد و کوردستان...،ل٧٠٥ ). ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەرپرسانی عێراقی بە دوای بیانوویەکدا گەڕاون، تا پەشیمان ببنەوە لەو بەڵێنانەی کە بە کوردیان دابوو.

لە دوای مۆرکردنی بڕوانامەیەك لە نێوان سێ وڵاتەکەدا ( میسر ، عێراق ، سوریا ) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو[١]، لە (١٩٦٣/٤/١٧) دا نوێنەرانی کورد پڕۆژەیەکیان دایە حکومەتی عێراقی بە ناوی پڕۆژەی راستکردنەوە ( مشروع المعدل )، سەبارەت بە پێك هێنانی سیستەمێکی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا، کە تێیدا مافە نەتەوەییەکانی کورد لەبەرچاو گیرابێ. کە تێیدا هاتبوو پێویستە دامەزراندنی ئەم سیستەمە لەسەر ئەم بنچینانە بێ، هەوڵ دەدەین تەنیا چەند خاڵێکی گرنگ لە پڕۆژەکەدا بخەینە روو :

- کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووە، پێك هاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب، هەردووکیان مافەکانیان بە یەکسانی پارێزراوە. ئەمەش دەربڕینی رەزامەندی هەردوو لایەنە لەسەر بنچینەی مافی دوارۆژی ژیانیان پێکەوە.
- دەقەکانی دەستوری کۆماری عێراق پێك دێ لە دەزگاکانی یاسا دانانی باڵا بۆ کۆمار و سەرۆك کۆمار و حکومەت. هەروەها پێك هێنانی دەستورێك بۆ دەزگایەکی نەتەوایەتی تایبەتمەند بۆ پەیڕەوکردنی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی، لە کاروباری یاسا دانان و جێبەجێ کردن و دادگاکان لە ناوچەی کوردستاندا.
- ناوچەی کوردستان پێك دێ لە لیواکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و ئەو قەزا و ناحیانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن لە لیوای موسڵ و دیالە.
- ئەبێ جێگری سەرۆك کۆمار کورد بێ و گەلی کورد بە هەمان شێوەی سەرۆك کۆمار هەڵیبژێرێ.

لە مادە گشتیەکانی پڕۆژەکەشدا چەند خاڵێك هاتوون، هەوڵ دەدەین ئاماژە بە هەرە گرنگەکانیان بدەین :

- سوپای عێراق بە ناوی خۆیەوە ئەمێنێتەوە، وە لە کاتی گۆڕینی ناوەکەی، بەشە کوردیەکەی ناو ئەبرێ بە ( فەیلەقی کوردستان )، وە ئەم فەیلەقە کۆ ئەکرێتەوە لەو سەرباز و ئەفسەرە کوردانەی کە لەناو سوپای عێراقی دان.

---

(١) پڕۆژەی دروست کردنی ئەم دەوڵەتە یەکگرتووە شکستی هێنا، بەهۆی ئەو کێشانەی کە دواتر لە نێوان سێ وڵاتەکەدا دروست بوو.

- هەڵسانی سوپای عێراق بە جموجۆڵی سەربازی ( الحركات العسكرية التعبوية ) لەناو کوردستاندا، بە وەرگرتنی بڕیاری ئەنجومەنی یاسا دانان ئەبێ یان لەسەر داوای ئەنجومەنی جێبەجێ کردن[1] ئەبێ.
- هەموو یاسایەك بە نابەجێ و ناتەواو ( باطل ) دائەنرێ لە هەر لایەکەوە دەرچوو بێ، ئەگەر ببێ بە کۆسپ یان لە ماف و دەستەڵاتی گەلی کورد کەم بکاتەوە.
- لە کاتێکدا ئەگەر ڕەگەزنامەی عێراقی بگۆڕدرێ بە ڕەگەزنامەی عەرەبی[2]، پێویستە لە بڕوانامەی لە دایك بوون و دەفتەری نفوس و پاسەپۆرت بنوسرێ هەڵگرەکەی کوردستانیە، ئەگەر کەسەکە کورد بێ یاخود دانیشتووی کوردستان بێت.
- لە کاتی گۆڕینی ئاڵا یان دروشمی عێراق، پێویستە نیشانەیەکی کوردیشی بخرێتە سەر.

دوای تێکچوونی پڕۆسەی دانوستانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی، لە (١٩٦٣/٦/١٠) دا ئیزگە و ڕۆژنامەکانی عێراق ئەم پڕۆژەیەی نوێنەرانی کوردیان بڵاو کردەوە و بە توندی هێرشیان کردە سەر سەرکردایەتی کورد و بە جوداخواز و خۆفرۆشیان لە قەڵەمدا ( خەباتی چەکداری و...،ل١٦٧ تا ١٧٣ ).

ئەم پڕۆژەیەی نوێنەرانی کورد ( پڕۆژەی ڕاست کردنەوە ) بۆ ئاینده نوسرا بوو، بۆ ئەو کاتەی یەکێتیەکی ڕاستەقینە لە نێوان هەر سێ وڵاتی ( میسر و عێراق و سوریا ) دا پێك بێ. لەبەرئەوەی دیار نەبوو شێوەی یەکگرتنەکەیان لە ئایندەدا چۆن دەبێ، بۆیە لە پڕۆژەکەدا باسی هیچ یەکێك لە سیستەمەکانی ( لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی ) نەکرا بوو. پڕۆژەکە هیچ مۆرکێکی جوداخوازی پێوە دیار نەبوو، تاڕادەیەك پڕۆژەیەکی باشیش بوو بۆ ئەو قۆناغەی عێراق. بەڵام حکومەتی عێراقی بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی، تۆمەتی جوداخوازی و بێ بنەمای خستە پاڵ.

لە بارەی تێکچوونی وتووێژەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی، مێژوونووسی ئێرانی حەسەن ئەرفەع دەڵێ (( ئەم وتووێژانە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی پێداگری

---

(١) مەبەست لە ئەنجومەنی یاسا دانان و جێبەجێ کردنی ناوچەی کوردستانە.

(٢) مەبەست لەوەیە ئەگەر عێراق یەکبگرێ لەگەڵ ( میسر و سوریا ) دا و دەوڵەتێکی عەرەبی تازە پێك بێ.

کوردەکانەوە لەسەر هەبوونی هێزی چەکداری سەربەخۆ و تەرخان کردنی (٥٠٪) ی داهاتی نەوت بۆ کورد، دووچاری شکست هات )) ( کوردەکان،ل٢٢ ). رەنگە پرسی هێزی چەکدار یەکێك بوو بێت لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بوو بێتە مایەی شکست هێنانی گفتوگۆی نێوان کورد و بەغدا، بەڵام باوەڕ ناکرێ لایەنی کوردی هیچ کاتێ داوای لە (٥٠٪) ی داهاتی نەوتی کردبێ، چونکە داوایەکی لەم شێوەیە زۆر نالۆژیکی دەبوو.

دوای چەند مانگێك لە راگەیاندنی پرۆژەی ( لامەرکەزی ) لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە، بارزانی دژایەتی خۆی بۆ پرۆژەکە راگەیاند. کەچی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لەم بارەیەوە بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، دەیەویست پرۆژەکە پەسەند بکرێ و پەرەی پێ بدرێ ( خەباتی چەکداری و...،ل١٨٩ـ١٩٠ ).

ئەمەش ئەو راستیە دەگەیێنێ کە هەر لە ساڵی (١٩٦٣) وە، ناکۆکی و جیاوازی بیروڕا بوونی هەبووە لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و مەلا مستەفادا. ئەم ناکۆکیە زیانی زۆری هەبووە بۆ سەر نەبوونی یەك گوتاری کورد بەرامبەر بە بەغدا. لە راستیدا ( لامەرکەزی ) کەی حکومەتی عێراقی کەموکوڕی زۆری تێدا هەبوو سەبارەت بە پرسی کورد، کە نەدەبوو سەرکردایەتی کورد لە کاتی خۆیدا لەسەری رەزامەند بوایە.

دوای تێکچوونی گفتوگۆی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی، شەڕێکی زۆر دژوار لە نێوان هەردوو لادا دەستی پێکردەوە. لە کۆتاییەکانی (١٩٦٣) دا ئیزگەی پارتی دیموکرات داوای لە هاوڵاتیانی عێراقی دەکرد، کە بدەنە پاڵ خەباتی کورد لە پێناو رووخاندنی رژێمی رەگەزپەرستی بەعس ( کورد و کوردستان...،ل٤٤٧ ). واتە ئەو بەعسەی کە سەرکردایەتی کورد هەماهەنگی لەگەڵدا کرد بۆ رووخاندنی رژێمەکەی قاسم، بەهۆی رەفتارە توندەکانی بەرامبەر بە کورد، پارتی دیموکرات رووخاندنی ئەویشی کردە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی خۆی.

وڵاتانی رۆژئاوا بە گشتی و بەریتانیا بە تایبەتی پشتیوانیەکی زۆریان لە حکومەتی تازەی عێراق دەکرد، کە پشتیوانیەکە بواری سەربازیشی گرتبووەوە. بۆیە عومەر شێخ موس[1] بە ناوی ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ) وە لە (١٩٦٣/١١/٢٥) دا نامەیەکی

(١) ناوبراو سکرتێری ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ــ لقی بەریتانیا ) بوو. لە (١٩٧٥) دا بووە یەکێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

ئاراستەی شاژنی بەریتانیا کرد، تێیدا داوای کرد کە حکومەتی وڵاتەکەی چاو بە بڕیاری پێدانی چەك بە عێراق بخشێنێتەوە و هەناردە کردنی چەکیش بوەستێنێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٥٨ـ٤٥٩ ).

لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا باڵیۆزی بەریتانیا سەردانی وەزیری بەرگری عێراق ( حەردان تکریتی ) دەکا. وەزیرەکەی عێراق باسی ئەوەی کردوە کە مەلا مستەفا داوای وتووێژی کردوە، وە داوای کوردانی لەم چوار خاڵەدا کورت کردۆتەوە ١) دروست کردنەوەی گوندەکان ٢) چەك کردنی هێزەکانی میری و سوارەکانی کورد[1] ٣) ڕێگە بدرێتە هاوڵاتیانی کورد کە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان[2] ٤) پێویستە هاوکاری کورد بکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندن بە زمانی کوردی و ئەو جۆرە بابەتانە. حەردان تکریتی لە درێژەی روون کردنەوەکەیدا وتویەتی : هیچ جۆرە کۆسپ لە بەردەم خاڵی یەکەم و چوارەمدا نیە. هەرچی سەبارەت بە خاڵی دووەمە، ئەوا پێویستە چەکی هەردوو لا بە خێرایی دابماڵرێ[3]. بەڵام خاڵی سێیەم بە هیچ جۆرێ هەنگاوێکی لەبار نیە، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوە. وەزیر ئەوەشی باسکردوە کە کاتی کۆتایی پێهێنانی شەڕ هاتووە. باڵیۆزەکەی بەریتانیاش زۆر هانی ڕێگە چارەی ئاشتی داوە ( سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥ـ٤٦٦ ).

لە (١٩٦٣/١١/١٨) دا عەبدولسەلام عارف لە کودەتایەکی سەرکەوتوودا بەعسیەکانی دوورخستەوە لە دەستەڵات[4]، کە هەم ناوبراو پێویستی بە خولێکی تری دانوستان بوو لەگەڵ کوردا، تاکوو بتوانێ جێ پێی خۆی باشتر قایم بکات لە دەستەڵاتدا، هەمیش دوای پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی نێوان مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی پارتی، بارزانی پێویستی بە هێور کردنەوەی بارودۆخ بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، تاکوو بتوانێ خۆی بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەی مەکتەبی سیاسی تەرخان بکات. بۆیە هەردوو لا ( کورد و حکومەتی ناوەندی ) نەرمیان نواند بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕ و دەست پێکردنەوەی گفتوگۆ. هەر

(١) مەبەستی لەو جاش و هۆزە کوردیانە بووە کە لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە پشتیوانی دەکران.

(٢) مەبەستی لەو هاوڵاتیە کوردانەیە کە بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕ و سیاسەتی کۆچ پێکردنەوە، لە ناوچەکانی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە.

(٣) مەبەستی وەزیری بەرگری لە هەردوو لا، هێزە میلشیا کوردیەکانی سەر بە حکومەت و پێشمەرگە بووە.

(٤) ئەم زانیاریەم لە ساڵنامەی کوردستان (٢٠١٦) وەرگرتووە، کە لە دانانی ( عەلی کندی ) یە.

ئەمەش وای کردوە کە داواکانی مەلا مستەفا لەو قۆناغەدا تاڕادەیەك سنوردار بن، بە شێوەیەك کە لە داخوازیەکانیدا بە هیچ جۆرێ باسی ئۆتۆنۆمی نەکرا بوو. کە ئەمەش رێگە خۆشکەر بوو بۆ هەردوو لا ( بارزانی و عەبدولسەلام عارف ) کە بتوانن بگەنە رێك کەوتن لە سەرەتای (١٩٦٤) دا، هەوڵ دەدەین لە بەشی چوارەمدا تیشك بخەینە سەر کاریگەریەکانی ئەم رێکەوتنە لەسەر قوڵ کردنەوەی کێشە نێوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

# بەشی چوارەم :

## لێک ترازانی نێوخۆی پارتی و کاریگەری لەسەر خواستە نەتەوەییەکانی کورد

کاتێ ناکۆکیەکانی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی گەیشتە ئاستێکی زۆر باڵا، بارزانی بڕیاریدا خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مەکتەبی سیاسی. بۆ ئەم مەبەستە بەبێ ئاگاداری و پرس کردن بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە (١٩٦٤/٢/١٠) دا ڕێکەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ عەبدولسەلام عارف ( سەرۆك کۆمار ) دا واژۆ کرد.

بارزانی و عارف هەر یەکە و بەجیا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە لە بارەی ڕێکەوتننامەکەی نێوانیان. بارزانی لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاند : پێکەوە کار بۆ ئەوە دەکەین کە زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕاگەیاندنی مافی نەتەوەیی هاوڵاتیانی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا خۆش بکەین. عارفیش لە بەیاننامەکەیدا ئاماژەی بە چەند خاڵێك کرد لە بارەی کێشەی کورد، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەم دوو خاڵەی خوارەوە ١) داننان بە مافە نەتەوەییەکانی برایانی کورد و تۆمار کردنیان لە دەستوری کاتیدا ٢) گەڕانەوەی دامودەزگای ئیداری بۆ ناوچەکانی باکور[١] ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣١٨ ).

ئەوەی زۆر بە باشی تێبینی دەکرێ لە بەیاننامەی هەردووکیاندا ئەوەیە، کە بەهیچ جۆرێ باسی ئۆتۆنۆمی و چارەسەری بنەڕەتیانەی کێشەی کورد نەکراوە. ئەمەش ئەو گومانە زیاتر دەکات کە مەبەستی بارزانی لە گەیشتن بە ڕێك کەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، تەنیا ئامانجێکی تەکتیکی بووە لە پێناو ڕەخساندنی دۆخێکی لەبار بۆ پاکتاو کردنی نەیارەکانی لەنێو حیزبدا.

---

(١) ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە ، عەبدولسەلام عارف لە بری وشەی ( کوردستان ) وشەی ( باکور ) بەکار دەهێنێ . کە نەدەبوو لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ کوردا ، خۆی بە دوور بگرێ لە هێنانی ناوی کوردستاندا .

لایەنی هەرە نەرێنی لە رێکەوتنامەکەدا ئەوەبوو، پێویست بوو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقی بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان. لە کاتێکدا ئەم ناوچانە بە خوێنی سەدان پێشمەرگەی کورد ئازاد کرابوون. ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی کێشە و مشتومڕێکی زۆر لە نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسیدا. چونکە مەکتەبی سیاسی رایگەیاند، کە بە هیچ شێوەیەك رێگە نادات دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندی بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان. جگە لەمەش مەکتەبی سیاسی ئەم رێکەوتننامەیەی بە ناپاکی و خۆ بەدەستەوەدان لە قەڵەمدا.

دوای ئەو لێك ترازانەی کە دروست بوو لە نێوان مەکتەبی سیاسی و بارزانیدا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی رایانگەیاند کە هۆیەکی سەرەکی جیابوونەوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بروسکەیەی کە بارزانی لە (١٩٦٤/٣/٢) دا بۆ مەکتەبی سیاسی کردبووی، کە تێیدا هاتبوو (( ئەگەر هێزێن دەوڵەتی هاتنە پێش و سەرلەنوێ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئەنگۆیان گرت، با هێزێن حیزب هەقیان بە سەرەوە نەبێ و بکشێنەوە بۆ شوێنانی دی..... هەر پێکدادانێکی نێوان ئێوە و هێزێن دەوڵەتی، پێکدادانی چەکداری لە نێوان ئێوە و ئێمەدا لێ دەکەوێتەوە )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٢٠ ). بەپێی ئەم بروسکەیە، بارزانی رێگەی داوە بە گەڕانەوەی سوپای عێراقی بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان. ئەمەش هەڵەیەکی سیاسی ئەوەندە گەورە بوو، کە مەکتەبی سیاسی نەیدەتوانی بەرامبەری بێ دەنگ بێت. دوای دروست بوونی رووبەروو بوونەوەی چەکداری لە نێوان هێزەکانی بارزانی و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی، بارزانی توانی سەرکەوتن بەسەریاندا بەدەست بێنێ. دوای ئەوەی بارزانی پرسی ( مەکتەبی سیاسی ) تاڕادەیەك یەکلا کردەوە، لەو رێکەوتنە پەشیمان بوەوە کە لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا واژۆی کردبوو. کۆنگرەی شەشی پارتی دیموکرات لە ناوەراستی (١٩٦٤) دا بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بارزانی هەڵوێستی خۆی لە بارەی حکومەتی ناوەندی دەگۆڕێ و رێگە لە گەڕانەوەی دەزگا ئیداریەکانی حکومەت دەگرێ بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان. وە یاداشت نامەیەك ئاراستەی بەغدا دەکات، کە تێیدا داوای ئۆتۆنۆمی دەکات ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢٧ ). واتە دوای یەکلا کردنەوەی کێشەی مەکتەبی سیاسی، بارزانی تاڕادەیەك دەگەڕێتەوە سەر رێگە راستەکە.

لە (١٩٦٤/١٠/١١) دا بارزانی یاداشت نامەیەکی تر دەداتە حکومەتی ناوەندی، تێیدا داوا دەکات کە لە دەستوری وڵاتدا دان بە مافەکانی گەلی کوردا بنرێ لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی. لە بارەی سوپاشەوە داوا دەکات کە پێشمەرگە بە هەمان شێوەی خۆی بمێنێتەوە تا (( دامەزراندنی ئەنجومەنی ویلایەت ))، کە ئەوسا دەکرێن بە پاسەوانی سنور، بە جۆرێ ژمارەیان لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کەس تێنەپەڕێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣٠ ).

لە هەمان مانگدا بارزانی فەرمانیدا، بە پێك هێنانی ( ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)[1] کە لە (٦٣) کەس پێك هاتبوو. ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنەکە بریتی بوو لە پێك هێنانی دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا، بەبێ گوێ دانە رەزامەندی حکومەتی ناوەندی. ئەنجومەنەکە نەك هەر بە تەنها نوێنەرانی کوردی لەخۆ گرتبوو، بەڵکو نوێنەری تورکمان و مەسیحیەکانی کوردستانیشی تێدا بوو. بارزانی لە کۆتایی هەمانساڵدا (١٩٦٤)، کۆمەڵێ داخوازی کە لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە داڕێژرا بوون پێشکەشی حکومەی ناوەندی کرد، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە داواکردنی ئاشتی و ( ئۆتۆنۆمی راستەقینە ) بۆ کوردستان ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل٢٤٤ ). پێك هێنانی دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی، بە واتای دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی رەسمی دێت. ئەم هەنگاوەی بارزانی کە بەبێ گوێ پێدانە رەزامەندی حکومەتی ناوەندی بوو، لە لایەك کۆتایی پێهێنانی پرۆسەی ئاشتی دەگەیاند، لە لایەکی تریشەوە بەهێزی ویست ( ارادة) و بوێری لە بڕیارداندا دەگەیاند. چونکە بارزانی بەم هەنگاو و بڕیارە ویستویەتی، ئۆتۆنۆمی کوردستان بکات بە دۆخێکی سیاسی داسەپاو.

لە ئاکامی پەشیمان بوونەوەی بارزانی لەو سازشانەی کە بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی کردبووی، وە ئامادە نەبوونی عەبدولسەلام عارف بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد، گفتوگۆکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی وەستا. لە بارەی هەڵوێستی حکومەتی ناوەندی سەبارەت بە گفتوگۆ، عەبدولحەمید سوبحی ( وەزیری ناوخۆی عێراق ) رایگەیاند : سەرۆك عارف رایدەگەیێنێ کە تا لەشکری کورد هەڵنەوەشێتەوە و چەکەکانی تەسلیم بە حکومەتی عێراقی

(١) لە پێك هێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ( مجلس قيادة الثورة ) دا، پێدەچێ بارزانی لاسایی کودەتاچییەکانی عێراقی کردبێتەوە. کە دوای ئەوەی هاتنە سەر حوکم، ئەنجومەنێکی لەم شێوەیان دامەزراند کە دەسەڵاتێکی فرەوانی هەبوو.

نەكات، دەوڵەت ئامادەی گفتوگۆ نیە ! هەروەها وتی عێراق بە تەما نیە ئۆتۆنۆمی (( نە لە ئێستا و نە لە ئاییندە)) دا بە كورد بدات ( كورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٣١ ). پرسی هەڵوەشانەوەی لەشكری كورد و تەسلیم كردنەوەی چەكەكانی بە حكومەتی ناوەندی، بۆ كورد مەرجێكی نەكردە بوو، كە ئەم مەرجە زیاتر لە بیانوویەك دەچوو بۆ كۆتایی پێهێنانی گفتوگۆ.

# بەشی پێنجەم :
# خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە سەردەمی دەستەلاتی عـەبدولـڕەحمان عـارفـدا

لە نیوەی یەکەمی (١٩٦٦) دا، شەڕێکی سەخت لە نێوان کورد و هێزەکانی عێراقیدا لە ئارادا بوو. لەو سەردەمەدا کورد بە قۆناغێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕی. بۆیە بارزانی لە (١٩٦٦/١/١٥) دا نامەیەك ئاراستەی جەیمس ویلسون ( سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ) دەکات، تێیدا دەڵێ (( ..... کێشەی کورد نابێ وەك کێشەیەکی ناوخۆی عێراق سەیر بکرێ، لەبەر ئەم هۆیانە ـ کورد زمان و نەریت و دیاردەی تایبەت بە خۆی هەیە ـ ئەوەی کورد ئیمرۆ داوای دەکات، کۆمەڵەی گەلان لە (١٩٢٥/١١/١٦) دا وەك مەرجێك بەسەر عێراقیدا سەپاند، کە بەو هۆیەوە باشوری کوردستان خرایە سەر عێراق ـ لە (١٩٦٣) دا سوپای سوریا بەشداری شەڕی کرد دژ بە کورد ـ بەردەوام بوونی شەڕ لە کوردستان، دەبێتە هەڕەشە بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا..... داوا دەکەین بەریتانیا چەك نەداتە حکومەتی عێراقی، هەروەها داواتان لێ دەکەین کە هەوڵی خۆتان بخەنە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە )) ( کورد و کوردستان...،ل٤٨٤ ـ٤٨٥ ).

بارزانی لەم نامەیەدا هەوڵی داوە بە زمانێکی دبلۆماسی ئاست بەرز، سەرنجی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بە لای کێشەی کوردا ڕاکێشێ، بەوەی چیتر ناتوانرێ کێشەی کورد وەك کێشەیەکی ناوخۆی عێراق سەیر بکرێ. بە تایبەتی کە بەردەوام بوونی ئەم کێشەیە، دەبێتە هەڕەشە بۆ ئارامی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام لەبەرئەوەی عێراق ئەو کات لە تەوەری بەرەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بوو، ڕەوایەتی کێشەی کورد هیچ گرنگیەکی نەبوو بۆ وڵاتی بەریتانیا.

بارزانی بۆ بەردەوام بوون لەسەر دژایەتی کردنی حکومەتی عێراقی، ناچار پشتی بە هاوکاریەکانی ئێران بەستبوو. بۆیە ڕژێمی شاهەنشا توانی خواستەکانی بسەپێنێ بەسەر بارزانیدا. یەکێك لەم داواکاریانەی ئێران لە بارزانی، دژایەتی کردنی بزافی کوردی بوو لە ڕۆژهەڵات. پارتی لەژێر فشاری ئێراندا، کەوتە دژایەتی و لێدانی بزوتنەوەی سیاسی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٦٦) دا بەیانێکی رەسمی لە لایەن پارتی دیموکراتەوە دەرچوو، لە بارەی دیدگای پارتی بۆ بزوتنەوەی سیاسی کورد لە ئێراندا، لە بەیانەکەدا ناسیونالیستە کوردەکانی رۆژهەڵات ئامۆژگاری کراون کە دژایەتی بەرامبەر بە رژێمی ( شا ) رابگرن ( ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی،ل٦٨ ). ئەم چوونە ژێر بارەی فشارەکانی ئێران لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتەوە، لە پرسی دژایەتی کردنی بزافی ناسیونالیستی کوردانی رۆژهەڵات، پارتی تووشی چەندین هەڵە و تاوانی سیاسی کرد، کە بە یەکێك لە رووە تاریکەکانی ( بزافی رزگاریخوازی ئەیلول ) دادەنرێ.

لە (١٩٦٦/٦/٢٩) دا کورد و حکومەتی عێراقی گەیشتنە رێکەوتنێکی سیاسی بۆ راگرتنی شەڕ و دەست پێکردنەوەی گفتوگۆ. حکومەتی عێراقی دوای ئەوەی لە رێگەی هەڵمەتێکی سەربازی گەورەوە نەیتوانی کۆتایی بە بزوتنەوەی کوردی بێنێ، ناچار بوو ملکەچی گفتوگۆ بێت. سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانیش، دوای ئەوەی گروپەکەی مەکتەبی سیاسی چوونە پاڵ حکومەتی عێراقیەوە، هێزێکی چەکداریان بۆ پێك هێنرا. بارزانی بوونی ئەم هێزەی بە هەڕەشەیەکی گەورە دادەنا بۆ سەر ئایندەی بزافە چەکداریەکەی. بۆیە ناوبراو ئامادە بوو رێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا پەسەند بکات و بڕیاریدا هەر چۆنێ بێ لەگەڵیدا بگاتە رێك کەوتن، بەو ئومێدەی بتوانێ بەسەر هەڕەشەی باڵی مەکتەبی سیاسیدا زاڵ بێ. هەر بۆیە کاتێ لە (١٩٦٦/٦/٣) دا شاندی کوردی لە بەغدا داوای کرد کە حکومەتی ناوەندی بە رەسمی ئۆتۆنۆمی کوردستان رابگەێنێ، عەبدولرەحمان بەزاز ( سەرۆك وەزیرانی عێراق ) بە بیانووی رازی نەبوونی سوپا ئەم داوایەی قبوڵ نەکرد. دواجار هەردوو لا رێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی ( سیستەمی لامەرکەزی) دا دابین بکرێن ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٣٨ ).

بارزانی پەسەندکردنی رێکەوتنەکەی دەگەڕاندەوە بۆ ئەو رەوشە دژوارەی کە کوردستان بەهۆی درێژە کێشانی شەڕەوە تێی کەوتبوو. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێ : هیچ بژاردەیەکی ترمان نیە، خەڵك پێویستی بە پشوودانە. خەرمانێکی زۆری جوتیاران سوتاوە و ئەوەی ماوە چاوەڕێ دەکرێ دروێنە بکرێ. لەم زوانە زستان دێ، بەڵام ئاشتی کۆتایی بەم زوانە نایەتە دی ( الحركة الكوردية...،ص٢٨٧ ). ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە بارزانی باوەڕی بە سەرکەوتنی رێکەوتننامەی ئاشتی نەبووە، بەڵکو لە ناچاریدا رێکەوتنەکەی واژۆ کردوە.

حەبیب محەمەد کەریمی ( سکرتێری پارتی ) یش لە بارەی هۆکاری واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکەوە دەڵێ (( وەزعمان باش نەبوو، چەك و تەقەمەنیمان نەبوو. پاش چواردە مانگ شەڕی قورس، تەواو ماندوو ببووین و توانامان لەبەر بڕابوو )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٣٩ ). لە ڕاستیدا شەڕێکی بەرەیی بەرامبەر بە هێزێکی نیزامی، بۆ هێزێکی وەك پێشمەرگە زۆر قورس و دژوارە. کە یەکێك لە هەڵەکانی کورد لە ( بزافی رزگاریخوازی ئەیلول) دا ئەوەبوو، لە بری شەڕی پارتیزانی، پەنای بردە بەر شەڕی بەرەیی.

دروشمی سەرەکی بزافی رزگاریخوازی کورد لە ( شۆڕشی ئەیلول ) دا ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام بارزانی لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی بزوتنەوەکەیدا (١٩٦١ـ١٩٦٦) سێ جار بە سیستەمی لامەرکەزی رازی بوو، بەم شێوەیە ١) لە دوای کودەتاکەی (٨) ی شوباتی ١٩٦٣ ٢) لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ دا ٣) لە ناوەراستی ساڵی ١٩٦٦ دا. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە سەرکردایەتی کورد خاوەن ستراتیجیەتێکی نەگۆڕ نەبووە، بەڵکو بەپێی بەرژەوەندیەکانی رۆژگار خواست و ئامانجە سیاسیەکانی گۆڕاون، کە نابێ ئەم خەسڵەتە لە بزافە رزگاریخوازەکاندا بوونی هەبێ.

ڕێکەوتننامەی (٢٩) ی حوزەیرانی ١٩٦٦، کە لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا واژۆکرا، چەندین برگەی گرنگی لەخۆ گرتبوو، لەوانە ـ کوردی دەبێتە زمانی خوێندن و زمانی رەسمی لە ناوچە کوردیەکانی وڵاتدا ـ لێبوردنی گشتی بۆ جەنگاوەرانی کورد ـ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئاوەدان کردنەوە بۆ ئەو ناوچە کوردیانەی کە جەنگ وێرانی کردوون ـ گەڕاندنەوەی ئەو کوردانەی کە لە (١٩٦٣) دا راگوێزرا بوون، بۆ شوێنەکانی خۆیان ـ بوونی هەندێ بەند و خاڵی نهێنی لە بارەی دامەزراندنی پارێزگایەکی کوردی لە شارۆچکە کوردنشینەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ ـ بەردان و ئازادکردنی سەرجەم زیندانە سیاسیەکانی عێراق ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل٢٤٩ ) ـ هەڵگرتنی باری نائاسایی لە کوردستاندا ـ دانان بە ( نەتەوەی کورد ) و ( مافەکانی ) و چەسپاندنی لە دەستوردا ـ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کە چەند کورسیەك بۆ کورد دەستەبەر بکات لە پەرلەماندا، کە بگونجێ لەگەڵ رێژەی دانیشتوانی کورد لە عێراقدا ـ زیادکردنی خوێندکارانی کورد لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەدا ـ رەخساندنی بارودۆخێك

به ئامانجی بەشداری کردنی کوادیری کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، وە لە هەردوو کەناڵی دبلۆماسی و عەسکەریشدا ( الحركة الكوردية...،ص٢٨٧ ).

لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردیدا، زۆرجار پارتە کوردیەکان داوای دەرکردنی یاسای لێبوردنی گشتیان کردوە بۆ جەنگاوەرانی کورد. راستە بەهۆی دەرکردنی لێبوردنی گشتی لە لایەن دەوڵەتەوە، خەباتگێرانی کورد لە سزا سیاسی و یاساییەکان دەربازیان دەبێت. بەڵام هەڵەکە لەوە دایە، کە هێزێك خۆی بە نیشتیمان پەروەر و خاوەن دۆزێکی رەوا بزانێ، نابێ داوای دەرکردنی بڕیاری لێبوردن بۆ جەنگاوەرانی بکات. چونکە ناکرێ خەباتگێری سیاسی وەك تاوانبارێکی مەترسیدار سەیر بکرێ. وە پێویستە لە بری ئەمە، داوای هەڵوشاندنەوەی هەموو ئەو رێکارە یاساییانە بکات کە بە هۆیانەوە خەباتگێڕەکانی تاوانبار کراون.

کێشەی دیاری کردنی سنوری ناوچە کوردیەکان ( کوردستانی باشور )، تا ئێستا لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا یەکلا نەبوەتەوە. بە تایبەتی بەهۆی ئەوەی کە چەندین ناوچە هەیە، رێژەیەکی زۆر لە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب تێیدا نیشتەجێن، وە ئەو ناوچانەش دەوڵەمەندن بە سامانی پترۆڵ. بۆیە یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بووەتە پرسێکی زۆر ئالۆز و ئەستەم. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سنوری پێکهاتە کارگێڕیەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی سنور پرسێکی زۆر ئەستەم نابێ. لەو سەردەمەدا عێراقی ئێستا دابەش کرابوو بەسەر سێ ویلایەتدا ( بەغدا ، بەسرا ، موسڵ )، کورد زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵی پێك دەهێنا، سنوری کارگێڕی ویلایەتی موسڵیش دەتوانرێ بە ئاسانی دیاری بکرێ. بۆیە لە دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، دەبوایە کورد هەمیشە داوای دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی کردبا لە سنوری جوگرافی ئەم ویلایەتەدا. بەمەش کورد تاڕادەیەکی زۆر لە کێشەی دیاری کردنی سنوری ناوچە کوردیەکان رزگاری دەبوو. لەسەر ئەم بنچینەیە، رازی بوونی سەرکردایەتی کورد بە جیاکردنەوەی بەشێك لە شارۆچکە کوردیەکان لە سنوری ئیداری پارێزگای موسڵ، هەڵەیەکی ستراتیجی بووە. ئەم هەڵەیە بووە هۆی ئەوەی ( موسڵ ) بە تەواوی ببێتە پارێزگایەکی عەرەبی، وە کوردیش ببێتە کەمینەیەکی نەویستراو لە پارێزگاکەدا.

لە مانگی (١١) ی ١٩٦٦ دا عەبدولرەحمان عارف، گەشتێکی یەك هەفتەیی بۆ ناوچە کوردیەکان کرد و رایگەیاند (( پرسی کورد کۆتایی هاتووە. جەنەراڵ بارزانی بە راشکاوی پێی گوتین کە خوازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستان نیە، وە دژی هەر جۆرە جودا خوازیەکە )) ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٤٠ـ٣٤١ ).

ئۆتۆنۆمی هەرگیز واتای جوداخوازی ناگەیێنێ، بەڵام هەمیشە حکومەتەکانی عێراقی تۆمەتی جوداخوازیان داوەتە پاڵ داخوازیە نەتەوەییەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی. دوای چەند رۆژێك لە راگەیاندنەکەی عارف، بارزانی لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان[١] (١٢ــ١٩٩٦/١١/١٥) دا پەیامێکی هەڕەشە ئامێزی ئاراستەی حکومەتی ناوەندی کرد، تێیدا جەختی کردەوە کە بەردەوامی چالاکیەکانی ( ئەو نەیارانە )[٢] ی کە لە لایەن هەندێ لە نوێنەرانی دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکرێن، نیشانەی ئەوەیە کە شەڕ بە کردەوە کۆتایی نەهاتووە. وە دەوڵەتی بەوە تاوانبار کرد کە دەیەوێ وڵات بخاتە گێژەنی شەڕی ناوخۆوە، وە داوای کرد بە پەلە ( کۆمیتەیەکی باڵا )[٣] بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنرێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤١ ).

بەرە بەرە چەندین ئاستەنگ دەهاتنە بەردەم پرۆسەی ئاشتی، کە بوونە هۆی ئەوەی رێکەوتننامەکەی (٢٩) ی حوزەیران شکست بێنێ. بەڵام گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی کە بوونە هۆی شکست هێنانی پرۆسەی ئاشتی، بریتی بوون لەم دوو هۆکارەی خوارەوە ١) دەست خستنە نێو گفتوگۆکان لە لایەن ئێرانەوە، لە رێگەی هاندانی بارزانی بۆ دەستبەردار بوون لە پرۆسەی ئاشتی. چونکە ئێران بەرژەوەندی لە پرۆسەی ئاشتی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا نەبوو، وە هەمیشە خوازیاری ئەوەبوو کە حکومەتی عێراقی بەهۆی شەڕی کوردەوە بە لاوازی بمێنێتەوە ٢) پشتیوانی کردنی ( جەلالیەکان ) لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە دژ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بووە هۆی متمانە نەمانی

---

(١) ئەم کۆنگرەیە لە گەلاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی بەسترا.

(٢) مەبەستی بارزانی لەو نەیارانە، گروپەکەی مەکتەبی سیاسی بوو، کە ئەو کات بە ( جەلالیەکان ) ناسرا بوون.

(٣) کۆمیتەی باڵا، واتە لیژنەی باڵا. مەبەستی بارزانی ئەوەبوو کە لیژنەیەکی باڵا پێك بهێنرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە کردەوە و چالاکی ( جەلالیەکان ) دژ بە هێزی پێشمەرگە.

بارزانی بە بەڵێنەکانی بەغدا، چونکە پێویست بوو چالاکی ئەم گروپە لە کاتی پرۆسەی ئاشتیدا سڕ بکرێ.

لە شوباتی (١٩٦٨) دا بارزانی نامەیەک ئاراستەی دیگۆل ( سەرۆکی فەرەنسا ) دەکات، تێیدا گلەیی لە ناوبراو کردوە و وتویەتی : پێی سەیرە پیاوێکی گەورەی وەک تۆ کە ( فەرەنسا) ت لەدەست داگیرکەر ڕزگار کرد، ئاوڕ لە دەرد و ئازاری کورد نادەیەوە و بە یەک چاو سەیری کورد و ڤێتنامیەکان[1] ناکەی. لە کۆتاییدا هیوا دەخوازێ جەنەڕاڵ دیگۆل و فەرەنسا ببنە مژدەدەری بەهەشتی ڕزگاری لە ئاسمانی کوردستاندا ( کورد و کوردستان ...،ل٥١٣ ). دیگۆل وەک سیاسیەک بە دۆستی عەرەب ناسرا بوو، بۆیە ئامادە نەبوو بەهۆی کوردەوە، جیهانی عەرەبی لە خۆی بوروژێنێ.

(١) دیگۆل پشتیوانیەکی زۆری لە شۆرشی ڤێتنامیەکان دەکرد لە جەنگەکەیان دژ بە داگیرکەری ئەمریکا.

# بەشی شەشەم :
# ڕەنگدانەوەی خواستە نەتەوەییەکانــی کورد لە ڕێکەوتننامەی (١١) ی ئازاردا

لە (١٩٦٨/٧/١٧) دا حیزبی بەعس توانی بۆ جاری دووەم کودەتایەکی سەرکەوتوو لە عێراقدا ئەنجام بدات. کودەتاچیەکان سەرەتا سیاسەتێکی نەرمیان پەیڕەو کرد بەرامبەر بە کورد، بەڵام دوای ئەوەی پێگەی خۆیان لە دەستەڵاتدا پتەوکرد، سەرکردایەتی بەعس بڕیاریدا هەڵمەتێکی سەربازی فرەوان ئەنجام بدات دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام نەیتوانی هیچ ئەنجامێك بەدەست بێنێ. ئەمەش ئەم بڕوایەی لای بەرپرسانی بەعس دروست کرد کە لەو قۆناغەدا ناتوانن بە ڕێگەی هێز کێشەی کورد یەکلا بکەنەوە، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراقی لە رووی توانای ئابوری و سەربازیەوە لە رەوشێکی زۆر باشدا نەبوو.

سەرکردەکانی بەعس دوای ئەوەی گەیشتنەوە دەستەڵات، ئەم جارە هەوڵیاندا پەیوەندیەکی باش لەگەڵ سۆڤیەتدا دروست بکەن. سۆڤیەتیش لە رووی لۆجستی و پێدانی قەرزەوە هاوکاریەکی زۆری حکومەتە تازەکەی عێراقی کرد.

دەستەڵاتدارانی تازەی عێراق، چیتر توانای درێژە پێدانی شەڕیان نەبوو. سۆڤیەتیش کە پشتیوانی سەرەکی عێراق بوو، لە بەرژەوەندیدا نەبوو شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا بەردەوام بێت. بۆیە هانی حکومەتی عێراقی دەدا بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ کوردا. سەرکردایەتی ( بەعس) یش بە کردەوە پێویستیان بە ( کات ) بوو، بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی وڵات لە رووی ئابوری و توانای جەنگیەوە. بارزانیش ئەگەرچی فشارێکی زۆری ئێرانی لەسەر بوو، بەڵام بەهۆی بێزار بوونی لە جەنگ، ئامادە بوو پێشوازی لەو دەستپێشخەری ئاشتی بکات کە لە لایەن بەرپرسانی حکومەتی ناوەندیەوە خرابووە روو.

لە (١٩٦٩/١٢/٣١) دا شاندێکی پایە بەرزی حکومەتی عێراقی سەردانی کوردستانی کرد، لە لایەن بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازیان لێکرا، بەڵام بەهۆی ناکۆکیان لە بارەی کێشەی کەرکوکەوە، نەگەیشتنە ڕێك کەوتن. چونکە لایەنی

کوردی ئامادە نەبوو دەست لە مافەکانی کورد هەڵبگرێ سەبارەت بەم شارە ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٦،ل٤٢ ). بەردەوام کێشەی کەرکوك یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە بووەتە لەمپەر لە بەردەم دانوستانەکانی ئاشتی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیەوە، ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندی ئەم شارە لە رووی سامانی پەترۆڵەوە.

دوای چەند گەڕێکی وتووێژ لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی ناوەندیەوە، هەردوو لا رێك کەوتن لەسەر واژۆکردنی رێکەوتننامەی ئاشتی لە (١١) ی ئازاری ١٩٧٠ دا[١]. رێکەوتننەکە دانی نا بە مافەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، وە ماوەی چوار ساڵ دیاری کرا بۆ جێبەجی کردنی بڕگەکانی رێکەوتننامەکە. ئەم رێکەوتنە ئەگەرچی شکستی هێنا و وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، بەڵام لە رووی یاسایی و سیاسیەوە لە مێژووی هاوچەرخی کوردا بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی گەورە دادەنرێ.

دەقی رێکەوتننامەکە لە چەندین مادە و بڕگە پێك هاتبوو، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین هەرە گرنگەکانیان بخەینە روو، بەم شێوەیە      ـ رێگە بە دەرکردنی چاپەمەنی کوردی دەدرێ      ـ دان بە رەسمیەتی زمانی کوردی دەنرێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا      ـ دان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەنرێ وەك لایەنێکی گفتوگۆی ئاشتی      ـ کورد بە رێژەی خۆی لە چاو خەڵکی عێراق، ئەندامی لە پەرلەماندا دەبێ کە بڕیارە دابمەزرێ      ـ کورد جێگری سەرۆك کۆمار و ژمارەیەك وەزیری لەنێو حکومەتدا دەبێ      ـ پەرەپێدانی بواری ئابوری و کارگێڕی لە ناوچە کوردیەکاندا      ـ کردەی دەرهێنانی سامانی سروشتی بە دەستی حکومەتی ناوەندیەوە دەبێ      ـ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا ، لە رێگەی سەرژمێری و راپرسی گشتیەوە      ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل٢٦٤ـ٢٦٥ ) ـ راست کردنەوەی دەستوری کاتی، بە شێوەیەك کە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێك دێ..... پێویستە ئەو بەندانە لە دەستوری هەمیشەیی وڵاتدا جێگر بکرێن ( سیستەمە نوێی جیهان و...،ل٩٨ )      ـ کارمەند و فەرمانبەران لە ناوچە کوردیەکاندا پێویستە کورد بن      ـ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە

---

(١) لەبەرئەوەی واژۆکردنی رێکەوتننامەکە لە (١١) ی ئازاردا بوو، لە هەمان رۆژیشدا لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ناوەڕۆکەکەی بڵاو کراوەیە، بۆیە رێکەوتنەکە بە بەیاننامەی (١١) ی ئازار ناوبانگی دەرکرد.

کوردستاندا ــ رادەست کردنەوەی ئیزگە و تەکنیکە سەربازیەکان بە حکومەتی ناوەندی ــ هێشتنەوەی (١٣) هەزار پێشمەرگە، کە هەم ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیان پێ بسپێردرێ، هەمیش بە ئەرکی هێزە سنوریەکان هەڵبستن ( الحركة الكوردية...، ل٢٩٠ـ٢٩١).

یەکێك لەو هەڵە گەورانەی کە لایەنی کوردی لە رێکەوتننامەی (١١) ی ئازاردا کردی، وە سەرکردایەتی سیاسی کوردی تا ئیمرۆ لەسەری بەردەوامە، ئەوەبوو کە رازی بوو چارەنووسی ئەو ناوچە کوردیانەی کە کێشەیان لەسەرە لە رێگەی سەرژمێری و راپرسیەوە یەکلا بکرێتەوە. جگە لەمەش رێك کەوتنی هەردوو لایەن لەسەر ئەم جۆرە چارەسەرە، هانی حکومەتی عێراقیدا کە پرۆسەی راگواستن و بە عەرەب کردنی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو درێژە پێ بدات. سەرەڕای هەمووو ئەمانەش، هیچ رەوایی و ژیریەکی تێدا نیە کە نەتەوەیەك چارەنووسی بەشێکی گرنگ لە خاکەکەی، بە سەرژمێری و راپرسیەکی گوماناویەوە گرێ بدات.

ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان، زۆر دژی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بوون. چونکە ئەم یاسایە زیانی زۆری هەبوو بۆ ئەوان، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ( عەبدولکەریم قاسم) یشدا زۆر بە توندی لە دژی ئەم یاسایە وەستانەوە. جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە وەك خۆی لە کوردستاندا، بووە مایەی کێشە لە نێوان کورد و سەرکردایەتی بەعسدا. بەرپرسانی حکومەتی عێراقی، بارزانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە پشتیوانی لە بەرژەوەندی دەرەبەگەکانی کوردستان دەکات، وە بە مەبەست کۆسپ دەخاتە بەردەم جێبەجێ کردنی یاساکە لە کوردستاندا.

رادەست کردنەوەی ئێزگە و چەکە قورسەکانی پێشمەرگە بە حکومەتی ناوەندی، یەکێك بوو لەو کێشانەی کە ببووە ئاستەنگ لە بەردەم بەرەو پێشچوونی وتووێژەکاندا. حکومەتی ناوەندی سوور بوو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم برگەیە، بەڵام پێشمەرگە دەیەویست لە دوا قۆناغی پرۆسەکەدا ئەم برگەیە جێبەجێ بکات.

عومەر نورەدینیش لە کتێبەکەیدا[١] بەم جۆرە باسی رێکەوتننامەی (١١) ی ئازار دەکات : لە رێکەوتنەکەدا بەندی نهێنی بڵاو نەکراوە هەبوو، کە هەردوو لایەن لەسەری رێك

(١) کتێبەکەی بەم ناونیشانەیە ( سیستەمی نوێی جیهان و کورد و کوردستانی عێراق وەك نمونە ).

کەوتبوون لەوانە : – چەك کردنی چەکدارە کوردەکانی لایەنگری رژێم – هێشتنەوەی پێشمەرگە بە شێوەی پاسەوانی سنور – گفتوگۆ و دانوستانی زیاتر لەسەر کەرکوك ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٩٨ ).

لە کاتی واژۆکردنی رێکەوتننامەکە، لەنێو کوردا دوو جۆرە چەکداری لایەنگری حکومەت بوونیان هەبوو ١) گروپەکەی ( برایم – جەلال )، کە خاوەنی هێزیکی چەکداری زۆر بوون ٢) ئەو هۆزە کوردیانەی لایەنگری رژێم بوون، زۆربەیان ئەوانە بوون کە دوژمنایەتیەکی دێرینیان لەگەڵ هۆزی بارزاندا هەبوو. پێدەچێ رێکەوتننامەکە زیاتر مەبەستی لە گروپەکەی ( برایم – جەلال ) بووبێ. دوای واژۆکردنی رێکەوتننامەکە، ئەم گروپە هەستیان بە مەترسی بارودۆخەکە کرد. بۆیە بە نهێنی پەیوەندیان بە بارزانیەوە کرد و داوای لێخۆشبوونیان کرد، ئەویش بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکردن و گەڕانەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان.

هەرچی هۆزە کوردیەکانی لایەنگری حکومەت بوون، بارزانی پرۆسەی ئاشتی بە دەرفەت زانی بۆ لێدان و تەمبێ کردنیان، ئەمەش دڵگرانی حکومەتی ناوەندی لێکەوتەوە. چونکە لە روانگەی بەرپرسانی حکومەتەوە، لێدانی ئەو هۆزانەی کە دڵسۆزی رژێم بوون لە لایەن پێشمەرگەوە، بە پێشێل کردنی بنەماکانی ئاگربڕ لە قەڵەم دەدرا.

رێك کەوتن لە بارەی گفتوگۆ و دانوستانی زیاتر لەسەر کەرکوك، ئەوە دەگەێنێ کە هەردوو لایەن نەگەیشتبوونە چارەسەرێکی تەواو لە بارەی کێشەی ئەم شارەوە. بەڵام بۆ ئەوەی کەرکوك نەبێتە هۆکاری تێکچوونی رێکەوتنی ئاشتی، بڕیاریاندا کە ئەم کێشەیە لە رێگەی گفتوگۆ و دانوستانی زیاترەوە چارەسەر بکرێ. کە ئەمەش یەکێك بوو لە گەورەترین کێماسیەکانی رێکەوتننامەکە.

حکومەتی ناوەندی بە مەبەست پرۆسەکانی سەرژمێری و راپرسی پشتگوێ خست. ئەمەش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە حکومەتی عێراقی نەیدەویست رێکەوتننامەکە وەك خۆی جێبەجێ بکات، بەم هۆیەشەوە لایەنی کوردی زۆر نیگەران بوو. خۆ لادانی حکومەتی ناوەندی لە جێبەجی کردنی ئەم بڕگەیە، گەورەترین کۆسپ بوو لە بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیدا.

یەکێك لەو کێشانەی تر کە هاتبوونە بەردەم پرۆسەی گفتوگۆوە ئەوەبوو، کورد پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ( ئۆتۆنۆمی ) یەکیان دەوێت لەسەر بنەمای خاك بێت و سنوری کوردستان بە روونی دیاری بکرێ، بەڵام سەرکردایەتی بەعس لە دژی ئەوەبوو کە ئۆتۆنۆمی کورد لەسەر بنەمای جوگرافی بێ ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا...،ل٣٥٧ ). بێگومان ئەگەر ( ئۆتۆنۆمی یان فیدڕاڵی ) لە عێراقدا لەسەر بنەمای نەتەوەیی و خاك نەبێ، ئەوا بۆ کورد وەك نەتەوە هیچ بەهایەکی نابێ. چونکە هەر قەوارەیەکی سیاسی کوردی ئەگەر لەسەر بنچینەی ناسنامەی نەتەوەیی نەبێ، ئەوا دەستەبەری مافە نەتەوەیەکان ناکات.

یەکلا کردنەوەی کێشەی کەمە نەتەوەییەکان لە کوردستاندا، یەکێکی تر بوو لەو گرفتانەی کە ببووە کۆسپ لە بەردەم بەرەو پێشچوونی پرۆسەی گفتوگۆ. لەم بارەیەوە لە (١٩٧٢/١٠/٢٨) دا مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامی یاداشتنامەیەکی حکومەتی عێراقی دایەوە، وە تێیدا ئەوەی خستەروو کە پێویستە پێشتر ناوچەی هەردوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب دیاری بکرێ، ئینجا ناوچە ئیداریەکانی کەمە نەتەوەییەکان ( خەباتی چەکداری و...،ل٣٠٣ ). پێدەچێ حکومەتی ناوەندی پرسی کەمە نەتەوەییەکانی کردبێ بە بیانوو بۆ کۆسپ خستنە بەردەم پرۆسەی ئاشتی، نەوەك لە بنەڕەتدا حیزبی بەعس بڕوای بە کێشەی کەمە نەتەوەییەکان نەبوو.

نەوشیروان مستەفاش سەبارەت بە گفتوگۆی (١٩٧٠) ی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی ناوەندی دەڵێ (( پارتی لە گفتوگۆی (١٩٧٠) دا بازی بەسەر دروشمی دیموکراسی دابوو. کە بەعسیەکان بە راشکاوی وتبوویان ؛ ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕین و بە شۆڕش هاتووینەتە حوکم، باوەڕمان بە دیموکراسی رۆژئاوایی و دیموکراسی لیبڕالی نیە، وە هەڵبژاردنی گشتی واتە تەسلیم کردنی حوکم بە کۆنەپەرستان. شاندی کوردیش بۆ ئەوەی گفتوگۆکەیان لەسەر ئەوە نەپچڕێ، وازی لە باسی دیموکراسی و هەڵبژاردنی گشتی و ژیانی پەرلەمانی هێنابوو. بۆ پاساوی ئەمەش وتبوویان ؛ ئێمەش حیزبێکی شۆڕشگێرین و باوەڕمان بە دیموکراسی لیبڕالی نیە )). لە راستیشدا ( پارتە نەتەوەییەکان ) ی کورد باوەڕیان بە رەوایی شۆڕشگێڕی هەیە نەك بە بنەماکانی دیموکراسی، ئەزموونیش ئەم راستیەی بە تەواوی سەلماندوە.

بەهۆی درێژە کێشان و ئالۆز بوونی پڕۆسەی گفتوگۆ (١٩٧٠ــ١٩٧٤)، چەندین دەستپێشخەری و پڕۆژە لە هەردوو لایەنەکەوە ( کورد و حکومەتی ناوەندی ) خرانە روو. لایەنی کوردی پڕۆژەیەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ( ئۆتۆنۆمی ) کوردستان خستە بەردەم حکومەتی ناوەندی، کە گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە ــ بەشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دەرامەت و بودجەی گشتی وڵاتدا، دەبێ لەگەڵ رێژەی دانیشتوانەکەیدا گونجاو بێ ــ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ناوچەیی[١]، کە دەستەڵاتێکی فرەوانی هەبێ لە پەسەندکردنی بودجە و بەرنامە دانان و دانانی یاساکاندا ــ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی جێبەجێ کردن[٢] کە لە (١٤) وەزیر پێك بێت، سەرۆکی ئەنجومەنەکە لە لایەن پەرلەمانی ناوچەییەوە هەڵبژێردرێ ــ دامەزراندنی داواکاریەکی باڵای دەستوری بنەڕەتی[٣] ــ سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کە سەرۆك کۆمار بە فەرمانێکی کۆماری ئەرکەکانی پەسەند کردوە، راستەوخۆ دەبێ بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، ل٣٧٤ـ٣٧٥ ).

ئەو جۆرە سیستەمەی کە پارتی دیموکرات لە پڕۆژەکەیدا داوای کردوە لە کوردستاندا بچەسپێ، سیستەمێکی دیموکراسی پەرلەمانیە. لەم رووەوە دەتوانین بڵێین، پڕۆژەکەی پارتی سەبارەت بە سیستەمی سیاسی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا زۆر باش بووە، بەڵام کێشە گەورەکە لەوەدا بوو کە سیستەمی سیاسی لە ( بەغدا ) دا سیستەمێکی دکتاتۆری تاك حیزبی بوو[٤]، کە هەرگیز ئامادە نەدەبوو پشتیوانی لە سیستەمی دیموکراسی بکات لە بەشێکی وڵاتدا. چونکە سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی لە بەشێکی وڵاتدا، رەنگدانەوەی بۆ تەواوی وڵاتەکە دەبوو، ئەمەش لە بەرژەوەندی دەستەڵاتی دکتاتۆریدا نەبوو.

(١) مەبەست لە ئەنجومەنی یاسا دانانە، کە لە رۆژگاری ئەمرۆدا زیاتر بە ( پەرلەمان ) ناو دەبرێ.

(٢) مەبەست لە کابینەی وەزاریە ( حکومەت )، کە ئەنجومەنی وەزیرانیشی پێ دەگوترێ.

(٣) کریس کۆچێرا لە کتێبەکەیدا ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا ) بەم شێوەیە باسی کردوە ؛ رەنگە مەبەستی لە دامەزراندنی دادگای باڵای دەستوری بێت.

(٤) راستە بەپێی یاسا رێگە بە هەردوو حیزبی ( پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان ) درابوو کە کاری حیزبی خۆیان بکەن، بەڵام لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بە تەواوی پەراوێز خرابوون. ئەوەی کاروباری وڵاتی بەڕێوە دەبرد، تەنیا ( حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ) بوو.

ئێران هەر لە سەرەتاوە دژی واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی (١١) ی ئازار بوو، بەڵام بارزانی فشارەکانی ئێرانی پشتگوێ خست و ڕێکەوتنەکەی واژۆ کرد. دوای تێپەڕ بوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر پرۆسەی ئاشتیدا، بارزانی بۆی دەرکەوت کە حکومەتی عێراقی نیازی ئەوەی نیە ڕێکەوتننامەکە جێبەجی بکات. بۆیە هەوڵیدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێراندا بەهێز بکاتەوە، حکومەتی عێراقیش هەستی بە بوونی ئەم جۆرە پەیوەندیە کردبوو. بۆیە لە چەندین بۆنەدا ڕەخنەی توندی لە سەرکردایەتی کورد دەگرت لەسەر هەبوونی ئەم جۆرە پەیوەندیە لەگەڵ ئێراندا.

ئامانجی سەرەکی حیزبی بەعس لە واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ کورد لە (١٩٧٠) دا، بەدەست هێنانی دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی کورد. بۆیە ئامادە بوو هەموو جۆرە ڕێگەیەك تاقی بکاتەوە بە مەبەستی گەیشتن بەم ئامانجە. یەکێك لەو ڕێگایانە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ تیرۆر کردنی بارزانی لە (١٩٧١/٩/٢٩)[1] دا. کاتێ هەوڵیدا لە ڕێگەی چەند مەلایەك بارزانی تیرۆر بکات، بەڵام لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو. وە جارێکیشیان لە ڕێگەی دەزگا ئەمنیەکانی عێراقەوە، هەوڵ درا لە بەغدا ئیدریس بارزانی تیرۆر بکرێ، بەڵام ئەم هەوڵەشیان سەرکەوتوو نەبوو[2]. ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردەوانە لە لایەن دامەزراوەکانی سەر بە حکومەتی عێراقیەوە، بوونە هۆی نەمانی متمانە لە لایەن بارزانیەوە بەرامبەر بە سەرکردایەتی بەعس.

حیزبی بەعس کە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەم وڵاتەوە سوپاکەی خۆی ڕێك بخاتەوە و پڕ چەکی بکات. بۆ ئەوەی بتوانێ لە دوای نەمانی پرۆسەی ئاشتی، لە ڕێگەی هێزەوە ( شۆڕشی کورد ) لەناو ببات. سۆڤیەت لە بەرژەوەندی دابوو کە عێراق ببێتە وڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرامبەر بە هەژموونی ئێران بوەستێتەوە، کە هاوپەیمانێکی گوێرایەڵی ئەمریکا بوو. لە دەرنجامی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان ( بەغدا و مۆسکۆ ) دا هەبوو، لە

(١) ئەم زانیاریەم لە ساڵنامەی کوردستان (٢٠١٦) وەرگرت، کە لە ئامادە کردن و دانانی ( عەلی کندی ) یە.

(٢) ئەم زانیاریەم لە کتێبەکەی مەسعود بارزانی ( بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، شۆڕشی ئەیلول ((١٩٦١ــ١٩٧٥)) ) وەرگرتووە.

(١٩٧٢) دا پەیماننامەیەکی دۆستایەتی درێژ خایەن لە نێوان هەردوو وڵاتدا ( عێراق و سۆڤیەت ) واژۆ کرا.

بەهێز بوونی پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و سۆڤیەت، بووە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی ئێران. بۆیە ( شاهەنشا ) هاوکاری بارزانی کرد بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا[1]، بەم جۆرە لە ساڵی (١٩٧٢) دا پەیوەندی لە نێوان کورد و حکومەتی ئەمریکادا دروست بوو لە ڕێگەی ئێرانەوە. واتە ئەمریکا لە ڕێگەی ئێرانەوە هاوکاریە سەربازی و داراییەکانی دەگەیاندە سەرکردایەتی کورد. بە واتایەکی تر هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ کورد پشتیوانیەکی ستراتیجی نەبوو، بەڵکو تەنیا لەبەر داوا و ویستی ئێران بوو.

لە کۆتا ساڵی وتووێژەکەدا (١٩٧٣ـ١٩٧٤)، پارتی دیموکرات داوای دامەزراندنی لەشکرێکی سەربازی دەکرد لە کوردستاندا بە ناوی ( فەیلەقی کوردستان )، کە گشت ئەفسەر و پلە سەربازیەکانی لە کورد بن، وە هەموو جۆرە چەکێکی هەبێ وەك یەکە سەربازیەکانی تری سوپای عێراقی ( خەباتی چەکداری و...،ل٢١٣ ). ئەم جۆرە داوایە لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە هەرگیز پەسەند نەدەکرا. چونکە بەپێی ڕێکەوتنەکەی (١١) ی ئازار، پێویست بوو پێشمەرگە هەموو چەکە قورسەکانی تەسلیمی حکومەتی ناوەندی بکات، نەك داوای ئەو چەکە قورسانەش بکات کە سوپای عێراقی هەیەتی.

بەهۆی ئەو پەیوەندیە ناوازەیەی لە نێوان سۆڤیەت و حکومەتی عێراقیدا هەبوو، پەیوەندیەکانی نێوان حیزبی بەعس و پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بەرەو پێشچوونێکی زۆری بەخۆوە بینی. لەسەر ئەم بنچینەیە لە نێوان هەردوو پارتەکە لە (١٩٧٣/٧/١٧)[2] دا بەرەیەکی نیشتیمانی پێك هێنرا بە ناوی ( ميثاق العمل الوطني ). هەردوو لایەنەکە داوایان لە پارتی دیموکرات کرد کە بچێتە ناو بەرەکەوە، بەڵام پارتی لەبەر ئەم سێ هۆکارەی خوارەوە داواکەی ڕەتکردنەوە ١) لە یاسای پێك هێنانی بەرەکەدا ئەم دوو بڕگەیە

---

(١) پێشووتر بارزانی چەند جارێك هەوڵیدا بوو پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا دروست بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبیبوو.

(٢) نەجم سەنگاوی لە کتێبەکەیدا ( خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد ١٨٨٠ــ١٩٩٤ ) باس لە ڕێکەوتی (١٩٧٣/٧/٦) دەکات.

هاتبوون، کە بە دڵی سەرکردایەتی پارتی نەبوون أ ـ گەلی عێراق بەشێکە لە گەلی عەرەبی گەورە ب ـ خاکی عێراق بەشێکە لە نیشتیمانی عەرەبی گەورە ٢) ڕێگە نەدەدرا هیچ پارتێك ڕێکخستنی لەناو سوپادا هەبێ، جگە لە حیزبی بەعس ٣) لە لیژنەی باڵای بەرەکەدا زۆرترین ئەندام بۆ حیزبی بەعس دانرا بوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٠ ). دواتر پارتی دیموکرات چوونە نێو بەرەکەی ( جبهة )، بەم مەرجانەی خوارەوە وابەستە کرد ؛

- جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنی جاران لەمەڕ ئۆتۆنۆمی[١].
- جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنی جاران لەمەڕ شێوازی دیاری کردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی[٢].
- بەشداری کردنی ڕاستەقینەی هەموو حیزبەکانی ناو بەرەی نیشتیمانی لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بۆ ئەوەی دامودەزگاکانی حکومەت تەنێ لە دەستی بەعسدا نەبێ.
- بە مەبەستی گێڕانەوەی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بۆ وڵات، ریفراندۆمی ئازاد و گشتی لە ماوەی ئەوپەڕی ساڵێکدا، دوای پەیوەندی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرەی نیشتیمانیەوە ئەنجام بدرێ ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٧٢ ).

سەبارەت بە مەرجی یەکەم و دووەم، ئەوا لە ماوەی زیاتر لە (٣) ساڵ لە گفتوگۆ و دانوستان، نەتوانرا بوو جگە لە چەند بڕگەیەکی کەم لە ڕێکەوتننامەکە، هیچی تری لێ جێبەجێ بکرێ. چونکە حکومەتی عێراقی هەرگیز مەبەستی نەبوو ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکات. سەبارەت بە مەرجی سێیەم و چوارەمیش، کە مەبەست لێیان چەسپاندنی دیموکراسی بوو لە عێراقدا، ئەوا حیزبی بەعس هەرگیز نەدەچووە ژێر باری ئەم مەرجانە. چونکە بەرقەرار بوونی دیموکراسی لە وڵاتدا، بە واتای کۆتایی هاتنی دەستەڵاتی تاکڕەوانەی ( بەعس ) دەهات.

---

(١) مەبەست لە ڕێکەوتننامەی (١١) ی ئازاری ١٩٧٠ یە، کە زۆربەی بڕگەکانی جێبەجێ نەکرا بوون.

(٢) مەبەست لە ئەنجامدانی سەرژمێری و ڕاپرسیە لەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا.

له مانگی (١٠) ی ١٩٧٣ دا بارزانی له وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکدا که لێی دەپرسێ ؛ که ئایا به راستی به ئۆتۆنۆمی قایل دەبێ، له حاڵێکدا که هەنووکه کوردستانی ئازاد کراو سەربەخۆیی هەیە؟ بارزانی له وەڵامدا دەڵێ (( ئەمە به بڕیاری ئێمە نابێ، ئەم بڕیارە له دەستی ئێمەدا نیه، دەبێ ئەم پرسیارە له زلهێزەکان بکرێ : بۆچی کوردیان بەو حاڵەوە هێشتۆتەوە؟ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧٨ ). بارزانی له وەڵامەکەیدا دان به راستیەکی تاڵدا دەنێ، که بڕیاردان له چارەنووسی نەتەوەیی له دەست سەرکردایەتی کوردا نەبووە، بەڵکو له دەست زلهێزەکاندا بووە. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ که سەرکرایەتی کورد، سەربەخۆ نەبووە له بڕیارداندا. که یەکێك له مەرجە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەر بزاف و شۆڕشێك، تاڕادەیەکی زۆر وابەستەیە به توانای سەربەخۆیی له بڕیارداندا. پێدەچێ مەبەستی بارزانی له ( زلهێزەکان ) ئەمریکا بێ، که ئەو کات له رێگەی ئێرانەوە هاوکاری بزوتنەوەی کوردی دەکرد له عێراقدا. بەڵام ئەمریکا تەنیا لەبەر بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی ئێران بوو، رازی ببوو به هاوکاری کردنی کورد، نەوەك هەرگیز لەگەڵ سەرکەوتن و سەربەخۆیی کورد نەبوو له عێراقدا.

ئەو ماوەیەی که دیاری کرابوو بۆ وتووێژ (١٩٧٠/٣/١١ــ١٩٧٤/٣/١١)، خەریك بوو کۆتایی دەهات، بەڵام ( کورد و بەغدا ) لەسەر چەندین خاڵی گرنگ نەگەیشتبون به ئەنجام. بۆ نمونه وەك ئەمانەی خوارەوە ؛

١) پارتی دیموکراتی کوردستان دەیوت ؛ ئەبێ سنوری کوردستان بەپێی راستیه مێژوویی و جوگرافیەکان دیاری بکرێ، یان بەپێی ئەو سنورە سروشتیەی که زنجیرە چیاکانی حەمرین لێی پێك هاتووە لەگەڵ ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و شەنگال، بەڵام حکومەتی ناوەندی بەمە رازی نەبوو.

٢) پارتی دیموکرات دەیوت ؛ با کەرکوك شاری برایەتی بێ و ئیدارەیەکی هاوبەشی هەبێ و سەر به پایتەختی ئۆتۆنۆمی بێ. کەچی حکومەتی عێراقی ئەیوت ؛ باشه با کەرکوك شاری برایەتی بێ و ( ئیدارەیەکی هاوبەش) یشی هەبێ ، بەڵام سەر به ناوەندەوە بێ.

٣) ئەو ناوچانەی دەکەوتنە سنوری قەوارەی ئۆتۆنۆمی، پارتی ئەیوت ؛ با ناو ببرێن بە ( هەرێمی کوردستان )، بەڵام بەغدا ئەیوت ؛ ئەبێ ناو ببرێن بە ( ناوچەی کوردستان ) یان ( ناوچەی ئۆتۆنۆمی ).

٤) پارتی ئەیوت ؛ ئەبێ بودجەی کوردستان پێك بێ لە کۆی دارایی و بودجەی عێراق بەپێی ژمارەی خەڵکی کوردستان بۆ رێژەی خەڵکی عێراق، دوای دەرکردنی بودجە سیادیەکان. بەڵام حکومەتی عێراقی ئەیوت ؛ بودجەی عێراق بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات سەرف ئەکرێ، بێ ئەوەی هیچ دیاری بکرێ.

٥) دەربارەی سوپا و هێزە ئەمنیەکان، داواکاری پارتی بەم شێوەیە بوو :

- ئەو موالیدانەی لە کوردستان ئەگیرێن، ئەبێ لە سنوری کوردسان سەربازی بکەن و مەشقیان پێ بکرێ.
- سەربازە خۆبەخشەکان، ئەبێ بەپێی ژمارەی خەڵکی کورد بۆ رێژەی دانیشتوانی عێراق وەربگیرێن، وە لە کوردستاندا بۆ مەشق پێکردن و بەرێوەبردنی سەربازگەکان بمێننەوە.
- لێپرسراوی سەربازی یەکەکانی کوردستان، لەو ئەفسەر و جێگر ئەفسەرە کوردانە دابنرێن کە لە سوپای عێراق دان.
- چەکی بەرگری وەك فرۆکە و تۆپ و تانك و زرێپۆش و هەموو جۆرە چەکێك کە بۆ سوپای عێراق دێ، ئەبێ بەپێی ژمارەی کورد بۆ رێژەی دانیشتوانی عێراق، بەشی کوردستانی تێدا بێت.
- لە کۆلیجەکانی سەربازی و فرۆکەوانی و پۆلیس، ئەبێ قوتابیانی کورد وەربگیرێن بەپێی ژمارەی خەڵکی کورد بۆ رێژەی دانیشتوانی عێراق.

حکومەتی عێراقی ئەم داواکاریانەی رەتکردەوە و بە جیاکردنەوەی کوردستان ناوی نان .

٦) دەربارەی ئەنجومەنی یاسا دانان و جێبەجێ کردن. کورد ئەیوت ؛ ئەبێ ئەندامانی بە رێگەی هەڵبژاردن دیاری بکرێن بۆ ماوەی پێنج ساڵ، وە هەموو ئەمیندارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە پلەی وەزیر بە ناوی ئەمیندارەوە دابمەزرێن. پێشنیازەکەی حکومەتی عێراقیش بەم شێوەیە بوو ؛ حکومەتی ناوەندی خۆی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە دیاری دەکات لە گشت چین و

تووێژ و ڕێکخراوە سیاسیەکان، وە ئەبێ سەرۆك کۆمار دەستەڵاتی ئەوەی هەبێ لە کاتی پێویستدا هەڵیان بوەشێنێتەوە ( خەباتی چەکداری و...،ل٣١٥ تا ٣١٧ ).

دوای ئەوەی پارتی دیموکرات هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە پێویستە سنوری کوردستان بەپێی ڕاستیە مێژوویی و جوگرافیەکان دیاری بکرێ، دەتوانین بڵێین ئەمە ڕێگە ڕاستەکەیە بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەی سنور لە نێوان قەوارەی کوردی و ناوچەکانی تری عێراق.

سەرکردایەتی کورد هەرچەندە نەرمیشی نواندوە لە پرسی کەرکوکدا، بەڵام حکومەتی عێراقی ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەك دەست لە خاوەنداریەتی ئەم شارە هەڵبگرێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەرانی بەعس، نیازێکی ڕاستگۆیانەیان نەبووە بۆ هێنانە دی ئاشتی لەگەڵ کوردا.

لایەنی کوردی لە وتووێژەکاندا هەوڵی دەدا تایبەتمەندیەکی نەتەوەیی بۆ ( ئۆتۆنۆمی) یەکەی کوردستان دەستەبەر بکات، کە ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆی بووە. بەڵام حکومەتی ناوەندی هەوڵی دەدا، ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێ بەش بکات لە زۆربەی تایبەتمەندیە نەتەوەیی و سیاسیەکان.

سەبارەت بە داواکاریەکانی پەیوەست بە لایەنی سەربازیەوە، لایەنی کوردی لە هەندێ داواکاریدا زیادەڕۆیی کردوە. وەك ئەوەی ئەبێ لە چەکە قورسەکانی سوپادا، کوردستانیش ڕێژەی دیاری کراوی خۆی هەبێ. چونکە هەندێ چەکی قورسی وەکوو فرۆکە و موشەك، ئەبێ تەنیا لەژێر دەستەڵاتی ناوەندا بن.

لە بارەی هەردوو ئەنجومەنی یاسا دانان و جێبەجێ کردنیشەوە، کە دوو هەرە گرنگترین دامەزراوەن لە ( سیستەمی ئۆتۆنۆمی) دا، پارتی دیموکرات دەیەویست مافی هەڵبژاردنی ئەم دوو ئەنجومەنە تەنیا لە دەستەڵاتی خەڵکی کوردستاندا بێ، کە بەبێ ئەمەش ( ئۆتۆنۆمی ) یەکی بێ خەوش هەرگیز نایەتە دی. کەچی حیزبی بەعس دەیەویست ئەم دوو ئەنجومەنە تەنیا دوو دەزگای کارتۆنی بن، بەوەی هەم ئەندامەکانی لە لایەن خۆیەوە دیاری بکرێن، هەمیش هەڵوەشانەوەیان لە دەستەڵاتی سەرۆك کۆماردا بێت.

حکومەتی ناوەندی لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی گفتوگۆدا (١٩٧٠ـ١٩٧٤)، لە رووی توانای ئابوری و سەربازیەوە بە باشی خۆی ڕێکخستەوە، وە بە تەواوی خۆی ئامادە

کردبوو بۆ گەڕێکی تازەی شەڕ. بۆیە بەر لەوەی ماوەی گفتوگۆکە بە تەواوی بەسەر بچێ، حکومەتی عێراقی پڕۆژەیەکی پڕ کێماسی لە بارەی ( ئۆتۆنۆمی ) یەوە خستە بەردەم لایەنی کوردی، وە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکات. لایەنی کوردیش بێگومان بەو پڕۆژەیە رازی نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕدا نەبوو. لەبەرئەوەی گەورەترین کۆسپ لە بەردەم پڕۆسەی ئاشتیدا کێشەی کەرکوك بوو، بۆیە لە (١٠/٣/١٩٧٤)[١] دا شاندێکی کوردی دەچێ بۆ بەغدا و پێشنیازی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك دەدا بە حکومەتی ناوەندی، کە خۆی لەم سێ رێگە چارەیەدا دەبنیەوە ؛

یەکەم : پارێزگای کەرکوك وەك خۆی و بێ دەستکاری بمێنێتەوە، وە لە لایەن دامودەزگایەکی هاوبەشەوە[٢] بەڕێوە ببرێ کە سەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت.

دووەم : ئەگەر ناوەند ( مرکز ) بەم چارەسەرە رازی بێ، لەو دۆخەدا بارزانیش بێ چەند و چوون ئەو پڕۆژەیەی دەربارەی ئۆتۆنۆمی کە لە لایەن بەغداوە خراوەتەروو پەسەند دەکات .

سێیەم : پارێزگای کەرکوك بکرێ بە دوو بەشەوە، حەویجە و قەرەتەپە بدرێ به ناوەند، ئەوی تر لەگەڵ کەرکوکدا بخرێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

بەمەش دەردەکەوێ کە بارزانی نەرمی زۆر نواندوە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا. بەڵام حکومەتی ناوەندی وەك بڕیارێکی پێش وەخت، ئامادە نەبوو هیچ سازشێکی ئەوتۆ بۆ کورد بکات، بەمەش هەڵگیرسانەوەی شەڕ کەوتە ئان و ساتەوە.

بە ئومێدی ئەوەی بتوانێ رێگە لە دروست بوونەوەی شەڕ بگرێ، بارزانی کەسایەتیەکی سەربەخۆ بە ناوی ( فەتاح شالی ) وە دەنێرێ بۆ بەغدا، تاکوو بە کاربەدەستانی دەوڵەت رابگەێنێ کە بارزانی بە دابەشکردنی کەرکوك لە نێوان ( ناوچەی ئۆتۆنۆمی ) و ( حکومەتی ناوەندی ) دا رازی دەبێ، کە لە لایەن دەزگایەکی هاوبەشەوە بەڕێوە ببرێ ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٨٤ـ٣٨٥ ).

---

(١) ئەم رێکەوتە دەکاتە یەك رۆژ پیش تەواو بوونی ماوەی جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەکەی (١١) ی ئازار، کە لە (١١/٣/١٩٧٤) دا تەواو دەبوو.

(٢) واتە لە نێوان ( ناوچەی ئۆتۆنۆمی ) و ( حکومەتی ناوەندی ) وە بە هاوبەشی بەڕێوە ببرێ.

بەهۆی رازی بوونی بارزانی بە دابەشکردنی کەرکوك لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا، ناوبراو دووچاری رەخنەیەکی زۆر بووەتەوە، بەوەی سازشی لەسەر خاوەندارەیەتی ئەم شارە کردوە. بەڵام رەنگە بارزانیش لە مەترسی دۆخەکە بە باشی تێگەیشتبێ، وە ئەو راستیەی لەبەرچاو بووبێ کە ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، لەوانەیە کورد نەك هەر کەرکوك، بەڵکو گشت ناوچە ئازاد کراوەکانیش لەدەست بدات، کە سەرنجام هەر ئەوەش هاتە دی.

بارزانی بۆ ئەوەی بە هۆکاری دەست پێکردنەوەی شەڕ تۆمەتبار نەکرێ، ئیدریسی کوڕی لەسەر داوای ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حیزب دەنێرێ بۆ بەغدا، بە ئومێدی رێگە گرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٣٣،ل٢٢ ). بەڵام حکومەتی ناوەندی ئامادە نەبوو گوێ لە هیچ دەستپێشخەریەك بگرێ، وە سوور بوو لەسەر دەست پێکردنەوەی شەڕەکە.

# بەشی حەوتەم :
# ڕێکەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی بزوتنەوەی کورد لە (١٩٧٥) دا

دوای ئەوەی هەموو هەوڵەکانی زیندوو هێشتنەوەی پرۆسەی ئاشتی شکستی هێنا، حکومەتی ناوەندی لە (١٩٧٤/٣/١١) دا پرۆژە ئۆتۆنۆمیەکەی خۆی راگەیاند، بەبێ گوێدانە رەزامەندی لایەنی کوردی. لەبەرئەوەی پرۆژەکە ژمارەیەکی زۆر کێماسی و ناتەواوی تێدا بوو، سەرکردایەتی کورد رەتی کردەوە و دانی پێدا نەنا، بەو هۆیەشەوە جارێکی تر شەڕ دەستی پێکردەوە.

بەهۆی دەست پێکردنەوەی شەڕەوە، خەڵکێکی زۆر ئاوارەی ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە بوون. بارزانی بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی کاروباری ئەو هەموو خەڵکە بەڕێوە ببات و بۆشایی ئیداری دروست نەبێ، بڕیاری دروست کردنی ( دەزگایەکی ئیداری ) دا کە لە وەزارەتخانە پێك هاتبوو. هەرچەندە سەرانی شۆڕش لە چاوپێکەوتنە رۆژنامە نووسیەکاندا نکولیان دەکرد لەوەی ئەمانە وەزارەتخانە بن، بەڵکو دەیانوت ئەمانە کۆمەڵێ یەکەی ئیدارین و لە لایەن بەڕێوبەرانەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام خەڵك لەنێو خۆیاندا وشەی ( وەزیر ) و ( وەزارەتخانە ) یان بەکار دەهێنا ( کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،ل٣٩٩).

دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ، پارتی دیموکرات بە پێویستی زانی گۆڕانکاریەکی کەم لە دروشمە نەتەوەییەکەی خۆیدا بکات. کە دروشمەکەی پێشووتری بەم شێوەیە بوو (( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ))، بەڵام لە (١٩٧٤) دا دروشمەکە بەم شێوەیە گۆڕی (( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان )) ( بارزانی و بزوتنەوەی،ل١٩٦ ). ئەو پرۆژە ئۆتۆنۆمیەی کە حکومەتی ناوەندی لە (١٩٧٤/٣/١١) دا رایگەیاند، ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینەی تێدا بەرجەستە نەببوو. بۆیە پارتی بە پێویستی زانیوە لە دروشمەکەیدا جەخت لە ئۆتۆنۆمی راستەقینە بکاتەوە.

حکومەتی ناوەندی هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ لە رێگەی سەربازیەوە بزافە چەکداریەکەی کورد لەناو ببات، بەڵام بەهۆی بەرگری سەختی پێشمەرگەوە نەیتوانی ئەم ئامانجەی بێنێتە دی، ناچار رێگەی سازش کردنی بەرامبەر بە

ئێران گرتە بەر. حکومەتی عێراقی ئەو راستیەی بە باشی بۆ دەرکەوتبوو، کە پێشمەرگە بەبێ پشتیوانی و هاوکاری ئێران ناتوانێ درێژە بەم شەڕە قورسە بدات.

هەندێ وڵاتی هەرێمی و ناوچەکەش بەرژەوەندیان لە سەرکەوتنی حکومەتی عێراقیدا بوو لە یەکلا کردنەوەی کێشەی کوردا، وەك ( تورکیا، میسر، جەزائیر ). بۆیە هەوڵیاندا ئێران لە کورد دوور بخەنەوە و رێکەوتنێك لە نێوان عێراق و ئێراندا بێننە ئاراوە. ئامانجی راستەقینەی ئێرانیش لە هاوکاری کردنی کورد، لاواز کردن و ملکەچ پێکردنی حکومەتی عێراقی بوو بۆ خواستەکانی. کاتێ حکومەتی عێراقیش ئامادە بوو ئەم خواستانەی ئێران بێنێتە دی، کارتی کوردی بەلای ئێرانەوە هیچ بەهایەکی نەما. بە مەبەستی رازی کردنی ئەمریکاش بەم سەودایە، بەڵێن لە ( سەدام حوسێن )[1] وەرگیرا بوو کە لە تەوەری سۆڤیەت بێتە دەرەوە، بۆیە ئەمریکاش بەمە رازی بوو.

لە ئاکامی هەموو ئەو پێشهاتانەدا لە (١٩٧٥/٣/٦) دا رێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا واژۆ کرا، بەپێی ئەم رێکەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری هەندێ پێگەی گرنگی یەکاوی عەرەبان ( شط العرب ) بوو بۆ ئێران، لە بەرامبەریشدا ئێران ئامادە بوو واز لە پشتیوانی کردنی بزافی کوردی بێنێ لە عێراقدا. سەرکردایەتی کورد کە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی سوپای عێراقی، تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە ئێران و ئەو هاوکاریانەی کە لە رێگەی ئەو وڵاتەوە بۆی دەهات[2] بەستبوو، رێکەوتننامەکە بۆ ئەو گورزێکی کەمەر شکێن بوو.

بەمەبەستی ئاگادار بوون و دڵنیا بوون لە ناوەرۆکی رێکەوتننامەکە، بارزانی سەردانی ( محەمەد رەزا شا ) ی کرد. شاهەنشا بە بارزانی و شاندە یاوەرەکەی راگەیاند کە لەمەو دوا ناتوانێ چیتر پشتی کورد بگرێ، وە پێشمەرگەی سەرپشك کرد لە هاتن بۆ ئێران یان لە خۆدانەوە دەست ( تسلیم بوون ) عێراق.

دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان، لە (١٩٧٥/٣/١٣) دا مەکتەبی سیاسی پارتی یاداشتێکی بۆ حکومەتی عێراقی نارد، تێیدا داوای لە دەستەڵاتدارانی عێراق کرد کە لە

---

(١) راستە ناوبراو ئەو کات جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوو، بەڵام دەستەڵاتی راستەقینەی وڵات لەدەست ئەودا بوو.

(٢) ئەمریکا و ئیسرائیل لە رێگەی ئێرانەوە هاوکاری ( شۆڕش کورد ) یان دەکرد، بە تایبەتی ئەمریکا لە رووی لۆجستیەوە پێداویستێکی زۆری بۆ هێزی پێشمەرگە دابین دەکرد.

ڕێکەوتننامەی جەزائیر پاشەکشێ بکەن، لە بەرامبەردا ئامادەن ئەو پرۆژە ئۆتۆنۆمیە پەسەند بکەن کە بەغدا لە (١٩٧٤/٣/١١) دا ڕایگەیاندوە. بەغدا هەمان ڕۆژ لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە وەڵامی یاداشتەکەی پارتی دایەوە، کە تێیدا هاتبوو ؛ هیچ بوارێك نیە بۆ وتووێژ لەگەڵ گیرفانە بەکرێ گیراوەکان ( جيوب العميلة )، تەنها خۆ بەدەستەوە دانی مەلا مستەفا بارزانی و گروپەکەی نەبێ، بەبێ هیچ گفت و مەرجێك وەکوو هاوڵاتیەکی ئاسایی ( خەباتی چەکداری و...،ل٣٢٧ ).

پشت بەستن بە هێزی دەرەکی و پشتگوێ خستنی توانا ناوخۆییەکان، یەکێك بوو لە گەورەترین هەڵەکانی سەرکردایەتی کورد لە بزافی ڕزگاریخوازی ئەیلولدا، کە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ شکست هێنانی جوڵانەوەکە. پێویست بوو لەسەر سەرکردایەتی کورد لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر، بیر لە شێوازێکی تری خەبات بکاتەوە، نەك ئامادەیی دەربڕێ بۆ سازشێکی ریسواییانە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی.

هەرچەندە هەندێ لە بەرپرسانی پارتی پێشنیازی شەڕی پارتیزانیان بۆ بارزانی کرد، وە داوایان کرد کە یەکێك لە کوڕەکانی سەرپەرشتی ئەو قۆناغە تازەیەی خەبات بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بارزانی بڕیاریدا کە بڵاوە بە بزوتنەوە چەکداریەکە بکرێ، وە خەڵکی سەرپشك کرد لە چوون بۆ ئێران، یان خۆدانەوە دەست عێراق. بەمەش کۆتایی بە یەکێك لە درێژترین بزافە چەکداریەکانی کورد هات لە سەدەی بیستدا.

سەرکردایەتی کورد لە بزافی ڕزگاریخوازی ئەیلولدا، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانی کورد دەکرێ، وە لەو بڕوایەدا بوو کە ئەمریکا هەرگیز لە گۆڕەپانەکەدا بە تەنیا جێی ناهێڵێ. بەڵام ئەو ڕاستیەیان بە باشی لەبەرچاو نەگرتبوو، کە ئەمریکا تەنیا لەسەر ویست و داوای ئێران ئامادە بووە هاوکاری بزافی ڕزگاریخوازی کورد بکات، نەوەك ئەمریکا لە ڕووی ستراتیجیەوە لەگەڵ سەرکەوتنی بزافی ناسیونالیستی کورد نەبوو لە عێراقدا. هەر بۆیەش کاتێ کارتی کوردی بۆ ئێران بەهاکەی خۆی لە دەستدا، ئەمریکاش ئامادە نەبوو چیتر پشتیوانی لە کورد بکات.

لە دوای شکستی شۆڕشەکە، بارزانی نامەیەکی ئاراستەی ( کارتێر ) ی سەرۆکی ئەمریکا کرد، کە تێیدا هاتبوو (( دڵنیاکردنەوەی لە لایەن باڵاترین کاربەدەستانی ئەمریکاوە، وایان بڕوا پێ هێنابوو کە هاوکاری لەگەڵ ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، یارمەتی دابین

بوونی خودموختاری کوردان و چەسپاندنی دیموکراسی لە عێراقدا دەکات )) ( بەم هەموو تاوانەوە....،ل٢٣٠ ). لە سیاسەتدا زۆرجار بەها ئەخلاقیەکان پێشێل دەکرێن، وە سیاسەت لە زۆربەی کاتدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی ئاراستە دەکرێ. بۆیە ناکرێ لە مامەڵەی سیاسیدا پشت بە سۆز و بەڵێن ببەسترێ، چونکە ئامانجی سەرەکی لە سیاسەت و بازرگانیدا بەرژەوەندیە، نەك داکۆکی لە ئاکار و بەهای مرۆڤایەتی.

# دەروازەی شازدەهەم
# ئامانجە سیاسیەکانی کورد لە باشوری کوردستاندا
# لە دوای شۆڕشی ئەیلول

## بەشی یەکەم :
## ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردی لە قۆناغی فرە حیزبیدا

لە دوای شکست هێنانی شۆڕشی ئەیلول، بۆشاییەکی سیاسی گەورە لە کوردستانی باشوردا هاتە ئاراوە، تێکۆشانی چەکداری کۆتایی هات، ئۆرگان و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکرات دووچاری هەڵوەشانەوە هاتن، گشت ناوچە ئازاد کراوەکان لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە داگیر کرانەوە. هەموو ئەمانە بێ ئومێدیەکی زۆریان لەنێو گەلی کوردا دروست کرد. ئەم دۆخە بووە هاندەر بۆ هەندێ تێکۆشەری سیاسی، کە بڕیار لەسەر دەست پێکردنەوەی خەبات و دامەزراندنی ڕێکخراوی تازە بدەن. بەمەش قۆناغی فرە حیزبی لە کوردستانی باشوردا هاتە ئاراوە. زۆر کەس سەرهەڵدانی ئەم فرە حیزبیە لە باشوری کوردستاندا بە دەسکەوتێکی باش دەزانن بۆ بزافی رزگاریخوازی کوردی، بەڵام ئێمە لە دوو رووەوە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەین ؛

یەکەم : لە قۆناغی رزگاری نیشتیمانیدا ئەزموونی تاک حیزبی سەرکەوتوو ترە، بە بەراور بە ئەزموونی فرە حیزبی. زۆربەی بزوتنەوە رزگاریخوازەکان لەسەر دەستی یەک حیزبدا بە ئامانجەکانیان گەیشتوون[1]. چونکە ئەوەی لەم قۆناغەدا سەرکەوتن زیاتر دەستەبەر دەکات، یەک حیزب و یەک ڕێکخستن و یەک ڕێبەرە.

دووەم : لەبەر نەبوونی بنەماکانی دیموکراسی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی حیزبە سیاسیەکان لە قۆناغی رزگاری نیشتیمانیدا، ناکۆکی و ململانێی توند لەنێو حیزبەکاندا دێتە ئاراوە. ئەمەش دژی بەرژەوەندیەکانی بزافی رزگاریخوازیە. هەروەک چۆن لە دوای

---

(١) ئەو حیزبە تاکڕەوانەی توانیویانە ئامانجە نیشتیمانیەکان بێننە دی، خاوەن بیر و باوەڕێکی بەهێز بوونە و پشتیان بە خۆیان بەستووە، نەک بە هێزە دەرەکیەکان.

شۆڕشی ئەیلول، ململانێ و رووبەڕوو بوونەوەی چەکداری دروست بوو لەنێو حیزبە کوردیەکانی باشوری کوردستاندا.

دوای سێ مانگ لە نسکۆی ئەیلول[1]، دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان راگەیەنرا. دواتر لە لایەن هەندێ لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە کەوتنەوە گەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیەنرا، بە ناوی سەرکردایەتی کاتیەوە ( قیادة المؤقتة ). لە لایەن دکتۆر محمود عوسمانیشەوە دروست کردنی لیژنەی ئامادەکاری ( لجنة التحضرية ) راگەیەنرا، کە لە (١٩٧٩) دا لەگەڵ بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان کە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جیا ببوەوە، یەکیان گرت و حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان پێك هێنا. لە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە (١٩٧٩)، هەندێ لە سەرکردەکانی ( قیادة المؤقتة ) لە پارتی دیموکرات جیابوونەوە و ( پارتی دیموکراتی گەل ) یان دروست کرد. هەروەها ( علی سنجاری ) یش، یەکێتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند. لە هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا، چەندین حیزبی سیاسی تر لە باشوری کوردستاندا دروست بوون، وەك پاسۆك ( پارتی سۆشیالیستی کوردستان )، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئاڵای شۆڕش، بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان. دروست بوونی ئەو هەموو حیزبە سیاسیە، ئەوەندەی ئاماژە بوو بۆ ناکۆکی و لێك ترازانی سیاسی، ئاماژە نەبوو بۆ گەشەکردنی بزافی سیاسی کوردی.

زۆربەی حیزبە کوردیەکان لەو قۆناغەدا، دروشمی ( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ) یان بەرز کردەوە، کە ئەمە هەمان دروشمی پارتی دیموکرات بوو لە بزوتنەوەی رزگاریخواری ئەیلولدا. هەندێ لە حیزبەکان دەستەواژەی ( ئۆتۆنۆمی راستەقینە ) یان بەکار دەهێنا، کە ئەمەش هیچ واتایەکی تری نەدەگەیاند جگە لە یاری کردن بە وشەکان. جەخت کردنەوە لە دروشمە کۆنەکەی شۆڕشی ئەیلول، ئەوە دەگەیێنێ کە حیزبە کوردیەکان لە بێ ئومێدیەکی قوڵدا ژیاون، بەهۆی شکستی بزافی رزگاریخوازی ئەیلول و پەرەسەندنی تواناکانی عێراق لە رووی سەربازی و ئابوریەوە.

---

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر ئەم دەستەواژەیە بەکار دێنێ، بەڵام نەیارانی پارتی زیاتر دەستەواژەکانی هەرەس هێنانی شۆڕش و ( ئاش بەتاڵ ) بەکار دێنن.

لە هەندێ بۆنە و ساتی مێژووییدا، هەندێ لە حیزبەکان دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) یان بەرز کردۆتەوە، وەك یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە (١٩٨٥) دا. بەڵام هەرگیز مەبەستی ئەم حیزبانە لە دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین )، سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، بەڵکو دیاری کردنی چارەسەری پرسی کورد بووە لە چوارچێوەی عێراقدا. هەرچەندە حیزبێکی وەکوو پاسۆك دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردبووەوە، بەڵام بەهۆی سنوردار بوونی تواناکانی حیزبەکەوە، نەیتوانی هەنگاوێکی گەورە بنێ بۆ هێنانە دی ئامانجەکەی.

لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول، حکومەتی عێراقی بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، دەستی کرد بە پیادەکردنی پرۆسەی کۆچ پێکردن و بە عەرەب کردن لە کوردستاندا، کە ببووە مەترسیەکی زۆر گەورە لەسەر چارەنووسی کورد و خاکەکەی. بۆیە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی حیزبە کوردیەکان، ببووە کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ڕاگواستن و بە عەرەب کردن لە ناوچە کوردیەکاندا، وە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانەی کە بەر ئەم پرۆسەیە کەوتبوون.

ئەگەر سەرنج بدەینە پرۆگرامی سیاسی زۆربەی حیزبە کوردیەکان لە باشوری کوردستاندا، دەبینین هەموویان هاوبەش بوون لە چەند ئامانجێکی گشتیدا، وەك ئەمانەی خوارەوە ؛

- یەکخستنی تواناکانی گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانەوە، بۆ کۆتایی هێنان بە دەستەڵاتی دکتاتۆری.
- هەوڵدان بۆ هێنانەدی هاوپەیمانەتیەکی ڕاستەقینە لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەبدا.
- پشتیوانی کردن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی، بە تایبەتی لە کێشەی فەڵەستیندا.
- دژایەتی کردنی سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزمی جیهانی.
- دروست کردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ هێزە پێشکەوتوو خوازەکانی تورك و فارس.
- پشتگیری کردن لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا،

لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە تێیدان.

هەرگیز هاوپەیمانەتیەکی راستەقینە لە نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا نایەتە دی[١]، لە کاتێکدا کە خاکی کوردستان بووەتە ژێردەستەی نەتەوەی عەرەب. چونکە ئەو پەیوەندیەی لە نێوان کورد و عەرەبدا هەیە، بریتیە لە پەیوەندی نێوان نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی ژێردەست. بۆیە تاکوو چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە عێراقدا بمێنێ، ئاشتی و برایەتی لە نێوان کورد و عەرەبدا نایەتە دی.

پشتیوانی کردنی عەرەب لە کێشەی فەڵەستین و دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەکێك بوو لەو هەڵە گەورانەی کە بزافی رزگاریخوازی کوردی لە باشوری کوردستاندا تێی کەوتبوو. ئەمەش لەبەر دوو هۆ ١) ناوەندە رەسمیەکانی عەرەب بە حکومەت و رێکخراوە سیاسیەکانەوە، ئامادە نین تەنانەت دان بە رەوایەتی کێشەی نەتەوەیی کوردیشدا بنێن[٢]. کەواتە پێویست ناکات کوردیش، داکۆکی لە عەرەب بکات لە کێشە فەڵەستیندا ٢) دژایەتی کردنی ئیسرائیل بۆ رازی کردنی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، کارێکی هەڵەشانەیە. چونکە نە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دۆستی راستەقینەی کوردن، نە ( ئیسرائیل ) یش نەیاری کوردە. کەواتە جگە لە زیان، دژایەتی کردنی ئیسرائیل بۆ کورد هیچ قازانجێکی نیە.

دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمی جیهانی بە رێبەرایەتی ئەمریکا لە لایەن حیزبە کوردیەکانەوە، رەنگە پەیوەندی بەم دوو هۆکارە سەرەکیە هەبوو بێت ١) زۆربەی حیزبە کوردیەکان لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران، ئێرانیش دوژمنێکی سەرسەختی ئەمریکا و ئیمپریالیزمی جیهانی بوو. بۆیە بۆ رازی کردنی دەستەڵاتدارانی ئێران، حیزبە کوردیەکان دژایەتی خۆیان بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی راگەیاندوە ٢) زۆربەی حیزبە کوردیەکان لەژێر کاریگەری رەوتی چەپ و رێبازی سۆشیالیزمدا بوون. بۆیە دژایەتی کردنی ( ئیمپریالیزمی جیهانی ) یان بە ئەرکی سەرەکی خۆیان زانیوە.

---

(١) بە هەمان شێوەش، هەرگیز هاوپەیمانەتیەکی راستەقینە لە نێوان ( کورد و فارس ) لە ئێران و ( کورد و تورك ) لە تورکیادا نایەتە دی.

(٢) حکومەتی لیبیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی معەمەر قەزافیدا، تاکە حکومەتی عەرەبی بوو کە داکۆکی لە رەوایەتی پرسی نەتەوەی کورد دەکرد.

لە (١٩٨٠/١١/١٢) دا بەرەیەکی سیاسی لە نێوان چەند حیزبێکی کوردی و عێراقیدا پێك هات بە ناوی ( الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية )[١]، کە گرنگترین ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم بەرەیە بریتی بوون لە – رووخاندنی رژێمی دکتاتۆری لە عێراقدا – هێنانە ئارای سیستەمێکی دیموکراسی لە عێراقدا – ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا – بەستنەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی عێراقی بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی عەرەبی ( تاريخ الحزب الديمقراطي...،ص١٦٨ ).

جگە لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، سەرجەم ئامانجەکانی تری بەرەکە، ئەوەندەی پەیوەندیان بە تەواوی عێراقەوە هەبوو، ئەوەندە پەیوەندیان بە پرسی نەتەوەیی کوردەوە نەبوو. چونکە گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراق و هێنانە ئارای دیموکراسی لە وڵاتدا، زیاتر ئەرکی رێکخراوە عەرەبیەکانە، نەك حیزبە کوردیەکان.

دوای تەنیا (١٦) رۆژ لە دامەزراندنی ( جوقد )، لە (١٩٨٠/١١/٢٨) دا بەرەیەکی تری سیاسی پێك هات بە ناوی ( الجبهة الوطنية الديقراطية )[٢]، کە گرنگترین ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم بەرەیە بریتی بوون لە – رووخاندنی سیستەمی دکتاتۆری لە عێراقدا – چەسپاندنی دیموکراسی لە عێراقدا – ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٨ـ١٦٩ ).

دوور نیە دروست کردنی ئەم بەرەیە ( جود)، وەك وەڵام دانەوەیەك بووبێ بۆ دامەزراندنی ( جوقد ). چونکە لە بەرەکەی تردا ( جوقد )، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێگەیەکی بەهێزی هەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە لە ململانێیەکی توندا بوو لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانیدا، هەوڵێکی زۆریدا بۆ پێك هێنانی بەرەیەکی تری سیاسی کە خۆی تێیدا ببێ بە پێك هێنەری سەرەکی. ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە هاوسەنگی هێز لە نێوان ئەم دوو لایەنە سەرەکیەدا ( یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات ) دا لاسەنگ نەبێ.

---

(١) جوقد کورتکراوەی ناوی ئەم بەرە سیاسیە بوو ، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دیارترین حیزبەکانی نێو ئەم بەرەیە بوو .

(٢) جود کورتکراوەی ناوی ئەم بەرە سیاسیە بوو ، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیارترین حیزبەکانی نێو ئەم بەرەیە بوو. بەراورد بە ( جوقد )، زۆربەی حیزبەکانی نێو ئەم بەرەیە حیزبی کوردی بوون. حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی لە هەردوو بەرەکەدا ( جوقد و جود ) ئەندام بوون.

وەك ئەوەی كە تێبینی دەكرێ، تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا ( جوقد و جود) بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی كورد ئەوەیە، كە لە ( جود ) دا باسی ئۆتۆنۆمی راستەقینە كراوە. وەك ئەوەی پێشووتر باسمان كرد، ئەمەش جگە لە یاری كردنێكی زیرەكانە بە وشە، هیچ تر نەبوو.

لە (١٩٨٦/١٢/١) دا عەلی سنجاری ( سكرتێری یەكێتی دیموكراتی كوردستان ) بە نوێنەرایەتی (٢٩) رێكخراوی سیاسی كوردی ـ عەرەبی، سەردانی بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكانی كرد لە نیویورك، وە وێنەیەكی لەو بیرخەرەوە پێشكەش كردن كە لە لایەن ئەو رێكخراوانەوە واژۆی لەسەر كرابوو لە بارەی دەست درێژیەكانی توركیا بۆ سەر كوردستانی عێراق. علی سنجاری لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان باسی لە مافی رەوا و سروشتی گەلی كورد كرد لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆیدا، وەك ئەوەی لە بەڵگەنامەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و جارنامەی مافەكانی مرۆڤدا هاتووە. هەروەها داوای ئەوەی كرد كە نەتەوە یەكگرتووەكان رۆڵی كاریگەری خۆی ببینێ لە داكۆكی كردن لە گەلی كورد. وە ئەوەی روون كردەوە كە پرسی نەتەوەیی كورد بە ( كاروباری ناوخۆ )[١] دانانرێ، وەك ئەوەی رژێمە باڵا دەستەكانی سەر خاكی كوردستان بانگەشەی بۆ دەكەن، بەڵكو كێشەی كورد دادەنرێ لە گرنگترین ئەو كێشانەی كە دەچنە چوارچێوەی تایبەتمەندی نەتەوە یەكگرتووەكان ( الحركة التحررية الكوردية...، ص٣٢١ـ ٣٢٢ ).

گەلی كورد لە لایەن داگیركەرانیەوە دووچاری چەوساندنەوە و توند و تیژیەكی زۆر بووەتەوە، زۆرجار حیزبە كوردیەكان داوایان لە نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی كردوە كە بێنە نێو كێشەكەوە و سنورێك بۆ ئەم توند و تیژیە دابنێن، بەڵام بە بیانووی رێزگرتن لە سەروەری دەوڵەتان، داواكاریەكانی كوردیان پشتگوێ

---

(١) لە میثاقي نەتەوە یەكگرتووەكاندا هاتووە، كە ئەركی سەرەكی ئەم رێكخراوە بریتیە لە چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا، لە رێگەی چارەسەركردنی كێشە و ململانێیە نێودەوڵەتیەكان، واتە ئەو كێشانەی لە نێوان دەوڵەتاندا روو دەدەن. وە رێكخراوەكە رێز لە سەروەری دەوڵەتانی ئەندام دەگرێ و دەست ناخاتە نێو كاروباریانەوە.

دەخست. ئەم رەوشە بەردەوام بوو تا کۆڕەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی باشوری کوردستان لە بەهاری (١٩٩١) دا[١].

لە (١٩٨٨) دا بەهۆی باڵادەست بوونی سوپای عێراقی بەرامبەر بە ئێران لە جەنگدا[٢]، هێزەکانی عێراق توانیان لە کوردستاندا چەندین تاوانی ( جینۆساید ) ئەنجام بدەن دژ بە نەتەوەی کورد، وەك ئەنفال و کیمابارا‌ن. کە بەو هۆیەوە حیزبە کوردیەکان دووچاری شکستێکی گەورەی سەربازی بوون، وە زۆربەی ناوچە ئازاد کراوەکان لە لایەن هێزەکانی عێراقیەوە داگیر کرانەوە. حیزبە کوردیەکان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو دۆخە ترسناکەی کە دووچاری کوردستان هاتبوو، بڕیاری پێك هێنانی ( بەرەی کوردستانی ) یاندا لە سەرەتای مانگی ئایاری (١٩٨٨) دا. ئەم بەرەیە ژمارەیەك پارتی کوردی لە باشوری کوردستاندا لەخۆ گرتبوو، کە دیارترینیان ( یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات ) بوون. گرنگترین ئامانجە سەرەکیەکانی بەرەی کوردستانی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە - رووخاندنی رژێمی دکتاتۆری عێراق - دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی نیشتیمانی و دیموکراتی لە عێراقدا، کە باوەڕی بە مافەکانی کورد و ئازادیە دیموکراتیەکان هەبێ و دەستەبەری سەرجەم مافە نەتەوەییە رەواکانی کورد بکات - هێنانەدی چارەسەری بنەڕەتی و راستەقینەی کێشەی نەتەوەیی کورد لە رێگەی دەستەبەر کردنی ( مافی چارەی خۆنووسین) وە - خەبات کردن لە دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنی و کۆنە پەرستیەوە - بەدی هێنانی خەباتی هاوبەش لە نێوان نەتەوەی ( کورد و عەرەب ) دا - هەوڵدان بۆ پێك هێنانی بەرەیەکی عێراقی هەمەلایەن ( تاریخ الحزب الديمقراطي...، ص٣٠٧ _٣٢٢ ).

راستە بەرەی کوردستانی جەختی لەسەر دەستەبەر کردنی ( مافی چارەی خۆنووسین ) کردوە، بەڵام ئامانجەکەی بریتی نەبووە لە سەربەخۆیی کوردستان، چونکە ١) ئامانجەکانی بەرەی کوردستانی ئەوەندەی پەیوەندیان بە کێشەکانی عێراقەوە هەبوو، ئەوەندە پەیوەندیان بە پرسی نەتەوەیی کوردەوە نەبوو، وەك (( رووخاندنی رژێمی

(١) لە دەروازەکانی داهاتوودا دێینە سەر باسکردنی هاتنە ناوەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە مەرگەساتی کۆڕەوی خەڵکی کورد لە بەهاری (١٩٩١) دا، دژ بە حکومەتی عێراقی.

(٢) جەنگی ( عێراق ــ ئێران ) لە (١٩٨٠/٩/٢٢) دا دەستی پێکرد، لە (١٩٨٨/٨/٨) دا کۆتایی هات.

دکتاتۆری، دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی نیشتیمانی و دیموکراتی، خەباتی هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەبدا، پێك هێنانی بەرەیەکی عێراقی هەمە لایەن )) ٢) زۆربەی حیزبە کوردیەکانی نێو بەرەی کوردستانی، باوەڕیان بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەبوو لە چوارچێوەی عێراقدا.

جەخت کردنەوەی بەرەی کوردستانی لەسەر دژایەتی کردنی سەهیۆنی و ئیمپریالیزمی جیهانی، سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە حیزبەکانی ئەندام لە بەرەکەدا، کاریگەریەکانی کۆماری ئیسلامی و رێبازی سۆشیالیزمیان هەر بە سەرەوە بووە.

دوای تەشەنە سەندنی تاوانەکانی جینۆساید لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە دژ بە نەتەوەی کورد لە (١٩٨٨) دا، دژایەتی کردنی تاوانەکانی جینۆساید بوو بە ئامانجی سەرەکی حیزبە کوردیەکان. بۆیە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا، هەمیشە جەختیان لەسەر وەستاندنی راگواستن و پرۆسەکانی ئەنفال و بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی دەکردەوە.

لە (١٩٨٩) دا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە کورد لە پاریس سازکرا، کە نوێنەری حیزبە کوردیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و نوێنەری چەندین حکومەت و رێکخراوی نێودەوڵەتی و کەسایەتی سیاسی تێیدا بەشدار بوون. لە کۆنگرەکەدا زیاتر جەخت لەسەر دوو ئامانجی سەرەکی کرایەوە ١) دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لە گشت پارچەکاندا لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا ٢) پەسەند کردنی نوێنەرێکی کورد وەك چاودێر لە ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) دا. لە ( ستۆکهۆڵم ) یش لە سەرەتای نەوەدەکاندا کۆنگرەیەکی هاوشێوە بەسترا، کە بڕیارەکانی پشتگیری کردن بوو لە هێڵە بنەڕەتیەکانی کۆنگرەی پاریس ( کۆ بەرهەم،ل٩٣ ).

داواکردن لە کۆمەلگەی نێودەوڵەتی بۆ پەسەند کردنی نوێنەری کورد وەك چاودێر لە ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) دا، داوایەکی زۆر دروست و رەوا بووە. بە تایبەتی کە لە عێراقدا کورد دووچاری سیاسەتی جینۆساید ببوو، وە لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا بەردەوام مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرا. بوونی کورد وەك چاودێر لە ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) دا، هەم دەبووە داننانێکی نێودەوڵەتی بە رەوایەتی کێشەی نەتەوەیی کورد، هەمیش دەبووە هۆکارێك بۆ کەم کردنەوەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دژ بە هاوڵاتیانی کورد.

لە (٢٧ـ٢٩) ی نیسانی ١٩٩٠ لە ( لۆزان ) ی سویسرادا، کۆنگرەیەکی تایبەت بە پرسی کورد بەڕێوە چوو کە (١٥) حیزبی سیاسی و (٣٥) ڕێکخراوی کوردی[1] تێیدا بەشدار بوون. لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەکەدا جەخت لەسەر چەندین خاڵ کرایەوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەم دوو خاڵەی خوارەوە ـ داواکردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێویستە دان بنێ بەو ڕاستیەی، کە حکومەتی عێراقی تاوانی جینۆسایدی بەرامبەر بە کورد ئەنجام داوە و تاوانباریشی بکات ـ کۆنگرە داوای کرد لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بوەستێنن و مافە دیموکراسی ومرۆییەکانی گەلی کوردستان مسۆگەر بکەن ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٢٢٧ـ٢٢٨ ).

تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران لە کوردستانی عێراقدا بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە ئەنجام دران، رای گشتی جیهانیش ئەم تاوانانەی سەرزەنشت کرد. لە ڕاستیدا ئەمە بەس بوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، کە دان بنێ بەوەی لە عێراقدا تاوانی جینۆساید بەرامبەر بە کورد ئەنجام دراوە، بەڵام بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان و هەژموونی زلهێزەکان، هەمیشە ڕێگر بوونە لە بەردەم ئەم ڕێکخراوەدا کە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێ.

دواجار دەردەکەوێ کە ئامانجی نەتەوەیی زۆربەی حیزبە کوردیەکان لە باشوری کوردستاندا بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١، بریتی بووە لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. وە بەشێکی زۆر لە حیزبەکان دەستیان بە دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) یەوە گرتبوو، کە ئەم دروشمە زیاتر لە (٤٥) ساڵ (١٩٤٦ـ١٩٩٢) لە باشوری کوردستاندا ڕەواجی هەبوو. لە ڕاستیدا دەق گرتنی حیزبە کوردیەکان بەم دروشمە بۆ ئەو ماوە زۆرە، جێگەی سەرنج و تێڕامانە.

لەبەرئەوەی ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) و ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) لە دوای شکستی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ئەیلول تا (١٩٩١)، دوو حیزبی سەرەکی بوون لەنێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستاندا، وە زۆرترین کاریگەریان هەبووە لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان، بۆیە بە جیا باس لە ئامانجە سیاسیەکانیان دەکەین لەم قۆناغە مێژووییەدا.

(١) مەبەست زیاتر لە ڕێکخراوە مەدەنیەکانە، وەك ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کەلتوریەکان.

# بەشی دووەم :
# ئامانجە سیاسیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
# بەر لـە راپەڕینی ١٩٩١

یەکێتی نیشتیمانی کە ڕێکەوتی دامەزراندنی بە (١٩٧٥/٦/١) دیاری کراوە، لە یەکگرتنی سێ ئاراستەی سیاسی دروست بوو ( کۆمەڵەی مارکسی ــ لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، هێڵی گشتی ). مێژووی دامەزراندنی ( کۆمەڵەی مارکسی ــ لینینی کوردستان )[1] دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٧٠، ئەم کۆمەڵەیە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بوو، ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. هەروەها بڕوای بە چارەسەرکردنی پرسی کورد هەبوو لە چوارچێوەی عێراقدا. کۆمەڵە تا دروست بوونی یەکێتی نیشتیمانی، بە شێوەیەکی نهێنی کاری ڕێکخستنی ئەنجام دەدا.

لە بارەی ئامانجە نەتەوەییەکانی ( کۆمەڵە ) وە، مەلا بەختیار[2] باس لەوە دەکات ؛ لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕش و دروست بوونی کۆمەڵە لە ساڵی (١٩٧٠) دا، هەرگیز سەربەخۆیی کوردستان ئامانجێك نەبووە لە بەرنامەی سیاسی کۆمەڵەدا. تەنانەت شۆڕشەکەشی بە ناوی ( شۆڕشی عێراق لە چیاکانی کوردستان ) بوو. ئەو کاتیش بە هەمان شێوەی ئێستا، بە بیانووی نەگونجانی قۆناغەکە باس لە سەربەخۆیی کوردستان نەدەکرا. دروشمی کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بریتی بوو لە (( دیموکراسی بۆ عێراق، ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان )) ( گۆڤاری لڤین، ژمارە١٩٠،ل٧ ).

کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی مارکسی، بڕوای بە خەبات هەبوو بۆ هێنانە ئارای سیستەمی سۆشیالیزمی لە عێراقدا. بۆیە بزافەکەشی بە ناوی ( شۆڕشی عێراقەوە ) بوو، وە بڕوای بە چارەسەرکردنی پرسی کورد هەبوو لە چوارچێوەی عێراقدا. بۆیە دروشمی (( دیموکراسی بۆ

---

(١) ئەم ڕێکخراوە لەنێو خەڵکدا ناسرابوو بە کۆمەڵە.

(٢) یەکێك بوو لە سەرکردە باڵاکانی کۆمەڵە، لە هەشتاکاندا لە یەکێتی نیشتیمانی جیا بوەوە و لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانیدا ( ئاڵای شۆڕش ) یان دروست کرد. لە دوای راپەڕینی (١٩٩١) هاتەوە نێو ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی.

عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان )) بەرز کردەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە (١٩٧٤) دا هەمان دروشمی بەرز کردەوە. واتە کۆمەڵە لە رووی ئامانجی نەتەوەییەوە، هیچ جیاوازیەکی نەبووە لەگەڵ پارتی دیموکراتدا.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوای دامەزرانی، لە یەکەمین بەیاننامەیدا ئامانجە سیاسیەکانی خۆی بەم شێوەیە دیاری کرد ؛ یەکێتی کار دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە :

یەکەم : رزگارکردنی تەواوی عێراق لە کۆت و بەندی ئابوری و سیاسی و کۆلۆنیالیزمی نوێ.

دووەم : کۆتایی هێنان بە حوکمی دکتاتۆری خوێن رێژ.

سێیەم : هێنانە کایەی دەستەڵاتی نیشتیمانی دیموکراتی ئیئتلافی، کە بتوانێ دیموکراسی بۆ تەواوی گەلی عێراق دەستەبەر بکات.

چوارەم : سەلماندنی مافی گەلی کورد لە ( ئۆتۆنۆمی راستەقینە ) لە چوارچێوەی کۆمارێکی عێراقی دیموکراتی سەربەخۆدا .

پێنجەم : ئەنجامدانی ریفۆرمی کشتوکاڵی ریشەیی بە قازانجی کۆمەڵانی جوتیار و بە پیشەسازی کردنی بۆ پەرە پێدانی کۆمەڵگەی عێراقی، وە پاشان دەستەبەر کردنی پێداویستیەکانی وەرچەرخان بەرەو بنیات نانی سۆشیالیزم ( چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی...،ل١٣٢ ).

بە سەرنجدان لەم ئامانجانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا خاڵی ( چوارەم ) ی بەیاننامەکە پەیوەندی راستەوخۆی بە پرسی نەتەوەیی کوردەوە هەیە، کە داوای سەلماندنی ( ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینە ) دەکات بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا، کە ئەمەش هەمان دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ( شۆڕشی ئەیلول ) دا. جگە لەمە گشت ئەوانی تر ئامانجی نیشتیمانین کە تایبەتن بە عێراق. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە یەکێتی نیشتیمانی[١] خۆی بە ریکخراوێکی پێشکەوتوو خواز زانیوە، وە باوەڕی بە خەبات هەبووە لە پێناو رزگارکردنی تەواوی گەلانی عێراق لە چەوساندنەوەی چینایەتی و کۆتایی هێنان بە سیستەمی کۆلۆنیالیزم و بنیات نانی سۆشیالیزم لە ئایندەدا.

(١) یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەنێو خەڵکدا بە ( یەکێتی ) ناسراوە. بۆیە لەمەو دوا ئێمەش زیاتر وشەی ( یەکێتی ) بەکار دەهێنین.

كه له راستيدا خه‌بات كردن بۆ هێنانه دی ئه‌م ئامانجانه، زیاتر ئه‌ركی رێكخراوێكی كۆمۆنیستیه نه‌ك نه‌ته‌وه‌یی.

یه‌كێتی نیشتیمانی له به‌یاننامه‌ی دامه‌زراندنیدا، به توندی هێرش ده‌كاته سه‌ر كۆنه‌په‌رستی و به‌ها خێڵه‌كیه‌كان. وه خه‌بات كردن دژی ئه‌و هێزانه‌ی كه نوێنه‌رایه‌تی كۆنه‌په‌رستی ده‌كه‌ن له كوردستاندا، به ئه‌ركی سه‌ره‌كی خۆی زانیوه. وه پێداگری ده‌كات كه نابێ چیتر رێبه‌رایه‌تی كردنی بزافی رزگاریخوازی كوردی بدرێته ده‌ست ئه‌و هێزانه، وه‌ك دیاره مه‌به‌ستی یه‌كێتی سه‌ركردایه‌تی بارزانی و بنه‌ماڵه‌كه‌یه‌تی. ئه‌مه‌ش له راستگۆیی ئه‌م بانگه‌شه‌یه‌ی سه‌ركرده‌كانی یه‌كێتی كه‌م ده‌كاته‌وه، كه ده‌یانگوت ؛ ئێمه یه‌كێتیمان له دژی كه‌س دروست نه‌كردوه و ناشمانه‌وێ ببین به ئه‌لته‌رناتیڤی[1] كه‌س.

دكتۆر كه‌مال سه‌ید قادر له باره‌ی دامه‌زراندنی یه‌كێتی نیشتیمانیه‌وه ده‌ڵێ (( به گوێره‌ی زانیاریه‌كانی به‌نده، پێش ئه‌وه‌ی یه‌كێتی نیشتیمانی كوردستان دابمه‌زرێ، له رێگای ( بریماكۆف) وه په‌یوه‌ندی به سه‌ركردایه‌تی یه‌كێتی سۆڤیه‌ته‌وه كراوه و ره‌زامه‌ندی پێش وه‌خته‌یان وه‌رگرتووه بۆ دامه‌زراندنی رێكخراوه‌كه، چه‌كیشیان له یه‌كێتی سۆڤیه‌ته‌وه بۆ چووه له رێگای حیزبی شیوعی عێراقیه‌وه )) ( گۆڤاری لڤین،ژماره٣٠٣،ل٢٠ ).

پشت راست كردنه‌وه‌ی دروستی ئه‌م زانیاریه‌ی سه‌ره‌وه ئه‌وه‌نده ئاسان نیه، به‌ڵام بوونی په‌یوه‌ندی و دۆستایه‌تی له نێوان یه‌كێتی نیشتیمانی و یه‌كێتی سۆڤیه‌تدا ئه‌گه‌رێكی به‌هێز بوو، ئه‌مه‌ش زیاتر ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌م دوو هۆكاره‌ی خواره‌وه ١) یه‌كێتی تاڕاده‌یه‌كی زۆر له‌ژێر كاریگه‌ری بیری چه‌پ و رێبازی سۆشیالیزمدا بوو ٢) به‌هۆی پشت تێكردن له كورد له لایه‌ن ئه‌مریكا و ئێرانی هاوپه‌یمانیه‌وه، بزافی رزگاریخوازی ئه‌یلول دووچاری شكست هات. هه‌ر بۆیه‌ش یه‌كێتی به توندی دژایه‌تی خۆی بۆ ئه‌مریكا و رژێمی شای ئێران راگه‌یاند. ئه‌مه‌ش یه‌كێك بووه له هۆكاره‌كانی نزیك بوونه‌وه‌ی یه‌كێتی له جه‌مسه‌ری سۆڤیه‌ت.

یه‌كێتی یه‌كێك بووه له‌و حیزبه كوردیانه‌ی كه به‌رده‌وام ئاماده‌یی هه‌بووه بۆ وتووێژ له‌گه‌ڵ حكومه‌تی عێراقیدا. چونكه له‌و بڕوایه‌دا بووه كه پێویسته كێشه‌ی كورد له عێراقدا له رێگه‌ی وتووێژ له‌گه‌ڵ حكومه‌تی ناوه‌ندیدا چاره‌سه‌ر بكرێ. له‌م باره‌یه‌وه ره‌فیق

---

(١) ئه‌لته‌رناتیڤ زاراوه‌یه‌كی ئینگلیزیه، كه له به‌رامبه‌ر وشه‌ی ( بدیل ) ی عه‌ره‌بیه.

پشدەری دەڵێ (( لە تەموزی (١٩٧٦) دا چاوم کەوت بە مام جەلال، داوای نێوان گیریم کرد لە نێوان ئەو و ( سەدام ) دا. مام جەلال رازی بوو، وتی بە ( سەید نائب )[١] بڵێ ؛ تهجير ( راگواستن ) و تەعريب ( بە عەرەب کردن ) و تبعيث ( بە بەعسی کردن ) بنەبڕ بکات و ( باکور )[٢] وەك خۆی لێ بکاتەوە، هەروەها ( حوکمی زاتی راستەقينە ) بچەسپێنێ، من يەکسەر سواری فرۆکە دەبم و دەگەڕێمەوە عێراق، با دەستگيرم بکەن )) ( کورد دوژمنی خۆت بناسە،ل٢٨ تا ٣٣).

هەر لە بارەی وتووێژی نێوان يەکێتی و حکومەتی ناوەنديەوە، رێباز[٣] دەڵێ (( رژێمی عێراق بەهۆی ( حاجی محەمەد شێخ رەشيدی لۆلان ) ويستی وتووێژ لەگەڵ ( ی . ن . ك )[٤] دا بکات. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (١٩٧٧) دا عەلی عەسکەری[٥] چووە بەغدا. وا ديار بوو سەدام حوسێن دەيەويست چەکەکانمان تەسليم بکەين..... ئێمەش ( يەکێتی ) دەمانگوت ؛ دەبێ لە بەرەی ( صمود )[٦] دا کە لە ليبيا و سوريا و فەلەستين و جەزائير و عێراق پێك هاتبوو، دەوری کاريگەری عێراق ديار بێت )) ( قەنديل بەغدای هەژاند،ل٥٨ ).

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، حکومەتی عێراقی لە رێگەی ( قاسملۆ ) وە پرسياری ئاراستەی يەکێتی کرد، سەبارەت بە داواکاريەکانی بە مەبەستی ئەنجامدانی وتووێژ و رێك کەوتن. نەوشيروان مستەفا[٧] لەم بارەيەوە دەڵێ (( يەکێتی داواکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ( هەميشەيی، قۆناغی، جوزئی ) کێشەی نەتەوايەتی گەلی کورد لە عێراقدا، لە (٣) چوارچێوەدا داڕشت :

يەکێکيان / رێك کەوتنێکی گشتی و ريشەيی بۆ ئێستا و پاشەڕۆژ لە چوارچێوەی هاوپەيمانەتيەکی ستراتيجيدا، کە خۆی ئەنوێنێ لە پێکهاتن و رێك کەوتنی نەتەوەی ( کورد

(١) بە کوردی واتە ( بەرێز جێگر )، کە ئەو کات سەدام حوسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوو.

(٢) حکومەتی عێراقی لە ديدگايەکی رەگەز پەرستانەوە، لە بری ناوی کوردستان، زاراوەی ( شمال ) ی بەکار دەهێنا، کە بە کوردی پێی دەوترێ ( باکور ).

(٣) رێباز فەرماندەيەکی عەسکەری يەکێتی بوو، بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ لە (١٩٩٤) دا.

(٤) ( ی . ن . ك )، کورت کراوەی يەکێتی نيشتيمانی کوردستانە.

(٥) ناوبراو ئەندامی سەرکردايەتی يەکێتی نيشتيمانی بوو.

(٦) بەرەی ( صمود ) لە دژی دەوڵەتی ئيسرائيل پێك هاتبوو، لەسەر داوای سەرۆکی ليبيا ( معمر قذافي ).

(٧) ناوبراو ئەو کات جێگری سکرتێری ( يەکێتی ) بوو.

و عەرەب ) لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەسەر بنچینەی داننان بە مافی یەکتری دا لە ئازادی بڕیاری چارەنووسی خۆیدا. کورد وەك نەتەوەیەکی دابەشکراو و چەوساوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وە عەرەبیش وەك نەتەوەیەکی دابەشکراو و چەوساوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. هەر یەکەیان ئامانجی خۆی هەیە لە یەکگرتنەوە و رزگاریدا، وە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا کە ئەتوانن پێکەوە پەیمانی هاوکاری ستراتیجی ببەستن بۆ دانانی رێو شوێنی ناوچەکە و جۆری پێکەوە ژیان.

دووەمیان / رێك کەوتنێکی قۆناغی سنوردار لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا لەسەر بنچینەی سەلماندنی ئۆتۆنۆمی راستەقینە، بە چەشنێ تەنیا کاروباری ( دیفاع ، مالیة ، خارجیة )[1] لە دەستەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بێ و کاروبارەکانی تر لە دەستەڵاتی حکومەتی ئۆتۆنۆمی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا :

- ناوچە راگوێزراوەکانی سنور[2] بە گوێرەی پلانێکی گشت لایانە ( شامل )، بگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان.
- ئەو شار و ناوچانەی کوردستان کە لە سنوری حوکمی زاتیەکەی ئێستا دەرهێنراون ، بخرێنەوە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
- تۆقان و دەستەڵاتی دەزگا دامرکێنەرەوەکانی حکومەتی ناوەندی لە کوردستاندا نەمێنێ و ئازادی و دیموکراتی بدرێ بە هەموو لایەنە جیاوازەکان.

سێیەمیان / رێك کەوتنی جوزئی و وەقتی بۆ راوەستاندنی تەقە لە نێوان هێزە چەکدارەکانی یەکێتی و حکومەتدا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، تا مەترسی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران هەم لەسەر عێراق و هەم لەسەر هەردوو دیوی کوردستان[3] دوور ئەخرێتەوە، ئەخرێتەوە، لەو ماوەیەشدا هەلی گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ئەرەخسێ

)) ( پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن،ل٢٥٩-٢٦٠ ).

---

(١) ( دیفاع ، مالیة ، خارجیة ) ، واتاکەیان بە کوردی بەم شێوەیە ( بەرگری ، دارایی ، دەرەوە ).

(٢) حکومەتی عێراقی لە (١٩٧٧) دا بە درێژایی (٢٥ـــ٣٠) کیلۆمەتر ناوچە سنوریەکانی کوردستانی راگواست، بە مەبەستی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری تێیاندا.

(٣) مەبەست لە هەردوو دیوی کوردستان، کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێرانە.

نەتەوەی عەرەب، بە تایبەتی هێزە ناسیونالیستەکانی، هەمیشە بزافی رزگاریخوازی کوردی وەك مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە دەبینن بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییان. بۆیە هیچ کاتێ ئامادە نین لەگەڵ کوردا هاوپەیمانەتیەکی ستراتیجی پێك بێنن، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئامادە نین دان بە رەوایەتی پرسە نەتەوەییەکەشی دابنێن.

لە هەندێ زانیاری مێژووییدا ئەوە هاتووە، کە یەکێتی لە ساڵی (١٩٨٣) دا دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی بەرز کردۆتەوە ( هەفتەنامەی ئاوێنە،ژ٢٥٦ ). بێگومان مەبەستی یەکێتی لەم دروشمەدا، چارەسەرکردنی کێشەی کورد بووە لە چوارچێوەی عێراقدا. چونکە یەکێتی لە وتووێژی (١٩٨٣ـ١٩٨٤) لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، هەر بەردەوام بوو لەسەر داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

دوای ئەوەی حیزبە کوردیەکانی رۆژهەڵات لە بەرامبەر سوپای ئێراندا دووچاری شکستێکی گەورە بوون، پێشمەرگەکانی یەکێتی لەژێر ناوی ( هێزی پشتیوانی ) بەشداریان لە رووبەڕوو بوونەوەی سوپای ئێراندا کرد و ژمارەیەك پێشمەرگەشی بوونە قوربانی. بەرگری کردن لە پاراستنی کوردستانی رۆژهەڵات، شانازیەکی نیشتیمانی و نەتەوەییە کە یەکێتی بۆ خۆی تۆماری کرد.

لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا (١٩٨٠ـ١٩٨٨)، ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوا پشتگیری عێراقیان دەکرد. چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران، دژایەتیەکی توندی ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوای دەکرد. هەروەها دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی بەرز کردبووەوە، کە ئەمەش مەترسیەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا دروست کردبوو. بۆیە برنارد کۆشنێر[١] لەسەر داوای حکومەتی فەرەنسا، داوای لە قاسملۆ کرد کە جەلال تاڵەبانی رازی بکات بەوەی چالاکی سەربازی لە دژی حکومەتی عێراقی رابگرێ، تاکوو عێراق لەژێر گورزەکانی ئێراندا نەڕوخێ. ئەوەبوو هەردوو سەرکردە (قاسملۆ و تاڵەبانی ) بە دەنگ داواکەی فەرەنساوە چوون ( کوردی تورکیا،ل٣٧١ ).

یەکێتی نیشتیمانی لە (١٩٨٣) دا، لە رووی عەسکەریەوە لە دۆخێکی زۆر سەختدا بوو. لەگەڵ حیزبەکانی ( پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی

(١) کەسایەتیەکی سیاسی فەرەنسیە و دۆستێکی دێرینی کوردە، لە سەردەمی سەرۆکایەتی ( سارکۆزی) دا بوو بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا.

کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی ) دا له ململانێیەکی چەکداری توندا بوو، وه له لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانیشەوه به توندی دژایەتی دەکرا، هەروەها لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا له دۆخی شەڕدا بوو. بۆیه هەر وەك چۆن حکومەتی عێراقی بەهۆی جەنگی ئێرانەوه پێویستی به راگرتنی شەڕ هەبوو، یەکێتی نیشتیمانیش به هەمان شێوه پێویستیەکی زۆری به ئاگربڕ ( هدنة ) هەبوو لەگەڵ سوپای عێراقیدا.

بەم جۆره له ساڵی (١٩٨٣) دا، وتووێژ له نێوان یەکێتی و حکومەتی ناوەندیدا دەستی پێکرد که زیاتر له ساڵێکی خایاند. یەکێتی له وتووێژەکەدا چەندین داخوازی جۆراو جۆری هەبوو، که گرنگترینیان بریتی بوون لەمانەی خوارەوه — ئەو هەشت هەزار خێزانەی کورد که راگوێزرا بوون بۆ باشوری عێراق[١]، بگەڕێندرێنەوه بۆ زێدی خۆیان — گشت زیندانه سیاسیەکان ئازاد بکرێن — هێزەکانی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەدەست ( یەکێتی) یەوه بێ — ناوچه نەوتیەکانی دەوروبەری کەرکوك، بخرێنه سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی — رێژەیەکی دیاری کراو له داهاتی نەوت بدرێته ناوچەی ئۆتۆنۆمی — سیستەمی جاشایەتی[٢] له کوردستاندا هەڵبوشێنرێتەوه ( کورد و کوردستان...،ل٥٧٣ ) — ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانه — نەهێشتنی دیاردەکانی (( تعریب ، ترحیل ، تبعیث )) ( قەندیل بەغدای هەژاند،ل٩٥ ).

رژێمی بەعس که دەستەڵاتێکی دکتاتۆر و تاکڕەو بوو، هەرگیز به پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیانه رازی نەدەبوو، له وتووێژی (١٩٧٠–١٩٧٤) یش ئەم داوای لایەنی کوردی پەسەند نەکرد. بۆیه هەمیشه خواسته دیموکراسیەکان له لایەن کوردەوه، بووەته یەکێك له کۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی دانوستان.

له سەرەتادا وا دەهاته بەرچاو که وتووێژەکه به شێوەیەکی باش بەڕێوه دەچێ، بەڵام دواتر بەهۆی کاریگەریه هەرێمیەکان[٣] و جیاوازی بیروڕا له نێوان شاندی یەکێتی و حکومەتی ناوەندیەوه، وتووێژەکه دووچاری شکست هات. رێباز له بارەی هۆیەکانی

(١) پێدەچێ مەبەستی ( یەکێتی ) ئەو خێزانانه بووبێ، که حکومەتی عێراقی دوای شکستی ( شۆڕشی ئەیلول ) رایگواستبوون بۆ باشوری وڵات.

(٢) ئەو هێزه چەکداره کوردیانەی که سەر به حکومەتی ناوەندی بوون، له کۆمەڵگەی کوردیدا پێیان دەگوترا ( جاش ).

(٣) تورکیا و ئێران و سوریا زۆر دژی ئەم وتووێژه بوون، وه هەوڵێکی زۆریاندا بۆ شکست پێهێنانی.

سەرنەکەوتنی وتووێژەکە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەدات ، لەوانە ــ حکومەتی عێراقی دەیەویست باسی کەرکوك نەکرێ، بەڵام یەکێتی ئامادە نەبوو دەستبەرداری پرسی کەرکوك بێت ــ کێشە هەبوو لەسەر چۆنیەتی دیاری کردنی سنوری کوردستان ــ حکومەتی ناوەندی ئامادە نەبوو، هێزی چەکداری کورد ( جاش ) هەڵبوەشێنێتەوە ــ دژایەتی کردنی حکومەتی ناوەندی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە ــ بەردەوام بوونی حکومەتی ناوەندی لەسەر سیاسەتەکانی (( ترحیل ، تعریب ، تبعیث )) ( قەندیل بەغدای هەژاند،ل٩٣ تا ٩٥).

لە راستیدا حکومەتی عێراقی زۆری مەبەست نەبوو داخوازیەکانی یەکێتی جێبەجێ بکات، تەنیا دەیەویست سود لە کات وەربگرێ بۆ زیاتر خۆ رێکخستنەوە لە رووی سەربازیەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاریگەری فشارە هەرێمیەکانیش کەم نەبوو لەسەر شکست پێهێنانی گفتوگۆکە، بە تایبەتی فشاری تورکیا لەسەر حکومەتی عێراقی بۆ رەتکردنەوەی داخوازیە سیاسیەکانی یەکێتی.

رەخنەیەکی زۆر رووبەڕووی ( یەکێتی ) بوەوە کە بە تەنیا چوو بۆ نێو پرۆسەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، بەڵام پاساوی یەکێتی بۆ ئەم کردەوەیەی ئەوەبوو ؛ لە رووی سەربازی و پەیوەندی دەرەکیەوە لە دۆخێکی زۆر دژوار دابوو، وە لە رووی ( تەکتیکی )[١] یەوە پێویستیەکی زۆری بەو دانوستانە هەبوو، بۆ کەم کردنەوەی مەترسیەکانی سەری. بەڵام هەمیشە چوونە نێو پرۆسەی دانوستان بە شێوەیەکی تاك لایانە، لە رووی سیاسیەوە کارێکی زۆر هەڵەیە.

دوای شکستی گفتوگۆی (١٩٨٣ــ١٩٨٤) ی نێوان یەکێتی و حکومەتی ناوەندی، یەکێتی لە ١٩٨٥ دا دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی بەرز کردەوە ( گۆڤاری هەفتانە، ژمارە١،ل١٦ ). هەر لەم بارەیەوە نەجم سەنگاوی دەڵێ (( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە رۆژی دامەزراندنیەوە تا (١٩٨٥/١/١٥)، ئەم دروشمەی هەڵگرتبوو ( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان )، ئێزگەی رادیۆکەشی بە ناوی ( دەنگی شۆڕشی عێراق ) بوو. لەم بەروارە بە دواوە دروشمەکەی گۆڕی بۆ ( مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد )، ناوی ئێزگەکەشی گۆڕی بۆ دەنگی گەلی کوردستان )) ( خەباتی چەکداری و...،ل٣٣٩ ).

---

(١) تەکتیك رێکارێکی بە پەلە و کورت مەودایە ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەنووکەیی .

دوای تێکچوونی پرۆسەی دانوستان لە (١٩٨٤) دا ، یەکێتی چووە نێو شەڕێکی توند و بەرفرەوان لە دژی حکومەتی عێراقی. بۆیە پێدەچێ بەرز کردنەوەی دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) لە لایەن یەکێتیەوە، پەیوەندیەکی بەهێزی بەو بارودۆخەوە هەبوو بێ. جێگەی سەرنجە زۆرجار حیزبە کوردیەکان دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) یان بەرز کردۆتەوە، بەلام خۆیان بەدوور گرتووە لە داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان. بەمە دەردەکەوێ کە بانگەشەی ( مافی چارەی خۆنووسین ) لە لایەن حیزبە کوردەکانەوە، زیاتر بۆ پروپاگەندە و راکێشانی سەرنجی خەلک بووە.

ستران عەبدوللا[1] باس لەوە دەکات ؛ کە لە (١٠/٥/١٩٨٨) دا بۆ یەکەم جار لە ( مەدرید ) ی پایتەختی ئیسپانیا، مام جەلال لە موحازەرەیەکدا پێشنیازی ( سیستەمی فیدراڵی ) بۆ عێراق کردوە ( گۆڤاری هەفتانە،ژمارە١،ل٢٦ ).

بێگومان بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد، فیدراڵی چارەسەرێکی باشتر و گونجاوترە لە ئۆتۆنۆمی، بەلام کێشە گەورەکە لێرەدا ئەوەیە، زۆر ئەستەمە بتوانرێ ( سیستەمی فیدراڵی) بەسەر وڵاتێکدا بسەپێنرێ کە دوور بێ لە نەریت و بنەماکانی دیموکراسی. بەلگەش بۆ سەلماندنی ئەم راستیە ئەوەیە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق (٢٠٠٣)، لە دەستوری وڵاتدا بنەماکانی ( سیستەمی فیدراڵی ) پەسەند کراوە، وە دانیش نراوە ( اعتراف ) بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان، کەچی تا ئێستا ئەم سیستەمە لە بەشەکانی تری عێراقدا جێبەجێ نەکراوە.

---

(١) رۆژنامەنووس و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە ) .

# بەشی سێیەم :
# ئامانجە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بـەر لـە راپـەڕینی ١٩٩١

لە دوای شکستی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەیلول لە (١٩٧٥) دا، سەرکردایەتی و رێکخستنەکانی پارتی دووچاری سستبوون و پەرتەوازەیەکی گەورە بوون. بەڵام دوای ئەوەی دەنگۆی دروست بوونی بزوتنەوەیەکی تازە هاتە ئاراوە لەسەر دەستی خەڵکانێکی دەرەوەی پارتی، لە کۆتاییەکانی (١٩٧٥) دا هەندێ لە سەرکردە و کادیرە باڵاکانی پارتی بە پێویستیان زانی رێکخستنەکانی پارتەکەیان سەرلەنوێ ببوژێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە (١٩٧٥/١٢/١٠) دا سەرکردایەتی تازەیان پێك هێنا، کە ناسرا بە سەرکردایەتی کاتی ( قيادة المؤقتة ).

قیادەی موەقەتە بە بۆنەی دەست بەکاربوونی لە (١٩٧٥/١٢/١٠) دا، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا جەختی لەسەر ( ئۆتۆنۆمی راستەقینە ) کردوە بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا ( تاريخ الحزب الديمقراطي...،ص١٥١ ). واتە جارێکی تریش پارتی جەختی لەسەر هەمان دروشمی ( شۆڕشی ئەیلول ) کردۆتەوە.

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە (٤ـ١٩٧٩/١١/١٠) دا، جارێکی تر جەخت کرایەوە لەسەر (( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان )) ( سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨ ). هەروەها لە کۆنگرەکەدا پشتگیری کرا لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی پارچەکانی تری کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٠٠ ). مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لە رووی چەمك و واتاوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ناکرێ ویستی سیاسی لە دیاری کردنی مافی چارەنووسدا کۆت و بەند بکرێ.

پارتی دیموکرات لە کۆنگرەکەدا، لە مادەی (٥ ، ٦) ی پرۆگرامی حیزبدا جەختی لەسەر دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کردوە ( ناسنامەی حیزبە کوردیەکان ...،ل١٥٧ ). جەخت کردنەوەی پارتی لەم ئامانجە، رەنگە پەیوەندی بەم سێ هۆکارەی خوارەوە هەبوو بێت ١) پارتی پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبوو، کۆماری

ئیسلامیش زۆر دژی ئەمریکا بوو        ٢) بیری چەپگەرایی تاڕادەیەك کاریگەری لەسەر بەشێك لە سەرکردەکانی پارتی هەبوو. بۆیە هەمیشە جەختیان لەسەر دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم دەکردەوە        ٣) پارتی ئەمریکا و رژێمی شاهەنشای بە تاوانباری سەرەکی دادەنا لە پیلانی رێکەوتننامەی جەزائیردا، کە دژ بە بزافی رزگاریخوازی ئەیلول ئەنجام درا.

رێکەوتننامەی جەزائیر بە پلەی یەکەم، زیان و مەترسی بۆ کورد هەبوو. بۆیە پارتی دیموکرات لە کۆنگرەی نۆیەمیدا داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە رێکەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دژی بەرژەوەندیەکانی کورد و گەلانی ئێرانە ( تاريخ الحزب الديمقراطي...،ص٤٠٠ ). لە راستیدا رێکەوتننامەی جەزائیر لە بەرژەوەندی ئێراندا بوو، هەر بۆیەش ئامادە نەبوو بیر لە هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتنەکە بکاتەوە.

پارتی بەهۆی پشتیوانی کردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە دژی خەباتی حیزبە کوردیەکانی رۆژهەڵات وەستایەوە، وە شەڕەکەیان دژ بە کۆماری ئیسلامی بە پیلانی ئیمپریالیزمی لە قەڵەمدا. هەر بۆیەش مەسعود بارزانی لە راپۆرتی ( سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی ) کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا رایگەیاند ؛ کە پارتی پشتگیری شەڕی نێوان کورد و رژێمی کۆماری ئیسلامی ناکات، وە ئەم شەڕەی بە پیلانی ئیمپریالیزم لە قەڵەمدا بۆ لەناوبردنی ( شۆڕشی گەلانی ئێران ) و بێ بەشکردنی کورد لە مافەکانی ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧١ تا ٣٧٢ ). دژایەتی کردنی بزوتنەوەی کوردی لە رۆژهەڵات لە پێناو رازی کردنی کۆماری ئیسلامی، ناپاکی کردن بوو بەرامبەر بە بەها نەتەوەییەکانی کورد.

سامی شۆڕش[١] لە کتێبەکەیدا ( كردستان و الاكراد ... ) باس لەوە دەکات کە ئامانجی ئیدریس بارزانی لە وتووێژ لەگەڵ یەکێتی لە ١٩٨٦ دا، بریتی بوو لە دروست کردنی بەرەیەکی کوردستانی لە ئایندەدا، تاکوو ئەم بەرەیە بکرێ بە بنچینەیەك بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی عێراقی گشتگیر، کە ئەرکی رووبەڕوو بوونەوەی دەستەڵاتی ناوەندی بگرێتە ئەستۆ لەسەر بناغەی لەناوبردنی و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکرات ( كردستان و الاكراد...،ص١٦٧ـ١٦٨ ). بە دیموکراسی کردنی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا، یەکێك بووە لە ئەرکە سەرەکیەکانی حیزبە کوردیەکانی باشور. بەڵام ئەم حیزبانە خۆشیان

---

(١) کادیرێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

باوەڕیان بە بنەما دیموکراسیەکان نیە، بۆیە دروشمی بە دیموکراسی کردنی عێراق، تەنیا لە چوارچێوەی پروپاگەندەی سیاسیدا ماوەتەوە.

لە (٢ـ١٩٨٩/١٢/١٠) دا پارتی کۆنگرەی دەیەمی سازدا، لە کۆنگرەکەدا جارێکی تر جەخت کرایەوە لەسەر ( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان )، هەروەها پشتگیری لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد کرد لە پارچەکانی تری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا ( تاريخ حزب الديمقراطي...،ص١٧٢ ).

بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە پارتی لە رێکەوتی دامەزراندنیەوە (١٩٤٦/٨/١٦) تا ساڵی ١٩٩٢، هەمیشە پابەند بووە بە دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) یەوە، کە دەکاتە زیاتر لە (٤٥) ساڵ. ئەم هەموو ئارام گرتنەی پارتی لەسەر دروشمی ( ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق )، بە راستی جێگەی سەرنج و تێڕامانە. چونکە لەو ماوەیەدا چەندین گۆڕانکاری گەورە لە جیهان و ناوچەکەدا روویاندا، کە بێگومان پێویستی بەوە دەکرد پارتی چاو بە دروشمە نەتەوەییەکەیدا بخشێنێتەوە.

# دەروازەی حەڤدەهەم
# دۆخی سیاسی لە باکــوری کــوردستاندا لــە نێوان سالأنی (١٩٧٨ تا ١٩٩٩)

## بەشی یەکەم :
## ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لەم قۆناغەدا

لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، چالاکی سیاسی و رۆشنبیری لەنێو کوردەکانی باکوردا تارادەیەکی باش گەشەی کردبوو. ژمارەیەك حیزبی کوردی دروست ببوون کە خەباتیان دەکرد بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. هەندێکیان دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان بەرز کردبووەوە، وەك رێکخراوی کرێکاران و جوتیارانی کورد لە تورکیا ( TIKKO ) کە بانگەشەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد، وە پارتی بوژانەوەی کورد ( KAJIK ) بانگەشەی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی دەکرد کە هەر چوار پارچەی کوردستان بگرێتەوە ( کوردی تورکیا،ل٢٤٧ ـ ٢٤٨ ). وە پارتی کرێکارانی کوردستان ( PKK ) کە لە ساڵی (١٩٧٨) دا دامەزرا، داوای پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد.

بە درێژایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کورد لە تورکیادا لە خەباتێکی سەختدا بوو دژ بە ستەم و رەفتاری رەگەز پەرستانەی تورك. لەم پێناوەشدا تێکۆشەرانی کورد سوور بوون لەسەر داکۆکی کردن لە تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانیان، وە توانیان لەخۆ بردووانە بەرگەی قوربانی دانێکی زۆری گیانی و مادی بگرن.

لە ساڵی (١٩٨٩) دا، ١٦ نوێنەری کورد لە ( حیزبی دیموکراتی سۆشیالیستی میللی ) دەستیان لە کار کێشایەوە. بەو بۆنەیەوە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان سازدا و باسیان لە چەندین پرسی گرنگ کرد سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیادا، وەك ــ پێویستە کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی و لە چوارچێوەی ( یەکێتی نیشتیمانی )[١] دا

---

(١) لێرەدا مەبەست لە یەکێتی نیشتیمانی ، یەکێتی خاکی تورکیایە .

چارەسەر بکرێ      ـ پێویستە ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری[1] چارەسەر بکرێن      ـ لەو بڕوایەدا بوون کە بەرگری کرن لە بیرۆکەی تورکیای تاك نەتەوە و دانانی زمانی تورکی بە تاکە زمانی فەرمی وڵات، دەبێتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگەیەکی دیموکراسیانە      ـ بە مەبەستی پەلە کردن لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەر لەوەی کار لە کار بترازێ، داوایان لە حیزبە سیاسیەکان کرد کە بایەخ بەم کێشەیە بدەن و زەمینە خۆش بکەن بۆ هێنانی بۆ بەردەم پەرلەمان، بە ئامانجی باسکردن و تاوتوێ کردنی ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٦ـ٢٧٧ ).

ئەم رووداوە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی تورکیا و دنیای دەرەوەدا. چونکە کاتێ ئەم نوێنەرانەی کورد کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەم چەشنەیان سازدا، تەنیا باسکردنی هەبوونی پرسی کورد لە تورکیادا مەترسیەکی گەورە بوو. ئەم بوێریە گەورەیەی نوێنەرانی کورد ئەنجامیاندا، بەڵگە بوو لەسەر گەشەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو کوردەکانی باکوردا.

محەمەد عەلی ئازەر، کە یەکێك بوو لەو نوێنەرە کوردانەی کە ریزەکانی ( حیزبی دیموکراتی سۆشیالیستی میللی ) یان بە جێهێشتبوو، لە بارەی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا، جەختی لەسەر پێویست بوونی دامەزراندنی یەکێتیەکی فیدڕاڵی لە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و تورك لە تورکیادا کردەوە، بە هەمان ئەو شێوە فیدڕاڵیەی کە تورکیا دەخوازێ لە نێوان تورك و یۆنانیەکان لە ( قوبرس ) دا دابمەزرێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٧ ). باسکردن لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە رێگەی دامەزراندنی سیستەمی فیدڕاڵی لە تورکیادا، لە بارودۆخی ئەو کاتەی تورکیادا بە ناپاکی نیشتیمانی هەژمار دەکرا. بۆیە باسکردنی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ئاشکرا و چاو نەترسانە، وەرچەرخانێکی سیاسی گەورە بوو لە تورکیادا.

لە ئاکامی پەرەسەندنی خەباتی ناسیونالیستی کوردی لە تورکیادا، لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٩٠) دا خۆپیشاندانی جەماوەری لە زۆرێك لە شارە کوردیەکان بەڕێوە چوو، کە خۆپیشاندەران داوای مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی گەلی کوردیان دەکرد، وە ناڕەزاییان

---

(١) مەبەست لە خەباتی چەکداری ( پەکەکە ) یە.

له دژی ستەم و توند و تیژیەکانی دەوڵەت لە کوردستاندا دەردەبڕی ( المسألة الکردیة...، ص٥٩ ).

دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنەکانی (١٩٩١) لە تورکیادا، لەیلا زانا کە ئەندام پەرلەمانێکی کورد بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە سوێندە دەستوریەکەی بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە، ئەمەش قەیرانێکی گەورەی سیاسی لە تورکیادا خوڵقاند ( کوردی تورکیا،ل٢٨٥ ). ئەم ریسکەی ( مجازفة ) لەیلا زانا نواندی، شۆکێکی گەورە بوو بۆ سیستەمی رەگەزپەرستی لە تورکیادا. چونکە ناوبراو لە بەردەم رای گشتی جیهاندا سەلماندنی کە سیستەمی سیاسی لە تورکیادا مۆرکێکی تەواو رەگەزپەرستی هەیە، بە جۆرێ کە ئەو کات قسەکردن بە زمانی کوردی لە تورکیادا بە یەکێك لە تاوانە گەورەکان دادەنرا ! !

تورکۆت ئۆزال[1] لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە پێویستە کێشەی کورد لە تورکیادا بە شێوەیەکی سیاسیانە چارەسەر بکرێ. لەم پێناوەشدا چەند رێکارێکی بوێرانەی گرتەبەر و زۆر گوێی بە فشارەکانی سوپا و ئەو لایەنانە نەدا کە دژی چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەی کورد بوون. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٩٢) دا رایگەیاند : کە پێویستە کێشەی کورد لە تورکیادا لەسەر بنەمای ( فیدراڵی ) چارەسەر بکرێ ( کۆ بەرهەم،ل١٠١ ). وە لە ساڵی (١٩٩٣) دا بە ناوبژیوانی جەلال تاڵەبانی، دەستی کرد بە وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی ( پەکەکە ) دا. بەڵام هەم نەیارانی ئاشتی توانیان کۆسپ بخەنە بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەکە، هەمیش ئۆزال بە شێوەیەکی گوماناوی کۆچی دوایی کرد[2]. بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە لە سەرەتای ( نەوەدەکان) دا هاتە ئاراوە، دەنگی ئازادیخوازانە لەنێو کوردەکانی باکوردا فروانتر بوو. کەچی بەهۆی شکستی پرۆسەی ئاشتیەوە، زۆربەی ئەو ئومێدانەی کە هەبوون بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیادا لەبار چوون.

---

(١) ناوبراو سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوو، دواتر بوو بە سەرۆك کۆماری وڵات.

(٢) گومان هەیە کە ( ئۆزال ) ژەهر خوارد کرابێ لە لایەن ئەو کەسانەی کە دژی دانوستانی دەوڵەت بوون لەگەڵ ( پەکەکە ) دا.

چالاکوانانی کورد لە تورکیادا هەمیشە هەوڵی ئەوەیان دەدا، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لیستێکی کوردی بگەیەننە پەرلەمان؛ تاکوو لەوێ داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بکات. بەڵام بەهۆی بوونی کۆتی ڕێژەی لە (١٠٪) بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، کورد تا سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک نەیتوانی هیچ لیستێک بنێرێ بۆ پەرلەمان. بۆیە بەردەوام کورد لە تورکیادا داوای هەڵگرتنی کۆتی ڕێژەی (١٠٪) کردوە، کە پێدەچێ ئەم ڕێژەیە بە مەبەست دانرا بێت؛ تاکوو کورد نەتوانێ هیچ لیستێکی پەرلەمانی پێک بهێنێ. لەبەرئەوەی پەکەکە بەهێزترین و کاریگەرترین حیزبی کوردیە لە تورکیادا، بە پێویستمان زانی لە بەشێکی سەربەخۆدا ئاماژە بە ئامانجە سیاسیەکانی ئەم حیزبە بکەین. کە لە دوای دامەزرانیەوە، تاکوو بەبێ باسکردنی پەکەکە، دۆخی سیاسی کوردستانی باکور هەڵسەنگێنین.

## بەشی دووەم :
## ئامانجە سیاسیەکانی ( پەکەکە ) لە دامەزراندنیەوە
## تا دەستگیرکردنــی ئــۆجــەلان

پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە ) لە لایەن ئۆجەلان و هاوبیرەکانیەوە لە (١٩٧٨) دا دامەزرا. لە سەرەتادا پەکەکە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان و دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی هەبوو، وە ئەندام و لایەنگرەکانیشی لەسەر ئەم بنچینەیە پەروەردە دەکرد. لە بارەی دروشمی نەتەوەیی پەکەکە لە سەرەتای دامەزرانیدا، ئیبراهیم داقوقی لە کتێبەکەیدا ( کوردی تورکیا ) دەڵێ (( پەکەکە خەباتی دەست پێکرد لە پێناو دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی ماویزم[١] لە ناوچەی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیادا )) ( کوردی تورکیا، ل٤١٠ ). بەپێی ئەم زانیاریەی نووسەر بێ، پەکەکە لەبەرئەوەی رێکخراوێکی کۆمۆنیستی بووە، هەوڵی داوە دەوڵەتێکی کوردی لەسەر بنەمای سیستەمی سۆشیالیزمی ماوی دابمەزرێنێ.

لە سەرەتادا ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر رەنگی دابوەوە بەسەر رێبازی سیاسی ( پەکەکە ) دا، ئەمەش وای کردبوو کە زیاتر وەك رێکخراوێکی کۆمۆنیستی دەرکەوێ نەك نەتەوەیی. لە بارەی تێڕوانینی پەکەکە بۆ دەوڵەت، هەڤاڵ جومعە لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی ( وڵات ) دا دەڵێ (( ئێمە لە سەرەتادا داوای تێکدانی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکەمان دەکرد، ئەمەش کاریگەری سۆشیالیزمی بنیات نراو بوو لەسەر ئێمە )) ( مشتێك لە مرواری...،ل١٧ ). واتە پەکەکە ئەو کات، زیاتر پەرۆشی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سۆشیالیزمی بوو نەك نەتەوەیی.

پەکەکە توانی ئەزموونێکی جیاواز لە کاری حیزبایەتی لە کوردستاندا بێنێتە ئاراوە، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە زۆر بایەخ بە لایەنی ئایدیۆلۆجی و پەروەردەیی دەدات. وە توانیویەتی کۆمەڵێ نەریت و کاری تازە بهێنێتە نێو بزافی رزگاریخوازی کوردیەوە، وەك بایەخ دانی زۆر بە بەهێزکردنی توانا خودیەکان، بۆ ئەوەی بتوانێ پشت

---

(١) ماو رابەرێکی کۆمۆنیستی چینی بوو، بەپێی دۆخ و هەلومەرجی وڵاتەکەی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی ئەنجامدا، توانی سیستەمی سیاسی وڵات بگۆڕێ و رژێمێکی کۆمۆنیستی بەهێز دابمەزرێنێ.

بەخۆی ببەستێ و بەرگەی هەلومەرجە سەختەکانی تێکۆشان بگرێ. ڕاستە ئامانجی سەرەکی پەکەکە چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە تورکیادا، بەڵام خۆی لە ئاست هەموو کوردستاندا بە بەرپرس دەزانێ. بۆیە هەوڵ دەدا ڕێکخستنەکانی گەشە پێبدات لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا. هەروەها لەنێو ( پەکەکە ) دا بایەخێکی زۆر بە پەرە پێدانی شەڕی پارتیزانی دراوە، کە بەو هۆیەوە توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر بەهێز ڕووبەڕووی هێزەکانی دەوڵەتی تورکی بێتەوە. لەبەرئەوەی پەکەکە هەموو کوردستان بە مەڵبەندی کارگوزاری خۆی دەزانێ، بۆیە لە هەر بەشێکی کوردستاندا بۆی بڕەخسێ، لەوێ پێگەی خۆی دەسەپێنێ و هەوڵ دەدا ڕێبەرایەتی بزافی ڕزگاریخوازی کوردی قۆرخ بکات.

پەکەکە وەك ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی دژایەتیەکی زۆری سیستەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی دەکرد، وە هەڵوێستێکی زۆر توندیشی هەبوو بەرامبەر بە داگیرکاری جولەکە لە فەلەستیندا، هەر بۆیەش لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی نزیك بووەوە.

دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی پەکەکە لە تورکیادا لە لایەن دەوڵەتەوە کەوتە ژێر فشارێکی زۆر، سەرکردایەتی پەکەکە پەنای بردە بەر خاکی سوریا. بەهۆی بەرژەوەندیەکی هاوبەشەوە لە دژایەتی کردنی تورکیا، پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان سەرکردایەتی پەکەکە و دەستەڵاتدارانی سوریا دروست بوو[١]. لە ڕێکەوتنێکی ڕانەگەیەنراوی نێوان هەردوو لادا، حکومەتی سوریا چاوپۆشی لە ڕێکخستنەکانی پەکەکە دەکرد لەنێو کوردەکانی خۆرئاوادا، سەرکردایەتی ( پەکەکە ) ش نکوڵی لە بوونی کێشەی نەتەوەیی کورد دەکرد لە سوریادا. هەندێ لەوانەی کە ڕەخنە و سەرنجیان بەرامبەر بە پەکەکە هەیە باس لەوە دەکەن، ئۆجەلان بۆ ڕازی کردنی دەستەڵاتدارانی سوریا ئەوەی ڕاگەیاندوە ؛ کە خاکی کوردستان لە سوریادا بوونی نیە، ئەو کوردانەی نیشتەجێی ( سوریا ) شن لە بنەڕەتدا کۆچبەرن و لە باکوری کوردستانەوە بەهۆی چەوساندنەوەی سیاسیەوە ڕوویان لە سوریا کردوە. ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی سیاسی پەکەکە، گومانێکی زۆر خراپ دەخاتە سەر نەتەوەیی بوونی ڕێبازە سیاسیەکەی. وە دروشمە نەتەوەییەکانیشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

---

(١) لە بەشی پێنجەمی دەروازەی چواردەهەمدا، باسی هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم پەیوەندیە بەهێزەی نێوان پەکەکە و دەستەڵاتدارانی سوریامان کردوە.

پەکەکە لە ساڵی (١٩٨٤) دا دەست پێکردنی خەباتی چەکداری ڕاگەیاند. بەمەش پەکەکە پێی نایە قۆناغی شۆڕشی چەکداری. چالاکیە سەربازیەکانی پەکەکە لەنێو تورکیادا، هەم بووە هۆی بەهێز بوونی پێگە جەماوەریەکەی، هەمیش بووە هۆی بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا.

پەکەکە لە رووی پەروەردەییەوە ئەندام و لایەنگرانی خۆی بەو شێوەیە گۆش دەکات ؛ کە خەباتی ئەوان لە پێناوی سەربەخۆیی کورد و رزگارکردنی تەواوی کوردستانە. وە راگەیاندنەکانی خۆشی بە جۆرێ ئاراستە دەکات ؛ کە خزمەت کردن بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی رێکخراوەکەیان. کەچی هەڵوێست و کردەوەکانی پەکەکە، وێنەیەکی تەواو جیاوازمان نیشان دەدات. چونکە راستە پەکەکە لە سەرەتادا دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیەوە، وازی لە بیرۆکەی سەربەخۆیی هێنا و هەر رۆژە و دروشمێکی بەرز کردۆتەوە، وەك ( فیدراڵی ، ئۆتۆنۆمی ، مافە کەلتوریەکانی کورد ، مافی هاوڵاتی بوون ، کۆماری دیموکراتی تورکیا ، کۆنفیدراڵی دیموکراتی ، سەرخۆبوونی دیموکراتی). گۆڕینی ئەو هەموو دروشمە یەك لە دوای یەکانە لە لایەن ( پەکەکە ) وە بەپێی هەلومەرجی رۆژگار، لە رووی سیاسی و نەتەوەییەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەم دوو هۆکارە ١) حیزبێك بڕوای بە خەباتی ناسیونالیستی هەبێ، پێویستە لە رووی نەتەوەییەوە خاوەن ستراتیجیەتێکی نەگۆڕ بێت ٢) حیزبێك کە پەنای بردۆتە بەر خەباتێکی چەکداری سەخت، لەم پێناوەشدا قوربانیەکی زۆری داوە، نابێ ئەو هەموو قوربانی و مەینەتیە لە پێناو چەند داخوازیەکی سادە و کەمدا بێ، وەك ( مافی هاوڵاتی بوون و مافە کەلتوریەکان). چونکە دەکرێ ئەم داخوازیانە، لە رێگەی خەباتی مەدەنی و ئاشتیانە بە شێوەیەکی باشتر هەوڵیان بۆ بدرێ.

پەکەکە بۆ ماوەیەکی زۆر پێی لەسەر ئەو بڕوایەی خۆی دادەگرت، کە بریتی بوو لە ؛ بەدی هێنانی سەربەخۆیی باکوری کوردستان، کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی تەواوی کوردستانە. راستە باکور لە چاو بەشەکانی تری کوردستان گرنگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە ١) رووبەرێکی گەورەی خاکی کوردستان پێك دێنێ ٢) ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کورد لە باکوری کوردستاندا دەژین ٣) سنورێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ

کێشوەری ئەوروپادا. بەڵام ناتوانین پشتگیری لەم بانگەشەیەی پەکەکە بکەین کە دەیوت ؛ پێویستە توانای مرۆیی و مادی بەشەکانی تری کوردستان، بخرێتە خزمەت خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە باکوری کوردستاندا. چونکە رەنگە لە هەندێ ساتی مێژووییدا، بەشێکی تری کوردستان بایەخ و گرنگیەکی زیاتر پەیدا بکات، وەك باشوری کوردستان لە دوای راپەڕینی ۱۹۹۱، وە کوردستانی خۆرئاوا لە دوای خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی[۱] لە (۲۰۱۱) دا.

جەمیل بایك ( جێگری سەرۆکی کۆما جڤاکی کوردستان ) لە بارەی هەڵوێستی سیاسی پەکەکە لە (۱۹۹۱) دا دەڵێ : پەکەکە تەڤگەرێك بوو، سەربەخۆیی بە بناغە گرتبوو، پێشخستنی تەڤگەری لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە بنچینە وەردەگرت، یەکێتی کوردانی بە بنچینە وەردەگرت ( مێژوویێك لە ئاگر...،ل٤٣٢ ). لە راستیدا واقعی رووداواکان لە تورکیادا، پێچەوانەی ئەم قسەیەی ( جەمیل بایك ) دەسەلمێنن. چونکە دوای ئەوەی لە (١٩٩١/٢/٤) دا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورك، ئەو یاسایەی پەسەند کرد کە مافی قسەکردنی هاونیشتیمانیانی بە زمانەکانی تر[۲] و تۆمار کردنی گۆرانی و کاسێت بەو زمانانە دەستەبەر کرد، بەو مەرجەی زمانی تورکی بە زمانی فەرمی دەوڵەت بمێنێتەوە و هەموو مامەڵەیەکی رەسمی و خوێندن و فێرکردنیش هەر بە زمانی تورکی بێ. لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی تورکیادا، لە (١٩٩١/٣/٢٣) دا ئۆجەلان ئامادەیی نیشاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی تورکیادا بە شێوەیەکی ئاشتیانە ( کوردی تورکیا،ل٣٠٠ ). بەم پێیەش ناتوانین پشتگیری لەم بۆچوونە بکەین، کە پێی وایە لەو قۆناغەدا پەکەکە ئامانجی سەربەخۆیی بە بناغە گرتبوو.

لە بەرامبەر ئەم دەستپێشخەریەی ئۆجەلان کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە، حکومەتی تورکیا یاسای قەڵاچۆکردنی تیرۆری لە (١٩٩١/٤/٨) دا خستە بەردەم پەرلەمان، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ( یاسای خیانەتی نیشتیمانی ). کە بەپێی برگەکانی ئەم

(١) لە ساڵی (٢٠١١) دا لە چەند وڵاتێکی عەرەبی ( تونس ، میسر ، یەمەن ، بەحرێن ، سوریا )، خۆپیشاندانی جەماوەری روویدا دژی گەندەڵی و ستەمکاری رژێمە فەرمانڕەواکان. کە ئەمەش گۆڕانکاریەکی گەورەی مێژوویی بوو لە ناوچەکەدا، وە ئەم رووداوە ناونرا بە ( بەهاری عەرەبی ).

(٢) تا دەرچوونی ئەم یاسایە، تەنیا قسەکردن بە زمانی تورکی لە رووی یاساییەوە رێگە پێدرا بوو.

یاسایە هەر کوردێك داوای مافە نەتەوەییەکانی کردبایە، تۆمەتبار دەکرا بە ( ناپاکی نیشتیمانی ) و هەوڵدان بۆ لەتکردنی وڵات. جگە لەمەش پەرلەمان یاسای ( زمانە ناتورکەکان ) یشی هەڵوەشاندەوە کە رێگر بوو لە قسەکردن و پەخش کردن بە زمانی کوردی، وە یاسا تازەکەشی پەسەند کرد ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠١ ).

ئەم گۆڕانکاریانە وەرچەرخانێکی گەورە بوون لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا بەرامبەر بە پرسی کورد، کە بێگومان ( ئۆزال ) کاریگەریەکی گەوری هەبوو لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە. چونکە ناوبراو گەیشتبووە ئەو بڕوایەی، کە ناکرێ کێشەی کورد بە رێگەی سەربازی چارەسەر بکرێ. لە هەمان کاتیشدا رازی بوونی ئۆجەلان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا، ئەویش گۆڕانکاریەکی گەورە بوو لە ستراتیجیەتی ( پەکەکە ) دا. چونکە تا ئەو کات پەکەکە، دروشمی سەربەخۆیی کوردستان و دمەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەرز کردبوەوە.

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا، ئۆزال پێشنیازی دامەزراندنی ( سیستەمی فیدراڵی ) کرد لە وڵاتدا. ناوبراو لە سەرەتای ١٩٩٣ دا ( جەنگیز چاندار ) ی راوێژکارە رۆژنامەوانیەکەی ناردە لای ئۆجەلان بۆ دانوستان لەگەڵیدا، بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورد. ئۆجەلانیش لە ( ١٩٩٣/٣/١٥) دا یەکلایانە ئاگربەستی راگەیاند بۆ رەخساندنی هەل لە پێش سەرۆك ( ئۆزال ) دا، تا بتوانێ لەسەر پرۆژە ئاشتیانەکەی بەردەوام بێ، بەڵام بەهۆی رێگریە زۆرەکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی و مردنە گوماناویەکەی ئۆزال لە (١٩٩٣/٤/١٧) دا پرۆسەکە شکست هێنا ( کوردی تورکیا، ل٣٠٢ـ٣٠٣ ). ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە ئۆجەلان رازی بووە بە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەسەر بنەمای چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە تورکیادا، بەڵام نەیارانی ئاشتی لەنێو دامەزراوەی دەوڵەتدا، تا ئەو رادەیە بەهێز بوون کە توانیان پرۆسەی ئاشتی شکست پێ بێنن.

بەمەش دەردەکەوێ کە لە دوای (١٩٩١)، وەرچەرخانێکی گەورە لە ستراتیجیەت و ئامانجە نەتەوەییەکانی ( پەکەکە ) دا دروست بووە. لەم رێکەوتە بە دواوە پەکەکە ئامادە بووە دانوستان بکات لەسەر چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا، لەسەر بنەمای فیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی. هەروەها بەوەش رازی بووە کە

راپرسی لەسەر ئەم داخوازیانە بکرێ، ئەگەر پێویست بکات ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٨١ ). مەبەست لە راپرسی ئەوەیە کە ریفراندۆم لە ناوچە کوردیەکانی تورکیادا بکرێ، بۆ ئەوەی خواستی دانیشتوان بزانرێ لە بارەی چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگەی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی. ئەم داخوازیە کێماسی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. چونکە راپرسی دەبێ لەسەر پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوە بکرێ، نەك لەسەر پرسگەلێکی وەك فیدرالی و ئۆتۆنۆمی. چونکە ( فیدرالی ) یان ( ئۆتۆنۆمی ) نابنە هۆی گۆرانکاری لە نەخشەی سیاسی وڵاتدا، وە جێبەجێ کردنیان تەنیا پێویستی بە چەند رێکارێکی کارگێری هەیە.

دوای ئەوەی جکومەتی تورکیا، ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی راپێچی بەردەم دادگا کردن، ئۆجەلان پەیامێکی ئاراستەی ئەنجومەنی ئەوروپی و کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و بەریتانیا کرد، کە تێیدا ئاماژەی بەوەدا کە هەردوو گەلی کورد و تورك دەکرێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدرالیدا، وەك ئەوەی لە( ئەمریکا یان سویسرا یان ئیسپانیا ) دا بەرێوە دەچێ پێکەوە بژین ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤١٣ ).

کاتێ تانسۆ چیلەر لە (١٩٩٣) دا بووە سەرۆك وەزیرانی تورکیا، لەسەر بەرزترین ئاست پەیوەندیە سیاسیەکانی خۆی دەست پێکرد، بۆ ئەوەی ( ئۆتۆنۆمی ) یەك لە شێوەی ئەوەی کە دانیشتوانی ( باسك )[١] هەیانە لە ئیسپانیا بە کوردی وڵاتەکەی بدات. بەڵام گوشاری هێزە چەکدارەکانی تورکیا و پێداگیریان لەسەر چارەسەری سەربازیانەی دۆزی کورد، وایان لە ناوبراو کرد لە (١٩٩٤) دا لەم پرسە پاشگەز بێتەوە ( سەرچاوەی پێشوو ،ل٤١٧ ). لەبەرئەوەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەرژەوەندیەکی زۆریان لە ناسەقامگیری و شەڕدا هەیە، بۆیە هەمیشە کۆسپ دەخەنە بەردەم چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد.

گۆڤاری ( بەرەو ساڵی ٢٠٠٠ ) ی تورکی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ( عەبدوڵڵا ئۆجەلان) دا سازدا، ناوبراو لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا ئاماژەی بە چەند پرسێکی گرنگ کرد، وەك (( یەکەکە لە پێناو سەلماندنی هەقیقەتی بوونی نەتەوەی کورد دەجەنگێ..... لە خەباتی سیاسی خۆمان بەردەوام دەبین، تا ئەو دەمەی دەستەڵاتدارانی تورکیا دان بە بوونی گەلی کوردا دەنێن و رێز لە ویست و ئیرادەی دەگرن لە بەرێوەبردنی کاروباری ئابوری و

(١) باسك هەرێمێکە لە ئسپانیا کە خاوەن قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمیە.

کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، دانیش بەو بڕیارە دەنێن کە لە خواست و پێداویستیەکانی گەلی کورد لە وڵاتی ئەنادۆڵەوە سەرچاوەی گرتووە..... ئێمە پشتگیری لە ڕاپرسی دەکەین بۆ زانینی داخوازیەکانی گەلی کورد، بە مەرجێ پێشووتر ئازادیە گشتیەکان و ئازادی کاری سیاسی فەراهەم بن و ئاگربەست لە کوردستانی تورکیادا جاڕ بدرێ و بەندکراوە کوردەکان ئازاد بکرێن و ڕاگوێزراوەکانیش بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، وە دەوڵەتیش دەست نەخاتە ناو پرۆسەی ڕاپرسیەکەوە. ئەمەش تەنها بە هاتنە سەر دەستەڵاتی حکومەتێکی دیموکراتی لە تورکیادا دێتەدی، وە کۆڵەگەکانی دەوڵەتی تورکیاش لەسەر بناغەی دادوەری و یەکسانی و هاوبەشی تەواو لە هەموو دەزگاکاندا دەچەسپێن. ئێمە ئیمرۆ لە پێناو بەدی هێنانی ئەو سیستەمە دیموکراتیە لە تورکیای هاوچەرخدا خەبات دەکەین )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٠ تا ٢٧٢ ). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئۆجەلان گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە پێویستە مافە نەتەوەیی و سیاسیەکانی گەلی کورد لە باکور لە چوارچێوەی تورکیایەکی دیموکراتدا دەستەبەر بکرێن.

دوای ئەوەی سوریا لەژێر فشاری تورکیادا ئۆجەلانی ناچار کرد وڵاتەکەی بەجێبێڵێ، ناوبراو لە بری شاخەکانی کوردستان ڕووی کردە ئەوروپا و داوای مافە پەنابەریەتی کرد، بەڵام هیچ وڵاتێکی ئەوروپی ئامادە نەبوو ناوبراو داڵدە بدات. لەو کاتەی کە پەنای برد بووە بەر ئیتالیا، لە (١٩٩٨/١١/٢٦) دا لە ڕێگەی پارێزەرەکەیەوە پێشنیازەکانی خۆی بۆ ئاشتی خستەڕوو، کە تێیدا هاتبوو ؛ خودموختاری بدرێ بە ناوچە کوردیەکان، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر یەکێتی خاکی تورکیا. وە دان بە گشت ئازادیە دیموکراتیەکان بنرێ بۆ هاوڵاتیانی کورد وەك هاوڵاتیە تورکەکان، وە دان بنرێ بە ناسنامە و زمان و کەلتوری کوردی[1].

یەکێك لەو ڕەخنە گەورانەی کە ئاراستەی ئۆجەلان دەکرێ ئەوەیە، کە ناوبراو زۆر زوو خواست و ئامانجە سیاسیەکانی دەگۆڕێ، بەپێی ئەو هەلومەرجە سیاسیەی کە تێیدایەتی.

---

(١) ئەو کاتەی ئۆجەلان پەنای بردبووە بەر ئەوروپا، لە یاداشتەکانی خۆمدا زۆربەی ئەو هەواڵ و ڕووداوانەی تایبەت بوون بە دۆسیەکەی ئەوەوە، تۆمار کردوون، ئەم زانیاریەشم هەر لە یاداشتەکانی خۆم وەرگرتوون.

کە لە راستیدا نابێ هەلومەرجی سیاسی، کارێکی زۆر بکاتە سەر ویست و بیرکردنەوەی ڕێبەرێك کە خۆی بە کارێزما بزانێ.

دوای ئەوەی ئەوروپا چیتر ڕێگەی بە مانەوەی ئۆجەلان نەدا، ناوبراو ناچار بوو روو بکاتە وڵاتی کینیا لە ئەفریقیا. لەوێ لە (١٩٩٩/٢/١٥) لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی وڵاتەکە، بە هاوکاری دەزگاکانی هەواڵگری ئیسرائیل و ئەمریکا دەستگیر کرا و درایە دەست دەوڵەتی تورکیا. ئەم هەڵوێستەی نەرێنیەی ئەوروپا لە بەرامبەر پرسی ( ئۆجەلان ) دا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندی نیشتیمانی لە ئەوروپادا لە سەرووی پرسی مافی مرۆڤەوەیە.

بە دەستگیر کردنی ئۆجەلان، زیانێکی زۆر گەورە بەر پەکەکە و بزوتنەوەی سیاسی کورد کەوت لە تورکیادا. وە مێژووی سیاسی باکوری کوردستانی کرد بە دوو قۆناغ، بەر لە گیرانی ئۆجەلان و دوای گیرانی ئۆجەلان. سەرەڕای ئەم گورزە کوشندەیەی بەر پەکەکە کەوت، کەچی دەوڵەتی تورکیا نەیتوانی کۆتایی بە بزافی پەکەکە بێنێ.

# دەروازەی هەژدەهەم
# خـواستە نەتەوەییەکانـــی کـورد لە ئێراندا
# لــە دوای  نەمانی رژێمی پاشایەتی

## بەشی یەکەم :
## ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران [1]

لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٩) دا لە دەرنجامی راپەڕینێکی سەرتاسەریدا لە  ئێران، کۆتایی بە دەستەڵاتی رژێمی شاهەنشا هات. گەلی کورد یەکێك بوو لە پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی، کە بەشداریەکی باشی هەبوو لە راپەڕینەکەدا. ئەم گۆڕانکاریە گەورەیەی کە لە وڵاتدا روویدا، ئۆمێد و گەشبینیەکی زۆری لە لایەن گەلانی ئێران دروست کرد، بەوەی باری ئابوری وڵات پێش دەکەوێ و یەکسانی و دادپەروەی کۆمەڵایەتیش بەدی دێ. گەلی کوردیش ئومێدێکی زۆری بەم گۆڕانکاریە هەڵچنی بوو، وە ئەم هەلومەرجەی بە دەرفەت زانی بۆ هێنانە دی خواستە نەتەوەییەکانی.

لە (١٩٧٩/٢/٩) دا سەرکردایەتی سیاسی کورد نامەیەکی ئاراستەی ئایەتوڵا ( خومەینی ) [2] کرد، کە تێیدا باسی ئەوە کرابوو ؛ کە هیمەت بکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا، لەوانە دابین کردنی ئەم مافانە (( خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی، پاراستن و پەرە پێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، نەهێشتنی جیاوازیەکانی ئابوری و سیاسی لەنێو پێکهاتەکانی وڵاتدا، دەستەبەر کردنی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا )) ( رۆژهەڵاتی کوردستان، ل٦٢ـ٦٣ ).

---

(١) لەبەرئەوەی سەرجەم گەلانی ئێران بەشدار بوون لە راپەڕینە جەماوەریەکەی دژ بە رژێمی شاهەنشا، بۆیە رووداوەکە ناسرا بە ( شۆڕشی گەلانی ئێران ).

(٢) لەبەرئەوەی ناوبراو پێگەیەکی ئاینی گەورەی هەبوو لەنێو شیعەکانی ئێراندا، وە لە گەورەترین نەیارەکانی رژێمی شاهەنشا بوو، بۆیە لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران وەك رابەری ( شۆڕش ) پێشوازی لێکرا.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شاهەنشادا، دەوڵەت سیاسەتێکی زۆر ڕەگەز پەرستانەی بەرامبەر بە ( نەتەوە نا فارسەکان ) پەیڕەو دەکرد، هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ لەناوبردنی تایبەتمەندی و کەلتوری نەتەوەکانی تر. بۆیە سەرکردایەتی کورد هەر لە دوای نەمانی دەستەڵاتی شاهەنشا، یەکسەر داوای چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کرد لە ئێراندا. داخوازیەکانیشی گونجاو بوون لەگەل قۆناغی تازەی وڵاتدا، جگە لە پرسی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا، کە ئەم داخوازیە بۆ سیستەمی تازەی وڵات تارادەیەك ئاڵۆز و پڕ کێشە بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای سەرکەوتنی ( شۆڕشی گەلانی ئێران )، زیاتر جەختی لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد. هەرچی پارتی کۆمۆنیستی ئێرانە ( کۆمەڵە ) کە لە کوردستاندا توانی پێگەیەکی جەماوەری بەهێز بۆ خۆی دروست بکات، لە یەك کاتدا بانگەشەی بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دەکرد لە ئێراندا.

کۆمەڵە هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خەبات دەکات لە پێناو لابردنی ستەمی نەتەاویەتی لەسەر کورد، وە خەباتی چینایەتی درێژە پێدەدات بۆ لابردنی چەوساندنەوەی چینایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، وە هەوڵ دەدا بۆ دەستەبەر کردنی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد و بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەیاندا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٤ ). هەرچەندە کۆمەڵە خۆی بە حیزبێکی ئێرانی دەزانی نەك کوردی، بەڵام پێگە بەهێزەکەی لە رووی جەماوەریەوە لە ناوچە کوردیەکاندا بوو.

بەهۆی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان سەرکردایەتی بارزانی و رژێمی شاهەنشادا هەبوو، بۆیە هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستانی رۆژهەڵات ( حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە )، نائاسودە بوون بە بوونی پارتی دیموکرات لە ئێراندا[1] . بۆیە لە دوای سەرکەوتنی ( شۆڕشی ئێران )، یەکێك لە داخوازیەکانیان لە دەستەڵاتدارانی تازەی وڵات ئەوەبوو کە پارتی لە ئێران دەربکرێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥٢ ). بەم هۆیەوە ململانێکی توند لە

(١) وەك باسمان کرد لە دوای شکستی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەیلول، سەرکردایەتی و رێکخستنەکانی پارتی بوون بە پەناهەندە لە ئێراندا.

نێوان پارتی و هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی رۆژهەلات دروست بوو، وە کار گەیشتە ئەوەی کە پارتی بچێتە پاڵ هێزەکانی ئێران بۆ لێدانی بزوتنەوەی کوردی لە رۆژهەلاتدا.

لە (١٩٧٩/٣/٦) دا شاندێکی ( حدکا )[١] بە سەرۆکایەتی قاسملۆ[٢] چاویان بە مەهدی بازرگان ( سەرۆکی کابینەی حکومەت ) کەوت، شاندەکە چەند داوایەکی خستەروو، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەم دووانەی خوارەوە ١) رێگە بدرێ حیزبەکان لە رێگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی دەوڵەتەوە، داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شیبکەنەوە ٢) بۆ ئەوەی داخوازیەکای خەڵکی کوردستان لە ( یاسای بنەڕەتی ) دا رێکبخرێ، داوایان کرد رێگە بە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بدرێ بەشدار بن لە دانانی یاساکەدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٨ ). بێگومان ئەم داخوازیانە ناتەبا نەبوون لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکان، بەلام دەستەلاتدارانی تازەی ولات بڕوایان بە بەها دیموکراسیەکان نەبوو.

بە فەرمانی ئیمام خومەینی، بەرواری (٣٠ـ١٩٧٩/٣/٣١) دیاری کرا بۆ سازدانی راپرسی لەسەر دیاری کردنی جۆری سیستەمی سیاسی لە ولاتدا. راپرسیەکە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو بژاردەیە ( پادشایەتی یان کۆماری ئیسلامی ). لەبەرئەوەی لە راپرسیەکەدا هەم رەچاوی خواستەکانی کورد نەکرابوو، هەمیش هیچ بنەمایەکی دیموکراسی لە رژێمی سیاسیدا لەبەرچاو نەگیرابوو، بۆیە نیگەرانی سەرکردایەتی کوردی لێکەوتەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٧٢ـ٧٣ ).

ئەم راپرسیە جۆرێ لە چەواشەکاری تێدا بوو، چونکە دەنگدەری سەرپشك نەکردبوو لە بەردەم چەند جۆرێکی جیاواز لە سیستەمە سیاسیەکان، تەنیا ( رژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ) کردبووە بژاردە لە بەردەم دەنگدەردا. کە تاڕادەیەکی زۆر بۆچوونی دەنگدەر لە بەرامبەر ( رژێمی پاشایەتی ) زانرا بوو، چونکە تازە ئەم رژێمە لە رێگەی راپەڕینی جەماوەریەوە کۆتایی پێهێنرا بوو. کەواتە بەم پێیە دیاری کردنی کۆماری ئیسلامی یەکلا ببووەوە.

---

(١) حدکا، کورتکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.

(٢) سکرتێری ( حدکا ) بوو، لە ساڵی (١٩٨٩) لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئێران ( اطلاعات ) تیرۆر کرا.

دوای ئەوەی ( ایت الله تاڵەقانی )[1] لە سنە رایگەیاند : خودموختاری مافی بێ ئەم لاو ئەو لای گەلی کوردە. شاندێکی ( حدکا ) بە سەرۆکایەتی قاسملۆ سەردانی ( ئیمام خومەینی ) یان کرد، پێشنیازیان بە ناوبراو کرد کە ئەویش پشتگیری لە هەڵوێستەکەی ( تاڵەقانی ) بکات، لە بەرامبەریشدا کورد ئامادەیە لە راپرسیەکەدا دەنگ بە ( کۆماری ئیسلامی ) بدات. بەڵام خومەینی لەسەر ئەم پێشنیازە رەزامەندی نیشان نەدا، بەو بیانووەی کە (( ئۆتۆنۆمی پێویست نیە، چونکە هەموو لایەك موسڵمانین )) ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٣١ ). هەر لە بارەی سەردانی شاندەکەوە، دکتۆر گوینتەر دیشنەر دەڵێ (( لە لایەن دەستەڵاتدارانی تارانەوە بە شاندەکە راگەیەنرا ؛ کە رێ بە کورد نادرێ نوێنەری لە ( ئەنجومەنی شورا ) دا هەبێ. چونکە کورد سوننی مەزهەبن و ئەندامەتی لە ( پەرلەمانی ئیماندارا ن ) دا تەنیا بۆ خەڵکی شیعەیە )) (کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل١٤٠).

ئاین هەمیشە چەکێك بووە بەدەست داگیرکەرانی خاکی کوردستانەوە بۆ رەتکردنەوەی داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد، بەو بیانووەی کە کورد هاوئاینن لەگەڵیاندا و پێویست ناکات داوای تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانیان بکەن.

یەکێك لە کێماسیە گەورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە تەنیا سیستەمێکی ئاینی نیە، بەڵکو سیستەمێکی مەزهەبیشە. بۆیە تەنیا پەیڕەوانی مەزهەبی شیعی، دەکرێ زۆر سودمەند بن لە دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمەش وای کردوە کورد لە ئێراندا لە دوو رووەوە بێبەش بێت، هەم لە رووی نەتەوەییەوە، هەمیش لە رووی مەزهەبیەوە بەو پێیەی زۆرینەی کوردانی ئێران لە پەیڕەوانی مەزهەبی سوننەن.

هەر سەبارەت بە راپرسیەکە، شێخ عزەدین حوسێنی[2] لە (١٩٧٩/٣/٢٩) دا لە رۆژنامەی ( اطلاعات ) راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا وتبووی (( وێرای پشتیوانیمان لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئێران، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ناروون و نادیارە، کە بە بۆچوونی من خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ( ئێرانی ئازاد ) دا

(١) بەرپرسێکی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو.

(٢) ناوبراو کەسایەتیەکی ئاینی دیاری کورد بوو، خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بوو. لە رووی داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەییەکانی کوردیشەوە، خاوەن هەڵوێستێکی جوامێرانە بوو.

دەستەبەر دەبێ. بۆیە تا کاتێ لە لایەن دەوڵەت و شورای ئینقلابی[1] ئیسلامیەوە مافەکانمان رانەگەیەنرێن، من بەشداری لە ( ریفراندۆم)[2] کەدا ناکەم، خەڵکیش بە ئاراستەی ئەو لێپرسراویەتیە میللی و مەزهەبیەی کە هەیەتی ئازاد و سەرپشکە )) ( رۆژهەڵاتی کوردستان،ل٣٧ ).

شێخ عیزەدینی حوسێنی هەرچەندە خۆی کەسێکی ئاینی بوو، بەڵام گومانی لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی هەبوو لە ئێراندا، بە تایبەتی کە ئەم سیستەمە مۆرکێکی مەزهەبی بەسەردا زاڵە. بۆیە ناوبراو داوای سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی دەکرد، بەر لە دەنگدان بە ( کۆماری ئیسلامی ).

دوای ئەوەی خومەینی ( خودموختاری ) بۆ کوردستان پەسەند نەکرد، حیزبی دیموکرات بە رەسمی داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە دەنگ نەدەن بە کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی ئاگادار نەبوون لە ناوەرۆکی کۆمارەکە ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٣٢ ). بێگومان ئەم هەڵوێستەی حیزبی دیموکرات زۆر دروست و ژیرانە بوو. چونکە دەنگدان بە ( کۆماری ئیسلامی )، واتای رازی بوونی دەگەیاند بە جێبەجێ نەکردنی داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد.

حیزبی دیموکرات لە رۆژی دامەزراندنیەوە (١٩٤٥/٨/١٦) تا نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بەردەوام بوو لەسەر بەرز کردنەوەی دروشمی خودموختاری. کۆمەڵەش لە دوای سەرکەوتنی ( شۆڕشی گەلانی ئێران )، هەمان دروشمی بەرز کردەوە ( پێشڕەو...، ژمارە ١٣،ل٢٨ ). لە راستیدا پێویست بوو هێزە کوردیەکان لە دوای نەمانی رژێمی شاهەنشا، لە بری دروشمی خودموختاری، داوای چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیان کردبایە، بە تایبەتی کە ئێران وڵاتێکی فرە پێکهاتەیە.

جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان ( کۆمەڵە ) و ( حدکا ) دا ئەوەبوو، دیموکرات[3] زیاتر بڕوای بە گرتنەبەری وتووێژ هەبوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە

(١) ئینقلاب بە زمانی فارسی، واتای ( شۆڕش ) دەگەیێنێ.

(٢) ریفراندۆم وشەیەکی ئینگلیزیە، کە هەمان واتای ( راپرسی ) هەیە.

(٣) حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، لەنێو خەڵکدا بە ( دیموکرات ) ناسراوە. چونکە لە رووی دەربڕینەوە ئاسانە.

چوارچێوەی ئێراندا. هەرچی کۆمەڵە بوو، کەمتر بڕوای بە گفتوگۆ هەبوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا. چونکە سەرکردایەتی کۆمەڵە زوو گەیشتە ئەو بڕیارەی، کە پێویستە لە رێگەی خەباتی چەکدارییەوە رژێمی سیاسی تازە بگۆڕدرێ ( کۆمەڵە،ل١٣٩ ).

ئەم جیاوازیەی نێوان ( کۆمەڵە و حدکا ) زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، دیموکرات وەك حیزبێکی ناسیونالیستی کوردی، بڕوای بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. هەرچی کۆمەڵە بوو، لەبەرئەوەی حیزبێکی کۆمۆنیستی بوو، وە بڕوای بە چەسپاندنی سیستەمی سۆشیالیزمی هەبوو لە وڵاتدا، بۆیە دژی هەبوونی سیستەمێکی ئاینی بوو لە ئێراندا.

هەر لە بارەی هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە پرسە سیاسیەکان لە ئێراندا، ئاماژە بە بەیاننامەی ژمارە (١٥٤) کۆمەڵە دەکەین، کە لە بەشێکیدا هاتووە (( ئێمە بۆ کۆمارێکی شۆڕشگێری دیموکرات تێدەکۆشین، وە دان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد دەنێین..... بەڵام ئێمە لایەنگری یەکێتی ئیختیاری گەلی کوردین لەگەڵ جەماوەری تری ئێران. بەرنامەی ئێمە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دامەزراندنی خودموختاریەکی بڵاو و دیموکراتە، کە گەورەترین سازمانی ئەم خودموختاریە، شۆرای خودموختاری گەلی کوردستان دەبێ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٨ ).

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە کۆمەڵە بڕوای بە کۆماری ئیسلامی نەبوو. چونکە لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی دانەمەزرا بوو. بێگومان مەبەستی کۆمەڵە دیموکراتیەتی لیبرالی نەبوو، بەڵکو دیموکراتیەتێکی سۆشیالیزمی بوو. هەروەها ئەو سیستەمە خودموختاریەی کە کۆمەڵە داوای دەکرد بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، دەیەویست لەسەر بنچینەیەکی سۆشیالیزمی دابمەزرێ.

دوای ماوەیەکی کەم لە سەرکەوتنی ( شۆڕشی گەلانی ئێران )، بە فەرمانی خومەینی دەستورێك لەسەر بنەمای ئاینی بۆ وڵات دارێژرا. شێخ عیزەدینی حوسێنی رەخنەی ئەوەی لە دەستورەکە گرت ؛ کە چۆن ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، پێویست بوو دەستورەکەشی دان بنێ بە مافە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی گشت گروپە ئیتنیکیەکان. هەروەها ناوبراو داوای دووبارە دیاری کردنەوەی سنورە هەرێمیەکانی کرد، بۆ ئەوەی چەندین ناوچە لە هەرێمەکانی ( ئازەربایجان و عیلام و کرماشان ) بخرێنەوە سەر

سنوری هەرێمی کوردستان. جگە لەمەش گروپێك کە ناوی لەخۆی نابوو ( یەکێتی موسڵمانانی کوردستان )، هەڕەشەی ڕاپەڕینی چەکداری دەکرد، ئەگەر داواکاری کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لە دەستوری پاکژ کراودا[١] دانی پێدا نەنرێ ( ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی،ل٧٤ ).

کێشەی هەرە گەورەی کورد لە ئێراندا ئەوەیە، کە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی بە ناوچەی کێشە لەسەر دادەنرێن لە نێوان کوردستان و هەرێمەکانی تری وڵاتدا. دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە و یەکلا کردنەوەی ناسنامەکەیان کارێکی زۆر سەخت و ئەستەمە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، حیزبی دیموکرات پێشنیازی ئەنجامدانی راپرسی کرد بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچانە، تاکوو لەو رێگەیەوە ناسنامە نەتەوەییەکەیان یەکلا بکرێتەوە. ئەمەش هەڵەیەکی سیاسی زۆر گەورە بوو، زیاتریش لەبەر ئەم سێ هۆکارەی خوارەوە ١) ناکرێ چارەنووسی بەشێك لە خاکی وڵات، وابەستە بکرێ بە پرۆسەیەك کە ئاکامەکەی نادیار بێت، بە تایبەتی ئەگەر سیستەمی سیاسی وڵات لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی دانەمەزرا بێت. چونکە هیچ کاتێ لە وڵاتە نادیموکراسیەکاندا، ئەگەری بەڕێوە چوونی راپرسیەکی سەرکەوتوو دەستەبەر نابێ ٢) لە ناوچە کوردیەکانی ( ئازەربایجان و عیلام ) دا، کورد رێژەی زۆرینەی دانیشتوان پێك ناهێنێ. بۆیە لە دەستدانی ئەو ناوچە کوردیانە لە رێگەی راپرسیەوە، ئەگەرێکی چاوەڕوان کراو دەبێ ٣) زۆرینەی کوردەکانی کرماشانیش لە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەن، کە هەستی نەتەوەییان زۆر لاوازە و زیاتر لایەنگری کۆماری ئیسلامین.

لە نیسانی (١٩٧٩) دا شێخ عیزەدینی حوسێنی چاوی کەوت بە ئیمام خومەینی، داوای لێکرد کە پشتگیری ( ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ) بکات، وە دەستورێکی ئیسلامی دابرێژێ کە بە تەواوی بنەماکانی هیچ مەزهەبێك[٢] تێیدا رەنگ نەداتەوە. خومەینی لە وەڵامدا وتبووی ؛ هەموو کەس لە ئێراندا چەوسێنراوەتەوە، بەڵام ئەو شتانە بۆ هەموو کەس چاك کراون (( چەوسانەوە نەماوە )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٧٨ ).

---

(١) دەستوری پاکژ کراو، مەبەست لە وێنەی کۆتایی دەستورە، کە وەك دەستوری پەسەند کراوی وڵات جێگر دەکرێ.

(٢) مەبەستی لە هەردوو مەزهەبی ( شیعە و سوننە ) بوو.

کورد لە ئێراندا پێویستە لە یەك کاتدا داوای مافە نەتەوەییەکان و نەهێشتنی جیاوازی مەزهەبی بکات. بەمەش ئەرکی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاّتدا، قورسترە لە بەشەکانی تری کوردستان. چونکە کێشەی کورد لە بەشەکانی تردا، تەنیا جیاکاری نەتەوەییە و کێشەی مەزهەبی نیە.

بێگومان داواکاری سەرکردایەتی کورد بۆ دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستانی رۆژهەلاّت بە دارشتنەوەی سنورەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و عیلام و کرماشان، ناپەسەند بوو بەلای دەستەلاّتدارانی ئێران و بەشێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە ( ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد،ل٨٢ ). بەمەش پرسی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە، ببووە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم دانوستانەکانی لایەنی کوردی و کۆماری ئیسلامیدا.

بێ ئاکام بووونی وتووێژەکانی نێوان کورد و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، بووە هۆی رووودانی پێکدادانی چەکداری لە نێوان کورد و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. حیزبی دیموکرات بەو بۆنەیەوە، نامەیەکی کراوەی بۆ چەندین ناوەندی جیهانی ئاراستە کرد، کە لە نامەکەدا سەبارەت بە ئامانجە سیاسیەکانی کورد هاتووە " ئامانجی ئێمە لەتکردنی ئێران نیە، ئێمە ئێرانین و ماف و دەستەلاّتی خۆمان لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەك پارچە و دیموکراتیدا دەوێ " ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٣٥ تا ٢٣٨ ).

هەمیشە حیزبە کوردیەکان لەوە ترساون کە لە لایەن نەیاران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، تۆمەتبار بکرێن بە جوداخواز. بۆیە بەردەوام پاساو و بیانوو دێننەوە، تاکوو بڕوایان پێ بکەن کە ئەوان سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان ناوێ. لە کاتێکدا کە چارەسەری بنەڕەتی پرسی نەتەوەیی کورد، تەنیا لە رێگەی جوودابوونەوە و دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دێتەدی.

دوای ئەوەی هێزە کوردیەکان لە بەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەرەنگاریەکی توندیان کرد، دەستەلاّتدارانی ئێران بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن لە رێگەی هێزەوە دەنگی ئازادیخوازانەی کورد کپ و بێ دەنگ بکەن. بۆیە خومەینی لە (٢٦) ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا لە پەیامێکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیدا داوای ئاگربەست و وتووێژی کرد، وە بەڵێنیدا کە مافەکانی کورد دابین بکات . دکتۆر ( گوینتەر دیشنەر ) یش هەر لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات ؛ دوای ئەوەی رژێمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لە

ڕێگەی هێزەوە جوڵانەوەی کوردی سەرکوت بکات، بۆیە بە تەکتیك پەنای بردە بەر وتووێژ، وە تاران گفتی بە کوردا کە جۆرە سەربەخۆییەکی لە بابەتی سەربەخۆیی ویلایەتەکانی ئەمریکا بە کورد بدات ( کورد گەلی لە خشتەبراوی...،ل١٤٠).

زۆربەی کات کە وڵاتە داگیرکەرەکان داوای وتووێژیان لە کورد کردوە، مەبەستیان بەدەست هێنانی کات و لە خشتەبردنی هێزە کوردیەکان بووە. هەمیشە لە ( پرۆسەی دانوستان ) یشدا، لایەنی کوردی زیانمەندی یەکەم بووە. چونکە دوای ئەوەی حکومەتەکانی ناوەندی هەلومەرجێکی گونجاویان بۆ هاتۆتە پێش، پاشگەز بوونەتەوە لەو گفتانەی کە بە کوردیان داوە و جارێکی تر پەنایان بردۆتەوە بەر ڕێگە چارەی سەربازی.

لە وتووێژەکانی نێوان حیزبی دیموکرات و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییەکانی (١٩٧٩) دا، شاندەکەی کۆماری ئیسلامی پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە کورد لە بری دەستەواژەی ( خودموختاری )، وشەی ( خودگەردانی ) بەکار بەرێ. چونکە ئەوان پێیان وابوو، خودموختاری واتای جیابوونەوە دەگەیێنێ ( ڕۆژهەڵاتی کوردستان،ل٩٧-٩٨ ). لە ڕاستیدا ناونانی شتەکان کێشە نیە، ئەگەر متمانە لە نێوان هەردوو لایەنی وتووێژەکەدا هەبێ. بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە، کە نیازی حکومەتەکانی ناوەندی جێگەی متمانە نین.

لە دوای دەست پێکردنەوەی وتووێژکانی کۆتایی ساڵی (١٩٧٩)، نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دژی ئەوە بوون **کە** ( کۆمەڵە ) و ( چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران – لقی کوردستان) بەشداری بکەن لە گفتوگۆکاندا. بەڵام ( کۆمەڵە ) پێی وابوو کە ( حدکا ) خۆی خواستی ئەوە بووە کە بە تەنیا بەشداری گفتوگۆکان بکات، ئەمەش بووە هۆی قوڵ بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٦ ).

کۆمەڵە هەڵوێستەکانی زۆر توند بوون بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، وە لە زۆر بۆنەدا داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵاتی کردبوو. پێدەچێ هەر بۆیەش نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دژی ئەوە بووبن کە کۆمەڵە بەشداری وتووێژەکان بکات. وە لە کاتێکدا کۆمەڵە داوای دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی پێشکەوتوو خوازی دەکرد لە جێگەی ڕژێمی ئیسلامی، پێویست بوو خۆی ئامادە نەبێ بەشداری وتووێژ بکات لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا.

کورد بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراندا کرد. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ( مەسعود رەجەوی ) [1] کە یەکێك بوو لە پاڵێوراوان بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار، بە شێوەیەکی رەسمی رایگەیاند بوو، ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ببێتە سەرۆکی کۆمار، خودموختاری بە مافی رەوای کورد دەزانێ. حیزبی دیموکرات لە بەرامبەر ( بەنی سەدر ) دا کە کاندیدی ئیمام خومەینی بوو، پشتیوانی لە رەجەوی کرد و بڕیاریدا دەنگی پێ بدات ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٤٧ـ٢٤٨ ). هەر لەبەر هەمان هۆش، ( کۆمەڵە ) ش پشتیوانی لە رەجەوی کرد ( کۆمەڵە،ل١١٤ ). هەڵوێستەکەی ( کۆمەڵە و حدکا ) دروست و گونجاو بوو. چونکە کورد مافی خۆیەتی پشتیوانی لەو لایەنە بکات کە بەڵێنی بەدی هێنانی مافەکانی پێ دەدات.

هەر لە ساڵی (١٩٧٩) دا حیزبی دیموکرات پڕۆژەیەکی سیاسی داڕشت، کە لە یەکێك لە بڕگەکانیدا هاتبوو (( دەبێ لە دیاری کردنی سنوری جوگرافی کوردستاندا، رەچاوی فاکتەرە مێژوویی و جوگرافیەکان و ئارەزووی زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە کورد تێیاندا نیشتەجێیە بکرێ )) ( الحركة الكوردية...،ص٣٣١ ). رەچاوکردنی راستیە مێژوویی و جوگرافیەکان بۆ دیاری کردنی سنوری جوگرافی کوردستان، باشترین رێگە چارەیە بۆ کورد. چونکە تەنیا لەم رێگەیەوە کورد دەتوانێ، زۆرینەی ئەو ناوچە کوردیانەی کە کێشەیان لەسەرە بەدەست بێنێتەوە.

لە راستیدا لەبەرچاو گرتنی ئارەزووی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە، بۆ کورد هەم هەڵەیەکی گەورەیە، هەمیش زۆر مەترسیدارە. چونکە دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە لە لایەن داگیرکەرانەوە، گۆڕانێکی زۆریان تێدا کراوە. ئاسایی کردنەوەی باری دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە، لە سایەی سیستەمی داگیرکاریەوە کارێکی زۆر ئەستەم و نەکردەیە.

لە کۆتایی وتووێژەکانی ساڵی (١٩٧٩) دا، لایەنی کوردی گەڵاڵەیەکی (٢٦) بڕگەیی داڕشت و کردی بە داخوازیە رەسمیەکانی خۆی، کە گرنگترین بڕگەکانی بریتی بوون لە ؛

---

(١) ناوبراو بەرپرسی یەکەمی مجاهیدینی خەلقی ئێرانە، رێکخراوەکەی خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێز بوو، وە خاوەنی بیروباوەڕێکی ئیسلامی بوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا باوەڕیان بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی هەبوو.

بڕگەی یەکەم : ((..... سەر زەمینی کوردستانی ئێران، هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە ئوستانەکانی ( ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا ) دەگرێتەوە )) بڕگەی سێ یەم : (( دەستەڵاتی نەتەوەیی کورد بەسەر زەوینی کوردستانی ئێراندا، بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکێتی ( سیاسی، ئابوری و نەتەوایەتی ) خاکی ئێراندا بەکار دەبرێ ))     بڕگەی شەشەم : (( ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان، بەرزترین ئۆرگانی دەستەڵاتداری نەتەوەیی کوردە لەسەر زەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا، کە لە رێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە پێك دەهێنرێ ))     بڕگەی پازدەهەم : (( کوردی لە پاڵ زمانی فارسی لە کوردستاندا، دەبێتە زمانی رەسمی )) ( پەنجا ساڵ خەبات،ل ٢٤٩تا ٢٥٥).

دوای ئەوەی گەلاڵە (٢٦) بڕگەییەکە ئاکامێکی نەبوو، حیزبی دیموکرات کورتەیەکی لە (٢٦) بڕگەکە لە (٦) بڕگەدا ئامادە  کرد و ناردی بۆ سەرۆك کۆمار ( ئەبولحەسەن بەنی سەدر )[1]. ئەویش بە رواڵەت پەسەندی کردبوو، بەڵام وتبووی دەبێ بیباتە شورای نگەهبان[2] ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٥ ). لەبەرئەوەی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، هیچ نیازێکی راستەقینەیان نەبوو بۆ جێبەجێ کردنی داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد. بۆیە هەرچەندە لایەنی کوردی نەرمی زۆری نواند لە هێنانە خوارەوەی ئاستی داخوازیەکانیدا، بەڵام نەیتوانی رەزامەندی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەدەست بێنێ.

لە کۆتایی (١٩٧٩) دا، پرسی هەڵبژاردنی گشتی ( ئەنجومەنی شورای میللی ) لە ئێراندا هاتە ئاراوە. حیزبی دیموکرات، ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکەدا لە راگەیەنراوێکی رەسمیدا بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەرنامەی گشتی کاری دوا رۆژی کاندیداکانی لە ئەنجومەنی نێوبراودا خستەڕوو، کە یەکەم ئامانجی بریتی بوو لە (( خەبات لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە رێبەرایەتی ئەمریکا )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٠ــ٢٧١ ). حیزبی دیموکرات کەم تا زۆر لەژێر کاریگەری رێبازی سۆشیالیزمی دابوو. بۆیە دژایەتی کردنی

---

(١) ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەمەش بوو بە یەکەم سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو لە مێژووی ئێراندا.

(٢) شورای نگهبان، بە کوردی واتەکەی ( ئەنجومەنی پاسەوانان ) دێ. ئەنجومەنێکی باڵای کۆماری ئیسلامیە، لەسەر زۆربەی پرسە هەستیارەکانی وڵاتدا راوێژ و بۆچوونی وەردەگیرێ.

ئەمریکا و سیستەمی ئیمپریالیزمی بە ئەرکی خۆی زانیوە. جگە لەمەش لە دوای نەمانی دەستەڵاتی شاهەنشا، رووخساری ئەمریکا لە ئێراندا زۆر ناشیرن ببوو، دوور نیە ( حدکا ) تارادەیەك بەم دۆخەش کاریگەر بوو بێت.

لە سەرەتای (١٩٨٠) دا، دەزگاکانی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی راگەیەنراوێکی ( خومەینی ) یان بڵاو کردەوە، کە تێیدا ناوبراو داوای لە دەستەڵاتداران کردبوو، گۆڕانکاری زیاتر لە دەستوردا بکرێ. بە جۆرێ کە مافە تایبەتیەکان بۆ کەمایەتی سوننە دەستەبەر بکرێ، وەك رێگەدان بە سوننە کە دادگای شەرعی خۆیان هەبێ لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن، بەڵام سەرکردایەتی کورد ئەم بیرۆکەیەی رەتکردەوە. چونکە دەیەویست کورد وەك گروپێکی ئیتنی جیاواز دانی پێدا بنرێ، نەك وەك گروپێکی ئاینی، بە تایبەتیش کە هەردوو مەزهەبەکە لەنێو کوردا بوونیان هەیە ( ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، ل٨٨). بێگومان لە کۆمارێکی ئیسلامی وەك ئێراندا، بە پلەی یەکەم بایەخ بە پرسە ئاینیەکان دەدرێ. کەچی بۆ کورد وەك پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، پرسە ئاینی و مەزهەبیەکان هیچ پەیوەندیەکیان بە کێشەی ئەوەوە نیە. چونکە بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی، بۆ کورد پرسە نەتەوەییەکان بایەخی زۆریان هەیە نەك ئاینیەکان.

لە شوباتی (١٩٨٠) دا، قاسملۆ نەخشەیەکی نوێی ئۆتۆنۆمی پێشکەشی بەنی سەدر کرد. بەپێی ئەم نەخشەیە قاسملۆ رازی بوو، ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەسەر بنچینەی دەنگدانی دانیشتوان دیاری بکرێ. بەڵام کوردەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و عیلام کەمینە بوون، کوردە شیعەکانی کرماشانیش زیاتر لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوون[١] نەك بزافی رزگاریخوازی کوردی. ئەمەش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوەی دەسەلماند، کە قاسملۆ وازی لە پێداگرتن لەسەر داواکردنی ناوچە کوردیەکانی ( ئازەربایجانی رۆژئاوا و عیلام و کرماشان) هێناوە. بەمەش کوردستانی داواکراو لە رووی کردەییەوە زۆر تەسك ببوەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٨٩ ). ئەمەش هەڵەیەکی سیاسی گەورە بوو کە قاسملۆ و حیزبی دیموکرات تێی کەوتن.

---

(١) پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە بە گشتی، مەیلی مەزهەبیان بەهێزترە لە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی، ئەمە بۆ کوردە شیعەکانیش راستە.

یەكێك لە كێشە گەورەكانی بەردەم دانوستانی حیزبی دیموكرات و كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی ئەوەبوو، بەنی سەدر سوور بوو لەسەر ئەوەی كورد چەك دابنێ، بەڵام قاسملۆ پێداگری لەسەر ئەوە كرد كە چەك دانەنێن هەتا ئۆتۆنۆمی جێبەجێ نەكرێ ( سەرچاوەی پێشوو،ل٨٩ ). بێگومان ئەگەر كورد چەك دابنێ بەر لە جێبەجێ كردنی داواكانی، ئەوا هیچ دەستەبەریەكی ( ضمانة ) دەست ناكەوێ كە كۆماری ئیسلامی داخوازیە نەتەوەییەكانی جێبەجێ دەكات.

لە (٢١ـ١٩٨٠/٢/٢٦) دا كۆنگرەی چوارەمی ( حدكا ) بەسترا، قاسملۆ لە پێناو درێژە دان بە پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ كۆماری ئیسلامیدا، ئەم پێنج خاڵەی خوارەوەی خستەڕوو ١) حیزب بەرگری لە سنورەكانی ئێران لە كوردستاندا بكات ٢) حیزب خومەینی بە رێبەری شۆڕشی ئێران بزانێ ٣) حیزب پشتیوانی لە كۆماری ئیسلامی بكات ٤) حیزب دژی ئیمپریالیزم خەبات بكات ٥) داوای خودموختاری بۆ كوردستان و دیموكراتی بۆ ئێران بكات ( رۆژهەڵاتی كوردستان،ل٢٠٩ ).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، كە حیزبی دیموكرات ئامادە بووە هەموو جۆرە نەرمیەك بنوێنێ لە پێناو دەستەبەر كردنی ( خودموختاری ) دا. واتە حیزبی دیموكرات هەوڵی داوە هیچ بیانوویەك نەهێڵێتەوە، تاكوو بەو هۆیەوە كۆماری ئیسلامی خۆی لە پێدانی مافە نەتەوەییەكانی كورد بدزێتەوە. لەم پێنج خاڵەی قاسملۆدا، چواریان پشتگیری بوون لە سیاسەت و سیستەمی كۆماری ئیسلامی. تەنیا ( خودموختاری كوردستان و دیموكراتی بۆ ئێران )، داخوازی حیزبی دیموكرات بوو لە كۆماری ئیسلامی، كەچی بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی بەم پرۆژەیەش رازی نەبوون. جگە لە خودموختاری كوردستان، كۆماری ئیسلامی دژی بیرۆكەی بە دیموكراتی كردنی ئێرانیش بوو. چونكە لە بنەڕەتدا دیموكراسی دژی بنەماكانی كۆماری ئیسلامیە.

دوای ئەوەی كۆماری ئیسلامی هێز و تواناكانی خۆی رێكخستەوە، وە لە بەڵێنەكانی پاشگەز بوەوە سەبارەت بە چارەسەركردنی كێشەی نەتەوەیی كورد. بۆیە جارێكی تر پێكدادانی چەكداری لە نێوان ( كورد و كۆماری ئیسلامی ) دا هاتە ئاراوە. لەم بارەیەوە جەلیل گادانی لە كتێبەكەیدا ( پەنجا ساڵ خەبات ) دەڵێ (( لە سەرەتاكانی (١٩٨٠) دا كە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بۆی روون بوەوە، كە رژێمی كۆماری ئیسلامی هیچ

نیەتێکی راستگۆیانەی نیە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراسی لە وڵاتدا، حیزب بە هێزە شۆڕشگێرەکانی راگەیاند : با هەل لەدەست نەدەین و بەرەیەك پێك بێنین و بتوانین بە هاوکاری یەکتری، پێش بە سەرەڕۆیی و سەپاندنی دکتاتۆریەتی درێژ خایەن بگرین، بەڵام وەڵامی ئەم پێشنیازەی حیزبی دیموکراتیان نەدایەوە )) ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٧٤ ).

هەر رژێمێکی تازە کە لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی و خۆسەپاندن دایە، ئەگەر شەقام و هێزە کاریگەرەکانی وڵات بە یەکگرتوویی رووبەڕووی ببنەوە و سنورێك بۆ خولیای سەرەڕۆیی و دکتاتۆریانەی دابنێن، ئەوا دەتوانن رێگە لە دروست بوونی دەستەڵاتێکی تاکڕەو و خۆسەپێن بگرن. بۆیە کاتێ هێزە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی کەمتەرخەمیان نواند بەرامبەر بە خۆسەپاندنی رەوتی مەزهەبی لە ئێراندا، ئەوا لە دەرنجامدا سیستەمێکی تۆتالیتاری مەزهەبی بەهێز و تەمەن درێژ لە وڵاتدا دامەزرا.

شکست هێنانی وتووێژ و دروست بوونەوەی شەڕ لە نێوان حیزبی دیموکرات و کۆماری ئیسلامیدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێیەکی توند لەنێو ریزەکانی ( حدکا ) دا. چونکە لە کاتێکدا قاسملۆ بێ ئومێد ببوو لەوەی کە بتوانرێ بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، بۆیە بە پێویستی دەزانی پەرە بە خەباتی چەکداری بدرێ بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد. کەچی جێگری سکرتێری حیزب ( غەنی بلوریان ) و هەندێ ئەندامی باڵای تری حیزب، بە پێویستیان دەزانی کەوا حیزب بەپێی بنەما و یاساکانی کۆماری ئیسلامی، داوای چارەسەری کێشەی کورد بکات. ئەمەش بووە هۆی لێك ترازانی حیزب بۆ دوو بەش. بەم جۆرە جیابووەکان ( المنشقین ) لە حیزب بە رێبەرایەتی غەنی بلوریان، رێکخراوێکی تازەیان دروست کرد بە ناوی (( حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ پشتیوانانی کۆنگرەی چوار )) ( الحرکة الکوردیة...،ص٣٣٦ ).

ئەگەرچی قاسملۆ نەرمیەکی زۆریشی نواند لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی ئاشتیدا، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد جێبەجێ بکات. بۆیە پرۆسەی ئاشتی بە تەواوی شکستی هێنا، بەمەش هیچ دەرفەتێك نەما بۆ پێداگری حیزبی دیموکرات لەسەر هەڵوێستە ئاشتیخوازانەکەی. بۆیە ئەم کارەی گروپەکەی ( غەنی بلوریان ) هەڵەیەکی سیاسی گەورە بوو، کە بووە هۆی زیان گەیاندنێکی زۆر بە ریزەکانی حیزبی دیموکرات.

# بەشی دووەم :

## ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی رۆژهەلأت لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا

لە مانگی (٩) ی ١٩٨٠ دا جەنگێکی هەشت ساڵی لە نێوان ( عێراق و ئێران ) دا هەلگیرسا، کە تا (١٩٨٨/٨/٨) بەردەوام بوو. ئەم جەنگە کاریگەریەکی زۆری لەسەر رەوشی بزافی رزگاریخوازی کوردی دروست کرد لە هەردوو دیوی باشور و رۆژهەلأتی کوردستان. چونکە هەم کوردستان بووە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی جەنگ، هەمیش هێزە کوردیەکان لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکران دژ بە یەکتری[1]. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ، کە جەنگەکە بۆ کورد لایەنێکی باش و لایەنێکی خراپی هەبوو. لایەنە باشەکەی ئەوەبوو، کە حیزبە کوردیەکان پشتوانیەکی زۆر باشیان بۆ دەستەبەر ببوو لە لایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە، بەمەش خەباتی چەکداریان بە شێوەیەکی باش پەرەی سەند. لایەنە خراپەکەشی ئەوەبوو، کە کوردستان ببووە گۆڕەپانی جەنگ، بەو هۆیەشەوە زیانێکی زۆر لە رووی گیانی و ئابوریەوە بەر کوردستان کەوت.

لە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگی ( عێراق ـ ئێران ) دا، حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی خۆی راگەیاند، کە لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە (( ئەگەر ئایەتولأ خومەینی یان سەرۆك کۆمار، شەش خاڵی پێشنیازی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ( خودموختاری ) دا پەسەند بکەن و بە شێوەیەکی رەسمی رایبگەێنن، وە ئەرتەش لە کوردستاندا پاشەکشێ بکات..... نە تەنیا کردەوەی نیزامی دژی ئەرتەش و پاسدار رادەگرین، بەڵکو شان بە شانی ئەوان بۆ بەرگری لە سنوری وڵاتەکەمان گیان بازی دەکەین )) ( پەنجا ساڵ خەبات،ل٢٨٣ـ٢٨٤ ).

---

(١) زۆربەی حیزبە کوردیەکانی باشور لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هاوکاری دەکران دژ بە حکومەتی عێراقی، وە حیزبە کوردیەکانی رۆژهەلأتیش لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە پشتیوانی دەکران دژ بە کۆماری ئیسلامی.

لە کاتێکدا حیزبی دیموکرات داوای خودموختاری کوردستانی دەکرد لە چوارچێوەی ئێراندا، بۆیە ئاسایی بوو ئەگەر ئێران داخوازیە سیاسیەکانی جێبەجێ کردبایە، لە بەرامبەردا ئەویش ئامادە بوایە بۆ بەرگری کردن لە سنورەکانی ئێران. چونکە دواجار خودموختاری، جیابوونەوە ناگەیێنێ لە ئێران. ئەم هەڵوێستەی حیزبی دیموکرات، ئەو راستیە دەخاتە روو کە حیزبەکە خۆی بە بەرپرس زانیوە بەرامبەر بە ئازادی و سەقامگیری وڵاتی ئێران، وە نیگەران بووە بەهۆی ئەو جەنگەی کە تووشی وڵاتەکەی هاتووە. کەچی سەرەڕای ئەم دۆخەی کە لە ئێراندا دروست ببوو بەهۆی جەنگەکەوە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوون گوێ لە داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد بگرن.

دوای ئەوەی ( موجاهیدینی خەڵك ) بە توندی کەوتە بەر لێدان و راوەدوونان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیەوە، پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەل حیزبی دیموکراتدا دروست کرد. بە ئامانجی بە گژاچوونەوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەوڵەت، لە لایەن هەردوو رێکخراوەکەوە ( شورای بەرگری میللی ) پێك هێنرا. لە گەلاڵەنامەی پێك هێنانی ئەم ( شورایە ) دا، تایبەت بە خودموختاری کوردستانی ئێران هاتبوو : کە ئەرکەکانی دەوڵەتی کاتی ( کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی ) دیاری کراوە، لە خاڵی یەکەمدا هاتووە (( ناوچەی خودموختار هەموو کوردستان دەگرێتەوە، وە چوارچێوەی ئەم ناوچەیە لە رێگەی دەنگی گشتی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣٨ ). بەمەش حیزبی دیموکرات لەسەر هەمان هەڵە بەردەوام بوو، کە بریتی بوو لە بەستنەوەی چارەنووسی ناسنامەی ناوچە کوردیەکان بە راپرسی گشتیەوە.

لە بەهاری (١٩٨١) دا کۆمەڵە کۆنگرەی دووەمی بەست، تێیدا ئەو بنەمایەی پەسەند کرد کە پرسی نەتەوایەتی پرسێکی لاوەکیە، وە لە بڕیارنامەی کۆنگرەدا نکولی لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی کرد لە کوردستاندا ( رۆژهەلاتی کوردستان،ل٢٤٨ ). راستە قورسایی و مەڵبەندی سەرەکی کۆمەڵە لە کوردستانی رۆژهەلات بوو، بەلاّم لە بنەڕەتدا کۆمەڵە پارتێکی کۆمۆنیستی بوو بۆ سەرتاسەری ئێران. بۆیە وەك پارتێکی کۆمۆنیستی ئێرانی، ئەو زیاتر بڕوای بە چەوساندنەوەی چینایەتی هەبوو نەك نەتەوایەتی. هەر بۆیەش بڕوای وابووە بە چارەسەرکردنی کێشەی چینایەتی، پرسی نەتەوایەتیش راستەوخۆ چارەسەر دەبێ.

له مانگی خاکه لێوەی (١٩٨١) دا حیزبی دیموکرات، شاندێکی نارده لای مەهدی بازرگان ( سەرۆك وەزیرانی ئێران ). له بارەی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات له چوارچێوەی ئێراندا قسەیان لەگەڵ ناوبراودا کرد، ئەویش پشتیوانی خۆی بۆ داخوازیەکانی کورد دەربڕی، بەڵام هیچ دەرنجامێکی لێ نەکەوتەوه ( پەنجا ساڵ خەبات،ل١٠٦ ).

رێکخراوێکی تری کوردی هەبوو له کوردستانی رۆژهەڵاتدا به ناوی ( سازمانی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران )، وەك له ناوەکەیەوه دیاره رێکخراوێکی ( ئیسلامی – نەتەوەیی ) بوو. ئەم رێکخراوه زیاتر بۆ رەت دانەوەی ئەو تۆمەتانەی کۆماری ئیسلامی دروست ببوو، که میللەتی کوردی به کافر و دژ به ئاین ناو دەبرد. ئەم رێکخراوه له سەرەتادا هەوڵی دەدا لەسەر بنچینەی بۆچوونەکانی ( ژێکاف )، بنەماکانی بەرنامه و رێبازه سیاسیەکەی دابڕێژێ، هەروەها بڕوای به ( خودموختاری ) ش هەبوو بۆ کوردستانی ئێران ( رۆژهەڵاتی کوردستان،ل٢٦٦ تا ٢٧٢ ).

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ رەوایەتی دان به سەرکوت کردنی نەتەوەی کورد، تۆمەتی کافر بوونیان دەخسته پاڵ کوردەوه. به درێژایی مێژووی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی له کوردستاندا، هەر کاتێ کورد داوای مافەکانی خۆی کردبێ، به کافر و هەڵگەڕاوه له ئاین تۆمەتبار کراوه. جیاوازی ( سازمانی خەبات ) لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا تەنیا ئەوەبوو، سازمان مۆرکێکی ئاینیشی هەبوو، نەوەك هەردووکیان بڕوایان به چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەبوو له چوارچێوەی ئێراندا لەسەر بنەمای خودموختاری.

له ئەیلولی (١٩٨٤) دا کۆمەڵه بەرنامەیەکی چوارده خاڵی بڵاوکردەوه، که هەندێ ئامانجی سیاسی لەخۆ گرتبوو سەبارەت به کوردستانی رۆژهەڵات. وەك دەبێ کوردستان له هەموو ئاستەکاندا له لایەن نوێنەرانی به ئازادی هەڵبژێردراوی خەڵکەوه بەڕێوه ببرێ، دەبێ رێگه به گەلی کورد بدرێ که بڕیاری پێك هێنانی حکومەتی خۆی بدات، نابێ ( یاسا ئاینی و کۆنه پەرستیەکان ) ی کۆماری ئیسلامی له کوردستاندا پیاده بکرێن ( ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی،ل١٠٦ تا ١٠٨ ).

کۆمەڵه له بەرنامه چوارده خاڵیەکەیدا، جەختی له پیادەکردنی خۆسەریەکی دیموکراتیانه کردۆتەوه له کوردستاندا، به جۆرێ که رێگه نەدرێ به پیادەکردنی ( یاسا نەریتی و ئاینیەکان) ی کۆماری ئیسلامی له کوردستاندا. کۆمەڵه له بەرنامەکەیدا باسی له

خودموختاری کوردستان نەکردوە، بەڵام ئەوەی ئەو داوای کردوە جۆرە خودموختاریەکی بەرفرەوانە، کە تێیدا گەل لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لە هەموو ئاستەکاندا کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێ.

لە ساڵی (١٩٨٥) دا، حکومەتی ئێرانی نوێنەرەکانی خۆی نارده لای حیزبی دیموکرات بۆ ئەنجامدانی وتووێژ، بەڵام دانوستان شکستی هێنا چونکە ١) حیزبی دیموکرات ئامادە نەبوو چەك دابنێ ٢) حیزب سوور بوو لەسەر داواکردنی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران ( الحركة الكوردية...،ص٣٤٢ ). گفتوگۆکانی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆماری ئیسلامی هەمیشە شکستیان هێناوە، کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان ئەوە بووە، کۆماری ئسلامی ئامادە نەبووە خودموختاری بۆ کورد بسەلمێنێ، لە هەمان کاتیشدا داوای لە حیزبی دیموکرات کردوە چەکەکانی دابنێ. کە لەمەدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر شانی کۆماری ئیسلامی، چونکە لە کاتێکدا کە ئامادە نەبووە داخوازیە نەتەوەییەکانی حیزبی دیموکرات جێبەجێ بکات، ئەی چۆن داوای لێکردوە کە چەکەکانی دابنێ؟!

هەر لە هەمان ساڵدا (١٩٨٥)، حیزبی دیموکرات راپۆرتێکی دەربارەی دۆخی شەڕ لە کوردستاندا بڵاوکردەوە، لە قسەکردن دەربارەی هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانەوە دەڵێ : حیزبی دیموکرات ئامادەیی خۆی بۆ پێك هێنانی بەرەیەکی سیاسی رادەگەێنێ، لە مەرجەکانی بەشدار بوون لەم بەرەیەدا هاتووە (( بڕوا بوون بە روخاندنی کۆماری ئیسلامی ..... دابین کردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی ستەم دیدەی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدڕاڵی..... )).

لەم راپۆرتەی حیزبی دیموکراتدا ئەم دوو خاڵە زۆر جێگەی سەرنجن یەکەم : حیزبی دیموکرات دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە هەوڵدان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بۆ سەلماندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی گەلی کورد بێ سوودە. بۆیە بە ئاشکرا ئامانجی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی رادەگەێنێ دووەم : باسکردنی ڕێگە چارەی فیدڕاڵی لە پاڵ خودموختاریدا، ئەوە دەگەێنێ کە حیزبی دیموکرات گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە مەرج نیە تەنیا بە ڕێگەی ( خودموختاری ) کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا چارەسەر بکرێ، بەڵکو ڕێگە چارەی ( فیدڕاڵی ) یش یەکێکە لە چارەسەرە زۆر گونجاوەکان.

لە ساڵی (١٩٨٩) دا بە ناوبژیوانی جەلال تاڵەبانی، وتووێژ لە نێوان قاسملۆ و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی سازدرا لە ( ڤیەنا ) ی پایتەختی نەمسا. ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەم

وتووێژەدا، پاکتاو کردنی کەسایەتی قاسملۆ بوو. بۆیە لە پیلانێکی تیرۆریستیدا توانی کۆتایی بە ژیانی قاسملۆ بهێنێ. بەمەش زیانێکی زۆر گەورە بەر حیزبی دیموکرات و بزافی رزگاریخوازی کوردی کەوت. لە بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جگە لە دەربڕینی ناڕەزایی و شەرمەزار کردنی تاوانەکە، هیچ هەڵوێستێکی سیاسی و یاسایی توندی نیشان نەدا.

# بەشی سێیەم :
# ئامانجە نەتەوەییەکانــی کــوردی رۆژهەلاَت
# لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا

رزگاربوونی بەشێك لە ناوچە کوردیەکانی باشوری کوردستان لە دوای راپەڕینی (١٩٩١)، وە دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی بە ناوی ( حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ١٩٩٢ دا، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بزافی رگاریخوازی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستاندا. لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەدا، هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاَت چەند گۆڕانکاریەکیان لە دروشمە نەتەوەییەکاندا ئەنجامدا. بە جۆرێ لەو ساتەوە، حیزبە کوردیەکان کەمتر باس لە خودموختاری دەکەن و دروشمەکانی ( فیدراڵی و مافی چارەی خۆنووسین ) یان هێناوەتە نێو باسانەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، لە کاتێکدا کە هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاَت لەوپەڕی توانا و هێزی خۆیاندا بوون، تەنیا باسیان لە خودموختاری دەکرد، بەلاَم دوای ئەوەی کەوتنە دۆخێکی زۆر دژوارەوە لە دوای وەستانی جەنگی ( عێراق ـ ئێران ) وە، وە تواناکانی ئێرانیش بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەند، ئاستی داخوازیە نەتەوەییەکانیان بەرزکردەوە، کە دەبوایە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بوایە.

کۆنگرەی دەیەمی ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ رێبەرایەتی شۆڕشگێر )[1] کە لە ١٩٩٤ دا بەسترا، لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبدا، دروشمی لە مێژینەی حیزب (( دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان )) گۆڕدرا و بوو بە (( دیموکراسی بۆ ئێران و دیاری کردنی مافی چارەنووس بۆ کوردستان )) ( پەنجا ساڵ خەبات، ل،١٠١ـ١٠٢ ).

وەك ئەوەی پێشووتر باسمان کرد، مەبەستی زۆربەی حیزبە کوردیەکان لە دروشمی مافی چارەی خۆنوسین، دیاری کردنی مافی چارەنووسی کوردە لە چوارچێوەی دەوڵەتی داگیرکەردا. سەبارەت بە ( حدکا ـ رێبەرایەتی شۆڕشگێر ) یش هەمان شتە. چونکە ئەگەر ئەو مەبەستی لە مافی چارەی خۆنوسین، سەربەخۆیی کوردستان بوایە، پێویستی نەدەکرد

---

(١) لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکراتدا، بەهۆی ناکۆکیە توندەکانی نێو حیزب، باڵێکی حیزبەکە بە سەرکردایەتی جەلیل گادانی جیابوونەوە و ( رێبەرایەتی شۆرشگێر ) یان دروست کرد.

له پاڵ ئەم دروشمەدا داوای ( دیموکراسی ) یش بکات بۆ ئێران. چونکە سەربەخۆیی کوردستان، هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە سیستەمی سیاسی دەوڵەتی داگیرکەرەوە نیە.

کۆمەڵە هەرچەندە بڕوای بە رەوایەتی پرسی کورد هەیە و لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە، بەڵام بەهۆی پاشخانە ئایدیۆلۆجیەکەیەوە ئەو بۆچوونەی هەیە، کە دەبێ پرسی سۆشیالیزم و ئامانجە چینایەتیەکان بخرێنە سەرووی پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە. وەك ئەوەی لە گوزارش و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە لە (١٩٩٤) دا هاتووە (( لە ئاست مەسەلەی میللی : کاری سیاسی و وشیاری دەرانەمان بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو ناسیونالیزمەیە کە بۆرژواییەکان بە وەسیلە[١] و هۆی جۆراو جۆری تەبلیغی[٢] و سیاسی و فەرهەنگیان لەنێو جەماوەردا پەرە پێدەدەن، دەبێ پەیگیرانە درێژەی پێ بدرێ و هەوڵ بدەین سۆشیالیزم و ئامانجە چینایەتیەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بکەوێتە سەرووی مەسەلەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە. لە رێگەی وتووێژ لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان کە خوازیاری لاچوونی ستەمی نەتەوایەتین، هەوڵ بدرێ بۆ رێك کەوتن لەسەر رێگە چارە و پلاتفۆرمێکی[٣] واحید لەم زەمینەدا )) ( گوزارشت و بەڵگەنامەکانی...،ل١٠٠ــ١٠١). بێگومان بۆ کۆمەڵە کە پارتێکی کۆمۆنیستیە، ئاساییە کە ئەم تێڕوانینە سیاسیەی هەبێ بۆ پرسی ناسیۆنالیزمی کوردی.

کۆنگرەی دەیەمی ( حدکا ــ رێبەرایەتی شۆڕشگێر )، پەیامێکی ئاراستەی ( پترۆس غالی) سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتبوو (( کۆنگرە داوا دەکات لە هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد لە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، پشتیوانی بکەن و یارمەتی بدەن بۆ وەرگرتنی کۆڕی نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد لەم رێکخراوەدا، بۆ داکۆکی کردن لە مەسەلە رەواکەمان )).

جیگەی سەرنجە ئەم داوایانەی ( حدکا ــ رێبەرایەتی شۆڕشگێر )، تەنیا تایبەت نەبوون بە کوردستانی رۆژهەڵات، بەڵکو پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەبوو لە تەواوی کوردستاندا. بەڵام لە راستیدا نەتەوە یەکگرتووەکان نە ئەو کات، نە ئێستاش لە توانایدا

---

(١) زاراوەی ( وسیلة ) وشەیەکی عەرەبیە، بە کوردی واتاکەی ( رێگە ) یە.

(٢) زاراوەی ( تبلیغ ) وشەیەکی عەرەبیە. لە زمانی فارسیدا بە واتای بڵاوکەرەوە و بانگەشە دێ.

(٣) زاراوەی پلاتفۆرم ( platform ) وشەیەکی ئینگلیزیە، واتاکەی بە کوردی ( بەرنامەی سیاسیی ) یە.

هەیە کێشە نەتەوەییەکان چارەسەر بکات، بەڵکو دەبێ نەتەوەکان خۆیان چارەسەری کێشەکانیان یەکلا بکەنەوە لە رێگەی خەبات و پشت بەستن بە خۆیانەوە.

لە ساڵی (١٩٩٦) دا، دەنگۆی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە بەشداری سەرجەم لایەنە سیاسیەکان زۆر بڵاوبوو، حیزبی دیموکرات ( رێبەرایەتی شۆڕشگێر ) هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەم کۆنگرەیە لە چەند خاڵێکدا راگەیاند، کە لە خاڵی شەشەمدا هاتووە (( خۆ بواردنی هەر حیزبێك لە ئیعتراف بە هەر چوار پارچەی کوردستان ناڕەوایە، هیچ کەس مافی ئەوەی نیە پارچەیەك لە کوردستان بکاتە " وجه المصالحة "[١] بۆ سازان لەگەڵ لایەنێکی تردا )) .

زۆربەی حیزبە کوردیەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا، زیاتر پشتیان بە هاوکاری دەرەکی بەستووە، هەندێ جار ئەم هاوکاریە لە لایەن وڵاتێکی داگیرکەری کوردستانەوەیە، بۆ فشار دروست کردن لەسەر نەیارەکانیان. هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان لە بەرامبەر هاوکاری کردنی حیزبە کوردیەکاندا، مەرج و داواکاری زۆریان هەبووە و هەیە، حیزبە کوردیەکانیش خۆیان ناچار بینیوە کە بچنە ژێر باری ئەو مەرج و داواکاریانە. لە مێژووی حیزبە کوردیەکاندا هەندێ نمونەی زۆر خراپمان هەیە. وەك نمونەی پەیوەندی پەکەکە و سوریا، حکومەتی سوریا تا دەرکردنی ئۆجەلان لە وڵاتەکەیدا پشتیوانیەکی زۆری ( پەکەکە ) ی دەکرد، لە بەرامبەردا پەکەکە ئامادە بوو چاوپۆشی لە کوردستانی بوونی خۆرئاوای کوردستان بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بزافی ناسیونالیستی لە کوردستاندا زۆر لاوازە. چونکە ئەگەر حیزبێك خۆی بە نەتەوەیی بزانێ، نابێ داوای هاوکاری لە داگیرکەرانی کوردستان بکات، وە ئەگەر بارودۆخی سیاسیش ئەوەی خواست کە بە شێوەیەکی سنوردار هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتێکی داگیرکەردا بکات، نابێ ئەمە لەسەر حیسابی کوردی بەشەکانی تری کوردستان بێت.

جەلیل گادانی سکرتێری ( حدکا – رێبەرایەتی شۆڕشگێر )، لە بارەی چارەسەر بوونی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا دەڵێ (( دیارە لە ئێراندا بەهۆی هەبوونی چەند نەتەوە و نەبوونی هاو فیکری و هاو خەباتی نێوانیان لە لایەك، وە مەترەح نەبوونی کێشەی کوردی

---

(١) ئەم دەستەواژەیە عەرەبیە، تاڕادەیەك لە زمانی کوردیدا هاو واتای نیە، کە زیاتر بە واتای ( هۆکاری پێك هاتن ) دێت.

کوردستانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەك پێویست لە لایەکی دیکەوە، چارەسەری ئەم مەسەلەیە کەوتۆتە پاش مەسەلەی کوردستانی عێراق، مەگەر رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بێتە پێش ( پەنجا ساڵ خەبات،ل١١٨ـ١١٩ ).

زۆربەی حیزبە کوردیەکان توانای دروست کردنی گۆڕانکاری گەورەیان نیە لەنێو خۆدا، چونکە لە بنەڕەتدا پشتیان بە توانا خودیەکانی جەماوەر نە بەستووە. بۆیە هەمیشە چاویان لە فاکتەری دەرەکیە. هەروەك چۆن ( جەلیل گادانی ) چارەسەر نەبوونی پرسی کورد لە ئێراندا، وابەستە دەکات بە لەبار نەبوونی کێشەی کوردستانی رۆژهەلات لەسەر ئاستی دۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆی ئێران.

جەلیل گادانی وەك سکرتێری ( حدکا ــ رێبەرایەتی شۆڕشگێر ) لە یەکەم سەردانیدا بۆ ئەمریکا، نامەیەکی ئاراستەی هانگ براون سەرۆکی ( کۆمیتەی فەرعی رۆژهەلاتی نزیك و ئاسیای باشور ) و ئەنجومەنی سەنای ئەمریکا ــ واشنتۆن دی. سی کرد، کە لە بەشێکی ناوەرۆکی نامەکەدا هاتبوو (( بەم هیوایە کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێجگە لە گەمارۆدانی ئابوری کە خستوویەتە سەر ئێران و ئێمەش بە تەواوی تەیدی دەکەین، بۆ کۆتایی هێنان بە دەستەلاتی رەشی ئاخوندەکان لە ئێران..... بە نەخشە و بەرنامەیەکی دیکەوە دەست بەکاربن و بە شێوەیەکی بەر بلاوتر و جددی تر دەگەڵ هێزە ئازادیخواز و بە تواناکانی ئۆپۆزسیۆن هاوکاری بکەن )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٦ تا ٢٠٩ ).

گەمارۆی ئابوری ئەوەندەی مەترسیە لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی، ئەوەندە مەترسی نیە لەسەر رژێم و دەستەلاتدارانی ولات. بۆیە پشتیوانی کردن لە گەمارۆی ئابوری، زۆرجار بە هەڵوێستێکی چەوت لە قەڵەم دەدرێ. بە تایبەتی کە چەندین رێو شوێنی تر هەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ولاتە زلهێزەکان دەتوانن بیگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی ولاتاندا.

لە دەرنجامی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیەوە، بەشێك لە حیزبە کوردیەکانی رۆژهەلات دەستبەرداری دروشمی ( خودموختاری ) بوون. بەلام زۆربەیان بەوە رازی بوون کە چارەسەری کێشەی کورد، پێویستە لە چوارچێوەی دەوڵەوتی ئێراندا بێت. ئەوەی زۆر جیگەی سەرنجە لە بارەی هێزە کوردیەکانی رۆژهەلات ئەوەیە، کە هەوڵی پێویست نادەن بۆ بەهێزکردنی توانای رێکخراوەکانیان لە رووی رێکخستن و بواری سەربازیەوە، بەڵکو زیاتر

چاوەڕێی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانن؛ بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا بتوانن بە شێوەیەکی بەهێز بگەڕێنەوە سەر شانۆی سیاسی. وەک ئەو گۆڕانکارییەی لە (١٩٧٩) لە ئێراندا ڕوویدا، کە بەهۆیەوە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات توانیان گەشەیەکی زۆر بە خۆیانەوە ببینن.

# بەشی چوارەم :
# ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی رۆژهەلاَت
# لە هەزارەی سێیەمدا

لە دوای رووداوی (١١) ی سێپتەمبەر لە (٢٠٠١) [١] ، ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست رووبەڕووی گۆڕانکاری گەورە بوەوە. چونکە ئەمریکا لەژێر ناوی شەڕی تیرۆریزمدا، هەم کۆتایی بە هەردوو رژێمی ( تالیبان و سەدام حسین ) هێنا لە ئەفغانستان و عێراقدا، هەمیش رووبەری دژایەتی کردنی ئێرانی فرەوانتر کرد، بە بیانووی ئەوەی کە ئێران پالپشتی تیرۆریزم دەکات. ئەم گۆڕانکاریانە راستەوخۆ کاریگەری دروست کرد لەسەر بزافی رزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی رۆژهەلاتدا.

لە دوای کۆتایی هێنان بە دەستەلاتی ( سەدام حوسێن ) لە عێراقدا، ئەمریکا ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ئێراندا خستە بەرنامەی خۆیەوە. یەکێك لەو ئامرازانەی کە ئەمریکا لە رێگەیەوە هەولیدا ئامانجەکانی لە ئێراندا بێنێتە دی، هاوکاری کردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بوو، لەنێویشیاندا ئۆپۆزسیۆنی کوردی. لەسەر ئەم بنچینەیە، پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان ئەمریکا و زۆرێك لە هێزە کوردیەکانی رۆژهەلاتدا دروست بوو.

جۆرێك باوەڕ لای هێزە کوردیەکانی رۆژهەلات دروست ببوو، کە بەهۆی هەولەکانی ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ئێراندا، وە بەرفرەوان بوونی نارەزاییە سیاسیەکان لەنێو خۆی ولاتدا، پرسی گۆڕانکاری لە رژێمی سیاسی ئێراندا یەکلا بووەتەوە. بۆیە هێزە کوردیەکان هەم کەوتنە چاو خشاندنەوە بە ئامانجە سیاسیەکانیان، هەمیش دەستیان کرد بە ئامادەکاری پێویست بە مەبەستی بەشداری کردن لە پرۆسەی گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە ولاتدا.

لەم بارەیەوە مستەفا هیجری ( سکرتێری حیزبی دیموکرات )، لە دیمانەیەکدا لەگەل گۆڤاری ( لڤین ) دەلێ (( ئێمە لەگەل (١٦) رێکخراوی سیاسی و کلتوری باقی نەتەوەکانی

---

(١) لەم رێکەوتەدا چەند فرۆکەیەکی نەفەر هەلگر لە لایەن تیرۆریستانی ( قاعدة ) وە رفێنران و خۆیان کێشا بە پنتاگۆن و هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویورك، کە بە هۆیەوە هەزاران کەس بوونە قوربانی.

ئێران، کە بێجگە لە نەتەوەی فارس، نوێنەری هەموو نەتەوەکانی وەکوو ( کورد، تورك، تورکمان، بەلوج، عەرەب ) ی تێدایە، یەکگرتنێکمان پێك هێناوە لەسەر بنەمای فیدراڵی ( نەتەوەیی ـ جوگرافیایی ) و هەموو هێزەکانمان یەکخستووە بۆ کاری هاوبەش، بە مەبەستی پێك هێنانی حکومەتێکی دیموکراتی فیدراڵ لە دوای نەمانی رژێمی کۆماری ئیسلامی )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە ١٣٥،ل٣٣ ).

رێك کەوتنی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران لەسەر رێگە چارەی فێدراڵی بۆ وڵاتەکەیان، بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە پێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێ. ئەمە ئەوەش دەگەێنێ کە هێزە کوردیەکانی رۆژهەڵات، دروشمی ( خودموختاری ) یان بە تەواوی تێپەڕاندوە. بەشدار نەبوونی نەتەوەی فارس لەم رێکەوتنەدا ، واتا رازی نەبوونی نەتەوەی سەردەستە بەوەی گشت نەتەوەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا یەکسان بن.

مستەفا هیجری ( فیدراڵی ) تەنیا بۆ کوردستانی رۆژهەڵات بە پەسەند نازانێ، بەڵکو بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش فیدراڵی بە چارەسەرێکی گونجاو دەزانێ. لەم بارەیەوە لە وەڵامی پرسیارێکی تری گۆڤاری ( لڤین ) دا دەڵێ (( ئێمە وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رێگە چارەی ( فیدراڵی ) مان لا پەسەندە، فیدراڵییەك لەسەر بنەمای جوگرافیایی و نەتەوەیی، بۆ ئەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی تێیدا نیشتەجێن، دەستەڵاتی بەڕێوەبردنی خۆیان هەبێ و لە بەڕێوەبردنی گشتی وڵاتیشدا بە گوێرەی یاسا بەشدار بن )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣ ).

خالید عەزیزی سکرتێری ( حدك ) [1] ، لە بارەی ئامانجە نەتەوەییەکانی حیزبەکەیەوە دەڵێ (( یەکێتی داخوازانە و دادپەروەرانە لە نێوان نەتەوەکانی ئێران، بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئێرانێکی دیموکراتی فیدراڵی دەزانێ )) ( wikipedia . org ). واتە حیزبەکەی ( خالید عەزیزی) یش هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی، کە باشترین چارەسەر بۆ پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیە.

---

(١) لە دوای جیابوونەوەی گروپەکەی ( غەنی بلوریان ) لە حیزبی دیموکرات، هەمیشە لە یەك کاتدا ( دوو تا سێ ) حیزبی دیموکرات بوونیان هەبووە تا ساڵی (٢٠٢٢). لەو ساڵەدا بە یەکگرتنەوەی ( حدك و حدکا )، حیزبی دیموکرات جارێکی تر بوەوە یەك حیزب.

پارتی سەربەستی کوردستان لە شوباتی (٢٠٠٦) دا، وەك پارتێکی ناسیونالیستی لە کوردستانی رۆژهەلاتدا دامەزرا. ئەم پارتە باوەڕی بە خەبات هەبوو بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد تاڕادەی سەربەخۆیی ( هەفتەنامەی ئۆرگەئی داك، نێت ). لە راستیدا تەنیا ئەوە بەس نیە کە دروشم و ئامانجی گەورە بەرز بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە بۆ بەدی هێنانی ئامانجی گەورە کاری مەزنیش ئەنجام بدرێ. چونکە ئەگەر رێکخراوی سیاسی لە رووی کردەییەوە هەنگاوی گەورە نەنێ، هەرگیز ناتوانێ لە ئاست ئەنجامدانی گۆڕانکاری گەورەدا بێت.

هەندێ لە هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلات لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، نەك هەر دژایەتیان نیشان نەدا بەرامبەر بە پرسی دەست تێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا، بەڵکو پشتیوانیان لە پرۆژەکەی ئەمریکاش کرد. بەڵام هەندێ لایەنی تر، دژایەتی خۆیان بۆ ئەم پرسە بە ئاشکرا راگەیاند.

لەم بارەیەوە ئیبراهیم عەلی زادە ( سکرتێری کۆمەڵە )، لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری ( لڤین ) دا دەڵێ (( خەباتی خەڵکی کوردستان، بەشێکی جیا نەکراوەیە لە خەباتی سەرانسەری خەڵکی ئێران. ئەمەش رژێمی کۆماری ئیسلامی لاواز دەکات، وە دەرفەتێکمان بۆ دەرەخسێنێ کە بەکەڵك وەرگرتن لە ئامادەبوون و ئەزموونی خەڵکی کوردستان، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی راپەڕینی خەڵك و چالاکی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان رابماڵین..... ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نین، ئەمریکا هێرشی سەربازی بکاتە سەر ئێران. بەڵام لە ئەگەری پێشهاتێکی واشدا بێ لایەن دانانیشین، هەوڵ دەدەین بەر بە روودانی کارەسات گەلێك بگرین کە لە ئاکامی دەست تێوەردانی دەرەکیدا دێتە ئاراوە، وە هەوڵ دەدەین هەلومەرجێکی باشتر بهێنینە ئاراوە )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣٨، ل٣٧ ).

هەر وەك چۆن لە عێراقدا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە درێژایی دەیان ساڵ، سەرکەوتوو نەبوون لە گۆڕینی رژێمی سیاسی وڵاتدا، تا دەستی دەرەکی ( ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ) گۆڕانکاریان لە سیستەمی سیاسی عێراقدا ئەنجامدا. بە سەرنجدان لە خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی ئێرانیش بە درێژایی زیاتر لە چل ساڵ (١٩٧٩ـ٢٠٢٣)[١] لە دژی رژێمی کۆماری

(١) ئێستا کە خەریکی پێداچوونەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەم، مانگی نۆی (٢٠٢٣) یە.

ئیسلامی، ئەستەمە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بتوانن بە پشت بەستن بە خۆیان گۆڕانکاری لە ڕژێمی سیاسی وڵاتدا ئەنجام بدەن. بۆیە هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە، ئەگەر هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن بەم سادەییە دەست تێوەردانی دەرەکی ڕەت بکەنەوە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات.

خالید عزیزی ( سکرتێری حدك ) هەر سەبارەت بە ئامانجە نەتەوەییەکانی حیزبەکەی لە دیدارێکی لەگەڵ ( لڤین ) دا دەڵێ (( سەبارەت بە مەسەلەی ستراتیجی، ستراتیجی ئێمە لە کۆنگرەی (١٤) دا پەسەند کراوە، کە هەوڵ دانە بۆ بەدی هێنانی ( مافی دیاری کردنی چارەنووس )، بەڵام ئێستا دروشمان دامەزراندنی کۆماری کوردستانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی فیدڕاڵدا )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣٩،ل١٥ ).

مافی چارەی خۆنوسین، بریتی نیە لەوەی کە حیزب بڕیار بدات چی دەوێ، بەڵکو بریتیە لەوەی کە خەڵك چی دەخوازێ. زۆر لە حیزبە کوردیەکان دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین) بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگە چارەیەك دەست نیشان دەکەن، بۆ نمونە وەك فیدڕاڵی. لە ڕاستیدا ئەمە ناکۆکە لەگەڵ کرۆکی ( مافی چارەی خۆنووسین ) دا. داواکردنی کۆماری کوردستانیش لە چوارچێوەی ئێراندا، لە ڕووی ڕاستیەوە هەڵەیەکی گەورەیە. بەکار هێنانی دەستەواژەی ( کۆماری کوردستان )، زیاتر بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی بیرەوەری و سەروەری ( کۆماری کوردستان ) ی قازی محەمەدە، کە هەوڵدان بوو بۆ لاسایی کردنەوەی ( کۆمارە ئۆتۆنۆمیەکان ) ی یەکێتی سۆڤیەت.

حوسێن یەزدان پەنا[1] لە چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری ( لڤین ) دا، لە بارەی ئامانج و دروشمی حیزبەکەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراندا دەڵێ (( ئێمە لەو باوەڕە داین کە نەتەوەیەکی وڵات داگیرکراو، دەبێ ئامانجی ڕزگاری و پێك هێنانی دەوڵەت بێت. ئۆتۆنۆمی کە زیاد لە نیو سەدە ببووە دروشمی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئێمە ئەوەمان بە گونجاو نەدی لەگەڵ ماف و ئامانجەکانی کوردا..... بەڵام بۆ ئێستا، ئێمە دروشمی فیدڕاڵیمان پەسەند کردوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٧،ل١٧ ).

(١) ناوبراو ئەو کات ( جێگری سەرۆکی پارتی ئازاد کوردستان ) بوو، بەڵام ئێستا سکرتێری حیزبەکەیە. پاك ( PAK ) ، کورتکراوەی پارتی ئازادی کوردستانە.

لە راستیدا چارەسەری بنەڕەتی کێشەی نەتەوەی کورد، تەنیا لە ڕێگەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دێتەدی. هەبوونی باوەڕێکی لەم جۆرە لە لایەن سەرکردەی حیزبە کوردیەکانەوە، زۆر گرنگ و پێویستە. چونکە ئەگەر لە دۆخی ئێستاشدا کورد نەتوانێ سەربەخۆیی دەستەبەر بکات، رەنگە لە دوارۆژدا بتوانێ ئەم ئامانجە بێنێتە دی.

پارتی ژیانەوەی ئازادی کوردستان ( پژاك )، لە ٢٠٠٤ دا وەك باڵێکی ( پەکەکە ) ی تایبەت بە کوردستانی رۆژهەڵات دامەزرا. لە ئەدەبیات و راگەیاندنەکانی ئەم پارتەدا، ئەوە دەردەکەوێ کە باوەڕی بە خەبات کردن هەیە لە پێناو ( کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ) دا. یەکێك لە سەرکردەکانی پژاك بە ناوی ( شێرزاد کمانکر )، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ( شرق الاوسط ) لەم بارەیەوە دەڵێ (( خەباتەکەمان چڕ کردۆتەوە لە بەشی ئێران ( کوردستانی ئێران )، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی گەلی کوردمان دووچاری مەترسی بوو لە بەشێکی تردا، ئێمە کەمتەرخەم نابین لە بەرگری کردن لێی..... ئێمە لە بنەڕەتدا باوەڕ ناهێنین بە سنورە دەستکردەکان، گەلی کوردمان بە یەك گەل دەزانین. لەسەر ئەو بنچینەیە، چەندین جار داوای یەکێتی نەتەوەیی کوردمان کردوە، بەردەوام داوای بەدی هێنانی ئەم یەکێتیە دەکەین بۆ رووبەڕوو بوونەوەی رژێمە رەگەز پەرستەکان، کە دەیانەوێ بوونی نەتەوەییمان لەناوبەرن )) ( شرق الاوسط، عدد١١٥٣٨ ).

بەپێی ئەم تێڕوانینەی ( شێرزاد کمانکر ) بێت، پژاك ئامادە نیە دان بە دۆخی پارچە پارچەیی کوردستاندا بنێ، وە جیاوازی ناکات لە نێوان هیچ بەشێکی کوردستاندا. بە واتایەکی تر پژاك، باوەڕی بە تێکۆشان هەیە لە پێناو ئازادکردنی گشت بەشەکانی کوردستان. بەڵام بە گوێرەی ئەوەی پژاك باڵێکی ( پەکەکە ) یە، ( پەکەکە) ش لە ئێستادا دەستبەرداری دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بووە، بۆیە ناتوانین دڵنیا بینەوە لە راستی ئەم بانگەشانەی پژاك .

لە وەڵامی پرسیارێکی تری ( شرق الاوسط ) دا، شێرزاد کمانکر دەڵێ (( ئێمە لە بنەڕەتدا باوەڕمان بە بنەما و دروشمی گۆڕینی رژێم نیە. هەرچەندە رژێم رەوایەتی لەدەست داوە، بە بەڵگەی نارەزاییە بەردەوامەکان بە درێژایی چەندین ساڵ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ژ١١٥٣٨). لە راستیدا ناتوانین مەبەستی ( شێرزاد کمانکر )، سەبارەت بە ( گۆڕینی

رژێم ) بە تەواوی روون بکەینەوە. بەڵام بەو پێیەی کە دەڵێ ( رژێم رەوایەتی لەدەست داوە )، پێدەچێ مەبەستی ناوبراو ئەوە بێ، کە چارەسەر بوونی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا وابەستە نیە بە گۆڕینی رژێمی سیاسی ئێرانەوە. چونکە پرسی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە و پەیوەندی بە ئازاد بوونی خاکی کوردستانەوە هەیە، نەك بە گۆڕینی رژێمی سیاسی لە وڵاتانی داگیرکەردا.

سەبارەت بە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ئەم دواییانەی ئێران[١] و ئەگەری هاتنە ئارای گۆڕانکاری گەورە لە دۆخی سیاسی وڵاتدا، شێرزاد کمانکر لە وەڵامی پرسیارێکی تری ( شرق الاوسط ) دا دەڵێ (( داوای پێك هێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی فرەوانمان کرد، کە هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران لەخۆ بگرێ بۆ سەرکردایەتی کردنی قۆناغی داهاتوو )) ( سەرچاوەی پێشوو،ژ١١٥٣٨ ). بێگومان لە کاتی دروست بوونی گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی وڵاتدا، ئێران پێویستیەکی زۆری بە بوونی بەرەیەکی نیشتیمانی دەبێ لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا.

لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠) دا ( کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ـ رەوتی یەکگرتنەوە ) و ( پارتی سۆشیال دیموکراتی کوردستان ) لە بەیاننامەیەکدا یەکگرتنی خۆیان راگەیاند، وە بڕیاری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێی چەکداریاندا لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، وە پێیان لەسەر ستراتیجیەتی سەربەخۆیی داگرت ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٢٥،ل٤٤ تا ٤٦ ). ئەگەرچی ئەوە (١٣) ساڵە بەسەر راگەیاندنی ئەم بەیاننامەیەدا تێدەپەڕێ، کەچی لە رووی کردارییەوە هیچ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکمان بەدی نەکردوە. واتە ئەم بەیاننامەیە جگە لە پڕوپاگەندەیەکی سیاسی، هیچی تری بەرهەم نەهێناوە.

پژاك لە دوای ساڵی (٢٠١٨)، چالاکی گەریلایی وەستاند بەرامبەر بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. هەرچەندە لە ئەدەبیات و راگەیاندنی خۆیدا، پژاك ئێران وەك دەوڵەتێکی داگیرکەر ناودەبات. کەچی تەنیا جەخت لە شێوازی ئاشتیانەی خەبات دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێراندا، وە لەو بڕوایە دایە کە رووخاندی رژێمی سیاسی لە

---

(١) کە زیاتر مەبەستمان لە ( خۆپیشاندانەکان و قەیرانی ئەتۆمی و ئەگەری بەکار هێنانی هێز دژی ئێران لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە ) یە.

وڵاتدا ئەرکی بزافی رزگاریخوازی کورد نیە. پێدەچێ جۆرە رێکەوتنێکی نهێنی لە نێوان ( کۆماری ئیسلامی و پەکەکە ) دا هەبێ بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان. بۆیەش پژاك لە چالاکی گەریلایی لە دژی ئێران خۆی بەدوور گرتووە.

ئەم هەڵوێستەی پژاك بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، ناڕەزایی توندی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی لێکەوتەوە. هەر لە (٢٠١٨) دا پێنج حیزبی رۆژهەڵات کە بریتی بوون لە ( حدك، حدکا، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ) بەیاننامەیەکی توندیان لە دژی هەڵوێست و بۆچوونی ( کۆدار )[١] بەرامبەر بە رژێمی کۆماری ئیسلامی بڵاوکردەوە. وە رەخنەی توندیان لەو هەڵوێستە گرت کە دژی هەوڵدانە بۆ رووخاندنی رژێم، وە لە هەمان کاتدا دژی خەباتی چەکداریشە بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران ( xwakurk.com ).

بەهۆی خراپی دۆخی ئابوری خەڵك، لە ساڵەکانی (٢٠١٩،٢٠٢٠) لە ئێراندا خۆپیشاندانی بەرفرەوان لە دژی دەوڵەت بەڕێوەچوو ( wikipedia . org ). کوردانی رۆژهەڵاتیش بەشداریەکی بەرچاویان هەبوو لە ئەنجامدانی چالاکی جەماوەریدا دژ بە رژێمی ئیسلامی. حیزبە کوردیەکانی رۆژهەڵات بە کردەوە پشتیوانی خۆیان بۆ خۆپیشاندانەکانی ئێران و ناوچە کوردیەکان راگەیاند. کەچی پژاك دژایەتی خۆی بەرامبەر بە شێوازی توند و تیژیانەی خەبات نیشاندا. لەم بارەیەوە سیامەند موعینی ( هاوسەرۆکی پژاك ) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەل شار پرێسدا دەڵێ (( لە روانگەی ئێمەوە چارەسەری کوردستان لە شەڕ و چالاکی نیزامیدا[٢] نیە ، بەڵکو پاراستنی نیزامی ( ئاسایش ) بەشێکە لە ئاجندایەکی گشتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەل )) ( شار پرێس،٢٠٢٢/١/٢٤ ). لە راستیدا حیزبی سیاسی پێویستە لە ساتە ناخۆش و دژوارەکاندا شان بەشانی جەماوەر بوەستێ و لە گۆڕەپانی خەباتدا بە تەنیا جێی نەهێڵێ. بۆیە لەم رووەوە ئەم پاساوانەی پژاك قبوڵ کراو نین.

پژاك باوەڕی بە بنەمای گفتوگۆ هەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێراندا، بەڵام پێی وایە گفتوگۆ کاتێ بەرهەمدار دەبێ کە هاوسەنگی هێز لە

(١) کۆدار کورت کراوەی ( کۆمەڵگەی دیموکراتیك و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستانە )، کە رێکخراوێکی چەتر ئاسایە و پژاك بەشێکە لەم رێکخراوە.

(٢) مەبەستی ناوبراو لە چالاکی نیزامی، چالاکی چەکداریە.

نێوان هەردوو لادا لە ئارادا بێت. لەم بارەیەوە سیامەند موعینی سەبارەت بە دیداری نێوان پارتە کوردیەکان و کۆماری ئیسلامی بە ناوبژیوانی رێکخراوێکی نەرویجی، لە وەڵامی پرسیارێکی شار پرێسدا دەڵێ (( باوەڕمان بەم جۆرە دیالۆگە نیە و پێمان وایە چارەسەر لەگەڵ خۆی ناهێنێ و تەنیا خزمەت بە بەردەوامی دەستەڵاتی دکتاتۆر دەکات. دیالۆگ دەبێ لەسەر بەستەرێکی گونجاو، لەسەر ئەساسی باڵانسی هێز بێت )) ( سەرچاوەی پێشوو ،٢٠٢٢/١/٢٤).

پەکەکە لەژێر کاریگەری نەخشە رێگای ئۆجەلاندا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بڕوای بە پرۆژەی ( دەوڵەت ـ نەتەوە ) نەماوە. لە بەرامبەردا پشتگیری لە بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراتیك و کۆنفیدراڵ دەکات، کە تێیدا گشت پێکهاتە و نەتەوەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا بە شێوەیەکی یەکسان بژین. هەر بۆیە ( کۆدار ) یش لە کۆنگرە سێیەمدا کە لە مانگی گوڵانی (٢٠٢٠) دا سازدرا، سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێراندا پشتگیری خۆی بۆ پرۆژەی ( نەتەوەی دیموکراتیك ) نیشاندا، کە ناکۆکە لەگەڵ پرۆژەی ( دەوڵەت ـ نەتەوە ) دا ( kodar.info ، ٢٠٢٢/٨/١٦ ). تاڕادەیەکی زۆر جێبەجێ کردنی پرۆژەی ( نەتەوەی دیموکراتیك ) لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کارێکی نەکردەیە، بەهۆی نەبوونی کەلتوری پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەنێو گەلانی ناوچەکەدا. بۆیە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد، کارکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە زیاتر کات بە هەدەر دانە.

دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە (٢٠٢٢/٩/١٦) دا ( wikipedia . org ) لە لایەن هێزەکانی پۆلیس لە تاران، بە تۆمەتی پابەند نەبوون بە سەرپۆش ( حجاب )، نارەزایی و خۆپیشاندان تەواوی ئێرانی گرتەوە، کە چەقی خۆپیشاندانەکان رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. حیزبەکانی رۆژهەڵات پشتیوانیەکی زۆریان لە ئامانج و داواکاری خۆپیشاندەران کرد، وە سووربوونی خۆیان لەسەر گۆڕینی رژێمی فەرمانڕەوا و چارەسەرکرنی پرسی کورد لە ئێراندا راگەیاند.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئێستا لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا، جگە لە چەند لایەنێکی کەم کە باسی سەربەخۆیی دەکەن، زۆربەی هێزەکانی تر داوای چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی دەکەن لە ئێرانێکی دیموکراتدا. واتە زۆربەی هێزە کوردیەکان دەیانەوێ لە ئێراندا لە بری رژێمێکی ئاینی، سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵی بەرقەرار بێ. لە راستیدا

کاتێ ئەگەری هاتنەدی ئەم ئامانجە لە تواناڤا دەبێ، کە ببێتە داخوازی تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران.

# دەروازەی نۆزدەهەم
# خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە باشوردا لە نێوان سالأنی (١٩٩١ـــ٢٠٠٣)

## بەشی یەکەم :
## ئامانجە سیاسیەکانــی کــوردی باشورلــە دوای راپەڕینەوە تا شەڕی ناوخۆ

### ـــ دۆخی باشوری کوردستان لە دوای راپەڕینی (١٩٩١) :

لە (١٩٩٠/٨/٢) دا سوپای عێراقی کوێتی داگیرکرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم داگیرکاریەی عێراقیان بە توندی رەتکردەوە. بۆیە لە (١٩٩١/١) دا هێزی هاوپەیمانان[١] جەنگیان لە دژی عێراق دەست پێکرد و توانیان وڵاتی کوێت رزگار بکەن. دوای ئەو شکستە گەورەیەی دووچاری سوپای عێراقی هات، زەمینە رەخسا بۆ سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەری لە باشوری عێراقدا دژی رژێمی فەرمانڕەوا، کە بەو هۆیەوە زۆربەی ناوچەکانی باشوری وڵات کەوتنە دەست خەڵك. ئەمەش رێ خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەری لە کوردستانی باشور لە رێکەوتی (١٩٩١/٣/٥) دا. خەڵکی کوردستان بە پاڵپشتی حیزبە کوردیەکان، توانیان زۆربەی رووبەری خاکی باشوری کوردستان رزگار بکەن بە شاری کەرکوکیشەوە.

راپەڕین وەرچەرخانێکی سیاسی گەورە بوو لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی باشوردا، بە جۆری مێژووی هاوچەرخی باشوری کوردستانی کرد بە دوو بەش، بەر لە راپەڕین و دوای راپەڕین. بەرهەمی راپەڕین بریتی بوو لە دروست بوونی

(١) مەبەست لە هێزی ئەو وڵاتانەیە، کە هاوپەیمانەتیان پێك هێنا لە جەنگی ئازاد کردنی کوێتدا.

دەستەڵاتێکی کوردی لە (٣) پارێزگای باشوری کوردستاندا[١]، کە ئەمە لە رووی نەتەوەییەوە دەسکەوتێکی مێژوویی گەورە بوو.

راپەڕین پێگەی سیاسی کوردی لە باشوری کوردستاندا لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهاندا زۆر بەرز کردەوە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە هەرێمیەکانی ناچار کرد، بایەخێکی تایبەت بە رووداوەکانی کوردستانی باشور بدەن. لەم گۆشە نیگایەوە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگهێشتی سەرکردایەتی ( یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی ) ی کرد بۆ وڵاتەکەی. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی تورکیا ( تونگای ئۆزگیری ) لە رێکەوتی (٩ـ١٩٩١/٣/١٠)[٢] دا پێشوازی لە شاندە هاوبەشەکەی کورد[٣] کرد. لایەنی کوردی لە دیدارەکەدا ئەوەیان ورژاند، کە لێرە بە دواوە هەماهەنگی لەگەڵ تورکیادا دەکەن و پێویستیان بە هاوکاری حکومەتی تورکیا هەیە. داوای ئەوەشیان لە تورکیا کرد، داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات کە گرنگی زیاتر بە کورد بدات ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل١٨٠ ). هەورەها جەلال تاڵەبانی پێشنیازی فیدراڵی لە نێوان کوردستانی باشور و تورکیادا، خستە بەردەم بەرپرسانی تورک ( احداث عاصرتها،ص٣٦٣ ).

چەسپاندنی فیدراڵی لەنێوان کوردستانی باشور و تورکیادا، لە رووی کردەییەوە کوردستانی باشور دەکاتە بەشێك لە خاکی تورکیا. جێبەجی بوونی ئەم پێشنیازە لە دوو رووەوە بۆ کورد قازانج دەبێ ١) کوردستان لە چوار بەشەوە، کەم دەبوەوە بۆ تەنیا سێ بەش ٢) بە یەکگرتنەوەی باشور و باکوری کوردستان، ئەم بەشە تازەیەی کوردستان لە رووی قەبارەی دانیشتوانەوە گەورەتر دەبوو، وە لە رووی توانای ئابوریشەوە بەهێزتر دەبوو. جگە لەمەش، زۆرترین رێژەی کورد دەبوونە بەشێك لە کێشوەری ئەوروپا. بەڵام ئەم پێشنیازەی جەلال تاڵەبانی، لە دوو رووەوە شیاوی رەخنە لێ گرتنە ١) مام جەلال کە ئەم پێشنیازەی کرد، پرس و راوێژی لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێکی کوردیدا نەکردبوو ٢) کە تازە سەرەتای راپەڕین بوو لە کوردستانی باشور و ناوچەکانی تری

(١) پارێزگاکان بریتی بوون لە ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك )، بێگومان ئەو کات پارێزگای هەڵەبجە دروست نەببوو.

(٢) ئەم دیدارە تەنیا لە دوای (٤) رۆژ لە دەست پێکردنی راپەڕین لە باشوری کوردستاندا ئەنجام دراوە. ئەمەش وریایی دەوڵەتی تورکیا دەسەلمێنێ بەرامبەر بەو رووداوانەی ناوچەکە کە پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە.

(٣) لەم شاندە هاوبەشەدا، جەلال تاڵەبانی نوێنەرایەتی یەکێتی دەکرد و محسن دزەییش نوێنەرایەتی پارتی دەکرد.

عێراقدا، پێشبینی دەکرا دەستەڵاتەکەی ( سەدام حوسێن ) بڕوخێ. دەبوایە سەرکردایەتی کورد زۆر گەشبین بوایە بە دوا ڕۆژی کوردستانی باشور، نەك بیر لە بوون بە بەشێك لە تورکیا بکاتەوە.

دوای کەمتر لە مانگێك، ڕاپەڕینەکەی کوردستان دووچاری شکست هات. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕین پەیوەندی بە هەڵوێستی حیزبە کوردیەکانەوە هەبوو، کە هێزە کوردیەکانی بەرەی کوردستانی[1] تەنیا بەرنامەیان هەبوو بۆ سەرپەرشتی و پشتیوانی کردنی ڕاپەڕین، بەڵام هیچ نەخشەیەکیان نەبوو بۆ بەرگری کردن لە ناوچە ئازاد کراوەکان.

## ــ کۆڕەو و بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی :

دوای ئەوەی زۆربەی ناوچە شیعە نشینەکان لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) دا ئازاد بوون، ئەمریکا و ڕۆژئاوا ترسی ئەوەیان لا دروست بوو کە عێراق بکەوێتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە. بۆیە چاوپۆشیان لە هێزەکانی سەدام کرد بۆ سەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکە. دوای ئەوەی هێزەکانی دەوڵەت توانیان کۆتایی بە ڕاپەڕینی شیعەکان بێنن، دەستیان بە پەلاماردانی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان کرد. هێزە کوردیەکان نەیانتوانی بەپەرچی هێرشەکانی سوپای دەوڵەت بدەنەوە. خەڵکی کوردستان لە ترسی تۆڵەکردنەوەی هێزەکانی ڕژێم، کۆچڕەوێکی ملیۆنیان بەرەو سنورەکانی تورکیا و ئێران ئەنجامدا.

گەورەیی کارەساتی کۆڕەو بە جۆرێ بوو، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناچار کرد لە (١٩٩١/٤/٤) دا بڕیاری (٦٨٨) دەربکات، بۆ ڕێگری کردن لە پێشێل کردنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا. ئەم بڕیارە هەم بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەمیش بۆ نەتەوەی کورد گرنگیەکی مێژوویی هەبوو، بەم جۆرە ؛

---

(١) بەرەی کوردستانی لە (١٩٨٨/٥/٢) لە نێوان (٨) حیزبی باشوری کوردستان پێك هێنرا، کە بریتی بوون لە (( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حسك، پاسۆك، پارتی گەل، حیزبی زەحمەتکێشان کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان ــ عێراق، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری )) ( wikipedia . org ).

سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان : یەکەم جار بوو لە مێژووی خۆیدا، ئەم ڕێکخراوە لەسەر پرسی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆی وڵاتێکدا بێتە دەنگ. چونکە پێشووتر لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری وڵاتان، دەستی نەدەخستە ناو کێشە نێو خۆییەکانی وڵاتان. سەبارەت بە نەتەوەی کوردیش : یەکەم جار بوو لە مێژووی سیاسی کوردا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی باڵاترین دامەزراوەی ڕەسمیەوە، لەسەر داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤی کوردەوە بێتە دەنگ، کە ئەمەش بووە هۆی بەنێو نەتەوەیی کردنی کێشەی کورد لە باشوری کوردستاندا.

ئامانجی سەرەکی لە بڕیاری (٦٨٨)، دانانی ڕێو شوێنێکی گونجاو بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆچبەرانی کورد، وە دەستەبەر کردنی گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان و دابین کردنی هاوکاری پێویست بۆیان. بەمەش حکومەتی عێراقی کەوتە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتی توندەوە، لە هەمان کاتیشدا ئومێدێکی زۆری بە کورد بەخشی، کاتێ بینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیتر بێ دەنگ نابێ بەرامبەر بەو ستەم و سەرکوت کردنەی کە بەرامبەری ئەنجام دەدرێ.

بڕیاری (٦٨٨) لە چەندین بڕگە پێك هاتووە، کە گرنگترینیان بریتین لەمانە خوارەوە :

- عێراق پێویستە دەست بەجێ، وەك بەشداری کردن لە نەهێشتنی ئەو مەترسیەی کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەکات، ئەم سەرکوت کردنە بوەستێنێ. هیوادارین لە خودی ڕەوتەکەدا، دایەلۆگی کراوە بۆ ڕێز لێنانی مافی مرۆڤ و مافی سیاسی هەموو هاوڵاتیانی عێراق بڕەخسێنێ.
- سوورین لەسەر ئەوەی کە عێراق دەست بەجێ ڕێگە بە گەیشتنی هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بدات، بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە لە هەموو لایەکی عێراقدا، وە هەموو ئاسانکاریەکی پێویست بۆ پڕۆسەکانی دابین بکات.
- داوا لە ئەمینداری گشتی[1] دەکەین کە هەموو ئەو دەرامەتانەی لەژێر دەستی دایە بە کاریان بێنێ، بەو دەرامەتەی ( نەتەوە یەکگرتووەکان) یشەوە کە

(١) مەبەست لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

پەیوەندیان بە راپەڕاندنی بە پەلە هەیە، بۆ بە دەنگەوە هاتنی پێویستیە زەروریەکانی پەنابەران و دانیشتوانی دەوروبەری عێراق[١].

- داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئەندام[٢] و هەموو رێکخراوە مرۆییەکان دەکەین، کە بەشداری لە هەڵمەتەکانی فریاکەوتنی مرۆییدا بکەن.
- داوا لە عێراق دەکەین کە هاوکاری لەگەڵ ئەمینداری گشتیدا بکات لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجەدا ( سیستەمی نوێی جیهان و...، ل٤٥٧ـ٤٥٨).

لەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشدا، حکومەتی عێراقی هان دراوە بۆ گرتنە بەری رێگەی دیالۆگ و ئاشتەوایی لە پێناو رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەر کردنی مافە سیاسیەکانی هاوڵاتیان. بە واتایەکی تر، رژێمی فەرمانڕەوای عێراق هان دراوە بۆ دوورکەوتنەوە لە رێگە چارەی سەربازی لە پرسی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتدا. رەنگە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بێت کە وای لە حکومەتی عێراقی کرد، داوای وتوێژ لە حیزبە کوردیەکانی باشوری کوردستان بکات.

لە سەرجەم ئەم بڕگانەی بڕیاری (٦٨٨) کە خستمانە روو، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وشەی (کورد ) ی بەکار نەهێناوە. چونکە لەو سەردەمەدا بەکار هێنانی وشەی کورد، هەستیاریەکی سیاسی زۆری دروست دەکرد. بۆیە هەرچەندە بڕیارەکە تایبەت بوو بە کۆچڕەوی کوردانەوە، بەڵام لە بری ناو هێنانی کورد، دەستەواژەی ( هاوڵاتیانی عێراق ) ی بەکار هێنراوە.

بە کردەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە رێگەی بڕیاری (٦٨٨) وە، ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی رەواندەوە کە لەسەر هاوڵاتیانی کوردی عێراق بوونیان هەبوو. وە لە رێگەی مسۆگەر کردنی کۆمەك و هاوکاریە مرۆییەکانەوە، مەترسی دروست بوونی کارەساتێکی مرۆیی گەورەتری نەهێشت، کە ئەمەش لە رووی دەروونیەوە ئاسودەیەکی زۆری بۆ هاوڵاتیانی کورد دەستەبەر کرد.

بە پشت بەستن بە بڕیاری (٦٨٨)، هێزەکانی هاوپەیمانان لە رێگەی ( تورکیا ) وە هاتنە نێو خاکی کوردستانی عێراقەوە، هەم بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو مەترسی و

---

(١) مەبەست لەو کۆچبەرە کوردانە بوو کە پەنایان بردبووە بەر هەردوو دەوڵەتی ( ئێران و تورکیا ).

(٢) مەبەست لە دەوڵەتانی ئەندامە لە رێکخراوی ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) دا.

هەڕەشانەی کە ببوونە هۆی دروست بوونی کۆڕەوەکە، هەمیش بۆ مسۆگەرکردنی گەیشتنی هاوکاریە مرۆییەکان بە لێقەوماوان.

دەست پێکردنی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراقی و بەرەی کوردستانی لە دوای دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)، وە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ بەشێك لە ناوچە کوردیەکانی ژێر دەستی سوپای عێراقی، بوونە سەرەتایەك بۆ کشانەوەی هێزەکانی عێراقی لە رووبەرێکی فرەوانی باشور کوردستاندا[1] .

بۆ دەستەبەر کردنی دڵنیایی لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی کارەساتە مرۆییەکان لە باکوری عێراقدا، هاوپەیمانان بڕیاریان لەسەر دابین کردنی ( ناوچەی ئارام ) دا، ئەمەش لە رێگەی دیاری کردنی هێڵی (٣٦) وەك ناوچەی دژە فڕین. بەپێی ئەم بڕیارە بە هیچ شێوەیەك هێزە ئاسمانیەکانی عێراق بۆیان نەبوو چالاکیەکانیان لەم ناوچەیەدا ئەنجام بدەن. ئەم پرۆسەیە لە لایەن هاوپەیمانانەوە ناونرا بە دابین کردنی تەناهی ( provide comfort )، کە دواتر بنکەی ئەنجەرلیکی ئاسمانی لەتورکیا تەرخان کرا بۆ چاودێری کردنی ناوچەی ئارام. ئەم بنکەیە لە لایەن ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرا، ئەو هێزەش کە ئەم ئەرکەی گرتبووە ئەستۆ ناونرا بە ( هێزی چەکوشی ئامادە ).

بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاریگەریەکی زۆری لەسەر چارەنووسی سیاسی کوردستانی باشور دروست کرد. بە واتایەکی تر ئەم بڕیارە پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی سیاسی کورد لە عێراقدا فەراهەم کرد. کە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەیتوانی سودێکی زۆر لەو پشتیوانیە نێودەوڵەتیە وەربگرێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی یەك دەنگی و بوێری لە بڕیارداندا، ئەم دەرفەتە مێژووییەی پشتگوێ خست و جارێکی تر گەڕایەوە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی، کە ببووە دروشمێکی سیاسی زۆر بێ کەڵك، بە تایبەتی بۆ دۆخی سیاسی کورد لە نەوەدەکاندا.

(١) دامودەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراقی لە هەر سێ شارە گەورەکە ( هەولێر و سلێمانی و دهۆك ) و هەندێ ناوچەی سەر بە پارێزگاکانی کەرکوك و دیالە و موسڵ کشانەوە. کە دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە ئازاد کراوانەدا دامەزرا.

## ــ خواستە سیاسیەکانی سەرکردایەتی کورد لە دانوستانی ۱۹۹۱ دا :

دوای هاتنە ناوەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) لە بەرژەوەندی کوردانی عێراق، حکومەتی ناوەندی کەوتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. بۆیە سەدام حوسێن پێشنیازی گفتوگۆی بۆ بەرەی کوردستانی کرد، لەسەر بنەمای ڕێکەوتننامەی (١١) ی ئازاری ١٩٧٠ ( کورد و کوردستان...،ل٥٧٨ ). لایەنی کوردیش ڕەزامەندیان لەسەر پێشنیازەکەی سەرۆك کۆماری عێراق دەربڕی، هەردوو لا ( کورد و حکومەتی ناوەندی ) لە سەرەتای مانگی (٤) ی ١٩٩١ دا لەسەر بنچینەی ڕێکەوتننامەی (١١) ی ئازار دەستیان بە دانوستان کرد ( کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ...،ل١٩٣ ).

حکومەتی عێراقی زۆر بێهێز و شەکەت ببوو، بەهۆی پرسی داگیرکاری کوێتەوە بە تەواوی بێزراو ببوو لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە. رای گشتی دنیا لەگەڵ دۆزی رەوای کوردا بوو، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨) ی لە بەرژەوەندی کوردا دەرکردبوو، کێشەی کورد لە عێراق تاڕادەیەك ببووە پرسێکی نێودەوڵەتی. بۆیە هەلومەرجی نێودەوڵەتی لەگەڵ چارەسەر کردنێکی دادپەروەرانەی پرسی کوردا بوو لە عێراقدا. جگە لەمەش سەرەتای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، وە یەکێتی یۆگسلافیاش هەڵوەشابووەوە، بەرە بەرە دەوڵەتی تازە دروست دەبوون لەسەر لاشەی هەردوو یەکێتیەکە، وە پیرۆزیەکی ئەوتۆ بۆ سنوری دەوڵەتان نەمابوو. جیهان لە بەردەم لە دایك بوونی سیستەمێکی نوێی جیهانیدا بوو، وە رۆژگاری سیستەمی دوو جەمسەری لە ئاوابووندا بوو. لە هەلومەرجێکی مێژوویی ئاوادا، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بری ئەوەی رووەو رۆژئاوا هەنگاو بنێ و داوای ( مافی چارەی خۆنووسین ) بکات، بانگهێشتەکەی بەغدای بۆ گفتوگۆ پەسەند کرد. بەمەش دەتوانین بڵێین پەسەند کردنی گفتوگۆ لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە، هەڵەیەکی سیاسی زۆر گەورە بوو، وە هەلێکی مێژوویی دەگمەنیشی لە دەست کوردا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٣ ).

لە راستیدا ئەو کاتەی گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی عێراقی و بەرەی کوردستانیدا دەستی پێکرد، هەردوو لایەنەکە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوون. جکومەتی عێراقی بەهۆی شکستەکەی کوێت و راپەڕینە جەماوەریەکەی ( کورد و شیعە ) و هاتنە ناوەوەی

(هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ) لە بەرژەوەندی کوردا، ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر دانوستان. بەرەی کوردستانیش بەهۆی داگیرکردنەوەی بەشێکی زۆری ناوچە ئازاد کراوەکان لە لایەن سوپای عێراقیەوە، وە کۆچبەر بوونی ملیۆنان هاوڵاتی کورد بەرەو ناوچە سنوریەکان، وە دروست بوونی بێ سەروبەریەکی زۆر لە رێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا. ناچار بوو بیرۆکەی گفتوگۆ لەگەل حکومەتی ناوەندیدا پەسەند بکات.

مام جەلال لەو کاتەدا هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردی سەبارەت بە وتووێژ، بەم شێوەیە روون کردەوە : ئەگەر کورد ئومێدی بە گەیشتنی هاوکاری دەرەکی هەبێ، ئەوا گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ رژێمی عێراقدا ناکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە، ناتوانێ دەست بە رووی هاوکاری بەغداوە بنێ و رەتی بکاتەوە. چونکە بەبێ گەیشتنی یارمەتی بە پەلە بۆ دوو ملیۆن پەنابەر لەسەر سنورەکان، سەرکردایەتی سیاسی کورد رووبەڕووی هەلومەرجێکی ناهەموار دەبێتەوە. هەر لەم بارەیەوە مەسعود بارزانیش ئەوەی راگەیاند ؛ سەخترین بڕیار لە ژیانیدا کە داویەتی، بریاری سەفەرکردن بوو بۆ بەغدا و دیدار کردن بوو لەگەڵ ( سەدام حوسێن ) دا، بەڵام کورد دەیزانی هەتا ناردنی هێزی سەربازی ئەمریکا بۆ کوردستان، رازی بوون لەسەر بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش، پێك هێنانی ناوچەی ئارام، هەموو ئەمانە لە دیدگای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، تەنها لایەنی مرۆڤ دۆستی بوو. هەرچەندە حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیا، وردە وردە بەو ئاکامە گەیشتن کە رەنگە بتوانن لە رێگەی دەست پێشخەری سیاسیەوە، چارەیەك بۆ تراژیدیای کورد بدۆزنەوە، بەڵام حکومەتی ئەمریکا هیچ چەشنە لێپرسراویەتیەکی سیاسی لە عێراقدا وەئەستۆ نەگرت ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٦٣ ).

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) بە رەسمی پشتیوانی خۆی راگەیاند بوو لە مەرگەساتی کۆڕەو، نەتەوە یەکگرتووەکانیش رازی ببوو لەسەر ناردنی بە پەلەی کۆمەکە مرۆییەکان بۆ کۆچبەرانی کورد، وە حکومەتی عێراقیش ناچار کرابوو بە ئاسانکاری کردن بۆ کۆتایی هێنان بەو مەرگەساتە. کەواتە وتووێژ کردنی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقی، هیچ گۆڕانکاریەکی لە رەوشی کۆچبەران دروست نەدەکرد، جگە لە ئاسان کردنی پرۆسەی گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

لە دیدگای مەسعود بارزانیەوە، هەموو ئەو گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیانەی کە لە بەرژەوەندی کوردا دروست ببوون، وەك دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هاتنی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی کوردستان و پێك هێنانی ناوچەی ئارام، هیچ سوودێکیان بۆ دوارۆژی کورد نەبوو، چونکە ئەمریکا هیچ لێپرسراوەیەتیەکی سیاسی بەرامبەر بە کورد نەگرتبووە ئەستۆ. بە کەم سەیرکردنی ئەم هەموو گۆڕانکاریە سیاسیانەی لە بەرژەوەندی کوردا هاتبوونە ئاراوە، تەنیا لەبەرئەوەی ئەمریکا لە دیدگای سیاسیەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکەدا نەکردوە، کورت بینی و لێکدانەوەیەکی هەڵەیە بۆ هاوکێشە سیساسیەکان.

ئایا هاوپەیمانان و رۆژئاوا ئەم وتووێژەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقیان پێ خۆش بوو یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێ. بەو پێیەی کە رژێمی فەرمانڕەوای عێراق، وەك رژێمێکی بێزراو و ترسناك وێنا دەکرا لە روانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، ئەوا پێدەچێ رۆژئاوا بەرامبەر بەو وتووێژە نیگەران بوو بێت. لەم بارەیەوە جۆن مێجەر ( سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا )، لە سەروبەندی بەڕێوە چوونی وتووێژەکەدا ئەوەی درکاند ؛ کە ئەوان دەیانەوێ خۆیان لە شەڕی سەدام حوسێن رزگار بکەن، بەڵام لە کاتێکدا کورد لەژێر سایەی هێزی ئاسمانی رۆژئاوا دان، ئەگەر لەگەڵ سەدام حوسێن رێك بکەون، ئەوا لە دیدی رۆژئاوادا بێ نرخ دەبن ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦٣ ). رۆژئاوا بە سووربوونێکی زۆرەوە دژی ستەمکاری حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە کورد وەستا بووەوە، وەك مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە سەیری رژێمی سەدام حوسێنی دەکرد. بۆیە رۆژئاوا نیگەران بوو بە رێك کەوتنی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا.

لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەگەینە ئەو دەرنجامەی، کە رۆژئاوا و ئەمریکا دەست پێکردنی وتووێژیان لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقیدا پێ باش بووە، بەڵام دژی هاتنەدی رێکەوتنێکی سیاسی بوون لە نێوان هەردوو لادا. بەو پێیەی کە لە بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشدا، هانی حکومەتی عێراقی درابوو بۆ ئەنجامدانی دیالۆگی سیاسی کراوە لە پێناو مسۆگەرکردنی مافی سیاسی هاوڵاتیەکانی. پێدەچێ ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی ئەم وتووێژەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی پێ کارێکی باش بووبێ، لە

پێناو سنور دانان بۆ ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لە عێراقدا دژی هاوڵاتیانی کورد ئەنجام دەدرا.

وڵاتە ئەوروپییەکان سەبارەت بە وتووێژی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی، چەندین جار رایانگەیاند کەوا پاڵپشتی رێك کەوتنی هەردوو لا دەکەن لە بارەی ( ئۆتۆنۆمیەکی شیاو ) لەسەر بنەمای بڕیاری ( ٦٨٨ ) ی ئەنجومەنی ئاسایش ( کورد لە عێراق،ل٩١ ). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە وڵاتە ئەوروپییەکان پشتیوانیان لە کۆتایی هێنان بە مەرگەساتی کورد دەکرد لە عێراقدا، لە رێگەی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا.

مام جەلال لە بارەی هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە وتووێژەکە دەڵێ : ئەوەی راستی بێت ئەوێ رۆژێ ئەمریکیەکان لە خوایان دەویست ئێمە گفتوگۆ بکەین لەگەڵ بەغدا و پێك بێین، تا ئەوانیش رزگاریان بێ لە ئەرکی پاراستنی کورد ( راپۆرتی گشتی کۆنگرەی... ،ل٢٢). ئەم قسەیەی مام جەلال، پێچەوانەی ئەم زانیاریەی تاریق عەزیزە[1] کە لە کتێبەکەیدا ( طارق عزيز رجل و قضية ) کە لە (١٩٩٩) دا نووسراوە، دەربارەی گفتوگۆی نێوان کورد و میری وتویەتی ؛ مەسعود بارزانی بە دزی سەردانی کردین و لەگەڵ سەرۆك کۆبوونەوەی کرد و پێی راگەیاندین، کە جەلال تاڵەبانی ناهێڵێ واژۆی بکەین و دەڵێ دەبێ پرس بە ئەمریکا بکەین، دیارە ئەمریکاش دەڵێ مەیکەن ( لە یۆبیلی زیویندا...،ل٢٥ ).

رەنگە ئەمریکا لە سەرەتادا لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی بە پەلە و گونجاو بۆ مەرگەساتی کۆڕەوەکەی کوردان، وتووێژی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی پێ کارێکی باش بووبێ. بەڵام دواتر لە پێناو زیاتر گۆشەگیر کردنی رژێمەکەی ( سەدام حوسێن ) دا، لەگەڵ واژۆکردنی رێکەوتنی ئاشتی نەبووبێ لە نێوانیاندا. بەڵام مەرج نیە هەمیشە ئەوەی ئەمریکا پێی باشە، لە بەرژەوەندی کوردیشدا بێت.

هەمیشە حیزبە کوردیەکانی باشور بە دەنگ داوای حکومەتی عێراقیەوە هاتوون بۆ دانوستان، سەرەڕای ئەوەی ئەزموونێکی خراپیان هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە

---

(١) ناوبراو بەرپرسێکی باڵای حیزبی بەعسی عێراقی بوو، چەندین پۆستی هەستیاری لە حکومەتی عێراقیدا وەرگرتووە، ماوەیەکی زۆر وەزیری دەرەوەی عێراق بوو. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣)، لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کرا.

پرۆسەکانی گفتوگۆدا. هۆکاری سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زۆربەی حیزبەکان باوەڕیان بە جیابوونەوە نیە لە عێراق، هەمیشە دژی پارچە پارچە کردنی دەوڵەتی عێراق بوونە. بۆ نمونە مەسعود بارزانی لە بارەی وتووێژی کورد و بەغدا لە (١٩٩١) دا دەڵێ (( لە کاتی راپەڕینی گەلی عێراق لە ساڵی (١٩٩١) وە، گۆڕانکاری مەزن بەسەر رەوشی نێودەوڵەتیدا هاتوون، لەو ساڵەدا دانوستانمان لەگەڵ رژێمی عێراقدا کرد، کە ئەو لە لاوازترین حاڵەتدا بوو. ئەوە مانای ئەوەبوو کە ئێمە دژی جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراقین..... لەو ماوەیەدا هەلی جیابوونەوەمان بۆ رەخساوە، بەڵام ئێمە نەمان ویستووە. چونکە پێمان وابووە رووبەڕووی دەرهاویشتەی ترسناک دەبینەوە )) ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٣١٤ ). رەتکردنەوەی پرۆژەی سەربەخۆیی، لە کاتێکدا کە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد رەخسا بوو، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە سەرکردایەتی کورد بڕوای بە تواناکانی خۆی نەبووە کە سەربەخۆیی سیاسی رابگەیێنێ. حیزبە کوردیەکانی باشور هەمیشە هەوڵیان داوە کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بکەن، بە درێژایی دەیان ساڵ داوای ( ئۆتۆنۆمی ) یان کردوە، لە سەرەتای نەوەدەکانیشدا داوای فیدراڵیان کرد، جار جارەش لە هەندێ بۆنەدا باسیان لە ( مافی چارەی خۆنوسین و سەربەخۆیی ) کردوە. بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی ستراتیجیەتێکی ناسیونالیستی نەگۆڕ نین، نەیانتوانیوە هەنگاوی کردەیی بەرەو سەربەخۆیی بنێن.

حکومەتی عێراقی و شاندی بەرەی کوردستان لە (١٩٩١) دا سەبارەت بە چەندین پرس وتووێژیان کرد، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەمانەی خوارەوە ١) پرسی دیموکراسی ٢) کۆتایی هێنان بە سیاسەتەکانی ( بە عەرەب کردن، راگواستن، بە بەعسی کردن ) ٣) ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان ٤) مافی ئۆتۆنۆمی و فرەوان کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی[١] ٥) چارەنووسی ئەنفال کراوان ٦) ئاوەدان کردنەوەی گوندە خاپوور کراوەکان و گێڕانەوەی جوتیارە راگوێزراوەکان لە کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکاندا[٢] بۆ

(١) ئەو پرۆژە ئۆتۆنۆمیەی کە حکومەتی عێراقی لە (١٩٧٤/٣/١١) دا رایگەیاند، تەنیا ئەم سێ پارێزگایەی لەخۆ گرتبوو ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك ).

(٢) دوای راگواستن و خاپوورکردنی لادێیەکان، دانیشتوانەکانیان لەو ئۆردوگایانە کۆ دەکرانەوە کە لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە دروست کرابوون. ئەم ئۆردوگایانە لە لایەن حیزبە کوردیەکانەوە نێونرا بوون بە ( کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکان ).

گوندەکانی خۆیان، دوای بنیات نانەوەی گوندەکان و قەرەبوو کردنەوەیان ٧) گواستنەوەی عەرەبە نیشتەجێ کراوەکان لە ناوچە کوردیەکان بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان، وە گێڕانەوەی کورد بۆ شوێنەکانی خۆیان کە لە ماوەی (١٩٦٣) وە تا دەست پێکردنی وتووێژەکە راگوێرا بوون ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٦،ل٤٠ ).

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی کە لە بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و جیهاندا روویاندا وبوو، وە ئەو پشتیوانیە نێودەوڵەتی کە بۆ کورد فەراهەم ببوو، بە تایبەتی کە رژێمی فەرمانڕەوای بەعس لە خراپترین هەلومەرجی خۆیدا بوو، پێویست بوو سەرکردایەتی کورد لە وتووێژەکەی (١٩٩١) دا دەستبەرداری دروشمی ئۆتۆنۆمی ببێ، کە ببووە دروشمێکی کلاسیکی و سواو بۆ ئەو قۆناغە، بەڵام سەرکردایەتی کورد هەر دەستی پێوە گرت.

دوای ماوەیەکی کەم لە دەست پێکردنی وتووێژەکە، لەسەر چەندین خاڵ ناکۆکی لە نێوان نوێنەرانی کورد و حکومەتی ناوەندیدا دروست بوو، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون ؛

- بە باوەڕی حکومەتی عێراقی، نەدەبوو کەرکوك بە شارێکی کوردستانی دابنرێ و پێویست نەبوو وتووێژی لە بارەیەوە بکرێ. بۆیە هەرچەندە بەرەی کوردستانی رازی بوو کە حکومەتی ناوەندی نەوتی شارەکە بەڕێوە بەرێ، بەو مەرجەی بەڕێوەبردنی شارەکە بدرێتە دەست کورد، بەڵام سەرکردەکانی بەعسبەم پێشنیازە رازی نەبوون ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤١ ) .
- بە بڕوای حکومەتی ناوەندی، دەزگای ( ئەمن )[١] سەر بە سەرۆك وڵاتە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام لایەنی کوردی بەم داواکاریەی بەغدا رازی نەبوون .
- حکومەتی ناوەندی رازی نەبوو دان بە پەسەند کردنی ( دیموکراسی ) دا بنێ .
- حکومەتی ناوەندی داوای لە حیزبە کوردیەکان کرد، پێویستە دژی هەموو ئەوانە بوەستن کە دژی رژێمی فەرمانڕەوای عێراقن .
- حکومەتی عێراقی داوای ئەوەی دەکرد، کە دەبێ حیزبە کوردیەکان پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ هەموو وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بپچڕن ( نرکەی

(١) وشەی ( أمن ) عەرەبیە و بە کوردی واتای ( ئاسایش ) دەگەیێنێ، جهاز أمن بە کوردی واتە دەزگای ئاسایش.

کوردستان...،ل٨٧ ).

ـ جەلال تاڵەبانی داوای دەست نیشان کردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و گەرەنتی نێودەوڵەتی دەکرد، کە حیزبی سۆشیالیستی کوردستانیش پشتگیری ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانی دەکرد ( مێژووی گەلی کورد...،ل ١٠٢ )، بەڵام حکومەتی ناوەندی ئەم داواکاریەی رەت دەکردەوە .

لە ( سیستەمی ئۆتۆنۆمی ) دا، بەرهەم هێنان و فرۆشتنی نەوت تایبەتە بە دەستەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی. بۆیە پێشنیاز کردنی ئەوەی کە حکومەتی ناوەندی نەوتی کەرکوك بەڕێوە بەرێ، مافێکی سروشتی و یاسایی بەغدا بوو. پێویستە دەستەڵاتی ئۆتۆنۆمی، خۆی ئاسایشی ناوەخۆی بەڕێوە بەرێ. بۆیە پێداگری حکومەتی ناوەندی لەسەر گەڕاندنەوەی دەزگاکانی ( ئەمن ) بۆ کوردستان، داوایەکی ناپاسایی بوو. لە راستیدا قەوارەی ئۆتۆنۆمی بەشێکە لە رژێمی سیاسی وڵات، بۆیە پێویستە لەسەر قەوارە ئۆتۆنۆمیەکە بەرگری لە رژێمی فەرمانڕەوا بکات. هەروەها حیزبە کوردیەکانیش لە سیستەمی ئۆتۆنۆمیدا دەبوون بە بەشێك لە رێکخراوە رەسمیەکانی عێراق، کە بەپێی یاسا مۆڵەتی کار کردنیان پێ دەدرا، وە پێویست بوو بەپێی ( یاسای دەستوری ) عێراق چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن. بێگومان دەستوری عێراقیش، جگە لە بەعس رێگەی بە هیچ حیزبێکی تر نەدەدا کە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتیەکان ببەستێ. لە راستیدا یەکێك لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم پرۆسەکانی دانوستانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی لە (١٩٦١ تا ١٩٩١)، نادیموکراسی بوونی سیستەمی فەرمانڕەوای عێراق بوو. چونکە لە سایەی سیستەمێکی نادیموکراسیدا، ناتوانرێ بنەماکانی ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینە بچەسپێنرێ.

یەکێك لە کێشەکانی کورد لە وتووێژەکەی (١٩٩١) دا، جیاوازی بۆچوون و هەڵوێست بوو لە نێوان ( یەکێتی و پارتی ) دا بەرامبەر بە پرۆسەکە. پارتی لەگەڵ درێژە دان بوو بە پرۆسەکە، تا گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو. هەرچی یەکێتی بوو، دژی بەردەوامی دان بوو بە وتووێژەکان. چونکە پێی وابوو درێژە کێشانی دانوستان لە بەرژەوەندی کوردا نیە.

یەکێك لەو رەخنانەی کە یەکێتی هەیبوو بەرامبەر بە وتووێژەکە، سەبارەت بە داخوازی ئۆتۆنۆمی بوو، کە پێی وابوو سەردەمی ئەم داخوازیە بەسەر چووە و پێویستە کورد خۆی

لێ دەرباز بکات. لەم بارەیەوە مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ماف پەروەرانی هەولێر لە هاوینی (١٩٩١) دا لە شەقڵاوە وتی (( لە هیچ شوێنێکی دنیادا باوی حوکمی زاتی نەماوە و لەو وڵاتانەدا بە ( عەریزەیەك ) دەدرێ..... کێشەی کورد لەمەوبەر بە چاوێکی ( مرۆیی ) سەیر دەکرا، بەڵام ئێستا بێجگە لە باری مرۆیی پشتگیری سیاسیشی لێ دەکرێ. بۆیە وام پێ راستە، داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەین لە جیاتی حوکمی زاتی..... خەڵکانی بیانی کە داوای پشتگیریان لێ دەکەین، دەڵێن کاکە ئێوە خۆتان لە ( حوکمی زاتی ) پترتان ناوێ، ئیتر ئێمە چیتان بۆ بکەین )) ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل١٧٣ــ١٧٤ ).

لە دوای دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش، پێویست بوو کورد داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات. بە جۆرێ ئەم مافە لە رێگەی راپرسی گشتیەوە پیادە بکرێ، نەك حیزبەکان بە ناوی گەلەوە بڕیاری لەسەر بدەن. چونکە ئەگەر حیزب لە جیاتی میللەت بڕیاریدا، ئەمە ناکاتە مافی دیاری کردنی چارەنووس. بۆ نمونە یەکێتی نیشتیمانی دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی بەرز کردبوەوە [١] ، بەڵام خۆشی داوای چارەسەر کردنی کێشەی کوردی دەکرد لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا. کەواتە لێرەدا مافی چاری خۆنووسین، هیچ پەیوەندیەکی نامێنێ بە مافی سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە. هەندێ جار حیزبە کوردیەکان داوای ( مافی چارە خۆنووسین ) یان کردوە لە چوارچێوەی عێراقدا، کە لە راستیدا ئەمە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی راستەقینەوە نیە. چونکە مافی چارەی خۆنووسین، ئەو مافەیە کە گەل بە شێوەیەکی سەربەست و ئازادانە لە رێگەی راپرسیەوە بڕیاری لەسەر دەدات. بە پێچەوانە مافی چارەی خۆنووسین لە دروشمێکی جوانەوە، دەبێتە داخوازیەکی بێ ناوەرۆك.

لە راستیدا کاتێ کورد داوای چارەسەرکردنی کێشەکەی بکات لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەوا لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە پرسی کورد وەك کێشەیەکی نێوخۆیی سەیر دەکرێ. بۆیە زۆربەی وڵاتان ئامادە نابن لە پێناو داخوازیەکی لۆکاڵی کوردانەوە، بەرژەوەندیەکانیان بخەنە مەترسیەوە. بۆیە ئەگەر کورد چاوی لە پشتیوانیەکی

---

(١) یەکێتی نیشتیمانی لە کۆنگرەی گشتی یەکەمیدا لە (١٩٩٢)، بە رەسمی دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسی بۆ گەلی کوردستان ) بەرز کردەوە.

ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە، پێویستە لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) کەمتر داوا نەکات.

مەسعود بارزانی کە دواجار سەردانی بەغدای کرد وەك سەرۆکی شاندی دانوستکاری کوردی، کە گەڕایەوە کوردستان ڕێکەوتنێکی ئامادەکراوی هێنایەوە، تاکوو بەرەی کوردستانی واژۆی لەسەر بکات. ڕێکەوتنەکە هەندێ خاڵی زۆر خراپی تێدا بوو، نمونە وەك ئەم چەند خاڵەی کە لە خوارەوەدا ئاماژەمان پێداون ؛ خاڵی دووەم : دەبێ بەرەی کوردستانی بە مۆڵەت پێدانی حکومەتی عێراقی، پەیوەندی لەگەڵ ( حکومەت و ڕێکخراوەکانی دەرەوە ) دا بکات خاڵی سێ یەم : دەبێ کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەشدار بێت لە دامرکاندنەوە و سەرکوت کردنی هەر شۆڕش و ڕاپەڕین و یاخیبوونێك کە لە عێراقدا ڕووبدات، یان هاوکاری حکومەتی عێراقی بکات لە بەرامبەر هەر دەست درێژی و پەلامارێکی دەرەکیدا خاڵی پێنجەم : دەبێ هەموو ئیزگە و ڕادیۆکانی کورد دابخرێن، وە کورد لە ئیزگە و ڕادیۆکانی حکومەتی عێراقیەوە کاتی دیاری کراوی بۆ تەرخان بکرێ ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٦،ل٤١ـ٤٢ ).

پێوست بوو مەسعود بارزانی بەم ( ڕێکەوتنە ) ڕازی نەبوایە، بەهۆی ئەو کۆت و بەندە زۆرانەی خرابوونە سەر لایەنی کوردی، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراقی حکومەتێکی نادیموکراسی بوو. بێگومان مافی خۆیان بوو کە لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی بەم مەرجانە ڕازی نەبن، بۆیە پرۆژەی ڕێکەوتنەکە شکستی هێنا.

دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی بەشێك لە ئابلۆقەی ئابوری[١] بەسەر ناوچە کوردیەکانی ژێر دەستی ( بەرەی کوردستانی ) دا سەپاند، لە پایزی (١٩٩١) دا مەسعود بارزانی گفتوگۆی لەگەڵ بەغدادا وەستاند. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕایگەیاند کە ئامادەیە بێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەگەر حکومەتی ناوەندی ئەم سزا ئابوریانە دژی ناوچە کوردیەکان بوەستێنێ ( کورد و کوردستان...،ل٥٧٩ ). ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ، کە مەسعود بارزانی زۆر پەرۆشی وتووێژ بووە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا.

---

(١) مەبەست لە بەشێك لە ئابلۆقەی ئابوری، سەپاندنی ئابلۆقەیە بەسەر هەندێ کەلوپەل و پێداویستی، کە حکومەتی ناوەندی ڕێگەی نەدەدا بچێ بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی بەرەی کوردستانی.

## ـــ ئامانجه نەتەوەییەکانی کورد لە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ :

دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دانوستانی (١٩٩١) لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقیدا، بەغدا دەزگا کارگێریەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەستی بەرەی کوردستانیدا کشاندەوە، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی بۆشایی ئیداری لە ناوچە کوردیەکاندا. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە ئیداریە، بەرەی کوردستانی بڕیاریدا کە حکومەتێکی خۆماڵی پێك بهێنرێ. بۆ ئەم مەبەستە رێکەوتی (١٩٩٢/٥/١٩) دیاری کرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کورستاندا.

حکومەتی ناوەندی بە کشاندنەوەی دەزگا کارگێڕیەکانی لە کوردستاندا هەڵەیەکی سیاسی گەورەی ئەنجامدا، چونکە ئەمە دەرفەتی دایە حیزبە کوردیەکان کە بڕیار لەسەر پێك هێنانی حکومەتێکی خۆماڵی بدەن. هاوکات دەتوانین بڵێین بڕیار دان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێك هێنانی حکومەتێکی کوردی، گرنگترین و بوێرترین کار بوو کە بەری کوردستانی پێی هەستا.

لە کاتی بەڕێوە چوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە (١٩٩٢/٥/١٩) دا پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند : کە هەڵبژاردنەکە لەبەر رۆشنایی رێکەوتننامەی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) یە بۆ دەست نیشان کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، نەك حکومەتێکی جیاواز ( سەرچاوەی پێشوو،ل٥٨٠ ). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە پارتی زۆر پەرۆشی هێشتنەوەی دەرفەتێك بووە بۆ ئەنجامدانی رێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، لەسەر بنەمای جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی ساڵی (١٩٧٠). کە پێویست بوو لەو قۆناغەدا پارتی بیری لە پرۆژەی گەورەتر کردبایەوە، نەك گەڕانەوە بۆ رێکەوتننامەی ساڵی (١٩٧٠).

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢) و پێك هێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتی پێداگری لەسەر داواکردنی فیدراڵیەت دەکرد، بەڵام پارتی لەگەڵ مانەوەی دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) دابوو. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا رایگەیاند : هەرچەندە هەوڵمدا مەسعود بارزانی تێبگەێنم لە فیدراڵیەت، ئەو هەر پێداگری لەسەر دروشمی ژەنگ گرتوو و تۆز لێ نیشتووی ئۆتۆنۆمی دەکردەوە، تا ماڵی ئاوا بێ

( دانیاڵ میتران )[1] هات و باشتر بابەتەکەی بۆ روون کردەوە ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٣٣، ل٤٢ ). بێگومان بەردەوام بوون لەسەر دەست گرتن بە دروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) یەوە لە قۆناغی دوای راپەڕینی (١٩٩١) دا ، هیچ پاساوێکی بۆ نەبوو. هەرچەندە پێویست بوو کورد ئەو کات پێداگری لەسەر مافی چارەی خۆنووسین کردبایە، بەڵام هەر چۆنێ بێ فیدراڵیەت بۆ کورد باشتر بوو لە ئۆتۆنۆمی.

لە (١٩٩٢/٦/١٦) دا کۆنگرەیەکی فرەوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ( ڤیەننا ) ی پایتەختی نەمسا بەسترا، کە تێیدا نزیکەی (٢٠٠) نوێنەر و پتر لە (٤٠) رێکخراو و پارتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەشداریان کرد، پارتە کوردیەکانی عێراقیش بەشدار بوون لە کۆنگرەکەدا. بەشداربوانی کۆنگرەکە بە زۆرینەیەکی کەم، دانیان نا بە (( مافی چارەی خۆنووسن بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا )) ( دبلۆماسیەتی کورد...، ل١٥٧ ). داننانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، دەسکەوتێکی زۆر گرنگ بوو بۆ کورد لە رووی سیاسیەوە. وە کورد خۆشی تا ئەو کات بە شێوەیەکی یەکگرتوو و رەسمی بڕیاری لەسەر داخوازیەکی لەم جۆرە نەدابوو، بەڵکو هەندێ لایەنی کوردی بەردەوام پێداگریان لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی دەکرد لە چوارچێوەی عێراقدا.

لە (١٩٩٢/٧/٣١) دا شاندێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەردانی کۆشکی سپی ئەمریکای کرد، کە لە لایەن جەنەڕاڵ ( سکو کروفت )[2] پێشوازی لێکرا. مام جەلال کە یەکێك بوو لە بەشداربوانی شاندەکە، لەم دیدارەدا وتەیەکی پێشکەش کرد، کە تێیدا وتی (( کۆنگرەی ڤیەننا چوارچێوەیەکی باشی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد داڕشتووە و ئێستا خەریکین لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن شێوەکەی دیاری بکەین..... هیواداریین ئەمریکا پشتگیری بکات. وە کورد نایەوێ عێراق پارچە پارچە بکات )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٩-١٩٠ ). واتە سەرکردایەتی کورد ویستویەتی بە رێك کەوتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، رێگە چارەیەك دیاری بکرێ بۆ پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەگەرچی پێویست ناکات کورد بۆ

---

(١) دۆستێکی دڵسۆزی کورد و هاوسەری سەرۆکی فەرەنسا ( فەرانسوا میتران ) بوو.

(٢) ناوبراو راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمریکا ( جۆرج بۆش ) بوو.

خستنەرووی داخوازیەکانی، رەزامەندی گشت لایەنەکان بەدەست بێنێ، بەڵام باوەڕ هێنان پێیان دەبێتە هۆکارێك بۆ باشتر چەسپاندنی ئامانجە نەتەوەییەکانی.

یەکێتی لە کۆنگرەی گشتی یەکەمیدا، مافی چارەی خۆنووسینی لە پرۆگرامەکەی خۆیدا چەسپاندبوو. کەچی مام جەلال لە کۆشکی سپیدا، جەختی لەوە کردەوە کە کورد نایەوێ عێراق پارچە پارچە بکات، ئەمەش پێچەوانەی بڕوا بوونە بە بنەماکانی مافی چارەی خۆنووسین. مام جەلال خۆی لە بارەی واتای ( مافی چارەی خۆنووسین ) وە دەڵێ (( مافی چارەی خۆنووسین، مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆیە، مافی جیابوونەوەیە بۆ گەلان، لە ناویاندا بە گەلی کوردیشەوە )) ( دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ...،ل١١٠ ). مام جەلال کە ئەمە تێڕوانینیەتی لە بارەی ( مافی چارەی خۆنووسین ) وە، ئەم مافەشی لە پرۆگرامی حیزبەکەیدا چەسپاندوە. کەچی بە ناوی یەکێتی و گەلی کوردەوە، چەندین تێڕوانینی سەبارەت بە پرسی کورد لە عێراقدا دەربڕیوە، کە تەواو پێچەوانەی لێکدانەوەی خۆیەتی بۆ واتای مافی چارەی خۆنووسین، وەك ( ئێمە دژی پارچە پارچە کردنی عێراقین )، ( ئێمە رێز لە یەکێتی خاکی عێراق دەگرین )، ( دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ، تەنیا خەونێکی شاعێرانەیە ).

لە (١٩٩٢/١٠/٤) دا پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان، فیدراڵی کردە داخوازی رەسمی کورد لە عێراقدا، کە لە برگەی دووی ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە (( دیاری کردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندی و هەڵبژاردنی مەڵبەندێکی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و میللەتەکەی، بەپێی ئەو مافانەی کە هەیەتی بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی لەسەر بنچینەی یەکێتیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی پەرلەمانی و دیموکراتی فرە حیزبیدا )) ( دبلۆماسیەتی کورد...،ل١٩٣ ).

بە دەرکردنی بڕیاری فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، راستەوخۆ ئەم بڕیارە بووە داخوازی رەسمی زۆربەی حیزبە کوردیەکان، چونکە پشتیوانی خۆیان بۆ بڕیارەکە راگەیاند. بەمەش دەتوانین بڵێین چەسپاندنی فیدراڵی وەك داخوازیەکی رەسمی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراقدا، وەرچەرخانێکی چۆنیایەتی بوو لە دروشم و ئامانجی حیزبە کوردیەکانی باشوری کوردستان. بە جێگرکردنی بڕیاری فیدراڵی لە پەرلەمانی کوردستانەوە، لە باشوری کوردستاندا بە شێوەیەکی رەسمی کۆتایی هات بە

قۆناغی بەرز راگرتنی دروشمی ( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان )، کە دەیان ساڵ بوو ببووە داخوازی رەسمی بزافی رزگاریخوازی کورد لە عێراقدا.

لەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستاندا پشت بەستراوە بە بنەمای ( مافی دیاری کردنی چارەنووس ) لە لایەن گەلەوە، بەو پێیەی کە پەرلەمان هەڵبژێردراوی خەڵکە، ئەو مافەی بە خۆی داوە کە لە جیاتی گەل بڕیار لەم پرسە چارەنووس سازە بدات. بەڵام لە راستیدا دیاری کردنی مافی چارەنووس، پێویستە لە رێگەی راپرسی گشتیەوە یەکلا بکرێتەوە نەك پەرلەمان. بە تایبەتی لە (١٩٩٢) دا تەنیا ( پارتی و یەکێتی ) خاوەن کورسی بوون لە پەرلەماندا. واتە لە راستیدا فیدراڵی تەنیا داخوازی ئەم دوو حیزبە بوو کە لە رێگەی پەرلەمانەوە سەپاندیان، نەك داخوازی زۆرینەی حیزبەکان.

بەپێی ئەم بڕیارەی پەرلەمان، کورد داوای چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی کردوە لە چوارچێوەی عێراقێکی پەرلەمانی فرە حیزبیدا. بەم شێوەیەش داخوازی کورد لە عێراقدا بوو بە دوو بەش ١) چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا ٢) پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی پەرلەمانی لە وڵاتدا. لەبەرئەوەی رژێمێکی دیموکراسی لە عێراقدا بوونی نیە، بۆیە کاتێ کورد داوای چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی دەکات لە چوارچێوەی وڵاتدا، هەمیشە ناچارە داوای چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسیش بکات. چونکە بەبێ پەیڕەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ناتوانرێ کێشەی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا چارەسەر بکرێ. لە راستیدا هێنانەدی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا، قورسترە لە بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق. چونکە لە سیستەمی فیدراڵیدا، پێویستە جگە لە هەرێمی کوردستان، چەند هەرێمێکی تری فیدراڵیش لە عێراقدا دروست ببن. هەرچی سەبارەت بە ( ئۆتۆنۆمی ) یە، تەنیا بە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا دێتەدی.

کاتێ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە رێگەی پەرلەمانەوە بڕیاری ( فیدراڵی ) یان بۆ کوردستان راگەیاند، معمر قەزافی ( سەرۆکی لیبیا ) پەیامێکی ئاراستەی هەردوو سەرکردەکە کرد و وتی : ئێوە هەلێکی مێژووییتان لە دەستدا ( جەلال تاڵەبانی،ل٣٤ ).

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە باشوری کوردستاندا، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە، وە لە لایەن رای گشتی رۆژئاوا و وڵاتانی

دیموکراسیەوە پشتیوانیەکی زۆر باشی لێکرا. پێویست بوو ئەم دەرفەتە بە شێوەیەکی باشتر سوودی لیّ وەربگیرێ، پەرلەمان لە بری راگەیاندنی فیدرالّی، دەیتوانی بڕیاری ( مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان ) بچەسپێنێ، وە پیادەکردنی ئەم مافەشی پەیوەست کردبا بە ئەنجامدانی راپرسی گشتی لە ئایندەدا لەژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئەو کات کورد دەیتوانی ئەم بڕیارەی پەرلەمان، وەك چەکێکی کاریگەر لە رووی دبلۆماسیەوە بەکار بهێنێ بۆ زیاتر چەسپاندنی مافەکانی. وە هەر کاتێ زەمینەیەکی لەبار بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بەدی هاتبوایە، دەتوانرا بە پشت بەستن بەم بڕیارەی پەرلەمان پرۆسەی راپرسی گشتی ئەنجام بدرایە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ( کۆمەڵە ) لە گوزارش و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمیدا لە ساڵی (١٩٩٤)، لە بارەی ئامانجی نەتەوەیی حیزبە کوردیەکانی باشور، بەم شێوەیە تێڕوانینی خۆی خستۆتە روو (( هێزە ناسیونالیستەکانی ئەو ناوچەیە، کە لە هەر حاڵدا پێك هێنانی کوردستانی سەربەخۆ، ئامانجی نهائی رانەگەیەنراویانە، ئەوەندەیان هێز و لەخۆ رادیوی نیە کە بتوانن بە پێچەوانەی سیاسەتی رۆژئاوا و ئەمریکا، ئامانجی سەربەخۆییان بەرەو پێش بەرن و بیانخەنە بەردەم ئەمری واقع، بەم جۆرە ئامانجەکانی خۆیان بەسەر دەوڵەتە گەورەکانیشدا بسەپێنن )) ( گۆڤاری مێژوو،ژمارە١٤،ل٧٠ ).

لە راستیدا پێویستە ئامانجی کۆتایی هەموو حیزبە ناسیونالیستەکان، سەربەخۆیی نەتەوەیی بێت. بەم جۆرە خەونی حیزبە ناسیونالیستە کوردیەکانیش، پێویستە پێك هێنای ( دەوڵەتی نەتەوەیی ) بێت. بەڵام بەهۆی سروشتی پێکهاتەی ئەم حیزبانە و ئەو رێبازە سیاسیەی کە پەیڕەوی لیّ دەکەن، لە ئێستادا بە سووربوونێکی زۆرەوە باس لە مافی سەربەخۆیی ناکەن. بەهۆی ئەوەی ئەم حیزبانە نەیانتوانیوە لە خەباتی سیاسیدا پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن، بۆیە لە هەموو هەنگاوێکی سیاسیدا چاویان لە پشتیوانی وڵاتێکی زلهێزە. ئەمەش وای کردوە کە نەتوانن بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی، سیاسەتی نەتەوەییان بەرەو پێشەوە بەرن.

لە (١٠) ی ئازاری ١٩٩٤ دا، لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیادا کۆبوونەوەیەکی گرنگ و نهێنی لە نێوان هەر یەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و تورکیا سازدرا، بە مەبەستی باسکردنی دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. سەرۆکی شاندی

ئەمریکی ( ستیفن ئۆکسمان )[1] لە کۆبوونەوەکەدا بە ئاشکرا ئەوەی خستە روو ؛ کە دەبێ لە چوارچێوەی مافە کەمینە رەگەزیەکان و مافی چارەنووسدا، مامەڵە لەگەڵ بابەتی جیابوونەوەی کوردەکانی عێراقدا بکەین و لەگەڵی برۆین، وە بە هەمان شێوە دەبێ مامەڵە لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا بکەین. داواشی لە تورکیا کرد کە دوور لە شێوازی سەربازی و زەبر و زەنگ و سەرکوت کردن، مامەڵە لەگەڵ کوردا بکات و بە شێوەیەکی واقعیانە و لەناو بۆتەی یەکێتی خاکی تورکیادا، چارەسەری کێشەی کورد بکات ( سیستەمی نوێی جیهان ...،ل٣٧٧).

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پرسی نەتەوەیی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، بایەخێکی زۆری پەیدا کردبوو. کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، کورد دەرفەتێکی تری لەم شێوەیەی بۆ نەرەخسا بوو. سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوری کوردستاندا لە بری کەڵك وەرگرتن لەم دەرفەتە مێژووییە، کەوتنە نێو گەمەیەکی ترسناکی هەرێمیەوە و شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند. کە بۆ چەندین ساڵ پاشەکشێی بە پرسی نەتەوەیی کورد کرد.

(١) ناوبراو یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.

# بەشی دووەم :
# دۆخی کـورد لـە دوای دەست پێکردنـی شەڕی ناوخۆوە تا پرۆسەی ئازادی عێراق

## ـ رەوشی کوردستانی باشور لە کاتی شەڕی ناوخۆدا :

ململانێیەکی سیاسی و مێژوویی لە نێوان ( یەکێتی و پارتی ) دا بوونی هەیە، هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢) نەك هەر نەیتوانی کێشەی دەستەڵات لە نێوان ئەم دوو حیزبەدا چارەسەر بکات، بەڵکو بەهۆی ساختەکاری زۆر و پەسەند نەکردنی دەرەنجامەکان، کێشەکانی نێوانیان زیاتر تەشەنەی سەند. بەهۆی ئەوەی هەردوو حیزبەکە خاوەن میلیشیای سەربازین، بۆیە جارێکی تریش پەنایان بردەوە بەر ململانێی چەکداری. پێکدادانی چەکداری لە نێوان دوو حیزبی کوردی، دەچێتە خانەی شەڕی ناوخۆوە. بۆیە ئەو شەڕەی لە نێوان ( یەکێتی و پارتی ) دا روویدا، ناسرا بە شەڕی ناوخۆ.

شەڕی ناوخۆ لە (١/٥/١٩٩٤) دەستی پێکرد، تا پایزی (١٩٩٧) درێژەی کێشا. ئەم شەڕە زیانێکی زۆری گەیاند بە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی باشوردا. چونکە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە مانگی (٥) ی ١٩٩٢ دا، وە پێك هێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو، پشتیوانیەکی بەهێزی نێودەوڵەتی بۆ کورد دەستەبەر ببوو، وە جیهان چاوەڕێی هەنگاوی باشتری دەکرد لە کورد. کەچی کورد جیهانی ئازادیخوازی تووشی بێ ئومێدیەکی زۆر کرد، کاتێ هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی ( یەکێتی و پارتی ) شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند. ئەمەش کاریگەریەکی خراپی کردە سەر کەم بوونەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ کورد.

لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە (٢٠٠٩)، مام جەلال لە گەرمیان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەی، بەم شێوەیە باسی لە دۆخی سیاسی کوردستان کرد لە کاتی شەڕی ناوخۆدا ؛ جاك شیراکی ( سەرۆکی فەرەنسا ) داوا لە بێل کلنتۆنی ( سەرۆکی ئەمریکا ) دەکات کە پشتیوانی لە کوردەکانی

عێراق بکات، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ : ئایا ئەوان لە قۆناغی خێڵایەتی دەرچوون و گەیشوونەتە قۆناغی نەتەوەیی، تا ئێمە پشتگیریان بکەین.

ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی سیاسی ئەمریکا بدەین سەبارەت بە پرسی کورد، دەبینین لە ئازاری ١٩٩٤ دا ( واتە بەر لە شەڕی ناوخۆ )، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوا دەکات لە چوارچێوەی مافی کەمینە رەگەزیەکاندا تاڕادەی جیابوونەوە لە عێراق، مامەڵە لەگەڵ کوردا بکرێ. بەڵام دوای دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆ، سەرۆکی ئەمریکا گومانی خۆی رادەگەیێنێ کە کورد لە قۆناغی خێڵایەتی دەرچوو بن، کە گومانەکەشی زۆر لە جێگەی خۆیدا بووە. چونکە کورد لە بری هەنگاو نان بەرەو دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی، کەوتە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و هێنانی هێزی بێگانە بۆ سەر خاکی کوردستان[1] .

لە رۆژگاری شەڕی ناوخۆدا، داخوازی حیزبە کوردیەکان و خەڵکی کوردستان کورت ببوەوە لە کۆتایی هێنان بە شەڕ و کوشتار. چونکە بەهۆی ئەوەی ژیان و سەلامەتی خەڵکی کەوتبووە بەر مەترسیەکی گەورەوە، هەروەها کوردستان ببوو بە دوو بەش لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕەکەدا[2] ، وە سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان جگە لە سوریا لە لایەن ئەم دوو حیزبەوە هێنران بۆ نێو خاکی کوردستان. بۆیە وەستاندنی شەڕ لەو رۆژگارەدا، ببووە داخوازی سەرەکی سەرجەم هێز و لایەنە کوردیەکان.

## ـــ ئامانجە سیاسیەکانی کوردی باشور لە دوای شەڕی ناوخۆ :

لە پایزی (١٩٩٧) دا ئاگربەست لە نێوان ( یەکێتی و پارتی) دا راگەیەنرا، دوای ساڵێك رێکەوتننامەی واشنتۆن بە سەرپەرشتی و نێوانگیری ئەمریکا لە نێوان هەردوو حیزبەکەدا واژۆ کرا، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکانی نێوانیان و ئاسایی

(١) یەکێتی سوپای پاسدارانی لە (١٩٩٥ــ١٩٩٦) دا پەلکێشی کوردستان کرد. پارتیش لە (٣١) ی ئابی ١٩٩٦ دا سوپای عێراقی هێنایەوە هەولێری پایتەختی کوردستان، وە لە ساڵی (١٩٩٧) یشدا هێزەکانی تورکیای هێنایە نێو خاکی کوردستان.

(٢) تا ئیمرۆ شوێنەواری ئەم دابەش بوونە لە کوردستانی باشوردا ماوە، کە ئەم دوو بەشە ناسراون بە ( زۆنی سەوز و زۆنی زەرد ).

کردنەوەی دۆخی کوردستان. گرنگی دانی ئەمریکا بە چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی لە باشوری کوردستاندا، ئەوە دەگەێنێ کە دۆخی سیاسی کوردستان بایەخێکی زۆری هەبووە لە لایەن ئەم وڵاتەوە. ئەمەش بۆ کورد دەسکەوتێکی سیاسی باش بوو، بەڵام وەك هەمیشە سەرکردایەتی کورد نەیتوانی سود لەو جۆرە دەسکەوتانە وەربگرێ.

گروپی سۆشیالیستی لە پەرلەمانی ئەوروپا لە ماوەی (٢ـ٣) ی تەموزی ١٩٩٨ دا لە ( ڤیەننا ) ی پایتەختی نەمسا، کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە و پشتیوانی لە دۆزی کورد بەست. کۆنفرانسەکە لە راگەیاندنی کۆتاییدا، لە یەکێك لە بڕیارەکانیدا سوور بوونی خۆی لەسەر ئەوە دووپات کردەوە کە دەبێ لە چارەسەری سیاسی دۆزی کوردا، رەچاوی پرسی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بکرێ کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. وە ئاماژەشی بەوەدا کە سەرکردایەتی رژێمی عێراق، سەرکردایەتیەکی نادیموکراسیە. بۆیە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەسەر دەستی ئەو زەحمەتە و پێویستە سەرکردایەتیەکی بەرپرس بێتە سەرکار ( سیستەمی نوێی جیهان ...،ل٢٨٦ـ٢٨٧ ).

پشتیوانی ئەم ناوەندە سیاسیانەی رۆژئاوا لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد، دەسکەوتێکی سیاسی گەورەیە، ئەگەر بە باشی سوودی لێ وەربگیرێ. لە راستیدا ناکرێ بەبێ سەقامگیر کردنی دیموکراسی، کێشەی کورد لە ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە چارەسەر بکرێ. چونکە مێژوو ئەو راستیەی سەلماندوە کە لە هیچ کات و شوێنێکدا، کێشەی کەمینەکان ( نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبی... هتد ) لە وڵاتانی نادیموکراسیدا چارەسەر نەبووە. تەنیا ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسیەت تێیاندا جێگیرە، تارادەیەك سەرکەوتوو بوونە لە چارەسەر کردنی کێشەی کەمینەکان[1] .

پارتی دیموکرات لە مانگی (١٠) ی ١٩٩٩ دا کۆنگرەی دوانزەهەمینی بەست، لە راپۆرتی گشتی کۆنگرەکەدا ئەوە هاتووە « پارتیمان داوا دەکات کە بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش بخرێتە گەڕ، تا ئەو رادەیەی بارودۆخی ئێستای کوردستان لە رووی یاسایی و لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە بگونجێنرێ و دامەزراوەکانی هەرێم وەك دەزگای شەرعی نوێنەری گەلەکەیان سەیر بکرێن، وە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی کە ئیدارەی کوردی لە دەزگا

---

(١) نمونەی ئەو وڵاتە دیموکراسیانەی کە تارادەیەکی زۆر توانیویانە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کێشەی کەمینەکاندا بکەن، وەك ( سویسرا، کەنەدا، ئەمریکا ) یە.

پەیوەندی دارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەری هەبێ، بە مەبەستی چاکتر کردنی هەماهەنگی و چاکتر کردنی ئەو دەزگایانە لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی مرۆڤایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە بۆ دەربڕینی دەنگی گەلی کورد لەم کۆڕە جیهانیەدا. هەروەها داوای ڕێکخستنی پۆستەی نێوان هەرێمی کوردستان و دنیای دەرەوە دەکەین )) ( ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی...،ل١١٣ ).

لە ڕاستیدا بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، زیاتر تایبەت بوو بە چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی کە بەهۆی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی کوردستان لە بەهاری (١٩٩١) دا هاتبووە ئاراوە. وە بەشێوەیەکی زۆر باشیش جێبەجێ کرا، کە بەهۆیەوە کورد لە باشوری کوردستاندا توانی دەستەڵاتێکی خۆماڵی دابمەزرێنێ و پشتیوانیەکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەستەبەر بکات. بۆیە ئەوەی کە گومانی دروست کرد لەوەی دامەزراوەکانی هەرێم بەپێی پێویست لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا پەسەند نەکرێن وەك دەزگا شەرعیەکانی خەڵکی کوردستان، باش جێبەجێ نەکردنی بڕیاری (٦٨٨) نەبوو، بەڵکو شەڕی ناوخۆ و ڕاکێشانی دەستی وڵاتانی هەرێمی بوو بۆ ناو خاکی کوردستان.

مەسعود بارزانی لە وتاری کۆنگرەکەدا سەبارەت بە چەسپاندن و گەشەپێدانی دەسکەوتە نەتەوەییەکان وتی (( هەڵبژاردنی ڕێگەی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەسەر ئەساسی فیدڕاڵی بە پەسەند دەزانین )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٩ ).

لە دوای ئەوەی لە (٣١) ی ئابی ١٩٩٦ دا، سوپای عێراقی لەسەر داوای مەسعود بارزانی هاوکاری پارتی دیموکراتی کرد لەدەست بەسەر داگرتنی شاری هەولێردا، پەیوەندی نێوان پارتی و حکومەتی ناوەندی چووە قۆناغێکی زۆر تایبەتەوە. بۆیە مەسعود بارزانی لە ڕاپۆرتی کۆنگرەکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە پرسی کورد لە ڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا چارەسەر بکرێ. ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی ناوەندی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، دووچاری بێزراوی و گۆشەگیریەکی زۆر توند هاتبوو. کێشەی گەورەی پارتی لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دۆخەدا ئەوەبوو، نەیدەتوانی لە دروشمی فیدڕاڵی پاشگەز بێتەوە، بەغداش هیچ بڕوایەکی بە چەسپاندنی سیستەمی فیدڕاڵی لە وڵاتدا نەبوو.

مەسعود بارزانی لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێ (( یەکێك لە ئیلتزامەکانی پارتی، خەبات کردنە بۆ پێك هێنانی عێراقێکی دیموکراتی فرە حیزبی پەرلەمانی فیدراڵی )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٩ ). لە هەردوو قۆناغی داواکردنی ( ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی ) دا، کورد هەمیشە پێی لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی لە عێراق داگرتووە. لە راستیدا لە ( سیستەمی فیدراڵی ) دا دیموکراسی زۆر پێویست ترە. چونکە بەبێ دیموکراتیزە کردنی وڵات، ئەستەمە بتوانرێ سیستەمێکی فیدراڵی سەرکەوتوو بنیات بنرێ. بەڵام کێشە گەورەکە دیسان ئەوەیە، دیموکراتیزە کردنی عێراق ئەرکێکی ئەوەند سادە نیە، کە تەنیا بە پێداگری کورد بێتەدی.

لە (٢٠٠٠/٦/١) دا بیست و پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا تێپەڕی، کە دەکاتە یۆبیلی زیوین. بەم بۆنەیەوە مام جەلال وتارێکی پێشکەش کرد، کە تێیدا سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبەکەی بەرامبەر بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا وتی (( ئێمە پێمان وایە گیروگرفتەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و خەڵکی کوردستان، هەر دەبێ بە گفتوگۆی سیاسی کۆتاییان پێ بێت، بەڵام تاقی کردنەوەی چل ساڵەی گفتوگۆ[1] دەری خستووە کە ؛

١) ئەگەر دیموکراسی لە عێراقدا بەرقەرار نەبێ، گفتوگۆ بێ سوود و بێ ئامانجە.
٢) ئەگەر سیاسەتی بە زۆر راگواستن و تەعریب بەردەوام بێ، بگرە بە تەواوی بە لاوە نەنرێ و شوێنەوارەکەی نەسڕێتەوە، ئەوا گفتوگۆ بێ سوود و بی ئەنجام دەبێ.
٣) گفتوگۆ دەبێ لە لایەن پەرلەمانێکی بە ئازاد هەڵبژێردراوەوە لەگەڵ ( میری )[2] دا بکرێ، یان لە لایەن وەفدێك کە نوێنەری هەموو حیزبە رەسەنەکانی کوردستانی[3] تێدا بێت. واتە یەك لایەنە یان دوو لایەنە، ناکرێ و سەرناگرێ )) ( لە یۆبیلی زیویندا...،ل٢٦-٢٧ ).

(١) تا پرۆسەی ئازادی لە عێراق، ئەزموونی گفتوگۆی کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا (٣٠) ساڵ بووە (١٩٦١ــ١٩٩١)، نەك (٤٠) ساڵ.

(٢) میری واتە حکومەت، کە تا هەزارەی سێیەم ئەم زاراوەیە زۆر بەکار دەهات.

(٣) لە باشوری کوردستاندا چەندین حیزبی سیاسی هەیە کە تەنیا ( ناو ) ن و هیچ پێگەیەکی جەماوەریان نیە، یان لە لایەن ( یەکێتی و پارتی ) یەوە دروست کراون و بە سێبەری ئەم دوو حیزبە دادەنرێن. بۆیە هیچ حیزبێك لەمانەی کە باسمان کردن، حیزبی رەسەن نین.

لە راستیدا بەرقەرار بوونی دیموکراسی لە عێراقدا، کارێکی زۆر ئەستەمە. بۆیە ئەگەر سەرکردایەتی کورد، پرسی گفتوگۆ لەگەڵ ناوەندا بە دیموکراسی ببەستێتەوە، ئەوا دەبێ واز لە بیرۆکەی گفتوگۆ بهێنێ، تا ئەو کاتەی عێراق دەبێتە وڵاتێکی دیموکراسی.

سەبارەت بەم قسەیەی ( مام جەلال ) یش کە دەڵێ (( گفتوگۆ دەبێ لە لایەن پەرلەمانەوە، یان شاندێك کە نوێنەرایەتی حیزبە رەسەنەکانی کوردستان بکات ئەنجام بدرێ )). ئەم قسەیە زیاتر بۆ راگەیاندن و پڕوپاگەندەی سیاسیە. چونکە سەرکردایەتی ( یەکێتی و پارتی ) هەرگیز لە پرسە گرنگەکانی وڵاتدا نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمان یان حیزبە کوردیەکانی تر، هەمیشە دوای بڕیار دان لەسەر پرسە ستراتیجیەکان، هاتوون روون کردنەوەیان داوەتە پەرلەمان و حیزبەکانی دیکە. نمونە لە پڕۆسەی ئازادی عێراقدا، مام جەلال و مەسعود بارزانی بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و حیزبە کوردستانیەکان، بڕیاریاندا بچنە پاڵ ئەمریکا و هاوپەیمانان لە دژی رژێمی فەرمانڕەوای عێراقەوە.

لە ساڵی (٢٠٠١)، یەکێتی کۆنگرەی دووەمی خۆی ئەنجامدا. مام جەلال راپۆرتی گشتی کۆنگرەکەی پێشکەش کرد، کە تێیدا سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبەکەی بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق، ئەم سەرەتایانەی خوارەوەی دیاری کرد ؛

١) ئێمە خۆمان بە عێراقی، بە کوردی عێراقی دەزانین.

٢) یەکێتی نیشتیمانی عێراقمان گەرەکە و دژی پارچە پارچە کردنی عێراقین.

٣) سەربەخۆیی و سەربەرزی عێراقمان گەرەکە و خەباتیان بۆ دەکەین.

٤) دیموکراسی وەك پەنا سایە[١] بۆ عێراق، چارەی هەموو دەرد و گیروگرفتەکان دەکات.

٥) عێراقێکی فیدراڵی دیموکرات، دەتوانێ هەموو هێزی رۆڵەکانی خۆی ساز بدات لە پێناوی نەهێشتنی ئابلۆقەکان، لابردنی سزاکان، لابردنی قەرەبووەکان، لابردنی ئەو کۆت و بەندانەش کە رێکەوتننامەی دوای جەنگی کەنداو کردویانەتە دەست و قاچی عێراقەکەمانەوە ( راپۆرتی گشتی کۆنگرەی دووەمی...،ل١٩ ).

مام جەلال لە راپۆرتەکەیدا بە شێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە پەرۆشی خۆی بۆ یەکێتی خاکی عێراق دەردەبڕێ، وە خەمخۆری حیزبەکەشی نیشان دەدات بۆ چارەنووس و بەرژەوەندیە

(١) پێدەچێ زاراوەی ( پەنا سا )، بە واتای گەرەنتی ( ضمان ) بەکار هاتبێ.

نیشتیمانیەکانی وڵاتی عێراق. کە ئەم هەڵوێستە زۆر تەبا نیە لەگەڵ بنەماکانی مافی چارەی خۆنووسین، کە یەکێتی لە پڕۆگرامە سیاسیەکەی خۆیدا چەسپاندویەتی!

هەر لە راپۆرتەکەدا مام جەلال لە بارەی تێڕوانینی حیزبەکەی سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دەڵێ (( لەم ساڵانەی دوایدا، جارێکیان لێیان راسپاردین بۆ گفتوگۆ و پرسیان چیمان دەوێ؟ کە ئێمەش لە وەڵامدا لێمان پرسین، ئایا ئەو پێنج وەرەقە ئیمزا کراوەی ساڵی (١٩٨٤) تان قبوڵە، کە نوێنەری هەردوو لا[١] ئیمزایان کردوە؟ لە وەڵامدا گوتیان نەخێر، چونکە زەمان گۆڕاوە و زۆری بەسەردا چووە )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢).

بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ئەو کات (٢٠٠١)، پێویست بوو حکومەتی ناوەندی بەندەکانی پڕۆژەی رێکەوتننامەکەی (١٩٨٤) ی پەسەند بوایە، وە یەکێتی داوای زیاتری کردبایە. چونکە بارودۆخی حکومەتی ناوەندی زۆر دژوار بوو، بەڵام دۆخی سیاسی کورد زۆر باشتر ببوو. کەچی هاوکێشەکە پێچەوانە بووە، یەکێتی بە پڕۆژەکەی (١٩٨٤) رازی بووە، بەڵام حکومەتی ناوەندی بە بیانووی گۆڕانی سەردەم رەتی کردۆتەوە!

لە بارەی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا، مام جەلال لە شوێنێکی تری راپۆرتەکەیدا دەڵێ (( کوردایەتی لە رۆژهەڵاتدا[٢] گەیشتۆتە رادەی خەملین، وە حیزبە سەرەکیەکانی سیاسەتی ژیرانە و واقیع بینانە پەیڕەو دەکەن. بۆیە کەسیان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ، یان جیابوونەوە لە دەوڵەتەکانی خۆیان ناکەن. تەنها سەرکردە سەر لێشێواوەکەی پەکەکە[٣] بوو، کە بۆ فریودانی لاوان، دروشمی کوردستانی گەورەی هەڵگرتبوو، بەڵام کە عەولا ئۆجەلانی سەرۆکیان گیرا و چۆکیان دادا، وازی لە هەموو دروشمەکانی پێشووی خۆی هێنا، بە دروشمی سەربەخۆیشەوە )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥ ).

---

(١) مەبەست لە نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی و حکومەتی ناوەندیە.

(٢) مەبەستی مام جەلال لە رۆژهەڵات، ناوچەکەیە کە تێیدا کوردستان لە نێوان چەند وڵاتێکدا دابەش بووە.

(٣) لە (٢٠٠١) دا کێشە و ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان ( یەکێتی و پەکەکە ) دا هەبوو. بۆیە مام جەلال بەم شێوەیە باسی عەبدوڵلا ئۆجەلان ( سەرۆکی پەکەکە ) دەکات.

دەیان ساڵە حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان ( کوردستانی گەورە )، داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەن لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیان. کەچی سەرەڕای تێکۆشان و قوربانیەکی زۆر، نەیانتوانیوە ئەنجامێکی باش دەستەبەر بکەن، جگە لە باشوری کوردستان. چونکە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردوە، وڵاتانی نادیموکراسین و بڕوایان بە مافەکانی کورد نیە وەك کەمینەیەکی نەتەوەیی. بۆیە تەنیا جیابوونەوە و سەربەخۆیی، چارەسەرە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد. هەرچی باشوری کوردستانە، ئەم بارودۆخەی لەم بەشەی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە، هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە سیاسەتی ( ژیرانە و واقیع بینانە ) ی حیزبە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانەوە نیە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بەو گۆڕانکاریە سیاسیانەوە هەیە کە دوای جەنگی کەنداوی دووەم[1] لە عێراق و کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە. ئەو حکومەتە کوردیەی کە لە باشوری کوردستاندا دامەزرا، زیاتر لە دەرئجامی ئەو پشتیوانیە نێودەوڵەتیەوە بوو کە بۆ کورد دەستەبەر بوو لە دوای دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەڵەتیەوە.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا، مام جەلال سەبارەت بە پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ کۆماری تورکیادا دەڵێ (( لەگەڵ جمهوریەتی تورکیاش لە سەرەتادا و لە زەمانی خوا لێخۆشبوو سەرۆك ئۆزالدا، گەیشتۆتە ئاستی بەرز و بە سەلماندنی مافەکانیشمانەوە، تاڕادەی فیدڕاڵی لەناو عێراقدا..... دوای تێکچوونی پەیوەندیەکانمان، توانیمان نیگەرانی تورکەکان لا بەرین، بە تایبەتی کە ئەم راستیەمان بۆ دووبارە کردنەوە :

١) ئێمە دژی پارچە پارچە کردنی خاکی عێراقین و لایەنگر و پارێزەری عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتین، پلانی دانانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆمان نیە.

٢) فیدڕاڵی لە مێژوودا، لە هەموو دنیادا یەکگرتنەوە و یەکێتی دەوڵەتان دابین دەکات، نیزامێکی ئیداری و سیاسی پەسەندە، تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی تاك نەتەوەشدا، وەك ئەڵمان. ئیمرۆ لە زۆر شوێنی ( ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکا ) دا

---

(١) ئەو جەنگەی لە نێوان ( هاوپەیمانان و سوپای عێراق ) دا روویدا لە سەرەتای ساڵی (١٩٩١) دا، بەهۆی داگیرکردنی کوێتەوە لە لایەن عێراقەوە، ناسرا بە جەنگی کەنداوی دووەم. بەو پێیەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران (١٩٨٠ــ١٩٨٨)، ناسراو بوو بە جەنگی کەنداوی یەکەم.

پەسەند کراوە و کاری پێدەکرێ. فیدڕاڵیەکەی ئێمەش، یەکێتی عێراق بەهێز دەکات، لە دوا ڕۆژیشدا دەبێ پەرلەمانی بە ئازاد هەڵبژێردراوی عێراق بڕیاری لەسەر بدات )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧ ).

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، بەهۆی ئەو پشتیوانیە نێودەوڵەتیەی بۆ کورد لە عێراقدا دروست ببوو، هانی تورگۆت ئۆزال ( سەرۆك کۆماری تورکیا ) دا کە سیاسەتێکی واقیع بینانە پەیڕەو بکات بەرامبەر بە پرسی کورد و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە. بۆیە هەم ئامادە بوو مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بکات کە لە باشوری کوردستاندا هاتبوونە ئاراوە، هەمیش پێشنیازی وتووێژی کرد لەگەڵ ( پەکەکە ) دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردستاندا، بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی پارچە پارچە کردنی عێراق و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی نیە. زۆر جەخت کردنەوە لەم بابەتە، بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ چارەنووسی پرسی کورد. چونکە ئەمە کار دەکاتە سەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی. ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەی کورد، تەنیا وەك کێشەیەکی نێوخۆی سەیر بکرێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

مام جەلال هەر لە ڕاپۆرتەکەدا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کورد و ( سۆشیال ئینتەر ناسیونالْ )[1] دەڵێ (( پەیوەندی ئێمە و حیزبە کوردستانیەکان لەگەڵ ( سۆشیال ئینتەر ناسیونالْ ) دا، بووەتە هۆی دروست بوونی لیژنەیەکی تایبەت بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، کە ساڵی چەند جارێك کۆ دەبێتەوە، هەتا ئێستاش چەندین بڕیاری پشتیوانی کردن لە کوردیشیان دەرچواندوە )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٣-٤٤ ).

سۆشیال ئینتەر ناسیونالْ، ناوبانگێکی جیهانی باشی هەیە، بەڵام کاریگەریەکی سنورداری هەیە لەسەر ناوەندە سەرەکیەکانی بڕیار لە جیهاندا، بۆیە ناتوانێ ڕۆڵێکی گەورە

---

(١) ڕێکخراوێکی جیهانیە، ئەو ڕێکخراوانە تێیدا دەبنە ئەندام کە پەیڕەو لە ڕێبازی سۆشیالیزمی دەکەن. جێگەی سەرنجە چەندین ڕێکخراوی ڕەگەزپەرست و نادیموکراتی تێیدا بوونەتە ئەندام، نمونە وەك پارتەکەی کەمال کلچدار ئۆغلۆ ( جەهەپە ) لە تورکیا، کە پارتێکی ڕەگەز پەرستە بەرامبەر بە نەتەوە ناتورکەکان لە تورکیادا، بە تایبەتیش بەرامبەر بە نەتەوەی کورد.

ببینێ لە چارەسەرکردنی کێشە هەستیارەکانی جیهاندا. بەڵام هەر چۆنێ بێ هەڵوێست و تێڕوانینی بەرامبەر بە پرسی کورد، تاڕادەیەکی باش و ئەرێنی بووە.

لە درێژەی راپۆرتەکەدا مام جەلال سەبارەت بە پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ چەند وڵاتێکی گرنگی رۆژئاوادا دەڵێ (( دەوڵەتەکانی فەرەنسا و بەریتانیا، لایەنگری خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا فرەوانترین شێوەی حوکمی خۆماڵیمان هەبێت..... سەرۆک شیراکیش ( سەرۆکی فەرەنسا ) بە نامە بۆمانی دووپات کردۆتەوە کە پشتیوانی لە مافی کورد دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا )) ( سەرچاوەی پێشوو،٤٥ ).

سیاسەتی رەسمی وڵاتانی رۆژئاوا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق، بریتیە لە پشتیوانی کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا. بێگومان کاتێ حیزبە کوردیەکان نەیانەوێ لە عێراق جیاببنەوە، رۆژئاواش ئەو کات داوای شتێ بۆ کورد ناکات کە زیاتر بێ لەوەی حیزبە کوردیەکان داوای دەکەن.

هەروەها مام جەلال لە راپۆرتەکەدا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ( یەکێتی و ئەمریکا )، ئاماژە بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات و دەڵێ (( بەردەوام دەبین لە پەیوەندی کردن لەگەڵ (USA)[1] ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، بەدەست هێنانی پشتیوانی ئەو وڵاتە بۆ پاراستنی کوردستان و دابین کردنی (١٣٪) بەشەکەمان و جێبەجێ کردنی بڕیاری (٩٨٦)، هەروەها بۆ ناوبژیوانی کردنی ( ی . ن . ك ) و ( پ . د . ك )[2] و پێك هێنانەوەمان و سەلماندنی فیدراڵیش بۆ کوردستانی عێراق )) ( سەرچاوەی پێشوو،٤٦ ).

ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ، کە لە دوای راپەرینی (١٩٩١) وە ئەمریکا چاکەی زۆری بەسەر کوردەوە هەبووە. چونکە بەرژەوەندی لەوەدا بووە کە هاوکاری کورد بکات لە دژی رژێمی فەرمانڕەوای عێراق، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی بە باشی کەڵك لەم پشتیوانیەی ئەمریکا وەربگرێ.

---

(١) USA کورتکراوەی(United states of America) یە، کە بە کوردیەکەی واتای ( ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ) یە.

(٢) ( ی . ن . ك ) کورتکراوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە ، وە ( پ . د . ك ) یش کورتکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردستاندا هەمیشە زیاتر بایەخ بەو پرسانە دەدا کە پەیوەندیان بە داهات و سامانەوە هەیە، وە کەمتر گرنگی بە پرسە نەتەوەییەکان دەدا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حیزبە کوردیەکانی باشور پەرۆشیان بۆ چارەنووس و بەرژەوەندیەکانی نەتەوە لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. بۆ نمونە باس لە سەردانێکی نێچیرڤان بارزانی ( سەرۆکی ئیدارەی هەولێر )[1] دەکەین کە لە رێکەوتی (١٢ـ٢٠٠١/٦/١٣) بۆ ئەوروپا ئەنجامیدا، لە دیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە بەرپرسانی فەرەنسی، باسی لە بەشە نەوتی هەرێم[2] کرد لە قۆناغی ( ئەو کات ) و لە ئایندەدا، واتە دوای هەڵگرتنی سزاکان لەسەر عێراق ( بڵاوکراوەکانی رێبازی کوردایەتی،ل٣ ).

مام جەلال لە راپۆرتی سیاسی کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی سەرکردایەتی ( ی . ن . ك ) لە مانگی (١) ی ٢٠٠٢ دا دەڵێ (( دەبێ خۆ لا بدەین لە داواکردنی ئامانجە دوورەکان، پێش ئەوەی هەلومەرجی تایبەتی و بابەتیان رەخسا بێت )) ( تورکیا و ئەوروپا...،ل٦٦ ). ئەم بۆچوونەی مام جەلال بەشێکی زۆر لە راستی تێدایە، بەڵام سەرکردایەتی کورد نابێ هەمیشە چاوەڕێی رەخسانی هەلومەرجی لەبار بکات بۆ هێنانە دی ئامانجە نەتەوەییەکان، بەڵکو دەبێ خۆی هەنگاوی کردەیی بنێ بۆ دروست کردنی ئەم جۆرە هەلومەرجانە.

---

(١) لە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆدا دوو ئیدارەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا دروست بوون، ئیدارەی هەولێر ( پارتی ) و ئیدارەی سلێمانی ( یەکێتی ). ئەم دوو ئیدارەییە تا ساڵی (٢٠٠٢) بەردەوام بوو.

(٢) مەبەست لە بەشە نەوتی هەرێم، رێژەی (١٣٪) ی داهاتی نەوتی عێراق بوو، کە بەپێی بڕیاری (٩٨٦) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کرابوو، کە بەهۆی دۆخی دوو ئیدارەییەوە لە نێوان ( یەکێتی و پارتی ) دا دابەش دەکرا.

## ـــ ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد بەر لە پرۆسەی ئازادی عێراق (٢٠٠٣) :

لە (١١) ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا، ئەمریکا دووچاری پەلامارێکی گەورەی تیرۆریستی بووەوە لە لایەن ( رێکخراوی قاعیدە )[١] وە. حکومەتی ئەمریکا کاردانەوەیەکی زۆر توندی نیشاندا بەرامبەر بەو رووداوە. لە یەکەم هەنگاویدا، بەهۆی دالّدەدانی ( رێکخراوی قاعیدە ) وە لە لایەن (حکومەتەکەی تالّیبان) وە لە ئەفغانستان، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کۆتایی بە رژێمەکەی تالّیبان هێنا[٢]. لە هەنگاوی دووەمیشدا، ئەمریکا بڕیاریدا کۆتایی بە رژێمە ستەمکارەکەی سەدام حوسێن بێنێ لە عێراقدا.

لە دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای عێراقەوە، رژێمەکەی ( سەدام حوسێن ) وەك هەڕەشەیەکی گەورە سەیر دەکرا بۆ سەر ئاسایشی جیهان و بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا. بۆیە دوای رووداوەکەی (١١) ی سێپتەمبەر، ئەمریکا بە دەرفەتی زانی کە کۆتایی بەم هەڕەشە گەورەیە بێنێ.

بە ئامانجی هێنانەدی گۆڕانکاری لە عێراقدا، ئەمریکا دەستی کرد بە ئەنجامدانی جموجۆڵیەکی زۆر لە بوارەکانی ( سیاسی ، راگەیاندن ، سیخوری... هتدا ). لە (٩ــ٢٠٠٢/٨/١٠) دا ئیدارەی ئەمریکا دانیشتنێکی لەگەڵ شاندی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەنجامدا، کە نوێنەری هەندێ حیزبی کوردیش تێیدا بەشدار بوون. لە دیدارەکەدا ئەمریکا چەندین داواکاری ئاراستەی لایەنی کوردی کرد، وەك هەماهەنگی کردنی پێویست و پێشکەش کردنی ئاسانکاری جۆرا و جۆر لە کاتی رووبەڕوو بوونەوەی مەیدانی لەگەڵ سوپای عێراقدا. لە بەرامبەریشدا لایەنی کوردی چەند داواکاریەکی خستە بەردەم بەرپرسانی ئەمریکی، وەك دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی لە دوای نەمانی رژێمەکەی سەدام حوسێن، وە رازی بوونی لەسەر دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقی ئایندەدا،

---

(١) رێکخراوی قاعیدە، رێکخراوێکی تیرۆریستی ئیسلامیە، لە لایەن ( ئوسامە بن لادن ) وە دامەزرا.

(٢) دوای رووداوە گەورەکەی (١١) ی سێپتەمبەر و کاردانەوە زۆر توندەکەی ئەمریکا، چەندین وڵات پشتیوانی خۆیان بۆ ئەمریکا راگەیاند. وە لە هەردوو پرۆسەی رزگار کردنی ئەفغانستان و عێراقیشدا، لە رووی هێز و لۆجستیەوە هاوکاری ئەمریکایان کرد.

وه پاراستنی هەرێمی کوردستان له دەست تێوەردانی سەربازی دەوڵەتانی دەور و پشت له کاتی روودانی جەنگدا، هەروەها پاراستنی کوردستان له هەر هەڕەشه و مەترسیەکی ( بەکارهێنانی هێز ) له لایەن حکومەتی ناوەندیەوه. بەرپرسانی ئەمریکا له دانیشتنەکەدا، رەزامەندیان نیشاندا لەسەر ئەم داواکاریانەی کورد ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل١٩٦ ).

له راستیدا له دوای لەناوبردنی رژێمەکەی سەدام حوسێن، ئەمریکا هەوڵی پێویستیدا بۆ جێبەجێ کردنی گشت ئەو داواکاریانەی که له لایەن کوردەوه ئاراستەی کرابوو. زۆری مەبەست بوو سیستەمێکی دیموکراتی له عێراقدا بنیات بنرێ، تا ببێته سەرەتایەکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی کەلتوری دیموکراتی له ناوچەکەدا، بەڵام لەم هەوڵەیدا شکستی هێنا. ئەمریکا به ئاشکرا پشتیوانی له دامەزراندنی سیستەمێکی فیدڕاڵی کرد له عێراقدا، هەوڵەکانیشی کاریگەری باشیان هەبوو لەسەر چەسپاندنی فیدراڵی له دەستوری وڵاتدا. له کاتی دەست پێکردنی جەنگەکەشدا، ئەمریکا رێگری کرد له دەست تێوەردانی تورکیا له کاروباری ناوخۆی عێراق و کوردستاندا.

بەمەش دەتوانین بڵێین، ئەمریکا تاڕادەیەکی باش ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر به کورد جێبەجێ کرد، بەڵام کەمتەرخەمیەکە زیاتر دەگەڕێتەوه بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد، که پێویست بوو لەگەڵ ئەمریکیەکاندا بچێته نێو وردەکاری زیاترەوه، وەك دەستەبەر کردنی پشتیوانی ئەمریکا بۆ گەڕاندنەوەی ناوچه دابڕاوەکان[1] بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وه وەرگرتنی بەڵێنێکی نووسراو له ئەمریکا بۆ بەرگری کردن له مافه نەتەوەییەکانی کورد له کاتی دروست بوونی کێشه و ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی ئایندەی عێراقدا. کەچی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ ئەمریکادا، زیاتر باسی له پرسه گشتیەکان کرد و وردەکاریه گرنگەکانی پشتگوێ خست.

مام جەلال له بارەی هەلومەرجی بەر له پرۆسەی ئازادی عێراق دەڵێ (( کۆنگره ئۆپۆزسیۆنی عێراقی له سەلاحەدین و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و گوتاری سیاسی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن له واشنتۆن له ئابی (٢٠٠٢) دا، پرۆژەی فیدڕاڵی که

(١) مەبەست لەو ناوچه کوردیانەیه، که تا پرۆسەی ئازادی عێراق ( له ٢٠٠٣ ) لەژێر دەستی حکومەتی عێراقیدا بوون، وه به تەواوی له هەرێمی کوردستان دابڕا بوون.

ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان[1] لە (١٩٩٢/١٠/٤) دا رایگەیاند بوو پەسەند کرد )) ( فیدراڵی و یەکگرتن...،ل١٧ ).

بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی ئەمریکا ئەوەی دەخواست، کە بە هەر چەشنێ بێ گۆڕانکاری لە رژێمی سیاسی عێراقدا ئەنجام بدرێ. ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عێراقی زۆر لاواز و بێ کاریگەر بوو، کورد تاکە لایەنی عێراقی بوو کە خاوەنی هێزێکی چەکداری باش بوو، وە ئەزموونێکی چەند ساڵەشی هەبوو لە بواری حوکمڕانیدا[2] . بۆیە پێویست بوو لایەنی کوردی ئاستی داخوازیە نەتەوەییەکانی بەرزتر کردبایەوە، بە لایەنی کەمەوە لە جیاتی فیدراڵی، داوای ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی کردبایە. کە بەو هۆیەوە ئەمریکا و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ناچار دەبوون، باشتر گوێ لە داخوازیەکانی کورد بگرن.

کۆنگرەی ( لەندەن ) ی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناوەراستی کانونی یەکەمی (٢٠٠٢) لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیادا بەسترا، هەموو لایەنە بەشداربووەکان، بڕیاریاندا لەسەر دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا، کە لە سایەیدا ( کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و سوننە و شیعە و مەسیحی و یەزیدی... هتدا ) بە مافە سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنیەکانی خۆیان بگەن ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٢٩٩).

دکتۆر ( بورهان یاسن )[3] یش لە بارەی کۆنگرەی ( لەندەن ) ی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیەوە دەڵێ (( لە بەندێکی کۆنفرانسی لەندەن، باس لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کرا سەبارەت بە بڕیاری فیدراڵی، کە وشەی ( ئیحترام ) ی بۆ بەکار هێناوە لە جیاتی ( ئیقرار )، لە نێوان ( ئیحترام و ئیقرار ) دا جیاوازیەکی ئێجگار زۆر هەیە )) ( عێراقی دوای سەدام...،ل١٢٥).

لە کۆنگرە و دانوستانەکاندا زۆرجار چەندین هەڵە بەسەر شاندی کوردیدا تێپەڕ دەبێ، ئەم هەڵانە زۆربەی جار دەگەڕێنەوە بۆ کەم توانایی ئەو ئەندامانەی کورد کە لە ( شاندەکان ) دا بەشدارن، وە هەندێ جاریش دەگەڕێنەوە بۆ کەم تەرخەمیان بەرامبەر بە بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەکەیان.

---

(١) مەبەست لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستانە.

(٢) تا پرۆسەی ئازادی عێراق، کورد ئەزموونێکی یازدە ساڵی هەبوو لە حوکمڕانیدا (١٩٩٢ــ٢٠٠٣).

(٣) نووسەر و سیاسەتمەدارێکی کوردستانی باشورە، چەند کتێبێکی بە پێزی هەیە لە بارەی پرسی سیاسی کوردەوە.

له (١١/٣٠ تا ١٢/١) ی ٢٠٠٢ لەژێر دروشمی ( کوردستانی عێراق دە ساڵ لەخۆ بەڕێوەبردن و پێشهاتەکانی ئاییندە ) دا کۆنفرانسێك بەسترا لە شاری ( ئۆدەسا ) ی دانیمارك، کە تێیدا خاتوو ( د . سۆفیا ۆلکەر ) لە بارەی داخوازیەکانی کورد و ئایندەی عێراق، وتارێکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە بەشێکی وتارەکەیدا دەڵێ (( کورد داوای هێنانە کایەی سیستەمێکی فیدراڵی دەکەن، داوای ئەوە دەکەن کە بەشیان لە دەستەڵاتەکانی ناوەندا[١] هەبێ، وە نوێنەرایەتیان لە حکومەت و پەرلەمانی ناوەندی هەڵبژێردراودا هەبێ. دەبێ دوو ئەنجومەنی هەرێمی هەبێ، یەکێکیان نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق بکات بە گشتی و، یەکێکی تر بۆ هەردوو هەرێمە فیدراڵیەکە[٢] بێ : کورد دەیەوێ رێکەوتننامەی دوو لایەنە لە نێوان هەردوو لادا مۆر بکرێ، ئەمەش دەستەڵات و گەرەنتیەك دەدات بە کورد کە ئێستا نیەتی )) ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٢٣٥ تا ٢٣٧ ).

دەستەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی، ناخوازن سیستەمی فیدراڵی لە تەواوی عێراقدا بچەسپێ. بۆیە نەك هەر هیچ پرۆژەیەکیان نیە بۆ بنیات نانی رژێمێکی فیدراڵی لە وڵاتدا، بەڵکو چەندین جار رێگریشیان کردوە لە دروست بوونی هەرێمێکی تازەی فیدراڵی. بۆ نمونە بیرۆکەی دروست کردنی هەرێمێکی فیدراڵی لە پارێزگای بەسرا ( بە تەنیا ) و چەند پارێزگایەکی تری سوننە نشین هاتە ئاراوە، بەڵام لێپرسراوانی حکومەتی ناوەندی بە توندی لە دژی وەستان. هەتاکوو جگە لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی تری فیدراڵیش لە عێراقدا دروست نەبێ، هیچ دەرفەتێك نابێ بۆ دروست بوونی ئەنجومەنی هەرێمەکان. بەمەش ( عێراقی فیدراڵی ) جگە لە ناوێکی بێ ناوەرۆك، هیچ بنەمایەکی راستەقینەی نابێ.

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، پێویست بوو سەرکردایەتی کورد پێداگری لەسەر واژۆ کردنی رێکەوتننامەیەك کردبایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، کە تێیدا گەرەنتی دابین کردنی مافە نەتەوەییەکان کرابوایە بۆ کورد لە سایەی رژێمێکی ( فیدراڵی ـ دیموکرات ) دا. وە پێویست بوو ئەو مەرجە لە رێکەوتننامەکەدا جێگیر کرابایە، کە هەر کاتێ حکومەتی ناوەندی ناوەرۆکی رێکەوتننامەکە پێشێل بکات، ئەوا کورد مافی ئەوەی دەبێ بە

---

(١) مەبەست لە دەستەڵاتەکانی ناوەند، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری و دەزگای سەربازی و دەزگا گرنگەکانی تری دەوڵەتە.

(٢) ئەمە لە کاتێکدا کە عێراق ببێ بە دوو هەرێمی فیدراڵی، ئەوانیش هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبستان.

شێوەیەکی ئازادانە بڕیار لەسەر دیاری کردنی چارەنووسی خۆی بدات. دەکرا ڕێکەوتنێکی لەم جۆرە لە دەستوری عێراقیدا جێگیر بکرێ، بەڵام سەرکردایەتی کورد نەیتوانی هەنگاوێکی لەم شێوەیە بنێ.

# دەروازەی بیستەم
# دۆخی کوردستانی باکور لە دوای دەستگیر کردنی عەبدوڵلاّ ئۆجەلان

## بەشی یەکەم :
## مەینەتیەکانی کورد لە باکوردا لە دوای دەستگیر کردنی ئۆجەلان

دوای ئەوەی ئۆجەلان لە کینیا بە هەماهەنگی نێوان هەواڵگری ئەمریکا و ئیسرائیل و ئاسانکاری دامەزراوەکانی وڵاتەکە دەستگیر کرا و درایە دەست دەوڵەتی تورکیا. رووداوەکە بۆ کورد بە گشتی و کوردانی باکور بە تایبەتی، کارەساتێکی نەتەوەیی گەورە بوو. بۆ دەوڵەتی تورکیاش، سەرکەوتنێکی سیاسی و مێژوویی گرنگ بوو. بەهۆی ئەو پلانگێریە گەورەیەی کە دژی ئۆجەلان ئەنجام درا، کورد هەستی بە ستەمێکی زۆر گەورە کرد. هەر بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیر کردنەکەی، بۆ ماوەی چەندین رۆژ لە تورکیا و چەندین وڵاتی تری جیهاندا، بە سەدان هەزار هاوڵاتی کورد خۆپیشاندانیان لە دژی ئەم تاوانە ئەنجامدا.

دوای دەستگیرکردنی، ئۆجەلان کەوتە رەوشێکی دەروونی زۆر ئاڵۆز و خراپەوە. دوای رفاندنی بۆ تورکیا، یەکەم وتەی ناوبراو ئەوەبوو (( دایکم تورکە، تورکم خۆش دەوێ )). ئەم قسەیە لە کاتێکی ئاساییدا هیچ کێماسیەکی نیە، بەڵام لەو دۆخەی کە ئۆجەلان تێیدا بوو، واتای پاڕانەوە و زوو خۆ بەدەستەوە دانی دەگەیاند. لە کاتی بەڕێوە چوونی دادگایەکەشیدا، ناوبراو داوای لێبوردنی لە دایکی سەربازە کوژراوەکانی تورك کرد، وە باسی لەوە کرد کە ( پەکەکە ) هەڵەی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، بەڵام ئەو ئاگای لەو تاوانانە نیە، بەڵکو فەرماندە سەربازیەکانی پەکەکە لەم رووەوە تاوانبارن. کەسێك خۆی بە کارێزما و رێبەری بزافێکی رزگاریخواز بزانێ، دەبێ بەرپرسیاریەتی گشت هەڵە و

کێماسیەکانی بزوتنەوەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، نەك لە بەرپرسیاریەتی را بکات و هەڵە و تاوانەکان بخاتە ئەستۆی دەور و بەرەکەیەوە.

ئۆجەلان دوای دەستگیر کردنی، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەبوو کە ژیانی خۆی رزگار بکات. بۆیە ئامادەیی خۆی و ( پەکەکە ) ی دەربڕی بۆ هەموو جۆرە هاریکاریەك لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی لە وڵاتدا. ئەوەبوو لە میانەی پرۆسەی دادگایی کردنەکەیدا وتی ؛ من دکارم کێشەی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی تورکیادا لە ماوەی سێ مانگدا چارەسەر بکەم، ئەگەر دادگا مافی ژیانم بداتێ. وە داوا لە گەریلاکان دەکەم چەکەکانیان فرێ بدەن و روو بکەنە رێکخراوێکی سیاسی رەوا[1] ( کوردی تورکیا،ل٤٠٤ ).

سەرکردەی سیاسی شۆرشگێر، نابێ لە ترسی مردن بپارێتەوە، بە تایبەتی لەنێو ( پەکەکە ) دا، کە دەیان کادیری ئەم حیزبە لە زیندانەکاندا بەردەوام بوون لە بەرخودان تاکوو مردن، وە بە دەیان کادیر و ئەندامی تریان لە پێناو سەرۆکەکەیاندا گیانی خۆیان بەخت کرد، کە هەندێکیان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا. کەچی ئۆجەلان لە پێناو سەلامەتی ژیانی خۆیدا، ئامادە بوو داوا لە پەکەکە بکات کە کۆتایی بە خەباتی چەکداری بێنێ. وە ئامادەیی گەریلاکانی نیشاندا بۆ خۆرادەست کردنەوە، ئەگەر دەوڵەت لێبوردنی گشتیان بۆ دەربکات. هەروەها ئامادەیی ( پەکەکە ) ی دەربڕی بۆ دانوستان لە پێناو دەستەبەر کردنی مافە کەلتوری و رۆشنبیریەکانی کورد لە تورکیادا. وە بۆ سەلماندنی نیاز پاکیەکەی، ئۆجەلان فەرمانی بە هێزەکانی پەکەکە کرد کە لەنێو خاکی تورکیادا بکشێنەوە، سەرکردایەتی ( پەکەکە ) ش فەرمانەکەیان وەك خۆی جێبەجێ کرد.

ئەو هەموو سازشانەی ئۆجەلان لە لایەك و پابەند بوونی ( پەکەکە ) ش بە خواست و فەرمانەکانی ناوبراو لە لایەکی ترەوە، زیانێکی زۆر گەورەی بە پەکەکە گەیاند لە رووی ( سیاسی، سەربازی، جەماوەری... هتدا ). راستە خۆ بەخاوەن کردنی پەکەکە لە ئۆجەلان، پێگەی ناوبراوی لە تورکیادا زۆر بەهێز کرد، بەڵام سازشەکانی ناوبراو لە زینداندا بوون بە هەڕەشەیەکی زۆر گەورە لەسەر ئایندەی پەکەکە و دۆزی کورد لە تورکیادا. لە

---

(١) مەبەستی لە رێکخراوێکی سیاسی رەوا، رێکخراوێکی یاساییە کە بە شێوەیەکی رەسمی مۆڵەتی کار کردنی لە دەوڵەت وەرگرتبێ.

بەختی پەکەکە و کوردی باکوردا، دەوڵەت ئامادە نەبوو گرنگی بەو سازشانەی ئۆجەلان بدات. وە سوور بوو لەسەر بڕیاری کۆتایی هێنان بە پەکەکە. کە بەهۆی ئەو ڕەوشە خراپەی ( پەکەکە ) وە، حکومەتی تورکیا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە لەناوبردنی ئەم حیزبە کارێکی ئاسان دەبێ، بەڵام ئەم لێکدانەوەیەی ڕاست دەرنەچوو. بۆیە دەوڵەتی تورکیا دەرفەتێکی زۆر گەورەی لەدەست چوو، کاتێ ئامادە نەبوو سازش و نەرمی نواندنەکانی ئۆجەلان و پەکەکە پەسەند بکات.

پەکەکە لە پێناو کەم کردنەوەی فشارەکانی سەر ئۆجەلان، چەندین دەستپێشخەری ئەنجامدا، وەك ئاگربەستی یەکلایانە. وە ئامادەیی دەربڕین بۆ چەك دانان، ئەگەر تورکیا دان بنێ بە سەلماندنی مافە ڕۆشنبیری و کەلتوریەکانی کورد. یەکێك لەو دەست پێشخەریانەی کە دەنگدانەوەیەکی سیاسی و میدیایی زۆری لێ کەوتەوە، ناردنی دوو گروپی ئاشتی بوو لە لایەن ( پەکەکە ) وە بۆ ناو تورکیا لە (١٩٩٩) دا، بە مەبەستی نیشان دانی نیاز پاکی و داواکردنی دیالۆگ و ئاشتی لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا. ئەم دوو گروپە، یەکێکیان لەنێو گەریلادا ئەوی تریشیان لە ئەوروپا پێك هێنرا بوون، وە نامەیەکیان پێ بوو کە ئاراستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی ئەرکانی گشتی کرابوو، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بە تورکیا لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی دەوڵەتەوە دەستگیر کران ( مێژوویێك لە ئاگر...،ل٧٢١ ). پەکەکە بەم کارە وێنەیەکی زۆر جوانی نیشانی رای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، سەلماندی کە هەرچەندە کورد زۆر ئاشییخوازە، بەڵام تورکیا گوێ لە بانگەوازی ئاشتی ناگرێ.

ئەم دەست پێشخەریانەی پەکەکە بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە تورکیادا، تەنیا لە یەك ڕووەوە قازانجی هەبوو، ئەویش باشترکردنی ناوبانگی پەکەکە بوو لە ئەوروپادا. بەرە بەرە تێڕوانینی وڵاتانی ئەورووپی بەرامبەر بە پەکەکە گۆڕانی بەسەردا هات، وە کەمتر پەکەکە وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەیر دەکرا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بەرەو پێشچوونە دبلۆماسیەکانی پەکەکە لە ئەوروپادا، گەشە سەندنێکی زۆر بەخۆوە ببینن.

پەکەکە بۆ گۆڕینی وێنەی خۆی لە بەردەم رای گشتیدا، بۆ ماوەیەك ناوی خۆشی گۆڕی. وە بۆ هەر بەشێکی کوردستان، ڕێکخراوێکی تایبەتی دروست کرد. جگە لەمانەش، بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە چیتر باس لە پڕۆژەی کوردستانی سەربەخۆ ناکات. کەچی ئەوەی

جێگەی سەرنجە ئەوەبوو کە ڕێکخراوەکە هەر بە ناوی ( پەکەکە ) وە دەناسرا، بۆیە ناچار بوو جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر ئەو ناوە.

لەژێر فشاری ڕۆژئاوا و ناوخۆی تورکیادا[1] ، دادگای تورکیا سزای ( لە سێدارەدان ) ی ئۆجەلانی گۆڕی بۆ زیندانی هەتا هەتایی. بەمەش ناوبراو جۆرێ لە سەقامگیری دەروونی لە زینداندا بەدەست هێنا، وە دەستی کردەوە بە چالاکیە فیکریەکانی. ئەم جارە پرۆژەیەکی نوێی پێشکەش کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکانی تورکیا، کە بریتی بوو لە پێشنیاز کردنی ( کۆنفیدراڵی دیموکراتی ). مەبەستی ئۆجەلان لەم پرۆژەیە، زیاتر هێنانە دی یەکێتی گەلان بوو نەك دەوڵەتان. ئەم بیرۆکەیە تایبەت بوو بە بیر و ئەندێشەکانی خودی ئۆجەلان، ئەگەرچی جێبەجێ بوونی ئەم جۆرە پرۆژەیە تاڕادەیەکی زۆر ئەستەمە، بەڵام وەك هەموو جارێك پەکەکە خۆی کرد بە خاوەنی و کردی بە دروشمی سەرەکی خۆی.

جەمیل بایك لە شیکردنەوەی ( کۆنفیدراڵی دیموکراتی ) دا دەڵێ (( ئەو سیستەمە لە دەرەوەی دەوڵەت، سیستەمێکی دیموکراتی بۆ خۆی بە بنەما وەردەگرێ..... سیستەمی دیموکراسی بە ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی دەوڵەتگەرا دەزانێ، لەو سیستەمەدا دەسترۆیی ( صلاحية ) و هێز لە ئارادا نیە، لەبەرئەوەی بە تەواوی ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی و عەدالەت بە بنەما وەردەگرێ..... ئەو سیستەمە بە تەواوی کۆمەڵگەی ژێرەوە بۆ خۆی بە بنەما وەردەگرێ..... بۆیەش دیموکراسیەتی راستەوخۆ ( الديمقراطية المباشرة ) بە بناغە وەردەگرێ، نەك دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٦٤-٦٦٥ ).

تا ئێستا مرۆڤایەتی نەیتوانیوە دەست بەرداری سیستەمی دەوڵەتگەرایی ببێ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لە رووی واقعیەوە دەوڵەت باشترین سیستەمە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك. زۆر ئەستەمە لە دەرەوەی دەوڵەت، گەرەنتی ( ئازادی و دیموکراسی ) بکرێ. ئەگەر ئەمەش نەکرا، ئەوا بێگومان ( یەکسانی و دادگەری ) تەنیا وەك بیرۆکەیەکی رووت دەمێننەوە. جگە لەمانەش دیموکراسیەتی راستەوخۆ، تەنیا توانراوە تاڕادەیەك لەو کۆمەڵگایانەدا پیادە بکرێ کە رێژەیەکی کەمی دانیشتوانیان هەبووە. بۆیە ئەستەمە بتوانرێ لە کۆمەڵگەیەکی چەند ملیۆنیدا، ئەزموونی ( دیموکراسیەتی راستەوخۆ ) بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێ.

---

(١) مەبەست لە ناوخۆی تورکیا لێرەدا، زیاتر فشاری کوردەکانی تورکیایە.

مەسعود تەك[1] لە بارەی وتە و هەڵوێستەکانی ئۆجەلان لە زینداندا دەڵێ : عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زینداندا وتویەتی (( ئامانجی ئێمە دیموکراسی بوونی تورکیایە...... سەربەخۆیی و فیدراڵی بۆ کورد زەرەرن. چونکە سەربەخۆیی کوردستان یان فیدراڵیەت، دەبنە هۆی ئەوەی کە شەڕی کورد و تورك دروست بێت و ئەمەش کێشەی کورد چارەسەر ناکات )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٥١،ل٨ ).

کێشەی بنچینەیی نەتەوەیی کورد، ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی نەتەوەییە. باشترین ڕێگە چارەش بۆ ئەم کێشەیە، بریتیە لە سەربەخۆیی یان نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی. بە ڕاستی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە. سەرکردەیەکی وەك ئۆجەلان کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ خەباتی لە پێناو نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەییدا کردوە، وە بە هەزاران گەریلای پەکەکە لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کردوە، کەچی بڵێ ( سەربەخۆیی و فیدراڵیەت بۆ کورد زەرەرن ). ئەگەر ئەمە بیرکردنەوەی ئۆجەلان بێ، کەواتە لە دامەزراندنی ( پەکەکە ) دا هەڵەیەکی گەورەی کردوە. چونکە ئامانج لە دامەزراندنی ئەم حیزبە، سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان بووە.

مەسعود تەك لە وەڵامی پرسیارێکی تری گۆڤاری ( لڤین ) دا دەڵێ : ئۆجەلان لە زینداندا لە بارەی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە باشوری کوردستان وتویەتی (( ئەمریکا پشتیوانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات و دەبێ تورکیا ئاگادار بێت، چونکە ئەمریکا دەیەوێ ئەم فیدراڵیەتە بگوازێتەوە تورکیاش )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٩ ).

ف

(١) لە کاتی سازدانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ گۆڤاری لڤین لە (٢٠٠٧) دا، ناوبراو سکرتێری حیزبی سۆشیالیستی تورکیا بوو .

ئەم قسانەی بە ناوی ئۆجەلان لە زیندانەوە بڵاو دەکرێنەوە، تاڕادەیەک جێگەی گومانن، چونکە ڕێی تێدەچێ تورکیا بە مەبەست وتە و پەیامەکانی ئۆجەلان دەستکاری بکات. ئەگەرچی هەندێ لە وتەکانی ئۆجەلان کە لە دەرەوەی زیندانیشدا کردوونی، جێگەی ڕەخنە و سەرنج بوونە. هەبوونی تێبینی سەبارەت بە پشتیوانی ئەمریکا بۆ کوردستانی باشور لە لایەن ئۆجەلانەوە، جێگەی پرسیارە. چونکە پشتیوانی ئەمریکا بۆ قەوارە کوردیەکەی باشوری کوردستان، دەبێ جێگەی خۆشحاڵی ئاوێراو بێ نەک مەترسی. ڕاستە گواستنەوەی مۆدیلی فیدراڵیەت بۆ تورکیا، لە دژی خواستی دەوڵەت و تورکە ڕەگەز پەرستەکانە، بەڵام لە قازانجی پرسی نەتەوەی کوردە لە تورکیادا. بۆیە نیگەرانی ئۆجەلان لەم بارەیەوە، پێچەوانەی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردە!

## بەشی دووەم :
## دۆخی کوردستانی باکور لە دوای خۆ ڕێکخستنەوەی پەکەکە

هەرچەندە پەکەکە لە پێناو سەلامەتی گیانی ڕێبەرەکەی، ئامادەی سازشی زۆر گەورە بوو، بەڵام حکومەتی تورکیا بەردەوام بوو لەسەر دروست کردنی فشاری زیاتر لەسەر پەکەکە، بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجارەکی بزافی کوردی لە تورکیادا. ئەمە دەرفەتێکی باشی دایە پەکەکە، بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و هەستانەوە لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە.

یەکێك لەو پرسە گرنگانەی کە ( پەکەکە ) بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات، بریتیە لە پێك هێنانی یەکێتی کوردان لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بن. تاکوو ئێستا بە دەیان جار پەکەکە بە ڕەسمی داوای لە لایەنە کوردیەکان کردوە، کە پێکەوە کار بکەن بۆ ئاواکردنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی. چونکە لە دیدی ( پەکەکە ) وە پێویستە لە بەرامبەر هاوپەیمانیەتی داگیرکەرانی کوردستان بۆ دژایەتی کردنی کورد، کوردیش لەنێو خۆیدا یەکێتیەکی نەتەوەیی پێك بهێنێ، تاکوو بتوانێ بە شێوەیەکی تۆکمەتر ڕووبەڕووی هەوڵ و پلانەکانی داگیرکەران بێتەوە.

جەمیل بایك لەم بارەیەوە داوا دەکات لە بەرامبەر هاوپەیمانیەتی ( تورکیا، سوریا، ئێران ) دا، کورد کۆنگرەیەکی نەتەوەیی پێك بهێنێ، بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەتی داگیرکەرانی کوردستان بێ کاریگەر بێت. لەم بارەیەوە ناوبراو دەڵێ (( ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردان بێتەدی، بە گوێرەی ئەمە، ستراتیجیەتی هاوبەش و تاکتیکی پێویست پێك دێ. بەمەش یەکێتی کوردان بەدی دێ کە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا تێکۆشان بەڕێوە دەبات، لە دۆخێکی ئەواشدا هەموو کەس ناچار دەبێ کوردان بە جدی ببینێ )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣١،ل١٦ ).

بێگومان ئەگەر یەکگرتنێکی نەتەوەیی هەبێ، ئەوا پێگەی سیاسی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەبێ. بەڵام کێشەکە لە بیرکردنەوە و زۆری ژمارەی ڕێکخراوە سیاسیەکان دایە، کە لە بری هاریکاری کردنی یەکتر، ململانێ و یەکتر ڕەتکردنەوە هەیە. تا ئێستا نەتوانراوە تەنانەت لەسەر ئاستی پارچەیەکی کوردستانیشدا، بەرەیەکی سیاسی

هەمە لایەن و یەکگرتوو پێك بهێنرێ[1]، ئاخۆ چۆن دەتوانرێ لەسەر ئاستی ( کوردستانی گەورە ) دا ئەم جۆرە بەرەیە ئاوا بکرێ. کێشەیەکی تریش ئەوەیە، کاتێ پەکەکە بانگەشەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دەکات، ئەوا لایەنەکانی تر متمانەیان بە پارتی ناوبراو نیە و وای بۆ دەچن کە ئامانجی پەکەکە لەمەدا ئەوە بێ، هەژموونی خۆی بسەپێنێ بەسەر گشت پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا.

موراد قەرەیلان لەم بارەیەوە دەڵێ (( ئێمە داوای یەکێتی نەتەوەیی کورد دەکەین، چونکە تورکیا و ئێران و سوریا و دوژمنانی کورد بە هەموو جۆرێ خەریکن بۆ لەناوبردنی کورد، ئەگەر یەکێتیەکی نەتەوەیی هەبێ، دەتوانین بەر بگرین بە هەوڵەکانیان..... پێویستە دانیشتنێکی لەو جۆرە هەبێ، بۆ ئەوەی بزانین چۆن چارەسەری پرسی کورد بکەین لە رۆژهەلاتی ناوین )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣٨،ل٩ ).

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە زۆر لە حیزبە کوردیەکانی تر، وەك ( پەکەکە ) بە پەرۆش نین بۆ پێك هێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی. پێدەچێ سێ هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم هەڵوێستەیانەوە هەبێ ؛

١) بەشێکیان متمانەیان بە ( پەکەکە ) نیە و پێیان وایە، پەکەکە تەنیا بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بە سەریاندا بانگەشە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات.

٢) هەیانە لەو بڕوایە دان کە ناتوانێ رۆڵێکی کاریگەر لەنێو کۆنگرەکەدا ببینن. بۆیە زۆر پەرۆشی کۆنگرەیەکی لەم جۆرە نین.

٣) بەشێك لەو پارتانە، گرێ دراوی یەکێك لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانن. بۆیە ناتوانن بەشداری بکەن لە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەم شێوەیەدا.

دوای ئەوەی پەکەکە وازی لە بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی هێنا، ئێستا ناتوانێ بە ناوی پێك هێنانی ( کوردستانی گەورە ) کار و چالاکی سیاسی ئەنجام بدات. بۆیە بە پاساوی خەبات کردن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی

---

(١) ئەزموونی بەرەی کوردستانی کە لە ساڵی (١٩٨٨) دا لە نێوان ژمارەیەك لە حیزبەکانی باشوری کوردستان پێك هێنرا، دەتوانین بڵێین تاڕادەیەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو لە رووی هاریکاری حیزبەکان پێکەوە. کەچی تەمەنی ئەم بەرەیە تەنیا نزیکەی چوار ساڵ بوو، دوای دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (١٩٩٢) دا، بەرەی کوردستانی بایەخ و پێگەی خۆی لە دەستدا.

که تێیدان، گەشە بە ڕێکخستنەکانی دەدات لە پارچەکانی تری کوردستاندا. لەم بارەیەوە هەڤاڵ جومعە[1] دەڵێ ((..... ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوین، سروشتی وڵاتانی سەردەستی کوردستان لەبار نیە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بێتە کایەوە..... ئێستا بۆ ئازادی گەلی کوردستان تێ دەکۆشین لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردی تێدایە )) ( مشتێك لە مرواری...،ل١٩ ). جەمیل بایك لە بارەی هەمان بابەتەوە لە شوێنێکی تردا دەڵێ (( سەرۆك ئاپۆ[2] و پەکەکە هەر تەنیا لە پێناو باکور شەڕ و تێکۆشان ناکەن، بەڵکو لە پێناو تەواوی پارچەکانی کوردستاندا شەڕ و خەباتی ئازادیخوازانە پێش دەخەن. سەرۆك ئاپۆ و پەکەکە دەخوازن ڕۆحی کورد و یەکێتی کورد مەزن بکەن، دەخوازن کێشەی کورد لە تەواوی پارچەکاندا چارەسەر بکەن )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٦٩٧ ).

هەرچەندە پەکەکە لە ئێستادا باس لە پڕۆژەی دەوڵەتی کوردی و پێك هێنانی کوردستانی گەورە ناکات، بەڵام لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بۆی برەخسێ تێکۆشان و فیداکاری گەورە بەڕێوە دەبات[3]. دوور نیە ئەگەر زەمینەیەکی لەبار برەخسێ، پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستانیش زیندوو بکاتەوە. بەم جۆرە پێدەچێ ( سەربەخۆیی ) ئامانجی ڕانەگەیەنراوی پەکەکە بێ، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی پرسی نەتەوەیی کوردەوە، ئەستەمە پەکەکە بەم شێوازە سەرکەوتوو بێ لە هێنانە دی ئامانجە ستراتیجیەکانیدا.

دوای ئەوەی پەکەکە لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە بە شێوەیەکی بەهێز گەڕایەوە بۆ سەر شانۆی سیاسی، هاوکات دوو گۆڕانکاری گرنگ لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیادا هاتنە ئاراوە، ئەوانیش یەکەم : پارتە کوردیە فەرمیەکانی ناوخۆی تورکیا، کە بە هێزترینیان پارتی ئاشتی ( BDP ) بوو، توانیان پێگەی سیاسی و جەماوەری خۆیان زۆر بەهێز بکەن،

---

(١) هەڤاڵ جومعە، نازناوی حیزبی جەمیل بایکە لە ناو ( پەکەکە ) دا.

(٢) لە شێوە زاری کرمانجی ژووروودا ، ئاپۆ بە واتای ( مام ) دێ. ئاپۆ نازناوی حیزبی ئۆجەلانە لەنێو پەکەکەدا.

(٣) پژاك لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، کە ڕێکخراوێکی سەر بە ( پەکەکە ) یە، ماوەیەك تێکۆشانی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی کاریگەر پیادەکرد. وە لە دوای ڕاپەڕینە سەرتاسەریەکەی گەلی سوریا لە دژی ڕژێمی فەرمانڕەوای ( بەشار ئەسەد )، پەیەدە کە لقێکی سەر بە ( پەکەکە ) یە بەشێکی فرەوانی خاکی کوردستانی خۆرئاوای ئازاد کرد و سیستەمی فیدراڵی خۆرئاوای کوردستانی ڕاگەیاند. وە لە باشوری کوردستاندا دوای هاتنی ( داعش ) بۆ عێراق، پەکەکە بەشداریەکی کاریگەری هەبوو لە شەڕی بەرگری کردن لە خاکی کوردستان.

وە ( پەکەکە ) ش بووە پشتیوانێکی زۆر بەهێز بۆیان. ئەم پارتانە توانیان هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن رێژەی دەنگەکانیان زیاد بکەن، وە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیشدا توانیان ژمارەیەکی زۆری شارەوانیەکانیان لە ناوچە کوردیەکاندا بەدەست بهێنن. ئەم پارتانە توانیان چالاکی شەقامی کوردی پەرە پێ بدەن و لە رێگەی خەباتی مەدەنیانەوە فشارێکی زۆر لەسەر حکومەتی تورکیا دروست بکەن، بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دیموکراسی و سەردەمیانە سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دووەم : پارتی داد و گەشەپێدان[١] ( ئەکەپە ) دوای ئەوەی گەیشتە دەستەڵات، توانی هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن پێگەی سیاسی و جەماوەری خۆی بەهێزتر بکات. ئەم پارتە توانی گۆڕانکاریەکی باش لەسەر ئاستی هۆشیاری و کەلتوری سیاسی لەنێو خۆی تورکیادا دروست بکات، وە سەبارەت بە پرسی کوردیش جۆرێ لە کرانەوەی سیاسی نیشاندا. بە ئامانجی چارەسەرکردنی پرسی کورد، پرۆژەیەکی سیاسی راگەیاند، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکەیدا. چونکە ئامادە نەبوو مامەڵە لەگەڵ پەکەکە و لایەنی کوردیدا بکات وەك لایەنێکی سەرەکی کێشەکە. هەروەها پرۆژەکەشی لە رووی سیاسیەوە کێماسی زۆری تێدا بوو، وە لەو ئاستەدا نەبوو کە بتوانێ پرسی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا چارەسەر بکات. لە لایەکی تریشەوە رووبەڕووی فشارێکی زۆری هێزە عەلمانی و کەمالیستیەکانی تورك بووەوە، کە دژی هەر جۆرە کرانەوەیەك بوون بە رووی کوردا.

هەندێ بیرمەند و رۆشنبیری تورك، رۆڵی گەورەیان بینیوە لە دژایەتی کردنی رەوتی رەگەز پەرستانەی تورك بەرامبەر بە کورد و مافە نەتەوەییەکانی، نمونە وەك کۆمەڵناس ( ئیسماعیل بێشکچی )، کە بەهۆی داکۆکی کردن لە پرسی نەتەوەیی کوردەوە، چەندین ساڵی لە زینداندا بردۆتە سەر. ئەم جۆرە کەسایەتیانە دەگمەنن لەسەر ئاستی جیهاندا، کە دژی نەتەوەکەی خۆیان بوەستنەوە، بەهۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی ترەوە. عەتا

---

(١) پارتی داد و گەشەپێدان ( العدالة والتنمية )، کورت کراوەکەی بە زمانی تورکی بریتیە لە ( ئەکەپە ). ئەم پارتە پاشخانێکی ئیسلامی هەیە، سەرەتا خۆی وەك پارتێکی میانڕەو و سەردەمیانە نیشاندا، بەڵام دوای ئەوەی توانی دەست بەسەر جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەتدا بگرێ، ئێستا بووەتە پارتێکی رەگەزپەرستی توندڕەو و هەنگاو بەرەو دکتاتۆریەتی رەها دەنێ.

قەرەداغی[١] لە بارەی هەڵوێستەکانی بێشکچیەوە دەڵێ (( ئایا کاتێ بێشکچی بە رووی دادوەرەکانی تورکیادا دەتەقێتەوە و دەڵێ : بەڵی کورد نەتەوەیەکی جیاوازن لە تورك و مێژووی بوونیان لەسەر خاکی خۆیان کە کوردستانە سێ هەزار ساڵ پێش مێژووی تورکە لەم ناوچەیەدا، بەو پێیەش مافی خۆیانە لە پێش تورکەوە دەوڵەتی خۆیان هەبێ. ئایا کورد بە فیعلی بەم جۆرە سوورە لەسەر خواستە نەتەوەییەکانی )) .

لە راستیدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، ئیسماعیل بێشکچی لە کاتێکدا کە بیرمەندێکی تورکە، بەم شێوە جوامێریە داکۆکی لە رەوایەتی پرسی کورد دەکات. کەچی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کورد بە شێوەیەکی شەرمنانە باس لە پرسی دەوڵەتی کوردی دەکەن، وەك (( سەربەخۆیی زەرەرە بۆ کورد ))، (( دەوڵەتی کوردی خەونێکی شاعیرانەیە ))، (( ئێمە دژی بیرۆکەی سەربەخۆیین و لەگەڵ جیابوونەوەدا نین )). ئەمەش تەنیا ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات، کە بزافی ناسیونالیستی لەنێو کوردا تا ئێستا بە شێوەیەکی دروست گەشەی نەکردوە.

بە ئامانجی دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ پرسی کورد لە تورکیادا، ئۆجەلان لە زینداندا پرۆژەی ( نەخشە رێگا ) ی ئامادە کرد. بەڵام دوای تەواو بوونی پرۆژەکە، دەستەڵاتدارانی تورك رێگەیان نەدا پرۆژەکەی بگاتە دەرەوەی زیندان. بەپێی وتەی موراد قەرەیلان، پرۆژەی ( نەخشە رێگا ) ی ئۆجەلان بەم شێوەیە ؛ ئێمە دەوڵەتی تورکیا قبوڵ دەکەین، دەوڵەت دەتوانێ ئاڵای خۆی لە هەموو دەڤەرێکی کوردستاندا هەڵ بکات، بخوازێ دەتوانێ لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا پەروەردە بکات، بخوازێ دەتوانێ خزمەت بگەێنێتە هەموو دەڤەرێکی کوردستان، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا نەتەوەی دیموکراتی کوردیش هەبێ، پێویستە دەوڵەت هەبوونی نەتەوەی دیموکراتی کورد قبوڵ بکات، کوردیش ئەنجومەنی خۆیان هەبێ، دەبێ دەزگای کەلتوری و وەرزشی و دەزگای ئاینی و دەزگای ئابوری، هەتا وەك هێزی بەرگری جەوهەری کوردان هەبێ ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٠٢،ل٢٠ ).

ئەم ( نەخشە رێگا ) یەی ئۆجەلان، پرۆژەیەکی دیموکراتی و ئاشتیانەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا. دەتوانین بڵێین

---

(١) نووسەر و رۆشنبیرێکی دیاری کوردە، لە بارەی پرسی ناسیونالیستی کوردەوە چەندین بەرهەمی چاپ کراوی هەیە.

پێشنیاز کردنی جۆرێ لە ( ئۆتۆنۆمی) یە، کە تورکیاش دەتوانێ بە پشت بەستن بە بنەماکانی دیموکراسی ئەم جۆرە چارەسەرە پەسەند بکات. بەڵام داواکردنی هەبوونی هێزی بەرگری کوردی لە باکوری کوردستاندا، هەرگیز لە لایەن تورکیاوە پەسەند ناکرێ. چونکە ناکرێ لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دوو هێزی بەرگری بوونیان هەبێ.

بەشێکی زۆر لە رێکخراوە فەرمیە کوردیەکانی ناوخۆی تورکیا، نزیك و هاوسۆزیەکی زۆریان لەگەڵ ( پەکەکە ) دا هەیە. بۆیە هەر پرۆژەیەك کە ئۆجەلان و پەکەکە بانگەشەی بۆ بکەن، دەبێ بە داخوازی رەسمی ئەوانیش. بەم جۆرە کۆنگرەی کۆمەڵەی دیموکراتی (DTK) کە رێکخراوێکی کوردی ناوخۆی تورکیا بوو، پرۆژەیەکی چارەسەری بۆ رای گشتی تورکیا بڵاوکردەوە لەژێر ناوی ( مۆدیلی کوردستانی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی ) [1]، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی. لە بەشێکی رەشنووسەکەدا هاتووە (( ئۆتۆنۆمی دیموکراتی، مەبەست لێی دیموکراتیزە کردنی کۆماری تورکیا و گۆڕینی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو وڵاتەیە، کە ناتوانێ پێداویستیەکانی هاوڵاتیان پڕ بکاتەوە و بووەتە لەمپەر لە پێش پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و ئابوری و کەلتوری تورکیادا )) ( هەفتەنامەی ئاوێنە،ژمارە٣٦٩،ل٢ ). هەروەها لە پرۆژەکەدا داواکراوە کە دان بنرێ بە رەسمی ناسینی زمانی کوردی لە دامو دەزگاکانی تورکیادا، وە داوای ئەنجومەنێکی ناوچەیی کراوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك. ئەم پرۆژەیەی دەتەکە (DTK)، کاردانەوەیەکی توندی لێکەوتەوە لە لایەن حکومەت و حیزبە ناسیونالیستەکانی تورکیاوە.

تورکە رەگەز پەرستەکان لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا (١٩٢٣)، هەمیشە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە تورکیا دەوڵەتێکی تاك نەتەوەیە و تەنیا نەتەوەی تورك لەم وڵاتەدا دەژی. ئەم بانگەشەیە زیانێکی زۆری گەیاندوە بە پرۆسەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلان لە تورکیادا، ئەمەش وڵاتی دووچاری ناسەقامگیری زۆر کردوە لە رووی ( سیاسی و ئابوری ) یەوە. بۆیە گۆڕینی مۆدیلی کۆماری تورکیا لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی ( رەگەزپەرست ) بۆ وڵاتێکی دیموکراسی، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشە سەندنێکی زۆر لە وڵاتدا. بۆیە نیشاندانی کاردانەوەیەکی توند بەرامبەر بە پرۆژەکەی (DTK) لە لایەن دەستەڵات و حیزبە ناسیونالیستەکانەوە، بە هیچ شێوەیەك لە قازانجی دەوڵەتی تورکیادا نەبوو.

---

(١) ئەم پرۆژەیە لە مانگی (١٢) ی ساڵی ٢٠١٠ دا بڵاو کرایەوە .

## بەشی سێیەم :

# پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە نێوان خەونێکی گەورە و ئاواتێکی بــەدی نەهاتوودا

داد و گەشەپێدان بەهۆی پاشخانە ئیسلامی و سیاسەتە میانڕەوەکەی، لەنێو کوردەکانی باکوردا بوو بە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێز. هەر بە پشتیوانی دەنگدەرانی کورد، توانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ. بە مەبەستی زیاتر سەرنج راکێشانی کوردەکان بە لای خۆیدا، ئەکەپە بەردەوام بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پرۆژەیەکی گشتگیری هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا[١]. بۆ رەواجی دان بە بانگەشەکانی، ئەکەپە کرانەوەیەکی سنورداری بەرامبەر بە پرسی کورد لە خۆیدا نیشاندا.

هاوکات لە لایەن شەقامی کوردیشەوە بەردەوام فشار لەسەر دەستەڵاتدارانی تورکیا هەبوو، بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی باشتر بەرامبەر بە پرسی کورد. هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی مژدە بەخش سەبارەت بە چارەسەر بوونی پرسی کورد لە تورکیادا. لە سایەی ئەم دۆخەدا هەندێ جار دەستەڵاتدارانی تورکیا چەند دەست پێشخەریەکی دڵ خۆشکەریان ئەنجام دەدا، هەندێ جاریش هەڵوێستی نەرێنیان بەرامبەر بە پرسەکە وەردەگرت.

لە ناوەراستی (٢٠١٠) دا شارەوانی دیابەکر ( عوسمان بایدەمیر )، داوای لە بەرپرسانی تورکیا کرد کە ( ئۆتۆنۆمیەکی دیموکراسی ) بۆ کوردانی وڵات دابین بکەن، بە شێوەیەك کە کورد لە باشوری خۆرهەڵاتی تورکیادا پەرلەمانێکی هەرێمی هەبێ و ئاڵای ئەو هەرێمەش لە تەنیشت ئاڵای تورکیادا بشەکێتەوە ( رۆژنامەی هەولێر،ژمارە٨٣٧،ل٥ ). ئەم داوایەی

(١) دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ دا، ( هەدەپە ) کە رێکخراوێکی کوردیە رێژەی (١٣٪) ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، دەرکەوت کە ئاستی جەماوەری ئەکەپە لەنێو کوردەکانی تورکیادا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. بۆیە ئەکەپە سیاسەتێکی رەگەز پەرستانەی توندی بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی گرتەبەر. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە کرانەوە سنوردارەکەی ئەکەپە بەرامبەر بە کورد، تەنیا تاکتیکێکی سیاسی بووە.

عوسمان بایدەمیر، هاوشێوەی داخوازیەکەی پەکەکە بوو سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزی کاریگەری پەکەکە لەنێو کوردەکانی باکوردا .

هەر سەبارەت بە پرسی ( ئۆتۆنۆمی دیموکراتی )، موراد قەرەیلان دەڵێ (( ئێمە ئۆتۆنۆمی دیموکراتیك تەنیا بۆ کوردانی تورکیا داوا ناکەین، بەڵکو بۆ کوردانی سوریا و ئێرانیش داوای دەکەین )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣٨،ل٨ ). بۆیە قەرەیلان باسی باشوری کوردستانی نەکردوە، چونکە لەوێ ( حکومەتێکی کوردی ) بوونی هەیە. زۆربەی جار پەکەکە تێڕوانینێکی هاوبەشی هەیە بۆ پرسی کورد لە گشت پارچەکاندا. ئەم هەڵوێستەی پەکەکە لەو گۆشە نیگایەوە سەرچاوە دەگرێ، کە خۆی وەك حیزبێکی ( کوردستانی ) وێنا دەکات و بەوە رازی نابێ کە تایبەت بێ بە پارچەیەکی دیاری کراوی کوردستان.

لە (٢٠١٠/٧/٢٠) دا کە ئەو کات پەکەکە لە شەڕێکی دژواردا بوو بەرامبەر بە تورکیا، موراد قەرەیلان وتی (( پەکەکە ئامادەیە چەك دابنێ، ئەگەر تورکیا بە شێوەیەکی دیموکراسیانە دۆزی کورد چارەسەر بکات، بە مەرجێ لەژێر سەرپەرشتی لیژنەیەکی ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) دا بێت. ئەگەر بەمەش رازی نەبێ، ئێمە داوای سەربەخۆیی دەکەین )).

هەبوونی مەرج بۆ ئەوەی لیژنەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد بکات لە تورکیادا، کارێکی زۆر پێویست و ژیرانەیە. چونکە دوای دانانی چەك و چۆڵکردنی شاخەکانی کوردستان لە لایەن گەریلاوە، هیچ گەرەنتیەك نابینرێ کە دەوڵەت ناچار بکات بەڵێنەکانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد جێبەجێ بکات. پەکەکە زۆرجار داواکردنی سەربەخۆیی وەك هەڕەشەیەکی سیاسی بەکار دێنێ بەرامبەر بە دەوڵەت، ئەمەش هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە. چونکە پەکەکە وەك حیزبێکی ناسیونالیستی پێویستە سەربەخۆیی وەك ستراتیجیەتێکی نەتەوەیی پەسەند بکات، نەك وەك کارتێکی فشار بە کاری بێنێ.

پەکەکە زۆرجار بۆ دەربڕینی نیاز پاکی خۆی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیادا، بە شێوەیەکی یەك لایانە ئاگربەستی راگەیاندوە. وەك چۆن لە

(٢٠١٠/٨/١٣) دا ئاگربەستی بۆ ماوەی (٤٠) رۆژ راگەیاند، کە هاوکات چەند داخوازیەکیشی ئاراستەی حکومەتی تورکیا کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە ؛

١) پێویستە دەوڵەتی تورکیا ئەو ئۆپەراسیۆنانە بوەستێنێ کە بەبێ وەستان لە هەردوو گۆڕەپانی سەربازی و سیاسیدا بەردەوامن و قۆناغی ئاگربەستی دوو لایەنە رابگەێنێ.

٢) یەکسەر ئەندامانی گروپی ئاشتی و نزیکەی (١٧٠٠) سیاسەتمەداری مەدەنی کورد ئازاد بکرێن، کە بە شێوەیەکی نادادوەر و بە بیانووی بێ بنەما دەستگیر کراون.

٣) دەست پێکردنی گفتوگۆ لەسەر بنەمای چوارچێوەی ئەو سێ خاڵەی هەرە دوایی کە ( ئاپۆ ) پێشکەشی کرد، وە رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ ئەوەی ( ئاپۆ ) بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری پرۆسەکە بکات.

٤) داخستنی بەنداوی (١٠٪)[1] ی هەڵبژاردن کە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا بوونی نیە ( هەفتەنامەی ئاوێنە،ژمارە٢٤٠،ل٥ ).

ئەو سێ خاڵەی کە ئۆجەلان پێشکەشی کردبوون بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە ؛

یەکەم : ئاگربەستی دوو لایەنی.

دووەم : پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی تایبەت ساز بکات لە بارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد.

سێیەم : کۆمسیۆنی عەدالەت ئاوا بکرێ ، هەر وەك چۆن لە باشوری ئەفریقاش ئاواکرا. لەو کاتەدا دەبێ دەستوری تورکیا بگۆڕدرێ، نەك بەو جۆرە رسکانە ( مجازفە ) ی ئەکەپە خەریکیەتی. کاتێ ئەوانە کران، ئەو کات ئێمەش دێینە سەر ئۆتۆنۆمی دیموکراتیك ( سەرچاوەی پێشوو،ل٥ ).

ئەکەپە ماوەیەکی زۆر خەریك بوو چەند گۆڕانکاریەك لە دەستوردا ئەنجام بدات. راستە هەندێ لەو گۆڕانکاریانە گرنگ بوون، بەڵام ئەکەپە زیاتر مەبەستی بوو بە جۆرێ گۆڕانکاری

---

(١) لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا، مەرجی هێنانی رێژەی (١٠٪) ی دەنگەکان دانرا بوو بۆ هەر پارتێکی سیاسی تاکوو بتوانێ بچێتە نێو پەرلەمانەوە، کە ئەمەش رێژەیەکی زۆر بەرز بوو. بەڵام ئێستا رێژەکە کراوە بە (٧٪) ، ئەگەرچی ئەم رێژەیش هەر زۆرە، بەڵام تارادەیەك باشترە.

لە دەستوردا ئەنجام بدات کە لە قازانجی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بێ، وەك گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی[1]، تاکوو لەو رێگەیەوە دەستەڵاتێکی زۆر بۆ ( ئەردۆگان ) ی سەرۆك کۆمار فەراهەم بێت.

پێدەچێ دانانی مەرجی هێنانی رێژەی (١٠٪) ی دەنگەکان، زیاتر بۆ رێگە گرتن بێ لە گەیشتنی پارتە کوردیەکان بە پەرلەمانی وڵات. چونکە بەهۆی ئەوەی حیزبە تورکیەکانیش لەنێو کوردەکانی باکوردا رێژەیەکی زۆری لایەنگریان هەیە، تا (٢٠١٥) هیچ حیزبێکی کوردی نەیتوانی بەربەستی ئەم رێژەیە تێپەڕێنێ و بگاتە پەرلەمان. بۆیە یان وەك کاندیدی سەربەخۆ، یان لە رێگەی هەندێ حیزبی تورکیەوە، هەندێ سیاسەتمەداری کورد بۆ گەیشتن بە پەرلەمان ناچار بوون خۆیان کاندید بکەن.

فراکسیۆنی ( داد و گەشەپێدان ) لە پەرلەمانی تورکیادا پرۆژەیەکی خستەڕوو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە چەند مادەیەکی دەستوریدا، کە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤدا نە دەگونجان. داد و گەشەپێدان داوای لە پەرلەمان کرد کە ئەم گۆڕانکاریە دەستوریە پەسەند بکات، بۆ ئەوەی دواتر لە رێگەی راپرسی گشتیەوە بخرێتە بەردەم هاوڵاتیانی تورکیاوە.

ئەم پرۆژەیەی داد و گەشەپێدان، هەنگاوێکی باش بوو بەرەو دیموکراتیزە کردنی تورکیا، بەڵام لە ئاستی داخوازیەکانی کوردا نەبوو. چونکە کوردانی تورکیا داوایان دەکرد گۆڕانکاری لەو مادە دەستوریانەدا بکرێ، کە بوونەتە هۆی دروست کردنی جیاوازی رەگەزی لە وڵاتدا. لەم بارەیەوە ئەحمەد تورك[2] دەڵێ (( بەر لەوەی باسی ریفراندۆم بێتە گۆڕێ، ئێمە داوای چەند شتێکمان کرد، وتمان دەبێ مادەی (٤٢) ی دەستوری تورکیا بگۆڕدرێ، چونکە ئەو مادەیە زمانی کوردی قەدەغە کردوە. هەروەها گوتمان دەبێ مادەی (٦٦) بگۆڕدرێ، چونکە ئەو مادەیە دەڵێ هەر کەسێك لە تورکیادا بژی تورکە، ئێمە وتمان با ئەو مادەیە بەم شێوەیە بگۆڕدرێ ؛ هەر کەسێ لە تورکیادا بژی هاوڵاتی تورکیایە )) (گۆڤاری

---

(١) لە (٢٠١٧/٤/١٦) دا راپرسی لەسەر گۆڕینی چەند بەندێکی دەستوری لە تورکیادا ئەنجام درا، کە یەکێك لە بەندەکان گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بوو بۆ سەرۆکایەتی. لە راپرسیەکەدا دەنگی ( بەڵێ ) زۆرینەی بەدەست هێنا. شیاوی باسە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن رەخنەی توندیان لە شێوازی بەڕێوە چوونی پرۆسەکە هەبوو، وە حیزبی دەستەڵاتداریان بە ساختەکاری تۆمەتبار کرد.

(٢) سیاسەتمەدارێکی ناسراوی کوردە لە تورکیادا ، بە کەسێکی بوێر و نیشتیمان پەروەر ناسراوە .

لڤین،ژمارە١٣٨،ل٢٩). بۆیە لایەنە کوردیەکانی تورکیا، پێشوازیان لەم پرۆژەیەی داد و گەشەپێدان نەکرد. چونکە گۆڕانکاریە دەستوریە پێشنیاز کراوەکە، هیچ پەیوەندیەکی بە باشترکردنی رەوشی نەتەوەیی کوردەوە نەبوو لە تورکیادا.

بە مەبەستی ئاگادار بوون لە بۆچوونی ئۆجەلان سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا، راوێژکاری گشتی میت ( هاکان فیدان ) سەردانی ئۆجەلانی کرد لە زینداندا. لە دانیشتنەکەدا ئۆجەلان وەك رێبەرێکی نەتەوەیی داخوازیەکانی کوردی خستنە روو[1]. لە بەرامبەر رازی بوونی دەوڵەت بە داخوازیەکانی، ناوبراو ئامادەیی ( پەکەکە ) ی نیشاندا بۆ کشانەوە لە خاکی تورکیا بەرەو قوڵایی هەرێمی کوردستان. داواکاریەکانی ئۆجەلان بە کورتی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون ؛

ـ مافی هاوڵاتی بوون لەسەر بناغەی شوناس نامەی کوردی بناسرێ.

ـ خوێندن بە زمانی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەکی رەسمی بێت.

ـ لێبوردنی گشتی بۆ گەریلاکان و گیراوە سیاسیەکان دەربکرێ.

ـ سیستەمی جاشایەتی بە یەکجاری هەڵبوەشێنرێتەوە.

ـ ئاڵای تایبەت بە کوردستان لە پاڵ تورکیادا هەڵبکرێ.

ـ ناوچەکە[2] سەروەری ناوخۆی هەبێ.

سەرچاوەکانی هەواڵ باسیان لەوە کرد کە ( هاکان فیدان ) پێزانینی خۆی بۆ ئەو پێش مەرجانەی ئۆجەلان راگەیاندوە، بەڵام داوای لە ئۆجەلان کردوە کە بۆ ئەوەی نیاز پاکی خۆی بسەلمێنێ، دەبێ فەرمان بدات کە گەریلاکان خاکی تورکیا بە جێبێڵن ( گۆڤاری لڤین، ژمارە١٤١،ل١٧ـ ١٨ ).

بیرکردنەوەی سیاسی تورك تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ ئەم جۆرە داخوازیانە پەسەند بکات. ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردوە، بڕوایان بە بنەماکانی دیموکراسی نیە. بۆیە تاکە رێگە بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیانەی پرسی

---

(١) پەکەکە کارێکی دروستی کرد کاتێ خاوەنداریەتی لە ئۆجەلان کرد، بەڵام پێویست بوو هەڵوەستە بکات بەرامبەر بە داخوازی و راسپاردەکانی ئۆجەلان لە زینداندا. چونکە ناوبراو لە زینداندا لە رەوشێکی نائاسایی دایە، وە توانای ئەوەی نیە بە شێوەیەکی ئازادانە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پرسە سیاسیەکان رابگەیێنێ.

(٢) مەبەست لە ناوچەکە باکوری کوردستانە .

کورد، تەنیا سەربەخۆیی سیاسیە. راستە ئۆجەلان زۆر جەخت لە بە دیموکراتیزە کردنی دەوڵەتی تورکیا دەکاتەوە، بەڵام ( دیموکراتیزە کردن ) پرسێك نیە کە بە خەبات و پێداگری کورد بە ئاسانی بێتەدی. ئەگەرچی زۆر جاریش دیموکراسیەت نەیتوانیوە کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان چارەسەر بکات، وەك کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا.

پێدەچێ ( هاکان فیدان ) لەم سەردانەیدا بۆ لای ئۆجەلان، زۆری مەبەست نەبووبێ کە رێگە چارەیەك بۆ پرسی کورد لە تورکیادا بدۆزێتەوە، بەڵکو تەنیا ویستویەتی لە رێگەی ئۆجەلانەوە جارێکی تر گەریلا ناچار بکرێ بە بەجێهێشتنی خاکی تورکیا[١]، بەڵام تورکیا نەیتوانی ئەم جارە سەرکەوتوو بێ لە پلانەکەیدا.

یەکێك لە داخوازیە دێرینەکانی کۆماری تورکیا، بە ئەندام بوونیەتی لە ( یەکێتی ئەوروپا ) دا، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە هێنانەدی ئەم خواستەیدا. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی وەرنەگرتنی تورکیا لەم یەکێتیەدا، دەگەرێتەوە بۆ پرسی کورد و رێز نەگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ. ئەگەر تورکیا لە ( یەکێتی ئەوروپا ) دا بە ئەندام وەربگیرێ، ناچارە هەڵوێستەکانی خۆی بەرامبەر بە پرسی کورد بگۆرێ. بۆیە زۆرینەی کوردەکانی تورکیا، پشتگیری لە بە ئەندام بوونی وڵاتەکەیان دەکەن لە ( یەکێتی ئەوروپا ) دا. لەم بارەیەوە کارینا وێسترهام ( سەرۆکی Eutcc بوو لە پەرلەمانی ئەوروپادا ) دەڵێ (( کورد لە تورکیادا پشتگیری لە بە ئەندام بوونی وڵاتەکەیان دەکەن لە ( یەکێتی ئەوروپا ) دا. چونکە ئەوان لەو بروایە دان کە ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی گەرەنتی مافەکانیان )) ( گۆڤاری گوڵان ، ژ ٦٥٦).

لە کۆتاییەکانی مانگی (١٢) ی ٢٠١٠ دا جەلال تاڵەبانی لە لێدوانێکدا وتبووی ؛ داواکردنی بە رەسمی ناسینی زمانی کوردی لە پاڵ زمانی تورکیدا لە لایەن کوردەکانی تورکیاوە، داواکاریەکی ناواقعیە. لە وەڵامدا ( سەلاحەدین دەمیرتاش )[٢] یش وتبووی ؛

---

(١) دوای ماوەیەکی کەم لە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، بە فەرمانی ناوبراو گەریلا خاکی تورکیای بەجێهێشت. لە کاتی کشانەوەی گەریلاکاندا، لە لایەن سوپای تورکیاوە زیانێکی گیانی زۆر بە گەریلا گەیەنرا.

(٢) ناوبراو هاوسەرۆکی ( هەدەپە ) بوو، سەرکردەیەکی زۆر بوێر و نیشتیمان پەروەرە، وە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێزە لەنێو کوردەکانی باکوردا. هەر بەهۆی هەڵوێستە نیشتیمانیەکانیەوە، خراوەتە بەندیخانە.

تاڵەبانی چ دەڵێ با بڵێ. ئەم داواکاریە نەك هەر زوو نیە، دەبوایە چڵ ساڵ بەر لە ئێستا کورد ئەم داواکاریەی خستبوایە روو.

داوای بە رەسمی ناسینی زمان، سادەترین داخوازیە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا. ناکرێ کورد بخوازێ پرسە نەتەوەییەکەی لە چوارچێوەی تورکیادا چارەسەر ببێ، کەچی بە رەسمی ناسینی زمانەکەی بە داوایەکی ناواقعی بزانێ. چونکە ئەگەر بە رەسمی ناسینی زمانەکەی بۆ کورد کارێکی ناواقعی بێ، ئەی چی بۆ کورد دەمێنێتەوە کە داوای بکات؟!

(٢٠١١) ساڵێکی پڕ رووداو و گۆڕانکاری بوو لە کوردستانی باکوردا. دوای ئەو رووداوانەی کە لە ناوچەکەدا هاتنە ئاراوە[١]، کوردەکانی باکور چالاکیە مەدەنی و سیاسیەکانیان گەشە پێدا. وە کوردەکانی سوریاش بە سەرپەرشتی ( پەیەدە ) کە رێکخراوێکی سەر بە ( پەکەکە ) یە، توانیان ناوچەیەکی فرەوانی کوردستانی رۆژئاوا بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. حکومەتی ( ئەکەپە ) ش[٢] لە ترسی دروست بوونی گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی کوردەکانی سوریا و کوردەکانی وڵاتەکەی، پەنای بردە بەر توند و تیژیەکی زۆر بۆ رێگە گرتن لە هەر گۆڕانکاریەك. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ( پەکەکە ) راکێشی نێو شەڕێکی دژوار بکرێ لە دژی دەوڵەتی تورکیادا. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، هاوکات پەکەکە لە دژی ئێرانیش چووە نێو شەڕێکی توندەوە لە رێگەی ( پژاك ) وە. شەڕ کردن لە یەك کاتدا دژی دوو زلهێزی هەرێمی ( ئێران و تورکیا )، لە رووی سەربازی و سیاسیەوە رسکێکی زۆر گەورەیە. لەو کاتەدا هەماهەنگیەکی زۆر لە نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا هەبوو بۆ شکست پێهێنانی پەکەکە. چونکە ئەوان ( پەکەکە ) یان بە مەترسیەکی زۆر گەورە دەزانی، بەهۆی ئەو پێگە جەماوەری و سەربازیەی کە هەیبوو. دەترسان بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە گەورە و خێرایانەی کە لە ناوچەکەدا هاتبوونە پێش، پەکەکە بتوانێ سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرێ و دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورە بۆ کورد بەدەست بێنێ، نەك بە تەنیا لە باکوردا، بەڵکو لە رۆژهەڵات و رۆژئاواشدا.

دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا نەیتوانی لە رێگەی بەکار هێنانی هێزەوە، چارەسەرێك بۆ نەهێشتنی مەترسی کورد بسەپێنێ، بە ناچاری دەستی کرد بە جوڵاندنی پرۆژەی

(١) مەبەست لە خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبیە.

(٢) مەبەست لە حکومەتی تورکیایە، کە لە لایەن ( ئەکەپە ) وە بەرێوە دەبرێ.

چارەسەرکردنی پرسی کورد. بەڵام ئەم جارە جیاواز لە جارەکەی پێشوو، راستەوخۆ کەوتە تاوتوێ کردنی پرۆژەکە لەگەڵ لایەنی کوردی و ( پەکەکە ) دا. بەمەش ئومێدێکی گەورە هاتە کایەوە بۆ چارەسەر بوونی پرسی کورد لە تورکیادا.

لە سەرەتاکانی (٢٠١٣) دا پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی پەسەند کرد، کە بەپێی یاساکە رێگە بە کوردان دەدرێ زمانی کوردی وەك زمانی دایك بەکار بهێنن، کە ئەمەش داخوازیەکی گرنگی کوردەکانی باکور بوو ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٠١،ل٤٣ ). دەتوانین بلێین ئەمە هەنگاوێکی زۆر باش بوو بۆ دروست کردنی متمانە لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا.

هەر لە سەرەتاکانی هەمان ساڵدا، لە میانەی بەردەوام بوونی هەوڵەکانی ئاشتی لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا، ئۆجەلان داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نائاسایی لە پەکەکە کرد، بۆ ئەوەی تێیدا تاوتوێی چەك دانان بکەن، تاکوو بە یەکجاری چەکەکان بێ دەنگ بکرێن و کۆتایی بە شەڕی سی ساڵە بێت[١]، وە لە جێگەیدا ئاشتی بێتە کایەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٥ ).

ئەگەر ئاشتی لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا بچەسپێ، بێگومان پێویستە پەکەکە چەکەکانی دابنێ. بەڵام بەر لە بەرقەرار بوونی ئاشتی لە تورکیادا، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پەکەکە واز لە چەك بهێنێ. چونکە ناکرێ لە دانوستاندا کورد هەموو داواکاریەکانی بەرامبەرەکەی جێبەجێ بکات، بەر لەوەی لایەنی بەرامبەر هەنگاوی پێویست بنێ، بە تایبەتی کە ( تورکیا ) هەرگیز جێگەی متمانە نیە.

لە نەورۆزی (٢٠١٣) دا ئۆجەلان (١٠) خاڵی وەکوو بنەماکانی پرۆسەی چارەسەری راگەیاند[٢]، بەم شێوەیەی خوارەوە ١) دەبێ گفتوگۆ لە بارەی ناوەرۆکی سیاسەتی دیموکراسیانەوە بکرێ ٢) پێناسە کردنی دۆخی ناوچەیی و نیشتیمانی لە چوارچێوەی دیموکراسیدا ٣) گەرەنتی دیموکراسیانە و یاساییانە بکرێ بۆ مافی هاوڵاتی ئازاد ٤) دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت لە رێگەی سیاسەتی

(١) پەکەکە لە (١٩٨٤) دا خەباتی چەکداری راگەیاند، لە ساڵانی نێوان (١٩٨٤ـ٢٠١٣) نزیکەی دەگاتە سی ساڵ، کە لەو ماوەیەدا شەڕ لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیادا بەردەوام بووە.

(٢) لە گردبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە ئامەد، کە زیاتر لە یەك ملیۆن هاوڵاتی کورد تێیدا بەشدار بوون، لە لایەن ئەو شاندەی کە سەردانی ئۆجەلانی کردبوو، پرۆژەکەی ناوبراویان کە تایبەت بوو بە پرسی ئاشتی لە تورکیادا خوێندەوە.

دیموکراسیانه و پرنسیپەکانی سیاسەتی دیموکراسیانه ٥) له گفتوگۆی ئاشتیدا قسه لەسەر بابەته ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بکرێ ٦) به درێژایی رەوتی گفتوگۆکانی ئاشتی، پەیوەندی نێوان ئاسایش و دیموکراسی به شێوەیەکی ئازادانه و له چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا تاوتوێ بکرێ ٧) گەرەنتی بۆ چارەسەرکردنی یاساییانەی بابەتەکانی رۆشنبیری و ژنان و ئیکۆلۆژی[1] بکرێ ٨) پێشخستنی بیرکردنەوە و تێڕوانینی دیموکراسیانه بەپێی پێناسەی شوناس و ناسنامه ٩) دەبێ له دەستوردا کۆماری دیموکراتیك، نیشتیمانی هاوبەش، بەپێی پێناسەی پێوەرەکانی دیموکراسیانەی گەلان، وەك سیستەمی دیموکراسی هەمەلایانه بچەسپێنرێ ١٠) نووسینەوەی دەستوری نوی بۆ تۆکمەکردن و به هەمیشەیی کردنی هەموو بەها دیموکراسیەکان ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٥).

ئەم پرۆژەیەی عەبدوڵلا ئۆجەلان زیاتر له پرۆژەیەکی چاکسازی دەچێ، نەك له پرۆژەیەك بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد. راسته چاکسازی کردن له دەزگاکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، دەبێته هۆی چاکترکردنی رەوشی کوردان، بەڵام کێشەی کورد له تورکیادا پرسێکی نەتەوەییه نەك ئیداری. ئۆجەلان له سەرتاپای پرۆژەکەیدا جەخت لەسەر به دیموکراتیزه کردنی کۆمەڵگه و دەوڵەت دەکاتەوە. راسته له ئەگەری به دیموکراتیزه بوونی راستەقینەی دەوڵەتدا، بەشێکی زۆر له کێشەکانی کور چارەسەر دەبن، بەڵام به دیموکراتیزه کردنی وڵات پرۆسەیەکی ئەوەنده ساده و ساکار نیه، که بتوانرێ له رێگەی پێشکەش کردنی پرۆژەیەك بهێنرێته کایەوە. جگه لەمەش کێشەی راستەقینەی کورد له تورکیادا، زیاتر پەیوەسته به پرسی ژێردەستەیی و جیاکاری نەتەوەییەوە، نەك به پرسی به دیموکراتیزه کردنی کۆمەڵگه و دەوڵەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هێنانی عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ نێو پرۆسەی ئاشتی له لایەن دەوڵەتەوە، له رووی چۆنیایەتیەوە هەنگاوێکی زۆر باش بوو، که بەهۆیەوە کوردانی باکور پشتیوانیەکی زۆریان له پرۆسەکه کرد.

ئەردۆگان له کۆتایی مانگی (٩) ی ٢٠١٣ دا پاکێجێکی دیموکراسی راگەیاند. ئەگەرچی له پاکێجەکەدا راستەوخۆ ناوی کورد نەهێنرا بوو، بەڵام ئەو خاڵانەی که تێیدا خرابوونه روو زیاتر پەیوەندیان به پرسی کوردەوە هەبوو، وەك ـ گەڕاندنەوەی ناوه کۆنەکان بۆ ئەو

(١) ئیکۆلۆژی ( Ecology ) زانستێکه بایەخ دەدات به پەیوەندی بوونەوەرەکان لەگەڵ ژینگەدا.

شوێنانەی کە ناوەکانیان بە بڕیاری ئیداری گۆڕا بوون - ئازادکردنی بەکار هێنانی هەر سێ پیتی ( ح، و، ق )[1] کە قەدەغە کرابوون - لابردنی ئەو سرودەی لە قوتابخانەکاندا دەگوترایەوە، کە تێیدا دەگوترێ شانازی بەوە دەکەم کە تورکم - ڕێگە دان بە خوێندنی زمانی نەتەوە ناتورکەکان لە قوتابخانە ناحکومیەکاندا.

ئەم پاکێجەی ئەردۆگان، شەش مانگ لە دوای پڕۆژە (١٠) خاڵیەکەی ئۆجەلان بڵاوکرایەوە، کە چاوەڕوان دەکرا بە شێوەیەکی هەمە لایەنەتر چارەسەری بۆ پرسە گرنگ و هەستیارەکان دەست نیشان بکردایە. بۆیە ئەم پاکێجە نەیتوانی هیچ تەکانێك بە پڕۆسەی ئاشتی بدات.

لە تورکیادا زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ناوەکانیان کوردی بوون، بە بڕیارێکی ئیداری گۆڕدرا بوون بە تورکی. ئامانجیش لەمەدا بە تورك کردنی خاکی کوردستان بوو. هەروەها ئەو سرودەی کە لە قوتابخانەکاندا دەگوترایەوە و دەڵێ شانازی بەوە دەکەم کە تورکم، ئەوە دەسەلمێنێ کە تورکەکان نەتەوەیەکی زۆر ڕەگەز پەرستن. چونکە ئەم سرودە هەوڵێکە بۆ بە تورك کردنی نەتەوەکانی تری ناو تورکیا. ئاسان ترین ڕێگە بۆ بە تورك کردنی کۆمەڵگەش، جێبەجێ کردنیەتی لەسەر منداڵان لە قۆناغی قوتابخانەدا. ئەم توندڕەویەی تورك لە ڕەگەز پەرستیدا، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سەردەمی تازەی مرۆڤایەتیدا ناگونجێ.

تورکیا زۆر نیگەران بوو بەرامبەر بەو سەرکەوتنانەی کە ( پەیەدە ) لە ڕۆژئاوای کوردستاندا بەدەستی هێنان. بۆیە بە شێوەیەکی زۆر توند کەوتە دژایەتی کردنی کوردانی ڕۆژئاوا، ( پەکەکە ) ش ناچار بوو بەهۆی ئەم دۆخەوە بەرامبەر بە تورکیا هەڵوێستێکی توند وەربگرێ، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر خراپ کاریگەری دروست کرد لەسەر پڕۆسەی ئاشتی. لە بنەڕەتیشدا حکومەتی تورکیا مەبەستێکی ڕاستەقینەی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاشەکشێی زیاتری دەکرد لە پڕۆژەکەدا. سەرەنجام پڕۆسەی ئاشتی تووشی شکست هات و نەیتوانی خەونە ئەرخەوانیەکانی کورد لە تورکیادا بەدی بێنێ.

(١) لەبەرئەوەی ئەم سێ پیتە تەنیا لە زمانی کوردیدا هەن و لە زمانی تورکیدا بوونیان نیە، بۆیە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکار هێنانیان لە نووسیندا قەدەغە کرابوو، کە ئەمەش ئەوپەڕی ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی تورکیا دەگەیێنێ بەرامبەر بە کورد.

# بەشی چوارەم :

# ئامانجەکانی کوردی باکور لە دوای شکستی پرۆسەی ئاشتی

پەکەکە وەك هێزێکی سەربازی، هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر رووبەرێکی بەرفرەوان تردا. بۆیە کاتێ بەشداری کرد لە رزگارکردنی ( شەنگال ) لە دەستی هێزەکانی ( داعش )[1] لە باشوری کوردستاندا، بیرۆکەی دروست کردنی ( کانتۆنی شەنگال )[2] ی راگەیاند، کە مەبەستی لەمە چەسپاندنی هەژموونی خۆی بوو لە ناوچەکەدا. سەلاحەدین دەمیرتاش لەم بارەیەوە وتی (( لە ئێستادا کانتۆنی شەنگال پێویستیەکی گەورەیە و دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و سەرجەم پارتەکانی تری کوردستان، پشتیوانی لەو کانتۆنە بکەن و هاوکاری بکەن )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە۳۰۱، ل۲۹ ).

پەکەکە ئەگەر بیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی کوردستاندا بسەپێنێ، دەبێ بە ئاشکرا رایبگەیێنێ کە ئامانجی ئەو رزگارکردنی تەواوی کوردستانە. لە کاتێکدا کە ئەمە راناگەیێنێ، نابێ رێگە بە خۆی بدات دەستەڵات بەسەر بەشەکانی تری کوردستاندا بسەپێنێ. وە هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراقیش، بە هیچ شێوەیەك ناچار نین دان بەو قەوارە سیاسیانەدا بنێن کە ( پەکەکە ) هەوڵی دروست کردنیان دەدات لە باشوری کوردستاندا.

سەبارەت بە ( سەلاحەدین دەمیرتاش ) یش کە پشتیوانی خۆی بۆ ئەم هەڵوێستەی پەکەکە راگەیاند، لە رووی سیاسیەوە کارێکی هەڵە بوو. چونکە هەم هەڵوێستەکەی

---

(۱) داعش کورت کراوەی ( دولة اسلامیة فی العراق و الشام ). هێزێکی ئیسلامی توندڕەوە، لە (۲۰۱٤) دا توانی دەست بەسەر رووبەرێکی بەرفرەواندا بگرێ لە سوریا و عێراقدا، وە دەوڵەتێکی ئیسلامی تێدا دروست کرد، بەڵام توانرا بە هاوکاری ئەمریکا و رۆژئاوا کۆتایی بە بوونی قەوارەکەی داعش بهێنرێ.

(۲) پەکەکە بەمە ویستی ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان لە باشوردا دووبارە بکاتەوە. چونکە پەیەدە لەوێ لە (۲۰۱٤) دا سێ کانتۆنی دروست کرد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

پەکەکە کارێکی دروست نەبوو، هەمیش بەڵگەیەکی بەهێزی دایە دەست حکومەتی تورکیا، تاکوو بیسەلمێنێ دەمیرتاش لایەنگری سیاسەتی ( پەکەکە ) یە.

لە مانگی (٦) ی ٢٠١٥ دا هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان لە تورکیادا ئەنجام درا، هەدەپە وەك رێکخراوێکی کوردی بۆ یەکەم جار لە مێژووی تورکیادا توانی بەربەستی رێژەی (١٠٪) ببڕێ و بگاتە پەرلەمان، دوای ئەوەی توانی رێژەی (١٣٪) ی دەنگەکان بەدەست بێنێ، بەمەش (٨٠) پاڵێوراوی هەدەپە توانیان ببن بە ئەندام لە پەرلەمانی تورکیادا. ئەم سەرکەوتنەی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکەدا، دەسکەوتێکی بێ وێنە بوو بۆ کورد لە مێژووی کۆماری تورکیادا.

ئەکەپە لە هەڵبژاردنەکەدا نەیتوانی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێ. بۆیە سەرەتا هەوڵیدا حکومەتێکی هاوپەیمانیەتی ( حكومة ائتلافية ) پێك بهێنێ، بۆ ئەم مەبەستە بەجیا داوای هاوپەیمانیەتی لە گشت حیزبە براوەکان کرد بە ( هەدەپە ) شەوە. هەدەپە لەبەرئەوەی تێبینی زۆری هەبوو لەسەر گەندەڵی و سیاسەتە هەڵەکانی ئەکەپە، بۆیە لە دوای دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن رایگەیاند کە ئامادە نیە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ( ئەکەپە) دا پێك بهێنێ.

لە لایەن هەندێ لایەنی کوردی و بەشێکی خەڵکەوە رەخنەیەکی زۆر لە هەدەپە گیرا، بەوەی کە ئامادە نەبوو بەشداری لە حکومەتدا بکات لەگەڵ ( ئەکەپە ) دا، بەڵام بە بڕوای من هەڵوێستەکەی هەدەپە زۆر دروست و ژیرانە بوو. چونکە ئەکەپە پاشەکشێی لە پرۆسەی ئاشتیدا کردبوو، وە هەڵوێستی بەرامبەر بە کوردەکانی خۆرئاوا زۆر خراپ بوو. جگە لەمەش بەرپرسانی حیزبەکە تۆمەتبار بوون بە چەندین دۆسیەی گەندەڵی، وە بەرامبەر بە پرسە دیموکراسیەکانیش هەڵوێستێکی زۆر خراپی هەبوو. بۆیە هاوپەیمانیەتی کردن لەگەڵ حیزبێکی لەم شێوەیەدا هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبوو.

ئەکەپە ئێستا وەك حیزبێکی دکتاتۆر دەیەوێ بە هەر شێوەیەك بێت، باڵادەستی خۆی بەسەر گشت دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بسەپێنێ و بە توندی رووبەڕووی نەیارەکانی بێتەوە. وە لە بەرامبەر کوردیشدا، سیاسەتێکی زۆر رەگەز پەرستانە پەیڕەو دەکات، دەیەوێ گشت ئەو دەسکەوتە سیاسیانەی کورد بەدەستی هێناون لە تورکیادا لەناویان بەرێ.

دژایەتی کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد و گۆشەگیر کردنی ئۆجەلان لە زینداندا لە لایەن دەوڵەتەوە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێ. ئەمەش بووەتە هۆی تەواو بی ئومێد کردنی کوردانی باکور بەرامبەر بە حکومەتی ئەکەپە. وەك پەرچە کردارێك بەرامبەر بە ستەمکاریەکانی دەوڵەت، لە مانگی (٨) ی ٢٠١٦ دا ژمارەیەکی زۆر لە بەند کراوەکانی دۆزی ( پەکەکە و کەجەکە ) مانگرتنیان لە خواردن راگەیاند، بە مەبەستی شەرمەزار کردنی گۆشەگیر کردنی ئۆجەلان، وە پێداگریان لەسەر مافی خۆپاراستن بە زمانی کوردی کرد لە بەردەم دادگادا (ناوەندی نوچە و شرۆڤەی رۆژ، نێت ).

دوای هاتنە ئارای ئەو نا ئارامی و دۆخە خراپە لە باکوری کوردستاندا، سەرکردەکانی هەدەپە بانگەشەکانیان بۆ زیندوو کردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا دەست پێکردەوە. لەم بارەیەوە سەلاحەدین دەمیرتاش لە سەرەتای مانگی (٩) ی ٢٠١٦ دا، داوای لە حکومەتی تورکیا کرد کە رێگەیان بدەن دیدار لەگەڵ ( ئۆجەلان) دا ساز بدەن. چونکە مەرجی پەکەکە بۆ دانوستان، دیداری ئۆجەلان و زانینی چارەنووسیەتی، وە ئۆجەلان تاکە کەسە بتوانێ پەکەکە رازی بکات بۆ چەك دانان ( پەیجی میللەت پرێس، نێت ).

چارەسەرکردنی کێشەی باکوری کوردستان، ئەوەندەی وابەستەیە بە گۆڕینی سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی. ئەوەندە وابەستە نیە بە رازی کردنی پەکەکە بۆ چەك دانان. بۆیە پێویستە بەر لەوەی داوای چەك دانان لە ( پەکەکە ) بکرێ، داوا لە دەستەڵاتدارانی تورك بکرێ بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دروست بەرامبەر بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە وڵاتدا.

ئەکەپە بە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ( مەهەپە )[١] دا، لە پەرلەمانی تورکیادا توانی پارێزبەندی ( حصانة ) لەسەر چەند پەرلەمانتارێکی هەدەپە هەڵبگرێ، بە بیانووی بوونی داوای سزایی لە دژیان لە دادگادا. لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٦) دا، دەزگا ئەمنیەکانی تورکیا هەستان بە گرتنی سەرجەم ئەو پەرلەمانتارانەی هەدەپە کە فەرمانی گرتنیان هەبوو لە لایەن دادگاوە، لەنێویشیاندا هەردوو هاوسەرۆکی هەدەپە ( سەلاحەدین دەمیرتاش و

---

(١) حیزبێکی رەگەزپەرستی تورکە و پابەندە بە رێبازی کەمالیزم لە خەباتی سیاسیدا، هەر بۆیەش زۆر دژی چارەسەرکردنی پرسی کوردە لە تورکیادا .

فیگەن یوکسداغ ) هەبوون. دەستگیر کردنی ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە لایەن حکومەتی تورکیاوە، لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە.

دوای دەستگیر کردنی هاوسەرۆکەکانی هەدەپە و ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی تر، حکومەتی ئەکەپە دەستی کرد بە دەستگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوسەرۆکەکانی ئەو شارەوانیانەی کە لە لایەن کوردانەوە بەڕێوە دەبران، بە بیانووی هەبوونی پەیوەندیان لەگەڵ ( پەکەکە ) دا، وە لە شوێنی ئەوان کەسانی سەر بە پارتی فەرمانڕەوا دانران. ئەمەش دەریدەخات کە تەنانەت هەڵبژاردنیش لە تورکیادا، گرنگی و بەهای خۆی لە دەستداوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ئێستا دۆخی کوردەکانی باکور لە دژوارترین هەلومەرج دایە.

بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی راپرسی لە (٢٠١٧/٤/١٦) لە تورکیادا، کە ئامانجی سەرەکی لێی گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی وڵات بوو لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی. هەدەپە هەڵمەتێکی گەورەی بەڕێوە برد بۆ رەتکردنەوەی گۆڕانکاریە دەستوریەکە لە راپرسیدا. چونکە ئامانج لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات، زیادکردنی دەستەڵاتەکانی ئەردۆگان ( سەرۆك کۆمار ) و کەمتر کردنەوەی رۆڵی پەرلەمان بوو لە یەکلا کردنەوەی پرسە چارەنووس سازەکانی وڵاتدا. ئەمەش لە بەرژەوەندی پرسی کورد و دیموکراسیدا نەبوو لە تورکیادا.

سەلاحەدین دەمیرتاش لە زینداندا بەهۆی هەڵوێستی جوامێرانەوە، وەك رێبەرێکی بوێر و نیشتیمان پەروەر دەرکەوت. بەمەش وەك کارێزمایەك بووە خاوەن پێگەیەکی سیاسی بەهێز لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا. هەر ئەم هۆکارەش بوو هانی ( هەدەپە ) یدا کە ناوبراو کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٨/٦/٢٤) دا ( Bas News . net ). ئەمە یەکەم جار بوو کورد کاندیدی خۆی هەبێ بۆ پۆستێکی باڵای دەوڵەت. ئەم رووداوە بووە هۆی زیاتر درەوشانەوەی رۆڵی دەمیرتاش لەسەر شانۆی سیاسی تورکیادا.

لە (٢٠١٩) دا جارێکی تریش ئۆجەلان پەیامێکی لە زیندانەوە راگەیاند بۆ چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا ( speemedia . net )، بەڵام ئەردۆگان پەیامەکەی فەرامۆش

کرد. لە راستیدا کورد بووەتە گرێیەکی دەروونی گەورە لە لای ئەردۆگان، بۆیە نایەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکەی چارەسەر بکات.

دەمیرتاش لە زینداندا هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا. لە (٢٠٢٠) دا دەست پێشخەریەکی راگەیاند بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد، لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە خستەروو ؛ کێشەکان بە چەك و توندوتیژی چارەسەر ناکرێن. بۆیە پێویستە پەکەکە لە خەباتی چەکداری دوور بکەوێتەوە، هەروەها دەبی دەوڵەتیش لەگەل ( ئۆجەلان ) دا گفتوگۆ دەست پێبکات لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی لە وڵاتدا ( پەیجی k٢٤ ، نێت ).

بێگومان لە کاتی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا، هەر دەبێ پەکەکە لە حیزبێکی چەکداریەوە ببێ بە حیزبێکی یاسایی و مۆڵەت پێدراو، بەڵام ناکرێ بەر لە جێبەجێ بوونی پرۆسەکە داوای دەست بەردار بوون لە چەك لە پەکەکە بکرێ. چونکە هیچ گەرەنتیەك نیە کە دەوڵەت پابەند بکات بە بەڵێنەکانی.

هەدەپە بەهۆی بەهێزی پێگە جەماوەریەکەیەوە، بووەتە هۆی نیگەران کردنی حکومەتی ئەکەپە و رەگەز پەرستانی تورك. بۆیە هەوڵ دەدەن لە رێگەی دادگاوە خۆیان لە هەڕەشەکانی هەدەپە رزگار بکەن. لەم رووەوە سەرۆکایەتی دادگای باڵای تورکیا لە (٢٠٢١/٣/١٧) دا پرسی داخستنی ( هەدەپە ) ی جوڵاند، وە دادگای دەستوری تورکیاش لە (٢٠٢٣/١/٥) دا بڕیاریدا هاوکاریە داراییەکانی هەدەپە رابگرێ ( سەرچاوەی پێشوو، نێت ).

دادگا لە تورکیادا هەمیشە چەکێکی کاریگەرە بەدەست دەوڵەتەوە بەرامبەر بە دۆزی کورد. بۆیە هەر جارێك چالاکی بزاف و رێکخراوە کوردیەکان پەرە بسێنێ، دەوڵەت لە رێگەی دادگاوە بەربەستیان بۆ دروست دەکات، بەڵام چالاکوانانی کورد هەمیشە رێگەیەك دەدۆزنەوە بۆ خۆ دەربازکردن لە گێچەڵیەکانی دادگا.

شەش حیزبی ئۆپۆزسیۆن لەنێو خۆیاندا هاوبەندیەکیان پێك هێنا، بەبێ ئەوەی هەدەپە تێیدا بەشدار بێت ( Harem News . net ). بەهۆی نەبوونی دیدگایەکی روون و ئەرێنی لە لایەن هاوبەندی ئۆپۆزسیۆنەوە بەرامبەر بە دۆزی کورد، هەدەپە زۆر نیگەران بوو بەرامبەر بە چارەنووسی پرسی کورد لە ئەگەری سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردەکاندا. لەم بارەیەوە ئەحمەد تورك وتی : ئەگەر لایەنی شەش قۆڵی بێنە سەر دەستەڵات، ئاستەنگ بۆ

چارەسەری کێشەی کورد دروست دەبێ ( VOA . Net ). کەچی لەبەرئەوەی تاکە رێگە بۆ کۆتایی هێنان بە دەستەڵاتی ئەردۆگان و ئەکەپە، تەنیا سەرکەوتنی ئۆپۆسیۆنە لە هەڵبژردندا. بۆیە هەدەپە خۆی ناچار دەبینێ کە هەماهەنگیەکی سنوردار لەگەڵ هاوبەندی ئۆپۆزسیۆندا بکات لە دژی ( ئەردۆگان ) دا.

کەمال کلچدار ئۆغلۆ ( سەرۆکی جەهەپە )[1] و کاندیدی ئۆپۆزسیۆن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، بە مەبەستی بەدەست هێنانی پشتیوانی دەنگدەرانی کورد، لە (٢٠٢٣/٣/٢٠) دا لە ئەنقەرە سەردانی بارەگای ( هەدەپە ) ی کرد. کە جۆرە لەیەك تێگەیشتنێکی باش هەبوو هاتە ئاراوە لە کۆبوونەوەکەی نێوانیاندا. چونکە پەروین بوڵدان ( هاوسەرۆکی هەدەپە ) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٢٢) دا رایگەیاند کە ئەوان کاندیدیان نابێ بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار ( MEWDA MEDIA . NET ).

دەمیرتاش مانگێك بەر لە هەڵبژاردنەکان لە زیندانەوە پەیامێکی ئاشتی راگەیاند ، لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی نووسیویەتی (( با بەڵێنێك بە گەلەکەمان بدەین، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی لە دوای رژێمی ئەردۆگان، کە پڕە لە ناکۆکی، پەکەکە لە تورکیا بە تەواوی چەك دادەنێن و بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبین. ئێمەش کێشەکانمان بەپێی پێویست و لە چوارچێوەی یاسادا لە ( ئەنجومەنی مەزنی نیشتیمانی تورکیا ) دا چارەسەر دەکەین و بە دڵنیاییەوە ئاشتیەکی کۆمەڵایەتی گەورە مسۆگەر دەکەین )) ( پەیجی خەندان،٢٠٢٣/٤/١٣، فەیسبوك ).

دوور نیە هەدەپە بەڵێنێکی لەم شێوەی لە ( جەهەپە ) و کلچدار ئۆغلۆ وەرگرتبێ، کە لە دوای نەمانی دەستەڵاتی ئەردۆگان، کێشەی کورد لە تورکیادا لە چوارچێوەی یاسادا چەرەسەر بکرێ. ئەو کاتیش پەکەکە چەك دابنێ و قۆناغێکی نوێی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە تورکیادا دەست پێبکات. ئەگەر ئەم ئامانجە بێتەدی، پرسی کورد لە تورکیادا هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە دەنێ. بەڵام ئەستەمە لە سایەی زاڵ بوونی تێڕوانینی رەگەز پەرستانە بەسەر دیدگای سیاسی تورکدا، ئەم خەونەی کورد لە تورکیادا بە شێوەیەکی ئاشتیانە بێتەدی .

---

(١) جەهەپە کورتکراوەی ( پارتی گەلی کۆماری تورکیا ) یە، کە لە لایەن مستەفا کەمالەوە دامەزراوە.

بەهۆی ڕێگریەکانی دادگا، هەدەپە لە ترسی ئەگەری داخستن، ناچار لەژێر ناوی پارتی سەوزی چەپ بەشداری هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣/٥/١٤) ی تورکیای کرد ( ROJ NEWS . NET ). بەهۆی هەڵوێستە نەرێنیەکانی ئەردۆگان بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی، یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی هەدەپە لە هەڵبژاردندا، بریتی بوو لە شکست پێهێنانی ئەردۆگان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا.

بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی ئێستا و پێشبینی کردنی گۆڕانکاریەکانی داهاتووی تورکیا، پێناچێ ئایندەی پرسی کورد لەم وڵاتەدا زۆر موژدە بەخش بێت. چونکە هەم لایەنی تورکی بە دەستەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە هەڵوێستێکی ئەرێنیان نیە بەرامبەر بە مافەکانی کورد و پرسە نەتەوەییەکەی، هەمیش بزافی کوردی لە دۆخێکدا نیە کە بتوانێ چارەسەریەکی دادپەروەرانە بسەپێنی بەسەر ناوەندە ڕەسمیەکانی دەوڵەتدا.

# دەروازەی بیست و یەکەم

# ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی خۆرئاوا لە هەزارەی سێیەمدا

## بەشی یەکەم :
## دۆخی کوردانی خۆرئاوا بەر لە خۆپێشاندانەکانی (٢٠١١) ی سوریا

دۆخی سیاسی کوردانی سوریا لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، هیچ گۆڕانکاریەکی گەورەی بە خۆوە نەبینی. رژێمی سوریا بەردەوام بوو لەسەر دژایەتی کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە وڵاتەکەیدا، چالاکی حیزبە کوردیە فەرمیەکانیش کورت کرابوەوە لە داواکردنی مافە کەلتوری و رۆشنبیریەکان.

لە (٢٠٠٢/١٢/١٠) دا لە رۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، نزیکەی (١٥٠) ئەندامی حیزبی ( یەکێتی کوردی لە سوریا ) لە دەرەوەی پەرلەمانی سوریا خۆپیشاندانیان سازکرد، وە دروشمەکانی وەك ( مافی هاوڵاتی بوون بۆ کورد ) و ( با سوریا ببێتە نیشتیمانی هەموو رۆڵەکانی : عەرەب و کورد و کەمایەتیەکانی تر ) و ( بروخێ قەدەغە کردنی زمان و کەلتوری کوردی ) و ( رێزی مافی مرۆڤ لە سوریا بگرن ) بەرز کردەوە. دوو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکە ( مەروان عوسمان و حەسەن ساڵح ) بەیاننامەیەکیان پێشکەش بە ( عەبدولقادر قادورە ) ی سەرۆکی پەرلەمان کرد، کە تێیدا داوای مافی یەکسانیان بۆ کورد لە سوریادا کرد. لە کاتی کۆبوونەوەی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە و سەرۆکی پەرلەمان، قادورە نکولی لە بوونی نەتەوەی کورد کرد لە سوریادا[١] و وتی : کێشەی کورد لە سوریادا

(١) پێدەچێ مەبەستی عەبدولقادر قادورە ئەوە بووبێ، کە کورد خاوەن خاك نیە لە سوریادا. وە ئەو کوردانەی لە سوریاش نیشتەجێن، لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون و لەوێ ماونەتەوە.

بوونی نیە. بەهۆی ئەم چالاکیە مەدەنیەوە، هەردوو سەرکردەکە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی سوریاوە دەستگیر کران ( کوردی سوریا...،ل١٧٠ ).

ئەم داواکاریانەی ئەندامانی حیزبی ( یەکێتی کوردی لە سوریا ) لە چوارچێوەی داوا دیموکراسی و کەلتوریەکان تێ ناپەڕن، بەڵام بوونی ئەم جۆرە داوایانە زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ رژێمی فەرمانڕەوای سوریا. چونکە ئەم جۆرە چالاکیانە، واتای بەگژا چوونەوەی دەستەڵاتی تاکڕەو و نادیموکراسیانەی رژێمی فەرمانڕەوای دەگەیاند.

بەهۆی ستەم و سیاسەتی رەگەز پەرستانەی رژێمی بەعسی سوری بەرامبەر بە کورد، لە ئازاری (٢٠٠٤) دا کوردەکانی قامشلۆ خۆپیشاندانێکی گەورەیان دژ بە سیاسەتەکانی دەستەڵات ئەنجامدا. بەهۆی توندی خۆپیشاندانەکەوە، حکومەتی ناوەندی ناچار بوو بێتە سەر هێڵ. وە بۆ هێور کردنەوەی هاوڵاتیانی کورد، دەوڵەت پێشنیازی گەڕانەوەی مافی هاوڵاتی بوونی بۆ نزیکەی (٢٠) هەزار هاوڵاتی کورد کرد، وە کوردی وەك نەتەوەیەك و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی سوری و مێژووەکەی لە قەڵەمدا ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣ ).

لە (٢٠٠٤) دا سێزدە حیزبی کوردی مۆڵەت پێدراو لە سوریادا هەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی داواکانیان سنوردار بوون و زیاتر لە چوارچێوەی مافە کەلتوری و رۆشنبیریەکاندا بوون، وە بە هیچ شێوەیەك داوای ئەنجامدانی گۆڕانکاریان نەدەکرد لە رژێمدا، وە بەشداریان لە چالاکیە سیاسیەکانی دژ بە دەوڵەت نەدەکرد، بۆیە لە لایەن ( رژێمی فەرمانڕەوا ) وە مامەڵەیەکی نەرمیان لەگەڵدا دەکرا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٢ ).

ئامانجی حیزبە کوردیەکانی سوریا، تاڕادەیەکی زۆر وەك یەك بوون. سەبارەت بە نەتەوەکەیان داوای مافی هاوڵاتی بوون و یەکسانیان دەکرد، وە زۆر جەختیان لەسەر مافە کەلتوری و رۆشنبیریەکان دەکردەوە، وە داوای نەهێشتنی باری نائاساییان دەکرد لە ناوچە کوردیەکاندا. هەرچی سەبارەت بە سوریا بوو بە شێوەیەکی گشتی، داوای بە دیموکراتیزە کردنی وڵات و چاکسازیان دەکرد، بەڵام هەرگیز پشتگیریان لە بەرپابوونی شۆڕش نەدەکرد (سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٤). لەبەرئەوەی ئەم حیزبە کوردیانە هیچ مەترسیەکیان پێك نەدەهێنا لەسەر پێگەی سیاسی رژێم، بۆیە دەستەڵات بوونی ئەم حیزبانەی بە کارێکی ئاسایی دەزانی، بە تایبەتی کە لەژێر چاودێری خۆیدا بوون.

لە رێکەوتی (٢٠٠٤/٦/٢) دا هەواڵگری سەربازی سوریا حیزبە کوردیەکانی بانگهێشت کرد، وە پێی راگەیاندن کە پێویستە چالاکیەکانیان رابگرن، لە بری ئەوە داوا پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی وەك کۆمەڵەی کەلتوری مۆڵەتیان پێ ببەخشرێ. بەڵام حیزبە کوردیەکان بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا کە بەردەوام بن لە کارەکانیاندا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٣ ).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە رژێمی فەرمانڕەوا، حەزی بەوە نەکردوە لەنێو کوردەکانی سوریادا حیزبی سیاسی بوونی هەبێ. بەڵام کە نەیتوانیوە کۆتایی بە دیاردەی حیزبایەتی بێنێ لەنێو کوردەکانی وڵاتدا، چاوپۆشی لەم دیاردە نەخوازراوە کردوە.

لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمدا، تاکە حیزبی کوردی لە سوریا کە داوای ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی دەکرد، بریتی بوو لە ( حیزبیا هەڤگرتنا گەلێ کورد لە سوریا ). حیزبە کوردەکانی تر بە گشتی، داوای چاکسازیان دەکرد لە رەوشی یاسایی کورداندا، وەك مافی هاوڵاتی بوون و داننان بە بوونی یاسایی کورد لە سوریادا وەك کەمینەیەکی نەتەوەیی ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٥ ). ئەمەش ئەم راستیە دەسەلمێنێ کە زۆربەی حیزبە کوردیەکانی سوریا، خۆیان بە دوور گرتبوو لەو خواستە سیاسیانەی کە رەهەندێکی نەتەوەییان هەبوو.

دیارترین چالاکی سیاسی حیزبە کوردیەکانی سوریا، بریتی بوو لە ئەنجامدانی گردبوونەوە، کە تێیدا ئەم داواکاریانەیان دەخستە روو ؛ گەڕانەوەی مافی هاوڵاتی بوون بۆ ئەو کوردانەی کە رەگەزنامەی سوریيان لێ وەرگیرا بوەوە و خاوەنی هیچ رەگەزنامەیەکی تریش نەبوون، دان پێنان بە کورد وەك نەتەوەی دووەم لە سوریادا، داننان بە زمانی کوردی و کردنی خوێندن بە کوردی لە ناوچە کوردیەکاندا، ئازادی لە پێك هێنانی یانەی وەرزشی و کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکان ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٩ ). ئەگەرچی ئەم داوایانە هەندێ بێزارکەر بوون بۆ رژێمی فەرمانڕەوای سوریا، بەڵام هیچ مەترسیەکی گەورەیان پێك نەدەهێنا لەسەر مانەوەی رژێمەکە.

مەروان عوسمان ، نووسەری کورد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ( حیزبی یەکێتی ) لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥) دا، سەرپەرشتی مانگرتنێکی کرد دژ بە سیاسەتی ستەمکارانەی رژێمی سوریا بەرامبەر بە کورد. وە هەوڵیدا لەم رێگەیەوە، رای گشتی جیهانی ئاگادار بکاتەوە سەبارەت بە دۆخی سیاسی کورد لە سوریادا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٣ ).

ئەمەش بە هەوڵێكی بوێرانە دادەنرێ لە پێناو گۆڕینی رەوشی سیاسی و نەتەوەیی كورد لە سوریادا.

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و چالاكیانەی كە حیزبە كوردیەكان لە سوریادا ئەنجامیان دەدا، بە مەبەستی باشتر كردنی ژیان و گوزەرانی كورد لەو وڵاتەدا، بەڵام لەبەرئەوەی نەیان دەتوانی فشارێكی زۆر و كاریگەر لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دروست بكەن، دۆخی سیاسی كوردەكانی سوریا هەر وەك خۆی مایەوە، تا هاتنی رووداو و گۆڕانكاریەكانی ساڵی (٢٠١١). هەوڵ دەدەین لە بەشی دووەمی ئەم دەروازەیەدا، تیشكێك بخەینە سەر دۆخی سیاسی كوردانی خۆرئاوا لە دوای رووداوەكانی (٢٠١١) ی وڵاتی سوریا.

# بەشی دووەم :
# ئامانجــە نەتەوەییەکانــی کــورد لە دوای ڕووداوەکانی (٢٠١١) ی سوریا

## ـــ هەڵوێستی کورد لە سەرەتای ڕووداوەکانی (٢٠١١) دا :

ڕژێمی فەرمانڕەوای سوریا، ڕژێمێکی نادیموکراسی و ستەمکارە. بۆیە ناڕەزایەتیەکی زۆر هەبوو بەرامبەر بە دەستەڵات لەنێو خەڵکدا. دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە تونس و میسر، خۆپیشاندانە جەماوەریەکان سوریاشی گرتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی سروشتی ڕژێمی سیاسی لە سوریادا جیاواز بوو، دەستەڵات بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژانە ڕووبەڕووی جەماوەر بوەوە. بۆیە هەر زوو خۆپیشاندانە جەماوەرەیەکان، گۆڕان بە ڕاپەڕینی چەکداری.

کوردەکانی سوریا لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا، زۆر بە پارێزەوە لە ڕووداوەکان نزیك دەبوونەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار ١) حیزبە کوردیە کلاسیکیەکان[١] لەگەڵ ئەوەدا بوون، کورد پەلە نەکات لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە ڕووداوەکان ٢) لایەنگرانی ( پەکەکە ) کە باڵادەستن لەنێو کوردەکانی سوریادا، سەرەتا دژی بەشداری کردنی کورد بوون لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕژێم. هەروەها یەکێك لە کێشە گەورەکانی کورد لە کاتی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سوریادا ئەوەبوو، کۆ دەنگی و یەك هەڵوێستی لەنێو ڕێکخراوە کوردیەکاندا بوونی نەبوو. بۆیە لە سەرەتادا کوردانی خۆرئاوا، هیچ پڕۆژە و داخوازیەکی ڕوونیان نەبوو. دوای ئەوەی چەند چالاکوانێکی کورد بەشداریان لە خۆپیشاندانەکان کرد. بەمەش کورد بە ڕەسمی بووە یەکێك لە لایەنە بەشدار بووەکان لە ڕووداوەکانی نێوخۆی سوریادا .

---

(١) مەبەست لە حیزبە کوردیە کلاسیکیەکان، ئەو ڕێکخراوە کوردیانەیە کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر شانۆی سیاسی لە سوریادا بوونیان هەیە، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەری سیاسیان تاڕادەیەك سنوردارە.

له كۆتايی مانگی (١٠) ی ٢٠١١ دا كۆنگرەی نيشتيمانی كوردی له قامشلۆ بەسترا، كه كەسانی سەربەخۆ و نوێنەری پارتە كلاسيكيه كورديەكان تێيدا بەشدار بوون. كۆنگره له راگەياندنی كۆتاييدا، داوای ( مافی چارەی خۆنووسين ) ی كرد بۆ كورد له چوارچێوەی يەكێتی خاكی سوريادا، هەروەها داوای گۆڕينی رژێمی سياسيشی كرد له " رژێمێكی ستەمكارەوە بۆ رژێمێكی ديموكراتی فرەيی ". وە يەكێك له بڕيارە گرنگەكانی كۆنگرەكە، بريتی بوو له كشانەوەی حيزبه كورديەكان له چوارچێوەی ( هاوپەيمانيەتی نيشتيمانی ئۆپۆزسيۆن ) دا، تا ئەو كاتەی رێك كەوتن دەكرێ له گەڵيدا له بارەی رێز گرتن له داخوازيه نەتەوەييەكانی كوردا (معلومة سياسية...، نيت ).

داواكردنی مافی چارەی خۆنووسين له لايەن كۆنگرەی نيشتيمانی كورديەوە، ئەگەرچی له چوارچێوەی سورياشدا بێت، وەرچەرخانێكی گەورە بوو له سياسەتی حيزبه كلاسيكيه كورديەكانی سوريادا. بەڵام كێشەكە لەوەدا بوو كه ئەم حيزبه كلاسيكيانە، نەيانتوانی كاريگەريەكی گەورە دروست بكەن لەسەر پێشهاتە سياسيەكانی خۆرئاوای كوردستان.

ئەگەرچی ( كۆنگرەی نيشتيمانی كورد )، بڕياری مافی چارەی خۆنووسينی له چوارچێوەی سوريادا پەسەند كرد، بەڵام رێكخراوە كورديەكان كۆدەنگ نەبوون لەسەر چارەسەرێكی دياری كراو بۆ پرسی نەتەوەيی كورد له سوريادا. بۆ نمونه حميد درويش[١] له چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ رۆژنامەی هەولێر دەڵێ (( ئێمە وەك حيزب مافی ئازادی سياسی و ئۆتۆنۆمی، بە داوايەكی مەنتيقی ئەزانين. ئێمە كاتێ باسی مافی چارەی خۆنووسين دەكەين، بەلای عەرەبەوە قورسە و قبوڵی ناكات. ئێمە شتێكمان دەوێ، كه پێويستە هەموو لايەنەكانی ئۆپۆزسيۆنی عەرەبی قبوڵيان بێ..... بەڵام تا ئێستا باسكردنی داخوازيەكانی كورد و داخوازيەكی ديار كه هەموو لەگەڵيدا كۆك بين، بوونی نيه. حيزبه سياسيەكانی رۆژئاوا، نازانين دواتر چيان دەوێ )) ( رۆژنامەی هەولێر،ژمارە١٣٩٧،ل٥ ).

نەبوونی كۆدەنگی لەنێو حيزبە سياسيەكاندا سەبارەت به شێوازی چارەسەركردنی پرسی كورد له سوريادا، كاريگەريەكی زۆر خراپی هەيە، هەم لەسەر هەماهەنگی نێوانيان، هەميش لەسەر پێگەی سياسيان له سوريادا. نابێ حيزبه كورديەكان، تەنيا داوای ئەو شتانە بكەن كه بەرامبەرەكەيان پەسەندی دەكات. ئۆپۆزسيۆنی عەرەبی له سوريادا به

---

(١) ناوبراو ئەو كات سكرتێری ( پارتی ديموكراتی پێشكەوتنخوازی كورد له سوريا ) بوو.

ویستی خۆی، هەرگیز خواستە نەتەوەییەکانی کورد پەسەند ناکات، بەڵکو دەبێ کورد خواستەکانی خۆی بەسەر لایەنی عەرەبیدا بسەپێنێ، چونکە ( ماف ئەسەندرێ نادرێ ).

حیزبە کوردیە کلاسیکیەکانی سوریا، یەکەم جار بوو کە داوای گۆڕینی رژێمی سیاسی وڵات بکەن. بێگومان ئەمەش بە گۆڕانێکی ئاسایی دادەنرێ، چونکە دوای سەرهەڵدانی رووداوەکانی ساڵی (٢٠١١)، هەموو هێزە نەیارەکانی رژێم داوای رووخانی رژێمی فەرمانڕەوایان دەکرد.

بڕیاری ( کۆنگرەی نیشتیمانی کورد ) ی سەبارەت بە کشانەوە لە ( هاوپەیمانیەتی نیشتیمانی ئۆپۆزسیۆن )، هەڵوێستێکی دروست و بڕیارێکی ژیرانە بوو. چونکە ناکرێ کورد لە چوارچێوەی ( هاوپەیمانیەتی ئۆپۆزسیۆن ) دا بێ، ئەویش بڕوای بە داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد نەبێ. لە هەمان کاتیشدا ئەم هەڵوێستەی کۆنگرەی نیشتیمانی کورد بەرامبەر بە هاوپەیمانیەتی ئۆپۆزسیۆن، بڕیارێکی بوێرانە بوو. چونکە زۆر بە کەمی روویداوە، پارتە کوردیەکانی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتدا پاشەکشێ بکەن، بەهۆی ناروونی هەڵوێستیەوە بەرامبەر بە پرسی کورد.

دواجار هەر بەهۆی نەبوونی تێڕوانینێکی روون سەبارەت بە خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە لایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە، شاندی کوردی لە کۆنگرەی ئەستەمبۆڵ[١] کشایەوە، کە ( ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری ) داوای بەستنی کرد بۆ یەکخستنی هەماهەنگی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دژی رژێمی فەرمانڕەوای وڵات. کشانەوەی کورد لەم کۆنگرەیەدا دوای ئەوە هات، کە ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری رەتی کردەوە داواکاریەکانی کورد لەو بڵاوکراوەیەدا دابنێ کە بڕیار بوو دەری بکات بە ناوی (( پەیمانی نیشتیمانی )) (معلومة سیاسة...، نیت ).

ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری سەبارەت بە داخوازیە سیاسیەکانی کورد، پێدەچی پەیوەندی بەدەست تێوەردانی تورکیاشەوە هەبوو بێت. چونکە تورکیا پشتیوانێکی سەرەکی ئەنجومەنەکە بوو، وە زۆر دژی خواستە نەتەوەییەکانی کوردیشە لە

---

(١) ئەم کۆنگرەیەی ئۆپۆزسیۆنی سوری لە بەرواری (٢٠١٢/٣/٢٧) لە ئەستەمبۆڵ سازدرا، کە بە پشتیوانی تورکیا زەمینەسازی بۆ کرا.

سوریادا. ئەم کۆنگرەیەش لە تورکیا سازدرا، وە دەوڵەتی تورکیاش ڕێگە نادات لەسەر خاکی ئەو باسی کورد و خواستە نەتەوەییەکانی بکرێ!!

هاتنە دەرەوەی کورد لە کۆنگرەی ئەستەمبۆڵ، لێدانێکی گەورە بوو بەر ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری کەوت. چونکە جگە لە کورد، عەلەوی و مەسیحیەکانیش هەڵوێستێکی نەرێنیان هەبوو بەرامبەر بە ئەنجومەنەکە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنەکە نەتوانێ بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ڕێبەرایەتی شەپۆلی ناڕەزایەتیەکان بکات دژ بە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد.

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری سەرکەوتوو نەبوو لە بینینی ڕۆڵێکی گەورە لە رابەرایەتی کردنی ناڕەزایەتیەکانی خەڵك دژ بە ڕژێمی فەرمانڕەوا، هەستا بە ئەنجامدانی چەند چاکسازیەك لەنێو خۆیدا. گرنگترین چاکسازیشی بریتی بوو لە دانانی کەسێکی ئەکادیمی بە رەگەز کورد بە ناوی ( برهان گلیۆن ) بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە، کە ئامانجە سەرەکیەکەی لە پشت ئەم کارەدا بریتی بوو لە ١) بەهێز کردنی توانا کارگێڕیەکانی ئەنجومەن ٢) راکێشانی سۆزی شەقامی کوردی بەلای خۆیدا.

دوای دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا (١٩٩٨) لە لایەن دەستەڵاتدارانی وڵاتەوە، پەیوەندی نێوان پەکەکە و حکومەتی سوریا گرژی و ناکۆکی زۆری تێکەوت، چالاکیە سیاسیەکانی پەکەکە لە سوریادا قەدەغە کران، دەزگا ئەمنیەکانی سوریا کەوتنە راوەدوونان و گرتنی کادیر و چالاکوانانی پەکەکە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سوریا لە (٢٠١١) دا، جارێکی تر پەیوەندی نێوان حکومەتی سوری و پەکەکە، بەهێزی و هەماهەنگی بەخۆوە بینیەوە.

بەرژەوەندی ڕژێمی سوریا ئەوەی دەخواست، کە رووبەری نارەزایەتیەکانی خەڵك تەسکتر بێتەوە. ( پەکەکە ) ش پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی لەنێو کوردەکانی وڵاتەکەدا هەیە، بۆیە دەستەڵاتدارانی سوریا هەوڵیاندا جارێکی تر لە پەکەکە نزیك ببنەوە، تاکوو لە رێگەی ئەوەوە کوردەکانی سوریا دوور بکەونەوە لە یاخیبوون و دژایەتی کردنی دەستەڵات. لە لایەکی تریشەوە تورکیا بە شێوەیەکی ترسناك دەست تێوەردانی لە کاروباری سوریادا ئەنجامدا، وە بەرژەوەندی لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵاتەکەدا هەبوو. سوریاش لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی تورکیادا، هەوڵیدا جارێکی تریش کارتی

پەکەکە لە دژی ئەنقەرە بەکار بهێنێتەوە. بۆیە دوور نیە پەرەسەندنی گرژیەکانی نێوان پەکەکە و تورکیا لە (٢٠١٢) دا، پەیوەندیەکی زۆری بەو دۆخە تازەیەی ناوچەکەوە هەبوو بێت.

یەکێك لە ئامانجەکانی حکومەتی سوریا لە هەماهەنگی کردن لەگەل ( پەکەکە ) دا ئەوەبوو، تورکیا ناچار بکات کە چیتر دەست نەخاتە نێو کاروباری وڵاتەکەیەوە. وە دوور نەبوو لەوەی جارێکی تریش کارتی پەکەکە لە لایەن سوریاوە بکرێتە قوربانی، کە خەریك بوو لە سەرەتای (٢٠١٧) دا ئەم پێشهاتە بێتەدی[١] .

لە بارەی نزیك بوونەوەی نێوان حکومەتی سوریا و پەکەکە، بەکر سدقی دەڵێ (( لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش لە درعا، رێکەوتنێك کرا لە نێوان سەرکردایەتی پەکەکە و رژێمی سوریادا. بەپێی رێکەوتنەکە، پەکەکە پێویست بوو دژی تێوەگلانی کورد بوەستێ لە خۆپیشاندانەکاندا، وە رژێمیش لە بەرامبەردا دەبوو هەموو ئاسانکاریەك بکات بۆ هاتوچۆی ئازادانەی ئەندامانی پەکەکە لە ناوچە کوردیەکاندا. بەپێی زانیاریەکان زیاتر لە (١٨٠٠) شەڕڤانی[٢] پەکەکە، بە چەکەکانیانەوە لە شاخی قەندیلەوە گواسترانەوە بۆ ناوچەکانی جەزیرە ـ ریف حەلەب ( عفرین و کۆبانێ ). جگە لەمەش سەرۆکی لقی سوری پەکەکە ( پارتی یەکێتی دیموکراتی )[٣] ، کە تا ئەم دواییە لە لایەن دەزگاکانی رژێم هەوڵی دەستگیر کردنی دەدرا، ئازادی هاتوچۆی بەدەست هێنایەوە لە نێوان دیمەشق و پایتەختەکانی جیهاندا )) (سەرچاوەی پێشوو . نێت ).

---

(١) تورکیا لە سەرەتای (٢٠١٧) دا، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە وازی لە داوای گۆڕینی رژێمی سوریا هێناوە، وە ئاستی پەیوەندیەکانی لەگەڵ رووسیادا باشتر کرد، وە هەوڵیدا لە ئێرانیش نزیك بێتەوە. گەورەترین ئامانجی تورکیا لەم هەوڵانەیدا، لەناوبردنی دەسکەوتەکانی کورد بوو لە سوریادا. وە دوور نیە لە ئایندەدا جارێکی تریش پەیوەندیەکانی نێوان ( سوریا و تورکیا ) بە تەواوی ئاسایی ببنەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندیەکانی کورد و پەکەکە لە خۆرئاوای کوردستاندا.

(٢) لەنێو ( پەکەکە ) دا زاراوەی ( گەریلا ) بەکار دێت بۆ ئەندامی هێزە چەکدارەکان، بەڵام لەنێو ( یەپەگە ) دا لە سوریا زاراوەی ( شەڕڤان ) بەکار دێت. شەڕڤان بەرامبەر بە وشەی ( محارب ) ی زمانی عەرەبیە.

(٣) پارتی یەکێتی دیموکراتی، کورت کراوەکەی دەبێتە ( پەیەدە ). ئەم پارتە لە لایەن ( پەکەکە ) وە دروستکراوە بۆ کوردستانی خۆرئاوا، بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکات کە پارتێکی سەربەخۆیە. سەرۆکی ئەم پارتە، ئەو کات ( صالح موسلیم ) بوو.

ڕژێمی سوریا، هەر خۆی ڕژێمێکی گۆشەگیر بوو. وە دوای ئاڵۆزیەکانی ناوخۆی سوریا لە (٢٠١١) دا، بەهۆی ئەو تاوانە گەورانەی ئەنجامی دان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران، بە تەواوی بوو بە ڕژێمێکی بێزراو لە جیهاندا. جگە لەمەش لە سەرەتای ڕووداوەکانی سوریادا، زۆربەی پێشبینیەکان بۆ ئەوە دەچوون کە چارەنووسی ڕژێمەکە تەنیا ڕووخان دەبێ. بۆیە ئەگەر بە ڕاستی ڕێکەوتن لە نێوان پەکەکە و حکومەتی سوریادا هەبوو بێ، وا لێك دەدرایەوە کە ئەم ڕێکەوتنە، هەڵەیەکی سیاسی گەورە بووە کە ( پەکەکە ) ئەنجامی داوە. لایەنی هەرە باشی ئەم ڕێکەوتنە بۆ ئەو کات (٢٠١١ـ ٢٠١٢) ئەوەبوو، کە بەو هۆیەوە ناوچە کوردیەکان تاڕادەیەکی زۆر لە شەڕ و نائارامی دوور کەوتنەوە.

لە بارەی شێوازی دژایەتی کردنی پەکەکە بۆ بەشداری کردنی کوردەکانی خۆرئاوا لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە ڕژێمی سوریا، بەکر سدقی دەڵێ (( وا دانرابوو خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری ( عەفرین ) بکرێ، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری ( حەلەب )، لە ڕۆژی هەینی لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٢/٣) دا، بەڵام کۆمەڵە کەسێك[١] خۆپیشاندانەکەیان تێکدا بە بەکار هێنانی دار و چەکی سپی، پێش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لە خاڵی دەسپێك کۆ ببنەوە. ئەم کەسانە وێنەی ( عەبدوڵلا ئۆجەلان ) یان هەڵگرتبوو، لەگەڵ ئاڵاکانی تایبەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان، کەوتنە جنێودان بە خۆپیشاندەران، وە تاوانباریان کردن بەوەی کە تاوانی داواکردنی سەربەخۆیی ئەنجام دەدەن[٢]. لە ئاکامدا زیاتر لە بیست کەس لە خۆپیشاندەران بریندار بوون، لە نێویاندا کەسانی سەرکردە لە حیزبە کوردیە کلاسیکیەکان هەبوون. بەمەش خۆپیشاندانەکە دژ بە ڕژێمی ئەسەد کۆتایی هات، بەر لەوەی دەست پێ بکات )) (سەرچاوەی پێشوو، نێت ).

ڕێگە گرتن لە خۆپیشاندەران لە لایەن لایەنگرانی ( پەکەکە ) وە، پێدەچێ لە میانەی ئەو ڕێکەوتنە بووبێ کە لە نێوان پەکەکە و حکومەتی سوریادا هەبووە. کە بەپێی ڕێکەوتنەکە، پەکەکە بەرپرس بووە لە پاراستنی ئارامی ناوچە کوردیەکان. ئەگەر لایەنگرانی پەکەکە خۆپیشاندەرانیان تاوانبار کردبێ بە داواکردنی سەربەخۆیی، ئەوا

---

(١) مەبەستی لەو کۆمەڵە کەسە، ئەندام و لایەنگرانی ( پەکەکە ) یە.

(٢) ئەم زانیاریە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، وە سەرچاوەی زانیاریەکەش ئاشکرا نیە کە تا چەند جێگەی متمانەیە. بۆیە ناتوانین بە تەواوی پشتگیری لە ڕاستی و دروستی زانیاریەکە بکەین.

هەڵەیەکی زۆر گەورەیان ئەنجام داوە. چونکە هەم داواکردنی سەربەخۆیی تاوان نیە، هەمیش پەکەکە چەندین ساڵ ئەندامانی خۆی بە بیری سەربەخۆیی پەروەردە کردوە.

پەکەکە چەند ئامانجێکی هەبوو لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی سوریادا، کە گرنگترینیان بریتی بوون لەمانەی خوارەوە ؛

١) بەهێزتر کردنی پێگە جەماوەریەکەی لەنێو کوردەکانی سوریادا.

٢) بەهێزتر کردنی توانا سەربازیەکانی بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیا.

٣) دابین کردنی دەروازەیەکی ئارام و بێ مەترسی، بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بە تایبەتی وڵاتانی ئەوروپا، کە هەوادارێکی زۆری لەوێ هەیە.

٤) وە لە ئەگەری رووخانی رژێمەکەی ( بەشار ئەسەد ) یشدا، ئەوا بۆشاییەکی گەورەی ئەمنی لە ناوچە کوردیەکاندا دروست دەبێ، ئەو کاتیش وەك هێزێکی سەربازی دەتوانێ ئەو بۆشاییە ئەمنیە پڕ بکاتەوە.

هەردوو لا ( پەکەکە و رژێمی سوریا ) سوودێکی زۆریان لە هەماهەنگی نێوانیان بینی، سوریا تاڕادەیەکی زۆر کێشەی ناوچە کوردیەکانی لە یەخە بوەوە، وە ( پەکەکە ) ش توانی ببێتە هێزێکی کاریگەر لە ناوچە کوردیەکاندا. بەمەش کورد لەو رێکەوتنەی نێوان پەکەکە و رژێمی سوریادا دوو قازانجی کرد ١) بۆ ماوەی چەند ساڵێك ناوچە کوردیەکان دوور بوون لە شەڕ و نائارامی ٢) کورد بووە خاوەن توانایەکی چەکداری زۆر بەهێز لە خۆرئاوای کوردستاندا.

## ـــ هەوڵەکانی ( پەیەدە ) بۆ چەسپاندنی قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستانی خۆرئاوادا :

ئەو وڵاتە هەرێمیانەی کە بە ( بەرەی سوننە ) ناسرا بوون، هەوڵیاندا بە هەر نرخێك بێ کۆتایی بە دەستەڵاتەکەی ( بەشار ئەسەد ) بهێنن. بۆیە لە رووی سەربازیەوە حکومەتی سوریا کەوتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە، وە نەیتوانی لە بەرامبەر ( هێزەکانی

ئۆپۆزسیۆن ) دا بەرگریەکی بەهێز بکات. بەو هۆیەوە ناچار بوو لە چەندین ناوچەی کوردیدا پاشەکشێ بکات، ( پەیەدە ) ش توانی دەست بەسەر ئەمنیەتی ئەو ناوچانەدا بگرێ.

لە لایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە، پەیەدە تۆمەتبار دەکرا بە هاوپەیمانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد. وە لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە لایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکران، بۆیە بە توندی کەوتنە دژایەتی کردنی پەیەدە. ( پەیەدە ) ش لە نێوان هێزەکانی ( ئۆپۆزسیۆن و ڕژێمی سوریا ) دا ڕێگەی سێیەمی هەڵبژارد، کە بریتی بوو لە بێ لایەنی و پشتیوانی نەکردن لە هیچ کامێکیان. ئەمەش پەیەدەی خستە ژێر فشارێکی زۆر توندەوە، بەڵام بەهۆی بەرزی توانا جەنگیەکەیەوە توانی بەرگەی هەموو ئەو فشارانە بگرێ.

لە (٢٠١٣/١١/١٢) دا کوردانی خۆرئاوا بە ڕێبەرایەتی پەیەدە ئەنجومەنی خۆ بەڕێوەبردنیان ڕاگەیاند، کە دواتر دابەشکرا بەسەر هەر سێ کانتۆنەکەی ( جەزیرە و کۆبانێ و عەفرین ) دا، هەر یەك لەو کانتۆنانە[١] نوێنەریان هەبوو لە (( ئەنجومەنی دامەزراندنی گشتی ڕۆژئاوای کوردستان )) دا ( ڕۆژ پرێس ٢٠١٣، نێت ). هاوکات ئەنجومەنی خۆ بەڕێوەبردن، پێشی دەوترا ( بەڕێوبەرایەتی کاتی ). ئەمەش وەك حکومەتێکی کاتی دەهاتە بەرچاو، بەر لە ڕاگەیاندنی قەوارەیەکی ڕەسمی. ئەم هەنگاوەی پەیەدە، ڕسکێکی زۆر گەورە بوو. بەڵام پرۆژەی سیاسی گەورەش، بەبێ بوێری و ڕسکی گەورە نایەتە دی. دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتای دروست بوونی قەوارەیەکی کوردی بوو لە ( کوردستانی خۆرئاوا ) دا، کە سەروەریەکەی بۆ بوێری سەرکردایەتی پەیەدە دەگەڕێتەوە.

لە هەر کانتۆنێکی خۆ بەڕێوبەری ڕۆژئاوادا، ئەنجومەنێکی یاسا دانان ( تشريعي ) و یەکەیەکی کارگێڕی پێك هێنرا. ئەم هەنگاوەی پەیەدە لە لایەن ( تورکیا و وڵاتانی کەنداو ) وە دژایەتیەکی زۆر کرا، بەڵام پەیەدە سوور بوو لەسەر چەسپاندنی پرۆژەکەی.

داعش بەهێزترین گروپی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوو، پشتیوانیەکی زۆری لێ دەکرا لە لایەن وڵاتانی ( کەنداو و تورکیا ) وە، گومان هەیە کە لە سەرەتادا لە لایەن ( ئەمریکا ) شەوە

---

(١) کانتۆن ( مقاطعة ) یەکەیەکی ئیداریە. دابەشکردنی وڵات بۆ چەند کانتۆنێك، زیاتر بۆ پەیڕەو کردنی ( سیستەمی لامەرکەزی ) یە، کە هەر کانتۆنێك لە ڕووی ئیداریەوە دەستەڵاتێکی دیاری کراوی خۆی دەبێ. دروست کردنی کانتۆنەکان لەگەڵ سیستەمی فیدراڵیشدا دەگونجێ.

پشتیوانی کرابێ. داعش توانی نزیکەی نیوەی خاکی سوریا داگیر بکات. وە خەریك بوو تەواوی شاری ( کۆبانێ ) ش داگیر بکات، بەڵام شەرڤانانی ( یەپەگە )[1] بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان[2] توانیان بەرگری لە کۆبانێ بکەن و شارەکە ئازاد بکەن. کە ئەمە بووە سەرەتایەکی باش لە پەیوەندی نێوان یەپەگە و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیدا، بە تایبەتی ئەمریکا کە رێبەرایەتی هێزی هاوپەیمانان دەکات دژ بە داعش.

ئەم هەماهەنگیە سەربازیەی لە نێوان ئەمریکا و ( یەپەگە ) دا دروست بوو، بووە مایەی نیگەرانی تورکیا. بۆیە لە چەندین بۆنەدا تورکیا داوای کرد کە هەماهەنگی لەگەڵ ( یەپەگە ) دا نەکرێ. چونکە بە تێڕوانینی ئەو یەپەگە بەشێکە لە پەکەکە و هێزێکی تیرۆریستیە، بەڵام ئەمریکا چەندین جار جەختی لەوە کردۆتەوە، کە ئەو یەپەگە وەك هێزێکی تیرۆریستی تەماشا ناکات. بۆ نمونە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مانگی (٢) ی ٢٠١٦ دا، جەختی لەسەر بە تیرۆیست نەزانینی یەپەگە کردەوە. ئەم هەڵسەنگاندنەی ئەمریکا بۆ یەپەگە، دەسکەوتێکی سیاسی گەورە بوو بۆ ئەم هێزە.

لە (٢٠١٥) دا رووسیا هێزی رەوانەی سوریا کرد، وە پشتیوانی خۆی بۆ رژێمەکەی ( بەشار ئەسەد ) راگەیاند، هەروەها جەنگی لە دژی داعش و هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکانیش راگەیاند. هاتنی هێزەکانی رووسیا بۆ سوریا، بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لەو وڵاتەدا. بەو هۆیەوە حکومەتی سوریا توانی هەندێ ناوچەی ستراتیجی بەدەست بێنێتەوە، وە توانی هەژموونی سیاسی خۆی لە ناوخۆی وڵاتدا بەهێزتر بکات. بەهێز بوونەوەی توانا سەربازیەکانی سوریا، بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی لە نێوان سوپای دەوڵەت و هێزەکانی یەپەگە لە ناوچە کوردیەکاندا.

رووسیا هەر لە سەرەتاوە هەوڵیدا پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ ( یەپەگە ) دا دروست بکات، ( یەپەگە ) ش بە گرنگیەوە لەم دەست پێشخەریەی رووسیای دەڕوانی. بە مەبەستی پتەوتر کردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان، صالح موسلیم ( هاوسەرۆکی پەیەدە ) لە مانگی (٨) ی ٢٠١٥ دا سەردانی مۆسکۆی کرد، لەوێ لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوە ( میکایل بۆدانۆف ) دانیشتنێکی ئەنجامدا. صالح لە دانیشتنەکەدا پێشنیازەکانی

---

(١) یەپەگە، باڵی سەربازی ( پەیەدە ) یە، کە خاوەن هەزاران شەڕڤانی کوڕ و کچە.

(٢) مەبەست لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیە دژ بە داعش.

( پەیەدە ) ی باس کرد بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سوریادا، لایەنی ( رووسی ) ش پشتگیری خۆی راگەیاند بۆ داخوازیەکانی پەیەدە.

یەکێك لە سیاسەتە دروستەکانی پەیەدە ئەوەبوو، کە هەوڵی دەدا مامەڵەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ هەر یەك لە ( ئەمریکا و رووسیا ) دا بکات. بەمەش لە سەرەتادا تاڕادەیەکی باش توانی بووی، پشتیوانی هەردوو لا بەدەست بێنێ.

پەیەدە لە بەڕێوبەریەتی خۆسەریدا[1] هەوڵیدا جگە لە زۆرترین رەوت و هێزی سیاسی، پێکهاتەکانی تری سوریاش بەشداری پێ بکات، وەك ( عەرەب و مەسیحی و تورکمان ). هەروەها لە رووی سەربازیشەوە، هێزی سوریای دیموکراتی[2] پێك هێنا، کە سەرجەم پێکهاتەکان لەم هێزەدا شەڕڤانیان هەیە. ئەمەش دەنگدانەوەیەکی باشی دروست کردوە بۆ ناوبانگی سیاسی پەیەدە، کە بەهۆیەوە پشتیوانیەکی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ دەستەبەر بووە. بەڵام پەیەدە نەیتوانیوە هەماهەنگیەکی باش لەگەڵ حیزبە کوردیە کلاسیکیەکانی سوریادا دروست بکات، کە هۆکارێکی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەست تێوەردانەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ( باشور ).

بەڕێوبەرایەتی خۆسەری لە ( رۆژئاوا ) دا لە مانگی (٣) ی ٢٠١٦ دا، سیستەمی فیدراڵی بۆ خۆرئاوای کوردستان ( باکوری سوریا ) راگەیاند. ئەم هەنگاوەش نیگەرانیەکی زۆری تورکیای لێکەوتەوە، وە هەندێ لە حیزبە کوردیە کلاسیکیەکانیش پشتگیریان بۆ ئەم هەنگاوەی پەیەدە رانەگەیاند، بە پاساوی ئەوەی کە ئێستا کاتی راگەیاندنی فیدراڵی نەهاتووە. راستە کە راگەیاندنی ئەم جۆرە بڕیارانە لە دۆخی ئەو کاتەی سوریادا، رسکێکی گەورە بوو بۆ بارودۆخی کوردەکانی خۆرئاوا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم هەلومەرجەی کە لە سوریادا هاتبووە ئاراوە، دەرفەتێکی باش بوو بۆ کورد کە خواستە نەتەوەییەکانی بێنێتە دی.

---

(١) چەندین دەستەواژە بەکار هاتوون بۆ باسکردنی ئەو قەوارە ئیداریەی کە پەیەدە لە کوردستانی خۆرئاوادا دایمەزراند، وەك بەڕێوبەرایەتی کاتی، ئەنجومەنی خۆ بەڕێوەبردن، بەڕێوبەرایەتی خۆسەری.

(٢) هێزی سوریای دیموکرات، کورت کراوەکەی ( هەسەدە ) یە. کە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە وەك هێزێکی باوەڕ پێکراو رەفتاری لەگەڵدا دەکرێ.

لە کۆتاییەکانی (٢٠١٦) دا سیستەمی فیدراڵی خۆرئاوا دەستوری پەسەند کرد، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی لە باکوری سوریادا. ئەنجومەنی دامەزراندنی فیدراڵی رایگەیاند کە لە ماوەی (٦) مانگدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی گەلی دیموکراتی، کە رۆڵی ئەنجومەنی یاسادانان دەبینێ. وە ئەنجومەنەکە ئەوەشی راگەیاند کە ئەم دەستورە کاری پێدەکرێ تا ئەو کاتەی دەستورێکی دیموکراتی لە سوریادا پەسەند دەکرێ کە مافی هەموو خەڵکی وڵات بپارێزێ ( France٢٤ . com ).

دوای ماوەیەك بەرێوبەرایەتی خۆسەر بڕیاریدا ناوی ( فیدراڵیەتی خۆرئاوا ) بگۆڕێ بۆ ( فیدراڵیەتی باکوری سوریا ). لەم بارەیەوە هەدییە یوسف رایگەیاند : لابردنی ناوی رۆژئاوا بۆ باکوری سوریا، بۆ ئەوەیە کە سیستەمی فیدراڵی بۆ هەمووان بێت و گۆڕینی ناوی سیستەمی فیدراڵی کاریگەری بەسەر ناوەرۆکەکەیدا نابێ ( speemedia .com).

پەیەدە هەمیشە هەوڵ دەدات، سیستەمی فیدراڵی باکوری سوریا وەك قەوارەیەکی نەتەوەیی دەرنەکەوێ، چونکە هەستیاریەکی زۆر هەیە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد لە سوریادا. بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدات ئەمەی بە دەستی هێناوە، وەك دەسکەوتی سەرجەم پێکهاتەکانی سوریا بناسێنێ. ئەم سیاسەتەش تارادەیەکی باش توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ.

بە ئامانجی لەناوبردنی دەسکەوتەکانی کورد لە خۆرئاوای کوردستاندا، تورکیا گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەر سیاسەتەکانی خۆیدا هێناوە. بەهۆی سازش کردن بەرامبەر بە رووسیا، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ رووسیادا دروست کردوە. هەروەها کەمتر داوای گۆڕینی رژێمی سیاسی لە سوریادا دەکات، لەم رێگەیەشەوە هەوڵی داوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ( سوریا و ئێران ) دا ئاسایی بکاتەوە. بۆیە بە سەرپەرشتی رووسیا هەوڵێك لە ئارادایە بۆ نزیك خستنەوەی ( تورکیا ) و ( ئێران و سوریا ) لە یەکتری. ( پەیەدە ) ش ئەمە بە پیلانگێری لێك دەداتەوە دژ بە کوردانی خۆرئاوا. لەم بارەیەوە صالح موسلیم رایگەیاند : کە ( تورکیا و ئێران و سوریا ) رێك کەوتوون لەسەر پیلان گێڕان لە دژی دەسکەوتەکانی کورد لە خۆرئاوای کوردستاندا، وە رەخنەی لە بێ دەنگی ( رووسیا و ئەمریکا ) گرت لەم بارەیەوە.

بێگومان ئەم لێك نزیك بوونەوەی نێوان ( تورکیا و رووسیا )، وە نێوان ( تورکیا و ئێران و سوریا )، مەترسیەکی گەورە پێك دەهێنێ بۆ سەر ئایندەی پرسی کورد لە کوردستانی خۆرئاوادا. چونکە دوور نیە لەم ناوەدا، کورد بکرێتە قوربانی. بە تایبەتی کە ( تورکیا و ئێران و سوریا )، سەبارەت بەم دەسکەوتانەی کورد لە خۆرئاوادا زۆر نیگەرانن.

رووسیا زۆری مەبەستە کە هەماهەنگی نێوان ئەمریکا و پەیەدە لاواز بکات، بۆیە هەوڵی زۆریدا کێشەی نێوان بەڕێوبەرایەتی خۆسەری و رژێمی سوریا چارەسەر بکات. بە مەبەستی هێنانە دی ئەم ئامانجە، بە سەرپەرشتی هێزەکانی رووسیا لە بنکەی سەربازی حەمیمی لە رێکەوتی (٢٠١٦/٩/١٧) دا، کۆبوونەوەیەك سازدرا لە نێوان بەرێوبەرایەتی خۆسەری و رژێمی سوریادا. رووسەکان داوایان لە شاندی رژێم کرد کە ناوی ( کۆماری عەرەبی سوری ) بگۆڕدرێ بۆ ( کۆماری سوریای دیموکرات )، وە پێشنیازی ( سیستەمی فیدراڵی ) یان کرد لە سوریادا، هەم بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەم وڵاتەدا، هەمیش بۆ پاراستنی یەك پارچەیی خاکی سوریا. پەیەدە ئەم کۆبوونەوەیەی بە دەسکەوتێکی زۆر گەورە لە قەڵەمدا بۆ کورد، بەڵام بەشێك لە حیزبە کلاسیکیەکان لە گرنگی ئەم کۆبوونەوەیان کەم کردەوە، بەو پێیەی کە پێویستە رووسیا ئەم پرسە راستەوخۆ لەگەڵ ( بەشار ئەسەد ) دا یەکلا بکاتەوە، نەك لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی باسی لێوە بکات.

رووسیا ئەو کات لە سوریادا بەهێزترین هێزی نێودەوڵەتی بوو، بۆیە ناکرێ بە شێوەیەکی ئاسایی سەیری رۆڵی ئەم وڵاتە بکرێ لە پرسە ناوخۆییەکانی سوریادا. وە هێزەکانی رووسیا دەستەڵاتێکی فرەوانیان هەیە لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتەدا، بۆیە ناکرێ کۆبوونەوەکەی بنکەی سەربازی حەمیمی بە کەم سەیر بکرێ. رووسیا زۆری مەبەستە هەسەدە و حکومەتی سوریا بگەن بە رێك کەوتن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەو وڵاتەدا، تاکوو لەم رێگەیەوە هەم پێگەی رژێمی سوریا بەهێزتر بێ، هەمیش هەژموونی ئەمریکا و نەیارەکانی تری رووسیا لە سوریادا کەمتر بێتەوە.

ئەمریکا زۆری مەبەست بوو، کە خۆی رۆڵی سەرەکی هەبێ لە پرسی کۆتایی هێنان بە دەستەڵاتی داعش لە سوریادا. بۆیە هەڵمەتێکی سەربازی ئەنجامدا بۆ ئازاد کردنەوەی ( رەققە )[1] لە دەستی داعش، وە بۆ ئەم هەڵمەتە تەنیا پشتی بە هەسەدە بەست، کە

(١) رەققە گرنگترین پێگەی چەکدارانی داعش بوو لە سوریادا، وە بە پایتەختی دەوڵەتەکەی داعش دادەنرا.

تێیدا یەپەگە[1] سەرەکیترین هێزە. دوای ئازاد کردنی رەققە، ئەم شارە بوو بە بەشێك لە ناوچەکانی سیستەمی فیدڕاڵی باکوری سوریا. ئەم ئەرکەی کە هەسەدە پێی هەڵدەستێ لە دژی داعش، پێگەی سیاسی و سەربازی هەسەدە زۆر بەهێزتر دەکات لە سوریادا، ئەمەش بە قازانجی پرسی کورد دەشکێتەوە لەو وڵاتەدا.

لە سەرەتای مانگی (٥) ی ٢٠١٧ دا، ئیدارەی دۆناڵد ترامپ ( سەرۆکی ئەمریکا ) بڕیاری پڕ چەك کردنی هێزەکانی ( هەسەدە ) یدا. ئەمەش دەسکەوتێکی سیاسی و سەربازی گرنگ بوو بۆ کوردستانی خۆرئاوا. هەرچەندە تورکیا فشارێکی زۆری خستە سەر ئەمریکا بۆ پاشگەز بوونەوەی لەم بڕیارە، بەڵام واشنتۆن سوور بوو لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی.

لە (٢٠١٨) دا تورکیا توانی رەزامەندی رووسیا بەدەست بێنێ بۆ داگیرکردنی عەفرین. ئەوەبوو دوای کۆبوونەوەی سەرۆك ئەرکانی تورکیا و رووسیا، سوپای رووسیا دەستی کرد بە کشانەوە لە عەفرین، وە رێگەی بە هێزە ئاسمانیەکانی تورکیادا کە ئاسمانی عەفرین بەکار بێنن ( پەیجی k٢٤ ، نێت ). بەهۆی بوونی بەرژەوەندی گەورەی وڵاتە زلهێزەکان لە تورکیادا، هەمیشە پێشبینی کراوە کە کورد بکرێ بە قوربانی پاراستنی ئەم بەرژەوەندیانە. بۆیە رووسیا بێباکانە لە پێناو رەزامەندی تورکیادا، عەفرینی کردە قوربانی.

هەرچەندە شەرڤانانی یەپەگە بەرگریەکی بێ وێنەیان کرد، بەڵام بەهۆی ناهاوسەنگی زۆر لە رووی توانای سەربازیەوە، سوپای تورکیا و گروپەکانی سوپای سوریای ئازاد[2] توانیان عەفرین داگیر بکەن. ئەگەرچی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا رەخنەی توندیان لە تورکیا گرت، بەڵام بە کردەوە نەیانتوانی رێگری لە پرۆسەکە بکەن ( Wiki pedia . Net ) .

بەهۆی داگیرکردنی ( عەفرین ) وە، سەدان هەزار کورد ئاوارە بوون. لەو لاشەوە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە، تورکیا هەزاران خێزانی عەرەبی لە ( عەفرین ) دا نیشتەجێ

---

(١) هەسەدە ( هێزەکانی سوریای دیموکرات ) چەندین هێزی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێ، کە یەپەگە لەنێویدا رۆڵی سەرەکی دەبینێ.

(٢) سوپای سوریای ئازاد، بریتیە لە چەندین هێزی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار کە لە لایەن تورکیاوە ئاراستە دەکرێن، لە نێویاندا چەند گروپێکی ئیسلامی توندڕەو بوونیان هەیە.

کرد ( Hawar news . com ). بەمەش کورد لە سوریادا لە رووی نەتەوەییەوە زیانێکی زۆری پێکەوت، بە جۆرێ قەرەبوو کردنەوەی زۆر ئەستەمە.

هەرچەندە بەر لە دەست پێکردنی پرۆسەی داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیاوە، رووسیا پێشنیازی دایە پەیەدە کە عەفرین رادەستی حکومەتی سوریا بکات، بەڵام پەیەدە ئەم پێشنیازەی رەتکردەو ( Party _ Zany . instagram ). راستە ئەگەر یەپەگە پێشنیازەکەی رووسیا پەسەند کردبا، لە رووی هەڵوێستی نەتەوەییەوە زۆری لەسەر دەکەوت، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەتوانرا شارەکە لەم وێرانی و داگیرکاریە بپارێزێ.

لە سەرەتاکانی (٢٠١٩) دا، دۆناڵد ترەمپ ( سەرۆکی ئەمریکا ) بڕیاریدا هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریادا بکشێنێتەوە. ئەمە ( پەیەدە ) ی ناچار کرد پەنا بەرێتە بەر گفتوگۆ لەگەل حکومەتی سوریادا، بۆ جێگیرکردنی سوپای سوریا لە رۆژهەڵاتی فورات ( پەیجی زەمەن، نێت ). ئەمەش وەك رێکارێك بوو بۆ پاراستنی ناوچە کوردیەکان لە پەلاماری سوپای تورکیا. بەڵام دوای ئەوەی لە ئەمریکا توانرا ترەمپ رازی بکرێ بە هێشتنەوەی بەشێك لە هێزەکانی لە سوریادا، ئەمە وای کرد پەیەدە گفتوگۆکانی لەگەل حکومەتی سوریادا رابگرێ. واتە هەر کاتێ ئەمریکا سوریا بەجێبێڵی، کورد دەکەوێتە ژێر هەڕەشەیەکی زۆر گەورەوە. بۆیە چارەسەر هەر ئەوەیە کە یەپەگە بتوانێ لەگەل رژێمی فەرمانڕەوای سوریادا، بگاتە رێکەوتنێکی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە وڵاتەکەدا.

لە (٢٠١٩) دا بە بیانووی دابین کردنی ئاسایشی سنورەکانی وڵات، تورکیا بڕیایدا پەلاماری خۆرئاوای کوردستان بداتەوە. تورکیا توانی بگاتە رێك کەوتن لەگەل ئەمریکادا، بۆ دابین کردنی ناوچەیەکی ئارام لە سنورەکانی لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەستی ( هەسەدە ) دا. هەر بەپێی ئەم ریکەوتنە بوو، کە ئەمریکا چاوپۆشی کرد لە هێرشەکانی تورکیا و گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرێ کانی و گرێ سپی ( draw media . net ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر کاتێ ئەمریکا بەرژەوەندی لە سوریادا نەمێنێ، کورد لەو وڵاتەدا بە تەنیا بەجێدێڵێ لە بەردەم دوژمنەکانیدا.

دوای کۆبوونەوەی نێوان ئەردۆگان و پۆتنی سەرۆکی رووسیا، رێکەوتنێکی (١٠) خاڵی لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزاکرا، کە ناسرا بە رێکەوتنی سووچی. هەندێ لە خاڵەکانی

ڕێکەوتننەکە تایبەت بوون بە دابین کردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ تورکیا لەسەر سنورەکانی لەگەڵ خۆرئاوای کوردستاندا ( www.bas news . com ).

دوای هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لە لایەن رووسیا و ئەمریکاوە، تورکیا لە کۆتاییەکانی (٢٠١٩) دا پەلاماری ( سەرێ کانی و گرێ سپی ) دا. ئەوەبوو دواتر بەپێی ڕێك کەوتنی نێوان ئەمریکا و تورکیا، هەسەدە ناچار کرا لەم ناوچانەدا بکشێتەوە ( Puk media . Net ).

ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردستانی خۆرئاوا، دەرخەری ئەم ڕاستیەن کە مانەوەی قەوارەی کوردی لە سوریادا لەبەردەم هەڕەشەیەکی زۆر گەورە دایە. چونکە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەگەل ئەوەدا نیە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هێزەکانی لە سوریادا بمێننەوە. بۆیە باشترین چارەسەر بۆ کورد ئەوەیە کە یەپەگە هەوڵ بدات لەگەل حکومەتی سوریادا ڕێك بکەوێ، بە تایبەتی کە ئامانجی یەپەگە دروست کردنی دەوڵەت و جیابوونەوە نیە لە سوریا.

# دەروازەی بیست و دووەم
# خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق (٢٠٠٣)

## بەشی یەکەم :
## دۆخی کوردستانی باشور لە پرۆسەی ئازادیەوە تا هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)

### ـ لێکەوتەکانی بەشداری کردنی کورد لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا :

کوردستانی باشور بەر لە پرۆسەی ئازادی عێراق، خاوەن قەوارەیەکی سیاسی نیمچە سەربەخۆ بوو. ئەم قەوارەیە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە پارێزراو بوو بەرامبەر بە هەڕەشەکانی رژێمی فەرمانڕەوای عێراق. راستە پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/١٠/٤) دا بڕیاری فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا راگەیاند بوو، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی یاسایی و رەسمی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیدا نەبوو، واتە لە لایەن ( بەغدا ) وە دان نەنرابوو بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان. وە سەرکردایەتی کورد نەیتوانی ئەو دۆخەی کە لە باشوری کوردستاندا هەبوو، بیگۆڕێ بۆ سەربەخۆیی سیاسی. بۆیە هەرێمی کوردستان لە رووی پێگەی یاساییەوە، لە دۆخێکی نا ئاساییدا بوو.

دوای پەلامارە تیرۆریستیەکەی رێکخراوی قاعیدە بۆ سەر ئەمریکا لە (٢٠٠١) دا، ئەمریکا بڕیاریدا رژێمەکەی ( سەدام حوسێن ) یش بروخێنێ لە عێراقدا، بۆ ئەم مەبەستەش داوای هەماهەنگی لە کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کرد. بەهۆی پەیوەندی خراپی نێوان یەکێتی نیشتیمانی و رژێمەکەی ( سەدام حوسێن )، یەکێتی بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لە داوایەکەی ئەمریکا کرد. جەلال تاڵەبانی بەر لە دەست پێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ( CNN) دا وتی « لێرەوە بۆ کاربەدەستانی وڵاتە

یەکگرتووەکانم شیکردەوە کە بەرهەڵستکارانی عێراق، بە کوردانەوە..... دەیان هەزار کەسی چەکداریان هەیە. ئەو هێزانە ئەتوانن بە یارمەتی ئەمریکا، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمریکیەکان عێراق ئازاد بکەن )) ( کورد لە عێراق،ل٢٢٣ ).

بەشداری کردنی کورد لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقدا بڕیارێکی دروست بوو، بەڵام ئامادەیی نیشان دان بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەمریکا بەر لە دانوستان و رێك کەوتنی پێش وەخت، کارێکی هەڵە بوو. بە تایبەتی کە هاوکاری کردن لەگەڵ ئەمریکادا لە دژی رژێمی فەرمانڕەوای عێراق، بۆ کورد رسکێکی زۆر مەترسیدار بوو.

هەروەها ئەمریکا داوای هاریکاری لە وڵاتی تورکیاش کرد، کە رێگە بدات خاك و ئاسمانەکەی بەکار بهێنێ بۆ لێدانی هێزەکانی عێراق، بەڵام تورکیا چەندین مەرجی خستە بەردەم ئەمریکا بۆ یارمەتی دانی، لەوانە هاوکاری ئابوری، گەرەنتی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، بایەخ دان بە پێگەی سیاسی تورکمانەکان لە عێراقدا، داماڵینی ( باکوری عێراق )[1] لە چەك بە بیانووی نەگەیشتنی بۆ دەستی پەکەکە. بەهۆی ئەو مەرجانەی تورکیا، سەرکردایەتی سیاسی کورد هەستی بە هەڕەشەیەکی زۆر گەورە کرد. بۆیە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی سەرۆکی ئەمریکا ( جۆرج دەبلیۆ بۆش ) کرد، تێیدا بە ئاشکرا هەڵوێستی کوردیان لەمەڕ دژایەتی دەست تێوەردانی تورکیا و رەتکردنەوەی مەرجە سیاسی و سەربازی و ئەمنیەکانی تورکیایان خستبووە روو. لە وەڵامدا سەرۆکی ئەمریکاش هەڵوێستێکی باشی نواند، وە کوردی دڵنیا کردەوە لەوەی تووشی سەرگەردانی و کارەساتی تریان ناکەنەوە ( سیستەمی نوێی جیهان و...،ل٣٨٥ ).

لە راستیدا لە بەختی کورد بوو کە تورکیا ئەو مەرجە قورسانەی خستە بەردەم ئەمریکا، کە ئەمریکاش لە بەرژەوەندیدا نەبوو بچێتە ژێر باری ئەو مەرجانەوە. راستیەکەی تورکیا تاڕادەیەکی زۆر دەوڵەتێکی دامەزراوەیی بوو[2]، بۆیە سەرۆك کۆمار و حکومەت بەبێ راوێژ کردن لەگەڵ پەرلەمان نەیان دەتوانی بڕیارێکی ستراتیجی سەبارەت بە پرسە

---

(١) تا ئەم چەند ساڵەی دوایی، تورکیا دەستەواژەی ( باکوری عێراق ) ی بەکار دەهێنا لە بری هەرێمی کوردستان یان کوردستانی عێراق. چونکە تورکیا بە هەموو شێوەیەك دژی بەکار هێنانی ناوی ( کوردستان ) بوو.

(٢) ئەو کات تورکیا بە بەراورد بە ئێستا، تاڕادەیەکی باش دامەزراوەیی بوو. چونکە ئێستا رژێمی سیاسی لە تورکیادا تاڕادەیەکی زۆر بووەتە سیستەمێکی تاکڕەوی، کە زۆربەی جومگە سیاسیە گرنگەکانی وڵات لە لایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵ کراون.

هەستیارەکانی وڵات دەربکەن. بە پێچەوانەی دۆخی کوردستان، کە هەمیشە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسیەکان، بە یەکێتی و پارتیشەوە، دەیانتوانی بڕیاری زۆر گرنگ و چارەنووس ساز بدەن.

بەر لە رووخانی رژێمەکەی سەدام حوسێن، سەرکردایەتی کورد هەوڵی دەدا لەسەر زۆر پرس رێك کەوتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا بکات. بەو ئومێدەی لە دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادی، بتوانرێ کێشەی کورد لە عێراقدا بە ئاسانی چارەسەر بکرێ. بۆیە بەر لە دەست پێکردنی پرۆسەکە، چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە لە نێوان کورد و لایەنە عەرەبیەکانی ئۆپۆزسیۆندا ئەنجام درا. ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە بارەی راگواستن و سیاسەتی پاکتاو کردنی نەژادی کە بەرامبەر بە کورد ئەنجام درابوو لە لایەن رژێمی فەرمانڕەوای بەعسەوە، بەم شێوەیە هەڵوەستەی کرد ؛ راگوێزانی بە زۆر و پاکتاو کردنی نەژادی و بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەو گۆڕینانەی کە لە دۆخی نەتەوەیی ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و شەنگال و شێخان و زەمار و مەندەلی و شوێنەکانی تر کراون، شەرمەزار دەکەین و داواکارین شوێنەوارەکانیان بسڕێتەوە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە :

١) گەڕانەوەی راگوێزراوەکان بۆ جێگە و رێگەی خۆیان و گێڕانەوەی ماڵ و موڵکیان و قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە.

٢) گێڕانەوەی ئەوانەی دەستەڵات هێنابوونی و لەو ناوچانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان نیشتەجێ کرابوون، بۆ شوێنەکانی پێشووتریان.

٣) گەڕانەوەی کوردە فەیلیەکان و هەموو ئەو عێراقیانەی بە بیانووی بنەچەی ئێرانی بۆ دەرەوەی وڵات راگوێزرا بوون، بۆ عێراق بە چاوپۆشی لە بنەچەیان، کە رژێم بەبێ هیچ بنەما و حەقێك لە هاوڵاتی بوونی عێراقی بێ بەشی کردبوون، وە دەستەبەر کردنی وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی عێراقی و گێڕانەوەی ماڵ و موڵکیان و قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە. وە ئاشکرا کردنی چارەنووسی ئەو فەیلیە گیراوانەی[١] کە لە نیسانی (١٩٨٠) وە بەند کرابوون.

---

(١) فەیلیەکان لە رووی رەگەزیەوە سەر بە نەتەوەی کوردن، بەڵام لە رووی مەزهەبیەوە ( شیعە ) ن. شیاوی باسە کە دەمارگیری مەزهەبیان بەهێزترە لە هەستی نەتەوەییان.

٤) لابردنی هەموو ئەو کردەوە ئیداریانەی رژێم، هەر لە ساڵی (١٩٦٨) وە کە بە مەبەستی گۆڕینی دۆخی دیمۆگرافیای کوردستانی عێراق ئەنجامی داون ( فیدراڵی و یەکگرتن و...،ل٩٥ تا ٩٧ ).

دوای لەناوچوونی دەستەڵاتی ( سەدام حوسێن )، حکومەتی ناوەندی تاڕادەیەکی باش ئەو رێکارانەی جێبەجێ کرد کە پەیوەندیان بە گەڕاندنەوەی راگوێزراوان و گێڕانەوەی هاوردەکان و هێنانەوەی کوردە فەیلیەکانەوە هەبوو، بەڵام هیچ گۆڕانکاریەکی لە دۆخی ئیداری پارێزگاکاندا ئەنجام نەدا. بەمەش دیاری کردنی چارەنوسی ئەو ناوچانە بە هەڵواسراویی مایەوە. بێگومان سەرکردایەتی کورد کاریگەریەکی باشی هەبوو لەسەر ئەو رێکارانەی ئەنجام دران بۆ چارەسەرکردنی پرسی راگواستن و بە عەرەب کردنەوە، بەڵام چاوەڕوان دەکرا لە سایەی ئەو دۆخە باشەی کە بۆ کورد هاتبووە پێش لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، سەرکردایەتی کورد بتوانێ کێشەی ئەم ناوچانە بە شێوەیەکی زۆر باشتر چارەسەر بکات.

کورد هەمیشە دروشمی بە دیموکراتیزە کردنی عێراقی بەرز کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو راستیە بکات، کە مەرج نیە بە دیموکراتی کردنی عێراق، ببێتە هۆی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد. لەم بارەیەوە دکتۆر حاتەم موخلیس[١] لە ( ئەنقەرە ) لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامە نووسێکدا سەبارەت بە پرسی دیموکراسی و کورد گوتی (( باشە ئەگەر کورد ئەوە چەندین ساڵە خەبات دەکات بۆ دیموکراسی، فەرموون ئەوە دیموکراسی : ئەوەی کە زۆرینە بڕیار دەدات، دەبێ کەمینە پێی رازی بێ )) . بەم شێوەیە دیموکراسی ناتوانێ پرسی نەتەوەیی چارەسەر بکات، ئەگەر ئەو پرسە بە دیموکراسی چارەسەر بکرایە، ئەوا لە ( بەریتانیا، ئیسپانیا، کەنەدا ) دا چارەسەر دەبوو ( عێراقی دوای سەدام...،ل٤٠ ). دیموکراسی رەنگە بتوانێ رادەی ستەم و جیاکاری نەتەوەیی کەم بکاتەوە، بەڵام ئەستەمە بتوانێ کۆتایی بەو نایەکسانی و نادادپەروەریە بهێنێ کە بەرامبەر بە کەمینە نەتەوەییەکان ئەنجام دەدرێ.

(١) ئەندامی کۆمیتەی (٦٥) کەسیەکەی کۆنفرانسی ( لەندەن ) بوو، کە تایبەت بوو بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی.

له مانگی (٣) ی ٢٠٠٣ دا پرۆسەی ئازادی عێراق دەستی پێکرد له لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، له (٢٠٠٣/٤/٩) دا بەغدای پایتەخت ئازاد کرا[١]. له ناوەراستی مانگی نیساندا ( واته دوای چەند رۆژێك له رزگارکردنی بەغدای پایتەخت ) کۆبوونەوەی هێزه ئۆپۆزسیۆنەکان له ناسریه سازدرا، که تێیدا بڕیار لەسەر چەندین خاڵی گرنگ درا، له خاڵی سێیەمی راگەیاندنەکەدا هاتووه « که عێراق سیستەمەکەی فیدراڵی دەبێ، بە مەرجێ که راپرسی سەرانسەری له هەموو عێراقدا لەسەر بکرێ » ( سەرچاوەی پێشوو...،ل١٩ ).

وابەسته کردنی فیدراڵی له عێراقدا به راپرسی سەرتاسەریەوه، کارەکه زۆر ئەستەم دەکات. چونکه زۆرینەی عەرەب وەك مەترسیەکی گەوره سەیری فیدراڵی دەکەن، لەو بڕوایه دان که چەسپاندنی فیدراڵی دەبێته هۆی پارچه پارچه بوونی عێراق. بۆیه ئەستەمه له کاتی سازدانی راپرسیەکەدا، دەنگ بۆ به فیدراڵی کردنی عێراق بدەن.

دوای چەند رۆژێك له کۆبوونەوەکەی ناسریه، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت به عێراق سازدا له (٢٠٠٣/٤/٢٢) دا، تێیدا بڕیاری (١٤٨٣) دەرکرا که تایبەت بوو به لابردنی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر عێراق. له بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا جەخت لەسەر پشتیوانی کردن له بەیاننامەی کۆبوونەوەی ( ناسریه ) کرا، سەبارەت به پرسی چەسپاندنی فیدراڵی له عێراقدا ( سیستەمه نوێی جیهان و...، ل ٣٨٦ ـ٣٨٧ ). ئەمەش ئەوه دەگەێنێ، که کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی له چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی کرد له عێراقدا، که ئەمەش بۆ کورد دەسکەوتێکی سیاسی گەوره بوو.

رەفیق سابیر له بارەی فیدراڵیەتی عێراقەوه باوەڕی وایه، که فیدراڵیزم داخوازی سیاسی سەرکردایەتی کورد بوو، له لایەن ئەمریکا پەسەند کرا و سەپێندرا بەسەر ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا ( کولتور و ناسیونالیزم،ل١١٦ ). ئەم چاکەیەی ئەمریکا که لەگەڵ کوردا کردی، بەرامبەر به پشتیوانی کورد بوو له ئەمریکا له پرۆسەی ئازادی عێراقدا.

---

(١) هەندێ کەس ئەم پرۆسەیه به ئازادکردنی عێراق له دەستی رژێمی ستەمکاری بەعس له قەڵەم دەدەن، هەندێ کەسی تریش وەك پرۆسەیەکی داگیرکاری سەیری دەکەن. ئەمریکا خۆشی له ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، بەوه رازی بوو که وەك دەستەڵاتێکی داگیرکەر له عێراقدا سەیر بکرێ.

لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پشتیوانی لە ئەمریکا کرد دژ بە سوپای عێراق. وە لە دوای پرۆسەی ئازادیشدا، کورد تاکە پێکهاتەی عێراق بوو[1] کە وەك دۆستێکی ستراتیجی رەفتاری لەگەڵ ئەمریکادا دەکرد. بەهۆی بەشداری پێشمەرگە لە پرۆسە سەربازیەکاندا، دەستەڵاتی حیزبە کوردیەکان گەیشتە ناوچە کوردستانیەکانی تری باشوری کوردستان. بۆیە دەکرا لە سایەی هەلومەرجی تازەدا، سەرکردایەتی کورد لە بری ( فیدراڵی ) داوای ( مافی چارەی خۆنووسین ) بکات. بە تایبەتی کە ئەمریکا پێویستیەکی زۆری بە کورد هەبوو، وە نەیدەتوانی بە ئاسانی دەست بەرداری ببێ.

دکتۆر بورهان یاسین سەبارەت بە چەسپاندنی فیدراڵیەت لە عێراقدا دەڵێ «لە یەك تێگەیشتنێکی نهێنی لە نێوان بەرێز مەسعود بارزانی و باقر محەمەد حەکیم دەکرێ لە شاری نەجەف لە (٥) ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ دا، بەپێی ئەوە ( ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق ) فیدراڵی قبوڵ بکات، بەرامبەر بە قبوڵ کردنی کورد بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا» ( عێراقی دوای سەدام...،ل٢٠ ).

لە راستیدا ناتوانرێ دروستی ئەم زانیاریە بە تەواوی پشت راست بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر وەك گریمانەیەك وا دابنێین کە زانیاریەکە راستە، ئەوا فیدراڵیزم تەنیا لە سایەی سیستەمێکی دیموکراسیدا ئەگەری سەرکەوتنی هەیە، نەك لە سایەی رژێمێکی ئاینی و مەزهەبیدا، بە تایبەتی فیدراڵیەتێك کە لەسەر بنچینەی رەگەزی بێ. چونکە لە دەوڵەتی ئاینیدا، هەوڵ دەدرێ لە بایەخی جیاوازی نەتەوەیی و رەگەزی کەم بکرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوڵاتیان لە رووی ئاینیەوە یەکسانن، بێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیە رەگەزی و نەتەوەییەکانیان.

---

(١) لە عێراقدا سێ پێکهاتەی سەرەکی بوونی هەیە ، ئەوانیش ( کورد ، شیعە ، سوننە ) ن . کاتێ کورد وەك رزگارکەر سەیری ئەمریکای دەکرد ، شیعە و سوننە وەك داگیرکەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد .

## ـــ خواسته نەتەوەییەکانی کـورد لـە سەردەمی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراقدا (مجلس الحكم فی العراق ) :

بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، دەستەڵاتی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی پۆل بریمەر لە (٢٠٠٣/٧/١٣)[١] دا، بڕیاری پێك هێنانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایەتیدا لە عێراق ( مجلس الحكم فی العراق ). کەسی یەکەمی زۆربەی حیزبە ناسراوەکانی عێراق ئەندام بوون لەم ئەنجومەنەدا، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیش لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەدا بوون. هەر مانگە و ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، سەرپەرشتی ( مجلس الحكم ) ی دەکرد. بەو پێیەش هەر یەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، بەجیا مانگێکیان بەرکەوت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەنجومەنی حوکم.

وەك چاوەڕوان دەکرا مەجلیسی حوکم، دانی نا بە چەسپاندنی سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراقدا. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی باس لەوە دەکات ؛ کە ئەنجومەنی ناوبراو فیدڕاڵیەتی بۆ هەموو عێراق هەڵبژارد ( فیدڕاڵی و یەکگرتن و...،ل٣٨ ).

کورد هەمیشە هەوڵ دەدات لە عێراقدا، فیدڕاڵیەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنچینەی تایبەتمەندی نەتەوەیی پەسەند بکرێ. چونکە ئەگەر لەسەر ئەم بنچینەیە نەبێ، فیدڕاڵیەتی عێراق بۆ کورد لە رووی نەتەوەییەوە هیچ گرنگیەکی نابێ. بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد، بەردەوام هەوڵ بدات بۆ چەسپاندنی سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراقدا لەسەر بنەمای ناوچەیی نەك کارگێری. کەچی جەلال تاڵەبانی لە کاتی سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی حوکمدا بە شێوەیەکی دوور لە چاوەڕوانی، بڕیاری جێبەجێ کردنی فیدڕاڵیەتی پارێزگاکانی پەسەند کرد ! ! بەپێی ئەم بڕیارە هەر پارێزگایەك لە عێراقدا لە رووی کارگێریەوە دەبێ بە یەکەیەکی فیدڕاڵی، ئەمەش لەگەڵ خواستی کورد بۆ فیدڕاڵیەت لە عێراقدا ناگونجێ. چونکە ئەمە بۆ کورد لە چەند روویەکەوە خراپ بوو ، بەم شێوەیە ١) بۆ کورد کاتێ فیدڕاڵیەت لە عێراقدا دەبێتە دەسکەوت، ئەگەر لەسەر بنچینەی ( ناوچەیی ـ نەتەوەیی ) بێ نەك

---

(١) یەکەم حاکمی مەدەنی لە عێراق لە دوای پرۆسەی ئازادی، جەی گاینەر بوو. لە دوای ئەو ئەمریکا ( پۆل بریمەر ) ی دەست نیشان کرد بە حاکمی مەدەنی لە عێراقدا.

کارگێری ٢) ئەگەر فیدراڵیەتی چوار پارێزگاکەی هەرێمیش[1] وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوا لە پارێزگاکانی تری عێراقدا (١٥) یەکەی فیدراڵی دروست دەبن. ئەو کات یەك یەکەی فیدراڵی کوردی، دەکەوێتە بەرامبەر (١٥) یەکەی فیدراڵی پارێزگاکانی تری عێراق ٣) جگە لەمانەش، لە ئایندەدا مەترسی ئەوەش دروست دەبێ کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا، یەکێك لەو چوار پارێزگایانەی هەرێم داوا بکات بە تەنیا ببێ بە یەکەیەکی فیدراڵی. کە لەوانە بوو لە دۆخی ناوەخۆی ئێستای هەرێمدا (٢٠٢٣)، سلێمانی داوای ئەوەی کردبایە، بەهۆی ناکۆکی توندی یەکێتی لەگەل پارتیدا.

جەلال تاڵەبانی لە بەرامبەر ئەم هەڵەیەی کە تێی کەوت، هەر لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا هەڵوێستێکی زۆر مێژوویی نواند، کاتێ لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠٠٤/٢/٩) ی ئەنجومەنی حوکمدا[2] لە وتارێکی تێر و تەسەلدا، داکۆکیەکی بوێرانە و مێژوویی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد کرد، کە گرنگترین خاڵەکانی وتارەکەی بریتی بوون لە ؛

- پێویستە مەجلیسی حوکم، فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان بسەلمێنێ و بڕیار بدات دەست بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی پێشووی لیوای کەرکوك[3] بکرێ.
- مافی سادەی کوردە کە زمانی کوردیش شان بە شانی زمانی عەرەبی، بە زمانی رەسمی دابنرێ .
- بە پشت بەستن بە دۆکیومێنتە مێژووییەکان، هەرگیز سنوری عێراق[4] لە جەبەل حەمرین تێنەپەڕیوە .
- پێویستە دەست بەجێ شوێنەواری پاکتاوی رەگەزی و بەزۆر ( تەعریب کردن ) بسڕدرێتەوە، وە هاوردەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ئاوارەی کورد و تورکمانیش بچنەوە شوێنی خۆیان.
- بەپێی نەخشەیەکی مێژوویی سەردەمی عوسمانیش، کەرکوك بەشێکە لە کوردستان.

(١) مەبەست لە (٤) پارێزگاکەی هەرێم ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە ) ن.

(٢) لە سەرچاوە کوردیەکاندا بە زۆر شێوە دەستەواژەی ( مجلس الحكم في العراق ) دەنوسرێ، وەك مەجلیسی حوکم، ئەنجومەنی حوکم، ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لە عێراق، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

(٣) مەبەستی ناوبراو پارێزگای کەرکوکە، کە دۆخی دیمۆگرافی و ئیداری پارێزگاکە لە سەردەمی رژێمی فەرمانڕەوای بەعسدا شێوێندرا بوو.

(٤) زیاتر مەبەست لە سنوری ویلایەتی بەغدایە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا.

مام جەلال لە وتەکەیدا، هەوڵیدا ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو مافانەی ئەمڕۆ گەلی کوردستان داوایان دەکات، لایەنی کەمی خواستەکانیەتی، ئیتر بە چ حەق و ویژدانێك ئەوەشی پێ ڕەوا نابینرێ و کۆسپ و تەگەرەی لە بەردەمدا قوت دەکرێتەوە ( سەرچاوەی پێشوو،ل٨٠ـ٨١ ).

ئەگەر کورد داوای مافی چارەی خۆنووسین و باسی جیابوونەوەی کردبایە، ڕەنگە ئەو کات لایەنی عەرەبی لە ( ئەنجومەنی حوکم ) دا بە ئاسانی ڕەزامەندیان نیشان بدایە لەسەر ئەو داخوازیانەی مام جەلال. چونکە هاوکێشەکە بەم جۆرەیە ؛ تا زیاتر داوا بکەی زیاترت دەست دەکەوێ.

پارتە کوردیەکان لە مانگی (١٢) ی ٢٠٠٣ دا پرۆژەیەکیان پێشکەشی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ( مجلس الحكم ) کرد، کە تێیدا باسیان لەوە کردبوو ؛ پێویستە هەموو ئەو خاکەی کە کوردستان بوو لە کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ببێ بە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. وە بەپێی ئاماری (١٩٥٧)، گشت ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانیان کورد بووە، ببن بە بەشێك لە خاکی کوردستان ( کورد لە عێراق،ل٢٧٢ـ٢٧٣ ).

یەکلا کردنەوەی ناسنامەی ئەو ناوچانەی کە بەشێك بوونە لە خاکی کوردستان لە کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، پرسێکی زۆر ئاڵۆز و پڕ کێشەیە. چونکە بەڵگەی مێژوویی لەم بارەیەوە زۆر کەمن کە بتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بەڵام پشت بەستن بە ئاماری (١٩٥٧) بۆ دیاری کردنی ناوچە کوردیەکان لە عێراقدا، لە رووی کردەییەوە تاڕادەیەك کارێکی ئاسانە.

دوای رووخانی رژێمی فەرمانڕەوای بەعس، سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی عێراق هاتە کایەوە. بەم پێیە هەوڵ دەدرا پرسە سیاسیەکان لە رێگەی دەنگدان و بنەمای ( زۆرینە و کەمینە ) چارەسەر بکرێن. لەبەرئەوەی کورد لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە کەمینەیە لە عێراقدا، ئەوا هەمیشە زیانمەند دەبێ لە کاتی کارکردن بە بنەمای ( زۆرینە و کەمینە ) لە دەنگداندا. بۆیە سەرکردایەتی کورد بە توندی لە دژی ئەم بنەمایە وەستایەوە، داوای کرد کار بە بنەمای سازان ( توافق ) بکرێ لە یەکلا کردنەوەی کێشە هەستیارەکانی وڵاتدا. بۆ نمونە سکرتێری حیزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی بەستنی

کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەی لە (٦ـ٢٠٠٣/١٢/٩) دا، لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەدا باس لەوە دەکات ؛ نابێ رێگە بەوە بدەین بە ناوی دیموکراسی و زۆرینە و کەمینەوە، حکومەتی ناوەندی مەرامە خراپەکانی بەرامبەر بە کورد جێبەجێ بکات، وە نابێ پرسە چارەنووس سازەکان بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق بە جێبێڵین ( راپۆرتی سیاسی...،ل ١٢).

سەرکردایەتی کورد ئەو راستیەی لەبەر چاو بوو، کە لە پەرلەمانی دهاتووی عێراقدا، نوێنەرانی نەتەوەی عەرەب زۆرینە دەبن. بۆیە لەوە دەترسا کە ئەو کێشە چارەنووس سازانەی پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە، لە رێگەی دەنگدان و کارکردن بە بنەمای ( زۆرینە و کەمینە ) وە لە بەرژەوەندی کوردا یەکلا نەبنەوە. بۆیە هەر لە دوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی عێراقەوە لە (٢٠٠٥)، سەرکردایەتی کورد داوای کرد کێشەکان لەسەر بنەمای سازان ( توافق ) چارەسەر بکرێن، نەك لەسەر بنەمای ( زۆرینە و کەمینە ).

جەی گاینەر کە یەکەم حاکمی مەدەنی ئەمریکا بوو لە عێراق لە دوای رووخانی رژێمی سەدام لە (٢٠٠٣) دا، هاوسۆزیەکی زۆری بەرامبەر بە کورد هەبوو، بەڵام ئەمریکا زوو ناوبراوی لابرد و پۆل بریمەری لە بری ئەو نارد بۆ عێراق. پۆل بریمەر کەسێکی پراگماتیکی[١] بوو، هیچ هەست و سۆزێکی بەرامبەر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی نەبوو. بۆیە زۆر گرنگی بە داواکاری و خواستەکانی کورد نەدەدا. لەم بارەیەوە دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێ (( لە ئەنجومەنی حوکمدا ئەمریکیەکان زۆر فشاریان لەسەر کورد دەکرد، کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت[٢] دانرا. ئێمە داوامان کرد و گوتمان، ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە بکرێنە دوو بەشەوە، کەرکوك و شەنگال با ببن بە مادەی (٥٨)[٣]، بەڵام مەخمور و شێخان و خانەقین و ناوچەکانی تری لەم شێوەیە تەواو کوردین و ئیتر بۆ نەخرێنە سەر هەرێمی

---

(١) پراگماتیکی، واتە کەسێکی کردەیی ( عملي ). کە ئەو جۆرە کەسانە تەنیا لە رووی پیشەییەوە بایەخ بە کارەکانیان دەدەن، وە رێگە نادەن سۆز و هەستی کەسیەتیان کار بکاتە سەر کار و ئامانجەکانیان.

(٢) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ( قانون ادارة دولة ) لە لایەن ئەنجومەنی حوکمەوە دانرا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەی کە لە عێراقدا دروست ببوو، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەستیارەکانی وڵات. ئەم یاسایە لە (٢٠٠٤/٣/٨) دا واژۆی لەسەر کرا.

(٣) مادەی (٥٨)، یەکێك بوو لە مادەکانی ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ). ئەم مادەیە تایبەت بوو بە چارەسەرکردنی پرسی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەر بوو لە نێوان کورد و دەستەڵاتی ناوەندیدا، سەبارەت بە یەکلا کردنەوەی شوناسی نەتەوەییان.

کوردستان، چونکە کەس ناڕازی نیە و دانیشتوانەکەیان هەموو کوردن. بەڵام بریمەر نەیهێشت، وتی یەك سانتیمەنر نابێ بێنە پێشەوە لەوەی بە دەستانەوەیە )) ( گۆڤاری ستاندار،ژمارە٢٥،ل٤٠).

سیاسەتی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر بە ئامانجەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، لەسەر بنەمای لەخۆ رازی کردن و بەدەست هێنانی سۆزی زیاتری ئەمریکا بوو. بۆیە هەمیشە بەرامبەر بە فشارەکانی ئەمریکا نەرمی دەنواند، بە پێچەوانەی لایەنی عەرەبی، بە تایبەتیش ( سوننە ) کە بە توندی رووبەڕووی خواستەکانی ئەمریکا دەبوونەوە لە عێراقدا. ئەمریکا لەژێر ناوی دۆستایەتیدا، هەمیشە سەرکردایەتی کوردی ناچار بە سازش دەکرد. بۆیە لە کاتی چارەسەرکردنی کێشە ئالۆزەکانی عێراقدا، کورد تاکە لایەن بوو کە دەبوو نەرمی بنوێنێ لە ئاست خواستە سیاسیەکانی ئەمریکادا. ئەمەش زۆر بە خراپی لەسەر ئایندەی پرسی نەتەوەیی کورد شکایەوە لە عێراقدا.

هەندێ جار فشارەکانی ئەمریکا لەسەر کورد ئەوەندە زۆر بووە، کە سەرکردایەتیە سیاسیەکەی نەیتوانیوە بچێتە ژێر باریان. گوایە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٤) دا مەسعود بارزانی لەم بارەیەوە بە ( پۆل بریمەر ) ی گوتوە، کە ئەگەر هەندێ شێوەی ناتەواوی چارەسەر بەسەر بەرپرسە کوردەکاندا بسەپێنرێن، ئەوا ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ رای خەڵك ( عێراقی دوای سەدام...،ل ٥٩ ).

مەسعود بارزانی بەوە ناسراوە کە لە زۆر بۆنەدا بۆ فشار خستنە سەر بەرامبەرەکەی، پەنا دەباتە بەر هەڕەشە. راستە زمانی هەڕەشە زۆرجار لێکەوتەی ئەرێنی دەبێ، بەڵام دەبێ توانا و ویستی جێبەجێ کردنی هەڕەشەکەش لە ئارادا بێ. چونکە ئەو کات نەك هەر سوودی نابێ، بەڵکو زیانی زۆریشی دەبێ. بارزانی زۆرجار هەڕەشەی زۆر گەورەی کردوە کە توانای جێبەجێ کردنی نەبووە، رەنگە هەر ویستی جێبەجێ کردنیشی نەبوو بێ. بۆ نمونە لە کانونی یەکەمی (٢٠٠٥) دا لە روونکردنەوەیەکیدا باسی لەوە کرد ؛ ئەگەر کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان تا هاتنی کانوی یەکەمی (٢٠٠٧)[١] ، شەڕی ناوخۆ

(١) ماوەی یاسایی بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) لە دەستوری عێراقدا، تا رێکەوتی کانونی یەکەمی (٢٠٠٧) بوو.

دروست دەبێتەوە لە عێراقدا[1] . وە لە نیسانی (٢٠٠٧) دا هەڕەشەی کرد بە پشتیوانی کردنی یاخیبوون لە ( تورکیا ) دا، ئەگەر ئەنقەرە رێگر بێ لە داخوازیەکانی کورد لە کەرکوکدا ( المتحضر، عدد ٣٩٧٦، نیت ) . بەهۆی ئەوەی بارزانی نەیتوانی زۆربەی هەڕەشەکانی جێبەجێ بکات، تاڕادەیەك هەڕەشەکانی بێ کاریگەر ببوون.

پۆل بریمەر دوای ئەوەی ئەرکەکەی لە عێراقدا تەواو بوو، کتێبێکی لە بارەی یاداشتەکانی خۆی لە عێراقدا بڵاو کردەوە، کە تێیدا سەبارەت بە سەرکردایەتی کورد وتویەتی ؛ کورد تەنیا داوای پارە و پۆستیان کرد ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٠٢،ل٤٤ ). لە راستیدا لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، سەرکردایەتی کورد ئەوەندەی شەڕیان لەسەر پۆست و بەشە داهاتی هەرێم کرد، ئەوەندە شەڕیان لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی کورد نەکرد. بۆیە پۆست و داهاتی باشیان دەست کەوت، بەڵام نەیانتوانی دەسکەوتی زۆر ستراتیجی بۆ کورد بەدەست بێنن، وەك چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە تەواوی عێراقدا.

کورد بە پشتیوانی ئەمریکا توانی فیدراڵیەت لە ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ) دا بچەسپێنێ، کە لە دیباجەی یاساکەدا هاتووە : سیستەمی سیاسی عێراقی فیدراڵی یەکگرتوو دەبێ، بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە. لە بەندی چوارەمی هەمان یاساشدا هاتووە ؛ فیدراڵی لە عێراقدا لەسەر رەگەز و ئیتنی و نەتەوەیی و مەزهەبی نیە ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٦٢ـ٦٣ ).

بەکار هێنانی دەستەواژەی ( بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە ) لە یاساکەدا، مەرج نیە تەنیا لە بەرژەوەندی کوردا بووبێ. چونکە لەوانەیە پێکهاتەکانی تری عێراق بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە، چوونە ژێر باری سیستەمێکی فیدراڵی لە وڵاتدا رەت بکەنەوە. ئەو کاتیش چەسپاندنی بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا تووشی شکست دەبێ، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی کوردا نیە. کە لە بەندی چوارەمی یاساکەشدا هاتووە " فیدراڵی لەسەر بنچینەی رەگەز و ئەتنی و نەتەوەیی و مەزهەبی نابێت "، ئەوا چەسپاندنی ئەم بەندە دژی

(١) واتە کورد بۆ هێنانە دی خواستە نەتەوەییەکانی، پەنا دەباتەوە بەر خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی ناوەندی.

بەدی هاتنی فیدراڵیەتی کوردە لە عێراقدا. چونکە تەنیا کاتێ فیدراڵیەت بۆ کورد دەبێتە دەسکەوتێکی نەتەوەیی زۆر باش، ئەگەر لەسەر بنچینەی ( نەتەوەیی ــ ئەتنی ) بێت.

لە دیباجەی بڕیاری (١٥٤٦) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، بەو شێوەیە باس لە ئایندەی سیستەمی سیاسی عێراق کراوە ؛ نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە ئیلتزامی حکومەتی کاتی عێراق[١] دەکات بۆ کار کردن بە ئاراستەی عێراقێکی دیموکرات و پلوراڵ[٢] و یەکبوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٠ ). شیاوی باسە لە دیباجەکەدا هیچ ئاماژەیەکی روونی تێدا نەبوو بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی، کە ئەمە لە لایەن هەوادارانی ( فیدراڵیزم ) لە عێراقدا جێگەی سەرنج و رەخنە بوو.

## ــ دۆخی هەرێمی کوردستان بەر لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق (٢٠٠٥/١/٣٠) :

بەر لە پێك هێنانی پەرلەمانی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی هەمیشەیی، دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ کورد کە خواستە نەتەوەییەکانی بسەپێنێ بەسەر لایەنی عەرەبیدا. چونکە بێگومان دۆخی کورد لە سایەی حکومەتێکی هەمیشەیی و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراودا زۆر جیاوازتر دەبوو، بەڵام سەرکردایەتی کورد جگە لە هەندێ دەسکەوتی سنووردار، نەیتوانی پرسە چارەنووس سازەکانی پەیوەست بە کورد لە عێراقدا چارەسەر بکات. ئەمەش ئەرکی کوردی لە قۆناغەکانی داهاتووی عێراقدا قورستر کرد.

نەوشیروان مستەفا[٣] تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بڵاوکردەوە، لە یەکێك لە بۆچوونەکانیدا دەڵێ (( عێراق وڵاتێکی فرە

(١) بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە (٢٠٠٥/١/٣٠) دا، حکومەتێکی کاتی پێك هێنرا بوو بە سەرۆکایەتی ( ئەیاد عەلاوی ) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، وە ( غازی عجیل یاوەر ) یش بە شێوەیەکی کاتی دانرا بوو بە سەرۆکی کۆمار.

(٢) پلوراڵ، زاراوەیەکی ئینگلیزیە، بە کوردی بە واتای فرەیی ( تعددي ) دێت. زیاتر مەبەست لێی ئازادی سیاسیە لە رووی فرەیی حیزبی و پەیڕەو کردنی بیر و باوەڕی ئاینی و مەزهەبی جیاجیا.

(٣) ناوبراو یەکێك بوو لە نوێنەرەکانی کورد، کە بەشدار بوو لە دارشتنی ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ) دا، کە دواتر بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراقدا بە نووسین بڵاوکردەوە.

( نەتەوە، ئاین، مەزهەبە ). لە هەندێ شوێندا تێکەڵاویەکی زۆر لە نێوان ئەو پێکهاتانەدا بەدی دەکرێ، بە شێوەیەك ناتوانرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە. بۆیە پێویستە شێوەیەك لە پێکەوە ژیانی هاوبەش دروست بکرێ، کە رەزامەندی گشت لایەنەکانی لەسەر بێت. ئەمەش کاتێ دێتە دی کە رێکەوتنێکی ( سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاسایی ) لە نێوان ئەو نەتەوە و ئاین و مەزهەبانەدا ببەسترێ، کە دەربڕی ویستی هەموو لایەك بێ، نەك ویستی زۆرینە، بێ لەبەرچاو گرتنی ویستی کەمینە، کە ئەمە عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ تونێلێکی تاریك و مەترسیدار. پێویستە لەسەر کورد پشتیوانی لە داخوازیە رەواکانی گشت ( نەتەوە، ئاین، مەزهەب ) یك بکات، هەتاکوو ئەگەر کەم و بچوکیش بێ. پێویستە لەسەری خۆی بە بریکاری هیچ لایەنێك نەزانێ. چونکە ئەو نەتەوانە چەندین هەڵبژاردەی ئازادیان لە بەردەم دایە، دەتوانن بچنە پاڵ ناوەند یاخود هەرێمی کوردستان. ئەگەر ژیانی هاوبەشیان هەڵبژارد لەگەڵ ناوەندا، کورد دەستەڵاتی گەرەنتی کردنی مافەکانیان نابێ، وە ناتوانێ رێگریشیان لێ بکات. وە ئەگەر پێکەوە ژیانیان هەڵبژارد لەگەڵ هەرێمدا، پێویستە لەسەر کورد گشت داخوازیەکانیان بەدی بێنێ و ئامادەش بێ دەستەبەری نێودەوڵەتیان پێشکەش بکات.

ئەو رێکەوتنە ( سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاسایی ) یە، پێویستە رەنگدانەوەی ویست و خواستی کورد بێ و گەرەنتی ماف و داخوازیەکانی بکات. بەمەش عێراق رزگاری دەبێ لە کێشەیەك کە لەوەتەی دامەزراوە تا رووخانی (١٩٢٠ـ٢٠٠٣)[١] بە دەستیەوە نالاندویەتی )) ( الشرق الاوسط، عدد٩٢١٥، نیت ).

وڵاتێك کە ئاشنا نەبوو بێ بە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی، ناتوانێ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانیدا بەدی بێنێ. کۆمەڵگەی عێراقی کە تاڕادەیەکی زۆر دوورە لە لێبوردەیی و کەلتوری دیموکراسی، ئەستەمە پێکهاتەکانی بتوانن جیاوازیەکانی یەکتر پەسەند بکەن. ئەزموون سەلماندویەتی کە سەپاندنی پێکەوە ژیان بەسەر پێکهاتەکانی عێراقدا سەرکەوتوو نابێ، بۆیە پێویستە بیر لە چارەسەرێکی گونجاوتر بکرێتەوە بۆ عێراق. کە رەنگە باشترین چارەسەریش، بریتی بێ لە دابەشکردنی عێراق بۆ چەند قەوارەیەکی سیاسی.

---

(١) دەستەواژەی رووخانی عێراق لە (٢٠٠٣) دا لە رووی زانستیەوە هەڵەیە، چونکە ئەوەی لە (٢٠٠٣) دا رووخا رژێمی سیاسی بوو نەك دەوڵەتی عێراق.

ئەگەر کورد بیەوێ سۆز و پشتیوانی پێکهاتەکانی تر[1] بەدەست بێنێ لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا، پێویستە سیاسەتێکی نەرم و ژیرانە لە بەرامبەریان پەیڕەو بکات، وە ڕێز لە جیاوازیەکانیان بگرێ و پشتیوانی لە داخوازیە سیاسیەکان بکات، وە بەهیچ شێوەیەك دەست نەخاتە نێو کاروباریانەوە. تاکوو بتوانێ ئەو بڕوایەیان لەلا دروست بکات، کە بەرژەوەندیان لەوە دایە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بن نەك ناوەند.

لە بۆچوونێکی تریدا هەر لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێ (( پێویستە لەسەر ناوەند بە شێوەیەکی رەسمی دان بنێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو بارودۆخە بگۆڕێ، باری دیفاکتۆ ( أمر الواقع ) بۆ باری یاسایی ( وضع القانوني ). هەروەها ئەو دەستەڵاتەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکەن، وەك خۆی بمێنێتەوە. وە پێویستە بۆچوونی کورد وەربگیرێ لە گشت ئەو رێکەوتن و پەیماننامانەی دەبەسترێن بە ناوی عێراقەوە. وە لە کوردستاندا، ئەولەویەت بدرێ بەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەریان دەکات )) ( سەرچاوەی پێشوو، هەمان ژمارە ).

لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقدا، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کۆنگرە و کۆبوونەوەکاندا دەیانگوت ؛ دۆخی هەرێمی کوردستان ئەمری واقعە و رازین لەسەر ئەوەی وەك خۆی بمێنێتەوە. هەرێمی کوردستان فیدرالیەتی راگەیاند بوو، بەلام دەستەلاتی نەگەیشتبووە بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردیەکان، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەند بوون بە نەوت. ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بەهۆی فشاری کورد و داوای ئەمریکا، رازی ببوو بە ( سیستەمی فیدرالی ) لە عێراقدا. بۆیە لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەولی دەدا خۆی لەوە بدزێتەوە کە لە رووی یاساییەوە دان بنێ بە دۆخی هەرێمی کوردستاندا، بەلام بۆ کورد زۆر گرنگ بوو کە لە رووی یاساییەوە ( وضع القانوني ) دان بنرێ بە فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا.

---

(١) پێکهاتەکانی تر کە بوونیان هەیە لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا لە پاڵ ( کورد و عەرەب ) دا، بریتین لە ( تورکمان، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی... هتد ). کە جگە لە تورکمان، ئەوانی تر پێکهاتەی ئاینین. وە هەندێ جار ( تورکمانی شیعە و عەرەبی شیعە ) ش وەك پێکهاتەیەکی جیا سەیر دەکرێن. چونکە جگە لە کورد، عەرەبی سوننە زۆرینەیە لەم ناوچانەدا.

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە ( سامانی سروشتی کوردستان )، بۆچوونەکەی خۆی بەم شێوەیە دەخاتە روو (( پێویستە سامانی سروشتی لە کوردستاندا، چ ئەوەی لەسەر خاکە یان لە ناخی دایە، مافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ. وە پێویستە ( بەکار هێنان و دەرهێنان ) یشی مافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ. هەروەها پێویستە رێك کەوتن بکرێ لەسەر ئەو بەشەی دەدرێ بە ناوەند. وە ئەگەر پێویستی کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ دوای رازی بوونی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، هاوکاری ناوچە هەژارەکانی عێراق بکات. سەبارەت بەو دامەزراوە نەوتیانەی ئێستا هەن لە کوردستاندا، ئەوا لە دەستەڵاتی ناوەندان، بە مەرجێ بەشێك لە داهاتیان بداتە دانیشتوانی کوردستان بەپێی ژمارە و بە گوێرەی پێوەرە تایبەتیەکان، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە رابردوودا پێیان گەیشتووە )) ( سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە ).

بەپێی دەستوری عێراقی، سامانی سروشتی لە هەر بەشێکی وڵاتدا بێ، موڵکی دەوڵەتە نەك هەرێم و پارێزگاکان. وە پێویستە داهاتی فرۆشتنی سامانە سروشتیەکان بچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، ئینجا بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و پێویستی ناوچەکان، دابەش بکرێ بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا. بۆیە حکومەتی ناوەندی هەرگیز ئامادە نابێ رێك کەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات، سەبارەت بە دیاری کردنی ئەو بەشەی کە پێویستە بدرێتە ناوەند لە داهاتی سامانە سروشتیەکانی کوردستاندا! چونکە ئەگەر ئەو مافە بدرێتە هەرێمی کوردستان، لە ئایندەدا ئەو قەوارە فیدراڵیانەی کە دروست دەبن، داوای هەمان دەسکەوت دەکەن. وە پێویستە لە ( سیستەمی فیدراڵی ) دا سەرجەم دامەزراوە بەرهەم هێنەرەکان لە بواری دەرهێنان و فرۆشتنی سامانی سروشتیدا، خاوەنداریەتیەکەیان بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی. وە پێویستە سەرجەم ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان دەکرێ لە بواری بەرهەم هێنانی سامانی سروشتیدا، لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری حکومەتی فیدراڵیدا بێ. کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیان گرێبەستی بەرهەم هێنانی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان ئەنجام داوە، بەبێ ئەوەی حکومەتی ناوەند هیچ ئاگاداریەکی هەبێ لە بارەیانەوە. بۆیە لە رووی یاساییەوە ئەم گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم، کەم وکورتی زۆریان هەیە.

له راستیدا بەهۆی ئەوەی هەروو حیزبی دەستەڵاتداری هەرێمی کوردستان ( یەکێتی و پارتی )، قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوت لە فرۆشتنی نەوت و گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکانی نەوتدا. بۆیە ئامادە نەبوون سازش لەم دەستەڵاتەیان بکەن بۆ حکومەتی ناوەندی، کە بەو هۆیەوە کێشە و ناکۆکی بەردەوام هەبوو لە نێوان هەردوو لادا ( کورد و ناوەند ).

مام جەلال لە وتارێکیدا لە ساڵی (٢٠٠٤)، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە چارەسەر کردنی کێشەی کەرکوك ، بەم شێوەیە دەخاتە روو :

١) دان بە حەقیقەتە مێژوویەکاندا بنرێ.
٢) بە گوێرەی سەرژمێریەکان، دان بە واقعی ئێستادا بنرێ.
٣) بە گوێرەی بڕیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بارودۆخی کەرکوك ئاسایی بکرێتەوە ( فیدڕاڵی و یەکگرتن و...،ل١٢١ ).

بە گوێرەی ئەو سەرژمێریانەی کە لە عێراقدا کراون تا ساڵی ١٩٥٧، کورد زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوکی پێك هێناوە. بەم پێیەش بێت، کەرکوك شارێکی کوردستانیە. ئەگەرچی لەژێر فشاری کوردا، هەندێ کاری باش کرا بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوك، بەڵام هەنگاوەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوون. بۆیە کێشەی کەرکوك بە هەڵواسراوی ماوەتەوە لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا.

سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆرجار ئەم وتەیان دووبارە کردۆتەوە ؛ ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە کورد دەستێکی باڵای هەبووە لە سەرلەنوێ دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، لە دوای رووخانی دەستەڵاتی سەدام حوسێن. دکتۆر بورهان یاسین لەم بارەیەوە دەڵێ (( بە قەناعەتی من ئەوە پرسیارێکی جددیە و داوامان لێ دەکات کە بکەوینە گومانەوە لەوەی کە ئایا ئەو دەوڵەتەی دروستی دەکەینەوە، بۆچی سبەینێ بکەوینە دانوستان لەگەڵیدا، لەوەش خراپتر جارێکی تر بەرەو رووی سیاسەتی ئینکار بینەوە لەسەر دەستی هەمان دەوڵەت کە ئەمرۆ دایدەمەزرێنینەوە )) ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٣١ ).

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، دۆخی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ باشور و ناوەراستی عێراقدا لە بارێکی زۆر باشدا بوو. پێویست بوو کورد لە بری ئەوەی بەشێکی زۆری تواناکانی خۆی بەکار بێنێ بۆ دارشتنەوەی دامەزراوەی دەوڵەتی عێراق و

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ( شیعە و سوننە )، هەوڵی بدایە بۆ بەهێزکردنی حکومەتی هەرێم و دەستەبەر کردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی کورد. بەڵام ئەم دەرفەتە مێژووییەی لە دەستدا، کە بە دەگمەن بۆ کورد دەرفەتێکی لەم شێوەیە دروست دەبێتەوە.

لە (٢٠٠٤/٦/١) دا بارزانی و تاڵەبانی لە نامەیەکی هاوبەشدا بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا ( جۆرج دەبلیۆ بۆش )، هەندێ داواکاری کوردیان خستەروو، یەکێک لەم داواکاریانە بریتی بوو لە پێدانی پۆستێکی ژمارە ( یەک ) بە کورد لە دەوڵەتی عێراقدا (( سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٥ ).

هەڵبەتە وەرگرتنی پۆستێکی ( سیادی )[1] لە ناوەندا بۆ کورد دەسکەوتێکی باش دەبێ، ئەگەر بە شێوەیەکی باش بخرێتە خزمەت بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا. بەڵام جگە لەوەی کە بەردەوام پۆستی سەرۆک کۆمار بەدەست کوردەوە بووە، وە پۆستەکانی وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپا و وەزیری دەرەوەش چەند جارێک دراوە بە کورد، کەچی ئەم پۆستانە نەیانتوانی سودێکی زۆر بە کورد و پرسە نەتەوەییەکەی بگەیێنن.

ئاسۆ گەرمیانی لە بارەی تێروانینی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ کێشەی کورد لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، دەڵێ (( ئێستا ئەوان ( ئەمریکا و بەریتانیا ) زۆر باش لەوە گەیشتوون کە دروست کردنی عێراقی ئەوسا، کە کوردیان بە زۆر خستە پاڵیەوە، کارێکی هەڵە بوو. ئەمە بە دان پێدانانی خۆیان لە رۆژنامەکاندا و لە لایەن چەندین گەورە کاربەدەستەوە باسی لێوە کراوە. لە راستیدا ئەگەرچی هەست بە هەڵەکەی خۆشیان دەکەن، بەڵام ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە بەرژەوەندیان لەوەدا نیە کە هەڵەکەی خۆیان راست بکەنەوە )).

---

(١) سیادی وشەیەکی عەرەبیە، بە کوردی واتای ( سەروەری ) دەگەیێنێ. پۆستی سیادی، واتە ئەو پۆستەی وابەستەیە بە سەروەری وڵاتەوە، وەک پۆستەکانی ( سەرۆک کۆمار، سەرۆکی وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، دەزگای هەواڵگری ).

# بەشی دووەم :
# پێگەی سیاسی کورد لە عێراقدا لە نێوان سالأنی (٢٠٠٥ تا ٢٠١٢)

## ـ ئاراستەی خواستە سیاسیەکانی کورد لە عێراق لە (٢٠٠٥) دا :

سالّی (٢٠٠٥)، سالّێکی زۆر گرنگ بوو لە ژیانی سیاسی عێراقدا. لەم سالّەدا یەکەم هەلّبژاردنی ئازادانە لە مێژووی کۆماری عێراقدا[١] بۆ پەرلەمان ئەنجام درا، کە بەهۆیەوە لە لایەن پەرلەمانەوە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەلّبژێردراو پێك هێنرا. کوردیش بە شێوەیەکی فرەوان بەشداری کرد لە هەلّبژاردنەکەی پەرلەماندا و لە دەستەلأتی ناوەندیشدا چەند پۆستێکی گرنگی بەرکەوت، وەك ( سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، وەزیری دەرەوە )[٢]. وە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق لە (٢٠٠٥/١٠/١٥) دا، راپرسی گشتی ئەنجام درا بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژەی دەستوری هەمیشەیی. سەرکردایەتی کورد هانی خەلّکیدا بۆ دەنگدان بە دەستورەکە، چونکە پێی وابوو تاڕادەیەکی باش خواستە نەتەوەییەکانی کورد لەم دەستورەدا لەبەرچاو گیراون.

مەسعود بارزانی لە بارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەم شێوەیە تێڕوانینی خۆی خستەروو (( ئیمرۆ عێراق پێویستی بە چارەسەرێکی بنەڕەتیە، بۆ دەرچوون لەو قەیران و مەینەتیانەی دووچاری هاتووین، چارەسەریش لە یەکێتی ئارەزوو مەندانە دایە لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا )) ( ئینتەرنێت ).

عەرەب یەکێتی خاکی عێراق وەك پرسێکی پیرۆز سەیر دەکات، تەنیا کوردە کە پێویستە بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە بەم یەکێتیە رازی بێ. لە راستیدا ئەوە سەرکردایەتی کورد بوو دەیەویست باشوری کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە لە

---

(١) لە سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا (١٩٢٠ــ١٩٥٨)، هەلّبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کراوە، بەلأم شێوازی بەڕێوە چوونی پڕۆسەی هەلّبژاردنی ئەوسا، لەگەلّ سەردەمی ئەمرۆدا جیاواز بووە.

(٢) سەرۆك کۆمار ( جەلال تالّەبانی ) بوو، سەرۆکی ئەرکانی سوپا ( بابەکر زێباری ) بوو، وەزیری دەرەوەش ( هۆشیار زێباری ) بوو.

چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، نەك خەڵکی کوردستان. چونکە تا (٢٠١٧)[١] لە هەریمی کوردستاندا هیچ راپرسیەکی رەسمی و باوەڕ پێکراو لەنێو خەڵکدا نەکراوە بۆ زانینی ئارەزووی دانیشتوان، کە ئاخۆ دەیانەوێ لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان جیا ببنەوە.

لە شوێنێکی تردا مەسعود بارزانی دەڵێ (( ئێمە داوای جیابوونەوە ناکەین، وە نابین بە هۆکاری جیابوونەوەش، بەڵام ناتوانین گەڕانەوەی دکتاتۆریەت قبوڵ بکەین. وەك ئەوەی لە دیباجەی دەستوردا هاتووە، پاراستنی دەستور گەرەنتی پاراستنی یەکێتی عێراقە )) ( ئینتەرنێت ).

مەسعود بارزانی لە زۆر بۆنەدا وتەی لەم شێوەیەی راگەیاندوە. وەك ئەوەی (( ئەگەر دەستوری عێراق پێشێل بکرێ، ئەوا ناچارین بگەڕێنەوە بۆ رای خەڵك )) ، یان (( ئەگەر بەغدا داخوازیە رەواکانمان جێبەجێ نەکات، ئەوا بڕیار لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) دەدەین )). ئەم هەڵوێستە نەتەوەییانەی بارزانی زۆر لە جێگەی خۆیدان، بەڵام لە (٢٠٠٣) وە داخوازیەکانی کورد پشتگوێ دەخرێن و بنەماکانی دەستوریش پێشێل دەکرێن، کەچی تا ئێستا بارزانی نەیتوانیوە ئەم ئامانجە بێنێتە دی کە هەڕەشەیان پێدەکات!

ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەدەبیاتی پارتی دیموکرات بدرێ لە (٢٠٠٥) وە تا ئێستا، تێبینی ئەوە دەکرێ کە حەزێکی زۆر لە لایەن سەرکردایەتی ئەم حیزبەوە دەبینرێ بۆ پرسی دابەشکردنی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان. ئەم حەزە رۆژ لە دوای رۆژ لە لایەن سەرکردایەتی ئەم حیزبەوە زیاتر هەست پێدەکرا، بەڵام کێشە گەورەکە لەوە دایە، هیچ هەنگاو و سووربوونێك لە لایەن ئەم حیزبەوە بەدی ناکرێ بۆ بنیات نانی پایەکانی دەوڵەت. بە پێچەوانەوە لە بری چارەسەرکردنی قەیرانە قوڵەکانی کوردستان، رۆژ لە دوای رۆژ رووبەری قەیرانەکان گەورەتر دەکرێن.

مەسعود بارزانی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا (٢٠٠٥/١/٣٠)، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدا. لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیا بەرامبەر بە پرسی کەرکوك، بارزانی وتی (( کەرکوك شارێکی عێراقیە، بەڵام بە ناسنامەی کوردستانی، نە تورکیا و نە هیچ دەوڵەتێکی تر بۆی نیە تەدەخول لە کاروباری

---

(١) راپرسیەکەی (٢٠١٧) ی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، نە رەزامەندی حکومەتی عێراقی لەسەر بوو، وە نە لەسەر ئاستی ( هەرێمی و نێودەوڵەتی ) شدا باوەڕ پێکراو بوو.

کەرکوکدا بکات، ئەمە یەك دوو : هەمیشە ئەوان[1] ئەو قەوانە لێ دەدەن، ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی. گەلی کوردستان مافی دەوڵەتی هەیە و ڕۆژێکیش دێت ئەو دەوڵەتەی هەبێ، بەڵام نازانم کەی )) ( بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە ،ل٣٠ ).

پێویستە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم جۆرە هەڵوێستانەی بارزانی بکرێ، بەڵام زۆرجار هەڵوێستەکانی ناوبراو بەپێی گۆڕانی هاوکێشە سیاسیەکان، گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەردا دێت. نمونە لە (٢٠٠٥) دا بەم شێوەیە باس لە دەست تێوەردانی تورکیا دەکات لە پرسی کەرکوکدا، بەڵام لە (٢٠١٢) دا بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی عێراق، یاوەری وەزیری دەرەوەی تورکیای کرد بۆ کەرکوك و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە بە شێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ لایەنە سیاسی و پێکهاتە نەتەوەییەکانی شارەکەدا، باس لە پرسی کەرکوك بکات!!

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامە نووسیەکەدا، مەسعود بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکی تردا کە تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو، بڕگەیەك لە ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت) دا هەیە، ماف دەداتە سێ پارێزگا کە پرۆژەی دەستور ڕەت بکەنەوە، تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە لە ( دەستوری هەمیشەیی ) دا بچەسپێندرێتەوە؟ بارزانی لەم بارەیەوە وتی (( بێگومان ئەو پەرەگرافە زۆر گرنگە، چونکە گەرەنتی ئەوە دەدات کە هیچ یاسایەك یان دەستورێك بەسەر گەلی کوردستاندا نەسەپێنرێ، کە لەگەڵ مافەکانی نەگونجێ. نابێ ( دەستوری هەمیشەیی) ش کەمتر لەوەی لە ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ) دا هەیە، تێیدا بێ )) ( سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٣ ).

کورد توانی ئەم بڕگەیە لە ( دەستوری هەمیشەیی) دا بچەسپێنێتەوە. بەڵام ئەم بڕگەیە کاریگەری دوو لایەنی هەبوو، چۆن لە لایەك دەکەوتە خزمەت بەرژەوەندیەکانی کوردەوە، لە لایەکی تریشەوە دژ بە بەرژەوەندیەکانی دەشکایەوە. چونکە بۆی هەبوو کاتێ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستوردا بچەسپێنرا بوان، سێ پارێزگای عەرەبیش لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە ئەم دەستورەیان ڕەت کردبایەوە.

---

(١) مەبەستی بارزانی لە ئەوان، تورکەکان بوو.

لە وەڵامی پرسیارێکی تردا لە بارەی دیاری کردنی هێڵە سورەکانی کورد، بارزانی وتی (( لە راستیدا هێلی سور دەست بەرنەدانە لە دیموکراتی، دەست بەرنەدانە لە فیدراڵی، ئەمانە هێڵی سورن. خەتی هەرە سور بۆ کورد، هەوڵەکانی چەسپاندنی واقعی تەعریبە لە کەرکوك )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٠ ).

سەرکردایەتی کورد بۆ حکومەتی ناوەندی، دیموکراسی بە هێڵی سور دادەنا، بەڵام خۆی ئامادە نەبوو لە هەرێمی کوردستاندا رێز لە بنەماکانی دیموکراسی بگرێ. جومگە هەستیارەکانی دەستەڵات لە کوردستاندا لە لایەن دوو حیزبە سەرەکیەکەوە[1] قۆرخ کراون، سەرکردایەتی کورد لە بڕیارە ستراتیجیەکاندا هەرگیز ناگەرێتەوە بۆ خەڵك و لایەنە سیاسیەکان، تا ئێستا لە کوردستاندا نەتوانراوە سەروەری یاسا بەدی بهێنرێ، تا ئێستاش حکومەت هەر لەژێر سێبەری حیزبە سەرەکیەکان دایە، پەرلەمانی کوردستان بە تەواوی پەراوێز خراوە، هێزە ئەمنیەکان و پێشمەرگە تا ئێستاش نەیانتوانیوە لە فۆرمی میلیشیای حیزبی دەربچن و ببن بە هێزێکی نیشتیمانی، سەرچاوەکانی داهات شەفاف[2] نین و لەژێر کۆنترۆڵی حیزب دان.

بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی تریدا لەگەڵ کەناڵی عەرەبیە، لە بارەی هاوپەیمانیەتی کورد لەگەڵ لایەنەکانی تردا لە پاش هەڵبژاردن، وتی (( هاوپەیمانیەتی لە پاش هەڵبژاردن، لەسەر بنەمای بڕوا بوون بە عێراقی فیدراڵی یەکگرتوو دەبێ، ئەمە دەبێتە کۆڵەگەی هاوبەشی هاوپەیمانەتیە ئایندەییەکانمان و پاش هەڵبژاردن دەست بە هەنگاوەکانی دادێ دەکەین )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤١-٤٢ ).

لە راستیدا لەسەر ئەرزی واقع، ئەوەی دەبینرێ شتێکی ترە. چونکە بارزانی لەسەر بنەمای بڕوا بوون بە فیدراڵیەتی عێراق، هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی تردا ئەنجام نەدا، بەڵکو لەسەر بنەمای ململانێ و هاوکێشە هەرێمیەکان، چووە نێو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لایەنەکانی تردا. نمونە لە دوای (٢٠١١)، بەهۆی هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ نوری مالیکی

---

(١) مە بەست لە پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانیە. لە راستیدا ئێستا (٢٠٢٣) زۆربەی جومگەکانی دەستەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لە لای پارتین.

(٢) شفاف زاراوەیەکی عەرەبیە، بە کوردی بە واتای ( روون ) دێت. شفاف بوون لە بواری کارگێڕی و داراییدا، واتە کارەکان بە شێوەیەکی شاراوەیی ئەنجام نەدرێن و بۆ هەموو لایەك روون و ئاشکرا بن.

( سەرۆك وەزیرانی عێراق ) دا، بارزانی لە تورکیا نزیك بوەوە، وە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لیستی ( عێراقیە و سەدر ) دا کرد بە ئامانجی لابردنی ( نوری مالیکی ) لە دەستەڵات، کە نە تورکیا و نە ( لیستی عێراقیە و موقتەدا سەدر ) یش بڕوایان بە فیدڕاڵیەتی عێراق هەبوو.

دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە (٢٠٠٥/١/٣٠) دا بەڕێوە چوو، بەم بۆنەیەوە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لە (٢٠٠٥/٢/٣) دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا. دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، مام جەلال و مەسعود بارزانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان سازدا. مام جەلال لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی ( خەبات ) دا، لە بارەی چۆنیەتی بەکار هێنانی سەنگی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی فیدڕاڵدا وتی (( ئەو سەنگە بە شێوەیەك بەکار دەهێنرێ، کە یەکەم جار دەبێ مافەکانی گەلی کورد لە دەستوردا جێگر بکرێ و ئەو کەم و کوڕیانەی لە ( قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ) دا هەبوون پڕ بکرێنەوە. هەروەها بەشمان لە دەرامەتی سروشتی دیاری بکرێ، لە هەمان کاتدا سەنگی کورد بەکار دێت بۆ سەپاندنی پرینسیپی تەوافق ( مبدء التوافق ) لە بەینی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٩ تا ٥٦ ).

کورد نەیتوانی ئەو کەم و کورتیانەی لە ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ) دا هەبوون، لە دەستوردا چارەسەریان بکات. بۆ نمونە لەگەل حکومەتی ناوەندا تا ئێستا نەیتوانیوە، لەسەر یاسایەکی هاوبەش لە بارەی سامانە سروشتیەکان رێك بکەوێ. ناوەند پێی وایە دەبێ دەستەڵاتێکی زۆری هەبێ لە بواری وەبەرهێنانی سامانە سروشتیەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. هەرچی سەرکردایەتی کوردە داوا دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەڵاتێکی زۆری هەبێ لە بواری دەرهێنان و فرۆشتنی سامانە سروشتیەکاندا.

هەر لە کۆنگرە رۆژنامە نووسیەکەدا مەسعود بارزانی لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامە نووسێکدا، لە بارەی رۆڵی کەرکوك وەك یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی هاوپەیمانیەتی کورد لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی تری عێراقدا وتی (( کەرکوك بۆ کورد مەسەلەیەکی میحوەریە..... لەبەر ئەوە هەر هاوپەیمانەتیەك، یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی ئەوە دەبێ، کە ئایندەی کەرکوك چۆن دەبێ و بەو شێوەیە دەبێ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ))

( سەرچاوەی پێشوو،ل٤٩ تا ٥٦ ). بەڵام ئەوەی لە واقعدا هەستی پێدەکرێ، کورد[١] لە ئەنجامدانی هاوپەیمانیەتیدا، پرسی گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی نەکردۆتە مەرج و بنەمایەکی سەرەکی.

مەسعود بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکی تردا سەبارەت بە بودجەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا وتی (( بێگومان دەبێ بودجەی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێژەی گەلی کورد دابنرێ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٥٨ ). یەکێك لەو پرسە گرنگانەی کە سەرکردایەتی کورد هەمیشە بە توندی پێی لەسەر داگرتوە، پرسی بودجەی هەرێمی کوردستان بووە. بۆیە دوای فشارێکی زۆری سەرکردایەتی کورد، ڕێژەی (١٧٪) ی بوردجە بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کرا. کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر باش بوو، بەڵام بەهۆی بێ پلانی و گەندەڵی داراییەوە، نەتوانرا ژێر خانێکی بەهێز بۆ ئابوری کوردستان بنیات بنرێ.

لە هەمان ڕۆژدا (٢٠٠٥/٢/٣)، مەسعود بارزانی چاوپێکەوتنێکی تری لەگەڵ ڕۆژنامەی ( القبس ) ی کوێتیدا سازدا. لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی کەرکوکەوە وتی (( لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا هاتووە، کە پێویستە دەستکاری سنوری هەر هەژدە پارێزگاکە نەکرێ. پێموایە بە پلەی یەکەم، مەبەست لەو دەقە کەرکوکە. بۆیە کورد وەك چارەسەرێکی تەساومی[٢]، داوای کرد بەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و چەسپاندنی سنوری ئیداری پارێزگاکان و سازدانی هەر سەرژمێریەکی دانیشتوان، بارودۆخی پارێزگاکان ڕاست بکرێتەوە )) ( سەچاوەی پێشوو،ل٧٨ـ٧٩ ).

ئەم مادە یاساییەی کە دەڵێ " پێویستە دەستکاری سنوری هەژدە پارێزگاکەی عێراق نەکرێ "، دژ یەکە لەگەڵ مادەی (٥٨) ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، کە باس لە ئاسایی کردنەوەی سنوری ئیداری ئەو پارێزگایانە دەکات کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گۆڕانکاریان بەسەردا هێنراوە، بە ئامانجی گۆڕینی دۆخی ( دیمۆگرافی و جوگرافی ) یان. کەواتە ئەو مادەیە فێڵێکی زیرەکانەی عەرەبەکان بووە لە کورد، بۆ ڕێگە گرتن لە چارەسەر بوونی کێشەی پارێزگای کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر.

---

(١) لێرەدا مەبەست لە کورد، یەکێتی و پارتیە پێکەوە یان بەجیا، لە کاتی بەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقدا.

(٢) تساوم زاراوەیەکی عەرەبیە، بە کوردی زیاتر بە واتای مامەڵە کردن دێ. تساومی بە واتای مامەڵەکارانە دێ.

لە وەڵامی پرسیارێکی تری ڕۆژنامەکەدا، مەسعود بارزانی لە بارەی هەبوونی جیاوازی لە نێوان شەقامی کوردی و سەرکردایەتیەکەیەوە بۆ خواستی سەربەخۆیی وتی (( هیچ ڕۆژێك نەمگوتوە، ئێمە سەربەخۆیی کوردستانمان ناوێ، من لە هەموو ژیانم ئەم وشانەم نەوتوە. هەموو کوردێك سەربەخۆیی کوردستانی دەوێ، بەڵام بە تەواوەتی دەرك بەو ماوەیە دەکەین کە لە نێوان ئەوەی دێتەدی و ئەوەش کە مافە و هەیە..... پرسی دەوڵەتی کوردی مافێکی ڕەوایە بۆ گەلی کورد، بەڵام لە کارنامەی ئێستاماندا نیە، چونکە ئێستا ئێمە لە بەردەم ئەرکێکی ترین )) ( الحركة التحررية الكوردية...،ص٨٣ـ٨٤ ).

عێراق لە ڕووی سیستەمی سیاسیەوە، وڵاتێکی نادیموکراسیە. بۆیە ئەستەمە بتوانرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا چارەسەر بکرێ. کەواتە باشترین چارەسەر بۆ پرسی کورد پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسینە، جێبەجێ کردنی ئەم مافەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم ( راپرسی گشتی ) وە دێتەدی. کەواتە ریفراندۆم ڕێگەیەکی زۆر گونجاوە بۆ دیاری کردنی باشترین چارەسەر بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا. بەڵام پێویستە بەر لە ریفراندۆم، لەسەر ئاستی ناوخۆدا ئامادەکاری باش بکرێ. وە لەسەر ئاستی دەرەوەش، دەبێ هەوڵ بدرێ پشتیوانیەکی زۆری بۆ دەستەبەر بکرێ.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ( سەدام حوسێن )، لە لایەن هەندێ کەسی وڵات پارێز و ڕۆشنبیرەوە لە ناوەراستی مانگی ( تەموز ) ی ٢٠٠٣ دا، بزوتنەوەی ریفراندۆم لە باشوری کوردستاندا ڕاگەیەنرا ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٧٢ ). دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیە دەستپێك و هەنگاوێکی زۆر باش بوو، بەڵام لەبەرئەوەی پاڵپشتیەکی جەماوەری بەهێز و ویستی سیاسی سەرکردایەتی کوردی لە پشتەوە نەبوو، نەیتوانی ئامانجە سیاسیەکانی بەدی بێنێ.

لە کاتی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە (٢٠٠٥/١/٣٠) دا، بزوتنەوەی ریفراندۆمیش بە شێوەیەکی نارەسمی ڕاپرسیەکی جەماوەری ئەنجامدا. لە ڕاپرسیەکەدا (٩٨٪) ی بەشداربوان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٩ ). ئەم کارە هەنگاوێکی زۆر باش بوو، چونکە بۆ بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەلماند کە کورد خوازیاری سەربەخۆیی و جیا بوونەوەیە لە عێراق. بەڵام دەنگدانی خەڵك بە ( سەربەخۆیی ) تەنیا بەس نەبوو بۆ سەرکەوتنی ئامانجی ڕاپرسیەکە، بەڵکو پێویست بوو

هەم خەڵك خۆی بە خاوەنی بزوتنەوەكە بزانێ و بە سووربوونێكی زۆرەوە پشتگیری بكات، هەمیش سەركردایەتی سیاسی كاری پێویستی بۆ بكات.

لەبەرئەوەی راپرسیەكە بە شێوەیەكی رەسمی بەڕێوە نەچوو، سەركردایەتی كوردیش گرنگی پرۆسەكەی پشتگوێ خست. بۆیە راپرسیەكە تاڕادەیەكی زۆر شكستی هێنا لە بەدی هێنانی خواستەكانیدا. رۆژنامەنووس ( محەمەد رەئوف ) لە لێكۆڵینەوەیەكی شیكاریدا باسی لەوە كردوە ؛ لە (٢٠٠٥) دا سەركردایەتی كورد دەرنجامی راپرسیەكەی بردە بەغدا و رایگەیاند كە میللەتی كورد ( سەربەخۆیی ) دەوێ، بەڵام ئەوان نایانەوێ. لە بەرامبەردا ئەمریكا ملیارێك و شەست ملیۆنی دا بە یەكێتی وپارتی، (٩٠٠) ملیۆنی بۆ پارتی و (٧٠٠) یش بۆ یەكێتی ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٧،ل١٣ ).

سەركردایەتی كورد زۆرجار دروشمی ( سەربەخۆیی و گەڕانەوە بۆ رای خەڵك ) ی وەك كارتێكی فشار بەكار هێناوە بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی سیاسی. لە دوای پرۆسەی ئازادیش، سەركردایەتی كورد ئەوەندەی پێداگری لەسەر ( داهات و پۆست ) كرد لە بەغدا، ئەوەندە شەڕی لەسەر پرسە ستراتیجیەكانی كورد نەكرد. بەو پێیەی كە ( پۆل بریمەر ) یش لە یاداشتەكانیدا باسی لەوە كردوە، كە كورد تەنیا داوای ( پارە و پۆست) ی كردوە. بۆیە دوور نیە ئەم قسەیەی محەمەد رەئوف، بەشێكی زۆری لە راستی تێدا بێت.

دوای تەواو بوونی پرۆسەی ریفراندۆم، كۆمیتەی باڵای بزوتنەوەكە بۆ روون كردنەوەی ئامانجی راپرسیەكە، هەستا بە ئەنجامدانی چەند سەردانێكی دبلۆماسی. یەكێك لە سەردانەكان بۆ ( ئەنجومەنی حوكمی عێراق ) بوو، هەڵكەوت عەبدوڵلا[1] لە وتارەكەیدا لە بەردەم ( ئەنجومەنی حوكم ) دا وتی (( هەڵمەتی ئیمزا كۆكردنەوە لە كوردستاندا لە پێناو سەربەخۆیی نەبوو، بەڵكو لە پێناو ئەوەبوو، دەرفەت بۆ گەلی كوردستان بكرێتەوە كە ئارەزوو مەندانە رێگەی خۆی هەڵبژێرێ. دوا بڕیاری گەلی كوردستانیش بەندە بەوەی، كە تا چەند عێراقی ئایندە مافەكانی بەپێی بنەماكانی دەستور بۆ جێبەجێ دەكات. چونكە گەلەكەمان لەو دەسكەوتانەی تا ئێستا بەدی هێناون نایەتە خوارەوە، وە یەكێتی ئارەزوو مەندانەی نەتەوەكانیش لە عێراقدا مەرجی پێشەكیە بۆ سەقامگیری تەبایی و دیموكراسی لە عێراقدا )) ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٧٤ـ٧٥ ).

(١) ناوبراو ئەندامی كۆمیتەی باڵای ریفراندۆمی كوردستان بوو.

گومانی تێدا نیە کە ئامانجی ڕاپرسیەکە هەنگاونان بوو بەرەو پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام کاتێ بزوتنەوەکە هەستی بەوە کرد کە پشتیوانیەکی سیاسی بەهێزی لە کوردستاندا لە پشتەوە نیە، بۆیە لە دیدارە ڕەسمیەکاندا خۆی بەدوور گرت لە درکاندنی ئامانجە ڕاستەقینەکانی.

پێویست بوو سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەنجامی ڕاپرسیەکە وەك کارتێکی فشاری بەهێز بەکار بهێنێ بەرامبەر بە بەغدا لە لایەك و، ئەمریکا و ڕۆژئاواش لە لایەکی ترەوە. لەو ڕێگەیەوە پەیامێکی ڕوونیان ئاراستە بکات، کە خەڵکی کوردستان سەربەخۆیی سیاسیان دەوێ و ئەگەر داخوازیەکانی ئێستای کورد جێبەجێ نەکەن، ئەوا ناچار دەبین پشتیوانی لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە بکەین.

لە ڕاپرسیەکەدا زیاتر لە ملیۆنێك و حەوسەد هەزار واژۆ کۆکرایەوە، کە دەنگیان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دابوو ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣١ ). ئەم ژمارە ڕێژەیەکی ئێجگار گەورەیە، دەکرا وەك دۆکۆمێنتێکی[١] سیاسی و یاسایی بەهێز بەکار بهێنرێ بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا.

یەکێك لە کێشە گەورەکانی بزافی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بریتیە لە نەبوونی مەرجەعێکی یاسایی و ڕەسمی بۆ بڕیار دان و یەکلا کردنەوەی پرسە چارەنووس سازەکان. تا نەخۆش کەوتنی مام جەلال، هەمیشە کەسی یەکەمی یەکێتی و پارتی ( مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ) لە بری هەموو خەڵکی کوردستان بڕیاریان لەسەر پرسە ستراتیجیەکانی وڵات دەدا. کەچی دوای نەخۆش کەوتن و نەمانی مام جەلال، مەسعود بارزانی وەك تاکە مەرجەعی سیاسی هەرێمی کوردستان مایەوە، بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە هەستیارەکان. کەچی دوای توندبوونی ناکۆکیەکانی نێوان ( یەکێتی و پارتی )، لە هەرێمی کوردستاندا هیچ مەرجەعێکی سیاسی نەماوە کە هەموو لایەك لەسەری ڕەزامەند بن. لە ڕاستیدا پێویستە بە پلەی یەکەم، پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی باڵای هەرێمی کوردستان بێت.

---

(١) دۆکۆمێنت وشەیەکی ئینگلیزیە، بەرامبەری لە عەرەبیدا ( وثیقة ) بەکار دێت، لە کوردیشدا ( بەڵگە ) بەکار دێت. هەندێ جار لە بری ( دۆکۆمێنتاری )، لە زمانی عەرەبی و کوردیدا وشەکانی ( وثایقي ـــ بەڵگەیی ) بەکار دێن .

ئینجا لایەنە سیاسیەکان، کە پێویستە لە پرسە چارەنووس سازەکاندا پرس و راوێژیان پێ بکرێ.

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی مەرجەعی سیاسی لە کوردستاندا، پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٥/٧/٥) دا بڕیاریدا، کە پەرلەمان تەنها مەرجەعی سیاسی و دەستوری بێت بۆ بڕیار دان لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی کوردستان و دیاری کردنی پەیوەندیە دەستوریەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا ( مافەکانی گەلی کورد...،ل١٨٣ ). بەڵام پەرلەمان لە لایەن سەرکردایەتی ( یەکێتی و پارتی ) وە نەك هەر وەك مەرجەعێکی سیاسی پەسەند نەکرا، بەڵکو رێز و شکۆشی پێشێل کرا، کاتێ لە (٢٠١٥) دا لە لایەن دەستەڵاتدارانی پارتی دیموکراتەوە، رێگە لە سەرۆکی پەرلەمان گیرا کە بگەڕێتەوە نێو بینای پەرلەمان و پیادەی دەستەڵاتەکانی خۆی بکات، بەمەش پەرلەمان بە تەواوی پەراوێز خرا.

دەستوری کاتی لە عێراقدا جێگەی ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ) ی گرتەوە، لە هەردووکیاندا لە رێگەی مادەکانی (١٣٦،٥٨) وە رێگەچارە دانراوە بۆ یەکلا کردنەوەی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان. بەم شێوەیە ؛ گەڕاندنەوەی هاوردەکان و هێنانەوەی ئاوارە و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار و ئاسایی کردنەوەی گۆڕانکاریە ئیداریەکان[١]، ئینجا ئەنجامدانی سەرژمێری و راپرسی، بە یاسا چارەسەریان بۆ دیاری کرابوو ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٢١١ ).

ئەم دوو مادەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، زیاتر لەژێر فشاری کوردا دانراون. بەڵام تا ئێستاش نەتوانراوە پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە رێگەی یاساوە چارەسەر بکرێن، بە تایبەتی پرسی ئاسایی کردنەوەی سنوری ئیداری پارێزگاکان و ئەنجامدانی سەرژمێری و راپرسی.

ئەگەرچی کورد لە بەغدا چەندین پۆستی گرنگی بە دەستەوە بوو، وە فراکسیۆنێکی[٢] بەهێزی لەنێو پەرلەمانی عێراقدا هەبوو، کەچی نەتوانرا سودێکی زۆریان لێ ببینرێ بۆ

---

(١) گۆڕانکاری لە سنوری ئیداری پارێزگاکان، تەنیا پارێزگا کوردیەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەندێ پارێزگای عەرەبیشی گرتۆتەوە.

(٢) فراکسیۆنەکە بە ناوی فراکسیۆنی ( هاوپەیمانی کوردستان ) بوو.

چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان. بە تایبەتی پۆستی سەرۆك کۆمار، کە دەیتوانی رۆڵێکی کاریگەر ببینێ لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەدا، بەڵام نەیتوانی بەم ئەرکە گرنگە هەڵبستێ. کەواتە ئەم پێگە سیاسیە گرنگەی کە کورد لە بەغدا هەیبوو، هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ چارەسەر بوونی پرسە ستراتیجیەکانی کورد لە عێراقدا.

لە دوای رووخانی رژێمەکەی ( سەدام حوسێن )، بەرە بەرە حیزبە کوردیەکان گۆڕانکاریان بەسەر دروشمە نەتەوەییەکاندا هێنا، بەشێکی زۆر لە حیزبەکان پەنایان بردە بەر دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ). بۆ نمونە لە پرۆگرام و پەیرەوەی ناوخۆی کۆنگرەی پێنجەمی ( حیزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان )[١] دا هاتووە (( یەکێك لە ئامانجەکانی بریتیە لە : هێنانەدی مافی چارەنووس و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی گەلی کوردستان و پاراستنی مافەکانی )) ( پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی...،ل٩ ).

بەرز کردنەوەی دروشمی ( مافی چارەی خۆنووسین ) لە لایەن حیزبە کوردیەکانی باشورەوە، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردیدا. بەڵام گرنگ بەرز کردنەوەی جۆری دروشمەکە نیە، بەڵکو کارکردنە بۆ رەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو، بە مەبەستی بەدی هێنانی ئامانجەکە ( مافی چارەی خۆنووسین ). لە راستیدا ئەوەی لە واقعدا تێبینی دەکرێ، هیچ حیزبێکی کوردی بەدی ناکرێ کە لە رووی کرداریەوە هەنگاو بنێ بەرەو دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد، ئەوەی کە هەیە تەنیا دروشم و پروپاگەندەی سیاسیە.

لە (٢٠٠٥/١٠/١٥) دا راپرسی گشتی ئەنجام درا لەسەر پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەمیشەیی عێراق. بەشێکی زۆر لە داخوازیە سیاسیەکانی سەرکرایەتی کورد لە پرۆژەکەدا جێگر کرابوون. بۆیە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەنگیان بە پرۆژە دەستوریەکە دا. یەکێك لەو داخوازیانەی کورد کە لە دەستوردا پەسەند کرابوو، سیستەمی فیدراڵی بوو لە عێراقدا. لە دیباجەی رەشنووسی دەستوری عێراقدا هاتبوو : سیستەمی سیاسی لە عێراقی داهاتوودا، ئیتحیادی دەبێ. هەرچەندە بەکار هێنانی زاراوەی ( فیدراڵی ) بۆ تەنانەت یەك جاریش بێ بەکار نەهێنرا بوو، بەڵکو وشەی عەرەبی ( اتحادي ) بەکار هێنرا بوو ( عێراقی دوای سەدام و...،ل١٩٧ ). لایەنە عەرەبیەکان زۆر هەستیارن بەرامبەر بەکار

---

(١) ئەم کۆنگرەیە لە سلێمانی ساز درا لە رێکەوتی (٨ــ٢٠٠٥/٨/٩) .

هێنانی زاراوەی فیدراڵی، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەم دوو هۆکارەیە ١) هەستێکی ئەوتۆیان بەرامبەر بە وشەی ( فیدراڵی ) هەیە، پێیان وایە کە زیاتر واتای دابەش بوونی وڵات دەگەێنێ ٢) بەلای ئەوانەوە فیدراڵیەت داخوازیەکی سیاسی کوردە، کە بە فشاری ئەمریکا سەپێنراوە بەسەریاندا.

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ئەمریکا وەك هەر چۆن لە کاتی هاتنە پێشەوەی هەر کێشەیەکی گەورە لە عێراقدا، پەنای بردۆتە بەر دروست کردنی فشارێکی زۆر لەسەر سەرکردایەتی کورد، بە مەبەستی چارەسەرکردن و دەرباز بوون لە کێشەکە. لە پرۆسەی نووسینەوەی ( دەستوری هەمیشەیی ) یشدا، بە هەمان شێوە ئەمریکا فشارێکی زۆری لەسەر کورد دروست کرد بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەکە. سەرکردایەتی کوردیش بۆ رازی کردنی ئەمریکا، لە هەموو لایەك زیاتر نەرمی نواند. لەم بارەیەوە ( دکتۆر مەحمود عوسمان ) باس لەوە دەکات ؛ کە کورد لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی دەستوری عێراقیدا نەرمی نواندوە، چونکە نەیویستوە کارەکە تێك بچێ. هەروەها فەلەکەدین کاکەیش[١] ئەوە پشت راست دەکاتەوە و دەڵێ (( وەفدی کوردی لە هەموو وەفدەکانی دیکە نەرمتر بوو لە بەغدا، بۆ ئەوەی پرسەکە سەر بگرێ )) ( سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٨ ). راستە سەرکەوتنی پرۆسەکە تاڕادەیەك قازانجی کوردیشی تێدا بوو، بەڵام هەڵە گەورەکە لەوە دابوو، کە تەنیا کورد ئامادەیی تێدا بوو سازش لە داخوازیەکانی بکات لە پێناو سەرخستنی پرۆسەکەدا.

هەمیشە یەکێك لە داخوزیەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوە بووە، کە لە رووی یاساییەوە دان بنرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و فیدراڵیەتی هەرێمەکەش پەسەند بکرێ. لایەنی عەرەبیش لەسەر داوا و فشاری ئەمریکا ئەم داخوازیەی کوردیان پەسەند کرد. لە مادەی (٥٣) ی دەستوری کاتی (٢٠٠٤) دا، دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نرا وەك دەستەڵاتی سیاسی گەلی کوردستان ( مافەکانی گەلی کورد....،ل١٥١ ). لە مادەی (١١٧) ، برگەی (١) لە دەستوری هەمیشەیی (٢٠٠٥) یشدا هاتووە : ئەم دەستورە لە کاتی کار پێکردنیەوە، دان دەنێ بە هەرێمی کوردستان و دەستەڵاتە دیاری کراوەکانی وەك هەرێمێکی عێراقی فیدراڵ ( سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٧ ).

---

(١) ناوبراو ئەندامی گفتوگۆکاری کورد بوو لە نووسینەوەی پرۆژەی دەستوردا.

له بارەی چارەسەرکردنی پرسی ( ناوچە کێشە لەسەرەکان ) یش، مادەی (١٤٠) ی دەستوری هەمیشەیی عێراق تەرخان کراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، کە دووبارە کردنەوەی مادەکانی (٥٨) ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و (١٣٦) ی دەستوری کاتی عێراقیە. تەنیا ئەوەی بۆ زیاد کراوە، لە کاتێکدا نەتوانرا کێشەکە چارەسەر بکرێ، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی[1] بۆی هەیە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی لێوەشاوە دیاری بکات بۆ ناوبژیوانی کردن لە چارەسەرکردنی پرسەکەدا. هەندێ لایەنی عێراقی ( گروپی نێودەوڵەتی پشتیوانی عێراق ) یان دیاری کردبوو کە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام سەرۆکی هەرێم[2] ڕەتی کردەوە کە کێشەی کەرکوک بخرێتە ئەستۆی گروپێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و جەختیشی لەوە کردەوە کە ؛ دەستور میکانیزم و ماوەی جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) ی دیاری کردوە ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٣٠٢ ).

ئەزموونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکاندا، دەری دەخات کە ڕێکخراوی ناوبراو بە شێوەیەکی زۆر سست و بیرۆکراتیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کێشانەدا دەکات. جگە لەمەش ئەگەر چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك بخرایەتە ژێر دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەنگە بە شێوەیەك چارەسەری بکردایە کە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی کورد شکا بایەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین سەرۆکی هەرێم کارێکی باشی کردوە کە ڕێگەی نەدا چارەسەری ئەم کێشەیە بکەوێتە دەست نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام کێشە گەورەکە لەوە دایە، ماوەی دیاری کراو بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) لە (٢٠٠٧/١٢/٣١) کۆتایی هات، نەشتوانرا پرسی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان چارەسەر بکرێ. ئێستا مادەی (١٤٠)، تەنیا وەك مادەیەکی دەستوری بێ گیان ماوەتەوە. کورد تا

---

(١) ئەو کات لە عێراقدا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار هەبوو، کە لە سەرۆك کۆمار ( کورد ) و دوو جێگر ( شیعە و سوننە ) پێك هاتبوو. مەبەست لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، سەرۆك کۆمار و دوو جێگرەکەیەتی وە دووریش نیە هەندێ جار مەبەست لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان بووبێ.

(٢) بە ڕێك کەوتنی یەکێتی و پارتی، مام جەلال دەست نیشان کرا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی کۆماری عێراق، وە مەسعود بارزانیش دیاری کرا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەم ڕێکەوتنە لە ساڵی (٢٠٠٥) دا چووە بواری جێبەجێ کردنەوە.

(٢٠١٤)[1] دەیگوت کاریگەری یاسایی هەر ماوە، بەشێکی زۆریش لە لایەنە عەرەبیەکان دەیانگوت مادەکە کۆتایی هاتووە.

ئەگەرچی ( دەستوری هەمیشەیی عێراق ) بۆ کورد بێ کەم و کورتی نیە، بەڵام هەندێ دەسکەوتی زۆر گرنگیشی تێدایە. کە ئەگەر حکومەتی ناوەندی پابەند بێ پێیەوە، ئەوا پرسی کورد لە عێراقدا زۆر دەچێتە پێشەوە. بۆ گەرەنتی کردنی ئەوەی کە ناوەند پێشێلی بەندەکانی دەستور نەکات، لایەنی کوردی ئەم مەرجەی لە دەستوردا سەپاند ؛ ئەگەر حکومەتی ناوەندی رێزی بەندەکانی دەستور نەگرێ، کورد مافی ئەوەی دەبێ ئەم دەستورە رەت بکاتەوە ( کەناڵی knn، لە ٢٠١٠/١٢/١٤ ). ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە ئەو کات کورد مافی ئەوەی دەبێ بە شێوەیەکی ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. راستیەکەی ئەمە لە رووی یاسایی و سیاسیەوە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ کورد، بەڵام تا ئێستا کورد نەیتوانیوە سود لەم دەسکەوتە وەربگرێ.

## ــــ ئامانجە سیاسیەکانی کورد لە (٢٠٠٦) وە تا دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق :

دوای تێپەڕینی چەند مانگێك بەسەر پەسەند کردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق، چەندین کێشە و ناکۆکی سەبارەت بە دەستورەکە هاتنە ئاراوە. سوننە هەر زوو رایگەیاند ؛ کەوا پرسی پێ نەکراوە لە نووسینەوەی دەستوردا. لە یەکەم هەڵبژاردنی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، سوننە بەشداریەکی زۆر سنوردرای کرد لە پرۆسەی سیاسیدا. بۆیە لە ( ئەنجومەنی نووسینەوەی رەشنووسی دەستور ) دا، سوننە ئامادەیەکی زۆری نەبوو.

---

(١) دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە (٢٠١٤ــ٢٠١٥) دا زۆربەی ناوچە کوردیەکانی ژێر دەستی داعشی رزگار کرد، سەرۆکی هەرێم رایگەیاند : مادەی (١٤٠) جێبەجێ بووە و ئێستا ناوچە کێشە لەسەرەکان بوونەتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. بۆیە کورد تا ئەنجامدانی ریفراندۆم لە (٢٠١٧) دا، ئەوەندە باسی لەم مادە دەستوریە نەدەکرد. کەچی لایەنە عەرەبیەکان پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەبێ پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان بە پێی مادەی (١٤٠) ی دەستور چارەسەر بکرێ.

ئەمەش وای کرد کە زیاتر خواستە سیاسیەکانی ( کورد و شیعە ) لە دەستوردا رەنگ بدەنەوە و ( سوننە ) ش بکەوێتە پەراوێزەوە.

هەندێ مادەی دەستوری کێشەی زۆریان لەسەر دروست بوو، بۆیە داوا دەکرا گۆڕانکاری لە دەستوردا بکرێ، بە تایبەتی لە لایەن ( سوننە ) وە. یەکێك لەو مادانەی کە داوا دەکرا گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێ، مادەی (١٤٠) بوو. کورد مەترسی ئەوەی هەبوو مادەکە بە جۆرێ دەستکاری بکرێ، کە لە ئاست خواستی ئەودا نەبێ. شیعەش کە توانی بەشێکی زۆر لە خواستەکانی لە دەستوردا بچەسپێنێ، دەترسا بەهۆی دەستکاری کردنی دەستورەوە، زۆرێك لەو دەسکەوتانەی لە دەست بچن. بۆیە ( کورد و شیعە ) زۆر پشتگیریان لە دەستکاری کردنی دەستور نەدەکرد. لەبەرئەوەی دەستکاری کردنی دەستور، ببووە خواستێکی سەرەکی ( سوننە ) کانی عێراق. ئەمریکاش بۆ هێور کردنەوەی فشارەکانی سوننە، پشتگیری لە پرۆسەی پێداچوونەوەی دەستور دەکرد. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پرۆژە هاوبەشەکەی ( بێکەر ــ هاملتن ) لە لایەن ئەمریکاوە پێشنیاز کرا، کە داوای کردبوو پێداچوونەوەی دەستور ئەنجام بدرێ بە بەشداری پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام کاتێ رێکخراوی ناوبراو هێنرایە ناو بابەتەکەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشنیازەکەی رەتکردەوە ( عێراقی دوای سەدام و...،ل٣٠٤ ). بارزانی هەمیشە هەستیاریەکی زۆری بەرامبەر بەو دۆسیانە هەیە کە دەخرێنە ئەستۆی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پێی وایە کە رێکخراوی ناوبراو بەهۆی سستی و بیرۆکراتیەتەوە، ناتوانێ سەرکەوتوو بێ لە یەکلا کردنەوەی دۆسیە هەستیارەکاندا. دەتوانین بڵێین لەمەشدا تەواو لەسەر حەقە.

کاتێ پرسی هەموار کردنەوەی دەستور لە ( ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ) دا خرایە روو، لیستی ( هاوپەیمانی کوردستان ) دژی دەستکاری کردنی مادەی (١٤٠) هەڵوێستی وەرگرت ( گۆڤاری هەفتانە،ژمارە١،ل٣٠-٣١ ). جگە لەمەش لیستی ( هاوپەیمانی کوردستان ) داوای کرد، ئەو مادە دەستوریەی باس لە بەرهەم هێنانی سامانە سروشتیەکان دەکات وەك خۆی بمێنێتەوە. چونکە لەو بڕوایە دابوو، ئەو مادەیە ئازادی سات و سەودای گەورە بە هەرێمی کوردستان دەدات. وە لەسەر بنەمای ئەو مادەیە، دەستەڵاتی سیاسی لە

هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا مۆر کرد ( سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧ ).

لە رێکەوتی (٢٠٠٨/١٠/١٧) دا رێکەوتننامەیەکی ئەمنی لە نێوان عێراق و ئەمریکادا واژۆ کرا، لە بڕگەیەکی رێکەوتننامەکەدا هاتووە (( توانا بەخشین بە عێراق بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو مەترسیانەی بۆ سەر سەروەری و یەك پارچەیی خاکەکەی دروست دەبێ )). ئەم دەربڕینە تاڕادەیەکی زۆر بەرپەچدانەوەی خواستی نەتەوەی کورد دەگەیێنێ بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین ( گۆڤاری کۆچ،ژمارە١٣،ل٨ ). پێویست بوو لە کاتی خۆیدا سەرکردایەتی کورد هەڵوێستێکی زۆر توند دژی ئەم بڕگەیەی رێکەوتننامەکە وەربگرێ، بەڵام بە شێوەیەکی خەم ساردانە ئەم بابەتەی پشتگوێ خست.

بەهۆی گەورەیی کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە لە لایەك، وە فشاری سەرکردایەتی سیاسی کورد لە لایەکی ترەوە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار[1] و پەرلەمانی عێراق بڕیاریاندا کە ؛ ئەوەی بەسەر کوردا هات جینۆساید بوو بە هەموو پێوانەیەك ( رۆڵی عەلمانیەت...،ل٣٢٦ ). لە رووی یاسایی و سیاسیەوە، ئەمە بۆ کورد دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورە بوو. چونکە دەوڵەتی عێراق کە خۆی ئەنجامدەری تاوانەکەیە، دان بەوەدا دەنێ کە ئەوەی بەرامبەر بە کورد کراوە جینۆسایدە. دەبوایە سەرکردایەتی کورد بە شێوەیەکی زۆر باش کاری لەسەر ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە کردبایە، وە بەو هۆیەوە پشتیوانیەکی نێودەوڵەتی بەهێزی بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد دەستەبەر کردبایە، بەڵام ئەم بابەتەشی وەك زۆربەی پرسە گرنگەکانی تر پشتگوێ خست.

---

(١) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار ، بە بڕیاری ژمارە (٢٦) لە بەرواری (٢٠٠٨/٩/١٠) دا ئەم بڕیارەی دەرکرد.

## ـــ دۆخــی هەرێمی کــوردستان بەر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا :

لە رێکەوتی (٢٠١٠/٣/٧) دا، دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە دوای پرۆسەی ئازادی ئەنجام درا. لیستی ( العراقية )[1] کە نوێنەرایەتی سوننەکانی دەکرد، لە هەموو لیستەکانی تر دەنگی زیاتری بەدەست هێنا. هاتنە پێشەوەی ( سوننە ) بەم شێوە چاوەڕوان نەکراوە، زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ دەسکەوتە سیاسیەکانی کورد و شیعە.

بەو ئومێدەی کورد لە حکومەتی نوێی عێراقدا رۆڵێکی باش ببینێ و نەکەوێتە پەراوێزەوە، شاندی فراکسیۆنە کوردیەکان لە بەغدا وەرەقەیەکی (٢٠) خاڵیان[2] ئامادە کرد، کە داخوازیە سیاسیەکانی کوردی لەخۆ گرتبوو، وە کرابوو بە مەرجی رێك کەوتن لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمانی عێراق بۆ پێك هێنانی حکومەت. گرنگترین خاڵەکانی نێو وەرەقەکەش بریتی بوون لەمانە : جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) ی دەستور، پرسی پێشمەرگە[3]، گرێبەستە نەوتیەکان ( کەناڵی Knn ). دوای ئەنجامدانی چەندین دانیشتن و دیدار، فراکسیۆنە کوردیەکان لەگەڵ لیستەکانی شیعە رێك کەوتن بۆ پێك هێنانی حکومەت.

هەرچەندە هیچ یەکێك لە داخوازیەکانی کورد جێبەجێ نەکران، بەڵام کورد لەنێو حکومەتدا هەر مایەوە. پێویست بوو بەپێی ئەو مەرجانەی کە کورد خستبوویە بەردەم لیستە براوەکانی شیعە، سەرکردایەتی کورد بڕیاری کشانەوەی بدایە لە حکومەتی ناوەندیدا، لەو رێگەیەشەوە دەیتوانی فشارێکی زۆر بخاتە سەر فراکسیۆنە شیعەکان و ناچاریان بکات کە گوێ لە داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد بگرن.

(١) لیستی عێراقیە پێك هاتبوو لە هاوپەیمانیەتی ژمارەیەك رێکخراو و رەوتێکی سیاسی سوننە، کە نوێنەرایەتی زۆرینەی سوننەکانی عێراقیان دەکرد. ئەیاد عەلاوی کە شیعەیەکی عەلمانی بوو، سەرۆکایەتی لیستەکەی دەکرد.

(٢) دواتر وەرەقە (٢٠) خاڵیەکە، کرا بە لیستێکی (١٩) خاڵی و خرایە بەردەم لیستە براوەکانی هەڵبژاردن.

(٣) گەورەترین کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند لە بارەی پێشمەرگەوە، لەسەر ژمارە و بودجەی هێزەکە بوو.

پارتی دیموکرات لە ڕێکەوتی (١١ــ٢٠١٠/١٢/١٧) دا، کۆنگرەی سێزدەهەمی لە هەولێر ئەنجامدا. مەسعود بارزانی لە وتاری کۆنگرەکەدا باسی لەوە کرد ؛ پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە، پێکەوە ژیانی لەگەڵ عێراقدا لە شێوەی فیدڕاڵی پەسەند کردوە و لە دەستوری عێراقیشدا ئەم مافە چەسپێنراوە. بەڵام هەر کاتێ بەندەکانی دەستور پێشێل بکرێن، ئێمە مافی خۆمانە، بڕیار لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان بدەین ( کۆنگرەی سێزدەهەمی پارتی...،٢٠١٠ ).

هەرچەندە تاکوو ئێستا بەندەکانی دەستوری عێراقی وەك خۆیان جێبەجێ نەکراون، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە پرسی کوردەوە هەیە، وەك چەسپاندنی سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراقدا، مادەی (١٤٠) ی دەستور، کەچی تا ئێستا سەرکردایەتی کورد پەنای نەبردۆتە بەر بەکار هێنانی مافی چارەی خۆ نووسین!

هەر لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا، پارتی ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی کرد بە دروشمی ڕەسمی خۆی. ئەمەش بە گۆڕانێکی گەورە دادەنرێ لە بەرنامەی سیاسی پارتەکەدا، بەڵام گرنگ بەرز کردنەوەی دروشمی گەورە و سەرنج ڕاکێش نیە، بەڵکو گرنگ کارکردن و سوور بوونە لەسەر تێکۆشان بۆ هێنانەدی دروشمەکە. کە لە ڕاستیدا تاکوو ئێستا حیزبە کوردیەکانی باشور، هەنگاوی پێویستیان نەناوە بە ئاراستەی سازکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پیادەکردنی بڕیار دان لە مافی دیاری کردنی چارەنووس.

باراك ئۆباما لە گەڕی دووەمی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، بەڵێنیدا سوپای وڵاتەکەی لە عێراق بکشێنێتەوە، بە کردەوەش دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکەی. بەهۆی دۆستایەتی نێوان کورد و ئەمریکاوە، نەیارانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا وەك ناحەزێکی سیاسی سەیری کوردیان دەکرد، بەو هۆیەوە کورد ڕووبەڕووی دژایەتیەکی زۆر ببوەوە. سەرکردایەتی کورد هەمیشە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، کە بە پشتیوانی ئەمریکا بتوانێ کێشە هەستیارەکانی[1] لە عێراقدا چارەسەر بکات. بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، کورد تاڕادەیەکی زۆر بەبێ پشتیوان دەمایەوە. بە تایبەتی کە سەرکردایەتی

(١) کێشە هەستیارەکانی کورد لە عێراقدا ئەمانەن ( چەسپاندنی فیدڕاڵیەت لە تەواوی عێراقدا، پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، گرێبەستیە نەوتیەکان، پرسی پێشمەرگە، پرسی بودجە و مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم.... هتد ).

کورد لە ماوەی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا (٢٠٠٣-٢٠١٢)، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیە هەرێمیەکانی پشتگوێ خستبوو. بۆیە کورد زۆر خۆشحاڵ نەبوو بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.

هەروەها پێکهاتەی ( سوننە ) ش خۆشحاڵ نەبوو بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بەڵام نەیدەتوانی ئەم ڕاستیە دەربڕێ، چونکە پێشووتر ئەمریکای وەك هێزێکی داگیرکەر ناساند بوو. نەمانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، واتە باڵادەست بوونی ( شیعە و ئێران ) ی دەگەیاند لە وڵاتدا. بۆیە ئەگەر بۆ کورد و سوننە، ڕۆیشتنی هێزەکانی ئەمریکا نیگەرانی لێ کەوتبێتەوە، ئەوا بۆ ( شیعە ) مایەی خۆشحاڵیەکی زۆر بوو.

وەك ئەوەی کە ئۆباما بەڵێنی دابوو، لە مانگی (١٢) ی ٢٠١١ دا بە رەسمی دوا سەربازی ئەمریکی وڵاتی عێراقی بە جێهێشت. پێویست بوو بەر لە بردنە دەرەوەی هێزەکانی لە عێراقدا، ئەمریکا کێشە هەڵواسراوەکانی عێراقی چارەسەر کردبایە. بە تایبەتی کە بەشێکی زۆری ئەو کێشە هەستیارانەی کە لە عێراقدا هەبوون، بەهۆی هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتەکە دروست ببوون. بۆیە ئەرکێکی سیاسی و ئەخلاقی لە ئەستۆی ئەمریکادا بوو، کە عێراق بە کۆمەڵێ قەیرانی قوڵەوە جێ نەهێڵێ. بۆیە بەشێکی زۆری بەرپرسیاریەتی ئەو مەینەتیانەی کە دووچاری عێراق بووە لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە، دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.

# بەشی سێیەم :
# چارەنووسی هەرێمی کــوردستان لــە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا

## ـ ئامانجە سیاسیەکانی کورد بەر لە هاتنی داعش بــۆ عێراق :

لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، نوری مالیکی ( سەرۆك وەزیرانی عێراق ) بەرە بەرە هەوڵی دەدا هەژموونی خۆی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێ. ناوبراو لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و پارتی دیموکراتدا لە ململانێیەکی زۆر توندا بوو، هەوڵی دەدا پێگەی سوننە لە عێراقدا بە تەواوی لاواز بکات، وە لە بەرامبەر نەیارەکانیشی لەنێو ( شیعە ) دا رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر دەبوو. لە لایەکی تریشەوە سەرۆکی هەرێم زیاتر لە بەغدا دوور دەکەوتەوە، وە دژایەتی خۆشی بەرامبەر بە نوری مالکی بە ئاشکرا رادەگەیاند. تا دەهات بارزانی زیاتر لە تورکیا نزیك دەبوەوە، بە جۆرێ لە بری بەغدا، بارزانی بە تەواوی رووی لە ئەنقەرە کرد. لەوەتەی ئەو پەیوەندیە ئابوری و سیاسیە بەهێزەی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دروست بووە، بەرپرسە باڵاکانی پارتی زوو زوو سەردانی تورکیا دەکەن. ئەمەش لە رووی سیاسیەوە، هەنگاوێکی زۆر هەڵەیە. چونکە تورکیا دوژمنێکی ستراتیجی کوردە، وە هەرگیز نابێ بە پشتیوانێکی راستەقینە بۆ هەرێمی کوردستان.

مەسعود بارزانی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، زۆر دژی دەست تێوەردانی تورکیا بوو لە پرسی کەرکوکدا. بەڵام دوای بەهێز بوونی پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و تورکیا، بارزانی لە ئاست هاتنە ناوەوەی تورکیا لە پرسی کەرکوکدا نەرمی نواند. بەپێی بەڵگەنامەکانی ویکلیکس، سەرۆکی هەرێم لە دیتنی شاندێکی تورکیدا باسی لەوە کردوە ؛ کە دەکرێ پرسی کەرکوك بە شێوەی رێك کەوتن چارەسەر بکرێ و کورد زۆر پێ لەسەر مافەکانی لەم شارەدا دانەگرێ.

لە راستیشدا ئەستەمە کورد لە کەرکوکدا بتوانێ گشت داخوازیەکانی بسەپێنێ. بۆ گەیشتن بە باشترین چارەسەر، هەر دەبێ پەنا ببرێتە بەر رێکەوتنی سیاسی لە نێوان

( کورد و عەرەب و تورکمان ) دا. بەڵام پێویستە کورد لەگەڵ بەغدادا تاوتوێی ئەم پرسە گرنگە بکات، نەك لەگەڵ وڵاتە هەرێمیەکاندا.

لە نێوان ( مەسعود بارزانی و نوری مالیکی ) دا چەندین کێشەی گەورە بوونیان هەبوو، هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە هەرە گرنگەکانیان بدەین ؛

یەکەم : ململانێیەکی ( هەرێمی ـ مەزهەبی ) لە ناوچەکەدا بوونی هەیە، لە کاتێکدا حکومەتەکەی مالیکی نوێنەرایەتی جەمسەری ( شیعە ـ ئێران ) ی دەکرد، پارتی چوو بووە بەرەی ( سوننە ـ تورکیا ـ ئەمریکا ) [١] .

دووەم : کێشەیەکی گەورە لە نێوان حکومەتەکەی مالیکی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو لەسەر پرسی گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی هەرێم بە تایبەتی و دۆسیەی نەوتی هەرێم بە گشتی. حکومەتی ناوەندی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی بە نایاسایی لە قەڵەم دەدا، وە پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە پێویستە پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم لەژێر سەرپەرشتی بەغدادا بێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو حیزبە دەستەڵاتدارەکەی هەرێم ( پارتی و یەکێتی )، قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوت لە کەرتی نەوتدا، بە تایبەتی لە شیرنی گرێبەستە نەوتیەکان و فرۆشتنی نەوت بە تانکەر، بۆیە ئامادە نەبوون سازش بۆ حکومەتەکەی مالیکی بکەن. ئەمەش پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدای دووچاری تەنگەژەیەکی زۆر گەورە کرد. ئەم سیاسەتەی نەوتی هەرێم لە لایەن نیشتیمان پەروەران و زۆرینەی خەڵکی کوردستان، رەخنەی زۆری لێ گیراوە. چونکە ئەوەندی خزمەت بە بازرگانەکانی بواری نەوت دەکات، ئەوەندە خزمەت بە ژێرخانی ئابوری کوردستان ناکات. لەم بارەیەوە ئەکرەمی میهرداد [٢] باس لەوە دەکات ؛ دەبێ هەرێمی کوردستان، سیاسەت و توانای نەوتی تەنها وەك بەشێك لە

(١) بەهۆی ئاڵۆز بوونی پەیوەندیەکانی نێوان ( تورکیا و ئەمریکا ) لە لایەك، نزیك بوونەوەی تورکیا لە رووسیا لە لایەکی ترەوە، وە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ( ئێران و سعودیە )، خەرێکە ریزبەندی وڵاتەکان لەم جەمسەر بەندیەدا گۆڕانی بەسەردا دێ.

(٢) نووسەر و رووناکبیرێکی باشوری کوردستانە.

سیاسەت و پێداویستیەکانی دەستەڵات نەباتە پێشەوە، بەڵکو دەبێ وەك بەشێك لە ستراتیجیەتی نەتەوەیی بەکاری بێنێ ( گۆڤاری کۆچ، ژمارە١٧، ل٢٦٦ ).

سێیەم : پرسی پێشمەرگە، ببووە مایەی ناکۆکیەکی گەورە لە نێوان ( هەرێم و حکومەتەکەی مالیکی ) دا، کە تا ئێستاش نەتوانراوە ڕێکەوتنێك لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکرێ لە نێوان هەولێر و بەغدادا.

چوارەم : پرسی مادەی (١٤٠) ی دەستور، حکومەتەکەی مالیکی هەنگاوی پێویستی نەنا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مادە دەستوریە. بۆیە ئەو ماوە یاساییەی کە دانرابوو بۆ جێبەجێ کردنی مادەکە تەواو بوو، بەبێ ئەوەی بتوانرێ هەنگاوێکی گەورە بنرێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان.

سەرۆکی هەرێم چەندین جار پەنای بردۆتە بەر لێدوانی هەڕەشە ئامێز بەرامبەر بە نوری مالیکی. بۆ نمونە جارێکیان تاوانباری کرد بەوەی عێراق بەرەو دکتاتۆریەت دەبات، وە جەختی کردەوە کە ( مافی چارەی خۆنووسین ) تاکە بژاردە ( خیار ) ی کوردە، لە کاتێکدا کە بەغدا هاوکاری نەکات لەگەڵ هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ( البغدادية، ٢٠١٢، نیت ). چەندین جاری تریش سەرۆکی هەرێم پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە هەڕەشانە، بەڵام نە داواکاریەکانی هاتوونەتە دی، نە ئەویش توانیویەتی هەڕەشەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

بە بۆنەی نەورۆزی (٢٠١٢)، سەرۆکی هەرێم پەیامێکی ئاراستەی گەلی کورد کرد، لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند : کە ئێمە دەوڵەتی کوردی بە مافی ڕەوای خۆمان دەزانین، بەڵام ئێستا کاتی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە نیە. بارزانی لە چەندین بۆنەی تریشدا، لێدوانی لەم شێوەیەی داوە، بەڵام لەبەرئەوەی لێدوانی ئەم جارەیەی هاوکات بوو لەگەڵ ململانێ توندەکەی نێوان خۆی و نوری مالیکی، بۆیە بووە هۆی دروست بوونی کاردانەوەیەکی زۆر لە لایەن دەستەڵاتدارانی بەغداوە.

نەوشیروان مستەفاش[1] هەر لە نەورۆزی (٢٠١٢) دا پەیامێکی راگەیاند، کە تێیدا ئاماژەی بەوە کرد ؛ ئێمە دەوڵەتی کوردیمان پێ باشە، بەڵام دەوڵەتی کوردی تەلارێکە، دەبێ پایەکانی لەسەر ئەرز بنیات بنرێ. بۆ ئەمە مەرجە، سوپای نیشتیمانی، ئابوری نیشتیمانی، دادی نیشتیمانی، یەکسانی لە دابەشکردنی داهاتدا هەبێ، ئەم وڵاتە بۆ هەموان بێت. بێگومان دروست کردنی دەوڵەتی کوردی، پێویستی بە ئامادەکاری و زەمینەسازی هەیە لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا. کە نە لە ئاستی ناوخۆدا زەمینەسازی پێویست کراوە بۆ ئەم ئامانجە، وە نە لە ئاستی دبلۆماسی و دەرەکیشدا هەنگاوی پێویست نراوە.

فازیل میرانی[2] لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ( البغدادیة ) دا ، سەبارەت بە پشتیوانی کردن لە بۆچوونەکەی سەرۆکی هەرێم لە بارەی دەوڵەتی کوردیەوە وتی (( دەوڵەت وەك ئامانج و گونجانی بارودۆخ شتێکی دیکەیە، هیچ کوردێك نیە خەون بە دەوڵەتی کوردیەوە نەبینێ. بۆچی عەرەب (٢٣) دەوڵەتی هەیە؟ سەرکردایەتی سیاسی هەرێم بەرپرسە لە هەڵسەنگاندنی قۆناغەکە و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، کە بەبێ ئەوە دەوڵەتی کوردی ناتوانێ خۆی رابگەێنێ )) ( رۆژنامەی هەولێر،ژمارە١٣٩٧،ل٣ ).

تەنیا هەڵسەنگاندنی قۆناغ و بارودۆخ بەس نیە بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی، بەڵکو ئەوە ئەرکی سەرکردایەتی کوردە کە خۆی ئەو بارودۆخ و زەمینەیە دروست بکات، کە پێویستە بۆ راگەیاندنی دەوڵەت. بەڵام تاکوو ئێستا سەرکردایەتی کورد، هەنگاوی پێویستی لەم بارەیەوە نەناوە.

بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سوریا و سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا، حیزبە کوردیەکانی سوریاش کەوتنە نێو ململانێکانەوە. بەشێکی زۆری کوردەکانی سوریا لەژێر کاریگەری رێبازی پەکەکە دان، بەشێکی تریشیان[3] لەژێر کاریگەی سیاسەتی پارتی دیموکرات دان. بەهۆی بەهێزی پێگەی پەکەکە لەنێو کوردەکانی خۆرئاوادا، پەیەدە کە باڵێکی سەر بە ( پەکەکە ) یە توانیویەتی لە رووی سیاسی و سەربازیەوە باڵادەستی خۆی

(١) ناوبراو لە (٢٠٠٩) وە کەسی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان بووە. بۆیە ئەم پەیامەی وەك رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان راگەیاند. ناوبراو لە رێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٩) کۆچی دوایی کرد.

(٢) ناوبراو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

(٣) زۆربەی حیزبە کلاسیکیە کوردیەکانی سوریا، لەژێر کاریگەری هەژموونی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) دان.

بەسەر ناوچە کوردیەکانی خۆرئاوادا بسەپێنێ. تورکیا و پارتیش دژی باڵادەست بوونی ( پەیەدە ) ن لە کوردستانی خۆرئاوادا. هاو هەڵوێست بوونی پارتی لەگەڵ تورکیا بەرامبەر بە پەیەدە، لە رووی نەتەوەییەوە بە هەڵوێستێکی نەرێنی دادەنرێ. پارتی بۆ دژایەتی کردنی پەیەدە، هەندێ جار پاساوی ئەوە دێنێتەوە کە پەیەدە سەر بە ( پەکەکە ) یە، کە ئەمەش هەمان پاساوی تورکیایە! پارتی بەردەوام هەوڵ دەدات، پێگەی ئەو حیزبە کوردیانەی کە لەخۆی نزیکن لە خۆرئاوادا بەهێز بکات، بەڵام ئەوان ناتوانن رکابەری پەیەدە بکەن. بۆ بەهێزکردنی توانای سەربازی ئەو حیزبانە، پارتی مەشقی بە هەزاران کوردی سوریا کردوە و هێزی تایبەتی بۆ دروست کردون، بەو ئومێدەی لە دەرفەتێکدا بگەڕێنەوە کوردستانی سوریا و لەوێدا ببنە خاوەن پێگەیەکی سەربازی بەهێز. فازیل میرانی لە چاوپێکەوتنەکەی کەناڵی ئاسمانی ( البغدادية ) دا ، لەم بارەیەوە وتی (( مەشق بە کوردی سوریا دەکەین، ئەگەر بۆشایی ئەمنی دروست بوو، دوای کشانەوەی حکومەتی سوریا لەو ناوچەیە[1] ، ئەمەش بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن )) ( سەرچاوەی پێشوو،هەمان ژمارە،ل٣ ).

هەرگیز بە کشانەوەی تەواوەتی حکومەتی سوریا لە ناوچە کوردیەکاندا، بۆشایی ئەمنی دروست نابێ، چونکە یەپەگە دەتوانێ ئاسایشی ئەو ناوچانە بە تەواوی بپارێزێ. جگە لەمەش هەرگیز لە بەرژەوەندی کوردستانی سوریادا نیە، کە پارتی دەست بخاتە نێو کاروباریەوە. چونکە دەست تێوەردان لە کاروباریان، تەنیا سەر ئەکێشێ بۆ توندوتیژی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە خۆرئاوای کوردستاندا. هەر وەك چۆن پارتی بۆی هەیە رەخنە لە دەست تێوەردانەکانی پەکەکە بگرێ لە کاروباری باشوردا، بە هەمان شێوەش پەکەکە مافی خۆیەتی دژی دەست تێوەردانەکانی پارتی لە کوردستانی خۆرئاوادا هەڵوێستی توند وەربگرێ.

(١) لە هەندێ ناوچەی کوردستانی خۆرئاوادا، هێزەکانی یەپەگە و حکومەتی سوریا پێکەوە بوونیان هەیە، بەڵام لەم دوایەدا چەندین کێشە و رووبەڕوو بوونەوە لە نێوانیاندا دروست بووە. هەمیشە لە لایەن نەیارەکانیەوە رەخنەی ئەوە لە یەپەگە دەگیرێ، کە تا ئێستا دۆستی رژێمەکەی بەشار ئەسەدە.

نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (Knn)[١] لە (٢٠١٢/٨/١٣) دا، سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان وتی (( پێویستە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، ئەولەویەت بداتە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەروەها پێویستە لەو ناوچانەی دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم دەیانگاتێ، نمونەیەکی باشی فەرمانڕەوایی پێشکەش بکرێ، تاکوو پێکهاتەکانی تر بێنە سەر ئەو بڕوایەی، کە بەرژەوەندی ئەوان لەوە دایە بێنە سەر هەرێمی کوردستان )).

لە راستیدا ئەوەی لە سیاسەتی سەرکردایەتی کورد تێبینی دەکرێ بەرامبەر بە بەغدا، ئەوەیە کە ئەولەویەت نادرێ بە پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەڵکو ئەولەویەت لە لایەن سەرکردایەتی هەرێم دۆسیەی نەوت و داهاتە. هەروەها سەرکردایەتی کورد نەیتوانی لەو ناوچانەدا نمونەیەکی دروست و جوانی حوکمڕانی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە پێشکەش بکات، تاکوو بتوانێ لە هەنگاوەکانی داهاتوودا، پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بەوە رازی بکات کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان ( گۆڤاری کۆچ،ژمارە١٧،ل٣٠٢ ).

لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا نەوشیروان مستەفا وتی (( پێویستە کورد نەچێتە نێو ئەو ململانێ مەزهەبیەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا هەیە، وە پێویستە کورد نەبێ بە بەشێك لە ستراتیجیەتی ئێران یان تورکیا یان عێراق. چونکە هەر کاتێ کورد خۆی بەستبێتەوە بە ستراتیجیەتی یەکێك لەو دەوڵەتە هەرێمیانە، دەرنجام بە شکست خواردوویی هاتۆتە دەر )).

کورد لەبەرئەوەی دەوڵەت و سەروەری سیاسی نیە، نابێ بچێتە نێو هاوکێشەی ململانێی ناوچەیی. ئەگەر خۆشی لەو ململانێیە تێوە بگلێنێ، ئەوا بە ناچاری دەبێتە پاشکۆی یەکێك لە جەمسەرە هەرێمیەکان. لە هەمووی خراپتر کورد لەنێو خۆیدا دابەش بووە بەسەر هەردوو جەمسەرەکەدا[٢]. دابەش بوونی کورد بەم شێوەیە، بووەتە هۆی توند

---

(١) Knn کەناڵێکی ئاسمانی کوردیە و زمان حاڵی بزوتنەوەی گۆڕانە، کورتکراوەی ( Kurdistan net news ).

(٢) پارتی دیموکرات و یەکگرتوویی ئیسلامی لە جەمسەری ( سوننە ــ تورکیا ) نزیکن، هەرچی یەکێتی نیشتیمانی و کۆمەڵی ئیسلامیە لە جەمسەری ( ئێران ــ شیعە ) نزیکن. راستە هەڵوێستی ئەم حیزبانە لە جەمسەر بەندیەکە هەمووی وەك یەك نیە، بەڵام دابەش بوونەکە تاڕادەیەکی زۆر بەم شێوەیە.

بوونی ململانێ نێو خۆییەکانی کوردستان. بەم جۆرە تێوەگلانی کورد لەم ململانێ ناوچەییەدا، جگە لە زیان هیچ سودێکی بۆی نیە.

ئاشتی نێوان پەکەکە و تورکیا، هەمیشە لە بەرژەوەندی باشوری کوردستان دایە. چونکە ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیادا چارەسەر ببێ، ئەوا هەڵوێستی دوژمنکارانەی تورکیا بەرامبەر بە کورد گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا دێت. جگە لەمەش پێگەی جیۆپۆلیتیکی تورکیا بۆ کوردستانی باشور، گرنگیەکی زۆری هەیە. بۆیە لە بوونی پەیوەندیەکی باش لە نێوان تورکیا و کوردا، هەرێمی کوردستان زۆر سوودمەند دەبێ. لەم گۆشە نیگایەوە ( پارتی و یەکێتی ) هەمیشە هەوڵیان داوە، رێکەوتنی ئاشتی لە نێوان تورکیا و ( پەکەکە ) دا بێتەدی. بە تایبەتی ئەگەر کێشەی پەکەکە لە تورکیادا چارەسەر ببێ، ئەوا کوردستانی باشوریش تاڕادەیەکی زۆر رزگاری دەبێ لە دەست گێچەڵیەکانی پەکەکە. لەم بارەیەوە محەمەد ئەمین پێنجوینی[1] باس لەوە دەکات ؛ کە مەسعود بارزانی و مام جەلال و نێچیرڤان بارزانی هەوڵی زۆریان داوە، تاکوو باوەڕ بە بەرپرسانی تورکیا بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ( پەکەکە ) دا بکەن ( کۆ بەرهەم،ل٦٣ ).

ئەمریکا لە یەکێ لە پۆلێن کاریەکانیدا، یەکێتی و پارتی کە هێزی میلیشیایان[2] هەیە، وەك دوو هێزی نایاسایی هەژماری کردن. واتە ( یەکێتی و پارتی ) خستنە لیستی ئەو هێزانەی کە ( نایاسایی ) ن. لە دوای ئەم رووداوە، ئەمرکیا لە (٢٠١٤) دا بە فەرمی داوەتی بارزانی کرد کە سەردانی واشنتۆن بکات، بەڵام بارزانی بانگهێشتەکەی رەتکردەوە، وە داوای کرد کە ئەو دوو حیزبە لە لیستەکە دەربهێنرێن ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٠٢،ل٣٣ ). لە راستیدا پێویست بوو لەسەر بارزانی وەك سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە، هەوڵ بدات کۆتایی بە هێزی چەکداری حیزبی بهێنێ و پێشمەرگە بکات بە هێزێکی نیشتیمانی. بە تایبەتی کە بە نیشتیمانی کردنی هێزی پێشمەرگە، مەرجی سەرەکیە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ.

---

(١) سیاسەتمەدارێکی کوردستانی باشورە، لە رووی هەڵوێستی سیاسیەوە لە ( پەکەکە ) نزیکە.

(٢) میلیشیا بەو هێزانە دەگوترێ کە نانیشتیمانین، وە سەر بە رێکخراو یان گروپێکی دیاری کراون. بەو پێیەی کە هێزەکانی پێشمەرگەی ( یەکێتی و پارتی ) نوێنەرایەتی حیزبەکانیان دەکەن نەك هەرێمی کوردستان، بۆیە ناکرێ وەك هێزێکی نیشتیمانی لە قەڵەم بدرێن. راستە لە هەندێ بۆنەدا بەرگری لە خاکی هەرێم دەکەن، بەڵام زۆر جاریش وەك هێزێکی حیزبی رەفتار لەگەڵ نەیاری حیزبەکانیان دەکەن.

ڕێکەوتنێك لە نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەندا هەبوو، کە هەرێم ڕۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل رادەستی بەغدا بکات، لە بەرامبەریشدا بەغدا بودجەی هەرێم بنێرێ. دوای ئەوەی هەرێم پابەند نەبوو بە ڕێکەوتنەکەوە، بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی. دەستەڵاتدارانی هەرێم دروشمی ئابوری سەربەخۆیان راگەیاند، وە هەوڵیاندا ئەو باوەڕە لای خەڵك و لایەنە سیاسیەکان دروست بکەن، کە فرۆشتنی سەربەخۆی نەوت لە قازانجی هەرێم دایە ( www.xendan.org ). کەچی بە پێچەوانەوە، بەهۆی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتەوە، هەرێمی کوردستان نەك هەر قازانجی نەکرد، بەڵکو دووچاری قەیرانێکی گەورەی ئابوریش بوو. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی و بە تاڵان فرۆشتنی نەوتەوە لە لایەن بەرپرسانی هەرێمەوە.

دوای تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و بەغدا، بارزانی زیاتر کەوتە باسکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان، وە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا خواستی سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند و داوای لە ئەندامانی پەرلەمان کرد کە پشتگیری داخوازیەکەی بکەن ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٠٢،ل٤٦ ).

راگەیاندنی خواستی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی. بەڵام راگەیاندنی خواستی سەربەخۆیی تەنیا هەنگاوێکە، وە پێویستە بە سووربوونێکی زۆرەوە کار بکرێ بۆ هەنگاوەکانی تریش. کەچی سەرۆکایەتی هەرێم جگە لە نیشاندانی خواستی سەربەخۆیی، هیچ زەمینە سازییەکی ئەوتۆی نەکرد بۆ بنیات نانی قەوارەیەکی سەربەخۆ.

پرۆژەی دروست کردنی دەوڵەت، پێویستی بە هێنانە دی چەندین مەرجی گرنگ هەیە، وەك ئەمانەی خوارەوە :

- بوونی هێزێکی نیشتیمانی : کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هێزی نیشتیمانی بوونی نیە، ئەوەی هەیە هێزی پێشمەرگەی ( یەکێتی و پارتی ) یە.
- دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی : تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ئەم جۆرە دەزگایە بوونی نیە ، ئەوەی هەیە دەزگای ئاسایشی ( یەکێتی و پارتی ) یە.
- دەزگای هەواڵگری نیشتیمانی : بە کردەوە هیچ جۆرە دەزگایەکی لەم شێوەیەش لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نیە، ئەوەی هەیە ( دەزگای پاراستنی پارتی ) و

( دەزگای زانیاری یەکێتی) یە.

ـ ژێرخانێکی ئابوری بەهێز و سەربەخۆ : لە هەرێمی کوردستاندا نە ژێرخانێکی ئابوری بەهێز هەیە، نە ئابوریەکی سەربەخۆش. لەبەرئەوەی حیزب دەستی بەسەر کەرتی ئابوریدا گرتووە، بۆیە ناتوانرێ ژێرخانێکی ئابوری پتەو لە کوردستاندا بنیات بنرێ. هەروەها نەتوانرا پەیڕەو لە سیاسەتێکی ئابوری سەربەخۆش بکرێ، بەڵکو ئابوری کوردستان تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی ئابوری تورکیا بوو.

ـ سەروەری یاسا : تا ئێستا لە کوردستاندا نەتوانراوە سەروەری یاسا بەدی بهێنرێ، دەستەڵاتداران و بەرپرسانی حیزبی[1] لە سەرووی یاساوەن، پەرلەمان ناتوانێ بە ئەرکە یاساییەکانی خۆی هەڵبستێ، دەزگای دادوەری سەربەخۆ نیە و لەژێر کاریگەری حیزب دایە.

ـ حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز : لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا بە ناو حکومەتێکی یەکگرتوو هەیە، چونکە تا ئێستا پاشماوەی دوو ئیدارەیی لە کوردستاندا بوونی ماوە. هەروەها حکومەتێکی بەهێز بوونی نیە، چونکە هەژموونی دەستەڵاتی حیزبی زاڵە بەسەر حکومەت و وڵاتدا .

ـ متمانەی نێوان خەڵك و دەستەڵات : متمانەی خەڵك بەرامبەر بە دەستەڵاتی سیاسی زۆر لاوازە، بەهۆی بوونی گەندەڵیەکی زۆر لە بواری کارگێڕی و داراییدا. وە بوونی نادادپەروەری بەرامبەر بە هاوڵاتیان، بەهۆی جیاوازی ئینتیمای سیاسیانەوە[2] .

ـ یەکبوونی گوتاری سیاسی : بەهۆی جیاوازی و ململانێی حیزبیەوە، تاکوو ئێستا نەتوانراوە لە هەرێمی کوردستاندا گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو بەرهەم بهێنرێ. بۆیە بەرامبەر بە پرسە ستراتیجیەکانی وڵات، هەمیشە زیاتر لە یەك گوتاری سیاسی بوونی هەیە.

(١) زیاتر مەبەست لە بەرپرسە باڵاکانی ( یەکێتی و پارتی ) یە، کە دادگاکان ناتوانن ڕێکاری یاساییان بەرامبەر بگرنە بەر.

(٢) ئینتیما ( انتماء ) وشەیەکی عەرەبیە ، ئینتیمای سیاسی تاك ، واتا سەر بە حیزبێك یان ڕەوتێکی سیاسی بێت.

له كاتێكدا له هەرێمی كوردستاندا هیچ یەكێك لەم مەرجانە بوونی نیە، پێویست بوو لەسەر بانگەشەكەرانی سەربەخۆیی كوردستان، بە هەموو توانایەكیانەوە هەوڵ تەقەلا بدەن بۆ جێبەجێ كردنی ئەم ئەركە نیشتیمانیانە. نەك بەهۆی بڕیارێكی هەڵەوە، كوردستان بخەنە بەردەم مەترسیەكی گەورەوە.

## ــ خواستە نەتەوەییەكانی كورد لە دوای هاتنی ( داعش ) بۆ عێراق :

داعش كە هێزێكی ئیسلامی توندڕەو بوو، لە لایەن هەندێ وڵاتی ناوچەكەوە پشتیوانی كرا لە دژی رژێمەكەی بەشار ئەسەد. هەندێ زانیاری هەیە باس لەوە دەكات، كە ئەمریكاش لە سەرەتادا پشتیوانی داعشی كردوە دژی رژێمەكەی سوریا. دوای ئەوەی داعش نزیكەی نیوەی خاكی سوریای داگیركرد و بووە بەهێزترین گروپی سیاسی لە سوریادا، بە پیلانێكی نێودەوڵەتی لە مانگی (٦) ی ٢٠١٤ دا رووی لە عێراق كرد. لە (٢٠١٤/٦/١٠) دا لە پێشهاتێكی چاوەڕوان نەكراودا، داعش رووی لە شاری موسڵ كرد و بە ئاسانی خستیە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. ئەمەش لە كاتێكدا سەركەوتنێكی گەورە بوو بۆ رێكخراوی داعش، لە هەمان كاتیشدا شكستێكی ئابڕووبەر بوو بۆ حكومەت و سوپای عێراقی. چونكە رێكخراوێكی نەناسراوی وەك داعش، توانی لە ماوەی چەند رۆژێكدا دووەم گەورەترین شاری عێراق داگیر بكات.

دوای ئەوەی داعش توانی دەست بەسەر زۆربەی ناوچە سونیەكانی عێراقدا بگرێ، بووە دراوسێیەكی مەترسیدار بۆ هەرێمی كوردستان. لە سەرەتادا تێڕوانینی ( یەكێتی و پارتی ) بەرامبەر بە داعش جیاواز بوو[١]. یەكێتی لەگەڵ ئەوەدا بوو كە كورد رووبەڕووی داعش بێتەوە، بە پاساوی ئەوەی رێكخراوێكی تیرۆریستیە و مەترسیە بۆ سەر ئایندەی كوردستان. هەرچی پارتیە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو كە كورد شەڕی داعش بكات بەهی خۆی، چونكە پێی وابوو پرسی داعش پەیوەندی بە ململانێی ( سوننە و شیعە ) وە هەیە نەك

(١) زۆربەی جار هەڵوێستی ئەم دوو حیزبە ( كە دوو حیزبی سەرەكی و دەستەڵاتدارن لە هەرێمی كوردستاندا ) لە بارەی پرسە گرنگەكانی وڵات جیاواز بووە، ئەمەش وای كردوە كە سەركردایەتی كورد هەڵوێستێكی ڕاڕا و لاوازی هەبێ بەرامبەر بەم جۆرە پرسانە.

کورد. هەتاکوو هەندێ لایەن و کەسایەتی پارتیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە پەیوەندی بە پرسی هاتنی داعشەوە هەیە بۆ عێراق. چونکە داعش نوێنەرایەتی بەرەی سوننەی دەکرد دژ بە جەمسەری شیعە لە ناوچەکەدا، پارتیش ببوە بەشێك لە جەمسەری سوننە بە رێبەرایەتی تورکیا و سعودیە.

داعش لە سەرەتای هاتنی بۆ عێراق، رایگەیاند کە ئەو دژی کورد و پێشمەرگە نیە، تەنیا مەبەستی لێدان و لەناوبردنی ( شیعە) یە لە عێراقدا. لە رووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا لە سەرەتای مانگی (٨) ی ٢٠١٤ دا، داعش پەلاماری ناوچەی ( شەنگال ) یدا و جینۆسایدێکی گەورەی لە دژی ئێزیدیەکان ئەنجامدا[١] . وە دوای چەند رۆژێك شارۆچکەی ( مەخمور ) یشی داگیرکرد و لە ناوەندی شاری هەولێر نزیك بوەوە. ئێران و هێزەکانی پەکەکە بەشداریان لە پاراستنی شاری هەولێر کرد. هەرچەندە سەرۆکی هەرێم داوای هاوکاری لە تورکیا کرد، بەڵام تورکیا خۆی بێ دەنگ کرد. بۆیە دوای دوور خستنەوەی مەترسیەکانی سەر هەولێر، سەرۆکایەتی هەرێم سوپاسی ئێرانی کرد و بارزانیش سەردانی هێزەکانی ( پەکەکە ) ی کرد و لە نزیکەوە سوپاسی کردن، وە گلەیشی لە تورکیا کرد و رایگەیاند کە چاوەڕوانیەکانی لە تورکیا لەمە زیاتر بوو. کەچی هەر دوای ماوەیەکی کەم، پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و پەکەکە دووچاری تەنگەژە بوونەوە، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و پارتی چوونەوە دۆخی پێشوویان.

بەر لە پەلامار دانی کوردستان لە لایەن داعشەوە، سەرۆکی هەرێم باسی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکرد ( نرکەی کوردستان...،ل٣٠٢ ). بۆیە هەندێ لە چاودێرانی سیاسی، پەلامار دانی داعشیان بۆ سەر کوردستان، وابەستە کرد بە باسکردنی سەربەخۆیی لە لایەن

(١) بە درێژایی مێژوو، ئێزیدیەکان چەندین جار رووبەڕووی کۆمەڵ کوژی بوونەتەوە لە لایەن موسڵمانانەوە، بە پاساوی ئاینی و کافر بوونیانەوە. بەڵام ئەم کۆمەڵ کوژیەی ئەم جارە لە کات و سەردەمێکی جیاوازدا بوو، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و سەردەمی جیهانگیریەوە. رای گشتی جیهانی بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیەی کە دژ بە ئێزیدیەکان ئەنجام درا بە ناوی ئاینەوە، تووشی شۆکێکی گەورە بوو. بەهۆی ئەم کاردانەوە گەورەیەی کە لە تاوانەکە کەوتەوە، ئەمریکا و رۆژئاوا بە ناچاری هاتنە سەر خەت و بڕیاریاندا سنورێك بۆ کردەوەکانی داعش دابنێن. گەورەیی تاوانەکەی داعش بەرامبەر بە شەنگال، تەنیا کوشتنی هەزاران هاوڵاتی نەبوو، بەڵکو رفاندنی هەزاران کچ و ژنی ئێزیدیش بوو، کە بەناوی کۆیلە ( سەبایە ) و دەسکەوتی جەنگ ( ئەنفال ) کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا.

بارزانیەوە. لە راستیدا ناتوانین راستی ئەم بۆچوونە بە تەواوی پشت راست بکەینەوە، بەڵام پرۆژەی هاتنی داعش بۆ عێراق و پەلامار دانی کوردستان، رەنگە زۆر لەم بابەتە فرەوانتر بوو بێت.

رۆژنامەنووس ( محەمەد رەئوف ) لە راپۆرتێکی شیکاریدا باس لەوە دەکات ؛ لەوەتەی مەسعود بارزانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی وەرگرتووە لە (٢٠٠٥) وە، هەمیشە لە کاتی قەیرانەکاندا باس لە دروست کردنی دەوڵەتی کوردی دەکات ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٧، ل١٢ ). راستە بارزانی لە کاتی قەیرانەکاندا پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی زەقتر دەکاتەوە، بەڵام پێدەچێ بەرژەوەندی ناوبراو تاڕادەیەکی زۆر لەوەدا بێ، کە هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی ئەودا ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ئەمریکا وڵاتێکی زۆر گرنگە لە هاوکێشە سیاسیەکانی جیهاندا، بۆیە بۆچوونی ئەو سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان گرنگیەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پشتیوانی کردنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعشدا. کەچی سەرکردایەتی کورد نەیتوانی پشتیوانی ئەمریکا بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بێنێ. لەم بارەیەوە ( رەفعەت عبدوڵلا )[1] باس لەوە دەکات ؛ کە ئەمریکا لەگەڵ جیابوونەوەی کورد نیە لە عێراقدا. وە ئەگەر هەڵوێستێکی ئەرێنیشی هەبوو بێ سەبارەت بە بانگەشەی کورد بۆ سەربەخۆیی، ئەوا بە سەرکردایەتی کوردی وتوە، برۆن لەگەڵ ( بەغدا ) دا رێك بکەون، ئەگەر ئەو رازی بوو، ئەوا وڵاتانی تر زۆر زەحمەت نابن ( گۆڤاری لڤین،ژمارە٣٢٥،ل١٢ ).

ئەگەر بارزانی بەراستی مەبەستی بوو دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێ، پێویست بوو مامەڵەیەکی ئەرێنی لەگەڵ ( بەغدا) دا بکات، نەك دژایەتی. چونکە بۆ کورد وا باشترە دژایەتی بەغدا بۆ پرسی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان کەمتر بکاتەوە، نەك زیاتری بکات. بە تایبەتیش کە لە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، بەغدا دەبێتە دراوسێکی گرنگ بۆ دەوڵەتە کوردیەکە. رەفعەت عەبدوڵلا هەر لەم بارەیەوە دەڵێ (( دەبێ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، یەکەم هەنگاو دەبێ لە بەغدا داوای مافی خۆمان بکەین. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتیشمان بوێ، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەغدا. برادەرانی

---

(١) ناوبراو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو.

بەغدا پێیان وتین ئەگەر ئێوە بیر لە جیابوونەوە دەکەنەوە، دوو دراوسێی باش بین باشترە. چونکە ئەگەر ئێمە رازی نەبین، ئەوا ئەو ( دەوڵەتە ) هەرگیز ئارام نابێ ))
( سەرچاوەی پێشوو،ل١٢ ).

هەبوونی ژێرخانێکی ئابوری بەهێز، زۆر پێویستە بۆ دروست کردنی دەوڵەت. کەچی لە کاتێکدا کە بارزانی بانگەشەی دەوڵەتی کوردی دەکرد، هەرێمی کوردستان بەدەست ئابوریەکی لاوازەوە دەیناڵاند. زۆربەی پرۆژەکانی وەبەر هێنان وەستا بوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر تووشی ئیفلیجی ببوو. بە ناوی سیستەمی پاشەکەوتەوە، مووچەی کارمەندانی حکومەت بە رێژەیەکی زۆر کەم کرابوەوە و لە کاتی خۆشیدا دابەش نەدەکرا[١]. وە بەهۆی بایکۆتی مامۆستایان، چەندین مانگ دەرگای قوتابخانەکان داخران، بە تایبەتی لە زۆنی سەوز.

بەغدا ئاگاداری ئەو راستیە بوو کە دۆخی ئابوری و سیاسی هەرێمی کوردستان زۆر خراپە، بۆیە تاڕادەیەك ترسی لە بانگەشەی جیابوونەوەی کوردستان و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی نەبوو. بە تایبەتی کە بارزانی نزیکەی (١٠) ساڵ بوو باسی لە مافی چارەی خۆنووسین و راگەیاندنی سەربەخۆیی دەکرد، کەچی هەرگیز بە کردەوە پرۆسەی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە. بۆیە لە میانەی ململانێی ( هەولێر و بەغدا ) دا، چەندین جار بەرپرسانی بەغدا، هەولێریان بێ منەت کرد و وتیان ؛ ئەگەر کورد سەربەخۆیی دەوێ با رایبگەێنێ و کەس رێگر نیە لە بەردەمیان.

دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێویستی بە پرۆژەی نەتەوەیی هەیە. کەچی تا ئێستا سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردستاندا، خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەست پێکراو نیە. بۆ نمونە ئەوە (٣٢) ساڵە دەستەڵاتێکی کوردی لە باشوری کوردستاندا دروست بووە (١٩٩١ـ٢٠٢٣)، کەچی تا ئێستا کاری پێویست نەکراوە بۆ دروست کردنی زمانێکی کوردی ستاندار، تاکوو ببێتە زمانێکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا، کە زمان یەکێکە لە بنەماکانی نەتەوە و پایەکی سەرەکیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.

---

(١) ئێستا کە خەریکی پێداچوونەوەی ئەم بابەتەم، رێکەوتی (٢٠٢٣/٩/١٨) یە ، مووچە لە هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆیدا دابەش ناکرێ، وە لە (٢٠١٦) وە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران راگیراوە.

هەرچەندە لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە، کورد باڵادەستە لە پارێزگای کەکوك. بە تایبەتی دوای هاتنی داعش بۆ عێراق، دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەم پارێزگایەدا بە تەواوی سنوردار بوو. کەچی سەرکردایەتی کورد، نەیتوانی هەنگاوی پێویست بنێ بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان. بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی شارەکە لە لایەن دەستەڵاتدارانی هەرێمەوە، نەك هەر عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوك دژی لکاندنی شارەکە بوون بە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری کوردەکانی ئەم شارەش لەگەڵ گەڕانەوەی نەبوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەمە وای کرد لەنێو کوردا لە بارەی چارەنووسی شارەکە، دوو دیدگا سەر هەڵبدەن. یەکێکیان لەگەڵ ئەوەدا بوو کە کەرکوك ببێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ، یان دۆخی ئیداری و سیاسی شارەکە بە جۆرێ بگۆڕدرێ کە بە تەواوی بکەوێتە دەست خەڵکەکەی[١]، ئەم دیدە لە لایەن پارێزگای کەرکوك ( نەجمەدین کەریم )[٢] وە رێبەرایەتی دەکرا. دیدگای دووەم داوای دەکرد کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کە حیزبە کوردیەکان پشتگیریان لەم دیدە دەکرد ( گۆڤاری لڤین، ژمارە٣٣٣،ل٢٧ ).

لە سایەی ئەم دۆخەدا، سەرکردایەتی کورد نەیتوانی کەرکوك بلکێنێ بە هەرێمی کوردستانەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا دوو ئەگەری تر هەبوون ١) کەرکوك بە یەکجاری وابەستە بکرێتەوە بە بەغدا ٢) کەرکوك ببێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ. بێگومان بۆ کورد ئەگەری دووەم زۆر باشترە، چونکە لە ئایندەدا ئومێدێك دەبێ کە هەرێمی کەرکوك لە گەڵ هەرێمی کوردستاندا یەك بگرێتەوە. بەڵام لە ئەگەری یەکەمدا، کەرکوك بە تەواوی لە دەست کورد دەردەچێ.

هەرێمی کوردستان ئەگەر بیەوێ سەربەخۆ بێت، پێویستە بتوانێ تاڕادەیەکی زۆر پشت بە خۆی ببەستێ. چونکە بۆ پرسی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەبێ سەرکردایەتی کورد لە رووی سیاسیەوە توانای بڕیار دانی سەربەخۆیانەی هەبێ. کەچی هەرێمی

(١) ئەو کات بڕیارە گرنگەکان سەبارەت بە شاری کەرکوك لە ( هەولێر و بەغدا ) وە دەردەچوون، وە هەندێ کەس سەپێنرا بوون بەسەر شارەکە و ببوونە خاوەن بڕیار تێیدا کە خەڵکی کەرکوك نەبوون.

(٢) دوای نزیك بوونەوەی لە بارزانی، ناوبراو بوو بە بانگەشەکەرێکی سەرسەخت بۆ لکاندنی کەرکوك بە هەرێمی کوردستانەوە.

کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری وڵاتانی هەرێمی و ئەمریکا دایە. تورکیا و ئێران هەژموونێکی زۆریان بەسەر دۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەرژەوەندی ئەم دوو وڵاتەش لەگەل جیابوونەوە و سەربەخۆیی کورد نیە لە عێراقدا. سەرەڕای ئەمەش تا ئێستا هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەر لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا دایە، چەك لە ئەمریکا وەردەگرێ، بەشێك لە مووچەی پێشمەرگە لە لایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێ، تا ئێستاش ئەمریکا ئەکتەرێکی سەرەکی پاراستنی هەرێمە، بەڵام ئەمریکا لەگەڵ یەکگرتوویی عێراق دایە. کەواتە کورد ناتوانێ سەربەخۆیی بچەسپێنێ، بەبێ ئەوەی ئەمریکا پشتگیری بکات ( شار پرێس، ٢٠١٣ ).

بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، پێویستە پرسی دیاری کردنی سنوری دەوڵەتەکە یەکلا بکرێتەوە. چونکە دەبێ رووبەر و سنوری ئەو دەوڵەتە بە تەواوی دیار بێ، بە تایبەتی کە پرسی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. کەچی بانگەشەکەرانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، کەمترین قسەیان لە بارەی سنوری ئەو دەوڵەتەوە دەکرد ( سەرچاوەی پێشوو،٢٠١٣ ).

بارزانی بەردەوام پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکرد، بە ئامانجی جیابوونەوە و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی. کەچی پێنج حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان[١]، دید و بۆچوونی جیاجیایان هەبوو سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم. هەفتەنامەی ئاوێنە، بۆچوونی هەر پێنج حیزبە سەرەکیەکەی هەرێمی وەرگرتووە سەبارەت بە سازدانی ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستاندا، هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژەیەکی پێ بدەین.

نەجات حەسەن ( ئەندامی سەرکردایەتی پارتی )، سووربوونی پارتی ڕاگەیاند لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و وتی : پارتی دەیەوێ پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا (٢٠١٦/١١)، ریفراندۆم لە کوردستاندا ئەنجام بدرێ ( هەفتەنامەی ئاوێنە، ژ ٥٣٨ ).

وابەستە کردنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە دۆخی سیاسی وڵاتێکی وەك ئەمریکا، هەڵسەنگاندنێکی هەڵەیە بۆ پرسی ریفراندۆم. چونکە پرۆسەی ریفراندۆم، دەبێ

---

(١) مەبەست لەو پێنج حیزبە کوردیەیە کە زۆرترین ژمارەی کورسیان هەبوو لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوانیش ( پارتی دیموکرات، یەکێتی نیشتیمانی، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی ، کۆمەڵی ئیسلامی ) بوون.

زیاتر پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆی کوردستانەوە هەبێ، نەك هەلومەرجی وڵاتانی تر. لەم بارەیەوە فەرید ئەسەسەرد ( ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ) باسی لەوە کرد ؛ یەکێتی پرسی ریفراندۆم نابەستێتەوە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هیچ وڵاتێك، هەر کاتێ دەرفەتی گونجاو هاتە ئاراوە و پێداویستیەکانی بۆ دابین کرا، ئەوا ریفراندۆم ئاساییە ئەنجام بدرێ ( سەرچاوەی پێشوو، ژ ٥٣٨ ).

شۆڕش حاجی ( وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان ) یش لەم بارەیەوە وتی (( گۆڕانیش لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دایە، بەڵام راگەیاندنی دەوڵەت بەبێ دروست کردنی پایەکانی، موجازەفەیەکی ترسناکە..... پرسی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە مافی چارەی خۆنووسینەوە، پێویستیان بە ریفراندۆم نیە. چونکە ریفراندۆم پرسێك نیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵکو یەکێکە لەو کارانەی کورد دەیدات بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی )) ( سەرچاوەی پێشوو، ژ ٥٣٨ ).

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بەبێ زەمینەسازی پێویست لە ئاستی ناوخۆ و کاری دبلۆماسی گەورە لە ئاستی دەرەوەدا، رسکێکی مەترسیدارە و پێویستە خوێندنەوەی زۆری بۆ بکرێ. هەروەها پرسی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیش، مەرج نیە لە رێگەی ریفراندۆمەوە بێ. چونکە ئەوەندەی کۆدەنگی ناوخۆیی و دەستەبەر کردنی متمانەی هاوڵاتیان گرنگە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوەندە ریفراندۆم گرنگ و پێویست نیە.

عوسمان کاروانیش ( ئەندامی سەرکردایەتی یەککگرتوو ) پێی وابوو ؛ ئەگەر بارودۆخی هەرێم چاك نەکرێ و متمانە نەگەڕێتەوە نێو لایەنە سیاسیەکان، هەماهەنگیان لە نێواندا دروست نەبێ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەوا پرۆسەکە ئەستەم دەبێ. وە نابێ هیچ لایەنێك پرسی ریفراندۆم، وەك موزایەدە بەسەر لایەنەکانی تردا بەکار بێنێ ( سەرچاوەی پێشوو، ژ ٥٣٨ ).

لە راستیدا بەبێ رزگارکردنی هەرێم لەو تەنگەژە و قەیرانانەی کە دووچاری هاتبوون، پرسی راگەیاندنی سەربەخۆیی کارێکی هەڵە و بێ دەرنجام بوو. چونکە کوردستان لە هەموو روویەکەوە لە دۆخێکی زۆر ترسناك دابوو، زۆرینەی هاوڵاتیان متمانەیان بە دەستەڵاتی کوردی و حیزبە کوردیەکان نەبوو، وە جیاوازی و ناکۆکیەکی زۆریش لەنێو حیزبە سیاسیەکاندا هەبوو سەبارەت بە پرسە ستراتیجیەکانی وڵات. جگە لەمانەش، پرسی

ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوەندەی وەك پرۆژەیەکی سیاسی ( پارتی ) سەیر دەکرا، ئەوەندە وەك پرۆژەیەکی نیشتیمانی نەدەبینرا.

هەرچی ( شوان رابەر ) یشە[1] لە بارەی پرسی ریفراندۆمەوە باسی لەوە کرد ؛ ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە ریفراندۆم بکرێ، بەڵام ئەولەویەت بۆ گوزەرانی خەڵکە، نەك ریفراندۆم ( سەرچاوەی پێشوو، ژ ٥٣٨ ).

دۆخی بێ کاری و بێ مووچەیی لە کوردستاندا، وڵاتی تووشی نائۆقرەیەکی گەورە کردبوو. بۆیە خەڵك ئەوەندەی گوزەران و ژیانی لا مەبەست بوو، پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی لا مەبەست نەبوو. بۆیە پێویست بوو بەر لە راگەیاندنی سەربەخۆیی، دەستەڵاتدارانی هەرێم بیریان لە چاك کردنی گوزەرانی خەڵك کردبایەوە.

دوای ساردیەکی زۆر لە پەیوەندی نێوان ( بەغدا و هەولێر ) دا، مەسعود بارزانی لە (٢٠١٦/٩/٢٩) دا سەردانی بەغدای کرد. لەوێ رایگەیاند کە سەربەخۆیی مافی رەوای گەلی کوردە، ئەمەش بەبێ راوێژ لەگەڵ ( بەغدا ) دا جێبەجێ نابێ.

مەرج نیە بەغدا رازی بێ لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام ناکرێ کورد کاریگەری بەغدا نادیدە بگرێ لەسەر پرسی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. چونکە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەوەندەی پەیوەندی بە ( بەغدا ) وە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە ( ئەنقەرە و تاران ) وە نیە.

حکومەتی هەرێم نەوتی بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەفرۆشت، بەڵام نەیدەتوانی مووچە بە تەواوی دابەش بکات. وە بەهۆی شکستی سیاسەتی ئابوری حکومەتی هەرێم و گەندەڵی و ناروونیەکی زۆر لە بواری فرۆشتنی نەوتدا، ئابوری هەرێمی کوردستان تووشی داڕووخان ببوو. بۆیە فراکسیۆنەکانی چوار حیزبە سەرەکیەکەی تری کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، جگە لە فراکسیۆنی پارتی، پشتگیریان لە چەسپاندنی پرۆژەیەك کرد لە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٧) ی عێراقدا، کە تێیدا لە رووی یاساییەوە حکومەتی هەرێمی پابەند دەکرد بە فرۆشتنی (٥٥٠) هەزار بەرمیل بە شێوەیەکی رۆژانە لە رێگەی حکومەتی ناوەندیەوە، وە ( بەغدا ) شی پابەند دەکرد بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و بەشێك لە هێزی

(١) ناوبراو بڕیاردەری ئەنجومەنی سەرکردایەتی ( کۆمەڵی ئیسلامی ) بوو.

پێشمەرگە. کەچی ئەم پرۆژەیە لە لایەن ( حکومەتی هەرێم و پارتی دیموکرات) وە رەتکرایەوە، بەبێ گوێدانە خراپی دۆخی گوزەرانی خەڵك.

حکومەتی هەرێم نە دەیەویست چاکسازی بکات و تەنگەژەی ئابوری وڵات چارەسەر بکات، نە بەوەش رازی بوو نەوت تەسلیمی بەغدا بکاتەوە. وە تەنیا پارتی نوێنەرایەتی ئەم سیاسەتەی دەکرد، چوار حیزبە سەرەکیەکەی تری کوردستان لەو بڕوایە دابوون کە ناردنی نەوتی هەرێم لە رێگەی بەغداوە، تاکە چارەسەرە بۆ قەیرانی ئابوری کوردستان. ئەمەش نەبوونی کۆدەنگی و یەك هەڵوێستی حیزبە کوردیەکانی دەگەیاند، سەبارەت بە پرسە چارەنووس سازەکانی هەرێم.

لە سەرەتای (٢٠١٧) دا، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیدا لە پارێزگاکەدا. ئەم بڕیارە رووبەڕووی دژایەتیەکی زۆر بوەوە لە لایەن ( عێراق و ئێران و تورکیا ) وە. هەڵوێستی رەسمی تورکیا سەبارەت بە پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوك، تاڕادیەك جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە. چونکە بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دۆستێکی نزیکی تورکیا لە قەڵەم دەدرێن، لە کاتێکدا بارزانی پشتگیری لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کرد، دەستەڵاتدارانی تورکیا هەڕەشەیەکی زۆریان لە دەستەلاتی کوردی کرد لە هەولێر، ئەگەر لە بڕیاری هەڵکردنی ئاڵاکە پاشگەز نەبێتەوە. ئەمەش جارێکی تر ئەو راستیەی دەرخست، کە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و تورکیا، تەنیا پەیوەندیەکی ئابوری و بازرگانیە، وە تورکیا هەرگیز نابێتە دۆستێکی ستراتیجی بۆ کورد.

دوای ئەوەی بارزانی بە باشی لەو راستیە گەیشت، کە پرسی ریفراندۆمی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا پشتیوانی لێ ناکرێ، بە تایبەتی ئەمریکا کە لەگەڵ جیابوونەوەی کورد نیە لە عێراقدا، هەروەها تورکیاش زۆر دژی پرسی سەربەخۆیی کوردستانە. بەرپرسە باڵاکانی پارتی دەستیان کرد بە بانگەشەی ئەوەی ؛ کە مەرج نیە ئامانج لە ( راپرسی ) سەربەخۆیی کوردستان بێت، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ بۆچوونی خەڵکی کوردستان سەبارەت بەم پرسە بزانین. هەرچی ( یەکێتی ) یە لەسەر زاری بەرپرسە باڵاکانی باسی لەوە دەکرد ؛ ئێمە پشتگیری لە ( ریفراندۆم ) ێك ناکەین کە ئامانج لێی

سەربەخۆیی کوردستان نەبێ. ئەمەش نەبوونی یەك هەڵوێستی ئەم دوو حیزبە سەرەکیەی نیشان دەدا، سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم لە کوردستاندا.

لە راستیدا ئەگەر ئامانج لە راپرسی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو بێ، پێویست نەبوو ئەم راپرسیە ئەنجام بدرێ، ئەمەش لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە ۱) لە کاتێکدا کە بانگەشە کردن بۆ راپرسی، هەرێمی کوردستانی رووبەڕووی چەندین مەترسی گەورە کردبوەوە، ئەوا ئەنجامدانی دەبووە مایەی هەڕەشە و مەترسی زۆر گەورەتر بۆ وڵاتەکە ۲) لە ماوەی ساڵانی رابردوودا، سەرکردایەتی کورد وەك چەکێکی کاریگەر مامەڵەی لەگەڵ پرسی ( ریفراندۆم ) دا دەکرد. ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدرێ و کورد سەربەخۆیی رانەگەێنێ، ئەوا ئەم چەکە ستراتیجیە لە دەست سەرکردایەتی کورد دەردەچێ.

لە ناوەراستی مانگی (٥) ی ٢٠١٧ دا، بزوتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا باسی لەوە کرد ؛ کە ئێمە دەوڵەتێکمان دەوێ لەسەر بنەمای دیموکراسی و یاسا بنیات نرابێ، نەك دەوڵەتێك لە شێوەی ( سعودیە ) کە ببێ بە موڵکی بنەماڵەیەك. مەبەستی بزوتنەوەی گۆڕان لەمەدا، بنەماڵەی بارزانی بوو. ئەمەش راستی ئەم جیاوازی و ناکۆکیە قوڵە دەردەخات کە لە نێوان حیزبە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، سەبارەت بە پرسی راگەیاندنی سەربەخۆیی.

لە سەرەتای مانگی (٦) ی ٢٠١٧ د، بارزانی وەك سەرۆکی هەرێم بانگهێشتی حیزبەکانی کوردستانی کرد بۆ تاوتوێ کردنی پرسی ریفراندۆم. سەرجەم حیزبەکان بانگهێشتەکەی بارزانیان پەسەند کرد، تەنیا بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئامادە نەبوون بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن، چونکە ئەوان ( بارزانی ) یان وەك سەرۆکی شەرعی هەرێمی کوردستان پەسەند نەبوو[1]. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا (٢٠١٧/٩/٢٥) دیاری بکرێ بۆ ئەنجامدانی راپرسی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان.

بەهۆی گرنگی پرسی ریفراندۆم و لێکەوتە زۆرەکانی لەسەر دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، دەروازەی داهاتوو تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی.

---

(١) لە (٢٠١٥) دا ماوەی یاسایی سەرۆکی هەرێم تەواو ببوو، گۆڕان و کۆمەڵ دژی درێژ کردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بوون لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا.

# دەروازەی بیست و سێیەم

# لێکەوتەکانی ریفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ لەسەر دۆخی باشوری کوردستان

## بەشی یەکەم :
## ریفراندۆمی سەربەخۆیی و لێکەوتەکانی

دوای دیاری کردنی رێکەوتی (٢٠١٧/٩/٢٥) بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم[١] ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمی، دژی ئەنجامدانی راپرسی لە هەرێمی کوردستان کاردانەوەیەکی توندیان نیشاندا. سەرکردایەتی کورد بۆ کەم کردنەوەی ئاستی دژایەتی بەرامبەر بە پرسی ریفراندۆم، لە دیدار و دانیشتنەکانیان لەگەڵ نوێنەری وڵاتان باسیان لەوە دەکرد ؛ کە ئامانج لە ریفراندۆم راگەیاندنی سەربەخۆیی نیە. کەچی ئەم راستیەیان لە شەقامی کوردی دەشاردەوە، ئەمەش لە رووی سیاسی و ئەخلاقیەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. چونکە لە لایەك ناکرێ درۆ لەگەڵ خەڵکی خۆتدا بکەی و راستیش بە دنیای دەرەوە بڵێی، لە لایەکی تریشەوە وەك ئەوەی ئاماژەم پێداوە، ئەگەر ئامانج لە راپرسی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو، ئەوا ئەنجام نەدانی بۆ کورد زۆر باشتر بوو.

هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە هەڵوێستی نەرێنی ئەو وڵاتانە بدەین کە کاریگەری زۆریان لەسەر پرسی ریفراندۆم هەبوو لە کوردستاندا، بەم شێوەیەی خوارەوە ؛

ـ تورکیا : هەرچەندە پارتی دیموکرات پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەل تورکیادا هەبوو، بەلام ئەم وڵاتە بە توندی دژی پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستاندا وەستایەوە. لەم بارەیەوە بینالی یلدرم ( سەرۆك وەزیرانی تورکیا )، گشتپرسی بە خۆکوژی وەسف کرد. ئەردۆگانی سەرۆك کۆماریش لە بارەی راپرسیەکەوە وتی : گشتپرسی لەم کاتەدا شتێکی باش نیە ( wikipedia . net ).

(١) ریفراندۆم زاراوەیەکی ئینگلیزیە، لە کوردیدا گشتپرسی یان راپرسی پێدەگوترێ.

ـ ئێران : بەو پێیەی کە پشتیوانێکی بەهێزی حکومەتی عێراقیە، کاردانەوەیەکی زۆر توندی هەبوو بەرامبەر بە راپرسیەکەی هەرێمی کوردستان. وە بەرپرسانی ئێرانی بە ئاشکرا رایانگەیاند ؛ پشتگیری لە هەڵوێستی بەغدا دەکەن لە دژایەتی کردنی پرسی ریفراندۆم لە کوردستاندا .

ـ ئەمریکا : لەگەڵ دواخستنی کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم دابوو. بۆیە هەوڵی زۆریدا سەرکردایەتی کورد رازی بکات بە دواخستنی پرۆسەکە. لەم بارەیەوە دۆناڵد ترەمپ ( سەرۆکی ئەمریکا ) داوای لە مەسعود بارزانی کرد ریفراندۆم دوابخات، بەڵام بارزانی سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی راپرسیەکە ( سەرچاوەی پێشوو ).

ـ بەریتانیا : بە هەمان شێوەی ئەمریکا، لەگەڵ دواخستنی پرۆسەکەدا بوو. لەم بارەیەوە کونسوڵی شانشینی یەکگرتوو لە عێراق رایگەیاند (( هەمووان لەم جیهانەدا دەتوانن حکومەتی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام ئێستا کاتەکە لەبار نیە و لە دۆخی ئێستادا مانەوە لە عێراقدا پێویستترە )) ( سەرچاوەی پێشوو ).

بە گشتی رۆژئاوا و زۆربەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم نەبوون لەو کاتەدا. واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە ریفراندۆم نەدەکرد. بە واتایەکی تر، فاکتەری دەرەکی لەبار نەبوو بۆ سەرکەوتنی راپرسی لە کوردستاندا. کەچی ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەبوو، بەرپرسانی پارتی بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە. لەم بارەیەوە بارزانی لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەل عیرفان عبدالعزیز ( رابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی ) لە (٢٠١٧/٨/١٨) دا وتی : بارودۆخی کوردستان و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی وەك قۆناغەکانی رابردوو نیە، وە دووپاتی کردەوە کە گەلی کوردستان بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە خۆی بەرەو پێشەوە دەبات ( K ٢٤ ، ٢٠١٧/٨/١٨). لە راستیدا پێچەوانەی قسەکەی بارزانی راست بوو. چونکە بارودۆخی کوردستان و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەوەندە نەگۆڕا بوو، کە کاتەکە گونجاو بێ بۆ هەنگاوێکی گەورەی لەم شێوەیە.

تاکە وڵات کە هەڵوێستی زۆر ئەرێنی بوو بەرامبەر بە پرۆسەی ریفراندۆم، دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. لەم بارەیەوە بنیامن نێتانیاهۆ ( سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ) رایگەیاند :

ئیسرائیل پشتگیری هەڵوێستی کوردان دەکات بۆ دروست کردنی وڵاتی خۆیان (wikipedia . net).

هەروەها لەنێو حیزبە سیاسیەکانی وڵاتی ( سوید ) یش، ئەوانەی دەستەڵات ( پارتی سەوز و پارتی سۆشیال دیموکرات ) و ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن ( پارتی چەپ و دیموکراتی سویدی) پشتگیری لە ریفراندۆمی کوردستان کرا ( سەرچاوەی پێشوو ). کە بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانی پرۆسەکە زۆر سنوردار و دڵخۆشکەر نەبوو.

لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، تەنیا پارتی بوو زۆر پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکرد، زۆربەی حیزبەکانی تر تێبینیان هەبوو لەسەر کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە و لەو بڕوایەدا بوون کە هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی لەبار نیە. کەچی بەهۆی پێداگری زۆری بارزانی لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە لە کاتی خۆیدا، زۆربەی حیزبەکان ناچار بوون پشتیوانی خۆیان بۆ راپرسیەکە رابگەێنن.

بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئامادە نەبوون پشتیوانی لە هەڵمەتی ریفراندۆم بکەن، وە پرۆسەکەیان لەو کاتەدا بە مەترسیەکی گەورە لە قەڵەمدا لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان. هەر بۆیەش بەشداریان لە ( ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم ) دا نەکرد. هەروەها ( جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستا )[١] دا بە سەرۆکایەتی شاسوار عبدالواحید بە ئاشکرا دژایەتی خۆی راگەیاند بۆ ئەنجامدانی راپرسیەکە لەو کاتەدا ( سەرچاوەی پێشوو )، جوڵانەوەکە لەو بڕوایەدا بوو کە ئێستا کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی نەهاتووە و هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر ریفراندۆم لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەنجام بدرێ.

بە مەبەستی جێبەجی کردنی رێکارەکانی تایبەت بە پرۆسەی ریفراندۆم، ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم پێکهێنرا، هەموو ئەو حیزبانەی پاڵپشتی پرۆسەکەیان دەکرد بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنەکەدا. یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەنجومەنەکە بریتی بوو لە سەردانی کردنی بەغدا و ناوەندە دبلۆماسیەکان، بە مەبەستی دەستەبەر کردنی پشتیوانی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە. لە میانەی سەردانی شاندێکی ئەنجومەکە بۆ باڵێوزخانەی ئەمریکا، شاندەکە داوای پاڵپشتی ئەمریکای کرد بۆ ئەنجامدانی راپرسیەکە لە رێکەوتی

(١) ئەم جوڵانەوەیە لە سەرەتای مانگی (٨) ی ٢٠١٧ دامەزرا، کە چەندین کەسایەتی و ئەندام پەرلەمانی ( یەکێتی و گۆڕان ) یشی تێدا بوون.

دیاری کراوی خۆیدا. کەچی باڵیوزەکەی ئەمریکا پشتیوانی لە بیرۆکەی راپرسیەکە نەکرد، وە رایگەیاند : ئەگەر هەر سوورن لەسەر بەڕێوەچوونی پڕۆسەکە، با بکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵام شاندەکە سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە وادەی دیاری کراوی خۆیدا ( rudaw .net ).

یەکێك لەو پرسانەی کە زۆرترین مشتومڕی لەسەر بوو لە پڕۆسەی ریفراندۆمدا، ئەنجامدانی پڕۆسەکە بوو لە ناوچە کێشە لەسەرەکان. بەڕێوەبردنی پڕۆسەکە لەو ناوچانەدا، بە واتای چەسپاندنی بڕیاری کوردستانی بوونیان دەهات. ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لە لایەن بەغدا و ئێران و تورکیاوە قبوڵ کراو نەبوو. بۆیە لەنێو خۆی کوردستانیشدا، هەندێك دەنگ هەبوون داوای ئەوەیان دەکرد کە راپرسیەکە لەو ناوچانەدا ئەنجام نەدرێ. کەچی دواجار بارزانی لە رێگەی هێمن هەورامی ( یاریدەدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ) وە رایگەیاند : کە ریفراندۆم لە ( کەرکوك و شەنگال و مەخمور و خانەقین ) یش ئەنجام دەدرێ ( wikipedia . net ). ئەم بڕیارە هێندەی تر مەترسیەکانی سەر پڕۆسەکەی زیاتر کرد.

رۆژێك بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کۆبوونەوە هاوبەشەکەی ( یەکێتی و پارتی ) دا لە قەزای دوکان، ئەمریکا جارێکی تریش پەیامێکی ئاراستەی بارزانی کرد ؛ لەوەی ئەگەر ریفراندۆمیش ئەنجام دەدەن، لە کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکاندا ئەنجامی نەدەن. بارزانی ئەم جارەش داواکەی ئەمریکای رەتکردەوە. ئەگەرچی بەشێکی نێو یەکێتی ویستیان بە بەیانێك رایبگەیێنن کە نابێ ریفراندۆم لە کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکاندا ئەنجام بدرێ، بەڵام لە لایەن هێزەکانی زێرەڤانی پارتی و ( کۆسرەت رەسوڵ )[١] وە رێگریان لێکرا ( www.shanpress.com ). بێگومان ئەگەر ریفراندۆم لەو ناوچانەدا ئەنجام نەدرایە، ئەوا کاردانەوەکان لە دژی پڕۆسەکە ئەوەندە توند نەدەبوون. وە ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو، یەکێتی کە حیزبێکی سەرەکی هەرێمی کوردستانە، لەنێو خۆیدا سەبارەت بە پڕۆسەی ریفراندۆم ببوو بە دوو بەش. ئەمەش رارایی و ساغ نەبوونەوەی ئەم حیزبەی دەگەیاند لەسەر بۆچوونێکی هاوبەش دەربارەی پڕۆسەکە.

---

(١) ناوبراو ئەو کات ( جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) بوو.

راپرسی سەربەخۆیی کوردستان بۆ ئێران گرنگیەکی زۆر تایبەتی هەبوو، بەهۆی بوونی هەژموونێکی زۆری ئەو وڵاتە لە تەواوی عێراقدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بۆیە هەوڵی زۆریدا کورد لە ئەنجامدانی ئەو پڕۆسەیە پەشیمان بکاتەوە. لەم بارەیەوە سعدی ئەحمەد پیرە ( ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ) دەڵێ (( دوو ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، قاسم سلێمانی ( فەرماندەی فەیلەقی قودس ) دێتە لای کاك مەسعود بارزانی و پێی دەڵێت : وەرە ئاڵای کوردستان لە ( جبل حمرين ) هەڵبدە، بەڵام ریفراندۆم ئەنجام نەدەن. چونکە کەرکوکیش لەدەست دەدەن )) ( سەرچاوەی پێشوو ). ئەوەی زۆر جێگەی پرسیار بوو ئەوەبوو، دڵسۆزانی پرسی نەتەوەیی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەشدا، دەیانزانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو کاتەدا کارێکی خۆکوژییە بۆ کورد. بۆیە هەوڵی زۆریاندا بارزانی لەم هەڵە گەورەیە پاشگەز بکەنەوە، بەڵام بارزانی سووربوو لەسەر کارەکەی و گوێی لە هیچ کەس نەگرت.

وە لەبارەی هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە ئەنجامدانی راپرسیەکە، بارزانی بۆ کەناڵی جەزیرە وتبووی : وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێی ووتم، ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدەن، ئەوا ناوچە ئازاد کراوەکان تا سنووری ساڵی (٢٠٠٣) لەدەست دەدەن و پاشەکشە و پێدەکری ( سەرچاوەی پێشوو ). پەیامەکانی ئەمریکا و وڵاتە هەرێمیەکان بۆ بارزانی سەبارەت بە مەترسیەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم زۆر روون و راشکاو بوون، بەڵام بارزانی ئەم پەیامانەی بە هەند هەڵنەگرتن.

سەبارەت بە هەڵوێستی رەسمی ئەمریکا سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستاندا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە لە کۆنفرانسێکی هەواڵیدا رایگەیاند : پرسی سەربەخۆیی، پرسێکی ناوخۆیی عێراقیە، بەڵام کاری لە پێشینەمان ئەوەیە کە پێویستە سەرەتا داعش تێك بشکێنین ( speemedia.com ). واتە ئەمریکا نە زۆر دژی پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بوو، نە لەو کاتەشدا ئامادە بوو پشتیوانی لێبکات، بە بیانووی ئەوەی کە کاری لە پێشینە بۆ ئەوان لەناوبردنی هێزەکانی داعش بوو.

دوای ئەوەی ئەمریکا دڵنیابوو کە بارزانی هەر سوورە لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، دوو رۆژ بەر لە وادەی ئەنجامدانی پڕۆسەکە، وەزیری دەرەوە ( ریکس تیلەرسن ) بە ناوی دەوڵەتی ئەمریکاوە پەیامێکی ئاراستەی بارزانی کرد، کە تێیدا پڕۆژەیەکی بەدیلی بۆ

ریفراندۆم پێشنیاز کرد، بەو ئومێدەی کە بارزانی دەست لە ئەنجامدانی پرۆسەکە هەڵبگرێ.
لە بارەی گرنگی پەیامەکەوە، مەسعود عبدالخالق دەڵێ : لە سەدەی (٢١) ، یەکەم جار بوو ئەمریکا تێڕوانینی بۆ کورد بخاتە دەرەوەی چوارچێوەی عێراق ( www.shanpress.com ).
پەیامەکەی وەزیری دەرەوە چەندین بەڵێن و دڵنیا کردنەوەی گرنگی تێدایە بۆ کورد، ئەگەر بارزانی پەسەندی کردبایە، ئەوا بێگومان پرسی کوردی لە عێراقدا زۆر دەبردە پێشەوە. بە پێویستی دەزانین بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین بەشەکانی پەیامەکە بدەین. لە پەیامەکەدا هاتووە (( پرۆپۆزەڵە بەدیلەکە چواچێوەیەکی نوێ و خێرا دادەڕێژێ بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق..... ئەم چوارچێوەیە خێرایەی دانوستان، ئەجندایەکی کراوەی تێدایە و پێویستە زیاد لە ساڵێك بمێنێتەوە، بە ئەگەری نوێ کردنەوەشی. ئامانجەکەی چارەسەرکردنی تەواوی کێشە مۆڵەقەکانە لە نێوان بەغدا و هەولێر و سروشتی پەیوەندی ئایندەیە لە نێوان دوو لایەندا. هەروەها تاوتوێی پێویستە دارایی و ئەمنیە هەنوکەییەکان دەکەین..... جیا لەمەش ئامادەین ئاسانکاری بکەین بۆ پشتگیری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشە گرنگەکانمان، وەك فەرەنسا و بەریتانیا. ئەمە دەرفەتێکی ناوازەیە، داوا لە ئێوە دەکەین قبوڵی بکەن وەك بەدیلێك بۆ ریفراندۆمەکە، کە پێمان وایە کاردانەوەی جددی دەبێت و تەنانەت خراپتریش، پاشەکشە بە ئامانجەکانمان دەکات..... بە دڵنیاییەوە لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەدا، ئەگەر گفتوگۆکان نەگەیشتنە ئەنجامێکی قبوڵ کراوی دوو لایەنە، یان شکستی هێنا بەهۆی کەمی متمانەی بەغداوە، بێگومان دان بە پێویستی ریفراندۆمدا دەنێین )) لە پەیامەکەدا چەند داواکاریەك ئاراستەی بارزانی کراوە، کە لە خاڵی سێیەمدا هاتووە (( سنورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە دانوستان لەگەل بەغدا دەستنیشان دەکرێن، هاوتەریب بەو پرۆسەیەی لە مادەی (١٤٠) دا چێکراوە )) لە کۆتایی پەیامەکەشدا هاتووە (( هاوتەریب بە چوارچێوەی دانوستانەکە، پشتگیری چارەسەری ئەم کێشانەی خوارەوە دەکەین لە ماوەی ساڵێکدا ١- رێکەوتنی مانادار لەسەر دابەشکردنی دەستەڵات و داهات ٢- جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) ٣- چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی وەك پێشمەرگە، فرۆکەوانی مەدەنی ، نوێنەرایەتی دبلۆماسی ...هتد )) ( www.zamenpress.com ) .

ئەمریکا لە پەیامەکەی وەزیری دەرەوەدا، بەڵێنی داوە کە پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان و ( فەرەنسا و بەریتانیا ) ش دەستەبەر بکات بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کردنی دانوستانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەمەش کێشەی کورد لە عێراقدا رەهەندێکی بەهێزی نێودەوڵەتی وەردەگرت، کە لە مێژووی کوردا وێنەی نەبووە. بۆیە ( تیلەرسن ) داوا لە بارزانی دەکات کە ئەم دەرفەتە وەك بەدیلێك بۆ ریفراندۆم پەسەند بکات. وە سەرنجی بۆ ئەوە رادەکێشێ کە ئەگەر ئەم بەدیلە پەسەند نەکات، هەم کاردانەوەی زۆر خراپی دەبێت بۆ کورد، هەمیش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئامانجەکانی ئەمریکا دەبێت لە عێراقدا. هەروەها تیلەرسن دڵنیایی دەداتە بارزانی کە ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمی بەغداوە دانوستانەکان ئەنجامێکی ئەرێنیان نەبوو، ئەوا وڵاتەکەی پشتگیری لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکات لە کوردستاندا. کە ئەمەش گەرەنتیەکی زۆر باش بوو بۆ کورد، لە کاتی ملنەدانی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا.

پەسەندکردنی پەیامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ کورد دەبووە دەسکەوتێکی نەتەوەیی زۆر گەورە. کە هەم کوردی لە تەڵەزگەی ریفراندۆم دەرباز دەکرد، هەمیش دەستەبەری ئەو دەسکەوتانەی دەکرد کە کورد بەهۆی شەڕی داعشەوە بەدەستی هێنابوون، ئەمە جگە لەوەی چەندین دەسکەوتی تریشی لە ئایندەدا بۆ کورد دەستەبەر دەکرد. کەچی بارزانی بەهۆی گوێبیست نەبوونیەوە ئەم دەرفەتە مێژووییەی لەدەست کوردا، کە بێگومان بۆ خودی خۆشی دەبووە سەروەریەکی گەورە.

بارزانی بەر لە بەڕێوەچوونی ریفراندۆم، بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە دوای ئەنجامدانی پرۆسەکە، گفتوگۆ لەگەل دەستەڵاتدارانی ( بەغدا ) دا دەکەن، تاکوو بە شێوەیەکی ئاشتیانە بە ئەنجامێك بگەن ( wikipedia . net ). لە راستیدا کاتێك گفتوگۆ لەگەل( بەغدا ) دا بەرهەمدار دەبوو، کە بەر لە بەڕێوەچوونی راپرسیەکە ئەنجام بدرایە. چونکە دوای ئەنجامدانی راپرسی یەکلایانە، هیچ دەرفەتێك بۆ چارەسەری ئاشتیانە نەدەما.

دوای ئەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکلا بووەوە، بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بە ناچاری پشتیوانی خۆیان بۆ سەربەخۆیی راگەیاند. لەم بارەیەوە بزوتنەوەی گۆڕان رایگەیاند : دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بە یەکێك لە ئامانجەکانی دادەنرێ. بۆیە خەڵك

ئازادە لە مامەڵە کردن لەگەڵ پرسەکەدا ( سەرچاوەی پێشوو ). کەسی یەکەمی بزوتنەوەکەش ( عمری سەید عەلی ) لە راپرسیەکەدا دەنگی بە ( بەڵێ ) دا بۆ سەربەخۆیی. هەرچی کۆمەڵی ئیسلامیشە، رۆژێك بەر لە گشتپرسیەکە رایگەیاند : هەر کاتێك گشتپرسی سەربەخۆیی ئەنجام بدرێ، ئەوان دەنگیان بەڵێ دەبێ ( سەرچاوەی پێشوو ). واتە گۆڕان و کۆمەڵ دژی سەربەخۆیی نەبوون، بەڵام لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەدا نەبوون.

هەرچی ( جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستا ) یە لە دوا پەیامی خۆیدا رایگەیاند : ئەگەر ریفراندۆم بکرێ، مەترسی ئەوە هەیە کەرکوك لەدەست بدرێ. وە شاسوار عەبدالواحیدی سەرۆکی جوڵانەوەکەش داوای لە خەڵك کرد بچن بۆ راپرسیەکە و دەنگیش بە ( نەخێر) بدەن ( speemedia.com ). ئەوەبوو لە دوای راپرسیەکە، پێشبینیەکەی جوڵانەوەکە سەبارەت بە کەرکوك هاتەدی. وە دەرکەوت کە بۆچوونەکەشیان تارادەیەکی زۆر دروست بوو، چونکە ( نەخێر ) کەی ئەوان بۆ سەربەخۆیی لەو کاتەدا، لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردا دابوو، بەهۆی نەگونجانی هەلومەرجەکە بۆ بڕیارێکی گەورەی لەم شێوەیە.

پێویست بوو سەرکردایەتی کورد بۆ هەنگاوێکی گەورەی لەم شێوەیە تەواو خۆی یەکلا بکاتەوە، بەڵام تا رۆژێك بەر لە ریفراندۆمەکە کەس تەواو دڵنیا نەبوو کە پرۆسەکە ئەنجام دەدرێ یاخود نا. ئەمەش گەورەیی رادەی دوو دڵی سەرکردایەتی کوردی نیشان دەدا بەرامبەر بەم پرسە هەستیارە.

دواجار ریفراندۆم لە (٢٠١٧/٩/٢٥) دا لە تەواوی کوردستان، بە ناوچە کێشە لەسەرەکانیشەوە ئەنجام درا. بەپێی راگەیاندنی دەرئەنجامەکان زیاتر لە (٩٢٪) دەنگەکان بە ( بەڵێ ) بوون بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کورستان ( wikipedia . net ). لەبەرئەوەی راپرسیەکە یەکلایەنە بوو، وە لە لایەن هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتیەوە چاودێری و سەرپەرشتی نەکرا. بۆیە پێگەی راپرسیەکە لە رووی رەوایەتی یاسایی و نێودەوڵەتیەوە لاواز بوو. وەك هەنگاوێکی مێژوویی، راپرسیەکە رووداوێکی زۆر گەورەیە. کەچی وەك پرسێکی ستراتیجی، راپرسیەکە لەو کاتەدا بڕیارێکی زۆر هەڵە بوو. چونکە لە لایەك لە بری سوود، زیانێکی زۆر گەورەی بە دۆخی سیاسی کورد گەیاند لە هەرێمی کوردستاندا، لە لایەکی تریشەوە ئەم چەکە بەهێزەی لەدەست کورد دەرهێنا، کە جار جار بۆ سەپاندنی داخوازیەکانی هەڕەشەی بەکار هێنانی دەکرد.

دوای ئەنجامدانی راپرسیەکە، حکومەتی ناوەندی عێراق دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی سزاکانی سەر هەرێمی کوردستان. وەك هێز خستنە حاڵەتی ئامادەباشیەوە بۆ پەلاماردانی کوردستان، بڕیاری داخستنی فرۆکەخانەکانی هەرێم. وە داوا کردن لە تورکیا و ئێران بۆ داخستنی دەروازە سنوریەکان بە رووی هەرێمدا. ئەم رێکارانەی حکومەتی ناوەندی کە پشتیوانیەکی هەرێمی و تاڕادەیەك نێودەوڵەتیشی هەبوو، دۆخێکی زۆر ترسناك و ناجێگیری لە هەرێمدا دروست کرد.

دوای ئەوەی بارزانی هەستی کرد کە لە ئەنجامدانی راپرسیەکەدا کارێکی زۆر هەڵەی ئەنجام داوە، هاتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و داوای لە حەیدەر عەبادی ( سەرۆك وەزیرانی عێراق ) کرد کە دەرگای گفتوگۆ دانەخات. ئەمەش ئەو راستیەی دەرخست کە ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوەندەی هەڵچوونێکی کەسی بوو، ئەوەندە بڕیارێکی دیراسەکراو نەبوو.

ئێران دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەر زوو هاتە سەرخەت و پشتگیری بۆ هەر بڕیارێکی حکومەتی عێراقی دەربڕی لە کاردانەوەیدا بەرامبەر بە راپرسیەکە، وە گواستنەوەی ئاسمانی لەگەل فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستاندا بڕی ( سەرچاوەی پێشوو ). وە تورکیاش کاردانەوەی زۆر توندی بەرامبەر بە هەرێم و بارزانی نیشاندا. ئەوەبوو رۆژێك دوای راپرسیەکە، ئەردۆگان رایگەیاند کە دەشێ رێکاری ئابوری و سەربازی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بگرنە بەر ( سەرچاوەی پێشوو ).

هەرچی ئەمریکایە هەوڵیدا رێگە لە ئاڵۆزتر بوونی دۆخەکە بگرێ ، لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوە ( تیلەرسن ) داوای لە حکومەتی عێراقی کرد رەوشەکە ئارام بکاتەوە. وە جەختی لەسەر دەست پێکردنەوەی گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا کردەوە (K ٢٤، ١٠/١٧ /٢٠١٧).

وەك چاوەڕوان دەکرا لە ( ١٥ و ١٦ ) ی مانگی دەی (٢٠١٧) دا هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی پەلاماری ( هێزەکانی پێشمەرگە ) یدا و زۆربەی ناوچە دابڕێنراوەکانی لەژێر دەستی پێشمەرگە دەرهێنا ( wikipedia . net ). بەمەش بەهۆی ریفراندۆمەوە، جگە لە لاواز بوونی پێگە سیاسیەکەی، کورد نیوەی خاکی کوردستانیشی لەدەستدا. ئەگەر فشاری ئەمریکا نەبوایە، مەترسیەکی گەورە لەسەر مانەوەی قەوارەی هەرێمیش دروست ببوو.

شکستی پێشمەرگە لە پاراستنی ناوچە کێشە لەسەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، بەڵام هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لە ڕێکەوتنی بەشێك لە سەرکردەکانی یەکێتی لەگەل ئێران و حکومەتی ناوەندی بۆ شەڕ نەکردن دژی هێزەکانی عێراق. لەم بارەیەوە حەیدەر عەبادی سەبارەت بە ڕووداوەکانی (١٦) ی ئۆکتۆبەر[١] ڕایگەیاند : ئێمە ڕێکەوتنمان لەگەل بافل تاڵەبانی هەبوو، بۆ ئەوەی بەبێ خوێن ڕشتن هێزەکانی عێراقی بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە (www.kurdistanpost.nu ). ئەم ڕێکەوتنە ڕاستە قەبارەی زیانەکانی پێشمەرگەی کەم کردەوە، بەڵام لە ڕووی هەڵوێستی نەتەوەییەوە زۆر بە خراپ لەسەر یەکێتی شکایەوە.

لە ڕاستیدا هەروەك چۆن پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەمریکا و ئێران بارزانیان ئاگادار کردەوە لەوەی ئەگەر پرۆسەکە ئەنجام بدرێ، بە تایبەتیش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، ئەوا کورد ئەو ناوچانە لەدەست دەدات. بە کردەوەش دوای ریفراندۆم ئەم قسەیە هاتەدی. بۆیە کۆنترۆڵ کردنەوەی ئەم ناوچانە هەم پشتیوانیەکی هەرێمی هەبوو، هەمیش ڕەزامەندی ئەمریکا و ڕۆژئاوای لەگەڵ دابوو. بۆیە هۆکاری سەرەکی لەپشت لەدەست دانی ناوچە دابڕێنراوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کاتێکی نەگونجاودا.

یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی دەوڵەت، بوونی هێزێکی نیشتیمانیە. کوردیش لە هەرێمی کوردستاندا بێ بەشە لە بوونی هێزێکی لەم جۆرە. بۆیە لە ڕووداوەکانی (١٦) ئۆکتۆبەردا، پێشمەرگە نەیتوانی بەرامبەر بە هێزەکانی عێراقی بەرگری بکات. ئەگەر پێشمەرگە هێزیکی نیزامی بوایە، هەرگیز ڕووی نەدەدا پێشمەرگەی لایەنێك خۆی لەشەڕ لابدا، بەبێ ئاگاداری پێشمەرگەی لایەنەکەی تر.

بەر لە ریفراندۆم، پێشمەرگە ببووە بەشێك لە هێزی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژ بە داعش. بەهۆی بەشداری کاریگەری پێشمەرگە لە ڕزگارکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، کورد باڵادەستی خۆی لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا چەسپاند بوو. نەوتی ئەو ناوچانە کەوتبووە ژێر دەستی کورد. پێگەی سیاسی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆر بەهێز ببوو. سەرکردایەتی کورد لە بری گرتنەبەری سیاسەتێکی دروست بۆ پارستن و پتەوکردنی ئەو دەسکەوتانە، بەهۆی هەڵەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە، کورد نەك هەر نەیتوانی هیچ

(١) ڕاگەیاندنەکانی پارتی ئەم ڕووداوە وەك ناپاکیەکی نیشتیمانی لە قەڵەم دەدەن، وە ناویان ناوە خیانەتی (١٦) ی ئۆکتۆبەر.

دەسکەوتێك دەستەبەر بكات، بەڵكو زۆربەی ئەو دەسکەوتانەشی لەدەست دان کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە (٢٠٠٣) بەدەستی هێنابوون.

سەرەڕای ئەوەی کە کورد بەهۆی ئەنجامدانی ریفۆراندۆمەوە باجێگی زۆر گەورەیدا، سەرکردایەتی هەرێم بە سرکردنی ئەنجامی ریفراندۆم، بۆ هەمووانی سەلماند کە کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە. ئەوەبوو دوای ئەوەی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق لە (٢٠١٧/١١/٢٠) دا بڕیاریدا ؛ کە ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم نادەستوریە و دەبێت سەرجەم لێکەوتە و ئەنجامەکانی هەڵبوەشێتەوە ( www.xendan.org ). سەرکردایەتی کورد رایگەیاند کە ئەنجامی راپرسیەکە سڕ دەکەن، هەر بەوەش نەوەستا و دواتر رایگەیاند کە رێز لە بڕیارەکانی دادگا دەگرن. مەسعود عبدالخالق لەم بارەیەوە دەڵێ (( پابەند بوونی دەستەڵاتی کوردی بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی، سوتاندنی ئەنجامی ریفراندۆم بوو. ئەوەش وای کرد ریفراندۆم ئەو هێزەی هەیبوو نەیمێنێ )) ( www.shanpress.com ) .

یەکێك لە لێکەوتەکانی ریفراندۆم، وازهێنانی مەسعود بارزانی بوو لە پۆستی سەرۆکی هەرێم. بەشێك لە چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدا بوون کە سەرۆکی هەرێم لەژێر فشاری ئەمریکادا دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەو پێیەی ئەو بەرپرسیار بوو لە پرسی ریفراندۆمدا. بە واتایەکی تر یەکێك لەو باجانەی کە پارتی دای بەهۆی ریفراندۆمەوە، نەمانی بارزانی بوو لە پۆستی سەرۆکی هەرێم.

بارزانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەل ( نیوز ویك )[١] دا کە لە ماڵپەڕی فەرمی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە، لە بارەی ریفراندۆمەوە دەڵێ (( ئەگەرچی لە دوای ئەنجام دانیەوە هەندێك بەربەست هاتوونەتە پێشەوە، بەڵام راپرسی پاشەڕۆژی گەلی کوردستانی مسۆگەر کرد )) ( ماڵپەڕی فەرمی مەسعود بارزانی ). لە راستیدا واقع شتێکی تەواو پێچەوانەمان پێدەڵێ، راپرسی نەك هەر ئایندەی کوردی مسۆگەر نەکرد، بەڵکو چارەنووسی هەرێمی کوردستانیشی خستە بەردەم مەترسیەکی زۆر گەورەوە. لە بارەی کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمیشەوە بارزانی دەڵێ (( هەڵەی ئێمە ئەوەبوو، دەبوایە ریفراندۆم زووتر لەو کاتە

(١) نیوز ویك گۆڤارێکی ئەمریکی هەفتانەیە و بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێ، ( news week ) واتاکەی بە کوردی ( هەواڵەکانی هەفتە ) یە.

ئەنجام بدەین » ( سەرچاوەی پێشوو ). ڕاستە هەندێ کات گونجاوتر بووە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام راپرسی پێویستی بە ئامادەکاریەکی زۆر هەیە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەوە، کە تا ئێستا سەرکردایەتی کورد کاری پێویستی بۆ ئەو ئامادەکاریانە نەکردوە.

# بەشی دووەم :
# ئابوری سەربەخۆ و نەهامەتیەکانی

سەرکردایەتی کورد هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە مافی وەبەرهێنانی سامانە سروشتیەکان بەدەست بهێنێ، لەسەر ئەم پرسە بەردەوام لەگەڵ بەغدا لە کێشەدا بووە. دوای ئەوەی نەتوانرا لە پەرلەمانی عێراقیدا یاسای نەوت وگاز پەسەند بکرێ، بەهۆی ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر وردەکاری یاساکە. پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٧) دا یاسای نەوت وگازی پەسەند کرد، وە حکومەتی هەرێمیش دەستی کرد بە واژۆکردنی گرێبەستی نەوتی، بەبێ گوێدانە رەزامەندی حکومەتی ناوەندی. ئەمەش لە رووی یاساییەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە تا پەرلەمانی دەوڵەتی فیدراڵ بە یاسا ماف بە هەرێمە فیدراڵیەکان نەدات، هەرێمەکان بۆیان نیە دەستەڵاتی واژۆکردنی گرێبەست لە بواری ووزەدا لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکیان بە خۆیان بدەن.

لە ساڵی (٢٠١٤) وە هەرێمی کوردستان دروشمی ئابوری سەربەخۆی بەرز کردۆتەوە ( drawmedia.net ). ئابوری سەربەخۆ هەر لە سەرەتاوە وەك ئامانجێکی ستراتیجی کاری بۆ نەکرا، بۆیە هەروەك دروشم مایەوە و لەسەر زەمین نەبوو بە کردارێکی بەرجەستە. مەبەستی سەرکردایەتی کورد لە (ئابوری سەربەخۆ )، وەبەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی کوردستان بوو، نەك پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری وڵات. هەر بۆیەش ئابوری سەربەخۆ، لە بری ئەوەی ببێتە بنچینەیەکی بەهێز بۆ گەشەکردنی وڵات، بووە هۆکارێك بۆ لاواز بوونی قەوارەی هەرێم.

دوای هاتنی داعش بۆ عێراق لە (٢٠١٤) دا، دابڕانێکی گەورە لە رووی جوگرافی و کارگێڕیەوە لە نێوان ( هەرێم و بەغدا ) دا دروست بوو ، ئەمە وای لە سەرکردایەتی کورد کرد کە لە رووی سیاسی و ئابوریەوە هەست بە سەربەخۆیی زیاتر بکەن، بۆیە هەرێم بەردەوام بوو لەسەر فرۆشتنی نەوت، لە بەرامبەر ئەمەشدا بەغدا هەڕەشەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانی دەکرد. ئاشتی هەورامی[١] لە وەڵامی هەڕەشەکانی بەغدادا رایگەیاند :

(١) وەزیری سامانە سروشتیەکان بوو، شارەزایەکی زۆری لە بواری بازرگانی نەوتدا هەبوو. بۆیە ببووە راوێژکارێکی متمانە پێکراو لە لایەن دەستەڵاتدارانی کوردەوە.

ئەگەر ئێمە نەوتی خۆمان بفرۆشین، سێ ئەوەندەی بەغدامان دەست دەکەوێ. ئەم جۆرە لێکدانەوەیە وای لە دەستەڵاتی کوردی کرد، بێباك بێ بەرامبەر بە هەڕەشەکانی بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن بەغداوە. بۆیە هەرچەندە لە (٢٠١٤/١١/١٣) دا رێکەوتنێك لە نێوان هەرێم و بەغدا واژۆ کرا، کە دواتر رێکەوتنەکە لەنێو یاسای بودجەی (٢٠١٥) ی عێڕاقدا جێگیر کرا. بەپێی ئەو رێکەوتنە، پێویست بوو حکومەتی هەرێم رۆژانە (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی خۆی و (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوك لە رێگەی بۆڕی کوردستان ـ جەیهانی تورکیەوە رادەستی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق ( سۆمۆ ) بکات، لە بەرامبەریشدا حکومەتی عێراقی (١٧٪) ی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ ( سەرچاوەی پێشوو ). کەچی حکومەتی هەرێم پابەند نەبوو بە جێبەجێ کردنی رێکەوتنەکەوە، ئەم سیناریۆیە سالآنی دواتریش دووبارە بووەوە. چونکە دەستەڵاتدارانی کورد لە رێگەی بازرگانی نەوتەوە بوون بە خاوەن سەرمایەکی بێ شومار، نەیاندەویست دەست لەم سەرچاوە بە نرخە هەڵبگرن، ئەگەرچی بەو هۆیەوە گوزەرانی خەڵکی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبوو.

دوای قووڵ بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، دەستەڵاتدارانی هەرێم توانیان پشتیوانی زۆربەی حیزبەکانی کوردستان بەدەست بێنن لە پرسی سەربەخۆی فرۆشتنی نەوتدا. بەرپرسانی هەرێم هەموو لایەکیان لەوە دڵنیا کردەوە، کە ئەگەر هەرێم نەوتی خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بفرۆشێ، ئەوا دۆخی ئابوری وڵات زۆر باشتر دەبێ. کەچی بەو هۆیەوە هەرێم دووچاری قەیرانێکی گەورەی ئابوری بوو. حکومەت نەك هەر شکستی هێنا لە رووی خزمەتگوزاریەوە، بەڵکو لە پرسی دابەشکردنی مووچەشدا سەرکەوتوو نەبوو. جگە لەمەش حکومەتی هەرێم رایگەیاند کە زیاتر لە (٣٠) ملیار دۆلار قەرزدار بووە. هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە دووچاری هەرێم هاتن، بەهۆی گەندەڵی و قۆرخ کردنی ئابوری و بازاڕی کوردستان بوو لە لایەن دەستەڵاتدارانی هەرێمەوە.

خراپترین لێکەوتی ( ئابوری سەربەخۆ ) ئەوەبوو، حکومەتی هەرێم بۆ مسۆگەر کردنی فرۆشتنی نەوت، چووە ژێر هەژموونی ئابوری و سیاسی تورکیاوە. واتە هەرێم نەك هەر نەیتوانی ئابوریەکی سەربەخۆ دەستەبەر بکات، بەڵکو بوو بە پاشکۆی ئابوری تورکیا، وە بە شێوەیەکی ناروون و گوماناویەوە حکومەتی هەرێم رێکەوتنێکی (٥٠) ساڵەی لەگەل

تورکیادا واژۆ کرد. بەمەش هەرێم بە پشتیوانی و هاندانی تورکیا بووە رکابەرێکی بەهێزی بەغدا. هەژموونی تورکیا نەك هەر لە رووی ئابوری و سیاسیەوە زاڵ بوو بەسەر کوردستاندا، بەڵکوو لە رووی ئەمنی و سەربازیشەوە هەرێم بوو بە پێگەیەکی ستراتیجی تورکیا، بە جۆرێ دەیان بنکەی سەربازی و هەواڵگری تورکیا لە هەرێمدا بوونیان هەیە، بە تایبەتی لە ( زۆنی زەرد ) ی ژێر دەستی پارتیدا.

لە بارەی شکستی ئابوری سەربەخۆوە، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان لە مانگی (٨) ی ٢٠٢٠ دا رایگەیاند : خودی ئەوانەی ئابوری سەربەخۆیان لە هەرێمی کوردستان داهێنا گەندەڵ بوون. بۆیە ئابوری سەربەخۆ شکستی هێنا ( www.awene.com ) .

بە مەبەستی شاردنەوەی شکستی ئابوری سەربەخۆ و چەواشەکردنی خەڵك، دەستەڵاتدارانی هەرێم هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوەی گرنگە لای ئەوان پرسە نەتەوەییەکانە، نەك پرسی مووچە و پارە. لە کاتێکدا ئەوەندەی ئەوان شەڕیان لەسەر داهات و پۆست کردوە، شەڕیان لەسەر ماف و داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد نەکردوە. بۆ نمونە مەسرور بارزانی ( سەرۆکی حکومەت ) لە مانگی (٩) ی ٢٠١٩ دا، لە کۆبوونەوەی لەگەل فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا رایگەیاند : کێشەی خەڵکی کوردستان تەنیا بودجە و مووچە نیە، بەڵکوو ئێمە خاوەن پرسێکی نیشتیمانین و داخوازی نەتەوەییمان هەیە و هەرگیز دەستبەرداری ماف و داخوازیە دەستورییەکانمان نابین .( Kurdistan Tv . Net ).

هەر لە دوای دەستپێکردنی فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە رێگەی بۆرییەوە بە نێو خاکی تورکیا لە (٢٠١٤) دا، عێراق سکاڵای لەسەر تورکیا تۆمار کرد لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی / ژووری بازرگانی لە پاریس ( drawmedia . net ). وە لە ( ٢٠٢٢/٢/١٥) دا دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی بڕیاریدا لە دۆسیەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمدا، بڕیارەکە فرۆشتنی نەوت و گازی لە لایەن هەرێمەوە بە نادەستوری لە قەڵەمدا. بەو پێیەش مافی بە حکومەتی ناوەندیدا لە گرتنە بەری هەر رێکارێك دژی هەرێمی کوردستان بۆ رادەستکردنی دۆسیەی نەوت ( nrt tv.com ). بەمەش

نایاسایی بوونی فرۆشتنی نەوتی هەرێم سەلمێنرا، کە بە لاوازترین خاڵی هەرێم دادەنرێ و خەڵکی کوردستان بەو هۆیەوە باجێکی زۆریدا.

لە مانگی (٣) ی ٢٠٢٣ دا ژووری بازرگانی لە پاریس سکاڵاکەی سەر تورکیای لە بەرژەوەندی عێراق یەکلا کردەوە. بۆیە تورکیاش بەڵێنی بە حکومەتی عێراقیدا کە چیتر بەبێ ڕەزامەندی بەغدا ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان نادات ( tevdapress . com). بەمەش کۆتایی بە پرسی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی کوردستان هات، کە لە ماوەی (١٠) ساڵدا جگە لە نەهامەتی، هیچ سوود و دەسکەوتێکی بۆ هەرێم و خەڵکەکەی نەبوو.

دوای لەدەست دانی دۆسیەی نەوت، حکومەتی هەرێم خۆی ناچار بینی بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی لەیەك تێگەیشتن لەگەڵ حکومەت ناوەندیدا لە (٢٠٢٣/٤/٤) دا ( www.rudaw.net ). بەپێی ڕێکەوتنکە دۆسیەی نەوتی هەرێم ڕادەستی بەغدا دەکرێ، لە بەرامبەریشدا بەشە بودجەی هەرێم لە بەغداوە ڕەوانە دەکرێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەبوو، بەرپرسانی هەرێم ڕایانگەیاند : کە ئەم ڕێکەوتنە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هەرێم. چونکە ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر دەکات. پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەی کەواتە بۆچی ئەم (١٠) ساڵەی ڕابردوو ئامادە نەبوون ڕێك بکەون لەگەڵ بەغدا و ( خەڵکی کوردستان ) تان تووشی ئەم هەموو نەهامەتیە کرد؟

بەمەش بۆمان دەرکەوت کە ئابوری سەربەخۆ، جگە لە پڕوپاگەندەیەکی میدیایی لە لایەن دەستەڵاتی سیاسی هەرێمەوە، هیچی تر نەبوو. چونکە ئابوری سەربەخۆ، نە سەربەخۆ بوو، نە خزمەتیشی بە ژێرخانی ئابوری هەرێم کرد. لە ڕاستیدا لە سایەی ( ئابوری سەربەخۆ ) دا، دەستەڵاتدارانی هەرێم بوون بە خاوەنی دەیان ملیار دۆلار، بەڵام گوزەران و ژیانی خەلك کەوتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. لە هەمووی خراپتر بەشێکی زۆری ئەو دەسکەوتە داراییانەی کورد لە بودجەی عێراقدا بە دەستی هێنابوون، بەهۆی ( ئابوری سەربەخۆ ) وە لە دەستیدان.

# بەشی سێیەم :
# ئایندەی هەرێم لە سایەی قەیرانەکاندا

بەهۆی شکستی ئەزموونی حکومڕانی لە (٣٢) ساڵی رابردوودا، هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین قەیران بووەتەوە لە بوارەکانی ( سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، کارگێڕی و فەرهەنگی...هتدا ). ئەم قەیرانانە ئایندەی هەرێمیان تەواو لێڵ کردوە، وە رۆژ لە دوای رۆژ هەرێم پاشەکشێ دەکات و لە لێواری مەرگ نزیك دەبێتەوە.

بەهۆی ریفراندۆمەوە کورد لە (٥٠٪) ی خاکی کوردستانی لە دەستدا و تاڕادەیەك دەستبەرداری گەڕاندنەوەی مافە نەتەوەییەکانی بووە لەو ناوچانەدا. لەو بەشەی کە لەبەر دەستی حکومەتی هەرێمیش دایە، نەتوانراوە سەروەی خاکی کوردستان بپارێزرێ. تورکیا لە رووی سەربازی و هەواڵگریەوە ئەوەندە بەڵادەست بووە لە هەرێم، کە دەستی دەگاتە هەر شوێنێك بیەوێ. لە لایەکی تریشەوە ئێران هەر کاتێ بیەوێ، دەتوانێ بە ئاسانی دەست بخاتە نێو کاروباری هەرێمەوە. هەرچی ( پەکەکە ) شە زۆربەی ناوچە شاخاویە سەختەکانی خستۆتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. هەرچەندە بەشی هەرە زۆری داهاتی هەرێم دەچێتە بواری سەربازی و ئەمنیەوە، کەچی پێشمەرگە نەیتوانیوە سەروەری خاکی هەرێم بپارێزێ.

تا ئێستا لە هەرێمدا حکومەتێکی تەواو یەکگرتوو بوونی نیە. چونکە دوو زۆنی دەستەڵات بوونیان هەیە، زۆنی زەردی ژێر دەستی پارتی و زۆنی سەوزی ژێر دەستی یەکێتی. وە لە هەمووی گرنگتر لە هەرێمدا تا ئێستا هێزیکی نیشتیمانی بوونی نیە، ئەوەی هەیە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتیە. وە دوو هێزی ئاسایش بوونی هەیە، لەگەڵ دوو دەزگای هەواڵگری ( پاراستنی پارتی ) و ( زانیاری یەکێتی ). سەرەڕای ئەمەش چەندین هێز هەن کە تایبەتن بە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی.

لە هەمووی ترسناکتر ئەوەیە، لە هەرێمدا نەتوانراوە یاسا سەروەر بکرێ، بە ئاشکرا حیزب دەست دەخاتە نێو کاروباری حکومەتەوە. بەرپرسان و کەسانی دەست رۆیشتوو، خۆیان لە سەرووی یاساوە دەبینن. لە لایەن دەستەڵاتەوە هەوڵ دەدرێ کۆمەڵگە بە سەربازی بکرێ، بەوەی کە دەیان هەزار کەس بە ناوی ( پێشمەرگە و پاسەوان و ئاسایش

....هتد ) کراوە بە چەکدار، کە ئەرکی سەرەکی ئەو هێزانە زیاتر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەستەڵاتە.

ئابوری و بازار لە لایەن بەرپرسانی حیزبەوە قۆرخ کراوە، بازرگانی مادەی هۆشبەر و کەرەستەی قەدەغەکراو و بەسەرچوو بوونەتە دیاردەیەکی ترسناك. لە هەمووی دزێوتر بە هەزاران ئافرەتی سۆزانی هاوردە کراوە بۆ هەرێم، بە مەبەستی بازرگانی پێکردنیان، کە ئەمە بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر داروخاندنی رەوشت و ئاکاری کۆمەڵگە.

هەموو کەرتە گرنگەکانی وڵات پەراوێز خراون، حکومەت بە پلان بواری پەروەردە و تەندروستی پشتگوێ خستووە، بۆ ئەوەی بەرپرسانی دەستەڵات بتوانن زۆرترین وەبەرهێنان و بازرگانی لەم دوو بوارەدا بکەن. بە واتایەکی تر دەستەڵاتدارانی هەرێم ئەوەندی بیریان لای قازانج و کەڵەکە کردنی زیاتری سەرمایەیە، ئەوەندە بیریان لای بەرژەوەندیەکانی خەڵك و وڵات نیە.

ململانێ و کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی، گەورەترین هۆکارن بۆ خراپتر بوونی دۆخی هەرێمی کوردستان. ئەوەندەی تێڕوانینی تەسکی حیزبی و تاکەکەسی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی دەستەڵاتدارانی هەرێم، ئەوەندە دڵسۆزی و تێڕوانینی نیشتیمانی زاڵ نیە. ئەم دۆخە وای کردوە، هەرێم پێگەی سیاسی خۆی لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەدەست بدات.

ئەمریکا کە لە بەرژەوەندیدا نیە دۆخی هەرێم لەوە خراپتر بێ، هەمیشە هانی یەکێتی و پارتی دەدات بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوانیان. لەم بارەیەوە کونسوڵی گشتی ئەمریکا ( رۆبەرت پاڵەدینۆ ) لە (٢٠٢٢/٥/٢٢) دا رایگەیاند : کە کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی هەنگاوێکی گرنگە و دەستخۆشیان لێ دەکەم.

هەروەها خاتوو پلاسخارت[١] کە خۆی وەك کەسێکی بە پەرۆش بۆ دۆخی هەرێم نیشان دەدات، لە بۆنەیەکدا سەرکردایەتی هەرێمی لەوە ئاگادار کردەوە، کە دۆخی سیاسی هەرێم ئاوا نامێنێتەوە و کات لە بەرژەوەندی هەرێمدا نیە. وە ناوبراو لە کۆبوونەوەی نێچیروان بارزانی ( سەرۆکی هەرێم ) لەگەل سەرۆك و سکرتێری حیزبە کوردیەکان لە (٢٠٢٢/٨/١٠) دا ئامادە بوو، بە هەمان شێوە لەوێش هۆشداری بە لایەنە سیاسیەکاندا کە کات لە

(١) ناوبراو نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە عێراق.

قازانجیان نیە و پێویستە زوو بگەنە رێکەوتن ( www.awene.com ) . راستە مەبەستی پلاسخارت گەیشتن بوو بە رێکەوتن لەسەر دیاری کردنی وادەی هەڵبژاردن، بەڵام هۆشداریەکەی ئەوەی دەگەیاند کە ئایندەی هەرێم لە بەردەم مەترسیەکی گەورە دایە، ئەگەر کورد فریای خۆی نەکەوێ.

لە دەستدانی دۆسیەی نەوت لە بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی، وە قووڵ بوونەوەی زیاتری ناکۆکیەکانی نێوان یەکێتی وپارتی، کە هەڕەشەی گەورەن لەسەر ئایندی هەرێم، بەڵگەن لەسەر دروستی هۆشداریەکانی خاتوو پلاسخارت. بە جۆرێك لە ناوندە سیاسیەکانی ئەمریکاشدا، دیدێکی نەرێنی بەرامبەر بە دۆخی هەرێمی کوردستان دروست بووە. هەر ئەمەش بوو لە مانگی (٣) ی ٢٠٢٣ دا وای لە کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر کرد، راپۆرتێکی گۆڤاری ( فۆرین پۆلیسی )[١] لە پەیجی تایبەتی خۆی بڵاو بکاتەوە، کە تێیدا ئەوە هاتبوو، ماڵە کارتۆنیەکەی هەرێم لە لێواری رووخان دایە ( speemedia . com ).

حکومەتی هەرێم متمانەی خەڵك و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدەست داوە، بە جۆرێ لە کاتی لە دەستدانی دۆسیەی نەوتدا، خەڵکێکی زۆر خۆشحاڵ بوو. چونکە قازانج و دەسکەوتی نەوت تەنیا بۆ توێژێکی دیاری کراو بوو، بەڵام بۆ زۆرینەی خەڵك مایەی زیان و مەینەتی بوو. بۆیە پێشبینی ئاسۆیەکی روون ناکرێ لە داهاتووی هەرێمدا، ئەگەر دەستەڵات و حیزبە سەرەکیەکان پێداچوونەوە بە سیاسەت و کردەوکانیان نەکەن. ئەمەش ئەگەرێکی دوورە، بەهۆی دواکەوتوویی لە رووی هۆشیاری سیاسی و نەبوونی هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە نیشتیمان.

---

(١) گۆڤارێکی ئەمریکیە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوە، بە ئینگلیزی (Foreign policy ) بە واتای سیاسەتی دەرەوە دێت.

# دەروازەی بیست و چوارەم

## پرسی ناسیونالیزمی کورد و شێوازی چارەسەر بوونی

دەتوانین بڵێین پرسی نەتەوەیی کورد، پرسی نیشتیمانێکی داگیر و دابەش کراوە. ڕەنگە یەکخستنەوەی ئەستەم بێ، بەڵام ئازادکردنی ئەستەم نیە. کوردستان لە لایەن چوار وڵاتی ناوچەکەوە داگیر و دابەش کراوە، ئەوانیش بریتیتن لە ( تورکیا ، ئێران ، عێراق ، سوریا ). جگە لەمەش بەشێکی تریشی لە سەدەی نۆزدەهەمدا کەوتە ژێر دەستی رووسیای قەیسەری، کە دواتر بوو بە ( یەکێتی سۆڤیەت ). ئەستەمە بتوانرێ هەموو بەشەکانی کوردستان یەکبخرێ و کوردستانی گەورە پێك بهێنرێ، بەڵام دەتوانرێ هەر بەشە بەجیا سەربەخۆیی خۆی بەدی بێنێ.

داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو بۆ ملکەچ پێکردنی نەتەوەی کورد، پەنایان بردۆتە بەر چەوساندنەوە و سەرکوت کردنی گەلی کورد. کوردیش بۆ نەهێشتنی ستەم و رزگار بوون لە دەستەڵاتی داگیرکەر، پەنای بردۆتە بەر خەبات و بەرخودان. وە دوای گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردا، ئەم تێکۆشانەی ناسراوە بە خەباتی رزگاریخوازی کوردی.

هەست و بیری ناسیونالیستی کوردی، بە شێوەیەکی زۆر سست و نیوە ناچڵ گەشەی کردوە. وە زۆر لە بیرمەندان و شارەزایانی مێژووی سیاسی کورد، لەو بڕوایە دان کە هۆی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی کورد لە رووی هۆشیاری و بیری ناسیونالیستیەوە. کە بەو هۆیەوە کورد سەرەڕای خەباتێکی دوور و درێژ و قوربانی دانێکی زۆر، نەیتوانیوە قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

بەختیار عەلی[1] لە بارەی ( بیری ئازادی ) لەنێو ناسیونالیزمی کوردیدا دەڵێ (( فیکرەی ئازادی لەنێو ناسیونالیزمی کوردیدا، فیکرەیەکی روون و قووڵ و چەسپاو نەبووە. ئەوەی سیاسەتی کوردی بە درێژایی مێژووی خۆی بەدەستی هێناوە، دەستخستنی ئیمتیازی

(١) ناوبراو ئەدیب و بیرمەندێکی ناسراوی کوردە. خاوەن دەیان بەرهەمی ئەدەبی و بابەتی رەخنە گرانەیە.

ژێردەستەکانە..... کورد ململانێی لەگەڵ داگیرکەردا لە بازنەی خۆ پاراستنەوە نەگواستۆتەوە بۆ بازنەی دان پێنان )) ( هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە٢٤١،ل٥ ).

گەورەترین گرفتی نەتەوەی کورد، بریتیە لە بێ بەشکردنی لە ئازادی نەتەوەیی. بەدەست هێنانەوەی ئازادیش، تەنیا لە رێگەی رزگاربوونی نەتەوەیی و دان پێنانی سیاسیەوە دەستەبەر دەبێ. بەڵام خەبات و قوربانی دانی بزافی رزگاریخوازی کوردی، ئەوەندەی لە پێناو دەسکەوتی سیاسی بووە، ئەوەندە لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی نەبووە. رەنگە ئەم دەسکەوتە سیاسیانە لە مەینەتیەکانی کورد کەم بکەنەوە، بەڵام هەرگیز کێشە بنەڕەتیەکەی چارەسەر ناکەن، کە بریتیە لە نەهێشتنی چەوساندنەوە و هەڕەشەی لەناوبردن.

ئەزموونە مێژووییەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی ئەوەیان سەلماندوە، کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەدی نایەت. وە داخوازیە نیوە ناچڵەکانی بزافی کوردی، وەك ( مافی کەلتوری، نا ناوەندیەتی [1]، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی ) چارەسەری کێشەی کورد ناکەن. چونکە گەلە سەردەستەکانی ناوچەکە [2]، لە رووی کەلتوری و هۆشیاری سیاسیەوە دواکەوتوون، وە هیچ بڕوایەکیان بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی نیە. ئەو دەوڵەتانە، وەك چەند دەوڵەتێکی دکتاتۆری و رەفتار فاشی هەڵسوکەوت دەکەن. بۆیە کێشەی نەتەوەی کورد، بەو گەلە ستەمکار و دواکەوتووانە چارەسەر ناکرێ ( گرفتە سەرەکیەکانی کورد،ل١٥ ).

دەکرێ کێشەی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا چارەسەر ببێ، کە وڵاتەکە دیموکراسی بێ و رێز لە ئازادی و بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرێ، بەڵام زۆر ئەستەمە لە سایەی سیستەمە نا دیموکراسیەکاندا کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان چارەسەر ببێ. رەنگە نەتەوەی ژێردەست بتوانێ هەندێ ماف و دەسکەوتی نەتەوەیی بەدەست بێنێ، بەڵام ئەو دەسکەوت و مافە کەمانە گەرەنتی چارەسەرکردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی ناکەن. بۆیە چارەسەری راستەقینەی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتە نا دیموکراسیەکاندا، تەنیا لە رێگەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی سیاسیەوە دەستەبەر دەبێ.

---

(١) نا ناوەندیەتی، مەبەست لێی سیستەمی لا مەرکەزیە.

(٢) مەبەست لە گەلە سەردەستەکانی ناوچەکە، تورك و فارس و عەرەبە.

بەپێی ئەم تێڕوانینەی سەرەوە، تەنیا دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی چارەسەرە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد. بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دوو مەرجی سەرەکی هەن کە پێویستە بێنەدی ١) بوونی ویستێکی راستەقینە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ٢) زەمینەسازیی و هەنگاو نانی کردەیی بۆ بنیات نانی پایەکانی دەوڵەت. لەنێو بزافی رزگاریخوازی کوردیدا، رەنگە تاڕادەیەك ویستێك هەبێ بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام هیچ هەوڵێکی راستەقینە بەدی ناکرێ بۆ بەدی هێنانی بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

لە بارەی بوونی ویستێکی راستەقینە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی، سەعید شەمس بەم جۆرە باس لە بۆچوونی خۆی دەکات ؛ دروست بوونی ویستی نەتەوەیی بۆ بنیات نانی دەوڵەتی کوردی، پێش هەموو شتێك مەرجێکی سەرەکیە. چونکە ئیمڕۆ بزوتنەوەی کوردی توانای زۆری لەبەر دەست دایە، بەڵام لە هەمان کاتدا ستراتیجیەکەی زۆر لێڵ و نارۆشنە. راستە بۆ بەدی هێنانی خەونی دەوڵەتی کوردی، کورد پێویستی بە یارمەتی و پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکان هەیە، بەڵام ئەگەر کورد ئیرادەی نەتەوەیی و ستراتیجیەتی بنیات نانی ئەو ئیرادەیە بکات بە تەوەری سەرەکی، ئەو کات هەم لە بەدەست هێنانی پشتیوانی زلهێزەکان سەرکەوتوو دەبێ، وە هەم نابێ بە ئامێری کایەی زلهێزەکان و ناشبێ بە کلك و پاشکۆی سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەوان ( گۆڤاری کۆچ، ژمارە١٧،ل٣٥٩ ).

راستە لە باشوری کوردستاندا، حیزبەکان پشتگیریان لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کرد، بە تایبەتی پارتی دیموکرات کە ( سەربەخۆیی ) کردە دروشم و ئامانجی سەرەکی خۆی، بەڵام تا ئێستا داخوازی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی بانگەشە و پڕوپاگەندەی سیاسی دەرنەچووە و نەبووەتە پڕۆژەیەکی ستراتیجی. سەربەخۆیی تەنیا بە بانگەشە نایەتە دی، بەڵکو دەبێ هەڵمەتێکی گشتگیری بۆ ئەنجام بدرێ، هەم لە ئاستی ناوخۆ، وە هەم لە ئاستی دەرەوەش، کە لە کوردستانی باشوردا هیچ هەڵمەتێکی لەم شێوەیە بەدی ناکرێ.

ئەگەر کورد پڕۆژەی دروست کردنی دەوڵەت بکات بە ستراتیجیەتی نەتەوەیی، وە هەنگاوی پێویست بۆ هێنانە دی ئەم ستراتیجیەتە بگرێتە بەر، رەنگە بتوانێ پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکانیش دەستەبەر بکات. چونکە زلهێزەکان کاتێ پشتیوانی لە سەربەخۆیی

کورد دەکەن، ئەگەر کورد هەنگای گەورە بنێ بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکەی. چونکە ئەو کات دوور نیە بەرژەوەندی زلهێزەکان لەگەڵ پڕۆژەکەی کوردا یەك بگرێتەوە.

ئاسۆ گەرمیانی لە بارەی دروشمی دەوڵەتی کوردیەوە دەڵێ (( من پێم وایە لە ئیمرۆ بە دواوە، ئەو پارتە دەبێتە بنە و پایەی هێڵی گشتی سەرنج راکێشی نەتەوەی کورد، کە دروشمی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لە پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆیدا بە زەقی هەڵگرێ و بە پراکتیك کاری بۆ بکات )) ( دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ...،ل١٥٥ ). ئیمڕۆ زۆربەی حیزبە کوردیەکانی باشور لە پڕۆگرامی سیاسیاندا باس لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) و پرسی سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام هیچ حیزبێك بە کردەوە ئامادەسازیی ناکات بۆ بنیات نانی بنەماکانی سەربەخۆیی.

نادر ئینتیسار لە بارەی پرسی دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە لای کوردا دەڵێ (( کورد ئەگەرچی خۆشیان باسی لێوە نەکەن و وەکوو دروشمیش بەرزی نەکەنەوە، بەڵام یەکەمین نەتەوەی سەر زەوین کە دەوڵەتیان نیە و بەهێزترین تموحی دروست کردنی دەوڵەت و بەهێزترین بنەمای مادی دروست کردنی دەوڵەتیان هەیە )) ( رۆڤار،ژمارە١٦، ل٥٧ ). لە راستیدا کورد بنەمای مادی زۆر بەهێزی هەیە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵام خاوەن پڕۆژەیەکی ئەوتۆ نیە بۆ سوود وەرگرتن لەو بنەما مادیانە.

حوسێن محەمەد عەزیزیش لەم بارەیەوە دەڵێ (( دوور نیە هەندێ لە پیاوە رامیاریە کلاسیکیەکانی کورد بڵێن، بارودۆخی نێودوڵەتی لەبار نیە بۆ داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان ئەو پلانە قبوڵ ناکەن و بەو نەخشە نوێیەی رۆژهەڵاتی ناوەند رازی نابن. لە وەڵامدا دەڵێم : ئەوە پتر لە بیانوو دەچێ، چونکە کەی گەلانی ناوچەکە داوای ئازادی و سەربەخۆیی تەواوی نەتەوەیی خۆیان کردوە؟ وە کەی هەوڵیان بۆ دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی ناسیونالیستی سەربەخۆ داوا، تا ئەوان قایل نەبن؟! خۆ ئەگەر لە سەرەتادا دژی بن، ئەوا کاتێ جەماوەری ئەو گەلانە لەسەر داواکاریە رەواکانی خۆیان پێ دادەگرن، ئەوانیش کۆڵ دەدەن و ناچار دەبن بیر لە چارەسەرێکی بنەبڕی بکەنەوە، وە چیدیکە دژی نەبن و دان بە مافە رەواکانی گەلانی ناوچەکەدا بنێن. لەم بوارەدا، تاقی کردنەوەی گەلانی ( ئیستلاند ، لێتلاند ، لیتوانیا ، ئەریتریا ) مان هەیە. سەرەتا دەوڵەتە زلهێزەکان، هەموویان دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەو گەلانە

بوون، بەڵام کاتێ ئەو گەلانە لەسەر داواکاریە رەواکانی خۆیان سوور بوون، ئەوانیش ناچار بوون کۆڵ بدەن و پشتگیریان بکەن، ئیمڕۆش هەموویان لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتی ناسیونالیستەکانی خۆیاندا بە ئازادی و سەربەخۆیی دەژین )) ( گرفتە سەرەکیەکانی کورد،ل١٦ـ١٧ ).

زۆربەی جار بزافی کوردی لەبار نەبوونی دۆخی نێودەوڵەتی، دەکاتە بیانوو بۆ داوا نەکردنی سەربەخۆیی. کورد دەبێ خۆی هەوڵ بدات پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ( سەربەخۆیی ) بەدەست بێنێ، لە رێگەی خەبات لە ناوەوە و هەوڵ دان لە دەرەوە، نەك چاوەڕێی دۆخێك بکات کە تێیدا پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی کورد دەستەبەر ببێ. چونکە جیهانی دەرەوە هەرگیز بە کورد نالێ، ئێوە سەربەخۆیی رابگەێنن و ئێمەش پشتگیریتان دەکەین.

بە سەرنجدان لە مێژووی بزافی سیاسی کوردی، چەندین جار بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ کورد لەبار بووە کە داوای سەربەخۆیی بکات و دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێ، بەڵام کورد نەیتوانیوە یان نەیویستوە ئەم هەنگاوە بنێ. بۆ نمونە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، هەلومەرجێکی زۆر لەبار هەبووە بۆ کوردانی باشور و باکور، کە بە یەکخستنی ریزەکانیان و پشتیوانی هاوپەیمانان دەوڵەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنن، بەڵام نەیانتوانیوە ئەم ئامانجە بێننە دی. هەروەها لە دوای راپەڕینی (١٩٩١) لە باشوری کوردستاندا، بارودۆخێکی نێودەوڵەتی باش هاتبووە ئاراوە کە کوردانی باشور داوای ( مافی چارەی خۆنووسین ) بکەن، بەڵام سەرکردایەتی کورد نەیتوانی سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرێ. وە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش لە (٢٠٠٣)، هەمان هەلومەرج بۆ کوردستانی باشور هاتبووە ئاراوە، بەڵام حیزبە کوردیەکان ئەو دەرفەتەشیان لە دەستدا. وە لە دوای هاتنی داعش بۆ عێراق لە (٢٠١٤) دا، دەرفەتێکی زۆر زێڕین بۆ باشوری کوردستان هاتە پێش کە لە عێراق جیا بێتەوە و دەوڵەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنێ، بەڵام سەرکرایەتی کورد نەیتوانی زەمینە سازیەکی پێویست ئەنجام بدات نە لە ئاستی ناوخۆ، وە نە لە ئاستی دەرەوەش بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. بۆیە هەرچەندە لە ٢٠١٧ دا ( ریفراندۆم ) یشی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت.

ڕێبوار ڕەشیدا لە پێشەکی کتێبی ( کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی ) دا لەم بارەیەوە دەڵێ (( کورد پێش ئەوەی لە مافی ڕەوای خۆی بدوێ و دیاری بکات و فۆرمەلەی بکات و بیخاتە بەردەم جەماوەری نێودەوڵەتی و هێزە نێو نەتەوەییەکان و نەخشە و پلانی بۆ دابنێ، دەچێ سەیری هێزی دوژمن و دەستەڵاتی کۆلۆنیالی دەکات )) ( کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، ب١ ).

کورد ئەگەر بیەوێ کێشە نەتەوەییەکەی چارەسەر بکات، نابێ بە لەبەرچاو گرتنی هاوسەنگی هێز لە نێوان خۆی و دوژمنەکانیدا خواستە نەتەوەییەکانی دیاری بکات. چونکە دوژمنانی کورد کە خاوەن دەوڵەت و هێزی نیزامین، هەمیشە زۆر لە کورد بەهێزترن. بۆیە پێویستە کورد بەر لە هەموو شتێ، باشترین ڕێگە چارە دیاری بکات بۆ کۆتایی هێنان بە نا دادپەروەری و ستەمی نەتەوایەتی، ئینجا کار لەسەر پێشخستنی خەباتی نەتەوەیی بکات، تا ئەو کاتەی دوژمنانی ناچار دەبن مل بۆ خواستەکانی کەچ بکەن.

وەك باسمان کرد باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەییە. بۆیە دەبێ حیزبە ناسیونالیستە کوردیەکان، خواستی دروست کردنی دەوڵەت بکەن بە ئامانجی سەرەکی خۆیان، وە ئامادەسازیی گەورەش بکەن لە پێناو هێنانە دی ئەم ئامانجەدا. پەکەکە لە سەرەتای دروست بوونیدا دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەرز کردەوە، وە تێکۆشانی گەورەشی ئەنجامدا لە پێناو ئەم ئامانجەدا. بەڵام دوای هاتنە ئارای هەندێ گۆڕانکاری سیاسی لە تورکیا و ناوچەکەدا، وازی لەم داخوازیە هێنا. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەی سیاسی بوو کە ( پەکەکە ) ئەنجامیدا. چونکە ناکرێ بە گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی، حیزب دەستبەرداری ستراتیجیەتی نەتەوەیی خۆی ببێ. وە پارتی دیموکرات لە باشوری کوردستاندا، لەم چەند ساڵەی دواییدا دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردەوە، وە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ریفراندۆمی ئەنجامدا، بەڵام لەبەرئەوەی بە کردەوە کاری پێویستی ئەنجام نەدا بۆ دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەت، بۆیە ریفراندۆم لە بری سەرکەوتن، کوردی دووچاری شکستێکی زۆر گەورە کرد.

تا ئێستاش لە کوردستانی ( ئێران و تورکیا ) دا، حیزبە کوردیەکان داوا لە ڕژێمی دەستەڵاتدار دەکەن کە سیاسیەتی خۆی بەرامبەر بە کورد و مافە نەتەوەییەکانی بگۆڕێ.

وە داوا لە جیهانی دەرەوەش دەکەن، کە داوا لە رژێمی فەرمانڕەوا بکەن سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کێشەی کورد بگۆڕێ. هەروەها داوای ئەوەش لە رژێم دەکەن، کە کێشەی کورد چارەسەر بکات و دیموکراسی لە وڵاتدا بچەسپێنێ. بەڵام لەبەرئەوەی داگیرکەرانی کوردستان رژێمی نا دیموکراسین، بۆیە هەرگیز گوێ لە دەنگە ئازادیخوازەکان ناگرن.

پێویستە بزافی رزگاریخوازی کوردی خاوەن ستراتیجیەتێکی روون و نەگۆڕ بێ سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکەی، بۆ ئەوەی هەم داگیرکەرانی کوردستان، وە هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد تێبگەن. بەڵام بزافی سیاسی کوردی هەمیشە سیاسەتێکی نەتەوەیی لێڵ و نارۆشنی هەبووە، نە توانیویەتی خۆی یەکلا بکاتەوە کە داوای چی دەکات، نە دنیای دەرەوەش توانیویەتی لە خواستە راستەقینەکانی تێبگات!

لەم بارەیەوە رێبوار رەشید دەڵێ (( سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردسستاندا، لەگەڵ هێزی دوژمندا پرۆگرامێکی بەرجەستە و دیار و ئاشکرای نیە و گیروگرفتی نەتەوەکەی خۆی لە فۆرمێکی تایبەتی و گەڵاڵە کراودا ناخاتە بەردەست )) ( کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی،ب١ ).

لە دوای بڵاو بوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو کوردا، کورد بە زۆری لە رێگەی خەباتی چەکداریەوە داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆی کردوە، تەنانەت ئەگەر داخوازیە سیاسیەکانیشی زۆر گەورە نەبوو بن. بۆ نمونە لە باشوری کوردستاندا، کورد بۆ ماوەی سی ساڵ (١٩٦١ـ١٩٩١)، خەباتی چەکداری لە پێناو ( ئۆتۆنۆمی ) دا کردوە لە چوارچێوەی عێراقدا. خەباتی چەکداری هەمیشە قوربانی و ماڵ وێرانیەکی زۆری بە دواوەیە، بۆیە پێویستە تەنیا لە پێناو داخوازی شایستەدا پەنا ببرێتە بەر خەباتی چەکداری. ئەو داخوازیەی کە شایستەیە کورد لە پێناویدا قوربانی و باجی زۆر بدات، تەنیا دیاری کردنی مافی چارەی خۆ نووسینە.

حوسێن محەمەد عەزیز لەم بارەیەوە دەڵێ (( تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی خەباتی گەلانی جیهان دەریان خستووە، شۆڕشی چەکداری تەنیا بۆ مافی چارەنووس، رزگاری، سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیونال بەرپا دەکرێ. بۆ بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی، کەس بە دەستی خۆی ماڵی خۆی وێران ناکات. لەم بوارەشدا

شۆڕشی گەلانی ( جەزائیر، ڤێتنام، کەمبۆدیا، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق و ئەریتریا... هتد )، بەڵگەی زیندووی بۆچوونەکانمان بە دەستەوە دەدەن. تەنیا یەك گەلی بندەست لەم جیهانەدا بەدی ناکرێ، شۆڕشی چەکداری بۆ ئەو مافە نیوە ناچڵانە بەرپا کردبێ )) ( گرفتە سەرەکیەکانی کورد،ل٤٢ـ٤٣ ).

کەمال میراودەلی لە بارەی بزافی کوردی لە باشوری کورستاندا دەڵێ (( کورد لەسەر دەستی رژێمی بەعس دووچاری جینۆساید بووەوە. بە هەموو مانا و دامێنەکانیەوە، میللەتێك ئەمەی بەسەر بێ، قەت جارێکی تر ناوی دوژمنەکەی ناهێنێ، وە تا سەربەخۆ نەبێ و تۆڵەی تاوانی جینۆساید بەپێی دادپەروەری سروشتی و یاسای جیهانی و پەیمانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکاتەوە )) ( گۆڤاری لڤین،ژمارە١٣٧،ل١١ـ١٢ ).

دوای ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیا باران لە لایەن رژێمی بەعسەوە دژ بە گەلی کورد، دەرکەوت کە ناتوانرێ سەلامەتی کورد دەستەبەر بکرێ لە چوارچێوەی عێراقدا. بۆیە پێویست بوو سەرکردایەتی کورد دوای ئەو تاوانانە، بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە لە عێراق، بەڵام حیزبە کوردیەکان هەر سووربوون لەسەر بیرۆکەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

ئیسماعیل بێشکچی لە بارەی بزافی رزگاریخوازی کورد لە سەدەی بیستدا دەڵێ (( خەباتی چەکداری کورد لە سەدەی بیستدا، راپەڕینی ناوچەیی بوو. جگە لە بزوتنەوەی کوردی باشوری کوردستان لە (١٩٦١ـ١٩٧٥) دا لەژێر سەرکردایەتی مستەفا بارزانیدا. جگە لەم بزوتنەوەیە، ئەوانی تر نەیانتوانیوە سیمای نەتەوەیی وەربگرن و سنوری ناوچەیی بە جێبێڵن. ئەم بزوتنەوانە نەیانتوانیوە قورسیەکی ئەوتۆ لەسەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دابنێن. بۆیە ئەو رێگایانەی کە کورد لە خەباتی خۆیدا تاقی کردونەتەوە، لەبەرئەوەی خەباتێکی یەکگرتووی هەموو نەتەوە نەبووە و، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی بەرنامەی دیاری شایان بە مەسەلەی نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراو نەبووە، نەگەیشتوونەتە ئاستی بەدەست هێنانی داواکانی کورد. بێگومان کورد لە ترسی سیاسەتی سەرکوت کەرانەی داگیرکەرانی کوردستان و سیاسەتی نا مرۆڤانەی دەوڵەتانی بڕیار بەدەست، بەردەوام ویستە رەواکانی خۆی حەشار داوە و لە بری بەرز کردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەت و یەکگرتنەوە، دروشمی زۆر تەسکی وەکوو

لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی بەرز کردۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، داگیرکەرانی کوردستان ئەو مافە کەمەشیان پێ رەوا نەبینیوە )) ( رۆڤار،ژمارە١٦،ل٥٦ ).

لە راستیدا هەڵسەنگاندنەکەی ( ئیسماعیل بێشکچی ) بۆ بزافی چەکداری کوردی (١٩٦١ـ١٩٧٥) بە رێبەرایەتی مستەفا بارزانی، جێگەی پرسیارە. چونکە ( شۆڕشی ئەیلول ) یش بەدەر نەبووە لە بزافێکی چەکداری ناوچەیی، کە هەم سنوری باشوری کوردستانی تێنەپەڕاندوە، وە هەم داخوازی و ئامانجەکانیشی تەنیا تایبەت بوون بە باشوری کوردستان، کە بەرجەستە ببوون لە دروشمی ( ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق ).

ئەگەر حیزبێکی کوردی خاوەن پڕۆژەیەکی نەتەوەیی گەورە بێ، وە پشت بە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان ببەستێ، رەنگە بتوانێ دەسکەوتی زۆر گەورە بەدەست بێنێ. تاکە حیزب کە توانیویەتی سەرنجی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستاندا بە لای خۆیدا رابکێشێ ( پەکەکە ) یە. بەڵام کێشەی گەورەی پەکەکە لەوە دایە، کە خاوەن ستراتیجیەتێکی دیار و رۆشن نیە، بەڵکو هەر رۆژە و پڕۆژەیەك دەخاتە روو بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد. بۆیە جگە لەو دەسکەوتانەی کە ئێستا لە کوردستانی خۆرئاوادا بەدەست هاتوون، پەکەکە نەیتوانیوە دەسکەوتی زۆر گەورە بەدەست بێنێ.

لە سایەی ئەو دۆخە سیاسیە ئاڵۆزەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، زۆر ئەستەمە کورد بتوانێ هەموو کوردستان ئازاد بکات و دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی گەورەدا دابمەزرێنێ، بەڵام دەکرێ هەر بەشە و بەجیا سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێ. بۆیە زۆر سروشتی و ئاساییە، ئەگەر حیزبی کوردی دروشمی لۆکاڵی هەڵبگرێ، بەڵام کەمتر لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) داوا نەکات. ئیمرۆ ئامانجی بزافی کوردی لە گشت بەشەکانی کوردستاندا، ئامانجی لۆکاڵین نەك نیشتیمانی[١]

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، سێ ئەزموونی کوردیمان هەیە کە داوای دروست کردنی دەوڵەتی کوردیان کردوە، ئەوانیش ئەزموونەکانی ١) شێخ مەحمود لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ٢) پەکەکە لە دوای دامەزراندنی تا نەوەدەکانی سەدەی

(١) مەبەست لە نیشتیمانی، کوردستانی گەورەیە.

رابردوو       ٣) پارتی دیموکرات لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا. شێخ مەحمود هەم نەیتوانی سەرنجی زۆرینەی خەڵکی لە باشوری کوردستاندا بە لای خۆیدا رابکێشێ، هەمیش سیاسەتێکی هەڵەی بەرامبەر بە ئینگلیز گرتەبەر، بە تایبەتی کاتێ پشتی بە تورك بەست. بۆیە نەك هەر نەیتوانی ئامانجەکانی بێنێتە دی، بەڵکو نەیتوانی پارێزگاری لەو دەسکەوتانەش بکات کە بە پشتیوانی ئینگلیز بەدەست هاتبوون. هەرچی ( پەکەکە ) یە، دوای هاتنە ئارای هەندێ گۆڕانکاری سیاسی لە تورکیادا، دەسبەرداری ئامانجی سەربەخۆیی بوو. بە تایبەتی دوای دەستگیر کردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە لایەن تورکیاوە، پەکەکە ئاستی داخوازیەکانی زۆر هێنایە خوارەوە. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەی ئەم حیزبە بوو، چونکە حیزبی خەباتگێر، ناکرێ بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیەوە، دەستبەرداری ئامانجە ستراتیجیەکانی بێت. هەرچی سەبارەت بە ( پارتی ) یشە، پێداگریەکی زۆری لەسەر دروشمی سەربەخۆیی کرد، وە بە سووربوونی بارزانی ریفرندۆمیش ئەنجام درا، بەڵام هیچ هەنگاوێکی گەورەی نەنا بۆ هێنانە دی بنەماکانی سەربەخۆیی. بۆیە لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو.

بۆ دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی کوردستان، زۆر گرنگە پشتیوانی ئەمریکا بەدەست بهێنرێ. راستە سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردستاندا زۆر گرنگی بە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی دەدا لەگەڵ ئەمریکادا، بەڵام ئەوەی سەرکردایەتی کورد دەیکات زیاتر هەوڵ دانە بۆ لەخۆ رازی کردنی ئەمریکا، وە نەیتوانیوە لە رووی دبلۆماسیەوە ئەو بڕوایە لای حکومەتی ئەمریکا دروست بکات، کە پشتیوانی کردن لە سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەمریکادا دەبێ لە ناوچەکەدا. بۆیە تا ئێستا ئەمریکا بە گومانەوە لە بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان دەڕوانێ.

عومەر نورەدینی لە بارەی بایەخی کورد لە سیاسەتی ئەمریکادا دەڵێ (( بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژی، بوونەتە رکابەری ئەمریکا، بایەخی حکومەتە ناوەندیەکانی ئەم وڵاتانە لای ئەمریکا کەم بووەتەوە. لە بەرامبەردا دۆزی کورد وەك پەراوێزی رکابەری ئەو ناواندانە، بایەخی لای سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا زیاد بووە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراقدا )) ( سیتەمە نوێی جیهان و...،ل٤٣٢ ).

ڕژێمە فەرمانڕەواکانی ئێران و سوریا، چەندین ( دەیە ) یە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان هەیە بەرامبەر بە ئەمریکا. ڕژێمی فەرمانڕەوای ئێستای عێراقیش، بەهۆی نزیکی لە ئێرانەوە، ناتوانێ خۆی بە باشی بگونجێنێ لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. هەرچی دەوڵەتی تورکیاشە، لە زۆر بۆنەدا پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریکا هەڵسوکەوت دەکات، بە تایبەتی لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ( رووسیا ) دا، وە سیاسەتە هەرێمیەکەشی زۆر بە دڵی ئەمریکا نیە، بۆیە تاڕادەیەکی زۆر لە بازنەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دوور کەوتۆتەوە. بۆیە ئەم دۆخە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ کورد کە بتوانێ بە تەواوی پشتیوانی ئەمریکا بەدەست بێنێ، بەڵام بزافی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە تاڕادەیەکی زۆر متمانەی ئەمریکا دەستەبەر بکات. ئەمە لە کاتێکدا لە ڕوانگەی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، کورد باشترین هێزە بۆ دژایەتی کردنی تیرۆر لە ناوچەکەدا. پشتیوانی و هاوکاری ئەمریکا بۆ ( یەپەگە ) لە سوریا و هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا، هەرگیز بەو واتایە نایێ کە ئەمریکا پشتیوانی لە چارەسەر بوونی دۆزی کورد دەکات، کە هەندێ سیاسەتڤان بە هەڵە ئەمە لێك دەدەنەوە.

ئەگەرچی تورکیا لە زۆر بۆنەدا بە پێچەوانەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەڵوێست دەنوێنێ، وە لەم دواییەدا ڕەخنەیەکی زۆری هاتۆتە سەر لە بواری مافی مرۆڤ و ڕێز گرتن لە بەها دیموکراسیەکان، کەچی تا ئێستا هەڵوێستی ڕەسمی ئەمریکا بەرامبەر بە پەکەکە نەگۆڕاوە، وە پەکەکە یەکێکە لە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لە ڕوانگەی حکومەتی ئەمریکاوە. لە ڕاستیدا بەشێك لە بەرپرسیاریەتی ئەمە دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسانی پەکەکە، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە تێڕوانینی ئەمریکا بەرامبەر بە حیزبەکەیان بگۆڕن.

بە بۆچوونی ئاسۆ گەرمیانی، ئەگەر داخوازی کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین، ڕەزامەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر بێ، ئەوا کێشەی دەوروبەر، کێشەیەکی زۆر گەورە و ڕێگر نابێ ( دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ...،ل١٠٦ ). لە ڕاستیدا ئەگەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە کردەوە پشتیوانی لە ( مافی چارەی خۆنووسین ) ی کورد بکەن، لە ئایندەشدا دەبنە پشتیوانێکی بە هێز بۆ قەوارە نەتەوەییەکەی.

لە ڕاستیدا کاتێ وڵاتانی دەوروبەر ناتوانن ببنە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کوردستانی سەربەخۆ لە ئایندەدا، ئەگەر کورد لە ناوخۆدا بەسەر کێشە و قەیرانە قوڵەکانیدا زاڵ بێ و

سەرکەوتوو بێ لە بە دامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکانی وڵات و بە سەروەری کردنی یاسادا. چونکە بەبێ چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەت، کورد ناتوانێ بەرگەی هەڕەشەکانی دەرەوەی خۆی بگرێ. ئەو کاتیش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەبێتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئایندەی نەتەوەی کورد. وەك چۆن لە ریفراندۆمی (٢٠١٧) دا روویدا.

سالار اوسی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامە نووسی لەگەڵ ( فەرید ئەسەسەرد ) دا، لە بارەی بزافی سیاسی کورد بۆچوونەکەی بەم شێوەیە دەخاتە روو (( هەندێ بۆچوون کۆکن لەسەر ئەوەی کە کەمتەرخەمی سیاسی هەبووە لە لایەن جوڵانەوە سیاسیەکانی کورد لە گشت ئەو شوێنە جیاوازانەی بوونی کوردی تێدا هەیە، کە هەر لە سەرەتاوە دۆزی کوردیان بە شێوەیەکی بەش بەش و جیا خستۆتە روو لە هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان. کە ئەمە دۆزەکەی لاواز کردوە لە رووی ئامادەبوون و رەوایەتیەوە لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، وەك پرسێك کە پێویستی بە چارەسەر هەیە. لە کاتێکدا کە پێویست بوو لەسەر جوڵانەوەی سیاسی کورد، کێشەکە بخاتە روو لە روانگەیەکی هەمە لایەنی، یاخود وەك یەك کێشە کە بەش بەش نابێ لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کوردی تێدایە )) ( الکرد والديمقراطية،ص١٥ ).

لە راستیدا هەمیشە بزافی کوردی بە بەراورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان زۆر لاواز بووە، بۆیە کاری دروست کردنی بزافێکی نەتەوەیی گشتگیر کە لە یەك کاتدا هەوڵ بۆ ئازادی هەموو کورد بدات، لە توانای بزافی رزگاریخوازی کوردیدا نەبووە. پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنی تا نەوەدەکانی سەدەی بیست، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خەبات لە پێناو ئازادی گشت کوردا دەکات، وە دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەرز کردبوەوە. کەچی لە دوای نەوەدەکانەوە، نەیتوانی لەسەر ئەم رێبازە نەتەوەییە بەردەوام بێت، وە دەستبەرداری ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانیش بوو. بۆیە ئاساییە هەر بەشێکی کوردستان بزافێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ و هەماهەنگی لە نێوان بزافی کوردی لە سەرجەم بەشەکاندا بوونی هەبێ، چونکە زۆر ئەستەمە بتوانرێ دەوڵەتی کوردستانی گەورە پێك بهێنرێ.

دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە بارەی بڕیاردانی کورد لە ( دیاری کردنی مافی چارەنووس ) دا دەڵێ (( هەر ئەوە نیە کە گەلی کورد بە رواڵەت دەوڵەتێکی تایبەتی خۆی

هەبێ، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە گەلی کورد بە راستی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەبێ و بە ئازادی بتوانێ ئەم مافە بەکار بێنێ )) ( کوردستان و کورد،ل٣٣٣ ).

لە رووی زانستی و واقعیەوە بۆچوونەکەی عەبدولرەحمان قاسملۆ لە بارەی مافی کورد لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا زۆر راستە، بەڵام کێشە گەورەکەی بزافی رزگاریخوازی کوردی لەوە دایە، کە زۆر لە حیزبە کوردیەکان تەنیا وەك بانگەشەیەکی سیاسی رەفتار لەگەڵ دروشمی (مافی چارەی خۆنووسین ) دا دەکەن، یاخود بە هەڵە لە بنەماکانی ( مافی چارەی خۆنووسین ) تێگەیشتوون. چونکە لە کاتێکدا ئەوان داوای ئەو مافە دەکەن، لە زۆر بۆنەدا بە ناوی گەلەوە بڕیار لە پرسە چارەنووس سازەکان دەدەن. لە کاتێکدا بنەمای سەرەکی مافی چارەی خۆنووسین، بریتیە لە گەڕانەوە بۆ خەڵك لە یەکلا کردنەوەی پرسە نیشتیمانی و چارەنووس سازەکاندا.

یەکێك لە کێشە گەورەکانی بزافی رزگاریخوازی کوردی ئەوەیە، کە تاکوو ئێستا بیر و باوەڕی ناسیونالیستی لەنێو جڤاتی کوردیدا[1] زۆر لاوازە. زۆربەی حیزبە کوردیەکان لە رووی پەروەردەیی و بیر و باوەڕی سیاسیەوە زۆر لاوازن، بۆیە هەم ناتوانن کاریگەریەکی باش لەسەر هۆشیاری سیاسی کۆمەڵگە دروست بکەن، هەمیش بەهۆی هەڵەی سیاسی گەورە و هەندێ جاریش لادان لە بەها نەتەوەییەکان، بە شێوەیەکی خراپ کاریان کردۆتە سەر لاوازکردنی هەست و بیری نەتەوەیی لە لای تاکی کورد. بە تایبەتی لە باشوری کوردستاندا، کە بەهۆی نیشاندانی ئەزموونێکی حکومڕانی زۆر خراپ لە لایەن هەردوو حیزبی دەستەڵاتدارەوە ( یەکێتی و پارتی )، خەڵك هەست و سۆزی بەرامبەر بە وڵات و پرسە نەتەوەییەکان زۆر لاواز بووە. بۆیە یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی کورد، بریتیە لە دروست کردنەوە و بەهێزکردنی بیر و باوەڕی نەتەوەیی لەنێو تاکەکانی گەلی کوردا.

یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی پێشکەوتن و بەهێز بوونی نەتەوە، بریتیە لە گەشە کردنی زمان و کەلتوری نەتەوەیی. بۆیە پێویستە حیزبە ناسیونالیستە کوردیەکان بایەخێکی زۆر بە زمان و کەلتوری نەتەوەکەیان بدەن، بەڵام زۆربەی حیزبەکان نەیانتوانیوە بەم ئەرکە هەڵبستن. لە باشوری کوردستاندا، هەرچەندە نزیکەی (٣١) ساڵە ئیدارەیەکی کوردی هەیە،

---

(١) جڤاتی کوردی، هاو واتای کۆمەڵگەی کوردیە، کە بە عەرەبی پێی دەوترێ ( مجتمع الكردي ).

بەڵام تا ئێستا نە ( کەلتوری کوردی ) بایەخی پێویستی پێ دراوە، نە بەپێی پێویستیش گرنگی بە ( زمان ) دراوە، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئێستا زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە بواری پەروەردە و نووسیندا لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نیە.

لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانەی داگیرکەری کوردستانن، وڵاتی نادیموکراسی و دواکەوتوون، بۆیە هیچ ئومێدێك بەدی ناکرێ کە کێشەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بکرێ. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، کە باشترین رێگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بریتیە لە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. لەبەرئەوەی کوردستان لە لایەن چوار وڵاتی بەهێزی ناوچەکەوە ( تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا ) داگیر و دابەش کراوە، وە ئەو وڵاتانە بە بەراورد لەگەڵ بزافی کوردی زۆر بەهێزن، بۆیە رزگارکردنی تەواوی کوردستان و یەك خستنەوەی گشت بەشەکانی، کارێکی زۆر ئەستەم و دژوارە. بۆیە بە رەچاوکردنی ئەم بارودۆخە، باشترین و گونجاوترین چارەسەر بۆ پرسی نەتەوەیی کورد ئەوەیە، کە لە هەر بەشێکی کوردستاندا دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ پێك بهێنرێ. کە بێگومان هەبوونی چەند دەوڵەتێکی کوردی، زۆر باشترە لە نەبوونی دەوڵەتی کوردستانی گەورە. بە تایبەتی کە چەندین نەتەوەی تر هەن، لە جیاتی یەك دەوڵەتی نیشتیمانی، خاوەنی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیین. بۆ نمونە عەرەب، کە زیاتر لە بیست دەوڵەتی هەیە. دواجار ئەوەی بۆ نەتەوە گرنگترە، ئەوە نیە کە یەکگرتوو بێت، بەڵکو ئەوەیە کە ژێردەستە نەبێ و سەربەخۆ بێت.

لە راستیدا بۆ دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیش، تەنیا حەز و خواست بەس نیە، بەڵکو جگە لە ئیرادەیەکی سیاسی راستەقینە، هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ وچانیشی پێویستە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، بە ئامانجی زەمینە سازکردن بۆ بنیات نانی پایەکانی دەوڵەت. چونکە دەوڵەت بەبێ ئامادەسازیی و هێنانەدی مەرج و پێویستیەکانی، ئەستەمە ببێتە ئەزموونێکی سیاسی سەرکەوتوو، کە بتوانێ ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات.

# کـۆتایـی

کوردستان وڵاتێکی ژێردەستە و دابەشکراوە. بۆیە هەمیشە لە لایەن گەلانی سەردەستەوە، ستەم و جیاکاری بەرامبەر بە کورد دەکرێ. سەرانی کورد بەر لە دروست بوونی بزافی ناسیونالیستی لە کوردستاندا، بەردەوام هەوڵیان داوە لەگەل دەستەڵاتداران خۆیان بگونجێنن، لە پێناو بەدەست هێنانی هەندێ دەسکەوتدا. هەندێ جاریش کە بەرژەوەندیان کەوتۆتە بەر مەترسی، پەنایان بردۆتە بەر یاخیبوون.

دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بڕیار دەدات کۆتایی بە دەستەڵاتی میرنشینە کوردیەکان بهێنێ، بەرژەوەندی پێشەوا و رێبەرانی کورد دەکەوێتە بەر مەترسیەکی گەورەوە. لە پێناو پاراستنی پێگە سیاسی و ئابورییەکانیان، هەندێ لە میرانی کورد دژی بڕیارەکە بەرهەڵستیەکی توندیان نیشاندا، بەڵام ناتوانن بەرگەی تواناى هێزەکانی عوسمانی بگرن. وەك دیارە ئەم یاخیبوونانە بەدەرن لە پرۆژەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی، کەچی هەندێ لە مێژوونووسان، وەك شۆڕش و راپەڕینی نەتەوەیی لە قەڵەمیان داون. لە کوردستانی رۆژهەلاتیش، ئەردەلان کە دوا میرنشینی کوردی بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە لایەن قاجارییەکان کۆتایی پێهێنرا.

دوای نەمانی میرنشینە کوردیەکان، رێبازەکانی سۆفیگەری تاڕادەیەك ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە. وە شێخەکان دەبنە خاوەن پێگەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەهێز لە کوردستاندا. شێخ عوبێدوڵلا بە سوود وەرگرتن لە پێگە ئاینیەکەی، هەوڵ دەدات دەستەڵاتێکی کوردی سەربەخۆ دروست بکات کە خۆی تێیدا فەرمانڕەوا بێت. بەڵام بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی، نە هێزی پێویستی لەبەردەستدا بوو، نە هەلومەرجی دەرەکیش لە بەرژەوەندی جولانەوەکەی دابوو.

دوای کودەتای ( تورکە لاوەکان ) لە دەوڵەتی عوسمانی، دۆخێکی تازە لە وڵاتدا هاتە ئاراوە. بەهۆی بانگەشەی تورکە لاوەکان بۆ یەکسانی و ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا، چەندین رێکخراو و گروپی سیاسی و رۆشنبیری دروست بوون. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەنێو گەلانی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە

بێگومان کوردیش لە کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە بێبەش نەبوو. لە ڕاستیدا ئەوەی زیاتر کاریگەری هەبوو لەسەر کورد بۆ بەهێزبوونی هەستی کوردبوون و نەتەوەیی، رەفتاری رەگەزپەرستانەی تورکە لاوەکان بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم.

دەرنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، کاریگەری زۆری لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست هەبوو. کە یەکێك لە لێکەوتەکانی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمان بوو، وە بەو هۆیەوە چەندین دەوڵەتی تازە بە پشتیوانی هاوپەیمانان دروست بوون. بەمەش دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد هاتە پێش کە سەربەخۆیی سیاسی بەدەست بهێنێ، بەڵام نە بزافە سیاسیەکەی لە ئاست ئەم گۆڕانکاریانەدا بوو، وە نە بەرژەوەندی زلهێزەکانیش لەگەل چارەسەر بوونی پرسی کوردا بوو.

لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا هەلێکی باش بۆ کوردانی رۆژهەلات هاتە پێش، کە مافە نەتەوەییەکانیان لە ئێراندا دەستەبەر بکەن، بەڵام کورد بەهۆی خۆش باوەڕییەوە کەوتە نێو گەمەیەکی ترسناکی یەکێتی سۆڤیەتەوە، بەو هۆیەشەوە دووچاری شکستێکی کەمەر شکێن بوو.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، جەنگی سارد باڵی بەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا کێشا. هەردوو جەمسەرەکەی جەنگی سارد ( سۆشیالیستی و سەرمایەداری )، هەوڵیان دەدا حکومەتەکان بە لای خۆیاندا کێش بکەن. بۆیە بزوتنەوە رزگاریخوازەکانیان پشتگوێ دەخست، تەنیا هەندێ جار وەك کارتێکی فشار بە کاریان دەهێنان بۆ هێنانەدی ئامانجە ستراتیجیەکانیان. بەم هۆیەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، بزافی رزگاریخوازی کوردی لە دۆخێکی زۆر سست و لاوازدا مایەوە.

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان رەهەندێکی تاك جەمسەریان وەرگرت بە رێبەرایەتی ئەمریکا. ئەم دۆخە تازەیەی جیهان، تەنیا لە عێراقدا بە سوودی کورد تەواو بوو. کاتێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەستی خستە نێو کاروباری عێراقەوە بۆ پارستنی کورد لە هەڕەشەکانی رژێمەکەی سەدام. کورد دەیتوانی سوودێکی زۆر باش لەم دەرفەتە بێ وێنەیە وەربگرێ بۆ چارەسەر بوونی پرسە

نەتەوەییەکەی لە عێراقدا، بەڵام لەبەرئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد خاوەن دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی نەبوو، نەیتوانی سەرکەوتوو بێت لە نیشاندانی ئەزموونێکی حکومڕانی سەرکەوتوو. کە بەم هۆیەوە هەم خەڵکی کوردستان تووشی بێ ئومێدی بوو، وە هەم متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرامبەر بە کورد کەم بووەوە.

هەروەها بەشداری کردنی کورد لە پڕۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣) دا، دەرفەتێکی زۆر زێڕین بوو بۆ کورد کە بگات بە ( مافی چارەی خۆنووسین ). بە تایبەتی کە دامەزراوە سەرەکیەکانی دەوڵەتی عێراقی دووچاری هەڵوەشانەوە ببوون، وە کورد تاکە دۆستی راستەقینەی ئەمریکا بوو لە عێراقدا. بەڵام سەرکردایەتی کورد لە بری سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە مێژووییە، بەشداریەکی کاریگەری کرد لە بنیات نانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا!

بەهۆی نادیموکراسی بوونی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئەستەمە بتوانرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا چارەسەر بکرێ. بۆیە سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، باشترین چارەسەرە بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. لەم روانگەیەوە هەوڵدان بۆ سەربەخۆی باشوری کوردستان، بڕیارێکی مێژوویی دروستە، بەڵام دەبێ بەر لە هەنگاو نان بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی، پایەکانی دەوڵەت بنیات بنرێن، لە رێگەی ئامادەسازی پێویست لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. لەم دیدگایەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە (٢٠١٧) دا، هەنگاوێکی هەڵە بوو. چونکە بەهۆی نەبوونی زەمینەسازی پێویست و لەبار نەبوونی دۆخی نێودەوڵەتی، کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە هەڵە و نەگونجاو بوو. هەر بۆیەش پرۆسەکە نەك هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بەو هۆیەشەوە کورد دووچاری شکستێکی زۆر گەورە بوو.

بەدی هێنانی مافە نەتەوەییەکان، ئامانجی بزافی ناسیونالیستی کوردە. وە بەپێی هەلومەرج و قۆناغە جیاجیاکان، گۆڕان بەسەر ئامانج و شێوازی خەباتی بزافی کوردیدا هاتووە. لە هەندێ دۆخدا تەنیا داوای یەکسانی و دادپەروەری کردوە لە نێوان کورد و نەتەوەی سەردەستدا، هەندێ جاریش خواستە نەتەوەییەکانی تەنیا لە دیموکراسی و مافە کەلتوریەکاندا کورت بوونەتەوە، وە زۆر جاریش داوای قەوارەیەکی نەتەوەیی کردوە لە

چوارچێوەی دەوڵەتی داگیرکەردا، وە تەنیا لەچەند بۆنەیەکی کەمدا داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کردوە.

کورد ئەگەرچی لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانیدا قوربانیەکی زۆری داوە، بەڵام هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە لە هێنانەدی خواستەکانیدا. چونکە هیچ کاتێك مەرج و بنەماکانی بەدی هێنای ئامانجی نەتەوەیی، بەپێی پێویست لە بزافی کوردیدا بوونی نەبووە. بە بۆچوونی ئێمە ئەم مەرج و بنەمایانە بریتین لەمانەی خوارەوە :

١) دیاری کردنی ئامانجی دروست : زۆربەی جار بزافی کوردی سەرکەوتوو نەبووە لە دەست نیشان کردنی ئامانجێکی دروستدا، بەپێی قۆناغ و هەلومەرجی سیاسی.

٢) بوونی ویستێکی بەهێز : مەرج نیە جۆری ئامانجە سیاسیەکە چیە؟ بەڵکو دەبێ ویستێکی بەهێز هەبی بۆ هێنانەدی ئامانجەکە. ئەم مەرجەش زۆر بە کەمی لە بزافی سیاسی کوردیدا بوونی هەبووە.

٣) پشت بەستن بە فاکتەری ناوخۆیی بە شێوەیەکی سەرەکی : زۆربەی جار ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد دروست و ڕەوا بوونە، بەڵام بزافی کوردی لە ئاست ئامانجەکانیدا نەیتوانیوە ئامادەسازی پێویست بکات لە سەر ئاستی ناوخۆدا، هەر بۆیەش سەرکەوتوو نەبووە لە گەیشتن بە خواستەکانی.

٤) سوود وەرگرتن لە فاکتەری دەرەکی : ڕاستە لە پێناو دەستەبەر کردنی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بزافی ڕزگاریخوازی کوردی کەم تا زۆر گرنگی بە فاکتەری دەرەکی داوە، بەڵام نەیتوانیوە بە شێوەیەکی دروست سوود لە پشتیوانی دەرەکی وەربگرێ بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە هۆشیاری و بیری ناسیونالیستی، تا ئێستا لەنێو کوردا بە باشی گەشەی نەکردوە. هەر بۆیەش جێگەی سەرسوڕمان نیە، ئەگەر لە مێژووی سیاسی کوردا گومان بکەین لە بوونی بزافێکی ناسیونالیستی ڕاستەقینە. ڕەنگە هەر ئەمەش نهێنی شکستی کورد بێ لە گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی.

ڕاستە کورد زۆرجار بۆ بەرگری کردن لە بوون و مانەوەی خۆی، پەنای بردۆتە بەر خەباتی چەکداری. کەچی ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، زۆر جاریش لەپێناو هەندێ

ئامانجی سنورداری وەك ( مافە کەلتوری و رۆشنبیرییەکان، ئامانجە دیموکراسیەکان، لا مەرکەزی و ئۆتۆنۆمی )، سەدان هەزار قوربانی داوە لە دەرئەنجامی خەباتی چەکدارییدا، کە پێویست بوو ئەم قوربانیە زۆرە تەنیا لە پێناو سەربەخۆیی بوایە.

بە سەرنجدان لە دۆخی سیاسی کورد، وە رەچاوکردنی هەلومەرجی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەستەمە بزاڤی سیاسی کوردی بتوانێ هەموو بەشەکانی کوردستان ئازاد بکات و دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو دابمەزرێنێ. بۆیە باشترین رێگە بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و چارەسەرکردنی پرسی کورد ئەوەیە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا بەجیا دەوڵەتێکی کوردی دروست بکرێ. دواجار چەندین نەتەوەی تریش هەن لە جیهاندا، کە خاوەنی چەندان دەوڵەتی جیاجیان، بۆ نمونە عەرەب و تورك کە دوو نەتەوەی دراوسێی ئێمەن.

# سەرچاوەکان

## • سەرچاوە کوردیەکان :

١ــ ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، نووسینی : نادر ئینتسار، وەرگێڕانی : عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٤

٢ــ بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ــ١٩٧٥، مەسعود بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم.

٣ــ بارزانی و بزوتنــەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ــ١٩٧٥، مەسعـود بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم.

٤ــ بەدرخانیەکان ماڵباتێکی خەباتکار، یوسف ئەحمەد مەنتك، ٢٠٠٥.

٥ــ بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠ــ١٩٤٦)، موجتەبا بورزووی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥.

٦ــ بەم هەموو تاوانەوە، لێبوردنی چی؟ نووسینی : جاناتان رەندڵ، وەرگێڕانی : سەلاحەدین ئاشتی.

٧ــ پەنجا ساڵ خەبات، جەلیل گادانی، چاپی ٢، ب ١، ٢٠٠٨.

٨ــ پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧.

٩ــ Tevgera kurd di serdema nuh w nihade , werger : Dr . ms . Cuma

١٠ــ تورکیا و ئەوروپا... کورد لەو بازنەیەدا، سامی شۆڕش.

١١ــ چەند لاپەرەیەك لە مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەحمەد باوەڕ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

١٢ــ چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ٢٠٠٢.

١٣ــ چەند بابەتێك دەربارەی مێژووی کورد، ئامادەکردنی : ئەژی، ٢٠٠٢.

١٤ــ چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان.. سۆران.. بۆتان، د . کاوس قەفتان.

١٥ــ چەند وتارێکی کوردناسی، ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسیەوە کردویەتی بە کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤.

١٦ـ جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردی و رۆژنامەکەی، وەرگێڕانی : زریان رۆژهەلاتی، ٢٠٠٧.

١٧ـ خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد ١٨٨٠ـ١٩٩٤، نەجم سەنگاوی.

١٨ـ دبلۆماسیەتی کورد بە درێژایی مێژوو، سابیر عومەر مامەسێنی، چاپخانەی ( ئۆفسێتی چاپخانەی ئاسا )، چاپی ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٩ـ دۆزی کورد، نووسینی : پرۆفیسۆر د . جویس بلۆ، وەرگێڕانی : کارزان محەمەد، ٢٠٠٤ .

٢٠ـ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستەمێکی فیدڕاڵی، ئاسۆ گەرمیانی، ٢٠٠٤.

٢١ـ دەربارەی جوڵانەوەی کورد لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسادا، نووسینی د . خالید عیسا، وەرگێڕانی : حەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣ .

٢٢ـ رۆژهەلاتی کوردستان، د . هۆشمەند عەلی مەحمود، چاپخانەی ( شەهاب )، چاپی ١ ، هەولێر ، ٢٠١٢ .

٢٣ـ رۆڵی سیستەمی بنەماڵە لە بزافی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستاندا، حوسێن محەمەد عەزیز، لێکۆڵینەوە و رەخنە، ٢٠٠١.

٢٤ـ رۆڵی عەلمانیەت لە دروست بوونی مەینەتی کورد، مەسعود عەبدولخالق، چاپی ١، ٢٠١١.

٢٥ـ رۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا، کاوە نادر قادر، بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری ( ی . ن . ك )، چاپخانەی روون.

٢٦ـ سمکۆ، سەید کەمال ئیبراهیمی، چاپخانەی لەریا، ٢٠٠٢.

٢٧ـ سیستەمی نوێی جیهان و دۆزی کورد و کوردستانی عێراق وەك نمونە، عومەر نورەدینی ، چاپی ١ ، ٢٠٠٣.

٢٨ـ شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، عەلائەدین سەجادی، ئامادەکردن و لە چاپ دانەوەی : ئەحمەد محەمەدی ٢٠٠٥.

٢٩ـ شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، محەمەد حەمە باقی، چاپی ١، ٢٠٠٠.

٣٠ـ عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشوری کوردستان، د . بورهان أ . یاسین، ٢٠٠٨.
٣١ـ فیدراڵی و یەکگرتن و یەکێتی نیشتیمانی عێراق، نووسینی : مام جەلال تاڵەبانی، وەرگێڕانی : جەوهەر کرمانج، ٢٠٠٤.
٣٢ـ فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی، دیلمان محەمەد، نامیلکە، مەکتەبی بیر و هۆشیاری ( ی . ن . ك )، ٢٠٠٢.
٣٣ـ فەرهەنگی سیاسی ئارەش، ئامادەکردنی : زاهیر محەمەدی، وەرگێڕانی : یاسین حاجی زادە، ٢٠٠٦.
٣٤ـ فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، ئامادە کردنی : فەخرودین ئامیدیان، چاپی ١ ، ٢٠٠٣ .
٣٥ـ قەندیل بەغدای هەژاند، ڕێباز، بەشی دووەم.
٣٦ـ کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیە، ئیسماعیل بەشکچی، ب ١، ١٩٩٣.
٣٧ـ کوردستان و کورد، نووسینی : د . عەبدولرەحمان قاسملۆ، و : عەبدوڵلا حەسەن زادە، ١٩٧٣ .
٣٨ـ کوردستانی پشت قەفقاس، دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی : سەدیق ساڵح ، ٢٠٠٥ .
٣٩ـ کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، فەرید ئەسەسەرد، بڵاوکردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠٠٠.
٤٠ـ کوردستان چۆن داگیر و دابەش کرا، سەلام ناوخۆش، چاپی ٢، ٢٠٠٠.
٤١ـ کورد دوژمنی خۆت بناسە، ڕەفیق پشدەری، ب ٢، ٢٠٠٠.
٤٢ـ کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، نووسینی : دکتۆر گوینتەر دیشنەر، وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف، چاپی ١، ٢٠٠٤.
٤٣ـ کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، نووسینی : کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف، چاپی ١، ٢٠٠٣.
٤٤ـ کورد لە عێراق ، نووسینی : کەریم یەڵدز، وەرگێڕانی : شاهۆ بورهان، چاپخانەی کاردۆ، چاپی ١، ٢٠٠٧.
٤٥ـ کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، محەمەد ساڵح ئاکرەیی،

چاپی ١، ٢٠٠٧.
٤٦ـ کورد لە ئەرشیفی رووسیا و سۆڤیەتدا، دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، پێداچوونەوەی کوردیەکەی : مستەفا غەفور، چاپی ١، ٢٠٠٦.
٤٧ـ کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، کەمال مەزهەر، چاپخانەی ( گرین گلۆری )، چاپی ١، ب ١، لوبنان، ٢٠٠٩.
٤٨ـ کورد و کوردستان لە کۆمەڵ وتارێکی مێژووییدا، نووسینی : ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، وەرگێڕانی : ئازاد عوبێد صالح، چاپی ١، ٢٠٠٥.
٤٩ ـ کورد و عەجەم، نەوشیروان مستەفا، چاپی ٣، ٢٠٠٥.
٥٠ـ کوردەکان، نووسینی : حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی : سەردار محەمەد، چاپی ١، ٢٠٠١.
٥١ـ کوردەکان، نووسینی : نەبیل زەکی، وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی، چاپی ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپخانەی شەهاب.
٥٢ـ کوردی سوریا بوونێکی نکولی لێکراو، نووسینی : هێربەت مونتگومری، وەرگێڕانی : مینە و پێشەوا، چاپخانەی رەنج، چاپی ١، ٢٠٠٩.
٥٣ـ کورد لە سوریا، ١٩٢٠ـ١٩٤٦، عوسمان عەبدلرحمان سمایل، چاپی ١، ٢٠٠٩.
٥٤ـ کوردی تورکیا، نووسینی : ئیبراهیم داقوقی، وەرگێڕانی : هیمەت عەزیز کاکەیی، چاپی ١، ٢٠١٢.
٥٥ـ کولتور و ناسیونالیزم، رەفیق سابیر، چاپی ٢، ٢٠٠٣.
٥٦ـ کۆ بەرهەم، فەلەکەدین کاکەیی، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.
٥٧ـ کۆمەڵە، زاهیر رەشید پور، چاپخانەی چوارچرا، چاپی ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥٨ـ گرفتە سەرەکیەکانی کورد، حوسێن محەمەد عەزیز، چاپی ٢، ٢٠٠٠.
٥٩ـ مافەکانی گەلی کورد لە دەستوری ٢٠٠٥ ی عێراقدا، رێبین ئەحمەد سۆفی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦٠ـ موسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، مسعود عبدالخالق، بەشی ١، چاپی ١، ٢٠٠٨.
٦١ـ مشتێك لە مرواری مێژووی پەکەکە، هاوینی ١٩٩٤.

٦٢ـ مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئیمرۆ، صالح قەفتان، چاپی ٢، ٢٠٠٤.
٦٣ـ مێژووی هاوچەرخی کورد، نووسینی : دیڤید ماکداول، وەرگێڕانی : ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٢.
٦٤ـ مێژووی دیلۆماسیەتی کورد بە درێژایی مێژوو، سابیر عومەر مامەسێنی.
٦٥ـ مێژوویێك لە ئاگر ـ نهێنی خۆراگری بزوتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیەك لەگەڵ جەمیل بایك، لە لایەن هاوریێ باخەوان تۆمارکراوە، چاپی ١، ٢٠٠٨.
٦٦ـ ناسنامەی حیزبە کوردستانیەکان، ڕەوتیان، ئایدیۆلۆجیان، هەڵسەنگاندنیان، مەسعود عەبدولخالق، چاپخانەی هێڤی، چاپی ١، ٢٠٠٩.
٦٧ـ ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، جەعفەر عەلی، ٢٠٠٤.
٦٨ـ نرکەی کوردستان ـ ( بەر لە ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕین )، ڕێباز، ١٩٩١.
٦٩ ـ وریابوونەوەی کورد، نووسینی : جەرجیس فتح الله، وەرگێڕانی : حەسەن جاف، بەشی ١، بەرگی ١، چاپی ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی.
٧٠ـ هەوییەتی کورد، میدیا، تاراوگە، فیدرالیزم...، چەند نووسینێکی ئەکادیمی کۆمەڵناسی، سیاوەش گۆدەرزی، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١١.
٧١ـ هێمن، عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩.

## • سەرچاوە عەرەبیەکان :

٧٢ـ احداث عاصرتها، محسن دزەیی، مطبعة ( حاجی هاشم )، الجزء الثالث و الاخیر، ٢٠١٣.
٧٣ـ اضواء علی کتاب الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکوردیة فی نصف القرن ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨، فیصل الدباغ، طبعة ١.
٧٤ـ الحرکة التحرریة الکوردیة، مواقف و اراء، علی سنجاری، طبعة ١، ١٩٩٧.
٧٥ـ الحرکة الکوردیة فی العصر الحدیث، کتابة : مجموعة من المؤلفین، ترجمة : عبدی حاجی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، طبعة ١، ٢٠١٢.

٧٦ـ الكرد والديمقراطية...، ٢٠١٢.
٧٧ـ المسألة الكردية في تركيا، صلاح سعدالله، ١٩٩١.
٧٨ـ المسألة الكردية ١٩٢٣ـ١٩٤٥ النضال والاخفاق، مؤلف : لازاريف، ترجمة : عبدي حاجي، طبعة ٢، مطبعة ئاراس.
٧٩ـ المسألة الكردية، كتابة جيرارد جالديان، ترجمة : عبدالسلام النقشبندي، دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٧.
٨٠ـ تأريخ الحزب الديمقراطي ـ العراق ( في محطات رئيسية ) ١٩٤٦ـ١٩٩٣، حبيب محمد كريم، مطبعة خةبات، طبعة ١، دهوك.
٨١ـ نماذج المشاركة الفيدرالية في السلطة، الخيارات الفيدرالية و غيرها من الوسائل للتوفيق بين المجموعات المتنوعة، المعهد الديمقراطي الوطني، منتدى الاتحادات الفيدرالية.
٨٢ـ من التخطيط الى التجزئة سياسية بريطانيا العظمى تجاة مستقبل كردستان، د. سعيد بشير اسكندر، بنكەی ژین، چاپخانەی ژیان، ٢٠٠٧.

## • ئەدەبیاتی پارتە سیاسیەکان :

٨٣ـ بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە، ژ ١٠٥.
٨٤ـ بڵاوکراوەکانی ڕێبازی کوردایەتی، ژمارە ٨، ٢٠٠١/٦.
٨٥ـ پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، ٨ـ٢٠٠٥/٨/٩، سلێمانی.
٨٦ـ پێشڕەو، ئۆرگانی کۆمەڵە، ژمارە ١٣، ١٩٨٥.
٨٧ـ جەلال تاڵەبانی، چاوپێکەوتن، ٢٠٠٤.
٨٨ـ ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری حیزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی چوارەم، ٦ـ٢٠٠٣/١٢/٩.
٨٩ـ ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ٢٠٠١/٢.
٩٠ـ کۆنگرەی سێزدەهەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ١١ـ٢٠١٠/١٢/١٧.
٩١ـ گوزارشت و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ١٩٩٤.

٩٢ـ لە یۆبیلی زیویندا مام جەلال سەروەریەکانی یەکێتی دەگێڕێتەوە، ٢٠٠٠، بڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری.
٩٣ـ گۆڤاری بیر و ووشیاری، ژمارە ٢.
٩٤ـ گۆڤاری بیر و ووشیاری، ژمارە ٢٥.
٩٥ـ گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٠، وتار، شوباتی ١٩٩٩.

## • ڕۆژنامە و گۆڤارەکان :

٩٦ـ ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٢٧٤)، پاشکۆی ئاسۆی نێودەوڵەتی، ٢٠٢٠/٨/١.
٩٧ـ ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٨٣٧، ٢٠١٠/٨/٤.
٩٨ـ ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٨٤٥، ٢٠١٠/٨/١٢.
٩٩ـ ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ١٣٦٣، ٢٠١٢/٦/١٧.
١٠٠ـ ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ١٣٩٧، ٢٠١٢/٧/٢٦.
١٠١ـ گۆڤاری خامە، وتار.
١٠٢ـ گۆڤاری ستاندار، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٨/٥.
١٠٣ـ گۆڤاری ستاندار، ژمارە ٢٥، ٢٠٠٨/٦.
١٠٤ـ گۆڤاری گزنگ، ژمارە ١٣، هاوینی ٢٠١٠، گوتار ، د . ئەنوەر ئەبوبەکر کەریم .
١٠٥ـ گۆڤاری گزنگ، ژمارە ١٧، تشرینی دووەمی ٢٠١٢، چاوپێکەوتن، سەعید شەمس.
١٠٦ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٧، کانونی دووەمی ٢٠٠٣.
١٠٧ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣، چاوپێکەوتن لەگەل ( وەکیلی مستۆ )، حوزەیرانی ٢٠١٠.
١٠٨ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٥١، نیسانی ٢٠٠٧.
١٠٩ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٠٢، ٢٠٠٩/٩.
١١٠ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٢٥، ٢٠١٠/٥.
١١١ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٢٨، ٢٠١٠.
١١٢ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣٠، ٢٠١٠/٦.
١١٣ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣١ ، ٧/ ٢٠١٠.

١١٤ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣٥ ، ٢٠١٠/٨/١٠.
١١٥ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣٧، ٢٠١٠/٩/١.
١١٦ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣٨، ٢٠١٠/٩/١٠.
١١٧ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٣٩، ٢٠١٠/٩/٢٠.
١١٨ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٤١، ٢٠١٠/١٠/١٠.
١١٩ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٩٠، ٢٠١٢/٣.
١٢٠ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٠١، ٢٠١٥/٥/١.
١٢١ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٠٢، ٢٠١٥/٥/١٠ .
١٢٢ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٠٣، ٢٠١٥/٥/٢٠.
١٢٣ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٢٥، ٢٠١٦/٣/٥.
١٢٤ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٢٦، ٢٠١٦/٣/١٥.
١٢٥ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٢٧، ٢٠١٦/٤/١.
١٢٦ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٣٢، ٢٠١٦/٦/١٥.
١٢٧ـ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٣٣٣، ٢٠١٦/٧/١.
١٢٨ـ گۆڤاری مێژوو، ژمارە ١٤، لێکۆڵینەوە، بەهاری ٢٠١٠.
١٢٩ـ گۆڤاری هەفتانە، ژمارە ١، ٢٠٠٨/٦.
١٣٠ـ هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە ٢٤٠، ٢٠١٠/٩/٧.
١٣١ـ هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە ٢٤١، ٢٠١٠/٩/١٤.
١٣٢ـ هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە ٢٥٣، ٢٠١٠/١٢/١٤.
١٣٣ـ هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە ٢٥٦، ٢٠١١/١/٤.
١٣٤ـ هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە ٣٦٩، ٢٠١٢/١٢/٢١.
١٣٥ـ هەفتەنامەی ئاوێن، ژمارە ٥٣٥، ٢٠١٦/٧/١٢.
١٣٦ـ هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە ٥٣٨، ٢٠١٦/٨/٢.

- **ئینتەرنێت :**

١٣٧ـ الموسوعة الحرة، انترنيت.

١٣٨ـ ئینسایکلوپیدیا.

١٣٩ـ البغدادية، ٢٠١٢/٤/١٤.

١٤٠ـ الشرق الاوسط، عدد ٩٢١٥، ٢٠٠٤/٢/٢٠ .

١٤١ـ الشرق الاوسط، عدد ١١٥٣٨، ٢٠١٠/٦/١ .

١٤٢ـ المتحضر، عدد ٣٩٧٦.

١٤٣ـ حوار المتمدن، عدد ١٩٩٦، ٢٠٠٧/٨/٣.

١٤٤ـ حوار المتمدن، عدد ٢٠٠٠، ٢٠٠٧/٨/٧.

١٤٥ـ رۆژ پرێس، ٢٠١٣/١١/١٢.

١٤٦ـ Kurdsat Tv، ٢٠١٦/٦/٧.

١٤٧ـ Knn tv، ٢٠١٠/١٢/١٤ ، ٢٠١٢/٨/١٣ .

١٤٨ـ ناوەندی نوچە و شرۆڤەی رۆژ NNS RoJ.

١٤٩ـ معلومة سياسية شرق اوسطية، الكرد و الثورة السورية، بكر صدقي.

١٥٠ـ میللەت پرێس.

١٥١ـ ویکیپیدیا Wikipedia . org .

١٥٢ـ هەفتەنامەی ( نۆرگەئی داك ) نەرویژ، ٢٠١٤/٩/٢.

١٥٣ـ ( sharpress . net ).

١٥٤ـ ( kodar.info )، ٢٠٢٢/٨/١٦ .

١٥٥ـ (xwakurk.com).

١٥٦ـ ( www . Bas News . net ).

١٥٧ـ K ٢٤ . net.

١٥٨ـ ( VOA . net ).

١٥٩ـ ( MEWDA MEDIA . net ).

١٦٠ـ ( ماڵپەڕی خەندان،٢٠٢٣/٤/١٣، فەیسبوك ).

١٦١ـ ( speemedia . com ).
١٦٢ـ ( France ٢٤ . com ).
١٦٣ـ ( Hawar News . com ).
١٦٤ـ ( Party _ Zany _ instagram ).
١٦٥ـ ( draw media . net ).
١٦٦ـ ( Puk media . Net )، ٢٠١٩/١٠/٢٠.
١٦٧ـ ( www.xendan.org ).
١٦٨ـ ( rudaw . net ).
١٦٩ـ ( www.zamenpress.com ).
١٧٠ـ ماڵپەڕی فەرمی مەسعود بارزانی.
١٧١ـ ( www. shanpress.com ).
١٧٢ـ ( www. Kurdistanpost.nu ).
١٧٣ـ ( www.awene.com ).
١٧٤ـ ( kurdistan tv.net ).
١٧٥ـ ( nrt tv .com ).
١٧٦ـ ( ROJ NEWS . NET ).

# ژیاننامەی نووسەر

ناو : سەلاح ئەحمەد محەمەدەمین

لە دایک بووی : (١٩٧٥)

شوێنی لە دایک بوون : چۆمان / هەولێر

دەرچووی : زانستە رامیاریەکان (١٩٩٦/١٩٩٧)

دانیشتووی : رانیە / سلێمانی

پیشە : فەرمانبەر

ژمارەی مۆبایل : (٠٧٥١٠٢٩٩٠٤١)